# تیۆریی بنیاتی شاراوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# تیۆریی بنیاتی شاراوە

نەجات حەمید ئەحمەد

ناوی کتێب: تیۆریی بنیاتی شاراوە
نووسینی: نەجات حەمید ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٣٤
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەسۆز هیمداد
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەی گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٤٢٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

ئەم کتێبە تیۆری و پراکتیکییە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و مەعریفییەوە، ڕەنجی پازدە ساڵی بەردەوامیی منە لە کارکردن لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و دەرەنجام و دەرکەوتەی «٣٠» ساڵ زیاتر لە نووسین و خوێندنەوەی ئەدەبی و فیکریی منە.

سەرجەمی بابەتەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆمن، چونکە سەرجەم بابەتەکان دەرهاویشتەی ئەو هەوڵەی منن کە تیۆری دەبێتە سەرچاوەی هەموو نووسینەکان.

ئەم تیۆرییە و پراکتیزەکردنی لە ڕووە جیاوازەکانی ئەدەب ، فیکر ، فەلسەفە ، فۆلکلۆر و شیکردنەوەی تیۆرییەوە. پوختەیەکی دانسقەیە لە کارەکانم و هەمووشیان ناگرێتەخۆ.

ئەگەر هەموو تیۆرەکانی دنیا لە سەرەتادا تیۆرییان پێش پراکتیك خستبێ و بە چاپیان گەیاندبێ، ئەگەر زۆرینەیان لە پراکتیکدا شکستیان هێنابێ ئەوا یەکەمین جارە لە ئەدەبی کوردی و جیهانی تیۆرییەك چ لە ڕووی شیکردنەوە و چ لە ڕووی پراکتیکەوە و چ لە ڕووی فرە ڕەنگیی شیکردنەوەکانیدا لە یەك کاتدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران، ئەم کارانە زادەی بیر و نووسینی خۆمن و دوورن لە کاریگەری و وەرگرتن و لاساییکردنەوە.

چونکە هێزی نووسینی ئەم تیۆرییە لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموومان مرۆڤین و داهێنان خەسڵەتی دیکتاتۆری و مۆنۆپۆلکردن لەخۆ ناگرێ و وەکو یەکیشی مافی داهێنانمان هەیە. چاپ کردنی ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە، جگە لەوەی شوێنی ستایش و پێزانینە، لەسەر بەردەوامبوونی لە پشتگیریکردنی نووسەران و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی کە لەم بوارەدا دەستپێشخەریی کردووە.

نەجات حەمید ئەحمەد

# بەشی یەکەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# ڕاگەیاندنی تیۆرەکە

– دەقی تیۆریی بنیاتی شاراوە و ڕاگەیاندنی تیۆرەکە.
١– کتێبی تیۆریی بنیاتی شاراوەی دەق.
٢– بەیاننامەی ڕاگەیاندنی تیۆریی بنیاتی شاراوەی دەق.
تیۆری بنیاتی شاراوەی دەق– ١٩٩٨

**پەیوەستەکانی – نووسەر – دەق:**

**١– نووسەر لە نێوان دەق و بنیاتی شاراوەی دەقدا**

هەموو دەقە نووسراوەکان کە واتایە هەڵدەگرن لە ڕووکەشدا، جیهانێکی کامڵ و تەواو و سیستەمێك لە بنیاتی واتای کامل هەڵدەگرن کە دوای بڵاوبوونەوەشیان لە ژێر دەسەڵاتی دەلالەت پێبەخشینی نووسەردا دەمێننەوە. دەق بە پەیوەستبوونی نووسەرەوە ڕەها نییە و لە ژیانی نووسەردا واتایەکی گۆڕاوە. پاش تەواوبوونی دەق، نووسەر بۆماوەیەکی زۆریش لە حەسانەوەیەکی دەروونیی تەواوبوون و کامڵبوونی دەقەکەیدا دەژێت. لەگەڵ ئەمەشدا نووسەر لە دواساتیشدا هەر دەستبەرداری دەق دەبێت و هەر کە لە دەقەکەی دەبێتەوە بە تەواوەتی لەم بنیاتە ڕووکەش و شاراوانەی جودا دەبێتەوە. دەق بە سیفەتی هەڵگری ناوەڕۆکی زمان لە شێوەی دەلالەتدا و لە شێوەی بنیاتی جودای واتادا سەدەها سیستەمی جودای واتا دەهاوێتە شێوەی زمانەوە، کە هەموو کەلەبەرەکانی زەینی نووسەر دەخاتە جووڵەیەکی بەردەوامەوە، لە ڕاستیدا نووسەر بە هەموو شێوەکانی مەسخبوونەوە، ئامادەبوونێکی ناڕاستەوخۆ و شاراوەی کاریگەرانی هەیە لە دەقدا و نووسەر بە نووسین کۆتایی بە سنوورەکانی ئەو دەلالەتانە ناهێنی کە هەر خۆی لە دەسەڵاتێکی تری ڕەهای زماندا دەیاننوێنێتەوە.

ئەگەر بڕوانینە هەموو دەقە نووسراوەکان، دەبینین بنیاتەکانی ئەو نووسینانە بە پەیوەستبوونیان بە نووسەرو بە قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراوەوە لە گۆڕانی بەردەوامدان، کە لە ڕووکەشدا وای پێ دەچێت نووسەر خۆی لەو دەقانەدا بەتاڵ دەکاتەوە و خۆی مەسخ دەکا و خۆی لە بارە جوداکانی کەسایەتی ، زەمەنی و مەعریفی دادەماڵێت، بەڵام گەر بێتو لە حاڵەتی سەقامگیریی کۆتایی هەر دەقێك بکۆڵینەوە، دەبینین نووسەر نە بە دووی خۆیدا دەگەڕێ، نەدەیەوێ خۆی لە دەقدا بچەسپێنێ و نە دەیەوێ خۆی لە دەقدا بە خەڵکی

بناسێنێ. هەروەك خولْقێنەرێكی ئەو دەقە. نووسەر دەتوانێت لە دەلالەت و ئەركی نواندندا بە دەلالەتی جودا، بنیاتی جودا، و كەسایەتیی جودا و ناس (ثیمە)ی تایبەت بە دەق ببەخشێت و لە هەموو حاڵەتەكانیشدا ئەو بەكاری مەسخكردنێكی ڕێژەیی كەسایەتی و بابەتی هەڵدەستێت، هەر وەكو چۆنیش بەرامبەر بە زەمەن و قۆناغی خۆی دەگاتە یەك و لێشی دادەبڕێ و بێ لایەنیش دەبێت، هەر وەكو چۆنیش لە دەلالەتی ئیستاتیكاو شێوەكاریی دەقدا، ئەو دەلالەتی تایبەت لە زەمەن و قۆناغەكەی خۆی دەكاتەوە.

لە ڕاستیدا نووسەر بەردەوام لە جەوهەری زماندا بە دووی بنیاتی تردا دەگەڕێ. لە پشتەوەی ئەو بنیاتە دەلالی و ئیساتیكییانەی كە ئەو بە هۆی بەكارخستنی چەند بنیاتێكی نوێ، گۆڕان دەخاتە سیستەمی ماناوە و بەمەش گۆڕان دەخاتە سیستەمی زمانەوە، ئەم بە یەكگەیشتنەوانەی نووسەر لەگەڵ دەقدا، لەسەر ئاستی پەیوەستی زۆر فراوانەوە دێتەدی، كە سەرجەمی كێشەكانی مرۆڤ دەنوێنێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەری خۆی و گەردووندا، ئەو بنیاتەی كە نووسەریش بە دوایدا دەگەڕێت ناوكی هەموو بنیاتە ڕووكەشەكان سەرجەم نەگوتراوەكانە و هەموویان تێدا چڕ دەبنەوە، هەروەكو چۆن ئەم بنیاتە بزرەی قووڵاییەكانی دەق نە ئەو ڕەگەن (جذر)ەیە كە ئەزموونی تیۆریی (جذریین)ی ڕەخنەی فەرەنسی بەدوویدا دەگەڕان، بەوەی هەرنووسەرێك دەربڕین لە ڕووداوێك دەكات كە لە قۆناغێكی ژیانی منداڵیی ئەو نووسەرەدا ڕووی داوە، چونكە هیچ نووسەرێك لە هەموو جیهاندا ناچێتەوە سەر یەك ڕوودا و لە ژیانی خۆیدا، نە ئەو ناس (ثیمە) یەیە كە ناوكی جووڵەی كەسایەتی و بابەتیی دەق دەگەیەنێتە ئاستی مانایەكی بێ بنیات بۆ دەق، ئەم بنیاتەی كە ناوك و تارمایی شاراوەی هەموو نووسینێكە نابێتە گۆڕی نووسەر هەروەك ڕۆلان پارت جەخت لەسەر ئەوە دەكات.

ئەگەر بڕوانینە زمان لە پەرەسەندنیدا، سیستەمێكی ڕەهای دابڕاونییە لە قۆناغەكەی خۆی وەك كیانێكی زیندووش لە هەر قۆناغێكدا كۆمەڵێك دەلالەت و ئاراستە و چۆنێتی تێڕوانینی مرۆیی دەگرێتە خۆی و لە ڕێچكەیەكی مەعریفیی تایبەتەوە واتاكانی بنیات دەنی، زمان هەروەك بچووكترین بەشی جەستەی دەق، خانەكانی دەلالەت، نوێ و زیندووی دەكاتەوە، مردنی نووسەر بەم پێودانگە مردنی سەرجەم كارە مەعریفی و دەلالییەكانی زمانە، لەو كاتەی ئەو كارە مەعریفییانە لە دەورەكانیاندا بەرەو سوان دەچن، هەر قۆناغێكی جوداكەرەوە لە كۆمەڵێكدا بگریت لە كۆمەڵێك دەلالەت و واتای تایبەتدا لە دەقەكاندا چەق دەبەستێت، دەقیش هەروەك بنیات، هەروەك بنیاتی ناكامڵ و پەیوەستی ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا، تەنانەت هیچ ئاماژەیەكی

کاریگەریش بەرجەستە نەکات. وەك فۆڕمێکی بە تاڵ، لە ناوەوەی خۆیدا لە پشتەوەی ئەوەی بەرچاوی دەخا، سیستەمێکی تر لە واتا دەخولقێنێ کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەکرێ بە هۆیانەوە بچێتەوە سەر زەمەن و کەسایەتی و دەلالەتەکانی سەردەم و نووسەری گومڕای نێو دەق. بەڵام ئەم چوونەوە سەرانە زۆرجار بۆ هەموو زەمەنەکان دەشێ. کاری لێکۆڵینەوەی دەق دۆزینەوەی نواندنی حاڵەتەکانی مەسخبوون و شێوە گۆڕینی زەینی نووسەرە لەگەڵ خۆیدا سەرتاپای دەلالەتە ڕووکەش و بەرچاوخراوەکان سەرەو ژێر دەکا و لە تەنیا بنیاتێکی ڕەهادا دەیانوێنێ. ئەو بارەش کە لە سەری سەقامگیر دەبێت لە دوای تەواوبوونی هەر نووسینێك وەك بنیاتێکی سەربەخۆ، خودی خۆی و سەرجەمی دەلالەتە زەمەنییەکانی قۆناغەکەی خۆی لە تاقە دەلالەتێکی چڕکراوە دەتوێنێتەوە، لە پێناوی دەرخستنی ئەو کاریگەرییە دەرەکییە قووڵانەی کە لە گۆڕان و وەرچەرخاندان، لە ڕێچکەی پەرەسەندنی ژیان و قۆناغی زەمەنیی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژێت. بۆ ئەمەش دەشێ شیعرێکی پڕ دەلالەت کە لە فەزای (سیاسی ، ئیستاتیکی، تراژیدی و دەروونی)ەوە سەر هەڵبدات، دەلالەتی تر و کاردانەوەی تر و بنیات و واتای تر بەر جەستە بکات، هەر وەکو چۆن دەشێ ئەو شیعرانە مەبەستی تر بگرنە خۆیان کە زۆر جودایە لە ئاراستە و ڕێچکەی ئاسایی دەق، زمان دەتوانێ لە یەك کاریگەریی بچووکی زۆر بچووکی نووسەرەوە، جیهانێکی ئەوەندە فراوان بخولقێنێ کە پەل بۆ سەرجەم کێشەکانی نێوان مرۆڤ و بوون بهاوێت. بۆ ئەمەش ئەوەی گەردوونی دەقەکان فراوانتر دەکاتەوە، سیفەتی جووت بنیات و بنیاتی دوو سەرەی دەقەکانە کە لە بنیاتێکیدا نووسەر هەروەك بەشێك لە خۆی دەخاتە ڕوو کە هەڵخەڵەتێنەرو وەهمی و جادووکەرە و لەوی تریشیاندا باری تایبەت و ڕاستەقینەی خۆی بەرجەستە دەکات و کاری مەدلوولەکانی بنیاتە سەربەخۆکان بەرجەستە دەکات.

ئەم سیفەتە دوو سەرەیەی نووسین زۆرجار لە نەست و هەستێکی بێ ئاگای نووسەرەوە چەکەرە دەکات و هەندێ جاریش لە بەئاگابوونێکی لە هونەریی تەواوەوە سەر هەڵدەدات. بەمەش ئەو لە هەموو هەڵبژاردنە بەدەرەکانی توانای خودی زماندا، شێوەیەك بۆ بنیاتەکانی بیرکردنەوە دەخولقێنێ. هێما نواندنی بارێکی تری شێوەی بیرە. ئاماژە ڕاڤەکەری جووڵەی دەلالەتەکانە. بەڵام ئەم شێوانە بە لایەنی مرۆڤەوە لە باری بە پەیوەستبوون و بە ڕەها بوونیان، وێنەی زەینی نین. بەڵکو وێنەی جووڵەی زمانن، لە ساتێکی دیاریکراوی کاری زەینیدا، ئەم جووڵەیەی دەلالەت و زەین، ناکرێ لە سیستەم و نەخشەیەکی دیاریکراودا بنیات بنرێت و ببێتە هۆیەك بۆ داماڵینی نووسەر یا چۆنێتیی

تێگەیشتنی نووسەر لە پەیوەستێك لە پەیوەستەكانی خۆی بە جیهانی دەرەوە. ئەو جووڵەیەی كە دەسەڵاتی بەدەلالەتكردنی شتەكانە، لە جۆرێكی ئەدەبییەوە بۆ جۆرێكی تر، لە سیستەمێكی (زەمەنی – مەعریفی)ەوە بۆ سیستەمێكی تر، لە دەقێكەوە بۆ دەقێكی تر، لە نووسەرێكەوە بۆ نووسەرێكی تر، وزە و گوڕێكی بەتینی نوێ و سەربەخۆ دەخاتە دوو توێی زمانەوە. هەر جووڵەی زمان و دروستبوونی دەلالەتەكانە كە لە كۆتاییدا بەرەو دروستكردنی نەخشەی بنیاتێكی سەربەخۆ دەچێت لە دەقەكاندا. كە لە هەمان كاتدا دەربڕی مردنی بارێك لە بارەكانی نووسەرە و دەربڕی لەلەدایكبوونەوەیەكی تری نووسەرە. لە شێوەی بنیاتی ناسنامەیەكی ڕەهای زۆر تایبەت و خاسییەتدارەوە كە هەردوو باری مردن و لەدایكبوونەوەی مەسخكراوی نووسەر لە بنیاتێكی جووت سەرەی شاراوەدا لە دەق دەتوێنێتەوە.

هەر وەكو چۆنیش نووسەر لەم خۆكوژییەی نووسیندا لە دەق وزە و تینێك بەجێ دێڵێ كە بەدوای دۆزینەوەی سەر لە نوێی زەمەن و قۆناغی كەسایەتیدا دەگەڕێت ، زۆر جار ئەم گەڕانە لە دەقدا كێشە دەرەكی و گشتییەكانی دەوروبەر، كۆمەڵ ، سیاسەت ، سروشت ، بوون و ڕەوشت... هتد، دەخاتە شوێنی بنیاتی تر لە واتادا و ئەو واتایانە لە ئاستی بنیاتێكدا دەبنە ناوكێكی شاراوەی وا كە زۆر دوورە لە دەلالەتە سەرەكی و ئاشكراكانی بەرچاوخراو لە دەقدا. نووسەر وەك كیانێكی ڕاڤەكەرو خولقێنەری زمان، بە كردارێكی زەینی زۆر زانستی و زۆر ڕۆحیشدا تێپەڕ دەبێ و ئەم كارەش لە بێهوودەیی واتا و شێوەی بەتاڵەوە دروست نابێت لە كاتی نووسیندا. نووسەر هەمیشە وەك كیانێكی زیندوو وەك جیهانێكی پڕ، وەك بنیاتێك لە واتای تایبەت، شێوەی جوداجودای بیر دەخاتە دوو توێی زمانەوە، نووسەر قەت لەم كارەیدا لە سنوورەكانی تەشەنەسەندنی دەقدا ئەم نوێبوونەوەیە دیاری ناكات و دەق بەكراوەییەكی زۆر ڕەها جێ دەهێڵێ. هیچ نووسەرێك لە جیهاندا ناتوانێت بە یەك ئاستی زەینی و بەیەك شێوەی دەربڕین و بە یەك سیستەمی واتاو بیركردنەوە لەگەڵ دەقەكانیدا مامەڵە بكات. بە درێژایی ژیانی ئەدەبیی خۆی و تەنانەت بە درێژایی ساڵێك لە نووسینەوەی خۆی، ئەم حاڵەتەی بە ناوككردنی بنیاتەكانی دەق، هەروەكو نواندن نییە كە لەماوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا كەسایەتییەك بنوێنێ و خودی خۆی بە كامڵی لە ناو ببات. نووسەر لە نووسیندا بەدوای بنیاتێ لە واتای دیاریكراودا دەگەڕێ و بە دوای وێنە زەینی و مەعریفییەكانی بیركردنەوەی خۆیدا دەگەڕێت. ئەم نواندنەش تەنیا ئەو بنیات ، هێماو ئاماژانە نین كە

هـەر جارەی بە یـەكێكیـانـەوە خـۆمـان هـەڵواسین، بـەڵكو شمـوولـیـیـەتی شیكردنـەوە لـە دەقـەكـانـدا پـەل بـۆ هـەمـوو ڕەگـەز و پـێكـهـاتـەكـانـی زمـان و تـەكنیك دەهـاوێت و لـە وێستگەیەكی دیاری كراوی لێكدانەوەدا ناوەستێت، نووسەر لەو وەستانە بابەتییە زۆر دیاریكراوانەی مەرجەكانی نووسین، خۆی و ڕێچكەی دەق لە باری ئاسایی خۆی ڕزگار دەكا و شێوەیەك لە دواندنی زمان دێنێتەكایەوە كە تەواو جودایە لەگەڵ كیانی ناسراو و ئـاسایی خۆی، لـەگـەڵ ئـارەزوو و بـیـركـردنـەوە و، مـامـەڵـەكردنـی ئـاسایـی خۆی لـەگـەڵ خۆسەپاندنی بە دەلالەت كردنی جیهانە جوداكانی ناوەوە و دەرەوە.

كێشەكانی نووسەر لە بناغەوە لە زاتی نووسەرەوە سەر هەڵدەدەن، بەبێ جووڵەی ئەو زمانە لەو زاتەی نووسەردا، هیچ بوونێكی دەرەكی شێوەی بەهایەكی دیاریكراو ناكاتە بەرخۆی، بەمەش نووسەر لە هەموو هەڵبژاردنە بەدەرەكانی توانای زمانەوانیدا شێوەی جووڵەی بنیاتەكانی بیر دەخولقێنێ نووسەر لەكاری بنیاتنانی دەقدا بنیاتەكانی بیرو لەدایكبوونەوەی مەسخكراوی زاتی خۆی دەخاتە ڕوو. لە مەشدا ئەو ئەوەندەی بیر لە بە نموونەكردنێكی تێكشكێنەری بنیاتەكانی زمان دەكاتەوە، ئەوەندە خەریكی ئەوە نییە كە داكـۆكـی لـە كـاریگـەریـی دەرەكـی یـان نـاخـەكـی بـكـات. ئـەو بـەكـۆمـەڵـە پـرۆسـەیـەكـی هەڵبژاردنی ئاڵۆز ئەنجام دەدا. ئەم هەڵبژاردنانەش سیفەتێكی زۆر بەربلاویان هەیە لە نـووسیـنـدا بـە ڕادەیـەك نـووسەر هـیـچ گـۆشەو ڕوویـەكـی نـاسیـنـەوەی نـاهـێڵێتـەوە لـە وێنـەكـێشانـی شێوەكـانـی دەرەوە و نـاوەوەی خـۆی، بـەمـەش دیـاریـكـردنـی زنجیـرە كـاریگـەرییـەكـانی سەرخۆی، وێنـەیـان لـە جووڵـەیـەكی ئـاراستـەكراودا دەدۆزێتـەوە، لـەم كـارەدا ئـەو بـنـیـاتـی شێوەی ئـەم هـەڵـبـژاردنـە دەنێتـەوە، لـە هـەمـان كـاتیشدا بـنـیـاتـی پەرەپێدانی دروستكردنی دەلالەت بنیاتی چۆنێتیی بە بنیاتبوونی واتا دەنێتەوە. هەروەك سیستەمێكی مەبەستدار و بە نموونەكراو و پەرش و بلاو كە گەورەترین ئاست لەم بـەرزبـوونـەوەی كـاریگـەرییـە دەرەكـی و نـاخـەكـییـەكـانـی خـودی نـووسـەر دەكـاتـەوە، لـەم كاریگەربوونەشدا نووسەر (بوونەوەرێكی ڕاهێنەر)ی بە سیستەم كراو نییە، هەرچەندە لە ڕووكـەشدا بـوون و نـەبـوون بـە هـەمـوو دەلالـەتـەكـانـیـانـەوە جـۆرە ئـاراستـەیـەكـی خـۆ سەپێنەریان هەیە لەسەر بیركردنەوەی نووسەردا، بەڵام نووسەر لە خودی دەلالەتەكاندا دەسەڵاتەكانی و ڕێگاكانی دەربڕینیان لەم جیهانانە بێ سنوورن و ناتواندرێ بخرێنە قالبێكی داخراوی شیكردنەوەی مەعریفییەوە، زۆربەی تیۆرەكانی بنیاتگەری نوشوستی دیاریكردنی جووڵەكانی دەلالەتیان گرتووەتە خۆ لە جێبەجیكردنێكی داخراودا.

هەروەکو چۆن هیچ مرۆڤێك لەم جیهانەدا لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا یەك سیمای کەسایەتی دیاریکراو لە نووسیندا دەربارەی خودی خۆی نانوێنێ، بەلایەنی دەرەوەی خۆشی هەر بەهەمان شێوە. نووسەر خۆی دەکوژێ، خۆی دەگۆڕێ، خۆی دەدۆزێتەوە، بنیاتی واتای شێواو بە خۆی دەدات، خۆی بزر دەکات. نووسەر سەری خۆی بە موستەحیلدا دەکێشی. تەنیا بۆ نواندنێکی بە نموونە کراوی شتە زۆر تایبەت و ئاساییەکان کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، وەك دەلالەت و مانای مردوو دەژێن، لە پێناوی دۆزینەوەیەکی تر لە جووڵەی زمان و دەلالەتەکانی تایبەت بە خۆی کەلەسەرجەمدا خودی ئەو دەنوێننەوە. مردنی نووسەر مردنێکی مەجازی و وەهمییە و لە هەمان کاتدا نواندنی ئەو ساتە مێژووییە زۆر دەگمەنانەیە کە خودی خۆی لە زەیندا بە شێوە و قاڵبی دەلالەتی تر دەدۆزێتەوە و دەبێتە ئاوێنەی نواندن و تیشکدانەوەیەکی بەنموونەکراوی گرفتارییەکانی زات لە گەردوون و بوونێکی بێ دەلالەتدا. ئەم کاریگەرییەی جیهانی زمان و شتەکان زۆر لە نووسەران بنیاتی جودا بەم وێنەیەی کەسایەتی خۆیان دەبەخشن، بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون، فلۆبێر دەڵێ: من (مەدام بۆڤاری)م، مەدام بۆڤاری کێیە؟ ئۆکتاڤیوپاز دەڵێ: (من سۆرجوانام)، سۆر جواناکێیە؟ چ شێوەیەکی شاراوە، چ بنیاتێکی بزر، چ دەلالەتێکی دابڕاو لە پشتەوەی ئەم سڕینەوە وەهمییەی ئامادەبوونی زۆر بە هێزی مەسخبوونی زاتەوەیە.

کەسایەتییەکانی دەق، ئاماژە کۆتاییەکانی دەق، پەندە زۆر چڕەکانی دەق، ئەو بنەماو شیرازە زۆر بە هێزانەی پرۆسەی نووسینن کە لە پشتەوەی زاتی گونجاو و تەبادا گەمە بە دەلالەتەکانی زمان دەکەن. زمان لە خودی خۆیدا وەك سیستەمێ لە بە ناڕاستەوخۆکردنی پێناسە و وێنەکانی ناسینەوەی شتەکانی دیاردەکانی پەیوەستی نێوان نووسەر و دەرەوی نووسەرەوە لە دایك دەبێت، شاردنەوەیەکی ناتەباو نەگونجاوی شتەبەرچاوخراوەکانە، مەسخکردنی دەلالەتەکانی بە خودبوونە لەو کاتەی نووسین لە ڕاستەوخۆیی دەربڕینی لە خود دوور دەکەوێتەوە، لە پێناوی دۆزینەوەی واتای ترو بنیاتی تر بۆ واتا، بەمەش هەموو دەقێك هەر وەکو مرۆڤ دوو بنیات لەخۆیدا هەڵدەگرێت و هەر ئەم سیفەتە بناغەییەی مرۆڤە کە هەر لە یەکەم خەڵقەوە، مرۆڤ نەیتوانیوە ڕوونکردنەوەیەکی یەك لاکەرەوەی پێ ببەخشێت.

مرۆڤ لە پرۆسەیەکدا خۆشەویستی لەگەڵ بووندا دەکا و مردن ڕەت دەکاتەوە لە بنیاتێکی تریشدا ترسی مردن و ترسی بزربوون لەم گەردوونە بەرجەستە دەکاتەوە. خۆ

هەڵواسینی مرۆڤ بە بوونەوە، ئامادەبوونی مرۆڤ لە بووندا، هەر وەك خۆ هەڵواسینێكی بێ هیواییان قووڵی تراژیدییە و دوانەفەسی ژیان لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت. ئەم واتایەش هەروەك ئەو دووبنیاتانەی تری ناوەوەی مرۆڤە. كاتێك دەبینین مرۆڤ لە ژیانیدا بە دووی سیستەمی جودای مەنهەج و عەقڵانیەتدا وێڵە و لە مردنیشدا بەردەوامییەكی مەعریفی و زانستی و مێژوویی لە نەوەكاندا دەكاتەوە و قەت ناتوانێت تەباییەكی ڕاستەقینە و دادپەروەرییەكی ڕەت نەكراوە لە بوونیدا بدۆزێتەوە، لەمەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی كە تەنیا یەك حاڵەت و بەس لە ژێرەوەی بنیاتە ئاشكراكانی دەقدا چەكەرە دەكا و هەموو دەقەكان دەگرێتەوە.

هەموو نووسینێك و هەموو جۆرێكی ئەدەبی، لە ناوەوەی خۆیدا ئەم (كرۆكە هەژێنەرەی بنیاتەكان) هەڵدەگرێ، هەر لەم كرۆكەوە هەموو بنیاتەكان شەرعییەتی ئامادەبوون و جووڵەی خۆیان دەخەنە قاڵبی بە پاساوكردنی بابەتەكانەوە و زۆر جاریش كاردەكەنە سەر ڕێچكەی شێواز و تەكنیكی دەربڕین. ئەم حاڵەتەش ئەو بنیاتە زۆر چڕو زۆر نەبینراوەیە. ئەو ناوكە زۆر زیندووەیە كە هەموو كەسایەتی و هەموو حاڵەت و هەموو شێوەكانی دەق دەگرێتە خۆی و دەق دەخاتە جوولە و شڵەژان و بزووتنەوەیەكی بەردەوامەوە، دەورەكانیان دەخاتە جوولەو لە دایكبوونەوە لە دووتوێی نەخشەیەكدا. كەواتە نووسەر لە نووسینەوەدا دەورێك و كارێك لە شێوەی ڕێكخستنێكی بە نموونەییكراودا، دەخاتە دوو توێی دەقەوە، هیچ دەقێك بەبێ بینایەكی دیاریكراوی ئەم كرۆكە نابێتە دەق و هیچ دەقێكیش ئەم كرۆكەی تێدا بزر نییە (مەسەلەی بە دەقبوون مەسەلەیەكی ڕێژەییە) گەر بێتو هەر نووسینێك لەم كرۆكە داماڵدرێت، ئیتر دەق، لە گەیین و كاملبوون دەكەوێت، ئەمەش دەوری ئەو كرۆكە چڕە روون دەكاتەوە لە پێگەیاندنی واتادا و زۆر نزیكە لە شێوەی ئەو كاردانەوانەی كە هەموو هەستپێكردنێك و هەموو مامەڵەیەك لە مێشكی نووسەر لە شێوەی بنیاتی جودادا ڕێك دەخەن، لەو كاتەی دەورەكانیان وەك ئامادەبوونێكی پێش وەختە تەواو دەبێ.

لە ڕاستیدا دەق وەك پڕۆژەیەك بە سیفەتی بەرچاوخستن و ڕاگەیاندن، كۆتایی نووسەر نییە و كۆتایی بەكاری مەسخبوون و كاری تەواوبوونی دەق ڕاناگەیەنی. بەڵكو هەموو نووسەرێك لە جیهاندا بۆی هەیە دەسەڵاتی جودای خۆی لەكاتی زەمەنیی جودادا بخاتە دووتوێی كارەكەی خۆیەوە. لە دووتوێی درێژكردنەوەو كورتكردنەوە و تەنانەت گۆڕینی ڕێچكەی دەقیشەوە هەروەكو چۆنیش لە سڕینەوەی هەموو ماناكانی خودی خۆی بنیاتی

نازەمەنی دەخولقێنێ. کەواتە دەق وەك سیستەمێك و وەك بنیاتێك لە خزمەتی تاقە بنیاتێکی تردا دەبێت. دەق کۆتایی سنوورەکان و دەسەڵاتی زمان و نووسەر نییە. بەڵکو ڕوویەکە لە ڕووەکانی حاڵەتی زەمەنێکی دیاریکراو. ئەو زەمەنەی کە نووسەر بە ئارەزوویەکی پڕ لە خۆبایبوونەوە، یا بەتەوازوعێکی لێبووردنەوە، دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی خۆی دەبێت، لە دەوڵەمەندکرنی دەقەکە و یاخود هەندێك جار لە کاملکردنی دەقەکەش. لە سەرێکی تریشەوەش ئەم حاڵەتە زەمەنییەی کە وەستانەکانی دەق دەنوێنێ و کیان ، ژیان و زەینی مرۆڤ نانوێنێ لە زەمەنێکی دیاریکراودا، گەر لە توانای هەموو مرۆڤێکدا بوایە کرۆکی هەموو واتاکان بخاتە یەك دەقەوە ئەدەب لەوە دەوەستا بەردەوامی بەجۆرەکان ببەخشێ.

مرۆڤ لە هەموو بیرکردنەوەکانیدا، لە هەموو هەوڵەکانیدا تەنیا بەشێکی دیاریکراو لە زەین و بیرکردنەوەی خۆی بە نووسینی دەبەخشێت و لەژێر گوشارێکی دیاریکراو و جۆراوجۆری نووسیندا دەبێت، کەواتە دەقی ئەدەبی لە هەموو حاڵەتەکانی نووسین و نووسینەوە و لە هەموو جۆرەکاندا بە ناتەواوی و بەش بەش لە دایك دەبێت و نووسەر هەر لەوکاتەوەی لەدەقەکەی دەبێتەوە، بەکەشێکی دەروونیی سارێژنەکراودا تێپەڕ دەبێت بەلایەنی دەقەکەی خۆیدا، ئەو کەشەی نهێنییەك، لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەنوێنێ، لە چۆنێتیی بیرکردنەوە و میکانیزمییەتی دەروونیدا نووسەر، کاری بەتاڵکردنەوەیەکی دیاریکراو لە هەڵکشان و داکشانی واتا هەڵدەستێت، ئەو بنیاتەی لەم کارەدا لە دایك دەبێت لە پەیوەست بوونی بە جیهانەوە، بنیاتێکی دیاریکراو و یەك ئاست نییە، بەوەش نووسەر لە دەرەوەی دەقدا ئامادەبوونێکی بەدواخراو و ئامادەی هەیە و دەق هەموو کاتێك ڕێگاکانی لە ئامێز گرتنی نووسەر لە خۆیدا هەڵدەگرێت و دەق بنیاتێکی ڕەهای یەك خاسییەت و یەك سیفەتی نییە. دەق بۆی هەیە بنیاتی جۆراوجۆر بگرێتە خۆی. ئەو بنیاتانەی زۆر جار لە خاسییەتی بابەتیی دەلالەت و بنیاتی زەمەنی و فەلسەفیدا، لە چڕکردنەوەیەکی بێ سنووردا تەنیا بیرێکی یەك ڕستەیی و یەك ئاماژەیی دەنوێنێ.

دەشێ تاقە هەستێکی ناوەختە و گرفتارییەکی بچووك لە ناوەوەی نووسەردا، بنیاتی دەقێك بخولقێنێ. ئەمەش ئەو هەڵبژاردنە بێ ئەژمارە و بێ سنوورانەن کە شێوەکانی دەلالەت لە زەینی نووسەردا دێننە کایەوە، بەم پێوەدانگەش ئەم نواندنە جودایانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ خانەی هەستیاریی مرۆڤ لە دروستکردنی شێوەکانی بنیاتی ئەو دەلالەتانەی لە نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەدان، لە تەبایی و دژ بەیەکی، پەیوەستێك لە

نێوان گەردوونی دەرەوەدا بنیات دەنێت، شتەکانی نێو دەق بەبێ پەیوەستبوونیان بەکیانی مرۆیی مرۆڤەوە لە بارێکی مردووی تەجریدکراودا دەمێننەوە، بیرەکان بەبێ بنەمایەك لە واتای ڕاستەقینە و تەنانەت وەهمیش، لە ژیانی تاکدا بێ بایەخ و بێ گیان دەبن. تەنیا هەر شێوەکان دەتوانن شتەکان بخەنە باری بەدەلالەتبوونەوە، هەروەك تێکهەڵکێشییەکی وێنەئامێزی نێوان سێ کوچکەی (زمان، نووسەر، دەق)ەوە. مەبەستیشمان لە شێوەکان، شێوە بەتاڵەکانی نووسین نییە. بەڵکو مەبەستمان ئەو جووڵە و ئەو بزووتنەوە و ئەو ئاڵگۆڕکارییە بێ سنوورانەن کە لە نێوان سیستەمی زەینی و تێکوڕووژانی دەلالەتەکانی وشەدان. چۆنێتیی پاش و پێش کردن و چۆنێتیی بەرچاوخستنی سیستەمێکە بۆ زەینی مرۆڤ (ئەو سیستەمەی تەنیا دوای نووسینی– واتە دەق) کە ڕەگی لە ژیان و ناخی نووسەرو جوولەی زماندا هەیە، کە زۆرجار پێویست بە روون کردنەوە دەکات و هەندێك جار تەباو هەندێك جاری تریش دژ بەیەکن لە پەیوەست بوونیان بە جیهانی دەرەوە، هیچ شێوەو هیچ حاڵەتێکی زەینیی بیرو زمان و هیچ ڕستەیەکیش بەبێ ئاوسبوونی بەم شێوانەی بە دەلالەتبوون بەدەرنابێ، ڕاستە شێوەی نووسین حاڵەتێکی ڕەهای دەقە و سیمایەکی ڕەهای دەقە.

بەڵام ئەم شێوانە بە مەرجی پێش وەختەی دەسەڵاتی نووسەرو دەسەڵاتی زمانی نووسەرەوە بەندن. هیچ دەلالەتێك و هیچ کۆمەڵە دەلالەتێك بەبێ بنیاتی کۆتایی دەقەکان و بەبێ بە شێوەبوونیان ناتوانن خۆیان لە دەقدا بچەسپێنین. هەروەکو ئەوەی مێشکی مرۆڤ پڕ لە دەلالەتی سەربەخۆ و بێ وەڵام بێت و نەتوانێت بنیاتێکی یەکگرتوو دروست بکات. زمان ئەم توانا دووسەرەیە لە خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەم توانایەی لە دروستکردنی شێوەی بنیاتەکانی دەلالەت جووڵەیەکی ئاڵوگۆڕ پێکراو دێنێتە کایەوە. هەر ئەم ئیمکان بوونەشە کە بەیەکگەیشتنەوەیەکی ماقووڵترو تەباتر بە بوونی مرۆڤ دەبەخشێت لەم جیهانەدا. مرۆڤ لە پێناوی وێنە گرتنێکی شێوەداری بێ ناوکەوە فێری زمان بووە. مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی نەگەیشتووە، تاکو ئەو ساتەی گەیشتووەتە پێویستی بوون بە پاراستنی یادەوەرییە مەعریفییەکانی خۆی و ڕوانینی خۆی بۆ جیهان و زمانی کردووەتە سیستەمێکی دیاریکراو بۆ تێگەیشتن. ئەو زمانەی وای لێ کردووە هێدی هێدی لە شێوەی ئاسایی و ڕۆتینیەتی شتەکان دەرکاو دەلالەت لەشتدا دروست بکات.

کە واتە لەمەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی دەق هەموو کاتێك دەقێکی ناکاملەو ئەوەی ڕێگە

بە نووسەر دەکا ئەم سەرنجە لە بوونی خۆیدا بپارێزێ ئەو بنیاتەیە کە لە ژێرەوەی دەقدا دەبێتە بزوێنەری دەقەکە، کەواتە بنیاتی شاراوەی دەق داینەمۆی لە دایکبوون و مردنی هەموو دەقێکە، هەروەك وزەیەکی لەبن نەهاتووی زۆر چڕی بنیاتێکە، کە هەموو دەلالەتەکانی دەق و هەموو بنیاتەکانی واتا دەگرێتە خۆی و بنیاتی شاراوەی دەق رۆحی هەموو ئاماژەکانی زمانی دەق و شێوەجوداکانی دەقێکی دیاری کراوە. چ ئەدەبی بێ چ فەلسەفی بێ، چ سیاسی بێ، چ مەعریفی بێ چ پڕۆپاگەندەو گوتارە جۆر بە جۆرەکان بێ. هەر لە پێناوی فراوانکردنەوەی شێوە و واتاکانی دەقە، کە دەق دەبێتە ناوەندی زەینی نووسەرو لەبەردەم ئەم ئامادەبوونەی نووسەردا خۆی دەکاتە دوو بەشەوە. هەر لە پێناوی دروستکردنی ئەو بنیاتە شاراوەیەی دەقەکە نووسەر هەموو بوونێك، هەموو راستییەك، هەموو وەهمێك، هەموو ئامادەبوونێکی زەینی خۆی لە زمانی دەقدا دەتوێنێتەوە، یاخود بە دوایان دەخا.

ئەگەر بڕوانینە نەخشەی دەق لە شێوەی بنیاتی ئاشکرایدا، دەبینین هەموو دەقێك تێکهەڵکێشییەکی ستوونی و پانایی و سەرەو ژووری هەیە لە جووڵەی پێگەیاندنی بنیاتداو لە نواندنی شێوە و وێنەی جیاجیای دەلالەتدا کە لە سەرجەمدا دەشێ وەك بنیاتێکی سەربەخۆ تێیان بڕوانین. دەشێ لە ڕۆمانێکدا دەیەها بابەت و بنیاتی بابەتی و شێوەی جوداو نەخشەی جودا لە وەسف و ڕووداوەکان دروست بکرێن، کە هەندێك جار دەشێ ببنە چیرۆك و دەشێ ببنە پەخشان و دەشێ ببنە بنیاتی سەربەخۆ. دەشێ لە دروستبوونی پەیوەستەکانی نێوانیاندا یاخود پەیوەندییان بە بنیاتە ڕووکەشەکانی تری دەقەوە، چەند بنیاتێکی شاراوە و جودا دروست بکەن. ئەمەش ئەو ساتەیە کە دوو دەقی جودا لە یەك دەقدا خۆیان دەنوێنن. ئەم پەیوەستانەش پەیوەستی تەواو کەرن و پشت بە پەیوەستەشاراوە و ئاشکراکانی هەموو بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق دەبەستن.

دەتواندرێ لەو بنیاتانەوە چەند بنیاتێکی تریان لێ بدۆزرێتەوە. هەر دەقێك بۆی هەیە لە خودی خۆیدا چەندەها بنیات لە واتای ناکامل و بنیاتی ئاشکرا هەڵگرێت، هیچ بنیاتێك لەم بنیاتانە نابنە بەرجەستەکردنێکی مەسخبوونی نووسەر گەر بێتو لە ژێرەوەی دەقدا بنیاتێکی شاراوەی هەڵنەگرتبێت کە بە جارێك ناسنامەیەك بە نووسەرو بیری نووسەرو کیانی نووسەر دەبەخشێت، چونکە ڕاستە لە ڕووکەشدا دەق لە هەر هەموو دەسەڵاتێکی نووسەر بەدەر دەبێت، بەڵام ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەری دەقە و دەق لە خودی خۆیدا بنیاتێك هەڵدەگرێت کە (ناس) (ثیمە)یەکی کەسایەتی و بابەتی

واهەڵدەگرێت شوێنێکیان هەیە لە بوونی مرۆڤدا.

مرۆڤ تائێستا نەیتوانیوە جۆرە ژیانێك لە دەقدا بخاتە بەردەست کە سەرجەمی ژیانی کاملی شتەکان و دەلالەتی شتەکان لە یەك بنیاتی تەبادا بخاتە بەر دەست،.هیچ دەقێکیش نەیتوانیوە سنوورەکانی بوونی شتەکان تێپەڕکاو شێوەیەك لە دەق بێنێتە ئاراوە کە وەك سیستەمێك بەدەر بێت لە هەموو کاریگەرییەکی واتاکان. مرۆڤ بێ دەلالەت و مانا بوونی خۆی تەنیا لە سێبەری خۆیدا دەبێت. ئەو سێبەرەی کە پشتەوەی بوون دەنوێنێ هەموو دەقێك. هەموو تابلۆیەك، هەموو نووسینێك لە جیهاندا لە دوو ئامانج و دوو شێوەدا کۆدەکرێتەوە، شێوەیەکی بەرچاوخراو و شێوەیەکی شاراوە، تەنانەت ئەم دوو سەرەبوونەی دەقیش، لە مرۆڤ، گەردوون، ئاین، شارستانێتێتی و مێژووشدا بوونی خۆی هەیە و ئەمڕۆکە لێکۆڵینەوە مەعریفییەکان ناتوانن بە ئاسانی ئەم دەلالەتەی بوونی مرۆڤ ڕەش کەنەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مرۆڤ | ← | رۆح(واتا) | ← | جەستە(شێوە) |
| گەردوون | ← | بینراو(بەرجەستە) | ← | نەبیندراو(پەیوەست) |
| ئاین | ← | ژیان(بەرچاو) | ← | مردن |
| شارستانێتی | ← | پەرەسەندوو | ← | دواکەوتوو |
| بوون | ← | ئامادەبوون(واقیعی)فەنا | ← | (فانتازی) |

کەواتە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خاڵەکانی بەیەکگەیشتنەوە بزرەکان کە گەورەترین تەبایی دەخەنە بیری مرۆڤەوە، مرۆڤ بە درێژایی سەرتاپای مێژووی خۆی نەیتوانیوە لەم کێشانەی خۆی و بوون، خۆی داماڵێت، کەواتە ئەفسانەی یەك بنیاتی و یەك ڕوانینی لە مرۆڤدا ئەو کاریگەرییە ناخەکی و دەرەکییانەیە کە ئاستی دەق دەگەیەننە ئاستی ئەفسانەی سەردەمی خۆیانەوە. دەبێ چۆن نووسین بگاتە ئەم بنیاتە شاراوە و یەکگرتووە؟ کەی دەتوانێت کۆتایی بە هەموو وەرچەرخان و خۆ مەسخکردن و خۆ خەریککردنە وەهمییەکانی بهێنێت، کەی مرۆڤ دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی خۆی و گەردوون و ژیان و مردن بهێنێ. تەنیا لەو ڕۆژەدا دەبێت کە زمان لە دەوری خۆی دەمرێت، کە مرۆڤ لە سنوورو داب و نەریت و خەم و دەروونی شڵەژاویدا، خۆی دادەماڵێ و سیستەمێك لە زمان و ئاماژەی نوێ دێنێتەکایەوە.

هێنانەوەی ئەم نموونە فانتازییە تەنیا ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ ئەو حاڵەتە

دەروونـیـیـانـەی لـە پشتـەوەی وەهـمێکدا جیـهـان دەخـەنـە دووتوێی سیستـەمێکی تـەبـاو گەنجاوو پڕ لە هیواوەو لە جیهانی مەعریفەدا مرۆڤ دەخەنە قاڵبێکی زۆر زۆر بە نموونە کراوەوە. دەلالـەتـی بـنـیـاتـی شاراوەو پشتـەوەی دەقـی هـەمـوو نـووسینـێك زۆرجـار بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەکردن لە بزربوونی زەمەن دەکەن وەك رەگەزێکی بنەڕەتی لە دروستکردنی دەلالەتدا چ لە ئێستاو چ لە ڕابردوو. زەمەن هەر وەك بوونێکی بزر تەنیا لـە ئـامـاژە دیـارەکـانـدا دێتـە دەقـەوە. لـە بـنـیـاتـی شاراوەشدا تـەنـیـا لـە ئـیـحـایـەکـی زۆر نـاڕاستـەوخـۆ دێتـە کـایـەوە و زۆرجـار زمـان دەبـێتـە تـەنـیـا ئـامـاژە و بـەس، بـڕوانـە ئـەو ڕۆمـانـانـەی کە هـەموویان سیفەتێکی زەمەنی و مێژوویی ڕابوردوویـان لـە خۆگرتووە، بڕوانە ئەو نووسینە جیاوازانەی جۆرە ئەدەبییەکان کە زۆرجار لە وەسفدا دەیانەوێ زەمەن دابڕێنن، بڕوانە تابلۆو نیگارەکان چۆن لە زەمەن دادەبڕێن. بڕوانە گوتارە سیاسی و ئابووری و ڕۆژنامەگەرییەکان کە چۆن لە زەمەندا خۆیان نمایش دەکەن و لە پێناسەو بنیاتی ناوەوەشدا لە زەمەن دادەبڕێن.

مەبەست لەم نموونانە پەیوەستیی زەمەن نییە لە دروستبوونی دەقەکانەوە. بەڵکو مەبەست ئەو ناسنامە جودایانەی دەقە کە تۆڕێك لە دەلالەت و هێمای جودا لەدەقدا دروست دەکەن و ئەو قاڵبانەی واتا تاکو ئەو دیوی بنیاتێکی تری دەبەن. مەبەست لە جووڵەی یەکەکان و ڕەگەزەکانی دەقە لە زماندا. ئەم جۆرە دەربڕین و بەرچاوخستن و ڕاگەیاندنە لە دەقدا، داکۆکیکردنە لە جیهانی مەعریفیی دەرەوەی مرۆڤ و کاریگەریی لەسەر دەق و بنیاتی دەق کە خاسیەتی بابەتی بە دەق دەبەخشن، کە لە هەمان کاتیشدا ئەم جۆرانە لە بنەڕەتەوە چەند ڕوویەکی جودای ئەم داخوازی و ئەم پێشنیار و ئەم داواکارییە ڕووکەشانە دەخەنە مەعریفەی زەینییەوە. زمانێك بێت لە واقیعدا بوونی نەبێت. ئەمەش لە هەمان کاتدا ئەوە ناسەلمێنێت کە دەق ڕێچکەی واتاکانی بزربکات و بە دوای قاڵبێکدا بگەڕێت خاسییەتی واتاکانی بزربێت. بەڵکو خولقاندنی ئەو قاڵبانە لە بـنـەڕەتـەوە بـۆ دامـەزرانـدنـی سیستـەمـێك لـە واتـای ترە، لـەو ساتـانـەی نووسەر لـە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی شڵەژانی دەروونییەوە وەك پرووشەی تیشك لە زەینییەوە هەندێك ئاماژە دەخاتە دەقەوە کە دەربڕین تەنیا لە حاڵەتێك لە واتا بکات کە بگەڕێتەوە بۆ هەندێك سیفەتی تایبەتی نووسەر لە دەقدا، کە دەربڕین لە ڕاستییەکی ڕەهاو جڵەو گیرنەکراوی زمان دەکەن، بێ ئاگایی نووسەر، بەئاگابوونێکی ڕەهاو زێدە ڕۆیی زەینی شڵەژاوە.

ئەمە جگە لەوەی نووسەر هەندێك جار لەگەڵ تەوژمێکی بێ ئاگایی گشتیدا دەڕواو ئەو نووسەرانەش هەر ئەوانەن کە دەرك بەواقیعی ڕاستی و باری شتەکان ناکەن. ئەو بێ ئاگاییيانەی وا لە نووسەر دەکەن بکەوێتە ژێر گوشاری وەستان لە چەند وێستگەیەکی زەینی ، سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراوەوە و لە قاڵبی هونەریی دەقەکان و لە دەوری زمانی ئەدەبی دەردەچن. نووسەر کە دەنووسێت بەیەك جار، لەلایەکەوە پێشنیازێکی دیاریکراو دەخاتە ڕوو، لەلایەکی تریشەوە دەورێکی تری دەلالەت دەخاتە دووتوێی بنیاتی ژێرەوەی دەق. نووسین بەر لەوەی بچێتە سەر کاغەز، پێشنیازی ناڕاستەوخۆ و دیاریکراوی جیهانە جوداکانی خاسییەتی بابەتی دەخاتە بەرچاو، نووسین لە بێهوودەيييەکی بەتاڵبوونی واتا لە شێوەیەکی بێ واتاوە نایەتەدی.

ئەگەر بێتو زمان بە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و بە سیستەمێك لە ئاماژە دابنێین کە بۆتێگەیشتن یا وەرگرتن بەدی هێنرابێتن ئەوا زمان و ئاماژە بێ ئیحا دروست نابن. چونکە جگە لە ناوەکان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ واتاکانیان کاریگەریی نوێ دەخەنە زمانەوە، سەرجەمی واتاکانی زمان لە کرداری زمانەوە پەیدا دەبن. ئەو کردارانەی کە تەنیا لە دەسەڵاتی ئەواندا ئاماژە دروست دەبێت، هەر بەم پێوانەیەش هەموو دەقێك بەگێرەشێوێنییەکی زەینی و شێوەییدا دەست پێ دەکا لە بنیاتی سەرەوەیدا بنیاتێکی تر لە ژێرەوەدا دروست دەبێت. بنیاتی ڕووکەش و سەرەوەی دەق، شێوەکانی واتایەو بنیاتی شاراوەی دەق ڕۆحی واتایە ئاخۆ ئەوە بنیاتی ئاشکرای دەقە کە دەلالەتی خۆشەویستی و جوانی دەخاتە نێو دەلالەتی سیاسییەوە، گەشبینی و ڕەشبینی دەخاتە دوو توێی زەمەنەوە، یاخودکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەلالەتی نوێ و شاراوەیە لە دەلالەتە ئاسایی و بنیاتە ڕووکەشەکانەوە، یاخود کورتهێنانی زمانە لە بەخشینی دەلالەتێکی کامل و یەك بنیات بەتەنیا دەقێك و بابەتەکەی؟

ئاخۆ ئەوە بنیاتی بابەتیی ڕووداوەکان و خاسییەتە بابەتییەکانی لێکخشانی نووسەرە بەجیهانی دەرەوە کە دەربڕین لە هێنانەکایەوەو خوڵقاندن دەکات لە زماندا، یاخود دروستکردنی وەهمە لە بەشێوەکردنی دەلالەتەکاندا؟!!! ئاماژە و دەلالەتەکانی چەند ڕوویەکی جودایان هەیە لە دەقداو تەنیا ڕووی ئاسایی و باوی زمان نین. تەنیا هەر لەو کاتەدا یەك روو بە دەق دەبەخشن کە دەق بنیاتێکی شاراوەی بەهێزی هەبێ و ئەم دەلالەتانەش لە ڕێچکەی ئەو بنیاتەو فەزای ئەو بنیاتەدا بخرێنە کار. زمان هەر ئەو کاتە دەبێتە زمانێکی داهێنەر کە لە جۆری بیرکردنەوەی خۆسەپێنەری واتای زەمەنی و واتای گشتی دەردەچێتە دەرەوە یاخود لەوانەوە جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات.

جا لەمەشەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە بنیاتی شاراوەی هەموو دەقێك مەدلوولێکی فرە داڵە و سەرچەمی داڵە جوداکانی بنیات و زمان شێوەو ئیستاتیکاو جووڵە تایبەتییەکانی ناوەوەی دەق دەگرێتە خۆی، بنیاتی شاراوەی دەق چڕبوونەوەیەکی زۆر زێدە رۆی هەموو نووسین و هەموو دەقێکە، هەروەك قاڵبێکی زمانەوانیی زۆر چڕە کە لە بەیەکداهاتنی بنیاتە جوداکانی واتاو ئاماژەکان و بنیاتە رووکەشەکانی واتای دەقەوە لە دایك دەبێت، بەمەش زمان دەورێکی جودا دەگرێتە خۆی و لە سیستەمی ئاسایی و چۆنێتی دەربڕینی زێدەڕۆیی دەردەچێت، هەر وەك ئەوەی تەنیا بنیاتێکی ئاماژەدار هەموو جیهانبینییەکی دەربڕین بگرێتە خۆی، هەروەکو چۆن دەبینین رێچکەی نووسین لەگەڵ پەرەسەندندا شێوەی جودا دەگرێتە خۆی و شێوەیەکی پەرەسەندوتر دەگرێتە خۆی، ئەم گۆڕانانەی زمانیش تەنیا لە چۆنێتی و واتاکانی وشەوە دەبێت و لە هەموو جۆرەگۆڕانکارییەکانی تر فراوانترە.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەردەخات زمانی گەیاندن لە نووسین، تەنانەت لەدواندنیشدا لە دوو تۆێی پەرەسەندنی مێژوویدا بەرەو چڕبوونەوەیەکی بەردەوام دەچێت. دەوری دال و مەدلوول و ئاماژەکان بە پێی دەوری وشەکان و گۆڕانی واتایان لە پەرەسەندنی زماندا دەگۆڕێن. ئەو دەورانەش بەجارێك چەندەها مەدلوول و چەندەها واتاو ئاماژەی جودا دەگرنە خۆیان. هەر وەك ئەوەی دەقەکان کۆتاییەکی بە نموونە کراو، بەحیکمەتکراو، بە پەندکراو بە زمان و دەلالەتە شاراوەکانی ببەخشن. هیچ دەقێك بەدەر نییە لە کاریگەریی ئەم رێچکەیەی زمان. حاڵەتی ئەم بنیاتانەش هەروەکو ئەوە وایە کە هەموو گەردوون لە یەك هێزی بێ دەرەتانی گەورەوە لەدایك بێت، پاش ئەوەی بەکۆمەڵێك گۆڕانی پەرجوداردا تێپەڕ دەبێت ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دروستکردن و خوڵقاندنی واتاکان لە شێوەی بنیاتدا رۆحی پرۆسە و کاریگەرکردنە سەری لە ناخدایە لە ماوەیەکی (زەمەنی – مێژوویی)ی دیاریکراودا. گەر بێتو لە بنیاتی شاراوەی چەند دەقێك بکۆڵینەوە، دەبینین هەموو رەگەزەکانی پێکهێنان و گۆڕانەکانی نێویان، لە پەیوەست ، کێشە ، خۆ رێکخستن و بنیاتناندا، لە پێناوی تاقە مەبەستێکی دیاریکراودا بەکار خراون.

مەرجیش نییە نووسەر هەر لەسەرەتاوە نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ هەموو دەقێك پێش وەختە دابڕێژێت. لە ڕاستیدا ئەم مەبەستانەی نووسین کە خودی نووسین دەکەنە پرۆژەی ئەدەبی لە جۆرەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت و لەلایەکی تریشەوە زۆرجار مەبەستە بەرچاوخراوەکانی نووسین گۆڕانی گەورەیان بەسەردا دێت و مەبەستەکان لە دەقدا مەسخ دەبن. دەق لەسەرەتاو کۆتاییدا دەقی ناکامل و پرۆژەی ناکاملە. تەنانەت لەو

ساتەی کە نووسەر بۆ ماوەیەك لە حەسانەوەیەکی دەروونی و قەناعەتێکی دەروونیدا دەژێت، بەرامبەر بە کاملیی دەقەکەی. لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتانەی باری دەق کە ئەم مەبەستانەی نووسین دەخەنە دووتوێی یەك بنیاتی دەقەوە کەخودی نووسین دەخەنە دوو تـوێی پـڕۆژەیـەکـی بـەرچـاوخـراوی یـەك بـنـیـاتـەوە، لـە دەرەوەی ئـامـاژەو دال و مەدلوولەکاندا دەژین. ئەگەرچی هەر بە هۆی ئەو ڕەگەزانەی نووسینەوە دەگەینە ئەوەی پـەنجە بـخـەیـنـە سەر بـنـیـاتـی ژێرەوەی شاراوەی دەقـەوە. بـەڵام ئـەم ڕەگـەزانـە لـەگـەڵ دەورەکانیاندا دەمرن و کۆتاییان دێ.

کەواتە دەقێکی ئەدەبی ، ئەفسانەیی ، فۆلکلۆری و هەموو جۆرە دەقێکی مەعریفی ، سیاسی و لە هەموو مەیدانە جوداکانی دەربڕین و پڕۆپاگەندەشدا بێ بنیاتێکی بناغەیی لە دایك نابێت. ئەم بنیاتەش خاسییەت و سیفەتی دەقی تاك بنیات وەردەگرێت. ئەو تاك بنیاتە بزرەی کە لە زماندا، لە مامەڵەی مرۆڤدا، لە قۆناغەجیاکانی مێژوودا بوونی هـەبووە، لـە تێکـهـەڵکێشییـەکی مێژوویی دەلالـەت و هێمـاکـان و ئـامـاژەکـانـی زمـان و پەرەسەندنیاندا، لە شێوەی پەرەسەندنی پەیوەستەکانی مرۆڤ بەدەرەوەی خۆی. هێدی هێدی ئەم جووت بنیاتانەی لە زماندا کردووەتەوە. لێرەدا ئەوە ڕوونە کە ناس (ثیمە)ی نووسەر زۆر جودایە لە بنیات و مەبەستە ئاشکراکاندا، هەر لەم خاڵەشدا مردن و لە دایکبوونەوەی ناسە بابەتییەکانی دەق دەکەوێتە بەرچاو لە شێوەی بنیاتێکی ڕەهاو سەربەست و بێ گرێدا کە سەربەخۆیی نووسەر و دەق و زمانی تێدا مات بووە و بەبێ زمان و بەبێ ئاماژە و بەبێ دەقێکی داکۆکی لێکراو لە دایك دەبێت و ڕەخنە سەرسام دەکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین هێڵە سەرەکییەکانی لەدایکبوونی بنیاتی شاراوە بوونی دەق ئاشکرا بکەین:



کەواتە دەق لە خوێندنەوەدا جیهانێکی هەڵخەڵتێنەر دەخاتە ڕوو. هەروەك جیهانێکی وەهمی کە بنیاتی بوونی لە توانایدا نییە ڕەزامەندیی کۆتایی و حەسانەوەیەکی زەینیی کامل بە زەینی خوێنەر ببەخشێت. هەر لە سیفەتی بەش بەش بوونی خودی زمان لە نێوان دەلالەت و ئەو وێنە زەینییانەی کە ئیحای شتەکان دەیخەنە پەیوەستەوە لەگەڵ واتادا، بنیاتەکانی دەقیش بەش بەش دەبیٚ، لە بەش بەش بوونی دەوری وشە و پەیوەندیی نێوان ئیحای شێوە و ئاماژەدا، بنیاتی جودا دێتە کایەوە. گەر بڕوانینە واتاکانی زۆر لەناو و ئاوەڵناوەکان، دەبینین ئەم چەمکانەی زمان لە هەمان کاتدا کە واتا دەدەنە دەستەوە لە شێوە گۆڕاوەکەیدا، لە زەینی خوێنەردا ئیحای شێوە و ئاماژەش دەدەنە دەستەوە کە زۆر جیاوازە لەگەڵ دەقدا.

ئەمەش ئەو وێنانەن، کە لە زەینی خوێنەردا لە ئەنجامی یەکگرتنەوە و یەك بنیات هەڵگرتنەوەی واتادا لە ڕێچکەیەکی دیاریکراودا سەرجەمی وشەو ڕستەکان و سەرجەمی گوتراوەکانی دەق لە یەك بۆتە و ڕێچکەی بنیاتەوە دەخاتە نێو دەقەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیٚ کە زمان لە بچووکترین یەکەی واتایدا جووت بنیاتیی خودی واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت. کەواتە زمانیش وەك سیستەمێك، لە خۆیدا دەوری دووسەرە هەڵدەگرێت. هەروەکو چۆن ڕستەش بە دەوری خۆی چەند دەلالەت و چەند شێوەیەك وەردەگرێت، هەربۆیە دەق لە خوێندنەوەی نیوە چڵ و تێنەگەیشتنی مەبەستە بزرەکانی و بنیاتە شاراوەکانی واتادا، هەمیشە بەرەو گومڕایی دەچێت و لە ناخەوە داکۆکی لە دەقێکی کامل و خوێندنەوەیەکی ناکامل دەکات. بەمەش خوێندنەوەی هەموو دەقێك خوێندنەوەیەکی کامڵ و پێداچوونەوەیەکی بەردەوامی دەویٚ. گەر پێوستی بەوە کرد لە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی دەرەوەو ناوەوەی دەقدا بژێت ئەوا ئەوەندە زیاتر ئاشنایی و تێگەیشتنی دەخاتە پرۆسەکەیەوە، بەمەش دەقیش لە خودی خۆیدا ئاستی زەینیی جودا و دەلالەتی جودای تێگەیشتن لەلای خوێنەردا دروست دەکات.

خوێنەر هەموو جارێك و لەگەڵ هەموو دەقێکدا، بەبیٚ گەیشتن بە ئاماژە کۆتایی پێهێنەرەکانی دەق لە توانایدا نابێت بگاتە هیچ ئاستێکی گەیشتنی کۆتایی. مەبەستیشمان لەم بیرە ئەوە نییە کە هەموو دەقێك پێویستی بە خوێندنەوەی ڕەخنەیی هەیە، خوێنەریش بەدەوری خۆی لە هەوڵدانی بۆ گەیشتن لە دەق کارێکی ڕەخنەیی ئەنجام دەدا. مەبەست لێرەدا کردنەوەی ئاسۆی فراوانترو ڕێگەی شیکردنەوەی جۆراوجۆرو کردنەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقە لەبەردەم خوێندنەوەی ڕەخنەییدا کە هەندێك جار خوێنەری ئاساییش بەشێکە لەو پرۆسەیە.

هەر بۆیە دەورەکانی خوێندنەوەی ڕەخنەییش جێگیرنییە و زۆر فراوانە. لە سەرجەمدا دەربڕین لە دۆزینەوەی چۆنێتیی پەرەسەندنی بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق دەکات و چۆنێتیی مردنی ئەو بنیاتە ڕووکەشانەیە کە لە دروستکردنی بنیاتێکی ڕەها و سەربەخۆی نوێدا دێنەکایەوە. ئەم بنیاتەش تاڕادەیەکی بەرز پشت بە دۆزینەوەی وێنەکاریگەرەکانی ناوەوەی دەلالەتی زمان و دەرەوەی زمانیش دەبەستێت. ئەو ساتە دەلالەتییەی کە زۆر دەگمەنە و پێویستی بە ناسیاوییەکی قووڵتری ڕەخنەگر هەیە، لە شیکردنەوەی ئاستە جوداکانی بنیات و نەخشەی دەقدا. ڕێگاکانی ئەم جۆرە شیکردنەوەیەش پشت بە چەند سیستەمێکی تایبەتی جووڵەی زمان دەبەستێن. ئەم سیستەمانە لە شێوەی بنیاتی کامڵ کامڵدا، لە هەمان کاتیشدا بە پەیوەستبوونیان بە باری کۆتایی دەقەوە و بەم پەیوەستەی نێوان خۆیان بنیاتی ناکامل پێك دێنن.

هەموو ئەو ڕەگەزانەی لە توانایاندا بێت دەقێك پێك بێنن بە بنیاتی ڕووکەش و سەرەتایی دەق دەژمێردرین. هەموو بنیاتەکان لە پشتەوەی خۆیاندا بۆیان هەیە بنیاتی جودای شاراوە لە خۆیاندا دروست بکەن و لەسەرجەمیشدا لە یەك بنیاتی بناغەییدا دەتوێنەوە. ئەو توانەوەیەی بنیاتە جوداکان ڕاڤەدەکات، ئەو توانەوەیەی کە بە جارێك مردنی نووسەر، واتای مەسخبوون و زیندووبوونەوەی نووسەر بە واتای بنیاتی ناسنامەی نووسین بەرجەستە دەکات و مردنی بنیاتی بە واتای ڕووکەش بەرجەستە دەکات و زیندووبونەوەی بنیات بە واتای بنیاتی شاراوە بەرجەستە دەکات. تەنیا ئەو دەقانە لەم دینامیکییەتەی نووسین بێ بەرین کە جیهانبینییەکی زۆر واڵا و ساکاریان لە دوو توێدایەو ناگەنە ئاستی بە دەقبوون بە پێوانەی دروستکردنی بنیاتی شاراوەی دەق، مەرجیش نییە دەق ڕاستەوخۆ دەلالەت لە کیان و ناسنامەی ئەو بکات. بەڵکو ئەو لەو بنیاتەشدا خۆی دەتوێنێتەوە لە پێناوی دروستکردنی واتایەکی ترو خودێکی ترو فۆڕمێکی کەسایەتی تردا. بەمەش دەقەکان وەك گەردوونێکی بەربڵاوی بێ سنوور لە ناخی خۆیاندا لە جووڵەیەکن کە هەر شێوەو بنیاتێکی ئاراستە کراوی بەرەو ژێرەوەی دەقەکان زۆرجار لە بیرێکی دیاریکراو سنوورداری واتاو بێ واتایی مەبەستداریشدا دیاری دەکرێت، کە بۆی هەیە پەیوەستێکی نەمرۆیی و نەمادديش لە خۆی بگرێت. تەنیا خوێندنەوە لە پەیوەستی (خوێنەر – دەق) بەدەر لە هەموو ئامادەبوونێکی دەرەکیی تر، لە دوو توێی تەنیا هەیکەلێکی بناغەیی دەقدا نووسەر بەکاری بە دەلالەتکردنی بنیاتەکانی تری دەق هەڵدەستێت. زۆرجاریش ئەم بنیاتانە ڕووی جوداو لێکدانەوەی جودا دەگرنە

خۆیان، بۆ نموونە شانۆگەری (ئەنتیگۆنا)ی جان ئانۆی چەند بنیاتێکی ڕووکەش و هەڵخەڵتێنەری کاملی لێکدانەوەی دەلالەت لە خۆیدا هەڵدەگرێت. هەر لێکدانەوەیەکیش بنیاتی جودای دەلالەتی گومڕاکەری خوێنەریان لە خۆگرتووە. بێگومان ئەم شانۆگەرییە کە زۆربەمان خوێندوومانەتەوە، کە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لە کاتی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە پێشکەش کراوە.

لەم شانۆگەرییەدا تووشی چەندەها لێکدانەوەی جودای دەق دەبینەوە کە ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسانی ئەوسا ئەو لێکدانەوەیان دەدایە پاڵ شانۆگەرییەکەوە هەندێکیان (لایەنە بەرگریکەرەکان) بە شانۆگەرییەکی بەرهەڵستکارییان لە قەڵەم دا کە دژ بە نازییەکانە. هەندێکی تریان (لایەنە پشتگیریکەرەکان) بە شانۆگەرییەکی دەستخۆش لێکەری و پشتگیریکەری نازییەتیان لە قەڵەم دەدا.

هەندێکیان (بێ لایەنەکان) بە شانۆگەرییەکی وجوودی و بێهودەییان لە قەڵەم دەدا. بەڵام گەر بێتو لە بنیاتەکانی ئەم شانۆگەرییە وردبینەوە. دەبینین ئەم بنیاتە جودایانەی کە بە دەلالەتی دەقەکە بەخشراون، هیچ کامێکیان لەگەڵ هەڵوێستی ناوەوەی (ئەنتیگۆنادا) ناگونجێن و یەك ناگرنەوە. تەنانەت لە کربۆنیشەوە دوورە کە کابرایەکە بە واقیعیەتێکی (سیاسی – هەڵپەرستی) دەڕوانێتە ژیان لە شێوەی دەسەڵاتێکی بەهێز و ڕەهاو دیکتاتۆریەتدا. هەر تەنیا دیمەنێکی تاکوتەرای دوو توێی دەقەکە هەموو بنیاتەکانی دەلالەت بەرەو ناوەوەی دەق و زمانی دەق ڕادەکێشێت. هەر تەنیا هەستێکی دەروونیی ئەنتیگۆنا وای لێ دەکات کامەرانی و خۆشەویستی و ژیان ڕەت کاتەوە و بەرەو ڕووی کربۆنی خاڵی ببێتەوە و مردن هەڵبژێرێت.

ئەو دیمەنەش دیمەنی شەوە سەمایەکی بالێیە، ئانۆی بە زیرەکییەکی لە ڕادەیەدەرو بێ سنوورو زۆر بێ نموونەدا، ئەم بنیاتەی لەم دیمەنەدا شاردۆتەوە، کە ئەزمینی خوشکی ئەنتیگۆنا لە شەوێکی سەمای بالێدا، کامەرانە و خۆی ڕازاندووەتەوەو لەگەڵ هیمۆندا یەکتریان خۆش دەوێ و ئەوەندە ماوە مارەی لێ ببڕن.

لەو شەوەدا کە هەموو سەما دەکەن و پێ دەکەنن و جلیان ڕازاوەیە، تەنیا ئەنتیگۆنا بەبێ ئارایشتکردن، بەبێ جووڵە لە کونجێکی سالۆنی کۆشکەکەدا لەسەر چینچك دانیشتووە بە کزی، ئەنتیگۆنا لە ساتێکی بەردەوامی تراژیدیی کەوتنی باوەڕو کەسایەتیدا دەژی و ئەم باوەڕە ناهێڵێ هیچ هیوایەك بەقەد تۆزقاڵە موویەکیش بە دڵیدا تێپەڕ ببێت. لەو کاتەدا هیمۆن بەبێ هیچ پێوەندی و خۆشەویستییەکەوە لە ئەنتیگۆنا

نزيك دەبێتەوە و دەستی بۆ درێژ دەکاو داوای ئەوەی لێ دەکات ئاخۆ ڕازی دەبێ شووی پێ بکات!؟؟؟ لەبەردەم نەمان و ماندا، بوون و نەبووندا، لەبەردەم سڕینەوەی ئامادەبوونی هەموو تەفسیرێکی ناوەکیدا ئەنتیگۆنا ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدات. بە بزەیەکەوە کە هەمووی گومان و بێ باوەڕی و ڕوخانە کە هەمووی باوەڕ نەبوونە بە واقیع و خەیاڵ.

ئەم واتایانە بنیاتی شاراوەی دەقی ئەنتیگۆنان و تاکو ئێستاکە لە ئەدەبی باوی سەردەمەکان و پەرەسەندنی ئەدەبدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە، ئانۆی بە توانایەکی سیحری و ئەفسانەیی قووڵدا هەموو مەدلوول و واتا ڕووکەشەکانی دەق لەم تاک بنیاتە شاراوەیەی دەقدا دەتوێنێتەوە. هەموو کێشەکانی دەرەوەی خود پاساوێکن بۆ بەکێشەکردنێکی وەهمیی خودو دەرکردنی لە واقیعە هەڵخەڵەتێنەرەکاندا.

کەواتە لەم نموونەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەق لە خودی خۆیدا جیهانی گومڕایی و لە هەمان کاتیشدا جیهانی یەقین هەڵدەگرێت، ئەو یەقینەی لە بەدووی یەکدا هاتنێکی نەپساوە دابڕانەکانی بنیات و نەخشەی دەق لە میانی دەلالەتەوە لەناو دەباو، یەکێتی و ڕێکخستنێکی بنیاتداری تر بە دەق دەبەخشێت کە لە قووڵاییەکانی دەلالەتەوە سەر هەڵدەدات، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو دەقێك بەرچاوخستنی جیهانبینییەکی تایبەتە کە بریتییە لە کۆمەڵێك مەبەست و نیاز تەنیا بە وردبوونەوەو گونجان و یەکگرتنەوەی سەرجەمی دەلالەتەکان لەیەك بنیات و یەك نەخشەدا بنیاتی شاراوەی ئەو مەبەستانە دەدۆزێتەوە، ئەو تەباییەی کە لە دەقدا پاساوی بەهێز بۆ گۆڕان و جووڵەی دەلالەتەکان دەدۆزێتەوە.

مەبەستمان لەم ڕوونکردنەوانە گەیشتنە بەو بیرەی کە دەقەکان لە خۆیاندا هەڵی دەگرن، مەبەست و بنیاتەکانی دەقیش جۆراوجۆرو ڕەنگاو ڕەنگن و زۆرجار لە ئەفسانەو فانتازیا و خەیاڵەوە نزیك دەبنەوە، زۆرجاریش کورتبینی خوێنەرو ڕەخنە، دەستەوەسان دەوەستن لەبەردەم دەقە دەوڵەمەندەکاندا، مەبەستمان گەیشتنە بە جیهانێکی شاراوەی تر لە دەقەکاندا.

# بنیاتی شاراوەی دەق

## ڕەگەزە گرینگەکانی دروست بوونی

### ٢/بنیاتی واتا:

بە درێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندنی شیکردنەوەی ئەدەبیدا، گۆڕانکارییەکی گەورە هاتەکایەوە. بەتایبەتی لە ڕەگەزو هۆیەکانی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا. بەمەش دەورەکانی رەخنە و ئاستی دەقەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهات، کە گەورەترین گۆڕانیش جیهانی بەرین و بنیاتگەرانە خرانە دەقەکانەوە. چ لەلایەنی ناوەڕۆکەوە و چ لەلایەنی زمانی دەقەوە، بەڵام گرینگترین داهێنانەکانیش لەو ڕێچکەیەوە بوو کە دەق وەك بنیاتێکی سەربەخۆ بەدەر لە هەموو مەرجێکی دەرەکیی پێش وەختە مامەڵەی لەگەڵداکرا. ئەم تەوژمە بنیاتگەرەی کە هەر لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستی پێ کرد هەر زوو هەموو پێوانە و ئاستەکانی لێکۆڵینەوەی ترو لێکۆڵینەوە تیۆرییە پشت ئەستوورەکان بە ئایدۆلۆژیاو تیۆریی مەعریفیی دایە دواوە، گەڕانەوە بۆ زمانی دەق پرسیارەکانی بابەت ، ناوەڕۆك و کاریگەرە دەرەکییەکانی تێپەرکرد و لە هەموو تەوژمە ڕەخنەییانە کە زۆربەیان داخستنی تیۆریی ڕەخنەیی بوون، لە یەك خاڵی سەرەکی و بنەڕەتیدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە ئاستەمە دەلالەتی زمان لە نووسیندا بخرێتە چوارچێوەی یاساوە، بەمەش دەقەکان لە دەلالەتدا کاریگەرییان لە هەموو تیوورەکان کرد و ئەو تیۆرانەی کە داخستنی تیۆرییان گرتبووە خۆ هەر زوو تیۆریی تری جیهانی نەبیندراوی تریان لێ کەوتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانانەشدا پەیوەستێکی بناغەیی لە نێوان تیۆرە بنیاتگەرەکاندا هاتەکایەوە، کە ئەویش کارکردنە لە جیهانی دەلالەت و بنیاتی دەق، لێرەدا بۆمان هەیە چەند پرسیارێك ئاراستەی ڕەخنەی ئەمڕۆ بکەین، ئاخۆ چۆن دەتوانین دەقە ئەدەبییەکان لە ئاراستەیەکی دیاریکراوی دەلالەتدا ڕابگرین؟

ئاخۆ دەکرێ بە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی نوێی ڕێچکەی دەق، دەلالەت لە خودی دەقداو لە جووڵەی زماندا دیاری بکەین، وەك سیستەمێکی (کراوە – داخراو) لە دەقەکاندا؟.

ئەم تیۆرییە ڕەخنەییەی کە بەرچاوی دەخەم هەروەك لە بەشی یەکەمدا ڕوونمکردەوە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی تیۆری وا کە لە توانایدا بێت هەموو ڕووەئاشکرا،

نەگوتراو، هەموو بنیاتە ڕووکەش و هێما و دەلالەت و واتاکانی دەق بخاتە دوو توێی یەك بنیاتی واوە کە کراوەیە و داخستنی نییە، ئەگەرچی کارکردن بە تیۆرییەکان و نوشوستیی تیۆرییەکان، گەورەترین خاسییەت بوو، لە خودی تیۆرەکاندا.

ئەگەر بڕوانینە هەر دەقێك دەبینین لە خودی خۆیدا بنیاتێك لەواتاو شێوەی کاملّی هەڵگرتووە. دەبینین ئەو دەقە هەر وەك دەرەنجامێکی حەتمی و ڕەتنەکراوەی دروستبوونی واتا و بنیاتی واتا، هەروەکو چۆن حاڵەتێکی گەییوی هەیکەلی شێوەیی و نەخشەیی دەگرێتە خۆی. دەق لە کۆتایی پڕۆژەی نووسەردا دەبێتە بنیاتێکی دوو سەرەی شێوازو واتا. هەر وەکو چۆنیش ناتواندرێ ئامادەبوونی دەلالەت لە شێوەکانی بنیاتیدا داماڵدرێت. ئەو پەیوەستە ڕۆحییەی کە لە نێوان دەلالەت و زماندا دروست دەبێت، شێوەی جوداو بنیاتی جودا لەدەقدا دروست دەکات. ئەم سیفەتەی پەیوەستبوونی ناخەکیی لەگەڵ جیهانبینیەکی تایبەتی نووسەردا کە سەرجەم کاریگەرییە راستەوخۆکانی دەرەوەی دەق و نووسەر دەخاتە ئەم بنیاتەی جیهانبینیی نووسەرەوە. دەق لە ڕەهایی بوونی شێوەکانی زمان و شێوە بەتاڵەکانی زمان ڕزگار دەکا و دەق لە بە سەراب بوون و وەستان لە وێستگە وەهمییەکانی شێوەی تەجریدکراوی جوولەی زمان و مەرجە خۆسەپێنەرەکانی دەردەکات. لە کاری لە چوارچێوەگرتن و ئابلۆقەدانی دەقەکاندا، وەك کیانێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە زۆرجار لە لێکدانەوەی دەقەکاندا، چەند زاراوەیەکی ئەدەبیی جودا تێکەڵ بە یەك دەکرێن، هەروەك ژیانی نووسەرو تێکەڵ کردنی ئەو ژیانە لەگەڵ بنیاتی دەقەکاندا لە میانی بابەتی دەقەکانەوە. یاخود تێکەڵکردنی زاراوەی بنیاتی زمان لەگەڵ بنیاتی شێوازدا، یاخود جودا نەکردنەوەو تێکەڵکردنی مەفهوومی دەق و زمان یاخود بەستنەوەی شیکردنەوە دەروونییەکان بە تیۆرییە دەروونییەکانەوە. ئەوەی ئەم گومڕاییە لەبەردەم لێکدانەوەی ڕەخنەیی خۆش دەکات، بارە هەڵخەڵەتێنەرەکانی دەقە. ئەو جیهانە گومڕایەی دەلالەتەکە شێوەی لێکدانەوەی واتا بە دەق دەبەخشێت.

لەمەشدا هەڵەکانی ڕەخنەیی لەلای زۆربەی ڕەخنەگرەکاندا دووبارە دەبنەوە. ئەم مەسەلانەش پێوەستیان بەروونکردنەوەیەکی یەك لاکەرەوە هەیە و لەمەشدا هەوڵ دەدەین گەورەترین تەبایی و ڕوونکردنەوەی پێویست بخەینە نێوان ئەم بۆچوونانەوە کە بەردەوام کاری نووسینی ڕەخنە لە بازنەیەکی سادە و ڕووکەشدا دەهێڵنەوە. هەر ئەم تێکەڵییەی زاراوەکانیشە کە ڕێگە لەبەر دەم لێکدانەوەی هەڵەی ئەدەبی دەکەنەوە. بۆ

ئەمەش چەند لایەنێکی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکەینەوە، گرنگی و بایەخی زمان لە دەقدا پشتگوێ خستنی ناوەڕۆك و خاسییەتی بابەتیی دەق نییە. هەروەها ئەو بارەش نییە کە ناوەڕۆك و شێوە دەخەنە یەك ئاستەوە بە شێوەیەکی نادروست. بەڵکو تێکهەڵکێشییەکی بابەتی و قاڵبە زمانەوانییەکانە کە بیر دەخەنە دووتوێی بنیاتێکی کامڵەوە کە ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدەن بەهاکانی دەوری واتاکان لە دەقدا بدۆزینەوە.

گەڕانەوە بۆ زمان گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینەی دیاریکردن و سنووردارکردن و لە چوارچێوە گرتنی بایەخی بابەتەکانە لە دەقدا. بابەت و خاسییەتی بابەتی هەموو کاتێك وەك پەناگەیەکی لاوازی لێکدانەوەی ڕەخنەبووە. ئەمەش لەو سروشتە ساکارە و لەو کارکردنە بێ زەینانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بابەت لە دەقەکاندا دەیبەخشێتە کاری ڕەخنە. ئەوەی گرینگیش بێت بە لایەنی ڕەخنەوە هەر تەنیا دۆزینەوەی واتاکانی دەق نییە و بەس. بەڵکو چۆنێتیی بنیاتنانی بابەت و هۆیەکانی دروستبوونی بابەتە لە شێوە وەرگرتندا کە دەق پارچە پارچە دەبێت. بەمەش بابەت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دژ بەیەکی و ناتەبایی بە نووسینە رەخنەییەکان دەبەخشێت. بابەت بە سانایی دەکرێتە بنەمای سەرهەڵدانی ڕەگەز و ڕێگە زیانبەخشەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەق. هەروەك ئەوەی جۆرە لێکدانەوە و ناشەرعیەتێك بێ و بنەمای دەرەکی بسەپێنێتە سەر دەقەکانەوە.

کاری نووسینی دەق زۆر جودایە لە هەڵگرتنەوە و پشتبەستنی بەردەوامی ڕەخنەگر بە جیهانی بابەتی. یاخود بابڵێین دەق هەر لەو کاتەوەی لە نووسەر جودا دەبێتەوە و دەبێتە قاڵبێکی سەربەخۆ لە هەموو بەهایەکی دەرەکیی ئامادەبوونی نووسەر و لە هەمان کاتیشدا جیهانی دەرەوە دادەبڕێ. ئەم دوو لایەنە لە دەقدا دەلالەتەکانی لەوە دەوەستن کە هیچ جۆرە قاڵبێکی زێدەڕۆ و زیادە بخەنە دوو توێی دەقەوە، هەر دەلالەتەکانی وشەو قاڵبی واتاکان چۆنێتیی بەخشینی ڕوانینی تایبەتی دەقەکان دەکاتە کارێکی واقیعیی دیاریکراو. ئەمەش زۆر جودایە لەگەڵ تێکەڵکردنی ژیانی نووسەرو ئامادەبوونی نووسەر لە دەقەکاندا.

چونکە ئاشکرایە ئامادەبوونی ژیانی نووسەر لە کاری لێکدانەوەی دەقەکاندا، ئامادەبوونی کاریگەری و دەسەڵاتی نووسەر تەنیا لە کاری نووسینەوەدا سەربەخۆیی دەپارێزێ و ئەم سەر بەخۆییەش هەر تەنیا دەکەوێتە ژێر گوشاری چۆنێتیی ڕێکخستنی دەلالەتەوە لە بووەتەی دروستکردنی نەخشەیەکی بابەتیدا. هەر کاتێك نووسەر لە کاری بەتاڵکردنەوەی خودی خۆی بووەوە لە بەتاڵکردنەوەی پانتاییەکانی دەسەڵاتی زمان،

نووسەر بە کاری بە دەقکردن و بە زمان کردنی هەموو بەها زەینی و مەعریفییەکانی خۆی هەڵدەستێت. بەکاری بە دەق کردنی ئەو بەهایانە هەڵدەستێت کە لەگەڵ جیهانبینیەکی تایبەتی جیهانی نووسەردا شوێنێکی پڕبایەخیان هەیە.

نووسەر بنیاتی کەسایەتیی خۆی لە زماندا وێڵ دەکا تاکو بنیاتی مەسخبووی تر بدۆزێتەوە، وەك ئەلتەرناتیڤێکی قوربانیدانی کەشداری بێ زمان، کە لە کاریگەریی ئامادەبوونی کەسایەتیی بابەتی و کەسایەتیی ڕاستەقینە بەلای خۆیەوە بچەسپێنێ. هەر ئەو کاتەش دەق لە هەموو ئامادەبوونێکی پێشینە و لە هەموو لێکدانەوەکی تایبەتیی ئامادەبوونی نووسەر لە دەقدا رزگاری دەبێت. بەم جۆرەش دەبینین دەق دەشێ بکرێتە بنەمایەکی پتەو بۆ دۆزینەوەیەکی تری خودی نووسەر لە شێوەی پێناسەیەکی جودای مەعریفیدا کە بە جۆرە خاڵێکی ناسینەوە و بەجۆرە ئاماژەیەکی دیاریکراو و سنووردار و جڵەو گیرکراوە هەموو دەقێك بارێکی ناکاملی باری زەینیی نووسەر دەنوێنێ هەموو دەقێك بەشێکە لە ساتێکی بیرکردنەوەی بێ نموونەی نووسەر و لەژێر مەرجی زەمەنی و دەروونیدا دەبێ، ئەو نووسەرەی هەر لە دوا وشەی دەقەکاندا کیان و ئامادەبوونی کەسایەتیی خۆی بەش بەش دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە بنیاتگەری بە تایبەتی لای ڕۆلان بارت دەق بە مردنی نووسەر لە قەڵەم دەدات کە ڕوونمان کردەوە نووسەر بنیاتی کەسایەتیی شاراوەی تر لە دەقدا بنیات دەنێتەوە. لە بەشی یەکەمدا چەند ڕوویەکی ئەم دۆزینەوەیەمان ڕوون کردەوە. لێرەشدا بۆ بنیاتنانی ڕوانینێکی شمولی چەند سەرنجێکی تر دەخەینە ڕوو.

پێش هەموو شتێك دەبێ لەوە بگەین کە جگە لە دریدا زۆربەی تیۆرییەکانی دیاردەیی و بنیاتگەری هەستاون بەداخستنی تیۆری لە شێوەی سیستەمی جودای بنیاتی دەقەکاندا لە بۆتەی تیۆرییەکی دیاریکراوی شیکردنەوەدا، ئەو تیۆرییانەی پەل بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای ئەفسانەیی ، لاهووتی ، مێژوویی و مەعریفیی جودا دەهاون، ئەو تیۆرییانەی تاڕادەی بێگەردی پەلیان بۆ زمان هاویشتووە. لێرەدا گرینگە ئەوە بخەینە ڕوو کە داخستنی تیۆرییە ئەدەبییەکان بە چاکی نەکەوتنەوە سەر مێژووی ئەدەبی بنیاتگەری، ئەمە جگە لە هاودژیی تیۆری و جێبەجێکردنی تیۆری لەسەر دەقەکاندا کە زۆربەیان نوشوستییان هێناوە. چونکە گەر زمان بە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدەین، هەروەك ڕۆلان بارت جەختی لەسەر دەکات لە زانستی دەلالەتەکاندا. ئەوا دەبێ ئەوە لە بیری خۆمان نەبەینەوە کە هەموو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی لە بۆتەی هۆیەك، مەبەستێك و کردارێکی

زەینیدا چۆن لە زەیندا بێ زەینی و لە مەبەستدا بەتاڵی و لە هۆیەکاندا پووچی دەخوڵقێ؟!! جگە لە مانەش دەلالەت و سەرکێشییەکانی لە هەموو دەقێکدا کردەوە. دەقەکان بە جوانی شیکرانەوە ڕێگاکانی شی کردنەوەی ڕەخنەی زانستی و دۆگماتیکی و تەفسیری تێپەڕکران. دەقەکان واتاکانیان دۆزرانەوە، بەڵام لە توانادا نەبوو جیهانی بنیاتی دەقەکان و چۆنێتیی جووڵەی دەلالەت لەم جووڵەیەدا بسڕێتەوە. ئەم تیۆری و لێکۆڵینەوانە دەستە پاچە وەستان بەرامبەر بەو دەقانەی چەند بنیاتێك لە واتایان لە خۆگرتبوو. بۆ ئەمەش دەڵێین ئەوەی بەلامانەوە گرینگ بێ، ئەو ئاکام و ئامانجانەیە کە هەموو دەقێك لە سەری سەقامگیر دەبێ. گرینگ ئەوەیە بزانین کە ئاخۆ دەقەکان لە پێناوی چ بنیاتێکی دەلالەتی شمولیدا خراونەتە گەڕ.

ڕاستە هەموو دەقێك تەبایی و ڕێکخستنێکی بابەتیی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو دەقێك سیفەتێکی دوو سەرەیی و واتاو شێوە لە خۆیدا هەڵدەگرێت و بەمەش دوو بنیات لە نەخشەی دەقدا دروست دەکات کە لە یەکێکیاندا نەك تەنیا نووسەر، بەڵکو ئامادەبوونی وشەو بنیاتی ڕووکەشی دەقیش بایەخ و بەهاو دەورەکانیان هەموو لە دەست دەدەن و لە بۆتەی ڕێچکەیەکی تری دیاریکراودا دەکەوێتە جووڵە. لە لایەکی تریشەوە وەك سیفەتێکی بە دوو سەرەبوونی دژ بەیەك هەموو دەقێك لە نەخشەی خۆپێکەوەنان و بنیاتناندا بەرەو دەلالەتێکی جەوهەریی تر دەچێت.

لە ڕاستیدا گەر بڕوانینە سادەترین و ئاڵۆزترینی دەقەکان، شێوەی بەکارخستنی زمان و بابەتەکان لە چەند ئاستێکی جودا و ناتەبادا خۆیان دەخەنە ڕوو. هیچ دەقێك لە جیهاندا بەبێ دەلالەت و شێوەیەك و ئاوسبوونی بە مەبەستێکی دیاریکراو لە دایك نابێت. هیچ دەقێك بەبێ جیهانبینییەکی ڕێژەدار نابێت چۆن لە توانادایە زمان لە مانا تەجرید بکرێ؟ چۆن دەتواندرێ ناسنامەی سیستەمی واتا لە دەق بسڕدرێتەوە؟؟ گەر بە سەرجەمی ئەزموونە ئەدەبییەکاندا بچینەوە دەبینین، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە تاکو ئەم قۆناغەی ئێستاکە هیچ دەقێك نەیتوانیوە لە جۆرێك لە جۆرەکانی (ئیحا – ئاماژە – وێنە – واتا) رزگاری بێت.

هیچ زمانێك لە ئەدەبدا نەخوڵقێندراوە کە بەدەر بێت لەم هەموو ڕەگەزانە، هیچ وشەیەك هیچ ڕستەیەك لە جیهاندا ناتوانێ لە مەرام و مەبەست و حاڵەتە دەروونییەکانی نووسەر دەربازی بێت. بە ڕادەیەك واهەست دەکەین کە زمان لە بنەڕەتەوە جۆرە پەیوەستێکی مرۆڤ دەردەخات بە بوونەوە کە هەوڵ دەدات تاکو نەبوونیش درێژی کاتەوە. هیچ دەقێك لە هیچەوە دروست نابێ.

بەڵێ زمان ئەو ئیمكانبوونەی پەیوەندی و پەیوەست بەرجەستە دەكاو دەیگەیەنێتە ئاستی قاڵبێك لە واتا. زمان دەلالەت بەم پەیوەستانە دەبەخشێت. بەڵام لە بۆشایی و فەنایەكی گشتگیردا، پەرەسەندنی هەموو زمانەكانی جیهان شایەتی پەرەسەندنی ئەم پەیوەست و پەیوەندییانەی مرۆڤن بە جیهانی دەرەوە. لەمەشدا ئەو دەقانەی كە قورسایی و مانەوە و جیهانی نووسەر لە خودی خۆیاندا هەڵدەگرن هەر ئەو دەقانەن كە كەمترین مانەوە و تواناو دەسەڵاتی نووسەر لە خۆیاندا هەڵدەگرن و نووسەر لە توانایدا نییە شێوەی دەلالەتەكانی بڕوروژێنێ ئەم كارەش زۆر جودایە لەو سیفەتە كاتییانەی بە كیانی دەق دەبەخشرێ. هەروەكو چۆن دەقەكان سیفەتی دووسەرەی واتاو شێوە لە خۆیاندا هەڵدەگرن. ئەم مانایەش ئەوە نییە دەق هاوتاییەك لە نێوان ئەم سیفەتانە بێنێتەكایەوە. بەو شێوەیەش نییە دەق تەباییەك لە نێوان نووسەرو خەیاڵی دەرەوەدا بخوڵقێنێ.

كاری نووسین زۆر جودایە لەگەڵ ئەم بە یەكدا هاتنەی نێوان نووسەرو دەق، یاخود لەو سیفەتەكاتییانەی بەكیانی دەق دەبەخشرێن وەك بەناوەندكردنێكی زۆر چڕو توانەوە و خۆكوژیی نووسەر لە بەكارخستنی زماندا كە زۆربەیان نووسەر وەك پاڵەوانێكی داهێنەر دەخەنە دەقەكانەوە بە سیفەتی ژیانی كەسایەتی و سیفەتی خاسیەتی بابەتیی گەورەكراو و دەقی هەڵگری ئایدۆلۆژیا و هەڵگری ژیانێكی سیاسی و كۆمەڵایەتیی لاواز، ژیانی نووسەرو ئامادەبوونی كاریگەریی خاسیەتی بابەتی، ئامادەبوونێكی تری ڕاستەقینەی هەیە لەوكاتەی دەق دەگاتە حاڵەتی پێگەیین و كاملبوونی لەو كاتەی دەگاتە ئاستی بە دەق بوون، تەنیا هەر زمان ئیمكانبوونی دۆزینەوەیەكی خودی نووسەر لە جەستەی دەقدا دەكاتەوە لە دووتوێی كەشی نووسیندا، هەر بۆیە دۆزینەوەی نووسەر لە دەقدا لە هەمان كاتیشدا بایەخێكی ڕاستەوخۆو كاریگەر نابەخشێتە شیكردنەوەی دەقەكان بە قەد ئەوەی هێما و دەلالەتی مەسخبوونی نووسەر لە دەقەكان دەبێتە بناغەیەكی پتەوی خاسیەتی بابەتی لە دەقدا.

هەروەك و چۆن دوای كەشی قوربانیدان لە ئاینە سەرەتاییەكاندا، چاوەڕوانی ڕەواندنەوەی ترس و هاتنی بووژانەوە دەكرێت لە سروشتدا لە كۆمەڵگە سەرەتاییەكاندا، هەر ئاواش نووسەر لە دەقدا دەدۆزرێتەوە. بەڵام دۆزینەوەی نووسەر وەك دۆزینەوەیەكی تری كیانی نووسەرەو شێوەیەكی مەسخكراو دەگرێتە خۆی لە دوو توێی خۆیدا بە شێوەیەكی دوو سەرەو كراوەو ناتەبا دەبێ كە لە یەكێكیان ئامادەبوونێكی پێش وەختەی بە دەسەڵات و خەڵقەندەوە هەیە و لەوی تریشیاندا لە ئامادەبوونێكی بێ وێنەو بێگیان و

بێ دەسەڵاتەوە هەمیشە لە مردنی خۆیدا دەیەوێ بوونێکی تر بە خۆی بدات. لێرەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە کاری نووسین لە بنەڕەتدا هەر وەك لاواندنەوەیەکی بە فەناکراوو ڕۆچوونی کیانی نووسەرە لە دەرەوەی خۆیداو لە شتەکاندا، ئەو لاواندنەوەیەی لەبەردەم گەورەترین و مەزنترین حاڵەتی بێ هیواییدا لە دایك دەبێت ئەو حاڵەتەی لە گەورەترین هەوڵی نووسەردا لە ناو دەچێت، دروستبوونی جیهانبینی و دروستکردنی ئەزموونی نووسین لە کاری بنیاتنانی دەقدا، کاری لاواندنەوە و دۆزینەوەی پاساوە بۆ بوونمان. ئەم ترسە ڕەگداکوتاوەش هەمیشە نووسەر هەوڵی ئەوە دەدات گەورەترین بەهای پێ ببەخشێت لە شێوەی بنیاتنانی خاسیەتی بابەتی و چوونەوە سەری کێشەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرو لەگەڵ خودی خۆیدا.

حەتمییەتی فەنابوون لە سروشتدا ئەو ترسە مەزن و گەورەیە یە کە دەبێتە هۆی هێنانە کایەوەی دینامیکییەتی خەڵقکردنی وەهەم لە چەند وێستگەیەکی، وەك (ڕاهێنان – لەبیرکردنەوە – دۆزینەوەی پاساو بۆمانەوە – لاواندنەوە – گەڕان بە دوای واتایەك لە کاری نووسیندا) هەر لێرەوەش دەتوانین ئامادەبوونی نووسەر لە دەقدا بدۆزینەوە. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ژیانێکی دەرەکیی نووسەر بگەڕێنینەوە نێو دەقەکان. بەڵکو ئەو ژیانە ژیانێکی ئەفسانەیی و داستان ئامێز و خەیاڵی و فانتازییە کە نووسەر لە دەقدا بنیاتی دەنێت. دەق لەبەر جەستەبووندا دەست بۆ هەموو ڕەگەزێکی قەناعەت پێهێنانی خودی خۆی دەبات، لە پێناوی ئەم مەبەستە نووسەر ئامادە بوونێك لە دەقدا دەنوێنی، کە ئامادەبوونێکی ناڕاستەوخۆ و شێوەگۆڕو مەسخبووە، هەر وەك نموونەیەکی بالای پرۆسەی بەنموونەکراو لە شێوەی بنیاتێکی کامل لە ڕووکەش و ناکامل لە ناوەوەدا. چونکە نووسەر هەڵناسێت بە هێنانەکایەوەی تەباییەکان، ئەو چەندێك سوود لە تەبایی نێوان خۆی و شتەکان وەردەگرێت ئەوەندەش سوود لە ناتەبایی و دژ بە یەکیی نێوان خۆی و تێڕوانینی بۆشتەکان وەردەگرێت. لە هەمان کاتدا بەکاری دۆزینەوەی پەیوەستدا دەگەڕێت لە نێوان تەباییەکان و دژ بە یەکییەکاندا. ئەو لە کاری بە نموونە کردنی دەقدا دەیەوێ ئەم زاتەی خۆی لە هەموو پانتایی شتەکاندا بسەلمێنێ و گەر دەقیش پێویستی کرد هەموو بوونێکی ئەم زاتە تەفروتوونا دەکات، لێرەشدا بە ناچاری دەچینەوە سەر گیروگرفتی دۆزینەوەی ئەو بنیاتە بە نموونە کراوەی زمان و دەلالەت لە شێوەی شێوازو زماندا. گەربێتو خاسییەتی بابەتی و گەردوونی لەناوچوونی نووسەرو لە دایکبوونەوەی نووسەر لە دەقدا ڕاڤە بکات، دەبێ بنیاتی زمان و شێوازی دەقەکان لە چ دەسەڵاتێکەوە لە دایك بن و چەندێك بە نووسەرەوە پەیوەست دەبێت؟؟؟!

لەڕاستیدا نووسەر هەروەکو بەکیانێکی بەش بەش و جێنەگیرو گومڕاوە لەگەردوونی زماندا دەتوێتەوە هەر ئاواش دەیەوێت واتایەك بۆ بوونی مرۆڤ و پەیوەستەکانی بدۆزیتەوە. بە تەنیا سیستەمی ڕێکخستنی لە دەقەکاندا پەیوەستەکانی واتاو زمان ڕاڤە دەکات. ئەو پەیوەستەش لە شێوەی یەك بنیاتی سەقامگیردا دەربڕین لە حاڵەتێکی گەییوی زمان دەکات و ئەم بنیاتە کۆتاییەی دەقیش کە وەك جیهانێکی یەکگرتوو خۆی دەخاتە ڕوو هەموو ڕەگەزەکانی خودی نووسەرو بابەت و خودی بوون دەچنە چوارچێوەی بوونێکی بەش بەشی دوو سەرەوە کە لە ڕەگەزەکانی زماندا یەکگرتوون و لە بنیاتی ئاشکرادا تەبان و لە واتای پشتەوەو شاراوەی زماندا بەش بەشن. هەر ئەم بەدەقبوون و ئیمکانی بەدەقبوون و ئیمکانی دروستبوونەیە بنیاتی کامل دێنێتە کایەوە کە لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هەندێك جار بە ناڕاستەوخۆش لە شێوەی ڕێکخستنێکی ئەنجامگیردا ئەو خودە بەش بەش و دژ بە یەکە لە یەك بنیاتدا دەخاتە ڕوو.

هەر لێرەوەش دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە دەقی ئەدەبی چەندێك بنیاتی هەڵخەڵتێنەر بخاتە دەرەوەی خۆی، لەوەش زیاتر تەبایی دەخاتە نێو درێژەی ڕوونکردنەوەو پەیوەستەکانی دەوروبەرەوە دەقی ئەدەبی هەروەك کورتەیەکی ژیانێکە و بەسەر هاتێکە لە چۆنێتیی خۆ پێکەوەناندا کە پاساو بۆ ئامادەبوونی مرۆڤ دەدۆزێتەوە و زۆرجار ئەم پاساوانە دەبنە مردن و سەرجەمی بوون دەگرێتەوە، کە لە هەمان کاتیشدا ژیاوەی دەق لە ئامادەبوونی (زەینی نووسەر و زمان)دا هەناسە دەدات لە کامڵکردنی بنیاتی زماندا پاساو بۆ دۆزینەوەیەکی تری ژیاوەیەکی تر لە دەقدا دێنێتەوە ئەم پەیوەستە زۆر شاراوە بەدیالیکتکراوە، لە سێ چەمکی (نووسەر – زمان – بنیات) هەر یەکە ئامادەبوونی خۆیان هەیە لە چەند شێوەو ڕەگەزێکی جودای بنیاتەوە کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە.

چەمکی (نووسەر – دەق) لە هەمان کاتدا بریتییە لە ئاستێکی شێوەگۆڕی بارێکی زەینی لە دەقدا، کە لە ڕەگەزەکانی دەقدا بەرجەستە دەبێت و مەجازو هێماو ئاماژەو دەلالەتەکان، کە لە شێوەی بنیاتێکدا دەکەونە ڕوو، هەروەکو چۆن چەمکی زمانیش هەروەك و ئەو تیشکەیە کە بە گلێنەی چاودا تێپەڕ دەبێ و لە مێشکدا وێنە دروست دەکات بە هۆی دەمارە هەستیارییەکانی بینینەوە. زمان لە زەینی نووسەردا ئەو تیشکەیە کە بە جارێك واتا و دەلالەت و هێماکان دەخاتە ئاستی بوون بە بەشێك لە جیهانی دەرەوەی نووسەر. هەر وەك بنیاتێك کە بێ سنوور لە بەردەم تەقاندنەوە و ناسینەوەی شتەکاندا بکرێتەوە، هەر ئەوهاش بنیاتی دەق پەیوەستەکانی زەین و زمانە لەم بوونەی مرۆڤدا.

بـەبـێ دەلالـەتـە دژ بـە یـەك و مـانـا جـوداكـانـی زمـان و زەین مـرۆڤ نـاتـوانێت بگـاتـە دروستكردنی بنیاتی كامل بۆ تێگەیشتن و وروژاندنی پرسیاری هەمەجۆر كە ڕاڤەی یەكگرتنەوەی حاڵەتەكانی بە دژ بوون و كۆكبوون و نە گونجانی دەلالـەتەكان دەنوێنێ، لە نێوان نووسەرو زماندا لە شێوەی كۆتایی بە پەیوەستبوونیاندا نەخشەیەك دروست دەبێت.

ئەنجامی ئەم پەیوەستەش بنیاتەكانی واتای گۆڕاو دەخاتە ڕوو، كاری بە دەقبوون، كاری تێكهەڵچوون و تێكهەڵكێشبوونی پەیوەستەكان و ڕەگەزەكانی نووسەرو زمانە.

لێرەشدا گرینگییەكی تری ئەم كاملبوونەی دەق ئەوە دەردەخات كە هیچ دەقێك لە جیهاندا، هیچ نووسینێك لە جیهاندا بۆی نییە كێشەیەكی بناغەیی و مەسەلەیەكی بناغەیی و بنیاتێكی بناغەیی لە خۆیدا هەڵ نەگرێت. هیچ دەقێك بەبێ ئیمكانی دروستكردن و بە كێشەكردنی زمانی نووسەر نابێتە دەق. ئامادەبوونی نووسەر ئامادەبوونی واتاو پاساوەكانی بوونی خۆی لەم تێكهەڵكێشی بوونەدا دەدۆزێتەوە بێ ئەوەی ئەم كارو گۆڕانكارییەی سەرناخی دەقەكان لە تەنیا ڕەگەزێكی بنیاتناندا خۆدامالێ.

ئەم ئامادەبوونە ئامادەبوونێكی دەرەكیی سەر دەقە و تەنیا لە شیكردنەوەی ڕەگەزەكانی دەقدا دەدۆزرێتەوە. ئەو ڕەگەزانەی مەدلوولەكانی نێو دەق لە ئاستی جوداو تێكهەڵكێشی جودای بۆچوون و بیركردنەوەی نووسەردا زمان دەخەنە كێشەوە و جێی یەكتری لەق دەكەن. هەروەك ناساندنێكی بالای پێوەستەكانی نووسەر بە دەرەوەی خۆی و هەروەك كاریگەرە دەرەكییەكانی سەرجووڵەی واتاكانی زمان و چۆنێتیی پەیوەستبوونی بە دەقەوە لە پرۆسەی كاری نووسین لەلای نووسەردا. كەواتە سیستەمی دەلالەت و واتاكان سیستەمی ئاماژە و سیستەمی بنیاتەكان، لە خۆیاندا بنیاتی دژ بە یەك و لە هەمان كاتیشدا جودا دێتە كایەوە، هەر ئەم پەیوەستانەی نێوان سیستەمەكانە كە بزربوون و سەرهەڵدانی یەكێتی بابەت و بەش بەش كردنی بابەت دێنێتە ئاراوە لە كارێكی دینامیكیی تێكشكێنەرانە و بنیاتنەرانەدا، هەروەك شیكردنەوەی ڕەگەزەكان و یەكگرتنەوەیان لە یەك قالبی دیاریكراوی مەنهەجێكی قالبداری ڕەخنەییدا.

ئاشكرایە دەلالەت و ئاماژەكان بۆچوونی جودا لە دەقەكاندا دەكەنەوە و دەقەكان دەبنە شوێنی لێكدانەوەی جودا. بەڵام هەرگیز لە تاك بنیاتیی ژێرەوەیاندا دەرناچن. یا چاكتر وایە بڵێین، دیاردە بە كێشەكراوەكانی دەق لێكدانەوەی جودایان پێ دەبەخشرێت. بێ

ئەوەی لە توانای ئەو لێکدانەوەیە دابێت کە تەباییەکی دیاریکراو بە دەق ببەخشێت و هێزە بزوێنەرەکانی دوو توێی بنیاتە ڕووکەشەکان ئاشکرا بکات. گرنگیدان بە جیهانی هێماکان ئەم لێکدانەوەیە بە دەق دەبەخشێت. هیما ڕەگەزێکی مەسخکراوی دەلالەتە و نابێتە بنیاتێکی کامل تەنیا لەناو نیشانی دەقەکانەوە نەبێت ، ئەو دەقەش یەکێتیی بابەتیی پاراستبێت. هێماکان و قووڵکردنەوەیان زیان بە دەق دەگەیەنن، هەر بۆیە هێما لە واتایەك زیاتر لە خۆیدا هەڵدەگرێت و ئەم بارەش زۆر دروستە بۆ بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی تری ڕەوانبێژی. هەروەك لێکچواندن و مەجازو خواستن و شوبهاندن و... هتد.

هەموو ئەم ڕەگەزە بچووکانەی زمانی ئاخاوتنی دەق، زۆرجار دەق بەرەومەترسی و وەچەرخانی بنیاتی بابەتی و هەیکەلی دەبەن. ئاشکرایە هەر دەسەڵاتی زەینی نووسەرەکە ئەم ڕەگەزانە دەخاتە جووڵەوە لە بنیاتێکی دیاریکراوی نووسیندا. نووسەر بەردەوام لەم ڕەگەزانەوە بنیاتی فراوان و بێ سنووری قاڵبەکانی واتا پێکەوە دەنێ. هێماکانیش ئەو کاتە بە هێزو دەسەڵات دەبن کە واتاکانی ژێرەوەیان لە دەقدا دەوری تەواویان بدرێتێ، ئەو کاتەی بە هێزو دەسەڵات دەبن لە دەقدا کە حاڵەتەکانی بێگەردیی دەق و ئیستاتیکای دەق دەخەنە ڕوو. لە هەمان کاتیشدا هێما لە خاسییەتی بابەتیدا گەردوونی قورسی لێکدانەوەی بابەتی دەسەپێنێتە سەر نووسەر. بە وەی واتای ڕووکەشی زۆرو بنیاتی دەقی ڕووکەشی زۆر لە دەقدا دێنێتەکایەوە. زۆرجاریش هێما دەبێتە هۆی شێواندنی خاسییەت و بنیاتی بناغەیی دەق و زەرەر بە دەق دەگەیەنێت، گەر بێتو بە زیرەکییەکی زۆر وردبینانە بەکار نەهێندرێت.

بێگومان هێمای دەقەکان گرینگیی خۆیان هەیە، تەنیا لەو ساتانەدا لە دایك دەبن کە بزووتنەوەو لەرینەوەیەکی ناخەکیی بە دەق دەبەخشن و ڕێگەکانی لێکدانەوەی دەقەکان دەگەیتە ئاستی گەیین و کامڵبوون و ئاماژەکان بەرەو گەردوونێکی تەنیایی و خەیاڵی دەبەن، لە مەشدا کاری هێما و دەوری لە دەقدا دەورێکی ناڕاستەوخۆ و پاشکۆگیری دالەکانی نووسینە. هەروەك ئەوەی هێمای دەق و بەکارهێنانی زۆری بە تایبەتی لە کاری ڕەخنەییدا نەتوانن بنیاتێکی کامل بخەنە دەقەوە. هەروەکو چۆن لە دەقەکانیشدا نەتوانن بنیاتێکی کامل دروست بکەن و لەم کارەدا بە هەڵە بردن و سەرلیشێواندنێکی زۆری تێ دەکەوێت، هەر بۆیە بنیاتگەرە فەرەنسییەکان، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەربارەی دەقەئەدەبییەکان، چەندێك بتوانن لە جیهانی هێماکان دووردەکەونەوە. بەڵکو ئەو ڕەگەزانە تەنیا دەخەنە خزمەتی ئەو نەخشە و جووڵەیەی چۆنێتیی دەقی پێ دروست

دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هێما هەموو کاتێك وەك ڕەگەزێکی تێکشکێنەر و وەك ڕەگەزێکی دوو سەرەیی، نابێ بکرێتە ڕەگەزێکی بناغەیی لە کاری رەخنەدا، چونکە رەگەزە بناغەییەکانی جیهانی (دال و مەدلوول)ەکان و سیستەمی ئاماژەکان بە یەکجار باڵ بەسەر جیهانی هێماکاندا دەگرنەوەو هەر ئەمانیش دەبنە شێوەی سیستەمی کاملی واتا، کە چەندەها سیستەمی دەلالەتی تریان لێوە دروست دەبێت.

هەر ئەم سیستەمانەش لێکدانەوەی جودا لە دەقدا دەکەنەوە ئەو کورتییەی کە زۆرجار شیکردنەوە بنیاتگەرەکان لێی دەرباز نابن لەلایەکی ترەوە چاکتر وایە هەموو ڕەگەزە بناغەییەکانی لێکدانەوەی بابەتەکان و ئابلۆقەدانی بابەتەکان بەکاربهێندرێن، چونکە زۆرجار جیهانی دالەکان و جیهانی واتاکان، لە بنیاتی دەقدا بەرەو نەهێشتن و کوشتنی سیستەمی ئاسایی و زمان دەچن.

ئەمڕۆکە لە هەموو سەردەمەکان زیاتر زمان بەرەو مەسخکردن و تێکشکاندنێکی بەردەوام دەچێت و ئەمڕۆکە زۆربەی زمانەکانی جیهان بەرەو جۆرە سیستەمێکی جودا دەچن و لەو سیستەمەی کە زمانی لەسەر دامەزراوە، ئەمەش پەرەسەندنێکی سروشتییەو ئەم قۆناغەی زمانی ئێستاش یەکێکە لە قۆناغەکانی گۆڕانی زمان.

بێگومان لەگەڵ ئەم گۆڕانەشدا دەبێ دەسەڵات و ڕێگاکانی شیکردنەوە گۆڕانیان بەسەردابێ دەبێت لێکۆڵینەوەکان لە ڕێچکەی ئاسایی خۆیان لابدەن و جۆرە ئاسۆو ڕوانینێکی زانستیانەو شموولیی وابێتە ئاراوە کە لە ڕێچکەی ئاسایی خۆی لابدات. بە قەد ئەم گۆڕانکارییەی نێو زمان بێت،.ئەمڕۆکە مەدلولەکانی دەوروبەرو شتەکانی دەوروبەرمان، زمانیان خستووەتە قاڵبێکی واوە کەوا پێویست دەکەن چۆنێتیی پەرەسەندنیان لە دەقەکانداو کاریگەرییان لە دەقەکاندا بدۆزێتەوە و تەنیا لەو ڕێچکەیەی کە وەك ڕەگەزێکی وابن بۆ پتەوکردن و بەکارهێنانیان لە دروستبوونی بنیاتی شاراوەی دەق. ئەمەش گەردوونێکی دوو سەرە بە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان دەبەخشێت. لە لایەکەوە دەبێت لە چۆنێتیی دەورە نوێکانی زمان و دەوری لە دروستکردنی بنیاتی دەقەکان بکۆڵێتەوە. لە لایەکی تریشەوە دەبێ گۆڕان بخاتە ڕەگەزو ڕێگاکانی شیکردنەوەی خۆیەوە.

ئەم گیروگرفتەی لێکۆڵینەوەش لە زماندا هەم دیسان دووسەرەیە. لە یەکێکیاندا زمان لە شێوەی چەمکدا پەرەدەسەنێ و لەوی تریشیاندا لە دروستکردنی بنیاتدا زمان پەرەدەسەنێ. پێویستە جیاوازییەك لەم دوو پەرەسەندنەدا بکرێت و لە توانا دا بێت دەورەکانی ئەم گۆڕان و وەچەرخانانەی زمان بدۆزرینەوە. چونکە ئەم سیفەتەی زمان

بۆی هەیە بە هەڵە بردنێکی ئاشکرا لە لێکۆڵینەوەی دەقەکاندا دروست بکات. بۆشمان هەیە بپرسین مرۆڤ بۆچی پەنا دەباتە بەر تێکشکاندنی قاڵبی زمانەوانیی ئاسایی و کاریگەرییەکانی ئەم تێکشکاندنە لە زماندا چین؟!!

بێگومان مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ پەرەسەندنی لایەنەکانی تری ژیانیدا هەوڵ دەدات بەرگی نوێ و ئاستی نوێ بەزمان ببەخشێت، کە نووسەری دەقیش گەورەترین دەسەڵاتە لەم هەوڵەدا جگە لەوەش مرۆڤ بەردەوام هەوڵ دەدات بە کەمترین وشە گەورەترین دەلالەت دەرکاتە دەرەوە و لە دەقەکەیدا بنیاتی بنێت. جگە لەمەش، چڕکردنەوەی دەلالەتەکان بەخشینی سیفەتێکی پلاستیکیی ئیستاتیکییە بە زمان و ئیستاتیکای دەربڕین لێکردن، لە زۆربەی چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە جوداکانی مرۆڤداو هەستی گۆڕانکاریش کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر زمان، هەروەك بۆ نموونە: تازە بوونەوەی پەندەکۆنەکان و دروستکردنی دەربڕینی مەجازیی نوێ و چڕکردنەوەی ڕستەو کەم بەکارهێنانی وشە دەربارەی ناوەڕۆکێك کە وشەی زۆر هەڵبگرێت، جگە لەم هەوڵە تایبەتییانەی نووسەر لە دروستکردنی حاڵەتی بە پەلەکردن لە تێکشکاندنی زمان و داتاشینی چەمکی نوێ و جەختکردن لەسەر هەندێك مەدلوول و دروستکردنی مەدلوولی نوێ، جگە لەو ماناو حاڵەتی مانا دروستکردنانەی کە لە پەیوەندیی ڕستە بە ڕستەوە دروست دەکرێن کە چۆنێتیشی پەیوەستیان مانای نوێ لە دەقدا دەکەنەوە، بۆیە کاریگەریی توندی بنیاتی دووسەرەی دەلالەت لە زماندا، بە هەڵەبردنی شیکردنەوەکانی دەقە، لەو کاتەی دەوترێت کە دەق زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت.

سەرجەمی واتاکانی دەق و جیاوازیی گەردوونیان دەچنەخانەی خواستن و گریمانەوە (افتراض)ەوەو جیهانی بناغەیی و بزری دەقەکان نانوێنن. جگە لەمەش سەرکێشی دەقە داهێنەرەکان دەسەڵمێنی لەبەردەم نوشوستی دەسەڵاتی ڕەگەزەکانی ڕەخنەدا. ئەم تێکەڵییەش تەباییەکی ڕەخنەیی چاکتریان بۆ ڕەخسا لە تەوژمی بنیاتگەریی دەقەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کرانەوەی دەلالەت لە زماندا نەیتوانیوە ڕێگەیەك لە دەقەکاندا بدۆزێتەوە بۆ ڕەخنەکە و یەك بنیاتی واتا یەك ڕێچکەی شیکردنەوەی یەك لاکەرەوە بەدەقەکان ببەخشێت. زۆربەی ئەم نوشستیانەش لە پەیوەستەکانی نووسەر بە زمانەوە، لە پەیوەستی دەق بە زمانەوە، لە پەیوەستی نووسەرو دەق بە خوێندنەوەدا دێنەکایەوەو لە بناغەوە دەربڕین لە پەیوەستیێ دەکەن بە جیهانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی. هەندێك تەوژمی ڕەخنەیی لەم پەیوەستانەی نووسەرەوە، زمان بەرجەستە دەکەن و نووسەر لەناو دەبەن و هەندێکیان نووسەر بەرجەستە دەکەن و زمان دەکەنە ڕێگەیەك بۆ

شیکردنـەوە. هـەندێکیشیـان دەوروبـەرو کـاریگـەریـە دەرەکییـەکانی سەر نووسـەرو دەق بـەرجەست دەکەن و زمـان پشتگوێ دەخەن.

ئەمەش ڕوونە هەموو ئەو تەوژمانە نەیانتوانیوە ڕوانینێکی سەرتاپاگیری پەیوەستی نووسەر بە زمان و دەقەوە بخەنە دووتوێی قاڵبێکی ڕەخنەیی شمولییەوە کە تەنیا هەر جەختکردن نەبێ لەسەر یەکێك لە ڕەگەزەکانی نووسین، هەربۆیە دەبێ لەم پەیوەستانەی نێوان ئەم بوونەی نووسین و زمان و نووسەرە و ڕەخنە دیدێکی سەرتاپاگیربگرێتە خۆی و دەبێ بەیەك ڕوانینی فرە ڕەگەزەوە بڕوانێتە چۆنێتیی دروستبوونی دەق و تەنیا لە یەکێك تیۆرییە مەعریفییەکانی فەلسەفەو مێژوو زمان و کەسایەتیدا نەوەستێت و تەنیا یەکێك لەو کاریگەرییانەی دەرەوەی دروستبوونی دەق نەکاتە ڕەگەزێکی بناغەیی بۆ شیکردنەوەی دەقەکان.

کەواتە لەم پێشەکییەوە ئەوە ڕوونە کە دوای دۆزینەوەی چۆنێتی دروستبوونی دەق، پـێویستیـمـان بـەوە هـەیـە بـە دوای یـاساو جووڵـە نـاوەکییـەکانی دەقدا بگـەڕێین ئـەو یاسایانەی کە وەك قاڵبی چەسپاو و مردو نەبن و بەڵکو لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر شێوازو پـەیوەستی نوێ لـە ڕەگـەزەکـانی لێکۆڵینـەوەدا بـهێننـەکایەوە. چونکە ئاشکرایە چۆنێتیی دروستبوونی دەق بە شێوەیەکی یاسا ئامێزی ڕووت لە زماندا، ڕەخنە دەخاتە بـارێکی بێ گیـان و بێ کیانەوە، کە لە زانست و جووڵەی دەلالەتدا نوشوستی دێنێ، چۆن دەتوانین ناسنامەیەك بۆ دەق و جیهانی دەرەوە بدۆزینەوە گەر لە بناغەوە باوەڕمان بە جیهانی بابەتیی دەقەکان و کاریگەرییان نەبێت لە دروستبوونی دەقدا؟ چۆن دەتوانین زمان بە داماڵدراوی لە هەموو ژیان و ژیاوەیەکی کەسایەتی بخەینە گەڕو باوەڕیشمان بە جیهانە جوداکانی واتاو دروستبوونی واتا هەبێت لە زماندا؟؟

ئـەمانـە ئـەو پرسیـارانـەن کە پێویستییـان بـە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکی بناغەیی هەیەو پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی بناغەیی هەیە لە ڕەگەزە جەوهەرییەکانی بنیات نانی دەقدا. چونکە شتێکی ئاشکرایە لە گەورەترین فەوزای تێکورووژانی دەقەکان و لە گەورەترین تێکشکاندنی بنیاتی زماندا، لە مەزنترین بە تاڵکردنەوەی بنیاتی زمان و بـابـەتدا، دەقـەکـان هـەمیشە لـە جوولـەی ڕەگـەزەکـانی پێکهـاتنی خۆیـانـدا لـە پێنـاوی دروستکردن و داڕشتنی بنیـاتـەکـاندان. ئـەم بنیـاتـانـەی دەقـەکـانیش زۆرجار بە هەڵە وەسف دەکرێن و جووڵەی پێکهاتنی نەخشەی دەق دروست ناکەن، کە هەروەك ئەوەی هـەموو قورسایی ڕەخنە بخرێتە سەر زمان یا بابەت یا تەکنیك و شێواز. لە ڕاستیدا

بنیاتی دەق، پێش لەدایکبوونی نووسین و هەندێك جار لە دوای نووسینیشدا لە بەشێکی زەینی هەرەقوڵی نووسەردا بوونی هەر ماوەو ئەوبنیاتە لە بناغەوە هۆی دروستبوونی دەقەکان و ڕۆحی دەقەکانە، مەرجیش نییە وەك سەرچاوەیەکی (مەعریفی – زانستی – زەینی) بنیاتێکی والا بێت کە هەر کاتێك بەرەو ئەو دەقانە بچین کامەران و گرفتاربین. بەم مانایەش بنیاتی دەق هەمیشە هەر بنیاتێکی بزرو لە هەمان کاتیشدا زۆر نزیکی نووسەرە کە تاکو لە نووسینەکەش نەبێتەوە ئەو زۆرجار نازانێ ئەو بنیاتانەی واتای دەقەکان بەرەو کوێ بەرێت. هەر وەك ئەوەی زمان لە نووسیندا جڵەوی زەینی نووسەری بکەوێتە دەست. ئەمە هەروەك ئەوە وایە نووسەرێك لە مەبەست و بیرکردنەوەیەکی بابەتیی دیاریکراو و شێوەیەکی دیاریکراوی بەکارهێنانی شێوازی زمانەوە دەست بۆ نووسین ببا و لە کۆتاییدا شێوازی ترو بنیاتی واتای تر دروست بکات کە زۆرجار نازانێ چۆنێتیی ئەو زمانەی بەکاری هێناوە دەقی بەرەو کوێ بردووە، نووسەر ناتوانێت پێشبینیی دەرەنجامی ژێرەوەی کارەکانی بکات. تەنیا لە هەندێك بەشی گرینگی دان پێدانان بە خاسییەتی بابەتیی دیاریکراودا نەبێت هەندێك جاریش ئەو دەرەنجامە تووشی وەرچەرخانێك دەبێت کە پەیوەستە بەگرفت و کێشەکانی زمانەوە، بە هۆی تێکهەڵکێشیی دەلالەتەکانی زمان و تەکنیکی دەقەوە، بە چۆنێتیی بەخشینی کیانێکی یەکگرتوو و کامل بەم بنیاتەی بیرکردنەوە لە زماندا. لەبەر ئەوە هیچ دەقێك لە بنیاتی ژێرەوەیدا ناگاتە ڕەهاییەکی بێ سنوورو مەبەستداری دیاریکراو تاکو نەکەوێتە بەر تیشکی بوونەوە. زۆرجاریش ئەو بنیاتەی واتا لە دەقدا هەر هیچ بوونێکی نییەو تەنیا هەر ڕەخنە دەیدۆزێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە واتاکانی دەق زۆرجار دەربڕین لە ڕەگەزو مەبەست و ناسنامەیەك دەکەن کە هەر ئەوان لە پشتەوەی هەموو سیستەمەکانی دەلالەتدا، زمان دەخوڵقێنن و بابەت بۆ زمان دەدۆزنەوەو تەکنیك دەخەنە شێوازەوە.

هەر بۆیە دەرەنجامی کارلێککردنی هەموو ڕەگەزەکانی زمان و خاسییەتی بابەتیی



بنیاتی دەقێك دروست دەكەن كە لە سەرەوەی هەموو ڕەگەزە مەعریفی و زەینییەكانی دەقەوە دەبێت و هیچ ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی دەق نابنە بناغەی پتەوی نەخشەی ماتی دەق، لە شێوەی ناسنامەیەكی بابەتی و زمانەوانیی زۆر شاراوەو چڕوپڕدا. هەروەك ئەوەی لە دایكبوونی خۆی لە فەنا و لە ناوچوونی هەموو ڕەگەزو ناوەندەكانی زمان و بابەت و نووسەردا بێنێتە كایەوە. ئامادەبوونی خۆی لە مردنی پێش وەختەو كردار ئامێزی بە دەقكردنێكی شاراوەی ناسنامە شاراوەكانی بیركردنەوەی نووسەرەوە بی. بۆ ئەمەش دەڵێین بنیاتی دەق لە هەموو نووسینێكدا مۆرێكی تایبەتی هەیەو هیچ دەقێك لەم جیهانەی ئەدەبدا بۆی نییە پێش وەختە بتوانێت بنیاتێكی كاملی پێش وەختە دروست كات. چونكە ئەم بنیاتە ڕەهاو پڕ لە دەلالەتەی دەق بە هیچ جۆرێك لە شێوەی بەش بەش و یەكگرتوویەوە ئامادە بوونێكی پێش وەختەی نییە نە لە زمان و نە لە دەلالەتەكانی زەیندا. بەمەش ناڵەو گەرەلاوژەو هاوارەكان و هەروەكو چۆن دەربڕین لە واتایەكی تری بێ دەنگدا دەكەن هەر ئاواش زمان و دەلالەت لە بنیاتی دەقدا دەربڕین لە واتایەكی شاراوەی تر دەكەن. هەروەك ئەوەی بنیات دالێكی بێ مەدلوولبێ و لە كاری نووسینیشدا زمان نەتوانێت ببێتە سیستەمی مەدلوولی ئەم دالە شاراوەیە.

لێرەشدا دەبێ ئەوە روون كەینەوە كە بنیاتی دەق لە سەرەتای كاری نووسیندا خۆی لە یەكەكان و ڕەگەزەكانی نووسیندا بە بەش بەشكراوی دەهێڵێتەوە. بەڵام لە بەش بەش بوونیشدا سیمایەكی یەكگرتوو و توندوتۆڵ و دیاریكراو ئاشكراو ڕوون و لەبەر چاوی نییە. زمان بە جودا لە بنیاتی ماناو بنیاتی ناوەڕۆكدا ناتوانێت ببێتە مەدلولێكی هاو واتای دالی بنیاتی ژێرەوەی دەق وەك لە حاڵەتی بەش بەشی نواندنی بنیاتە ڕووكەشەكاندا، هەروەك ئەو ڕۆحەی ئاینەكان لە جەستەی مرۆڤدا بوونێكیان بۆی تەرخان كردووە. بنیاتی ڕۆحیی ژێرەوە زمان و مەدلوولە بزرەكانی دەنوێنن (بەمەش بابەت لە دەقدا مەدلوولی زمان نییە)و ڕۆحی ڕەگەزەكانی زمان دەسەڵاتی ئیستاتیكای بوونی دەقە.

لە شێوەی دروستبوونی بنیاتی جودا لە دەقدا كە زۆرجار دالەكان دەبنە پەیژەیەك بۆ دروستكردنی ئەو بنیاتە جودایانە و ئامادەبوونیان لە دەقدا. كەواتە ئەم بارە ڕەهاو سەربەخۆیەی بنیاتی دەق بۆچی ناتوانرێت بە جارێك ببێتە شوێنی وەسفكردن و دۆزینەوە. لەڕاستیدا هەموو دەقێكی ئەدەبی بنیاتێكی سەربەخۆی هەیە و تەنانەت لەلای یەك نووسەری دیاریكراویشدا، لەلای هەر كەسێكیشدا قسەكردن زۆر زۆر بەلاوازی دەتوانێت ئەم بنیاتانە دروست بكات. بەهۆی ئەو فەوزاو ناتەباییەی گۆڕانی ناسنامەكانی بیر لەیەك گفتوگۆی دیاریكراودا، كە ناهێڵن ڕێچكەی پەرە پێدانی ئەم

ناسنامە زەینییە بچێتە دوو توێی یەك بنیاتەوە لە یەك گفتوگۆی دیاریكراودا.
بەمەش بنیاتی دەق بەدەرە لە ڕەگەزێكی تری زمان كە قسە كردنە و شێوەی بنیاتەكانی جوداو كراوەن. هۆیەكی ئەم بارەش لە گفتوگۆ و قسەكردندا دەلالەتی ناڕاستەوخۆو هێماو تەكنیك و شێوازی دەربڕین كردن لە بیر، زۆر جار پێویستی بە قووڵبوونەوە نییە. مەبەستیشمان لەم ڕوونكردنەوەیە تەنیا ئاماژە كردنە بۆ جۆرەكانی دەربڕین.
بەمەش بنیاتی شاراوەی دەق گۆڕستانێكی وەهمیی مەسخبووی هەموو ڕەگەزو هۆیەكانی زمان و دال و مەدلوولەكانیەتی، سڕینەوەی هەموو ئەم ڕەگەزانەی نووسینە لە پێناوی دروستكردن و لە چوارچێوەگرتن و داڕشتنێكی كۆتاییدا كە نووسەر تیایدا بە تەواوی واتا شاراوەكانی زەینی ماتی خۆی دەخاتە دوو توێی بنیاتێكەوە، كە نووسەر لە زەینیدا تەواوبوونی دەق ڕادەگەیەنێ و تاكو ئێستاكە هەموو ڕەگەزەكانی شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەیەك كە بۆی هەبێت ڕوانینێكی شموولی بەم جیهانە شاراوەیە ببەخشێت هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لێكۆڵینەوە تیۆرییەكان سەر دەكەون و لەجێیبەجێ كردندا نوشوستی دێنن.
هەروەك وتمان بنیاتی دەق دەسەڵاتێكی ڕەهاو سەربەخۆی هەیە. هەر لەكاری نووسینیشدا ئامادەبوونی خۆی هەیە، كەواتە چۆن لەفەوزای پەیوەستی نێوان زمان و واتاو نووسەردا بنیاتی دەق دروست دەبێت؟



## ڕەگەزە گرینگەکانی دروستبوونی بنیاتی شاراوەی دەق

**٢/ پەیوەستەکان - کێشەکان**

ئەگەر بێتو جیهانی بنیاتگەریی دەقەکان بەسەرجەمی تەوژم و بەشەکانیەوە، بچێتە دوو توێی دۆزینەوەی چۆنێتیی دروستبوونی بنیاتی دەقەکانەوە، لە دوو توێی نەخشەیەکی دیاریکراوی چۆنێتی دروستبوونی بنیاتەوە، ئەوا شتێکی ئاشکرایە کەلێکۆڵینەوە جوداکانی مەیدانی شیکردنەوەی دەق، لەنێوانی داخستن و کرانەوەدا لە شێوەی تیۆرێکدا خراوەتە ڕوو، ئەمەش لە پێناوی بەخشینی قاڵبێکی ڕەخنەیی دیاریکراو بووە بۆ چۆنێتیی دروستبوونی دەقەکان و بنیاتەکانیان، ئەوەش ئاشکرایە کە بنیاتی دەق هەر لەسەرەتای نووسینەوە تاکو ئەم سەردەمەی ئێستاش بازنەیەکی بزری نواندووە لەبەر دەم شیکردنەوەکاندا. زۆر دەق لەچرپی هێماو ڕەگەزە مەجازی و بنیاتە ڕووکەشە زۆرەکانیاندا، وەك سەر کێشییەك خۆیان لەشیکردنەوەکان دەرباز دەکەن بەمەش فرە تەئویلی و فرە واتایی لەدەقەکان و لەشێوەکانی ڕەخنەدا بوونە ڕێگەیەك لە نوشوستیی ڕەخنە لەبەردەم دەقدا.

لەراستیدا هەر چەندە رەخنەی نوێ بەتایبەتی بنیاتگەری گومانی خوێنەری خستە سەر نەگوتراوەکانی دەق، بەڵام ئەم نەگوتراوانە هیچ بنیات و ئامادەبوونێکی تیۆرییان نەبووە لەشیکردنەوەی دەقەکان و نووسینە بنیاتگەرەکاندا. هۆی ئەمەش هەموو ئەو بنیاتە ڕووکەشانەی واتایە کە لە دەقێکدا ڕەنگ دەدەنەوە، کەواتە چۆن مامەڵە دەکرێ لەگەڵ دەقێکدا کە چەندەها واتای جودای لەخۆدا هەڵگرتووە؟؟

ئەگەر بڕوانینە هەموو ئەو نووسینانەی کە بنیاتێکی واتایان هەڵگرتووە، سەرنجی ئەوە دەدەین کە زمان لە نووسیندا بۆی هەیە واتای شاراوە هەڵگری. ئەو واتایانە لە هەموو دەقەکاندا بۆیان هەیە بچنە دوو توێی بنیاتێکی بەرجەستە کراوەوە کە زۆر جودایە لەو ڕەگەزو شێوازو تەکنیکیانەی دەکەونە بەرچاومان. لێرەشدا ئەو گەیاندنە هەمیشە لەدوو توێی مەبەستێکدایە، هەمیشە لەدووتوێی گەیاندنی پشتەوەی ئاماژەو ئیحاو گۆڕانەکانی نووسینەوەیە کە دەچێتە دوو توێی بنیاتێکی شاراوەو بزرو لەدەقدا دەربڕینی لێ ناکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەکانی دەلالەت شایەتن بۆ بوونی ئەم بنیاتە. لێرەشدا هەر ئەو بنیاتە لە هەموو یەکگرتنەوە و لە هەموو هاوتا بوونێکدا دوو بنیاتی

دوو سەرەبوونی ئامـاژەکان لەخۆیاندا هەڵدەگرن لە چوارچێوەی چەند بنیاتێکی واتـای دیاریکراودا کە تەنیا هەر پەیوەستی نێوانیان بنیاتێك دروست دەکەن و ئامادەبوونی ئەو بنیاتە ئامادەبوونێکی (بزر – ئامادە)ی زۆر بەهێزی هەیە، هەروەك ئەوەی بڵێین هیچ دەقـێك لـە جـیـهـانـدا بـەبـێ دروستـکـردن و بـەکـێشە کـردنـی نـووسین بـەدەر نـابێت کـە لەسەرجەمدا دەربڕین لە پەیوەستەکانی نووسەر دەکەن لەگەڵ خودی خۆی و دەرەوەی خۆیدا. پەیوەستەکانیش ڕەنگاو ڕەنگ و هەمە جۆرن و لەژێر چەندەها کاریگەریی تردا دەبـن. ئـەو کـێشانـەش لـەدوو تـوێی چـەند دەلالـەتێکی تـایـبـەتیدا دەبن و لـەسـەرجـەمـدا دەربڕین لەچەند حاڵەتێکی جودای بەململانێکردن و تێکورووژانی بەش بەشی نووسەر دەکەن لەگەڵ جیهاندا. ئەو کێشانە دەشێ بەناوی ڕەگەزە تێکدەرە بناغەییەکان ناویان بەرین. ئەو ڕەگەزانەی کە دەچنە دووتوێی تەکنیك ، ئیستاتیکای دەق ، بابەتی دەق ، فـەلسەفـەی دەقـەوەو تـاکو سنوورەکـانی سڕینـەوەی بـابـەتیش دەنوێنن. لـەم حاڵەتەشدا کێشەکان لەسەرجەمدا دوو حاڵەت دەنوێنن:

ڕەگەزە تێکدەرەکان ⟵ زمان ⟵ ئیستاتیکا ⟵ تەکنیك

ڕەگەزە تێکدەرەکان ⟵ بابەت ⟵ نووسەر ⟵ شێواز

هیچ دەقێك لەم پەیوەستانەی ئەم ڕەگەزانە بەدەر نابێت. هەموو دەقێك یەکێك لە ڕووەکانی ڕەگەزە تێکدەرەکانی واتای تێدا دەبێت. ئەم کێشە و پەیوەستانەی دەق تەنیا لە سیفەتی پەیوەستبوونیان بە چۆنێتیی دەربڕین و زمانەوە سیفەتی تێکدەرانە دەگرنە خۆیان، هەر بۆیە هەموو نووسینێك ناوەندێك دەنوێنێ لەنێوانی نووسەرو زماندا، ئەو ناوەندەش پەل بۆ هەموو مەدلوولەکانی بوون و نەبوون، ڕابردوو ئێستا و داهاتووش دەهـاوێت. لـە بـۆتـەی چـەند تـەکنیکێکی جودادا، دەشێ شاعیرێك لـەسەر یـەك جیـهـانـی دیـاریـکـراودا پـەنجا شیـعـر بـنـووسێ، بـەڵام لـەهـەر دەقێکی ئەو شیعرانـەدا ئـەو جۆرە تەکنیکێکی دیاریکراو و جیاواز بەکاردێنێت، بەمەش نووسەر مەرج نییە لەیەك جیهانی بابەتیدا یەك شێوازی دەربڕین بێنێتە کایەوە، هەر بۆیە دەبینین هەر شیعرەو بنیاتێکی سەربەخۆو ڕەهای خۆی هەیە.

بەمەش ئەگەرچی لە پۆلێنکردنی بنیاتەکان نزیك دەبینەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم ڕەگەزە سەرتاپاگیرییەی دەقەکان کەلەشێوەی ڕەگەزێکی تێکدەری دیاریکراوی دەقەکاندا بـەرجـەستـە دەبێت بـۆی نـییـە پێش وەختـە پێشبـینـیی بـنـیـاتـی سەرەتـایـی بکرێت. ئەمە لـەلایـەکـەوە، لـەلایـەکـی تریشەوە، تـەنـانـەت ئیستـاتیکای دەقەکانیش لەهەندێك حاڵەتی

داماڵینی واتاوە تارادەی سڕینەوەی زۆر لە دەلالەتە بابەتییەکان و دەق تا ڕادەی بێگەردبوون چڕ دەکرێنەوە. لەم بارانەشدا دەشێ دروستکردنی بنیاتی ئیستاتیکا شێوەی کێشەیەکی بنەڕەتی وەرگرێت، بۆ ئەوەش دەڵێین بەڵێ مادامەکی خەمی نووسەرەکە تەکنیکێکی زمانەوانیی بەرز بگرێتە خۆی و ئەو مامەڵەیەی دەق بگەێنێتە ئاستی جیهانبینیەکی فەلسەفیی قووڵ لە وردبوونەوە لە جووڵەی زمانەوە، ئەو جووڵەیەی دەلالەت لەبێ دەلالەتی وشە و پیت و ڕستە و پەرەگرافدا دێنێتە کایەوە. ئەو جووڵەیەی لەیەك ئاستی ڕێچکەی زماندا ڕاناوەستێ و لەیەك دەورو لەیەك پەیوەست و یەك ڕوودا، گیر ناخواو پەل بۆ هەموو شێوەو دەلالەتەکانی وشە دەهاوێت. ئەم پەیوەستەی نێوان دەق و کێشەکان، پەیوەستێکی نەچەسپاوە و بەپێی گۆڕینی باری زەینی و بارودۆخی کاریگەریی زمان و بەخشین و واتای زمان لەشێوەی دال و مەدلوولەکاندا دەگۆڕێن و قەت لە توانادا نییە پێش وەختە ڕێچکەی ئەم پەیوەسانە دیاری بکرێت لە نووسینی هەر دەقێکدا هەر ئەم خاسییەتەش حاڵەتی ئیتساتیکی دەقەکان دیاری دەکات. چونکە ڕاستە کێشەکانی دەق ئامادەبوونی پێش وەختەیان هەیە لەزەینی نووسەردا، بەڵام تەنیا هەر بنیاتی دەقەکان دەسەڵاتی کێشەکان دەخاتە ژێرەوەی دەسەڵاتی خۆیەوە. لەپێناوی خۆ دروستکردن و خۆبنیاتناندا، ئەم دەسەڵاتەی دەتوێنێتەوە، هەروەکو چۆن ناوکی کێشەکان لە شێوەی دال و مەدلوولەکانیدا خۆیان لە بنیاتدا دەتوێننەوە.

کەواتە سیستەمی دال و مەدلوولەکان لە پێناوی دۆزینەوەی کێشە بناغەییەکانی دەقەکاندا، دەخرێنە کار نەك لە چۆنێتی بنیاتی دەقەکان، چونکە چۆنێتیی ڕێکخستنی دەقەکان لە شێوەی بنیاتداو لە شێوەی پەیوەستی کێشەکان بە جیهانی دەرەوە، پشت بەم جۆرە جووڵەیەی واتا نابەستێت. بەڵکو دەیەها ڕەگەزی تری دەق دەشێ بکرێنە بناغەیەك بۆ لێکدانەوەی دەقەکان. هەروەك ئەو ڕەگەزانەی لە بنیاتی زمانەوە دەردەهێنرێن و دەبنە بناغەیەك بۆ لێکدانەوەی دەقەکان. هەروەك بنیاتی ئیحائی کە دەگاتە ئاستی دروستبوونی بنیاتی دال و مەدلوول.

وردبوونەوەیەك لە بنیاتی ڕەگەزە تێکدەرەکانی واتاو شێوازی دەق (پەیوەست کێشە)، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هەموو دەقەکان ئاڵوگۆڕکارییەکی تێکهەڵکێشیی هەیە لەگەڵ بنیاتی گشتیی دەقدا. ئەو تێکهەڵکێشییەی نووسەری بنیاتنەر لە زماندا شەرعییەتی بوونیان پێ دەبەخشێت و دەیانخاتە سەر نەخشەیەکی یەك گرتووەوە، ئاشکرایە هەموو دەقێك و هەموو نووسینێك ئەم تێکهەڵکێشییە دەگرێتە خۆی و هیچ دەقێك بەبێ نەخشەو




ئاڵوگۆڕکارییەکی لەم بابەتە بەدەر نابێت. شتێکی ئاسایی و ئاشکرایە کە دەقەکان بەپێی پەرەسەندن و ماتبوونیان، بەپێی هەڵکشان و داکشانیان لە جووڵە بنیاتنەرەکانی واتا و ئیستاتیکای زماندا، بنیاتی جودا دەخەنە ڕوو. تەنانەت لەبێ لایەنترین و بێ کاریگەرترین دەقیش بەپێوانەی پەیوەست و بەکێشە کردنی دەقەکان.

کێشەی دەق هەمیشە چڕ بوونەوەی جیهانبینی خاوەن گوتار دەنوێنێ، بەرامبەر بەدەستەمۆکردنی سەرکێشیی داڕشتنی بنیات، تەنانەت لە نواندنی خودی کێشەکانیشدا. هەر ئەم جودابوونەوەیەی ناخی کێشەی دەقەکان و هەر نزیك بوونەوەیەتی لە بنیاتی کۆتایی دەق کەترازانێك لە دەقدا دێنێتە کایەوە لە شێوەی دوو سەرەبوونی بنیاتی مەییوو بنیاتی بەکێشە کراوو توندوتۆڵ و هەڵوەشاوە کە لە کۆتاییشدا دەبێتە نواندنی ئاستی سەرکەوتنی دەقێك یاخود نوشوستیی دەقێك لە مەسەلەی بەدەقبوون و بەبنیاتبوون.

لەم ئاستە جودایانەی کێشەی دەقەکانیشدا دەسەڵاتی زمان بەبێ دەسەڵاتی نووسەر نابێت لە گۆڕین و شڵەقاندنی واتا چەسپاوەکانی خاسییەتە بابەتییەکان. ئەمەش ئاستێکی تری بنیاتیشە لەدەقد.، هەر بەم جۆرە دەق لەساتە وەختی خۆ پێکەوەنان و خۆ دروستکردن و خۆ کامڵکردندا، زمان دەکاتە بنەمایەك بەهۆی ناوەندی نووسەرەوە بۆ بەکێشەکردنی خودی زمانیش، هەروەکو چۆن تەنیا زمان و واتاکانی زمان، بنیاتی

دیاریکراو دەخەنە دەرەوەی خۆیان لە شێوەی دەقدا. گەڕانەوە بۆ چۆنێتیی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی واتا کۆن و نوێکانی دەق، گەڕانەوەیە بۆ ئەمانیش هەر خودی زمان و ئەو دەسەڵاتەی لە زماندایە، لە هەڵکشان و داشکاندا، بەرامبەر بەهەر ئاماژەو بەرامبەر بەدروستکردنی هەر پەیوەستێکی نوێ لە نێوانی زمان و بنیاتی دەقدا.

کەواتە ڕەگەزە تێکدەرەکانی واتا ئاساییەکانی دەق لەسیفەتی کێشەی دەق، هەمیشە روویەکی تری بەواتا کردن و بەدەق کردن و بە ناوەند کردن و بەچڕ کردنەوەی زمانەوە بەندن و لەم کارەشدا ڕەگی کێشەکان هەمیشە بەرەو بنیاتێکی دیاریکراو هەڵدەکشێت کە هەمیشە لەزەینی نووسەردا لە تەنیا نووسینێکدا تاکو ئەو ساتەی دەگاتە کامڵبوون. نووسەر دەرك بەبنیاتی بناغەیی و کۆتایی کارەکەی خۆی ناکات لە کێشەی زمان و تەکنیك و ئیستاتیکای دەقدا، هەر لەساتە وەختی کۆتاییدایە کە بنیات وەك زەنگی تەواوبوونی کۆتاییهاتنی کێشەکان، خۆی دەردەخاو دەق کامڵبوونی خۆی ڕادەگەیێنێ هەر لەدوا وشەی دەقدا، بنیاتی دەق لەدایك دەبێت و ئامادەبوونی خۆی لەجۆرەکاندا دەچەسپێنێ و نووسەر بەرەو تەواوبوونی خوێندنەوەی نەگوتراوەکانی دەچێت. کێشەکانی دەقیش بۆیان هەیە چەند یەکەیەکی مەعریفی و تەنانەت مێژوویی و ڕاگەیاندن ئامێزو چەند یەکەیەکی زەمەنی بگرنە خۆیان کە ئەمانیش هەر دەچنە دووتوێی خاسیەتی بابەتیی دەقەوە لە میانی بەکێشە کردنی دەقدا.

لەسەرجەمیشدا نووسەر لەچەند ناوەندێکی فرە دەلالەتدا زمان بنیات دەنێت، هەروەك ناوەندەکانی (سروشت، کۆمەڵ، زەمەن، ئەندێشە، هەست و سۆز، ئەفسانە) ئەم ناوەندانەش لە زۆربەی دەقە ئەدەبییەکاندا تێکهەڵکێشی بابەتیانە دێننە کایەوە و تەنیا شیکردنەوەی زمان ڕێگە لەبەردەم ساغ بوونەوەو بەسەرەکیبوونی دەلالەتەکان خۆش دەکات، هەر زمان دەلالەتە بە نموونە کراوەکانی لە توانەوەی چەند پەیوەستێکی واتای ئەم خاسیەتانەوە دەدۆزێتەوەو لە کۆتایی شیکردنەوەیەکی زانستیدا دەزانرێ نووسەر لە کام دەلالەتی ئەم ناوەندانەدا، زمان دەخاتە باری بنیاتەوە.

ئەم جووڵەیەی کێشەکانی دەق هەروەك زنجیرە تێکورووژانێکی دەرەوەی زمانە و بوونیان نییە و تەنیا لەم ورووژانەیاندا لەگەڵ خاسیەتە بابەتییەکانی پەیوەست بەمرۆڤەوە وایە بە هەموو بوون و نەبوونەوە کە لە کۆمەڵە کارلێکردن و کارتێکردنە سەرێکی بێ سنوورەوە لە پانتایی دەقەکاندا پرسیاری جوداو مەسەلەی جودای بەکێشەکردن دەکەنەوە، نووسەر قەت ناتوانێت بەبەتاڵییەکی دەروونی و زەینییەوە

دەرك بە چۆنێتیی ئەم كارلێككردن و كارتێكردنە سەرانەی بابەتەوە بكات. هەر ئەم خاسییەتە شاراوەیەی نووسینە ڕێگە لەبەردەم نووسەر دەگرێت كە پێش وەختە پێشبینیی بنیاتێكی دیاریكراوی نووسینەكانی خۆی بكات.

هەر بۆیە نووسەر لەبەتاڵكردنەوەی دەسەڵاتە جوداكانی دەربڕینەوە، بنیاتێكی دیاریكراو دروست دەكا و كێشەكان لەم شێوەیە و لەم بەنموونەییكردنەیاندا و لەم ئاستە سەیرەی ئامادەبونیاندا پرسیاری جوداش لەبەردەم ڕەخنەگرو خوێنەر قیت دەكەنەوە بەشێوەی جۆراوجۆر و لێك نەچوو، هەر لەم پرسیارانەوە ڕەخنەگر بەرەو ڕێگای ئەو بارە كۆتاییەی كە هەموو دەقێك و هەموو نووسینێك لەدوو توێی خۆیدا هەڵی دەگرێت، دەبێتە ئەو ناوەندە پڕ لە حیكمەتەی كە بڕیاری كۆتایی هەموو دەقەكان پێك دێنێ لەبەر دەم شیكردنەوەدا، بەڵكو دەبێتە بڕیاری هەموو لێكۆڵینەوەكان و هەموو ئەو پێداچوونەوە و داڕشتنی ڕێگاكانی لێكۆڵینەوە لە دەقەكاندا. كێشەكانی دەق بەجارێك لەدووتوێی زماندا چەندەها ڕووی جیاوازی ئاڵوگۆڕكاری و بەناوەندكردنی جێنەگیربوونی پەیوەستەكانی لەگەڵ یەكتردا دەگۆڕنەوە.

كێشەكانی دەق لەهەر پەرەسەندن و جووڵەیەكدا، لەهەر درێژبوونەوە و خۆگیركردنێكدا تواناو دەسەڵاتی لەدایكبوونی خۆیان لە گۆڕین و پەرەپێدانی چەمكەكانی زمانەوە وەردەگرن، بێگومان پاساوی كاریگەركردنە سەر ڕوویەكە لەو پەیوەستانە، هەر لە پێناوی رەها بوونی بنیاتدایە كە نووسەر هەموو كیانی خۆی، هەموو زەینی خۆی بەوكێشانە دەبەخشێت، نووسەر لە كاری بەكێشەكردنی دەقەكاندا خۆی لە چەند ئاستێكی جودای مەعریفیی تێكشكاندن و بنیاتنانەوەی زماندا دەبینێتەوە. هەر بۆیە ئەو لە كاری دروستكردنی كێشەكاندا، ئەوەندەی مەبەستی ئەوە دەبێت بنیاتێكی پتەو بە كێشەكان ببەخشێت، ئەوەندە مەبەستی ئەوە نییە داهێنان لە زمان و تەكنیكدا بێنێتەكایەوە، بەڵكو زمان و تەكنیك ڕەگەزێكن بۆ بنیاتنان.

ئەم بارەی نووسەریش تەنیا لە تەواو بوونی لە كارەكەی ئەنجامی خۆی دەداتە دەستەوە. هەردەقێكی ناكامڵیش بنیاتێكی ناكاملی دەق دێنێتە ئاراوە. كەوابێ لە بنەڕەتەوە كێشەكانی دەق لە ڕووی خاسیەتی بابەتییەوە پەیوەستێكی پتەویان بە بنیاتی دەق، و كێشەكان و بابەتەكانەوە، پێوەندی بە پەیوەستی نووسەرەوە هەیە بە جیهانی دەرەوە. ئەم پەیوەستەش بە شێوەی جودا لە جۆرەكانی بنیاتی دەقەكاندا خۆی دەردەخات و نووسەر پێویستی بە خولقاندنی زمانی كێشەكان هەیە. ئەو زمانەی لە

سنووری دەلالەتە ئاساییەکان دەردەچێ و ئەو زمانەی جیهانێکی نیمچە فانتازیا لە دەلالەتدا دێنێتە کایەوە. لێرەشدا زمان مەبەست چەمك و زاراوەکان نییە، بەڵکو زمان خوڵقاندنی بنیاتنانی سیستەمێکی زۆر جودایەو تیشکدانەوەی جیهانی کێشەکانە. لەو ساتەی زمان لە ڕێچکەیەکی دیاریکراوی واتاکانەوە لە سیستەمێکی دیاریکراوی گەیاندن و گێڕانەوەی تایبەتدا جۆرە قاڵب و تەکنیکێکی گێڕانەوەی جودا لە نووسین و قسەکردن دێنێتە کایەوە. هەروەك ئەو دەسەڵاتەی کە سەرکێشیی کێشەکان لەبەر دەم چوونە نێو قاڵبێکی دیاریکراوەوە، هەر وەك کردارێك کە لە دەقدا بازدانێك لە واتاکان بێنێتەکایەوە و بنیات و نەخشەی دەق دەخاتە بارێکی دیاریکراوی ڕێچکەیەکی خاسییەتدارەوە.

کەواتە کێشەکان لە پەیوەستێکی بەهێزدان لەگەڵ زمانی دەقداو لەگەڵ زمانی نووسیندا، نەك لە زمانی ئاساییدا. کەواتە هەرکێشەکانن کە شەرعییەتی بوونیان لە شەرعییەتی شێوەی زمانەوە وەردەگرن و بەبێ دەسەڵاتی زمان لە بنیاتنانی دەق و لە کاری باوەشگرتنەوە بۆ دەقەکان، توانای لەدایکبوونی خۆی لە دەست دەدات، لە جیهانی بەبابەتکردن و بە مەوزووعییەتکردنی دەلالەتەکانداو تەنیا دەچێتەوە سەر حاڵەتە ئیستاتیکییەکانی زمان و بەبێ ئەوەی بچێتە ناخی کێشەیەکی بابەتییەوە. لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێناسەی کێشەکان لە دەقەکاندا کارێکی نەگونجاوە، گەر بێتو ڕەگەزە بناغەییەکانی ئەم کێشانەو دەوریان لە بنیاتنانی دەقدا نەدۆزنەوە. بەڵکو کێشەکان دەچنە دوو توێی پەیوەستەکانی نووسەر بە جیهانەوە. گرینگیشییان تەنیا لەوە دایە کە سەرتاپای دەقەکان لە چەند ئاستێکەوە دەگەنە سەرچاوەی بە کێشە بوونیان کە لە هەموو دووبارەوە بووترو گرینگترو بەربڵاوتر کێشەکانی مرۆڤ بە مرۆڤەوە و مرۆڤ بە دەوروبەرەوە و مرۆڤ بە خودی خۆیەوە، مرۆڤ بە بوون و نەبوونەوە، بە سروشت و گەردوونەوە، بە زەمەنەوەن.

لەم کێشە جەوهەرییە زۆر گشتی و بەربڵاو و بێ سنوورانەدا دەشێ باری وەسف و باری ئیستاتیکای شێوە، باری بنیاتی کردار، باری تێرامان باری زانین و گەیشتن و پێچەوانەیان باری گۆڕان و مەیین، باری شێواندن و دۆزینەوە و مەسخکردنی شێوەکان، باری جووڵەو وەستان، باری دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفی تر...هتد هەریەکەو لە خۆیاندا سەدەها مەدلوولی جودا هەڵدەگرن هەریەکەو بە جۆرێك لە جۆرەکان لە جووڵەی دەقەکاندا دەتەقنەوە، لەهەر یەکێکیش لەم بارانەدا هەست دەکەین دالەکانی زمان لە

یەکتر نزیك دەبنەوە لەو ساتەی دەچنە دوو تویّی بنیاتیّکەوە، دەچنە دوو تویّی پۆلیّنکردنەوە، بۆ نموونە: حاڵەتی وەسفیی ئیستاتیکی لە جیهانی شتەکانی دەوروبەرو پەیوەستەکانی مرۆڤەوە بە چەندەها شیّوەو جۆری لیّکچوو خۆی دەئاخنیّتە نیّوانیانەوە. لەوەشدا سەرنج دەدەین کە زمان لەهەر قۆناغیّکدا کۆمەڵە دال و مەدلوولیّکی دیاریکراو دەئاخنیّتە قۆناغیّکی دیاریکراوەوە، بە پەیوەست بوونیان بە جیهانە جوداکانی خاسییەتی بابەتییەوە. هەروەك مەدلوولی خەم و بەرگری و هیواو مەدلوولە فەلسەفی و مەعریفییەکان. لەمەشدا بەیەکدا هاتنی ئەم مەدلوولانە لە قۆناغیّکەوە بۆ قۆناغیّکی تر، تیّکهەڵکیّشییەکی بنیاتنەرانەی زمان دەخەنە دوو تویّی سیستەمیّکی ڕۆحیی بزرەوە، کە تەنیا دەرهاویشتنە زەمەنییەکانی باری مرۆڤ ڕوونکردنەوەی کامل بەم دەرهاویشتنانە دەبەخشن.

ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نووسەر لە زۆر لە قۆناغەکاندا بە هەزمکردنی باری مەعریفیی قۆناغەکەی دەسەڵاتیّکی چاك بۆ خۆی دابین دەکات، کە لەسەرجەمدا ئەو دەسەڵاتە کیانی بیرو فەلسەفەی سەردەمەکەی دەنویّنیّ، بیّگومان هەر دەسەڵاتی مەدلوولەکان لە توانادایە ڕیّچکەی زمان دیاری بکا و خاسیەتیّکی تایبەتی پیّ ببەخشیّ جا چۆنیّتیی بەکارخستنی مەدلوولەکان و پەلهاویشتنیان بۆ گەورەترین فەزای ژیاوەی قۆناغیّك، لە بەهیّزترین دەسەڵاتی بەکارخستنی زماندا، مانەوەی زیاتر بە دەقەکان دەبەخشن. ئەمەش لە هەمان کاتدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خاسییەتی بابەتی و دەسەڵات پیّ بەخشینی زیّدەڕۆ لە دەقەکاندا بەم خاسییەتەو کەمترین دەسەڵاتی زمان لە دروستکردنی شیّوازدا کەمترین ژیان بە دەقەکان دەبەخشیّ و مەدلوولەکانی زوو دەسویّن. بە تایبەتی لەو کاتەی کە مەدلوولەکانی ئەدەب پەیوەستیّکی ناتەباو ناکۆکیان لە نیّواندا هەیە و بە تایبەتی لەوکاتەی دەق لە بیری ئایدۆلۆژی و خاسییەتی تیۆرییە دەروونی و میّژوویی و کۆمەڵایەتییەکان نزیك دەبیّتەوە.

چونکە شتیّکی ئاساییە دەوری خاسییەتە ئایدۆلۆژی و دەروونییەکان ئەو دەورانە نین کە دەق بەرەو دەقی زیندوو بەرن، بەڵکو نووسەر لە ئاکام و کاریگەری و دەورەکاندا، لە شیّوەی ژیانیّکی زۆر تایبەت و نیمچە فانتازیدا بنیات بەو ئاکام و کاریگەری و دەورانە دەبەخشیّت. هەر وەکو چۆن لەم بەکارخستنە مەعریفییە مردن و سوانەوەی مەدلوولەکانەوە نەگەیشتنیانە بە ئاستی بنیاتیّکی بە هیّزی دەق. هەموو ئەم سیمایەی دەقەکانیش کە گەورەترین ئاست لە ڕەمەکیبوونی دەقەکان دەخاتە دەرەوەی خۆی.

هەروەك ئەوەیە تۆ لە جیاتی بەنزین ئاو بکەینە ئوتومبێلێکەوە. ڕەگەزی بێ بنیات و زۆربەی خاسییەتە بابەتییەکان دەگرێتەوە گەر نەخرێتە زمانێکی بەهێز و بە گوڕەوە.

کەواتە دەقەکان لە ئامادەبوونی مەعریفیی سەردەمەکان چۆن دەمرن و چۆن دەتوانن گەورەترین پانتایی مێژوویی و زەمەنی لە ئەدەبدا بکەنەوە؟ چۆن لەبەردەم مەرجەکانی ژیاوەی سەردەمێکدا کە نووسەر بەشێکی ئەو ژیاوەیەیە، بەسەرکێشیکەر و چەسپاوی دەمێننەوە؟ گەر بێتو نووسەر وەك کیانێکی کامل نەڕوانێتە کێشەکان و جیهانبینییەکی دیاریکراو بۆ ڕوانین و تێڕامان و هەستەکانی نە دۆزێتەوە، کە لە توانایدا بێت چڕبوونەوەیەکی زەینی و مەعریفی لە دەقەکاندا بنوێنێ. ئەوا دەق جیهان بینیی نووسەر ناکوژێت، بەڵکو بنیاتی دەقەکان دەکوژێت. بۆ ئەمەش دەڵێین هەموو نووسەرێك جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها چڕبوونەوەی کێشەکانیش نزیکبوونەوە نییە لە خاسییەتە بابەتییەکان. بەڵکو بەکارخستنی دیاریکراوی کۆمەڵە مەدلوولێکی هەڵبژێردراوی نووسەرە و بە ناوەندیکردنی حاڵەتی جووڵەیەکی زۆر تایبەتی ئەو مەدلوولانەیە لە شێوەی بنیاتێکدا. کە لە دواییدا نووسەر لەوە دەگات کە چەندێك خیانەتی لەو بنیاتەی خۆی کردووە، کاتێك نەیتوانیوە هەست و زەینی خۆی لە بنیاتێکی بە هێزو داهێنەردا بەکار بێنێ.

جگە لەوەش هەموو دەقێك لە توانایدایە، جۆرە جیهانبینییەکی بچووك یا گەورە لە لای خوێنەردا دروست بکات. ئەمەش دەوری ئامادەبوونی بە نەخشەکردن و بەبنیاتکردنی دەقەکانە. ئەو خوێنەرەی چیتر دەبێ توانا و ئامادەبوونی ئەوەی تێدا نەمابێت تەنیا لە گەردوونی سۆزو هەستەکاریگەرەکانی تایبەتی خۆیدا بژێت. هەرچەندە ئەو دەیەوێ ئەم سۆزو هەستەی خۆی بخاتە قاڵبێکی شموولی و فراوانەوە. کەواتە ئاستی ڕۆشنبیری ، پەیوەستە کۆمەڵایەتی ، سیاسییەکان و چۆنێتیی مامەڵەکردنە جەوهەرییەکانی دەق، زۆرجار لە خاسییەتی بابەتییانەدا دەقاندنێکی سەرسوڕهێنەری سەرجەمئامێزی تێدایە ناگەنە دەرگەیەکی کراوە گەر بێتو نووسەر نەتوانێت لە قاڵبی بنیاتێکدا ئەو چوونەوە سەرە بابەتییانە بنوێنێ. لەهەمان کاتدا نواندنی دەسەڵاتی زمانەو ناگاتە دەرگەیەکی کراوەی تر لەبەردەم دۆزینەوەی بنیاتە جوداکانی دەقەکاندا. هەر لەم جیهانە بەرفراوانەی بەبنیاتکردنی دەقەکانەوەیە کە پەیوەستەکانی نووسەر بە جیهانەوە لەبۆتەی کێشەیەکدا دەنوێنێ، لەمەشدا ڕەها کردنی کێشەکان و کردنەوەی مەدلوولەکانی پەیوەستن بە ڕەها بوونی جووڵەی زمانی نووسەری دەقەوە لە پەرەپێدانی بنیاتی

دەقەکانداو لە شێوەی بە ئەندازیارکردنی زمانەوە، زمان لە جووڵەی بە دەلالەتبووندا، لە جووڵەی ئاماژە بۆکردنیدا هەروەك كاری ئەندازیاری وایە كە سەدەها شێوە و سەدەها ڕەنگ لە هەر شێوەیەكدا دێتە كایەوە. بۆ نموونە: كێشەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا لە چەند ئاستێكی جودادا بەدەلالەتكردنی ئەو كێشانەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆ نموونە بە درێژایی مێژووی ئەدەبی لە هەندێك جۆری ئەدەبدا، حاڵەتی ئیستاتیكی دەربڕین لە سۆزی سەر سوڕمان، جوانیی سروشت دەكات و ئەمەش پێداچوونەوەی جیهانبینیی فەلسەفی ، مەعریفی ، زانستی و هەستیاریی لەلادا دروست دەكات. لە بنەڕەتیشەوە نووسەر بەردەوام لە كێشەیەكی دووسەرەی دژ بە یەكدایە لەگەڵ سروشتدا كە ناتوانێت مەدلوولێكی یەكگرتووی بۆ بدۆزێتەوە كە لە توانایدا بێت تەبایی و تێگەیشتن و هاوسەنگییەكی مەزن لەنێوان ژیاوەی سەردەم و كێشەی سروشتدا بكاتەوە. ئەم حاڵەتەش دەلالەتەكانی قووڵتر دەبنەوە، بە لایەنی ڕوانینمان بۆ گەردوون، كە زۆرجار لەم هەستەوە نووسەر جارێك بەلای فانتازیاو جارێك بەلای ناماقووڵی و جارێك بەلای سوپەرمانێتی بۆچوونەكانی و جارێكیش بەرەو بێ هیوایی دەچێت.

دووبارە بوونەوەو هەڵێنجانی یەكەكانی مەعریفەی مرۆڤ لە ئەدەبدا، پەیوەستە بە گۆڕانی باری مرۆڤ لە جیهان و زەمەن و ژینگەدا. پەیوەستە بەو دەرهاویشتە دیاریكراوانەی بنیاتەكان كە زمان دەیانهێنێتە ئاراوە. ئەوەشی ئەم هەموو خاسییەتانە بەیەكەوە دەبەستێتەوەو ئەوەی ئەم هەموو كێشانەی مرۆڤ بە بوون و نەبوونەوە بە تەبایی و ناتەباییەوە بەیەكەوە دەبەستێتەوە، تەنیا لە پێناوی بەهاڵە وبە بازنەكردنی ژیاوەی خودی نووسەرە بە هەموو دەسەڵاتی زمان و مەعریفەو گەیشتنی خۆیەوە. ئەمەش هەروەك ئەو گەڕانانە وایە كە نووسەر لە گەرمەی گەڕانی بە دوای بە بنیاتكردنێكی دیاریكراوی خاسییەتێكی هەڵبژێردراوەوە، خاسییەتی تر و هەڵبژاردنی تر بدۆزێتەوە، لە خاسییەتە ئاساییەكاندا خاسییەتی نائاسایی دەدۆزێتەوە لە ڕاستییە ئاساییەكاندا ڕاستیی تر و گومانی تر دێنێتەكایەوە.

دەق دەتوانێت بە سەركەوتوویی خاسییەتی بابەتیی جۆراوجۆری مەعریفەی جودا بگرێتە خۆی. بەمەرجێك لەم ڕەهابوونەی كرداری نووسین بێ بەش نەبێتن. ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوەی هەموو ڕاستییەكانەوەیەو ئەو یەقینەی كە لە سەرەوەی هەموو باوەڕەكاندایە و ئەو قەناعەت و حەسانەوە و سارێژبوونەی لە ڕاڕایی و دوودڵی و گومانەكانەوەیە. ئەمەش بەڵگەیەكی بەهێزە بۆ بە دووسەرەبوونی خودی ڕاستی و

زانیاری و فەلسەفەی تایبەتی نووسەرەوە. چونکە پەیوەستی مرۆڤ بە خولْقاندن و لەدایکبوونی ڕاستییەوە، تەنیا لە یەك دەقداو لە هەزارەها دەقیشدا بەرەو یەك حالّەتی سەرتاپاگیردا دەچێت کە زۆر پەیوەستە بەیەك بنیاتیی دەقەکانەوە. گەڕانی مرۆڤ بە دوای ڕاستییە ڕەهاو نائاساییەکانی خۆیەوە کە بەباری خۆی لەگەڵ دەوروبەردا تێکهەڵکێش دەکرێ و دەلالەتی تری لێ دێتە کایەوە، لەو پەیوەستانەی کە لەبارە دەروونی ، مێژوویی ، زەمەنی و کۆمەلاّیەتییەوە، وەك کاریگەرییەکی پێش وەختە دەوری خۆیان دەبێت لە دروستبوونی دەقدا. ئەوەش هەروەك ئەوە وایە نووسەر هەموو کاتێك بیەوێت حالّەتێکی جودای یەك بنیاتی ناوەوەی بنوێنێت. هەروەك ئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بەسەر سامی بوون و بەگرفتاری بوونی بەباری خۆیەوە لەم بوونەدا دەیەوێت بەهایەکی یەکگرتوو میانگیر لەنێوان دژبەیەکی و ناتەباییەکانی بوون و مرۆڤدا بدۆزێتەوە و شوێنێکیش بۆخۆی لەم ئەزەلی بوونەدا بکاتەوە. مرۆڤ لە کاری گەڕان بەدوای بنیاتە جوداکانی ڕوانینی بۆ دەوروبەری خۆی، هەمیشە ڕاڤەی تراژیدیای مردن و مانەوە دەکات.

سەرجەمی ئەفسانە کۆنەکان هەموو جیهانبینییەکانی دەربڕینی ئەفسانەیی هەر لە میانی دۆزینەوەی بنیاتەکانی واتایە نەك سیفەتە جۆربەجۆرو جوداکان، لەنێو ئەو مەترسییانەی بەداویەوە بووە. لەنێو ئەو گرفتارییانەی بەرەو خاك و ئاسمان ڕایان دەکێشا. هەر ئەم خاسییەتە فەلسەفییە بابەتییەو هەر ئەم دەسەلاّتەی مرۆڤیشە کەبەرەو خولْقاندنی دەلالەتی نوێی بردووە لەجیهاندا. لەناونانی شتەکاندا سیمایەکی گشتی و سەرتاپاگیری بەها مەعریفییەکانی بخاتە دووتوێی سەرجەمی مێژووە جوداکانی خۆیەوە. حالّەتەکانی دژ بە یەکبوونی ناخەکی و کەلەبەر و دابڕانی مەعریفیی جیاواز لە نێوان پەیوەستەکانیدا، هەر لە دووتوێی گەڕانیدا بووە بۆ دۆزینەوەی بنیاتی واتا نەك واتای ڕووت بۆ کێشەکانی خۆی. کە ئەمیش کێشەی خودی مرۆڤە لەگەڵ بوون و جیهانی مانەوەو مردندا.

کەواتە کێشەی دەقەکان، بە هەموو خاسییەت و سیماجوداکانیانەوە بە هەموو ئاستە جوداکانی بەکێشەکردنی خودی مرۆڤەوە بناغەیەکن لە ژیاندا کە قالّبی جودای دەربڕین و گرفتاری و سحری ئەم بوونە دەبەخشن، هەر ئەم سیحرو گرفتارییەی جیهانی دەرەوەیە، لە پێناوی دۆزینەوەو بەخشینی شوێنێکی ماقووڵ بۆ خۆی کە مرۆڤ زمانی خولقاندووەو لە میانی زمانەوەش کێشەو پەیوەستە دەروونییەکانی خۆی بنیات ناوە.

هەموو بنیاتە جوداکانی ئەدەب دەربڕین کردنە لەم حاڵەتانەی کە گرفتاری و ترس و سەرکەشی و هەڵکشان و داکشانی ڕوانینی مرۆڤ ڕاڤە دەکەن لەم زەمەنەی بە هەموو قۆناغ و چەرخەکاندا درێژ دەبێتەوە.

هەموو دەقێکی ئەدەبی لە دووتوێی خۆیدا ڕاڤەی مەترسیی مردن و سەرکێشیی گەردوون و دژ بە یەکیی بەهاکانی دەکات و هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی ماقووڵ لە شێوەی پاساوێکی یەکگرتوودا. لەگەردوونێکدا تاقە مەدلوولی مردن و مانەوە، دەچێتە پشتەوەی هەموو جیهانبینییەکانەوە، وەك مەترسییەکی زیادو بەردەوامی ناخی خۆی کە هەمیشە مرۆڤ بەرەو پرۆسەیەکی بێ ئاگایی و دواخراوی کامل دەبات، تەنانەت وا هەست دەکەین مرۆڤ لە حاڵەتێکی سارێژکردنی دەروونی و چارەسەرکردنێکی کاتیی تراژیدیا گەورەکانی خۆی دەکات لە جیهانداو هەمیشە پاساوی کاتی و یاسای جێگیرو پاساوی نەزۆك و بەهێزیش بۆ ئەم هەستە خەفەکراوەی مانەوە لە مردندا دەهێنێتەوە. هەمیشە ئەم پاساوانەش لەدژبەیەکیبوونی ڕاستییەکان و لە بزربوونی یەك بنیاتیی خۆیاندا، ڕاستییەکی ناخەکیی هەستیاریی مرۆڤن و بنیاتێکی شاراوەی تر لە دەربڕیندا ڕاڤەدەکات.

زمان مرۆڤی فێری سیحری مانەوەو پاساودانی مانەوە کردووە. زمان مرۆڤی فێری یاخیبوون و بێ هیوایی و گەشبینی و هەموو حاڵەتە دژ بە یەکییەکانی مانەوە کردووە. بەڵام نەیتوانیوە تاکو ئێستاش یەقینێکی شموولی و سارێژکەری کۆتایی، بەم دەروونە شڵەژاوەی ببەخشێت. لەم کارەشدا زمان لە خودی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە خاسییەتی بەکێشەکردنی خودی مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە و لە پەرەپێدانی مەدلوولەکانی کێشەکانی مرۆڤیشەوە زمان پەرەی سەندووە هەموو دەقێکی ئەدەبی و هەموو ئاستێکی جودای گوتاری ئەدەبی و هەموو جۆرێکی ئەدەب، هەروەك پاشەکشێیەکی پاساو دراوی مرۆڤ وایە لەبەر جەستەکردن و لە تێکدان و لە ژیان و لە مردن و لە تراژیدیا دەروونی و زەینییەکانی خۆیدا. تەنانەت سڕینەوەی دەلالەت لە زمانیشدا بەشێوەی بزرکردنی قاڵبە یەکگرتووەکانی لە شێوەی بنیاتی دەقێکدا خۆیان دەنوێنن. هەروەها سڕینەوەی زمان لە هەموو مەدلوولێك لە هەموو سیفەت و حاڵەتێکی واتا، ئەو هەمیشە ڕەگەزەکانی پێشووی خۆی دەجوێتەوە، بەرەو پاساوی بەهێزتری مانەوە و هەڵاتن دەچێت.

کەواتە ئەم کێشانەی مرۆڤ بەدەورو بەرەوە، چۆن لە دروستکردنی بنیاتەکانی ئەدەبدا دەورو ڕەگەزێکی بناغەیی دروست دەکەن و چۆن وەك هاوبەشێکی بزری زمان، بنیاتی جیاواز دێننە کایەوە؟ زمان هەمیشە نواندنی بەسیستەمکردنێکی ناجێگیرو ناتەبایە،

هەمیشە نواندنی بنیاتی جودا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، دۆزینەوەی بنیاتە یوتوپیای دەقەکان دروست دەکات. ئەگەر بێتو ئەم بنیاتە جودایانە نەبوونایە، گەر بێتو بە کێشەکردنی خودی مرۆڤ نەبووایە، زمان تەنیا لە بازنەی ناوناندا دەمایەوە. بەبێ ئەوەی لە توانایدا بێت هیچ بەهایەك و هیچ حاڵەتێکی وردبوونەوە لە مرۆڤدا بخوڵقێنێ. هەروەکو گەڕانەوەی سەرەتایی مرۆڤ.

کەواتە زمان لە خودی خۆیدا چەندەها دابڕان و چەندەها سیستەمی جیاواز دەگرێتە خۆی و ئەوانیش لە خودی خۆیاندا چەندەها سیستەمی بچووکتر دەگرنە خۆیان. لە حاڵەتی دال و مەدلوولەکانداو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر سیستەمی جودای بنیاتی زمان دروست دەبێت. (دی سوسێر) و (بارت)یش ئەوەیان بەرچاو خستووە نیزامی دال و مەدلوول وەك نواندنێکی واتا لە زمانی فەرەنسیدا، بۆیان نییە دەلیلێك (ئاماژەیەك) دروست بکەن گەربێتو ڕستەکە فرمانێکی تێدا نەبێت و ئاماژە لە جووڵەی کارلێك کردنی دال و مەدلوولەکاندا دروست دەبێت و دەگاتە حاڵەتی وەسفیی کۆتایی شتەکان. بەڵام ئەم پێناسە و پێداچوونەوە و ئەم وردبوونەوەیە لە زمانی فەرەنسی، مەرج نییە لە هەموو زمانەکانی دنیا هەمان جووڵەی هەبێت. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمان لە ناخی خۆیدا سیستەمێك لە واتا دروستکردن هەڵدەگرێت کە لەلای هەر نەتەوەیەك جودایە کەواتە کێشەکانی دەق بەبنیاتکردنی بابەتی دەق هەڵدەستن و دەورەکانی زمانیش لە بە کێشەکردنی ڕوانین و تێگەیشتنی نووسەر لە دەرەوەی خۆی دەگۆڕێت.

زمانی کوردییش لە کێشە بابەتییەکانیدا لە سەرەتای دۆزینەوەو کردنەوەی مەدلوولی نوێیە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە کە لە سەرووی هەموویانەوە (لاوازیی زمانی کوردی، ڕۆشنبیریی ئەدەبی و سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتیی کوردییە، ئەمەش وای کردووە نووسەری کورد لە چەند وێستگەیەکی دیاریکراوی نووسیندا دەرنەچێت. ئەو وێستگانەی کە زۆرترین نووسەری کوردی تێدا کۆبووەتەوە، زمانی کوردی تاکو ئەم چارەکە سەدەیەی ڕابردووش بە پەرەسەندنێکی سەیردا دەچێت. ڕۆشنبیریی کوردی تا ئەم چارەکە سەدەیەش لە ناساندن و بەرچاوخستن و بڵاوکردنەوەی کولتوورەکەیدایە. ئەوە هەرباسی زانستەکانی تری کۆمەڵناسی و دەروونی و ئابووری و فەلسەفی هەر مەکە. باسی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی هەر مەکە، گەر بێتو سنعەتکارییەکی بە هێزی شێوازو بەکارهێنانی زمانی فرە دەلالەت نەهێندرێتە کایەوە، ئەگەر بێتو زمان نەگەیەندرێتە ئاستی بە دەنگهێنانی کێشە زیندووەکانی ئەم چەرخە، ئەگەر بێتو

گۆڕانكاری نەهێنرێتە ڕێچكەی نووسین و باری مەییوی بەكارهێنانی زمانەوە، لە توانا دا نابێت دەقە كوردییەكان بگەیەندرێنە ئاستی هەڵگرتنی كێشەی بەهێز)

نووسەر لە كاری نووسیندا هەمیشە بەقورساییەكی گەورەی بابەتییەوە بەرەو داهێنان دەچێت. ئەو قورساییەی زمان دەگەیەنێتە حاڵەتی ئاوسبوون. ئەو حاڵەتەی زمان وەك هەوری پڕباران لێ دەكات و مەدلوولەكانی والە نووسەر دەكەن نەزانێت لە چ خاڵێكی دەوڵەمەندی توانای دەربڕینەوە بچێتە گەردوونی نووسینەوە. نووسەر بە دەسەڵاتی زمان دەتوانێت شێوەی جووڵەو كاریگەریی مەدلووله ناخەكییەكانی بخاتە ڕوو. ڕەخنەش لەم پانتایی و لەم گەردوونەی دۆزینەوەی ڕەگەزەكانیدا، لە كێشەی دەقەكاندا دەرك بە چۆنێتیی پەرەسەندنی دەقەكان بكات كە شوێنێكی گرینگیان هەیە لە خودی بنیاتەكاندا.

هیچ دەقێك لە جیهاندا ناگاتە ئاستی كامڵبوون گەر بێتو ئەو دەقە لەسەر كێشی كردن لەگەڵ نووسەردا، وا لە نووسەر نەكات دەستەپاچە بەرامبەر بە دەقەكەی نەوەستێت و هەست نەكات كە ئەو چیتر ناتوانێت هیچ زێدەیەك بخاتە سەر دەقەكە. گەر نووسەر نەگاتە بەرزترین ئاست لە گرفتاری و مەستبوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت كە دەسەڵاتی زمان و بەكێشەكردنی دەقەكان لەجووڵەیەكی بەردەوام و جێنەگیرە و، دەقی ئەدەبی بۆی هەیە لە ئەزموونی یەك لە دوای یەكیدا چەند ڕێچكەیەكی دەوڵەمەند لە زماندا بدۆزێتەوە. كەواتە ئەم مەیدانە بەربڵاوە دەبێتە سیماو هۆی ناسینەوەو، مامەڵەكردن لەگەڵ دەقەكاندا. یەكەم ڕەگەزی چوونەوە سەری بابەتییانە و بنیاتنەرانە ئەوەیە كە دەق هەمیشە لە هەموو ئاماژەو دەلالەتەكانیدا گەردیلەی وردی كێشەكان هەڵدەگرێ و تاكو ئەو وردە گەردیلە بناغەییانە دەگەنە ئاستی بەكێشەكردنێكی سەرتاپای دەق و ئەو بنیاتەی كە لە ڕێچكەی یەكەم وشەی نووسینەوە بینا دەكرێ، هەموو ئەم جیهانانە دەگرێتە خۆی. دەق هەمیشە سیفەتێكی پلاستیكیی شێوە گۆڕی هەیە و تەنیا بە دۆزینەوەی ئەو بنیاتانە والاّ دەبێتەوە كە هەموو ڕەگەزەكانی زمان و واتاكانی لە شێوەی بە كێشەكردنی دەقەكاندا چڕ دەبێتەوە.

تێگەیشتنی نووسەر لە جیهانی دەوروبەری خۆی و لە توانای خۆی لە بەخشینی دەلالەتی گەورەو كارتێكەر بەم تێگەیشتنە، پەرەپێدانێكی بە هێزی بنیاتی دەقەكانە. بەلایەنی ڕەخنەشەوە ئەوەی گرینگ بێت چۆنێتیی دروستبوونی بنیاتەكانی واتا و زمانە لە یاساو دەستوورێكی بنیات نەرانە كە نەخشەی جووڵەی كێشەكانی زمان دیاری

دەکات. زمان هەمیشە ناونان و بەسیفەتکردن و بەجووڵەهێنانی شتەکانە. ئەم بە جووڵەهێنانەش لە بۆتەی کێشەیەکدا دەبێت کە پەیوەستی دەق لەشێوەی بنیاتێکدا دەخاتە بەرچاو بە نووسەرو جیهانی ناوەوەو دەرەوە.

بەڵام ئاشکرایە دەقەکان بەشێوەی جیاوازو جودا ئەم دەورانەی زمان و کێشەکان دەنوێنن کە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر، دەق وەك ئاوێزانبوونێك کارلەیەك کردنی واتای دووسەرە لە کێشەکاندا دەنوێنێ، گەر بێتو شێوەی کێشەکان بەرجەستەیەکی بنیاتنەرانەیان بۆ بدۆزینەوە ئەوا هەر لە دوو توێی دەقەکاندا ئەم کارە ئاسانتر دەبێت، چونکە هەروەك دەزانین نووسەر لە دەقدا، هەموو جیهانێك دەخولڤێنێ و پەنا دەباتە بەر دەیەها ڕەگەزی بنیاتنەرانەی واتا: بەمەش دەق لە خۆیدا دەقێکی کامڵ نییە گەربێتو لە جەوهەردا کێشەیەکی کامڵ و تەواو نەگرێتە خۆی. لەم کارلێککردنە دوو سەرەیەی زمان و کێشەکاندا، دەق چەندەها ڕووی واتاو فۆرم دەگرێتە خۆی. بەمەش چ زمان و چ کێشەکان لە کاتی بەدەلالەتبوونیان لە بارێکی جێگیردا نابن و بەردەوام قاڵبی شێوەو بنیاتی جیاجیا دەخەنە زمانەوە، بەمەش پەیوەستی زمان و دەق بە کێشەکانەوە، پەیوەندیی بنیاتنەرانەیە و تەنیا لە گیرسانەوەی کۆتایی دەقەکاندا دەگاتە باری تەواوی خۆی:




ئەگەر بێتو بیر لە شێوەی گونجانی دەقەکان بکەینەوە وەك یەکەیەکی یەکگرتووی زمان و بابەت وەك سیستەمێکی یەکگرتوو. بێگومان بە هەڵەیەکی گەورەدا دەچین. چونکە دەقەکان دەرهاویشتنی جودای ئەم دوو دەسەڵاتە لە نووسیندا دەنوێنن. هەر بۆیە دەق لە حاڵەتی ڕەهابوون و گەیشتن بە حاڵەتی کۆتایی بەدەق بوون، چەندەها ڕەگەزی سەرکەوتن و چەندەها بنەمای لاوازی و کەلەبەری جودا لە تەکنیك، بابەت و زماندا دەگرێتە خۆی. هەر ئەم کەلەبەرانەی کە لە سەردەمێکی دوور یا نزیکدا بە هۆی

پڕکردنەوەی ئەم کەلەبەرانەوە جیهانبینیی نویَ و تەکنیکی نویَ و مامەڵەی نویَ لەگەڵ دەقدا دێنێتە کایەوە.دۆزینەوەی ئەم ڕەگەزانە ئەستەمە بەبیَ دۆزینەوەی ئەو بنیاتەی کە گەورەترین و بەرزترین ئاست لە کامڵبوون بە بنیاتی سەربەخۆی دەقەکان دەبەخشیَ.

چونکە گەیاندنی واتاکان و وردبوونەوە لێیان دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە مەسەلەی نواندنی کێشەکان لە زماندا لە توانا و دەسەڵاتی نووسەردایە بە چەندەها ڕێگە و بە چەندەها ڕەگەزی زمانەوانی. شێوەی جودا و پەرەسەندنی جودا بەکێشەکان ببەخشێت لە دوو توێی چەند ڕێگەیەکی تازەدا. هەروەك جێنەگیرکردنی ڕوانینی خوێنەر و کردنەوەی ئاسۆی فراوانتری جیهانبینی لەلایدا. هەروەك کاریگەر کردنە سەر خوێنەر بە تەکنیکێکی شێوازداری نائاسایی، هەروەك ئەو تەکنیکانەی گەمەیەك بە چۆنێتیی بەرچاوخستنی بابەتەکان لەباری دژ بەیەکی و بە پێچەوانەکردنەوەی دەلالەتە باوەکان.

ئەم کارانەش لە نێوخۆیاندا بەش بەش دەبن و چەندەها ڕێگەی نوێتریان لیَ دەدۆزێتەوە. هەموو ئەم دەسەڵاتانەش لە دەسەڵاتی زماندایە لە چۆنێتیی دیاریکردنی ڕێچکەی دەق، لە چۆنێتیی بەخشینی گەورەترین ژیانی پڕ لە سەرسامی و تاسان لە بەخشینی زیندووترین ژیان بە دەقەکان. بەرامبەر بەمەش بەخشینی ئەم دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی گومڕاکەری بابەتیی کێشەکان. بۆ ئەمەش دۆزینەوەی بنەماو ڕەگەزەکانی ئاماژەبۆکردنی دەق هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی بنیاتی ڕەهای دەقەکان. بۆ دۆزینەوەی بنیاتی ژێرەوەی دەقەکان.

کەواتە لەتوانای هیچ ڕەخنەگرو هیچ نووسەرو لە توانای هیچ کەسێکدا نییە، بە خوێندنەوەیەکی یەك جارەکی و بەچاوخشاندنێکی گشتی، بیرێك و حوکمێکی کۆتایی بنیات بنێت دەربارەی هەردەقێك. لێرەشدا مەسەلەی کامڵنەبوونی دەق هەروەك مەسەلەی کامڵنەبوونی شموولییەتی هەر ڕەخنەیەکە. لە ڕاستیدا حوکمدانی بیَ بنەماو شیکردنەوەی نازانستی، مردنی هەموو ئەو ئاسۆ فراوانانەی شیکردنەوەی دەقەو کوشتنی هەموو بەهایەکی زانستییانەی ڕوانین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە. هیچ حوکمێك ناگاتە ئاستی بنیاتێکی کامل گەر بێتو هەموو پاساوەکانی وا لە خوێنەرێك نەکەن قەناعەت و سەرسامی و نوێبوونەوە نەهێنێتە کایەوە.

لێرەدا بەرەورووی پرسیارێکی گرینگ دەبینەوە دەربارەی دەوری زمان لە کێشەی دەقەکاندا وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزە بناغەییەکانی دەق.

کەواتە لێرەدا پرسیارێك بەرەو ڕوومان دەبێتەوە. ئاخۆ کێشەکان زەمینە بۆ خولقاندنی

زاراوەکانی نوێبوونەوە خۆش دەکەن، یاخود زمان لە خودی خۆیدا فراوانبوونەوە و داتاشینی بە زاراوەکردن دێنێتە کایەوە؟ هەموو دەزانین زمان وەك ئامرازێکی دەربڕین بەردەوام لە تازە بوونەوەدایە و هیچ میللەتێك و هیچ کۆمەڵگەیەك لە ئاستێکی جێگیری زماندا نەوەستاوە. لە ڕاستیدا ئەو لایەنەی شێوەی پەرەسەندنی زمانمان بۆ روون دەکاتەوە ئەوەیە کە زمان سیفەتێکی مێژوویی ڕوون و ئاشکرای هەیە. هەروەکو چۆن هەموو دەقەکان بە دووی یەکدا هاتنێکی مێژووییان هەیە. مێژووش بە واتای ڕووداوەکان، لە زنجیرە بە دوای یەکدا هاتنێکی زەمەنیدا، بوونی خۆی هەیە لە بنیاتەکانی دەربڕین لێکردندا و چەند خاسیەتی جودایان لە دوو تۆیدایە. بۆ نموونە بەکارهێنانەکانی وشە و دەلالەتەکانی لە زمانی فەڕەنسیدا بە پێی قۆناغە جوداکانی مێژوو بەکارهێنانی جودایان هەیە، ئەمەش سیفەتێکی تری زمانە لە گۆڕینی دەلالەتی خۆیدا و لە دروستکردنی واتای نوێدا، کەواتە زمان هەردوو سیفەتی تێکشکاندن و دروستکردنی واتاو خولقاندنی بنیاتێکی مێژوویی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، چڕبوونەوەی ئەم خاسییەتەش وای کردووە دەقەکانیش هەروەك ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی زمان، بنیاتی واتای جودا بخولقێنن. هەر لەبەر ئەمەشە گەر بڕوانینە بەناوبانگترین فەرهەنگەکانی زمانی فەرەنسی دەبینین ماناو دەلالەت لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا دەلالەتی جوداو دەوری جودایان پێ بەخشراوە. کەواتە زمان بەردەوام لە شێوە گۆڕین و خۆ فراوانکردنەوەو خۆپەرەپێداندایە و مرۆڤ بەردەوام دەلالەتەکانی زمان بە پێی پێشکەوتنی و گەیشتنی بە جیهانی دەرەوەدا دەگۆڕێت. ئەم خاسییەتانەی کە زمانمان بۆ دەردەخەن. هەروەك ناوەندێکی واتای گۆڕاو و وەك ئامرازێکی واتای نەچەسپاو لە بنیاتەکاندا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە هەر جیهانی دەرەوەیە کە لە ئاستێك لە ئاستەکانی لێکگەیشتندا زەینی مرۆڤ توانیویەتی پێش لەدایکبوونی بەخشینی شێوەیەك بە زمان، زمانی کردووەتە هێماو ناونان وەسفکردنی شتەکان، زمان بە بەهرەیەکی بەخشراوو نەخەڵقەندەیەکی نەگۆڕە، بەڵکو زمان لە ئازارو تراژیدیا سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە لە دایك بووە. یارییەکی زەینی و فانتازیی مرۆڤە لە جیهانی شتەکاندا و پەیوەندیی بەشتەکانەوە. لە هەمان کاتیشدا لە سەرەتای دروستبوونی ئەم هێمایانەی کە نهێنییان لە خودی وشەکاندا بووە زۆر ئاساییە کە وەك سیستەمێك بەربەرەکانێی نەکراوە بە سیستەمی ئاماژەی تر کە لە توانایدا بێت هەموو ئەم جیهانەی واتاکانی بوون بگرێتە خۆی.

لێرەشدا ئەوەی گرینگ بێ چەند سیفەتێکە لە زماندا کە پەیوەستن بە بنیاتە شاراوەکانی دەقەوە:

١- زمان لە خودی واتاو (موراديف) وشە لێکچووەکان و هێماکانیدا و لە مەجازدا بۆی هەیە لە کارلێککردنی وشەو ڕستە و پەرەگرافەوە چەند بنیاتێ لە واتا بگرێتە خۆی. کە نموونەش بۆ ئەم فرەواتایەی زمان (نالی) مەزنە کە دەشێ شیعرەکانی وەك زانستێکی سەربەخۆی دەلالەت لە زمانی کوردیدا بکرێنە سەرچاوە و گەڕانەوە سەر هەر سیفەتێکی پەرەسەندنی مێژوویی زمان ئەم ڕێچکەیەی بە زمان بەخشیوە.

٢- کێشەکان بەبێ زمان لە ناخی مرۆڤدا دەژێن. کێشەکان هیچ مەدلوولێکیان لێ هەڵناوەرێ بەبێ زمان و سیستەمی بە واتاکردن. هەروەك واقیعێکی ژیاوە. بەڵام ئەم بوونەی کێشەکان لە زماندا، پەیوەستێکی خۆسەپێنەرو تراژیدی و کپبوو و خەمناکە لە زەینی مرۆڤدا. کە کێشە دەگاتە حاڵەتی هەڵگرتنی زمان و زمانیش لە بەردەم کێشەکاندا لە هەڵکشان و داکشاندا دەبێ و لەم پەیوەستە و بنیاتێك لە واتا دروست دەبێت کە زۆر جودایە لە واقیعوبوونی دەلالەتەکان، نووسەر گەمە بە کێشەکان دەکات. نووسەر کێشەکان بەرەو بنیات دەبات. نووسەر کێشەکان بەرەو تێکەڵی و خەیاڵ و هەست و ئەفسانە و فانتازیا دەبات، مرۆڤ وەهمی داخستنی کێشەکان دەخولقێنێ و لە ناوەوەشدا کێشەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ناخیدا هەر دەژێن و ئەوەی دەیدرکێنێ نیوەی ئەمەیە کە هێشتا نە دۆزراوەیە و نیوەی ئەوەیە کە دەربڕینی لێ ناکرێ و نیوەی ئەوەیە کە دەلالەت لە بەرامبەریدا شکست دێنێ.

٣- هەر ئەم سیفەتانەو کاریگەرییەکانی ئەم سیفەتانەیە کە مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ هیچ نەبێ لەم سەردەمەی ئێستایدا بەرەو دوو بنیاتی بیرکردنەوە و دوو بنیاتی داڕشتن دەچێت.هەروەها یەکێکە لەو هۆیانەی کە نووسەر لە دەقەکاندا دەربڕین لە واقعێك بکات و لەواقعێکی تر بژێت و زۆرجاریش بێهوودەیی تر لە دەقدا دەهێڵێتەوە و بەشاراوەیی و بە دەلالەتی ناڕاستەوخۆ بەرجەستەی دەکات.

٤-نووسەر زۆرجار لە نووسیندا بەبیرێکی پێش وەختەی دیاریکراوەوە دەست بۆ نووسین دەباو لە تەواوبووندا سەری لەوە سوڕماوە کە بنیاتێکی واتایی تری خولقاندووە. ئەو بیرو کێشانەی کە وەك بوونێکی سادەو تراژیدی لە ناوەوەی نووسەردا دەژیی و نازانێت ئەو بنیاتەی بەم کێشانەی دەبەخشێت چ بنیاتێکی ئاشکراو ڕووکەشیان لە دوو توێدایە.

٥- نووسەر قەتاو قەت لە بەتاڵاییەکی بیرو بۆچوون و جیهانبینییەکی دیاریکراوی ئاست جوداو لە بەتاڵاییەکی دەلالی و هێما و ڕستە و وێنەیەکی زەینییەوە ناتوانێت زمان بەکاربێنێت، هەر ئەم ڕەگەزە مردوو و بێ بنیاتانەی مرۆڤن کە زۆرجار دەبنە هۆی وەرگرتن و تێکهەڵکێشیکردنیان لەگەڵ کێشەی تردا. هەر ئەم بابەت ئاوێزانەی ئامادەبوونی شتەکانە کە زۆرجار وا لە دەقەکان دەکات لە ناوەوەی خۆیاندا، خۆیان بە بنیاتێکی جێگیر نەنوێنن و ڕەخنەگر بە پێی جیهانبینی و بۆچوونی خۆی بۆ دەقەکان بچێ و بنیاتی واتا شاراوەکانی دەق بزر بکات و چەندەها بابەت بخوڵقێنی کە لە جەوهەردا دووربن لە بنیاتی شاراوەی دەقی نووسەرەوە ڕەخنە لەم کارەیدا خۆی و خوێنەر گومڕا دەکات.

ئەم شێوەیەی واتا لە مێشکی نووسەردا کرۆکی هەموو دەقێك پێك دێنێت. بەڵام بۆچی ئەم خاسییەتە پێکهاتەییە دیالکتیکییەی کێشەکان و زمان بەیەك ئاراستە و یەك باردا ناچن و بنیاتێکی ڕوون و یەك بنیات ناگرنە خۆیان؟

لە ڕاستیدا گەر بە وردی لە دەقێکی دیاریکراودا وردبینەوە، زمان لە بەکێشەکردنی دەقەکاندا لە مەودایەکی دیاریکراودا بهێڵێتەوە. چونکە زۆربوونی مەوداکانی دەربڕین و زۆربوونی هەڵبژاردنەکانی چۆنێتیی دەربڕین و هەڵبژاردنەکانی نووسەر بۆ ڕەهاکردنی دەسەڵاتی خۆی، هەمیشە بەرەو بەخشینی گەورەترین واتاو دەلالەت دەبن لە دەربڕین لێکردندا. چونکە هەروەکو وتمان هیچ دەقێك ناگاتە ئاستی تەواوبوون تا ئەو ساتەی نووسەر و هیچ کەسێکی تر لە توانایاندا نەبێت بەشێوەیەکی ئیحائیش دەست بخەنە نێو دەقەکەوە، کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە لە نووسیندا.

٦- هەموو نووسینێك سیفەتی ناکامڵی لە دووتوێی خۆیدا هەڵدەگرێت. نووسین هەمیشە پرۆژەیەکی ناتەواو قەناعەتی ناکامڵ و ئیستاتیکای ناکامڵەو ئێمەش هەر بەو ناکامڵییەوە وەری دەگرین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشداو هەموو دەقێك ڕەهایی و سەربەستی و سەربەخۆیی خۆی هەیە، کەواتە دۆزینەوەی بنەما سەرەکییەکانی پرۆژەی نووسین، دۆزینەوەی ڕەگەزێکی گرنگی ئەو بنیاتە بزرانەیە کە هەموو دەقێکی لێ پێك دێت. ئەم پەیوەستەی زمان بەکێشە و بە بنیاتی بزری دەقەوە هۆیەکە بۆناسینەوە و گەیشتن لە دەقەکان. چونکە پەیوەستەکان شێوەی ئاڵۆگۆڕکارو نەچەسپاویان لە دوو توێدایەو پەیوەندیی کێشەکان بە زمان و نووسەرەوە پێوەندییەکی (تراژیدی - فانتازی)ە کە لە پێش نووسیندا لە فەوزای بێ

بنیاتدایە و پەیوەندییەکی مەبەستدارە لە دەست دانە قەڵەم و پەیوەندییەکی بزرە لە تەواوبوونی نووسیندا. ئەم هەڵبژاردنە جودایانەی کە لە بەردەم نووسەردا دەکرێنەوە لە بەکێشەکردنی زماندا هەڵبژاردنێکی بێ بنیات و بێ نەخشەیەو لە دوای نووسیندا ڕەنگ دەدەنەوە.

ا ب ج د ...        ا ب ج د ...

فانتازیا        واقع

ا ب ج د ...        ا ب ج د ...

نووسەر  هەڵبژاردنی بابەتی  هەڵبژاردنی ئیستاتیکی

بیری سەرەتایی ⟷ ⟷ بنیاتی واتای شاراوە

زمان        شێوازی دەق        دەسەڵاتی هێما

ا ب ج د ...   ا ب ج د ...

ئەگەر بێتو هەوڵ دەین زیاتر نەخشەی پێکهاتەیی بنیاتی دەق و زمان ڕوون کەینەوە. دەبینین هەر ڕەگەزێك لەم ڕەگەزانەی پێکهێنانی دەق هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی جۆراو جۆریان لە دووتوێی خۆیاندا هەڵگرتووە. هەموو ئەو ڕەگەزانەی دەقیش لە پەیوەندییەکی دژ بەیەك و هەندێك جار تەبابووندا دەبن. ئەم زنجیرە کارلێککردنەی ڕەگەزەکانی دەق ئەستەمە لە کاری زەینیی مرۆڤ تاکو ئێستاش پێشبینی ئەو بنیاتە بکات کە نووسینەکەی لە سەری ئۆقرە دەگرێت، چونکە نووسەر هەروەك وتمان پێش نووسین خۆشی نازانێت بە چ سەرەتاو بە چ شێوازێکی سەرەتاییەوە نوێنەرایەتیی زمان بۆ بیرەکانی هەڵدەبژێرێت. لێرەشدا شتێکی گرینگە ئەوە ڕوون کەینەوە کە هەر دەسەڵاتی زمانە بە یەکەم ڕستەی دەست بە نووسین کردنەوە، بە یەکەم ڕستەی ناوونیشانەوە شێوەو بنیاتی یەکەمی دەق دیاری دەکات. تەنانەت لە حاڵەتی ڕوونەبوونەوەی ئەو بنیاتەشدا هەمیشە زمان ڕێچکەی دەق دیاری دەکات. هەر ئەو ڕێچکەیەشە خۆی لە بنیاتی بزری دەقەکاندا دەتوێنێتەوە.

نووسەر لە سەرەتای نووسیندا بە دەسەڵاتێکی جڵەوگیرنەکراو و ڕاڕاو دوودڵەوە دەست بە نووسین دەکات. چونکە لەگەڵ زۆربوونی هەڵبژاردنەکانی دەربڕین لەگەڵ دەسەڵاتی سەرەتایی بیرەکانیدا، ئەو هەمیشە دوودڵە لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی چاکترین سەرەتا و کۆتایی و چاکترین ڕێچکەو شێواز بۆ دەقەکەی. هەروەك دەزانین زۆر جار نووسەرێك

لەکاتی نووسیندا چەندەها جار نوشوستی دێنیّ لەوەی بە دەسەڵاتێکی ڕەهاو سەقامگیرەوە دەست بداتە قەڵەم. هەر بۆیە ئاڵۆزترین دەق خاڵە لاوازەکانی نووسین و بنیاتی ژێرەوەی دەق لە خۆیدا هەڵدەگرێت و هەر بەم شێوەیەش بنیاتی دەقەکەی دەنێت. ئەم ڕاڕاییەیەی نووسەرو بەخشینی مەودایەکی فراوانتر بە دەق، بەخشینی درێژبوونەوەیەکی زەمەنی بە دەق، شێوەی جیاواز، ڕێچکەی جیاوازو بنیاتی جیاواز بە دەق دەبەخشێت.

گرینگیی شێوازو ڕێچکەی دەق زۆرجار لە سەرەتاکەیدا دەبێت. لە هەندێك جۆری ئەدەبی دیاریکراویشدا لە سەرجەمی دەقدا دەبێت.

## پەیوەستەکانی زمان و کێشە و شێواز

**٤/ شێوازی دەق:**

شێواز، بە واتایەکی گشتی گەیاندنی واتاکانە بە ئاستی بنیاتێك لە ڕێچکەی دەقداو ناگاتە ئاستی بنیاتەکانی واتا. تەنیا لە حاڵەتی دروستکردنی پەیوەستی قاڵبەجوداکانی ناوەوەی یەك نەخشەی شێواز لەیەك دەقدا لە شێوەی جودای ئەندازەیی و هێلکاریدا. بەمەش شێواز تاڕادەیەك لاساییکردنەوەی واتاکانی دەقە بە سەدەها شێوە و بگرە بە شێوەیەکی بەرفراوان و بێ سنوور. هەمووشیان هەر لە ژێر دەسەڵاتی دیاریکراوی یەك بنیاتی دەقدا دەبن. ڕێچکەی نووسین جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شێوازی نووسیندا. ئەوەی جوانکاری و هونەرییەکانی دەق ڕوون دەکاتەوە و پەرەیان پێ دەداو بنیاتێکیان پێ دەبەخشێت، ئەو هەیکەل و نەخشە ستراتیژدارەی دەقەکانە کە ڕەگەزەکانی ڕێچکەی نووسین دەخاتە دوو توێی خۆیەوەو دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، تاکو تەباترین بنیات بەشێوازەکانی دەق، ببەخشێت لێرەشەوە ئەوەمان لەلادا ئاشکرایە کە شێوازی نووسین هەر وەکو بناغەیەکی گرینگ لە بناغەکانی دەق خۆنواندنی زمانە لە چۆنێتیی جووڵەیدا. ئەو جووڵەیەی شوێن بە ڕێچکەکانی گێڕانەوە دەگۆڕێت. ئەو جووڵەیەی لە یەك ڕێچکەی نووسیندا چەندەها وێنەی دەلالەتدارمان بۆ دەخاتە بەردەست. شێوازی دەق جووڵەی زمانە بەشێوەی بنیاتنەرانە و بە شێوەی هەیکەلسازی. ئەم کارەش زۆرجار کارێکی عەفەوییەو نووسەر گەلێك جار بە دووی شێوازدا دۆش دادەمێنێ و چ شێوازێك بە سەرەتای دەقەکە ببەخشێت هەر بە هۆی شێوازەوە ڕۆرجار لە دەقەکاندا پەردە لەسەر بنیاتەکانی دەلالەت هەڵدەدرێتەوە و دەگەینە ئەو جیهانە جێماو و پشتگوێخراوانەی کە سیحر و گرفتاریی زمان بە شێوەی شۆڕبوونەوە و پێچخواردن و خۆچڕکردنەوەی تاکەکانی ڕستەو دروستکردنی پەرەگرافی دەقەکان دەکەوێتە جووڵەو لەم جووڵەیەی زمانەوەش بەشێك لە بنیات و کێشەی دەقەکان ئاشکرا دەبێ.

بەڵام ڕەگەزە بناغەیی و زیندووەکانی شێوازی دەق کە وەك بە نەخشەکردن و بەرجەستەکردنی کێشەکانی دەق هەمیشە لە دووتوێی خۆیاندا نهێنیی دەلالەت و واتاکان دەنوێنن لە چۆنێتی بەرچاوخستنیان، بەمەش شێواز بەجارێك خاڵە ئیستاتیکی و خاڵە دەلالەتییەکان لە خۆیدا حەشار دەدات. ئاخۆ پەیوەستی شێواز لە بنیاتی ڕووکەش

هەروەك ڕەگەزە بناغەییەکانی تری دەق دەچێتە دوو توێی تەکنیك و ستراتیژیەتی دەربڕینی نووسەرەوە کە گەورەترین دەوەرەکانی لە چۆنێتیی بەرچاوخستنی لایەنەبابەتی و ئیستاتیکییەکانی دەربڕینە هەروەها شێواز هۆیەکی کاریگەرە بۆ وەرچەرخاندنی خاسییەتە بابەتییەکانی دەق و نەهێشتنی والآبوونی بنیاتەکانی واتای نووسەر.

بەمەش شێواز لە خودی دەقدا تەکنیکێکی یەکگرتووی کۆتاییپێهاتووی یەك ڕێچکە نییە و نووسەر لە دەقێکیدا یا لە چەند دەقێکدا بۆی هەیە بە چەند شێوەیەکی جودا شێواز بخاتە ڕوو. ئەو شێوازەی کە تەنیا بایەخ بە چڕکردنەوەی خاسییەتێکی بابەتی دەق دەدات. ئەو شێوازەی بەجارێك هەموو هێما و ئاماژە مەزنەکانی دەق لە خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەو شێوازەی ڕوویەك لە واتا دەگرێتە خۆی و لە ناوەوەی خۆیدا دەیهێڵێتەوە و ڕوویەکی تری واتاکان بەشێوەیەکی وا دەنوێنێ هەروەك واتای بناغەیی دەق بن. ئەو شێوازەی بنیاتی جودای خاڵە لاوازەکانی جیهانبینیی نووسەر دەگرێتە خۆی و دەیانخاتە بەشە گرنگەکانی کلیلی کردنەوەی دەقەکانەوە. هەروەکو چۆن بەربەستە ئیستاتیکییەکانی شاردنەوەی دەلالەتە جەوهەرییەکانی بنیاتی دەق لە خۆیدا هەڵدەگرێت لە هەموو دەقێکدا، لە هەموو نووسینێکدا شێواز لە دوولایەنی بنیات نانی دەقەوە کار دەکات.

١- ڕێکخستن، داتاشین و یەکخستنی دەلالەت کە ئەمیش لە چەند ئاستێکەوە دەبێت. هەروەکو دەلالەتە گومڕاکەرەکانی دەق و دەلالەتە جەوهەرییەکانی دەق بە چەند شێوەیەك دەخاتە ڕوو. بەمەش دەورێکی جەوهەریی دەبێت لە گرفتارکردنی خوێنەر لە خوێندنەوەدا.

٢- بەخشینی واتایەك و کۆمەڵە واتایەك بەو واتایانەی کە ئاسایین و بە زانینیان هیچ پرسیارێك لە لاماندا دروست ناکەن.

٣- گواستنەوەی واتاکان لە باری نەبوون بە ماددەی خوێندنەوە و پێداچوونەوە بە ماددەی پڕ لە دەلالەت بۆ خوێندنەوە.

لە ناوەوەی دەقەکانیشدا دەورەکانی شێواز ڕەنگاو ڕەنگن و ئێمە تەنیا ئەو ڕەگەزانەی شێواز وەردەگرین کە دەوریان هەیە لە بنیاتی دەقدا. شێواز لە خودی خۆیدا ڕەگەزێکی بەش بەش و یەکنەگرتووە چ بەلایەنی نووسەرەوە و چ بەلایەنی پەیوەست بوونی نووسەر

بـە دەقـەوە و چ لـە نـێوانـی بـنـیـاتـەکـانـی واتـای دەقدا. هـەروەك ئـەوەی شێواز لـە بـیری نـووسەرو بـنـیـاتـی زمـانـدا هـیـچ سەرەتـایـەکـی ئـاشکرای نـەبێت. هـەروەك ئـەوەی لـە نووسینەکانی نووسەرێك کە بەیەك شێوازی نووسیندا دەق بنیات بنێت، نەتوانێت تا سەر ئەو شێوازە لە یەك بۆتەی دەربڕیندا رابگرێت.

بەمەش شێواز لە بابەت و کەسایەتی و زەمەنی دەقەوە بۆی هەیە دەوری جوداو رێچکەی جودا بگرێتە خۆی. ئەمرۆکە زیاتر لە هەموو سەردەمێك، شێوازەکانی نووسین تێکەڵ بە یەك دەبن و ئاستی جودا لە دەق دروست دەکەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شێواز لە بنیاتی خۆیداو بەم بەش بەشییەوەی نەتوانێت لە دەقدا شێوەیەکی یەکگرتوو بە خۆی بدات. چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە خولْقاندنی زمانی گوتن لە دەقەکاندا. ئەو زمانەی هەموو کاتێك لە جیهانی دەوڵەمەندی دەلالەتەکاندا سەرسامـمان دەکات بەوەی کە چەندێك لە تێگەیشتنی ئەم جیهانەدا ڕوانینەکانمان سنووردارن. بەمەش شێوازی نـووسین لـە زۆربـەی دەقـە داهـێنـەرەکـانـدا بـەش بـەشیکردن و دروستکردنـی گومـان و جێنەگیرکردنی ڕوانینەکانی خوێنەرە، تاکو لە کۆتایی خوێندنەوەی یەکەم و هەندێك جار سێیەم و چوارەمیش، نووسەرو دەسەڵاتی زمان لە بنیاتنانی شێوازدا و والا دەبێت. بەمەش شێواز لە خۆیدا گەردوونی هەموو زمانە بەش بەش بووەکانی گێڕانەوە دەگرێتە خۆی. ئەو زمانانەی لە بۆتەی شێوازێکی یەکنەگرتوو لە ڕووکەشدا و تۆکمە لەناوەوەدا، کار دەکەن. هەر لە چوونە گەردوونی دەلالەتەکانەوە، شێواز، وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ دەخاتە دەقەوە، بەمەش وەرچەرخانێك دەخاتە دەقەوە کە جودایە لەگەڵ وەرچەرخانی بابەتی دەق، دەشێ لـە دەقـێکدا خـاسیـەتـی بـابـەتـی لـەم وەرچـەرخـانـدن و دەورانـەی شێواز دامـاڵدرێت. بەڵام دەق دەبێتە دەقێکی ناکامڵ و بێ بنیات و بێ جیهان.

ئەگەر بڕوانینە دەق دەبینین بنیاتێکی مەبەستداری شاراوەی هەیە و ئاشکرایە شێواز یەکێکە لە ڕەگەزە جەوهەرییەکانی دەق، لەو ڕەگەزانەی دەچنە دوو توێی نەخشەیەکی سەرجەمگیریی دەقەکانەوە. ئەم بنیات و نەخشەیەش لە هەمان کاتدا چڕکردنەوەی سەرتاپای دەلالەتەکانی دەقەو ئەمەش ڕاستە و زۆر جار دەگەنە حاڵەتی لە ناوبردنی زۆر لە دەلالەتەکانی دەق. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە ئەو بەردەی کە سەرجەمی هوڕووژمی ئاوی تاراوگەیەکی لە سەردا پەرش دەبێتەوە. بنیاتی ژێرەوەی دەقیش ئەو بنیاتەیە کە سەرجەمی کێشەو شێوە و دەلالەتەکان دەگرێتە خۆی و جیهانێکی دەلالەتی نوێ دروست دەکات، شێوەیەك لە زمانی زۆر پەرەسەندوو دێنێتەکایەوە، بە سیفەتی

دروستکردن و ئاراستەکردنێکی بە نموونە کردنی نووسین، نەك بە سیفەتی تاکەکانی وشەو زۆرکردنی هێماکانی دەق.

بەڵێ شێوازی دەق هەروەك وێنەو نەخشەی بەرچاوخستنی کێشەکانە کە لە ڕێچکەی خۆیدا بنیاتێکی شاراوە دروست دەکات و چەند بارێکی جوداو چەند نموونەیەکی جوداو چەند ئاستێکی جودا لە شڵەژانی زەینی لە ڕەخنەو خوێندنەوەی ڕەخنەییدا دێنێتەکایەوە. ئەوەی بە شێوەیەکی یەك لاکەرەوە و بنەڕەتی کار لە چۆنێتیی جووڵەی بنیاتی شاراوەی دەقەکان دەکات و ناهێڵێت دەقەکان وەك ناوکێکی جلەوگیرکراو بن لە خوێندنەوەدا، هەموو ڕەگەزەکانی وێنەی جووڵەی زمانە کە یەکێك شێوەی دەقەو شێوازی دەربڕینە.

کەواتە ئەلتەرناتیفی شێوازی دەق نابێتە بەرجەستە کردنێکی زۆری خاسییەتی بابەتییانەی دەق و نەدەشبێتە دەربڕینی ڕاستییەکانی دەلالەت بە شێوەیەکی ڕوون. چونکە ئاشکرایە واتاکانی دەق بەبێ جووڵەی زمان لەشێوەو شێوازدا بەبێ بنیاتنانی ئەو واتایانەو دیسیپلینکردنیان بە شێوەیەکی داهێنەرانە، بەهای ئەو واتایانە بەشێوەیەکی بەربەرەڵای بێ بنیات و بێ نەخشەدا دەمێننەوە. شێوازی دەق هەمیشە بە کۆمیدیا کردنی نووسین دەچێ و زۆرجار نووسەر دەخاتە بارێکی واوە لە ناخەوە گاڵتە بە کارەکەی خۆی بکات، لەوکاتەی نووسەر دەیەوێت گەورەترین و بەهێزترین شێوەی داڕشتنی چەند بەربەستێکی وەهمی و ئیستاتیکی لە خوێندنەوەدا بکاتەوە. هەروەك ئەوەی کەسێك ئەو سیحرەی کە بە دەست سووکی دەکرێ و گرفتارمان دەکات و ئیحای سیحرمان لەلادا دروست بکات. لێرەشەوە هەر نووسەرێك لە دەقێکدا جیهانێکی بەربڵاوی بێ سنووری سیستەمی بە شێواز کردنی واتاکانی زمان دەخاتە دەقەوە. هەر بۆیە نووسین لە کاری بە شێوازکردنیدا هەروەك پاساودانێکی بەردەوامی نووسەر دەکەوێتە بەرچاو. تاکو بە گۆڕینی شێوەکانی واتا، باوەڕ بە خوێنەرێك بێنێ کە ئەو لە خودی خۆیدا و لە هەزمکردنی دەقەکاندا لەوانەیە لەلای هەندێك کەسدا ڕوانینی ئەو تێپەڕ دەکەن. نووسەر هەمیشە لە کاری نووسیندا خۆی دەخاتە سەرەوەی ئاستی ژیانی ڕۆشنبیری و واتای ئاسایی جیهانبینی خوێنەرەوە، نووسەر هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات گەورەترین پاساوو بەهێزترین بنیات بۆ مەبەستەکانی بدۆزێتەوە کە هەموو دوو سەرەیی بیرو کەسایەتی و بابەتەکانی زەینی خۆی بەرجەستە دەکات و چەند بنیاتێکی تێکهەڵکێش لە ڕووکەشدا و دابڕاو لە ناوەوەدا دەخاتە دەقەوە.

هەمیشە لە نووسیندا ئەو شەرم و ئەو خۆدزینەوانەی واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت کە لە

دەقەكانیدا بنیاتێكی كامڵی زۆر بە سیستەمكراوی زمانی ئاسایی دێنێتە كایەوە، ئەو سیستەمەی ئاماژەكانی، بنیاتە رووكەشەكانی ڕەگەزە تێكدەر و بنیاتنەرەكانی سەر بە هەموو كونجێكی دەقدا دەكەن. ئەمەش لە هەمان كاتدا دۆزینەوەی ئەو كاریگەرییە دەروونییانەیە كە وشە و ئاماژەكان هەڵیان دەگرن، وەك ڕەگەزی بچووكی درەوشانەوەی ئەو بنیاتە شاراوەیەی دەق.

**٥/ زەمەنی شاراوەی دەق**

ئەوەی دەلالەت و مەبەستە شاراوەکانی دەقێکی دەوڵەمەند یەك دەخات. ئەو سیستەمە نییە کە نووسەر بەرچاوی دەخات. ئەو بنیاتە نییە کە لە یەك ئاراستەی واتا رووکەشەکانی دەقەوە سەرچاوە دەگری. ئەو بنیاتەی واتا نییە کە ئاماژەکانی لە سەرەوەی دەقدایە، بەڵکو سیستەمێك لە واتایەکە نزیکە لە سیستەمێکی ئیحائی لە واتای زۆر بزرو هەندێك جار ئاشکرای دەقیش. ئەو ئیحایانەی کە لە ژێرەوەی بنیاتەکاندا نووزەیان لێوە دێ و بە دەنگی کزو پڕ دەلالەتی سەرمان دێننە سۆڕمان، ئەم بنیاتەش لەم واتاو لەم چەرخەی ئێستادا بووەتە بناغە بۆ هەموو سیستەمێکی واتای ژیانی کامل کە لە زۆربەی جیهانە جوداکانی ژیانماندا ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە ئەمڕۆکە لە چەرخی بنیاتی دووسەرەی کەسایەتی و بیرکردنەوە و کارکردندا دەژین. ئێمە ئەمڕۆ لە چەرخێکدا دەژین ڕاستی ڕەها هەروەك ڕاستییەکی گومڕاوایە ڕاستییەکان لە ناوەوە دەمرن و بە زمانی جودای ڕووکەش دەژین. بۆچی ئەم ژیانە و پەرەسەندنی ژیان بەم بارە لە دەقەکانیشدا ڕەنگ نەداتەوە؟

بۆیە بنیاتی شاراوەی دەقەکان لە هەموو دژبەیەکییەکان و بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەکانی نووسەردا، هەموو دەلالەتەکان دەچنە ژێر ڕکێفی یەك سیستەم لە واتای ئیحائیی زۆر زیندووەوە. مرۆڤ فانتازیاو دروستکردنی زمانێکی تری شاراوە فێربووە، زمان لە دەورە باو و ئاشکراو ڕووکەشەکانی کەوتووە، زمان لە خۆیدا بەش بەش و یەکنەگرتووبووە کە ڕەنگدانەوەی ناخی بەش بەشی نووسەرو مرۆڤە. هەر کێشەو پەیوەستە ئاڵۆزو ناتەباو تراژیدیاکانی مرۆڤن کە دەچنە گیانی بنیاتی شاراوەی هەموو گوتراوەکانی ئەم سەردەمەوە. خوێنەر هەموو کاتێك دەبێ لە داخوازی و بەرچاو خستنەکانی دەقدا، وەك هاوبەشێکی گرینگی داهێنانی دەق لە خوێندنەوەی ڕەخنەییدا، بیری بەلای سیستەمێك لەواتادا بچێت کە لە دەقدا بەشێوەیەکی ئیحائی دەژیت. بەمەش پەنجە دەخاتە سەر ئەو کێشانەوە.

چونکە خوێندنەوە هەر خوێندنەوەیەکی زاتییەو ئێمە زۆرجار زاتی پەرگەندەو بیری ماندووی خۆمان لە دەقێکی دیاریکراودا دەدۆزێتەوە. ئەم پەیوەستەی نێوان خوێنەرو

دەق سیفەتێکی ئیحائیی رووتی هەیە و ئەمڕۆکە خوێندنەوە بە قەد ئەوەی بەکێشەکردنی زاتی خوێنەرە، ئەوەندە مەعریفی نییە. دەبێ خوێندنەوە لە خۆیدا جۆرە پرسیارێك بخوڵقێنێ کە لە دەق جودا دەبێتەوەو جیهانێکی کامل لە واتا بۆخۆی بنیات دەنێت. بەمەش لە خوێندنەوەی زمانی نووسەر جودا دەبێتەوە. لە سیستەمەکانی واتای نووسەرەوە سیستەمێکی تر لە واتا دەخوڵقێنێ، ئەم خوێندنەوەیە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی نوێی زمان و دواندنی ئیحایی نووسەرو خوێنەرە. لەگەڵ ئەمەشدا هەڵسەنگاندنی بەراوردکاری و خوێندنەوەی بێ لایەنانە ئەو گەردوونەیە کە خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستێکی فرە ئاسۆو ڕوانین و پێکەوەنانی هەموو ڕەگەزەکانی پەیوەستە ناڕاستەوخۆکانی نێوان خوێنەرو دەق. بەڵام وەك بنیاتی تاکوتەرای دەق و وەك بە کێشەکردنێکی زمانی دەق، هەموو ئەم بەرجەستەبوون و ڕاڤە بوونەی خوێندنەوە و واتا، لە پەیوەستی دوو سەرەی ئیستاتیکی و بنیاتی واتاشدا دەتوێنێتەوەو تاك بینایەکی تر بە دەق دەبەخشێت کە کاریگەرییە ژێرخانەکانی دروستبوونی ئەو بنیاتانەو نەخشەی دەقمان پێ رادەگەیەنێ.

ئەم بنیاتە دەربڕین لە جووڵەی هەموو سیستەمەکانی دەق دەکاو ئەستەمە ئەم تاك بنیاتەی دەق بخرێتە ژێر یاسایەکی ڕەهاوە.

هەر بۆیە دۆزینەوەی ئەم بنیاتە لە دەقەکاندا لە کارێکی ئیحائیی و بیناسازیی واتاو جووڵەی شێوازی دەقەوە هەموو خاڵە لاوازو نووشتانەوەکانی دەق ئاشکرا دەکات لەبەردەم خوێنەردا. ئەو خوێنەرەی لە هەموو کاتێك زیاتر باوەڕی بە زۆربەی ڕاستییەکانی سەردەم و کەسایەتی و واتا نەماوە و لە ڕوانین و ناخێکی بەش بەش و تراژیدیی دەروونییەوە دەڕوانێتە دەقەکان. هەر ئەم ڕوانینەشە چێژێکی گەورەی لە دەقەکانەوە پێ دەگات.

بەلایەنی ئەدەبی نوێ و کۆنی کوردییەوە بۆ نموونە: هەردوو شاعیری (نالی و گۆران) گەورەترین بنیاتە شاراوەکانی دەق لە شیعرەکانیاندا هەڵدەگرن و بەرجەستەی کاریگەرییەکانی (ئیحائیی – تراژیدی) دەقیان کردووە، جیهانبینیی هەردوو شاعیریش و زۆر لە شاعیرانی هاوزەمانی خۆیان وەرچەرخانی زمانە لە دەلالەتی جێگیرو جیهانبینیی جێگیر. کەواتە ئەم ڕوانینە ئیحائی تراژیدییە دووسەرەیە، بناغەیەکی گرینگە لە ڕێچکەی کێشەی دەقەکاندا. ئەمەش جیهانی خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ دەکاتەوە لە دەقەکاندا، خوێندنەوەیەك لە سیفەتی سەرتاپاگیری و شمولی خوێندنەوەی

ڕەخنەییمان لەلادا دروست دەکات.

کەواتە هەر بە هۆی گەیشتن بە ئاماژەکانی ئەو ئیحایانەوە، هەر بە هۆی ناسینەوەی کێشە (سایکۆ – بنیات) ئامێزەکانی دەقەوە، هەر بە هۆی سیستەمێکی شاراوەی بەرجەستەکراوەوە، دەتوانین لە بنیاتی ئەو دەقانەو چۆنێتیی دروستبوونیان بگەین. ئەو بنیاتانەی لە ڕووکەشدا دەربڕین لە جۆرە پەیوەستێك و لە جۆرە لێکخشاندنێکی دیاریکراوی نووسەر دەکەن لە دەقداو لە ژێرەوەش زمانێکی تر دەخوڵقێنن کە بزرەو بنیاتێکی شاراوەو مات لە خۆیاندا دەکەنەوە. بنیاتی ژێرەوە و شاراوەی دەق دواندنی زمانی ڕۆح و کیان و زەینی نووسەرە کە لە ناخەوە دەماندوێنێ و وامان لێ دەکات بکەوینە دەرەوەی دەق و دەق دەبێتە وێستگەی دەرپەڕینمان بەرەو جیهانێکی هەمە ڕەنگ و یەك بنیات.

دەست بە سەرداگرتنی ئەو حاڵەتانە لە دوو توێی پێناسەیەکی دیاریکراوی بنیاتنەردا، دۆزینەوەی واتاکانی پشتەوەی واتا بەرچاو خراوەکانە. بەمەش بنیاتی ژێرەوەی دەق جێگیربوونی کۆتایی خۆی لە هەر دەقێکدا بەشێوەیەك دەبێ و چۆنێتی دروستبوون و هاتنەکایەوەشی بە جۆرێکی جودا دەبێ. چونکە ئەم بارە سەقامگیرەی بنیاتی ژێرەوەی دەقەکان پەیوەست بە دەلالەتەکانی دەقە بە خاسیەتی بابەتی و جووڵەی زمانەوە بەبێ کۆتایی دەلالەتی بێ سنووری یەك بنیات دروست دەکەن. ئەمەش لە ئەنجامی کار لێککردنی سەرجەمی بنیات و ڕەگەزەکانی زمانە لە دەقداو ئەو بنیاتە شاراوانە لە تەنیا مەغزایەکی دیاریکراوی دەلالەتدا خۆیان دەدۆزنەوە. ئەو مەغزایەش ڕۆحی کێشەی دەق و کێشە زمانەوانییەکانی دەق دەنوێنێ. بێگومان هەموو ڕەگەزە جەوهەرییەکانی دەق لە خزمەتی دروستکردنی زمانێکی تر دەچێت. ئەو زمانەی ناچێتە دوو توێی سیستەمەکانی لێکدانەوەی سەرجەمی لێکۆڵینەوە بنیاتنەرەکانی ئەمڕۆکە. چونکە ئەم بنیاتەی ژێرەوەی دەق، هەموو ڕەگەزەکانی زمان و دەق و زەینی نووسەر لە بنیاتێکدا دەتوێنێتەوە کە زۆر جودایە لەگەڵ ئەو تۆڕەی کەواتاکانی دەقی دەچێتە دوو توێوە.

هەموو دەقێك نهێنییەکی گەورەی واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت کە هەموو خاسییەتێکی بە دەقبوون و بە بنیاتبوونی شاراوە لە خۆیدا هەڵدەگرێت. کەوابێ دەقی هەموو میللەتان بەدەرنین لەم خاسییەتەی دەق. چونکە زەمەنی ئەم سەدەیە زەمەنی سەنعەتی دەروونی دووبنیاتە. هیچ نووسەرێك لە جیهاندا بۆی نییە ئەو بنیاتە لە سەرەتاوە دیاری بکات کە شێوەی نووسینەکەی لەسەردا دەگیرسێتەوە. چونکە جووڵەی زمان لە زەینی نووسەردا

جووڵەیەکی ڕەها نییە و لە ژێر دەیەها کاریگەریی تایبەتەوەیەو لە داڕشتندا قاڵبی جودا دەردەکاتە دەرەوەی خۆی تاکو لە دەقدا بەرجەستەیان بکات. هەر ئەم جووڵە زەینییەی نووسەریشە وەرچەرخان و ڕەگەزی بەلاڕێ بردنی ئیستاتیکی و هونەری لە خوێندنەوەدا دەکاتەوە. هەر ئەم جوولەیەش وا لە نووسەر دەکات هەر لە سەرەتای نووسیندا نووسەر بەکیانێکی شڵەژاوو لاوازەوە دەست بۆ دەسەڵاتەکانی بەرێت لە دەربڕین لێکرندا. لە سەریەك ئاستی نووسینیش جێگیر نابێت و زۆرجار دەستبەرداری ئەو ڕێچکەیەش دەبێت کە بە هێزو گوڕێکی زەینی و هەستیارییەوە بۆی دەچێت. واتە دەسەڵاتی بە پڕۆژەکردنی نووسین لە ڕێچکەیەکدا بزر دەکات.

هەربۆیە نووسەر تاکو نەگاتە سەر ڕێچکەیەکی دیاریکراو لە نووسینەکەیدا، ناتوانێت لەسەر شێوازێکی ڕوون بگیرسێتەوە. بەمەش کاری نووسین ڕەنگدانەوەی جیهانی بەش بەش و دوو سەرەیی مرۆڤە کە نووسەر بۆ خوێندنەوە دەیخاتە بەرچاو، لە دەروونێکی شڵەژاوو جێنەگیرەوە سەرچاوە دەگرێ. هەروەك ئەوەی نووسەر لە پێناوی بنیاتێکی تردا زمان دەخاتە کێشەوە. لەمەشدا بەرجەستەکردنێکی زۆری بیری لە دەقێکدا بزربوونی پەیوەستەکانی زمانە لەناو خۆیداو بزرکردنی ئیستاتیکایە، کە خوێنەر بەرەو گومڕایی دەبات، چونکە هیچ نووسینێکی داکۆکیکەر لە بیرێکی دیاریکراوی بە تیۆریکراو بە قازانجی دەق ناشکێتەوەو زمانێکی دروستکراو و مەرجدار دێنێتە ئاراوە کە زۆر لە ڕەگەزەکانی تری دەوڵەمەند بوون لە دەق دادەماڵێ و دەق دەبێتە دەقێکی ڕووکەش لە خوێندنەوەدا خوێنەر بەرەو مەیین و گومڕایی دەبات، هەر وەکو چۆن شێوازی دەقیش شێوازی دەرەکی زمان نییەو جوولەیە، ئەم ڕەگەزانەی نووسین ئەو تەکنیکە زۆرگرنگانەن کە خۆیان لە دوو بنیاتی دەقدا دەتوێنێتەوە، هەر لە دەقە ئەفسانەییەکانەوە، هەر لە دەقە کلاسیکییەکانەوە باری کۆتایی یەکگرتنێکی زەمەنی و توانەوەیەکی لە شێوەی بنیاتێکی بناغەیی سەربەخۆو یەکگرتنەوەی هەموو ڕەگەزەکانی تری نووسین.

کەواتە هەموو دەقێك خوێندنەوەی ئەو پەیوەستانەی نووسەرە کە کێشەکانی مرۆڤ دەنوێنن. لە بنیاتی کەسایەتی و بنیاتی زەمەنی و بنیاتی هەست و خەیاڵ و ئەو واتا دیاریکراوانەی دەقێك دەگرنەوەو تێکەڵکردنیان لە بنیاتێکی شاراوەی تری دەقدا، کە هەموو بنیاتەکانی تری واتا دەگرێتە خۆی و شەرعییەتی جموجۆڵ و فراوانبوونەوە و چڕبوونەوە و پەرەسەندن و گەشانەوەو ماتبوون بە دەق دەبەخشێت. ئەم بنیاتەش

زۆرجار جیهانێکی کامل و تەواوی دەقەکان و لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بنیاتەی زەمەن و کێشەکان سەربەخۆیی خۆیان هەیە لە دەقەکاندا. بەڵام بە پەیوەستێکی ناخەکیی قووڵەوە بە بنیاتی شاراوەی دەقەوە، دەبەسترێتەوە، هەروەك ئەوەی کێشەکان و زەمەنەکان وەك یەکەیەکی سەربەخۆی دروستبووی زەمەنی دەق وابن. لە دوو توێی خۆیان و زۆرجار لە دووتوێی کاردانەوەیەکی دیاریکراودا دەبن یا لە دوو توێی بۆچوون و تیرامانێکدا خۆیان دەتوێننەوەو لەگەڵ تەواوبوونی دەقدا بانگێشە بۆ بنیاتێکی تر دەکەن و دەبنە هۆی گێڕانی دەوری پاشکۆگیری لە دەقدا. هیچ دەقێك بۆی نییە، لە دەسەڵاتی هیچ دەقێکدا نییە لە زمانی زەمەنێکی سەر بە دەقەکەی خۆی دەربازی بێت و هیچ دەقێك لە بازنەی زەمەنی مەرج و ئەو جیهانەی بەرچاوی دەخات ڕزگاری بێت، تەنانەت لەو ساتانەش کە دەقێك بە هەموو چەمکەکانییەوە دەلالەتی زەمەنیی تێدا نەبێت لە ڕووکەشدا،ئەوا لە ناخەوە هەڵگری زەمەنی دەقە لە بنیاتی شاراوەی واتاکانیدا. ئەو زەمەنەی کە بەردەوام ئاماژەی جودا بە ناسینەوەی ناسنامەی خۆی دەسەپێنێتە سەردەقەوە. تەنانەت لە شیکردنەوەی بنیاتگەریی چیرۆکیشدا دەق زەمەنی شاراوەی خۆی هەڵدەگرێت. بەمەش زەمەنەکانی دەق پەیوەست دەبن بە حاڵەتی وەسفی و ناوو ئاوەڵناو و ناسینەوەی حاڵەتی دەروونیی پاڵەوان و هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە دەق پێك دێنن.

کەواتە دەقەکان جگە لە زەمەنی ڕاستەخۆی بەرجەستەکراو، زەمەنی ناڕاستەخۆو شاراوەشیان هەیە و زۆرجار لە دەلالەتەکانی دەقەوە بەرجەستە دەبێت لە لایەکی تریشەوە تێکەڵکردن و تێپەڕاندنی زەمەنەکان لە یەکتردا نووسەر هەوڵ دەدات زەمەنێکی ڕەهاو جێنەگیرو بێ بنەما لە دەقدا بنیات بنێت، هەر لە بزربوونی ڕێچکەی زەمەنی دەقەکانەوە، زەمەنێك دێتەکایەوە کە ناوەکی و ناخەکییەو هەر تەنها گەشانەوەیەکی کورتی نووسەر بەرجەستە دەکات، هیچ کاتێکیش لە بنیاتی دەقدا داناماڵدرێن و زۆرجار خودی مەدلووکانی زەمەن دەبنە کێشە و بنیاتی سەرەکیی دەقەکان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کێشەی دەق لەگەڵ زەمەندا کێشەیەکی دیالێکتیکیی بازنەییەو زەمەن و کێشەی دەق لەگەڵ خاسییەتی سەربەخۆبوونیاندا لە دەسەڵاتی یەکتریشدا دەتوێنەوە. تەنیا دەسەڵاتێکیان بە بنیاتی سەربەخۆی دەق دەبەخشن، هەروەکو چۆن ئەمەشمان بۆ دەسەلمێنێت کە کێشەی دەقەکان زۆرجار بنیاتی شاراوەی دەقەکان پێك دێنن و خۆیان لەو بنیاتەدا دەشارنەوە و هەموو دەسەڵاتێکی سەربەخۆبوونیان دەبەخشنە لەدایکبوونی بنیاتی دەق، ئەم خاسییەتانەش خاسییەتی زۆر گۆڕاوو بناغەیەکی زۆر نەچەسپاو و

ئاڵوگۆڕكاریان هەیە لە دەقدا و تەنیا لەگەڵ دۆزینەوەی بنیاتی كۆتایی دەقەكان دەتوانین سەربەخۆیی و جووڵەی ئەم بنیاتانەی زەمەن و كێشەكان بدۆزینەوە.

بەمەش زەمەنی دەقەكان لە پەیوەستێكی بناغەییدان لەگەڵ ئەو بنیاتەی كە لە ژێرەوەی دەقدا دەجووڵێ. ئەم بنیاتەی زەمەنیش بنیاتێكی تێكهەڵكێشە و لە یەك ئاستدا ناگیرسێتەوەو بەردەوام لە دەقدا دەلالەتی شاراوەو نوێ دەكەنەوە، شانبەشانی بنیاتی شاراوەی دەق.




بێگومان زەمەنی دەق بەتایبەتی لە دەقە نوێكانداو بە پێچەوانەی زۆربەی دەقە كلاسیكییەكان، مەدلوولێكی شاراوەیەو دەربڕین لە مەسخبوونی دەلالەتی زەمەنی دەكات لە ئامادەبوونی خاسیەتێكی كێشەیی دەقەكاندا.

زەمەن كە سیفەتی بنیات و مەدلوولی شاراوە و تێكهەڵكێش دەخاتە دوو توێی خۆیەوە، لە هەمان كاتدا بەبێ مەرجی پێش وەختەو بەبێ گرینگیدان بە واتاو مەدلوولی بە زەمەن كردنی ڕووداو بەرجەستەی زەمەنێكی بە كێشەكراو دەكات لە بنیاتێكی شاراوەی زۆر ماتدا. بەمەش زەمەن هەروەك سیستەمێكی جودا لە سیستەمەكانی دەربڕین لێكردن و لێكگەیشتن ئاماژەی جودا دەهاوێتە دەرەوەی خودی خۆی. ئەم بنیاتە لە دەسەڵاتێكی شاراوەدا دەبینن، لە پشتەوەی وەسفەكاندا هەستی پێ دەكەین، لە پشتەوەی گفتوگۆكاندا دەركی پێ دەكەین. لە پشتەوەی خاسییەتی مێژوویی دەقەكاندا دەیخوێنینەوە، لە پشتەوەی بە سەرهات و گۆڕانكارییەكانی تێكەڵبوونی كەسایەتی لە جیهانی دەوروبەریدا تووشی دەبین. هەموو ئەم خوێندنەوانەی زەمەن لە دەقەكاندا بنیاتێكی بچووك پێك دەهێنن لە دەقێكداو هەموو لە پەیوەستبوونیان بنیاتی شاراوەی دەقەوە هەروەك ڕێچكەیەكی یەك بنیات خۆیان دەخەنەڕوو. لە هەمان كاتیشدا ناسنامەیەكی (ئیستاتیكی – دەلالەتی) بە دەق دەبەخشن و ڕەگەزێكن بۆ دۆزینەوەی ڕێچكەی بنیاتە شاراوەكانی دەقەكان.

ئەم دەورانەش ئەگەرچی بنیاتی سەربەخۆ دەنوێنن. بەڵام لە هەمان کاتدا تەنیا لە مەدلوولی بەگەڕ کەوتنێکی دینامیکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بزری دەقەکاندا ڕێچکەیەك لە دەقدا دروست دەکەن کە هەندێك جار زۆر هەست پێ نەکراون و پەیوەستێکی ژێرخانی بە هێز بەرجەستە دەکەن. هەروەك ئەوەی دەقی هیچ نووسەرێك بەبێ ئەم بنیاتە شاراوە زەمەنییە کامل نابێت کە زۆر جار نووسەر لە کاتی بێ ئاگاییەکی بێ مەبەستدا، مامەڵەی لەگەڵ دەکات و بنیاتێکی دیاریکراو دەخاتە سەر زەمەنی دەق کە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، لە باری مەیین و جووڵە و لە باری تێکهەڵکێشی و لە باری مەسخبوون و بنیاتناندا و لە باری ڕووکەشدا جێگیرو لە ناوەوەدا پڕ لە جووڵە، دەورەکانی دیاری دەکات و لە یەك بنیاتدا بەرجەستە دەبێت. زەمەن لە جەوهەردا لەدەلالەتدا کار دەکاو لەگەڵ دەلالەتی بنیاتە شاراوەکانی سەردەمەوە زیندوویێتی بە خۆی دەبەخشێت و جووڵە بەخۆی دەبەخشێت و زۆرجاریش لە دەقێکی دیاریکراودا زۆربەی ئەم دەورانە تێکەڵ بەیەکتر دەبن.



**٧/ پێداچوونەوەی کۆتایی بنیاتی شاراوەی دەق.**

ئـەگـەر بـێت و لـە چـەمکـەکـانـی (نووسەر – دەق زمـان) وردبینـەوە. دەبینین بـەلایـەنـی چۆنێتی بە دەلالەتبوونیان لە کارێکی ئەدەبیی دیاریکراودا، زمان بەرەو سیستەمێکی جودا دەبەن. ئەو سیستەمەی کە تەنیا لە ئیحای ئاماژەی واتاکانەوە، لە کونجە زۆر شاراوەکانی دەقەوە نهێنیی خۆیان ئاشکرا دەکەن. بەمەش هەموو دەقێك لە جیهاندا نـاوکـێکـی (مـەعـریـفـی – وەسفـی – فـەلسەفـی – زەمـەنـی – کـەسایـەتـی – بـابـەتـی یافانتازی... هتد) تێدایە. هەندێك جاریش ناوکێکی دەلالەتی دەروونی وەك (هەست ، سۆز ، خەم ، خەیاڵ هتد...) دەکاتە بناغەیەك بۆ دروستبوون و بنیاتنانی سیستەمێك لە واتا، کە لەودەقانەدا دەبنە کارگەیەك بۆ دروستکردنی سەرتاپای مەدلوولەکانی دەق. هەروەك ئەو زەنگەیە کە ڕێگە بە کرانەوەی نووسین دەدا و بنیاتی تەواوی دەق دروست دەکات.

مەدلوولی شاراوەی دەق، هەموو بنیاتەکانی زمانی بوونە، سیستەمی شاراوەی دەق بنیاتێکی گۆڕاو و شێوە گۆڕە و لە دوو سەرەبوونی بیری مرۆڤی نووسەرەوە لە دایك دەبێت. ئەو بنیاتەی جیهانێکی ڕووکەشی ئاشکرا دەخاتە بەردەم خوێنەر و لە ژێرەوەی ئەم زمانەشەوە بنیاتێك دەشارێتەوە کە دەربڕین لە ڕاستی و واقعێکی مەسخکراو دەکات. نووسەر لە نووسیندا نامرێت. بەڵکو بانگەواز بۆ مەسخبوونی واتا خۆش دەکات. لەو ساتەی لە هەموو وێستگەکانی واتادا بە چەواشەکردنی خوێنەر هەڵدەستێت و تەنیا نەگوتراوەکانی دەق لە دوو توێی سیستەمێکی تری واتادا کە لەلایەن دەرهاویشتنە مەعریفی و ئەدەبییەکانی ئەو شارستانێتییەی کە ئەدیبی تیادا دەژێت دەکەوێتە کێشەوە.

بەمەش هەردوو خاسییەتی تەبایی و گونجاو و دژ بەیەك، یەك بنیاتی شاراوە و دووسەرە بوونی دەق، خاسییەتی تر بە دەق دەبەخشێت. هەر ئەم سیستەمەی واتایە کە لە دوو توێی رەوت و ئاراستەیەکی شارستانێتیی دیاریکراوەوە بەرەو جڵەوگیرکردنی دژ بەیەکی واتاکانی کاریگەریی ئەم شارستانێتییە دەچێت لەسەر مرۆڤ.

ئەو مرۆڤەی کە سیفەتی دەروونی و دووسەرەیی وتن و کردارو دووسەرەیی چۆنێتی گەیشتنی لە جیهان و گەردوون لە قووڵایی ناوەوەی دەدوێ و شتێك دەخاتە بەردەست و شتـێکـی تـر لـە نـاوەوەی دەقـدا دەشارێتـەوە. ئـەو ڕێکـەوت و ئـاراستـەیـەی کـە بـەرەو

جڵەوگیرکردنی واتا دەچێ. لە هەمان کاتدا بە ناکاملبوونی واتاکان خۆی مەسخ دەکا و واتا دەکوژێ و بە گەمەی شێوازو زمان خوێنەر بەلاڕێدا دەباو دەیەوێ وشیارییەکی ناخەکی لە دەروونیدا بکاتەوە. تەنیا هەر لە پێناوی ئەوەی ئەو واتایانە بشارێتەوە کە لە ناخیدا گڕ دەسەنێ و ئازارێکی گەورەی تراژیدی لە ناوەوەی خۆیدا دەردەکاتە دەرەوە و زۆر جاریش باوەڕی بەم دەرکردنەی ناخ و والابوونی نییە.

هەر بۆیە چەند سیستەمێك لە واتاو بنیات لە دەقدا دەکاتەوە، بەمەش ئەوە زۆر ئاشکرایە کە کێشەی نێوان دەقەکان لە بنیاتی ڕووکەش و پەیوەستبوونی شاراوەی لەگەڵ بنیاتی ژێرەوەی دەق، کێشەیەکە لە نێوان دەروونێکی دەستەمۆکراوی ڕاهاتوو لەگەڵ دەرهاویشتنە باوو تەباکانی سەردەم و دەروونێکی یاخی لە دەرهاویشتنە باوو تەباکانی سەردەم. دەروونێکی یاخی و مات و رەها کە دەربڕین لێکردنی ناماقووڵییەتی کیانی نووسەرو بەڵکو بوونی نووسەرو زەینی مەسخبووی نووسەر دەنوێنێ لە زماندا. لەو کاتەی ئەو ناتوانێت بە هیچ بنیاتێك و بە هیچ هێزێکی ئاشکراو باوی زمان ئەم دەرهاویشتنە ناخەکییەی (دەروونی – دەق) بخاتە ژێر ڕکێفی دەربڕین لێکردنەوە، لە مەشدا زمان گەورەترین سەرکێشیکەر دەنوێنێ کە لە سات و زەمەنێکی دیاریکراودا ڕاستییە بزرو کپ و ماتەکانی ناوەوەی نووسەر دەنوێنی. بەمەش دەگەینە ئەوەی کە واتا لە بناغەوە نوشوستیی هێناوە بەرامبەر بەیەکەو ڕەگەزەکانی ڕێکخستنێکی تری زمان. ئەو ڕێکخستنەی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەلالەتی وا کە بە سەر دژ بە یەکیی زمانی نووسەرو سەردەم و واتاکانی سەردەمەوە تێپەڕ دەبێ و لە هەموو یاساکانی دەربڕین و زمان دەردەچێت. ئەم پێوانەیە لە هەمان کاتدا سەرکەوتن و نوشوستیی دەقەکانمان بۆ دەخاتە روو لە زماندا، لە واتادا، لە نواندنێکی پڕ لە جورئەتی گێرەشێوێنی بنیاتئامێزی وا کە لە توانایدا بێت ئەم دوو سەرەیەی بنیات تێك بشکێنێ.

ئێمە لەسەردەمێکدا هەست بە بوون دەکەین، بەڵام بوون بە هەموو بیرو زانست و گەڕانەکانی مەعریفی و سیستەمەکانیدا بەرەو بوونێکی وەهمی دەچێت. ئەو بوونەی دەیەوێ قەناعەت بەناخی دوو بەشمان بێنێ، لەبەر دەم تراژیدیا گەورەکانی نێوانی (مرۆڤ – مرۆڤ) و (مرۆڤ – جیهان) و (مرۆڤ – بوون) و (مرۆڤ – مردن) دار زۆر لە پاساوەکانی بە پەراوێز کردنی خودی خۆمان، لە جیهانێکی بە دواخەری کێشە سەختەکاندا بەرجەستە دەکەین. ئەو دواخستنەیی سیستەمێك لە واتای بۆ مرۆڤ خوڵقاندووە کە گەڕانەوە هەروەك کارێکی نامومکین بێت، لە نێو رەوتێکی دیاریکراوی بە

سیستەم کراودا. گەشبینییەکان لە ڕەشبینییەکانەوە دەخولَقێن و بە پێچەوانەش، بەمەش مرۆڤ ڕۆژ جلَەوی واتا یەك بنیاتەکان لە دەست دەداو واتای دووسەرە دەدۆزێتەوە. هەر بۆیە مرۆڤ خواوەندی واتای شتەکان و زمانی بوون نییە. مرۆڤ لە دەرەوەی بووندا دەژی بە هەموو بارە تراژیدیاکانەوە لە ئەمری واقیعدا دەژی و دەلالەتی وەهمی بە خۆی دەبەخشێت. فێری گەمەیەکی کاتی بووەو کێشە بناغەییەکانی لەگەڵ خۆی و جیهان و گەردووندا هەروەك خۆی ماوەتەوە.

ئەوەش دەمێنێتەوە بلَێین، بنیاتی شاراوەی دەق، حالَەتێکی ڕەهای بوونێکی بێ نموونەو جەوهەریی بوونێکی ماتی ڕاستەقینەی (دەروونی – فیکری – زمانەوانی)ی نووسەرە و لە هەر دەقێکیشدا حالَەتێکی ڕەها بوونی خۆی بەشێوەیەکی جودا لە دەقێکی ماتدا دەدۆزێتەوە و زۆرجاریش ئەو بنیاتە دەیەها واتای جیاواز لەیەك بنیاتدا کۆدەکاتەوە و زۆرجاریش ئەم خاسییەتە هەلَەی لێکدانەوەی جودای دەقەکانمان بۆ لێك دەداتەوە، بە دەقئاوێزان یا دەقاندن لێك دەدرێتەوە، چونکە دەشێ بنیاتی بیرکردنەوە دوو دەقی جیاواز دروست بکاو دەشێتیش دوو دەق یەك بنیاتی بیرکردنەوە دروست بکەن.

دەقاندن بە پێی بنیاتی شاراوەی دەق، لێکدانەوەیەکی هەلَەیە و دەشێ لەم بۆچوونەمانەوە ناوی (سیستەمی بیرکردنەوەی لێکچوو)ی لێ بنێین، بە مەرجێك لە بنیاتی ژێرەوەدا یەك بنیاتی شاراوەی دەق پێك بێنن، بە مەرجێك لە ئاستی ناس (ثیمە)ی لێکچووش دەرچنە دەرەوە. چونکە ناسی بنیاتەکانی واتاش زۆرجار هەلَخەلَەتێنەرن و یەك بنیاتی شاراوەی دەق پێك ناهێنن با لە ڕووکەشدا بەرەو یەك ئاراستەی بابەتییش بچن و هەروەها بنیاتەکانی ناسی دەق زۆر دەبن لە دەقەکانداو یەك بنیاتی جێگیریان نییە و بەمەش نابنە بنیاتی جەوهەریی دەق. چونکە بنیاتی شاراوەی دەق لەم ئاستانەی واتادا ناوەستێ و خەسلَەتێکی (بنیات – واتا) ئامێزی هەیە و ڕەگی خۆی لە هەموو دەلالەتەکان و شێوازەکانی دەقدا دەدۆزێتەوە.

جگە لەوەی بنیاتی شاراوەی دەق هەروەك بە فانتازیاکردنێکی هەموو شتە بەرچاوخراوەکانی دەقێکی دیاریکراوە و کە ڕەنگدانەوەی باری مرۆڤی گرتووەتەوە و سەرتاپای بیرو بۆچوونەکانی گرتووەتەوە. ئەمەش بەدەر نییە لە هەموو دەرهاویشتنە جۆرکاری و نوێخوازە لە قەلَەمدراوەکانی دەقەکان. هەروەك ئەوەی بلَێین هەموو پەنجەکانی مرۆڤ، هەر پەنجەن و لە دەورەکانیاندا ناوی تایبەتی خۆیان هەبێ. بەمەش نە وشە ڕووکەشەکان دەربڕین لە حالَەتی تەواوی مەدلوولەکانی یەك شت دەکەن و

نەدەلالەت وێنەیەکی زەینی تەواوی ڕەهایەو دەربڕین لە حاڵەتی کاملبوونی نووسین بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەقی ئەدەبی و هەر دەقێك خاسییەتێکی جودای هەیە لە شێوەی دەق. نەك تەنیا حاڵەتێکی بزری واتا دەبینێت، بەڵکو هەروەك گەڕانەوەیەکی بنیاتئامێزی ڕێچکەی گەڕانەوەیەکی سەرەتاییە بۆ مانابناغەییەکانی تێکەڵبوونی مرۆڤ بە دەوروبەری خۆیەوە. پێش ئەوەی سیستەمێك بۆ لێکدانەوەکانی داهێنیّ لە قاوغی بنیاتێکی تاوتویّ کراودا. بەمەش بنیاتی شاراوەی دەق هەڵگرتنی خاسییەتی مەسخبوونی هەموو دال و مەدلوولەکانی دەقە و لە تاقە بنیاتێکی ڕەهادا، دروستکردنی زمان و مێژوو بۆ خود دروستکردنی سیستەمی تەقینەوەی ئەو خودەیە لە ناونانی شتەکانی دەوروبەرو دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفێکی تر بۆ تاسە و هەست و واتاکانی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەو شتانە. بەم پاساوەش ئاڵۆزیی پەیوەستەکانی مرۆڤ نیشان دەدات بە دەرەوەی خۆی.

بنیاتی نووسین هەرچییەك بێت. هەر کوشتنی هەموو ئاماژەکانە لە زنجیرە کارلێککردن و کارتێکردنێکدا کە خود بەرەو مات بوونی دەرخستنی بنیاتێك لە واتای تر دەبات لەم گەردوونەدا، گەردوون لە خودی خۆیدا بنیاتێکی سەرەتایی کێشە ئامێزی چارەسەر نەکراوو بەدواخراوی خۆی هەیە لە ناوەوەی زەین و بیرکردنەوەماندا. بەمەش مێژووی مرۆڤایەتی لە خۆیدا مێژوویەکی بنیاتئامێزی دوو سەرەی دژ بە یەك و یەکنەگرتووە، مرۆڤ هەر لە سەرەتای مێژووەوە لە زماندا مەدلوولەکان دەخولقێنیّ، دەستبەرداری مەدلوولی تر دەبیّ. شارستانییەتەکانی مێژوو، نەمانی حکوومەتەکان و سەرهەڵدانی سیستەمی حکوومیی تر، هەر بەلابردنی کۆمەڵە مەدلوولێك و هێنانەکایەوەی مەدلوولی نویّ دەناسرێنەوە. هەروەك گەڕۆکێك مرۆڤ بەدوای دۆزینەوەی مەدلوولی نوێتر دەگەڕێت کێ دەزانیّ لەوانەیە سەرتاپای ئەم ژیان و مێژووە سەیرەی مرۆڤ لە وەهمی مەدلوولەکاندا بژێت کە ئەوەندە ژیانێکی سەخت و دژ بەیەك و ناتەبایە و خاوەنی مێژوویەکی ئەوەندە پەرش و بڵاوو دوو سەرەیە.

## بەیاننامەی تیۆری بنیاتی شاراوە – ٢٠٠٦

ئاخۆ پاساوی نووسین چییە؟ بۆچی دەنووسم. چۆن دەنووسم. نووسین بوونێکە لە ڕاستی یاخود فرتوفێڵێکی زمانەوانییە بە ڕەوشت کراوە؟ ئایا زمان بەر لە نووسین بوونی هەیە؟ زمان پاش نووسین چۆن بوونی هەیە؟ ئایا ماناکانی نووسین مانای تەواوی بەرجەستەکراوی خۆیان هەڵدەگرن یاخود پەردەپۆشی بوونێکی تری مانا دەکەن؟ ئایا تیۆر وەستانە لەسەر ڕەهایی بوون لە خوێندنەوە یاخود دەشێ تیۆر لە ئازادیی خۆیدا خۆشی بخاتە سەر خوێندنەوە و گومان لێکردن؟ ئاخۆ نووسین لە پێناوی هۆکارێکی جوانکاری یا ڕەوشتی یا فیکری یا فەلسەفی یا مێژووییدا دەنووسرێ یاخود هەموو ماناکان لەخۆ دەگری یاخود لە بناغەوە خۆ فریودانێکی سارێژکەرە لە نێو بانگەشەو ڕاگەیاندنێکی پاساودارادا؟

پاش ئەزموونم لەگەڵ خوێندنەوە و نووسین بۆ ماوەی ٢٢ ساڵی پێش ساڵی ١٩٩٦. ئەم پرسیارانە هەمیشە وەکو کێشەیەکی بوونایەتی بوون بەلامەوە و هەموو خوێندنەوەکانم لە ڕەخنەو ئەدەبدا لە فەلسەفەو فیکردا تێربوونێکی باوەڕپێکراویان لە لامدا دروست نەکرد. لەوکاتەی هەموو تەوژم و قوتابخانەو ڕەوتە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکان، کێشەی مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و بوون، مرۆڤ و ژیانیان، دەخستە چوار چێوەی یەك ئاراستە لە پەرەسەندنی زمان و ناوەرۆکی دەقە نووسراو و نەنووسراو و نمایش کراوو بەڕووداوکراو و دروستکراوەکانەوە. پاشان ڕەخنە لە بارە مێژووییەکەیدا کارلێك کردن و یەکتر ڕەتکردنەوە و کاریگەری و لایەنداری و ئایدۆلۆژی و نەهلیستی و سنووردانانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئەنجاش سنووردانان بۆ دەقەکان و دوایش نوشوستیهێنانی زۆر لە تەوژمە ڕەخنەییەکان لە لێوان تیۆرو پراکتیکدا.

ئاشکرایە ڕەخنەی شموولی و کراوە لەو مێژووەدا بوونێکی کامڵی نەبووە. ئەگەرچی هەوڵی زۆری تێدایە هەروەکو چۆن ئەو ڕەخنەیە نەیتوانی هەموو ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ و دەربڕین لەخۆکردن و زمانەکەی بگرێتە خۆ. چونکە هەموو تەوژم و دیاردە ڕەخنەییەکان دەقیان بە بوونێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدا و دانیان بەم بەمێژوو بوونە ناوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ هۆکارە سەرەتاییەکانی پێش نووسین، هەروەکو چۆن مانای دەق لە تیۆریی بنیاتی شاراوەدا، هەموو نووسراوو نمایشکراو و بەرجەستەکراوێکی هونەری دەگرێتەوە، هەموو دیمەن و وێنە و خەون و گفتوگۆیەکیش

دەگرێتەوە. هەموو ئەمانە بۆیان هەیە شێوەی دەقێکی هونەری یا ئەدەبی یا هەستیاری یا بوونایەتی بگرنە خۆیان. لێرەوە تیوریی بنیاتی شاراوە، وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەیە و لە بوونایەتییەوە بەرەو شیکردنەوەی نەبوونایەتی دەچێت لەو شوێنەی ماناکان تەنیا بریتین لە گەردیلەی بیر و وشەی کۆنترۆڵنەکراو و ئازاد و بێ بنیات و دەربڕینکردن لە هەموو ئەم پرسیارانەیە و بیرکردنەوە لێیان. دەبووایە تیۆریی بنیاتی شاراوە پێناسێکی جیاواز بۆ کێشە و زاراوە زانراوەکان بدۆزێتەوە کە وای دەخواست گفتوگۆ و کارلێکی بنیاتنەرانە بێ لەگەڵ هەموو ئەو بوارانەی لە ڕەخنەدا تاکو ئەمڕۆ زانیاری و ڕێگای جیاوازیان خستووەتە بەردەم خوێندنەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم هێزی بیرکردنەوەی خود یان هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز لەو کولتوورە مرۆڤایەتی و خۆجێییانە، هەمیشە بناغەی هەموو لێکدانەوەکان بووە. کەواتە دەبێ باس لە ڕەگەزە بنەڕەتی و پێکهاتەییەکانی تیۆری بنیاتی شاراوە بکەین، بە شێوازێکی چڕو ساکار.

## چەمکی بنیات

بنیات بوونێکی پەڕگەندەیی و جووڵەی بوونایەتی ئازادی مانایە کە بوونی مرۆڤ وەك ناوەند لە گەردووندا دەخاتە پرسیارو بیرکردنەوە. ئەو بوونانە لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتیان بریتیە لە کرۆکی کێشەکانی مرۆڤ و بوون و هەموو کردنەوەو پاشان نووسینەوەیان یا بە ئاخاوتن لێ دروستکردنیان دەبنە بنیاتێکی سەرەتایی بۆ بە مێژوو کردنی مانا. بۆ نموونە: بابەت، ناوەرۆکناسی، (ثیمە) مانای پێکهاتوو گەیوو، هەموو لە بناغەوە بەسەدان هەزار شێوازی ماناوە بۆ بیرکردنەوە لە گەردووندا، ئەوانە بنیاتی بە مێژوو نەکراون کە پەیوەستن بە خودی مرۆڤەوە و مرۆڤ لە خوێندنەوەوە هەوڵ دەدات بە نووسینەوەو ژیان لەگەڵیاندا بنیاتێکی ڕووکەشیان بداتێ و لە بنیاتی سەرەتایی خۆیان دەریان کات.

بنیاتە سەرەتاییەکان هەموو نهێنیی مرۆڤبوونیان لەخۆگرتووەو سەرجەمی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دەخەنە کێشەوە. هەر لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی ئەو بنیاتە سەرەتاییانەی کە هەڵیان دەگرن و پاشان بە چەسپاندنیان لە یادەوەریی مرۆڤی خوێنەرەوە کە ئەو بنیاتە سەرەتاییانە مۆرکی بنیاتێکی ڕووکەشی سەرەتایی وەردەگرن. ئەو حاڵەتە بە نووسینەوەی زارەکی و خەیاڵیی یەکەمینی دادەنرێ. هەر بۆیە هەموو نووسینێك هەموو بوونێکی دەنگی و وێنەیی و خەیاڵی بیرکردنەوەی جیاواز، بە پێی پۆلێنکردنی بیستن و بینین و بیر لێکردنەوە.

که یەکێك لە بوونی ماناکانی خۆی، مرۆڤی خوێنەر پێی دەگات هەوڵ دەدات ئەو مانایە لە باری سەرەتایی بنیاتبوونی دەست لێنەدراو دەرکاتە دەرەوە و بنیاتێکی تازەیان پێ ببەخشێ لە بیری خودیانەی خۆیدا کە کەسی تر پێی نەگەییوە و بیری بۆ نەچووە. هەر بۆیە نووسینەوە، لە بارە سەرەتاییەکەی بوونی نووسەریشدا پاش تەواوبوون و کاملبوونی ژیان لەگەڵ مانادا.

دۆخێکی تازە وەردەگرێ کە ئەو بە بنیاتکردنی نووسینەوەی یەکەمە و هیچ مسۆگەرییەکی تێدا نییە نووسەر بە چ شێوازێك دەتوانێ نووسینەوەی دووەمی پێ بکات. چونکە نووسینەوە خۆی لە خۆیدا دوو شێوە وەردەگرێ کە بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی شاراوەیە و سیفەتێکی دووسەرەیی دەبێت.

**بنیاتی ڕووکەش**

بنیاتی ڕووکەش جووڵەی ئاشکراو ڕاگەیەندراو و بە مێژووکراوی مانایە و گەوهەری مانا لە خۆیدا هەڵدەگرێ و هەموو هۆکارەکانی نووسین و بیرکردنەوەو چۆنێتیی بەشێوە بوونیان لە خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام ئەو بوونەی کە بە تەواوەتی گەوهەری نووسین و بیرکردنەوە هەڵدەگرێ. یا مانا ڕەهاکانی خودی نووسەر هەڵدەگرێ، بزری دەکا و لە خوێنەری دەشارێتەوە. بنیاتی ڕووکەش زمانێکی بەهونەرکراوە، بەشێوەو شێواز کراوە. فێڵێکی هونەریی بە مێژوو کردنی مانایە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری نهێنییەکانی بیرکردنەوەی نووسەر لە خۆ دەگرێ کە خوێندنەوەی بەمێژووکراوی ڕەخنە جارێکی تر پاش خوێندنەوەی خودی نووسەر خۆی دێت و بە دووی هۆکارە بنەڕەتییەکانی نووسیندا دەگەڕێ کە بەجارێك لە شیکردنەوەی هەموو گوتراوەکانی زمانی ڕووکەش و نووسەری خوێنەرەوە دەچێتە نێو جیهانێك لە ماناوە کە ئیتر تەنانەت هەموو زانینەکان هەموو بیرکردنەوەکان لە دۆزینەوەیەکی تازەدا دەتوێنەوە. هەموو نووسینە ڕووکەشەکان لەوێدا دەوەستن دەوریان تەواو دەبێ و دەمرن لە خولقاندنی زیندووبوونەوەیەك لە مانای ئەفسووناوی کە نهێنیی بۆچی نووسینی دەقێك و هۆکارەکانی نووسین دەگەڕێنێتەوە بارە هەرە سەرەتاییەکەی ژیان لەگەڵ بنیاتە سادە و سەرەتاییەکانەوە، کە تیایدا بوونێك لە مانا بەرجەستە دەبێت و پێمان دەڵێ ئەوەتانێ نووسەری خوێنەر لەم نووسینەیدا.

بۆیە ئەم شێوەیەی زمان و بیرکردنەوەی وەرگرت، چونکە بەم جۆرە دەیویست لە بوونە سەرەتاییەکانی دەست بەبیرکردنەوە بکات و گەیشتنی بە نهێنییە خودییەکانی بیرکردنەوەی خۆی ئەو کرۆکە شاراوەیەی پاراستووە و لێمانی بزر کردوە. چونکە ئەو

بنیاتە شاراوەیە هەموو نهێنییەکانی نووسەر و هەموو ئایدیاو باوەڕەکانی نووسەرو هەموو شێوازەکانی کاریگەربوونی و هەموو بوونی نووسەری تیادا بەرجەستە دەبێتەوە و بە گەیشتنمان بەو سنوورانە لە خوێندنەوە هاوڕازی و هاوژیانی و هاوسۆزی لەگەڵ نووسەردا پەیدا دەکەین و هەردووك خوێنەر، نووسەرو ڕەخنەگر لە بوونێکی شاراوەدا بەیەك دەگەن.

بنیاتی ڕووکەشی زمانی دەق، بنیاتێکە هەموو ڕەگەزەکانی بنیاتێکی تر لە خۆ دەگری کە ئەویش بنیاتی شاراوەیە.

هەروەها هەموو پێکهاتەکانی کێشەکانی مرۆڤ لە خۆدەگرێ کە ئەویش کێشەی بنەڕەتی و گەوهەریی دەقە.

کەواتە هۆکاری نووسین لە بناغەوە بە کێشەبوونی خودی مرۆڤە لەگەڵ بوون و مانا بەرهەمهاتووەکانیدا سەرجەمی پەیوەستەکانی ئەوە بە مرۆڤەوە ئاخۆ کێشە چ دەورێکی لە دەقدا هەیە و نووسەری خوێنەرو خوێندنەوەی ڕەخنە بۆ کوێی دەبات. بنیاتی ڕووکەش بەگشتی زمانێکی دینامیکیی هونەرییە کە هەموو بیرکردنەوە و نووسینێکی تێدایە و بە تەنیا خوێندنەوەیەکی ئازاد ڕێی ئەوەی پێ دەدات لە خوێندنەوەی ڕەخنەییەوە بچێتە جیهانی مانا شاراوەکانەوە.

**کێشەکان**

هەموو بیرکردنەوەو نووسین و هەموو نمایشکردن و بینین و بیستنێك، هەموو هەستیار بوونێکی سۆزاوی و کاردانەوەی شاراوەی خودی مرۆڤ لە خۆیدا هەڵدەگرێ. کێشە بنەڕەتیترینی پێکهاتەکانی نووسین و قۆناغەکانی نووسینی یەکەم و دووەمی نووسەرە. هیچ دەقێك بێ کێشە نییە. هیچ بوونێك بە بێ کێشە نییە. تەنانەت بوون بە مرۆڤ و گەردوونەوە لە بناغەوە بەکێشەکردنی مرۆڤە. کاتێك مرۆڤ بە هەموو پاساوەکانی بوونی خۆی، ڕازی دەبێ یا ڕەتی دەکاتەوە یا هەڵوێستی جیاواز تری لێ وەردەگرێ.

هیچ مرۆڤێك لە هیچ بارێکی دەروونی و عەقڵی و فەلسەفیدا بێ کێشە نییە لەگەڵ بوون و بیرکردنەوەی خۆیدا. هەر بۆیە کێشە خاڵی گواستنەوەی خوێندنەوەیە لەلای نووسەرو ڕەخنەگر لە بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی شاراوەدا. هەر بۆیە ئارەزووەکان، خەونەکان، خۆشییەکان، خەمەکان، بێ لایەنبوونەکان گەشانەوە زەینییەکان، هەموویان پێوەریان ئاستی بە کێشەبوونی مرۆڤ لەگەڵ بوونەکانی دەوروبەریدا، جیابوونەوە و پێکگەیشتنەوە و قەبووڵکردن و ڕەتکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەستەکانی مرۆڤ و

نووسەر هەڵدەگرێ لەگەڵ ماناکانی مرۆڤ و بووندا. چونکە بوون خۆی لە خۆیدا سیفەت و سیمای دوو بنیاتیی هەیە. بنیاتێکی ڕووکەشی کە بریتییە لەوەی بووە بە مێژوو هەروەها بنیاتێکی شاراوە. ئەوەی تاکو ئێستا ماناکانی لە بنیاتی سەرەتاییدا نەدۆزراونەتەوە و نهێنیی مرۆڤ و پەیوەستە گیانی و بەرجەستەییەکانی دەنوێنن. هەروەکو چۆن هەر لەو بوونە ڕووکەشەدایە کە هەموو نهێنییەکانی بوون و بیرکردنەوە و پاساوی گەڕان و دۆزینەوە لەلای مرۆڤدا دەگرنە خۆیان لەلایەنی زمان و بیرکردنەوەدا. زمانی نووسراو بیرلێکراوە و دەربڕینی لێکراوە. تەنانەت پێش نووسینەوەی دەقیش پەیتا پەیتا لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی نووسیندا بەرەو کۆتایی دەورەکانی دەچێت و دەگاتە دۆخی مردنەوە.

**کرۆکە هەژێنەرەکانی مانا**

شیکردنەوەی کێشەو چوونەوە سەری مانا بنەڕەتی و گەوهەرییەکان، دۆزینەوەی پێکهات و ڕەگەزەکانی کێشەی هەر دەقێك کە بوون خۆی لە خۆیدا دەقێکی بە مێژووکراوی بێ سنوورە و ملیۆنەها مانای لەخۆ گرتووە. هەر کرۆکە هەژێنەرەکانی مانایە لە لای نووسەری بیرکەرەوە دایە کە ماناکانی کێشەی هەر دەقێك دەخاتە جووڵەوە بە تێگەیشتن لە بنەماکانی دروست بوونیدا. کرۆکە هەژێنەرەکانن کە هەستیاری و کاریگەریی هاتنەگۆی نووسەر دەنوێنن لە کاری شیکردنەوەی هەموو مانا دیاردەییەکانی مرۆڤ و بوون، هەر ئەویشە ئەو ساتە گەشانەی نووسەر دەنوێنن لە تێکشکاندنی مانا چەسپاوەکانی بوون و چوونە سنووری مانا دەست لێنەدراوەکانی بوونی مرۆڤەوە. چونکە کرۆکە هەژێنەرەکان هەر خۆیان سیفەتی کێشەو ماناکان لە خۆیاندا هەڵدەگرن، هەموو نووسینێك بریتییە لە تێکشکاندنی مانا ڕووکەشەکانی پەیوەستی مرۆڤ بە دەرەوەی خۆی. هەموو نووسینێك ئەو کرۆکە دەکاتە هۆکاری گەڕان و پاشان دۆزینەوەکانی خۆی کە بە دیاریکردنێکی ڕوونتر، کرۆکە هەژێنەرەکانی ناوەڕۆك و خاوەنی بیرکردنەوەی مرۆڤ و هێزەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی نووسەرە کە لە توانایدایە بنیاتە سەرەتاییەکانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی بیرکردنەوە و هەر لەم شارەشدایە کە بنیاتە سەرەتاییەکانی مانا بەرەو بنیاتبوون دەچن لە یەکەمین خوێندنەوەی نووسەردا.

## هۆکارەپێشینەکانی نووسین

هەموو دەقێك خاوەنی پێشینەی ژیاوەی خۆیەتی لەو مانایانەی هەڵیان دەگرێ و نووسەر بیری لێیان کردووەتەوە. هۆکارە پێشینەکانی بەدەقبوون، هۆکاری گرفتاری بوونی نووسەرو هۆکاری لایەنداریەتی بۆ ئەو بنیاتانەی مانا کە پێش نووسینەوەی یەکەم دەکەون لە زەینی نووسەردا، واتە نووسینی ڕووداوێکی چرکەساتیی لە ناکاو نییە کە نووسەر یا هونەرمەند یا گوتاربێژ دەقێك بخولقێنێ، بەڵکو نووسەر بۆ چەندین هەفتەو مانگ و جاری واش هەیە ساڵانێکی درێژ لە زەمەنی پێش نووسینەوەی یەکەمدا دەژی، ئەو هەر کاتێ بیر لە داوە چنەکانی ئەو مانایانە دەکاتەوە کە پێیان گرفتار بووە، ئەو لەبەر ئەوەی هەڵگری هەڵوێستێکە لە ژیان و بوون بە گشتی، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو دەچێتەوە سەر جۆرێك یا پۆلێك لە مانا و ناچێتەوە سەر جۆری تری مانا.

هەموو نووسەرێك لە تێڕوانینی خۆیەوە واتە لەو ئایدیایە فیکری و زمانەوانییەی هەڵی دەگرێ کە پاش چەندین ساڵ لە خوێندنەوە پێی گەیشتووە، بەرامبەر بە بوونەکانی دەوروپشتی، هەڵوێستێکی فیکری یا ڕەخنەیی هەڵدەگرێ. هەر بۆیە هۆکارە پێشینەکانی نووسین خودی نووسەری تێدایە. چونکە بەگەیشتن بەو هۆکارە لە چوارچێوەی بنیاتی شاراوەدا، دووبارە نووسەر خۆی بەرهەم دێنێتەوە لە شێوەی ئەو ڕەگەزانەی مانا کە بنیاتی شاراوەی دەقێك پێك دێنن. واتە کاتێك نووسەر پێش نووسینەوەی یەکەم بە مانایەکی دیاریکراو کاریگەر دەبێ و دەکەوێتە ژێر سیحری ئەو مانایەوە، ئەو مانایە بێ بنیاتە و لە بۆتەی بوونێکی سەرەتاییدایەو کاتێك نووسەر دەیدۆزێتەوە، یا پێی دەگات دەرەنجامی بیرکردنەوەو ئەزموونی ژیاندا، ئەوکاتە لەگەڵ ئەو مانایانەدا دەژی. بۆ ماوەیەکی زۆر هێشتا ئەو هەر لەژێر ئەو کاریگەرییەدا دەبێ بە بێ ئەوەی دەم و دەست و قەڵەم بگرێ و دەست بە نووسینەوەی دووەم بکات. چونکە لە لای ڕوون نییە کە نووسین خۆی جەربەزەیی بوونی هێزی بیرکردنەوەیە تا چ ڕادەیەك ئازادییەکانی نووسین لە لای نووسەردا لە هێزی دەسەڵاتی قەدەغەکردن ڕزگار دەکات، هەموو نووسینەکانی ئێمە و دنیا تاکو ئەمڕۆ ئازاد نین، هەر بۆیە هەمیشە ڕوویەکی هەڵخەڵەتێنەرمان دەخەنە بەردەست و ڕوویەکی شاراوەمان لە پشتەوەی زمانەوە دەخەنە بەردەست. نووسین لە هۆکارە پێشینەکاندا ڕاستیی بیرکردنەوەی نووسەر هەڵدەگرێ کە لە دواییدا پاش

تەواوبوونی لە نووسینی دووەم، ئەو هۆکارانە بوونی نووسەر دەخوڵقێننەوە، هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

کەواتە بە کورتی هۆکارەپێشینەکانی نووسین هاوژیانی و هاوسۆزیبوونی نێوان جیهانبینیی نووسەرو مانا دۆزراوەکانە کە تەنیا بە نووسینەوەی دووەم دەچنە خانەی بە مێژووکردنی دەقەوەو دەبنە مانای زانراو.

**بنیاتی دووسەرەو زمانی دووسەرە**

هەروەکو چۆن هەموو دەقەکان بنیاتێکی دووسەرە لەناوەڕۆکدا، هەروەها لە شێوزادا دەگرنە خۆیان کە بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی شاراوەیە، هەروەها زمانیش شێوەی بنیاتێکی دووسەرە دەگرێتە خۆی. ئەو زمانەی نووسەر پێی دەنووسێ و سیمایەکی بەرجەستەکراوی لە شێوەی وشەو ڕستەو نیشانەکانی نووسیندا هەیە، زمانی ڕووکەشی دەقە. ئەو زمانە دەوری لەوەدایە کە بەشێوەیەکی هونەرییانە کار بۆخوڵقاندنی بنیاتی ڕووکەش بکاو دەورەکانی ئەو بنیاتە ڕووکەشە بەرەو بنیاتی شاراوە بەرێ. زمانی بەرجەستەیی دەق کە یەکەمین زمانی نووسینەوەی دەقە و پێش ئەو زمانەش زمانێکی تر هەیە کە زارەکی و یادەوەرییەو ئەو زمانە لە شێوەی ئەو ڕستە نەنووسراوە زۆر زۆر چڕکراوەیەیە کە نووسەر لە یادەوەریدا هەڵی دەگرێ بۆ ساتی نووسینەوە. ئەو زمانە، زمانی پێکگەیشتنەوەی بابەتییانەیە.

زمانی دووەم کە زمانی بەرجەستەیی نووسینە، دەورەکانی لەوێدا تەواو دەبێ کە مانا لە شێوازی هونەرییانەی نووسیندا دەخاتە باری چڕ کردنەوە و پاشان گواستنەوەی لە بنیاتی ڕووکەشەوە. بۆ بنیاتی شاراوە لە پشتەوەی ئەم زمانە بەرجەستەییە و دەورەکانییەوە. زمانی نەنووسراوی نهێنیی نووسەر هەیە کە زمانێکە تەنیا لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێ و بەرهەم دەهێنرێ، ئەمەش زمانی دووەمی نووسینە کە تیایدا هەموو مانا شاراوەکان لە شێوەی بنیاتی شاراوە دەردەکەون. زمانی مانا نەنووسراوەکان لەوێدا دەورەکانی تەواو دەبێت، کە خوێندنەوەی بنیاتنەرانە دەیهێنێتە بوون و خۆی بە بێ خوێندنەوە بوونی نییە. هەر بۆیە هەموو دەقێك کە بنیاتێکی شاراوە هەڵگرێ زمان تیایدا دەمرێ. ئەو زمانەی بەرجەستەییەو دەقی پێ نووسراوەتەوە. مردنی زمان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو زمانەی دەقی پێ نووسراوەتەوە، زمانێکی ڕووکەشی بەرجەستەییەو بووە بە مێژوو. چونکە دەورێکی پێ سپێردراوە و لە پاش نووسینەوەی

ئەنجا خوێندنەوەی دەق بەماناکانی خۆی لە دەست دەداو دەمرێ تا ڕێگە بۆ لە دایکبوونی زمانێکی نوێترو نەنووسراو خۆش بکات.

**بوون و بنیاتی شاراوە**

بوون بە لایەنی بنیاتی شاراوەوە ناوەندی هەموو کێشەکانە. چونکە بوون لە ڕووکەشدا مانایەکی کراوەیەو والآیە، بەڵام لە پێکهات و پەیوەستەکانیدا دووسەرەو شاراوەیە. دووسەرە بوون و دروستبوونی بوون و بیری مرۆڤ ئەو ناکۆکییەیە کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە تاکو ئەمڕۆ هەموو کێشەکانی مرۆڤ تیایدا سەرهەڵدەدەن. ئێمە لە بوونێکدا ناژین کە خاوەنی بین و هەر خۆشمانیش بەشداری لە تێگەیشتنی ماناکانی دروستبوونی بکەین. شێوازی بوون بەو جۆرەی هەیە مرۆڤ هیچی لێ نەگەیشتووە، چونکە مرۆڤی بیرکەرەوە تاکو ئەمڕۆ لەوە نەگەیشتووە، کە بۆچی بوون بەم جۆرە شێوەیی و بەرجەستەییە دروست بووە و هۆکاری دروستبوونیشی بەم شێوە بەرجەستەییە چییە. نە لە زانست و نە لە فەلسەفە و نە لە تێگەیشتنە تیۆلۆژییەکان، ئەوەی تاکو ئەمڕۆ دەزانرێ دروستبوونی بەرجەستەیی یاخود پەرەسەندنێکی سروشت خۆیەتی یاخود دروستبوونێکی ڕۆحییە.

ئەوەی بە ناو ماناکانی بووندا لە بارە بەرجەستەییەکەی ورد بێتەوە دەبینێ بوون هەردوو پێکهاتی بەرهەمهاتووی لە خۆگرتووە، لایەنە بەرجەستەیی و سروشتییەکەی و هەروەها لایەنە ڕۆحییەکەشی. بەو هۆیەوە ئەوەی هەیە بەرجەستەی کۆمەڵە هۆکارو هۆیەکی پێشینە دەکەن، کە مەبەست و ئاراستەیەکی نهێنی تێدایە و لەسەر خودی مرۆڤە کە خوێندنەوەکانی بگەیەنێتە ئەو ئاستە بە خود بوونەوە زۆر دوورو درێژ لەو بنیاتانەی کە بوون دەری دەکەنە دەرەوە.

ئەگەر بەسەرجەمی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤدا بچینەوە بە هەموو وێستگەکانی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی فیکر. گومانێکی زۆر لەسەر پەرەسەندنی سروشتی بوون هەیە و هەروەها ڕازینەبوون و بێ وەڵامییەکی زۆریش لە لایەنە ڕۆحییەکەوە هەیە.

ئەمە مانای ڕەتکردنەوەی هیچ یەکێك لە لایەنەکان نییە، چونکە بوون مانایەکی دوو سەرەی هەیەو هەر بەو دووسەرەیی بوونەی خۆیەوە مێژووی مرۆڤی بەرەو دووسەرەیی بوون بردووە کە لە هەموو ژیانی مێژووییدا بەرجەستە بووە. تیۆریی بنیاتی شاراوە هیچ لایەنداری و تێڕوانینێکی پێش وەختانەی بۆ پرسیارو وەڵامەکان پێ نییە، تەنیا

کەرەستەی خوێندنەوەیەکی بێ پێشینە نەبێ کە تەنیا بیرکردنەوەو سنوورەکانی دەتوانێ بمانگەیەنێتە چەند ڕاستییەك یا دۆزینەوەیەك کە لە وانەیە زۆر ئاسایی و ساکار بن بەرامبەر بە سەدەها پرسیار، کە ئاڕاستەی بوون دەکرێن.

چونکە تیۆریی بنیاتی شاراوە لە ژێر هیچ پاساوێکی زانستی یا ڕوحیدا هیچ سنوورێك بۆ بیرکردنەوە دیاری ناکات. بەو باوەڕەی کە هەموو مرۆڤایەتی و هەموو هەوڵەکانی بە بووندا، شوێنی بە دواداچوون و پرسیارن و هەروەها شوێنی سەلماندن و پەرەپێدانت بە پێی قووڵبوونەوەی هەر هەوڵێك لە تێگەیشتن لە بوون.

بوون و بەرجەستەبوونی دەرەنجامی خۆ بەرجەستەکردنێکی کرۆکە هەژێنەرەکانی زمان و بیرە کە تەنیا لەو بوونەدا هەموو بوونەکانی تر بەرجەستە دەبن لە ڕووکەشدا، ئەوەی دەمێنێتەوە مێژوویەکی دووسەرە دەخولقێنێ کە ناوەڕۆکەکەی لەوێدایە دەبێ بمرین و پێش مردن بیرەکانمان بخەینە قاڵبی ڕاگەیاندن و بانگەشە بۆکردنەوە.

هیچ بەدەستهاتوویەکی زانست و فەلسەفەو ڕەخنە بەدرێژایی هەزاران ساڵ نەیتوانیوە کار لە گۆڕانی دۆخەکانی بوون و زەمەن و ژیان و مردن بکات، بەوەی کار لە پرەنسیپە داسەپاوەکانی بوون و سەقامگیری بکات. مرۆڤ لە بووندا بوونی خۆیدا، وەکو شەمەندەفەرێك وایە کە خولگەیەکی بازنەیی هەیە، بۆ کوێ بچێت دەگەڕێتەوە خاڵی دەرپەڕین. کێ دەزانێ لەوانەیە بوون هەر خۆی لە خودی خۆیدا وەهمێکی گەورە بێ و هەموو ئەوەی هەیە لە بناغەوە بوونی نەبێ و هەموو ئەو بوونەش ئاماژە بێت بۆ بنیاتێکی ڕەهای بێ سنوور و بێ دیمەن و بێ زەمەن و بێ مێژوو. هەر بۆیە پاساوی هەموو مێژووی ژیان و مردن لە جەنگ و ئاشتی، لەناوچوون و کارەسات خۆشی و بە هیوا بوون، هەموو ئەوەی لە نێوان مرۆڤ و سروشت و گەردووندا ڕوو دەدات. مێژوویەك بێت تەنیا دەربڕین لە پەرگەندییەکی مرۆیی بکات و ڕووە ڕاستەقینەکەی بوونی خۆی تێدا بزر بێت، تەنیا بە دوو بۆچوون و هەڵوێستی دووسەرەی ڕازیبوون بەوەی هەیە و ڕازینەبوون بەوەی هەیە، پاساو بۆ ئەو بە مێژووبوونەی خودی بوون بێنێتەوە هەر بۆیە مرۆڤایەتی بەرەو دایکە بێ سنوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و وانەکانی دەڵێتەوە لە دووسەرەییبوونی مێژووەکەی.

## بنیاتی شاراوە

بنیاتی شاراوە گەڕانەوەی خوێندنەوەیە بۆ ساتە هەرە سەرەتاییەکانی نووسەر لە بیرکردنەوە. بۆ ئەو ساتەی کە نووسەر لەگەڵ بنیاتە سەرەتاییەکەیدا دەژی و دەبێ هەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە تیایدا لایەنداریی بنیاتنەرانە یا ڕووخێنەرانە یا هەر مانایەك کە بۆی هەبێ دەربڕین لە مرۆڤبوونی ئەو بکات. ئیتر هەموو پاساوەکانی نووسین بەخۆی دەدات. لە هەموو ئەمانەشدا نووسەر شایەتی لە نهێنییەکانی نووسینەوەی خۆی دەدات کە بۆچی بەم جۆرە هاوسۆزی و لایەنداری یا دژایەتی و ڕەتکردنەوە یا ڕازیبوونی و سەرسامبوونی و تێگەیشتنی بەو مانایە هەبووە، چونکە هەر نووسینێك سارێژکردنێکی ڕۆحیی برینداربوونی بیرکردنەوەیە. هەموو نووسینێك پاساوەکانی بە ئازاد بوونی بیرکردنەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و نووسین هەر خۆی بە هەموو ئەو هیوا گەورەو ئەو مانا گەورەو ئەو داڕووخانە عەقڵییە گەورانەی هەڵیان دەگرێ، دەڵێم هەر خۆی پاساوێکە بۆ بوونی خۆی و ئاماژەیەکە بۆ دووسەرەبوونی خۆی.

گەڕانی خوێندنەوە، گەڕانێکە بە نێو هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کاردانەوەیەی نووسین. بۆ هەر مانایەك بە واتایەکی تر خوێندنەوە هەوڵی ئاشکراکردنی زمانی دووەمی بیرکردنەوەو مانایە ئەو زمانەی لە دەقدا بوونی نییەو ڕەخنە ڕەگەزو پێکهاتەکانی شی دەکاتەوە. ئەمەش هەروەکو چۆن کارکردنە لە مانا هەروەها کارکردنە لە زماندا، چونکە زمانیش وەکو نووسەر، بەرهەمهاتوویەکی کۆمەڵایەتیی مرۆیییە کە بە شێوەیەك سەقامگیر دەبێ کە توانای لە خۆگرتنی هەموو دووسەرەییبوونەکانی مرۆڤی تێدایە و هەر بۆیە هەر دەقێك کە نووسرایەوە یا نمایش کرا یا دروست کرا یا گوترا، لە گەوهەری خۆیدا دووسەرەییبوون هەڵدەگرێ.

### تیۆریی بنیاتی شاراوە لە نێوان داخستنی تیۆریی کرانەوەی ئازاد

ئەگەر بێتو هەموو تیۆرییەك جۆرێك لە دەسەڵاتی بیرکردنەوەو جۆرێك لە سنووردارکردنی بیرکردنەوە بسەپێنێتە سەر کاری خوێندنەوە ئەوا تیۆری بنیاتی شاراوە، ئەو جۆرە بەرهەمهێنانە ڕەت دەکاتەوە، چونکە لەو باوەڕەدایە ساکارترین و ئاساییترین دەقی بەرهەمهاتوو شایەنی ئەوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و ئەو تەنیا کەرەستەکانی کارکردن بە خوێندنەوە دەبەخشێ.

کرانەوەی بێ سنوور و ئازاد لە بیرکردنەوە بەبێ دیاریکردنی سنوورەکانی بیرکردنەوە یا سنووردارکردنی هێزی بیرکردنەوە، بناغەی هەرە گەورەی ئەم تیۆرییە. بەو پێیە کە لەو باوەڕەوە بیرکردنەوەو بوون سنووریان نییە و ئەگەر سنوور هەبووایە بوون خۆی هیچ مانایەکی نەدەما بۆیە ڕەت کردنەوەی هەر دەسەڵاتێکی بیرکردنەوە، کە بانگەشەی هەموو زانین و هەموو نهێنیەك بکات لەم تیۆرەدا بوونی نییەو هێزی لەوێدایە کە هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوە بە جۆرێکی تر و لەو جۆرەشدا تەنیا کەرەستەو زاراوەی بێ یاساو سنوورداری بەدەستەوەیە و تەنیا و تەنیا پشت بە ئاستی بیرکردنەوە دەبەستێ لەو ئاراستەیەی کە باوەڕی پێی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو تیۆرییەك بنەماو باوەڕو چۆنێتیی شیکردنەوەی خۆی هەیە. بەڵام هەموو زاراوەکان، هەموو ناونان و پۆلێنکردنەکان هەموو باوەڕە داسەپاوەکان دەخاتە بەرگومانەوەو لە پاشانیشدا لە باوەڕە هەرە قووڵەکانیدا خۆشی دەخاتە بەر گومان و گفتوگۆوە.

هێزی دانەخستنی تیۆریی بنیاتی شاراوە و نهێنییەکانی لەم باوەڕەوەیە، ئەمەش وامان لێ دەکات بڵێین هەموو زاراوەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەوانەی تاکو ئەمڕۆ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کاریان پێ کراوە، تیۆریی بنیاتی شاراوە ڕەتیان ناکاتەوە، بەڵام دەورو کاریگەرییان دەگۆڕێ و دەشێ سەرەکیبوونی زاراوەیەکی ئەدەبی لە ڕەخنەدا بخاتە دەورێکی واوە کە تەنیا بەشێکی بچووکی کەرەستەی زۆر بەرفراوانتر بێت.

هەر بۆیە تیۆریی بنیاتی شاراوە بە شێوەیەکی ئازاد توانای خۆ بەرهەمهێنانەوەی هەیە.

## بەشی دووەم

تیۆری بنیاتی شاراوە

# شیکردنەوە

**دیاردەگەرایی فرەمانایی لە نێوانی ڕەخنە و دەقدا**

فرەمانایی وەك دیاردەیەكی ئەدەبی و پرسیارێكی ڕەخنەیی، ڕەگی خۆی لە نێو لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی بە زۆربەی تەوژمەكانییەوە و هەروەها لە نێو پەرەسەندنە زمانەوانی و بابەتییەكانی دەقدا هەیە، چونكە فرەمانایی تێكدانی، یان لەناوبردنی ئەو ناوەندێتییەی بیركردنەوەیە كە لە هۆكارەكانی نووسینەوەی یەكەم و دووەمی دەق شۆڕ دەبێتەوەو داكۆكی لە بوونی ڕەگەزەكانی بیركردنەوەی نووسەر دەكات. جیهانێكی پڕ لە مانامان بۆ دەخاتە ڕوو كە هێزی ئاخاوتنیان لە بیری سەرەكیی نووسینەوەدا وەردەگرن.

فرەماناییكردنەوە و فراوانكردنەوەی مانایە لەسەر حسێبی ئەو كرۆكە بابەتییەی دەقی لێ دروست دەبێ. ئەمەش پێویستی بە ڕوونكردنەوەی پرسیاری دەق هەیە و پەیوەست بەو بیرە سەرەكییەی نووسەر دەهەژێنێ و سەرجەمی بابەت و دەلالەتەكانی دەقی لەسەر بنیات دەنێ، ناوەڕۆكی ئەو پرسیارەش ئەوەیە ئاخۆ نووسەر لە نووسینەوەی دەقدا كار لەسەر یەك بابەت و ناوەڕۆكی گەوهەری دەكات، یان كار لەسەر چەندین بابەت و ناوەڕۆكی گەوهەری دەكات؟ ئاخۆ ئەو لە یەك مانایی و تاكڕەهەندیی ماناوە دەنووسێت یان لە چەندین ڕەهەندیی ماناوە دەنووسێت؟ فرەمانایی لە چۆنیەتیی دروستبوونیدا كایەیەكی یەك ئاراستەیی و فرە ئاراستەیی لە مانا و بنیاتنانی مانادا هەیە. واتە هەموو دەقێك لە گەوهەردا هەڵگری مانایەكی بنەڕەتییە. ئەو مانایە سۆزو هەست و دەرك پێكردن و كاریگەربوونی بیركردنەوەی نووسەر لە خۆیدا هەڵدەگرێ و بەشێكی گەورە لە خەمی نووسینەوەی خولیاو داگیركردنی بیركردنەوە دەگرێتە خۆی.

نووسەر لەگەڵ ئەم هۆكارانەی نووسیندا دەژی كە بۆ ماوەیەكی زۆر هەموو ساتەكانی بیركردنەوەی داگیر دەكەن و وای لێ دەكەن تەنیا لەگەڵ بیرە گەوهەری و بناغەییەكەی خۆیدا بژی و لە ساتی جیاجیای ژیانی ڕۆژانەیدا ئەو بیرانە چەكەرە دەكەن و پاڵی پێوە دەنێن بۆ نووسینەوەی یان خستنەڕووی بیرەكانی. ئەمەش ڕوویەكی یەك

ئاراستەییيانەی کاریگەریی بیرە لەسەر نووسەر کەوا دەکات لە نووسینەوەکانی خۆیدا تەنیا لەگەڵ بیرە کارتێکەر و هەژێنەرو هەژموونکارەکەی خۆیدا، وەڵامدانەوە دروست بکات و ئەو گەوهەرە سەرەتاییيە بۆ مانای تر خۆش بکات. هەموو ئەو مانایانەی لە مانای گەوهەری و سەرەتاییيەوە دروست دەبن. کۆمەڵێك بنیاتی مانای سەربەخۆن لە گەوهەری خۆیان و یەك ئاراستەن لە پەیوەستی خۆیان، واتە ئەوە پەرتبوونی عەقڵیی نووسەر نییە لە مانادا کە دەقێك دروست دەکات. ئەوە بابەتی جۆراوجۆر و پەرشوبڵاوی بیرکردنەوە نییە کە دەقێك دروست دەکات، بەڵکو ئەوە ئەو مانا سەرەکییەی نووسەرە کە لە سەرەتای بیرکردنەوەوە نووسەر دەتاسێنێ و بەرەو خۆی ڕای دەکێشێ و زاڵ دەبێت بەسەر بیرکردنەوەیدا و وای لێ دەکا هەر لەو مانا زاڵەوە مانای تر بنیات بنێت.

هەموو ئەو مانایانە دەچنەوە سەر ئەو مانا گەوهەرییە و هەر ئەو مانا گەوهەرییەیە کە بۆ بابەتۆکەی مانادار دەگۆڕێن. بەم مانایەش فرەمانایی خاوەنی سەرچاوەو بەرهەمهێنەری خۆیەتی. خاوەنی ناسنامە و بوونی بنەڕەتیی خۆیەتی. نەك بابەتی جیاواز و لێکنەچووی دەقێك بن کە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەو پێداچوونەوەیاندا دەگەڕێنەوە سەر ئەو سەنتەریەتەی کە مانا بەرهەم دێنێ و بە بیری سەرەتایی نووسین دەناسرێتەوە.

کێشەی فرەمانایی کێشەیەکی بنیاتگەریی نووسینە. ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چۆنێتی نووسین و چۆنێتیی دروستبوونی ماناوە. شێوە و کاریگەرییان لە دەقدا، چۆنێتیی پێکهێنانی دەقەوە. پاش ئەمانیش دەور و کاریگەریی هۆکارە پێشینەکانی نووسین لە پێکهێنانی مانادا، چونکە پەیوەستێکی گەوهەریی بنیاتگەرایی لە نێوان نووسین و هۆکارە پێشینەکاندا هەیە، هۆکارە پێشنەکانی نووسین ئەو ساتانەیە کە نووسەر لە حاڵەتی شیکردنەوە و لێکدانەوە و کاردانەوە و ڕاڤەکردنی مانا سەرەتاییيەکانی نووسیندا دەژی. ئەو نازانێ ئەو بیرۆکە سەرەتایی و پێشینەییيەی بەرەو کوێی دەبات لە نووسینەوەی یەکەمی مانادا، لەو کاتەی نووسەر کۆمەڵێك ئەگەری ئاراستەکانی بردنی مانای هەیە بۆ دەق. لەو کاتەی نووسەر دەست لێدراو و سیحر لێکراو و کاریگەر بووە بە مانایەکی دیاریکراوەوە کە مەرج نییە لەبیری پێش نووسینەوەیدا ئەو مانایە وەك خۆی بمێنێتەوە. زۆر جار نووسەر بیرێکی دیاریکراوهەموو مێشکی دەگرێت، لە ژێر کاریگەرییدا دەژێت، بەڵام پاش ماوەیەك ئەو بیرە لەگەڵ لێکدانەوەی بەردەوامدا گۆڕانی بەسەردا دێت و دەچێتە دۆخێکی نوێ ترەوە. لەو دۆخەی کە لەسەریدا بووە، گۆڕانەکان زۆر یەکلاکەرەوە و بنەڕەتین. بۆ نموونە ڕستەی کۆتایی، یان بیری سەرەتایی نووسەر بۆ

نووسینی دەقێك لە خاڵی «ا» ەوە سەرچاوە دەگرێ و دەیخاتە بەر لێكدانەوە، بیری «ا» بریتییە لە ڕستەی بنەڕەتی کە دەڵێ «ژیانی مرۆڤ وەك خەزان»وایە، ئەم ڕستەیە دەشێ چەندین ئاراستەی جیاواز لە مانادا بگرێتە خۆی بۆ نموونە:

**أ- ژیانی مرۆڤ وەك خەزان وایە:**

١- لە خەزاندا گەڵا دەوەرێ، دار وشك دەبێتەوە.

لەژیانی پیرێتیدا مرۆڤ یادەوەریی لاواز دەبێتەوە.

٢- لە خەزاندا هەست کردن بە مردنی زەوی و سەوزایی.

٣- مرۆڤ پاش تەمەنێك تواناکانی، چێژەکانی، جوانییەکانی لە دەست دەچن.

٤- لە خەزاندا مەلەکان کۆچ دەکەن.

٥-مرۆڤ لە لاویتیدا بیر لە نەمان دەکاتەوە.

٦- خەزان جوانیی ڕەنگ و دەنگ و هەست پێکردنە.

٧- مرۆڤ لە لاوێتیدا خەونبین و هەستیارە.

ئەم جۆرە پۆلێنکردنە لەسەر بناغەی پێکهێنانی مانادا دێتە خەیاڵی نووسەرەوە کە لەسەر «شوبهاندن - وێکچوون» و «بەراوردکردن» دامەزراوە. بیری بەراوردکردن و وێکچوون لە نێو شێوازێك لە بیرکردنەوەدا کار دەکات کە مانا لە نزیك کردنەوەی «دیاردە و شێوە و مانا»ی دوو بوون دامەزراوە کە دەشێ لە باری «گونجاندن» یان «دژبەیەکبوون» یان «ڕەتکردنەوە» دامەزرابێ. بەڵام ڕەگەزی زمانەوانیی بیرێکی سەرەتایی لەم جۆرە، لەسەر «گونجاندن و وێکچوونی» دوو بوونی جیاواز دامەزراوە، کێشەی بیری وا لە نێوانی:

١- مرۆڤ (وەك بوونەوەرێکی هەستدار).

٢- دیاردەی پایز، وەك (دیاردەیەکی سروشتی).

لە هەردوولادا شێوەو خەسڵەت و شێوازی هاتنە ئاخاوتن دەرگایەکی گەورەی بۆ کراوەتەوە، کە لەسەر چەند بناغەیەکی مانا دامەزراوە:

١- مردن × ژیان.

٢- جوانی × ناشیرینی.

٣- بەهێزی × بێ هێزی.

٤- بەهیوا بوون × بێ هیوایی.

ئەم جۆرە بەراوردکردن و وێکچوون و تەباییبوون لە نێوان «مرۆڤ و خەزان» دەبێتە کـێشەیـەکـی فـیـکـری و فـەلسەفـی و دەروونـی، کـە نـووسـەر بـۆی هـەیـە لـە ئـازادیـی بیرکردنەوەی خۆیدا بە دەیان بۆچوون و بابەت و مانای پەرش و بڵاوی یەك ئاراستە و یەك سەرچاوەیان لێ بنیات بنێتەوە. چونکە مانا هەمیشە لە کرانەوەی بەردەوامدایە سنوورێکی دیاریکراو نییە بۆ مانا. بەڵام پرسیاری گەوهەریی ئێمە لەوێدایە هەموو ئەو کێشەیە و هێزی ئاخاوتن و مانا دروستلێکردنیان، هەموو ئەگەرەکانی جیاوازبوونی ئاراستەکان، دەچنەوە سەر یەك سەرچاوە و یەك ئاراستە، دەچنەوە سەر بیری سەرەتایی نووسین کە یەکەمین بیرە دێتە بیری نووسەرەوە کە ئەویش ڕستەی «خەزان وەك مرۆڤ وایە لە ژیاندا.»

ئەم ڕستەیەیە کە بوون بە هەموو ماناکان دەدا و زیندوویێتی و کاریگەرییان پێ دەبەخشێ، کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی و هونەری لەسەر بناغەی کێشەیەکی دیاریکراودا دروست دەبێ، هەموو دەقێك فرەمانایی بوونی بە مانای سەربەخۆیی بوون و سەنتەریەتی مانا پەرش و بڵاوەکان نایەنە ماناوە. بەڵکو ئەو فرەماناییيە لەبیری نووسەردا، خاوەنی ناسنامەی بنەڕەتی خۆیانن، خاوەنی هێزی بناغەیی خۆیانن کە بۆی هەیە بەردەوام مانای نوێ بخوڵقێنێ و لە سنووری مانایەکدا نەمێنێتەوە.

هەموو ئەو مانایانەی کە دەشێ پێناسی فرەماناییيان پێ ببەخشین، تەنیا بیرۆکەی بەرهەمهێنراوی بیری سەرەتایین. پەیوەست بە ڕەخنەوە، دەوری خوێندنەوە لە دەقێکی لەم بابەتەدا گەڕانێکی سەرەوە بۆ خوارەوە، یان خوارەوە بۆ سەرەوەی مانا دەبێت کە ئـەویش بـە زاراوەکـانـی بـنـیـاتـی شاراوە بـیـری سەرەتـایـی نـووسەر دەگـرێتـەوە. ئـەو فرەماناییيەی ڕووکەشی بنیاتەکان لە بنیاتی ڕووکەشی مانا دەگرێتەوە، بەڵام بنیاتی شاراوە تەنیا لە ڕستەی بنەڕەتیی لەم جۆرە ناوەستێ، بەڵکو دەچێتە ئەو دیوی ڕستەی لەم جۆرەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکار لە گوتنی ڕستەی لەم بابەتە.

مرۆڤێك کە بەم شێوەیە گوتارێکی «فیکری – فەلسەفی – دەروونی» دروست دەکات، بێگومان هۆکارێکی بنەڕەتیی باری دەروونی کاریگەریی کردووەتە سەر، بێگومان «هەستێکی ژیاوەی زاڵ» لە مێشکیدا کار دەکاتە سەری. بێگومان ئەو لە ژێر سیحر و جادووی کارتێکردن و کاردانەوەیەکدا دەژی و هەر ئەم ژیانەش، دەبێ لە نێو خودی زمانی دەقدا بە دووی بگەڕێین.

کاتێك لەبیرکردنەوەی وادا بە دووی بنیاتی شاراوەی نووسیندا بگەڕێین. وەك ڕەخنەیەکی یان خوێندنەوەیەکی بنیاتنەر، دەبێ بە دووی ئەو هۆکارانەشدا بگەڕێین کە وایان لە نووسەر کردووە بەم شێوەیە بیر بکاتەوە و کاردانەوەی بەرامبەر بە ژیان بەم جۆرە بێ، ئەو مرۆڤە لەو نووسینەدا، یان لەو بیرە سەرەتاییەدا لە حاڵەتی هەستکردن بە پیرێتیدا دەژی. لە خۆی و لە سروشت ورد دەبێتەوە، شکستهێنان لە تەمەن، بیرکردنەوە لەمردن هەموو ئەمانە هۆکاری چۆنێتی بیرکردنەوەن لە لای نووسەر و پاڵیان پێوە ناوە کە بەم شێوەیە بیربکاتەوە.

فرەمانایی لە دەقدا بزرکردن و پەراوێزکردنی بیری بناغەیی نییە. هەر یەك لەو مانایانەی کە لەبیری سەرەتاییەوە لە دایك بوونە، بۆیان هەیە ببنە بابەتی ڕەخنەیی سەربەخۆ، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ بیری بناغەیی کە نووسەر لێیەوە مانای نوێ و پەیوەستدار دەخولقێنێ، هەرگیز مانای بنەڕەتی ئاشکرا ناکرێ.

لە ڕەخنەی نوێدا، هەروەها لە ڕەخنەی کلاسیکیدا فرەمانایی لە دوو ئاستدا چارەسەرکراوە. ئەو ڕەخنانەی کە ئایدۆلۆژی بوون، هەڵگری بارێکی یان بۆچوونێکی تیۆریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون.

ئەوانە لە ڕەخنە و لە نووسینی دەقدا کاریان لەسەر فرەمانایی دەکرد بۆ شاردنەوەی لایەنگیریکردنی بیر و یەك ئاراستەیی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی ئەدەب و ڕەخنە بۆ مەبەستێکی، یان ئامانجێکی تیۆری. لەگەڵ داهاتنی فۆرمالیستەکانی ڕووس و تەوژمی زمانەوانی و بنیاتگەرایانەدا کە هاوشانی لێکۆڵینەوە لە زمان پەرەیان سەند، ئەو فرەماناییە چوونە ئاستێکی جیاواز، ئەو تەوژمانە توانییان بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی زمانەوانییەوە ئەدەب و هونەر لە زاڵبوونی کاریگەریی ئایدۆلۆژی ڕزگار بکەن. پەردەیان بەسەر قۆناغێك لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دادایەوە. بەڵکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماژەکانی زمانەوە بە دووی پێکهاتەکانی مانادا گەڕان و تا سنوورێك چوون کە خودی ماناش بایەخێکی ئەوتۆی لە دەقدا نەما هەموو شیکردنەوەکان بە ئاراستەی بە میکانیزمکردنی زماندا ڕۆیشتن لە چۆنێتیی دروستبوونی مانادا، نەك لە مانادا و پاشان کۆمەڵێ گۆڕانکاریی نوێ لەو دیدەش هاتە کایەوە، کە گرنگترینیان گەڕاندنەوەی بایەخپێدان بە مانا بوو لە دەقدا.

ناکرێ هەموو ماناکان بچنە ژێر باڵی ناونانی ئاماژە و ئاماژەپێکراوەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا زاڵکردنی میکانیزمی زمان بوو بەسەر مانادا. هەروەکو چۆن بزرکردنی دەوری

بنیات بوو لە دەق و ڕەخنەدا. ئاماژە سیفەتێکی یەك سەرەیی پەیوەستدار دروست ناکات. دەشێ لە دەقێکدا چەندین ئاماژەی لێکدابڕاو هەبێ کە کۆکردنەوەیان لە هێڵێکی دیاریکراوی مانادا ئەستەم بێت.

کێشەی مانا کێشەیەکی بنیاتگەراییە. بەڵام تەنیا لە زماندا نییە. بەڵکو پێش زمان لە نێو بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییدایە کە نووسەر هەموو فرەماناییەکی لێوە دەخولقێنێ و مانای نوێیان لێوە دروست دەکات. گەڕانی خوێندنەوە لە دەقدا گەڕانە بە دوای بنیاتی سەرەتایی بیرکردنەوەدا. گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی هۆکارەکانی نووسین کە نووسەریان خستە سەر بارێك لەبیرکردنەوە و کاردانەوە، ئەو پەیوەستەش لە نێوان ڕەخنە و دەق پەیوەستێکی بنیاتنەرانەیە. دەق هێزی دروستبوونی بنیاتەکانی خۆی دەخاتە بەردەم ڕەخنەوە. ڕەخنەش دنیای بنیاتەکان دەخاتە نێو خوێندنەوەکانی خۆیەوە. بەمەش دەق و ڕەخنە وەك دوو پەیوەستداری بێ مەرج و بێ دەسەڵات بەسەر یەکەوە، هەر یەکە و لە بنیاتنانی جیهانی خۆیدا دەبێ، بە شێوەیەك ڕەخنە بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی نووسین وەك هاوسۆز و نەهێنیگیر و کارتێکراو لە هەوڵی نووسینی خوێندنەوەیەکدایە کە هەموو هێز و سۆز و شیکردنەوەکانی خۆی پێ دەبەخشێ و بە دوای سیمای فرە بابەتیدا دەگەڕێ. وەك ڕەگەزە ڕووکەشەکانی دەق و هەموویان دەخاتە پەیوەستە ڕاستەقینەکانی بنیاتەوە. دەورەکانیان شی دەکاتەوە و لە هەموو لادانێکی نابنیاتنەرانە دووریان دەخاتەوە.

مانا ڕووکەشەکان یان فرەماناییەکان، بۆیان هەیە کاریگەرییان لە دەقێکدا جیاواز بێ و بایەخیشیان بۆ خوێندنەوە جیاواز و لێکچوو نەبێ. بەڵام هەموو لە خزمەتی بنیاتنانی بنیاتی شاراوەدا دەبن.

فرە دەلالەتی وەك دیاردەیەکی ئەدەبی، نوشوستیی ڕەخنە دەنوێنێ لە دروستکردنی هەر ئاخاوتنێك کە بۆی هەبێت بمانباتەوە سەر ئەو هۆ و ئامانجە جیاوازانەی دەقێکیان لێ دروست دەبێ. ئازادکردنێکی بێ بەرهەمانەی ڕەخنەیە لە نێو گرنگی و گرنگی نەدان بەو مانایانەی دەقێك پێك دەهێنن و قەتاوقەتیش شوێنی هۆکارە پێشینەکانی نووسین و بیری سەرەتایی نووسەر ناگرنەوە کە دەچنەوە سەر بنیاتی شاراوەی دەق. هەروەك چۆن فرەمانایی بێ سەرچاوەیی هۆکارێکی تری شکستییەکانی ڕەخنەیە، بەوەی ڕەخنە دەبوێرێ لە تێگەیشتنێکی بەرهەمهێنەری دەقە ئەدەبییەکان. ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەقە ئەدەبییەکان هەیە.

دەقی فرەمانایی لە هەموو نووسینێکدا بوونی هەیە تەنانەت لە ساکارترین دەقەکانیشدا. بەڵام دەقی ئەدەبی هەمیشە دەور و شوێنی ئەو بنیاتانەی مانا دیاری دەکا و سنوور بۆ گرینگییان دادەنێ.

ئەم دیاردەیە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە لە شیعر و هەندێك جار لە ڕۆمان و چیرۆکیشدا هەبووە و نووسینە ڕەخنەییەکان بەو شێوەیە وەریانگرتووە کە شایەتییەك بێ بۆ زیندوویێتیی دەق و تازەکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی. لەو کاتەی خوێندنەوە و کارکردن لەسەر فرەمانایی دەرچوونە لە ڕاستی و یەك بنیاتیی دەقەکان و دەرچوونە لە پێکهاتێکی بنیاتگەرایانەی مانا لە زماندا، هەر بۆیە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە خۆیان بە مانا و جۆرە بابەتێکەوە خەریك دەکرد کە بناغەیی نەبوون و کاریگەرییان نەبوو لە پەردەلادان لەسەر مانا گەوهەرییەکانی دەق. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە دەیان نموونەی لەم لێکۆڵینەوانەی تێدایە کە بە ناوی ئازادکردنی ڕەخنەوە، لە هەریەك سەرەیی بوونێکی بۆچوونەکانی دەقیان لە ڕەخنە دوور خستووەتەوە، بەمەش ڕەخنەیان بەرەو جۆرێك لە لێکدانەوەی فیکریی نازمانەوانی و ئایدۆلۆژی و هەندێك جار بە چەمك و زاراوەی فەلسەفیی وەرگیراوەوە بردووە. ڕەخنەی پەیوەست بە فرەمانایییەوە، سەربەخۆیییەکی گەورە و ئازادی و کرانەوەیەکی فراوانی لەبەردەم نووسین کردووەتەوە. بەڵام ئەو کرانەوە و فراوانبوونەوەیە لەسەر حسێبی دەق نییە و هەر کاتێك ڕەخنە چووە ژێر باڵی مانا پەرش و بڵاوەکانی دەقەوە، بەبێ ئەوەی زنجیربەندییەکی بنیاتنەرانە و یەك ئاراستەیانەی شی کردەنەوە بگرێتە خۆی. ئەوە ڕەخنە بەرەو لاوازی و ڕووکەشی و سادەیی دەچێت. زۆریی تەفسیرکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ دەقێك لادانە لە بیرە بناغەیییەکەی نووسەر کە هەموو گوتنەکان هێز و کاریگەرییان لەوەوە وەردەگرن و هەر لەوێشەوە بنیاتی مانای خۆیان دروست دەکەن.

بە لایەنی دەقی ئەدەبییەوە نەزۆکی و نازیندوویێتیی بیر و زمان، نەبوونی جیهانبینییەك بۆ خوێندنەوەی دیاردە مرۆیی و سروشتی و گەردوونییەکان، بزربوونی تێڕوانینی ڕوون و دەوڵەمەند، ئەو هۆکارانەن کە وایان لە نووسەر کردووە جۆرێك لە گوتنی بێ سەرچاوە و دەرنەچوو لە جیهانێکی دەوڵەمەندی بیرکردنەوە، ئاراستەی نووسین بکات. ئەمەش نەژیانە لەگەڵ مانادا، نەژیانە لەگەڵ ئەو کاریگەری و تێگەیشتن و جۆشسەندنانەدا کە نووسەری داهێنەر هەیەتی لەگەڵ بیرێکی نووسینەوەدا. چونکە ئەو دێت و شێوازێك لە نووسین دەگرێتە بەر کە بە دەیان ئاماژەی لێکتر جودا و دابڕاو دەگرێتە بەر کە بە دەیان مانای بێ سەروبەر و بێ سەرچاوە دەگرێتەوە خۆی.

بوون و مرۆڤ و هەموو شتەکان لە پەیوەستدان هەر یەك لەو ڕەگەزانە بەشێکی مەرجدار و گرینگن بۆ تێگەیشتنمان لە توانای هاتنەگۆ و لە توانای دەربڕین لێکردن لە حاڵەتی پەیوەست بووندا. تێگەیشتنی نووسەر لە هەموو پەیوەستە مرۆیی و بوونییەکان و دۆزینەوەی خاڵە گەشاوەکانی ئەو پەیوەستانە و کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە، بایەخێکی گەورەی لە نووسینی ئەدەبیدا هەیە، ئەمە بێگومان نە فەلسەفە و نە فیکر و نە دەروونناسی نییە. بەڵکو هونەری تێگەیشتنە لە هەموو ئەو مانایانەی کە بایەخ و گرینگییان هەیە لەسەر بیرکردنەوە و هیچ دەقێکی ئەدەبییش تەنانەت لەو نووسینانەی یان ئەو دەقانەی کە دەیانەوێ خۆیان لە سەنتەریەتی ماناش ڕزگار بکەن و تابلۆیەکی زمانەوانیی بنیاتگەرایانەش دروست بکەن. ئەو دەقانەش هەمیشە لە ژێر کاریگەریی هۆکارەکانی نووسیندان و هەموو هۆکارەکانی ئەو دەقانە و هاتنە گۆیان لە خۆیاندا هەڵدەگرن، فرەمانایی لە پشتەوەی دیاردەی گەڕەلاوژەی بە تەوژمی شیعر نووسینەوەیە، لە پشتەوەی دژ بە یەکی و ئاڵۆزیوناحاڵی بوونەکانی زۆر لە دەقە ڕەخنەیییەکانەوەیە.

هەروەك ئامادەبوونێكی كاریگەر و هەست پێكراو، چ پەیوەستێكی ڕاستەقینە لە نێوان نووسەرو دەقدا هەیە، بە گرتنە بەرچاوی مەفهوومی جیهانبینی؟ ئاخۆ جیهانبینی چ ئامادەبوونێك بە دەسەڵاتی نووسەر یا زمان یا بنیاتی دەق دەبەخشێت؟ لە ڕاستیدا جیهانبینی بەزۆر شیكردنەوەو پێناسەی جودا لە ئەدەبی كوردیدا وەرگیراوە. هەندێك كە ئەدەب وەك كێشەیەكی ئایدیۆلۆژی لە قەڵەم دەدەن، جیهانبینی بە هەڵوێستی نووسەر دادەنێن لە كۆمەڵدا. هەندێكیش بە (ڕؤیا)ی لە قەڵەم دەدەن و هەندێكیش بە (بۆچوون) و هەندێكیش بە تێگەیشتنی نووسەری لە قەڵەم دەدەن. ئاشكرایە جیهانبینی بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوە تیشكی نەخراوەتە سەر. ئەگەرچی لە زۆر نووسیندا جیهانبینی بێ لێكدانەوەو بەدواداچونێكی زۆر دەكرێتە پێوانەو جەوهەر بۆ حوكمدان لەسەر ئەدەب و دەقەكاندا. بەڵام وردبوونەوەیەك لەم زاراوەیە بیرێكی زۆرمان لەلادا دەروژێنێ، هەر لە دەسەڵاتی نووسەرو زمانەوە تاكو بەدەقبوونی نووسینەوە. ئەمە جگە لە پەیوەستی نێوان هەموو ڕەگەزەكانی دروستبوونی دەقەوە. بۆ ڕوونكردنەوەی زۆربەی ئەم پرسیارو تێڕامانە جودایانە، هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەم زاراوەیە.

## جیهانبینی لە نێوان زمانی نووسەر و زمانی دەقدا

بێگومان هیچ دەقێك لە ئەدەبدا ناتوانێت بەشێوەیەكی یەكلاكەرەوە كۆتایی بەو دەسەڵاتە خوڵقێنەرەی نووسەر بێنێت تەنانەت پاش ئەوەی نووسەریش دەستبەرداری تەواوی دەقەكە دەبێت. هیچ نووسەرێكیش بەبێ سیستەمی بە بنیاتكردنی واتا لە زماندا ناتوانێت بیرێك یا سەرنجێك یا وێنەیەك لە شێوەی دەقێكدا بنوێنێ. هەر بەم گۆشە نیگا دیاری كراوەوە، زمان سیفەتی دوو سەرەیی هەیە لە زەینی نووسەردا. هەرچەندە ئەو مامەڵە لەگەڵ دەلالەتی زماندا دەكات كە لە یەكێكیاندا بە ئاگاییەكی مەعریفییەوە دەچێتە جیهانی دەقەوەو ئەم ئاگاییەش تا ڕادەیەكی چاك سوودی لێ دەبینێ بۆ نووسین و زۆر جاریش ئەپستمەكانی مەعریفە بەشێوەیەكی عەفەویش لە واتاكانی دەقدا خۆیان دەردەخەن. بەبێ ئاگاییەكی مەبەستداری نووسەرەوە.

هەر لەم پەیوەستە تایبەتەی نێوان نووسەر و دەق و زمانەوەیە كە لێكنەگەیشتنەكان

دێنە کایەوە: لەو کاتەی هەست دەکەین مەعریفە بەبێ زمانی ئەدەبی ناگاتە ئاستی دروستکردنی دەقێك و زمانێکی بێ مەعریفەی نووسەریش دەقێکی زیندوو کاریگەر ناخوڵقێنێ، ئەم بزر بوون و گومڕاییەی نێوان زمان و مەعریفە بزربوونێکە چەندەها پرسیاری جوداو تێکورووژاومان دەخاتە بیرەوە، (مردنی نووسەر) یەکێك بوو لەو بەرچاوخستنانەی کە دەسەڵاتی زمانی بەسەر توانای زەینیی نووسەردا شکاندەوە، لە ڕاستیدا ڕەخنەی نوێ دەقەکانی بە کراوەیی هێشتەوە.

پاش ئەوەی ڕوون بووەوە کە تیۆرییەکانی ڕەخنە لە داخستندا، لە شیکردنەوەی دەقەکاندا زۆربەیان نەگەیشتنە دۆزینەوەیەکی شموولی کە هەموو کەلەبەرەکانی دەق بگرێنەوە.

ئەگەرچی بۆ یەکەم جار لە مێژووی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا تەوژمی بنیاتگەری توانیی گەورەترین لێکدانەوەو تەبایی بخاتە دوو توێی دەقەکانەوە و لەو کاتەی دەقی لەخۆسەپاندنی ئایدۆلۆژی و دۆگماتیزمی و کلاسیکی رزگار کرد. بەڵام گەر بێتو لە جەوهەری ئەم بۆچوونە وردبینەوە دەبینین مردنی نووسەر بە واتای سیستەمێك لە واتای بەکارهێنراوە کە نووسەر دەخاتە دەرەوەی دەق و دەیکاتە نووسەری کاغەز. ئەو ئامادەبوونەی کە ڕەتدەکرێتەوە لە دەقدا، لەو کاتەی نووسەر بەزەینێکی نیمچە ئەفسانەیی خودی خۆی ناکاتە کاری بەرجەستەی خود لە دەقدا بەوەش شێوازەکانی دەربڕین وای لێ دەکات بەزمانێك بنووسێت کە لە خودی خۆی دادەبڕێت و جیهانێکی دوورو فانتازی دەخوڵقێنێ. لەو کاتەی نووسەر لە پێناوی نواندنی سیستەمێك، یاخود دروستتر وایە بڵێین بنیاتێك لە واتا دەستبەرداری هەموو ئەو جۆرە پێشنیارانە دەبێت کە لێکدانەوەی ئاسۆیی واقیعی دەیسەپێنێتە سەری. ئەو پێشنیازانەی کە بەئاستێکی والا دەربڕین لە خودی ڕاستەقینەی ئەو دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا دەق لە پێناسەی کۆتایی خۆیدا حاڵەتێك دەنوێنێ تەنانەت مردنی واتاکانی زمانیش دەگرێتەوە. لەو کاتەی دەگاتە خۆ ڕێکخستنێکی وا بەلایەنی نووسەرەوە کە دەگاتە حاڵەتی بەدەق بوون.

ئەگەر بێتو لە چۆنێتیی بە بنیاتکردنی دەق بڕوانین. دەبینین نووسەر لە پێناوی ئەم ڕێچکەیەی بەبنیاتکردنی زماندا کۆتایی بە هەموو ئامادە بوونێکی کەسایەتی و کۆتایی بە ئامادەبوونێکی واتاش دێنێ لە ڕووە زانراوو ئاشکراو ڕاستەوخۆکەیدا کە مەرج نییە ئەو لە نووسیندا خودی خۆی بسەلمێنێ. ئەگەرچی خودی خۆی لە گومڕاترین حاڵەتدا دەبینێتەوە.

کەواتە نووسین لە جەوهەردا ئەگەرچی کارێکی سەد دەر سەد زاتییە، بەڵام لەم مەڵبەندەی بەناوەند بوونە زاتییەدا نامێنێتەوە. ئەگەرچی نووسین لە یەکێك لە ڕووەکانیدا لە جەوهەردا نواندنی حاڵەتێکە لە واتای دیاریکراو کە دەچێتە دوو توێی یەك بنیاتی نووسینەوە بە جیهانە جوداکانی دەرەوە. بەڵام گەر زیاتر قووڵ بینەوە دەبینین ئەم پەیوەستە لە خودی خۆیدا کە دەچێتە چوارچێوەی زمانەوە ئامانجێك نییە لە نووسین کاتێك زمان بە هەموو دەسەڵاتێکیەوە ڕێی ئەوەمان لێ دەگرێت لەم ڕێچکە ئاسایی و ساکارانەدا بتوانین بیکەینە مانشێتی پێشنیازە زاتییە کۆمەڵایەتییەکان. دەق بنیاتی کۆمەڵ لە خۆیدا هەڵناگرێت، تەنانەت بنیاتی زاتیش هەڵناگرێت بەو واتا کلاسیکییەی کە لە شیکردنەوەیاندا زاتی نووسەر بکرێتە پێوانەیەك، کەواتە دروستبوونی دەق لە بنەڕەتدا دروستکردنی بنیاتێکی هاوکێشەیی و هاوتەریبە لە نێوانی نووسەر و زماندا دێتە کایەوە. نەك ڕستەیەکی گەورەیە. ئەو بنیاتەی دەبێتە مەڵبەندی مەسخبوونی واتاکان لە خودێکی یۆتۆپیی مەسخکراودا، هەموو ئاراستەیەك لە دەسەڵات و زماندا، لە بنیاتدا سەرچاوە دەگرێ، ئەو بنیاتەی لە بناغەدا ناچێتە دووتوێی واتا زانراوەکانی ناوەوەی نووسەرو دەرەوەی زمان لەدەقدا.

بەمەش نووسەر تەنیا لە ژێر کاریگەریی هۆیە بنیاتنەرە زەینییەکاندا، خودی خۆی بە واتا دەگۆڕێتەوە. ئەو خودەی شکۆمەندییەکی وەهمیی پێ دەدرا لە دەقدا، بەرامبەر بەدەقیش زمان (وەك بنیاتێکی ئەدەبی) هیچ ئامادەبوونێکی دەرەکیی واتاکانی تێدا نامێنێتەوە کە دەربڕین لەیەك حاڵەت لە واتای ئاشکرا بکات. هەردوو ئاراستە بەرەو بەناوەند کردنی واتا دەچن لە شێوەی بنیاتدا. بەڵام ڕستە لەدەقدا هەروەك گەردوونە کە فراوانبوونەوەیەکی بەردەوامەو ناچێتە دووتوێی بنیاتێکەوەو شوێنی هەموو پەرەسەندنێکە لە دەقدا و لەگەڵ ئەمەشدا رستە بنیات نییە و جوولەی بەردەوامی زمانەو کۆتایی واتاش نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا فراوانترین کرانەوە لەدەقدا بە واتا دەبەخشێت.

کەواتە واتا لەهەردوو مەڵبەندی نووسەرو زمانەوە لە رستەدا سیفەتی دانەخران و کرانەوەی بەردەوام دەگرێتە خۆی. لەو کاتەی سیفەتی بە واتاکردنی ئامادەبوونی پەیوەستی نووسەر بەدەرەوە لە گەردوونێکی فرە لایەنی واڵا بووندا دەبێت. کەواتە چۆن نووسەرو زمان بە هەمان ئاست لە ڕستەدا بەرەو کرانەوەی جڵەوگیر نەکراو دەچن و لەگەڵ ئەمەشدا دەق کۆتاییەکانی ڕستە ڕادەگەیەنێ، لەو کاتەی نووسەر لەدەق جودا

دەبێتەوە. هەروەك دەزانین فرێدانی بەردێك بۆ ناو گۆماوێك نە ئاو دەمێنێتەوە نە بەرد هەردووکیان تەنیا هێڵە بازنەییەکانی سەر ئاویان لێ دەمێنێتەوە. دەبێت چۆن باوەڕ بەوە بێنین کە دەق دەربڕین لە بۆچوونێکی دیاریکراوی نووسەر دەکات یا دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی زمان بنوێنێت؟

لە ڕاستیدا لەم نموونە بەرچاویەوە دەق، هەموو دەقێك، سیفەتێکی بەرچاوی بزر لەخۆی هەڵدەگرێت کە واتاکانی بەدەقبوونی خۆی ڕادەگەیەنێ داخستنێکی کۆتاییهاتوو بەلایەنی زمانەوە دەردەکاتە دەرەوە. کرانەوەیەکی کۆتایینەهاتوو بەلایەنی نووسەرەوە دەنوێنێ. ئەوەش ئەم سیفەتە بەدەق دەبەخشێت خودی رستەو زمان نییە بە تەنیا و خودی دەسەڵاتی نووسەریش نییە بە تەنیا، بەڵکو ئەو بنیاتە کۆتاییەکە ناسنامەیەکی بنیاتئامێز بەکاری بەدەقبوونی زمان دەبەخشێت. ئەو ناسنامەیەی کە ئاشکرا نییەو لە ژێرەوەی سیستەمێکی ئاڵۆزی فانتازیدا لە شێوەی بنیاتێکی کامڵ و موتلەقدا زەنگی لە دایکبوونێکی تر ڕادەگەیەنێ کە هەر تەنیا پەیوەستێك دەنوێنێ لە چۆنییەتیی خوڵقاندنی بنیاتدا. لێرەشدا بنیاتی دەق لە ژێر جووڵەی هەموو بوونێکی ئاشکرای نووسەرو واتای ئاشکرای زماندا، سیستەمێك لە واتا دروست دەکات کە لە کۆتایی هەموو شتێکدا نواندنی پەیوەستی نووسەرە بەدەرەوەی خۆی نەك لە شێوەی واتایەکی کراوەو وێڵدا کە هەموو تەبایی و بەش بەش بوونەکانی نووسەرو واتای زمان بە کراوەیی جێ بێڵێ، بەڵکو لە دوو توێی چەند ڕەگەزێکی دیاریکراوی خوڵقێنراو کە هەموو لە بنیاتێکدا دەتوێنەوە، دەقیش بە واتا کلاسیکی و نوێیەکەی دەسڕێتەوەو دەبێتە بنیات.

بەمەش دەق بنیاتێکی فانتازیی گەورەیە و هیچ نووسین و هیچ ئاخاوتن و هیچ گوتارێك لەم بنیاتە دەرباز بوونیان نییە. ئەو بنیاتەی مەسخبوونی هەموو ئامادەبوونێکی واتایە لە نێوان نووسەرو واتای زمانداو لە خودی خۆشیدا واتایەکی سیستەمدارە. بەم بۆچوونە زۆر تایبەتەی خوڵقاندنی دەق هەموو دەقێك لە بنیاتێکدا نەك تەنیا ناسنامەیەك بەدەق دەبەخشێت بەڵکو حاڵەتێکی فانتازیی ئیستەتیکیش لە دەقدا دروست دەکات، لەو کاتەی هیچ شوێنێك بۆ فراوانبوونەوەی تری بەبنیاتبوون نابێتەوە، تەنیا ئەو بە بنیاتبوونە نەبێت کە بنیاتی تری هاوجۆر لە خۆیان دەخوڵقێنێ.

لێرەشەوە ئەوە ڕوونە کە زمان لە خودی خۆیدا بوونێکە کە نووسەریش هەموو ئامادەبوونێکی خۆی لەم بوونەدا دەتوێنێتەوە و زمان دەگەیەنێتە ئاستی بنیات. ئەو بنیاتەی نە پێگیری هیچ وەستان و داخرانێك دەبێت؛ تەنیا لەو ساتەدا نەبێت؛ بنیات وەك

سیستەمی کۆتایی دەق ناسنامەیەك بەدەق دەبەخشێت، لەو کاتەی هیچ شوێنێك بۆ هیچ بوونێکی تر ناهێڵێتەوە جگە لە بوونی بنیاتە ڕەهاکانی کارلێککردنی زەینیی نووسەرو دەسەڵاتی زمان نەبێت. ئەگەر باوەڕ بەم بەرچاو خستنانەی جووڵەی زمان بێنین لە زەینی نووسەرداو لە پانتایی دەقەکاندا، دەبێ باوەڕ بەوە بێنین، کە ئەگەرچی بنیاتەکانی دەق هاوجۆری خۆیان هەیە، بەڵام هەر کارلێککردنی بنیاتەکانی دەقە لە یەکتری کەوا دەکات لە یۆتۆپیایەکی بنیاتئامێزدا، دەق گەدروونێکی ئەفسوناویی فانتازی لە داخستنێکی فانتازیدا بخوڵقێنی.

لەم گۆشەنیگایەشەوە، ئاشکرایە کە دەق گەڕانێکی بەردەوامی نووسەرە بۆ دابینکردنی بوونێك لە زماندا کە هیچی کەمتر نییە لە سەرجەمی دەلالەتەکانی ئامادەبوونی توانای زەینیی نووسەر بە بەخشینی جیهانێکی کامڵ بە خودی مەدلوولەکانی بوون.

کەواتە دەشێ دەق لە خۆیدا بنیاتێکی ڕەهاو کامڵ لە واتا هەڵگەڕێت کە پێناسە و دیاریکردنی ئەو بنیاتە لە هەموو وێستگە جوداکانی بە ئاماژەکردنی رووکەش دوور دەکەوێتەوە. بەمەش هەموو دەقێك هەڵگری دوو بنیاتی کامڵە لە پێکهاتنداو دەشێ بنیاتی واتای پشتەوەی دەق ناوی جیهانبینییەکی تەواوی لێ بنێین. ئەم جیهانبینییەش نەبیرەو نە ڕستەیەو نەسیستەمێکی ڕێزمانییە، بەڵکو بنیاتێکی بەرچاوییە کە لە شیکردنەوەیەکی قووڵدا دەشێ بخرێتە باری بەرجەستە بوونەوە. هەموو ڕەگەزۆکە بنیاتنەرەکانی دەق، وەك وزەی وردیلەی جودا لەو بنیاتەدا لەناو دەچن. بۆ ئەمەش ئەو ڕایە بەر پەرچمان دەداتەوە کە دەڵێ، گەر هەموو دەقێك جیهانبینییەکی تێدا بێت، دەبێ چ ناوێك بەو هەموو دەقانەی نووسەرێك ببەخشن کە لە دوو توێی یەك بنیات لە واتادا کاردەکەن و ئەو واتایە دەکاتە داینەمۆی دەقی جودا لە شێوازو زمانی نووسین و بەمەش یەك ناسنامەی بنیات بە دەقەکان دەبەخشن؟

بێگومان گەلێك لە نووسەرانی جیهان دەلالەتێك لەم بوونە دەکەنە مەدلوولی بنیاتەکانی دەق. بێگومان مەدلوولەکانی (زەمەن، سروشت، باوکسالاری، گەردوون، ترس، خەم، کامەرانی... هتد) بۆیان هەیە لەدەوڵەمەندیی مەدلوولەکانیان لەسەرتاپای تاقیکردنەوە و هەوڵە یەك لەدوای یەکەکانی نووسەرێك بگرنەوە، بۆ نموونە سروشت لەلای (گۆران، وۆردز وۆرسس، شاتۆبریان، برێشت، هەمەنگوای ... هتد)

خوڵقێنەری دەیەها دەقن، هەروەها زەمەن وەك مەفهوومێکی بەمەدلوولکراو لەلای میشیل بوتوور هێنانە کایەوەی فەلسەفەی زەمەنە لە ئەدەبداو مەدلوولی هەردوو بنیاتی

دەقە. مەترسییە شاراوەکانی سروشت بەرامبەر بە گوێنەدانی مرۆڤ بەو مەترسییانەو پشتگوێخستنیان، مەدلوولی کۆمەڵێك شیعری سەردەمی هەرزەکاریی برێشتە. سروشت لەلای گۆران دەیەها مەدلوول هەڵدەگرێت. لە نێوان دەیەها گریمان و دەیەها بۆچوونی ناشموولیدا دەبێ جیهانبینی هەر بریتی بێ لە بۆچوونێکی دیاریکراو یا (رؤیا)یەکی پێناسە کراو...؟

لە ڕاستیدا قووڵبوونەوەیەك لەم جیهانە سەیرەی دەقەکانی ئەدەبدا بە هەموو جۆرەکانیەوە دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە هەموو دەقێك جیهانبینییەك لە شێوەی بنیاتێك لە خۆیدا هەڵدەگرێت. سێ جۆر لە چۆنێتی بەبنیاتبوون لە جیهانیبینیدا بەدی دەکەین، ئەو دەقانەی تێکەڵییەك لە مەدلوولەکان دروست دەکەن، ئەو دەقانەی لە یەك بۆتەی مەدلوولەکان و ئاراستەیانەوە بنیات دروست دەکەن لە دووتوێی جیهانبینیداو ئەو دەقانەی پێگیری هیچ مەدلوولێکی دیارکراو نابن و لە ڕەنگدانەوەی فرە مەدلوولی و مەدلوولی کراوەدا، جیهانبینی دەخەنە دەقەوە و زۆر جاریش لە ئاراستەی ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆژیدا سەر هەڵدەدەن.

دەبێ ئەم جۆرانە چۆن چۆنی پەیوەست بن بە زمان و نووسەرو بنیاتی دەقەوە؟ لەمەش گرنگتر چۆن دەچنە دوو توێی یەك بنیاتەوە؟ گەر ئەوەی وتمان ڕێنیشاندەرێك بێت بۆ کارکردن، ئەو باوەڕە وامان لێ دەکات بڵێین هەموو دەقێك هەڵگری جیهانبینیەکی دیاری کراوە؟

**١- جیهانبینیی فرە مەدلوولەکان:**

دەشێ دەقێك لە دەقەکان کۆمەڵێك مەدلوولی جوداو واتای کامڵ بگرێتە خۆی، کە زۆر جار زەینی ڕەخنەیی بەرەو گومڕایی دەبات و وای لێ دەکات باوەڕ بەوە بێنێت کە دەق شوێنی چەندەها لێکدانەوەی جودا بێت.

بەمەش دەقەکان دەشێ بە تەفسیری جودا شی بکرێنەوە. ئەم نوشوستی و ساکار کردنەوەیەی دەسەڵاتی دەقەکان و بنیاتەکانیان لە ڕەخنەدا، بزرکردنی دەوری سیستەمەکانی بەبنیاتبوونی دەقە لە دوو توێی پەیوەستی زەینیی نووسەرو جووڵەی زمان لە بەخشینی بنیاتێك بەو جووڵە (زەینی – زمانەوانی) شتێکی ئاشکرایە جووڵەی کاری مێشك لە خودی خۆیدا بە کۆمەڵێك کارلێککردن هەڵدەستێت.

لە پێناوی ڕێکخستنی فەوزای واتاکان، بەمەش زەینی مرۆڤ ناوەندو بنیاتی پێش

وەختەی هەموو واتایەك و خوڵقێنەری هەموو سیستەمێكی زمانە. بەڵام بۆچی ئەم دەسەڵاتە خوڵقێنەرە ناتوانێت لەیەك دەقدا هەموو مەدلوولەكانی بابەتێك بخاتە یەك بنیاتەوە.

نوشوستیی زەینی لەو كاتەدا دێتە ئاراوە كە زەین نەتوانێت لە دەوری بە واتاكردنی مەدلوولەكانی زماندا دەربڕینێكی تەواو لە خودی كارلێككردنەكانی ناوەوەی خۆی بكات. ئەمە هەر وەك ئەوە وایە كە زەین توانای ئەوەی تێدا بێت هەموو مەدلوولەكانی ناوەوەی خۆی لە شێوەی ڕابردوودا، لە شێوەی ئامادەبوونێكی پڕاوپڕدا ئامادە بكات، بەڵام زەینی مرۆڤ ئەو دەسەڵاتە بەخۆی نادات و لە بیركردن و یادەوەری، دەوری تری جودان لە كاری زەیندا كە بەشێكی گەورەی مەدلوولە بەدەستهاتووەكان وەك ئەرشیفێكی زەینی هەڵی دەگرێت، ئەوجا دەوری ڕەگەزە بیرخەرەوەكان دێتە پێشەوە كە لە وێنەو خەیاڵ و خەوندا دەست بە ورووژان دەكەن و شێوەیەكی (انتقائی) بەرز دەگرنە خۆیان لە دوو توێی ئەو ئاراستەیەی كە تەنیا دەور بە مەدلوولە ئامادە بووەكانی زەمەنی نووسەر دەبەخشن و ئەم بە زەمەنكردنەی بوون كەوتنی بەهای مەدلوولەكان و بێ لایەنكردنیانە لە زەینی مرۆڤدا. ئەو مەدلوولانەی زەمەنی نووسەر بە پەلە داخوازییان دەكات.

بەمەش مێشك و كارلێككردنەكانی بە سیستەمكردنی زمان و دەركردنی زمان لە فەوزای واتادا، هەموو دەسەڵاتی خۆی لە یەك ئاراستەی واتادا بەرجەستە دەكات، هەروەكو چۆن زەینی مرۆڤ لە دەوری خۆیدا بە ناوەندكردنی هەموو بوونێكە و، هەر ئاواش بنیاتی دەق ناوەندی هەموو رووەكانی جودابوونەوە و فرە واتاییی تەفسیرەكانی دەقە. بەمەش هەموو ئاراستە جوداكانی واتا دەخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە. جگە لەم بارەی دەقیش هەموو ئاراستە جوداكانی واتا لە یەك دەقی دیاریكراودا دەكەونە پەیوەستێكی دوو ئاستەوە كە دوو سەرەیی بنیاتی واتاكان ڕاڤە دەكەن. هەموو دەقێك لە جیهاندا سیفەتی دوو سەرەیی واتا لەخۆیدا هەڵدەگرێت و ئەم سیفەتەش لە سیفەتی ناوەكیی زمانەوەیە؛ كاتێك پەیوەست دەبێت بەبیری نووسەرەوە لەیەك ڕێچكەی دیاریكراودا جودا كردنەوەی ئەم بنیاتەی واتا هەرگیز لەیەك بنیاتی دەقەكان دەرناچێ و دوو سەرەیی واتا لەگەڵ كامڵبوونیدا دەربڕین لەیەك ئاست و لەیەك ڕێچكە لە واتا دەكات.

هیچ دەقێك لە یەك تەوەرەی ئاراستە كردنی واتاكاندا رزگاری نابێت، هیچ دەقێكیش ئەگەر بنیاتەكانی واتای نەخاتە پەیوەستێكی دیاریكراوەوە، ناتوانێ ببێ بەدەقێكی كامڵ و هەندێك جار بنیاتی سەربەخۆ لە واتا كە لەدەرەوە پەیوەستەكانیان زەرەرێكی

گەورە لە بنیاتی دەق دەدەن. کەواتە چۆن ئەو پەیوەستە دروست دەبێت؟ گەر بێینەوە سەر دەوری یەکەکانی واتای زمان بۆمان دەردەکەوێت کە زمان لە چۆنێتی دروستبوونی قاڵبەکانی بنیاتە جوداکاندا دەوری جودا لەدەقدا دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەك جۆر پەیوەستی واتا دروست دەکەن، بەمەش دەوری بە شێوازکردنی واتا دێتە پێشەوە کە هەروەك چۆنێتیی بە بنیاتکردنی دەلالەتی زمانە لە دەقدا.

ئەو وێنانەی بەرجەستە نابن تاکو دەورەکانیان لە دەقدا بەتاڵ نەکەنەوە، لێرەوە جیهانبینیی نووسەر لە فرە مەدلوولدا، یەکگرتنەوەی پەیوەستی دەورەکانی ئەو مەدلوولە سەرەکییانەیە کە هەر دەقێك دەیگرێتە خۆی و ڕێکخستنیانە لەیەك بنیاتی دەقدا. کاتێك دەبینین مەدلوولەکان هەموو لە خزمەتی یەك واتادا دەبن و ئەو واتایە سەرجەمی دەوری مەدلوولەکان دەخاتە یەك بۆتەو یەك ئاراستەی دیاریکراوەوە و یەك سیفەتی یەکگرتوویان پێ دەدات. بایەخی ئەم دەوری جیهانبینی لەوەدایە کە مەرج نییە ئەو بنیاتە لەیەك دالی دیاریکراوەوە بنیاتی خۆی پێکەوە بنێ، بەڵکو لە بناغەوە ئەو بنیاتە جووڵەو کاری هەموو دەورەکانی دال و مەدلوولەکان دیاری دەکات:




بێگومان هەریەك لە مەدلوولەکانی سروشت بۆی هەیە جیهانێك لە مەدلوولی تر بتەقێنێتەوە و دەق بگەیەنێتە ئاستی بنیاتێکی کامڵ. مەبەست لە بە ناوەندکردنی دالی سروشت تەنیا ڕووی ئاشکرای دەقەو تەنیا بەدالی سروشت دەق دروست نابێت بەڵکو لە ڕووی ناوەوەی دەق مەدلوولەکانی سروشت مەدلوولی ترو دالی تریش دەخولقێنن و بنیاتێك دروست دەکات کە زۆر جودایە لە واتای دال و مەدلوولەکان.

### ٢- جیهانبینیی یەك مەدلوول:

هیچ نووسەرێك ناتوانێت لە یەك ئاراستەی مەدلوول و دالێكەوە و لەیەك ڕووی دەقەوە، بەشێوەیەكی دیاریكراو، سەرتاپای ئەزموونەكانی ژیانی خۆی لە قاڵب بگرێت. تەنیا ئەو مەدلوولانە نەبێت كە گەورەترین ژمارە لە دال و مەدلوولەكانی نێوان (ژیان، مردن، زەمەن، گەردوون، جیهان، هتد) پێك دێنن. ئەم یەكانەی بە دەلالەتبوون پێش دروستبوونی دەق سەربەخۆییەكی پڕ لە فەوزایان هەیەو تەنیا نووسەر دەیانخاتە پەیوەستی جوداوە لە واتادا. ئەوەش ئاشكرایە كە هەموو دال و مەدلوولەكان خوڵقاندنی واتای بێ سنوور لە خۆیاندا هەڵدەگرن و ئەم فراوانبوونەوەیەی واتاش بەجارێك هەموو مەدلوولەكانی یەك دال و مەدلوول ناگرێتەوە كە دەق بگەیەنێتەوە قاڵبێك لە واتا هیچ دابڕانێكی تێدا نەمێنێ.

نووسین هەموو كاتێك بیر خستنەوەو دابڕان لە دال و مەدلوولەكانی زمان راڤە دەكات، هەر ئەمەش ئاستی جیهانبینیی دەقەكان دەستنیشان دەكات، بەبێ ئەوەی ئەو دال و مەدلوولانە هیچ دەورێكی سەرەكی لە دەقدا داگیر بكەن. بەبێ ئەوەشی دەق بتوانێت لە دەوری بەبنیاتبوونی خۆیدا لە دەورەكانیان دوور خاتەوە. دەوری سەرەكیی واتاكانی زمان تەنیا لە بەرجەستەكردن و چڕ كردنەوەیەكەوە دەست پێ دەكات كە خودی بابەتی سەرەكی و كێشەی سەرەكی دەق دەگرێتەوە. لەم بەسەرەكیكردنەشدا ئەو خاسیەتە تاك و تەرایەی لەیەك مەدلوولی دەقەوە سەرچاوە دەگرێت، دەچێتە دوو توێی یەك بنیاتی ڕووكەشی دەقەوە. ئەو بنیاتەی كە هەموو مەدلوولەكانی زمان لە بنیاتێكی تردا بەتاڵ دەكاتەوە.

كەواتە بە مەدلوولكردنی دالەكانی زمان نییە كە دەق بەبنیاتی خۆی دەگات، چونكە هەموو دەقێك دەیەها مەدلوول و دالی جودا دەگرێتە خۆی، بەڵكو تەنیا هەر پەیوەستی نێوان ئەو دال و مەدلوولانەو جووڵەو دەوریانە لە یەك ئاراستەی دەقەوە بەمەش زمان دوو دەوری جودا دەگرێتە خۆی. لە یەكێكیاندا بەرجەستە كردن و گەورە كردنەوەی مەدلوولەكانەو ئەوی تریشیان بەپەراوێز كردنی برێك لە مەلوولەكانە. لەگەڵ ئەم دوو دەورەشدا، دەوری تر لەدەقدا دەكرێتەوە كە زۆر جار لەم پەیوەستانەوە دروست دەبن و هەموو دەورەكان لەیەك بنیاتی دەقدا دەنوێنن.

ئەو بنیاتەی کە چەسپاو نییە و لە خۆیدا، دەوری تر بۆ مەدلوول و دالەکان دەدۆزێتەوە. هەروەك خولقاندنی ئیحا لە ئاماژەکاندا، هەروەك دروستکردنی هەست لەم جوولانەوەیە کەواتە جیهانبینی لە خودی خۆیدا نەسیستەمێکی بە مەنهەجکراوە و نەدەورێکی جڵەو گیرکراوە لەدەقدا، بەڵکو پێگرییەکی دەرەکیی دەقەو لەگەڵ بە بنیاتکردنی نووسیندا سەر هەڵدەداتە دەرەوە، کە ڕێکخستنی زمان و دەوری زمان بەرجەستە دەکا لەزەینی نووسەردا، لەو ساتەی لەدەسەڵاتی نووسەردا زمان بەرجەستەبوونێکی کامڵ بە پێگەیینی ئەو جیهانبینییە دەبەخشێت. لێرەشدا مەبەست لەم جیهانبینییە یەك مەدلوولە، بە ناوەندیکردنی هەموو مەدلوولەکانی دەقێکە لەیەك مەدلوولی سەرەکیدا کە ئەو مەدلوولە خۆی و هەموو مەدلوولەکانی تر لە ناو دەباو لەیەك بنیاتی دەقدا بەرجەستەیان دەکات کە ئەویش بنیاتی شاراوەیە. لێرەشدا مەبەست لە جیهانبینیی فرە مەدلوول، کۆمەڵێك قاڵبی واتای جیاواز و پەیوەستدار لەدەقدا دەکاتەوە و هەر یەکە لەو قاڵبانە لەگەڵ خۆیاندا پەل بۆ چەندەها مەدلوولی تر ڕادەکێشن و هەموویان دەخەنە دوو توێی یەك ئاراستەوە. هەندێك جاریش تێکهەڵکێشییەکی هەمەلایەن لەنێوان ئەو قاڵبە واتایانەدا دروست دەبێت.

بە پێچەوانەوەش جیهانبینییەك مەدلوولی لەیەك ئاراستەی واتاوە پەل بۆ دەیەها مەدلوولی تر ڕادەکێشێ و لەیەك ئاراستەی دەقەوە دەورەکانیان بەتاڵ دەکاتەوە:




### ٣- جیهانبینیی کراوە لە مەدلوولەکان:

زۆر جار دەق کار لەسەر دەیەها مەدلوولی جودا دەکاو دەسەڵاتی نووسەر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەو مەدلوولانەی کە دەچنە دوو توێی یەك بنیات لە واتاوە، تێپەڕیان دەکاو پەل بۆ واتای سەربەخۆ ڕادەکێشێ. بە شێوەیەك خوێنەر ناتوانێ بیرێکی ناسینەوە دەربارەی دەقەکان و ئەو جیهانبینییەی تیایدان لەسەرجەمدا بیانخاتە یەك بۆتە لە

واتاوه، بەڕادەیەك دەقەكان هیچ ناسنامەو پەیوەستێكیان لە نێواندا نامێنێ و هەر تەنیا دەربڕین لە چەندەها ڕووی واتا دەكەن و سەرجەمی دەقەكانی نووسەر پەیوەستی بەهێز كۆیان ناكاتەوە. زۆرترین نووسینی ئەمڕۆكەی ئەدەبی كوردی لەم جۆرە جیهانبینییە كار دەكەن. مەبەست لەم كارە كرانەوەی دەقەكانە لەبەردەم باوەش گرتنەوە بۆ مەدلوولی دژ بەیەك و ناتەبا نەك لە واتادا، بەڵكو لە نواندنی یەك مەدلوولی دیاریكراو كە هەموو مەدلوولەكانی تر بخاتە یەك بنیات لە واتای دیاریكراوەوە.

بۆ نموونە دالی ئافرەت لەلای هەندێك نووسەر، هەموو مەدلوولەكانی بەگەڕخستنی بابەتی لەدەقدا دەگرێتەوە. بەڵام سەرجەمی ئەو دەورانە جیهانی واتای سەربەخۆ پێكەوە دەنێن و پەل بۆ واتای جوداو جیهانی جودا لە واتا دەهاوێن.

لێرەدا گرنگترین خاڵەكانی مانەوە لەدەقی لەم بابەتەدا لەوە بەرجەستە دەبن كە سنوورەكانی واتا لە فراوان بوونەوەو پەل هاویشتنی بەردەوامدا دەبن.

چونكە نووسەر ناچێتەوە سەر مەفهوومێكی پێش وەختەو مەدلوولێكی پێش وەختە. نووسەر لە نێو هەموو هەڵبژاردنەكاندا، خودی هەڵبژاردن لەدەقەكاندا لەمەودای سنورداریكردنیان تێك دەشكێنێ. بەمەش زمان دەخاتە حاڵەتێكی دوو سەرەی هەڵكشان و داكشان. بە پێچەوانەی چڕبوونەوە لە جۆرە سیاقێكی دیاریكراو لە واتادا، بەوەش خودی واتاكان لەیەك دەوردا دەردەچن و دەوری تر دەگرنە خۆیان. ئەو دەورانەی هەوڵ دەدەن لە دەقدا چەند مەدلوولێكی سەربەخۆ دروست بكەن.

ئەم جۆرە دەقانە گەورەترین سەركێشی لەبەر دەم شیكردنەوەدا دەخوڵقێنن. لەو ساتەی كە نووسەر ناتوانێت بەهێزێكی گەورەی بە واتاكردنی ڕستەو دالەكانی نووسین پەیوەستی یەك ڕێچكەو یەك ئاراستە لە نێوان قاڵبە سەربەخۆكانی دەقدا دروست بكات. لەو كاتەی هەست دەكەین كە ئەو قاڵبە واتایانە هەندێك جار لە دەق دادەماڵدرێن و ناكەونە ژێر بنیاتی یەكگرتووی دەقەوە، ئەم دابڕانەی كە پەیوەستەكانی نێوان بنیاتەكانی دەق و قاڵبەكانی واتا دەگرێتەوە، زەرەرێكی زۆر بە دەق دەگەیەنێ و زێدەڕۆییەكی بێ پاساوی واتا لەدەقدا دەكاتەوە.

لەمەشدا بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی دەڵێین، مەبەست لە قاڵبەكانی واتا ئەو بنیاتە بچووكانەی نێو دەقن كە لەسەرجەمدا ناسنامەیەك بەدەق دەبەخشن، ئەم بنیاتانەش جودان لەگەڵ هەردوو باری یەك مەدلوول و مەدلوولە بەر بەرەڵاكانی دەق. بەو پێیەی

دەشێ تەنیا لەم حاڵەتەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا دابڕان لە دەقەکاندا دروست دەبێت و دەبێتە هۆی یەکگرتنەوەی قاڵبەکانی واتا. گەر بێتو نووسەر بە زیرەکیی خۆی لە مەرجەکانی پەیوەستکردن و بە پاساو کردنی بە قاڵبەکانی واتا نەتوێنێتەوە.

ئەم دابڕانەی لە هەمان کاتیشدا خودی نووسەرو دەقیش دەگرێتەوە، لەو کاتەی هەست دەکەین نووسەر لەلایەکەوە هەموو دەسەڵاتێکی ڕێکخستنی واتاکانی لە زەیندایەو لە هەمان کاتیشدا نووسەر مەرجەکانی پێش وەختەی دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێتە نێوکاری نووسینەوە، چۆن دەتوانین ئەم جیهانە ئاڵۆزەی نێوان نووسەرو دەق چارەسەر بکەین؟

ئەگەر بێتو بە تەواوەتی فرتوفێڵ و بادانەوەو ناهۆشیارییەکانی کاری نووسین بدۆزینەوە لەو کاتەی باوەڕمان بەوە هەبێ کە هەموو نووسینێك لە هۆشیارییەکی گەورەی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێن ئەمە ئەو جیهانبینییە سەیرەیە کە هەموو دەقێك دەیگرێتە خۆی. دەق و جیهانبینی نە پەیوەستە رووکەش و ئاشکراکانی دەق و نە میکانزمیەتی ڕستەیە لە واتا ئاساییەکاندا لە نێوان زمان و بیردا نە تەنیاش ڕێکخستنی واتاو بە شێواز کردنی واتایە، بەڵکو ئەو بنیاتانەن کە لە مەدلوولە شاراوەکانی پشتەوەی دەقدا دروست دەبن و ناچنە ژێر جڵەوی هیچ یاسایەکی زمانەوانیی دیاریکراو و واتای دیاریکراوەوە.

ئەو بنیاتانەی پاش ئەزموونێکی زەینیی گەورەو تێکهەڵکێشی و هەڵسەنگاندنەوەی بنیاتە زەینییەکان دێتە دەقەوە.

| | | |
|---|---|---|
| شاراوە | کێشەکان | ٥ ٤ ٣ ٢ ١ |
| بنیاتی دەق | نووسەر | بنیاتی مەدلوول رووکەش |
| | پەیوەستەکان | ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠... هتد |

## پەیوەستی نێوان حاڵەتەکانی جیهانبینی و نووسەر:

نووسین کارێکە لە جەوهەردا پەیوەستی نێوان (نووسەر و دەقە) نووسەریش لە خۆیدا هەڵگری بیرە زاتی و مەعریفەکانی بوون و چۆنێتی ڕێکخستنی فەوزای زمان دەنوێنێ. هەروەکو چۆن ئەوەش ڕوونە کە دەق ڕەنگدانەوەی ڕوانینی بەرجەستەیی و مانەوەی نووسەرە لە بۆتەی زماندا.

ئەگەر باوەڕ بەم پۆلێنکردنە ساکارەی کاری نووسین بێنین، دەبێ باوەڕ بەوەش بێنین کە کاری نووسین و بەمەدلوولکردنی دەق لەمەنهەجییەتێکی زەینیی داخراو نزیك دەبێتەوە. تەنیا هەر ئەو دەقانە بنیاتەکانیان بە کراوەیی دەهێڵنەوە کە دەبێ تەفسیرێکی تەواو و کامڵمان بدەنە دەستەوە. بێگومان دەق ڕەنگدانەوەی بیر نییە وەك کارێکی تەجریدکراوی پەیوەست بە زەینی نووسەرەوە، بەڵکو بەخشینی دەورێکە بەدەلالەت لە بنیاتێکدا، بارت دەڵێ: (چیرۆك ڕستەیەکی گەورەیە)، بەڵام ئەم گوتەیە چۆن لەگەڵ بنیاتی کۆتایی دەقەکاندا یەك دەگرێتەوە کە دەچێتەوە سەر سیستەمێکی واتادارو زۆرجار سیمای دەق و واتا ڕووکەشەکانی دەق تێپەڕ دەکات؟ مەبەست لە ڕستەیەکی گەورە چییە؟

ئاخۆ (ثیمە)ی دەق یاخود ڕستەیەکە کە هەموو ڕستەکانی چیرۆك لەیەك پەیوەستدا دەخاتەروو؟ یاخود ڕستەیەك لە پشتەوەی مانا ئاساییەکان؟

لە ڕاستیدا چیرۆك و هەموو دەقێك بنیاتێکی گەورەیە کە سەرجەمی ڕستەکان و سەرجەمی دەلالەتەکان دەگرێتە خۆی. بەمەش دەوری زمان لە نێوان نووسەرو دەقدا دەوری گەیاندنی واتاکان نییە بەقەد ئەوەی بەخشینی بنیاتێکە بە واتاکان، هەموو دەقێك لە لای هەموو نووسەرێکدا بنیاتێکی سەربەخۆ دەنوێنێ تەنانەت لەو کاتەی نووسەر پێگیری هیچ مەدلوولێکی جەوهەری بەبنیاتکردنی دەقیش نابێت. دەق لە پشتەوەی خۆی بەسەرهاتی بە بنیاتبوونی زمان و زەینی نووسەرمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەمەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە چۆن بە بێ دروستبوونی بنیات دەوری هەموو واتایەك دەمرێت و دەوری هەموو دەسەڵاتێکی زمانیش دەمرێت.

هەرچەندە لە بنیاتنانی دەقدا مەحاڵە هیچ شوێنێ شوێنی بنیاتە شاراوەکانی دەق بگرێتەوە، ئەو بنیاتانەی کە بە جارێك پۆتۆپیای هەموو مەسخبوون و سەرهەڵدانەوەیەکی توانەوەی دەلالەت و مەسخبوونی دەورە ڕووکەشەکانی واتایە بەمەبەستی نووسین، سەد دەر سەد کارێکی زاتییەو تەنیا دەربڕین لە تاك سەرەیی نووسەر دەکات و دەسەڵاتی زمان لەوەدا نییە کە مۆرکی زەینیی مەعریفی نووسەر لەدەقەکاندا بسڕێتەوە، بەڵکو ناسنامەیەکی تر بەم دەسەڵاتەی ئامادەبوونی نووسەر دەبەخشێ.

لێرەدا هەروەك گریمانێکیش مەبەست لەم ناسنامەیە، چەسپاندنی خودی نووسەر نییە لەدەقەکاندا لە شێوەی کیانێکی ئامادەو کاریگەر. هەرچەندە هەموو کیان و بیرو

ئامادەبوونێکی خۆی دەخاتە دووتوێی زمانەوە. هەر بۆیە جیهانبینیی نووسەر پەیوەست بە مەدلوولی زمانەوە، پەیوەستێکی بەرجەستەکراوە و بوونێکی بنیاتدارە. بەڵێ دەق لە نووسەر جودا دەبێتەوە، بەڵێ بنیاتی دەق، بنیاتێکی ڕەهای سەربەخۆیە. بەڵام بەچی دیارە ئەو دەقە لەبەهاکانی بوونی بەردەوام بێت، گەر مەبەستی سەرەکیی ئەو بنیاتە لە مەدلوولەکانیدا نەتوانێت شوێنی پەیوەستەکانی مرۆڤ بگرێتەوە؟ بەچی دەق بەردەوامی و کاریگەریی خۆی دەپارێزێ؟ لە ڕاستیدا هەموو دەقێك هەڵگری ناسنامەی بنیاتێکی دیاریکراوە نەك لە شێوەی ڕستەو ئاماژەدا، بەڵکو لە شێوەی بنیاتێکی یەك واتادا. بەمەش دوو سەرەیی جیهانبینیی حاڵەتێکی ڕووکەشە لە دەقداو پەیوەستێکی ئاڵوگۆڕکاری تەواوکەری یەکتری لەدەقدا دروست دەکا.

ئەم حاڵەتەش هەروەك پەیوەستی سەرەتایی نووسەرە بەدەقەوە. لەو کاتەی نووسەر هەموو ئامادەبوونێکی زەینی و دەسەڵاتی زمانەکەی دەخاتە گەڕ بۆ نواندنی حاڵەتێکی دیاریکراو لە واتا کە گەورەترین پاساو بەگوتن دەدات. بەمەش هەموو نووسینێك پێشنیارێکی بنیاتداری زاتییە. ئەو بنیاتەی میکانیزمی زمان لە گوتن و بەخشینی شموولیەتێك بە واتا دەخولقێنێ کەواتە جیهانبینیی نووسەر، لە بنەڕەت و لە جەوهەردا دروستکردنی بنیاتی واتایە لەو جووڵە پڕ بە هێزەی میکانیزمی بە واتا کردنی زمان، لە ئاماژەی جودادا لە دەق دەینوێنێ. ئەو ئاماژانەی یەکەیەکی وردی نێو دەق لە پەیوەستی تەبایی و دژ بەیەکیدا پەیوەستی شموولی دروست دەکەن، ئەو شموولییەتەی سوود لە هەموو جەوهەرەکانی دروستبوونی دەق وەردەگرێت. بێگومان میکانیزمیەتی دروستبوونی واتا لە زماندا لە دەرەوەی دەسەڵاتی زەینی نووسەردا نابێت. هەموو دەقێکیش لەگەڵ ئەم بەرچاوخستنانەشدا پاش تەواو بوونی، لە شێوەی بنیات، لە دەسەڵاتی نووسەر دەردەچێت. نەك لە شێوەی واتا، بەڵام ئەم دەرچوونە حاڵەتێکی کۆتایی نییە. هەموو دەقێك سیفەتێکی پلاستیکیی هەیە و نووسەر دەتوانێت لە ماوەی زەمەنیی جیاوازدا دەقەکەی بە ئاراستەی زێدە و دەلالەتی زێدەدا بەرێت و لەلایەکی تریشەوە هەموو دەقێك لە ڕووکەشداو لە زۆربەی حاڵەتەکانی کۆتایی بە بنیاتبوونیشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو دەقێکی تردا. بەمەش هەموو دەقێك تایبەتگەرێتییەکی خۆی هەیە و زیاتر دەربڕین لە دەسەڵاتی زەینی و زمانەوانیی نووسەر دەکات لە شێوەی بنیاتێکدا. ئەو دەسەڵاتەی کە هەموو کاتێك لە واتادا کار دەکا و هەموو گەمە زمانەوانی و مەسخکردنە بابەتییەکانی دەق و حاڵەتەکانی گەشانەوەی زاتیی خۆی لە پێناوی یەك ئاراستەیی واتادار دەخاتە کار.

## نووسین و تەنیابوونی نووسەر

کاتێك گوشارە بەهێزەکانی مانا، نووسەر بەرەو گۆشەکانی بیرکردنەوە دەبەن کە شاعیر بەرەو خۆخوێندنەوەو گەیشتن لە دەوروبەر دەبەن و چیرۆکنووس هەست بەتەنیابوونی خۆی دەکا تەنیابوون لە نووسیندا، هەروەها لەبیرکردنەوەدا یەکەمین جیابوونەوەی توندوتیژیی فیکری و دەروونییە کە وا لەنووسەر دەکەن هەستێکی تێکەڵ لەنامۆیی و لەخۆ ڕازیبوون و دابڕانی لەوانی دی لەلادا بەرجەستە دەکەن کە نووسەر وای لێ دێت دەبێ بەرەو ڕووی ئەم هەستەی بێتەوە. بەوەی ئەو چیتر بەشێك نییە لەسیستەمێکی زمان و بیرکردنەوە کە سەرچاوەیەکی ئاخاوتن و لێکگەیشتنێکی هاوبەشیان هەیەو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەلایاندا ئاساییەو بەکاردێت.

تێکشکاندنی ئەو زمانە، ئەو جۆرە بیرکردنەوە هاوبەشە داسەپاوانە، وادەخوازن کە هەموو ساتێك مرۆڤ بەرەو جۆرێك لەبیرکردنەوە و ئاخاوتنی ڕۆژانە بچێت کە زمانی باوی کۆمەڵگەیەك دەیانوێنێ. و زۆر بەسستی پەرەدەسەنن. زمانی کۆمەڵایەتیی هاوبەش، زمانێکە گۆشەی تەنیابوون و بیرکردنەوەی قووڵی تێدا نییە. بەڵکو پەیدابوونی زاراوەکانی دەربڕین لێکردنی هاوبەش و ئیدیۆم و پەند و بەسەرهات و حیکمەتی دەستاودەست پێکراو ئەو جومگە چەسپاوو نەگۆڕاوانەی کە هێزێکی گەورەی هاوبەشبوون لەلای تاکەکان دروست دەکەن.

کۆمەڵگەو زمانەکەی تاك لەتەنیابوونی خۆی دەردەکەنە دەرەوە. چونکە ئەو دەیەوێ تاکەکان بەزمان و بیرکردنەوەی ئەو بنووسن و ئاخاوتنێکی وا ئاراستەی یەکتری بکەن کە بەزمانی ئەو لەدایك دەبن و ماناکانی ئەو بەکاربێنن. بەگشتیبوون لە زمان و بیرکردنەوە، تاك ناچار دەکا کە ئەویش وەکو ئەوانی دی ناسنامەیەکی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیی هاوبەشی هەبێت. هەروەها یادەوەرییەکانی زمانەوانیی گشتی و ئاسایی هەبێت، چونکە زمانی هاوبەش، زمانی بەگشتیبوون و بەکۆمەڵایەتیبوونی تاکیش دەنوێنێ، چونکە ئەو مرۆڤەی لە کۆمەڵگە دادەبڕێ لەهەر شێوەیەك بێت، ئەوا دەرچوونی ئەوە لە زمانی گشتیی کۆمەڵگە. ئەو مرۆڤەشی لە کۆمەڵگەو خەم و زمانە هاوبەشەکەی دوور دەکەوێتەوە، ئەوا بەجۆرێك لە جۆرەکان لە زمانی گشتی و بیرکردنەوەی ئەو زمانە و یادەوەرییەکانی دوور دەکەوێتەوەو هێدی هێدی لەخەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دوور دەگرێت و دەبێتە مرۆڤێك کە یاخییەو لە کۆمەڵگەدا هەست بەنامۆیی و هاوبەشی

نەبوون و بەناکۆمەڵایەتیبوون بکا. چونکە ئەو چیتر نابێتە بەشێك لەزمانی گشتیی کۆمەڵگەو ئەو زمانە چیتر بەکار ناهێنێ.

لێرەدا نووسەر کاتێك دەبێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، ئەوا ئەو ڕووبەڕووی دووسەرەبوونێکی توندوتیژو نەویستراو دەبێتەوە. ئەو لەلایەکەوە دەبێتە مرۆڤێك کە بەناچاری و لە پێناوی بوون بەمرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و ئەوانی تر لێی ڕازی بن و لێی تێ بگەن، زمانێك بەکاردێنێ کە جیاوازە لەو زمانە خودیەی کە بەکاری دێنێ و بیری پێ دەکاتەوە. هەروەها دەبێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی کە ماناکانی زمان و ئاخاوتنی باو بەکاردێنی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو لەناخەوە هەست بەمە دەکات کە ئەو چەندێك لەپێناوی ئەم بەگشتیبوونەی زمان و بیرکردنەوەی، لەزمان و بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی خۆی دووردەکەوێتەوە.مەسەلەکە تەنیاش هەر پەیوەست نییە بەزمانەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بەداو و دەستوورو چۆنێتیی بوونی ئەو بەمرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی کۆمەڵایەتی مرۆڤێکە کە زۆر زۆر لەو زمانە گشتییەو داو و دەستوورە کۆمەڵایەتییەکان قووڵ بووەتەوە، پەیوەندی و پێکگەیشتنەوە کۆمەڵگەییەکانی بەهێزن و ئەو بەهێز بوونەش، هێدی هێدی لەزمانی ڕاستەقینەی خۆی دووری دەخەنەوەو کەمن ئەوانەی دەزانن وەکو خۆیان بیربکەنەوە و بنووسن و ئاخاوتنەکانیان ئاراستەی ئەوانی دی بکەن، لەتوانایاندا بێت هەست بەتەنیایی بوونی خۆیان بکەن، چونکە ئەوان لەلایەن زمان و دەستوورێکی کۆمەڵایەتییەوە کۆنترۆڵ کراون و چیتر ناتوانن لە داو و دەستوورە و زمانەکەی دوورکەونەوە،.کەچی بەپێچەوانەوە نووسەری بیرکەرەوەی خودییانە لەنێو کۆمەڵگەکەیدا ئەوەندە تەنیایە، تەنانەت وای بۆ دەچێت کە ئەو نەدەبووایە لەم سەردەمەو لەم کۆمەڵگەیەدا بژیایە.

تەنیا بوونی نووسەر توندوتیژترین ساتەکانی تەنیا بوونی بوونایەتیی بەرهەمهێنەرە، کە زۆرجار کێشەکانی ئەو لەکۆمەڵگەدا وابەستەی هیچ دیسیپلین و جێگرەوەیەکی باو نابێت. چونکە ئەو هەست دەکات کە ئەو پێچەوانەی ئاراستە و بیرکردنەوەی ئەوانی دی لەزمان و داب و دەستووردا دەژی و نازانێ ببێتە بەشێك لەو زمان و داو و دەستوورانە. لەگەڵ ئەمانەشدا لاکردنەوەی نووسەر لەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییانە، بەشێکن لەپەیوەندییەکانی ئەو بەکۆمەڵگەکەیەوە.

ئاخۆ بۆچی ئەم تەنیا بوونە مۆرکێکی عەقڵی و کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێ؟ ئەوەی ڕوون و دیارە دەربڕین لەخۆکردن شێوازەکانی زۆرن و تەنانەت لەکاری نووسینیش دەردەچن.

ئەو مرۆڤەی بەتەواوی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییەو زۆر چاك لەزمانە کۆمەڵایەتییەکەی سەردەکەوێ مەرج نییە مرۆڤێکی بیرکەرەوەی داهێنەر نەبێت. بەڵام داهێنان لەلای ئەو لەرێگەی شێوازێك لەدەربڕین لە خۆکردنەوە دێتە دی کە ئەو باوەڕی پێی هەیە و دەیکاتە مرۆڤێك کە زۆرترین پەیوەستی کۆمەڵایەتیی هەبێت و لەفراوانترین ناوەندەکانی کۆمەڵگەدا گوێگری هەبێت و زۆر لەوکەسانەی لەنێو کۆمەڵگەدا زۆرترین گوێگریان هەیە، ئەوانە کار لەزمانی گشتیی کۆمەڵگەدا دەکەن. لەوکاتەی بەپێچەوانەی ئەم مرۆڤەوە، مرۆڤی تەنیاو ناکۆمەڵایەتی دەشێ لەلایەن کۆی کۆمەڵگەوە گوێگری نەبێت.

ئەمەش ڕوونکردنەوە و ڕوونبوونەوەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی ناکۆمەڵایەتی و داهێنەر تێگەیشتنێك لە نێو کۆمەڵگەدا نادۆزێتەوە، بەمەش زۆر جار ئەو مرۆڤە لەکۆمەڵگەکەی دادەبڕێ و خۆی بەبەشێك لەو زمانە گشتییەو لەو فۆڕم و بەهایانە دانانێ، نووسەری تەنیا لەگەڵ ئەمەشدا، واتە لەگەڵ تەنیا بوون و نامۆییەکەیدا، کاتێك بەوێستگەی تەنیایی بوونی خۆی دەکاو تیایدا بیردەکاتەوە. ئەو لەهەمانکاتدا پەیوەستێکی بەهێزو پتەوی پڕ لەمانای تاك لایەنی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا دروست دەکات و هەمیشە بۆ ئەوە کاردەکات کە بیرێکی تر و هیوایەکی تر بۆ پەیوەندی و پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکانی کەسایەتیی نێو کۆمەڵگەدا بخوازێ. چونکە ئەو هیوای بەئاخاوتن و زمان و ڕێزگرتنێکی ترەوە دەخوازێ کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پەیوەندییەکی مرۆڤانەترو دۆستانەتر بەرێت کە زۆرجاریش ئەم بیرکردنەوانەو زمانەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا تەنیا دەبنە خەونێك کە نووسەری تەنیا لەگەڵییاندا دەژی. ئەم هەولانەی نووسەری تەنیا دەشێ بەشێك نەبن لەڕەفتارو پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو لەکۆمەڵگەو لەش وێنی خۆیدا، چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە نووسەر لەناخی هەرە قووڵ و بیرکردنەوەی ناهوشیارییەوەی خۆی بەتەواوەتی لەگەڵ ئایدیال و پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکاندا نابینێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو زۆر لەخودی کۆمەڵگەو پەیوەست و ئاخاوتنەکانییەوە زیاتر لەگەڵ بیرکردنەوەی خۆیدا دەڕواو دەوروپشتی خۆی بەچۆڵی دەبینێ. نووسەری تەنیا زیاتر لە مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵگەو خوێنەرەکانیشی هەست بەنامۆیی خودێتی خۆی دەکا، چونکە زۆربەی ئاخاوتنەکانی خۆی لەو کۆمەڵگەیەدا نابینێتەوە. نەگونجانی زۆربەی نووسەران و داهێنەران زۆر لەگەڵ بەهاو نۆرمەکانی پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکان، هۆیەکەی بۆ ئەم ئاراستەیە دەگەڕێتەوە، لەواقیعیشدا دەقی ئەدەبی، دەقێکی پوختەکراوی ڕەنگ و ڕوو چڕکراوەیە و

زۆرینەی جارەکان نەئاخاوتنی تەواوو ڕاستەقینەی ناخی نووسەرە و نەدەقێکی گونجێندراوە لەگەڵ تێگەیشتنی خودی کۆمەڵگەدا نەك لەگەڵ ئایدیاڵەکانی و لەگەڵ بیرکردنەوەیدا، هەر بۆیە زۆربەی سەرسامییەکانمان بەرامبەر داهێنانە گەورەکانی ئەدەب، سەرسام بوونمانە بەتەنیایی نووسەری داهێنەر لەسەردەمەکەی خۆیدا، ئازارێکی گەورەیە بۆ نووسەری تەنیا کە نەبێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، ئازارێکی گەورەشە بۆ کەسانێك کە دەیانەوێ بچنە جیهانی تەنیا بوونی نووسەرەوە، چونکە نووسەر زیاد لەمرۆڤێکی ئاسایی هەستیارترو لێکدەرەوەترو بیرکەرەوەترە، ئەمانەش وای لێ دەکەن کە ئەو خۆی و خوێنەرەکانیشی لەیەك گۆشەوە سەیری داهێنانەکانی بکەن. بەوەی کە جیهانێکی سەیرو پڕ لە گرفتاری و پڕ لەبیرکردنەوەیە. وەکو ئەمەی لەبیابانێکدا لەپڕێکدا دارستانێکت بێتە پێش.

هەر بۆیە دەق کە بەداهێنانێکی فیکری و زمانەوانی دادەنرێ، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ تەنیایی نووسەر لەبیرکردنەوەو زمانیدا، نووسەر لە گۆشەیەکی جیاوازو بیر لێ نەکراوەوە دەڕوانێتە ژیان و بەردەوام خودی خۆی لەگەڵ نووسیندا ئازاد دەکات، چونکە ئەو لەژێر گوشاری جیاوازبوون و تەنیایی خۆیدا دەژی و ئەو تەنیاییبوونەش گیان و هۆشی بریندار دەکەن. ئەو لە ژێر گوشارێکی عەقڵی و دەروونی و هەژموونی دۆزینەوەی بیرکردنەوەی نوێدایەو ئەو گوشارانەش دەسەڵاتیان بەسەر کەسایەتیی ئەودا دەچەسپێنن.

بەرامبەر بەمەش کۆمەڵگە وەکو هێزێکی بەکۆکراوو دەستەجەمعی خاوەنی کۆمەڵێك بەهای داب و دەستوورو یاساو پێکهاتنی کۆمەڵایەتییانەی خۆیەتی کە لەلایەن سەرجەم تاکەکانییەوە هەڵبژێردراون و باوەڕیان پێیان هەیە و تاڕادەیەکی زۆر بوونەتە بەشێك لە سیما بنەڕەتییەکانی زمانی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیە کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەجیهانبینیی کۆمەڵگە ناویان بەرین. ئەم زمانە پەیوەندیی بەو بیرکردنەوە و تێڕوانینە گشتییانەوە هەیە کە لەسەرجەمدا دەبنە چۆنێتییەك بۆ بیرکردنەوەو وەڵامدانەوەیەکیشە بۆ پرسیارە ڕۆژانەییەکانی تاك، وەکو چۆن ڕێز لەبەرامبەر دەگیرێ؟ چۆن بڕوانینە ئافرەت، نیشتمان، نەتەوە، ئاین، خزمایەتی، هاوڕێتی و ... هتد.

ئەم بۆچوونانە لەهەموو کۆمەڵگەکاندا کۆمەڵێك باوەڕی چەسپاون کە ئاراستەی زمان و بیرکردنەوە دەکەن و لە کۆتایی هەموو شتێکدا گوشارێکی گەورە و بەهێز دەخەنە

سەر ئەو کەسەی دژی، یا پێچەوانەی یا ناتەباو نەگونجاویی ئەم بیرکردنەوانە ڕەفتار دەکات، هەربۆیە مرۆڤی بیرکەرەوە بیەوێ و نەیەوێ بەشێك لەم داو و دەستوورانە لە نێو هوشیاریی شاراوەی خۆیاندا هەڵدەگرن و چەندێك ئەم گوشارانە زیاد بکەن کۆمەڵگە هۆیەکی گوشار خستنە سەری توندوتیژتر دەکا و هۆیەکانی گوشار خستنە سەریان بەهێزترو فراوانتر دەکا. کە لەکۆتایی ئەو زێدەڕۆییە هەژموونگەراییەدا باوەڕەکانی دەبنە هێزێکی قەدەغەکار.

هێزی قەدەغەکار لە کۆمەڵگەدا هێزێکی نابیناو کوێرو تاکڕەوە، کە تایبەتمەندییەکان لە تاك دەسەنێتەوەو نموونەیەکی وەکو تاکەکانی خۆی لێ دروست دەکات و ئەو هێزانە لەگوشارو دەربڕین لێکردنی هێزەکانی خۆیاندا ئەوەندە کاریگەرن کە تاکو سنوورەکانی کوشتن و لەناوبردن و بێ سەروشوێنکردن و سزادانی توند دەڕۆن. ئەوە دەستەکانی باوکی ئافرەتێك نییە کە بەناوی نامووسەوە دەست بۆ تیرۆری جەستەیی بەشێك لەخوێن و هەناوی خۆی دەباو دەیکوژێ، ئەوە دەستی هێزی قەدەغەکاری کۆمەڵگەیەکی قەدەغەکارە کە کەسی لادەر لەنۆرم و بەهاو پیرۆزییەکانی خۆی قەبووڵ ناکاو هەموو ئازادییەکانی مرۆڤ دەخاتە ژێر دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کردن و قەدەغەکردنەوە.

لێرەوە لەوە دەگەین کە نووسەری تەنیا لەژێر چ هێزێکی قەدەغەکاردا بیردەکاتەوە. نووسەری تەنیا مرۆڤێکە دەیەوێ لە نێو توندوتیژییەکاندا بەهێزی بیرو خەیاڵی خۆی، خۆشەویستی بەرهەم بێنێ، لێبووردەیی و تێگەیشتن بێنێتە کایەوە. ئەو دەیەوێ لە ڕێگەی زمانێکەوە کە لە لایەکەوە، زمانێکی ناتوندوتیژەو لەلایەکی ترەوە زمانێکی سەرکێشیکەرە، ئەو بەهاو نۆرمە کۆمەڵایەتییانە لەباری توندوتیژییان ئازاد بکاو تاك بخاتە کەشە جوانەکانی گەشبوونەوەی بیرکردنەوە. هەربۆیە ئەو تەنیایە لەو بەها نوێیانە، ئەو تەنیایە لەوەی ناتوانێ وەکو ئەوان بیربکاتەوەو بنووسێ و ئاخاوتن بکات. هەربۆیە ئەو نووسەرانەی زۆر لەم ئاراستەیە دەچنە پێش بەرەوڕووی ستەمی پەراوێزکردن و هەوڵی تیرۆر کردن و لەناوبردن دەبنەوە.

نووسەری تەنیا لەئەدەبدا، ترسناکترین مرۆڤە لەسەر هێزی قەدەغەکردنی هەر کۆمەڵگەیەك. بەڵام ئەو بەزمانێك ئەو کاریگەرییانەی خۆی ناخاتەڕوو کە بۆی هەبێت ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بێنێتەکایەوە. بەڵکو بەزمانێك دەدوێت کە پڕە لە بەها نوێیە لێبووردەکان کە لە ڕێگەی هەست و سۆزەوە دەیەوێ کاریگەرییەکانی لەسەر هەر تاکێك جێ بێڵێ، کاریگەریی کەسانێکی وەکو دۆستۆیڤسکی ، یەسەنین ، تۆلستۆی و ... هتد

لەسەر کۆمەڵگەی ڕووسی بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ کاریگەرییەکی بەهێزو گەورەیە کە زۆر جار ناتوانین ئەو کاریگەرییانە وەکو باوەڕێکی سەرجەمگیرو ئاڵوگۆڕکاری کۆمەڵایەتی بخەینەڕوو. هەروەها کاریگەریی کامۆ، هیگۆ، ئانۆی ، سارتەر، بۆدلێرو ڕامبۆ لەسەر کۆمەڵگەی فەرەنسی و کاریگەریی جوێس هاردی ، کۆنراد ، شیلی ، بایرۆن و... هتد لەسەر کۆمەڵگەی بریتانی و پاشان کاریگەرییان لەو کۆمەڵگانەی کە کەمتر بەرە ڕووی تواناو هێزی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

هەربۆیە ئەو نووسەرانە تەنیان لەبیرکردنەوە، تەنیان لە کاریگەری تەنیان لە جیهانبینییان. لێرەوە دەتوانین بەهاو گرنگیی نووسینی داهێنەرانە بەدی بکەین لە کۆمەڵگەکاندا نەك وەکو هێزێك کە توانای گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵکو وەکو هێزێك کە توانای فراوانکردنەوەی خەونی هەبێ لەلای تاکەکانداو ئیلهامی خۆ تازە کردنەوە و ئامادەیی گۆڕانکاری تیادا بێتەدی. زۆربەی ئەو نووسەرە تەنیایانە لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا بەرەو خوێندنەوەی کەمتر دەچن.

بەپێوانە لەگەڵ کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە ڕێژەی خوێندنەوەیان تاکو ئەمڕۆکەش فراوانتر دەبێتەوە. هۆیەکەی لەوەیە لەوکاتەی ئەو نووسەرە تەنیایانە کەمتر کاریگەرییان لەسەر تاکەکاندا دەبێ. بەوەی جیهانبینی تاکەکان گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا زیاتر کاریگەرییان جێ دەهێڵن. بەوەی کەمتر گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. نوشوستیی سوریالیستەکان لەئەدەبی ئەوروپیدا لەوێدا بووە کە ویستوویانە لە ڕێگەی ئەدەبەوە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بێننەکایەوە. ئەوان لەم ئامانجەدا نووسەرانێکی تەنیا بوون، بەڵام پاش ساڵانێکی دیاریکراو لەم ئاراستەیەدا بۆیان دەرکەوت ئەدەب و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی ڕاستەوخۆ بەیەکتر ناگەنەوە کە ئۆکتافیۆپان، یەکێك بوو لەو نووسەرە تەنیایانەی باوەڕێکی لەم جۆرەیان هەبوو.

## ئەوکاتەی دەنووسین تیۆریزە بۆ نووسین لە دەرەوەی کاغەز
## ″تەنیا ئەو نووسینانە کاتی نووسینیان دیار نییە کە داهێنەرن″

کاتێك خەمی نووسین، نووسەر دادەگرێ، بۆ ماوەیەك بە چەندین حاڵەتی دەروونیی جیاوازدا تێپەڕ دەبێ. ئەو کە هیچ دڵنیاییەکی نەبێ بۆ ئەوەی نووسینەکەی داهێنەرانەی یاخود نووسینێکی ئاسایی و ڕۆژانەیە، ناتوانێ بە حاڵەتی نووسینەوەی دووەم تێپەڕ بێ و تەنیا لە نووسینەوەی یەکەمدا دەژی. هەموو نووسینێك کە هونەری بەتایبەتی ئەدەبی بێ، بە دوو حاڵەتی نووسیندا تێپەڕ دەبی. حاڵەتی نووسینی یەکەم، کە حاڵەتێکی نووسینی زەینییە و وەك ژیانی یەکەمی نووسەرە لە ناوەڕۆك و بابەتی نووسینداو حاڵەتی دووەمیش، حاڵەتێکە کە وشە زەینی و ژیانییەکان لە کاتێکی دیارینەکراودا دەکەونە سەر کاغەز.

ئەم لێکۆڵینەوەیە وردبوونەوەیە لە هەر دوو حاڵەتی نووسین لەو باوەڕەوەی کە نووسینەوە کردارێکی سەرەتایی نووسین نییە، بەڵکو نووسین پێش نووسینەوە بە کردارێکی تری نووسینەوەدا تێپەڕ دەبێ کەلەوێدا سەرەتاییێتیی نووسین دەست پێ دەکاو کرداری دووەم، تەواوکردنی کرداری یەکەمە.

ئەم کردارە سەرەتاییە لە چوارچێوەی هۆکارە دەرەکییەکانی نووسینەکە، پەیوەستی بنەڕەتیی نێوان نووسەرو دەرەوەی خۆی دەنوێنێ.

### نووسینی یەکەم

نووسەرانی وەك شاعیرو ڕەخنەگرو پەخشاننووس و چیرۆك و ڕۆمان و جۆرەکانی تری ئەدەب، هەروەها شێوەکارو پەیکەرتاشیش تا ڕادەیەك، کە دەست بەکاری نووسینەوە یا نەخشاندن و بەرجەستە کردنی بیرەکانیان دەکەن. ئاخۆ ئەو بیرە لە کوێی نووسەرو نووسیندایە؟ ئاخۆ نووسەرو هونەرمەند، بەچ میکانیزمێکی عەقڵی و هوشیاری و هەستیاری بوونەوە دەست بۆ قەڵەم و کەرەستەی نووسین دەبەن؟

ئەوەی شوێنی بەدواداچوونە، نووسەر، پێش نووسین تووشی حاڵەتێك لە لە دەست لێدانی هێزێکی شاراوەی بابەتییانە دەبێ، ئەو هێزەی شێوەو خەسڵەت و کاریگەریی بەپێی جۆرەکان و شێوەکانی نووسین و بابەتە جیاوازەکان ئاستی لێك نەچوویان هەیە

کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین. بۆ نموونە دەست لێدانی یا دەست لێوەشاوەیی سۆزاوی بە لایەنی شاعیرەوە، کاتێك تەوژمێك، تەوژمێکی بەهێزی کاریگەر بوونی بابەتییانە سەرتاپای دەورو کاتەکانی بیرکردنەوەی شاعیر داگیر دەکات و لە دنیای دەرەوەی خۆی دادەبڕێ. بەم مانایەش نووسەر لە کاریگەری و سۆزاویبوونی پێش نووسیندا لە بابەت و ناوەڕۆکێکی بێ بنیاتدا، کە وەك مانای پەرتەوازە بوو دێنە زەینی نووسەرەوە، ئەوا لە دوو توێی ئەو مانایانەوە، نووسەر لەلایەکەوە لە هەموو جیاواز بوونە بابەتییەکانی دەرەوەی بابەتی دیاریکراو دادەبڕێ و هەر لە چاوی بابەتی دیاریکراوەوە پەیوەست و پێکگەیشتنەوە لەگەڵ سەرجەمی ماناکانی بابەتە پەرش و بڵاوەکاندا دروست دەکات.

کەواتە سەرەتایێتیی هۆکارە دەرەکییەکانی نووسین، دابڕان و پێگەیشتنەوەیە لە گەردوونێکی هەستیاری و سۆزاویی کاریگەر بوونی بێ وێنەدا. کاتێك هێزی لێدانی زەینیی مانا بیری نووسەر داگیر دەکات، ئەو لە بارێکی ناسەقامگیری ناسروشتی و شڵەژاندا دەژی، ئەو هەمیشە و بۆ ماوەیەکی بێ سنوور، دەکەوێتە کێشەیەکی قووڵەوە لەگەڵ خۆیدا. بابەت و مانا زاڵن بەسەر عەقڵ و هۆش و پەنجەکانیدا. ئەو خەریکی کاملکردنی ماناکانەو لە هەوڵی بەخشینی بەرگێکی نوێیە بەو مانایانەو دەیەوێ بنیاتێکی کۆنترۆلکراویان لە پێناوی کردارێکی تری نووسیندا پێ ببەخشێ، لە نێوانی دەیان کرانەوەی مانا و بابەتدا ئەو تەنها لەو خاڵی بیرکردنەوەیەدا جڵەوی مانا دەگرێتە دەست، کاتێك دەگاتە ئەو باوەڕەی ئیتر چ لە توانای عەقڵی و چ لە توانای زمان و بیرکردنەوەدا ئەو هێزە نامێنێ، کە لەو سنوورە بەرەو پێشتر بچێ. ئەم ساتانە ساتە ئاگرینەکانی بوونی نووسەرن لەو شوێنەی کە نازانێ کوێیە و لەو هۆیانەی کە دەیهێنن و دەیبەن و هەر جارەی چەندین دەروازەی بۆچوونی جیا و دابەشبوونی جیاجیای لە بەردەمدا دەکەنەوە، هەر لەوێشەوەیە ڕۆژ و ساتەکانی ئەم دەست لێوە شاوە بابەتییانەیەی نووسەر یەك کات و یەك کردارو یەك ژیانە لەگەڵ بابەتدا.

نووسەر لە هەموو ئەم ژیانەیدا لە زەینی و عەقڵیدا، لە هەست و سۆزەکانیدا بەکردارێکی سەرەتایێتیی نووسیندا تێپەڕ دەبێ لە نێوان هەڵبژاردنی مانایەك کە ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی هەیە و لە نێوان چەندین بۆچوون و هەڵبژاردنی جیاوازی وشە و رستەی کاریگەر بوودا. ئەو لەسەریەك هێڵی نووسینی کراوەدا سەقامگیر دەبێ و ماناکانی لە یەك ئاراستەی بیرکردنەوەدا بەیەك دەگەیەنێتەوە، جۆرێك لە پێکگەیشتنەوە کە گونجاندن و تەباییبوونی بابەتییانە دێنێتە زەینی نووسەرەوە. ئەمە کردارێکی

نووسینەوەی بناغەیی و زارەکییە، ئەمە نووسینێکی بنەڕەتی و سەرەتاییتییە کە بەبێ ئەو هیچ نووسینێك لە دایك نابێ و قەتیش داهێنەر نابێ، بەڵکو ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی کرداری نووسین، کردارێکی ڕاستەوخۆیی و بوون و خۆ بەتاڵکردنەوەی یەکسەری بوون نییە. بەڵکو هەموو نووسینێکی داهێنەرانە لە ناخی مانا و وشەو دەربڕین لێکردن بەگشتیدا ئەو گەوهەرە داهێنەرەی بەبنیاتکردنی ماناو ناوەڕۆك و هەندێك جار چۆنێتیی دەست بە نووسینەوەش لە خۆیدا هەڵدەگرێ.

ئاخۆ ئەو ماناو ناوەڕۆکە یا ئەو گەوهەرە سەرەتاییە چییە کە نووسەر پێش نووسینەوە، هەڵی دەگرێ؟ زۆرینەی ئەو مانا بابەتییانە لە سەرەتای بیرکردنەوەدا لە ڕستەیەکی، یا مانایەکی دیاریکراوی دۆزراوەی نووسەرەوە دەست پێ دەکەن. ئەو ڕستەیە یا مانایە بۆیە دۆزراوەیە، چونکە چراوگەو شیلەی فرەمانایی لە یەك گۆشەنیگای تێگەیشتن و کاریگەر بووندا لە خۆ دەگرێ. لەو ساتەی نووسەر بۆ یەکەمین جار لەژێر هۆکارە دەرەکییەکانی وەك (سۆزاوی بوون، کاریگەر بوون، کاردانەوە)دا دەکەوێتە ژێر باری دۆزینەوەکەی، لێرەوەیە کە بەسەرهاتی نووسەری دەروون داگیرکراو دەست پێ دەکات، بارەکانی تەنیاییبوون لەگەڵ خود، بارەکانی شەکەت بوونی زەینی، بە چۆنێتیی دەرچوون لە کاریگەر بوون و سۆزاوی بوون، بەچۆنێتیی بەخشینی بنیاتی ڕووکەش و بیرکردنەوە لە خولْقاندنی بنیاتی بەهێز و شاراوەی دەقی نووسەر دەکەوێتە کێشەیەکی بێ وەستانەوە لەگەڵ خۆیدا. چونکە پاش ئەوەی بابەت سیحرو جادوو ، تەلیسمی ئەفسانەیی لە دڵ و زەینی وەشاند. ئیتر نووسەر دەبێتە سیحر لێکراوێکی دەست لێدراو، چیتر ئەو نووسەرە نابێ کە ئێمە دەیناسین، تەنانەت ئەم کاریگەر بوونە هێزی خۆی لە سیماو ئاخاوتن و جموجۆڵ و خەونەکانیشیدا بەرجەستە دەکات و تووشی بارێك لە ناسەقامگیریی خەیاڵ و خەون و هەست کردن دەبی.

ئەم بارە کۆتاییەکەی دیاری نەکراوە. تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە نووسەر ئەو بارەی تێیدایە لە شڵەژانەوە، دەگواسترێتەوە بۆ ئارامییەك کە گوشاری لەسەر بیرکردنەوەی نووسەردا زۆرتر دەبێ، تاکو ماناکانی ئەو ئارامییەی کە لە دەرنجامی تێگەیشتنی ئەوەوە لە ناوەڕۆك و بابەتی بیرەکەیدا دێتە کایەوە، کاتی لە باری نووسینەوەو دەرفەتی نووسین بە نووسەر دەبەخشێ. ئەو دەرفەتەی نووسەر خۆشی نازانێت لە چ کات و لە چ شوێن و لە چ شێوەیەکی نووسیندا دەربڕینی لێ دەکات. چونکە پاش ئەوەی نووسەر لە باری شڵەژانی ناخەکی ڕزگاری دەبێ، ئەوسا هێزی دەست بردن بۆ نووسین، گوشاری

نووسینەوە دەخاتە سەر نووسەر. بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەو هێزەی نووسینە، ئازادییەکی وا بە نووسەر دەبەخشێ کە هەر لەو ئازادییەدا بەهای ماناو ناوەرۆکەکانی بابەتە نووسراوەکە لە عەقڵدا گەورە دەکاتەوە. دەشبێ ئەم ئازادییە لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی نووسینەوە ساڵان و ساڵانیش تێپەڕ کات. چونکە هەر کاتێك ئەو مانایانەی نووسەر لە زەینیدا خستوویانیەتییە چوارچێوەی بنیاتی ڕووکەشەوە، ئیتر لە عەقڵی نووسەردا نەمرو خاوەن بوونێکی لەناونەچوو دەبن و هەمیشە وەك دەقێکی نووسراوی زەینی، ئازادیی دەربڕین لێکردن بە نووسەر دەبەخشن.

ئەمەیە پێگەیین و کامڵبوونی بابەتییانەو نووسینی یەکەمە، ئەمەیە ئەو نووسینەی کە تەنیا و تەنیا نووسەر یەکەمین کەسە کە بابەتەکەی لە عەقڵیدا دەخاتە بەر خوێندنەوەو یەکەمین کەسیشە کە لە ناخی خۆیدا ئەو بابەتە دەنووسێتەوە، هەر بۆیە نووسینەوەی یەکەم هێشتا نابێتە ڕووداو، هێشتا نابێتە مێژوو، هێشتا زیندوویێتیی خۆی لە بوونی نووسەرو بیرکردنەوەیدا هەڵدەگرێ. هەر چەندە ئەو نووسینە لە باری پەرتەوازەیی بوون و بێ بوونییەوە ڕزگاری بووە و چووەتە قاڵبی بنیاتە ڕووکەشەکانی نووسینەوە.

نووسەری داهێنەریش تەنیا بەتەواو بوون و پێگەیشتنی بابەتییانەی عەقڵی، دڵی سارێژ نابێتەوە، هەستی لەبار کراوی بوونی بابەتییانە دەربازی نابێ. ئەوەندە هەیە کاتی نووسینەوەی بابەتییانەی لەلادا ڕوون و ئاشکرا نییە. هەر بۆیە، نووسین دەبێتە ئەو یۆتۆپیا کۆنترۆلکراوو نائامادەگییە بەردەوامەی، کاتی نووسینەوەی دووەمی دیار نییە و کاتی نووسینەوە پەیوەست بە نووسەر و کرۆکی بابەتییەوە ئەو کاتەیە کە بەهایەکی شاراوەی میتافیزیکیی هەیە. خاوەنی پەیوەستێکی تەواو سەرەوەیی واقیعەوەن هەر چەندە نووسەر پەیوەست بەداهێنانەوە، واتە نووسینەوەی دەقی داهێنەرانە، قەت دەست بە نووسینەوەی دووەم ناکات، تەنیا ئەو کاتە دیارینەکراو و شاراوەیە نەبێ کە بەتەواوەتی و بەکامڵی هەموو پەیوەستە دەرەکی و ناخەکییەکانی دادەخاو لەگەڵیدا دەپچڕێ و چیتر ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ تر لە ساتی دیاریکراو دەست بداتە قەڵەم (ئازارەکان و خۆشییەکان و چێژەکانی) نووسینەوە بەتەنیا لە ناخی خۆی واڵا بکاو بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی ئەو مانا بنیاتدارو نووسراوە زەینییانە ببێتەوە، ئەوەندە ئەویان خستە بارێکی دەروونی و عەقڵیی شڵەژاوەوە و ئەوەندەش ئەویان خستە سەر باوەڕ بوون بەوەی کە دەبێ بە نووسینەوەی بابەتەکەی هەڵبسێ.

چێژی نووسین ئەگەر بەلایەنی نووسەرەوە بوونی هەبێ، کە بێگومان بەلایەنی

نووسەری داهێنەرەوە بوونی هەیە. ئەو ساتانەی کە بە دوو کرداری نیمچە فانتازی و ئیرۆسیدا بەسەر هیوا شاراوەکانی نووسەردا تێپەڕ دەبێ کەوای لێ دەکات باوەڕ بەوە بکات کە ئەوە ئەو نووسەرەیە کە گەورەترین بەهای مرۆڤایەتی بە بوون دەبەخشێ. لە کرداری یەکەمدا ئەو چێژانە وەك باران بەسەر نووسەری داهێنەردا دەبارێن. کاتێك دەگاتە ئەو ئاستە لە ژیان لەگەڵ مانادا کە ئەوەو کەسی تر نییە بە هونەرێکی تازەو نەدۆزراوە هەڵدەستێ و لەگەڵ ماناکاندا چێژی سەرکێشیکردن و خۆدانەوە دەستی ئاڵوگۆڕکار دەست پێ دەکاو لەوێدایە کە نووسەر وەك کەسێکی خاوەن یاساو، وەك کەسێکی خاوەن دنیابینی و تێگەیشتوو لەگەڵ وشەدا دەکەوێتە کەشێکی پڕ لە چێژو ئازارەوە.

چەندێکیش نووسەر دەسەڵاتی بەسەر ماناو وشەدا زۆرتر بێ، ئەوەندە ئەو چێژانە زۆرتر دەبن و نووسەر لەگەڵ هەموو دەرەوەی خۆیدا دەپچڕێنن. چەندێکیش دەسەڵاتی بەسەر زمان و مانادا نەشکێ ئەوەندەش بەرەو ڕووی ئازاردانی عەقڵی و تەنانەت جەستەییش دەبێتەوە دەیبینی لە شکستی بێ توانایی بەرامبەر بە ماناو زمان خەمۆکیبوون و نامۆبوونێکی ناخەکی دەیگرێتەوە. دەیبینی کاتێك وشەو مانا لە دەستی هەڵدێن، چەندین ڕۆژ و چەندین سات لەگەڵ شکستی دەروونیدا دەژی و چەندێکیش نووسەر ئازارەکانی گەورە دەبن کاتێك دەگاتە ئەو ساتەی کە ئەو بەدەستی نووسینەوەی ناخی خۆی گیرۆدەو پەڕاگەندەیە و ئازارەکانیش چەندێك گەورە و گەورەتر دەبن.

هەر لەم قۆناغەی نووسینەوەیدایە کە نووسەر جاری وا هەیە تاکو دواساتەکانی ژیانی مانایەك لە ماناکان، بابەتێك لە بابەتەکان لە عەقڵیدا دەمێنێتەوە و قەتاو قەت ناتوانێ دەربڕینی لێ بکات. کرداری چێژاویی دووەم لە تەواوبوونی نووسینەوەی دووەمدایە. کاتێك نووسەر یەکەمین کەسە بابەتەکەی خۆی دەخوێنێتەوەو لە گەردوونێکی نەبوودا دەیخاتە سەر کاغەزو دەیهێنێتەوە بوون، تەواوبوونی نووسەر لە نووسینی دووەم بەهێزترین چێژ بە نووسەر دەبەخشی. چونکە لە کێشەیەك دەرچوو، لە ژێر بارێکی قورسی ئاڵۆزدا دەروون و عەقڵی بەتاڵ بوونەوە تاکو شوێن بۆ کێشەو مانایەکی دیکە چۆڵ بکەن.

لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بدەین، ئەو نووسینانەی ساتی نووسینەوەیان دیارەو نووسەرانێك شانازی بە توانای نووسینەوە بکەن، لە هەر کات و لە هەر شوێنێکدا ئەو نووسینانە قەت داهێنەر نابن و ناگەنە ئاستی بە دەق بوون. چونکە ماناکانی نووسین

له ژیان لەگەڵ نووسیندا لەلایاندا گەورە نییەو بەهاکانی نووسینیش لە لایاندا بەهای پێگەییوو کامڵ نین. زۆرینەی دەقە ئەدەبییەکان، لەبەر ئەوە داهێنەر نین. چونکە نووسین جۆرێك لە داسەپاندنی تێگەیشتنی نووسەری تێدایە بەسەر زمان و مانادا. هەر بۆیە ئەو دەقانە زیاتر بە فیرۆدانی تواناکان و نووسەرو ماناو وشەیە. چونکە قەتاو قەت نووسین لە مانایەکی کتوپڕ و پێ نەگەییوەوە (واتە لە کامڵنەبوونی مانا لە عەقڵی نووسەرەوە)

داهێنەر نابێت، تەنیا ئەو کاتەی نووسینەوەی دووەم نووسەر ناچار دەکات لە نووسینەوەی خۆیدا دەیانجار بە بابەتەکەیدا بچێتەوە و هەر جارەی بەشێك لە ماناکانی نووسینەوەی خۆی کامڵ بکات. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی گەر نووسەر بەهاکانی نووسینی لەلادا گرنگ و پڕ بایەخ بن و بەلایەوە گرینگ بێ، بابەتەکەی داهێنەر بێت. بێگومان لە نووسینەوەی دووەمدا پراکتیکی چێژو بەسەر چوونەوە بەردەوامەکانی ماناکانی دەقەکەی دەکات. هەر نووسینێك نووسینەوەی یەکەمی لەلای نووسەردا نەبێ، داهێنانی لەلای نووسەردا نییەو تەنیا و تەنیا نووسینێك دەبێ کە سیفەتێکی سادەیی و زانراویی مانا و نەدۆزینەوەو چێژ وەرنەگرتن و نەژیان لەگەڵ مانادا هەڵدەگرێ.

### نووسینەوەی دووەمی دەق

نووسینەوەی دووەم، گەیشتنە بەو کاتە، یا بەو ساتەی کە نووسەر ڕوونبینییەکی زەینی و دەروونیی لە لادا پەیدا دەبێ، کاتێك ئەو لە نووسینەوەی زەینی و زارەکی و عەقڵیی یەکەم تەواو دەبێ و دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو ئیتر نە وشەو نە زمان و نە مانا ناتوانن ڕێگە لە دەربڕینی لێکردنی داهێنەرانەی بگرن.

سەرەتای نووسینەوەی دووەم زۆر گرینگ و یەکلاکەرەوەیە، چونکە ئەو ڕاستییەی تێدایە کە نووسەر ئاخۆ بەراستی ماناکان لەلایدا پێ گەییون، واتە کامڵ بوونە یاخود نا؟ هەروەها ئەو ڕاستییەشی تێدایە کە زۆرینەی نوشوستییەکانی نووسینەوە، نوشوستیی یەکەمی نووسینەوە لە خۆیاندا هەڵدەگرن و لە نووسینەوەی دووەمدا هەر ئەو نوشوستییانەن کەوا لە نووسەر دەکەن دەسەڵاتێکی یاخود توانایەکی داهێنەرانە بەسەر زمان و وشە و ماناکانی بیرکردنەوەدا هەبێ. ئەم نووسینەوەیە گەشبوونەوەی عەقڵ و بیرکردنەوەیە. جۆرێك لە هێزی شاراوەی خودێتی بوونی نووسەرە، شێوەیەك لە ئاخاوتن و نووسینەوەی پەیوەستدارە بە نووسینەوەی یەکەم.

کاتێك نووسەر دەست دەداتە نووسینەوەی دووەم، ئیتر لە باری نووسینەوەی یەکەم خەمەکانی دەردەچێتە دەرەوە. چونکە ئیتر لەو ساتەوە ماناکان کە لە ژێر عەقڵ و

پەنجەیدا دەردەچن. ئیتر ئەو مانایانە بە گواستنەوەیان بۆسەر کاغەز، کاریگەرییە بە پەلەو بە جۆشەکانیان نامێنن. هێدی هێدی لەگەڵ نووسینەوەی دووەم، نووسەر بەرەو بارێك لە بەتاڵکردنەوەی دەروونی و عەقڵی دەچێت. هێدی هێدی خەم و ئازارەکانی مانا بەرەو ساتەچێژ بەخشەکانی خۆبەتاڵکردنەوە دەچن.

نووسینی دووەم هەروەك وتمان کات و شوێنی لە لای نووسەردا دیار نین. نووسەریش پاش کامڵکردنی ماناکان لە بنیاتە ڕووکەشەکاندا، ئیتر کاریگەری و گوشاری ئەو مانایانە وا لەو دەکەن بە دووی کات و شوێنێکدا بگەڕێت کە لە گونجانی دەروونی و عەقڵییدا هاوکاریگەرو تەبابن لەگەڵ ماناکانی نووسینەوەی یەکەمد.، ئەو کاتی نووسەر ئیتر هەر دەبێ تەنیا خۆی و ماناکان بەرەو ڕووی زمان ببنەوەو دەربڕین لێکردن دەست پێ بکات.

ئەگەر بێتو لە نووسینەوەی یەکەم. زمان بایەخێکی سەرەکیی نەبێت، تەنیا چڕکردنەوەیەکی زۆری ماناکاندا، ئەوا لە نووسینەوەی دووەم(١) زمان بایەخێکی سەرەکی و گرنگی هەیە، چونکە لەوێدا هەر دوو زمان دەبنە ڕووداو و دەبنە مێژوو هەر کاتێك دەورەکانی نووسەریان لەگەڵ دەوری خۆیاندا خستە باری تۆمار کردنی سەر کاغەزەوە، لە نووسینی یەکەمدا چێژەکانی نووسینی شاراوە و بەرجەستە نەکراون، لە نووسینی دووەمدا چێژەکانی نووسینەوە کامەرانترین ساتەکانی ژیانی نووسەر پێك دەهێنن، نووسەر بۆ ماوەیەك تەنانەت پاش نووسینەوەی دەقەکەشی، لە چێژو مەستبوونێکی بەردەوامدا دەژی. هەموو ئەم کردارانەی کە بەیەکگەیشتنەوەی دووباری نووسینە ،ئەوە دەردەخەن کە نووسین کردارێکی فانتازییە (بەتایبەتی نووسینەوەی دەقە داهێنەرەکان)

لەو کاتەی نووسین نەسنعەتێکی زانستی و نە کردارێکی ڕوونی پێشبینیکراوە، چونکە هەمیشە ئەو هێزە شاراوانەی پشتەوەی نووسین کە لە شێوەی کارلێکی:

١- دەرەکی

ناخەکی.

٢- زمانی زارەکی

زمانی تۆمار کراو.

٣- بنیاتی مانای ڕووکەش

بنیاتی مانای شاراوە.

٤- کاتی نووسینی دیاریکراو

کاتی نووسینی دیارینەکراو.

٥- ژیان لە نووسینی یەکەم

ژیان لە نووسینی دووەم.

٦- چێژ لە نووسینی یەکەم

چێژ لە نووسینی دووەم.

٧- مانای نابنیاتدار

مانای بەبنیاتکراو.

٨- هۆکارە دەرەکییەکانی نووسین

هۆکارە ناوەکییەکانی نووسین.

٩- بەیەکگەیشتنەوە لە نێوان نووسینی یەکەم و دووەم

دابڕانی نووسینی یەکەم لە دووەم.

١٠- کرداری خۆپڕکردن لە مانا

کرداری خۆ بەتاڵکردنەوە.

١١- دڵنیا بوون لە نووسینی یەکەم

نا دڵنیا بوون لە نووسینی دووەم.

**١- لە باری یەکەمدا**

نووسەر لە ناخی خۆیدا ماناکان دەخاتە ژێر کاریگەریی ناسە (ثیمە) جوداکانی بابەتییەوە. ئەم چوونە ناوەوەیەی نووسەر بە نێو قووڵاییەکانی ناخی خۆیدا، لە نووسینی دووەم واڵاترو کراوەتر دەبێ. بەو پێیەی لە نووسینی دووەمدا نووسەر ڕەگەزەکانی بنیاتنانی مانای فراوانترو گەورەتر دەکاتەوە.

**٢- زمانی زارەکی**

زمانی یەکەمی نووسینەکە لە چراوگەیەك لە مانای زۆر کورتکراوە پێك دێت و هەر لەو زمانەوە نووسەر هەموو واڵابوون و فراوانبوونەوەیەکی دەربڕین لێکردنی خۆی، هەر لەو چراوگانەی زمانەوە بەرەو بنیاتنانی بابەتی و ناوەڕۆکی نووسین و جوانکارییەکانی

دەبات. زمانی زارەکی، زمانێکی نیمچە داخراوی زەینییە. هۆشیارییەکی ئاماژەبەخشی کرۆکدارە، لەو کاتەی زمانی تۆمارکراو زمانێکە کە بەردەوام لە هەڵوەشانەوەو دابەشبووندایە.

### ٣- بنیاتە ڕووکەشەکانی نووسینی یەکەم

ئەو بنیاتانەن کە لە نووسینی دووەمدا بەسەر خۆیاندا دابەش دەبن. بیری سەرەتایی نووسەر کە بوونی نووسەر دەگرێتەوە، بێ بنیات و وەك مانای نەدۆزراوەی دەست لێنەدراو وایە، کاتێك نووسەر لەگەڵ ئەو مانایانەدا دەژی، ئەوسا بیر لە جڵەوگیری کردنیان دەکاتەوەو دەیانخاتە قاڵبی بنیاتێکی زمانەوانییەوە. ئەم کردارە بناغەی نووسینی یەکەمە، کە زۆرجار نووسەری کەم ئەزموون لە زمان و تێگەیشتن، ئەو مانایانەیان لێ یاخی دەبن و ناچنە چوارچێوەی بنیاتی زمانێکەوەو لە بیر دەچنەوە. جیاوازیی نێوان ئەم لە قاڵبگرتنەی مانا لە فراوانبوونەوەی زمان لە نێوان هەردوو نووسیندا لەوێیە. لە نووسینی یەکەمدا نووسەر دەتوانێ تەنیا لە بنیاتە ڕووکەشەکانی مانادا بوەستێ، لەو کاتەی لە نووسینی دووەمدایە کە نووسەر بەدوای ڕەگ و بنەچەی ئەو لەو چوارچێوەگرتنەی مانادا دەگەڕێ و بنیاتێکی شاراوەی لێ دەخوڵقێنێ. ئەمە تەنیا دەقە داهێنەرەکان بەتەواوی دەگرێتەوە. دەقی سادە لە هەردوو نووسیندا ئەم کردارانە لە ئاستێکی سادەیی و بێ بنیاتیدا دەهێڵنەوە، هەر بۆیە سیفەتی دەقی داهێنەر نایانگرێتەوە.

### ٤- کاتێك نووسەر بەبیری سەرەتایی نووسین گرفتارو سیحرلێکراو دەبێ

ئیتر نووسینەوە کات بزر دەکا و هیچ گرنگییەك بۆ کاتی نووسینی یەکەم نامێنێتەوە، لەو کاتەی نووسەر هەمیشە لە نێو بیرکردنەوە و نووسینەوەی زەینیی مانادا دەژی. بەڵام نووسینی دووەم، کاتی نووسینەوەی زۆر گرنگە، چونکە پەیوەستە بەدەرهاویشتنی عەقڵی و سۆزاوییانەی ماناوە. هەروەکو چۆن دەستکردن بە نووسینەوەی دووەم، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ گواستنەوەیەکی سەیر لە زمان و بیرکردنەوەی نووسینەوەی دووەم بەڕووداو کردن و بە مێژووکردنی نووسینەو هەروەکو چۆن مردنی زمانە لە ماناو دەربڕین لێکردن لە چوارچێوەی بە مێژووکردن و بە ڕووداوکردن لەو کاتەی نووسینەوەی یەکەم زیندوویێتیی زمان، پاراستنی یادەوەریی مانایە.

**٥- ژیان لە نووسینی یەکەم**

ژیانە لە نێو عەشق و گرفتاری و نۆستالژیاکانی دۆزینەوە و ئارەزوویەکی ئیرۆسییانە بۆ ئاشکراکردنی مانا شاراوەو قەدەغەکراوو نهێنییەکان. هەر ئەو هێزە شاراوەیەی دەربڕین لێکردن و حەزەکانییەتی کە ژیان لە نووسینی یەکەم دەبێتە ژیان لە نووسینی دووەمدا. بەڵام جیاوازیی ئەم دوو ژیانە لەوێدایە کە نووسینی دووەم ئەزموونی تواناکانی نووسەرە لە گۆتن و نەگۆتن، پاشان لە هێزی نووسەر لە زمان و بیرکردنەوەدا.

**٦- ئەو چێژەی لە نووسینی یەکەمدا هەیە**

چێژێکی گەورەو کاریگەرو سۆزاوییە، بەڵام هیچ دڵنیاییەکی تێدا نییە. ئەمە ژیانە لە چێژی خۆخوێندنەوەو پاشان خوێندنەوەی بەرامبەرەکان و دەرەوەی نووسەرو بیرکردنەوە لەو پردانەی تێگەیشتن کە نووسەر دەخەنە جۆرێك لە پەراگەندەیی بیرکردنەوە. لەو کاتەی ژیان لە چێژی نووسینەوەی دووەمدا، مۆرکێکی بەردەوام و دڵنیا وەردەگرێ. هەر چەندە نووسەر لە نووسینەوەکەی بچێتە پێش و لە ناخەوە لە نووسینی خۆی ڕازی بێ، ئەوەندەش چێژەکانی گەورە و بەهێزتر دەبن.

**٧- مانای نابنیاتدار**

پەیوەستە بە خاڵی سێیەمەوە. هێزی کارتێکردنە سەرو گرفتاری بوونە کە نووسەر والێ دەکا لە دوودڵییەکی گوماناوییەوە بەدوای بنیاتێك لە زماندا بگەڕێ کە ئەو هێزە لە چوارچێوە بگرێ. هەر ئەم هۆیەشە لە پشتەوەی هەڵقوڵینی مانا لە زماندا لە نووسینی دووەم، کەوا لە نووسەر دەکات بەسەر هەموو نادڵنیابوونەکانیدا زاڵ بێ لەو کاتەی لە نووسینی دووەمدا ئەو باوەڕە لەلای نووسەردا دروست دەبێ کە ئەو ئیتر لە بەخشینی بنیاتی شاراوە بە ماناکاندا تواناکانی گەیشتوونەتە سنووری داهێنان.

**٨- ئەم کردارانەی نووسینەوەی یەکەم و کاریگەرییان لە نووسینەوەی دووەم:**

لە بناغەوە لە بۆتەی هۆکارە دەرەکییەکانی نووسیندان (کە لە تیۆری بنیاتی شاراوەدا باس کراوە) کە مەبەست لەم بۆچوونەش زیندوویێتیی نووسەرە بەرامبەر بە مردنی زمان لە نووسینی دووەمدا و مانەوەی نووسەر، کە تەنیا چوونەوە سەر ئەم زیندوویێتییەی نووسەر گەڕانە بە دوای بنیاتە شاراوەکانی مانا کە ئاوێتە و تێکەڵاوە لەگەڵ هۆکارەکانی نووسین و وەڵامدانەوەی پرسیاری بۆچی دەنووسین و بۆچی بەم شێوەیە نووسیومانە؟

### ٩- هەردوو حاڵەتی بەیەکگەیشتنەوەو دابڕان

ئەم حاڵەتە لە نێوان نووسینەوەی یەکەم و دووەمدا هەیە، بەیەکگەیشتنەوەی هەردوو نووسین، بە تەواوەتی ئەوە دەگەیەنێ کە هەر چەندە هەردوو نووسین لە پێناوی یەك نووسیندایە کە بەهای یەك خوێندنەوە لە خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام لە حاڵەتی داهێناندا هەردوو نووسین، دوو ژیانی جیاوازو لێك نەچوون. بەڵام یەکیش دەگرنەوەو تەنیا هۆکار لە نووسین لە پشتەوەی بەیەکگەیشتنەوەیانن لەو کاتەی دابڕانیش لە نێوان نووسینی یەکەم و دووەمدا هەیە لەو کاتەی تواناکانی نووسەر خیانەت لە تواناکانی نووسەر دەکەن، لە نووسینەوەی دووەمدا (ئەم ڕێچکەیە لە نووسینەوە، ئاماژەیە بۆ هێزی زمان و وشەو دەربڕین لێکردن، پاشان تێگەیشتنی نووسەر لە بەهای نووسینی یەکەم و ئەو مانایانەی هەڵی دەگرن، کە هەر وەك وتمان زۆرجار تاکو مردن ئەو توانایەی نووسینەوەی دووەم لەلای نووسەر کامڵ نابێ و توانای دەربڕین لێکردنی نایەتە کایەوە.

### ١٠- نووسینی یەکەم خۆپڕکردنە لە مانا

واتە کاتێك نووسەر بەمانایەکی بناغەیی گرفتار دەبێ، ئیتر پەنا دەباتە بەر چەندین مانای جیاوازو فرەمانایی ئاڵووالای مانای بناغەیی دەکات لە چڕکردنەوەیەکی بێ سنووری مانادا، لەو کاتەی لە نووسینی دووەمدا کردارێکی بەتاڵکردنەوەی گەورە هەیە، کە تیایدا نووسەر هەموو ئەو مانایانەی کە تەنیا لە یادەوەردا بوونیان هەبوو لە پەراوێزی مانای بناغەییدا هەوڵی داڕشتنیان دەدات.

### ١١- مەبەست لە دڵنیا بوون لە نووسینی یەکەم

ئەو نیگەرانییەی نووسەرە لە بابەت و ناوەڕۆکی ئەو مانایەی هەڵی دەگرێ کە ئاخۆ توانای دەربڕین لێکردنی هەیە یا نا؟ بەڵام کاتێك دەیخاتە چوارچێوەی قاڵبێك، یا بنیاتێك لە زمانی بەهێزەوە و لە یادەوەردا زیندوو دەبێ ئەوسا جۆرێك لە دڵنیایی دەیگرێتەوە. بەڵام هەمیشە ئەم دڵنیابوونە لە نووسینی دووەمدا دەپارێزێ. هەرچەندە ئەو گومان و دوودڵیی بەرامبەر بە تواناکانی خۆی هەبێ لە نووسینەوەی دووەمدا.

ئەمانە بە کورتی پەیوەستەکانی نێوان نووسینەوەی یەکەم و دووەمن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە نووسینی یەکەم نووسینێکی ڕاستەقینەیەو بوونی هەیە لەلای هەموو نووسەرێکی داهێنەرو، وەڵامدانەوەیەکە بۆ پرسیاری چی دەقی داهێنەر لە دەقی ناداهێنەر جیادەکاتەوە. هەروەها داکۆکیکردنە لە بەهای خوێندنەوە و گەڕانەوەی بایەخ و خۆشەویستی بۆ دەقی داهێنەر، بەرامبەر بە لێشاوێك لە نووسینی ناداهێنەر کە سەرتاپای بڵاوکراوەکانی ئەدەبی کوردییان گرتووەتەوە.

## وردبوونەوەیەك لە جووڵەی دەلالەت

## خۆداماڵینی نووسەر لە نێوان زمان و واتادا

بێگومان تا ئێستە هەروەك ئاشكرایە، زانستێك نییە حەقیقەتی دەلالەت بخاتە دووتوێی ئەو یاساو ئەو قاڵبە زمانەوانییانەوە كە دەوری دەلالەت لەدەربڕین لێكردندا بگرێتەوە خۆی. لەمەشدا ئەو گەردوونە فراوانەی دەلالەتەكان دێتە پێشەوە كەتا ئێستە بنەمای چەندەها لێكۆڵینەوەی زانستییەو ئەم ڕایەی ڕۆلان بارتیش. وەك نووسەرێكی بنیاتگەری جەختكردنە لەسەر فراوانی و بەربڵاوی زانستی دەلالەتەكان كە گەورەترین سەركێشیش لەم میانەدا، دەسەڵاتی ئەو داب و دەستووورو ئەو یاسا زمانەوانییانەیە كە دەوری دەلالەت ڕوون دەكەنەوە لەزماندا و هەروەها چۆنێتیی بەگەڕ كەوتنی ئەو كاریگەرییانەی كە لە دەلالەتەوە دێنە ئاراوە.

لەڕاستیدا ئەم دانپێدانانەی بارت ئەو سەركێشی و ئەو گیروگرفتانەن كە خودی دەلالەتەكان دیانهێننە ئاراوە، وەك سیستەمێك لە زماندا كەسەربەخۆیی و توانا و دەسەڵاتی تەواوی خۆی هەبێت و تا ئێستەش نەتوانراوە ئەم نهێنییە قووڵانەی دەلالەت و دەوری دەلالەت ڕوون كرێنەوە و بدۆزرێنەوە. ئەگەر چی هەنگاوی چاكیش لەم میانەدا نراوە بۆ دیاریكردنی ڕەگەزەكانی دەلالەت و ئەو دەرهاویشتانەی لێوەی دێنە ئاراوە. لێرەشدا دەوری دەلالەتەكان لەگەیاندنداو ئەو كاریگەرییانەی دەیانخەنە سەر زمان، لێرەشدا فێر بوونی زمان و بەبەرهەمكردنی زمان، لەهەمان كاتدا دانپێدانانی بارتە بەرامبەر بەناتەواویی ئەو لێكۆڵینەوانەی لە زانستی دەلالەتەكاندا پێیان هەڵساوە.

دەبێ كاریگەریی دەوری دەلالەت وەك سیستەمێكی سەربەخۆی زمان چی بێت؟ بۆچی ناگەینە داڕشتنی ئەو یاسایانەی كە ئەم بەشەی زمان دەخەنە گەڕ؟ نووسەر چۆن خۆی لەم كاریگەرییانەی واتاو دەوریان لە جۆرەكانی ئەدەبدا دادەماڵێت بەسیفەتی سیستەمێكی ناتەواو و ناكامڵ؟

كاری ئەدەبی هەرگیز بەدەر نابێت لە كاریگەریی بەردەوامی ئەو دەسكەوتە مەعریفی و ئەو نزیكبوونەوەیەی لەنێوان نووسەرو شتەكاندا ڕوودەدات. هەر وەك سیستەمێكی سەربەخۆی كاریگەری تری پێوەندییەكانی مرۆڤ بەدەرەوەی خۆی، ئەو مرۆڤە نووسەرەی هەروەك هەر یەكێك لە خەڵقی ئاسایی تر لەچەندەها قۆناغی ئەدەبی،

ڕەوشتی و فەلسەفی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، مێژووییدا دەژێت، ئەم بەشانەی زانستی مرۆڤیش بەردەوام لەپێناوی دەلالەت کردنی ڕووداوو جووڵەو گۆڕان و ماتبوونی شتەکاندا ئامادەبوونێکی بەهێزو بەگوڕیان هەیە لەسیستەمی عەقڵیی مرۆڤداو بەردەوامیش نووسەر دەخەنە باری بە دەلالەتکردنی نەك تەنیا شتەکانەوە، بەڵکو دەیگوازنەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە لەسەرجەمدا یەکگرتنەوەیەکی زەینی پێك دێنن لە گیانی نووسەر. تەنیا لەپێناوی پۆلێنکردن و بەدەلالەتکردن و بەکاریگەرکردنە سەری پەرەسەندنی ئەم دەسکەوتە مەعریفییانە، ئامادەبوونی ئەم دەسکەوتە مەعریفییانە لەزەینی نووسەردا، بەقەد کێش و قورسایی زمانە و نووسەر قەد ناتوانێت لەدەلالەتی قووڵی هەردوو جیهانی مەنتیقی و فەلسەفیی شتەکان و ورووداوەکاندا خۆی دامالێت.

لەراستیدا ئامادەبوونی کاریگەری دەلالەت لەزماندا و لە زەینی مرۆڤدا پێش ئەوەی بخرێتە سیستەمی زمانەوە، دەوری گرنگی دەلالەتەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەورانەی کە زۆر جار بەناوی کوشتنی ئایدۆلۆژیاو بەناوی ڕاستەوخۆبوون و بە سادەبوونی نووسین لە لایەنی بنیاتگەرییەوە ڕەت دەکرێنەوە؟ چۆن بتوانین لەلایەکدا دەلالەت بکەینە سیستەمێکی سەربەخۆی زمان و لەهەمان کاتیشدا کاریگەریی دەلالەت لەزماندا دامالین؟ بێگومان یادەوەری مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەم ڕەگەزو ئەم کاریگەرییانەدا وەك کیانیکی دیار کاریگەرکردنە سەرو کاریگەربوون ئەم کاریگەربوونە لەناخیدا هەڵدەگرێت. بنیاتنان و تێك شکاندنی دادەڕێژێتەوە. بەڕادەیەك بنەما زانستی و مەعریفییەکانی سەردەم و قۆناغەکانی ژیانی نووسەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامادەبوونێکی کاریگەرو بەگوڕیان هەیە لەچۆنێتیی ئاڵوگۆڕ پێکردن و لە قاڵبگرتنیاندا لە دوو توێی واتادا، لەسەرجەمی پەیوەستبوونی بەجیهانەوە. ئەم ژیانە سەرتاپا گیرییەی خودی ژیاوەی مرۆڤێکیش بەدەوری خۆی ئامادەی بوونێکی پتەوی هەیە لە چۆنێتیی بەگەڕ خستنی دەلالەتەکان لە زماندا.

لەم حاڵەتەشدا جیهانی دەلالەتەکان، وەك جیهانێکی کاریگەر بوون بەڕەگەزەکانی بنیاتنانی خۆی لە سیستەمی زماندا. ئەو دەرهاویشتە ئەدەبییە دێنێتە ئاراوە کەکاری ئەدەبی قەد بەدەرنابێت لە شێوەیەك لە شێوەکانی لەڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرە سەرەتایی و تیۆرییانەی دەسەڵاتی دەربڕین لەلای نووسەردا کە هەمیشە ئەو کێشە دەخەنە سەر نووسەر بەناچاری بەرە و بابەتکردن و بەکاریگەرکردنی زمان بچێت. تەنانەت زمانیش وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو ڕەگێکی قووڵی هەیە لەو

دەسکەوتە مەعریفی و بابەتییانەی کە نووسەر لەهەوڵدانیدا بۆ داماڵینی ئەم کاریگەرە بەهێزەی واتا لەزماندا، هەوڵی لەگۆڕنانی زمان و بەفەنا کردنی زمان دەدات. بەرادەیەك ئـەم گـۆشە نـیـگـایـە ئـەوەمـان لـە لادا ڕوون دەکـاتـەوە کـە پـرۆژەی نـووسین هـەر وەك خـۆدامـاڵـیـنـی خـود دەکـەوێـتـە بـەرچـاو لـە بـەتـاڵـکردنـەوەی یـادەوەری و کـاریـگـەریـیـە دەرەکـیـیـەکـانـی سەر خـودی نـووسەر. تـەنـیـا لـە پێـنـاوی ئـەوەی بـەهـایـەکـی ڕەوشتـیـی ڕاستـەوخـۆو هـەنـدێك جـارنـاڕاستـەوخـۆ بـە زمـان ببـەخشێت لـەدەقێکـی دیـاری کـراودا. بێگومان شێوەی دەربڕین و ڕەگەزەکانی دەلالەت لەچۆنێتیی قاڵبی زمان و داڕشتنی زماندا، باری جودا دەگرنە خۆیان لە هەر کارێکی ئەدەبی و لە هەر جۆرێکی ئەدەبی بۆ نموونە پەرەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی و شیعرو چیرۆك بەردەوام جیهان و گەردوونێکی جودا لە دەسەڵاتی دەلالەتدا دەقێننەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا چەندەها ڕەگەزی جودای جووڵەو بەدەلالەت دەبەخشن. بەڕادەیەك لەبەردەم جیاوازیی جووڵەی دەلالەت و لەبەردەم هورووژمی کاریگەریی دەلالەت لە زماندا وا هەست دەکەین زمان تەنیا لە دەلالەتدا چەند دەسەڵاتێکی جودای هەیەو لەهەر جۆرێکیشدا کۆمەڵێك کاریگەر کردنە سەرو کاریگەر بوون دەردەهاوێتە دەرەوەی خۆی لە دوو توێی یەکەکانی زماندا. لە هەموو ئەم خاسییەتانەشدا دەلالەت چەند مەرجێکی پێش وەختە دەسەپێنێتە سەر نووسەر و گەر لە تواناادا بێت دەلالەت وەك سیستەمێکی دیاریکراو لـە جـووڵـەیـدا هـەزم بـکـرێت و بـکـرێتـە ئـەو پـەنجـەرەیـەی هـەمـوو نـهێنییـەکـانـی خـۆی واڵابکاتەوە. نووسین چ کاریگەری و چ دەورێکی دەبێت لە ئەدەبدا؟ بەزانستی نەبوونی چیرۆك و شیعر و ڕۆمان بەزانستی بوونی ڕەخنەی ئەدەبی ئەو نهێنییە گەورەیەیە کە بۆ چـەنـدەهـا سەردەمـی تـریش وەك دەرکـەیـەکـی واڵا دەبـێت لـەبـەردەم سەرجـەمـی ئـەو لێکۆڵینەوانەی لە زانستی دەلالەت و زماندا دەکرێن.

گۆڕانی شێوەکانی دەربڕین لێکردن و پەرەسەندنیان لەباری زەینی جودای نووسەردا، هەروەك بەتەباییکردن و بەگونجاندنی دینامیکییەتی زەینیی نووسەر وایە لە زماندا. نەك هەر ئەمەش چۆنییەتیی جووڵەی دەلالەتەکان لەدەربڕین لێکردندا، ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەن کەنەك تەنیا ئامادەبوونی شتەکان دەبنە هێزی بەگەڕخستنیان، بەڵکو کاریگەریی شوێن و کات و کاریگەری ویراسی و دەنگوڕەنگیش، دەسەڵاتی جودا لە دەلالەتدا دەتەقێننەوەو لەهەر تەقاندنەوەیەکیشدا کاریگەرییەکانی سەر زمان و دەلالەت، بەشێوەیەکی وا دەکەونە بەرچاو کە تەبایی خستنە نێوانیانەوە کارێکی نیمچە مەحاڵ بێت. هەروەك ئەوەی نووسەر بەهیچ جۆرێك تواناو دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت پێش وەختە

ئەو قاڵب و ئەو شێوازانە بدۆزێتەوە کە مەرجی نووسین و دەربڕین لێکردن لە جووڵەی دەلالەتەکانەوە داڕێژێت. چونکە گەیشتن بەم زانستە و بەم نهێنییە قووڵەی دەلالەت مردنی خودی دەلالەتە.

کاردانەوەی نووسەر بەرامبەر بە زمان و بیر، سیمایەکی سروشتی و لە هەمان کاتیشدا دروستکراوی هەیە. لەماشێنی دەربڕین لێکردن و گەیاندندا لەدوو توێی ئەم خاسییەتەشدا، شێوازی نووسین لەدایك دەبێت وەك کاردانەوەیەکی دوو سەرەی بەدژ بوون و بەتەباییبوونی لێکدانەوەکان و ورد بوونەوەکانی نووسەر لەشتەکانی دەرەوە و وەك هەوڵدانێك بۆ نواندنی شتەکان بەڕێکترین قاڵبی زمانەوانی. نەك هەر ئەمەش بەڵکو دەلالەت نەك تەنیا لەخودی وشەو نواندنی وشەدا بەڵکو لە جوگرافیای ڕستەو پەڕەگرافەکانی نووسینداو لە پێکهاتەکانی ڕستەشدا دەوری جودا دەگرنە خۆیان و نووسەر قەت ناتوانێت پێش وەختە ئەو نەخشەیە لە خەیاڵی خۆی و لە زەینی خۆیدا بنیات بنێت کە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی دەسەڵاتی دەلالەتەکان دیاریی دەکەن لە نووسیندا. قەت لەتوانایدا نییە دەلالەت وەك سیستەمێکی تەجریدکراو و دەستەمۆکراو بەکاربهێنێت لە زماندا.

زمان و دەلالەتەکانی زمان لە داڕشتندا ئامادە بوونیان وەك ئامادە بوونێکی پێش وەختەی بە بابەتکردنی شتەکان، ئەو بڕوایەمان لەلادا دروست دەکات،

کە نووسەر لەم کارەی بەمەنهەجکردن و بەپۆلێنکردن و بە پێناسەکردنی، جوولەی دەلالەتەکان تێك دەشکێنێ و هەر وەك ئەوەی لە فەوزای دەلالەت و زمانەوە بچێتەوە سەر دۆزینەوەی چەند قاڵبێکی زمانەوانی و چەند سیستەمێکی دەلالەت کە خۆی نازانێ بە چ لایەکی کاریگەر بوون و کاریگەر کردنە سەر دا دەچێت. ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتی و ڕوویەکی سروشتی دەسەڵاتی زمان و دەلالەتەو هەر ئەمەش جیاوازیی شێواز و شێوەی داڕشتنمان بۆ روون دەکاتەوە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر. ئەمەش ئەوە دەخاتە بەرچاو کە بێ شك شێوازی دەربڕین هەمیشە لەژێر چەند کاریگەرییەکی نەناسراودا دەبێت.

ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ ئەم سیمایەی شێوازیشدا، شێوازی دەربڕین لە چەند خاڵێکی تردا سیمای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە. هەروەك ئەو نەخشانەی دەقی ئەدەبی لە شیعر، چیرۆك ، ڕۆمان و تەنانەت لەشێوازی ڕەخنەیشدا دەخرێنە بەرچاو و لەهەر شێوازێکیشدا کۆمەڵێك لە نووسەرانی دەچنەوەسەر.

یـاخـود بـەشکـردنـی نـووسین لـەقـاڵبی سەرەتـاو کۆتـایـی و نـاوەندداو، دابڕانـەکـانـی نووسین.

لەشێوەی پەرەگرافداو یاخود ئەو گەمە زمانەوانییانەی کە بەژمارەو دووبارەکردنەوەو بەکارهێنانی فرمان و ناوو ئاوەڵناوی هاوجۆرو دژ بەیەکەوە دەکرێن و... تاد.

ئەم کاریگەرییانەی سەر نووسینیش لەکاتی خۆ دروستکردن و خۆ پێکهێناندا قەت بەدەرنابن لەواقیعی گۆڕاوو پەرەسەندووی شێوەی بیرکردنەوە و دروستکردنی دەلالەت لە زماندا. تەنانەت لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی ترو لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لەگەڵ خۆشیاندا زمان و دەلالەت دەرهاویشتنی ئەدەبیی جوداو شێوازی نوێی جودا دێتە ئاراوە، هەروەك بە دیاردەکردن و بەمۆدێلکردن و بەقوتابخانە کردن و بە ئەزموونکردنی شێوەکانی دەربڕین لە ئەدەبدا کە رەگی خۆیان هەیە لەنووسیندا لەلای سەرجەمی دەستەی جودای نووسەرانی سەر بە قۆناغێك یا دوو قۆناغ.

لەڕاستیدا هەرچەندە میکانیزمیەتی زانستییانەی زەینی مرۆڤ چەسپاوو جێگیرە و هیچ نەبێت لەلایەنی فیزیکییەوە بەڵام لەلایەن جووڵە و بەکارخستن و تەنانەت لەئاستی جودای وەرگرتن و دەرهاویشتن و ئاستی جودای یادەوەری و لە بیرکردنەوەدا زەینی مرۆڤیش چەسپاو نییە. لێرەشدا لەگەڵ ئەوەی مێشکی مرۆڤ هەموو جۆرە لێکدانەوەیەك و هەموو جۆرە تۆژینەوەیەکی لابووری تیۆری لەسەر کراوە و سیستەمەکانی عەقڵ شی کراونەتەوە،

بەڵام چۆنییێتیی میکانیزم و جووڵەی بیرو چۆنێتیی وەرگرتن و دەرهاویشتنەوەی بیرەکان لە شێوەی ئاماژەو ئیماو دەلالەتدا بەشێوەی زمان و جیهانێکی شاراوەیە، بەڕادەیەك کاری زەینی مرۆڤ هەروەك سیستەمێکی ڕۆحداری زانستی بزرە و ئامادەبوونی لە ڕۆحی زمان و بوونی مرۆڤ خۆیدایە.

لە کاری وەرگرتن و گەیاندندا، لە هەڵسەنگاندنەوەی دەسکەوتەکان و دەربڕین لێکردنیان بە جۆری جوداو بەشێوازی جوداو بەقاڵبی زمانەوانیە جودا.

زەینی مرۆڤ هەموو کاتێك دەسکەوتە مەعریفییەکان بەرەو خۆی رادەکێشێ و دەیانهارێت و شێوەی تازەیان لێ دروست دەکات. بەبێ ئەوەی لە کاری ئەم تێکشکاندنەدا مرۆڤ لە توانایدا بێت ئەم کاردانەوەی مێشکی خۆی بەرەو مەنهەجکردن و بەرمەجەکردن و بەسیستەمکردن بەرێت گەیشتنی شتەکان لەڕێگەی هەستەکانی

مرۆڤەوە بۆ زەینی مرۆڤ، هەروەك گەیشتنی ئەو کەرەستە خاوانەن بۆ کارگەکان کەشتی جوداو شێوەی جودایان لیٚ دروست دەکرێت. هەر بۆیە زەینی مرۆڤ لە سیستەمە زانستی و فیزیکییەکەی خۆیدا لە کارگە ڕوحیەکەی خۆیدا بەردەوام زانیاری و دەسکەوتە مەعریفییە گەیشتووەکانی هەڵدەسەنگێنیٚ و شیان دەکاتەوە و دایان دەتاشیٚ و لە قاوغیان دەگریٚ، زۆر جاریش زەمەنی دەربڕینکردن لەم کارانەی زەیندا دەوری خۆی دەبینێت لە کاریگەریی نووسیندا. بۆ نموونە زۆرجار دەقی نووسەرێك زەمەن و مەودای نووسینەوەی جۆراو جۆر دەبێت. هەندێك دەق لەلای نووسەرێکی مام ناوەندیدا لە تواناو دەسەڵاتەکانیدا، چەندێك زەمەنی نووسینەوەی درێژ تر بێتەوە ئەوەندە گونجاو ترو تەباتر دەبێت. ئەم کارەش لەلای نووسەرێکی بەتواناتردا ئاست و زەمەنی جیاواز دەگرێتە خۆی.

هەر بۆیە لەوپەڕی مەستبووندا، لەو پەڕی بەخەونکردن، بەئەندێشە کردن و بەتەجرید کردنی زماندا مرۆڤ زمان بەشێوەی فەوزاو بەشێوەی سیستەمێکی تێکئالاّو دەردەکاتە دەرەوە، یاخود لەقسە کردندا کە ڕوویەکی تری گەیاندنە لە زماندا، قسەکردنی بەپەلە زۆر لەدەوری دەلالەتی زمان کەم دەکاتەوە. هەر بۆیە کاری زەینی و ڕوویەکی تری ئەم کارە، هەروەك ئەوەی بەماقووڵ کردن و بەڕێکخستنی فەوزای ناتەباو نەگونجاو ناڕێکی شتەکانی دەوروبەرە.

ئەم کارەش، هەروەك ئەو هەوڵەی مرۆڤە کە جوانترین بار بەشتەکان ببەخشێت، بەوەی زۆرجار بە واتاو دەلالەتی وشە تێپەڕیان دەکات.

بێگومان نەك تەنیا ئەم کردارە بەڵکو کرداری چوونەوە سەری زانیارییە کەسایەتییەکان و کاریگەریشیان لەسەر جووڵەی بەگەڕخستنی ئەو زانیاریانە، هێشتا بەتەواوەتی ڕوون نەبووەتەوە. لەم کارەشدا گەیشتنی زانیارییەکان و ئامادەبوونی تری زانیارییەکان لە شێوەی سیستەمێکی سەربەخۆی کاری مێشکدا لە هەڵگرتنی ئەو زانیارییانە و بەگەڕخستنیان، نووسەر هەڵدەستێت بەبنیاتنانەوەی ڕابردووی خۆی. هیچ شتێك ناچێتە قاڵبی دەربڕینەوە بەبیٚ ئەوەی بەسیستەمی جووڵەی مێشك و یادەوەریی مێشکداتێپەڕ نەبێت. هیچ شتێك بوونی نابێت گەر ئەو ئیمکانەتە نەخوڵقێنیٚ زمان و دەلالەت دەربڕینی لیٚ بکەن.

لەم کارەشدا زەینی مرۆڤ ئەو زانیارییانە لەبارێکی مردووەوە دەخاتە نێو گەمەی زیندوو بوونەوە. ئەمەش بە هیچ جۆرێك ئەوە ناسەلمێنێت کە نووسەر هەندە دەوڵەمەندی

بە زەینی خۆی ببەخشێت ئەوەندە جیهانبینیی قووڵتر دەبێت، بەڵکو لەهەمان کاتدا ئەوە دەسەلمێنێت کە سیستەمی عەقڵی مرۆڤ لە کاردا جیاوازیی هەیە لەلای زۆر کەسداو تەنانەت ئەم سیستەمە عەقڵییە لەکاریگەر بوون و کاردانەوەدا بەرامبەر بە خودی خۆی و بەرامبەر بەجیهانی دەرەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت ئەگەر چی لە ڕووکەشدا نزیکبوونەوەیەکیش بەدی بکەین. کاری زەینی مرۆڤ لە دەربڕینیدا لەشێوەدا هەروەك مۆری پەنجەیەو هەر مرۆڤێك مۆرێکی زەینی تایبەتی لەخۆیدا هەڵدەگرێت.

زۆر جاریش خوێندنەوەی زۆر لەلای نووسەرێکدا حاڵەتی مەیین و ماتبوون دروست دەکات و زۆرجاریش مرۆڤ تەنیا بە بەهرەی زەینیی خۆی دەربڕین لەشتەکان دەکات. زۆر جاریش نووسەرێك بەکەمترین ڕۆشنبیری ، یادەوەری و دەسکەوتی مەعریفییەوە، گەورەترین کاری ئەدەبی دێنێتە کایەوە کەواتە دروستکردنی دەلالەت پێوەندیی بەباری دەروونیشەوە هەیە؟

هەر بۆیە ئاستەکانی وەرگرتن و تیشکدانەوەی جودای دەربڕین لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر، گۆڕانکاریی گەورەو ئاستی جودای دەربڕین بەخۆیەوە دەگرێ. ئەم خاسییەتەش هەمدیس دەوری کاریگەرە دەرەکییەکان و دەوری ڕەگەزەکانی هەستکردنمان بۆ دەردەخات لە نزیك بوونەوە و خۆلێخشاندنی نووسەر بەجیهانی شتەکانەوە.

مرۆڤ هەر لەوساتەوەی لەگەڵ شتەکانی دەورو بەردا ڕاهات. لە یەکەم خەڵقی سەرەتاییەوە، بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو بەمەنهەجکردن و بەرەو بەسیستەمکردنی زەینی خۆی دەچێت. زۆر جار لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و عەشایەری و سەرەتاییانەوە کۆمەڵێك دەلالەتی هاوبەش و کۆمەڵێك ئاماژەو ئیمای هاوبەش بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. هەروەك و دامەزراندنی فێرکردن و ڕاگەیاندن و بەمەنهەجکردنی خوێندن و کتێبەکانی خوێندن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دانانی یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراو جۆر.

کەوا بێ ئەدەب لە چاکترین و بێ لایەنترین و لە بەهێزترین شێوەیدا بەکاری بنیاتنانەوەی کاریگەرە دەرەکییەکانی ڕابردووی سەر تاکەکانی زمان هەڵدەستێت. ئەو کاریگەرییانەی لە شێوەو قالب و شێوازیاندا هەروەك ئامادەکردنی چاکترین ڕێکەوت بێت بۆ مەستبوون و سڕ بوون و خۆداماڵینی نووسەر لەشتەکانی دەوروبەر. ئەم کارەش زۆر لە کاری تێکشکاندن و بنیاتنانەوە دەچێت، لەم بنیاتنان و تێکشکاندنەوەیەدا

کاردانەوەو دەرهاویشتنی جودا دەردەکەنە دەرەوە، هەروەك خۆدامالینی نووسەر لەو کاریگەر بوونەی دەسەلاتی شتەکان دەیسەپێننە سەر بیرکردنەوەی لە چۆنێتیی بەرەو پێکەوە نانی ڕووانینێکی یەکگرتوو دەربارەی جیهانی دەرەوە.

چونکە شتێکی ئاشکرایە هیچ مرۆڤێك لەم گەردوونەدا بە درێژایی تەمەنی خۆی بەیەك ئاست بیربکاتەوە و دەورێکی دیاریکراو، بەزمان و دەلالەتی زمان ببەخشێت. نووسین و گەیاندنی بیرو پێشنیازکردنی بیرو بەرچاو خستنی لە دەربڕین لێکرداندا، هەروەکو جوینەوەی واقیعە و لە پێناوی گەورە کردن و تێکشکاندنەوە و بنیاتنانەوە و تێپەڕکردنەوەی بەردەوامی باری واقیعی خۆیەتی، ئەم بەگەڕ خستنەی نووسەر لە داهێناندا ڕەگێکی قووڵی هەیە لەم بنەماو لەم کاریگەر بوونانەدا، لە هەموو ئەمەشدا نووسەر لە پرۆسەی نووسین لە هەوڵێکدا زۆر جار وەك زیندوو بوونەوە دەکەوێتە بەرچاوو هەر ئەم خاسییەتەی نووسینیش سیفەتێکی مێژوویی ڕەگداکوتاوی هەیە لە پەرەسەندنی دەربڕین لێکرداندا.

هەر ئەم خاسییەتەش سیفەتی ڕەسەنی زەمان و سیمای تایبەتی زمان لە هەر نەتەوەیەکدا دروست دەکاو هەر ئەمەش شێوازی سەرکەوتن و ژێرکەوتن و بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ئاستی جودای ئەدەبمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە هەر نەتەوەیەکدا.

لە ڕاستیدا بەش بەش بوونی ناخی نووسەر، هەروەك زەینی نووسەر لە نێوان ئاستە جوداکانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و ئاستە جوداکانی تری ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی تر، ئەو دەرهاویشتنانەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەدەب بەرەو دووڕیانێکی پڕ لە مەترسی دەبەن.

چونکە ئاشکرایە هەر نەتەوەیەك چ لە زمان و چ لە دەسکەوتی مەعریفی چ لە ڕۆشنبیری و کولتووردا، قالب و بنیاتی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەو قالب و بنیاتە زمانەوانییانەی کە زۆر جار دەربڕین لە بنەما و ڕەگی پێوەندیی جودایی مرۆڤ دەکەن. لە نێو سیستەمی بە کۆمەڵکردن و بە یەکگرتنی سیما تایبەتییەکانی هەر نەتەوەیەك ئەم سیمایانەش کاردانەوەیان لەسەر زمان و بەشەکانی پێکهاتی زمانی هەر نەتەوەك دەبێت. بەڕادەیەك هەست دەکەین بۆ نموونە بنیاتگەریی ڕۆژئاوایی لە زۆر خاڵدا لەلایەنی ئەم پێکهات و ئەم بەشانەی زمانەوە جیاوازییان هەیە، لەلای ئێمەدا یەکتری ناگرنەوە بەتایبەتی ئەو شێوازو ئەو وشانەی لە ڕستەدا دەلالەت ڕاڤەدەکەن و بینای سینتاکسی زمانەوانی پێك دێنن. بێگومان کاریگەربوونی زمان بەم خاسییەتە

تایبەتییانەی باری هەر کۆمەڵێك ڕاستییەکی بناغەییە و تا ئێستە قەت باس لە پێکهاتی زمانە وانی و جیاوازیی پێکهاتی زمانەوانی لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی بیانیدا نەکراوە. نەك هەر ئەمەش بەڵکو دەوری دەلالەتیش لە زماندا و شێوەی دەربڕین لێکردنی لە بینای سینتاکسی زمانەوانیی هەر نەتەوەیەکدا دەوری جودایان هەیە.

لێرەوە ئەرکێکی گەورەیە کە بەلایەنی ڕەخنەی کوردییەوە، ئەم نهێنییانەی پێکهاتی زمانی کوردی و جیاوازیان لەگەڵ پێکهاتی زمانەوانیی نەتەوەکانی تر ڕوون بکرێتەوە.

لێرەشدا زۆر جار جووڵەی دەلالەت و میکانزمییەتی دەلالەت بەرەو هەڵەی لێکدانەوەی پڕۆسەی نووسینمان دەبات. بۆ نموونە بۆچی لەیەك بابەتدا دوو نووسەر دوو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، نەك لەلایەنی واتاوە، بەڵکو لەلایەنی شێوازیشەوە. لێرەشدا زۆرجار شێواز چاکترین ڕەنگدانەوەی جووڵەی دەلالەت ڕوون دەکاتەوە. چوونەوە سەری ئیلهام و ئەفسانەی خواوەندی شیعرو ئەفسانەی بەهرەو نووسین لە باری دەروونیی جودا و شوێنی جودا هەمیشە ئەو کاریگەری و ئەو خۆگیرکردنە هەڵخەڵەتێنەرانەن کە ڕاستیی جووڵەی دەلالەت نانوێنن و نووسەر وەك سەرابی نووسین و بەوەهمکردنی نووسین ناچێتەوە سەریان.

هیچ شتێك بەدەر نییە لە شێوازی دەربڕین لێکردن بە زمان و هیچ بابەتێك بەدەرنییە لە ئامادەبوونی بارێکی ڕۆشنبیری و ئاستێکی ڕۆشنبیری جیاوازی گەیشتنەوە و نزیکبوونەوەی مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی.

مەسەلەی دەربڕین لیکردن لە زماندا، هەروەك سیستەمێکی ئاڵۆزی کارلێککردن و کاردانەوەیە لە زەینی مرۆڤداو چۆنێتیی دەرخستنی ئەو تەفاعول و کاردانەوانە شێوەی بابەت بنیات دەنێت. شاعیر لە بەرزترین ئاستی مەستی و نەشوەی زەینیدا گەمە بەتاکەکانی وشەو دەلالەت دەکات. لەبەرزترین ئاستی بە ئاگاییبوونیدا دەلالەت بە شێواز دەکات، چیرۆکنووس لە گەورەترین ئاستی مەستی و نەشوەی زەینییدا شێوەی شتەکان و جووڵەی شتەکان دەخاتە ڕێکخستن و لە قاڵبدانی وشەوە، ڕەخنەگر لە بەرزترین باری زەینی و دەرك پێکردندا دەربڕین لە چۆنێتیی جووڵەی زمان دەکا.

گەمەکردن بە وشەو ڕێکخستنی شتەکان و جووڵەی شتەکان دەرك پێ کردنی جووڵەی زمان، لەسەرجەمدا لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوە، کە ئەویش پرۆژەی بەرچاوخستن و قاڵبگرتنی باری شتەکانە بە دەسەڵاتی زمان.

هەر لەبەر ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەڵێین کاری ئەفراندن لە دەربڕین لێکردندا لە بەئاگابوونێکی کامڵی هۆشی نووسەرەوە لە دایك دەبێت، گەلێك جار ئەو کامڵبوون و ئەم خەملاندنەی شێوەکانی دەربڕین و گۆڕانکارییەکانی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر، لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، هەروەك شڵەژانێکی زەینی دەکەوێتە بەرچاوو وامان لێ دێ، باوەڕ بەوە بکەین کە کاری ئەدەبی هەندێك جار لەبێ ئاگایی بوونێکی تەواوی نووسەرەوە سەردەر دەکات لەبەرچی؟

لەبەر ئەوەی کاری نووسین لە لای زۆربەی نووسەران، دەگاتە ئاستێکی وا لە تێکدانی شێوەکانی دەربڕین لێکردن، وەك ئەوەی نووسەر، هەموو کاتێك هێزێکی دەرەکی گەمە بە دەسەڵات و توانای ئەو بکات.

ئەم هێزە دەرەکییە لەناخەوە هێزی چۆنێتی چوونەوە سەری ئەو قاڵبە زمانەوانیانەیە کە لە شێوازێکدا ڕەنگ دەدەنەوە، کە لە شێوازی دەربڕین لێکردنی ئاسایی و گفتوگۆی ڕۆژانە دەردەچن و نووسەر هەموو کاتێك بارێکی نا ئاسایی شتەکانمان دەخاتە ڕوو، تەنانەت زۆر جار هەروەك سزادانێکی خودی خۆی نووسەر، سیستەمێك لەبابەت و زمان دەخاتە بەرچاو کە هەروەك دەرچوونێك وابێت لە سیستەمی گشتیی دەربڕین لێکردنی نێوان مرۆڤ و جیهان و پێوەندیی خودی مرۆڤ بە ئامادە بوونی زەینی خۆیەوە.

لەمەشەوە ئەوە ئاشکرایە کە بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی زنجیرەکردنی دەلالەتەکانەوە دەبێت. دەلالەتەکان دەبنەباری زیندووێتیی شتەکان، هەروەك ئەوەی لە نواندنی شتەکاندا، نووسەر بیەوێ کاریگەریی شتەکان داماڵێت، ئەو کاتەی دەیانخاتە سەر کاغەز.

یاخود دەیەوێت بە نواندنی شتەکان، شتەکان بەرەو فەنا بوون بەرێت. چونکە ئامادەبوونی شتەکان بەبێ دەلالەت بەمردوویی دێنە زەینی مرۆڤەوە و بەمردووییش لەدایك دەبن. بەفەوزا دەست پێ دەکەن و بە فەوزاش کۆتاییان پێ دێت.

ئەوەی لەم مەسەلەیەشدا حوکم دەدات تەنیا هەر خودی زمانە و توانای نووسەرە بەسەر زماندا. تەنانەت یەکێتیی شێوازو دەربڕینی سادەیە، بەڵکو مەسەلەکە لێرەدا پێوەندیی بەمەنهەجکردن و بەرێکخستن و لە قاڵبدانی زمانەوەیە کە هەمیشە بارێکی نموونەیی لە زماندا دێنێتە کایەوە. ئەمەش ئەو حەسانەوە زەمەنییەیە کە ڕێکخستن و لە قاڵبدان و بە نموونە کردنی زمان پێویستی پێیەتی لە دەربڕین لێکردندا. رولان بارت

هەروەك مرۆڤێكی ئاسایی و نووسەرێكی نائاسایی و دوو دەسەڵاتی جودای بەهێزو لاوازی خۆی ڕادەگەیەنێ كە لە قسەكردنی مەودای زەمەنی قووڵبوونەوە لە زماندا كورت دەبێتەوەو لە نووسینیشدا ئەو مەودایە درێژ دەبێتەوەو ڕێگە بە جووڵەی زمان دەدات، بگاتە بەرزترین ئاستی ڕێكخستنەوە، هەروەك چۆنیش پێداچوونەوەی بەردەوامی نووسەر لە یەك كاتداو بۆ چەندەها جاری تر لە مەودای زەمەنیی جودادا، ڕێكخستنی نوێ و پەلوپۆ هاویشتنی نوێ لە دەقدا دەكاتەوە.

پرۆسەی نووسین دەركردنی زمانە لە باری فەوزای داڕشتن و لەباری ڕوانین و سەرنجدانی ڕووكەشی، كەواتە چۆن باوەڕ بەوە بێنین كە كارێكی ئەدەبی ئەفرێندراوە لە كاتێكدا ئەو كارە ئامادە بوونێكی پێش وەختەی هەیە لە زەینی نووسەردا وەك كەرەستەیەكی خاو لە شێوەی بابەتداو شێوازیش هەندێك جار نەخشەی سەرەتایی دەربڕین لێكردنی لە مێشكی نووسەردا هەیە. بۆ نموونە لە زۆر لە بابەتە لەبن نەهاتووەكانی ئەدەبی نەتەوەیەكدا گەربێتو هەڵسین بە پۆلێنكردنی بابەتەكان و گەڕانەوەیان بۆ چەند بناغەو بەشێك دەبینین، بە سەدەها بابەتۆكەی بچووك بووەتە خاڵی هاوبەش لە دەربڕین لێكردندا. هەروەكو چۆن دەتوانین هەر لەم كاتەشدا چەندەها شێوازو قاڵبی زمانەوانی لێكچوو لەو ئەدەبەدا بدۆزینەوە.

هەروەك چۆنیش دەتوانین چیرۆكێك، ڕۆمانێك بەڕستەیەك یا پەرەگرافێك كورت كەینەوە.

جیهانی وشەو جیهانی دەلالەت لە دەربڕین لێكردندا، پێوەندییەكی دیالێكتیكی تێكدەرانەو بنیاتنەرانەیان لە نێواندایە و دەوری بەش بەش بوون و یەكگرتنەوەیان لە ناخدایە، نووسەر بەبێ دەرككردن بەم ڕاستییە جەوهەرییانەی جیهانی زمانی، هەمیشە لە بنیاتنانەوە و بە بابەتكردنی خودی خۆی هەڵدەستێت. زۆرجار بەشێوەیەكی عەفەوی بەم كارە هەڵدەستێت.

نووسەر لە بەردەم ئامادەبوون و قورسایی ئەم دەورانەی زمان و جووڵەی زمان و جووڵەی دەلالەت دەشڵەژێ و ئەو لە كاری نووسیندا لە پرۆسەی پاككردنەوەی وشەو ڕستەو دەلالەتەكان، لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕەتكردنەوەدا لە پرۆسەی گەڕانی بەدوای وشەدا گەڕانی شێوەو نەسق دۆزینەوە، لە هەمان كاتدا بنیاتی زمانەوانی و بنیاتی بابەت و بنیاتی شێواز بەیەكەوە دەبەستێتەوە.

تێکەڵی یەکیان دەکات و هەوڵ دەدات چاکترین تەبایی و ڕێکخستن بخاتە ناویانەوە. ئەفراندنی ئەدەبی قووڵبوونەوەیە لە چۆنێتی بنیاتنانی قاڵبی زمانەوانی و چۆنێتی تەبایی خستنە نێو ئەو قاڵبانەوە. نووسەر خودی خۆی لەم کاریگەر بوونەدا دەچەسپێنێ و گەڕانی نووسەر بەدوای دەربڕینی زۆر پوخت و گونجاو، گەڕانیەتی بەدوای خۆ داماڵینی لە قورسایی بابەتەکان، کاتێك ئەو بابەتانە وەك قوڕی نەرمە «طین صناعی» بەکار دێنێ بۆ دروستکردنی ئەم قاڵبانە. بەڵام لەم قاڵبگرتنەی بابەت و شتەکان هەروەك تێکشکاندنی بابەت و بنیاتنانەوەی زمانە لەبارییەکدا نەك دروستکردنی «شێوە بەتاڵەکان» کە بارت جەختی لەسەر دەکات، چونکە کاتێك زمان فێر دەبین و دەیکەینە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی، بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا بابەت تێك دەشکێنین و زمان مەسخ دەکەین. بەڵام لەهەمان کاتدا لەم تێکدان و مەسخکردنەدا، لەم گۆڕان و شڵەژانەی باری زمان و بابەتدا، هەڵدەستین بە دروستکردنی جیهانێکی یەکگرتوو تەبا، گەڕانی نووسەر بە دوای بەرجەستە کردنی زماندا، بە هۆی ڕەگەزەکانی دەلالەتەوە، بەخشینی مانایەکە بە زمان و لە هەمان کاتیشدا مەسخکردنی زمانە.

کەواتە کاری ئەدەبی لە گەورەترین مانادا کارلێکی داهێنەرانەی سادەیە، بەڵکو مەسەلەکە لێرەدا پێوەندیی بە مەنهەجکردن و بەڕێکخستن و لە قاڵبدانی زمانەوەیە کە هەمیشە بارێکی نموونەیی لە زماندا دێنێتە کایەوە، ئەمەش ئەو حەسانەوە زەمەنییەیە کە ڕێکخستن و لە قاڵبدان و بە نموونە کردنی زمان پێویستی پێیەتی لە دەربڕین لێکردندا، ڕۆلان بارت، هەروەك مرۆڤێکی ئاسایی و نووسەرێکی نائاسایی دوو دەسەڵاتی جودای بەهێزو لاوازی خۆی رادەگەیەنێ، کە لە قسەکردنی مەودای زەمەنی قوڵ بوونەوە لە زماندا کورت دەبێتەوە و لە نووسینیشدا ئەو مەودایە درێژ دەبێتەوەو ڕێگە بە جووڵەی زەمەن دەدات، بگاتە بەرزترین ئاستی ڕێکخستنەوە.

هەروەك چۆنیش پێداچوونەوەی بەردەوامی نووسەر لە یەك کاتداو بۆ چەندەها جاری تر لە مەودای زەمەنیی جودادا ڕێکخستنی نوێ پەلوپۆ هاویشتنی نوێ لە دەقدا دەکاتەوە.

کەواتە کاری ئەدەبی لە گەورەترین داهێنانادایە، بەخشینی شێوازێکی زۆر پوخت و بەخشینی گەورەترین دۆزینەوەیە لە شێوازدا، دۆزینەوەی مەزنترین پەیوەستە لە کاری سەرەتایی ناونانی شتەکان و بە جووڵە خستنی شتەکان.

هەر لەم خاڵە گرینگ و لەم بارەی زمانەوە ،مەسەلەی دووبارە بوونەوەی بابەتەکان جێگیر نەبوونی جۆرەکانی ئەدەبمان بۆ روون دەبێتەوە. بۆ نموونە جۆرەکانی شیعر زۆرن و شیعر هەر یەك دەلالەتی هەیە و شیعر هەر شیعرە، چیرۆك هەر چیرۆکە، ڕۆمان

هەر ڕۆمانە. ئەگەرچی ناوی «شیعری سۆناتا، ئەلیکساندراو، سەربەست و قافیەدار و... تاد»ی لێ دەنرێت. بەلایەنی ڕۆمان و چیرۆکەوە، هەمان بارە گرنگترین دەرهاویشتنیش لەم بە جۆر بوونەدا نزیکبوونەوەی شێوازی دەربڕینە لەلای زۆر لە نووسەراندا و مەسخبوون و تێکشکاندنی بەردەوامی بابەتەکانە و بەڕادەیەك وا هەست دەکەین لەم جۆرانەدا شێوازو بابەتەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەکەینەوە و ئەم سیفەتەش ڕەگی خۆی هەیە لە کاری ئەدەبیدا.

نووسەر مانگ بە بزەو نیگا دەشوبهێنێ. سیفاتی تەنیایی و ڕەنگ زەردی و دووری پێ دەبەخشێ، زۆر جاریش لەباری ئاسایی دەلالەتی وشەکە دەردەچێ و زمان مەسخ دەکا. بەڵام لەم کارەدا هەموو لەیەك سیفەتدا کۆدەبنەوە کە ئەویش ئەو ئیماو پێناسانەیە کە وشەی مانگ و دەلالەتەکان دروستی دەکەن و مرۆڤی نووسەر لە هەموو حاڵەتەکانی دەربڕیندا بە ناساندن و پێناسە کردنی شتەکان هەڵدەستێ. لەم پێناسەو ناساندنەدا هەوڵ دەدات شتەکان لەباری ئاسایی خۆیان دەربکات و دەلالەتەکان دووبارە دەکاتەوە لە دەسەڵاتی زماندا، چ زمان و چ دەلالەتی زمان ناتوانن ئامادەبوونی پێش وەختی بوون لە زەینی مرۆڤ بسڕنەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەم بوونە ناتوانێ بەبێ زمان ببێتە بوونێك، بەبێ بەتاڵکردنەوە و تێپەڕ بوونیان لە داڕشتندا و لە قاڵبگرتندا و لە شێوە گرتندا.

هەر بۆیە پێوەندیی نووسەر بە شتەکانەوە، بەبوونی شتەکانەوە، پێوەندیی زمان بەشتەکانەوە، هەروەك کەشێکی ئاینی لاواندنەوەی خود وایە. هەروەك سارێژ کردن و ماقووڵکردن و تراژیدیای بوونە لە لای مرۆڤدا.

مرۆڤیش لە ژیاندا لە تێکشکاندنەوە بەرەو دۆزینەوەی یەکگرتنێکی تری شتەکان دەچێت و نووسین لەسەرجەمدا گەڕانە بەدووی دۆزینەوەی ئەو خاڵانەی کە بزرن لە پەیوەستبوونی مرۆڤ و جیهانی ناماقووڵی شتەکانەوە. ئەم گەڕانەش لە زەینی نووسەردا ئەو مەرجە پێش وەختانەن کە جوولەی زەینیی مرۆڤ لە دەلالەتدا دەری دەهاوێتە دەرەوەی خۆی. هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکاتەوە کە زمان بە تەجریدکراوی و بەداماڵراوی و بەبێ پەیوەست و ڕەگەزەکانی یەکگرتووی خۆی ناتوانێ پێناسەیەکی یەکگرتوو لە خۆیدا بنیات بنێت. هەر ئەم ڕاستییەش ئامادەبوونی کاریگەری شتەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، وەك ئەو ڕەگەزە زۆر گرینگەی دروست بوونی زمان، بۆ نموونە مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ هەروەك پەرەپێدانی و دیسپلینکردنی زمان دەکەونە بەرچاو.

مرۆڤ و زەینی مرۆڤ ئەم دەسەڵاتیان لە ئامادەبوونی شتەکانەوە دۆزیوەتەوە. هەروەك ئەو وشانەی کە دەربڕین لە داهێنانی زانستی نوێ و ئەو ناوو ئاوڵناوانەی کە بۆشتە دۆزراوەکان دەتاشرێن و ئەو ناوو ئاوڵناوو زاراوانەی دەربڕین لە دۆزینەوەی نوێی شتەکان دەکەن. ئامادەبوونی شتەکان بەردەوام ئامادەبوونی زمان و ئیمکانبوونی دروستبوونی زمان دێننەکایەوە. هەروەکو چۆن بەبێ زمان شتەکان بۆیان نییە ئامادەبوونیان هەبووبی. بەڵام هێشتا مرۆڤ نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی سیستەمی نوێ و باری زەینیی نوێی وا بدۆزێتەوە کە لە توانایدا بێت کاریگەرێتیی ئامادەبوونی زمان تێك بشکێنێ. زمان مێژووی خودو زەینی خودو تراژیدیای خودە لە گەردوونێکی ئەوەندە گەورەو مەزندا کە تا ئێستەش دەرك بەم ئامادەبوون و بەم فەنابوونەی خودی خۆی ناکات.

**تێڕامانێك لە کەوتنی بەهاکانی زمان**

گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی ئەدەب، زۆر جار لە ڕووکەشدا وەك دابڕان و کەوتنی هەندێك لە بەهاکانی زمان دەکەونە بەرچاو. لە شێوە و قاڵب و شێوازێکدا زمان خۆی دەنوێنێ کە لەناخەوە بەش بەش بووبێ و بەشێکی لە دەلالەتی چەسپاو باڵ بەسەر زمانەکەدا دەگرێ و گەورەترین سەدا دەداتەوە و بەشێکی تریشی مات دەبێ و هەروەك ئەوەی ئێمە بە جۆرێکی دیاریکراو لە مانەوە بۆ شتەکانی دەوروبەرمان بچین.

لە ڕاستیدا زمان لە دوو توێی خۆیدا ڕەگی هەموو جیهانبینیەکانی مرۆڤ دەنوێنێ لە قۆناغێك یا سەردەمێکی دیاریکراودا. هەروەکو بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی کۆمەڵێك دەلالەتی دیاریکراو و دووبارەبوونەوەیان لە شێوە و بەکارهێنانی جودا جودای خۆیاندا، ئەمەش دەوری کاریگەریی زمان دەنوێنێ لە کاری زەینیی مرۆڤدا. بەهاکانی شتەکانی دەوروبەرمان لە دوو توێی پەیوەستی مرۆڤ بە نواندنی گۆڕانەکانی ڕوانینی خودی خۆی بەرامبەر بەبوونی خۆی، بەهاکانی زمانە لە بەکارهێنان وتاوتوێکردنیاندا، دەتوانرێ لە زۆربەی سەردەمە جوداکانی ئەدەبدا، چۆنێتیی چوونەوە سەری بەهاکانی زمان دیاری بکرێت بە دۆزینەوەی ڕێچکەی وەسف و پۆلێنکردن ژمێرارییەکی زانستییانەی تاکەکانی ناو و ئاوەڵناو هەندێك لە فرمانەکان...

لەوانەیە ئەو وشانەی کە لەسەرجەمدا بەهاکانی زمان دەگرنە خۆیان لە شێوەی دەلالەتدا، هۆیەکی کاریگەربن بۆناسینەوەی پەیوەندییە زەینی و ڕەوشتی و

دەروونییەکانی مرۆڤ لە دوو توێی پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕکاریی بە کارهێنانیاندا. هەروەك ئەوەی ئەدەب لە شێوەی بەهاکانی زماندا هەموو ڕەگەزەکانی بەتاکبوون و بەکۆمەڵبوونی نووسەر بنوێنن لە بنیاتێکی دەروونیی دیاریکراودا. تەنانەت شێوەی دەوڵەمەند بوون و پەرەسەندنیشیان لە قۆناغەکانی ئەدەبدا جودایە، کە زۆرجار دابڕانەکان و بەیەك گەیشتنەوەکانی کۆمەڵێك دەلالەتی جودا دەنوێنن و ئەم نواندنەش بە کۆمەڵێك خاسییەتی هاوبەشدا دەناسرێنەوە. هەروەکو چۆنیش لەسەر جەمیشیاندا دەربڕینکردنن بە جۆرێکی تر لە ڕەنگدانەوەی وەرچەرخانە سروشتی، زانستی ، مێژوویی ، کۆمەڵایەتی ، فیکرییەکانی سەردەم و قۆناخێکی زەمەنیی دیاریکراو، هەروەك ناونانی ئەدەب بە ئەدەبی پێش جەنگ و پاش جەنگ، ئەدەبی سالآنی هەشتاکان یا حەفتاکان.

هەروەك ئەوەی جەنگ ساڵ و پۆلێنکردنی قۆناخەکان خاسییەتی ئەدەب دیاری بکەن لە زەمەنێکی دیاریکراودا. یاخود هەروەك ئەوەی چۆنێتیی پەرەسەندنی جۆرەکان لەسەرجەمدا بەهایەکی زەمەنیی بە ڕووداوکراو لە ڕەوتی ژیاوەی مرۆڤدا بکەنەوە، کە زۆر لە ڕەگەزو پێکهاتە دیاریکراوەکانی دەلالەتی زمان دەگرێتەوە.

بە کورتی زمان لە قۆناخێکی دیاریکراودا بنیاتێکی یەکگرتوو و تەبای هەموو بەها ڕەوشتی، فەلسەفی، مەنتیقییەکانی ڕوانینی مرۆڤ دەنوێنێ بەرەو دەرەوەی خودی خۆی.

کۆمەڵە جوداکانی مرۆڤ و نەتەوە جوداکانی جیهان لە چۆنێتیی پەیوەستبوون و ڕوانین، لە چۆنێتیی جیهانبینی و بەکارهێنانی زماندا جیاوازیی بنیاتە جوداکانی پێکهێنانی زمانی نووسینمان دەخەنە بەرچاو. ئەو زمانەی لە گەردوونی جیاوازی دەوروبەرو لە پەیوەست و دابڕانەکانی لەگەڵ دەوروبەردا، بەردەوام مەدلوولی جودا دەگرێتە خۆی. نەك هەر ئەمەش، بەڵکو ڕوانینی جودا دەگرێتە خۆی لە چۆنێتیی چوونەوە سەر شتەکانی دەوروبەری خۆی. ئەم چۆنێتییەش کاریگەرییەکی جەوهەریی هەبووە لەسەر ئەدەب، کە لەلایەکەوە لە بۆتەی زمانێکی نوێدا پەرەسەندنی جۆرەکانی گرتووەتە خۆو لەلایەکی تریشەوە گۆڕانی خستووەتە دوو توێی بەهاکانی زمانەوە.

بەڕادەیەك زمان لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا بەجارێك خاسییەتی تایبەتی و جۆرە مەدلولێکی تایبەتی دەگرێتە خۆی کە لە سەرجەمدا بنیاتی ڕۆشنبیریی زەینی و دەروونی جودا دەنوێنن.

تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی ئەدەبی بە جۆرە بۆچوونێکی قوتابخانەگەری و

تەوژمكاری بار دەكرا. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی تاك لە بۆتەی ئەو پرەنسیپ و ئەو پێڕەوە هاوبەشانەی تەوژمە ئەدەبییە جوداكاندا خاسییەتی تایبەتی نووسەریان هەڵدەگرت.

بەڕادەیەك زمان لەنێوان دووڕییانی دەسكەوتی كەسایەتی و چوونەوە سەری قاڵبی دواندنی گوتارئامێزی ئاست جودادا بەش بەش دەبوو.

ئەم پەنجا ساڵەی ڕابردووی ئەورووپا، دابڕان لە بەهاكانی زماندا لە ئاستێكی گەورە و وەرچەرخانێكی گەورەدا بوو، لە راستیدا قۆناغی ئەدەبی ئەورووپای دوای جەنگی جیهانیی دووەم، لە گۆڕانی سەرتاپای بەها ڕەوشتی و سیاسی و فیكرییەكانی پێش جەنگ بوو. لە گۆڕانی زمانی دواندن بوو. نەك هەر ئەمەش، بەڵكو سەردەمی پێش جەنگ كە تا ئەو كاتەش دوواندنی زەینیی مرۆڤی ئەورووپی درەوشانەوەی زمانی دەستە باڵا و یەك بنیاتی چەرخی گەشانەوەی ئەورووپا بوو، مرۆڤی ئەورووپی و كرانەوەی زەیینی تا سەردەمی جەنگ لەسەر یەك ڕەوتی جوداكردنەوەی دەسكەوتە زانستی، فیكری، سیاسی، ئایینی، زەینییەكان بوو لە یەكتری، جوداكردنەوەی باری زەینی جودای مرۆڤ بوو لە جیهاندا. مرۆڤی پێش جەنگ و زەینی ئەو مرۆڤە، پەرەسەندنی بەرەو جەنگ چوونی ئەورووپای لە خۆیدا هەڵگرتبوو. ئەم خاسییەتە بنەڕەتییە لە دوای جەنگدا ڕێگەكانی توێژینەوەی لەم مەیدانانەدا پەرە پێدا و لەسەر هەمان ڕەوت ڕۆیی. بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هات، بەهاكانی زمان بوو كە لەمەیدانە جوداكانی فیكری ئەورووپادا ڕەنگی دایەوە و ئەم گۆڕانە بنەڕەتییەش زمانێكی نوێی لە چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ شتەكانی دەوروبەردا هێنایە كایەوە، ئەدەبیش وەك جیهانێكی كاریگەر بوو بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، وەرچەرخان و گۆڕانی مەزنی بەخۆوە بینی. خوێنەر تاڕادەیەك باوەڕی بە كەسایەتیی نموونەیی كلاسیكی نەما. نووسەران باوەڕیان بە كەسایەتیی بناخەیی كارەكانیان نەما، ڕۆماننووسە كلاسیكەكانی وەك بەلزاك و جۆیس و ستاندال و چیجۆف، بەرەو لەبیر چوونەوە دەچوون. ڕێگەكانی شیكردنەوەی دەروونی لە ڕۆماندا هەرەسیان هێنا. سەردەمی دوای جەنگ ئەو باوەڕەی هێنایە كایەوە كە هەندێك جۆری ئەدەبی، وەك ڕۆمان و چیرۆك و شیعر بەرەو لەناوچوون دەچن.

لە ڕاستیدا كارەساتی جەنگی جیهانیی دووەم لەناوچوونی ئایدۆلۆژیاو لۆژیكی زەینیی مرۆڤی پێش جەنگی لەگەڵ خۆیدا هێنا. مرۆڤ لە هەموو قۆناغەكانی پێشوو زیاتر لە خۆی ورد دەبووەوە و زمانێكی تر هاتە ئاراوە كە ڕاستەوخۆ زاتی مرۆڤ و تاكی

بزری کەسایەتیی ئەورووپیی دەنواند. دوورخستنەوەی زمانی ئەدەب بوو لە هەموو ئەو کاریگەرییە مەعریفییانەی کە بەها و ڕەوشت کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی پێش جەنگیان دەنواند. دوورخستنەوەی ئەدەب بوو لە کێشە و هاوارو کوشتاری جەنگ لە چوارچێوەی بە کۆمەڵبووندا، زمانی ئەدەبی بەشێوەیەکی سەیر بەرەو زمانێکی تر دەچوو.

هەر لە ئەنجامی گۆڕانی جیهانبینی مرۆڤی دوای جەنگ و گۆڕانی زمانی دواندنەوە بوو زمانێکی زانستی و بێ لایەن و کاریگەر هاتە ئاراوە. بێگومان ئەم زمانە نوێیەش کاردانەوەیەکی سەرتاپا گیریی هەبوو لەسەر ئەدەب، خودی زمانیش بووە ناوەڕۆکی ڕەخنەیەکی زانستی و زمانێکی ئەدەبیی بەهێز. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی پلەی سفری نووسین لە ١٩٥٣دا لە لایەن ڕۆلان بارتەوە، ڕێچکەیەکی نوێ بوو لە زانستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا. ڕەخنەگرەکانی وەك میشیل بوتورو مۆریس بلانشۆت و سارتەر لە شیکردنەوەی دەروونیدا و ئالان ڕۆب گرییێ و ناتالی ساروت و... هتد

کە زۆربەیان لە ژێر کاریگەریی ڕەخنەی تیۆریی خۆیان و جیهانبینیی تایبەتی خۆیانەوە ڕۆمانیان دەنووسی ڕاستەوخۆ گۆڕانی زمانی دواندنی مرۆڤی ئەورووپیی دوای جەنگیان دەنواند. چ لە ڕەخنە و چ لە ڕۆماندا ژیانێکی نوێ وەبەر ئەم دوو جۆرەدا نرایەوە.

ئەم زمانە لە بناغەوە کاریگەریی ڕوانینی فەلسەفی، دەروونی و تێکشکاندنی خودی زمانی لە پشتەوە بوو. لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیش لە ڕەخنەی دۆگماتیزمی کلاسیکییەوە بەرەو ڕەخنەیەکی زانستی دەچوون کە پشت ئەستوور بوون بە لێکۆڵینەوە قووڵەکان لە مەیدانی زمانەوانی ، سۆسیۆلۆژیا ، مێژوو و کەلتوورەوە. تەنانەت خوێنەری ئەدەبیش لە چەشە و وەرگرتنی دەقەکاندا گۆڕانی گەورەی بەخۆوە گرتنی، کە گرینگترین خاسییەتیش بەر بەرەڵڵاکردنی شێوەی نووسین و بەزاندنی قوتابخانەگەری و لایەنگیریی ئایدۆلۆژی بوو، لە نووسیندا. هەروەها پەرەسەندنی ڕەگەزەکانی نووسین و جۆرەکانی بوو. ئەدەب بەبێ سانسۆر و مەرجی نووسین، دوور لە هەموو گوشارێکی دەرەکی خۆی خستەڕوو. بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا کە هەوڵی «دی سۆسیری» فەڕەنسی و فۆرمالیستەکانی ڕووس بەتایبەتی «پرۆپ» دەورێکی کاریگەریان هەبوو لە ڕەخنەی نوێدا.

بابەتەکانی دەق و زمانی دەق، گۆڕانی گەورەیان کەوتە نێوەوە. لە بڕی کەسایەتیی نموونەیی، کەسایەتییەك هاتە ئەدەبەوە کە شارستانێتییەکی میکانیکی هەرەسی پێ هێنابوو. لە جیاتی بەرجەستەی بابەتی، وەسفی وردو پێوانەکردن و وردبوونەوە بوونە خودی بابەتەکان. بەها پیرۆزەکانی پێش جەنگ، هەروەك بەهاگەلێکی بێهوودە سەیریان دەکرا، هەر بۆیە رووالەتی شتەکان شوێنی ناوەڕۆکی شتەکانی گرتەوە.

بێگومان کەوتنی بەهاکانی زمانی نووسین لە دوای جەنگ و هەندێك لە کارەساتەکانی وەك بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کەوتنی شۆڕشی نیشتمانیی ئیسپانیاو ئەو کوشتارو ڕووخانە گەورەیەی جەنگ هێنایەکایەوە. کە ئەنجامەکەی جەنگی ساردو دابەش بوونی جیهانی هێنایەکایەوە لە دوو توێی سیستەمی جودادا. لەسەرجەمیشدا مرۆڤی دوای جەنگ بە هەنگاوی خێراو زەبەلاح لە مەیدانە جوداکانی زانست ، فەلسەفە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بنیاتی زمانێکی شارستانێتیی نوێ نایەوە، بەڵام نەیتوانی باوەڕەکانی بە مرۆڤ بپارێزێ.

ئەم خاسییەتەش بووە بناغەیەکی گرنگ لە چۆنێتی بیرکردنەوەی کەسایەتیی ئەوروپی. دەبووایە لە گۆڕانی ئاوادا، لە ئەدەبیشدا زمانی نوێ و جودا بێتە کایەوە.

کە جێگە بە زمان و بەهای زمانی پێش جەنگ لەق بکات. لێرەشدا دەتوانین بڵێین ئەم پەنجا شەست ساڵەی رابردوو بە لایەنی جیهانی ئەوروپاوە، دەرکەوتنی جیهانی شارستانێتییەکی وابوو کە کرۆکی پەرەسەندنی مێژوویی زەینی ئەوروپا بنوێنێ.

مرۆڤ لە هەموو قۆناغێکی مێژوویی زیاتر لە خۆی ورد بووەوەو ئەمەش بەرەو گۆڕانی بنیاتی کەسایەتیی خۆی برد. دابڕانێکی مێژوویی گەورەی لە بنیاتی کەسایەتییدا هێنایەکایەوە. جەنگ، سیاسەت و عەقڵی سیاسی باڵی بەسەر سیستەمە جوداکانی جیهانەوە گرت.

کەواتە گەر بێتو گۆڕانەکانی باری کەسایەتیی مرۆڤی ئەوروپی لە کارەساتە گەورەکانەوە دەستی پێ کردبێت، دەبێ بۆچی ئەم گۆڕانە کە بەسەر ئەدەبیشدا هات، بەڵام بەجۆرێکی ترو بەشێوەیەکی تر؟

بێگومان هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو بریتییە لە سەرجەمی پەرەسەندنی زەینیی کۆمەڵێکی دیاریکراو، لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا. ئەو قۆناغەش چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی زۆر تایبەت بۆ خۆی پێکەوە دەنێت. لە ڕاستیدا قۆناغە

جوداكانی ئەدەب، زۆر جار ئاستێكی زەینیی وا لە مرۆڤدا دەنوێنن كە لە هەموو لایەنەكانی مەعریفەی زانستی و فیكرییەوە بنیاتێكی بهاوێتە دەرەوەی خۆی كە گەر دابڕانی مێژووی گەورە نەباتە كایەوە، خۆی لە خۆیدا دابڕانی لێك نەپساوە دێنێتە كایەوە. هەر چەندە نووسینی ئەدەبی زۆرجار لە جەوهەری خۆیدا ڕاڤەكەری ئەو زاراوە و ئەو زمانە جودایانەی سیاسەت و زانست و مەعریفە جوداكانی مرۆڤ نییە، بەڵام ئەدەب لەناخەوەو لە جەوهەردا جووڵەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانە دەنوێنێ. ئەوساش وەرچەرخانە مێژووییەكان دێنە كایەوە كە ئەو خاسییەت و بنیاتە زەینییانەی مرۆڤ تێك دەشكێنێ و زمانی ئەو بنیاتە دەخاتە گۆڕانەوە. مەرجیش نییە ئەدەب لە هەموو وەرچەرخانە مێژووییەكاندا لایەنی پەرەسەندن بگرێتە خۆی، بەڵكو زۆرجار ئەدەب بۆ مەبەستی تیۆری و ئایدۆلۆژی قۆرخ دەكرێت و لە ڕێچكەی نواندنی زەینی و مەعریفیی زۆر تایبەتی خۆی دەردەكرێت. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەدەبیش لەو دابڕان و كەلەبەرانەوە خاسییەتی خۆی دەگۆڕێت كە كۆمەڵێكی دیاریكراو دەیهێنێتە كایەوە، هەروەك ئەوەی ئەدەب هەموو كاتێك بنیاتی دوو سەرەو سیفەتی پلاستیكی بگرێتەوە خۆی لە چۆنێتیی نواندنی ئاستی زەینیدا.

بەمەش زمانی چەرخ و سەردەمەكان دەگۆڕێن و لەگەڵ خۆشیاندا بەهای زمانیی جودای ڕەوشتی ، فەلسەفی ، سیاسیی نوێ دێننە كایەوە. قۆناغەكان فۆتۆكۆپی یەكتری نین و كەم جار سیمای هاوبەش لە نێوانیاندا دەدۆزرێتەوە. ئێمە ئەمڕۆكە لەنێو جەرگەی سەدەك لە ڕووداوی گەورە گەورەی دابڕانی قۆناغەكاندا دەژین و دەژیاین. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەست دەكەین كە هیچ یەكێك لە كارەسات و دابڕانە مێژووییەكان گۆڕانكاریی گەورەیان لە زمانی ئەدەبدا نەهێناوەتە كایەوە بەمانای دروست بوونی دەرهاویشتنی مەعریفی و زەینی نوێ كە لەسەرجەمدا بگەنە ئاستی بنیاتنانی ئەزموونێكی ئەدەبیی یەكلاكەرەوە لە قۆناغەكانی ئەدەبی كوردیدا.

واش هەست دەكەین ئەدەب بە هیچ شێوەیەك ڕەنگدانەوەی دابڕانی قۆناغەكان نەبێت. ئەویش لەبەر چەند هۆیەك بوو كە لە سەرووی هەموویانەوە، گەر بێتو ڕووداوە خوێناوییەكانی ئەوروپا لە بنەمایەكی ئایدۆلۆژی و لە سیستەمێكی سیاسی و ئابووری و فەلسەفییەوە سەریان هەڵدابێت، ئەوا ڕووداو جەنگە ناوخۆییەكانی ئێمە هەموو كاتێك لە دوو توێی تاقە مەدلوولێكی نەتەوەیییەوە سەریان هەڵداوە، لە مەدلوولی مانەوە لە پەیوەستێكی نەتەوەیی و بەرگریكردندا. لەوانەشە مێژووی سیاسی و خەباتی كورد

هەر لە دوای ساڵانی ١٩٦١ەوە، سەرەتای هۆشیاری و دەرككردن بێت بە مەسەلەكانی ترو بارەكانی تری نەتەوەی كورد ئەو هەستیارییەی ئێمەی كوردی خستە بەردەم پرسیاركرن و تێڕامان لە خودی خۆمان چ لە لایەنی مێژوویی و چ لە لایەنی فەلسەفی و چ لەلایەنی وردبوونەوە لە چارەنووسی زمان و ئەدەب و كیانی خۆمان. ئەم ڕێچكە مێژووییە هاوچەرخەی پێكهاتی نەتەوەییمان لە هەمان كاتدا درێژبوونەوەیەكە لە قۆناغەكانی تردا كە هیچ یەكێك لە ڕووداوو كارەساتە جیهانییەكان نەیتوانیوە لەم ڕێچكەیەی وەرچەرخێنێ.

لەبەر نەبوونی كیان و سیستەمێكی سیاسیی سەربەخۆ و هەستكردنی بەگرێی بەش بەش بوون لە نێوان قەبارە سیاسییەكانی دەوروبەری خۆیەوە.

جگە لەمەش نوشوستیی خەباتی سیاسیی كورد لە زۆربەی بەشەكانی تری كوردستاندا، ڕێگەی ئەوەیان نەداوە هیچ جۆرە بنەمایەكی فیكری ، فەلسەفی ، مێژوویی نویَ لە نێو كۆمەڵی كوردەواریدا دروست بێت. هەروەك نوشوستیی كۆماری نەوجەوانی مەهابادو سەركوتكردنی هەوڵەكانی كوردی توركیا، هەر لە دوای توانەوەی شۆڕشی كورد لە دوو تویَی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە.

نسكۆی شۆڕشی حەفتاكان و كارەساتەكانی جەنگ ، ئەنفال، هەڵەبجە و شەڕی ناوخۆ، ئەو زنجیرە ڕووداوانەن كە دەشیَ كوردی وەك نەتەوەیەك بخستایەتە ئەزموونی فیكری ، فەلسەفەی  و زەینیی نوێوە، ئەگەر بێتو كوردیش خاوەنی كیانێكی سەربەخۆ بووایە، ئەگەر چیش قۆناغی دوای حەفتاكان گەشانەوەیەكی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەڵام هەڵگیرسانەوەی جەنگ دابڕانێكی گەورەی هێنایە ئاراوە لە ڕێچكەی ئەم پەرەسەندنەدا. بەڵام دووبارە بوونەوەی كارەساتەكان كوردیان لە تەنیا مەدلوولی مانەوەو بەرگریكردندا هێشتەوە و هەروەك دەزانین سەقامگیری لە ژیانی نەتەوەكاندا، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی نویَ و بزووتنەوەی زەینی و فەلسەفیی نوێیە.

ئەم خاسییەتە زۆر تایبەتییەی مێژووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریی كورد، نەیهێشتووە بنیاتی دەروونێكی ڕەها لە هەستماندا دروست بێت. بەڵكو دووبارە بوونەوەیەكی تراژیدیی هەمان مەدلوول بووە. دووبارەبوونەوەی هەمان لاپەڕەكانی ڕابردوو بووە. بەڕادەیەك وا هەست دەكەین مێژووی دوێنێمان دووبارە بوونەوەیەتی بە شێوەیەكی بەردەوام.

لەم واتا زۆر تایبەتەوە ئەم قۆناغەی ئێستامان گەورەترین و مەزنترین و بەهادارترین ڕێکەوتە لەبەردەممان کە تیایدا هەوڵ دەدرێت ئەم لاپەڕە درامی و تراژیدیا مێژووییانەی بنیاتی کەسایەتی و مەترسییە ماتبووەکانی ناخی کورد بسڕێتەوە، لەم ڕێچکە مێژووییەی ئێستایدا زمانی نویٚ و هوشیاریی شارستانێتی نویٚ بدۆزێتەوەو ئەدەبیش لەم ڕێچکەیەدا شوێنێکی دیارو لەبەر چاو بۆ خۆی بکاتەوە لە دوو تویٚی هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی زمانێکی دواندنی نویٚ کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی باری ئێستای زەینی و فەلسەفیی کورد بێت. ئەمەش بەهیچ جۆرێك ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەدەب خۆی لە سنوورەکانی مەرجداریکردن و گوشارە دەرەکییەکاندا بهێڵێتەوە، بەڵکو ئەدەب دەبیٚ لە زمانێکی نوێدا هەستێکی رەهاو سەربەست بخاتە بنیاتی دەروونیی مرۆڤی کوردەوە. هەر لە بناغە مێژوویی و لە زاراوەو سامانی کولتووریی خۆمانەوە هێڵە پانوپۆڕەکانی زمانێکی نوێی دواندن بدۆزینەوە. بنەمایەکی پتەو بۆ دیدو بۆچوونی نویٚ داڕێژین کیٚ دەزانیٚ! لەوانەیە هەست بەڕەهابوون نەهێنیی پەرەسەندنی شارستانێتی بێت لە نێو ڕەگەزە جوداکانی خودی شارستانییەتدا کە ئەدەب ، زانست ، فیکرو فەلسەفەی نەوەکان دەگرێتەوە.

ئەو ڕەگەزانەی دابڕانێك دەنوێنن و لاپەڕەیەکی تازەو زمانێکی تازە دێننە کایەوە. ئەدەب نواندنی باری سیاسی ، ئابووری و کۆمەلایەتیی قۆناغەکان نییە، بەڵکو جیهانبینییەکی قووڵە لە چۆنێتیی گەیشتنمان لە شتەکانی دەوروبەرمان. تێڕامانێکە لە زمانێکی زیندووی شارستانێتی. لەم کارەشدا دەبیٚ ئەدەب ڕەها بێت لە هەموو مەرج و سنوورێکی پێش وەختە. کردنەوەی مەدلوولی، بەخشینی بەهای نویٚ بێت بۆ زمان و ڕزگارکردنی بەهاکانی زمان بێت لە لاساییکردنەوە و پێداچوونەوەی سلبی مەدلوول و بەهاکانی زمانی کۆمەڵ و نەتەوەکانی تر.

## شیکردنەوەی دەق لە بنیاتی زماندا

بنیاتی زمان بە هەموو ڕەگەزەکانی دەربڕینەوە، لە لای هەر نەتەوەیەکدا خاسییەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە کە گرنگترین ڕەگەزیش لەم بنیاتە جودایانەی زماندا دەلالەتی وشەیەو ئەو گەردوونە بەرفراوانەی کە دەلالەت لە ڕێچکەی داڕشتن و سیاقی نووسینەوە دەیهێنێتەوە ئاراوە. لە خودی خۆشیدا زمان بە پێی گۆڕانی دەلالەتەکانی، دەرهاویشتنی نوێ لە قاڵبی زمانەوانیدا دێنێتە کایەوە کە لەلای هەر نەتەوەیەکدا چەند ئاستێکی جودا لە پەیوەست و لێکگەیشتن بێنێتە کایەوە. گەر بنیاتی زمان بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەلەبەرە زانستییانە لە نێوان زمانە جوداکانی جیهانەوە بێتێتە کایەوە. بۆمان هەیە چەند پرسیارێکی گرنگ دەربارەی ئەو زاراوەو ئەو قاڵب و بنیاتانە بەرەو ڕووی خۆمان بکەینەوە. لە چوونەوە سەری ڕێگەکانی شیکردنەوەی دەقەکان. چونکە ئەم کەلەبەرانە بە تەنیا لە خودی زمانەوە نایەتە کایەوە و هەروەك قاڵب و بنیاتێکی تەجریدکراو لە هەموو کاریگەرییەکی مێژوویی و مەعریفی ، داو و دەستووری جوگرافیایی، سۆسیۆلۆژی، بەڵکو لە میانی شیکردنەوەی زاراوەو دەلالەتی وشە و شێوەی قسەکردن و شێوەی نووسینیشدا تووشی ئەو سنوورانە دەبین کە پەڕینەوەو تێکشکاندیان لە چوونەوە سەری چەمکە مەعریفی و زاراوە مەعریفییەکانی بیانییەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێکشکاندن و شێواندنی خودی زمانە نەتەوەییەکەی خۆمانە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی چاوێك بگێڕین بە سەرجەمی ئەو زاراوەو ئەو چەمکە بیانیانەی کە زۆربەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاون و بەراوردیان بکەین لەگەڵ بەکارهێنانیان لە خودی زمانە بیانییەکەوە، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە وەرگرتن لاسایی کردنەوە و وەرگێڕانی ئەو زاراوە و وشانە لە زمانی عەرەبییەوە زەرەرو زیانێکی زمانەوانیی گەورە نەك تەنیا بە زمانەکەمان دەگەیەنێ، بەڵکو زەرەر بە سەرتاپای لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانمان دەگەیەنێت. کاتێك دەبینین زۆر لەو وشانەی لە عەرەبییەوە وەرگیراون و مانای تەواویان لە عەرەبیدا نییە و وەرگێڕەکانی عەرەب هەڵدەستن بە داتاشینی زاراوەی جوداو هەندێك جاریش لە جیاتی وشەیەك کە تەنیا یەك دەلالەتی هەیە، بە سێ ووشەو چوار وشە دەربڕینی لێ دەکرێ و لە کاری وەرگێڕانیشدا مانای تەواوی خۆیان بزر دەکەن.

دەلالەتی ووشە لە جۆرەكانی ئەدەب و بە تایبەتی لە مەیدانی شیكردنەوەی دەقدا گەردوونێكی فراوانی لێكدانەوەو چوونەوە ناخی خودی دەقەكان پێك دێنیٚ، ئەمەش لەوەوە هاتووە كە دەلالەتی وشە لە دروستكردنی واتاو لە دروستكردنی بابەتدا لە بنیاتی دەقدا، هەمیشە چەندەها ڕێگە و بۆچوونی جودا لە یەك، دەگرێتە خۆی، بیٚ ئەوەی لە توانادا بێت پەیوەندییەكی ناوەندی و سەرەكی لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە. بەڵكو مەیدانی دەلالەتی وشە میكانیزمیەتێكی كارلێككردنی نەپساوی هەیە و چەندەها سیماو خاسییەتی جودای هەیە و سنووری دال و مەدلوول و ئاماژەكانیش تێپەڕ دەكەن.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە ڕێگایانەی كە پشت بە دەلالەتی وشە دەبەستن، زۆرجار لەگەڵ خاسییەتە بابەتییەكانی دەق و بنیاتی بابەتیی دەقدا، تێكەڵ بە یەك دەكرێن، چونكە لە هەموو بارێكدا دەوڵەمەندی و هەڵبژاردنی جیاواز لەبەردەم هەوڵە سادەكانی لێكدانەوەی دەقدا دەكەنەوە، لە هەموو حاڵەتێكیشدا بنیاتی شاراوەی دەق كە دەسەڵات و بوونی خۆی لە سەرجەمی پێكهاتەكانی زمان و پەیوەستەكانی كارلێككردن و كارتێكردن دەدۆزێتەوە. ئەو سەركێشییە مەزنە لە دەق و زمانی دەقدا دەكاتەوە كە سەرتاپای گەڕانە بنیاتگەرییەكان نەگەیشتوونەتە ئەو پێناسەیەی كە جووڵەی ئەو بنیاتانە لە خودی زمان و ڕەگەزەكانی زماندا بدۆزنەوە. بە ڕادەیەك وا هەست دەكەین كە دەلالەت و خاسییەتی بابەتی و خاسییەتە ئیستاتیكییەكانی زمان نین كە بە مردنی خۆیان لەدایكبوونی نووسینێك یان دەقێك ڕادەگەیەنن بەڵكو بە مردنی خۆیان بنیاتێك دروست دەكەن كە زۆر جودایە لە هەمان ئەو ڕەگەزانەی كە نووسەرێك بەكاریان دێنیٚ لە دروستكردنی دەقێكدا.

بەڵام لە هەمان كاتیشدا ئەم جۆرە ڕێگایانەی شیكردنەوەی دەقەكان جڵەوگیركردنی دەقیان بە تەواوەتی پیٚ ناچێتە سەرو یەقینێكی بیٚ گریمان و یەك لاكەرەوە، ناهێننە ئاراوە كە حەسانەوەیەكی دەروونیی دابڕاو بە نووسەرو خوێنەر ببەخشێت لە ڕاستیدا كردنەوەی خاسییەتی بابەتیی جوداو بۆچوونی جوداو لێكدانەوەی جودا لە دەقەكاندا بەفیرۆدانی دەسەڵاتی لێكدانەوەو شیكردنەوەی دەقەكانە. ئەم سیمایەش نەك تەنیا لە ئەدەبی كوردیدا بەرچاو دەكەویٚ، بەڵكو لە ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزی و ڕووسیشدا بەرچاو دەكەوێت.

هۆیەكانی نوشوستیی لێكدانەوە و شیكردنەوەی دەلالەتی وشە هەموو كاتێك لەوەوە دیٚ كە وشە لە خودی خۆیدا وەك بچووكترین یەكەی دروستكردنی دەلالەت، هەمیشە

چەندەها قاڵبی واتای جیاواز بنیات دەنێت لە دوو توێی میکانیزمیەتی کارلێککردنی چەند وشەیەك و چەند ڕستەیەکدا و پەیوەندی دروستکردن لە نێوانی خۆیاندا و بەمەش وشە زیاتر لە واتایەك دەگرێتە خۆی. گەر وردبینەوە لەم نوشوستییەی ڕەخنە لەبەردەم دەقەکاندا، دەبینین ئەم دواکەوتنە زمانەوانی و ڕەخنەییە لە لای ئێمەدا دووسەرەیە. لە یەکێکیاندا ئێمە زاراوە و وشەی شیکردنەوەی ڕەخنەی حازر بە دەستی وا بەکاردێنین کە لە خودی زمانە ئەسڵەکەوە بە تەواوەتی دەلالەتە کۆتاییەکانیان ساغ نەبوونەتەوە. دووەمیش ئێمە ئەو زاراوە و وشانە بەکاردێنین کە لە زۆربەیاندا خاسییەتی جوداو بنەمای نەگونجاویان بۆ دە دۆزێتەوە لە چۆنێتیی کاری ڕەخنەییدا، بەتایبەتی لە ڕەخنەی شیکردنەوەی بنیاتگەری دا.

لێرەشدا گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیڤی تری شیکردنەوەی دەق کە لە خودی زمانەکەمانەوە سەر هەڵبدات، لەوانەیە گەردوونی نوێی شیکردنەوەی دەق بدۆزرێتەوە.

لە ڕاستیدا دەلالەت و واتاکانی وشە ئەو هێڵە پانوپۆڕانەن کە دەبنە بناغەی دروستکردنی بنیاتی زمان، ئەم بنیاتەش بەدەر نییە لە دەیەها کاریگەریی تری دەرەوەی زمان کە چۆنێتیی پەرەسەندنی زمان لەلای هەر نەتەوەیەکدا دیاری دەکەن. جگە لەوەش ئەو دەقانەی پێگیری دەربڕین کردنن کە داخوازی و بۆچوون و جیهانبینیی نووسەری دەق زۆرجار وای پێ دەچێت خاسییەتێکی نەتەوەیی ڕاستەوخۆ و هەندێك جاریش ناڕاستەوخۆ بگرنە خۆیان. لە هەموو بارێکیشدا کەرەستەی شیکردنەوەی دەلالەتەکان بۆیان هەیە ئەم داخوازییانەی واتاو دروستکردنی بابەت بە باری جوداو خاسییەتی جودادا بەرن. ئەمە جگە لەوەی خودی بابەتەکانی دەق زۆرجار گیروگرفتی جودا لەبەردەم کاری نووسیندا دروست دەکەن لە کاری شیکردنەوە و دۆزینەوەی ئەو بنیاتە شاراوەیەی هەر دەقێك لە دووتوێی خۆیدا هەلی دەگرێت کە لە هەموویان هەست پێ نەکراوتر خەفلە بوونی (مەسخ) بابەتەکان و دەلالەتەکانە لە زمانداو مەترسیی دووبارە بوونەوەیان بە شێوەیەکی نادروست و بەربڵاو لە دەقدا. ئەمەش ئاشکرایە کە زمان لە دەسەڵاتی خۆیدا ناتوانێت ببێتە بنەمایەکی دروست لە هەڵگرتنی دەلالەتی نامۆ بە خودی خۆی و جووڵەی دەلالەتی زۆر تایبەتی خۆی.

بەڵام نووسەر لە پرۆسەی بنیاتی دەقەکەیدا نە پێگیری شێوازێکی تەسك و دیاریکراوی دەربڕین لیکردن دەبێت و نە کاری خۆیەتی بە سیفەتی گەیەنەرێکی گرفتار لە کارەکەیدا جێ پەنجەی ڕێڕەوێکی دیاریکراو بگرێتە بەر. نە ڕەخنەگرێکیش ئەو مەرجە بەسەر خۆیدا

دەسەپێنێ کە دەسەڵاتی باڵای زمانەکەی بەردەوام لە سنووره نەدۆزراوەکانی خودی خۆیدا بیهێڵێتەوە. هەر بۆیە لە ئەنجامی خۆتەکاندن لە کاریگەریی خاسیەتی بابەتی و بار قورسکردنی خودی خۆی لە کاریگەریی مەرجە بابەتییەکان. ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی هەر لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، بەرەو تێکشکاندنی مەرجە پێش وەختەکانی بابەتی و زمانەوانی و کەسایەتی نێو دەقەکان دەچێت. تەنانەت هێدی هێدی نووسەران لە کاری شیکردنەوەی دەقەکاندا بەرەو هەرەس پێهێنانی ئەو هەیکەلە ئەدەبییە دروستکراوانە دەچن کە بەرجەستەکردنی بابەت دەکەنە مانشێتی داخوازییە زۆر بە پەلەکانی مرۆڤ و ئایدۆلۆژیا.

ئەو مەیدانە بەربلاوەی پارت بە (دڵی ڕۆمانتیکی شتەکان) ناوی دەبات، لێرەشەوە شیکردنەوەی دەق مەیدانێکی بەربلاوو دیارینەکراوی لە خودی زمانەوە هێنایە ئاراوە، لە هەموو حاڵەتێکیشدا شیکردنەوەی دەق، سیمای جیهانێکی سەیرو دیارینەکراو و بەربلاوی بە لێکۆڵینەوە و ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دەقەکان بەخشی.

ئەو دەسەڵاتانەی لە خودی زماندا کردەوە کە ڕەخنەیان لە زۆر لە گیروگرفتەکان دەرباز کرد. ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی ئەو گیروگرفتە زمانەوانییانەن کە زۆرجار تووشی نووسەرەکانی ئەم شێوە ئەدەبییە نوێیە دەبن.

کاتێك دەبینین نووسەران دەکەونە بارێکی واوە وەك نەناسیاوێك بکەونە بەرچاو بەرامبەر بەو دەقانەی لێپرساوێتی شیکردنەوەی بابەتێك دەگرنە ئەستۆی خۆیان کە گەورەترین هۆش لەم نامۆبوونەی نووسیندا گەڕانەوەی نووسەر و ڕەخنەگرەکانە بۆ قاڵبە ڕەخنەییە ئامادەکراوەکانی جیهانی شیکردنەوەی دەق یا لاسایکردنەوەی شێوازێکی شیکردنەوەی دەق لە لای نووسەرێکدا لەسەر دەقێکی بیانیدا و بەکارهێنانی ئەم شێوەیە لە دەقێکی خۆماڵیدا. یاخود بەکارهێنانی زۆر لەو ڕەگەزە زمانەوانییانەی کە لە زمانی کوردیدا یەك لا نەکراونەتەوەو کوێرانە بەکاردەهێنرێن لە شیکردنەوەی دەقەکاندا. هەر بۆیە دەڵێم ڕێگەکانی شیکردنەوەی دەق لە ئەدەبەکەماندا بەرەو شێواندنێکی زمانەوانی و بەرەو دوورکەوتنەوەیەکی ترسناك دەچن گەر بێتو ئەو بنەما و ئەو بنیاتە زمانەوانی و ئەو خاسیەت و ڕەگەزە زمانەوانیانە دەستنیشان نەکرێن کە لە خودی زمانەکەمان و لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی خۆماندا سەرهەڵنەدەنەوە. چونکە ئاشکرایە لە تواناددا نییە جیهانە شاراوەکانی بنیاتی زمانی دەق لە دەقێکی کوردیدا بە ڕەگەزی نامۆ بە زمانەکە بدۆزرێنەوە. بەتایبەتی لە چوونەوە سەری ئەو جیهان و ئەو

قاڵبە ڕەخنەییانەی لە خودی بەرهەمەکانی هەمان شوێن و هەمان زماندا سەریان هەڵداوە و هەردوو تەوەرەی نووسەرو شیکەرەوە هەمان زمان و داڕشتنی زمانەوانی و هەمان ڕەگەزی ڕێزمانی سەر بە زمانەکەیان بەکاردێنن.

لە ڕاستیدا شێوەی دەربڕینکردن بە زمان و شێوەی ڕێزمان لە هەر نەتەوەیەکدا تایبەتمەندێتییەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایان هەیە. خاسییەتی زمانیش گۆڕانکارییەکانی کەرەستەکانی شیکردنەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی بنیاتگەری و هەموو جۆرە بۆچوونێکی بنیاتگەری بە تەواوەتی لەسەر دەقێکدا ئارام ناگرن و هەمیشە هەست بە کەمبنیاتی و کورتبینی نووسەرەکە دەکەین بەرامبەر بە جیهانی دەقەکان. هەر ئەمەش جیاوازیی نێوان داڕشتنە ئەدەبییەکانی دوو زمانی جودامان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئاشکرابوونی ئەو دژبەیەکییانەی کە لە ئەنجامی بۆچوونی جودای دەقەکان لە کاری شیکردنەوەدا بەرچاومان دەکەون و بزربوونی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەلالەتی دەق و ڕێگەکانی شیکردنەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن.

ئەمە جگە لەوەی دەق بە تەواوەتی لەلای هەر نەتەوەیەکدا ناتوانێت خۆی لەکاریگەرییە ژینگەو داو و دەستووری کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە سۆزاوییەکانی مێژوویی و ڕۆشنبیری دەربازی بکا و ئەم کاریگەرییانەش لە زمانی هەر نەتەوەیەکدا جۆری کاردانەوەو ڕەنگدانەوەیان لە دەقەکاندا جودا دەبن. ئەمەش ئەو کەلەبەرە مەعریفی و زانستییانەمان نیشان دەدەن کە لە بنیاتی زمانی هەر نەتەوەیەکدا بەربەستی جودا لە بەردەم خواستن و وەرگرتنی ڕێگەکانی شیکردنەوەی دەق دروست دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر جار کارێکی ئەدەبی کاریگەرییەکی باش دروست دەکات لە جیهاندا. بەڵام تایبەتمەندێتی بۆچوونە مرۆییە جوداکان و کاریگەرە دەرەکییەکانی سەر مرۆڤ هەمیشە شوێنی کاردانەوەیان لە ناخی نووسەردا، دەکەنەوە و دەبنە هۆی دروستبوونی بۆچوونی جودا چۆنێتی ئاخاوتنی جودا و ئاستی جودا لە دەربڕیندا. ئەمەش هەمدیسان جێگیر نەبوونی مەفهووم و تێگەیشتن و چۆنێتیی مامەڵەکردنی نووسەرمان وەبیر دەخاتەوە لە خاسییەتی بابەتییانەی دەقداو لە هەر دەقێکی ئەدەبی سەر بە کۆمەڵگایەکی جودا. هەر لەبەر ئەمەشە هەوڵدانی بەردەوام بۆ هەڵێنجاندن و هێنانە کایەوەی شێوازێکی نوێ لە شیکردنەوەدا کە لە خودی زمانی نەتەوەییمانەوە، لە خودی کەلتوور و بنیاتی ڕۆشنبیری و مێژوویی نەتەوەییمانەوە سەر هەڵبدات گرنگییەکی بێ سنووری هەیە لە مەیدانی

شیکردنەوەی دەقداو لە پێناوی پێکهێنانی سیمایەکی نوێی شیکردنەوەیەکی ئەدەبی کە لە توانایدا بێ ئەو کەلەبەرە مەعریفییانە پڕ بکاتەوە کە لە هەوڵە ئەدەبییەکاندا دەبنە گیروگرفتێك لەبەردەم شیکردنەوەو ڕەخنەی ئەدەبیدا.

کەواتە شیکردنەوەی ئەدەبی کوردی لە چۆنێتیی مامەڵە کردنی لەگەڵ دەقێکدا بە شێوەیەکی گەورە، پێویست بەوە دەکات بنەمایەکی زمانەوانیی پتەوی هەبێ و مەسەلەکەش لە کەمیی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە سەر هەڵدەدا و بە شێوەیەکی فراوان پەیوەندیی بە ئاستی جودای دەق و شێوەی دەقی کوردییەوە نییە. چونکە دەقە کوردییەکان تاقیکردنەوەی وایان تێدایە کە هەڵگری زۆربەی ئەم پرسیارانەن و دەقی کوردی هەموو کاتێك لەبەردەم ڕەخنەدا ئامادەبوونێکی سەرکێشی کەرانەی هەیە و تاکو ئێستاکە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان نەیانتوانییوە شان لە ئاستی دەقەکان بدەن و بەڵکو دەقەکان بوونەتە مەیدانی تاقیکردنەوەی جودای ڕەخنەگرەکان و قۆناغەکان بوونەتە مەیدانی شێواندنی جوداو، نووسەران بوونەتە شوێنی حوکمی جوداو لە هەموو ئەم کارانەشدا ڕەخنەیەکی یەك لاکەرەوەی زانستی بەدی ناکەین کە بتوانێت بە جارێك لە ناخی زمانەکەمانەوە سەر هەڵبداو بەرەو زمانەکەمان بگەڕێتەوە وەك ناوەندێکی زۆر گرینگی داهێنان و تازەکردنەوە.

هەر بۆیە لەم کارەشداو بە مەبەستی گەیشتن بە سەرەتایەکی بەهێزی شیکردنەوەیەکی پتەوو نوێ، ئەنجامدانی ئەم خەونە لە توانادا نابێت بەبێ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و یەکالاکردنەوەو چوونەوە سەرێکی بەرفراوانی زاراوە پەرتەکانی زمانەکەمان و بنیاتی ڕێزمانی کوردی و پراکتیزەکردنی بە شێوەیەکی ڕۆژانەو بەردەوام، گەر حسێبی ئەوە بکەین زاراوەی ئەدەبی و بنیاتی زمان و ڕێزمانی زمان بناغەیەك بن لە هەر پەرەسەندن و بنیات نانێکی ڕەخنەیی نوێ و دەورێکی بالایان بدرێتێ لە زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی شیکردنەوەی ئەدەبیداو داهێنانی زاراوەی نوێی ئەدەبی کە لە خودی زمانی کوردییەوە سەر هەڵبداو پشت ئەستوور بێ بە تاکەکانی دەربڕین و شێواز و قاڵبی زمانەوانیی کوردی، جگە لەمانەش دۆزینەوەی بنیاتی ڕەخنەیی لە ڕێچکەی مێژوویی سامانی کەلتوری نەتەوەیی و کۆکردنەوەی ئەو کەلتوورە و شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی دروست ئەو هەنگاوەیە کە تاکو ئێستاکە لە ئەدەبەکەماندا هیچی بۆ نەکراوەو هەروەك دەبینین لە چاپ کردنی سەد کتێبدا، کتێبێکی زمانەوانی و ڕەخنەیی نوێ ناکەوێتە بەرچاومان.

ئەمانە ئەو هەنگاوە زۆر گرینگانەن کە بەرەو سیماو خاسییەتێکی ڕەخنەیی پتەومان دەبەن. هەروەکو چۆن گەڕان بە دوای ڕێگەی نوێ و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی نوێی تایبەتمەند بە زمانەکەمانەوە، هەنگاوێکی زۆر گرینگە بۆ بنیاتنانی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی بەهێز، نەك تەنیا چوونەوە سەر قاڵبە ئەدەبییە حازر بە دەستە بیانییەکان کە لەکاتی بەکارهێنانیاندا وا لە نووسەر دەکەن ئەو پەیڕەوی زاراوەکانی سەر بەو قاڵبە ئەدەبییانە بکات و نەك ئەمان لە خزمەتی دەسەڵاتی نووسەرەکەدا بن، بەو سیفەتەی نووسەر وەك کیانێکی داهێنەر گەمەی زمانەوانی ، تواناو وردبینییەکانی خۆی دەخاتە کار، ئەم مەرجە پێش وەختییانە و ئەم مەترسییانەی کە زاراوە ئەدەبییەکانی شیکردنەوە دەیسەپێننە سەر نووسەر، ئەو تەنیا بە هەوڵی داهێنان و وردەکارییەکانی توانای خۆی دەتوانێ خۆی لێیان ڕزگار بکاو نووسینەکەشی مۆرکی توانای کەسایەتی و وردبینی خۆی و زمانەکەی خۆی پێوە دیار بێ.

کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا کەمی گرینگیدان بە پەرەسەندن و پێشخستنی زمان و ڕێزمانی کوردی و کەمیی لێکۆڵینەوە لە کەلتووری نەتەوەیی و دۆزینەوەی ئاسۆی نوێ و ڕێگەی شیکردنەوەی نوێ لە خودی زمانەکەمانەوە و تەنیا پشت بەستن بە ڕێگەو زاراوە بیانییەکان بە تایبەتی لەلایەنی زمانەوانییەوە وایان کردووە تەنیا لە سنووری ئەو زاراوانەوە بڕوانینە دەقە ئەدەبییەکان، نەك ئەو زاراوانەی کە دەبوو لە شێوەی داڕشتنی و دەربڕینی زمانی کوردییەوە سەر هەڵبدەن.

سەیرترین ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان بۆچوونی ڕەخنەیی و شیعری، لە نێوانی نوێخوازی و کلاسیکدا لە خودی خوڵقێنەری دەقدا سەرچاوە دەگرێ. ئەو نووسەرەی وەك ساحیرێك لەسەر سنوورەکانی بوون و نەبوونی خۆیدا، لە دەقەکەی خۆیدا کلاسیکەکان هەموو بوونێکی پێ دەبەخشن و نوێخوازەکان هەموو بوونێکی لێ دەسەننەوە.

ئاخۆ کۆتایی کەنارەکانی ئەو هەموو ژان و حاڵەتە مەسخبووانەی دەسەڵات و سۆزو گەشانەوە زەینییەکانی نووسەر، بەسەر کام دەریادا دەڕوانن دەبێ کۆتایی نووسەر ڕستەی زمان بێت، یا خودی نووسەر ئیلهامێك بێت؟! ئەو بوونە مەزن و ئەو جیهانە سەیرو سەمەرەی شێوە گۆڕینی نێوان بەرهەمی زەینی و بەجۆرکردنی ئەو بەرهەمە لەزماندا چییان بەسەر دێ؟ ئاخۆ زمانیش وەك بوونێکی سەربەخۆ کۆتاییيەك بەخۆیەوە دەبینێ، هەروەك کۆتایی نووسەر؟! ئاخۆ زمان ئامادەبوونێکی یەکگرتوو و ناسیاوە و لە توانایدایە بوونێك بۆ دەسەڵاتەکانی لە دەقدا بهێڵێتەوە؟

لێرەدا گەڕان بەدووی کاریگەرییەگامی دەرەوەی زمان و نووسەر، ئەو بوونە فانتازییەیە کە هەموو پێشهات و پێشبینی و حوکمدانەکان دەخاتە بازنەی گومانەوە. ئەو گومانانەی وامان لێ دەکەن تەنیا لە وێنەیەك، لەدوا وێنەیەکدا هەموو گۆڕانکارییە ناوەکی و دەرەکییەکانی دەق و هەموو ئامادەبوونێکی نووسەرو زمان کۆتایی بەخۆیان دێنن و لە کەشێکی ئەزەلیدا پیرۆزی بە لەدایکبوونێك دەبەخشن کە سیفەتێکی یوتۆپی دەگرێتە خۆی.

کاریگەری و دەورە دەرەکییەکانی خودی زمان و نووسەر تەنیا لەو وێنە زەینییانەدا بەرجەستە نابن کەلەدوای خوێندنەوەی دووەمی دەقدا لەدایك دەبن. هەروەك ڕەخنەی دیاردەیی، جەختی لەسەر دەکرد. چونکە ئەو کاریگەرییانەی وا دەکەن هەموو دەسەڵات و بوونێك لە ئاراستەی جودادا دەورەکانیان بەتاڵ کەنەوە. ئەم ئامادە بوونە ناجەستەییەی پرۆسەی نووسین زۆرجار لەگەڵ بنیاتێکدا یەك دەگرێتەوە کە پێکهاتەیەکی فرە دەنگی شاراوە دەخاتە نووسینەوە. لەوانەیە بەشێك لەو کێشانەی کەسەرکێشی لەگەڵ تیۆرەکاندا دەکەن، لایەنە تەفسیر نەکراوەکانی جیهانی دەقەکان بێت.

جیهانی شموولیی دەقێك کە بەهەموو ڕەگەزەکانی دروستبوونییەوە نە لە خۆخستنە باری کاریگەر کردنە سەرو نەلەباری کارتێکراویدا، هیچی کەمترنییە لە کاریگەریی زمان و نووسەر، کەلەئاستی دەقەکاندا دەبنە سیفەتە سیحرییەکانی بەفانتازیا کردنی نووسین. تەفسیری ڕەخنەیی لەوکاتەدا مردنی خۆی ڕادەگەیەنێ کە لە ئاستی دەقەکاندا تەنیا سیستەمی زمان و ماناکانی زمان دەکاتە تاقە پەنجەرەیەك بۆ بینینی ناوەوەی دەق. لەوکاتەی دەق وەك سەرکێشیکەرێك خۆی لەوێستگە و دنیای وادا حەشار دەدات کە لە دەرەوەی هەموو سیستەمەکانی زماندایە. ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەی دەق کە بەشدارن لە نێوان مرۆڤ و زماندا ئەو پەیوەستانەی کەوا دەکەن ئاستەکانی بیرکردنەوە، دابەشبوونە زەینییەکان، تێپەڕاندنە سەرسوڕهێنەرەکانی نێوان دەقە جوداکان، جودایی و خاسییەتی لێکنەچووی دەسەڵاتی زمان، کاریگەریی ساتەکانی نووسین و وروژاندنی جیهانە جوداکانی دەرك پێکردن و خوێندنەوە، دابەشبوونە زەینییەکانی شوێن و کات و باری دەروونی لە خوێندنەوە، خاسییەتە ئەنتۆلۆژی و ڕەوشتییەکانی نووسەر، ساتە گەشەکانی دەروون جۆش سەندنە کڵپەدارەکانی سۆز، پێداچوونەوە لەسەرخۆو دەگمەنەکانی خود لە نووسین، دەرچوون لە بیرو قاڵب شێوازە باوەکان، ئەمانە وەك سیحر لێکراوێك، وەك جادووکەرو تەلیسمبازێك و جادو و لێکراوو تەلیسم لەسەر خوێندراوێك، لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی زمانداو لە خودی دەسەڵاتەکانی زماندا، بوونە شاراوەکانی، بوونەکانی تر بسەپێنێتە سەر دەقێك.

نامەئلووفییەت دۆزینەوەی ماناو شێوەی نوێ و دەرك پێ نەکراو نییە، نامەئلووفییەت دۆزینەوەی ئەو چرکە دەگمەنانەیە کە سیحرەکان و تەلیسمەکانی جووڵە و بەکارخستن لە هەڵوەشاندنەوەو پێکهێنانەوەی هەموو ئەو دەرەنجامانەدا دەخاتە کار کە بەرجەستەی چرکەیەك لەچرکەکانی بوونێکی کامڵمان بۆ دەکەن. لەو کاتەی نووسەر بە هەموو فرتوفێڵێکی ئەفسانەیی لەخودی پەیوەستەکانی بەدەرەوەی خۆی لەو کاتەی بەهەموو حاڵەتێکی خۆچڕ کردنەوە و خۆبەناوەندکردن و هەر خۆی گرفتاری نووسینەکەی خۆی دەبێت. هەروەك ئەوەی ئەو نووسینە، نووسەرێکی تر نووسیبێتی، غوربەتی نووسەر لە نووسینەکەی خۆی، هەر وەك غوربەتی خودی مرۆڤە لە گەردوونێکی بەر بەرەڵای بێ تەفسیرو سەرسوڕهێنەر. خوێندنەوەی مرۆڤ بۆ دەرەوەی خۆی، خوێندنەوەی ژیانێکی کامڵە هەرچەندە ئەو دەقە بەشێك لە ژیانیش بگرێتە خۆی بەشێکی زۆر بچووك لە ژیان.

دەق بەشێوەیەکی فانتازی لەو ژیانە بەربڵاوەی مرۆڤ، نهێنیی خەونەکان دەخاتە

گەشانەوەی دەروونی و زەینیی مرۆڤەوە و وەك هێزێكی بزر ئەو كەلێنە دەروونی و زەینییە مات و كپ بووانەمان بەهادار دەكاتەوە كە هەر وەك ئەوەی چەندەها ساڵە كەوتووەتە بەر تەلیسمی نەچوونەوە سەر، كە ئەو گۆشانە زیندوو دەبنەوە سەرسام و گرفتار دەبین بەو خەونە گەورانەی تاكو ساتی بەر خوێندنەوە دابڕانی ئێمەیان بەرجەستە دەكرد لەگەڵ بەشێكی بچووك و لەهەمان كاتدا مەزنی ئەم ژیانە.

كە زۆرجار بەر لە نووسین، نووسەر خۆشی وەك كۆرپەیەك هەر لە خوێندنەوەی ئەو ژیانەدا دەبێت و لەدڵەوە ترس و ڕاڕاییەك دەروونی دەپێكێ و ئەویش هەوڵ دەدات زەبری خۆی لە زمان و مانادا بدات، ئەوسا پاش زەمەنێك لە نووسینەوەی ئەو ژیانە لە كاریگەرییە سۆزاوی و زەینییەكانی ڕزگاری دەبێت. بەمەش نووسەر سیحرەكانی سەر زەینی خۆیمان بەفرتوفێڵی زمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەموو جۆرە دەقێكی ئەدەبی لە گۆشەیەك لە گۆشەكانی ناوەوەی خۆیدا سیفەتێكی زۆر زۆر هەست پێ نەكراوو ناڕاستەوخۆی كاریگەری و سیحری گێڕانەوەی ئەفسانەیی لە خۆیدا هەڵدەگرێت. هەموو نووسینێك تا ڕادەی چەمكی پاكبوونەوە خۆی لە زاراوەی خۆسەپاندنە دەرەكییەكانی دەرەوەی زمان و خود دادەماڵێ لە كەشێكی ئاینی زۆر تایبەتی زاتیدا، ژیان و بەردەوامبوون، دروستبوونەوە و مردنی ماناكان، ئەو قوورساییە هەمیشەییەی سەر مرۆڤە كەوای لێ دەكات پابەندی خەونەكانی خۆی ببێت لەوكاتەی وێستگە جوداكانی مەعریفەی نوێخوازی ئەو خەونانەمان بۆ دەخەنە قاڵبی فەلسەفیی واوە كە لەهەر ساتێكدا كێشەیەكی نوێترمان بۆ دەخولقێنن ئاراستەی ئەدەبی و جۆركارییەكانی ئەدەبدا.

لەوانەیە مەزنترین سەركێشی لە كاری نووسیندا، كەبەردەوامی بەخوێندنەوە و خوێندنەوەی ڕەخنەیی ببەخشێت، بەشێك بێت لەو چەمكەی كە مرۆڤ دەخاتە ئاستی بەش بەش بوونی ناخ و بیرو ژیانی خۆیەوە كەبەجارێك پەیوەستەكانی خۆی بەجیهانی دەرەوە دەخاتە پەیوەستی نەچەسپاوو ئاڵوگۆڕكارەوە. ئەو چەمكانەی لە ئەدەب و سیاسەت و ژیان و مێژوودا لە گۆشەیەك لە گۆشەكانەوە، مرۆڤ لە خاسییەتی ئەكتەرێك نزیك دەكاتەوە، لەوكاتەی لەوپەڕی یەقینەكانی ژیاندا، لەوپەڕی دڵنیاییە زانستییەكانی باوەڕی خۆیدا زمانی خۆی بەش بەش دەكات.

مرۆڤێك كە بەردەوام تەفسیر دەكاتە ناوەندی ژیانی خۆی و مرۆڤێك كە لاسەنگی و نەگونجانێك دەخاتە مێژووی ژیانی خۆی، هەر بۆیە لەگەرمەی ساتە سۆزاوییەكانی

نووسیندا، زۆر جار نووسەر ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، ڕووبەڕووی زمانێك دەبێتەوە کە زمانی خوڵقێندراوی خۆیەتی و لەخۆی جودا دەبێتەوە، مرۆڤ گەورەترین نوشوستی لە خۆیدا تۆمار دەکات لەو کاتەی هیچ تەفسیرێکی حەسێنەرەوەو هیچ بنیاتێکی مەزن شك نەبات بەرامبەر بە جیهانە بزرەکەی پشتەوەی زمانی ئاسایی خۆی کە لە هەمان کاتدا گەورەترین تەفسیرو بنیات تیایدا مات بووە، هەر بۆیە دەقەکانی ئەدەب، دەقی جودان لە بنیات و واتاو شێوازیاندا، تاچەندەها قۆناغی تریش جیاوازیی دەقەکانی تاقە نووسەرێکیش گەواهی ئەو ئامادە بوونە نەچەسپاوو ئاڵوگۆڕکارو ڕەنگاو ڕەنگەی پەیوەستی نووسەرن. بەزمان و بەدەرەوەی خۆی.

هەر بۆیە سیفەتی دووسەرەی زمان و چڕبوونەوەی زمان لە شێوەی ئاماژەدا، ئەو خاسییەتە بەزمان دەبەخشێت کە لە دەقەکاندا، نووسەر بەدوای ئەو تەباییەدا بگەڕێت کە نهێنیترین و شاراوەترین بنیاتی یەکگرتوو لە پشتەوەی زماندا بخوڵقێنی. بێگومان گونجان و لێکچوون و گەڕان بەدوای تەباییەکانی وشە لەبەهای ڕستەدا پەیوەستە ئاڵوگۆڕەکانی نووسەرێکی دیاریکراو نیشان دەدات بەچۆنێتیی بەکارهێنانی زمان، کە زۆرجار ئەو بەهایانە لە خودی مەدلوولەکانی زماندا بەرجەستە نابێت نووسەر لە دەربڕینکردن لە یەك حاڵەت و لەیەك وێنەدا، سەدەها هەڵبژاردنی وشە نزیك و لێکچوو وەسفە هاوتەباکانی لەبەردەمدایە، نووسەر وەك خەیاڵ بازو ئەکتەرێکی سەرەتایی لەگەڵ زەینی خۆی و وشە ماتبووەکانی یادەوەریی و وشە دەسکەوتەکانی یادەوەریی خۆیدا دەژی. لە کارێکدا ئەو خۆشی واتایەك و دۆزینەوەی قاڵبێکی دیاریکراو بۆ ئەم شڵەژانە زەینی و سۆزاوییەو بنیاتنانی واتایەك تەنیا لە دەرەوەی ماناکاندا دەژی بەو پێیەی وەك گرفتارێك کرانەوەی زمان لە ئاماژەو دەلالەتەکانیدا هورووژمی بۆ دێنن. ئاخۆ ئەم گەمە فانتازییە خۆسەپاندنی دال و مەدلوول و حاڵەتەکانی زمانە؟

یاخود گیاندانی دەسەڵاتەکانی نووسەرە لەو کاتەی لە زماندا مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتێکدا دەکات کە زمان دەبێتە ناوەندێکی نادڵنیا بۆ حاڵەتە سۆزاوی و تێڕامانە تەفسیر ئامێزەکانی نووسەر.

زمان لە جەوهەردا هاوسۆزی بوونی زەینی مرۆڤە لەگەڵ بوونێکی خۆسەپێنەری ڕەت نەکراوە. نووسەر خۆی سۆزاوییەکی گومڕایەو لە دەرەوەی ئارەزووەکانیدا گەمەیەکی بێهوودە لەگەڵ زماندا دەکات، لەو کاتەی لەنێو ئامادەبوونێکی کۆتاییەنەهاتووی پەیوەستە جوداکانی وشە بەبوونەوە لەنێو کرانەوەیەکی کۆتایی نەهاتووی شێوەی

شتەكان لە ڕووكارو پەیوەستیاندا بیركردنەوە لە هیچ وێستگەیەكی كۆتاییهاتووی یەقینێك لە یەقینەكان وەستانی بۆ نییە. مرۆڤی نووسەر لەكرانەوەیەكی زەینیی پەیوەستەكاندا دەژی كەوای لێ دەكات تاڕادەی بێهوودەیی و بەزەیی و سۆز هیچ كەلەبەرێكی سەركێشكەر نەهێڵێتەوە كەبۆی هەبێ ئەم ساتە لاوازو دەستە پاچەییە كۆزمۆگرافیایە ناتەبایەی شتەكان و پەیوەستەكانی لەشتەكانەوە بخاتە قالبێكی گوماناوی.

لاوازیی نووسین لەلاوازیی زمان و بوونی زەینی نووسەردا نییە. لاوازی لە سروشتی پەیوەستەكاندایە كەوا لەنووسەر دەكەن گومانی هەقیقەتەكان لەخۆی دوور خاتەوە، نووسین هەڵاتنە لەوێنە هەزار سەرەكانی بوونێك كە تاڕادەی نەبوون، مرۆڤ بەرەو بێهوودەیی دەبەن. ئەگەرچی هەموو ئەم بوون و ئەم پەیوەستانەی مرۆڤ هەمیشە لەسەر ڕێچكەی تەبایی و ڕێكخستن و دۆزینەوەدا پەرە دەسێنن. ئەو سۆزە فانتازییەی كە لە زۆرترین كەلەبەری هەست پێ كردن و سەرنج و وردبینییەوە دەڕوانێتە شتەكانی دەوروبەر، دەڕوانێتە پەیوەستەكانی دەوروبەر كە لەو چركە ساتەدا هێمای وشەكانی لە دایك دەبن كە ئەو وەك لە ژێر كاریگەریی خەونێكدا بێت ئەوخەونەی تەفسیرەكانی خود دەخاتە قالبی جودای واتای شڵەژاوەوە.

هەموو دەقێك ئەو لەرزە زینییەی نووسەر وەك مۆركێك لە خۆیدا هەڵدەگرێت، مۆركی وێنەكان، مۆركی دەنگەكان، مۆركی لێكچوونەكان كەلەبنیاتێكدا یەك دەگرنەوە. نووسەر لەوپەڕی بەبیر كردنی نووسین و لەوپەڕی گەڕانی بەدوای ئیستاتیكای زماندا هەمیشە بەدوای بنیاتێكی یەكگرتوودا دەگەڕێ كە بوونی نییە لەپەیوەستە ڕوون و ئاشكراكانیدا. بەمەش دەق ئیمكانی خۆ فراوانكردنەوەیەكی مەزن لەتەفسیرو بۆچوونەكانیدا هەڵدەگرێت. لە ساتێكدا كەخۆشی ڕاستەوخۆ دەرك بەم گەڕانە مەزنەی ناكات، لەژێر سیحری گرفتارییەكانی بیرو ئیستاتیكای زماندا، ئیستاتیكای گۆشەكانی ڕوانین، ساتە جوداكانی نووسین، شڵەژانە زەینییەكانی فێیە سۆزاوییەكان، سەشێتی ساتە نادڵنیاییەكان، دەستە پاچییە كاسكەرەكان، ئەو كاریگەرە ئەفسانەییانەن كە یوتوپیای بنیاتە شاراوەكان، لەیوتوپیای گەشانەوەی زەینیدا دەخولقێنن.

ئەمەش هۆیەكەی لەوەدایە زمان سیفەتی ناجێگیرو بەهای ناجێگیر لە دەورەكانی خۆیدا بەرجەستە دەكات و نووسەریش دەسەڵاتی لەزماندا جێگیرو هاوبەها نییە. ئەم كاردانەوەی هەردوو جیهانی (ناوەوە – دەرەوە)ی نووسەر بەرجەستە دەكەن لە چۆنێتیی

تێکهەڵکێشی نێوان وێنە بەرچاوییەکان و وێنە هەستیارییەکان لەنێوانی (زمان – زەین)دا کاریگەریی جوداو هەندێك جار ناتەبا، لە نێوان بەهای ئیستاتیکی و هەڵبژاردنی بابەتی دێننەکایەوە. مەسەلەکەش لەهاوتاییدا نییە بەقەد ئەوەی نەسڕینەوەی یەکترییە لەدەقێکی دیاریکراودا.

بەمەش نووسین لە خودی خۆیدا زانست نییە بەمانا گشتییەکەی، بەڵکو جەوهەری دەربڕین لێکردن و کاریگەربوونێکی گەش بوونەوەیە لەو زەینەی کەجڵەوی خۆی لەدەست داوە لەبوونێکدا دیکتاتۆریەتی خەڵق و مردن، گەورەترین تراژیدیای ئامادەبوونێکی چەسپاوو نەگۆڕ لە دەرونێکی شڵەژاوو بێ هیوادا دەکاتەوە. ئەو ئامادەبوونە توند و تیژەی هەروەك وێنەی خەونێك بە مرۆڤ دەبەخشێت کە لەناخیدا دەژێ و هەمیشە لە نەدۆزینەوەی تەفسیرەکاندا بەش بەش دەبێ و دەبێتە ئەکتەرێکی هەڵاتوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعێکی تراژیدیدا. لەلایەنێك لەم لایەنانەوە نووسەر دواخستن و دابڕانی خۆی لەزمان دەخاتە شێوەی جودای بیرکردنەوە و نەوەیەکی کامڵ لە چەمکی مردندا بەرامبەر بەژیان بەش بەش دەبن.

ئایدۆلۆژیا بەخشندەیەکی ئەفسانەیی وەهمییە و لە خودی مردندا واتاکان دروست دەکات. غوربەتی نووسەر هەروەك غوربەتی کۆرپەیەکی بچووکە کە هێشتا هەستەکانی کامڵ نەبوونە. لەوکاتەی لەبەهێزترین تەفسیری زانستی و لە گەورەترین دڵنیاکردنەوەکانی ئایدیۆلۆژیاو ئاین و ئەفسانە لەبەرزترین حەسانەوەی دەروونیدا مەترسییە گەردوونییەکان لەزەینیدا دەژێن و هەمیشە بنیاتێکی کەسایەتی و دووسەرەی پێ دەبەخشن. یەکێکیان لە دیاردەکاندا گەورەترین مانەوەو دواخستن لە مردن دەبەخشێ لەژیانیانداو ئەوی تریشیان شاراوەترین مانا بەمردن و ژیان دەبەخشێ لە زماندا. زمان گرفتاری پڕ لەناچاریی مرۆڤە بۆ دەرەوەی خۆی کە شوێنی هەموو هۆیەکانی بەیەکگەیشتنەوە و پەیوەستی تری مرۆڤی گرتووەتەوە بەشتەکانی دەوروبەرەوە. لە گەورەترین بەخشندەی فەلسەفیی نوێدا گەڕانەوە بۆ میتافیزیقیای زەینی و دەروونیی کێشەکان لە گیانی شتەکاندا دادەماڵێ بە چۆنێتی و پەیوەست و باری شتەکانییەوەی دەبەخشێ.

لە هەموو قۆناغێکیشدا ئەدەب هەر جارەی بەشێوەیەك سەردەکەوێ و بەرەو دواوەش دەگەڕێتەوە و هەر جارەی بەبەرگێکی نوێوە. هەروەك ئەوەی بوون کێشەیەك نەبێت لەکاریگەرییدا بەقەد تێڕوانینمان بۆ ئەو بوونە، ئامادەبوونێکی سەرەکیی هەبێت بەڵام

ئەدەب شتێكی جودایە لە هەموو شێوەكانی تری مەعریفە جۆربەجۆرەكانی مرۆڤ. ئەدەب گەڕانەوەیە بۆ ئەو تەباییە پڕ لە جورئەتانەی كە تاك بنیاتیی واتاكان بەواتا و بنیاتی ڕووكەش دەخاتە دەرەوەی تەفسیرە جوداكان. لە كاتێكدا نووسەر بەبەرگی زمان و دەسەلاتی زمان شێوەیەك بۆ دەربڕین دەخوڵقێنێ، لەوكاتەی بەخوڵقاندنی شێوەكان سوورە لەسەر هاوسۆزی بوون و گرفتاریی خۆی بەچەند شێوەیەكی دیاریكراوی دەربڕینەوە.

لە هەموو كاتێك زیاتر، مرۆڤ لەسەردەمێكدا دەژی كە پێویستی بە خوڵقاندنی جۆری تر هەیە بۆ دەربڕین لێكردن و ئەو جۆرەها بەها ئامانج و هۆیەكانی نووسین دەخاتە پێوانەی پەیوەستی نوێی تری مرۆڤەوە بە جیهان و گەردوون و ئەو ناوەندەی لەبوونەوە خوڵقاندوویەتی. لەهەموو قۆناغێك زیاتر نووسەری ئەمڕۆ، هەست بەوە دەكات كە بەناچاری بەرەو ڕووی پرسیاری جۆرەكانی ئەدەب بێتەوە. لەو كاتەی هەمیشە لە نووسیندا بێزاری و دوودڵی و ترسێكی مات بوو لەناخیدا دەژیی، بۆ ئەم حاڵەتەش نووسەر هەمیشە دەیەوێ خۆی لەبەهای گوتن ڕزگار بكات. لە كاتێكدا بەرجەستەی بەهای گوتن دەكات، لەوكاتەی ئەویش هەروەك بوون دەیەوێ بوونێكی تر بەخۆی بدات كەشوێنێك و ئامادەبوونێكی هەست پیكراوتر بە خودی خۆی ببەخشێت لەچۆنێتیی مانەوەو بەردەوامبوون.

مانەوە لەنەماندا، بەردەوامبوون لە لەناوچووندا، نەمان و لەناوچوونی كرانەوەی هەمیشەیی، بەرامبەر بەبوونێكی هەمیشەیی جیهان و گەردوون و مردن و ژیانی چەقبەستوو، لەم بازنە ترسناكەدا مرۆڤ سەروەرییەكان بۆخۆی ڕادەكێشێ. نووسەریش لە هەردوو زمانی گوتاری دەرەوەی زات و ناوەوەی زات جیهانە دوو سەرەكەی دروست دەكات كە لە هەردوو باردا زات دەبێتە ناوەندو دەبێتە پرۆسەی كەشەكانی پیرۆز كردن و بەسەروەری كردن و بەناوەندكرنی زات. ئەم كردارە لەخودی خۆیدا دابڕانە لە هەستی كۆی دەوروبەر. تەنیا پەیوەستە بێ داخوازی و دیسیپلین نەكراوەكان دەبنە چەقی گەردوونییەتی ناخی نووسەر، لەو شوێنكاتەی نووسەر وەك خەوبینەرێك ئەم پرۆسەیە دەگەیەنێتە ئاستی كەشەكانی فانتازیا، فانتازیای دەرچوون لە كێشە ئەزەلییەكەی بوون و هاودژی بوون، لەناو چوون و هاودژی لەناوچوون. ئەم تێكهەلكێشییەی ڕوانینەكان، جووڵەی هەستەكان، خشپەی بەرەو ڕۆچوونەكان هەروەك كرداری خۆشەویستییەكی لەزەت بەخشە.

لەو کاتەی نووسەر تەزووەکانی خەون و فانتازیا بەلەشیدا تێ دەپەڕن و بۆ ماوەیەك هەر نووسینێکی خۆی پێداچوونەوە و دووبارە کردنەوەی ئەزموونەکانی لێ دەخوازێ. جەوهەری دووبارە کردنەوەی ئەزموونەکانی، جەوهەری ئەو تێنوێتییە بێهوودەییە کە گەورەترین زەمەن لەمانەوە بۆ نووسەر دابین دەکات لەنێو توندو تیژییەکانی خۆدانە دەستەوەی خۆی لەنەمانێکی حەتمیدا.

گەڕان بەدوای تەباییەکان، هێشتنەوەی کێشەکانە لەژیاندا، هێشتنەوەی ماناکانە لە ژیاندا، لەو کاتەی تەنیا مانەوەیەك، مانەوەیەکی مەرجدارە یاخیبوونی نووسەر لەمەرجەکانی هێشتنەوەو بەدواخستنی حەتمییەت. یاخیبوونێکە مرۆڤ هەر لەدوای یاخیبوونی ئامادەوە لەناخی خۆیدا تەفسیری جوداو بێ سنوور بۆ بوونی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە کێشەکان ڕووی خۆیان دەگۆڕن، کاریگەریی خۆیان دەگۆڕن، ڕووەکانی خۆیان دەگۆڕن. ئەزەلییەتی کێشەکان برینێکە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبووندا، لەگەڵ یەکەم یەکگرتنەوە لەگەڵ جیهاندا، بە زریکەیەك جەوهەری یاخیبوون بەرجەستە دەکات، تاکو لەپەیوەستەکانی بەوانی تروەوە لەو زاتییەتە بێگەردەی دەردەچێتە دەرەوە و دەبێتە خەڵقەندەیەکی دیسیپلین کراو.

لەبنەڕەتەوە هۆشیاریی مرۆڤ لەبووندا، هوشیارییەکی سەد دەر سەد پەیوەستدار نییە بەوانی تروەوە لەژیاندا و زیاتر دیاردەیەکی بۆ ماوەیی ژینالۆژی ماتبووە لەنێو گەردیلەکانی جەستەدا هیچ بوونێکی لەهەستەکانماندا نییەو کاریش دەکاتە سەر هەستەکانمان، نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی هۆشیاریی زات لەدەوروبەری خۆی یەکگرتنەوەیە لەگەڵ ئەو ڕاستییە ماتبووانەی ناوەوەمان لەنێو پرسیارەکانی بوون و نەبوون بەمانا زۆر فراوانەکەی.

دوو سەرەیی بنیاتەکانی گوتن، دوو سەرەیی دژبەیەکی بوونێکە کە هەر لەزاتەوە چەکەرەی لە دایکبوون دەیگرێ و هەر لەزاتەوە بەگوتن حەسانەوەو سارێژکردنێکی کاتی بەنووسەری هوشیار دەبەخشێت. هوشیاری لەپەنجەدانان لەسەر گەورەترین سەرکێشییەکانی مانەوە. لەپەنجە دانان لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی بەردەوام بوون. ئەوسا هۆیەك بۆ مانەوە، هۆیەك بۆ بەردەوامبوون ڕێکخستنێکی نائاسایی بەدیاردەکان دەبەخشێت، ڕێکخستنێکی ماقووڵ بەمانەوە دەبەخشێ لەنێو هەموو دژ بەیەکییەکانی واقیع و فانتازیادا کە لەسەرکەوتنێك و بەرز بوونەوەیەکی سەیردا مرۆڤ بەرەو پەیوەستە سەرەتاییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە لەگەڵ بووندا. ئەو گەڕانەوەیەی هەمیشە

بنیاتێکی شاراوە لە گوتندا دروست دەکات، کە هەموو کێشەکان و هەموو گەشانەوە زەینییەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

خەیاڵ و خەوبینین و تەوژمی سۆزەکانی نووسەر گۆڕانییەکە کە ڕەگ و سەرچاوەی گەڕانەوەیەك لە خۆیدا هەڵدەگرێت کە مرۆڤ دەخاتە ئاستی لاساییکردنەوەیەکی ئەفسانەیی تاك دەسەڵاتی و تاکبیری دەگرنە خۆیان.

واقیع لەمرۆکەدا، لەهەموو قۆناغەکانی تری ژیانی مرۆڤ شوێنی گومان و پێداچوونەوەیە. نووسەر وەك گرفتارێك گۆرانییەکانی حەسانەوە، لاواندنەوە ئەفسانەییەکانی. جووڵە هارمۆنیاکان، بەزمان دەبەخشێ و بەرەو ڕووی بنیاتە چەسپاوەکانی مانای واقیعی دەکاتەوە، بەرەو ڕووی ناخێکی پەشیماناوی دەکاتەوە. لەوکاتەی هەموو تەفسیرەکان نەحەسانەوەیەکی زەینی و نەیەقینێکی زەینی پێ دەبەخشن، کە جەوهەری یاخیبوونە ماتبووەکانی جڵەوگیر بکا و بۆ تەنیا ساتێك لەگەڵ بووندا ئاشت بێتەوە. ئاشتبوونەوەی نووسەر لەگەڵ بووندا، یەککگرتنەوەیەك بۆ دۆزینەوەو گەڕاندنەوەی بەها ونەکانی پەیوەستی خۆی بەوەوە. بەخشینی شەرعییەتە نەچەسپاوەکانە بەو پەیوەستە گوماناوییانەی تاك بنیاتیی مرۆڤیان لەناخدا جڵەوگیر کردووە.

لە شێوازی چۆنێتیی دروستبوونی زمان، دەشێ لە سەردەمێك لەسەردەمەکاندا، سیحری خولْقاندن و شێوە گۆڕینی شتەکانی لەخۆیدا هەڵگرتبێت کە سیحری وشە ئەمڕۆکەش هەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو زمانانەی کە ژمارە و ئاماژە و دووبارە کردنەوە و وێنە لەخۆیاندا هەڵدەگرن. ئەو وشانەی لەخواوەندە ئەفسانەییەکانەوە بەرجەستەی وشەی تاك بنیاتیی دەستە باڵاییەکیان دەکردەوە. بەبزربوونی زمانەکان، زمان لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەکی واقیعی و مەنهەجی و مێژوویی پێ بەخشرا. ڕەگی ئەو تاك بنیاتە تیایدا چەکەرە دەکات.

هەموو دەقێك لەناوەوە کیانێکی ماتبووی زاڵ لەخۆیدا هەڵدەگرێت و لەناو هوشیاریی نووسەردا سیحری ئەو زمانە بزرو لەناوچووە لەهوشیاریدا دەکاتەوە، (ناهوشیاری) بەچەمکە باوەکەی نا، بەڵکو بەچەمکی ئەو حەزو ئارەزووانەی تەوژممان بۆ دێنن و هۆی ئەو تەوژمانەمان بۆ ڕوون نابێتەوە. بەمەش مەسەلەی ماناو دیاردە و جووڵەی ماناو شێوەی مانا هەریەکە و لەم تەوژمانەدا دەوری کاریگەری خۆیان دەبینن لەداڕشتنی

بـنـیـاتـی کـۆتـایـی دەقـیـکدا. لـێرەوە خـەونـەکـانـی مـرۆڤ لـەبـزربـوون و گـەڕاندنـەوەی دەسەڵاتەکانیدا لە زمانێکی واقیعیدا بەرجەستە بووە کەلەناوەوەی خۆیدا زمانێکی تر دەشارێتەوە. ئەو زمانە واقیعییەی کەتەفسیرو هیواو قەناعەت و یەقینێکی کاتیی بە مـرۆڤ بـەخشی بـەرامـبـەر بـە گرفـتـاری بـوونـی هـەسـتـەکـانـی خـۆی لـە چـێژدا و مـرۆڤ مـێژوویـەکـی نـوێـتـری لـەسـەر کـەلاوەی مـێژووە بـزربـوەکـەی بـنـیـات نـایـەوە. هـەمـوو نووسینێك ملکەچ بوونێکە کە لە جەوهەردا بەدووی یاخیبوونێکدا دەگەڕێت. یاخیبوون بـەمـانـای هـەڵـگـرتـنـی تـۆوی پـەشـیـمـانـی و ڕەتـکـردنـەوە و نـەگـونـجـان و لـێکـنـەچـوویـی بـنـیـاتـەکـانـی زەیـنـی خـۆی لـەگـەڵ شـتـەکـانـدا. بـەرامـبـەر بـەدەسـەڵات و جـەبـەرووتـی بەواقیعیکردنێکی خۆسەپێنەری دەرەکی لەشێوەی بوون و پەیوەستەکانیدا. حەزەکانی مرۆڤ لە نووسیندا بەرجەستە بوونی خەونێکی یۆتۆپییە کەلە تراژیدیا بەدواخراوەکاندا دەسـەڵاتـی هـەڵـبـژاردنـی بـنـیـاتـنـەر و لـەهـەمـان کـاتـدا ڕەتـکـردنـەوەی بـنـیـاتـنـەر بـەزمـان بەرجەستە دەکات. لەگەڵ بووندا مانای ڕێچکەی خۆی گرت.

پـەرەسـەنـدنـی دەقـەکـان دەرنـەچـوون و مـانـەوەی نـووسـەرە لـەچـوار چـێوەی هـەمـان نـازنـاوی جـۆرەکـانـدا. دەقـەکـان پـێویـسـتـیـان بـەپـۆلـێنـکـردنـەوەیـەکـی تـری بـنـیـاتـنـەرانـە هـەیـە تاکو شوێنی هەموو تەفسیرەکانیان تێدا ببێتەوە.

ئەو تەفسیرانەی سنوورەکانی لاربوونەوەی خۆی لەسەر دەقەکاندا دەگەیەنێتە ئاستی شکۆمەندییە پڕ لە تراژیدیاکانی فانتازیاو میتافیزیقیا. خولْقاندنی دەق لەجەوهەری چۆنێتیی جووڵەی ماناو دروستبوونی مانادایە نەك سەد دەر سەد لە بەهای مانادا.

ئەمەش ناشێ ببێتە تەفسیرێکی تاك لایەنەی لێکدانەوەو هاوبەشی نووسەر لەبووندا، نابێ ببێتە خۆداماڵین لەبیر، کە لەوپەڕی بزربوون لەنێوان پێوانە، هێماو لێکچوون و پەیوەستەکاندا، بیر هەمیشە لایەنێکی خۆسەپێنەرە و جەوهەری گوتن لەبیردا دروست دەبێت.

خەلقبوونی دەق بەهەموو بەراووردکارییەکی جودادا بە هەموو شێوەیەکی ئاڵۆزو ساکاریەوە، هەر لە جیهانی واقیعدا، لە جیهانی بەماقووڵکردن و بەدیسیپلین کردندا، ماناکان بەرجەستە دەکاو تێکیشیان دەشکێنێ، ئەو دەقەی کە لەماقووڵییەتی خۆشیدا لەشێوەی دابڕانێك لە گڕی ژیان لەشێوەی نواندنێکی ئەکتەرئامێزدا دەبێتە درۆیەك کە بـەسـەرهـاتـەکـانـی تـێکشـکـانـدن و بـەپـاساو کـردنـی ئـەم تـێکشـکـانـدنـەمـان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەمەش جەوهەری گێڕانەوە پاساوی گوتنە بەهەموو دۆخ و بارەکانی ئامادەبوونی جێنەگیری نووسەر لەزەمەن و جیهاندا. لەو کاتەی دەگەینە سەر ئەو بنیاتەی کە لە دەقەکاندا چەند توێژێك لەواتای ڕووکەش گرفتارمان دەکەن و سەرمان بەسوڕ دێنن و لەپشتەوەی بنیاتە ڕووکەشەکاندا، لە پشتەوەی درۆ گەورەکاندا ڕاستییەکی ترمان بووەو ئاماژە بەژیانێکی (واقیعی – فانتازی)ای تر دەدات کە لەسەرەوەی هەموو بوونێکەوە، شوێنێکی گەورەتر بۆ زاتی نووسەر و زەینی نووسەر دەکاتەوە. لەودیوی خودی ماناوە ئەندازیارییەکانی خەڵقێکی ترمان پێ ڕادەگەیەنێ، گرفتارییە ڕاستەقینەکانمان بەگوێدا دەچرپێنێ، کەتیایدا هەموو ڕەنگ و دەنگ و مانایەك دەتوێتەوە و مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی شکۆمەندییە فانتازییەکان، بەشێوەیەکی ترو بەزمانێکی ترو بەبوونێکی تر، فانتازیای مێژوویەکی سەیری خودمان بۆ دەدۆزێتەوە کە هەموو ناسنامەکی بوونی خود لەخۆیدا هەڵدەگرێت، کە هەموو جۆش و لەرزەکانی ڕۆح لەخۆیدا دەتوێنێتەوە. بەمەش نووسین بنیات نانەوەی ژیانێکە لەمردنی مەجازیی نووسەرو زمان و زەمەنەوە، تاکو لە توێژە هەرە شاراوەکانی دەقەوە، بنیاتێکی ڕەهاو سەربەخۆی نووسین لەدایك دەبێ و لەدایکبوونەوەیەکی تر ڕادەگەیەنێ.

هەر بۆیە هەموو دەقێك ساتەکانی لاوازیی خۆی لەخۆیدا هەڵدەگرێ و لەلاوازییەکانی دەسەڵاتی زماندا بەرجەستە دەبێت. دەق کۆتایی هیچ یەکێك لە تەفسیرو ڕوانینەکانی نووسەر نییە، بەڵام هەموو دەقێك سەربەخۆیی بنیاتی خۆی لەخۆیدایە، کە بەرجەستەی مردن و لەدایکبوونەوەی هەموو ڕەگەزەکانی دەربڕین لێکردن دەکا. هیچ دەقێك لە جیهاندا لە مانا ڕزگاری نابێت و هیچ دەقێکیش تەنیا بەمانا دروست ناکرێت. هەر ئەم پەیوەستە سەیرەی نێوان بنەماو جەوهەرەکانی دەربڕین لێکردنە کەوادەکات نووسەرو زمانیش خاڵەکانی بەهێزی و لاوازیی خۆیان لەدەقێکدا ئاشکرا بکەن. هەر لەژێر کاریگەریی و ئامادەبوونی مانا مەسخ کراوەکانی زمانە کە نووسین کێشەی دوو سەرە و زمانی دوو سەرە و واتای دوو سەرە دەنوێنێ. هیچ دەقێك دەربازی نابێت لەو بنیاتەی کۆتایی بەهەموو هۆیەکی دروست بوونی دەق دێنێت، مەگەر نووسین لەزمانێکی تردا بەرجەستە بکرێ.

نووسەر فێڵبازێکی گەورەیە چەمکەکانی لاواندنەوەی خودی خۆی شایەتی و ئاماژە بەدووسەرەیی خۆی دەدەن لەخەفە کردنی جیهانێك و بەرجەستە کردنی جیهانێکی هەڵخەڵەتێنەری تر، لەو کاتەی هەموو دەسەڵاتەکانی بەبەها چەسپاوو نەگۆڕەکانی

چۆنێتیی دارشتن دەبەخشێت لەزماندا، لەو کاتەی بەوەهمەکانی بوون خۆی ڕازی دەکات، لەو کاتەی بەگەمە بێهوودەکانی بیری خۆی دەکاتە ناوەندی سەرنج و خۆنواندنە بنیاتنەرە دووسەرەکانی ژیانی ماتکراو و ژیانی ڕەهای خۆی، ئاستی داماڵینی بنیاتە دووسەرەکانی نووسین، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان یوتوپیای فانتازیای نووسین بخولقێنێ لەزەینی نەوەیەکی کەم گرفتارو کەم لایەندارو کەم کێشەو کەم خەون، بەو مانایەی گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیر بخاتە هەموو هۆبەکانی مەعریفەی خۆیەوە، هەر بۆیە نووسین هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی هەموو پاساوێك بۆ بەشەرعییەتکردنی ناتەباییەکی دەوروپشت، بەبەخشین و دۆزینەوەی شەرعییەتی ترو پاساوی تر بۆ بنیاتی تر لەدەق.

بەمەش کێشە باوەکان چەند ڕوویەك و چەند دەرەنجامێك دەخەنە بناغەی پەیوەستەکانەوە کە بەردەوام سیمای تازەی خۆیان لەبەردەم نووسەردا دەکەنەوە. نووسەر لەهەموو سیمای کێشەکاندا لەسەدەها ڕێچکەی جودا لەبیرکردنەوە بەیەك ئاراستە دەقەکەی بنیات دەنێت و بەمەش ئەو بیەوێ و نەیەوێ کۆمەڵێك ئاراستەی تر بۆ بنیاتنانی دەق ڕەت دەکاتەوە. لەجۆرە هەڵبژاردنێکی زەمەنیی چڕکراوەدا خۆی لەزۆر لە کاریگەرییە دەرەکییەکانی سەر زەینی خۆی دادەبڕێ و تەنیا لە گۆشە نیگاو جیهانبینیی دەقدا، ئامادەبوونی دەبێ. ئەو جیهانبینییەی بنیاتێك بەدەق دەبەخشێت، ئاخۆ ئەوە نووسەرە بەکیانێکی کامڵەوە دەست بۆ نووسین دەبات، یا نووسەری ساتە وەخت ، شوێن ، بارێکی تایبەتی و دەروونیی تایبەتییە یا خاوەنی چەند دەروونێکی لێك دابڕاوەو زەینی خۆی هەرجارەی بەشێوەیەك ڕەنگی پێ دەداتەوە، هەر ئەم بارەیشە وا دەکات نووسەر لەلایەکەوە لە گەورەترین فانتازیای نووسیندا چەند ڕستەیەکی لێ یاخی بێ و ڕێگە بەلەدایك بوونیان دەدات و ئەو ڕستانەش جەوهەری ئاماژەو ماناکانی پشتەوەی دەق بنوێنن.

لە لایەکی تریشەوە وادەکات نووسەر چەند شێوەیەکی جیاوازی دەربڕین بۆ دەقەکانی بدۆزێتەوە هەر بۆیە نووسەر بەکیانێکی کاملەوە دەست بۆ نووسین دەباو بە کیانێکی بەش بەش کۆتایی بەدەق دێنێ. هەروەك ئەوەی پەنجەکانی زمانی بیرکردنەوەی بەرەو یەك گۆشەنیگاو یەك ڕێچکەی دەربڕین بچن و چەند بنیاتێك بەواتا ببەخشن. کەلەبەرەکان لەواقیعدا نین، ڕاستیەکان لەبابەتدا نین، ئامانجەکان لەبەهاکاندا نین، لەوانەوە بەرەو چۆنێتی پێکهێاتیان دەچێت و بەمەش بەشێك لەداهێنان، بەشێك لە

دروستبوونی دەقەکان، ژیانێکی تر دەگرێتەوە کە تا ڕادەی بێگەردبوون، هەموو ئەم پێکهاتە بابەتی و واقیعی و ڕاستییە نەچەسپاوانە بگرێتە خۆی. نووسین لەکرداردا گەڕانەوەیە بۆ خەمە ئەفسانەیی و فانتازییەکان، تەواوکردنی دەرەوەی پێگەیشتن و کاملبوونێکی بایەلۆژییە لە ئاستی ئیستاتیکادا بەو مانایەی ئەو کاملبوونە بەهایان لە شێوەی بوونە بنیاتدایە، کێ دەزانێ لەم ڕووانەی فانتازیای نووسینەوە دەشێ نووسین بەرەو کۆتایی سنوورەکانی خۆی بچێت لەزەمەنێکدا هیچ ڕاستی و هیچ یەقینێك نابێتە پەناگەیەکی سارێژکەر لە دەروونێکدا کە ئەوەندە گرفتارو سەر شێت و فانتازییە کە ئەویش دەروونی نووسەرە. نووسەری نوێ -ژ- ٢٥- ١٩٩٧

## بنیاتی گێڕانەوە:
## لەدوو سەرەیی – گەڕانەوە بۆ سەرەتایەتیی
## گوتن و بە فانتازیا کردنی واقیعدا

چەمکی گەڕانەوە بۆ سەرەتایەتی، لە ئارەزووە ماتبووەکانی مرۆڤدایە و بەرجەستە کردنێکی ناهۆشیارانەی پەرەسەندنی زمانە لە پێناوی پاراستنی بەهاکانی تاك بنیاتیی سەرەتایی دەروونی خۆی. هەر لەو سات و وەختەوەی مرۆڤ کەوتە سەر زەوی، بۆ پاراستن و داکۆکیکردنی ئەم بوونەی خۆی، کەوتە جیهانی ڕاڤەکردن و وەرگێڕانی خەونەکانی، لەو ساتەی لە بازنەی زەمەن و دەلالەتە ئاشکراکانی زمان، ئەو بنیاتە لە واتا سەربەخۆیەی دەرەوەی زمان لە گەردوونێکی تاك بنیاتی پشتەوەی زمان خۆی پێکەوە دەنێ و زمانیش بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبات. کاتێك دەبینین زمان لە گەورەترین ئاستی خۆیدا دەبێتە زمانێکی پاساودراو و بێ پاساو، بنیاتنەرو ڕووخێنەر، بەڕادەیەك هەموو بوونێك، لە زماندا نەبوونێکی ڕاڤە دەکرد، هەروەك چۆن لە ژیانی ڕۆحی خۆیدا مرۆڤ هەمیشە ئەم بوونەی دەگەڕاندەوە سەر چەمکە بزرەکانی پشتەوەی بوون، کە لە خواوەند و نموونەکانیدا دەیاننواند.

ئەم دەورە بنیاتنەرو تێکدەرە لە واقیع و دژە واقیعدا، بەردەوام لە فراوانبوونەوەدایە و هەموو گوتارەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەی گرتووەتەوە.

مرۆڤ هەمیشە لە گوتارەکانیدا، بنیاتی واتای ڕووکەش و ڕاستیی ڕووکەش دەخاتە ڕوو، تا بنیاتی واتای تر، مانای بزری ترو ڕاستی تر بەرجەستە بکات.

بەمەش چەمکی سەرەتایەتی لەسەرەتای دروستبوونی کیان و باری دەروونیی مرۆڤدا، ڕێچکەی تاك بنیاتی سەرەتایەتی لە خەڵق و ژیاندا بوو. پەیوەستێکی وا بەگەردوونەوە، کە توێژێکی خۆسەپێنەری لە زەینی مرۆڤدا دروست کرد. دەسەڵاتەکانی ئیمکانبوونی هەموو بنیاتنانێك بوونە کێشەی نێوان دەسەڵاتی باڵای دەرەوەی بوون و بەرجەستە بوونێکی نواندن ئامێزی لاساییکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەها لە خودی دەروون و کەسایەتیی مرۆڤدا.

ئەم پەیوەستە ناتەبایە کە لە نێوانی شکۆمەندییە زاتییەکان و دەسەڵاتی شکۆمەندییە دەرەکییەکانی واتادا بەش بوو، بووە کێشەی جەوهەریی مرۆڤ، کە ڕەگ و بنەماکانی خۆی لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا چەسپاندو وای کرد گوتاری پێکگەیشتنەوە و پەیوەستی مرۆڤ لە نێوان خۆی و بووندا، بووە کێشەی جەوهەری و سەرەکیی هەموو دابەشبوونەکانی مرۆڤ لە شێوەی کۆمەڵ ، تاك و دەسەڵات و بەڕادەیەك بووە جیهانی ئەو خەونانەی کە لە ئایدۆلۆژیاو بیرو زانستدا ڕەنگیان دایەوە. هەر لەم وێستگە سەیرەی مرۆڤەوە بوو کە بناغەی نواندن و لاساییکردنەوە بە هەموو سیفەتە مەلحەمی و دراماییەکانییەوە سیمایەکی یۆتۆپی و ئەفسانەیی گرتەخۆ کە لە چۆنێتی وتن و گوتاری نووسیندا ڕەنگی دایەوە.

هەموو سەرەتایەك لە نووسیندا لە گەشانەوەیەکی زەینی دانابڕێت. ئەم هەستە سەرەتاییە لە هەموو شێوازەکانی گێڕانەوەدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەقایەتەکان لە زمانی خۆیاندا سەرەتایەکی یەکگرتوویان بە هەموو بەسەرهاتەکان دەبەخشی. هەموو هەقایەتێك بەڕستەی «هەبوو نەبوو کەس...»و یا «ڕۆژێك لە ڕۆژان» کە بە زمانی ئینگلیزی «جارێکیان»ە و بەزمانەکانی تریش زۆربەیان بەم سەرەتایە دەست پێ دەکەن.

چەمکی گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی بوون، چەمکی دەستپێکردن لەگێڕانەوە، گەڕانەوەیەك هەڵدەگرێ بۆ ئەو بنیات و پەیوەستە بزرەی واتا کە مرۆڤ بەسەرەتایەتیی خەونەکانی خۆی دەبەستێتەوە. ئەو بنیاتە ڕەهایەی تەفسیرێکی شاراوە لەسەرەتایەتیی و لە چۆنیەتی بەرەو پیرەوەچوونی کێشەکان دەسەپێنێتە سەر خودی مرۆڤ، لەوکاتەدا مرۆڤ دەسەڵات و سیحری وشەی لە دەستی خۆیدا لە تراژیدیای بوونێکی واقیعی و هەوڵدان بۆ بە ئەفسانە کردنی واقیع، ئەم گەڕانەوەیە تۆوی بنیاتی ئەو زمانە لە خۆیدا هەڵدەگرێ کە مرۆڤ لە واقیعدا بزری کردووە، ئەو زمانە پیرۆزەی دەیتوانی کاربکاتە سەر چارەنووسی مرۆڤ.

هەر لەم تەفسیرەی پەرتبوونی یەقینەکانەوەیە کە مرۆڤ گومانی خستەوە سەر بەهای بوون لەو دیاردانەی کە نەیدەتوانی هیچ خەڵکێکی بەرهەمهێنەری تێدا بدۆزێتەوە لە دەسەڵاتی لە دەستچووی زماندا. زمان لە گرفتاربوونی بەواقیع سیحری خۆی لە دەست دا، لەو سەرەتایەی لاساییکردنەوەی بەرهەمهێنەریی خۆی لە دەست دا، لە دابڕانی لە

نهێنییەکانی بوون، لە نهێنییە بنیاتنەرەکان، کە بۆیان هەبوو مرۆڤ لەو تراژیدیا قووڵەی ژیان و مردن دڵنەوایی بکەن و مانایەك بۆ ئەم بارە خۆسەپێنەرە بدۆزنەوە.

مرۆڤ لەگەڵ هەموو بەخشندەیی بوون و دەسەڵاتەکانییەوە کەوتە سووچێکی بچووکەوە لەم بوونەدا. هەر بۆیە رێکەوت نییە چەمکەکانی «پەشیمانی ، نوشوستی ، لاواندنەوە، رەتکردنەوەو نزا» لە ناخی هەرە قووڵی مرۆڤدا، لە زەینی مرۆڤدا ڕەنگیان دایەوەو بوونە بنیاتێکی مێژوویی شاراوە، کە لە سیحری زماندا بوونە زمانی دواندنێکی مات و بزرو مرۆڤ دەیویست لە هەقایەت و ئەفسانەکاندا بەرجەستەیان بکات. لێرەوە مرۆڤ لە بنیاتی دەروونیی خۆیدا بووە دوو دەروون و زمانەکەی بووە دوو سەرە کە یەکێکیان وەهمەکانی بوونی ڕاڤە دەکرد و ئەوی تریشیان ڕاستییە تراژیدییەکان.

دوو دەروونی لێك تۆراوو پەیوەستدار، دەروونێکی ئەفسانەیی شاراوە کە یەکێتییەکی تاك بنیاتی لە خۆیدا هەڵگرتووە ئەویتریشیان دەروونێکی بەش بەش و هەڵخەڵەتێنەری هەڵگرتووە کە ئاماژەکانی لە ئیحادا دەتوێنەوە، ئەو ئیحایانەی کە تۆوەکانی هیوا و تراژیدیا ماتبووەکان هەڵدەگرن. هەر بۆیە دال و مەدلوول و ئاماژە، لە سیستەمی خۆیاندا هەڵگری ئەو جیهانە ڕووکەشەی دەرەوەن، گوتاری ئەو واقیعەن کە تەنیا لە تەفسیرەوە بۆ گوتارەکانی دەرەوەی خۆی دەچێ و بەمەش مرۆڤ بوونەوەرێکی دوو فاقیی مەسخکراوە کە نیوەی وەهمەکانی واقیع و غەریزەکانی هەڵدەگرێت کە لە زنجیرە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئابووری و مێژووییدا کار لە چەمکەکانی «زەمەن، خۆراك، سێکس، مردن و ژیان» دەکات.

هاوتاییەکانی ناوەوەی لە بووندا، دەکاتە کێشەی مانەوەی خۆی بەشێوەیەکی کۆتایی. بێگومان ڕستەی سەرەتایی گێڕانەوەی هەقایەتەکان لە «هەبوو نەبوو» یا «جارێکیان» یا «ڕۆژێ لە ڕۆژان»دا پەیوەستێکی ئاماژەداری بنیاتنەر لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەی کتێبە پیرۆزەکاندا دروست دەکات. هەربۆیە لە یەکەم ڕستەی قورئاندا وشەی فەرمانی «إقرأ» هەیە و لە ئینجیلدا ڕستەی «وفی البدء کانت الکلمە» هاتووە. جەوهەری وشەکانی سیحرو کارتێکردنی پاراسایکۆلۆژیی مرۆڤ، تاك بنیاتیی واتاکان لە خۆیاندا هەڵدەگرن، کە دەسەڵاتی خەلق و ئیحای بوونی لەزەینی مرۆڤدا نواندووە.

ئەو ئیحایەی کە بوونی لەسەرەتایەتیی گوتن و جەوهەری گێڕانەوەدا پاراستووە، کە لە چیرۆکی ئەمرۆکەدا واقیع بە هەموو جیهانی زمان و نووسەرو پەیوەستی بوونەوە، ئەو

دەسەڵاتە تایبەتە لە شێوازی گێڕانەوەدا بەرجەستە دەکات. بەو پێیەی هەیکەل و نەخشەی کۆتایی هەموو دەقەکان لە بنیاتی کۆتایی خۆیدا ڕێکخستنێکی شێواز ئامێزی گوتارو گێڕانەوە دەگرێتە خۆی کە هەر جارەی سەرەتاکان و ناوەندەکان و کۆتاییەکانی چیرۆك بە بارێکی دیاریکراودا دەبات. ئەم پۆلێنکردنە و تێکدانی ئەم پۆلێنکردنە لە زمانی نوێی چیرۆکدا، خەڵقکردنی شێوازی زمانێکە کە دەیەوێ لە کاریگەریی گوتنە مێژووییە خۆسەپێنەرەکانی گێڕانەوە دەربازی بێت. هەر ئەم سیفەتەی زمانیشە کە پێداویستیی داهێنان لە شێوازی زماندا دەخوڵقێنێ. بەمەش زۆرجار سەرەتای دەقەکان چۆنیەتیی شێوازی گوتن دیاری دەکات.

ئەم ئامادەبوونە لە سەرەتایەتیی گوتن، لە خەڵقی ئۆرگانیی وشەدا، بنیاتی ئەو کاریگەرییەی کە یەکێتییەکی شاراوەی لە ناخی شتەکاندا هەبوو، گواستەوە نێو دەروونی مرۆڤ. بەمەش گەڕانەوە بۆ سەرەتایەتیی شتەکان لە شێوەکانی بنیاتی هەقایەتدا، هەروەك چۆن لە چیرۆکی نوێی ئەمرۆکەدا ڕەنگی داوەتەوە بەشێوەی جودا.

بەهێزترین جیاوازی لە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەت و مەتەڵەکان و چیرۆکی هونەریی نوێ، تەنیا لە دوو جیاوازیی ڕووکەشی زمان و ڕوانینەوەیە و تا ئێستاکە ئەو جیاوازییە نەیتوانیوە دابڕان لە خاسییەتی مێژوویی و پەیوەستی جەوهەرییدا بهێنێتە کایەوە.

نووسەر لە بناغەوە بەبنیاتێك لە واتای دیاریکراوەوە دەست بۆ گێڕانەوە دەبات. جەوهەری گێڕانەوە دەشێ بەچەند شێوازێکی نووسینی جودا دەست پێ بکات کە لەسەرجەمیشدا هەوڵدانە بۆ پێگەیاندنی ڕێچکەی ئەو گێڕانەوەیە و گۆڕینی گوتار بەپێی پەلهاویشتنی دەلالەتە بەخشندەکانی زەینی خۆی، هەروەك شێوازەکانی (وەسف و ڕووداو و شیعری خەیاڵی و فانتازی). لە هەموو ئاستەکانیشدا ئێمە لە سووچێکی گێڕانەوەدا دەڕوانینە شتەکانی دەوروبەرمان ئەمە هەروەك ئەوە وایە کە گێڕانەوە لە بنەڕەتەوە لە چەند گۆشەیەکی هاوبنیات لە بەهاکانیدا دەچێتە سەر کۆمەڵە بنیاتێکی پۆلێنکراو، بەو پێیەی سەرەتاکانی وتن گێڕانەوەی ڕاگەیاندنەکانی نووسەر بێ. بەمەش ڕاگەیاندن لە گێڕانەوەدا گۆشە جوداکانی ناوکی خۆی لە زمان دەنوێنێ، بەو پێیەش کە گوتن هەر لە کەلێنێك لە کەلێنەکانی دەوری زمانەوە نواندنی پۆلێنکردنەکانی شێوازە. هەر بۆیە هەموو شێوازەکانی گێڕانەوە تۆوی ڕاگەیاندن لە خۆیاندا هەڵدەگرن، ئەو ڕاگەیاندنەی کە لە گوتاردا پەیوەستی دوو سەرەیی لەگەڵ شێوازو خاسییەتی بابەتیدا

دروست دەکات، دوو سەرەیی هەڵبژاردن نییە و سیستەمی زمان لە دال و مەدلوولەکان ئەو دابەشبوونە لە زماندا نانوێنن، بەڵکو دەورەکانی زمان دیاری دەکەن.

لەو کاتەی چۆنییەتیی گێڕانەوە دەبێتە ناوەندێك بۆ شێوازێکی دیاریکراو کە دەشێ تا سەر ئەو بە ناوەندیکردنەی خۆی لە چیرۆکدا بپارێزێت و دەشێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بخاتە ئەو چۆنییەتییەوە. بەمەش چیرۆك خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانی شێوازەکانی ڕاگەیاندنە کە لە گەورەترین ئاستیدا دەگاتە بنیاتی ڕاگەیاندنی وەسفی سەرەتایی چیرۆك.

سەرەتای هەموو دەقێك لە جەوهەردا، حاڵەتی دەروونی بیری سەرەتایی، دەسەڵاتی فرمان، دەخاتە دوو توێی دەسەڵاتی گێڕانەوە لەو ئاستەی کە دەق هێشتا بوونی نییە و نووسەر لە دانپێدانانێکی زاتیدا «ناساندن، دەرخستن، بەرچاوخستن»

بە چەمکی ڕاگەیاندن دەخاتە ڕوونکردنەوەی بابەتی. هەروەك ئەوەی ئەم سەرەتا تایبەتییە لە گێڕانەوە ببێتە گیانی هەموو بە جووڵەخستنەکانی دەورەکانی زمان لە شێوازو یەکگرتنەوەی بنیاتە جیاوازەکانی، بەمەش گێڕانەوە لە ڕاگەیاندندا ناساندن و دەرخستنی بنیاتەکانی واتایە، یا بەشێوەیەکی تر بڵێین ئاشکرا کردن و شاردنەوەی بنیاتەکانی واتایە کە چیرۆکنووس یا هەقایەتبێژ، یا لاوك و حەیرانبێژ، بەجارێك لە شێوەی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەردا، شوێنی خۆیان لە دەسکەوت و مەعریفەی زەینیی خوێنەرو گوێگر کە لە هەقایەتدا، هەقایەتبێژ هەموو کاتێك هەرەس بەباری زەینی چەسپاوو سەقامگیریی گوێگر دێنێ و لەوبارە دەروونییە دەری دەکاتە دەرەوە. بەمەش گێڕانەوە دەخاتە ڕێچکەیەکەوە کە لەسەری دەڕوا بۆ مامەڵە کردن لە پەراوێزی وەرگرتن و کاردانەوە، لە نێوان زمان و زەیندا.

هەر بۆیە گێڕانەوە بەم شێوازە دەسەڵاتێکی وروژێنەرو خۆسەپێنەرەو کار دەکاتە سەربارە دەروونییە جێگیرەکانی خوێنەر. کەواتە دەق بەمانا سەرەتاییەکەی لە چەند کەلێنێکەوە، لار بوونەوەی بنیاتی خۆیەتی لەبەردەم ئامادەبوونی کاریگەریی جووڵەیەك لە زماندا کە بە جارێك ژیان دەخاتەوە بنیاتە مەییوەکانی واتا. ئەو واتایانەی کە لە کورتترین و بچووکترین زەیندا تا بەهێزترین و دەوڵەمەندترین زەیندا، هەمیشە ئامادەبوونی خۆیان هەیە و لە چاوەڕوانی لە دایکبوونێکی تازەدا، لە چۆنییەتیی بە بنیاتبوونی زمانەوانیدا یەکەی ناسنامەیاندا دەچنەوە دووتوێی شێوازێکی

دیاریکراوەوە، کە هەموو بوونی خۆی تێدا دەخاتە کار، کە هەموو دەسەڵاتی خۆی دەخاتە گیانییەوە، لە پێناوی خەڵقکردنی دەسەڵاتێکی گەورەترو زیندوویێتییەکی گەورەتر کە هەموو سەرەتایەك لە چیرۆکدا ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو سەرەتایە لە خۆیدا هەڵدەگرێت کە ئەو سەرەتایانە لە گێڕانەوەدا هەروەك ناوکی جیهانی بابەتیی دەقەکان بە ناخماندا شۆڕبێتەوە. بەبێ ئەوەی یەکەکانی شێوازی گێڕانەوە لە دەورە سەربەخۆکانیاندا جیهانی بابەتی بگرنە خۆیان. لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم ڕستەی چیرۆکێك، ئەو سەرەتایە لەناوەوەی خۆیدا تۆوی بیرە مات و بێ گیانە سەربەخۆکان دەخاتە شوێنی پرسیارلێکردن و بەدواداچوون.

ئاشکراکردنی ئەو بیرە ماتبووانە، یا بە بنیاتکردنی ئەو بیرە ماتبووانە لە جەوهەری کۆتاییهاتندا، دەگاتە ئاستی کامڵبوونی خۆی، لە شێوەی بەرچاوخستنی ئیحای ئاماژەکان و وێنە زەینییەکانی شێوازدا و خودی دەق دەگەیەنێتە ئاستی کامڵبوون.

نووسەر تادوا وشەی چیرۆکەکەو هەر لە یەکەم ڕستەی سەرەتاوە، داخستنی دەق ڕادەگەیەنێ و باڵ بەسەر بیرکردنەوە و زەینیدا دەگرێت و ئەم کاریگەرییەش لە ناخیدا ڕەنگ دەداتەوە کە لە هەقایەتدا، هەقایەتبێژ هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی لە سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بەکار دێنێت لەکاتی گێڕانەوەدا، تا بەشێوەیەکی دروست و بەهێز ئەو سەرنجڕاکێشانە قۆرخ بکا بۆ بەرچاو خستنی (جیددیەت)و ڕاستیی ئەو شتانەی ئەو دەیگێڕێتەوە.

ڕاستەوخۆیی گەیاندن لە قسەکردندا باڵ بەسەر کاریگەریی تری زماندا دەگرێت کە لە دەرەوەی زمانەوە دەبنە پاڵپشتێك بۆ ئەم ئامانجە، هەقایەتخوان هەموو سەرەتاکانی هەقایەتەکەی بە ڕستەی کاریگەر دەست پێ دەکات. ئەو ڕستانەی بە دەربڕینی دەموچاوو جووڵەی دەست و لاساییکردنەوەی دەنگ و جووڵەی لەش و لاساییکردنەوەی جووڵەی شتەکان و تەنانەت وێنەکێشان و نواندنی شتەکان بەشتی تریش دەربڕینی لێ دەکاو ئەو دەزانێ کە ئەم کاریگەرییانە وا دەکەن گوێگر هەر لە سەرەتاوە لایەنگریی خۆی لەناخەوە بۆ هەقایەتخوان دەربڕێت و لە ناخەوە گوێگر لە جیهان دادەبڕێنێ. لەو کاتەی بەوە ڕازی دەبێ لەباری ئاسایی دەروونیی خۆی دەرچێتە دەرەوە و هەموو ئەو ئامادەبوونە دەروونییە بەسەرنجدانی جووڵەکانی هەقایەتبێژ بسپێرێ بە زمانی پڕ لە گرفتاریی هەقایەتبێژ.

کەواتە دەوری سەرەکیی گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی چێژو حەزەکانی گوێگر بە خۆدانە دەستی ئەو کاریگەرییەی کە هەقایەتخوان دەیسەپێنێتە سەری و کە لە چیرۆکی نوێدا هەموو دەورەکان بۆ ڕستەکانی زمانی نووسراو دەگوێزرێنەوە.

چیرۆکی هونەریی نوێ دەبووایە هەموو دەسەڵاتەکانی هەموو بەهرەکانی هەقایەتخوان بە دروستکردنی گرێی بەچێژو ڕووداوی پڕ لە پەند بگۆڕێتەوە، لەوکاتەی تەنیا زمان و وشە ئەو دەورە سەرەکییانە دەگرنە ئەستۆیان، دەبووایە وەرگێڕانی چیرۆکەکانیش دەوری بڵاوبوونەوەی بگێڕێ. ئەو دەورەی لەهەقایەتدا بەهۆی بازرگانی و گەشتکردن و جەنگەوە، هەقایەتخوان دەیبینێ لە پێناوی بەزاندنی سنوورەکانی نێو دەوڵەتان. ئەم گواستنەوەیەش لەدەستدانی ئەو دەورانەیە کە لە نووسیندا بزر دەبن، دەوری گێڕانەوەی زارەکیی هەقایەت. بەڵام هەقایەت ئەو دەورە بەهێزەی خۆی لەدەست نەداوە وەك جیهانێکی بابەتیی بەهێزو تەنانەت وەك کاریگەرکردنە سەری درامی و تراژیدیش لە چۆنییەتیی گوتندا.

نووسەر لە ئامادە بوونی کۆتایی چیرۆکدا هەموو دەورەکانی خۆی لەگێڕانەوەی سەرەتادا دەسڕێتەوە، لەوکاتەی لە پشتەوەی ئەو زمانە رووکەشە هەموو دەورەکانی گێڕانەوە بۆ کۆتایی بنیاتی چیرۆکەکە دەڕازێنێتەوە، کەلە چیرۆکی نوێدا ئەو دەورە لە «ئەنجام و هەست و مەبەستی» چیرۆکنووس.

بەرجەستە دەبێ و تا لەوێوە بۆ خوێنەری بگوێزێتەوە و هەمیشە دەیەوێ ئەو جیهانە بزرانەی ناوەوەی بەڕووکەشترین بنیات بشارێتەوە، لە بنیاتێکی دووسەرەدا لەدوا خستنی دەورەکانی سەرەتایەتیی چیرۆکدا. زۆر جار چیرۆکنووس لە پێناوی پاراستنی قووڵیی ئەو جیهانە بزرە. ئەوەندە زمان چڕ دەکاتەوە بەڕادەیەك دەگەیەنە کۆتایی یا ناوەندی چیرۆکەکە ئینجا ئەو دەورەی زمان پەیوەست بەجیهانی بابەتییەوە، لەلای خوێنەردا ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمەش لەدواییدا باسی لێوە دەکەین.

گرینگترین شت لێرەدا ئەوەیە گێڕانەوە لە بنەڕەتدا لاساییکردنەوەی حاڵەتەکانی گەشانەوەی زەینییە لەنێوانی جیهانی ئیحاو واقیعێکی توندو تیژدا کە نووسەر یا چیرۆکنووس دەیەوێ ئەو واقیعە مەودایەکی گەورەتری پێ ببەخشێت. بەوەی هەمیشە دەیخاتە قاڵبی ئەفسانەو یوتۆپیاوە، دیخاتە قاڵبێکی نا ئاسایی و ورووژێنەرەوە کە کرانەوەی زات دەخاتە باری واڵا بوون و خۆ بەتاڵکردنەوە وەك ناوەندێك.

لێرەدا دەپرسین: ئاخۆ چ دابڕانێکی درامی هەیە لەنێوانی گێڕانەوەو خاسییەتی بابەتی لەبەر جەستە بوونی جیهانی بابەتیدا؟ ئاخۆ سەرەتاکانی چیرۆك لە گێڕانەوەدا دەربڕین لەجەوهەرو ناوەڕۆکی بنیاتی چیرۆك دەکات؟ ئاخۆ چەمکی بەدوا خستن لە گێڕانەوەی سەرەتایی چیرۆکدا چ پەیوەستێکی لەگەڵ دووسەرەیی زماندا هەیە؟

ئەگەر بێتو باوەڕمان بەوە هەبێ کە هەموو نووسینێك دوو ڕووی جیاوازی هەیە، یەکێکیان شێوازی دەربڕین بێ و ئەوی تریشیان شیعرییەتی نووسین بێت، واتە ئەو مەدلوولانەی لە نووسینێکدا بەرجەستە دەبن. ئەوا دەکەوینە گفتوگۆیەکی دیارینەکراوی دەورەکانی گێڕانەوە لە دەقدا. گێڕانەوە بە شێوازی دەربڕینەوە پەیوەستدارە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو پەیوەستەی لەگەڵ مەدلوولەکانی دەقدا دروستی دەکات دەمانخاتە جیهانێکی تری دەورەکانی گێڕانەوە کە لەم پۆلێنکارییەی ڕەخنەی نوێ دەردەچێ، ئەو ڕەخنەیەی سنووری مەدلوولەکان بەکراوەیی جێ دێڵێ بۆ کردنەوەی هەموو تەفسیرێکی تر.

لێرەدا لەنێوانی سەرەتاو کۆتایی دەقدا، لەنێوانی زمان و جەوهەری دەوری زماندا، بەرجەستە بوونی ئەم دەورانە بەشێوەی جێی نەگۆڕو ئاڵوگۆڕ پێکراو دەکەوێتەوە کە لە کۆمەڵێك پەیوەستی (نواندن و گونجاندن و تێپەڕاندنی)دا بەرجەستە دەبێ و پێش وەختەش نووسەر بەم کاریگەرییەوە کار لە دەقەکانیدا دەکات. پەیوەستەکانی بوون لە خودی خۆیدا پەیوەستی خۆ سەپێنەری ڕەت نەکراوەن کە لە بوونێکی ئەفسانەییدا تەنیا مانا دەورەکان دەگێڕێت و دەسەڵاتی ئیستاتیکی و هونەریی خۆی لەو شێوازی گوتنەدا دەدۆزێتەوە.

هەر بۆیە تەفسیر دەبێتە بناغەی بیرکردنەوە. لێرەدا نووسەر لە جێنەگیرەکانی پەیوەستدا، لە حاڵەتی ئامادەدا تەنیا هەر ڕاستییەکانی ئەم بوونە بەرجەستە ناکات، بەقەد ئەوەی دەیەوێ پۆلێنکردنەکانی گوتن بگەڕێنێتەوە گیانی بوون. بەمەش دەق لەناخەوە لەدەسەڵاتی زماندا هەمیشە سەرکێشییەکانی پۆلێنکردن و تەباییبوونی خۆی لە ناخ و زەینی نووسەردا دەچەسپێنێ. تەنیا ڕاستییەك لەو گۆشەیەدا بەرجەستە نابێت کە زمان وەك سیستەمێك ببێتە بوونی دەق یا بەپێچەوانەوە بیر زمان بخوڵقێنێ. مەبەست لێرەدا پەنجە دانانە لەسەر ئەو لایەنە زۆر فەرامۆشکراو و بزرانەی کەوا دەکەن چۆنییەتیی دروستبوونی دەقێکمان بۆ ڕوون دەکەنەوە لەبنیاتێکی یەکگرتووی تەبادا. لەم لایەنەشەوە گێڕانەوە یەکێکە لە جەوهەرە بەهێزەکانی چۆنییەتیی دروستبوونی دەق، بەمەش گێڕانەوە لەنێوانی جێگیر نەبوونی پەیوەستەکانی نووسەر بە زمان و بە

دەوروبەری خۆیەوە دووسەرەیی دەورەکانی زمان دەنوێنیّ.

هەموو گێڕانەوەیەك ڕۆحی دابەشبوونی دەقەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت و ئەو دابەشبوونەی هەروەك گەڕانێك وایە بەدووی ئەو سیحرە بزرەی لە زماندا دیار نییە و هەمیشە وا دەکات زمان بنیاتی واتای ڕووکەش بخاتە دەرەوەی خۆی کەلە بناغەوە لە کاریگەریی تری پەیوەستی نووسەرەوە، چ زمان بەرەو بەکارخستنی خۆی بەرێت، چ لە گەڕانی بەدووی هێما کۆنەکان و ئەفسانەییەکان بەشێك لەم دەسەڵاتە بزرەی زمانیان تێدایە کە مرۆڤ هێدی هێدی لە دەستی خۆی داوە، بە مامەڵە کردنێکی بەردەوام لەگەڵ واقیعدا، هەر بۆیە سەیر نییە ئەگەر واقیع، هەموو بەواقیعکردنێك کوشتنی بەها سەرەتاییەکانی زمانەبیّ. بەمەش هەر لەسەرەتای چیرۆکدا هەست دەکەین دەق زمان بەشێوەیەکی هەڵخەڵەتێنەر بەکار دێنێت لەوکاتەی هەموو سەرەتاکانی چیرۆك لە گێڕانەوەدا، بوونی ڕاستەقینەیان تەنیا لە سیستەمی واتاکانی زماندا نین و بەڵکو لە فراوانکردنەوەی خۆسەپاندنی واتا بناغەییەکانی دەقدا، دەق بەرەو دواخستنێکی ڕستە سازی دەبات. لەپێناوی دابڕانێکی جەوهەری لەگەڵ بەواقیعبووندا.

دواخستنی گەشانەوەی بەپەلەی مانا بنەڕەتییەکانی دەق و شێواندنی ئەو گەشانەوەیەش، ڕێچکەیەك لە داڕشتن دەسەپێنێتە سەر نووسەر، هەر لەسەرەتای ڕستەی یەکەمەوە و تا ئەوساتەی نووسەر بەتەواوی درك بەکارەکەی خۆی دەکات. نووسەر تەنیا بەڕستەو دووبارە بوونەوەی ڕستە دەق دروست ناکات، بەڵکو بنیات دروست دەکات.

لێرەوە بۆمان هەیە هەر زوو پرسیاری ئەوە بکەین، ئاخۆ بۆچی چیرۆك لە گێڕانەوەدا دابڕانی لە دەورەکانیدا دەخولقێنیّ؟ بێگومانیش باسکردن یا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە مەبەست لە بنیاتی کۆتایی دەقەکان ئەو بنیاتەیە کە زمانی دووەمی، یا زمانی پشتەوەی زمانی ئاسایی دەنوێنیّ کە هەموو دەورەکانی «نووسەر، دەق، زمان» تیایدا بەو بنیاتە دەگۆڕدرێنەوە. بەپێی جەوهەری ماناکانی دەق. هەربۆیە جگە لە دووسەرەیی دەوری زمان و دەوری کردارە زمانەوانییە بە ئامانج کراوەکانی نووسەر لەدەقدا، هەمیشە ئەو کردارانە وا دەکەن دەق لە درێژبوونەوەی خۆیدا، لە واڵانەکردنی کامڵی ڕەگەزە بنیاتنەرەکانی واتادا، لە خواستنی و بەکارخستنی شێوازی ناڕاستەوخۆییدا لە هەڵگرتنی سیفەتی ڕابردوودا، سەرەتاکانی گێڕانەوە ئەم بەدوا خستنە لەشێوەی وەسفی بەرایی و ڕووداوی لەپڕو هەستی جودادا کە لەناوەڕۆکدا سەربەخۆ نین و خۆیان لە دوو توێی چیرۆکدا دەخەنە ئاستی بنیاتێکی پەیوەندارەوە کەلە دەلالەتدا قاڵبێك لەواتای نا سەربەخۆ پێکەوە دەنێن، لەگەڵ قاڵبی واتای تردا دەورەکانیان لە

دووسەرە بووندا دەگۆڕنەوە، کەلە سیستەمی وەسفیی خۆشیاندا، لە شێوازی بەزمانبوون بنیاتی شێوازی خۆیاندا دەشێ سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و دەشێ ئەو سەربەستییە، سەربەخۆیییەکی مەرجدارو پەیوەستدار بێت، بەڵام گێڕانەوە تەنیا لەسەرەتادا گیر ناخوا و پەل بۆ ناوەندێك و کۆتاییەك دەهاوێ و ئەم خاسییەتەش زیاتر خاسییەتی چیرۆکەو هەندێك لە جۆرەکانی تری ئەدەب ناگرێتەوە.

بێگومان چۆنییەتیی کەوتنەوەی ئەو شێوازە کلاسیکییەی چیرۆك لەسەرەتاو ناوەندو کۆتاییدا ئاڵوگۆڕ پێکردنی دەورەکانی ئەم پۆلێنکردنە کلاسیکییەی هەموو کاتێك لە هەقایەتەکاندا ڕێچکەیەکی یەك لایەنەی شێوازی دەربڕینی وەرگرتووە و لەیەك باردا چەقی بەستووە. بە ڕادەیەك بەخشینی ئەم ئاستانە بەهەقایەت چێژێکی هۆگر بووی لەلای گوێگردا دروست کردووە، جگە لەوەی بەهرەیەکی لەلای هەقایەتخواندا کردووەتەوە، بەڵام لە چیرۆکی نوێدا ئەم هونەرەی گێڕانەوە یا ئەم شێوازە لە گێڕانەوە بەشێوەیەکی زەق بەدەسەڵاتی زمان بەخشراوە. ئەو زمانەی کە لە چۆنییەتیی پێکهێنانی دەقدا بووە، شوێنی گەمەی بەدوا خستن و ڕاگرتن و هاوسەنگی لەشێوازەکانی دەربڕین لێکردندا و دەقیان گەیاندە ئاستێکی بەرزتر لە گوتار و لەشێوازی ئاخاوتن و گێڕانەوەیان دەرکرد.

ئەگەر بەهەر چیرۆکێکدا بچینەوە، چۆنییەتیی گێڕانەوە، دەسەڵاتی بەهاکانی شێوازی دەربڕین دیاری دەکات، بەو ڕادەیەی بکەوینە ئەو وەهمەوە کە ئەوە ناوەڕۆکی دەق نییە هەموو ڕەگەزەکانی تری چیرۆك بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و دەورەکانیان دیاری دەکات، بەڵکو ئەوە چۆنییەتیی گوتنە لەنووسیندا، واتە شێوازی دەربڕینە، کە ژیانێکی نوێ و بوونێکی نوێ بە بابەتەکان دەبەخشێ. هەروەك ئەو وەهمانەی وایان لە هەندێك لە نووسەران کرد دەوری بنیاتەکانی واتا بە «دڵی ڕۆمانتیکی» شتەکان ناوبەرن و دەورەکانیان بەجووڵەی ڕستە و شێوە بەتاڵ کەنەوە. ئاخۆ دەشێ ئەو زمانەی کە لە خەڵقی مرۆڤدا بێت و واتاکان جەوهەری ئەو دروستبوونە بن، دەق بگەیەننە تەنیا جووڵەیەك لە زماندا کەلە ڕستەو شێوازدا بەرجەستە بێت؟! لێرەدا من بۆچوونی خۆم روون دەکەمەوە بەلایەنی جیهانی بابەتی و شێوازی دەقەکان پەیوەست بەگێڕانەوە.

ئەگەر لە هەموو دەقێك ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی دەق زمانێکی گۆڕاو و بە واقیعکراوە و لە ئەفسانە و یوتۆپیای زماندا بنیاتەکانی واتا دەشارێتەوە و ئەو بنیاتانەی کە ڕووی ڕاستەقینە و جەوهەری ڕاستەقینەی زمان و کیانی نووسەرمان بۆ دەخەنە ئاستی بنیاتەوە. ئەو بنیاتەی لە زماندا هیچ ئامادەبوونێکی نییە لە شێوەی وشە

و شێوازی گێڕانەوەدا، بەڵكو لە جەوهەری مەبەست و ئامانجەكانی گوتندا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا دەوری بناغەیی گواستنەوەی شێوازی گوتن و گێڕانەوە لەنێوان هەقایەت و چیرۆكدا هەمان بنیاتی واتایە، لەگەڵ گۆڕانی چۆنێتی ئەو گوتن و گێڕانەوەیە، بەڵام گێڕانەوە دەربازكردنی واتایە لە پەیوەستە دیاریكراوو ئاشناكانی مرۆڤ بەجیهان و بەوانی ترەوە. نووسەر لە چیرۆكەكەیدا دەیەوێ نووسین لەسیفەتی گێڕانەوەی هەقایەتئامێز ڕزگار بكات. لەو كاتەدا نووسەر دەیەوێت گێڕانەوە لە زماندا شێوەگۆڕ و ئاڵوگۆڕ بكات لە جەوهەری بەرنامە كردنی دەلالەتە بنەڕەتییەكاندا لەپێناوی ڕزگار كردنی دەق لە دابڕانە تراژیدییەكانی زماندا. ئەو كردارەی گێڕانەوە لە چیرۆكدا دەكاتە مەبەست و ئامانجێك بۆ بەرجەستە كردنی دابڕانی گەورە و مەزنی زمان لەدەورە سەرەكییەكانیدا. كەلە چێژو شێوەی زمانیاندا جیاوازن و تاكۆتایی دەق لەپەیوەستی داخستن و دابڕاندا، لە پەیوەستی بەیەكگەیشتنەوە و تێكهەڵكێشاندا كە سیفەتێكی پێكهاتەیی بە زمان و دەورەكانی دەبەخشن و جووڵەی لێكنەچووی بنیاتەكانی زمان لە یەكەكانی گێڕانەوەدا بەرجەستە دەكات.

یەكگرتنەوەی جەوهەر لەنێوان هەقایەت و چیرۆك لە گێڕانەوەدا، یەكگرتنەوەی هەموو ئەو شێوازەی بەكارخستنی گێڕانەوەیە بۆ بەرجەستەكردنی جیهانی بنیاتەكانی واتا ئەو جیهانەی زۆرجار ڕووی ڕاستەقینەی نووسەرو ڕووی گومڕایی نووسەریش دەردەكاتە دەرەوەی دەق و دەقێكی ترمان بۆ دەخوڵقێنێ لەهەمان دەقدا. هەموو دەقێك لەجیهاندا، بنیاتی دەقێكی تر هەڵدەگرێت. هەر بۆیە هەموو گێڕانەوەیەكی ئاسایی زمان، گێڕانەوەیەكی تری بنیاتێكی تری زمانە، كە زمانێكی مات و بێدەنگ و نائۆرگانییە. بۆ ئەوەش هەموو وێنەیەكی وەسفی و هەموو كردارێكی بەسەرچووی كاتی چیرۆك بەم یەكانەی گێڕانەوەدا گوزەر دەكەن.

ئەگەر بێتو هەموو سەرەتایەك كۆتاییەكی لە پشتەوە بێ، ئەگەر بێتو هەموو زانراوێك نەزانراوێكی لەپشتەوە بێ، ئەوا بە ئاشكرا دیارە كە لە هەقایەتدا هەر كۆتایی گێڕانەوە بوو كە هەموو ئاستەكانی بەكارخستنی شێوازی بەسوودی حەسانەوەیەكی دەروونی دەبەخشێ. ئەو حەسانەوە دەروونییەی لە «پاڵەوانێتی ، چاكە، لابردنی زوڵم ، پیاوەتی و مێرخاسی و خۆبەختكردن» ڕەگەكانی خۆی بە قاڵبی واتای تەباو ناتەبا، گونجاوو نەگونجاو گۆڕییەوەو بەمەش ئەفسانەكانی ئەو سیفەتە جەوهەرییانەی هەقایەت، لە «گوێنەدان ، لایەنگیری ، بێهوودەیی و تراژیدیا» لە چیرۆكی نوێدا بەرجەستە بوو... ڕامان (٣٥) ١٩٩٩

## هەر قۆناغێکی ئەدەبی مردنی قۆناغێکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت

زۆر جار چەند ڕایەکی جودا و دژ بە یەك دەخوێنینەوە دەربارەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی. هەندێك لەو ڕایانە سوورن لەسەر ئەوەی کە شیعر دەبێ لە ڕابردووی خۆیەوە و لە پەرە پێدانی قۆناغەکانی پێشووەوە، بنیاتی شیعری ئەمڕۆ بنێت و تازەگەری و ئەزموونی نوێ بێنێتە کایەوە، هەندێکیشیان کەسێك (وەك شاعیری کورد گۆران) دەکەنە پێوانە بۆ شیعری ئەمڕۆکە، یان قۆناغی (حەفتاکان) دەکەنە پێوەرێك و حوکمی ئەمڕۆی پێ دەدەن لە ئەدەبدا. هەندێکیشیان زۆر بە ڕاشکاوی پەنجە بۆ شاعیرێتیی یەکێك درێژ دەکەن و لەوانی تری بە شاعیر تر لە قەڵەم دەدەن!!

هەندێکیشیان پێیان وایە شیعر هێشتا تازەگەریی نەهێناوەتە کایەوە و هەر لە هەشتاکانەوە شیعر خۆی دەخواتەوە.

لەم نێوانەشدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە شیعر و ئەدەب هەمیشە بە شێوەیەکی نازانستی و ناشارستانێتی مەرجدار و پەیوەستدار کراون بە قۆناغی ئەدەبی و بە قۆناغە مێژووییەکانی سەردەمەوە.

بێگومان ئەم ڕایانەش لە سەرجەمدا لێکنەگەیشتن و بە هەڵە بردنێکی ئاشکرای تێدا بەدی دەکەین و زۆر لەو حوکمە ئەدەبییانە دەخوێنێتەوە کە لە سەرچاوە و تێڕوانینێکی زانستی و مەعریفیی گەییوەو. بۆ مەسەلەی پەرەسەندنی جۆرەکان ناچێت و زۆر جاریش ئەم هەوڵانە مەبەستدارن و دەربڕین لە ئیفلیجبوونی هەندێك شاعیر دەکەن کە ئێستا هیچیان پێ نەماوە و تەنیا ڕێچکەی شیعر و ئەدەب بۆ ئەو سەردەم و قۆناغانە دەگەڕێتەوە، تیایاندا بەئەدەبەوە خەریك بوونە، بە بێ ئەوەی ئەدەبەکە لەو سەردەمەدا بە تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئاستێکی وادا بووبێ کە ڕادەی بە شاعیر بوون و بە شاعیر نەبوونی ئەوان ڕوون دەکاتەوە، وەك ئەوەی دەیانەوێ باوەڕ بەوە بکەین کە نە شیعر و نە چیرۆك و نە ڕەخنە بوونیان نییە و ئەوەشی هەیە گواستنەوەی شێوازەکانی بێگانەیە و دەبێ ڕێیان لێ بگیرێ و یاساغ بکرێن. زۆربەی ئەم هەوڵانەش بۆ ئەوە دەچن نەهێڵن لە ئەدەبەکەماندا ڕەخنەیەکی زانستی وردبین دروست بێ..

تاکو باسی ئەدەب و ئاستی ئەدەب تەنیا هەر حوکمی سەرپێی بێت و لە فەوزای ئەدەبیدا مەیدانەکە قۆرخ بکەن و تەنانەت ڕێچکەی ئەدەبەکەش بە لایەنی قازانجی کەسایەتی و کاریگەریی خودی خۆیان بەرن.

پێش ئەوەی بچینە ناخی باسەکەوە، ئەم پرسیارانە ئاراستەی خوێنەر دەکەین ئایا نەمری و ئامادەبوون و کاریگەریی قۆناغەکانی پێشوو لە چیدایە؟

ئاخۆ مێژووی ئەدەب بابەتێکی یەکگرتووە؟

ئاخۆ چێژی خوێنەر لە هەموو قۆناغەکاندا یەك چێژە؟

ئاخۆ ڕێگاکانی دەربڕین و زمانی ئەدەبی لە هەموو قۆناغەکان یەك ڕێگە و یەك جۆرن؟

ئاخۆ شاعیرێك لە حەفتاکان یان هەشتاکان چەند شیعرێك یان کۆمەڵە شیعرێکی هەبووبێت، دەبێ ئەمڕۆش لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرێتی دەبێت و لە هەموو باسێکدا ناوی بێت؟

ئاخۆ چۆن شاعیرێك لە شاعیرێکی تر چاکتر دەبێت؟

لە ڕاستیدا هەروەك دەبینین مەسەلەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تیۆریی ئەدەبییەوە هەیە و زۆر جار لەم هەولانەدا بەڵگەی بەهێز و باوەڕ پێهێنەر شك نابرێت و ڕاکان وەك مانشێتی سەرەوەی ڕۆژنامەکان وان و لە بناغەیەکی پتەوی زانستیی زمان و ئەدەبەوە، لە بناغەیەکی پتەوی چۆنێتیی پەرەسەندنی جۆرەکان و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و تیۆرییەوە هەڵنەقولان! ئەم جۆرە حوکمانەش جگە لە تەشەنە سەندنی فەوزای ئەدەبی، چیتریان بە دواوە نییە و لە ئەدەبدا هیچ حوکمێك بە بێ بەڵگەی باوەڕ پێهێنەر نابێتە حوکم و زەرەر بە ئەدەبەکەمان دەگەیەنێ.

جگە لەمانەش زۆر جار بە سادەییەکی زۆر ناشارستانێتییەوە بۆ مەسەلەکان دەچن و جیاوازییەکانی نێوان جۆرەکانی ئەدەب و چۆنێتیی هەڵسەنگاندنی زانستی پشتگوێ دەخەن و بە مەفهوومی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئەمڕۆکە مەسەلەی پەرە سەندنی شیعر و جیاوازی لەگەڵ لاساییکردنەوە و بنیاتنانەوەی جۆرەکان، تێکەڵ بە یەك دەکرێن و هەردوو تەوەری داهێنان و تازەگەری و قۆناغەکانی ڕابردوو و ئێستا و جیاوازیی نێوان پەرەسەندنی چیرۆك و شیعر و ڕەخنە، تێکەڵ بە یەك دەکرێن و زۆر جاریش زۆر بە نەزانی پێناسەی ئەدەب و شیعرو چیرۆك دەکرێ، هەروەك پێناسە کردنی زاراوەیەکی زانستی ڕووت.

ئاخۆ ئەرکی شاعیرە بۆ ئەوەی شیعر بنووسێت و تازەگەری بێنێتە کایەوە، هەوڵی ئەوە بدات ئەزموونی گۆڕان تێپەڕ بکات بە هەزمکردنی گۆڕان؟

ئاخۆ ڕابردووی نووسەر و ژیانێکی تایبەتیی، دەبنە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکانی؟!

شتێکی ئاشکرایە ئەوەی پێوەندی بە خاسییەتەکانی جۆرەکانی نووسینەوە هەیە ئەمڕۆکە لە هەموو سەردەمەکانی پێشوو زیاتر ناچنە دوو توێی یەك ڕاییەوە، لە هیچ کۆمەڵ و وڵاتێکی تردا، تەنانەت زۆر جار ناتوانرێ وەسفێکی تەواوی سەردەمانەی جۆرەکانی ئەدەب بکرێ و بۆ نموونە بڵێین ئەوەیە ئەدەب و دەبێ نووسین بەم جۆرە بەو جۆرە بێت.

گەورەترین هەڵە لە ئەدەبدا مەرجدارکردنی نووسینە بە ڕای پێش وەختە و بە حوکمی پێش وەختە. زۆر دەگمەنە ئەزموونێکی ئەدەبی بە مەرجی پێش وەختە بنیات بنرێت، چونکە ئەدەب بەردەوام لە گۆڕاندایە و نازانرێ سەرکەوتنی نووسەرێك لە کام قۆناغی ژیانیدایە و ئەدەب خاسییەتەکانی سەرکەوتنی خۆی لە پەرەسەندنی جۆرەکان و بە پێی گۆڕانی بارەکانی دەرەوەی ئەدیب و گۆڕانی سەردەمەکانی ئەدەبییەوە پێکەوە دەنێت. ئەو خاسییەتانەشی زۆر لە سیما و خاسییەتی سەرکەوتن و نوشوستی بە شێوەیەکی بەدوا خراو لە ئەدەبدا دەمێننەوە.

بێگومان جۆرەکانی ئەدەب و پەرەسەندنیان بەشێکن لە گۆڕانی شێوازەکانی دەربڕین و هەندێك جار بۆ ماوەیەکی زۆر دەرك بەو تازەگەرییەی خاسییەتەکانی ئەدەب ناکرێت، بۆ نموونە پەیدابوون و هاتنە ئاراوەی زاراوەی ڕۆمانی نوێ لە فەرەنسادا بە کۆمەڵە خاسییەتێك دەرکی پێ کرا و زاراوەی «ڕۆمانی نوێ» لە فەرەنسادا ڕەخنەگران دایان نەهێنا، بەڵکو ئەم زاراوەیە ڕۆژنامەکانی فەرەنسا دایان هێنا و وەك ئاماژە کردنێك بۆ ڕۆمانی ئەم چەرخە بەکاریان دەهێنا هەر لە دوای ساڵانی چلەکانەوە. لە لایەکی تریشەوە زۆر لە نووسەر و شاعیرە داهێنەرەکان دوای مردنیان و پاش ماوەیەکی زۆر دەرهاویشتنی نوێ لە نووسینەکانیان دەدۆزرێتەوە و لە ژیانی خۆیاندا شوێنی گاڵتە پێکردن بوونە. جگە لەمەش تەنانەت تیۆرزانەکانی وەك ناتالی سارۆت کە یەکەم کەس بوو، پەنجەی بۆ ئەم پەرەسەندنەی خاسییەتەکانی ڕۆمانی نوێ درێژ کرد، لە ڕایەکانیا زۆر جیاوازی هەبوو بەرامبەر بە ئالان ڕۆب گرییێ، کەواتە مەسەلەکە پێوەندیی بە یەك

ڕایی و یەك بۆچوونەوە نییە، مەسەلەکە پێوەندی بە خودی جۆرەکان و باری ئەدیبەوە هەیە لە جیهاندا و پەیوەندیی بە بەدەستهێنانی خاسییەتە جوداکانی نووسینەوە هەیە لەو ساتەی جۆرێك لە جۆرەکان سیمایەکی زۆر پەرەسەندوو دەگرێتە خۆی و دەگاتە حاڵەتی گەیین و کامڵکردنی جۆرێك لە جۆرەکان بە هۆی زمانەوە. بۆ نموونە زمانی کامۆ لە لای ڕۆڵان پارتدا مەودای دۆزینەوەی شێوازێکی بێ لایەن بوو ئەم شێوازەش پارت زۆر سوودی لێ بینی بۆ بنیاتنانی بۆچوونە ڕەخنەییە بونیادگەرییەکانی.

شیعریش هەروەك جۆرێکی ئەدەبیی دەوڵەمەند، وا پێ دەچێت تاکو ئێستا بە تەواوی خاسییەت و سیماکانی تازە کردنەوەی یەك لا نە کراوەتەوە و ئەمڕۆکە کەم شاعیرمان هەن خوێنەر بیرێکی کامڵ یان نیمچە کامڵی هەبێت دەربارەیان ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەدەب و شیعر بە تایبەتی لە هەر قۆناغێکدا سەرچاوەی پەرەسەندن و گۆڕانکاریی خۆیان هەیە و قۆناغەکانیش مەودای زەمەنییان زۆر جیاوازە و تاکو ئێستا کە بە شێوەیەکی زانستی دیاری نەکراون و لە هەر قۆناغێکیشدا بە تایبەتی لە دابڕانی زمان و شێوازی نووسین و بابەتەکاندا خاسییەت و سیفاتی خۆیان هەیە و لەسەرجەمدا دەربڕین لە دابڕانێکی سەرتاپاگیر دەکەن. ئەو دابڕانانەی جگە لە دەق و ئەزموونەکانی نووسین و زمان، کاریگەرییە دەرەکییە زۆر گشتییەکانی نووسین دەر دەخەن، هەر لە دابڕانە مێژوویییەکانی باری نووسەرەوە لە جیهاندا و هەر لە کاریگەر بوونی خودی نووسەر بە پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەبی جیهانییەوە و هەر لە گۆڕانە مەزنەکانی باری کۆمەڵەوە و هەر لە پەرەسەندنی بنەماو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانەوە و هەر لە دەوڵەمەند بوونی سەرچاوە مەعریفییەکانەوە و هەر لە گۆڕانی زمانی نووسینەوە و تاکو هەندێك شتی زۆر گشتی و هەست پێ نەکراوی تری وەك زۆر بوونی تاقیکردنەوە ئەدەبییەکان لە یەك قۆناغی دیاریکراودا، ئەم کاریگەرییە دەرەکییانە وای پێ دەچێت دەوریان هەبێت لە گۆڕان و پەرەسەندنی جۆرەکاندا و بۆیان هەیە زۆر لە سیماکانی شیعرمان بۆ ڕوون بکەنەوە لە هەر قۆناغێکی جودای جیهانی دەرەوەی شاعیرەوە. ئەو کاتەی بە شیکردنەوەیەکی زانستی و باوەڕ پێهێنەر دەتوانین چۆنێتیی ئەو پەرەسەندنە و ئەو دابڕانە ئەدەبییانە ڕوون کەینەوە، نەك بەوەی حوکمی لا بەلا و گشتگیر بدەین. لەمەشدا جیاوازییەکی زۆر گەورە بەدی دەکەین لەنێوان قۆناغە شیعرییەکانی حەفتاکان و قۆناغی نەوەدەکان، هەروەك چۆن ئاستی ڕۆشنبیری جودا و ئاستی خوێنەری جودا بەدی دەکەین کە ئەمەشیان پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی قووڵ هەیە.

ئێمە ناتوانین یاسایەکی دیارییکراو بسەپێنینە سەر پەرەسەندنی جۆرەکان بە تایبەتی بە لایەنی پاشە ڕۆژی جۆرەکانەوە. هەروەکو چۆن ناتوانین بڵێین پێناسەی شیعر ئەمە و ئەمەیە و ئەوەی بەم جۆرە نەنووسێت شاعیر نییە. بۆ ئەمەش دەڵێین هیچ شاعیرێك لە شاعیرێکی تر باشتر نابێت ئەگەر بێتو پێش وەختە ئەو بەڵگانەمان بە دەستەوە نەبێت کە باشی و خراپیی هەریەکێك لەو شاعیرانە ڕوون کاتەوە، هەڵسان بە کاری وا لە دوو توێی ئەدەبێکی بەراودکاری بەهێز و کاریگەردا دەبێت کە بە جارێك لە توانایدا بێت سەرجەمی تاقیکردنەوەکانی شاعیرێك و شاعیرێکی تر شی بکاتەوە و خاڵەکانی داهێنان و لاوازیی دەستنیشان بکات.

لەم کارەشدا شاعیر هەر چییەك بێت و ژیانی هەرچییەك بووبێت، پێوەندی بەکارەکەیەوە نییە و ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت هەر تەنها زمانی دەقە و بەس زۆر سەیرە قین لە شاعیرێك یان نووسەرێك هەڵگرین لەبەر ئەوەی لە ژیانی کەسایەتییدا تووشی هەڵەیەك بووبێت، ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە تێکەڵی و ڕای کۆمەڵایەتییەوە هەیە و نەك ئەدەب. حوکمدان لەسەر نووسەر تەنیا لە پانتایی زمانە ئەدەبییەکەیەوە دەبێ و بەس.

ڕاستە ئێمە قۆناغی شیعریی بەهێزمان هەیە، بەڵام بۆ نووسینەوەی شیعر بۆ ئەم سەردەمەی هەموو زەینمان دەگرێتەوە. پێویستمان بەوە نییە لە ڕێچکەی ئەو قۆناغەوە شیعر بنووسین و هەوڵ دەین تێپەڕی کەین، هەروەکو چۆنیش وەك نووسەر و خوێنەرێکیش ناتوانین بە هەمان چێژ و بە هەمان شێواز و بیرکردنەوەی نووسەر و خوێنەرێکی شیعری سەر بەو قۆناغە بەرەو پیری کارە ئەدەبییەکان بچین.

ئەم کارەش زۆر جودایە لەگەڵ مامەڵەی ڕۆژانەی شاعیر و ئەدیبان لەگەڵ خودی خۆی و تاقیکردنەوەکانی خودی خۆی. کاتێك دەبینین زۆربەی شاعیران لە قۆناغی جودای ئەدەبییاندا چەندەها شێواز و چەندەها تاقیکردنەوە دێننە کایەوە و زۆر جاریش لە تەنیا مانگێکدا دووجار شیعر دەنووسن و لە دووەمیاندا شیعری یەکەمیان دەسڕێنەوە.

هەروەکو چۆنیش ئەم مەسەلەیە زۆر جودایە لەوەی شاعیرێکی ئەمڕۆکە بە چاوێکی زۆر ساردەوە سەیری کاری ئەدەبی و شیعری قۆناغێکی تر بکات.

هەروەکو چۆنیش پەرەسەندنی چێژی ئەدەبیمان لە هەر قۆناغێکی ژیانماندا گۆڕانی دیاریکراو بە خۆیەوە دەبینێت.

من بۆم نییە حوکم لەسەر شاعیران بدەم و بڵێم ئەم شاعیرانەی ئەمڕۆ لاسایی قۆناغی هەشتا یان حەفتاکان دەکەنەوە، بەڵکو ئەرکی ڕەخنە لەوەدایە سیماکانی هەر قۆناغێك دەستنیشان بکات و تاقیکردنەوەکانی هەر شاعیرێ شی بکاتەوە و هەر لەوێوەش جیاوازیی قۆناغەکان و ئەزموونەکان ڕوون دەبنەوە.

ئەم گۆڕانانە لە دوو تویێی قۆناغەکاندا زۆربەیان بۆ شێوازەکانی دەربڕین و گۆڕانەکانی بابەت دەگەڕێنەوە. کە زمان یەك لا کەرەوەی کۆتایی هەموو قۆناغ و ئەزموونەکانە. ئەم ڕەگەرانەش بەشێوەیەکی ورد پانتاییەك لە کامڵبوون و کامڵنەبوونی تاقیکردنەوەکان دەدۆزنەوە.

هەروەك مرۆڤێکی شاعیریش بەردەوام پەرە بەهۆیەکانی دەربڕینی خۆی و روانینی خۆی دەدات لە ئەزموونەکانیدا، تەنانەت لە ژیانی ئەدەبیی دوور و درێژی شاعیرێکی دیاریکراو و چەند شاعیرێکی دیاریکراوی تردا، چەندەها سیما و خاسییەتی زمانەوانی و چەندەها شێوازی دەربڕینی جوداو جۆراو جۆر دەبینینەوە.

ئەم ئەزموونانەش دوورن لە مەسەلەی لەچوار چێوەگرتن و لە قالّبدان و سنووردار کردنی، نووسین و شێوازەکانی نووسین، چونکە نووسەر بەردەوام لە کارەکانیدا بەپرۆسەی خۆ سڕینەوەیەکی ناخەکی و هەست پێ نەکراو هەڵدەستێت، لەو ساتەی دەگاتە ئەو باوەڕەی کە چەندێك بنووسێت هێشتا جیهانێکی کامڵی لەبەردەمدایە و ئەو هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی جیهانێکی کامڵ بخاتە دوو تویێی کارەکانییەوە.

بۆ نموونە کەس نییە نکۆڵی لەوە بکات کە شیعرەکانی گۆران و ئەزموونی گۆران بەرزن، یان شیعرەکانی نالی دەسەڵاتێکی هونەریی بەرزیان تێدایە، بەڵام کەسیش نییە نکۆڵی لەوە بکات ئەو چێژ و بۆچوونانەی هەر کەسێکمان هەمانە دەربارەی شیعری شاعیرێکی بە توانای ئەمڕۆ زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو چێژو بۆچوونانەی کە من هەمە دەربارەی شیعرەکانی گۆران و نالی، بە تایبەتی گەر بە چاوی سەردەم و پەرەسەندنی جۆری شیعرەوە بڕوانینە ئەو شیعرانە. هەروەکو چۆنیش مێژووی بۆچوونی من زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ خوێنەر و نووسەرێکی سەردەمی گۆران، کەواتە هەر قۆناغێك مردنی قۆناغێکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بەبێ ئەوەی ئەو مەرجە بەسەر خۆیدا بسەپێنێت کە ئەم قۆناغە سەردەمی پێشووی خۆی تێپەڕ کردووە، یان لە خوارەوەی ئاستی ئەدەبی و هونەریی ئەو قۆناغەوەیە، یان بەو قۆناغە ڕازی دەبێ یا ڕەتی

دەکاتەوە. داهێنانی ئەدەبی بە دەرە لە هەموو یاسایەکی پێش وەختە و لە هەموو پێوانەیەکی پێش وەختە، بۆ نموونە کاتێك رۆمانی نویٚ لە ئەوروپادا هاتە کایەوە، خوێنەر چیتر بیری لە ڕۆمانەکانی بەلزاك ، جویٚس ، ستاندال ، چیخۆڤ و هیگۆ نەدەکردەوە.

جەنگی جیهانیی دووەم دابڕانی نێوان دوو قۆناغی پێش جەنگ و پاش جەنگ بوو، لەگەڵ خۆیدا سیمای جودای خوێنەر و نووسەری لە یەکتر دابڕاوی هێنایە کایەوە. بەهای مێژوویی و ئەدەبیی کارەکانی سەر بە قۆناغەکانی پێشوو ئاستی ئامادەبوون و کاریگەریی ئەو کارانە لەسەر چێژ، بیر و بۆچوونەکانمان، دوو گەردوونی جیاوازی خاسییەتە دەرەکی و ناخەکییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی و ئامادەبوونی ئەو بەرهەمانەش زۆر جیاوازە لەگەڵ ئامادەبوونی بەرهەمی سەر بەم قۆناغەی کە ئێمە تێدا دەژین و تێکەڵکردنی ئەم جیاوازییانەش کارێکی زۆر نەشیاوە و لە نەزانی و ناتەواویی مەعریفەی ئەدەبییەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی قۆناغەکانی ڕابردوو، ئامادەبوونی کاریگەریی چۆنێتیی خۆیان هەیە لەسەر نووسینەکانمان بە شێوەی مەرج و لە قاوغگرتن و سنووردار کردن.

شاعیری وردبین هەمیشە بە چاوی دەوڵەمەند کردنی مەعریفەی زاتی خۆیەوە دەڕوانێتە قۆناغی ڕابردوو، نەك بە شێوەی یاسا و سنوور. ئەو قۆناغانە ئاسۆی زانین و بۆچوونەکانی ڕەنگا و ڕەنگ دەکەن، تەنانەت لە حاڵەتی ڕەتکردنەوە و مردنیشیاندا. ئەوان هەمیشە کاریگەریی خۆیان هەیە لە ڕوانینەکانی، ئەمەش ئەو مەرجە ناسەپێنێتە سەری کە ئەو ئەم سامانە دەلالەتدار و خاسییەتدارە بکاتە هۆیەك بۆ بەهێزکردنی شێوازی تاقیکردنەوەکانی خۆی. هیچ کاریگەرییەك لە ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی راستەوخۆی نییە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی قۆناغەکان لەسەر یەکتری درێژ بوونەوەی قۆناغەکانە و دابڕانی داهێنەری لە دایکبوونەوە نییە کە بتوانێت قۆناغێك لە پاش خۆی بسڕێتەوە.

ئەم مەسەلەیەش بە شێوەیەکی هەڵە ڕوون دەکرێتەوە. چونکە ڕاستە ئەدەب بنیاتنانەوەی خۆی لە ئامادەبوونی پێشینە و ئێستای خۆیدا دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەم بنیاتنانەوەیە لەسەدا سەد کارێکی زاتیی سەردەم و کەسایەتیی شاعیر خۆیەتی و ئەو ئامادەبوونەی قۆناغی پێشوو، تەنیا هەر ئامادەبوونێکی ناڕاستەوخۆیە و بیٚ گیانە و لە شێوازی ئەودا کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە و زۆرجار لە بێزاری و ڕەتکردنەوەی ئەم قۆناغانەوە سەر هەڵدەدات. ئەمەش زۆر جیاوازە لەوەی کە شاعیرێك یان نووسەرێك

بەشێوەیەکی زۆر سەرشێتانە و توند گرفتاری شاعیرێك دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە بەبێ ئەوەی زۆر جار دەرك بەوە بکات کە ئەو لە ئەزموونی خۆی دادەڕێژێت، یاخود زۆر جیاوازە لەوەی کە شاعیرێکی ئەمڕۆکە بە وشە و پیت و بیرەوە ئەزموون و تەوژمی میللەتانی تر دەجوێتەوەو و داخوازیی نوێخوازی دەکات لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا، هیچ ئەزموونێکی ئەدەبی و هیچ جۆرێکی ئەدەبی و هیچ تەوژمێکی ئەدەبی، نابێتە ئەزموون بە مانای نوێکردنەوە گەر بێتو ڕەگ و ڕیشەی بابەتی و زمانەوانیی ئەو ئەزموونە لە زمان و کەلتووری نەتەوەیی شاعیرەکەوە سەرهەڵنەدات، تەنیا هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە جوینەوەی ئەزموونەکانی وەك سوریالی و دادایی... هتد

لە شێوە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆکەدا بەبێ جیهانبینییەکی تایبەتی شاعیر کە لە توانایدا بێت ڕەگەزەکانی لەدایکبوونی ئەو ئەزموونە شێوە گۆڕبکات و دەوهاویشتنی بابەتی و زمانەوان نوێی لێوە هەڵێنجێنێ، لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەیە و هیچ بەهایەکی داهێنەرانە و تازەگەر لە خۆیدا هەڵناگرێت.

ئامادەبوونی رابردوو لە زاتی شاعیری ئەمڕۆدا، ناشێت و ناگونجێت هیچ مەرجێکی پێش وەختە بسەپێنێتە سەر کاری ئەدەبی. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم کارانە هیچ بوونێکیان نییە، بەڵکو کاری ئەم قۆناغانەی پێشوومان بەشێکن لە پەرەسەندنی جۆرەکان، بەشێکن لە بەدەست خستنی زانیاری و مەعریفەی ئەدەبیمان بەڵکو بەشێکن لە چێژی ئەدەبیمان و پێویستە بە زانیاری و مەعریفەی نوێمانەوە لەو کارانە بکۆڵینەوە. پێویستە خاڵە مردووەکان و خاڵە زیندووەکانی ئەو کارانە بەرچاو خەین، بەڵام ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە من دەبێ ئەو کارانە تێپەڕ کەم یان باشتر لەوان بنووسم. زۆر بە دڵنیاییشەوە دەڵێم شیعری دوای نەوەدەکان گۆڕانکاری و داهێنانی گەورەی لە دوو توێی خۆیدا گرتووە و خاسییەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە و ئەم گۆڕانکارییانەش بنەمای خۆیان هەیە لە لایەنی خاسییەتە بابەتییەکانەوە و هەروەکو چۆن بنەمای خۆیان هەیە لە لایەنی خاسییەتە زمانەوانییەکانەوە. ئەو کارە شیعرییانەش بە ڕاستی ئەفراندن و لە کۆتی پێوانە و ئەلبومکردن لە قاوغگرتن دەردەچن و بە هیچ شێوەیەکیش ناگونجێ ئەم کارانە بکرێنە پێناسە بۆ قۆناغەکانی ڕابردوو، هەروەکو چۆن قۆناغەکانی ڕابردوو ناکرێ ببنە پێناسە و پێوانە بۆ شیعری ئێستا. ئەوەی ئەم دوو قۆناغە بە یەك دەبەستێتەوە تەنیا لە میانی شیکردنەوەی چۆنێتیی پەرەسەندنی جۆری شیعرە وەك

مەیدانێکی کاریگەرییەکی ڕەنگاو ڕەنگ. ئەو کاریگەرییانەش لەسەرجەمدا دەچنە دوو توێی سەردەمەکەی خۆیانەوە، شیعری کوردی گیروگرفتی زۆر بچووکی هەیە بە گوێرەی ئەو کارە زۆرانەی کە ئەمڕۆ دەکەونە بەرچاو گیروگرفتەکانیش هەموو لە خودی زماندایەو ونە لە خودی خاسییەتە بابەتییەکانی نووسین.

لەمەشدا دەڵێین هەر قۆناغێك شاعیری خۆی هەیە و دەوری خۆی هەیە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیرەکانی ڕابردوو بە هەمان دەسەڵاتەوە ئەمڕۆکە شیعر دەنووسن و کەم شاعیر هەن لە هەموو قۆناغەکاندا لە ڕیزی پێشەوەی داهێنانەکاندا بن. ئەم جۆرە خاسییەت پێ بەخشینەش سادەییەکی زۆر بێ بناغەیەو گڕ و گاڵی بێ مانایە و بەس، یاخود شاعیرێك لە هەموو قۆناغە جوداکانی ژیانی دوور و درێژیدا، بە هەمان نەفەس و بە هەمان ئاست بنووسێتەوە. بەڵکو شاعیر لە هەوڵێکی نەپچڕاو و بەردەوامدایە بۆ تێرکردن و وەڵامدانەوەی زۆر مەرجداری ئەو سەردەمەی تیایدا دەژێت.

هەروەك دەبینین هەندێك شاعیرمان گەورەترین کاردانەوەیان هەبووە لەسەر خوێنەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیدا، ئەمەش ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەو شاعیرە بەرەو پێش چووە یان بەرەو دواوە کشاوە. چونکە دەشێ کاریگەریی شیعر لە داهێنانی کامڵی بەدەقبوونەوەی نەبێ و بە هۆی کاریگەریی سۆزاوییەوە بێت. بەراورد کردنێکی گشتیی قۆناغەکان بە چەندەها گۆڕانی جۆراو جۆری دەربڕین و شێوازەوە دەناسرێتەوە کە لە سەرجەمدا پەیوەندییان بە گۆڕانی ڕوانینە زاتییەکانی خودی شاعیرەوە هەیە و هەرگیز ئەم ڕوانینانەش قۆناغێکی گشتگیری و یەك ڕێچکە و لێك نەپساوە دروست ناکەن، هەر بۆیە مێژووی خاسییەتی بابەتی و زمانەوانیی ئەدەب مێژوویەکی یەکگرتوو نییە و دابڕانی بنەڕەتی لە خۆی هەڵدەگرێت، چونکە دەرهاویشتنی قۆناغەکان هەمیشە کاریگەریی جۆراو جۆر دەسەپێنێتە سەر نووسەر. داهێنان و تازەگەری و زاراوەی نوێکردنەوە. مانای ئەوە نییە قۆناغەکانی ڕابردوو ڕەت دەکاتەوە، بەڵکو کارلێککردنێکی سەرتاپاگیری ڕوانین و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتییانەی شێوازەکانی دەربڕینە و بەرگێکی نوێ و شێوازێکی نوێ بە کارەکان دەبەخشێ و گەردوونی لێکدانەوە و پرسینەوە و وردبوونەوەی نوێ لە بۆچوونماندا دێنێتە کایەوە و کەلەبەری مەعریفیی جودا لە خوێنەردا دروست دەکا و قوڵبوونەوەیەکی زۆر ورد و چڕی شتەکانە و زۆرجاریش سەردەمەکەی خۆی دەرك بەو دەرهاویشتن و بەو گۆڕانکارییانە ناکات، هەروەکو چۆن زۆر جار کاردانەوەی سلبیی دەبێت لەسەر خوێنەر، هەروەك ئەمەی ئەو کەسانە بە

پێچەوانەی تەوژمی باوی ئەدەب بێتەوە، کەوابێ قۆناغە جوداکانی سەردەم ڕەوتی ئەدەب و پەرەسەندنی ئەدەب دیاریی ناکەن، هەروەکو چۆنیش هەموو جۆرە داهێنانێك ناچێتە دوو توێی قۆناغەکەی خۆیەوە.

چونکە هەروەك دەبینین لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لە جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەبدا، کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی جودا پەیدا دەبن، بەڵام هەموویان بە یەك ئاست کاردانەوەیان لەسەر خوێنەر نابێت. هەروەها بە یەك ئاستیش کاریگەرییان لە داهاتوودا نابێت، چونکە قۆناغەکانی ئەدەب لە خودی خۆیاندا ڕەوت و ڕێچکەی دیاریکراو دەگرنە خۆیان و لەسەرجەمدا دەربڕین لە ئاستێکی پەیوەندییەکانی خوێنەر دەکەن بەو جۆرانەوە، دەشێ خوێنەریش لە کارێکی ئەدەبی و لە تاقیکردنەوەی نووسەرێکدا زۆر بێ لایەن بێت، بەڵام زیندوویێتیی کارەکان و تاقیکردنەوەکان لە سەردەمی جودای تردا دەکەونە ژێر تیشکی تێڕامان و ورد بوونەوەمان. کەواتە قۆناغەکان بە جارێك ڕەگیان هەیە لە چۆنێتیی پەرەسەندنی چێژی خوێنەرو هەستیاریی ئەدەبی و چۆنێتیی پەرەسەندنی جۆرەکاندا.

لەم کارەشدا ئێمە ناتوانین بە چاوی ڕەخنەی زانستیی ئەمڕۆمانەوە، حوکم لەسەر کارێکی ئەدەبی و هەوڵێکی ئەدەبی بدەین، بە بێ بەرچاو خستنی ئەم دوو خاسییەتە دوو سەرەیەی قۆناغ و تاقیکردنەوەکان، چونکە هەروەکو چۆن قۆناغەکان مردنی قۆناغێکی تر لە خۆیاندا هەڵدەگرن، هەر ئاواش قۆناغەکان زۆرجار تۆوی لە دایکبوونی قۆناغی تر لە خۆیاندا هەڵدەگرن. ئەم خاسییەتەش بەو شێوەیە نییە گەر بێتو بەو بارەیدا بەرین کە گەر قۆناغی پێشوو نەبووایە قۆناغی ئێستا لە دایك نەدەبوو، بەڵکو هورووژمی شێوازەکانی نووسین دووبارە بوونەوە و زۆر بوونی بابەتە ئەدەبییەکان، کاردانەوەی بەهێزیان هەیە لەسەر نووسین. نووسەر خۆشی نازانێت ئەزموونەکانی ئەو بە کام لای داهێنانەوە دەکەوێتەوە.

دابڕانی قۆناغەکانیش زۆرجار گۆڕانی ئاستی زەینی و چۆنێتیی روانینی نەوەکان دەنوێنێ لە وەرگرتنی خاسییەتە بابەتی و زمانەوانییەکانی ئەدەبدا. زۆر جاریش کاردانەوەی نووسەر بەرامبەر بە کارەسات و جەنگ و گۆڕانە بنەڕەتییەکانی مەیدانەکانی تری زانست و مەعریفەی دەرهاویشتنی تازە دەخاتە قۆناغەکانی ئەدەبەوە.

بەمەش نووسەر گەورەترین نزیکبوونەوەی خۆی دەنوێنێ لە قۆناغەکەی خۆیەوە. ئەم خاسییەتەش خاسیەتێکی ڕووکەشانەی پرۆسەی نووسینە، چونکە نووسەر لە پێناوی

کاری نواندنی زماندا بە سڕینەوەیەکی بەردەوامی خاسییەتی سروشتیی خۆی دەچێت، جگە لەمەش تازەگەری لە قۆناغەکاندا هەر جارەی بە لایەکی ڕەگەزەکانی نووسینەوە لێك دەچوێنرێ. لەوانەیە تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی بە خاسییەتی بابەتیی بەهێزەوە و بە خاسیەتی زمانەوانیی نزمەوە گەورەترین کاردانەوە لە نێو خوێنەردا بێنێتە کایەوە. لەوانەشە خاسییەتی زمانەوانیی بەرزی کارێکی ئەدەبی، چاکترین سەدا لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکاندا بێنێتە ئاراوە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ڕەگەز و سیفاتی تری دەق تازەگەری و کاریگەری دێتە کایەوە. کەواتە دەقی ئەدەبی لە تازە گەریدا فرە ڕەگەزە و فرە خاسییەتە و هەر نووسەرێکیش لە چەند رەگەزێکدا داهێنان دێنێتە کایەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کاری ئەدەبیی کامڵ، شتێکی خەیاڵییە و هەر دەقێکی ئەدەبی خاسییەتەکانی لاوازی و خاسییەتەکانی بەهێزی و مام ناوەندی لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرێت. کۆواری پێشکەوتن

## وشەیەك لە پەراوێزی نوێخوازیدا

ئەگەر بەزۆربەی ئەو نووسینانەدا بچینەوە کە دەربارەی «نوێخوازی» لە ئەدەبدا نووسراون، ئەوا چەند هێڵێکی سەرەکی لەم نووسینانەدا دەبینین. هەروەها چەند گیروگرفتێکی هاوبەشیش بەدی دەکەین کە لە زۆربەی ئەو نووسینانەدا دووبارە دەبنەوە. ئەمە جگە لەو گیروگرفتانەی کە لە ئەدەبی عەرەبیدا باس کراون و گواستراونەتەوە نێو زاراوەی نوێخوازی لە لێکدانەوەی ئەدەبی کوردیدا. ئەم نووسینە هەوڵێکی هەندێك جودایە و چەند سیما و خاسییەتێکی نوێخوازی دەکەین کە تا ئێستە زۆربەیان تیشکیان نەخراوەتە سەر.

زاراوەی نوێخوازی لە ئەدەبدا ناوزەدکردنێکی (ڕەخنەیی – ڕۆژنامەگەری)یە و بە جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەبەوە لێك دەچوێنرێ لەو کاتەی هەست دەکرێ جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەب یا چەند جۆرێك بەشێوەیەکی جەوهەری و بنەڕەتی لەلایەنێك یا لە چەند لایەنێکی ڕەگەزەکانی پێکهێنانی دەقدا، هەندێك لە سیماو خاسییەتی تازە و نامەئلووف بەخۆیەوە دەگرێت کە زۆر جیاوازی و تێپەڕاندنێکی تێدا هەست پێ دەکرێت لەو خاسییەت سیمایانەی کە باڵیان بەسەر ئاراستە و ڕێچکەی ئەو جۆرە دا گرتووە، چ لەلایەنی زمانەوە بێت، چ لەلایەنی تەکنیك و شێوازەوە بێت، چ لەلایەنی ناوەڕۆکەوە بێت و زۆرکەم لە یەك جۆردا، ئەو جۆرە تێپەڕاندنە هەموو ڕەگەزەکانی دەق دەگرێتەوە و ئەم جۆرە ئاراستە تازەیەش کەلێنێکی دۆزراوە لە پەرەسەندن و گەشەسەندنی جۆرەکانی ئەدەبدا دەدۆزێتەوە و نوێخوازی پەیوەستێکی جەوهەریی لەگەڵ باری زەینی و باری مرۆڤدا هەیە. لەو قۆناغە مێژووییەی تیایدا دەژێت.

لەسەرجەمیشیدا نوێخوازی، ئەگەرچی لەم پەیوەستانەوە جیهانبینییەکی نوێ دەخولقێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نوێخوازی لەسەدا سەد پەیوەستە بە ئاستی زەینی و دەسەڵاتی زاتیی نووسەرەوە. چۆنێتیی دروستبوون و پێگەینی ئەم بۆچوونەش لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا دەرهاویشتنی جوداو جیهانی جودای تێوری و جێبەجێکردنی خۆی هەیە و حاڵەتی بە دژ بوون و تەبا بوونی ئەم تێکهەڵکێشییانەی ڕەگەزەکانی دەق زۆر جودا دەبێت هەر ئەم لێکنەگەیشتنەیە لە جەوهەری زاراوەی نوێخوازی هەر ئەم

نەگەیشتنەیە بەچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکەدایە کە لە ئەدەبی کوردیدا نوێخوازی وەهمی و کەسانی وەهمی لە ئەدەبەکەماندا قوت دەکرێنەوە و سیفەتی پاڵەوانێتی و نوێخوازییان لە نەزانینیەوە پێ دەبەخشن، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ئەو نووسینانەی دەربارەی نوێخوازی کراون یا پشتگوێ خراون یا نەبوونەتە هۆی دروستبوون و بنیاتنانی ڕوانینێکی شموولیی، پێداچوونەوە، کە وەك سەرچاوەو وەك هەوڵێك بۆ دەمەتەقێ بەکاربهێنرێن. ئێمە ڕۆشنبیریی تیۆریی هەموو دنیا دەخوێنینەوەو هەر تەنیا هەوڵی خۆمان ناخوێنینەوە.

شتێکی ئاشکرایە ئەدەب بە هەموو جۆرو لقەکانییەوە، وەك هۆیەك بۆ گەیاندن، وەك هۆیەك بۆ دەربڕین (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، ڕەخنە...تاد) هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە تا ئێستە نەتوانراوە بەجۆری ترو شێوازو لقی تر شوێنیان بگیرێتەوە گۆڕانکارییەکان لە دەربڕین لێکردندا هەر تەنیا لەم جۆرانەوە بووە و لە خولْقاندنی جۆری تازە نەبووە. ئەو جۆرانەشی کە هێنراونەتە کایەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئامادەبوونی هەمان جۆرەکاندا بوونە و ئەم هەوڵانەش هەر پەیوەستدار بوونە بەم جۆرە بناغەییانەوە و پاساوی لەدایکبوون و شەرعییەتی بەجۆربوونیان هەر لە پەراوێزو لە ناوی ئەم جۆرانەوەیە. تا ئێستەش بەشێوەیەکی گشتی لە جۆرەکانداو لە ناونانی جۆرەکانیشدا شێوازێك لە نووسین نەهاتووەتە کایەوە کە لە بازنەی سیستەمی جۆرکاری و پۆلێنکردنی ئەم جۆرە سەرەکییانەدا، جۆری تازەی داڕشتن بێنێتەکایەوە کە دابڕانێك لە ناونان و جۆرکاریدا بێنێتە کایەوە، تا ئێستەش ئەم جۆرانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانەیەك بوونە بۆ دیاریکردنی سیماکانی هەر گۆڕانکارییەکی نوێ لەم جۆرانەدا. لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ئەم جۆرانە دەوریان هەبووە لە چوارچێوەگرتنی دەسەڵاتەکانی نووسەر لە دەربڕین لێکردندا، هەر لە دیکتاتۆریەتێکی ئەدەبیی ئەم جۆرانەوە وەسف و پێناسە و ناوبەخشینێکی سنووردار بە هەوڵە ئەدەبیەکان و ئاراستەی ئەم هەوڵانە بەخشراوە.

ئەمڕۆکەش تازەترین ئەزموونی هێڵکاری و وێنەکاریی ئەندازەیی شیعری و ڕەخنەیی، نەیانتوانیوە شوێن بە ئامادەبوونی ناسینەوەی پێناسەیەکی جۆرکاری شیعر و ڕەخنە لەق بکەن، ئەگەرچی دەوترێ شیعری (ساتیری، لیریکی، مەلحەمی، بەرچاوی... تاد) بەڵام لە هەموو ئەم ناوپێ پەخشینانەیشدا، چەمکی (شیعر) وەك جۆرێکی خۆسەپێنەر پێوانە و دایکی هەموو جۆرەکانی شیعرە. بەلایەنی ڕەخنە و چیرۆك و ڕۆمانیشەوە بە

هەموو جۆرەکانیانەوە، هەر لە دووتوێی جۆرە سەرەکییەکەیدا پەرەدەسێنن لەگەڵ ئەمەشیدا زاراوەی نوێخوازی بەسەر زۆربەی ئەم جۆرانەوە سەپێنراوە. کەواتە نوێخوازی داهێنانی شێوازێکی دەربڕینی نوێیە و دەچێتەوە دووتوێی چەمکی خودی جۆرەکانەوە. هەروەها گۆڕانی بناغەیی و جەوهەریی جۆرەکان نەبووەو هەر لەو جۆرانەوە هەوڵی جوداو ڕەنگاو ڕەنگ دێنەکایەوە، شیعر هەر شیعرە و ڕۆمانیش هەر ڕۆمانە و هەروەها چیرۆکیش.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە تا ئێستەکە ئەم جۆرانە بوونەتە سیستەمێك لە دەربڕینی چەسپاوو گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەخۆوە نەبینیوە ئەدەب تا ئەم سەردەمە جۆری تری نەهێناوەتەکایەوە کە دابڕانێك لە دەربڕینی ئەدەبیدا بێنێتە کایەوە، کەچی بەلایەنی پڕۆپاگەندەوە هەڵواسراوە. پڕۆپاگەندەکانی ئەوروپا خەریکە ببنە سیستەمێکی سەربەخۆی دەربڕین. ئەمە جگە لە پڕۆپاگەندەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، کەوێنەیەکی پڕ لە جووڵە و فانتازی بە دەربڕین دەبەخشێت.

هەروەها لە هونەری شانۆشەوە هونەری سینەما داهێنراوە و ئێستە کە لە هونەردا جۆرێکە لە دەربڕین لێکردنی سەربەخۆ. ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵە شیعر هەر شیعرەو ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵە چیرۆك هەر زادەی بیری هەقایەت بووە و ڕۆمانیش هەر زادەی بیری هەقایەت و ئەفسانە بووە و هێشتا نوێخوازی نەگەیشتووەتە ئاستی داهێنانی جۆرێك لە دەربڕینی نوێ کە مەترسی بخاتە لە ناوچوونی ئەم جۆرانەی ئەدەبەوە.

ئەگەرچی هەوڵی ئاسایی دەبینین کە لەلێکچواندنی دووجۆرەوە ویستراوە، جۆرێکی تر بخوڵقێنرێت هەروەك (پەخشانە شیعر) بەڵام مەبەستی جەوهەری ئەم جۆرەش هەر لە دووتوێی دەلالەتەکانی رستەی شیعرییەوەیە و نەیتوانیوە وەك جۆرێکی سەربەخۆ دابڕانێکی جۆرکاری لە دەربڕیندا بێنێتە ئاراوە. هەر بۆیە ئەمجۆرانە پتر لە نوشوستیی گەڕانێکدایە بۆ دۆزینەوەی سیستەم و جۆرێکی تر بۆ دەربڕین کە لە قاڵب و سنووری دیکتاتۆریەتی جۆرەکان دەرچێت. لەمەشدا نوێخوازی نەپێوەندییەکی خۆسەپێنەری بە داهێنانی جۆری تازەوە هەیەو نەتوانیویەتی لەم مەیدانەدا ئەم مەبەستە بێنێتە کایەوە و نوێخوازی هەمیشە هەر لە گەردوونی گۆڕانی شێوازو تەکنیکەکانی دەربڕینەوە بووە و هەر لە دووتوێی زمان و بابەتدا بوونە.

لەو كاتەی گۆڕانكارییەكانی زمان و دەلالەت بەپەیوەستبوونیان بەباری زەینی و دەرهاویشتنە ڕۆشنبیری و مەعریفییەكانەوە، تەنیا ئەو ڕێگەیەیان خستووەتە بەردەم نووسەر كە ئەو دەرهاویشتنە لە پێناوی گەیشتنێكی تازەی باری خۆی بەكاربێنێ لەم جیهانەدا، بەزمانێك كە زۆر جودا بووە لە چۆنێتی بەرچاو خستنی دەلالەتدا. مەبەستیش لە زمانی جودا ڕێگەی نوێی گوتاری گەیاندن و دواندن نییە بەقەد ئەوەی مەبەستمان لەچۆنێتیی بەرچاوخستنی كۆمەڵە واتایەكی نوێیە. مەبەستمان دروستكردن و بنیاتنانی تۆڕێكە لە شێوازی دەربڕین بە تەكنیكی جوداو لەوكاتەی پێداویستییە زۆر بە پەلە و بەهێزەكانی سەردەم و باری مرۆڤ توانای زمان و پەرەسەندنی ڕێگە لەبەردەم كرانەوەی ئەم شێوازەی دەربڕین خۆش دەكەن.

ئامادەبوونی كاریگەرییە دەرەكییەكان زۆرجار لەدەقدا دەبنە ئەو توێژانەی بابەت دەخەنە ئاستی بەكێشە كردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سوود وەرگرتن لەم كێشانەی مرۆڤ لە هەر سەردەم و قۆناغێكدا ڕەنگڕشتن و هۆیەكانی دەربڕینی جودای خۆی هەیە و ئەمەش زۆر جیاوازە لەو دیسیپلینكردن و پۆلینكردن و لەو دابڕانە نەزانانەی كە كاریگەرییە دەرەكییەكەكانی مرۆڤ لە شێوەی كێشەیەكی یەكگرتوو و چڕەوەبوودا، لێك دادەبڕێنن و مەرجی پێش وەختە دەسەپێننە سەر ڕێچكەی نوێخوازیی جۆرێك لە جۆرەكانەوە، هەروەك ئەو هەوڵانەی كە وا دەخوازن دەبێ ئەدەب لە كێشە سیاسی ، كۆمەڵایەتی ، ئابووری و مێژووییەكان دابڕێ و جیهانێك لە فانتازیای نووسینی دابڕاو بێنێنەكایەوە. هەروەك ئەو مەرجانەی وا دەخوازن كە ئەدەب لەجەوهەردا پشتگیرییەكی سیاسی یا كۆمەڵایەتی یا ئایدیۆلۆژییە ئەم دابڕانەش دەگەیەنرێتە ئاستی نوێخوازییەكی وەهمییەوە.

ئەدەب بە هەموو جۆرەكانییەوە دروستكردنی بنیاتی بەهێزی زمان و واتایەو ئەو بنیاتانەش لە هیچ وێستگەیەكی سنووردارێكردنی واتا و دەسەڵاتەكانی زماندا ناوەستێ و كێشەكانی سەردەمیش بە هەموو جیهانە جوداكانیانەوە ڕەگەزی بەكێشەكردنی دەقن لە دروستكردنی ناوەندێكی كەسایەتی و بابەتی و تەكنیكیی وادا كە هەموو ئەم ڕەگەزانە دەخاتە دووتوێی یەك بنیاتی بەهێزی داڕشتنی نوێوە، چونكە پەرەسەندنی كێشەی دەقەكان پەرەسەندنێكە لە خودی زمان و تیشكدانەوەی دەلالەتەكانییەتی، لەوكاتەی ئەو دەلالەتانە هەژانێك لە زەینمادا دروست دەكەن. مەبەستیش لەم واتایە ئەوە نییە كە دەبێ هەموو دەقێك بكرێتە مەیدانی بانگێشەیەكی پڕ لە مەبەستی تر، كە دەتوانرێ

بەشێوەیەکی چاکتر بە جۆری تر دەربڕینی لێ بکرێت، بەتایبەتی لەوکاتەی نووسەرێك دەبێتە پردێك بۆ گواستنەوەی کێشەیەکی ئایدۆلۆژی یارەوشتی ئاینی یا سیاسی، کە لەو هەوڵەشدا نووسەر بە ملکەچی وبێ دەسەڵاتێکی (زەیینی – زاتی)ەوە زەرەرێکی گەورە بە ئەزموونەکەی دەگەیەنێ، نووسین و بەدەق بوون، وەك تۆڕێك بەواتای ڕەنگاوڕەنگ و وەك بنیاتێکی ڕەهایە و تەنیا هەر باری مرۆڤی نووسەر لە جیهانداو کاریگەرییە دەرەکییەکانی مەعریفە و زمان لەلای ئەودا چۆنێتیی نوێخوازیی ئەزموونەکەی دیاری دەکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەب دەتوانێ بەجیهانبینییەکی نوێوە پەل بۆ هەموو ئەم کێشانە بهاوێت و نوێخوازیش بخولقێنێ، کە زۆر جار ئەم تاقیکردنەوانە لە زەمەن و قۆناغەکەی خۆیاندا ئەو نوێخوازییە دەچەسپێنن و لە زۆرجاریش ئەو نوێخوازییە بە چەند قۆناغێکیشدا تێپەڕ دەبێ تا دەگاتە حاڵەتی بەخشینی دەلالەتی نوێخوازی. هەروەك ئەو گرفتارییانەی شیعرەکانی (نالی)، (گۆران) و (شکسپیر) لە قۆناغەکاندا دروستی دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دەورە گەورەیە بۆ زمان و واتا دیاری دەکەین. لە هەمان کاتیشدا نووسەر هەمیشە هەر خوڵقێنەری دەقە و بەشێکی زۆر کاریگەر و بەهێزە لە دروستکردنی نوێخوازیدا. بەڵام نووسەر قەت نابێتە پەیژە بۆ سەرخستنی لایەنگیرییەکی یەك ئاراستەیی مەبەستە ئاشکراکانی بنیاتی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ڕەوشتی و تاد.

ئەدەب زیاتر پەیوەستە بە لێکدانەوەیەکی ڕەنگاوڕەنگی دەوروپشتی خۆی و ئەو ئاکامانەی کەسەر تاپای بارەجوداکانی مرۆڤ دەخەنە وێنەی زەینی بەنموونەکراوو بنیاتی جودای تێڕامان و بیرکردنەوە و

نوشوستی و سەرکەوتنی ئاراستەیەکی لەو جۆرانەی باسمان کردن لە دنیای دەرەوەدا شوێنی بایەخ و تێڕامان نییە، بەقەد ئەوەی شوێنی ئەو کاردانەوانەیە کە لەم جۆرە ئاراستانەوە دێنە کایەوە. نووسەر بەشێکی گرنگە لە دوو بەشی گرنگی تر کە کرۆکی دەقی ئەدەبی دەخەنە بنیاتەوە کە ئەوانیش (بابەت و زمان)ن کە هەریەکەو جیهانێکی کامڵی هەیە لە دروستبوونی دەقدا.

نووسەر لە هەموو تاقیکردنەوەکانیدا بەشێوەیەکی بەردەوام لە ژێر چەند بارێکی دەروونی و چەند کاریگەرییەکی دەرەکیدا دەست بۆ قەڵەم دەبات، کە گرنگترینیان ئەو بەردەوام هەوڵ دەدات بنیاتێك بخاتە دەقەوە کە بنیاتێکی بە نموونە کراوو نوێ لە

بنیاتەکانی تر بخاتە ڕوو، کە بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ بە نموونە کردنێکی نا ئاسایی پێناسەی شتەکان. کە لە هەوڵدایە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو دالانەی هەندێك جار وەك تیشکێك بەمێشکدا تێپەڕ دەبن و تەنیا تارماییيان لەدوادا جێ دەمێنێتەوە. ئەم حاڵەتانەی حاڵەتی تەجریدکردنی واتاکانی دەق نین، حاڵەتی دابڕاونین، بەڵکو پەیوەستی جەوهەری و گۆڕاوو نەچەسپاویان هەیە لەگەڵ نووسەردا ئەو مامەڵەی بابەتی دەخاتە قاڵبی کێشەیەکەوە. ئەو زمان دەکاتە شێوازو تەکنیك و ئەوانیش دەخاتە دووتوێی بنیاتێکەوە، ئەو لەم کارەدا بەخود بوونێکی وەهمی، بۆ خۆی بنیات دەنێ و هەموو بوونێك بەبنیات دەبەخشێت، نووسەر بەهیچ شێوەیەك لە نووسیندا ناچێتە ژێر باری بنیاتێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرەوە. نووسین تەنیا مۆرکێکی کەسایەتی هەڵدەگرێ و واتاکانی ئەم بە کەسایەتی کردنەی نووسینیش زۆرجار لە ڕێچکەی گیروگرفتە گشتییەکانیش دەردەچێ و هەموو زەینێکی دیاریکراو چ لە لایەنی زانستی بەواتاکردن و بە مەدلوولکردنی شتەکانەوە و چ لەلایەنی خوێندنەوەی شتەکانەوە، جیهانی تایبەت بنیات دەنێت.

نووسەر بەبێ گەیشتن و خوێندنەوەیەکی جودا، لە خوێندنەوەی گشتی، بەبێ بەمیکانیزمکردن و ستراتیجیکردنی دالەکان قەت ناتوانێت بەچاوێکی گشتگیرەوە دەق بخولقێنێ. نووسەر مەرج نییە بوونی خۆی لەدەقدا لەشێوەی ناسینەوەیەکی گشتیدا دروست بکات، گرنگ پاراستنی ئەو سەربەخۆیی و ڕەهاییە (زەینی – دەروونی)یە کە کیانێك و بنیاتێك لە فەوزاکانی واتا دەخولقێنێ. لە هەموو تاقیکردنەوەو هەوڵەکانیدا بنیاتێکی بەهێز و جودا دەخاتە دووتوێی زمان و بابەتەوە و نوێترین و بەدەسەڵاتترین شێوازو تەکنیك بەزمان دەبەخشێت. نووسەر پێویستی بەوەیە بەدەر بێت لە هەموو دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەری دەرەکی کە لە توانایدا بێت لێکدانەوەو جیهانبینییەکانی زاتی نووسەر وەرچەرخێنێ و بیخاتە بارێکی دیاریکراوەوە لە زمان و بابەتی دەقدا، نووسەر پێویستی بەوەیە بەدەربێت لە هەموو ئەو مەرجانەی سەردەم و زەمەنەکان دەیخولقێنن.

نووسەر دەبێ لە هەموو خۆ تێهەڵقورتاندن و لە هەموو بەرچاوخستن و بەگەڕ خستنێکی بابەتییانە دوور کەوێتەوە کە بۆی هەبێت بۆ چرکەیەك تووشی غەفڵەتی دەرچوونی بکات لە مامەڵە پێکردنێکی نوێ و پڕ لە هەستی زاتییەوە، مەبەستیشمان لەم بەگەڕخستنە بابەتییە دابڕاندنی ناوەڕۆك و زمان نییە وەك ئەوەی نووسەر بایەخیان پێ نەدات، هیچ دەقێك بەبێ کێشەیەکی بنەڕەتی نابێت و ئەوەش چەندەها ڕووی جیاوازو

جودای هەیە بەپەیوەستبوونی بەجیهانی زاتی و جیهانی بابەتیی دەقەوە. نووسەر لە دوو تویێی مەیینێکی هەست پێ نەکراوی جۆرکاری و لە دووتویێی سنوورێکی دیارکراوی جۆرکارییەوە، دەربڕین و داڕشتن ڕەها دەکات. نووسەر بیەوێ و نەیەوێ لە هەر جۆرێکدا، لە هەر دەقێکدا شتێك بەرچاو دەخات کە مەرجی خوێندنەوەی لەگەڵدایە، یەکەم خوێندنەوەش (نووسینی نووسینە) بەلایەنی دالەکانی دەوروبەرەوە گەیەنەر یەکەم خوێندنەوەی بەدەق بوونی نووسینەو دوا خوێندنەوە نییە و هەروەك چۆن خوێنەریش دوا خوێندنەوە نییە و نووسین لەهەر خوێنەرێك (وەرگر)ێك و لە هەر زەمەنێکدا خوێندنەوەی جۆراوجۆرو جیهانی کاریگەریکردنەسەری جۆراوجۆر دەخاتە پرۆسەی نووسینەوە.

ئەگەرچی هەموو دەقێك هەڵگری ناوی داهێنەرەکەیەتی. ئەوا دەق بەرجەستەکردنێکی زاتیی نووسەری داهێنەرەو تا ئێستە ئاستی زەینی مرۆڤ نەیتوانیوە ئامادەبوونی کاریگەری نووسەر لە دەقەکاندا جودا بکاتەوەو نووسەر لە دەق دامالێ. ئەمەش هەمدیسان نووسین دەخاتە قالبی کێشەیەکی زاتیی نووسەرەوە کە هەموو پاساوەکانی لەدایکبوونی ئەم بە زاتیبوونەی نووسەر لە جیهانی دەرەوەدا بەرجەستە دەکات. هەر بۆیە نووسەر لەگەڵ ئەوەشدا مردنی خۆی لە خوێندنەوەی نووسینی دەقدا مۆر دەکا و نووسینی ناوی نووسەر لەسەر دەق نوشوستیی ئامادەبوونێکی بەرجەستەکراوی نووسەر لە ناوەوەی دەقەکاندا و هیچ جۆرە بوونێکی دەلالەتدار ناسەلمێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا نووسین لەجەوهەردا هەڵگری مەبەستێکی دیاریکراو لە قاڵبێکی ڕەها لە دەلالەت و ئاماژەی وا کە بنیاتێکی بزر لە دەقدا دروست دەکەن.

ئەو بنیاتەی کەدەشێ لە خوێندنەوەی جودای زەمەنیدا (کورت یا درێژ) کۆمەڵێك دەلالەت و ئاماژەی گۆڕاویش بۆ خۆی راکێشێت لە زەینی خوێنەردا، خوێندنەوە بنیاتنانەوەی دەق نییە، بەڵکو دروستبوونی بنیاتە لە زەینی خوێنەردا بەهۆی دەقەوە. بەمەش دەق بناغەی دروستبوون و پێکەوەنانی هەر بنیاتێکی زەینی و مەعریفییە لەلای خوێنەر و لێرەشدا هەر ئەم گۆشەنیگا گرنگەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی داهێنانەکانی لە ئەدەبدا زۆرجار ناچنە دوو تویێی قۆناغەکانی خۆیانەوە چەند قۆناغێکیان پێویستە تا دەرهاویشتنی زەینیی خوێندنەوەیان تێدا پەیدا ببێت و لەسەردەمێکی دواکەوتووی زەمەنیدا نوێخوازییان دەدرێتە پاڵ. کەواتە نوێخوازی لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە ئاستە جوداکانی پەرەسەندنی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە.

هەر بۆیە هەموو دەقێکی نوێ هەر دەبێ ورووژاندنێکی تازە لە خوێندنەوەدا دروست بکات. چونکە ئاشکرایە هەموو دەقێك، سەرجەمی کاری نووسەرێك، لە خوێندنەوەدا ئاشکراکردن و دروستکردنی دوو جیهانی جودایە، کە یەکێکیان خوێندنەوەیەکی بەنموونە کراوی داڵە بنیاتنەرەکانی بوونن، ئەوەی تریشیان بەرهەمهێنانی زەینیی بنیاتەکانی واتان، کە نووسەرێك لەو دەقەیدا کیانێك و نەخشەیەك بەم کیانە دەبەخشێت، لەمەشدا نووسەر یەکەم خوێنەری دەقەو لە هەموو خوێنەرێکی تر (پاش تەواوبوونی دەقەکەی) دەستبەرداری خوێندنەوەی بنیاتنەرانە دەبێت. نووسین بەلایەنی نووسەرەوە ژیانێکی بەردەوامی راهاتنە کە نووسەر دەیەوێ بەسەر ئەم ژیانەدا زاڵ بێت، نووسەر لەم ڕاهاتنەدا بەردەوامیش تووشی بەربەستی زمانەوانی و بابەتی و تەکنیکی جودا دەبێت، کە زۆرجار نووسەر لەبەردەم سەرکێشییەکانی دەقدا، لەبەردەم پانتاییەکانی درووستکردنی بنیاتدا هەست بە بەش بەش بوونی خۆی دەکات و دەسەڵاتی جودا دەخاتە کاری نووسینەوە لەوساتەی تووشی تەکنیکی و زمانەوانی و ستراتیجی دەبێت و هەست بە سنووردارییبوونی دەسەڵاتە چەسپاوەکان خۆی دەکات لە دەربڕیندا، چونکە زۆر دەگمەنە نووسەرێك ڕەزامەندی، حەسانەوەیەکی کۆتایی لە لادا دروست بێت بەرامبەر بە کارەکەی خۆی. هەر بۆیە نووسین بەپەیوەستکردنییەوە بەنوێخوازییەوە، هەروەك تیکشکاندنێکی بەردەوامی قاڵبە چەسپاوەکانی و بەربەستە هەمیشەییەکانی زمان و دەربڕینکردنە لە جیهانێکی دیاریکراو لە واتا و کەم نووسەر بەیەك دەسنووس و بێ دەستکاری کردنێکی بەردەوامی زمان و تەکنیك دەقێکی کۆتای دەهێنێتە بەرهەم و لەبەردەم ئەم سەرکێشییە ئەم دڵنیانەبوونە لە کاری نووسیندا. نووسەر هەوڵ دەدات گۆڕانێك، نوێکارییەك بخاتە دەسەڵاتە جوداکانی زەینی خۆیەوە.

هەر لەبەر ئەمەشە نووسەر لەکاری نوێخوازیدا، لەم سەرکێشییە سەد دەر سەد زاتییەدا، چەند ڕوویەکی جودای گیروگرفت و قەیرانەکانی دەخاتە ڕوو. لەو کاتەی لە پرۆسەیەکی زەینیی زۆر سەختدا لەبێ ئاگاییەکی هاودژی زۆر هەزمکراودا، هەوڵ دەدات بنیاتێك بێنێتە ئاراوە هەروەك دەرچوونێك وابێت لەشێوازی باوو ئاساییی و هەروەك وەرچەرخانێك وابێت لە ڕێچکەی جۆرکاری و شێوازکارییەکی ئاساییدا. ئەمەش لە هەمان کاتدا کاردانەوەیەکی دەروونیی زۆر بەهێزی نووسینە لەلای نووسەردا.

نووسەر لەم کارەو لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستە لە نوێخوازیدا هەوڵ دەدات گەورەترین پرسیار لە چۆنێتیی بنیاتنانی دەقێکدا دروست بکات، ئەو پرسیارەی لەخۆیدا

ڕەتکردنەوە و بەرچاوخستنی نوێ و بنیاتی نوێ هەڵدەگرێت، ئەو پرسیارەی کەلەبەری زۆر نهێنی لەچۆنێتی دەربڕین لێکردندا دەدۆزێتەوە. ئەو پرسیارەی جیهانێکی شموولی و گەورەکراوەو کامڵ بەدەسەڵات و تواناکانی خوێندنەوە دەبەخشێت. لە زەمەن و قۆناغێکدا کە هەموو کەلەبەرو هەموو شێوازێکی دەربڕین لێکردن خراوەنەتە ئەزموونی دەقەکانەوە لە جۆرەکانی ئەدەبدا.

کەواتە نووسەر لە کاری نوێخوازیدا هەوڵ دەدات جیهانێکی جوداو زمانێکی جوداو شێوازو تەکنیکێکی جودا لە جۆرێك لە جۆرەکان بکاتەوە و ئەم کارەش ڕەتکردنەوەی ناخەکیی بنیاتە تاقیکراوەکانی پێشینەیەو ڕەتکردنەوەی جیهانە بابەتییەکانی پێشینە و هەندێك جاریش بەخشینی (تەئویلێکی) نوێیە بەو جیهانە ئامادانەی پێشوو. دەشێ لەم کارەشدا نووسەر ئەم تایبەتمەندێتییەی بە پرسیارکردنی دەق. ببەخشێتە جیهانی بابەتیی دەق. هەروەك (لامارتین) بەم کارە هەڵدەستا، هەندێك جاریش ئەم پرسیارە لە کاریگەریی زمانی دەقدا دێنێتە کایەوە. هەروەك (ستیڤان مالارمێ) بەم کارە هەڵدەستا، هەندێك جاریش لە هەردوو ئاستدا لەم بەپرسیارکردنەی دەق هەڵدەستێت هەروەك (نالی، بریتۆن، ئۆکتاڤیۆ پاز، گۆران) زۆر جاریش نووسەر بە ئەزموونێکی سەرتاپاگیر هەڵدەستێ و ئەم پرسیارانە نابنە هۆیە سەرەکییەکانی داهێنانی ئەزموونی نوێ هەروەك (ڕامبۆ، بۆدلێر، ڤالێری، جاك بریڤێر).

نووسەر لە پێناوی داهێنانی ئەزموونێکی جودا، سەدەها بەربەستی لەبەردەمدایە کە پەیوەستن بە سەرجەمی مەرجەکانی بەدەقکردن و بەزمانکردنی کارلێککردنی بابەت و زمان و زەین. نووسەر لەبەردەم ئەم بەربەستانەدا بەدوای توولە ڕێگەیەکی وادا دەگەڕێت کە کەسی پێدا نەڕۆیشتبێ، کە کەس پەی پێ نەبردبێ، لەمەشدا نووسەر داخوازیکەرو بەرچاوخەری بنیاتە و هەر تەنیا لە کاردانەوەیەکی سەردەمانە و بەدواخراودا ئاستێکی نوێ لە خوێندنەوەی جۆرێکدا دەکاتەوە.

چونکە شتێکی ئاشکرایە زۆر جار نووسەر لەبەردەم ئەم سەرکێشییانەدا هەوڵ دەدات زمانێك داهێنێ کە گەورەترین کاردانەوە لە خوێندنەوەدا بێنێتە کایەوەو زۆر جاریش ئەم مەسەلەیە بەلایەنی نووسەرەوە مەسەلەیەکی لاوەکییە و نووسەر لەناخەوە هیچ مەرجێکی پێش وەختە ناسەپێنێتە سەرخۆی، بەڵکو متمانەو باوەڕێکی بێ سنوور لەنێوان خۆی و دەقدا پەیدا دەکات.

چونکە سەرەتای هەموو نووسینێك جۆرە نامۆییەکی نووسەر دەگرێتە خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر هەر بەچاوی تاقیکردنەوەیەکی ناکامڵ دەڕوانێتە دەقەکەی خۆی و ئەم ڕاستییە گەورەیە وەك ترس و ڕاڕایی و وەك دوودڵییەکی مات و کپ لەناخی خۆیدا هەڵی دەگرێت و بەردەوام توانای جۆربەجۆری لێوە پەیدا دەکاو هێزی دەربڕینی جودای لێوە دەدۆزرێتەوە. ترسی نووسین و سەرکەوتنی دەق ، ترسێکی هاوچەرخی نووسەری ئەمڕۆکەیە و پەیوەستە بە دەرهاویشتێکی دەروونیی موزمینی نووسینەوە. هەر ئەم خاسییەتەش وا پێ دەچێت دەوری هەبێت لە میکانیزمییەتی زەینیی نووسەردا. لەو کاتەی نووسەر هیچ بەدیلێکی چنگ ناکەوێت بۆ پێشبینیکردنی چۆنێتیی کاردانەوەی بەرهەمەکەی لە خوێندنەوەدا.

بۆ ئەوەش هەموو نووسەرێك ترسێك لەناخیدا هەڵدەگرێت و ئەو ترسەش هۆیەکی یاریدەدەرو بنیاتنەرە لە بزواندن و بە جووڵە خستنی ئاستی زەینیی خۆی و شێوەی جوداش لە کاری داهێناندا وەردەگرێت. ئەو ترسەی لە چۆنێتی بەرچاوخستنی جیهانبینییەکدا لەدایك دەبێت، ئەو ترسەی لە پرسیاری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەزموونەکەیەوە لە دایك دەبێت ئەو ترسەی لە سەرکێشیی گومڕاکەری خاسیەتی بابەتی و زمانەوە لە دایك دەبێ، ئەو ترسەی نووسەر هەیەتی بەرامبەر بە داهاتوو لە بەرامبەر بە ئێستە. ئەمەش تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە کە نووسەر لە حاڵەتێکی ناسەقامگیرو نەچەسپاوی دەروونییەوە دەست بەکارەکەی دەکات. لێرەشەوە ئەوە ڕوونە کە نووسەر هەرچەندە دەرکیش بەم ئاستەنگانەی بنیاتنان دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو لە گەڕانێکی (زەینی – دەروونیی)دا دەژیت. چۆن دەتوانرێت نووسەرێك لە دەقەکەی داماڵدرێت کە لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی زادەی بیرو مێشکی خۆیەتی و لەتوانایدا نییە نە لە مامەڵەکردنێکی شیکاری و لە تاوتوێکردنێکی رەخنەیی و لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەدەبی. تەنیا لەناوی نووسەرەکانەوە دەچینەوە سەر ئەزموونەکان.

لە ڕاستیدا هەموو نووسینێك، هەموو دەقێکی ئەدەبی، ناسنامەیەکی (کەسایەتی – بابەتی – مێژوویی – ئاستی زمانەوانی) لەخۆیدا هەڵدەگرێت و ئەم چەمکانە دەخاتە بۆتەی کێشەیەکی دیاریکراوەوە. ئەگەر بڕوانینە هەموو دەقێکی ئەدەبی، دەبینین ئەو دەقانە ناتوانن لە واتاکانی زەمەنی و لە ئاستێکی بابەتی ڕزگاریان بێت. ئەمڕۆکەش ئێمە لەچەرخێکدا دەژین کە نەك تەنیا بە کێشەکردنی ڕوانینەکانی نووسەرەوە بەس، بەڵکو چەرخی بەکێشەکردنی گۆڕانکارییەکانی باری مرۆڤە لە جیهانداو چۆنییەتیی

تێگەیشتنیەتی لەم بارانە. نووسەر نەبە کاری پەیامبەر هەڵدەستێت و نە بە ئەرکی چاکە خوازێکی (سیاسی – کۆمەڵایەتی) هەڵدەستێت. نووسەر هەمیشە ڕاستییەکانی دەرەوە، جیهانی تەواوی دەرەوە بۆخۆی ڕادەکێشێ و تێکهەڵکێشییەکی (مەعریفی – زەینی) لە نێوان ئەو جیهانە و جیهانی ناوەوەی خۆیدا دروست دەکات و یۆتۆپیایەکی (فانتازی – واقیعی) لە شێوەی بنیات و نەخشەیەکدا دەردەهاوێتە دەرەوەی خۆی.

هەر ئەم جۆرە پرۆسەیەی بابەت و زمان، لەشێوەی بنیات و کێشە، ناسنامەیەکی (زەمەنی – بابەتی) بە دەق دەبەخشێت کە لە هەمان کاتدا ناسنامەی نووسەرو جیهانبینییەتی و ناسنامەی کێشەکانی باری مرۆڤی قۆناغەکەی خۆیەتی، نووسەر لە حاڵەتی یەکەم و دووەمدا بەکاری بەفانتازیکردنی قوربانییە زاتییەکانی خۆی هەڵدەستێت، ئەو فانتازیایەی هەروەك شۆڕش و یاخیبوونێکی یۆتۆپییە لە وێرانبوون و بە قوربانیبوونی زاتی نووسەرەوە سەر دەردێنێ.

دەق تێکهەڵکێشی نێوان زات و کێشە گشتییەکانە لە گۆشەنیگایەکی سەد دەر سەد زاتییەوە. هەموو دەقێکیش ئەم جیهانە تایبەتە بە نووسەرەکەی دەبەخشێت کە لە هەمان کاتیشدا هەر ئەویش خوڵقێنەریەتی.

لەم گۆشە نیگایەشەوە، داهێنان و نوێخوازی لە ئەدەبدا، مەغزایەکی پاڵەوانێتیئامێزی بە فانتازیاکردنی بۆتۆپیای لە دایکبوونی بنیاتێکی زەینی دیاریکراوە. هەر بۆیە دەبینین نووسەر لە بوونێکی ناتەباو شڵەژاو و ناسەقامگیرەوە، جوانترین وشەو بنیات لە واتاو شێواز دێنێتە کایەوە. ئەم کارەش هەموو هەوڵێك و هەموو نووسەرێك ناگرێتەوە و زۆر جار نووسەر لە هەڵسانەوەو سەقامگیرییەکی گەورە و بەباوەڕێکی گەورەوە سەقەتترین دەخاتە کاری نووسینەوەو بەپێچەوانەوەش هەر ڕاستە.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە جیهانی دەلالەتی زمان، جیهانێکی پێشبینینەکراو و گومڕاکەرە و بەردەوام وا لە نووسەر دەکات نەهێڵێ جیهانێکی سادە و کەم کاریگەر بخاتە دەقەوە، وای لێ دەکات کۆمیدیاکان بکاتە تراژیدیا و تراژیدیاکان بکاتە کۆمیدی. هەر نووسەرێك بە ئاراستەیەکی جودای دەلالەتدا لە زمان ورد دەبێتەوە بە ڕادەیەك وەسفکردنی وشەیەك لەلای سەد نووسەردا دەشێت سەد واتای جیاوازی هەبێت و سەد دەوری جیاوازی هەبێت لە ڕستەی شیعریدا. لەگەڵ ئەمەشدا ناوی نووسەر لەسەرەوەی دەق هیچ بەرجەستەکردنێکی زاتیی قووڵ بە دەق نابەخشێ و نووسەر وەك ڕوحێکی بێ

جەستەو بێ وێستگە لە ناوەوەی دەقەکاندا لە شێوەی ئاماژەی جودای «کەسایەتی و بابەتیدا» دەژێت. کەواتە هەموو دەقێك مەسخبوونێکی زەینی و کەسایەتیی نووسەری تێدایە و ئەمەش مردنێکی کۆتایی نییە و مردنێکی بنیاتنەرە و لە دەقدا هەناسە دەدات. هیچ مەرجیش نییە دەق لە هەموو ئامادەبوونێکی نووسەر داماڵدرێت. بەڵام ئەم ئامادەبوونە، ئامادەبوونێکی جودایە لە مێژووی کەسایەتیی نووسەر، هەروەك ڕوونمان کردەوە.

ئەوەش پێوەندیی بە دیاردەی نوێخوازییەوە هەبێت، نووسەر وەك هاوبەشێکی گرینگی «زمان و بابەت» سەدەها ڕێگەی لەبەردەمدایە ئەم ڕوانین و گیروگرفتانە بگەیەنێتە ئاستێك دەلالەتی نوێ و واتای نوێ و بنیاتی نوێیان لێ بێنێتە کایەوە، چونکە زمان وەك هاوبەشێکی گرنگی تر، سیستەمێکی سەربەخۆیەو کیانێکی سەربەخۆشە، بەڵام سیستەمێکی تەجریدکراو و داخراو نییە و پەیوەستە بەم جیهانەی مرۆڤی نووسەری تێدا دەژێت و جیهانی ناوەوەو دەرەوە هەڵدەگرێ. لە دەرچوون لە دالەکانی سەردەمێك لە سەردەمەکان، زمانیش لە ئەزموونێکی نوێدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سیفەتی کۆی هەیەو سیمای تاك لایەنە دەگرێتە خۆی، لەو کاتەی نووسەر کۆمەڵە دال و مەدلوولێکی نائاسایی و نوێ دەخاتە بنیاتی دەقەوە کە زۆر جار زمانی کۆ ئەو مەدلوولانە ڕەت دەکاتەوە. کەواتە هەر نوێخوازییەك پێش دروست کردنی بنیاتێك لەدەقدا.

نووسەر هەوڵ دەدات هەموو ڕەگەزەکانی ئەم واتا نوێیانەی خولقاوی زەینی خۆی بخاتە جۆرە سیستەمێکی دەربڕینی تایبەتەوە و ئەم خستنە دوو توێیەش لە هەر جۆرێکی ئەدەبدا جودایە و چۆنێتیی بەرچاوخستنیشی لە هەر جۆرێکی ئەدەبیدا جیاوازە. ئەمەش هەمدیسان ئەوە دەسەلمێنێ کە دروستبوونی جیهانبینییەك لە واتا و بۆچوونی نوێ سیفەتێکی تاك لایەنەی جۆرکاریش لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرێت کە هەروەك وتمان بە لایەنی نووسەریشەوە ئەم تاك لایەنییەی داهێنان، هەمان سیفەتی هەیە. چونکە ئاشکرایە ئەو جیهانبینییە نوێخوازییەی چیرۆکنووسێك دەیهێنێتە ئاراوە، ناتوانین بە ئاسایی و بێ گرێ لە شیعریشدا دەربڕینی لێ بکەین، بەڕادەیەك لە چۆنێتیی گەیاندنی ئاستی ئەو جیهانبینییە، شێوەیەکی چڕکردنەوەو بەواتاکردنیش گۆڕانیان بەسەردا دێت.

کەواتە پەیوەستبوونی نوێخوازی بەزمانی کۆوە، پەیوەستێکی دابڕاوە و تەنیا لەلای نووسەردا ئەو پەیوەستە دابڕاوە دەبێتە بنیاتێکی سەربەخۆ و دەبێتە سیستەمێك لە واتا کە بەهیچ جۆرێك مەرج نییە بچێتە دوو توێی زمانی کۆوە. چونکە زمانی کۆ سیستەمێکە

لە دواندندا بەبێ بنیاتی یەکگرتوو و بەش بەش دەمێنێتەوە کە نزیکە لە گوتارە گشتی و لە بیرە گشتییەکاندا. جگە لەمەش ئەوە ئاشکرایە کە ئەو کاتەی نووسەر نوێخوازییەك لە زمانی دەقدا دەخولقێنێ، زۆر لەو مەدلوولانەی دایان دەهێنێ لە زمانی کۆدا بوونیان نییەو ئەو هەندێك جار بە وردبینی و هەندێك جار بە عەفەویش دروستیان دەکات.

بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیەشەوە، دەشێ نووسەر لە دالە باوەکانی سەردەمەوە تەکنیك و گۆڕانکاریی نوێیان لێ دروست بکات. لەمەشدا ئێمە تووشی دژ بە یەکییەکی ڕوانینی وا دەبین کە شوێنی تێڕامان وردبوونەوەیە، بۆ نموونە شیعرەکانی (نالی) جیهانبینییەکی شاراوەیان تێدایە و تۆڕێك لە سیستەمی زانستی دەلالەتیان تێدایە و تا ئێستەکە هەر بە زیندوێتی و بەکاریگەری ماونەتەوە. بەڵام دەشێ لە خوێندنەوەی هەر قۆناغ و هەر سەردەمێکدا ببنە هۆی هێنانەکایەوەی چێژی جوداو بۆچوونی جودا، جگە لەمانەش لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا مەرج نییە نوێخوازی لە هەموو جۆرەکاندا ڕووبدات، کاتێك دەبینین لە جۆرێك لە جۆرەکاندا ئەزموونی تازە دێتە کایەوەو جۆرەکانی تر لە ئاستی ئاسایی خۆیاندا دەوەستن مەسەلەکەش پێوەندی بە دەسەڵاتی زاتی و تاك لایەنەی نووسەرەوە هەیە، پێوەندی بە ئاستی ڕۆشەنبیری و مەعریفی سەردەمەوە هەیە، پێوەندی بە باری زاتی نوسەرەوە هەیە، پێوەندی بە داهێنانی مەدلوولی نوێی مرۆڤەوە هەیە، لەو کاتەی چەمکەکانی نووسەر گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیری وا بەخۆیانەوە دەبینن کە ڕێگە بۆ لە دایك بوونی کۆمەڵێ مەدلوول و تەکنیکی نوێ خۆش دەکەن کە لە توانای هەموو جۆرەکان و لە دەسەڵاتی هەموو نووسەراندا بێت کە ئەم پەلهاویشتنە دەوڵەمەندانە بگرنە خۆیان و ئاراستەیەکی نوێیان لە زمان و بابەتدا پێ ببەخشن.

ئەوەش ئاشکرایە کە کارەسات و ڕووداوە گەورەکان، پێداچوونەوە فەلسەفی و مەعریفییە نوێیەکان، تاوتوێکردنێکی بنیاتگەرانەی کولتووری نەتەوەیی لە فۆلکلۆر، هەقایەت ، ئەفسانە ، شیعرە میللییەکان، پەرەپێدانێکی گەورەی زمانن، وا پێ دەچێت ئەم هۆیە کاریگەرانە دەوریان هەبێت لەوەی ببنە بنەمای نوێ بۆ لە دایکبوونی نوێخوازی لە جۆرێك یا دوو جۆر یا لە هەموو جۆرەکاندا دێتە کایەوەو مەسەلەی نوێخوازی دەبێتە مەسەلەیەکی ڕێژەیی. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە کارەسات و ڕووداوەکان هەموو کاتێك نەدەتوانن نوێخوازی لە ئەدەبدا بخولقێنن و نە هەموو کاتێك ئەدەب پەرەی تێدا دەسەنێ. لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نوێخوازی لە بنەڕەتەوە داهێنانی مەدلوولی نوێیە.

ئەم مەدلوولانەی لە بنەمای تایبەتی پێکهاتەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکەوە سەر هەڵدەدەن و لە واقیعی سەردەم و زەمەنی ئەو نەتەوەیەدا بناغەی جەوهەرییان هەیە و ئەمەش ئەوە ناسەلمێنێت کە وەرگرتن و تێکهەڵکێشی ڕۆشنبیری لەنێوان نەتەوەکاندا نییە.

بەڵام لێرەشدا چەند خاڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ هەن کە پێویستییان بە روونکردنەوە هەیە، هەروەك دەبینین لە ئەدەبی کوردیدا ئەمڕۆکە نە ڕەخنەیەکی زانستیی وا هەیە کە سیماکانی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا دیاری بکا و نە تا ئێستەش نوێخوازی بەشێوەیەکی دروست تاوتوێ کراوە. لێرەشدا سیفاتی نوێخوازی بەبێ هیچ بناغەیەکی زانستی و بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەی قووڵ دەدرێتە پاڵ لەلایەن هەندێك کەسانەوە لە شیعرو چیرۆکدا کە تائێستەکە زۆربەیان دەقاو دەق تاقیکردنەوەو ئەزموونی گەلانی تریان بەشێوەیەکی نادروست و نازانستی گواستووەتەوە نێو ئەدەبی کوردی.

بڵاوبوونەوەی تەوژمە ئەدەبی و تاقیکردنەوە ئەدەبییەکانی گەلانی دنیا لە ئەدەبی کوردیدا تا ئێستەکە نەتوانراوە بخرێنە قاڵب و کاری واوە کە هیچ سیمایەکی تایبەت بە ئەدەبی کوردی ببەخشن. زۆربەی ئەو تاقیکردنەوانە نەگەیشتوونەتە ئاستی هێنانە کایەوەی نوێخوازی. چونکە هیچ وەرگرتن و لاساییکردنەوەیەکی ئەزموونی ئەدەبی ئەورووپی ناچێتە دوو توێی نوێخوازییەوە. ئەگەر لە پێداویستی و لە زەروورەتی کولتووری زەمەنییەوە، ئەو ئەزموونە نەتوانێت شوێنێك لە ڕێچکەی ئەدەبەکەو شوێنێك لە خوێندنەوەدا بۆخۆی دابین بکات. چونکە ئاشکرایە پێکهاتی زمان و رۆشنبیری و سەرجەمی حاڵەتەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دابڕانی گەورە لە ئەدەبدا دەخوڵقێنن. ئەگەرچی هەندێك لەم ڕەگەزە دەرەکییانەی ئەدەب هەموو کاتێك کاریگەرییان نییە لە چۆنییەتی دروستبوونی ئەزموونێك، بەڵام لەسەرجەمدا ئاستێکی شارستانی و زەینی و ڕۆشنبیری لەلای ئەدیبدا دەنوێنن.

لێرەشدا سەردەمی ئێستە و باری ڕۆشنبیری و ئەدەبیی کورد وا دەخوازێ کە پێداچوونەوەو ناساندنێکی نوێ لەگەڵ کەلتوور و کەلەپووری نەتەوایەتیماندا پەیدا بکەین، تاوتوێکردنێکی نوێ لەگەڵ زماندا بکەین. مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ هەردوو جیهانی ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤی خۆماندا بکەین و هەوڵ دەین جیهانبینییەکی نوێ لاپەڕەیەکی نوێ و تۆمارکەین، کە هەرەس بە هەموو لاپەڕە سواو و لاساییکەرەوەکان و سەنعەتکارو پلاستیکییەکانی دەقی کوردی بێنێ. پێویستە لە هەموو مەیدانەکانی

مەعریفەدا بەسوود وەرگرتنێکی زانستی یەکەم هەنگاوی دۆزینەوەی ناسنامەیەکی ڕۆشنبیری و مەعریفیی کوردی بهاوێن. ئەم هەنگاوەش بە هەوڵ و توانایەکی زۆر بەدی دەهێنرێ، مەرجیش نییە لە خوارەوەی ئاستی مەعریفیی ئەوانەوە بێت. گرینگ نییە ئەزموونی ئەوان پێوانە بێت، گرنگ هاویشتنی یەکەم هەنگاوەو، هەر هەنگاوێکیش بناغەیەکە بۆ هەنگاوی ترو هەموو نەتەوەکانی جیهان هەر بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوونە و ئێستەش نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا زەروورەتێکی مێژوویی و نەتەوەییە.

## وەرچەرخانی بەها ڕەخنەییەکان

زۆر جار بەشێوەیەکی سادە، چەندەها دەور دەدرێتە پاڵ ڕەخنەی ئەمرۆکەوە. لەسەرجەمیشدا دەق دەکەوێتە هاوبەشێکی ڕاستەوخۆی کارە ئەدەبییەکان. وەك ئەوەی ڕەخنە دەبێ لە پێناوی ڕوونکردنەوەی دەق و پێش بەری کردنی نووسەرو لێکدانەوەی گۆڕانی قۆناغەکاندا پەرە بە جۆری ئەدەبی بداو لەم کارەشدا ڕەخنە دەخرایە دووتوێی زۆر لە تیۆرییە ئابووری و فیکری و فەلسەفی و دەروونییەکانی زانستە مرۆییەکان. ئەمرۆکە کرۆکی ئەم مەسەلەیەش لە بەخشینی دەورێك بە ڕەخنە سوود وەرگرتن بوو لە کاری ڕەخنە و خزمەتکردنی هەندێك مەبەستی دیاریکراوی دەرەوەی دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بوو، بێگومان مێژووی ڕەخنەی کۆن و نوێ هەندێك دەرهاویشتن و تەوژمی تازەی تێدا هاتە کایەوە کەبەرەو ناخی کارە ئەدەبییەکان دەچوون و بەسەر دەقێکدا نەك کەسایەتییەکان، بەڵکو بابەتە ئەدەبییەکانیش خرانە جغزی گومانەوە لەلایەن خوێنەرو توێژرەوەو تایبەتمەندەکانی ئەدەبەوە.

ئەم گۆڕانە بنەڕەتییە لە مەیدانی ڕەخنەدا لە شێوەی شیکردنەوەدا بوو و ئەم شیکردنەوانەش نەك تەنیا کەرەستەکانی لە خودی دەقە ئەدەبییەکاندا دۆزرایەوە، بەڵکو بەناخی شیکردنەوەی جەستەی مێژوو، هەقایەت ، چیرۆك ، مەتەڵە میللییەکان ، ئەفسانە ، پروپاگەندە ، هەواڵە ڕۆژنامەگەرییەکان ، ئیتنۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیادا شۆڕبوونەوە. جگە لەوەش ڕەخنەی شیکردنەوەی نوێ بەرەو شموولییەتێکی گەردوونیی زانستە مرۆییەکان برد و زۆرجار بەم شیکردنەوانەی خاوەنی دەقەکان و کاریگەرییە هەڵخەڵەتێنەرەکان و ئاستی دەقەکان و قۆناغی دەقەکان و کاریگەرییە لابەلاکانیان تێپەڕدەکاو بەرەو خولقاندنی سەرنجێکی گشتی و شموولییەتێکی لێکدانەوە زانستییەکان دەچێ، هەموو پێوانە ڕەخنەییەکانی تۆژینەوەی کلاسیکی سەرەو ژێرکردووە.

لەم هەوڵانەشدا ڕەخنەی نوێ بەرەو دۆزینەوەی سیماو خاسییەتە هاوبەشەکانی کارە

ئەدەبییەکان دەچێ، کە دەوڵەمەندترین کەرەستەش لەم مەیدانەدا جەستە و زمانی دەقە و دۆزینەوەی دەلالەت و دینامیکییەتی وشەیە لە دروستکردنی بنیاتەکان.تەنانەت ئەمڕۆکە تەووژمێکی ڕەخنەیی نوێ بەرەو دۆزینەوەی شێوازو قاڵبی ڕەخنەیی وا دەچێت کە ڕێگە لە بەردەم ئەو دەوڵەمەند بوونە وەهمیە دەگرێت کە لە خودی بابەتەکانەوە سەری هەڵدەدا. هێزو تێڕامانێکی بێ لایەنی مەزنتری بە دیدە رەخنەییەکان بەخشی و هەوڵەکانی ئەم رەخنەیە بەرەو یەکگرتنەوە و لێکگرێدانی بەهای کارە ئەدەبییەکان دەچن. لە پێناوی ڕزگارکردنی دەقەکان لە هەموو ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەی کە هەمیشە کاری ئەدەبی دەکەنە پرۆژەی دیدو بۆچوونی جودای لێکدانەوە کە لەسەر حسێبی بەها مەعریفی و زانستییەکانی داڕشتنی ئەدەبی و خاسییەتە بناغەییەکانی ناسینەوەی دەقەکان دەبێ.

تەووژمی ئەم زانستە نوێیەی رەخنەی نوێ، شانبەشانی پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەب و لق و پۆپە و شێوازەکانی دەربڕین دەچێ. لە دابڕانێکی داهێنەری وادا کە زۆر لە بەها رەخنەییەکانی سەردەمەکانی پێشوو جێ دێڵێ. لە چوارچێوەی داماڵینی ئەو کەلەبەرانەی کە زۆرترین لێکدانەوەو گفتوگۆ لەسەر دەقەکان دەکەنەوە کە دەبنە شوێنی گومان و بۆچوونی خوێنەر. لەمەشدا رەخنەی نوێ گەڕاندنەوەو دۆزینەوەی بەها ئەدەبییەکان و کەلەپووری شیکردنەوەی دەقەکانی چالاکیی فیکریی مرۆڤە. لە پەرەسەندنی شیکردنەوەی دەقەکان بەڕادەیەك وا هەست دەکەین جۆرێ ڕەخنەی زانستیی نوێ هەموو دەورە کلاسیکییەکان جێ دێڵێ. رەخنەی نوێ لە دوو مەیدانی بەربلاوی زانستە مرۆییەکانەوە سەر هەڵدەدا، کە ئەوانیش زمان و زانستە مرۆییەکانی وەك ئیتنۆلۆژیا ، سۆسیۆلۆژیا ، مێژوو و دەروون ناسین و لەم دوومەیدانەشدا بەرەو شیکردنەوەی دینامیکییەتی داڕشتن دەچێ لە دوو توێی پێوەندییەکانی زمان بەدەقەوە و پێوەندییەکانی دەق بەجیهان و مرۆڤەوە، لە پێناوی دۆزینەوەی خاسییەتە سەرەکییەکانی کێشەکانی مرۆڤ، کە زۆربەی ئەو کێشانەش دوورن لە کێشەی تیۆری ئایدۆلۆژی و دوورنی لە کێشەی خودی زمانی دەقەوە.

بێگومان بە زانستکردنی ڕەخنەی نوێ لەلایەنی شیکەرەوە ئەدەبییەکانی ئەم سەردەمەوە، ڕزگار کردنی ڕەخنەیە لەو خاڵە لاوازانە و لەو بۆچوونە کەسایەتییانە و لەو کەرەستە ناجێگیرو کەم بایەخانەی کە بەردەوام دەق دەگەڕێننەوە بۆ هێزە بزوێنەرەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی کارە ئەدەبییەکاندا. هەروەك ناچاربوون بۆ گەڕانەوەو چۆنێتی

ڕابردووی نووسەران و بیری نووسەران و مێژووی چالاکییە مرۆییەکانی نووسەر و هەوڵدانی بۆ بەخشینی دەورێکی سەرەکی بەم کاریگەرییانە لە ڕەخنە ئاساییەکاندا. بێگومان لەمەشدا مەبەست ئەوە نییە کە ڕەخنەی نوێ بە یەك جاری ئەم کاریگەرییانە دەخاتە پشتگوێ، بەڵکو سیماو خاسییەت و بەهایەکی نوێیان پێ دەبەخشێت لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی خاڵەکانی بەهێزکردنی دەق، ئەو گەردوونییەتەی لە ئاستی کارەکانەوە بەرەو شیکردنەوەی کارەکان دەچێت. بەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زۆر کاریگەر ئاسۆکانی کارە ئەدەبییەکان فراوانتر دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ دەورێکی پێش وەختە و هیچ مەرجێکی پێش وەختە نە بەخودی ڕەخنە و نە بەخودی کارەکان ببەخشێت و بەڵکو ئەو سەربەستییە بە چالاکیی ئەدەبی دەبەخشێت کە لە هەموو دابڕانێکی ئایدۆلۆژی و کاریگەرییەکی دەرەکیی ئەفراندن ڕزگار دەکات.

بەمەش ڕەخنە هەر وەك ئەو پرۆژەیەی لێ دێت کە لە کارەکان و ئەنجامی کارەکان حوکم دەدەن لە هەر سەرکەوتن و پەرەسەندن و نوشوستی هێنانێکدا، بەبێ ئەوەی داخوازی هیچ دەورێك بکات بۆ خۆی. لەم کارەشدا ڕەخنەی نوێ بەرەو پەرەپێدانی جۆرەکانی ئەدەب دەچێت، لە مەیدانی کردنەوەی ئاسۆی فراوانتر لە بەردەم دەقی ئەدەبی و دۆزینەوەی کاریگەرییە ناخەکییەکانی دەقەکان و ناسینەوەی ڕەگەزە بنیاتنەرەکانی داڕشتنی دەق و دینامیکییەتی زمان لە دەقدا. هەر لەم مەیدانەشدا زانستی ڕەخنە لە چالاکییە زەینی و مەعریفییەکانی مێژووی مرۆڤ دانابڕدرێ و بەڵکو بە پەرۆشەوە بەرەو شیکردنەوەیان دەچێت و لەوێوەش هۆیە بزوێنەرەکانی دەق دەدۆزێتەوە و خاسییەتە جەوهەرییەکانی ئاشکرا دەکات.

بەمەش دابڕانی ڕەخنەو کارە ئەدەبییەکان تەنیا لە دروستبوونی جۆرکارییە و دابڕانی جەوهەری نییە، هەروەکو چۆن دەزانین زۆربەی کارە ئەدەبییەکان و جۆرە ئەدەبییەکان کاریگەریی هاوبەشیان هەیە لە بنیاتناندا و لە ئاستی بیرکردنەوەی نووسەرەکاندا، بەمەش پردی جودا دروست دەبێت لە دروستکردنی دەقدا، ئەو پردانەی زۆر جودان لە هۆیە شاراوەکانی دروستبوونی ڕەخنە و کارە ئەدەبییەکاندا. بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیهانی دەق لە جیهانی ڕەخنە جودا دەبێتەوە، ئەم دابڕانەش بە هیچ شێوەیەك تێپەڕ کردنی کارە ئەدەبییەکان وتەجرید کردنی ڕەخنە نییە، بەقەد ئەوەندی دۆزینەوەی جیهانی نوێ و ژیانی نوێیە لە کارە ئەدەبییەکاندا، بەڵکو ڕەخنەو گۆڕانکارییەکانی نەك تەنیا لە دەقەکاندا، بەڵکو لە خودی خۆشیدا پراکتیزە دەکات.

ئەمڕۆکە لە هەموو ڕۆژێك زیاتر ڕەخنەی نویێ لە هەوڵدایە بۆ یەکگرتن و هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی پێوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئاستە جوداکانی شیکردنەوە، کە سەرجەم لە مەیدانی زمانەوانی ، شێوە ، ئاستی دەروونی ، ئیتنۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیدان، لە پێناوی دروستکردنی مەیدانێکی ڕەخنەیی وا کە بەها مرۆییەکان دەبنە شوێنی گومان و توێژینەوەو وردبوونەوە، لە جیهانێکدا ئەم مەیدانە جودایانەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بەرەو سیماو خاسییەتی هاوبەش دەچن. بێگومان ئەم کارەش لە مەیدانی ڕەخنەدا دۆزینەوەی خاسییەتە دەستگیرنەکراوەکانی دەقەکانە و گوڕێکی بەهێزتر بە پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەب دەدا.

لەم کارانەشدا کاری شیکردنەوەی دەق، دۆزینەوەی ئەو قاڵبە زمانەوانییانەیە کە دەبنە هۆیەکی کاریگەر لە بەردەم هەر کارێکی ئەدەبی و بەپێی جۆرەکان و ئەو قاڵبە زمانەوانییانەش دەق دەکاتە شوێنی پرسیارو وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنەوە.

بەمەش دەق لە باری نەگۆڕان و گیرخواردن ڕزگار دەکاو بەشێوەیەکی زۆر بێ لایەن تەنیا بە ئاماژە بۆکردن و بە دۆزینەوەی دەلالەتی وشەوە گەورەترین مەیدان و سەربەستی لە بەردەم دەق دەکاتەوە. ئەم کارەش لە چوارچێوەی بابەتیی کارەکاندا نییەو بەقەد ئەوەی هەمیشە لە قاڵبی سەرنج و ئاسۆی فراوانی پۆلینکردنی یەکەکانی بنیاتنانی دەقەوەیە و سڕینەوەیەکی ناڕاستەوخۆی کەسایەتیی ڕەخنەگرو خاوەن دەقە، لە جیهان دەربڕین کردن لە خودی دەق. چونکە هەمیشە ئامادەبوونی دەق ناکرێتە پێوانەیەك بۆ ئامادەبوونی کەسایەتیی دەق، بەڵکو دەکرێتە پێوانەیەك بۆ ئامادەبوونی زمانی دەق.

## بنیات وەك دوا ئاستی دەق

جان کۆهێن لە دیاریکردنی پێکهاتی شیعریدا، لە کتێبەکەی، دوو ئاست لە دەق بۆ ئەو پێکهاتە دیاری دەکات. ئاستی فۆنەتیك و ئاستی سیمانتیك. لە ڕاستیدا ئەم دوو ئاستە کۆتاییەکانی تێروانینمان نانوێنێ بۆ دەقی شیعری و بگرە هەموو دەقە جیاوازەکان. لەو باوەڕەوەی ئەوەی ئەم دوو پێکهاتە دەخاتە دەورپێبەخشینەوە، بنیاتە ڕەها و سەربەخۆکانە کە دەبنە ناوەندی هەموو دەورە جیاوازەکانی دەق نەك تەنیا ئەو دوو ئاستە بەڵکو لە ئاستی فۆڕم و پێکهاتی زمانەوانی و ڕێکخستنی وشەشدا. چونکە بنیاتە هەستیارە بوونییە شموولییەکانی دەخاتە دەورپێبەخشین و کۆکردنەوەیان لە چوار چێوەی پەیوەستی جیاواز، پێم باشە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پێویست بە خوێنەر ببەخشین.

ئاستی سیمانتیکی کە دابەشکردنێکی پێکهاتەیی مانا دەخاتە دەقێکەوە، ئەو مەودا فراوانە بە دەقی ڕەخنەیی نابەخشێ کە لە ژێر کۆمەڵێك مانای سەر بەیەك بنیاتدا هەموو بەیەك ئاست و بە یەك هێڵ پەرەبسێنن، هۆی ئەمەش لەوەدایە نەك لەبەر ئەوەی مانا هەمیشە، پەیوەستە بە ئاستێکی ترەوە کە فۆنەتیکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاستی فۆنەتیك و ماناش هەردووك لە ژێر کاریگەریی هێزێکی تری دەربڕین لێکردندا دەبن، ئەو هێزەش ئەو هەستیارییە وروژێنەرەیە کە کرۆکی ڕێکخستن و دابەشبوونی هەردوو ئەو ئاستە دەنوێنێ، چونکە هەموو گوتن و نووسین و نمایش کردنێك پاش کرداری ڕێکخستن و دابەشبوون دەبنە ڕووداوێکی کۆتاییپێهاتوو، دەبنە بنیاتێکی سەربەخۆ کە پێش ڕووداوی ڕێکخستن و دابەشکردن، هەروك لەو هەستیارییەی بە کرداربوون و بە ڕووداو بوون بێ بەش دەبن. لەوێوە بوونی نووسەر لە ڕووداو بوونێکی نایەکگرتووە لەگەڵ بەڕووداوکردن و کرداری ڕێکخستن و دابەشکردنی مانادا، پاش ئەوەش دەرکەوتەی فۆنەتیکی دەق، ئیتر ئەویش لەو بوونە ڕووکەش و ناتەبایەی خۆیەوە، خۆی دەگوازێتەوە بۆ بوونێکی جیاواز لەو بوونەی کە هەیەتی.

گرینگیی بنیات وەك دوا ئاستی دەق، بەلایەنی تیۆریی بنیاتی شاراوەوە، لەوێدایە کە هەموو بوون خۆی لە خۆیدا بریتییە لە کۆمەڵێکی کۆتایینەهاتوو لە بنیاتی خوڵقێنراو و

نادیسیپلینکراو. چونکە هەروەکو چۆن ئەو خولقاندنەی بنیات پەیوەستە بە ناوەندێتیی مرۆڤەوە لە بوون، بەڵام ئەو بەناوەندیبوونەش هەر دەچێتە چوار چێوەی ئەو ڕووداوەوە کە ئەو دەکاتە بوونێکی ڕووکەش کە بوونی بە ڕووداو کراوی ئەو تێپەڕ دەکەن.

بە شێوەیەکی ڕوونتر مرۆڤ لە دەربڕین لە خۆکردندا هەمیشە ناکامڵی و ناتێربوونێکی عەقڵی دەخاتە هۆیەکانی یا ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی خۆیەوە، هیچ داهێنەرێك نییە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەو ناکاملییە هەڵنەگرێ، هەرچەندە بەلایەنی ئێمەوە دەقێکی کامڵیش بێت، ئەمە پێوەندیی بە ئاستی بەراوودکاریی نێوان بوون و مرۆڤەوە هەیە، کەلە پەیوەستێکی ناجێگیردا هەموو ڕووداوەکانی دەق و بیرکردنەوە دێنە کایەوە، لەو کاتەی هەموو نووسەرێك لە ناوەوەی خۆیدا ئەم شێوازی دەربڕین لێکردنە دەخاتە بۆتەیەك لەخۆ بەناوەندکردنی ڕووکەشانە، بنیاتە نەدۆزراوو شاراوەکانی دەربڕین لە خۆکردن پێمان دەڵێن کە ئێمە لە کوێی و لاوازییەکانی بەکارهێنانی کەرەستەکانی دەربڕین لە خۆ کردنین، چونکە پاش هەموو شتێك ئەوەی لە هەموو ڕووداو و پەیوەستەکان وەك شایەتێکی مەعریفیی بێ لایەن دەمێنێتەوە، کە بوارێك بۆ هەموو ڕاستییەکانی بوون دەخاتە بەردەست.

بێگومان هەر ئەو کرۆکە هەژێنەر و هەستیارانەی بوونن، کە وەك گریمانی واقیعێك ئێمە بەرەو ڕووی شوێنی ڕاستەقینەی خۆمان دەکاتەوە لەم بوونەدا، ئەمەش هەرگیز پەیوەندیی بەوەوە نییە نووسەر چەندێك ڕاستگۆیە یانا، بەڵکو پەیوەندیی بەوەوە هەیە، نووسەرو داهێنەری دەق چەندێك لە ئاستی پەیوەندیی مرۆڤ بەبوونەوە بەرز دەبێتەوە تا بگاتە ئاستی بەربەرەڵاکردنی هێزە ڕاستەقینەکانی دەربڕین لە خۆکردنی بنیات. هەروەها گەوهەری شیعرییەت و هارمۆنیای بوون لە خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەمەش پەیوەندیی بە دەوری فۆنەتیکەوە هەیە وەك ڕەگەزێکی پێکهێنەر لە گواستنەوەی بنیاتە ڕووکەشەکانەوە بۆ بنیاتی شاراوە، بەڵام ئەم دەورە لەگەڵ کۆمەڵێك دەوری تری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیات وەك بنیاتی ماناو هۆکاری گوتن و هێزە بەگەڕخەرەکانی وشە و ڕستە و پێکهاتی زمانەوانیی بنیات شێوە و چۆنێتیی گێڕانەوە نەك وەك ڕێزبوون و زنجیربەندیی ڕووداوەکان، بەڵکو وەك چەندین ئاست لە چۆنێتی بەکارخستنی زمان و بنیاتی زەمەنی مێژوویی دەق... هتد.

هەموو ئەم ڕەگەزانە لەو کاتەدا دەورەکانیان تەواو دەبێ، کە دەچنە دوو توێی بنیاتێکی یەکگرتو ، توند و تۆڵ و پڕ لە ڕاز و نهێنیدا، نووسین هەموو جۆرە نووسینێك

هەمیشە لە ژێر ئەو کاریگەرییە دەرەکی و ناوەکییانەدا دەبێ کە هۆکاری خولْقاندن دەخەنە بیری نووسەرەوە کە ئەو زۆربە وردی حاڵەتێك لە خۆبزرکردنی بە ئەنقەست و بەهونەرکراومان پێ بخاتە ڕوو. حاڵەتێك کە پەیوەستە ڕاستەقینەکانی ماناو بوون، بوون و نووسەری داهێنەر دەکەوێتە ژێر پەردەپۆشیکردنێکی ناواقیعییەوە. هەرچەندە ئەو نووسەرە تا ڕادەیەکی بێ سنووریش هەولی ئەوە بدات جیددییەتێکی زۆر گەورەتر و خەرمانەیەکی زۆر گەورە بەم پەیوەستانەی نێوان مانا و بوون نووسەر و بوون ببەخشێ.

دەق لە مانای خۆیدا کەلەبەرێکی گەورە دەهێڵێتەوە بۆ گوتنی تر و بیرکردنەوەی تر و هاوبەشکردنی تر کە خوێنەر ڕادەکێشێتە بازنەی بوونی خۆیەوە. ئەو بوونە مەرجدارەی هەموو کاتێك هەر دەربڕین لێکردن و بەرچاوخستنی کیانێکی عەقلْییە لە بووندا کە هەرگیز ئەو بەرچاو خستن و دەربڕین لێکردنە ناگاتە پێگەیین و کاملْبوون، ئەگەر بێتو نەگاتە ئەوەی نووسەر هەموو ماناکانی دەقەکەی پەیوەست نەکات بە بوونە زۆر و جیاوازەکانەوە، تەنانەت لە ساکارترین و والاترینی دەقەکانیشدا. نووسەر هەمیشە هەر ئەو مرۆڤەیە کە نەیتوانی گوتنەکانی تایبەت بە دەقێك بگەیەنێتە ئاستی کاملْبوونێکی داهێنەرانە، تەنانەت لە درێژترین ڕۆمانە داهێنەر و دەولەمەندەکانیشدا. نووسین هەمیشە درێژکردنەوەی هێزەکانی گوتنە، درێژکردنەوەی هەناسەکانی ژیان و هارمۆنیا و شیعرییەتی بوونە. لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی هەموو دەقێك، هەموو نمایشکردنێك، هەموو وێنەیەکی بەرجەستەی تەنەکان، لە خۆیاندا کێشەی مرۆڤ و بوون هەڵدەگرن. هەر لەو کاتەوەی کە نووسەر بڕیار دەدات لە ژێر کۆمەڵێك هۆکاری نووسینی پێش وەختەدا، کە ئەو بەرەو ڕووی کێشەکانی بیرکردنەوە دەچێ، نەك بەرەو ڕووی کێشەکانی دەرەوەی خۆی. هەرچەندە ئەو پێش وەخت حسێب بۆ ئەوە دەکات کە ئەو لە ژێر بەهایەکی ڕەوشتی و عەقلْیدا هێزی دەربڕین لە خۆکردن و گوتن دەگرێتە خۆی و بەو هێزەوەش بەرەو ڕووی کەسانی تر دەبێتەوە، چونکە لە ناخی خۆیدا نامتمانەبوونێکی گەورە هەیە بە هەموو گوتنەکانی خۆی.

لە ڕاستیدا لە ناخی هەموو نووسەرێکدا ترسێك هەیە لە پێشهاتەکانی پاش ڕووداوی نووسین، چونکە نووسەر یەکەم کەسە خۆی بە وردی دەخوێنێتەوە و زۆر جار ئەو لە هەموو کەس زیاتر دەرك بەو هۆیانە دەکات کە ئەو دەکەنە نووسەرێکی خاوەن وێژدانی پڕ ئازار. ئەمەش وا دەکات ئەو پاش ئەزموونێکی درێژ بیر لەو پێکهاتە ڕەنگاو ڕەنگانەی بیرکردنەوەو دەربڕین لە خۆکردن بکاتەوە، کە ئەو دەکەنە شایەتێکی متمانە پێنەکراو

لەسەر ئەو مانایانەی ئەو بانگەشەیان بۆ دەکات. هەر ئەمەش وا لە نووسەر دەکات بە ئاستی جیاواز و توانای دەربڕینی جیاواز و بیری جیاوازیش گۆڕانکاری بخاتە شێوازی بیرکردنەوە، هەرچەندە ئەو مرۆڤە نووسەرە، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو پێوستی بە ئەزموونی زیاتر و نووسینی زیاتر و دەربڕین لە خوکردنی جیاواز هەیە.

هەر بۆیە نووسەر لە ناوەوەی خۆیدا ئازارێکی بووناوی پڕ لە گرفتاری و پڕ لە سیحر هەڵدەگرێ و هەمیشە لە ژێر برینداربوونی عەقڵی و دەروونیدا دەژێ، کە ئەو برینداربوونەش هەستیاریی ئەو دەردەخەن بەرامبەر بەو ڕاستییانەی کە پێیان ناوێرێ و هۆیەکانی دەربڕین لە خۆکردن فریای ناکەون، بە تەواوەتی دەرك بەو مانایانە بکات کە ئازاری سەرمەدیی ئەو دەنوێنن و دەیکەنە بوونەوەرێك کە بە دەیان مانای خۆسەپێنەر و پڕ لە گرفتاری ئابلۆقە دراوە. لەوانەیە ڕانەگرتنی هاوتاییەك و تەباییەك لە نێوان ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی نووسەر، بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە و دەربڕینی لێ دەکات، ئاماژەیەك بێت بۆ ئەو ناهاوسەنگییە.

زۆرن ئەو نووسەرانەی ئەم هاوسەنگییە پڕ بایەخەیان لە دەست دا و قسە و گوتنەکانیان بوونە ئاماژەیەك بۆ کەوتنی ئەو بەهایانەی کەوا لەو دەکەن لە ناوەوە پاساوێکی بە هێزی لەلادا بێت بۆ ئەو شتانەی دەیڵێ و باوەڕی پێیانە، لەوکاتەی هەرخۆی وەك مرۆڤێك لە ناوەوە عەقڵێکی شاراوەی تراژیدی و پڕ ئازار هەڵدەگرێ. هەر کاتێك گەیشتە ئەوەی ڕووبەڕووی خۆی بێتەوە یاخود ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیە بێتەوە کە پەردە لەسەر نهێنییەکانی بیرکردنەوەی ئەو لادەدەن، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار بە ئاشکرا ئەوە بەدی دەکەین نووسەر کەسێکی هەڵخەڵەتێنەر و ناخودییە لە نووسیندا و کەسێکی واقیعی ترە لە ژیاندا، بەهەر حاڵ گیروگرفتی بە بنیاتکردن، گیروگرفتێکە هەمیشە نووسەر دەخاتە کێشە و ململانێی ناخەکی و دەرەکییەوە. هەمیشە وای لێ دەکا ئەو پێگەو سەرچاوەکانی گوتنی پەرت کات و بە بێ ئەوەی دەرك بەوە بکات، ئەو کردارانەی دەربڕین لە خۆکردن، بە شێوەیەکی گەورەتر لە باری هەستیاریدا دەربڕین لەم لێکترازانەی بیرکرنەوە دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەو بیر لەو میکانیزمانەی هێزی گوتن بکاتەوە کە دەکەونە پێش ڕووداوەوە.

سەیر نییە ئەگەر بێتو فرەمانایییەخشین بەدەق لە لایەنی ڕەخنەوە پەردەپۆشیکردنێکی نەزانانەی ساتە لاوازەکانی نووسەر بنوێنێت کە تیایدا نووسەر وەك مرۆڤێکی ئاسایی و ڕۆژانەیی دەردەخەن. چونکە نهێنیی زمان لەوێدا دەبێ کە هەموو نووسەرێك جۆرێك لە

هـێزی گـوتـن بـەرەو دەرەوەی خـۆی لـە زمـانـدا دەنـوێنـێ. ئـەو هـێزەی نـاچـێتـەوە سەر ئاستەکانی فۆنەتیك و تەنانەت سیمانتیکیش، بەڵکو دەچێتە سەر جۆرێك لە بیرکردنەوە کە ئاستەمە پەیوەستێکی گیانی و قووڵی بە هەستیاریی شاراوە و واقیعی خۆیەوە هەبێ. ئـەمـەش خـۆ گـۆڕیـن و خـۆ مـەسخکردنـی نووسەرە لـە دوو تـۆێی ئـەو خـەڵقـەندە و ئـەو کەسایەتی و ئەو مانایانەی بەرجەستەیان دەکات لە دەقێکی دیاریکراودا.

زۆر جار نووسەران و داهێنەران، بەوە کەیفخۆش دەبن کە خۆیان بە کەسایەتییەکی دیاریکراوی دەقەکانیان لێك دەچوێنن. ئەم خۆ حەشاردانە و ئەم خۆ مەسخکردنە لە پشتـەوەی ئـارەزووی نـووسەر، بـەوەی پـێمـان بـڵـێ کـە ئـەو، ئـەو مرۆڤـە نـییـە کـە ئێمـە دەیناسین. هەر ئەم ئارەزووەشە وای لێ دەکا، لە چوارچێوەی خوڵقاندن و دۆزینەوەی مانا، ئەو کەسێکی لە رادەبەدەر خۆ بزرکەر بێت، تاکو لەو دیوی ئەم شێوازەی گوتنەوە پێمان بڵێ، کە ئەو جیهانێکی گەورە و بەهێز لە ناوەوەی خۆیدا هەڵدەگرێ و هەر لە چوارچێوەی ئەو جیهانەوە دەیەوێ نمایش مرۆڤێکی ترمان بۆ بکات کە دیار نییە و لە سیما و خەسڵەتی ڕۆژانەیی و گفتوگۆکانیدا دابڕانێکی گەورە دەبینین، کە وا لەو دەکەن خۆی نەبێ، بەخۆ نەبوونی نووسەر حاڵەتێکی داهێنەرانەیە لە نووسیندا و حاڵەتێکی نـاڕەوشتییـە لـە هـەڵسەنگاندن و بـە جیدی وەرگرتـنی بیروڕاکـانی. هـەر بۆیە هـەموو نـووسین و گـوتـنـێك خـۆی لـە چـوارچـێوەی لـە قـاڵبدان و حـەشاردانـەوەی دۆزراوەکـاندا دەبینێتەوە. بۆچی نووسەر دۆزراوە دەخاتە حاڵەتی لە قالبدان و چوارچێوە دانەوە؟

لەبەرئەوەی ئەو دەیەوێ سیمای ڕووکەشی کردارێکمان بۆ بخاتە ڕوو کە گوتن لە ڕووکەشیبوون و بەڕووداوبوون و بە گێڕانەوە بوون بپارێزێ. ئەو دەیەوێ پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ خوێنەردا ببەستێ و متمانەیەکی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان خۆی و خوێنەردا بخوڵقێنێ کە ئامانجی سەرەکی و دواینەی ئەو هەر لەوێوە دەبێ کە متمانە بۆ ناوەوەی خۆی بگەڕێنێتەوە. ئازاری ویژدان لە گوتن و ئاراستەکردنی گوتندا، هەروەکو چۆن ئەم زنجیرە کردارانە ناچنە خانەی وشە و ماناکانییەوە. چونکە هێزێکی گەورەتر هەیە کە ئەم کارانە بەلای نووسەرەوە دەکەنە کارێکی بە شەرعیکراو و بە یاساکراو. ئەویش ئەوەیە نووسەر لە ناوەوە باوەڕی بەوە هەیە کە ئێمە بە نا کامڵی دەژین و بە ناکامڵی بیردەکەینەوە و بە ناکامڵیشی پەیوەستەکانمان بە دەرەوە و ناوەوەی خۆمان دیاری دەکەین.

سەیر نییە ئەگەر نووسەر لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیدا. زۆر جار دەخزێتە خوارەوەی داهێنان و باوەڕبوون بە داهێنان. هەرکاتێ گوشارە دەرەکیەکانی سەر عەقڵ و بیرکردنەوەی لەو ئاستەدا نەبوون وەڵامێکی تەواوی لەلادا دروست بکەن بۆ هەموو ئەو بە دواداچوون ، لێکدانەوە و پرسیارانەی کە جیهانبینی ئەو دیاری دەکەن لە بارودۆخێکی ژیانی دیاریکراودا.

هەر بۆیە بنیات وەك دوا خەونە دۆزراوەکانی نووسەر، بنیات وەك چڕبوونەوەیەکی زێدەڕۆی بیر ، بەها وبوونە جیاوازەکان، لە درێژ بوونەوە و فراوانبوونەوەیەکی بێ سنووردا ئەو ناوکە پڕ لە شەوق و پڕ لە ژیانەیە کە ڕاستیی و گەوهەری سەرجەمی پەیوەستەکانی مرۆڤ بە خۆی و دەوروبەری و بوونە جیاوازەکان دیاری دەکات. ئەمەش کاردانەوەی عەقڵی دەروونیی نووسەرە کە دەیەوێ لە نێوەی بەرزبوونەوە بۆ ترۆپکی هەرەمەکان ئەزموونی ئاست جیاواز بخولقێنێ و قەت نەگاتە ئەو ئاستەی وەك خودی ڕاستەقینەی خۆی تێڕوانینی بۆ خۆی و دەرەوەی خۆی نمایش بکات.

نوشوستیی نووسەر لەو کاتەوە دەگاتە ترۆپکی خۆی کە ئەو هەست دەکات و باوەڕی تەواوی لە لادا دروست دەبێ کە نووسین هیچ جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی خودیانەی تێدا نییە، لەو کاتەی گەوهەر و بناغەی نووسین ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خودی داهێنەردا، لەگەڵ ئەو هێزەی پێمان دەڵێ ئەوە دروستە و ئەوە دروست نییە، لەگەڵ ئەمانەشدا دەوری ڕەخنە بە تەواوەتی دەورێکی ڕووبەڕوو بوونەوەی داهێنەرانەیە کەوا دەکات پەردە لەسەر هەموو ئەو هێزانە هەڵداتەوە (لە چوارچێوەی زماندا) کە وایان لێی کردووە بە تەواوەتی دەرك بەم ئازارەی ناوەوەی بکات. هەروەها پەردە لەسەر هەموو ئەو حەشاردان و شاردنەوانە هەڵداتەوە کەوا لە نووسەر دەکەن پەردەپۆشی و بە یاساکردنی شاردنەوە، لەلایدا دەکەنە هۆیەك بۆ شێوازی ڕووبەڕوونەبوونەوە لەگەڵ خۆدا.

هەر بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نووسەر وەك دەقنووسێکی داهێنەر، هەمیشە لە گەردوونێکی مەرجدار و نا ئازاددا بیر دەکاتەوە. هەمیشە لە فەزایەکدا زمان دەخولقێنێ کە فەزایەکی پڕ لە ئازار و ئابلۆقە دراوە، کێ دەزانێ لەوانەیە هەموو ژیانی ئێمە و بیرکردنەوەمان شێوازێك بێت لە حەشاردان و شاردنەوەی ڕاستیی بوون؟...
کۆواری بیاڤ –٢٠٠١–

## کێشەی بنیات وەك بوونێك

یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی پەرەسەندنی بنیاتگەری و پاش بنیاتگەری و تا پاش نوێخوازی، کامڵنەبوونی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە جۆر بەجۆرە فرەخاسییەتانەیە لە کرۆکێکی شمولیی وادا، کە گەورەترین تەبایی بخاتە خوێندنەوەی ڕەخنەیی، بەتایبەتی لە خوێندنەوەی دەقە جیاوازەکانی بواری ئەدەب و ڕاگەیاندن و کەلتووری کۆن و نوێی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤەوە.

لێرە بە دواوە مەبەست لە دەق هەموو جۆرە نووسراوو نمایشکراوێك دەگرێتەوە کە بۆی هەبێ بنیاتێك بگرێتە خۆی.

هۆی سەرەکیی ئەمەش وردبوونەوەی قووڵە لە زمان و پێکهاتەکانی، بایەخدانێکی زێدەڕۆ بە جیاکردنەوەی مانا لە ناوەڕۆکی دەقەکان و گرنگیدانێکی گەورە بەو چۆنێتییەی مانا و میکانیزمەکانی زمان پێك دێنن لە بنیاتگەریدا. هەروەك لابردن و ڕەتکردنەوەی هەموو دەسەڵاتێکی چەسپاو بایەخدانێکی گەورە و بەرفراوان بەشتە پەراوێزییەکان لە چەمکی پاش نوێخوازی، ئەمانە ئەو ناوەندانەی کارکردن بوون کە بوونە مێژوویەکی لێکدابراو لە ناخەوەو پێکگەیشتوو لە ڕووکەشدا بۆ چۆنێتیی پەرەسەندنی توێژینەوەی ڕەخنەیی، لەگەڵ چەندین سیمای وێکچوو و وێکنەچوو لەو چۆنێتییەدا. ئەوەشی لەم نێوەندەدا کەوتە پەراوێزی لێکۆڵینەوە جۆر بەجۆرەکانی بایەخی بناغەیی و یەك لاکەرەوەی بنیاتەکانی دەق بوون، وەك تاقە بوونێکی شمولی ، کامڵ و سەرتاپاگیر بۆ هەموو جۆرە جووڵە ، وێنە ، شێوە، مانا و دینامیکییەتێکی ئاڵوگۆڕکارو لە دواییشدا، هەروەك دەرەنجامێکی کۆتایی و لە هەمان کاتدا کراوە بۆ هەموو پێکهاتەکانی دەربڕین لێکردن، شتێکی ئاساییە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەبارێکی لەم شێوازەدا بڕوات لەو کاتەی سەرجەمی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان پێش دەرکەوتنی تەوژمە نوێیەکانی بنیاتگەری و نوێخوازی، جیهانی بابەتیان دەکردە کرۆکی هەموو لێکۆڵینەوەکان.

لە ڕاستیدا ئەگەرچی پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕەخنەدا بە شێوازێکە کە هەمیشە لەسەر بناغەی دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوە دووسەرەیییەکانی بوون داڕێژراوە.

بەڵام هەروەك دەبینین پەرەسەندنی ڕەخنە لە هەمان كاتدا بەربەرەڵاییەكی نەگۆڕو كراوە بە وردبوونەوە لە بەش بەش كردنی ئەو لێكۆڵینەوەیە دەكەوێتە بەرچاو. ئەمەش دەرخستنی لایەنێكی گرنگی ئەو تەوژمانەیە كە لەسەر كەلاوەی جەستەی یەكتری ڕەگەكانیان دادەكوتن و بەبێ ئەوەی پەیوەستە بناغەییەكانی پێكگەیشتنەوەیان دەرخرێت. بەبێ ئەوەی لە تواناندا بێت بەشێوەیەكی تێكەڵی و پەرەپێدانی بنیاتنەرانە، پەیوەستە زیندووەكانیان بچەسپێنن. پەرەسەندنی كەلتووره جیاوازەكانی ڕەخنە هەموو كاتێك لە هەڵوێستێكی دیاردەیی بەناو نوێخوازییەوە كەلتووری پێش خۆیان ڕەت كردووەتەوە، تا گەورەترین خوێندنەوەو متمانەی خوێندنەوە بۆ خۆی دابین بكات.

لەگەڵ ئەمەشدا بنیاتگەری گۆڕانكارییەكی مەزن بوو دژ بەو چەقبەستنەی لە ناوەڕۆك و ماناكاندا جەختی لەسەر دەكرا و هەموو ئاسۆیەكی پێكهاتی زمانەوانی و بنیاتداری لە خۆی دادەخست. ئەمەش وای كرد لێكۆڵینەوەی كلاسیكی لە ڕەخنەدا نەتوانێ جیهانێكی تەباو یەكگرتوو بەسەرجەم پێكهاتی دەقێك ببەخشێت.

هەروەك چۆن بنیاتگەردش نەیتوانی لەسەر باوەڕەكانی خۆی یا لێكدانەوەكانی خۆی گەورەترین و فراوانترین بۆچوون لەسەر بنیاتەكانی زمان دەربڕێ و بە تەواوەتی بتوانێت هەموو لایەن و مەوداكانی بنیات بخاتە ژێر پرسیارەكانی زمان و بیركردنەوە و ئەو جیهانەی لە كارلێكی ئەو دووەوە پەیدا دەبێ. ئەمەش نوشوستیی خستە كەلەبەرەكانی لێكۆڵینەوە، كە چەمكی نوێخوازی و پاش نوێخوازی گەڕانەكانی هەموو داخستنێكی وێنەیی بوونیان داخست و هەموو ناوەڕۆكێكیان یا هەموو مانایەكیان وەك بوونێكی خام و سەرەتایی لەقەڵەم دا و بەمەش ئاسۆیەكی بەربەرەڵا و دانەخراویان بۆ خوێندنەوە خستەڕوو.

گرینگی و بایەخی پێداچوونەوەی نوێخوازیی ڕەخنە لەوەدایە وەك كەلتوورێك پەرەدەسێنێ كە بە هیچ شێوەیەك بوون بە هەموو ماناكانییەوە ناخاتە تێڕوانینێكی داخراوەوە. ئەمەش لابردنی دەسەڵاتی هەموو چەمك و باوەڕێكە كە بۆی هەبێ بەبێ ئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارو گومانەكان بداتەوە، بانگەشەی داخستنی هەر باوەڕو پێكهاتێك بكات بۆ بوون. ئەو بوونەی دەشێ لە ئاخاوتنی دەقێكدا بێت، هەروەك چۆن دەشێ لە ناخی زمانێكی دیاریكراوی بوونێكدا بێت، هەروەك چۆن خوێندنەوەیەكی جیاوازی هەموو ڕووەكان و هەموو گۆشەكان و هەموو لایەنەكانی بوونە. بەتایبەتی لە دەقەكاندا. هەروەك دەزانین پێكهاتی بیرو زمان و سیستەمە جیاوازەكانی بنیات،

جیهانێك لە دژ بەیەکی و وێکنەچوون دەخوڵقێنن. ئەمەش ئەوەندەی گەڕانێکە بە دوای باوەڕێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە، بۆ نووسین وەك ڕێکخستنی بیرو زمان، گەڕانێك نییە بەدوای هیچ یەکێك لەو مانا و پێکهاتە زمانەوانییانەی لە وتنەوەی بەردەوامدا، لە بڵاوترین ناوەندەکانی ڕۆشنبیری بەداموەزگا کراودا، دەربڕینیان لێ دەکرێ.

لێرەوە دوو ئاراستەی جیاواز لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتنە کایەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەی بە شموولییەتێکی ڕەهاوە بایەخی بە هەموو بوونێك داو بەسەر تاکڕوانین بۆ بووندا بازی دا، لێرەوە پرسیارە سەرەتاییەکانی ڕەخنە لە پێگەیەکی تازەوە پەرە بە پرسیارە کۆنەکانی خۆی دەدات و نزیکبوونەوەیەکی تر لە نێوان ڕێچکەیەکی بەیەکگەیشتوو دروست دەبێ. لەوانەش ئاخۆ مانا لە دەرەوەی زمان هیچ بنیاتێك هەڵدەگرێ؟!

ئاخۆ بنیاتی ماناکانی بوون بۆیان هەیە لە پۆلێنکردن و دیسپلینکردنی زمان و ڕێکخستنی زمانەوانی و کارلێکەکانی دەردەچن؟! ئاخۆ بنیات دەگاتە ئاستی بوونێکی زانراو لەو کاتەی لەو ڕێکخستنە باوەی زمانی نووسین و ئاخاوتن دەردەچێ؟! ئاخۆ مانا لە دەقێکدا کۆتایی باوەڕی ناوەڕۆکێکە یاخود مانا کۆتایی بوونێکە بۆ زمان؟!.. ئەمانەش پێوەندییان نییە بەو ڕاڤە کلاسیکی و بەو ئازادییەی بۆ بوونی زمان و ئازادیی زمانی دەکرێن، هەروەك ئەو بەرپەرچدانەوانەی بۆ بنیاتگەری دەکران. لە ڕاستیدا پرۆسە و کاری ڕەخنە هەمیشە لە نموونەیەکی بالای کۆمەڵە باوەڕێکی بناغەییەوە دیسپلینی لێکدانەوەی خۆی کردووە، بەدرێژایی پەرەسەندنی.

وەك پۆلێنکردنێکی بەرایی، بنیات سەرچاوە گرتنێکی کێشەداری هەموو بوونێکە، لە زمان و مانا، لەو کاتەی پاش چۆنێتییەکان، پاش تێکهەڵکێشی و قاڵببەندییەکان، پاش هەموو پەیوەستە ناوەکی و بزرەکانی دەقێك، پاش هەموو شێوە بەخشینێك یا شێوە دروستبوونێك، لە نێوانی مرۆڤ و ئەو بوونەی هەیە، باوەڕو دەقگرتنەکانی مانا لە دایك دەبن و زۆرینەیان دەچنە ژێر دەسەڵاتی دەربڕینی ڕۆژانەوە.

ئەمەی لە زماندا وەك مانا و ڕێکخستن لەو دەقگرتنە دەردەچێ، هەمیشە ئەو ڕووانەی مانایە کە دەشێ بەکارهێنانی نوێ بخاتە زمانەوە و بەرهەمی گوتارێکی ئەدەبییانەی نەوتراو دێنێ و دەشێ لە یەك مانادا چەند مانایەکی لێك جیاواز بخوڵقێندرێ. ئەمەش هەر لە چوارچێوەی بەکارخستنێکی کۆتاییپێهاتووی دەسەڵاتەکانی زمانەوەیە. ئەم چۆنێتییەی بەکارهێنانی زمان و مانا، چۆنێتییەکە خەریکە قاڵببەندیی خۆی دەکاتە

دەسەڵاتێك بۆ دەربڕین لێکردن. من چۆن بیردەکەمەوە و دەنووسم، تۆ چۆن بیردەکەیتەوە و دەنووسی، یەکێکی تر چۆن، ئەم ڕیزبەندییە باوە لە زمان و بیرکردنەوەدا، لە کەلەپووری زمانی ئاخاوتندا پەیوەستە بەرهەمهێنەکانی مانای سنووردار کردووە.

لەوانەیە یەکێك لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی نووسین لەگەڵ ئاخاوتندا ئەوە بێ، مرۆڤ لە نووسیندا بەدوای ئازادییەکی گەورەتری زماندا بگەڕێ، کە هەر خۆشی لە چۆنێتیی چوونەوە سەری دەست بردن بۆ مانا و بەکارهێنانی مانادا زمان دەکاتە ئامێرێکی پەککەوتەی دەربڕین لێکردن لەو کاتەی لە مانادا لە خوێندنەوەی هەموو دەقێکدا دەتوانین سنوورەکانی بۆ داڕێژینەوە، وەك هاوبەشیکردنێك لەو پێکهاتە ماناییانەی نووسەر دایان دەهێنێ، بۆچی بەم ئاراستەیە زمان خۆی والا دەکات، دەڵێن مانا بێ لایەن نییە و بارت ئاماژەی بەبێ لایەن نەبوونی ناوەڕۆکەکان داوە، لەو کاتەی لە زماندا ئازادییەك لەوە گەورەتر نەدۆزرایەوە کە گومان بخاتەوە سەر ئەو بۆچوونانەی ڕەخنە لە پەرەسەندنیدا هێنایەکایەوە، کە لە ناوەڕۆکدا بەربەرەڵاییکردنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاواز دەرکردنی شیکردنەوەی زمان لە هەموو چەمکە دیکتاتۆری و چەسپاوەکان، وەك باوەڕێکی بناغەیی خۆی ئاخنییە نێو ئەم بەرەو پیرەوەچوونەی ڕەخنەوە.

هەر ئەمەش وای کرد باوەڕیان بەوە هەبێ کێشەی بوون و بنیات، گرنگییەکی زۆر بالاتری هەبێ لەو ڕەخنەو جیهانبینییانەی بۆیان دەکرا، ئەمەش کرۆکی هەموو لێکحاڵینەبوونەکانی زمان و مانایە لە دەقێکی نمایشکراو و نووسراودا، کە لە هەمان کاتدا ئاماژە بە پەرسەندنێکی نا سروشتیی پەرە سەندنی دیدی ڕەخنەیی دەدات و ئاماژە بەل ێکحاڵینەبوونێکی گەوهەری دەدات. چونکە کێشەی بوون وەك بنیاتێك لە زمان و مانادا کۆتاییەکە لە داخستنی هەموو ئەو سنوورانەی گومانێکی تازە دەگرنەوە خۆیان و وا دەکەن لە گومانەکان بەدوای ڕاستییەکدا بگەڕێین و لە ڕاستییەکاندا بەدوای گومانەکاندا بگەڕێین. چونکە هەموو بوونێك ناچێتەوە سەر چۆنێتییەك لە بیرکردنەوە و لە چۆنێتیی داڕشتنەوەو دروستبووندا، ئەمەش دەرکەوتنی گرینگییەکی تری ڕوانینی ڕەخنەییە، لەو کاتەی لە پشتەوەی هەموو بوونێکدا، چەندێك ڕاستی و یەقین هەڵگرێ، گومانێکی پڕ لە شڵەژان خۆی دەخاتە بیرەوە. لە گومانەکانیشدا بەدوای کپبوونەوەی شڵەژانەکاندا دەگەڕێین.

ئەگەر بێتو کۆتایی هەموو گەڕانێکی زانستی و مەعریفی لەوەدا سەرچارە بگرن،

بوونێك بەرجەستە بكەن، ئەوا لە نمایشكردنی بیردا بوونێك لە دایك دەبێ كە سروشتێكی دووسەرە و دوو ڕەگیی هەیە لە كەرەستەكان و لە بەرهەمەكاندا، ئەمەش سروشتێكی جاویدانیی ئامادەبوونی مرۆڤە كە هەمیشە دەبێتە ناواخنێك لەم بوونەی دەرەوەی خۆیدا، ئەمەش ڕوونبوونەوەی سروشتی بنیاتی دوو سەرەیە پەیوەست بە بوون و ئەو كێشانەی مرۆڤ وەك دیسیپلینكردنێكی هێزەكانی خۆی جیهانبینییان بۆ دەكات.

كە سەیری جیهان و مرۆڤ دەكەی دەڵێی، كەوتووەتە قامیشەڵانی ڕێكخستن و دیسیپلینكردنێكی بەردەوام و پەرەسەندووەوە، كە بەشێوەیەكی زۆر دیكتاتۆرییانە چۆنێتییەكان بۆ بیركردنەوە دیاری دەكات، كە سنوورێك بۆ هەموو تێڕامان و نمایشكردنەكانی دادەڕێژێ و ئەوسا لەو دیوی هەموو ڕووداوەكانەوە تۆ تێ دەفكری. دەبێ دەوری شتەكان وەك ناوەندی گشتگیری ماناكان چی بن، مرۆڤ ناتوانێ لەو كاریگەرییە مێژوویی و لەو چۆنێتییە زاڵەی بیركردنەوەی دووسەرە؟ دەربازی بێ، هەر ئەمەش كەلەبەری هەرەگەورەی سیما گەوهەرییەكانی هەموو چالاكییەكانی مرۆڤە بەرامبەر بەبوون، تەنانەت لە ئازادترین و لە دەربارەی بوونترین ساتەكانی بیركردنەوەدا، چونكە لە ڕەتكردنەوەی هەر كولتوورێكدا، داخوازی كولتورێكی نوێ دەكرێ، كە هەموو كەرەستەكانی خۆی دەگۆڕێ و كەرەستەی نوێ دێنێتە كایەوە. دەسەڵاتێك چرووك دەكا و دەسەڵاتێكی تر نمایش دەكات. نەخێر ئازادیی چالاكییەكانی مرۆڤ، ئازادییەكی درۆزنە و هەڵخەڵەتێنەرانە و سارێژكەرانەی خۆیەتی كە لەو كاتەی بەرە و ڕووی شەرعییەتپێدان دەبێتەوە، خودی ئازادی دەكرێتە دەسەڵات. ئەمەش ناتەباییەكانی بوونێكی شاراوەمان بۆ دەردەخات بەرامبەر بە بوونێكی تر كە مرۆڤ لە ئازادی و گەڕانی بەدوای ئازادی دەیەوێ سنوورەكانی نێوانیان بسڕێتەوە و كۆتاییان پێ بێنێ.

لە پشتەوەی هەموو ڕەتكردنەوەیەكدا، دەسەڵاتێكی دیكتاتۆری ڕەت نەكراوە و باو خۆی نمایش دەكات. چونكە خودی ئەو بوونانەی بە هەر لێكدانەوەیەك دەبەخشرێ لایەنگیرییەكی خودی و بابەتی دەور لە داڕشتنەوەی بیردا دەبینن و وا دەكەن ئێمە لە سیستەمێكی باوو بوونێكی باوی تردا بژین، چی بوو ئەم بوونە، كۆتاییەكی نە لە ئازادی و نە لە دیسیپلینكردنەكاندا نەبینییەوە؟!

هەموو دەسەڵاتێكی مەعریفی لەسەر گۆڕستانی دەسەڵاتێكی تردا بارگاوی دەبێ، ئەمە گۆڕینەوەی ئازادییەكانی بیركردنەوەیە لە نێوانی مردن و لەدایكبوونەوە، بەڵام دەشێ

لەدایكبوونەوە و مردنیش بخاتە یەك ساڵی بوونی مرۆڤەوە. ئازادیی بوون، بە هەمان بڕ و بە یەكسانی، ئازادی و مردنەكانمان بەسەردا دەبارێنێ. بوون، دەربڕین لە فەزایەكی بێ مانا دەكا، بەڵكو دەربڕین لە میكانیزمی دابڕانێكی گەورەی نێوان بیركردنەوەی مرۆڤ و دەربڕین لێكردنی دەكا، لەو كاتەی هیچ خواست و ئارەزوویەكی تاك بنیاتیی مرۆڤ لەم بوونەدا ناتوانێ جیهانێك بخاتە بیرەوە كە تێیدا، مێژووی بە ئەقڵانیبوونی مرۆڤ و لێكدانەوەكانی بخاتە قاڵبێكی گەش و باوەڕێكی نەگۆڕ بۆ بیركردنەوەو لابردنی كولتوورێك و خواستن و داهێنانی كولتوورێكی تر لە هەر كولتوورێكیشدا كەڕنەڤاڵێك بۆ ئازادی نمایش دەكرێ، ئەمەیە میراتی هەموو بوونی مرۆڤ كە هەمیشە لە ترس و ڕاڕایی و نایەقینییەكانیدا دەڕوانێتە گەردوونێكی بەربەرەڵاو دیكتاتۆر.

بێشك سروشتی مێژوویی پەرەسەندنی بیری ڕەخنەیی لە ناوەڕۆكی بەر پەرچدانەوە و چەسپاندنی چۆنێتییەكی تردا سەقامگیر دەبێ. كوانێ ئەو ڕاستییانەی بە تەواوەتی و بە بێگومان دەمێننەوە. كوانێ ئەو گومانانەی ڕاستییەكی ترمان لە دەرەوەی باوەڕەكاندا بۆ دێننەوە. بڕوانە ئەو میتۆدانەی وەك دەسەڵاتێك ئازادیی بیركردنەوە بەرهەم دێنن، بڕوانە ئەو ناوەندە پڕ لە فرتوفێڵانەی بیركردنەوە كە تا ڕادەی گەداییكردنی داكۆكی لە بوونی پڕ گومانی خۆیان دەكەن، لە كۆتایی هەموو گەرداوێكی بیركردنەوەدا، لەناوەوە، لە گەردیلە هەرە لە بیركراوەكانی بوونەوە، بوونێكی تر ڕووی خۆیمان نیشان دەدا. ئەمەیە ناوەڕۆكی هەموو ئازادییەكانی بیركردنەوەو ئیلهام و ئینجا كە مرۆڤ دەخاتە گێژاوێكی دوو سەرەی ئامادەبوونی خۆیەوە لە بوونی خۆیدا، ئامادەبوون خۆی لە خۆیدا لایەنداریییەكی ڕەهای گومانەكانی مرۆڤە، ئامادەبوون خۆی لە خۆیدا مێژوویەكی پڕ لە نەفرەتی و تاراوگەیییە. ئەم هەستانە لە ناوەوەی هەرە قووڵی بوونماندا بانگمان دەكەن. ئاماژەی نەبینراوی خۆیان لە یەقینترین و گەشاوەترین ساتەكانی بە ئەقڵانیبوونمان دەوەشێنێ. تازە بووە ئەو تاراوگەیەی بە هەموو جۆرە ئازادییەك هەڵمان دەخەڵەتێنێ، چونكە لە ناخی خۆیدا ئەو بوونە بوونێكی لێكدابڕاوە و بە یەكسانی، مانا تەبا و دژ بەیەك ، نایەكسان و هاوئاستەكانی خۆی دەخاتە زەینمانەوە. لێرەوەش گومانەكان دەبنە سڕكەری هەموو ڕاستییەكانی بوونی مرۆڤ و بوونی زمان و بوونی شتەكان.

ناهاوسەنگی گەڕانەكانی ڕەخنە و بەڕەوا بینینی تەنیا گۆشەیەكە، قەت لە چەسپاندنی دەسەڵاتێك بەدەرنییە، ئەمەش هەروەك ئەو داب و دەستووره عەقڵییانەی زانینە كە

ماوەیەك دەمێنێننەوە و دوایی لەبەردەم كرانەوەیەكی تری جیهانبینیدا، پاشەكشێ دەكات، هەموو خولْقاندنێك هەموو ئاخاوتنێك هەموو ڕاڤەكردن و شیكردنەوەیەك، هەر لە ژێر تارماییيەكانی بوونێكی دیاریكراودا دەبێ ئەو بوونە هەر چۆنێك بێت، بوونێكی داخراوە، لە هەمان كاتیشدا بوونێكی تەبایی و گونجان پێشنیاز دەكات، دیماگۆژییەتی بیركردنەوە دوور نییە لەو پۆلێنكردنەی هەر بەدەستی خۆمان كفنەكەی بۆ دەدوورین، ئەمەش دەمانباتەوە سەر بابەتێكی تر یا ڕوویەكی تری خوێندنەوەكانمان. هەروەك دەبینین ڕوانینی ڕاڤەیی بەدووی ئازادییەكی گەورەتردا دەگەڕێ، لەو كاتەی هیچ مانایەك ناكاتە ناوەند جگە لە ئازادیی بیركردنەوە نەبێ لە كۆمەڵە باوەڕێكی نوێ. لەگەڵ ئەمەشدا تاك بنیاتی لەدایك بوو لە نێوانی هەموو بنیاتە دووسەرەكانی بوون، وەك بوونێكی بێ لایەن ئەو ئازادییە سەراو ژێر دەكاتەوەو درۆكانی بە ئەندێشە بوونی بیركردنەوە دەخاتەڕوو.

لە ڕاستیدا چەسپاندنی فرە ڕاڤەیی و فرەمانایی لە دەقەكاندا تەنیا دوو گریمان دەخاتە بیركردنەوەمان، كە یا دەبێ مرۆڤ لە دەربڕین لێكردن لە هەموو مانایەكدا، نەتوانێ بەتەواوەتی پەی بە هیچ بوونێكی ڕاست بەرێ، یا ئەوەتا مرۆڤ ناگاتە ئاستی هیچ ڕاڤەیەك بۆ بۆچوونی خۆی. ئەمەش بەرەو كێشەی دەق و مانامان دەباتەوە. دەق ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك لە زمانی نووسیندا یەك بنیاتی بخاتە سەرەوەی خۆی، واتە سەرەوەی بەكارهێنراوەكان، دەق قەت ناتوانێ لە دەرخستنی ناوەڕۆكێكدا بە یەك لای هەر بنیاتێك دنیا بخوێنێتەوە. چونكە ئامادەبوون وەك ناوەڕۆك، ئامادەبوون وەك چەمكی گشتگیر، خۆی لە خۆیدا شایەتی لە هەموو حاڵەتێكی شێوەگۆڕ دەدات.

هەر ئەمەش وامان لێدەكات بیر لەوە بكەینەوە كە زمان چیتر مانای جاویدانی و نەمری لە خۆیدا هەڵناگرێ، بەڵكو تاقە جاویدانییەك لە بوونێكی سنووردار و مردوودا، تەنیا هەر جاویدانیی گرفتارییەكانی مانا و ڕێكخستنی مانایە، كە چەندین نەوەی بە خۆیەوە بەستۆتەوە. ئەمەش گەڕانەوەیەكە بۆ بیركردنەوە لە دوو سەرەیی بوون و ئامادەبوونی مرۆڤ وەك بوونێك لە بوونێكی دیكەی ناوەوەو دەرەوەی خۆی. ئەوەی هەمیشە دەمێنێتەوە لە پشتەوەی هەموو گوتراوو نووسراوێكدا، ئەو نهێنییە نەزانراوەیە كە گەورەترین گرفتاری لە كاری دەربڕین لێكردندا دەگرێتە خۆی كەوا دەكات هەموو دەقێك بەشێوەو خەسڵەتی جیاواز نمایشێكی ڕەهایانەی دوو سەرەیی بنیاتی خۆی بكات، وەك سەقامگیربوونێكی دابەشبوو، واتە وەك تەنیا گۆشەیەك لە كونجی دەقەوە. ئەمەش بێ شك

ڕاستییەکی گەورەی هەموو دەقێکە، نەك ڕاستییەکی دیکتاتۆر. چونکە ڕاستی تەنیا بۆ بوونێکی شموولی و گشتگیر و پڕ لە سیحری درۆکانی گرفتاری بوونە، چونکە ڕاستی ئەو ڕاستییە نییە کە تەنیا باوەڕێکی دیاریکراومان لە لادا دروست بکات.

تاقە ڕاستییەك بۆ بوون لە گوتن و نووسیندا، هەر ئەو ڕاستییانەن کە ناتوانین دەربڕینیان لێ بکەین و وەك برینێکی ئەزەلی لە خانەکانی بیرکردنەوەماندا دەژین. دەق تێکەڵەیەکە لە هەموو گێرەشێوەێنییەکی زمان و بیرکردنەوە، تێکەڵەیەکە لە ساتە جیاوازەکانی ڕوانین و دنیابینینی جۆراوجۆر، تێکەڵەیە لە هەموو دژ بەیەکییەکی فرتوفێڵی لەبەر چاوی نووسەر. گێژاوێکە لە مانشێتی مانا و ناکرێ باوەڕ بە هیچ ڕستەیەکی گوتراوی زمان بکرێ وەك تاقە ڕاستی و تاقە باوەڕێك کە بەرامبەرەکەمان ئاراستەمانی دەکات.

ئەمەش بێشك ئەوە ناگەیەنێ کە دەق هەر خۆی شایەتی لەو ساتانەی خۆی نەدات، کە دەق وەك باڵۆنێکی پڕ هەوا بەدەرزییەك نەتەقێتەوە، لەو کاتەی دەگەینە ئەو ئاستە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە کە مانا ڕووکەشەکانی سەرەوەی زمان بایەخیان تەنیا لەوەدایە ببنە ڕوویەك بۆ خوێندنەوەی جیاوازو دەق نەگرتوو. هەر بۆیە، مانا ڕووکەشەکانی دەق، بنیاتی مانای جوولانەوە و هەندێك جار دژبەیەك و هەندێك جاریش تەبا دەخەنە دوو توێی خۆیانەوە. پەیوەست بە جیهانبینیی دەقەوە کێشە گەوهەرییەکانی دەق، ئەو کرۆکە بابەتییانەن کە دەتوانن بە جارێك فرە خوێندنەوەیی بە دەق ببەخشن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو ئەو کێشانە کە پەیوەستەکانی بنیات دروستی دەکەن دەق لەو گێژاوەدا بهێڵنەوە، بەڵکو بۆی هەیە پانتاییەك بن لە خوێندنەوە، بۆ دیاریکردنی چۆنێتییەك لە چوونەوە سەری دیکە. ئەمەش کردنەوەی زۆر لە دەرگاکانی گەڕانەوەیە بۆ مانای سەربەخۆی دەق، ئەمەش بێشك کۆتاییەکە بۆ هەموو سەرەتاکانی «ڕێکخستن، پێکداهاتنی مانا، لێکترازانی مانا، هەڵوەشانەوەی مانا، شێوازەکانی بەڕووخستنی مانا، دەقگرتنی مانا، دژ بەیەکیی مانا، تەبایی مانا... تاد».

دەق، لە هەردوو ئاستی ماناو ڕێکخستندا گۆڕانکاری دەخاتە بنیاتەکانی خۆیەوە، لە هەردوو باری وێکگەیشتنی بیرو زماندا. لەگەڵ ئەمانەشدا بەکارخستنی یا چۆنێتیی کەوتنەوەی مانادا نییە، بەڵکو دروست وێنەی سەربەخۆ و پێنەگیر لەو چۆنێتییانەی مانایان لێ دەکەوێتەوە، جیهانێکی تری سیحرەکانی نووسینمان بۆ دەردەخات، کە نووسەر تێیدا هەندێك جار دەسەڵاتی بەسەر ئەو چۆنێتییەوە لە دەست دەدات و ئەو کاتە

دەقی زیندوو لەو چۆنێتییانە ساتەکانی گەشانەوەی خۆی دەردەخات، ئەو ساتانەی سەرسام دەبی بەوەی لەوەندە وشەدا وێنەی وا دەخولقێن تەنانەت لە خودی زماندا بوونیان نییە. لەو زمانەی بەردەوام بەرەو ئاستێکی جێگیرو دووبارەی مانامان دەبات و وتن و نووسین دەکاتە ڕێگەیەك یا ئەندێشەیەك لە سوانەوەو پووکانەوە.

دەسەڵاتی زمان لە ڕەگەز و پێکهاتە زمانەوانییەکاندا نییە، واتە لەو ناوەڕۆکە بەرجەستەکراوانەی دەیخاتە سەرەوەی دەق، بەڵکو لەو وێنەو حاڵەتە بەربەرەڵا و دەسەڵات نەکراوانەدان کە بەرەو ئاستێك لە مەستی و گرفتاری زێدە ڕۆمان دەبەن، کە زۆرجار جووڵەیەك، وشەیەك و ڕستەیەك هەموو ئەو گەشانەوەیە دەگرێتە خۆیان و هەست دەکەی تۆ بەرەو ڕووی وشەیەك، یا ڕستەیەك، دەبیتەوە کە بە هەموو بوونێکی پڕ لە دەلالەتی وێنەیی بارکراوە و چیتر ماناکانی تر ناتوانن لە دەقدا ببنە ناوەندو ببنە دوا وێستگەکانی بیرکردنەوە، چونکە هەموو ئەم بەناوەندیکردنانە لە بیرکردنەوەدا کۆتاییەك بۆ لەدایکبوون و سنووربەندیکردنی ئەو مانایانە دادەنێن و هەموو دەرگایەکی دەسەڵاتی زمانت لێ دادەخەن.

ساتەکانی گەشانەوەی ناوەند و کرۆکەکانی مانا، ئەوە نییە گەڕان بە دوای مانا کۆتایی هەموو پێداچوونەوەیەك بێت بۆ بیرکردنەوە، لەو ساتەی خوێندنەوە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا سستییەك دەخاتە بیری ڕەخنەوە، بەڵکو ئەوەی لێرەدا گرنگ و خاڵێکی ئاڵوگۆڕکاریی زایەندی و بەردەوامە، ئەو ساتانە وات لێ دەکەن تۆش هەروەك خولقێنەری دەق، تۆش هەروەك گەشاوەیەکی گومڕاو چێژ وەرگر، بەرەو ڕووی یا ئاوێزانی ئەو حاڵەتانەی نووسین بیت کە نووسەر بەرهەمی هێناون، ئەگەر دەقێك خوێندنەوەی لەم بابەتانە نەگرێتە خۆی بێشك دەبێتە ناوەندێك بۆ مانا بە تەبا کراوو دیسیپلینکراو و ڕووکەشەکان هەر ئەو دەقانەشن ڕێگە لەبەردەم خوێندنەوەی بەرهەمهێن دەگرن، بەڵام ئەو ساتانە چۆن لەلای نووسەردا لە دایك دەبن؟! زمان و بیر هەمیشە لە ژێر جڵەوی کۆمەڵە کاریگەریکردنە سەرێکی دەروونی و نامۆیی و ترس و ڕاڕاییدا دەبین، ئەمەش پێوەندیی نییە بەو ناوەڕۆکەی کە نووسەر بەرهەمی دێنێ، چونکە هەروەك وتمان لە نووسیندا دابڕانێك لە نێوانی وتراوەکانی نووسەرو وێنە بەرهەمهێنراوەکانی مانادا دێتە کایەوە. هەر لەبەر ئەمەشە دەقە دەوڵەمەندەکان،، دەقە گەییوەکان، بە ئاسانی ئەو حاڵەتانە نادەنە دەستەوە لێرەوە خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ دەکرێتەوە کە بەهۆیەوە دەتوانێ بچێتەوە سەر حاڵەتی دوو

سەرەیی ماناکان و کاری نووسینەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ساتەکانی گەشانەوەی وتراوە و دەربڕین لە بەهێزی و خۆنەدانە دەستەوەی دەق دەکات. لە هەمان کاتدا دەربڕین لە ساتێکی لاوازیی خۆی دەکات. بەو پێیەی نووسین وەك دەرەنجامێك پاش تۆمارکردنی هەموو حاڵەتەکانی خۆی، وێنەکان لە جووڵاوەترین باریدا سەقامگیرییەکی نەگۆڕ، دەگرێتە خۆی کە ئاماژەیەك بە تەواوبوونی دەورەکانی خۆی دەدات. هەر ئەمەشە وامان لێ دەکات باوەڕێکمان لەلادا دروست بێت کە زمان، هەموو زمانێك مردنێك لە خۆیدا هەڵدەگرێ و بەڕوونترین شێواز پاش تەواوبوونی دەورەکانی، دەستبەرداری هەموو، هەموو وێنە و بەرهەمەکانی خۆی دەبێ.

ڕاستە ئێمە زمان دەخوێنینەوە، بەڵام خوێندنەوەی زمان مەبەستێك نییە لە خوێندنەوە، بەڵکو چاوەڕوانییەکە بۆ گەیشتن بە کرۆکە گەوهەرییەکانی نووسین کە بەجارێك ئاماژە بەهۆکارەکانی هاتنە ئاخاوتنی خۆی دەدات. بۆچی نووسەر بەم شێوەیە بیردەکاتەوە؟ بۆچی نووسەر بەم شێوەیە دەست بۆ مانا دەبا؟! بۆچی نووسەر بەم شێوەیە بیر لە زمان دەکاتەوە؟! ئەم پرسیارانە دەمانبەنەوە سەر ساتێکی تری نووسین کە ئەویش ساتە ڕەشەکانی ماتبوونی مانایە لەو قاڵبانەی چیتر نووسەر ناتوانێ پەرەیان پێ بداو لەو ئاستەی دەربڕینی لێکراوە بیانخزێنێتە گۆشەی تازەوە. زۆربەی جارەکان دەقە هەرە بەهێز و ئاڵۆزەکان، ئەو ڕستانە دەگرنە خۆیان ئەو وشانە دەگرنە خۆیان کە وەستانی بیرکردنەوە دەنوێنن لەو سەرکێشییانەی دەکەونە کاری نووسینەوە. لە چوارچێوەی زمان و مانا و ڕێکخستنەوەی هەموو دەقێك. هەموو وتراوو نمایشکراوێك لە ناخی خۆیدا ئەو ڕستانە هەڵدەگرێ کە شایەتی لەو قاڵببەندییەی نووسین و بیرکردنەوە دەدەن، لەوکاتەی نووسەر چیتر ناتوانێ بەیەك ئاستی نووسینی بەردەوام ماناکان لە زماندا بپارێزێ و داکۆکی لە نوێبوونەوەی خۆیان بکەن وەك دەسەڵاتدارێك و وەك خوڵقێنەرێك.

هیچ دەقێك لە هیچ زمانێکدا ناتوانێ زمان بەیەك ئاست لە مانادا بەکاربێنێ و هەموو دەقێك لە هەموو زمانێکدا ئەو ساتە ژاکاوییەی خۆی لە ناخیدا هەڵدەگرێ، کە ڕەگی ئەو جیاوازبوونەش لە هەردوو ئاستی مانا و چۆنێتیی وتنی ماناکاندا، ڕەنگ دەداتەوە و خوێنەری گرفتارو ڕەخنەیی دەتوانێ بچێتەوە سەر ئەو هۆکارانەی وایان لە نووسەر کردووە، بەم شێوەیە دەربڕین و داکۆکیکردنی لە مانا، بخاتە کاری نووسینەوە. زۆر جاریش ئەو دەقانەی دەوڵەمەند و فرە مانا و تێك ورووژاون، بەرهەمێك دەخەنە ماناوە کە تەنیا وەك ئاماژەیەك، تەنیا وەك کلیلێك بۆ کردنەوەی بوونێك بەکاردەخرێن کە لە

خودی ئەو زمانەدا، کە لە خودی ئەو مانایانەدا نین کە لە دەقدا هەن .هەر ئەمەش دەمانباتەوە سەر لێکترازانی دەق و جیابوونەوەی هەموو وتراوەکانی دەق، یاخود هەموو بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق، لەگەڵ ئەو بوونە بێ نموونەییەی دەبێتە زمانێکی تر لە دوو توێی بنیاتێکی دیاریکراو و ئەفسووناویدا، بەڵام کرداری بە بنیاتبوونی مانا و گۆڕانکاریی ماناکان چ دەورێك لە دەقێکدا دەبینن؟!

لە هەموو دەقێکدا داوێکی باریك و سیحری باڵ بەسەر چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان و ماناد‌ا دەگرێ. لە ژێرەوەی ڕستە و ماناکاندا هەست دەکەی ئەو داوە باریکە بزوێنەری چالاکانەی هەموو ڕستەو دەستەواژەو پەیوەستەکانی نێوانیانە. ئەو داوە باریکەیە کە وا دەکات هەموو وتنەکانی نووسەرێکی دیاریکراو هەموو ماناکانی، هەموو تەکنیك و گەمەکانی، بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو داوە باریکەوە و هەروەك چۆن کاریگەرییەکە وا دەکات هەموو پاساوو هۆیەکانی و بێهوودەییەکانی نووسین و پێشنیارو بەرچاوخستنەکانی پێوەندییەکی شاراوەی یەکگرتوو لەگەڵ یەکدا دروست بکەن و بەسەر هەموو وەستان و لێکترازانەکاندا نووسەر بە ئاسانی تێ پەڕێ و وەك ئەوەی بڵێی زمان جڵەوگیر بووە و هەر ئەو کاریگەرییە سیما فراوانەیە کەوا دەکات لە بنیاتێکی ڕووکەشی ماناکانی دەقەوە، لە بنیاتێکی ڕووکەشی پێشهاتە زمانەوانییەکانەوە، بەرەو پێکهات و بنیاتی تر نووسەر هێزی وتن و بە یەکەوە پەیوەستکردنی زۆرتر دەبێ، لەوکاتەی لەژێر دەواری ئەو پەیوەستە ناوەکییەدا، لەژێر کاریگەریی ئەو بەیەکگەیشتنەوە ناوەکییەدا، هەموو تەبایی و دژبەیەکییەکان و تەنانەت هەموو لێکترازان و بەیەکگەیشتنەوەکانیش پاساوی تەواوی خۆیان لە دەقدا هەیە، ئەمەیە لەدایکبوونی سەرەتایی بنیاتی دەق، ئەمەیە ئەو بنیاتە سەربەخۆیەی کە بوونێکی زۆر ناڕاستەوخۆ و بزری هەیە لە بیرکردنەوە و نووسیندا، بەبێ ئەوەی ئامادەبوونێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێ.

بنیاتی دەق دەربڕین لە بوونێك دەکات کە بەزیندوویی هەموو ڕێگاکان و شێوازەکانی نووسین و بیرکردنەوە دەخاتە یەك قاڵبی تەباوە، کە بەجۆرێك لە دەقدا شۆڕدەبێتەوە وەك ئەوەی تۆ هەناسەی ژیانێك بکەی لە وشە، پەرەگراف ، هەموو وەسف ، ڕووداوو ئەو مانایانەی دەقێکی دیاریکراو بەرهەمی دێنێ.

بنیاتی دەق وەك بوونێك ئەو پەیوەستە زۆر قووڵە بەرهەمهێنەرەیە کە هەموو پێکداهاتن و بەیەکگەیشتنەوەکان و کارلێکەکانی ماناو تەکنیکی شێوەیی نووسین دەخاتە یەك چوارچێوەی دیاریکراوەوە، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ئامادەبوونێکی کاملی

هـەبێت، ئـەو بـوونـە ئـەو بـنـیـاتـە جڵـەوگیرنـەکراوە، جیـهـانـی بـابـەتـی و نـاوەڕۆك نـییـە، بانگەشەی هیچ بیرکردنەوەیەك نییە، تەنانەت وەك ناوەڕۆك جیهانبینی نووسەریش نییە، بەڵکو ئەو ئامادەبوونەی پەیوەستەکانی نێوان هەموو وشەیەکی دەقە کە دەربڕین لەیەك حاڵەت لە یوتۆپیای نووسەرو زمان دەکات. بەبێ ئەوەی سەرچاوە بۆ خۆی بناغە ڕێژ بکات، چونکە هەموو دەقێك هەموو وتراوێك و هەموو نمایشکراوێك یەك بنیات وەك بوونێك لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەو بوونەی سەرکێشییەکە لەبەردەم نوشوستییەکانی ڕەخنەو بەخشینی فرە ڕاڤەیی دەق.

قـەت نـاشێ لـە دەقـێکـی دیـاریـکـراودا نـووسـەر چـەنـد جـیـهـانـێك بـخـاتـە ڕوو وەك دانەگەوهەری لێك پساوی ملوانکەیەك، بنیاتی بوون لە دەقەکاندا ئەوداوە پڕ لە سیحرو یوتۆپیاو ئەفسانەیەیە کە هەموو دانە گەوهەرەکانی بنیاتە ڕووکەشەکان پێکەوە گرێ دەدا، بەبێ ئەوەی هیچ بانگەشەیەك بۆ ئامادەبوونی خۆی بکات. چونکە دەرکەوتنی ئەو بنیاتە لە دەقدا نییە بەقەد ئەوەی لە کاری خوێندنەوەدایە، چونکە خوێندنەوە بە مانا ڕەخنەییەکەی تێگەیشتن نییە لە ماناکان بەڵکو دیسیپلینکردنی ماناکانە لەبەرگێکی دیـاریـکـراوی مـانـاو تـەکـنـیـکـەوە. ئـەوەی هـێزو گـوڕی نـوێ بـەم تـەبـایـیـبـوون و یـەك ئاراستەییەی ماناکانی دەق دەدات هەمیشە ئەنجامی ئەو ترازانە زایەندییەیە کە لە نێوان زمان و بیرکردنەوە و خوێندنەوەدا لە دایك دەبێت.

هەر بۆیە دەقەکان، شاکارە ناسك و گەشاوەکان لە ناخی هەرە قووڵیانەوە دەربڕین لە یەکێتییەك دەکەن کە هەرگیز ناچێتە خانەی وتراوە ڕووکەشەکانەوە، کە هەرگیز ناهێڵێ ناسنامەی خۆی بۆ خوێندنەوە والا کات. ئەمەیە سەرکێشیی بوونی بنیاتەکانی دەق، ئەمەیە ئەو جیهانەی کە دەبێ ڕەخنەگر لە کەشەکانی خوێندنەوەدا بیاندۆزێتەوە و جیهانبینی بە هەیکەلی ئەندازەیی و ئامادەبوونیان ببەخشێ، ئەمەشە لەدایکبوونی بوونێك کە لە دەقدا، لە زماندا، لە هەموو وتراوەکاندا هەناسەیەك بە ژیانی هەرە زیندووی دەق دەبەخشێ. وەك ئەو جوانییەی لە گوڵ و شنەی دەریا و ڕوویەکی پڕ لە ئەفسوونی خۆشەویستێکدا دەیبینین و هەر بۆیە دەق لە پێکهاتی بنیاتی بوونەکانیدا، دەربڕین لە یەك حاڵەتی بە مانا بوون و بە پێکهاتبوونی خۆی دەکات، کێ دەزانێ لەوانە هەموو بوونێك بوونێکی شاراوە لە خۆیدا هەڵگرێت و هەموو ئەو بوونە بوونێکی ڕووکەش و هەڵخەڵەتێنەر و پڕ لە گومڕایی و فرتوفێڵ بێت. ڕامان (٤٨) ٢٠٠٠.

## بنیاتە ڕووکەشەکان و کێشەی بە دەقبوون

زۆر جار گوێبیستی ڕستەیەك دەبینەوە کە زۆر لە نووسین و گفتوگۆ ئەدەبییەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە فلان شیعر یا چیرۆك یا ڕۆمان یا ڕەخنە دەق نییە!

ئاخۆ سیفەتە ئەدەبییەکانی بەدەقبوون چین و پاشان چ پێوەندییەکیان بە بنیاتەکانی دەقەوە هەیە، لە زمانی ڕووکەشی دەق و پاشان لە زمانی شاراوەی دەقدا، ئاخۆ لە خوێندنەوە و تێڕوانینی ئەدەبیدا، مافی ئەوەمان هەیە بەم حوکمەوە هیچ نووسین و گوتراوێك ڕەتبکەینەوە و بە دەقی دانەنێین. ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە ڕۆژانە چەندین کاری ئەدەبی پێ ڕەت دەکرێتەوە و چەندین کاری دیکەشی پێ بەرز دەکرێتەوە، دەمانەوێ بزانین چ نووسین و گوتراوێك بە دەق دادەنرێت و چ نووسین و گوتراوێکیش دەشێ ئەم سیفەتەی لێ بسەنینەوە؟

ئەگەر بێتو بە دەقبوون و بە پێوەری بە دەقبوون ئاستی ئەو مانایانە بێ کە دەقێك هەڵی دەگرێ، واتە مانا پێوەری بەدەقبوون بێ.

هەر لەسەرەتاوە بەرەو ڕووی کێشەیەك دەبین پەیوەست بە خوێنەر و خوێندنەوە. هەروەها پەیوەست بە دەوری ڕەخنەوە. حوکمدان لەم مەسەلەیە بەرەو ڕووی خودی بەهاکانی ڕەخنەمان دەکاتەوە، کە دەبێ خوێندنەوەی بۆ هۆکارەکانی بیرکردنەوە هەبی تەنانەت پێش نووسینیش. هەروەها لە پۆلێنکردنی ئاستەکانی خوێندنەوە و بایەخ و ماهییەتی خوێندنەوەی ئەدەبی و گشتیدا هەمدیسان بەرەو ڕووی جیاوازیی ئەو پرسیارانە دەبینەوە، کێشەکەش هەمیشە هەر لەوێوە دەبێ کە ئێمە بۆچی دەخوێنینەوە و چۆن بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە؟

ئەگەر بێتو لە هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەی ڕەخنەییدا، پەیوەست بە هەر دەقێکەوە، جۆرێك لە تێڕوانینی جیاکەرەوەمان هەبێ، بەوەی جیاوازییەك بخەینە نێوان دەقەکانەوە، لە چوارچێوەی «زمان، مانا، شێواز، ناوەڕۆك، شیعرییەت».

واتە هەموو ئەو پێوەرانەی کە ڕەخنەی کلاسیکی لە دووتوێیانەوە پۆلێنی دەقەکانیان دەکرد، ئەوا کەلەبەری سەرەکی لەوێدا بوو کە زۆرجار تازە نەبوونەوەی هۆیەکانی یا

ڕەگەزەکانی خۆیان لە خۆیاندا بەڵگەیەك بوون بۆ نوشوستیی ئەم خوێندنەوانە و زۆرجار لە ئەدەبی کوردیدا زۆرترین بەرهەمی ئەدەبیی بەهێز پەراوێزکراون و خوێندنەوەی شایستەی خۆیان بۆ نەکراوە و دەقەکان بە بێدەنگی تێپەڕبوون.

زمان بەلایەنی ڕەخنەی کلاسیکییەوە، خۆی لە پێوەرێکی فەرهەنگسازیی نووسەر و زۆریی وشەی نوێ و پاراویی لە دەربڕین و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی دەبینییەوە. بە بزرکردنی پرسیاری گەوهەری لە دەق، ئاخۆ ئەو زمانە چ جیهانێك لە بیر و داهێنان لە پشتەوەیەتی. بەبێ پرسیارکردن لەو بنیاتانەی کە جیهانبینیی نووسەر هێناویەتییە کایەوە. چونکە ئاشکرایە کە دەق هەیە بە جوانترین ڕستەی زمانەوانی و وێنەی جیاواز نووسراوەتەوە، بەڵام لە گەوهەردا ئەو زمانە دەربڕین لە حاڵەتێکی بەهێزی جیهانبینیی نووسەر، واتە تێڕاونینی نووسەر ناکات بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ هەموو کێشەکانی دەرەوەی خۆی، بەمەش شتێکی نەگۆڕە کە زمان لەم ئاستەی مانادا تەنیا ڕێگە و کەرەستەیەکە بۆ دەربڕین و هاوبەشیکەرێکی داهێنەرانە نییە بۆ بنیاتنانی هیچ دەقێك و زمان نابێتە ئەو هێزە کراوەیەی دەربڕین لێکردن کە لە توانایدا بێت شانبەشانی تێڕوانینی نووسەر پەرە بسەنێ لە خوڵقاندنی، یا گەیاندنی مانا و بنیاتەکانی دەق بە ئاستی دووسەرەبوونێکی داهێنەرانە.

لە بنیاتی ڕووکەش و شاراوەی دەق، زمان کاتێك لەم دەورەی دەکەوێ، لە ئاستە داهێنەرەکەشی دەکەوێ، بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە دەق زمانێکی نائارایشت کراو و نادەوڵەمەندی هەیە لە وشە و مانادا، بەڵام جیهانبینییەکی قووڵی بۆ بیرکردنەوە هێناوەتە ئاراوە، کەواتە ئاستی بە دەقکردن لە زماندا بەم تێگەیشتن و بەم پێوەرە، ئاستێکی ڕەخنەیی نییە لە خوێندنەوە و بەدەقبووندا، زمان و سروشتەکەی بە جۆرێکە لە دەور و وەزیفە ئەدەبییەکانیدا، هەروەها لە چۆنێتیی بەکارهێنانیدا دەورێکی بنیاتنەر و هەروەها بێ لایەنیشی هەیە.

لە ئاستە داهێنەرەکەیدا، زمان دەورێکی قورسی هەیە، کە ئەویش توانایەتی لە چۆنێتیی بەرجەستەکردنی جیهانبینی نووسەر کە بەیەك جار تەکنیکی داڕشتن و شێوازی داڕشتنی مانا و چۆنێتیی دەربڕین لێکردنە لەو کێشەیەی کە دەقێك هەڵی دەگرێ. بەمەش تاقە کاریگەریی سەر زمان، فرە ڕەنگی و دەوڵەمەندیی تێڕوانینی نووسەر و تێگەیشتن و دەور پێ بەخشینی نووسەرە بەزمان. زمان سروشتێکی نەچەسپاوی هەیە، سروشتێکی پلاستیکیی هەڵکشاو و داکشاوی هەیە. لەگەڵ کرانەوە و خۆ پێکەوەنانی مانا ئەو سروشتەی کاردەکاتە سەر چۆنێتیی دەربڕین لێکردن.

حاڵەتی گەیین لە زماندا پەیوەست بە هەر دەقێکەوە، ئەو فرە ڕێچکانەی دەربڕین لێکردنە جیاوازانەیە کە نووسەر بە دووی بەهێزترینیاندا دەگەڕێ، کە ماناکانی جیهانبینیی نووسەر دەپارێزێ لە والآبوونێکی نابنیاتنەردا. ئەمەش هەمدیسان پەیوەستە بە خودی کاری نووسەر لە تواناکانی زماندا بە دەر لەو بیروبۆچوون و هەستانەی کە دەیەوێ لە ڕێگەی زمانەوە دیسیپلین و کۆنترۆلیان بکات، ئەو توانایەش وادەکات نووسەر فراوانی و فرە ڕەنگیی دید و بۆچوونەکانی لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕینیان لێ بکات.

زمان لە داڕشتن و دەربڕین لێکردندا هەمیشە بەکراوەیی و فرە ڕێگە و فرە دەلالەت دەمێنێتەوە، ئەو سیحرو توانایەی هەیەتی لەم فرە ڕەنگییەی دەربڕین لێکردن، نووسەر دەخاتە بەردەم ئەزموون و تاقیکردنەوەی فرە دەلالەتی و فرە مانایی ئەو جیهانبینییەی هەڵی دەگرێ، ئەمەش لە ناوەڕۆکدا ئاستی تێگەیشتن و دۆزینەوەیە. دۆزینەوەیەك کە زۆرجار سیمای داهێنان دەگرێتە خۆی. زۆر جار زمان دەکاتە پەلکە زێڕینەیەك لە مانا و پڕ لە دەلالەت لێکردن. نووسەری خاوەن جیهانبینی، لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێ، زمان لەبەردەمیدا نابێتە ئاستەنگ، بەڵکو نهێنییەکانی خۆی بۆ والآ دەکات.

نەرمبوونەوەی زمان و کرانەوەی پەیوەستن بەو مانایانەی نووسەر هەڵیان دەگرێ و کاریان بۆ دەکا لە چۆنێتیی دەربڕین لێکردندا و هەر ئەم چۆنێتییەیە کە بایەخێکی گەورەی هەیە لە نووسیندا، نووسەر، هەرچەندە ڕوانین و جیهانبینیی قووڵ و پڕ مانا هەبێ، چەندێکیش لە زمانی نووسیندا بە توانابێ، ئەو هەمیشە لەژێر کاریگەریی ئەو نەخشەیەی کە بیرەکەی پێ دادەڕێژێ، هەر دەمێنێتەوە، ئەو کاریگەرییە لەوێدایە کە نووسەر چۆن بتوانێت بە شێوازێك لە نووسین کە پێوەندیی بە سەرەتا و درکاندن و شاردنەوە و هێما و کاتەوە هەیە ،نووسینەکەی دەست پێ بکات. مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە نییە کە زمان چەندێك توانای دەربڕین لێکردنی هەیە، پێوەندیی بە تواناکانی نووسەریشەوە نییە لە زماندا، بەڵکو بە شێوەیەکی تایبەت پێوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن نووسەر زمان بەکاردێنێ بۆ بەرجەستەکردنی جیهانبینییەك یا دنیابینییەك، بە جۆرێك خراپ بەکارهێنانی زمان کاردەکاتە سەر ناوەڕۆك و بنیاتەکانی دەق، بۆ نموونە زوو والآکردنی بابەتە گرنگەکانی دەق لە هەندێك جۆری نووسیندا، زیان بە خوێندنەوە دەگەیەنێ، هەروەکو چۆن هەوڵی زێدەڕۆیی زمانەوانی بۆ شاردنەوەیەکی زێدەڕۆیی بابەت، وا دەکات خوێندنەوە بەرەو بارێکی زۆر دیاریکراو بڕوات و خوێنەر تووشی

وەرسبوون و تێنەگەیشتن بکات، بەم پێیەش زمان ئەو توانایەی تێدایە کە لە دەستی نووسەراندا بە بارە داهێنەرەکەیدا ببرێ یاخود بە بارێکی نا داهێنەرانەدا ببرێ.

زمان بوونێکی نیمچە چەسپاوی هەیە لە تاکەکانی وشە و زاراوە و ڕستەکانی دەربڕین لێکردندا. هەروەها لە هاومانایی و وشە لێکچووەکان و ڕێزمان و تاڕادەیەکی چاکیش لە ڕەوانبێژی و پەند و حیکمەت و ئیدیۆمدا. بەڵام قەتاو قەت لە باری هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنانەوەی ماناد‌ا ئەو بارە چەسپاوەی نییە، بەڵکو تەنیا پشت بە تواناکانی نووسەر دەبەستێت کە چۆن زمان بەکاردێنێ.

لە ڕەخنەی کلاسیکی کوردیدا، جوانی و دەوڵەمەندیی ڕستە ئاماژەیەکی بەهێز بووە بۆ سەرکەوتنی دەق، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا زمان و هەژاریی دەربڕین لێکردن و بەرامبەر بەمەش دەوڵەمەندیی دەربڕین لێکردن، تەنیا و تەنیا پشت بە نووسەر دەبەستێت لە چۆنێتیی دەربڕین لێکردن و چۆنێتیی بنیاتنانی مانادا، هەروەك دەبینین لە ئەدەبی کوردیدا نووسەرانێکی زۆر، زۆر بە ئاگایی و دەوڵەمەندی و وشەی نوێوە دەقەکانیان دەنووسن، بەڵام لە گەوهەردا دەقەکانیان بەتاڵن لە بینای مانای بەهێز و ناوەڕۆکی دەوڵەمەند، بەتاڵن لە ڕستەی سەرسوڕهێنەر و پڕ لە جووڵە، کەواتە زمان بەدەرنییە لە تواناکانی خودی نووسەر و هەوڵی ئەو بۆ بنیاتنانی دەقێکی زیندوو.

لێرەدا تووشی کێشە و گرفتێکی تر دەبین، ئەویش ئەوەیە کێشەیەك دەهێنرێتە ئاراوە بەبێ پەیوەستکردنی بەتوانای دەربڕین لێکردنەوە لەلای نووسەردا کە ئەویش کێشەی ناوەڕۆك و شێوەیە. لەم لایەنەوە دەتوانین سەرجەمی نووسینەکانی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی لە سێ تەوەری گفتوگۆ لەسەر کردندا کۆکەینەوە، لایەنێکیان ناوەڕۆك بە پێوەری سەرخستنی دەقێك دادەنێن «ئایدیۆلۆژیستەکان» لایەنێکی تریشیان شێوە بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵ دەکەن «فۆرمخواز و ستیلیست و هونەر بۆ هونەرخوازەکان» لایەنێکیشیان بەیەك چاوی گرینگیپێدانەوە سەیری ئەم دوو لایەنە دەکەن «بێ لایەنەکان» ئەم جۆرە پۆلێنکردنەی دەقی ئەدەبی لە تێنەگەیشتن و نەزانییەکی سەیرەوە سەرچاوە دەگرێ. لەلایەکەوە هیچ پاساوێکی نەڕەوشتی و نە ئایدۆلۆژی، نە دەبێ ئەوە بسەپێنێتە سەر نووسەرێك کە ئەو چۆن لە نووسیندا دەبێ زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆك یا شێوە بدات و نە دەشتوانێ ئەوە بسەپێنێتە سەرنووسەر کە هاوسەنگییەك لە نووسیندا بێنێتە کایەوە، کە هەردوو بابەت وەکو یەك گرینگییان پێ بدا.

ئـەم جـۆرە پـۆلـێـنـكـردنـە سنـووردارێـكـردنـی تـوانـای نـووسـەرە و لـە لایـەكـی تـریشەوە سنووردارى كردنی ئازادیی نووسەرە و سەپاندنی جۆرێكی هەڵە لە تێڕوانین و بۆچوونە بـەسـەر نـووسـەران و پـاشـان بـەسـەر خـوێـنـەرانـدا، كـە بـە داخـەوە تـاكـو ئـێـسـتـا لـەلایـەنـە پراكتیكییەكەوە نازانین شێوە، یانی چی و پاشان ناوەڕۆك یانی چی و چۆن ئەم دوو لایەنە پێوەرێكن بۆ داهێنانی ئەدەبی.

شێوەی دەق مانای ئەوە ناگەیەنێ كە دەق لە ڕێگەی جوانكاریی وێنە ، زمان و بەكارهێنانی زۆری وشەی ئاڵۆز و هێماوە، لە ڕێگەی نەبوونی بابەتەوە دەقێك بنووسرێ كە ناوەڕۆك تیایدا لاواز و بێ ژیان و ناچالاك دەبێ و هەروەكو چۆنێك بیرنەكردنەوە لەو شێوازەی دەقێك هەڵی دەگرێ بە بەكارهێنانێكی زێدەڕۆی ناوەڕۆك و بابەت و چۆنێتیی گـوتـنـی شتـەكـان و بـایـەخـنـەدان بـە لایـەنێكی تری دەق، بەڵكو بـە چـەندین ڕەگـەزی زمانەوانی و هونەریی نووسینەوە، هەوڵی لەباربردنی توانای زمان بدرێ لە داهێنانی ئەدەبیدا، بەڵكو ئەوەی بەلای نووسەرەوە گرنگە و شوێنی پرسیار و بەدواداچوون و خوێندنەوەی وردە كە ئەو چۆن مامەڵەیەكی داهێنەرانە لەگەڵ هەموو كەرەستەكانی دەربڕین لەخۆكردن و دەربڕین لە شتەكان دەكات. هەروەها لەو بیرو دنیابینییەی كە تەنانەت پێش نووسینی دەقیش، لە عەقڵی نووسەردا وەك قورساییەكی بیركردنەوە بەرز و نزم دەبێتەوە، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی چۆنێتیی بنیاتنانی دەقەوە بەو پێوەرەی هەموو بیر و دنیابینییەكی زارەكی و ژیاوە، هەمیشە وەك مانا و دەرك پێكردن و هەست پێكردنی پێش وەختە، لە گەردوونێكی بێ بنیات و بەرەڵادان، كە هەموو كەسێك بۆی هەیە لەمیانی قسە لەسەر كردن لە یەكێكەوە وەری گرێ و پاشان دەربڕینی لێبكات.

شێوە مانایەكی تەجریدكراوی ناگیان و نابنیات نییە. شێوە مانایەكی ڕەهاو قاڵبێكی زانراو نییە. شێوە، چۆنێتیی بە بنیاتكردنی دەقەكانە و هەموو دەقەكانی دنیا چۆنێتیی گەیشتنیان بەداهێنان لەو خاڵەوە دەبێ كە نووسەر چۆن بنیاتی زمان و مانا دەنێت. هەروەكو چۆن ناوەڕۆك بە مانا كلاسیكییەكەی هاودژ و نەگونجاو نییە لەگەڵ چۆنێتیی بەبنیاتكردنی مانادا، بەڵكو ناوەڕۆكیش هەمدیسان مانایەكی تەجریدكراو و دیاریكراو و لە قاڵبگیراو ناگەیەنێ، بەڵكو ناوەڕۆك گەوهەری كێشەی دەقەكانە و هیچ دەقێك بەبێ بوونی كێشەیەك نابێ بەدەق.

كـەواتـە هـەر چـۆنـێتـیـی بنـیـاتـنـانـی دەق و چـۆنـێتـیـی دەربـڕین كـردنـە لـە كێشـەیـەكـی زیندووی مرۆڤ و شتەكان دەق دروست دەكات، نەك شێوەو ناوەڕۆك. بنیات و كێشە ئەو

دوو زاراوە ڕەخنەییە زیندووەن کە دەبنە چۆنێتییەك بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و پاشان هەر لە دوای ئەو خوێندنەوەیە یە کە ئێمە دەگەینە گەوهەری باوەڕی بەدەقبوونی نووسینێك یا بەدەقنەبوونی. ئەمەش شێوەیەکی ڕەهای حوکم لەسەردان و ڕەتکردنەوە نییە بە قەد ئەوەی لە بنەڕەتەوە هەوڵی تێگەیشتنە لە نووسین بەشێوەیەکی بەرهەمهێن و بە چاوێکی زانستی و بێ لایەنەوە.

بۆ زیاتر لێکدانەوەی هەردوو زاروەی بنیات و کێشەکە لە کتێبی تیۆریی بنیاتی شاراوەدا بە کورتی باس کراون. لێرەدا ڕوونکردنەوەی زیاتر بەم دوو چەمکە دەبەخشین بە بنیات کردنی کێشە، کۆتاییەکە بۆ زانین لە زەمەن و بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی ئاراستە دیاریکراو بۆ کێشەیەك. هەموو دەزانین کاتێك نووسەر دەست بە نووسینی دەقێك دەکات لە بەتاڵاییەکی بیرکردنەوە و بۆچوون و تێڕوانینێکەوە دەست بۆ قەڵەم نابات. نووسەر دەشێ بۆ ماوەی زیاتر لە چەندین هەفتە و مانگیش کێشەیەك لە بیرکردنەوەیدا هەبێ، کە لە سەرجەمدا پێوەندیی ئەوە، یا بیرکردنەوەی ئەوە لە بابەتێکی دیاریکراو، لە چیرۆك و ڕۆماندا.

ئەو کاری بیرکردنەوە و بە خولیا و گرفتاری بوونە زەینییە، شەکەتی و ماندووبوونێکی گەورەی دەوێ. کاتێك نووسەر بیر لە ڕەنگدانەوەی کێشەکان دەکاتەوە لەسەر کەسایەتییەکان، ئەم جۆرە ڕۆچوونەی بیرکردنەوە لە کێشەیەکی سروشتی و مرۆیی و بوونییە، هەروەك ئەو بیرە سەرەتاییە بە مێژوونەکراوانەن کە هیچ بوون و بنیاتێکیان نییە، ئەو هۆکارە سەرەتاییانەی نووسینن کە نووسەر بەرەو هاندان و جۆش پێدان دەبەن بۆ زیاتر کامڵکردن و دەوڵەمەندکردنی، ئەمە وەکو هەر جۆرێکی تری هونەرەکان نییە، بەڵکو هاوژیانی و هاوڕازی و هاوسۆزییەکی بەردەوامە لەگەڵ کێشەیەکدا کە نووسەر باوەڕ بەخۆی دێنێ، کە ئەم کێشەیە لە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینیدا شوێنی بایەخ و گرنگی پێدانە و پاشانیش دۆزینەوەیەکە لە تێگەیشتندا، ئەمە پێوەندی بەوەوە نییە وەك نووسەر چەندێك لە هاوسۆزییەکی ئایدۆلۆژی و هونەرییەوە پۆلێنی بیرکردنەوەکانی خۆی بکات. پێوەندیی بەلایەنداری و بەمەنهەجکردنی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئەو کێشەیەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە، پەیوەست بە مرۆڤ و دەوروبەری خۆیەوە، کێشەیەکی مرۆیی ، سروشتی و بوونایەتییە. کێشەیەکە کە مانایەکی گەورە لە بیرکردنەوە و پاشان تێڕوانینی مرۆڤ دەنوێنێ بۆ ئەو بوونانە.

ئەم بیرکردنەوە پێشدەستییەی نووسین لە هەمان کاتدا گواستنەوەی هۆکارەکانی

نووسینە لە دەقێکی ناکامڵ و بێ بنیات، دەقێکی زیندوو و بێ گیان، دەقێك کە هێشتا دەژی و لەلای نووسەردا نەگەیشتووەتە حاڵەتی پێگەیین لە تەواوکردنی مانا و تێگەیشتندا، کە پاش ئەوەی نووسەر ئەم بیرە سەرەتاییانەی کێشەی دەقێکی لەلادا کامڵ دەبێ، ئەوجا دەست بە چۆنێتی دارشتنی دەکات، نەك بەخشینی شێوەیەك بە بیرکردنەوە. چونکە بیرکردنەوە شێوەی نییە، بەڵکو بنیاتی هەیە، ئەو بنیاتەش لە بیرێکی یا کێشەیەکی نەنووسراودا بوونی نییە و لە دەقی نووسراویشدا کە لە مێشکەوە دەخرێتە سەر کاغەز، ئیتر لە بوونی نووسەر جیا دەبێتەوە و دەمرێت و دەبێتە تێگەیشتنێکی کۆتاییپێهاتوو هەروەکو بنیاتێکی بە مێژووکراوی کۆتاییپێهاتوو، بەڵام لە نێوانی بیر و نووسەردا پەیوەست بە دەقێکەوە، ئەوەی نووسەری بنیاتنەر بە زیندوویێتییەکی ڕەها دەهێڵێتەوە، گەڕانە بەدووی هۆکارەکانی نووسین، هۆکارەکانی نووسین ئاشنا کردنەوەی خوێنەرە بەو هۆیانەی کەوایان لە نووسەرێك کرد بەم جۆر و چۆنێتییە بیر لە کێشەیەکی تازە بکاتەوە.

لێرەدا پەیوەست بە بابەتەکەمانەوە ئەوەی گرینگە، مەسەلەی بنیاتە. هەروەك دەزانین لە زمانی دەقدا کۆمەڵێك پەیوەستی دیاریکراو و ئاراستەکراو هەیە، کۆمەڵێك تێگەیشتن و ڕاگەیاندن و درکاندن و بۆچوون هەیە، کە بەپێی جۆری ئەدەبی گۆڕانیان بەسەردا دێ. ئەم زانین و گەیشتن و بیرە ڕاگەیاندراوانە دەکەونە بەشی سەرەوەی زمان. ئەمانە ئەو زانینانەن کە هەموو خوێنەرێك لە چوارچێوەی مانای سادە و زانراو و ڕووداو و چەندین ڕەگەزی ترەوە وەك مانای ڕووکەش وەریان دەگرێ. ئەم مانا سەرخراوانەی زمانی دەق گەر بیانخەینەوە سەر ئەو چۆنێتییەی کە نووسەر هەوڵی داوە دەربڕینیان لێ بکات، دەبینین هەموو لە پەیوەستێکی سەیری خۆ ڕێکخستندان، چۆن؟

ئەم مانایانەی سەرەوەیی زمانی دەق، هۆکاری نووسین و گەوهەر و مانای ڕەهای دەق لە خۆیاندا ناگرن و ئاشکرای ناکەن، بەڵکو ئەو مانایانە لەم دەورەیاندا دەچنە چوارچێوەی چەندین بنیاتی سادە و ئاڵۆزی دارشتنی زمان و چۆنێتی بەکارهێنانیانەوە لە بۆتەی بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق.

بەمەش بنیاتی ڕووکەشی دەق، هەموو پەیوەست ، جووڵە ، ڕووداو و بیرکردنەوە سەرەتاییەکانی نووسین دەنوێنێ لە بۆتەی کێشەیەکی بنەڕەتی کە ئەویش بە دەوری خۆی دەچێتە بۆتەی بنیاتی کێشە سەرخراوەکانی دەقەوە. بنیاتی ڕووکەش لە گەوهەردا ئەو مانایانەن کە پێمان ئاشنا دەکرێن بە زمانێکی بەرجەستە بووی ساکار و ئاشکرا و

زانراوەوە، کە دەبینین لە دەقێکیدا لە چوارچێوەی پەرەسەندن و پێشخستنی بنیاتنەردا، وەك هێڵێکی ئاشکرا و ڕوون لە دەقدا بوونیان هەیە و دەرکی پێ دەکەین.

ئەم دەورەی بەبنیاتکردنی مانا لە پێناوی ئامانج و مەبەستێکی تردایە، لە پێناوی شاردنەوەی بنیاتێکی تردایە، ئەو بنیاتەی کە هیچ بوونێکی ڕاستەوخۆی لە زمانی نووسیندا نییە و وەك دەرکەوتەیەکی فانتازی و یۆتۆپیی نووسین لە ژێرەوەی هەموو گوتراوەکانەوەیە کە پێش وەختە لە بنیاتی ڕووکەشدا دەربڕینیان لێ کراوە. بەم مانایەش شێوەی چۆنێتیی نووسین، شێوەی چۆنێتیی داڕشتن و پاشان بنیاتنانی مانا دەبێتە تاقە پەیوەستێکی گرینگ لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا، هەروەها دەبێتە ئەو ڕێگەیەی کە بە هۆیەوە ئێمە بتوانین پەیوەستی نێوان گوتراوە ئاشکراکراوەکان و نەگوتراوە ئاشکرا نەکراوەکان بدۆزینەوە، کە گرینگترین ڕەگەزی بەرجەستەبووش لەم خوێندنەوەیەدا بیرکردنەوە و چوونەسەری هۆکارەکانی بەبنیاتکردنە بە جۆرێك لە جۆرەکانی، بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق لە پەیوەستێکی گەوهەریدان، لەگەڵ بنیاتە شاراوەکانی دەق، پەیوەستێك کە چەندین ئاماژە و دەلالەتی جیاوازمان دەدەنە دەستەوە بۆ دەرککردن بە گەوهەری نووسین. بەوەش هیچ نووسینێك، هیچ بوونێکی بەرجەستە بوو، دیمەنی هیچ شتێکی بەرجەستە بوو، بێ بنیات نییە، گەردوون و بوون لە سەرتاپایاندا لە چوارچێوەی یەك بنیاتی شاراوە و نهێنیدان و هەموو ئەو بوونەی دەرکی پێ دەکەین و مانای لێوە دروست دەکەین بوونە ڕووکەشەکانن، کە هەر لەو بوونانەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەینە تێگەیشتن لە بنیاتی شاراوەی بوونێکی ڕەهاو نهێنی و ئاڵۆز بەم مانایەش بە بنیاتکردن هەموو کاتێك زمانێکی هەڵخەڵەتێنەر و بەلاڕێ بەرە.

کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم بنیاتانەی مانا لە بنیاتە شاراوەکەی جودا دەکرێتەوە و خوێندنەوە ناتوانێ بگاتە سنوورەکانی بنیاتی نەزانراو. هەر بۆیە لە ئەدەبی کوردیدا دەقی داهێنەر و سەرکێشی زۆرینەی جارەکان، دەرك بە ئاستی داهێنانی نەکراوە، دەرك بە هۆکار لە نووسینەوەی نەکراوە و لە بێدەنگییەکی بکوژدا بوونەتە دەقێکی مێژوویی، نەك دەقێکی زیندوو، لەم جۆرە تێکهەڵکێشەی زمان، نووسەر بە شێوەیەکی سەیر لە دەربڕین لێکردندا دوو سەرە دەبێ، ئەو لە لایەوە لە دوو توێی بنیاتە ڕووکەشەکاندا وامان نیشان دەدات کە هەموو کێشەکان لە دەقدا لەو زمانەدایە کە بەردەستی کردووە، لەلایەکی تریشەوە زۆر وردەکارە لەوەی مانا شاراوە و خودییە گەورەکانی لە زمانێکی دەربڕین لێنەکراوی دەقدا بشارێتەوە، وەك ئەوەی بیەوێ ئەو مانایانە هەمیشە بە شاراوەیی و

نەزانراوی بمێننەوە. هۆکاری ئەم بزرکردن و شاردنەوەیەی مانا لە چەندین ڕوویەکی جیاوازەوەیە لەلایەکەوە نووسەری داهێنەر خاوەنی زمانێکی تێر و پڕی بارگاوی دەبێ لە مانادا، کەوای لێ دەکا. دەسەلاتێکی گەورەی بەسەر بەکارهێنانی زماندا هەبێ، ئەو دەسەلاتەی هەناسەیەکی درێژی دەربڕین لێکردن بە نووسەر دەبەخشێ لەلایەکی تریشەوە، نووسەر دەیەوێ هەر خۆی چێژ لەم هونەری بیناکارییەی زمان وەرگرێ و دەسەلاتی خۆی بەسەر زمان و مانادا بخاتە ڕوو. لەلایەکی تریشەوە نووسەر هەمیشە و لە هەموو دەقێکدا چەندین مانای تایبەت و قەدەغەکراو و کەسایەتی لەلادا هەیە و نایەوێ لە بنیاتە ڕووکەشەکانی دەقدا دەربڕینیان لێ بکات، بەڵکو ئەو دەیەوێ تەنیا ئەوانە بەم مانایانە بگەن کە خاوەنی هاوسۆزی و هاوڕازین لەگەڵ نووسەردا.

نووسەر، مرۆڤێکی بیرکەرەوەی هەستیارە و مامەڵەیەکی ئەوپەڕی وردەکاری و گرنگی پێدان لەگەڵ مانادا دەکات. ئەو نایەوێ لە درکاندنە زمانەوانییەکانیدا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیی لاواز و والاکراو بخاتە بەردەم خوێنەر، هەر خوێنەرێك و لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەو نایەوێ بۆ هەموو خوێنەرێك، هەموو ڕاز و خەون و هیوا و چێژە تاوانبار و خۆشەویستییە گوماناوی و چەندین بابەتی تر بە والاکراوی بخاتە ڕوو. لە شاردنەوەی ماناکان لە زمانی دووەمی دەقدا، هەرگیز کردارێك نییە و بە کەرەستە زمانەوانییە حازربەدەست و ساکارەکان بەم کارە هەڵسێ، هەروەك هێما و مەجاز و مانای شێوێندراو و ڕستەی ئاڵۆز، بەڵکو ئەمە کردارێکی زمانەوانیی زۆر دوورە لە هەر کەرستەیەکی زانینی پێش وەختە. ئەمە پێوەندیی بە زمانێکی خەفەکراو و قووڵەوە هەیە کە ڕاستەوخۆ وابەستەی هۆکارەکانی نووسینە.

هیچ دەقێك بەبێ هۆکار لە نووسین بەدەر نییە، ئەو هۆکارانەش نە لە زمانی سەرەوەی دەق و نە لە کەرەستە زمانەوانییەکاندا بوونیان نییە! بەڵکو دەرەنجامگیرییەکی پتەو و والا نەکراون، کە لەنێوانی بنیاتە ڕووکەشەکانی زماندا، ئێمە تەنیا دەگەینە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە بیر لەو زمانە نەنووسراوە بکەینەوە و زمان چەندێك بەرەو گۆڕانکاری و کورتبوونەوە و چڕبوونەوە بچێ. زمان چەندێك لە کەرەستەکانی نووسیندا دەوڵەمەند و فرە مانابێ، ناتوانێ بەسەر ئەم بارەی نووسینی ناڕاستەوخۆدا زاڵ بێ و ناتوانێ بچێتەوە سەر نهێنییە قووڵەکانی بیرکردنەوەی نووسەر، چونکە مانا خۆی لە خۆیدا وەکو مرۆڤ دوو سەرەو هەڵخەڵەتێنەرە، لەلایەکەوە کۆمەڵێك مانای جیاواز و لێکچوو دەخاتە

دەقێکەوە لە لایەکی تریشەوە هەر ئەو مانایانە فرە مانایی دەخەنە بنیاتی خۆیانەوە کە ئەمەش یەکێك بوو لەو گیروگرفتە ڕەخنەییانەی کە لەگەڵ داهاتنی بنیاتگەری و کێشەی لەگەڵ ڕەخنەی ئایدۆلۆژی گەیشتە سنوورێکی پێشکەوتوو لە چۆنێتیی تێگەیشتنمان لە دەقێك.

مردنی زمان و ماناکانی لە بنیاتی ڕووکەشی دەقدا، ئەو ڕاستییە ڕەتنەکراوەیە کە پەیوەستە بە سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤ و سروشتی ماناکانی بوون. پەیوەستە بەوەی هەموو ئەو شتانەی یا وردتر، هەموو ئەو مانایانەی دەربڕینیان لێ دەکات لە گەوهەری خۆیاندا لەژێر کۆمەڵێك پاساو و ڕاستیی دیاریکراودا دەبن، وەك بنیاتی ڕووکەش. بەڵام هەمان ئەم ڕاستی و پاساوانە لەپێناوی مەبەست و هۆکاری تردا نووسراون کە نووسەر تەنیا نووسەر ئەم مانایانە لەنێو دەقدا و هەروەها لە بوونی بیرکردنەوەکانی خۆیدا دەپارێزێ. ئەمەش پەیوەستە بە هەڵسوکەوت و هەڵوێست و بوونی مرۆڤ لەم گەردوونەدا کە هەرگیز ڕاستیی ڕەها و یەك تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دەرەوەی خۆی ناچێتەوە سەر ئەو دیوی ڕاستی و هەڵوێستەکانەوە. هۆکارە پێشینەکانی نووسین، سەرجەمی ئەو پاساوانەی نێو دەقن کەوا لە نووسەر دەکەن بە وریایی و هەندێك جار لە ناهۆشیاری و نائاگاییەکی مەبەستدارەوە، ئەو ڕاستی و ئەو تێڕوانینانە سەد لەسەد خودیانەمان لێ بشارنەوە، کە وەك زمانێکی زیندووی هەڵوێستی ڕاستەقینەی نووسەر دەیخاتە پشتەوەی سەرجەمی گوتراوەکانی دەقەوە. بەمەش ئەو بەکارێکی نووسینی دووسەرە، هەڵدەستێ و ماناکان شێوەی نووسین و بابەتەکان ناکاتە سنووری کۆتایی دەق، بەڵکو شتێك، مانایەك، لە شێوەی بنیاتێکی نەگوتراودا دەهێڵێتەوە، کە ئامادە نییە لە زمان ڕاگەیەندارو و مانا ئاشکراکراوەکانی دەقدا دەربڕینیان لێ بکات، بەڵکو ئەو دەیەوێ تەنیا ئەوانە لەو هۆکارانە بگەن و لە دەقدا پێی بگەن، کە هەندێك جار نووسەری داهێنەر هەر خۆی ئاماژە بەم حاڵەتە دەدات لە کاردانەوەی لەسەر ئەو نووسینە ڕەخنەییانەی کە لەسەر دەقەکانی دەنووسرێن، بەوەی ئەو نووسینانە نەیانتوانیوە لە ماناکانی دەقەکەی بگەن، با ئەو نووسینانە بەسەدان لاپەڕەی گۆڤار و کتێبەکانیشان گرتبێتەوە.

لێرەدا دێینە سەر مەسەلەی بەدەقبوون، پاش ئەوەی ئاڵۆزییەکانی نووسین و زمان و مانامان لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا خستنەڕوو؛ بەدەقبوون مەسەلەیەکی ئاڵۆز و نەویستراو و کەم پاساوە، مەسەلەیەکە بە جارێك زۆرینەی دەقەکانی ڕەت دەکاتەوە و تەنیا ئەو دەقانە سیفەتی بە دەقبوونیان پێ دەبەخشێ کە لە بنیاتی خۆیانەوە، واتە لە

بنیاتە ڕووکەشەکانەوە، بنیاتی گەوهەریی دەقیان هەڵنابێ، کە بوونی نییە لە زمان و نە لە مانا ڕاستەوخۆکاندا. تەنیا ئەو دەقانە ئەم سیفەتەی بەدەقبوون هەڵدەگرن کە لە پشتەوەی زمانی نووسین و ڕاگەیاندراوەوە، زمانێکی تری شاراوەیان بنیات نابێ. ئیدی لە دەرەوەی ئەم دووسەرەبوونەی زمانەوە، هیچ مانا و هیچ نووسینێك و هیچ دەقێکی نەشێوەیی و نەخوێندراوە و نەبینراوە و نە هەست پێکراو سیفەت و مۆرکی بەدەقبوون هەڵناگرێ.

ئەو دەقانەی لە مانا ڕووکەشەکانیدا هەموو ڕاستییەکان و هەموو بیر و جیهانبینییەکانی بە ڕاستەوخۆیی و بێ قووڵبوونەوە خراونەتە ڕوو، ئەوا دەبنە جۆرێکی تر لە نووسین و نابن بە دەق،. ونکە بەدەقبوون مانای دۆزینەوەی دەسەڵاتێکی ناکۆنترۆڵکراو و بێ سنوور و کراوەی زمان و مانایە پەیوەست بە بیرکردنەوە و مۆرکی ئازادییەکی ڕەهای نووسەر و بوونی ئەو دەنوێنێ و قەتاو قەت ئەو دەقانەی ناگەنە ئاستی دووسەرەییبوون پەیوەست بەم بارەی نووسەر و نووسینەوە، نابنە دەق، بەدەقبوون بڕیار و حوکمدان و داسەپاندن و تێڕوانینی دیکتاتۆریی خوێندنەوە قبووڵ ناکات. بەدەقبوون ژیانێکی بەردەوامە لەنێو ئەو مانایانەی ڕوونکردنەوەیەك، ئاماژەیەك، پاساوێکی گەورە و ترسناك و وردمان، بۆ دەخەنە زمانی دەقێکەوە کە والا و ئاشکرا نییە و ئەو نووسەرە وردەکارەش لە هەموو مانا و وشە و بیرەکانیدا کاربۆ زمانێکی تر دەکات کار بۆ زمانی دووەمی دەق دەکات کە خاوەنی مانا و بنیات و کاملبوونی خۆیەتی.

لە ئەدەبی کوردیدا بە تێڕوانینی ڕووکەش و مامەڵەکردن لەگەڵ مانا و وشەکان و زمانی یەکەمی دەقەوە، زۆر لە دەقی ئەدەبی ئەو ڕێککەوتەیان لەبەردەم لابرا کە ئاماژە و پاساوە گەوهەرییەکانی زمانی دووەمیان بوونیان هەبێ لە دەقی ساکار و بەیەك بنیات خوێندنەوە، شێوێندران و شوێنی داهێنانی خۆیان نەدۆزرایەوە، لێرەشدا مەبەست لەم ئاراستەیە لەشیکردنەوەی دەق، سەپاندنی تێڕوانین و داسەپاندنی یەك لایەنەی تیۆری نییە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە ڕوویەکی تریشی تیادایە کە ئەویش ئەوەیە هیچ دەقێك لە دنیادا بێ دوو سەرەبوونی بنیات نابێ و هیچ دەقێك لەم ئاراستەیەی بەدەقبوون بێ بەش نییە، بەڵکو ئەوە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوەیەکی فرەلایەنی دەقەکانە کە پێمانی نیشان دەدات.

ئەو دووسەرەبوونە چ جیهانبینی و چ جیهانێکی قووڵ یاخود ساکار لە پشتەوەی ئەم ئاراستەیەی زمانەوەیە و هەر لەوێوەش بەبێ هەڵوێست وەرگرتن، بەبێ بڕیاردان و

حوكمدان و داسەپاندن، تەنیا خوێندنەوەیەكی بێ لایەن و زانستی، خوێندنەوەیەكی بنیاتنەر، ئەوەمان بەگوێدا دەچرپێنێ كە ئەو دەقەی خوێندنەوەمان بۆ كرد، چەندێك سەركەوتووە، چەندێك ماناكان و ئاماژەكانی ئەو بنیاتانەی دروستیانی كردووە، ئاماژەیەكن بۆ ئەو سیفەتەی كە دەق هەڵی دەگرێ لە مەسەلەی بەدەقبووندا.

بەدەقنەبوون وەك حوكمێك لەسەر هەردەقێك فانتازیایەكی دیكتاتۆرییە لە نووسیندا. چونكە لە گەوهەردا ساكارترین دەق كە بۆ خوێندنەوە دەخرێتە ڕوو، بریتییە لە هەست و بیركردنەوەی مرۆڤێك كە ئەویش شایەنی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەو تێڕوانینە لە كۆتایی خوێندنەوەكاوەنا، كە بەهایەكی مرۆیی و ڕەوشتی هەڵدەگرێ، نابێتە پێوەر بۆ بەدەقبوونی هەر دەقێك بەڵكو دەبێتە ئەو ئازادییە گەورەی نووسین كە مرۆڤ جورئەتی حوكم لەسەرخۆدانی هەبێ، بەبێ ئەوەی حوكمی لەسەر بدرێ. ڕەخنە حوكمدان نییە، بەڵكو گەیشتنە بەو نهێنییانەی كە ئێمەی مرۆڤ بەیەكەوە دەبەستێتەوە. گەیشتنە بەو نهێنییانەی كە ئێمەی بە بوون و شتەكانەوە دەبەستێتەوە و ئێمەش بە هەموو بوونمانەوە شوێنی بەزەیی و دڵدانەوەین. ڕامان. ژ. ٤٨

### كێشە و بنیاتی بوون

پرسیاری هەمیشەیی مرۆڤ لە بووندا دووبارەكردنەوەی ئەو گوتەیەیە من لە ژیاندا هەمیشە لە كێشە دام و دەبێ وێنەی بوونی من لە ژیاندا چی بێت؟ كە چاوەكانی دەكاتەوە خۆی لە كێشەیەكی جاویدانیی تردا دەبینێتەوە، ئاخۆ شوێنی من لە بووندا لە كوێیە؟ ئامادەبوون لە بوونی ژیانێك كێشەی سەرتاسەریی ئەم مێژووەی مرۆڤە. لەو كاتەی خەیاڵ و واقیع باڵ بەسەر تێفكرینی تاكدا دەگرن و لە ساكارترین شێوازی دەربڕین لەخۆكردنەوە بەرەو ئاڵۆزترین ڕستەكانی دەقێك، ڕەنگدانەوەی پرسیارەكانی ئاخۆ من لە بوونێكی ڕاستەقینە یا وەهمیدا دەژیم و تا كوێ دەرك بەو بوونە دەكەم دەبنە سەرچاوەیەك بۆ دروستبوون و بنیاتنانی هەموو ماناكان، لێرەوە پرسیار لە مرۆڤ بەرامبەر بەدیاردەی بوون كێشەیەكی هەرە گەورەیە لەنێوان جەستەیەكی بیركەرەوە و ئامادەبوونی ئەو جەستە بیركەرەوەیە لە بوونێكی ناخەكی و دەرەكیدا. ئاخۆ بەڕاستی ئێمە لە بوونێكدا دەژین كە هەموو ماناكانی ئاشكران و مێژووی مرۆڤیش لەو بوونەدا بەرێچكەیەكی یەك ئاراستەیی و ڕووندا دەڕوا.

لە خوێندنەوە و چڕكردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەهەموو ئاستەكانی «زانست ، ئاین، فەلسەفە ، ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەكان»دا دەتوانین لە چوارچێوەی

عەقڵانییەتی پەرەسەندندا لە مەیدانی شێوازەکانی ژیان و شێوازەکانی بیرکردنەوەدا دوو دیاردەی سەرچاوەیی جیاکەینەوە، کە دیاردەی بوونێکە لە گۆڕان و جووڵە و جوانکارییەکاندا شێوەی جیاوازی بەرجەستەیی دەخاتە پاساوەکانمانەوە بۆ بوون.

هەروەکو چۆن لە بەشێکی تریشدا لەمنی بیرکەرەوە سەرچاوەیەکی تر دەورووژێ و ئەویش من چۆن دەڕوانمە دیاردەکان و چۆن بەسوودی خۆم ئەو گۆڕانە سەرەتاییە بکەمە واقیعێك کە قابیلی پەرەسەندن و خەونبینین بێ، لەو دوو سەرچاوەیە ئیتر هۆکار و شێوازەکانی گۆڕان و بیرکردنەوە لە تێکەڵییەکی بەردەوامدا قاڵبێك و داو و دەستوورێك لە جۆری ژیان و چۆنێتیی ژیان باڵ بەسەر بوونی جەستەی بیرکەرەوە دەگرێ و تاڕادەی قەدەریەتێکی بەمیکانیزمکراو جەستە و عەقڵ دەخاتە کێشەوە. کێشەکانی مرۆڤ لە ڕاستیدا کێشەیەك نین تەنیا ڕوویەکی ئاشکراو لەبەر چاویان هەبێ کە بەشێوەیەك بێت هەموو خەون و پەرەسەندنەکانی مرۆڤ وەك باوەڕی چەسپا و بخاتە گۆڕانەوە لەو کاتەی گەورەترین خەونەکانی مرۆڤ و پەرەسەندنی لەو ئاراستەیە کۆتایی بەسنوورەکانی خۆی دێنێ، کە مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ سیستەمێکی لەوە تازەتری بەدەست نەهێناوە یا خەونی پێوە نەبینیوە کە تاك تیایدا بەڕاستی هەست بەلایەنگیری و پێگیری بەمرۆبوونی خۆی بکات و وەك هێز و دەسەڵاتێکی کاریگەر بتوانێ ئەو بوونەی لە ئاستێکی دیاریکراودا کە هەستی پێ دەکات بیگوازێتەوە بۆ ئاستێکی تر لە ژیان.

ژیان خەسڵەتێکی ڕەهاداری لە جۆری بوونێك بەسەر بیرکردنەوەماندا دەسەپێنێ لەو کاتەی ژیان لە بوونی ئێمەدا دەشێ خۆی وەك خەسڵەتێکی بەش بەش و دووسەر بنوێنێ. چونکە وەك واقیع، ژیان خۆی لە خۆیدا تەنیا ژیان نییە لە زیندوویێتی تاکەکان کە هەر لە سەرەتاوە شێوازێك و قەدەریەتێك دەسەپێنێتەسەری و گۆڕانەکان لە شوێنەکان وپەیوەستەکان و بیرکردنەوەکان بتوانێ لە دەسەڵاتی خۆی دەربکات. بەڵکو ژیان هەروەها ڕوویەکی تری هەیە کە ئەویش ئەو ڕووەیە کە نهێنیی خۆی لەبەردەم تاکەکان ناکاتەوە بەشێوەیەك تاك وەك واقیعی بوونی خۆی بیرناکاتەوە و خەون بە واقیعی ڕاستەقینەوە ببینێ. گەر بپرسین مرۆڤ کەی دابەشبوونە دوو سەرەکانی خۆی لە ژیاندا چارەسەر دەکات، کە توندوتیژی و دڵەڕاوکێ و پرسیارەکان بیگوازنەوە بۆ گومانی تازە و ژیانی تازە.

ئەوا تووشی دژ بەیەکی دەبین لە چۆنێتیی ئەو پەرەسەندنە بەمەنهەجکراوەی مرۆڤ. بەشێك لە مرۆڤەکان فرتوفێڵ و توندوتیژی و شەڕ و جیابوونەوەی دابەشبوونی مرۆیی

دەخـەنـە کولـتـووری مـرۆڤـایـەتـیـیـەوە. بـەشێکیش کـە ئـەم شێوازە لـە پـەیـوەسـتـەکـان ڕەت دەکەنەوە. شێوازی توندوتیژی تر دێننە ئاراوە، بەشێکیش بەناوی گیانی دووسەرە و جەستەی دوو سەرەوە هیچ شێوازێك بۆ ژیان لە دەستی مرۆڤەکان.

بە ڕەواو بەشەرعی نازانن، بەشێکی تر بێهوودە تیۆر بۆ بەختەوەری و کامەرانییە بەدواخراوەکان دەدۆزنەوە، ژیان بە قورسترین و ئاڵۆزترین شێواز، دابەشبوونی عەقڵی ، جەستەیی و زەمەنی و شوێنگەیی دەخاتە چۆنێتییەك لە بوونی ئێمەدا، کە دەشێ ڕەخـنـەی ئـاراسـتـە بـکـرێ، یـا دەبـێ مـرۆڤ بـوونـەوەرێك نـەبـێت بـەقـەدبـوونـی خـۆی دەسەڵاتەکانی ڕەها بکات یاخود دەبێ هەموو ئەو پەیوەستانەی ژیان وەهم و ئەندێشە بن و تا چ سنوورێك ڕێ لە کولتووری پەروەردەیی و هەمیشە پەروەردەیی دەگێڕێ و هەموو بیرکردنەوەکان لە چەند ئامانجێکی پەلکەزێڕینەی ئاسایی زانست و مەعریفەدا دیاری بکرێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەحاڵە لەو کاتەی هیچ دامودەزگا و کۆمەڵە و دەستەبژێرێکی کولتووری لە توانایدا نابێت بەتەواوەتی نمایشی دەسەڵاتی مرۆیی خۆی بکات لەو کاتەی هەر دەسەڵاتە و شێوازەکانی ژیانی بەپیرۆزکراو بەشکۆمەندکراوی مـرۆڤ ئـابـڵـۆقـەی یـەکـێـتـیـیـەك دەدەن، بۆ بـیـرکـردنـەوەی مـرۆیـی. هـەر بـۆیـە لـەگـەڵ دوو سەرەبوونی بووندا، بوونێك لەگەڵ مێژووی مرۆڤدا پەردەپۆش کراوە و بوونێکی تریش هەموو سات و شوێنەکان و بیرکردنەوەکانی دەگرێتەوە و بەرەو پێگیرییەکی دەبات کە دوورە لـەو پـێـگـیـریـیـە گـەردوونـی و مـرۆیـیـەی تـیـایـدا دەژی. ئـەم دووسـەرەبـوونـەی پەرەسەندنی مرۆڤ یاخود چاکتر وایە بڵێین ئەم مەنهەج و بە سیستەمکردنەی مرۆڤ، کاردانەوەیەکی سەرتاسەریی هەیە لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوە ، جیهانبینی. کولتووری مـرۆڤـایـەتـی کـولـتـوورێکـە لـە دەرەوەی ئـازارە ڕاسـتـەقـیـنـەکـانـی مـرۆڤـەوە و لـە ئـازارە هـەمـیـشـەیـی و قـاڵـبـگـرتـووەکـانـدا دەژی، ئـەو ئـازارانـەی وا دەکـەن، تـەنـانـەت تـاك خۆشەویستیی بۆ تراژیدیا و ئازاریش هەبێت. تێور بۆ ژیان لە ئازاردا داڕێژێ بانگەشە بـۆ دابـەشـبـوونـی ئـایـدۆلـۆژی ، سیاسی ، جوگرافـیـایـی ، ئـەتـنـی و ڕەوشتی بـکـات. ئـەو کولتوورەی لە زمانی خۆیەوە دوور دەکەوێتەوە و تەنیا زمانی واقیعە چەسپاوەکان دەکاتە ڕێگەیەك بۆ بەیەکگەیشتن و خەوبینین و پەرەسەندن بیری دووسەرەیی ژیان و بـیـرکـردنـەوە. کولـتـوورێکـی خـوێـنـاوی، لـە کێشەی بـەردەوام ، دابـەشـبـوونـی بـەردەوام و هێنانە بوونەوە، بەبێ ئەمەی سنوورەکانی ئەودیو دابەشبوون تاقی بکاتەوە.

هـەربـۆیـە دەبـیـنـیـن لـە هـەمـوو کـەلـەبـەر و ساتێکی ژیـانـمـانـدا کـردارەکـان کـۆتـایـی بـە

ئازارگًکان ناهێنن. کردار لەلای مرۆڤ کردارێك نییە دەربڕین لە بیرکردنەوە بکات، کردارێکی غەریزەیی و بۆماوەیی مێژووییە کە هەمیشە دەسەڵاتی بەرهەمەککردنی مرۆڤ دەخاتە خۆیەوەو بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ ئەمەش دابەشبوونێکی تری بیرکردنەوە و جیهانبینیی مرۆڤە لەوکاتەی جیاواز بوون، هەمیشە سیفەتی پۆزەتیڤی خۆی لە کرداردا نایەتەدی.

لە ڕاستیدا ئەمە سەلماندنێکە یا بەڵگەیەکە بۆ نوشوستیی چۆنێتییەك لە پەرەسەندن، چۆنێتیەك لە ژیان، کە تاکەکان هەمیشە ناچار دەکات لە جۆرە ژیان و بیرکردنەوەیەکدا بڕوانن دەوروبەری خۆیان کە هیچ هەڵبژاردنێکی تری بەدواوە نایەت. ئەمەش کاردانەوەیەکی سلبییانە و ناتەباییانە دەخاتە کولتووری پەرەسەندنی مرۆڤەوە، لەوکاتەی مرۆڤەکان هەست دەکەن بەردەوام لەوەهمی ئازادی و سەربەخۆیی و کامڵبووندا دەژین و ژیانی ئەوان بەرێچکەیەکی دروستدا گوزەر دەکات، نەخێر ژیان هەرچییەك بێت ڕاڤەیەك نییە بۆ کردارەکانی مرۆڤ کە بەرەو کامڵبوونی بەرێ، ژیان سەرلەبەری دژبەیەکی بوونە دوو سەرەکانە کە کێشەی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی تیایدا پەرەدەسێنێ.

مرۆڤ لەنێوانی بوونێکی بینراو، بیستراو، ژیاوە و لەنێوان بوونێکی گیانی و ناجەستەییدا پەرە بە گومڕاییەکی چارەسەرنەکراو دەدات و ناتوانێ بەتەواوەتی لە هیچ ڕوویەکیاندا هەموو بوونی خۆی بەرجەستە بکات و ناتوانێ بەیەقینێکی پڕ و کردار و باوەڕەوە دەست بۆ شتەکان بەرێ و بیریان لێ بکاتەوە. هەروەکو چۆن ناتوانێ ئەو دوو بوونە بخاتە پەیوەستی تازەوە. مرۆڤ هەمیشە ژیان لەو ڕووەیدا پەرە پێ دەدات وەك ئەوەی مردن و کوشتن و لەناوبردن مەسەلەیەك بن بوونیان نەبێ، کەچی لەگەڵ هەموو باوەڕەکانی خۆی بەگەورەیی و سەروەریی مرۆڤەوە لە بووندا، باڵی پاساو بۆ کوشتن دەدۆزێتەوە و مردن دەبێتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ڕەتنەکراوە، لەوکاتەی کولتوورێك نییە حسێبی بۆ کوشتن و مردن کردبێ و بەو عەقڵییەتەوەش پەرە بەژیان بدات و خەونەکانی تێدا بدۆزێتەوە. بڕوانە شار و ڕۆژنامە و گۆڤار و گۆڕستانەکان، بوونەتە بەشێك لە ژیانی تاك، بەبێ ئاگایی ئەو لە دوژمنایەتیکردنی مردندا. بڕوانە چۆن بانگەشە بۆ مردن دەکات هەر لە ژێر پەردەکانی باوەڕبوون بەئاشتی و مرۆڤویستی و ئازادیدا بەناوی جیا جیاوە بانگەشە بۆ کوشتن دەکات. گیروگرفتەکان لەوێدا نین کە مرۆڤ دەشێ ڕاستییەك بۆ شەڕ و کوشتن و مردنەکانی خۆی بدۆزێتەوە، گرینگ لەوەدا

نییە چەندێك لەسەر ڕاستی مردن دەبێتە ئامانج یا كوشتنی دەكرێتە ئامانج، گرنگی لەوێدایە عەقڵانییەت پەرە بەمردن دەدات. مردن تەنیا هەر كوشتن و لەناوچوونی جەستە نییە، بەڵكو مردن دەتوانێ بەشێوازی جیا جیا پەرە بە كولتووری خۆی و بەردەوامیدان بە هەڵنانەوەی ئەو كولتوورە بدات كە كولتووری شەڕە، شەڕی مرۆڤ بە مرۆڤ و شەڕی سروشت بە مرۆڤ.

ئەم ڕێچكەیە لە پەرەسەندن ڕێچكەیە كە دادپەروەری و كامەرانی و خۆشەویستی و عەشق، تەنیا دەتوانن مرۆڤ لە بیركردنەوەدا بهێڵنەوە و كردارەكانی لە دوو سەرەبووندا بخەنە ئاستی نائاگاییەوە لەوەی چەندێك ئێمە لە ساتەكانی بوونی تەواوی خۆماندا دەژین، مرۆڤ لە تراژیدیاكانیدا سروشتی دەگۆڕێت، لە خۆشییەكانیشدا هەر سروشتی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕینە لە ژیانی تاكەكاندا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ئاستی جیاواز كولتووری مرۆڤایەتی تێكەڵییەك لە خۆشی و ناخۆشییەكانی لە بیركردنەوەكانی، لەبارە دەروونییەكانیدا هەیە.

هەربۆیە دەبینین پاساوهێنانەوە بۆ شەڕ و كوشتار و چەوساندنەوەی ئابووری ، چینایەتی ، ڕەگەزی و جوگرافی و ئایدیۆلۆژی تاكو ئەمڕۆ شانبەشانی كارەساتە سروشتییەكانی مرۆڤ پەرەدەسێنێ مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئامادەبوون لە واقیعێكی دیاریكراو، ئامادەبوونە لە بوونێكی دیاریكراو ئەو بوونەی وا دەكات ئامادەبوون خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتێكی پاشخان و شاراوە بنوێنێ، بەدەر لەوەی ئەو تاكە تاچەندێك دەتوانێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی واقیعدا هەڵبكات.

لێرەوە كولتووری مرۆڤایەتی دەبێتە ڕەنگدانەوەیەك لە واقیع نەك مانای كێشە ڕۆژانەییە ورد و گەورەكانی بەڵكو بەمانای كێشە بوون، كە سەرجەمی پەیوەستەكانی تاكێك دەنوێنێ بەدەوروپشتی خۆیەوە لە پەیوەستی:

من ———— ئەوانی تر———— شتەكان.

من ———— من

ئەوانی تر———— من

شتەكان———— من

ئەم پۆلێنكردنە پەیوەست بە گۆڕانی شوێنی كەس و شتەكانەوە، كێشەكانیش ڕەنگ و ڕوویان دەگۆڕێ و بەمەش مانایان دەگۆڕێ كە لە سەرجەمدا لەژێر بنیاتی كێشەیی

بووندا خۆیان دەنوێنن و خۆ بەرجەستە دەکەن. ئەمەش بە دوو کێشە ڕەنگ دەداتەوە لەوکاتەی مەسەلەی دووسەرەبوونی جیهانبینیی تاك دەبێتە مەسەلەیەکی گەوهەری کە لەنێوانی من چۆن دەڕوانمە خۆم و چەندێك ئەو ڕوانینەم پەیوەست بەبوونی خۆمەوە. هەروەها چەندێك لەو بوونەی خۆمەوە هەڵوێست و تێڕوانینم بۆ شتەکان سەربەخۆیە و بوونی من بەرجەستە دەکات، بەلایەنی ئەوانی دییەوەش، چەندێك ئەوانی تر لەگەڵ مندا دەکەونە پەیوەستەوە و شوێنێکم لە بوونی ئەواندا هەیە. چۆن ئەوانی تر بەلایەنی منەوە چین و شوێنیان لە جیهانبینیی مندا چییە؟! شتەکان پەیوەست بەمنەوە چەندێك بەبوونمەوە پەیوەست دەبن، بوونی من لە شتەکاندا چییە؟ ئەم لێکدانەوانە یەکێتییەك بۆ بوونی کێشەکان نانوێنن.

هەرکاتێ ئەم بوونە دەربڕینی لە هەموو بەشەکانی ئێشەکان کرد لە پەیوەستی لێکدابڕاوی کەسەکانە بەوانی ترەوە، ئەوانی تر بەکەسەکانەوە، هەر ئاواش بەلایەنی شتەکانەوە، هەر بۆیە کولتووری مرۆڤایەتی بەشێوەیەك پەرەدەسێنێ کە دەربڕین تەنیا لە کێشە دووبارە بووەکانی بوون بکات، بەبێ ئەوەی سنوورەکانی ئەو بوونە تێپەڕ بکات.

پەیوەستی تاك بە دەوروپشتی خۆیەوە، پەیوەستێکە کە دەربڕین لە سات و وەخت و شوێنی ئاسایی دەکات. ئەو زەمەنەی کەسی بەرهەمهێنی تیادا دەژی، تاك لە زەمەنێکدا دەژی بەڕادەیەکی بێ سنوور نامۆیی مرۆڤ بەرامبەر بە شتەکان ڕاڤە دەکات، هەر بۆیە خەونەکانی مرۆڤ لەنێوانی ڕازیبوون بەشتەکان و پەیوەستەکان و زەمەنەکان، ڕازیبوونێکی نابنیاتدار و نابووناتەتییە لەو کاتەی زەمەن لە شێوەی گۆڕانەکانی خۆی و سنووردارییەکانی بوونی مرۆڤ و جووڵەی خۆیدا وەك هێزێکی خۆسەپێنەر و واقیعی و دەرك پێنەکراو، کاردەکاتە سەربوونی مرۆڤ، کۆمەڵگە پەیوەست بە تاکەوە ناوەندێکە کە ئەو پەیوەست و هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر بناغەی کۆمەڵە مانایەکی زاڵدا دیاری دەکات و دەبێ هەڵوێست لەو مانا و لەو پەیوەستانە هەڵگرێ، کۆمەڵیش وەك کۆمەڵێك پەیوەست و مانا، تاکەکان دەخاتە چەند ئاستێکی دیاریکراو لە هەڵوێستوەرگرتن و چۆنێتیی هەڵوێستوەرگرتن ئەم پەیوەستانە لە گەوهەردا ڕەنگدانەوەی بوونێکی دوو سەرەن کە مرۆڤ دەشێ بیانخاتە چوارچێوەی بنیاتێکەوە. بیانخاتە قاڵبێکی دوورتر ئەو قاڵبانەی واقیعی داسەپاو دوابخەنە سەر تاك، هەروەکو چۆن دووسەرەییبوونی عەقڵی لە لای مرۆڤ، ئەمڕۆ واقیعێکی ترە کە شەرعییەتی جووڵە و کاریگەریی خۆی هەیە

لەسەر تاکەکان، بەو شێوەیەی حەقیقەتەکانی بوونیش بەهای ڕەوشتیی خۆیان لەدەست دەدەن.

واتە کێشەی مرۆڤ کێشەیەکی دوو سەرەیە لە یەکێکیاندا، لەگەڵ خۆیدا لە کێشەیە و لەوی تریشیاندا لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا لە کێشەیە. گەوهەری کێشە گەوهەری بوونە. واتە هەموو بەرەو ڕووی یەك بوونەوەیەك لەنێوان مرۆڤ و شتەکان و ئەوانی تر ڕووبەڕووبوونەوەیەك نییە لەنێوان جەستەکان بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێوان واقیعی جەستەکان، هەرکاتێ ئەو واقیعە جۆرە ناهاوسەنگییەکی خستە پەیوەستەکانەوە. یاخود هەرکاتێ ئەو ناهاوسەنگییە ئاماژەیەك بوو بۆ بوونێکی دووسەرە و مەبەست لە دوو سەرە بوونی بوون، تەنیا دوو سەرەییە ڕووکەشەکانی نێوان سپی و ڕەش نییە ،بەقەد نەوەی دووسەرەییبوونی نێوان بوونەکانە لە شێوەی پەیوەستی خۆ دەرخەر و پەیوەستی خۆشارەوە و شاردراوە. لێرەدا بۆمان هەیە بیر لەوە بکەینەوە، ئەم بوونەوەی کێشەکان چۆن لە کولتووری داهێنەری دەقدا ڕەن گدەداتەوە و چۆن داهێنەر دەتوانێ بەرجەستەی ئەم دوو جیهانە بکات!!

ئەگەر بێتو هەموو دەقێك ڕەنگدانەوەی ماناکانی بوونێك بێت؛ ئەوا ئاشکرایە بوون لە سیفەتی دوو سەرەیی خۆی کە سیفەتی پێش داهێنان، دەگوازێتەوە نێو زمان، ئەوە کەسی داهێنەرە کە دەبێتە خوڵقێنەر و داهێنەری پاساو بۆ دووسەرەیی بوونەکانی عەقڵ و شتەکان دەدۆزێتەوە بەڕادەیەك تۆ هەست دەکەی لە فانتازیای ئاڵوگۆڕێکی پێکهاتەیی سەیردا دەژیت. هەرکاتێ هەست بەو خوێندنەوەیە بکەی کە بەتەواوی خوێندنەوەی دەقێکە پێویست بەکامڵبوون و تەواو بوون دەکات.

سیفەتی ناکامڵیی دەق، پەیوەست بە خوێندنەوەی ڕەخنەییەوە، پەیوەستێکە جاویدانیی لەنگییەکانی کەوتنەوەی زمان دەردەبڕێ. هەرکاتێ ئەو زمانە گەیشتە ئاستی دووسەرە بوونی خۆی کە ڕەنگدانەوەی سیفەتی بوونی پێش نووسینە، نووسەر ئەوکاتەی هەموو دەقێك لە کێشەیەکدا دەنوێنێ، هەر ئەو کاتە بەو شێوەیە دەنووسێ کە ئەو لەوپەڕی بیری یەك سەرەیی و یەکگرتوویيدا دەنووسێ، یا دەق دادەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ پەردەپۆشی ڕوانینی دووسەرەییبوونی خۆی و شتەکانی دەوروبەری بکات. لەو کاتەی بوون لە زماندا لە بوونێکی دوو سەرەوە، دەگاتە ئاستی بوونێکی شموولیی یەك سەرە، هەرکاتێ ڕەخنە و شیکردنەوە گەیشتنە ئاستی دۆزینەوە، دۆزینەوە بەمانای چوونەوە سەری ئەو هێزەی کە وزەی داهێنان بە نووسەر دەدات و وادەکات

چۆنێتییەکمان بۆ بکەوێتە بەرچاو لە کەوتنەوەی ماناکان بەشێوەیەکی دیاریکراو و نەکەوتنەوەیان بەشێوەیەکی دی، ئەم دووسەرەبوونەکە دەکرێ بکرێتە بناغەیەك بۆ جیهانبینی لێکدانەوەکان و شیکردنەوەکان، هەروەها پاساوێکی دەداتێ بۆ ڕەخنە کە بۆچی دەست بۆ دەقێك دەبات.

لە ڕاستیدا مانای ڕەخنە، هەرچەندە مانایەکە هەندێك جار بە دەقی تازە، ڕاڤەی تازە، شیکردنەوەی تازە بەماناکانی ڕوون بوونەوە و زانین بەرجەستە دەکرێ، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئەم مانایانە لە سیحری خۆیان دەکەون، هەرکاتێ دەرکمان بەو ڕاستییە کرد کە دەق پێویستی بە کاملکردنی ڕەخنەیی هەیە نەك بەو مانایەی ڕەخنە ببێتە پاشکۆیەك یا پەراوێزێك بۆ دەق، بەلکو یا بەو مانایەی ڕەخنە ببێتە هاوبەشیکارێکی داهێنان و کاملکردنی دەق، بەلکو بەو مانایەی کە دەق لەوکاتەدا دەگاتە داهێنان کە دووسەرەییبوونی خۆی لێمان بزرکرد، کە توانی هەموو شتەکان وەك بوونێکی پڕ لە جوولە بخاتەڕوو، لەوکاتەی لەناواخنی خۆیدا گەوهەری دابەشبوون و لێکترازان دەخولقێنێ.

دەق هەلگری ناسێکی (ثیمە) هەلخەلەتێنەرە هەلگری وێنەیەکی شێواوە کە فەوزایەکی ناتەبا دەخاتە خوێندنەوە لەوکاتەی هیچ دەقێك لە یەکێتی یەك سەرەیی بنیاتی خۆی دەرناچێتە دەرەوە و هەموو پاساوەکانی نووسەر لە بانگەشەکردن بۆ بوونێکی واقیعی پاساوێك دەبن لە فرتوفێڵ و هەلخەلەتاندن، بە مانای دروستکردنی فانتازیای ئەفسانەی بوونایەتی لەلای خۆیدا، ئەمەش هەمدیسان ڕەنگدانەوەیەکی ئالوگۆڕکاری دەقە. ڕەنگدانەوەیەکی هەلنانەوەیە لە بوونێکی زانراو و دەرك پێکراوو هەست پێکراوەوە بەرەو بوونێکی لە قاوغگیراو و شاردراوە. هەربۆیە دەتوانین لەو زمانەی ئەوەندە بەرەو گومڕاییمان دەبات، بچینەوە سەر زمانێك کە بێشك زمانێکی مردوو بەوەزیفە کراوە و لە گەیاندنی دەقەکان بەسەرچاوەی دووسەرەییبوونەکان کۆتایی بەبوونی خۆی دێنێ و بوونێکی تازەترمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەم بوونەی کە هەموو ڕاستییەکان لە خۆیدا هەلدەگرێ هەروەکو چۆن دەشێ هەموو گومانەکانیش لە خۆیدا هەلگرێ. لێرەشدا چەند خالێك بۆ چۆنێتیی دەست بۆ بردنی نووسەر ڕوون دەکەینەوە لە گەیاندنی مانا و پێکهاتی شێوەیی دەق. بەو ئاستە ڕاڤەییەی باسی دەکەین کە ئاستی بە بنیاتکردنە:

١- ئاخۆ ئێمە لە زمانەوە دەست بۆ کەرەستە و ڕەگەزەکانی دەق دەبەین یاخود لە کۆتایی سنووری گوتنەوە. واتە ڕەخنە لە کوێوە دەچێتە ناواخنی دەقەوە کە دەتوانێ

یا ئەو ڕێگەیە لەبەردەم خۆی دەکاتەوە، پەنجە لەسەر بنیاتی دووسەرەدانیٚ؟! هەروەك ئاشکرایە ئەو هێزەی لە زماندایە بەشێوەی سیستەمی دەلالەت و ئاماژە و لایەنە دەروونی و دینامیکییەکان، یاخود ڕاڤەکردنی گوتراوەکان، یاخود لێکدانەوەی پێکهاتەیی دەق، هەموو لە زمانەوە دەچنە ناواخنی دەقەوە، جیاوازیی شێوەو چۆنێتیی وەرگرتنی دەقێك بۆ بنیاتنانی ڕەخنە لە ڕاستیدا خوێندنەوەیەکە لەپاش کۆتاییەکەوە دێ کە ئەویش داخستنی دەقە ئەوساتەی داهێنەر دەستبەرداری دەقەکەی دەبێ. گیرۆگرفتی گەوهەری لە بوونی دەقدا نییە بەڵکو لە بوونی خوێندنەوەیە، هەموو گوتنێکی ڕەخنە لە گوتراوێکی کۆتایی پێ هاتووەوە دەست بۆ دەق دەبات، نەك لە دەقێکی شاراوە و بزرەوە کە پێویست بەشیکردنەوە بکات. واتە خوێندنەوە ساتی یۆتوپیای سەرهەڵدانەوەیەکی تری دەقە لەوکاتەی هەست دەکەین دەق هەموو گوتنەکانی وەك ڕووداوی داهێنان کۆتاییان پێ هاتووە. خوێندنەوە تەنیا هەر خوێندنەوەی زمان نییە، بەڵکو خوێندنەوەی هێزی دروستبوونی زمانە و ڕاڤەکردنی مانا تەنیا هەرچوونەوە سەری مانا شاراوەکانی دەق نییە، بەڵکو دۆزینەوەی چۆنییێتیی بوونی مانایە لەو هێز و وزەیەی کەوا دەکەن زمان بەو شێوەیە لە دەقێکدا بکەوێتەوە، ئەمەش هەموو لە دوو کرداردا کامڵ دەبن و ئەوسا کاری نووسینی ڕەخنەیی دەرگەیەك بۆ جیهانبینیی خۆی دەدۆزێتەوە.

أ- کرداری بەبنیاتبوون، ئەم کردارە تێکهەڵکێشیە کە لەنێوان کرداری پێش نووسین و کرداری پێش خوێندنەوەی ڕووکەشەکانی دەق کەوا دەکات نووسەر لە گوتراوە ڕووکەشەکانەوە، ڕێگاکانی چوونە ژوورەوەی دەقێك بدۆزێتەوە لەو کاتەی ئەو هێشتا لە کرداری نووسیندا ناژێ.

ب- کرداری پێکەوەنانی بنیات، پاش کرداری چوونەژوورەوەی دەق، ئەم کردارە بەجارێك خۆی کامڵ دەکاو جیهانبینیی ڕەخنەگریش دەگەیەنێتە ئاستی کامڵبوون. چونکە هەروەك ئاشکرایە بەبێ دۆزینەوە و چوونەوە سەری بنیاتی بوون لە چوارچێوەی دۆزینەوەی هەموو پەیوەستە سەرجەمگیرەکانی داهێنەرەوە، کاری نووسینی ڕەخنەیی، هیچ وزەیەکی بۆ نووسینی پێ نابێت. پەیوەستەکان هەمیشە وێنەیەکن بۆ کێشەکان، وێنەیەکن بۆ ناساندن و سەرخەستنی نهێنییەکانی دەق.

٢- گەڕانەوە بۆ خەملاندنی کێشەکانی دەقێك، گەڕانەوەیە بۆ ئەو هێڵانەی کە ڕێچکەی پەرەسەندنی بنیاتی دەقێك پێك دێنن. ئەمەش هەروەك کارکردنە لە دوو بواری کردار و کاردانەوە لە کردار و بەتاڵبوونەوەی کردار پەیوەست بەو جیهانبینییەی کە داهێنەر

کاری تیادا دەکات. پرسیاری خوێندنەوەی ڕەخنەیی کوشتنی بەهاکانی کێشە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی مەودای نوێیە لە تێڕامان لەو ساتانەی داهێنەر دەکەوێتە خۆ دواندنێکی ڕاستییەوە کە تۆ هەست بەوە بکەی لە کێشەی دەقەکەدا دەکەوێتە کێشەیەکی ترەوە و لە ئاستێکی بەرزتر لەو ئاستەی کە لە یەك گۆشەی دیاریکراوەوە بڕوانێتە دەق.

٣- ڕوانین بۆ دەق وەك کێشە، هەردەبێ ڕوانینێك کە سیفەتی شمولیانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگر بگرێتە خۆی، چونکە کێشەکانی مرۆڤ کێشەی جۆراوجۆرن کە لە هەر ئاستێکی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، مەعریفی ، مێژوویی و جوانکاریدا بێ بێشك پێویست بەتێڕوانینی ڕۆشنبیریی شمولی دەکات، کەوا لە ڕەخنەگر دەکەن بەهەموو لایەنێکی زانیندا بچێتەوە و هەموو لایەنێکی دەق کە پەیوەستی مەعریفی بەکێشەکان دەبەخشێ، لێیانەوە نزیك بێت وەك بنیاتۆکەی ڕووکەش کە دەکەونە سەرەوەی زمانی دەقەوە.

٤- جیهان بەمانای بوون، بێشك بوونێکی نایەکسانە و گەوهەری توندوتیژی و نامۆیی و دژبەیەکی و نائارامی لەلای تاکدا دەخوڵقێنێ و ئەمەش بەشێوەیەکی تر ڕەنگدانەوەی مانای بەکێشەکراو لە زەینی داهێنەردا دەخوڵقێنێ.

هەر بۆیە کێشەکان خۆیان لە خۆیاندا ڕەنگدانەوەی هەموو ترس و نائارامییەکانی ئەم بوونەن. تاکو ئەمڕۆ وەڵامێك لەلای مرۆڤدا نییە بۆ بوونی مرۆڤێك لەسەر ئەم ئەستێرەیە تاکو ئێستا بەبێ بیرکردنەوە لە سروشتی ئەو، توانا زانستییەی بۆی هەبێ کاربکاتە سەر سروشتی مرۆڤ، ئامادەیی زەینی و جەستەیی مرۆڤ لە ئاستێکدا نییە وەك بوونێك دەرك بەڕاڕایی و دوودڵییەکانی خۆی بکات و وەك بوونەوەرێك بڕوانێتە دەوروبەری خۆی کە ژیانی نەبێتە هەڵنانەوەی ژیانێك لەسەر ئازارەکانی مرۆڤ خۆی، مرۆڤایەتی تاکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە لەسەر باوەڕی دادپەروەرانە پەیوەست بە جیهانەوە دامەزرێنێ و ناتوانێ ئەگەرەکانی کێشە ناهاوتاکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیدا بخاتە قاڵبێکەوە کە قازانجی هەموو مرۆڤەکان، بەو مانایە بێت مرۆڤ هەموو مرۆڤێك هاوبەش بێت لە زمانی پێکەوەیی و تەبایی کێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ و کێشە مرۆڤایەتییەکانیش، هاوشانی کێشە سیاسییەکان مرۆڤ دەخەنە باری ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام و شڵەژانی بەردەوامەوە. بەشێکی گەورەی ئازارە مرۆڤایەتییەکانی لە سیمای بەش بەش بوونی مرۆڤایەتییەوە ئەم بەش بەش بوونەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کولتووری مرۆڤایەتیدا هەیە و دەقەکانیش دەربڕین لەم

کێشانەی خۆیان دەکەن.

گرینگییەکی گەورە لە چۆنێتیی ئاڵوگۆڕی کێشەکاندا هەیە لەنێوانی بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق و بنیاتی شاراوە، لەو کاتەی بنیاتە ڕووکەشەکان دەشێ لەچەند بەش و لایەنێك پێك بێنێ و هەموو بەرجەستەی زمانی ڕووکەش بکەن، ئەوا گواستنەوەی ئەو بنیاتانە بەرەو بنیاتی شاراوە کارێکی نەگۆڕە بەتایبەتی لە دەقە قووڵ و دەوڵەمەندەکاندا لە چەند کردارێکی زمانەوانی:

**أ- دەوری بنیاتە ڕووکەشەکان**

بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق، هەروەك میکرۆبابەتی بچووك بچووك، دەکەونە بەرچاو، هەروەك ناوکی بابەتی جیا و پەرشوبڵاو. ئەوان دەربڕین لە ئاماژە پەرتەکانی دەق دەکەن هەر کاتێك ماناکانیان گەیشتنە ئاستی تەواوبوون و کامڵبوون لە وەزیفەکانیاندا دەگەنە ئاستی بنیات. دەشێ بنیاتی ڕووکەش قەتیش نەتوانێ گۆڕانکاریی تەواو بەسەرخۆیدا بێنێ و بەرەو بنیاتی شاراوە بچێت. بەتایبەتی لە دەقە ڕووکەش و فرەماناکاندا بەم حاڵەتانەدا گەڕان لە شێوازی دەربڕین و چۆنێتی دەربڕین دەبێتە بناغەیەك یاخود شایەتییەك لەسەر ناکامڵبوونی دەق.

بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق، هەمیشە پێوست بەکامڵبوونی تر دەکات لەو حاڵەتەوەی ئەو ناوکە ساکارانە هەمیشە کلیلەکانی چوونە ژوورەوەی بنیاتی شاراوە لە خۆیاندا هەڵدەگرن، لەو کاتەوەی وەك داهێنەری دەق هەوڵ دەدات هەموو جیهانە پەرشەکانی بیرکردنەوە بەیەك بگەیەنێتەوە. لەو پەیوەستە بنەڕەتییانەی کە کێشەی دەقێك بەرجەستە دەکەن.

هەربۆیە نهێنیی دەقی دەوڵەمەند، ئەم گواستنەوە بەرهەمهێنەیە کە وا دەکات داهێنەر بیر لە ناوەندی بنیاتێکی تر بکاتەوە کە بەجارێك دەربڕین لە هەموو ئەو شتانە بکات، لە هەموو ئەو مانایانە بکات، کە پەنهانەکان و نهێنییەکانیان تیادا بزربووە. مانا ڕووی کۆتایی نابێت لە دەقدا لەوکاتەی تەنیا نووسینی سپیش هەر دەچێتە خولگەی ماناوە، بەمەش مانا سیفەتی دووسەرەیی خۆی لەنێوانی ڕووکەشی و شاراوەیی ڕادەگەیەنێ. بەشێوەیەك کە خوێنەر دەرك بەم گواستنەوەیە نەکات لە دەقێکی دیاریکراودا، هەروەکو چۆن ئاماژەکانی دەقیش بۆیان هەیە دابەش و پەرشوبڵاو و دژ بەیەکیش ببنەوە لەو کاتەی هەر بنیات و دابەشبوونەکانی ئاماژەیەکە لەگەڵ خۆیاندا جیهانی جیا جیا دەخەنە دەقەوە.

بنیایی ڕووکەش هەروەها دەلالەتێکن لە ترازانی ناوەکیی دەق، لەوکاتەی ئەو بنیاتانە پەیوەستێکی قووڵ لەگەڵ یەکتردا دادەمەزرێنن و هەموو دەکەونە بەشی شاراوەی بنیاتەوە. لێرەوە بیرکردنەوە لە چۆنێتیی گواستنەوەی بنیاتەکان لە ڕووکەشەوە بۆ شاراوە هەروەك میکانیزمێکی بزر و نابینراو دەبێ. هەروەك تەزوویەکی بەهێز، مانا بەرەڵاکان هەبێ کە هەموو لەیەك ئاراستەدا ڕۆ دەچنە ئەودیوی زمانی ئاسایی دەربڕین لێکردنەوە ئە و میکانیزمەی هەرگیز ئاماژەیەك نییە بۆ ئەوەی نووسینی یا داهێنانی دەق وەك کاری داهێنانی (فۆرمە مەزنە بەتاڵەکان) وابێ بەڵکو هیچ نواندنێکی بەمیکانیزمکراو لە دەربڕین لێکردندا لە ماناوە دوور نابێ. شێوەکان هەمیشە ڕوویەکی پەنهان و شاراوەی مانا دەبن، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە نییە ئاخۆ ماناکان سەرەکین یا بناغەن لە دەقێکدا، یاخود خودی سیستەمەکانی مانا و ئاماژەکانن بەڵکو تەنیا گرنگییەك لێرەدا لە هەموو دەربڕین لێکردنێکدا هەر تەنیا بۆ ئەو هێز و وزە نهێنییە دەگەڕێتەوە کە سیفەتێکی ئیحائی زۆر چڕ کراوەی هەیە و وەك وزەی تێکشکێنەر و بنیاتنەر دەکەوێتە بەرچاو و ئەمەش لە پرۆسەی خوێندنەوەی پێش نوسیندا، عەشقی یا وزەی ئامادەی ئێمە دەنوێنێ کە ئێمە بۆ دەقێك هەمانە.

**ب- دەوری بنیاتی شاراوە**

بنیاتی شاراوە یەکێتییەکە لە وزەی کۆتاییپێهاتووی هەموو دەربڕین لێکردنێك و وزەیەکی جڵەوگیرنەکراوی پڕ لە گەشانەوەی مەعریفی و ڕووناکبینیی پەنهان کە هەموو تەبایییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و وزەیەکی نوێمان پێ دەبەخشێ کە هەموو دژ بەیەکیەکان لە وەزیفەکانیان بەتاڵ دەکاتەوە و دەیانخاتە ژێر جڵەوی هێزی خەڵقەندەی خۆیەوە. بنیاتی شاراوە بەتاڵکردنەوەی هەموو مانا بانگەشە بۆ کراوەکانی دەقێکە و خوڵقاندنەوەی مانا نوێیە.

٥- یەکێتیی بنیات: یەکێتیی بنیات یەکێتیی خەڵقکردنە لە یەکێتی مانادا کە بە جارێك هەموو ڕەگەز و پیکهاتە و ئاماژە و ئامانج و دەلالەت و هەموو بوونێکی زمان و شێوە دەخاتە ژێر جڵەوی لە دایکبوونی خۆیەوە. تەنیا بە ناساندنی خوێندنەوەی بنیاتنەرانە، بە عەشقی ڕێزی وشە، بەڕاستی و جوانیی بیرکردنەوە دەگەینە ئەو هێزە. ئەو هێزەی کۆتایی نایێ و جاویدانی و نەمرییە و کێ دەزانێ لەوانەیە هەموو بوون تەنیا ڕوویەك بێت بۆ بوونێکی شاراوەی حەقیقەت، کاروان (١٣٣)

## تێکشکانی گوتاری ڕەخنەیی دۆگما، بەرامبەر بە سەرهەڵدانی گوتاری ڕەخنەیی تیۆری

سەرەتا ناکرێ باس لە ڕەخنەیەکی نوێ بکەین، ئەگەر بێتو باس لەو میکانزمانە نەکەین کە دەرپەڕین و دنیابینیی ڕەخنەیی لە پێش ڕاپەڕین باس دەکەن، یاخود وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەینەوە بنەما ڕەخنەیییەکانی پێش ڕاپەڕین چین؟ لێرەدا بەرەو ڕووی کۆمەڵێك لە بەربەستی لێك نەگەیشتن دەبینەوە کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیە. ئەویش بە دیاریکردنی سیما و ئاماژەکانی ئەو ڕەخنەیەیە کە تاکو ئەمڕۆ نووسەرەکانی داکۆکی لە شوێنی خۆیان دەکەن و دەیانەوێ بیسەلمێنن، کە ئەوان بە سەرەتایەك بۆ ڕەخنەی نوێ دادەنرێن. بەمەش جۆرە دەسەڵاتێکی ئەدەبی دەسەپێننە سەر ڕۆشنبیری کوردییەوە.

بێشك خوێندنەوەی ئەو ڕەخنەیە یەکسەر دەمانباتەوە سەر چەند سنوورێك کە خوێنەری ڕاستەقینە و وشیار ئەوەندە لێیان بێزار بووە، کە چیتر توانای خوێندنەوەیانی نەماوە، ئەو سنوورەی کە هەر نووسینەکان وەك جیهانبینی خۆیان تاکو ئەمڕۆ داکۆکی لێ دەکەن.

لە ڕاستیدا سنووری دۆزینەوە و نوێکاری لە پێش ڕاپەڕین، سنوورێکی زۆر دیاریکراو و داخراوە. لەو کاتەی چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکی لێکدانەوەدا یا لە بواری ڕەخنە و ماناکانیدا خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لە قاڵب دەدا و بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەدەیان پەرژینی خوێندنەوەی نوێی بەسەر خۆی و خوێنەرانیدا دەسەپاند. ئەو ڕەخنەیە زیاتر ڕەحنەیەکی وەسفیی دۆگما بوو. دوور بوو لە کرانەوەی فیکری و شیعریەت و پەلهاوێشتنی فەلسەفی، کە تیایدا ناوەڕۆك و لێکدانەوە و تەفسیرکردنی دەق باڵاترین یا دوورترین سنووری تێگەیشتن بوو لە ڕەخنە. بەمەش ڕەخنە لەوە دوور بوو داکۆکی لە دەقایەتی خۆی بکات. ئەمەش سەرچاوەی خۆی هەبوو کە گرنگترینیان خۆبەستنەوەیە بە چەمك و زاراوە کلاسیکییەکان کە لە ئەدەبی جیهانیدا یا لە ڕەخنەی جیهانیدا بە ڕەخنەی دۆگمایی دەناسرێتەوە.

ئەمەش جگە لە بزربوونی دۆزینەوە نوێیەکان لە ڕەخنەدا، شوێن بزرکردنی دەوری زمان بوو لە ڕەخنەی کوردیدا وەك ئەو جیهانە سەربەخۆیەی کە هەموو سیستەمەکانی

لێكۆڵینەوەی تازەگەرییانەی ڕەخنەیی نوێی لەسەر بنیات دەنرێ، ئەو تەوژمە ڕەخنەییە نوێیەی كە لەگەڵ لە چاپدانی كتێبی «مێژووی خود لەناو لەنگەریەكدا ۱۹۹۷» و «تیۆریی بنیاتی شاراوە ۱۹۹۸–۲۰۰۰) پرسیاری تازەی زمان و بنیات و خوێندنەوەی هێنایە نێو ئەدەبی كوردییەوە، هەروەكو چۆن بناغەیەكی نوێی بۆ پشت بەستنی بە عەقڵی داهێنەرانەی كورد و ئەدەبەكەی هێنایە ژێر پرسیار و لێكۆڵینەوە، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی كوردیدا. بناغەی ڕەخنەیی دۆگمایی تەنیا لەمەدا نەبوو كە شێوازی لاساییكردنەوە و هەڵگرتنەوەی زاراوە كلاسیكی و دۆگماییيەكانی ڕەخنەی كۆن، ڕەخنەیەك بوو تێڕوانینی بۆ زمان و بابەت و پێكهاتی دەق تێڕوانینێك بوو لەوە دوورتر نەدەرۆیی كە دەق تەنیا شێواز و «شێوە» و ناوەڕۆكە و دەقیش هەموو كاتێك هەر دەقێكی نووسراوە. بەمەش زۆر جار لەو ڕەخنەیەدا ڕەتكردنەوەی كەلەپوور و فۆلكلۆر و كەلتووری كورد واتە دەقی كۆنی كورد بەر هێرشی و ڕەتكردنەوە دەكەوت.

زۆر جاریش بوونی كەسایەتیی كورد ڕەت دەكرایەوە، بەوەی كەرەستەكانی دەربڕینمان كەرەستەی داسەپاندنی كولتووری داگیركەرانی كوردستانن، بە لەبیركردنی ئەوەی ڕەخنەی نوێ دەبێ خاوەنی جیهانبینییەكی وابێت كە سنووری زمان و واتا وەك سیستەمێكی دەنگی و دەلالی و دوای ئەوەش وەك بنیاتێكی ڕەها خاوەنی تایبەتمەندییەكی بوونی كورد و زمانەكەیەتی و پێویست بەوە دەكات كە ئێمە شیكردنەوە لەو ئاستانەدا بكەین و پەنا بۆ هەموو زانستێكی مرۆڤایەتی بەرین بۆ دەرخستنی ڕووە بزرەكانی ئەو كولتوورە.

بێشك ڕەخنەی كوردی تاكو كۆتایی ڕاپەڕینیش ڕەخنەیەك بوو كاری لە باوەڕ و سۆزداریدا دەكرد و هەر زوو كۆمەڵە زاراوەیەك سەرلەبەری ئەو كارانەی بەیەك دەگەیاندەوە و دەیانیخستنە یەك هێل لە زمانی ڕەخنەییەوە، كە ئەوانیش «ناوەڕۆك– بابەت– ڕوخسار– شێوە– زمانی پەتی– دەقی بەهێز یا بێ هێز– سەركەوتوو یا سەرنەكەوتوو– ئامۆژگاری– دەشێ – دەكرێ– دەبێ – نابێ... هتد) ئەم وشە و چەمك و زاراوانە لە زۆرینەی دەقە ڕەخنەییە ئەدەبییەكاندا بەرچاو دەكەوتن. جگە لەمەش كاریگەریی ئایدۆلۆژی لەگەڵ هەموو پۆلێنكردنێكی جۆراوجۆرەوە وا بەستەی تیۆرەكانی دەرەوەی زمان و ئەدەب دەكرایەوە، بۆ نموونە ڕەخنەی ماركسی گواسترایەوە بۆ نێو ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی دەروونی یا فرۆیدی گواسترایەوە بۆ نێو ئەدەب و زمان، بێگومان ئەم ڕەخنەیە ،هەروەها كاریگەریی هەبوو لەسەر بەشەكانی تری ئەدەب، وەك

شیعر و چیرۆك و پەخشان و ڕۆمان تا وای لێ هات ڕەخنەگری ئایدۆلۆژی بەناوی ڕەخنەگری دیسپلینکراوەوە داکۆکیی لە تیۆرە ئایدۆلۆژییەکانی دەکرد، بەبێ ئەوەشی بە خۆی بزانێ.

هەروەکو چۆن داکۆکیکردنێك بوو لە باوەڕە سەرەکییەکانی ئەو تیۆرییانە، هەروەکو کێشەی چینایەتی، ئەزموونی دەروونی و باوەڕە دەروونییەکان و هەڵوێستوەرگرتن لە دەقەکان لەسەر ئەم بنەمایانە، ڕەتکردنەوەی هەموو کرانەوەیەکی نوێخوازی و سەرکوتکردنی، کە دەبوو شوێنی سەرزەنشتکردن لە کۆتایی سنوورەکاندا، ڕەخنەگر لە مرۆڤێکی خاوەن عەقڵی شموولییەوە ئەو دەورەی دەشێوێندرا تاکو دەکرا بە دادوەرێکی کۆمەڵایەتی ، دەزگایی و بەمەش ئەدەب لە دەرەوەی دەقەکاندا دەژیا.

گەورەترین زەبری سلبییش کە لە خوێنەر دەدرا هەر ئەوە بوو، کە خوێنەر تەنیا بەناوی نووسەری بابەتەوە، دەیزانی ئەو چی دەخوێنێتەوە، بێ ئاگا لەو بوونە ڕەخنەییانەی کە توانییان هاوشانی تیۆریە نوییەکانی بنیاتگەری هەر لە ژێر کاریگەریی تیۆرییەکانەوە شێوازی نوێی ڕەخنەییان داهێنا هەروەك هەوڵەکانی لوسیان گۆڵدمان و ڕایمۆن پیکارد و لیڤی شتراوس و جان کۆهێن.

بەڕادەیەك ئەو ڕەخنەیە ئەوەندە شانازیی بە دادوەری و توانای حوکمدانی خۆیەوە دەکرد، دەگەیشتە ئەو ئاستەی داسەپاندنێکی بیروڕای یەك لایەنانەی دەسەپاندە سەر خوێنەرەکانی و بەتایبەتی سەر نووسەری دەقەکان. لەلایەنی لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیانەی دەروونیشەوە، ئەو ڕەخنەیە بێ ئاگابوو لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری ڕەخنەیی نوێوە دەکران بەسوود وەرگرتن لە تیۆری و لێکۆڵینەوە دەروونییەکان. هەروەك ڕەخنەی (بنیاتگەریی- دینامیکی- دەروونی) یا ڕەخنەی «بنیاتگەری دەروونی سۆسیولۆژی» یاخود ئەو ڕەخنە زمانەوانییە نوێیەی سوودی لەلایەنی دەروونیی زمانە وەردەگرت و ڕەخنەیەکی نوێی دەنووسییەوە، جگە لەمانەش لەژێر پەردەی هەستی نەتەوایەتی و هاوسۆز بوون لەگەڵ بیری نەتەوایەتیدا، ڕەخنەیەکی تر هەبوو کە هەموو شێوازێکی دەربڕینی جوانکارییانەی بۆ دەق بە ڕەوا نەدەبینی، تەنانەت گەر هاوماناش بووایە، یا نزیك بووایە لە زمان و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە بواری زماندا.

جگە لەمانەش هەموو کاتێك ڕەخنەکاری پراکتیکی نەیدەتوانی بەتەواوی یا بە شێوازێکی زانستییانە جیهانبینیی ڕەخنە و شێوازەکەی ڕوون بکاتەوە، یاخود ڕەخنە

کارێکی تیۆری لە خوێندنەوەی دەقەکاندا نوشوستیی دەهێنا، واتە جۆرە تێکەڵی و سستییەك هەبوو لەنێوانی ڕەخنەی پراکتیکی و تیۆری، جۆرە ناهاوسەنگییەك کە ئاماژەیەك بوو بۆ نەمانی جیهانبینیی ڕەخنەکار. هەروەکو چۆن ئاماژەیەك بوو بۆ بزربوونی شێوازە نوێیەکانی تێوری و مێتۆد، ئەگەر سەرەتای کەوتنی هەموو ڕەخنە کلاسیکی و دۆگمایییەکانی ئەوروپا لەگەڵ مردنی سارتەرەوە و سەرهەڵدانی بنیاتگەرییەوە لەقەڵەم بدەین، ئەوا لە ڕەخنەی کوردیدا سەرەتای چەند ساڵی دوای ڕاپەڕین بەسەر هەڵدانی ڕەخنەیەکی نوێ لەقەڵەم دەدەم.

چونکە ڕەخنەی کوردی لە تێکەڵبوونێکی گێرەشێوێنیی بێ سەرچاوەدا، واتە گوتن بەبێ ئەوەی سەرچاوەکانی گوتنی هەبێ. ئەمەش جۆرێك بوو لە نووسینی ڕەخنەیی کە تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. لێرەدا ئێمە نامانەوێ لە بەهای ڕەخنەی حەفتا و هەشتاکان کەم کەینەوە. چونکە وەك پۆلێنکردنێك ڕەخنەیی لە مێژووی ئەدەبدا ئەو ڕەخنەیەیە کە دەبێتە بنەمای ئاماژەکردن بۆ جیابوونەوە و جیاکردنەوەی نێوان دوو ئاست یان دوو قۆناغ لە ڕەخنە، واتە ڕەخنەی سەرهەڵدانێکی خۆڕسکانە نییە.

بەڵکو سەرهەڵدانی سەرەتایی و پەرەسەندنی تێڕوانینی زانستییانەی تێور و مێتودە کە بیرکردنەوە لەم لایەنانە تەنیا لە ئاستی ئاماژەی بێ گیان و بێ هێز بوو لە ڕەخنەی دۆگماییدا.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەو چوار جۆرە ڕەخنەیە لە ئەدەبی کوردیدا لە چەند باوەڕ و پرەنسیپێکدا یەکیان دەگرتەوە، کە ئەویش مانەوەیە لە باوەڕداری لە ڕەخنەدا لە هاوسۆزی لە ڕەخنەدا، لە دوو سەرەیی بوون لە هەڵوێستدا لە بەکارهێنانی زمانی هاوبەش لە نووسینەوەی ڕەخنەدا، لە لایەنگیریی نازانستیانە و سۆزدارانەدا لە ڕەخنەدا، هەروەك ئەوەی ڕەخنە چاکەکارێکی کۆمەڵایەتی و سەرۆك خێڵێك بێت.

لە ڕاستیدا ڕەخنەی نوێ لەوە دەرچوو حوکمدان بکاتە ناوەڕۆکی بۆچوونەکانییەوە، لەوە دەرچوو هەڵسەنگاندنی دەق بێ، لەوەش دەرچوو تەنیا کاری وەسفی دەق بێ، بەڵکو گەڕانێکە خوێندنەوەیەکە لەو میکانیزمانەی عەقڵ کە دەبنە هۆکاری دەرهاوێشتنی دەقێك. هەروەکو چۆن لەو میکانیزمانەی کە پێکهاتی مانا لە دەقێك بەرەو چۆنێتی بەرن لەو باوەڕەوەی ئێمە هەموو کاتێك بەو چاوەوە دەڕوانینە دەق کە هەموو توانا و بێ تواناییيەکانی نووسەرێك بگرێتەوە خۆی، هەروەکو چۆن بۆ ئەوە دەچم ڕەخنە بەرەو

سەربەخۆیی جیهانبینیی خۆی بچێت کە ئەویش وەك دەقێك شایانی دان پێدانان و خوێندنەوە بێت.

ئەویش لە بەهای ئەو ئازادی و گەشەسەندنە عەقڵییانەی کە مافێك، مافێکی گەورەتر بە خوێنەر دەدات، هاوبەشی خوێندنەوەی دەقێك بێت.

ڕەخنە چیتر نابێتە بڕیار بە دەستێکی داسەپا و کە لە ژێر بریق و باقەکانی سۆزداریبوون و هاندان و توندوتیژیدا پاساو بۆ دەرچوون لە زمانی دەق بدۆزێتەوە.

بێگومان خوێندنەوەی ڕەخنەیی جیهانیش، هەر بە شێوەیەکی یەك لە دووی یەکی پەیوەستدارییە لەنێوان تەوژم و قوتابخانە و مێتودەکاندا، کە لە ڕەخنەی کلاسیکی بوا لۆوە دەست پێ دەکات و تاکو ئەمڕۆ هەر لە پەرەسەندندایە بەڵام لە سەرجەمدا ئەو پەرەسەندنانە گەڕانەوەیەکن بۆ ناوەندێتیی عەقڵ و گەشەسەندنی بوارەکانی ڕەخنە، بە سوود وەرگرتن لە زمان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەخنەی دۆگمایی و ئایدۆلۆژیی ساڵانی ڕابردوو زیاتر لە بوارێکی سیاسیدا هەموو ماناکانی خۆی بە پاساو دەکرد. ئەم بوارەی نووسەری کوردی دەخستە ژێر کۆمەڵێك لە سانسۆر و قەدەغەکردن و چاودێرییەوە. ئەمەش وای دەکرد زۆرینەی نووسەرانی کورد لە دەقەکانیاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕین لە باوەڕی سیاسییان بکەن، هەروەکو چۆن کێشەیەکی تری ئەو بارودۆخە سانسۆر و قەدەغەکردنی بیری ئازاد و نوێ بوو، هەروەکو چۆن سەرجەمی خوێنەری کوردیش بێ بەش بوون لە تازەکردنەوە و نوێبوونەوە، هەروەکو چۆنیش سەرچاوەکانی خوێندنەوە لەلای زۆرینەی نووسەرانی کوردا هەر زمانی عەرەبی بوو.

جگە لە مانە ڕەخنەی کوردیی پێش ڕاپەڕین کاریگەر بوو بە لاساییکردنەوە و جوینەوەی لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان کە بێگومانم لەوەی گەر تواناکانی ڕەخنەگر بە شێوەیەکی خودییانە بووایە، کاری زۆر بە پێز و دەوڵەمەند تر دەکرا و ئەمانەش کاری ڕەخنەییان ئیفلیج دەکرد، یەکێك لەو حاڵەتانەش کە تاکو ئەمڕۆ باوەڕ بوون بە تواناکانی مرۆڤی کورد کەم کاتەوە، ئەوەیە کە ئێمەی ڕۆشنبیران کە لە کاروان دواکەوتووینە و چیتر ناتوانین بیر و تیۆریی ڕەخنەیی داهێنین. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی ئەم قسانە ڕاستە کە ئێمە دواکەوتووین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوە بە ڕاست نازانم کە تواناکانی بیرکردنەوەی نەوەی تازەی ڕۆشنبیریی کوردی یا چاکتر بڵێین نەوەی

ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردی لە قاوغ بگێڕێن و سنوورێك بۆ بیرکردنەوەی دابنرێ، و تەنیا ڕێگەی ئەوەبێ لاسایی مێتۆد و تەوژمە ڕەخنەییەکانی ڕۆژئاوا بکاتەوە.

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر تەوژمێکی ڕەخنەیی لەگەڵ سیاسەتی ئەوسای حکوومەتدا نەگونجایە، ئەوا هەر زوو بە دەستکردی و زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی لەقەڵەم دەدا. هەموو لە بیرمانە کاتێك تەوژمی بنیاتگەری تاك تاك نووسینی لەبارەوە دەنووسرا بە ئەدەبێکی جیهانی زایۆنییان لەقەڵەم دەدا کە دەیەوێ ڕێگە لە ئەدەبی پێگیری و ئەدەبی شۆڕشگێڕێتی بگرێ و ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەدەبی کوردی و هاوسۆزییەکی لەنێو نووسەرانی کوردا پەیدا دەکرد.

کە خوێنەری کورد بەداخەوە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسابوو بە تەواوەتی یا کەموزۆر سەرچاوە تازەکانی ئەدەبی دەست کەوێت بەتایبەتی ڕەخنەی نوێ.

بێگومان چاودێریی توندوتیژ لەسەر کتێب ، چاپ ، بڵاوکردنەوە و نووسەرەکانی، هۆکارێکی گەورەبوون بۆ بێ ئاگاکردن و سستکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، ئەوەی لە دەرەوە ڕووی دەدا، نووسەری کورد لێی بێ بەش بوو، جگە لە بڵاوبوونەوەی لایەنگیرییە کەی و گەلەکۆمەیی و هاوئایدۆلۆژی و هاوشاری، کەوای دەکرد بە ئاسانی بەرپەرچی نووسەرێکی دیاریکراو بدرێتەوە و ڕێککەوتی زۆر بچووك بۆ تازەبوونەوە لە نووسەران بگیرێ. ئەم کردارەش زۆر جار نووسەرانی نزیك لە دەسەڵات دەوری تێکدەریان دەبینی لە خەڵقکردنی توندوتیژییەکان، کە تاکو ئێستاش پاشماوەکەی هەر ماوەتەوە.

جگە لەمانەش کاری ڕۆشنبیریی کوردیی پێش ڕاپەڕین کارێك بوو زیاتر لە ناساندن و کۆکردنەوەی کولتووریدا دیاری دەکرا. چونکە هەموو کەرەستەکانی نووسین و شێوازەکانی نووسین بەلای نووسەرانەوە نامۆ بوونە کە ئەمڕۆکە دەرفەتێکی گەورەتر بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە هاتووەتە کایەوە کە ئەویش قۆناغێکی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییە. بێگومان گەورەترین کاری کۆکردنەوەی کولتووری و کەلەپووری و فۆلکلۆری کوردی لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی پێ کرد، کاتێك کورد دەرفەتێکی چاکی بۆ ئەم کارە بۆ هاتە کایەوە.

بەڵام هەمیشە ئەم کولتوورە پێویستی بەشیکردنەوە و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە هەیە.

ئەدەبێك کە بەبێ هەڵبژاردنێکی زۆر لە ئەدەبی بەرگری نزیك دەبووەوە.

پاش ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، بارودۆخێکی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیریی تازە هاتە کایەوە، کە بە تەواوەتی لە بارودۆخی پێشووی جیادەبووەوە، چاودێریکردن لەسەر بیرکردنەوە و چاپ و بڵاوکردنەوە و نووسین نەما، خوێنەری کورد هەموو دەرگا داخراو و سانسۆرەکانی لەسەر لاچوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من وا تێ دەگەم کە ڕۆشنبیری کورد تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ باری ئازادی و واقیعی دوای ڕاپەڕین پێ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێگەیشتنە زیاتر مۆرکێکی سیاسیی دەگرتە خۆیەوە. بە مانایەکی تر ڕۆشنبیری کورد کەوتە بارودۆخێکی تازە و واقیعێکی تازەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا لە ئاستی ئەم بارودۆخە تازە دانییە، پەیوەست بە بابەتەکەمانەوە ڕەخنەی ئەدەبیی پاش ڕاپەڕین، قەڵەمەکانی خۆی لە دەست دا، ڕەخنەی ئەدەبی دوای ڕاپەڕین بووە ڕەخنەیەك کە توانای تاکە کەس زیاتر دەوری تێدا گێڕا. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك بوو. مەبەست لە تاکە کەسی کەمبوونەوەی ژمارەی ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان بوو، بەرامبەر بە گواستنەوەی قەڵەمی تازە بۆ بوارەکانی تری نووسین، وەك ڕۆمان و نووسین لە بواری زانستە مرۆڤیاتیەکانی تر، هەروەکو چۆن ڕەخنە و لێکۆڵینەوە زیاتر کاریگەر بوو بە ئەدەب و فیکری ڕۆژئاوا، پاش ئەوە دوای ڕاپەڕین دەرفەتی زیاتر بۆ ڕۆشنبیری کورد هاتە کایەوە کە لێکخشانێکی ڕۆشنبیری لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوادا دروست بکات و شارەزایی لە زمانە بیانییەکان پەیدا بکا بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چالاکیی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژ بەرۆژ بەرەو سستی و کەمبوونەوە دەچوو.

ئەمەش وای کرد ڕووننەبینییەك لەلای خوێنەردا دروست بێت، خوێنەری کورد و ڕۆشنبیریی کوردی، تاکو ئەمڕۆ جیاوازییەك ناکەن لەنێوان نووسینی ڕەخنەیی ، ڕەخنەی ئەدەبی ، لێکۆڵینەوەی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، فەلسەفی و ڕۆژنامەگەریدا. سیفەتی ڕەخنە بە هەموو ئەو نووسینانە دەدرێ و تێکەڵبوونێکی سەیر لەو نێوەندەدا بەدی دەکەین، ڕەخنەی ئەدەبی جیاوازیی هەیە لەگەڵ نووسینێکی ئەنترۆپۆلۆژی یا دەروونی یا کۆمەڵناسی، کە دەتوانین بڵێین هەندێك جار ئەو نووسینانە کە ناچنە دووتوێی ڕەخنەوە، دەربارەیان بڵێین نووسینێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەدیدێکی ڕەخنەییەوە.

کەواتە ڕەخنە وەك جۆرێك لە زانست بۆی هەیە کار بکاتە سەر بوارەکانی تری نووسین، بەڵام سیفەتی ڕەخنەگر سیفەتێك نییە کە هەموو جۆرە نووسینێك بگرێتەوە، ئەم لێکحاڵینەبوونە شێوازی تر وەردەگرێ لە شێواندنی تێڕوانینی زانستییانە بۆ میتۆدەکان،

کە زۆر جار بۆ نموونە سیفەتی ڕەخنەی بنیاتگەری دەدرێتە پاڵ کەسانێکەوە کە زۆر دوورن لەو زانستە ڕەخنەییە. بەڵکو هەندێك جار کەسانێك دەکرێنە فەیلەسووفی ڕەخنە و باوکی ڕەخنە و شای ڕەخنە، بەبێ تێگەیشتنێکی تەواو لەو زانستە و بە شێواوی لە دەرەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەهێنرێتە نێو ئەو ڕۆشنبیرییەوە.

لەگەڵ هەموو ئەم ناولێنان و دیاریکردنە بێ بنەمایانەدا من لێکۆڵینەوەیەکم بەرچاو نەکەوتووە کە بۆمان هەبێ سیفەتی بنیاتگەریی بدەینە پاڵ. لەبەرئەوەی بنیاتگەری لە بناغەوە وەکو تەوژمێکی ڕەخنەیی، خوێندنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی زمانە وەك سیستەمی دەلالەت و ئاماژەکان، دەرکردن و هێنانە ناوەوەی مانا لە زماندا هەر لە دوو تویی لێکۆڵینەوە لە توانای زمان وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی. بۆ نموونە ڕولان بارت هەر خۆی لە نووسینەکانیدا جەخت لەسەر گرینگیی سیستەمی ئاماژە دەکا و ناوەرۆك وەك ڕەگەزێکی زاڵ لە دەقەکاندا وەلاوە دەنێ. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕەخنەیەکی ئەدەبی کە لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژی دامەزرابوو هەڵوەشێتەوە و هەر بۆیە ڕایمون پیکارد ڕستەی «شێوە بەتاڵە مەزنەکان»ی ڕۆلان پارتی ڕەت کردەوە، وەك داکۆکیکردنێك لە بابەت و ناوەرۆك، ئیتر ڕەخنەی ئەدەبی بنیاتگەری دەچتە سیستەمێك لە کارکردنەوە کە جووڵەی زمان بە هەموو لایەنەکانییەوە دەبێتە بناغەیەك بۆ شیکردنەوە.

ئەمانەش هەموو دەچنە ئاستە جیاوازەکانی چۆنێتیی دروستبوونی ئاماژە و ماناکانی دەقەوە.

لێرەشدا لە ڕۆشنبیریی کوردی زۆر جار بانگەشەی نوێخوازی و ئەو دیوی نوێخوازی دەکرێ کە بە ڕاستی ئەم هەولانە دوورن لە واقیعی کورد و بارودۆخەکەوە.

ئەمەش لەبەرئەوەیە نوێخوازی بنەمای پاش نوێخوازیە، ئەو تەوژمە ڕەخنەییەی لەسەر کولتووری نوێخوازی فیکری و ڕەخنەیی خەریکە بنامەیەك بۆ جیابوونەوە لە نوێخوازی دروست بکات، ئاخۆ دەکرێ ئێمە بێینە سەر بیرکردنەوەیەك کە دەسکەوتێکی پەرەسەندنی نوێخوازی بنێت و تاکو ئەمرۆش نووسەر و ڕەخنەگرەکانی ڕۆژئاوا هەر خۆیان ناکۆکن لەسەر ئەو بانگەشەی جیابوونەوەیە؟

لە ڕۆشنبیریەکدا کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە ٣٪ی ئەو کولنورە بخوێنێتەوە؟ لەو ڕۆشنبیریەی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەیان ئابلۆقەی جیاواز و گوشاری توندوتیژ و

جۆرەها لە بازنەدانی دەسەڵاتداریتیەوە، ئەم جۆرە دەست بۆ بردنە ڕۆشنبیریە هەندێك جار دابڕانێك لەنێوان خوێنەر و مافی خوێنەر و زانیاریەکانی ڕۆشنبیریدا دێتە کایەوە.

لێرەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ناکرێ لە ژێر پەردەی جیاوازبوونمانەوە خۆمان لە ڕۆشنبیریەکانی بەرامبەرمان دوورە پەرێز بگرین، بەڵکو خوێندنەوەی ئەو ڕۆشنبیریە زۆر گرنگە بۆ زانین و دۆزینەوەی هێزە عەقڵیە خودیەکانمان، هەروەها بیرکردنەوە لەوەی کە دەبێ ڕۆشنبیری لەلای ئێمە چەندێك توانیویەتی دەرك بە تایبەتمەندێتی خۆی بکات.

بەڵام بەداخەوە لێکحاڵینەبوون و هەڵەکان لەوێدا دەبن کە ئێمە چۆن بتوانین سوود لەو کولتوورە ڕەنگاوڕەنگانەی بەرامبەر وەربگرین، ئاخۆ دەبێ ئێمە ئەو مافە بە خۆمان بدەین لاسایی دەقاودەقی کارەکانی ئەوان بکەینەوە و ئەو لاساییکردنەوەیە بگوازینەوە نێو ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردییەوە؟ یاخود سوود لەو زانیارییانە وەرگرین بۆ نووسینەوەی ڕەخنەیەك کە هەمدیسان هەر لە پەراوێزی سەنتەری دەرەوەدا دەبێ؟ یاخود ئەو ڕەخنەیە هێز و توانا عەقڵییەکانمان پەرە پێ بدا؟ بێگومان ئەو پەرەسەندنە خزانی ڕۆشنبیریی کوردیی بە دواوە دەبێ، گەر بەو شێوازانەی سەرەوە دەست بۆ ڕۆشنبیریی بەرامبەر بەرین، ئەمەش لەبەر ئەوە هەموو ڕەخنەیەك کە بەشێکە لە کاری ڕۆشنبیری، مۆرکی خۆمالێتی و تایبەتمەندێتی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی هەڵدەگرێ کە هیچ نەتەوەیەك گەر نەچێتە ناواخنی ژیانی نەتەوەکانی تر و کولتوورەکەیانەوە، ئەستەمە بگاتە حاڵەتی چێژ لێ وەرگرتن و داهێنان. بۆیە هەندێك لە ڕۆشنبیران لە گومڕابوون لە کولتووری بەرامبەردا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لە کولتووری کورد تەنانەت بە زمانەکەشیەوە، شوێنی داهێنانی تێدا نابێتەوە بێشك من لەگەڵ ئەمەدا نیم هەموو دەرگەیەکی نوێخوازیی خولْقاندن لە خۆمان داخەین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیم تایبەتمەندێتیی کولتوور و بارودۆخی مرۆڤیی خۆمان و زمانەکەمان پشتگوێ بخەین و بکەوینە ئەو دیوی ماناکانی خۆمانەوە. لەوە زۆر دڵنیام کە هەر خوێندنەوەی کولتووری خۆمانە وامان لێ دەکات کە ئێمە لەوە بگەین ئاستی عەقڵیی ئێمە و بیرکردنەوەمان چۆن بووە و ئەمڕۆ چۆن بیر دەکەینەوە، چۆن لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و فێرکارییەکانی خۆمان بگەین و بەرەو ڕووی خوێندنەوەی ڕەخنەیی و شیکردنەوەی بەرین، واتە تێگەیشتن لە واقیعی مرۆڤی خۆمان، وەك مرۆڤێکی کورد کە خاوەن مێژوو، کولتوور و زمانێکی تایبەت و داو و دەستوورێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوین.

ئەمانە وامان لێ دەكات بیر لەوە بكەینەوە كە ئێمەش تایبەتمەندێتیی خۆمان هەیە. هەر لەو تایبەتمەندێتیانەوەشی دەتوانین بناغەیەك بۆ بیركردنەوە و فیكری ڕەخنەیی كوردی دابڕێژین، ئەو بناغەیەش بەو ئاسانییە نییە كە ئێمە بێین و حوكمی لەسەر بدەین بە بڕیارێك یا بانگەشەیەكی بێ تێوری و بێ جیهانبینی. چونكە كە باوەڕمان بەوە هێنا ئێمە نەتەوەی كورد تایبەتمەندێتیی خۆمان هەیە، دەبێ باوەڕ بەوەش بێنین كە ئێمەی ڕۆشنبیران مەیدانێكی ئاخاوتن و بیركردنەوەمان لەبەردەمدایە كە دەبێ بەهێزەوە دەربڕین لە خۆدێتیی خۆی بكات و لە كاریگەربوونی بە ڕۆشنبیرییەكانی دەوروبەری خۆی بپارێزێ بەو شێوازەی خودێتیی بیركردنەوە و داهێنانی خودییانەی خۆی لە بیر بچێتەوە.

چۆن دەكرێ حوكم لەسەر شیعری كلاسیكی كوردی بدەین كە موڵكی كورد نییە و لاساییكردنەوەیە، هەر لەبەرئەوەی قافیە و كێشی شیعری عەرووزی عەرەبی بەكارهاتووە لەو شیعرەدا. ئەی زمانی كوردی لەو نێوانەدا چیی بەسەرهات؟ بۆچی حسێب بۆ توانای ئیقاع و ئاوازی وشەی كوردی ناكرێ، بۆچی لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی كوردی باس لە توانای زمانی كوردی ناكا وەك سیستەمێكی دەنگی و شیعری؟ لێرەدایە لە دەستدانی باوەڕبوون بە خودێتیی خۆمان كە زمان بناغەیەتی.

زمانی كوردی و شیعری كلاسیكی كوردی ئەو بەخشندەیییەی تێدایە كە هەموو ڕەگەزێكی زمانەوانی و موسیقیی تایبەت بە خۆی هەبێ و شایانی لێكۆڵینەوە و داهێنان بێ كە شایەنی ئەوەبێ ڕەخنەیەكی بنیاتنەری لەسەر جێبەجێ بكرێ، كە جیهانبینیی تایبەتی لەسەر پراكتیك بكرێ، تەنیا هەر بەوە نەوەستین لاسایی بەخشندەیییەكانی ڕەخنەی ڕۆژئاوا بكەینەوە.

ئەم دیاردەیە لە ڕۆشنبیریی كوردیدا بە جۆرێك كەوتووەتە خەریكە دكتاتۆریەتی زانینی لاساییكردنەوە بەرهەم بهێنێ. بەوەی لە ئاست نەبوونی یا بزربوونی داهێنانی ڕەخنەیی كەسانێك بانگەشە بۆ ئەوپەڕی تێگەیشتن و ئەو پەڕی زانین بكەن، یاخود لەودیوی خوێندنەوەی فلان نووسەر و ئیتر هەموو خوێندنەوەكان كۆتاییان پێ دێ، یان فلان كەس قسەی كرد دەبێ ئێمە بێدەنگ بین.

بێگومان یەكێك لە بەخشندەیییەكانی كۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، ڕێزگرتنە لە ئازادیی تاكە كەسی و وەرگرتنی بەرامبەرە و خوێندنەوەی بەرامبەرە، كە بەداخەوە لە ڕۆشنبیری نێو

کوردا ئەوخۆ خوێندنەوەیە بزرە. ئەمەش دوو هۆکاری لە پشتەوەیە: یەکەمیان هەستکردن بە چەوساندنەوە و خۆبچووککردنەوە لە بەرامبەر ڕۆشنبیرییە گەورە و داهێنەرەکاندا. دووەمیش، بێ باوەڕی بوون بە ڕۆشنبیری زیندوو لە لای کورد. بۆچی ئەو ڕۆحە ساکارەی کوردەواریمان بزر کرد و نەمانتوانی داو و دەستوورێکی نوێی بۆ بدۆزینەوە؟ لێرەوە ناهاوسەنگیی نێوان خۆ دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەی باوەڕی ڕۆشنبیری لە ناسنامەکانی ترەوە، ڕۆشنبیرانێکی خستە گومانێکەوە کە دەرچوونی نەبێ.

لێرەوە دێمە سەر باسی تیۆریی بنیاتی شاراوە، تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر بناغەیەك دامەزراوە کە بناغەی خوێندنەوەی بەرهەمهێنە، کە هیچ جۆرە داسەپانێك ناسەپێنێتە سەر خوێنەر، لە هەموو جۆرە پابەندبوونێك ئازادی دەکات، خوێنەر و خوێندنەوە دەبنە ناوەندی هەموو جۆرە ڕاوەرگرتنێك هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك، هەموو ئازادییەك بۆ سەندنەوەی مافی خوێندنەوە و تێگەیشتن. ئەو خوێنەرەی دەبێ پێش وەختە خۆی لە هەموو جۆرە لایەنداریيەکی ئایدۆلۆژی و پێگیریی پێش وەختەی باوەڕ دوورخاتەوە، تاکو بە عەقڵێکی پاك و خاوێنەوە بەرەو خوێندنەوە بچێ. ئەو خوێنەرەی دەبێتە ناوەند بۆ هەموو گوتراوەکان، بۆ هەموو دەقەکان و ئاخاوتن و گفتوگۆیان لەگەڵدا ساز دەدات، ئەو مافەش بەو کەسانە دەدات کە قووڵییەکی زیاتر بە خوێندنەوە ببەخشن.

تیۆریی بنیاتی شاراوە، سەرەتا تێگەیشتنێکی تری هەیە بۆ دەق، لەو تێگەیشتنەی کە ڕۆشنبیریی کوردی بۆ دەق هەیەتی، کە تاکو ئەمڕۆ کار بەو تێگەیشتنە دەکرێ، ئەویش ئەوەیە دەق بەلایەنی بنیاتی شاراوەوە هەموو گوتراو و نووسراو و بیستراو و نمایشکراو و بەرجەستەکراو و بەخەون کراوەکانە.

تەنانەت ئەم دانیشتنەی ئێمە لە هەر گۆشەیەکەوە تێی بڕوانی، بۆ خۆی دەقێکە، دەقێك کە مانایەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ یا دەتوانین مانایەکی نەبینراوی لێ خەڵق بکەین، کە لە خۆیدا بنیاتێك هەڵدەگرێ بنیات لە سیستەمی زماندا بەلایەنی تیۆریی بنیاتی شاراوەوە ئاستی یەکەم و بناغەیی هەموو دەقێکە، کە لە ڕەخنەی نوێدا تەنیا کار لە دوو سیستەمی زمانەوانی کراوە. ئەوانیش ئاستی سیمانتیکی و ئاستی فۆنەتیکە، لە ڕاستیدا هەردوو ئەم سیستەمانەی زمان دەچنە یەك خانە لە پۆلێنکردنی بنیاتەکانەوە، کە ئەویش بنیاتی ڕووکەشە و بنیات ئەو کاتە مانای بوونی خۆی کامڵ دەکات کە دەبێتە شاراوە و لەو بزربوونەوە مانایەکی نوێ لە پەیوەستبوون دەخوڵقێنێ لە نێوانی خوێنەر و نووسەر و زماندا.

سەرەتای خولّقاندنی دەق، بایەخێکی گەورەی هەیە لە شیکردنەوەدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی هەموو دەقێك ئیحایەکی ناوەکی لەلایەنی بیرکرنەوەدا هەڵدەگرێ، کە بیر هەر لە سەرەتاوە بە ئیحای بەرهەمهێنی گرفتار دەبێ، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێکی لەلادا بێ کە ئەو کەوتووەتە حاڵەتی دەقرێژی بوونەوە، مەبەست لەو حاڵەتەیە کە نووسەر هەر ئەوەندە بیرۆکەی لەلادا هەیە کە ئەو دەیەوێ بەو گرفتاریبوون و حاڵەتی خۆیەوە، بەو ئامادەییە عەقڵییەی خۆیەوە دەقێك بنووسێتەوە. ئەمەش هەر لە سەرەتای کردارەکانی پێش نووسینەوەدایە، واتە نووسین نە لە گەوهەری شتەکاندایە و نە لەو گەوهەری زماندایە، تەنیا پاش بڕیاری نووسەر بۆ دەربڕین کردن لە گرفتارییەکانی خۆی کە حاڵەتێکی ئیحائیە شتەکان و زمان دەبنە کێشەی نێوان خۆی و بیرکردنەوەی. ئەو ئیحایە، ئەو بنیاتە بناغەییەی کە هەموو دەقێك دەخاتە زیندوێتییەوە، کە هەموو لێکدانەوە و مەبەست و چۆنێتیی دەربڕینی لێکردن دەخاتە جووڵەوە تاکو هەر لەو جووڵە و گرفتاریبوونانەوە دەق بنیاتی نوێی خۆی دادەڕێژێ. ئەمەش بەشێوەیەکی دووسەرەییانەی بنیاتگەرایی دەبێ. چونکە هەموو دەقێك دوو بنیاتی جیاواز لە خۆیدا هەڵدەگرێ، کە بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی شاراوەیە.

بنیاتی ڕووکەش هەموو گوتنە زانراوو پەردە لەسەر لادراو و مانا زاڵەکانی ڕۆژانەی دەنوێنێ کە دەیەوێ بە هۆیەوە شتێکمان لێ بشارێتەوە، من دڵنیام هەموو نووسەرێك ئازارێکی ویژدانی زیندوو و پەشیمانییەکی ویژدانی دوای نووسینەوە و گوتن و نمایشکردنی دەقەکەی لە لایدا بەکاریگەری دەمێنێتەوە. چونکە لەو باوەڕەدام بوون خۆی لە خۆیدا ملدادانە بەرامبەر بە دەسەڵاتە ڕەهاکانەوە، هەقیقەتە ڕەهاکان، کە ئەوەندە کاریگەریی مێژووییان لە سەرماندا هەن کە نەتوانین ئەو زمانە بخولّقێنین بە تەواوەتی دەربڕین لە عەقڵی ئازادمان بکات. هەموو دەقێك جۆرێك لە کۆیلەبوونی گەردوونی و بووناری لە خۆیدا هەڵدەگرێ. لێرەوە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە هەموو دەقێك تەنیا یەك بنیات لە زمان لە خۆیدا هەڵدەگرێ. ئەو بنیاتەی تاك مانایی دەقێك دەنوێنێت و بەجارێك هۆکار لە نووسین و هۆکار لە نمایش و گوتن دەخاتەوە بەر تیشك و بەرشیکردنەوە. هەر بۆیە ئەوەی تیۆریی بنیاتی شاراوە لە دەسکەوتی ڕەخنەییە نوێیەکانی ئەمڕۆ جیا دەکاتەوە. یەکەم بایەخدانە بە بنیات وەك ئاستێکی ڕەها و سەرەکی لە هەر دەقێکدا، کە هەموو ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکان بەرەو بەناوەندبوونی خۆی ڕادەکێشێ و هەموو ئاستەکانی دەلالەت و دەنگ لە زماندا بەرەو دەور پێبەخشین دەبات.

هەروەها ڕەتکردنەوەی فرە ڕاڤەیی بۆ دەقەکان، کە من ئەم جۆرە فرە ڕاڤەییە بە نوشوستنی ڕەخنەیی دادەنێم، سێیەمین هەموو دەقێك هۆکاری هاتنە ئاخاوتنی خۆی هەیە کە دەتوانرێ لەنێو ڕەگەزەکانی زماندا بدۆزرێتەوە بۆ تیشك خستنە سەر ڕاستییەکان، کە خاڵە لاواز و بێ هێزەکانی نووسەر دەنوێنن لە دەقێکدا، هەر ئەمەش گرینگیی ڕاستییەکانی دەقێك، جگە لەمانەش، بنیات مەیدان و ناوەندی هەموو بوونە و هەموو مانایەك لە بووندا بنیاتی بەڕەڵا و زیندووی هەیە، نووسەری داهێنەر کە هەوڵ دەدات دووبارە لە کردارێکی دووسەرەیی دەرخستندا نمایشی ئەو بنیاتە بکات کە بوونی دەقێك دەخاتە ڕوو، چونکە هەموو گوتنێك سەرچاوەی سەرەتایەتی لە گوتنیدا هەیە و هیچ گوتنێك بەبێ گرفتار بوون بەو دووسەرەییە لە دایك نابێت و ئەمەش نهێنیبوونی مرۆڤ و شتەکانە لە بنیاتە بەڕەڵاکانی خۆیدا، هەمیشە دوو سەرە و ناتەبان و لەوێوە نووسەر بەدوای نمایشکردن و ئازادکردنیاندا دەگەڕێ، دەشێ بەردەوامیدان بە گوتن و درکاندن و نووسین نهێنیی ئەم بوونە ناتەبایە بخاتە ڕوو. ئەمەش ئەو نهێنییانەیە کە لە ناخی نووسەردا نیشتەجێن و گۆڕانیان بۆ نییە.

لێرەوە ئەو فرتوفێڵەی هەمیشە ئەفسانەی زمان دەخاتە ڕوو و وا دەکات نە نووسەر و نە زمانەکەی ئەو نهێنییانە دەرنەخەن کە لە پشتەوەی هەموو گوتنەکانیاندایە ساکارترین شێوازی ئاشکرابوونی ئەم دوو سەرەییە بەشێوەیەکی سادە لە گفتوگۆ و ئاخاوتنی ڕاستەوخۆیدا، کە ئێمە باس لە هەموو هەقیقەت و بەڵگەو ڕەتکردنەوەیەك و قبووڵکردنێك دەکەین لەگەڵ بەرامبەرەماندا. کەچی هەموو ئەو شێوازانەی گفتوگۆ لە پێناوی مەبەست و هۆکاری تایبەت لە خۆماندا دەخەینە کار. ئەمەش جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن و فێڵی ئاخاوتن کە لە دەقەکاندا، دەقە پوختەکراوو بەهێزوکراوەکاندا بە شێوەیەکی تر دەکەوتەوە، ئەم لادان و خزانە لە دروست کردنی مانادا هەمیشە لە پشتەوەی هەموو دەقەکان و هەموو گوتنەکاندایە، دەوری ڕەخنە لەوێوە دەست پێ دەکات کە هەموو فرتوفێڵەکان والا بکات. هەموو لە قاوغدان و حەشاردان و سەرپۆشیکردنەکانی دەربرین لێکردن وال بکات و، لەوە بکۆڵێتەوە کە ئەو دەقە دوو جیهانی ناتەبا و ناکۆك لە خۆیدا هەڵدەگرێ کە لە یەکێکیاندا تاکو ڕادەی پاڕانەوە هەوڵ دەدات تۆی خوێنەر بەرەو باوەڕی خۆی ببات و لەو دیوەیشەوە ئامانجێکی گەورەتری هەیە کە زۆر لە ڕاستییەکانی لێ بشارێتەوە. وەك پەیوەستێکی زۆر ناڕاستەوخۆش ڕۆلان بارت باس لە مردنی نووسەر دەکات.

من ئەم جۆرە بۆچوونە بە دروست نازانم، چونکە دەزانم کاتێك نووسەر خۆی لە دەقەکاندا بزر و پەردەپۆش دەکا ئەو دەیەوێ بوونێکی ئەفسانەییمان بخاتە ڕوو، ئەو بوونەش بوونێکی مەسخکراوی دووسەرەیە کە لە پشتەوەی هەموو گوتراوەکاندایە. گیروگرفتێکی ڕەخنە لە وەرگرتنی دەقێك ئامادەیی و نەمانی نووسەر نییە لەسەر کاغەزەکاندا بەڵکو گیروگرفتی دابەشبوونی دوو سەرەییانەی نووسەرە لە دەقەکاندا.

هەر بۆیە فرە تەئویلی بۆ دەقەکان، هەمدیسان فرتوفێڵی بەخشینی ئازادییەکی وەهمیانەیە بە ڕەخنە چونکە فرە تەئویلی دەشێ دوو ڕای دژ بەیەك لە دەقێکدا بەرهەم بێنێ، لەو کاتەی هەموو جار ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئەگەر ئەمە ڕاستیش بێت هۆکارێکی لە پشتەوەیە و قەتیش ناکرێ نووسەرێك دوو ڕای پێچەوانە لە مەبەست و هەڵوێستەکانیدا بخاتە نووسینێکەوە، ئەمە بوو زۆر بە کورتی هەندێك لە بناغەکانی تیۆریی بنیاتی شاراوە.

کاك ئەمین بۆتانی کە باسی هەندێ هەوڵی کرد کەوا ئەمڕۆکە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسانێك زۆر دەخوێندرێنەوە و وەك گۆڤاری ئازادی و چەند گۆڤارێکی تر و هەروەها ئەو تیۆرانە چین بۆ ئەمڕۆکەی ڕۆشنبیریی کوردی پێویستن؟ یا کاریگەری ڕەخنە لەسەر کەسایەتی کورد؟.

سەرەتا من باسم لە گفتوگۆ کرد، باسم لەوە کرد کە ڕەخنەی کوردی نەیتوانیوە خوێنەر بخاتە ئاستی پرسیار و گفتوگۆوە، ڕاستییەك هەیە کە ئێمە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین کاتێك لیڤی شتراوس تیۆریی (بنیاتی قاڵبی نازەمەنی) داڕشت ئەو هەر لە خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە کولتووری پێش خۆیەوە ئەو تیۆرەی داڕشت و چەند بنەمایەکی بۆ شیکردنەوەی دەقەکان خستە ڕوو، ئەو ڕەخنەیە تایبەتمەندێتیی زمان و کولتووری نەتەوە هاوئاستەکان هەڵدەگرێ و مەرج نییە بتوانین سوود لەو تیۆرە وەربگرین بەوەی بیگوازینەوە وەکو خۆی، بەڵکو ئەوان واتە نووسەرانی دوای شتراوسیش، هەرچەندێك باوەڕیان بەو تیۆرە هەبێ بەو شێوەیە وەری ناگرن و جیهانی تازەیان لە دوو توێدا دەدۆزنەوە، نەخێر ئێمەش وەك نەتەوەیەکی خاوەن زمان و کولتوور تایبەتمەندێتیی خۆمان هەیە و تا ڕادەیەکیش جیاوازە لەگەڵ نەتەوەکانی ترە، ئیتر ئەگەر هەموو جیاوازییەکانیش نەما ئەوا جیاوازی لە زماندا هەمیشە هەر زیندووە و جیاوازی لە مێژووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەر ئامادەیە.

کەواتە هەر دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن دەربڕین لە توانای عەقڵیی خۆمان بکەین، مەبەستیش بێ ئاگایی بوون نییە لە دەسکەوت و تازەبوونەوە گشتییەکانی ڕەخنەی ئەمڕۆ، بەڵام ناوەڕۆك و ناواخنی هەموو گوتنەکان مرۆڤی بیرکەرەوەی خۆمان بێت.

پێویستە بزانین کولتووری بەرامبەر چۆن پەرە دەسێنێ بەڵام گەر لە کولتووری خۆت ئاگادار نەبی ئەوا لەو کولتوورانە دا بزر دەبی، ئەگەر بۆچوون و دنیابینیی خۆت نەبوو ئەوا خۆت بزردەکەی ناسنامەی ڕۆشنبیری ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوە، هەموو تازەبوونەوەکانی ڕەخنە مۆرکی نەتەوەیی لە زمان و کولتووری خۆماڵیدا بە خۆوە دەگرێ کە فۆرمالیستەکانی ڕووسی سەرکێشیان لەگەڵ ڕۆشنبیری ئایدۆلۆژیدا دەکرد. ئەوان باسیان لە سیستەمی زمانی کوردی نەدەکرد، بەڵکو باسیان لە سیستەمی زمانی ڕووسی دەکرد، باسیان لە جوانکاریی زمانی ڕووسی و توانای زمانی ڕووسی دەکرد.

لێرەشدا هەمدیسان پرسیاری ئەوە دەکەمەوە ئاخۆ دەکرێ ئەو مێتۆدانە وەك خۆیان بێنینەوە نێو ڕەخنەی کوردی و لەسەر توانای زمانی کوردی پیادەیان بکەین. من دەڵێم ئەمە کارێکی نەشیاوە. چونکە بەو شێوەیە ئێمە توانای زمانی کوردی پشتگوێ دەخەین و ناتوانین بەدوای جۆرێك لە ڕەخنەدا بگەڕێین، یاخود دروستبوونی مانا لە زمانی فەڕەنسیدا جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا، سەربارى لایەنی دەروونی وشە و ڕستە و مانا کە گرینگییەکی زۆری هەیە بە لایەنی ڕەخنەی نوێوە.

نەخێر ناکرێ بە ئەقڵی کەسانی تر و دەسکەوتی عەقڵیی کەسانی تر لە نەتەوە جیاوازەکان خۆت بخوێنێتەوە، ئەگەر لە سوود وەرگرتن نەگەینە ئەو ئاستەی هەر خۆت بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ، من ئەو پرسیارە لە کاك ئەمین دەکەم ئەگەر بێتو باس لە توانا و خودێتی مرۆڤی خۆمان و زمانی خۆمان و مێژووی خۆمان و کۆمەڵگای خۆمان بکەی لەو هەڵانەدا لەسەدا چەندەمان بەر دەکەوێ لە بیرکردنەوەدا؟ من گومانم لەو چۆنێتی سوود وەرگرتنە هەیە لە کولتووری فیکری و فەلسەفیی نەتەوەکانی تر، چونکە وا بیر دەکەمەوە ئێمە لە کۆتایی هەموو پێداچوونەوەیەکاندا هەر دەبێ باس لە مرۆڤی خۆمان بکەین، بە شێوەیەکی واقیعیانە و نەکەوینە جیهانێکەوە کە ئێمە پێی نامۆین و ماناکانی مانای ئێمە نین، ئەگەر بێتو دوای هەموو شتێك گوتە و بیروبۆچوون و قسەکانی نووسەر و بیرمەندانی ڕۆژئاوا لەو نووسینانەدا دەرکەین. ئەوان چەندێك بەرهەمی فیکری و ڕەخنەیی خۆیانمان دەدەنێ؟! ئایا تاکو ئێستا ئەو هەڵانە چەندێك لە زمان ، کولتور و مێژووی کورد کاریان کردووە؟ بۆیە ڕەخنە ئەگەر نەیتوانی ئاخاوتنی لەگەڵ ڕەخنەی

بەرامبەردا بکا، وەك دوو بیرکەرەوە و دوو مرۆڤی بەرامبەر بەیەك ئەوا نابێتە ڕەخنە. چونکە لە پاش هەموو لێکدانەوەیەك ئەوان کولتووری ڕەخنەیی خۆیان لە ئێمە چاکتر دەزانن و چاکتر لێی دەگەن و ئێمە لەو ژیانەدا نەژیاوین کە ئەو کولتوورەی بەرهەم هێناوە، ئەوان بەلایانەوە گرنگە بزانن ئێمە چیمان هەیە، دەربارەی خۆمان بڵێین و دەربارەی مرۆڤی خۆمان و کۆمەڵی خۆمان بڵێین و کتێبێکی وەك شەرەفنامە ئەوەتا بووەتە سەرچاوە بۆ هەموو مێژوونووسانی دنیا.

لێرەدایە بایەخی بیرکردنەوە لە تواناکانی خۆمان و تێڕوانینمان بۆ مرۆڤ و بارودۆخی خۆمان. ئەمەش مافی کەسی بیرکەرەوەی کوردە.

کاك عەبدوڵڵا باسی کەسایەتیی کوردی کردووە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، بەڵێ ئێمە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە کەسایەتیی کورد بدۆزینەوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین بە شێوازی دۆزینەوەی کەسایەتی ڕۆژئاوا، کەسایەتیی خۆمان بدۆزینەوە؛ هێشتا مرۆڤی کورد نەبووەتە ناوەندی بیرکردنەوەکان. چونکە هەست بە خۆبەکەمزانین دەکەین بەرامبەر بە کولتوورێکی زەبەلاح، ئەمەش کە لەبەرێکە لە خوێندنەوەمان بۆ خۆمان هەمیشە هەست بە بچووکی دەکەینەوە لە ئاست کولتووری گەورە و زەبەلاحی نوێی ڕۆژئاوا، مەسەلەکە تێپەڕاندن نییە، هەروەك کاك ئازاد باسی دەکات، بەڵکو مەسەلەکە لەوێدایە ئێمە چۆن دەتوانین ئاخاوتن لەگەڵ کولتووری بەرامبەر دا بکەین. چونکە کولتووری ئازاد دەسەڵاتدارێتی و داسەپاندن تیادا نییە، لە بۆ ئەوەی ئازادییەکی گەورە بۆ بەرامبەرەکانی دەدات، ڕێگە ئەوەت دەداتێ تۆش گوتار و ئاخاوتنی خۆتی ئاراستە بکەیت. ئەگەر ڕەخنە و کولتوور نەیتوانی شوێنێك لەنێو کولتوورەکان بۆ خۆی دابین بکات ئەوا ئەو کولتوورە لاواز و سستە، ئیتر دەبێ ئێمە لە هەموو لایەنێکەوە بیر لە کەسایەتیی کورد بکەینەوە. بیاڤ

## ئەدەب و سیاسەت

گرفتی ئەدەب پەیوەست بە سیاسەتەوە، گرفتێکە بیرِوای زۆری لە سەر نووسراوە، کە ناوەرِۆکی گشتیی ئەو بیرورِا و نووسینانە لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا دەکەونە ڕوو، ئەوانەی گرفتاری نوسینێکی ئایدۆلۆژی بوون، جیاکارییان ڕەت دەکردەوە لە نێوانی ئەدەب و سیاسەت کە ئەم ڕەنگدانەوەیەش زیاتر لەلای ئەو نووسەرانەدا بوون کە لێواولێو کەوتبوونە ژێر تیۆرە سیاسییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، هەروەها لایەنگران و هەوادارانی ئایدۆلۆژیا بەرهەمهاتووەکانی سیاسەت و تیۆری سیاسی، لەمەشدا هەموو کاتێك کە بەرەو ڕووی ڕەخنەی نووسینە بێگەرد و تەوژمە ئازادە هونەرییەکان دەبوونەوە، پاساویان لەم بۆچوونەیاندا بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە ئەوان لایەنی جوانکاری و وردکاریی هونەری و نوێخوازییان بەکارهێناوە لە بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی ئایدۆلۆژی و سیاسیدا، هەروەکو چۆن هەوادارانی نووسینی ئەدەبیی ئایدۆلۆژی، فرەبابەتییان بەکارهێنا بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەرِۆکەکانی بەرهەمەکانیان، هەندێك جاریش تێکەڵکردنی جۆرێك لە فەلسەفە.

زۆر کەمن ئەوانەی یا ئەو تەوژمانەی کە ئەدەبیان لە بەکارخستن و سوود وەرگرتن لە سیاسەت بەدوور دەخست، کە گرینگترینیان تەوژمی ئەدەبیی هونەر بۆ هونەر و ئەدەبی بێگەردی جوانکاری بوو، ئەگینا زۆرینەی تەوژمە ئەدەبییەکان یا ڕەگێکی ئایدۆلۆژییان هەبووە، یاخود سیاسەت و ئەدەبیان لە یەکتر جودا نەکردووەتەوە، لێرەدا بابەتی ئێمە باسکردنی ئەدەب و سیاسەت نییە لە ئەدەبی جیهانیدا، بەڵکو تەنیا دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی ئەو پەیوەندییەیە، هەروەکو چۆن ڕوویەکی تری بەکارخستنی سیاسی ئەدەب لە ئەدەبی بەرگرییەوە جوانترین یا ڕوونترین پەیوەستی نێوان ئەدەب و سیاسەتمان بۆ دەخەنەڕوو کە ئەو ئەدەبەش دوور نەبوو لە بەکارخستن و ئیلهاموەرگرتنی سیاسی، لەژێر ئەو پاساوەی کە ئەدەبیش چەکێکە بۆ بەرگری کردن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئەدەبە بیری یا ناوەرِۆکی مرۆڤایەتی و گەردوونی دەگرێتەخۆ، بەڵام هەموو کاتێك بیرە بناغەییەکە سیاسی و هەندێك جار ئایدۆلۆژی بوو.

باوەڕێکی گەورە هەبوو لە ئەورپادا، کە ئەدەب بەتایبەتی شیعر دەکرێ گۆڕانکاریی

کۆمەڵایەتی و سیاسی بێنێتەکایەوە، کە دیارترینی ئەو تەوژمانە لە دەرەوەی ئەدەبی مارکسی و تەوژمە ئایدۆلۆژی سیاسییەکانی دیکە تەوژمی سوڕیالی بوو، کە ئۆکتاڤیۆباز یەکێك بوو لەلایەنگرەکانی ئەم بۆچوونە و هەر خۆشی لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا دانی بەوەدانا، کە ئەدەب ناتوانێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدی بێنێ، دیارترین کەسایەتیی ئەدەبی ، سیاسی و فەلسەفیی بەرهەمهاتووی دوای نەوە کلاسیکی و تازەکانی ئەوروپا، سارتەر لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا لە پرسیاری ئەدەب و گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گوتی: هەموو ئەدەبی دنیا ناتوانێ منداڵێك لە مردن ڕزگار بکات.

ئێستا لەلای ئەوانەی ئەدەبێکی نوێخوازی و هونەری بەرهەم دێنن، ئایدۆلۆژیا و لای هەندێکیشیان سیاسەت بە مەترسییەك دادەنێن لەسەر داهێنانی ئەدەبی، پاساوی ئەمانەش ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا و هەندێك جار سیاسەتیش بیرکردنەوەی مرۆڤ ئابلۆقە دەداو هەمیشە پەلکێشی یەك ئاراستە لە نووسینی دەکات و ئەم دوولایەنە هەموو جوانکارییەکی ئەدەبی لەناو دەبەن و ئەدەب دەکەنە ئامراز و کەرەستەیەکی ڕۆژانە و لە جاویدانی و مانەوەی دەخەن. لەگەڵ ئەمەشدا ڕوونبوونەوەی بیری سیاسی لە ئەدەبدا بەتایبەتی لە ڕۆماندا تاکو ئەمڕۆش لەلای زۆرینەیەك بناغەی داهێنان پێك دێنێ، کە ئەم لایەنەش سیاسەت وەکو بیرێکی تیۆری و ئایدۆلۆژی وەرناگرێ، بەڵکو دەکەوێتە دووی کاریگەری و دەرەنجامەکانی سیاسەت لەنێو کۆمەڵگا و لەنێو ئەو بەسەرهات و دیمەنە نامرۆڤایەتییانەی کە ڕەگێکی قووڵیان لە کارەسات و ڕەشکردنی ژیان و چارەنووسی مرۆڤدا هەیە.

ئەگەر بێتو ئەدەب تێڕوانینی وەزیفی یاخود وەکو ئەوەی دەورێك بگێڕێ، ناوەڕۆکی جیاوازییەکان پێك دێنێ. ئەدەب ئەگەر وەکو هەر جۆرێکی سەربەخۆی لەقەڵەم بدەین، کە بەتەنیشت بەرهەمهێنانی جوانکاری و زمانەوانی و هونەرییەوە دەربڕین لەو هەست و سۆزانە بکات کە مرۆڤایەتی و مرۆڤبوونی ئێمە دەنوێنێ و ئەم کارەش لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دەبێت کە لە جۆرەکانی تردا نییە، هەروەکو لەبیری سیاسی ، فەلسەفی ، کۆمەڵناسی ، مێژووناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا نییە، ئەمە جۆرێك لە دۆگماییبوونی تیادا بەدی دەکرێ، چونکە ئەدەب بۆ نموونە لە جۆرەکانی ڕەخنە ، ڕۆمان و چیرۆکدا، ئەو گەوهەرە جیاوازانە لە گۆشەی ڕەنگاوڕەنگەوە تێکەڵ بەو جۆرانە دەبن. بەڵام زیاتر گرفتەکە لەوێدایە ئاخۆ سیاسەت و ئایدۆلۆژیا، ئەدەب ئاراستە دەکەن، یاخود ئەدەب بە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی خۆیەوە ئەو جۆرانە ئاراستە دەکات.

یا بە شێوەیەکی ڕوونتر بڵێین ئەو بەشانە ئەدەب دەخەنە کارو وەزیفەی پێ دەبەخشن یاخود ئەوە ئەدەبە ئەو بەشانە دەخاتە بەر دید و جیهانبینیی ئەدەبیی خۆیەوە و وەزیفەکانیان دیاری دەکاو کاریگەری و دەرەنجامەکانیان دەخاتە ڕوو؟؟.

باوەڕی لەم بابەتە بریسکانەوە و گرفتارییەکی فراوانی هەیە، هیچ نەبێ لەنێو ئەو جۆرانەی کە زۆرترین خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، هەروەکو ڕۆمان و هەندێك جاریش شیعر.

هۆی ئەم ڕوونبوونەوەیەش لەو ڕاستییە ئەزموونناوییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەدەب هەر بە تەنیا مەسەلەیەکی داهێنانی زمانەوانی نییە، تەنانەت بنیاتگەرەکانیش بایەخێکی زۆریان بەمانا دەدا، مانا ڕەهەندێکی پێگەیشتنی فراوانی مرۆڤی خوێنەرە. خوێنەر لە ژیاندا، لەنێو لاپەڕە جۆراوجۆرەکانی ئەزموون و ژیاندا، کە لە پاشاندا دەچێتە دوو توێی زمانەوە لە ڕێگای زمانەوە، هەروەکو چۆن هەموو زمانێك، هەموو ئاخاوتنێك ڕەگ و سەرچاوەیەکی پێشینەی لە ماناکاندا هەیە، ئەگەر مانا بوون نەبووایە، زمانیش بوونی نەدەبوو، بەڵام مانا هەمیشە بەبێ زمانیش بوونی هەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە مانا هەر خۆی کە خوڵقێنەری زمانە، زمان دەکەوێتە پەراوێزێکی بوونی خۆیەوە.

زمان و مانا ئاوێتەیەکی هەموو جۆرە دەربڕین لێکردنێکی مرۆیی و سروشتییە، گەوهەری زمان تەنها لە وشەدا نییە، بەڵکو هەروەها لەنێو شێوازە جیاجیاکانی دەربڕین لێکردندایە، بەڵام مانا لە تێڕوانینێکی تیۆری و ئایدۆلۆژییەوە دەربڕین لێکردنێکی لایەنداریە، دەربڕین لێکردنێك کە لەسەر حسێبی گەوهەری مانایە و هەموو جیاوازیبوونێك یەکنەگرتنەوەیەکی داکۆکیلێکراو ڕەت دەکاتەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەژێر پاساوی فرە ڕەهەندیی ماناوە کە تانەت هەندێك لە بنیاتگەرانە خاوەن کولتوورێکی مارکسی بوون داکۆکییان لەم فرە ماناییە دەکرد و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەردابەش بوونێکی یا جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی و زمانەوانی و بنیاتگەرانە لەسەر حسێبی خودی دەقەکاندا ڕەوایەتی بەبزرکردنی یا پەراوێزکردنی داهێنان بدەن.

پەیوەست بە دەقی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە، پەیوەست بە دەقێك کە لە سەر باوەڕێکی سیاسی، یا دیدێکی سیاسی نووسراوە، هیچ مەرج نییە لە دەقدا مانای سیاسی، یادەقێك کە لە چوارچێوە و بازنەی مەسەلەیەکی سیاسیدا نووسراوە، دەقی ئایدۆلۆژی بێ، ئەم جۆرە نووسینانە جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ دەقی ئایدۆلۆژیدا، دەقی بە

ئایدۆلۆژیاکراو، دەقێکی سیاسی ، ئایدۆلۆژی ، دەروونی ، ئاینی و لایەنداریکردنە لە باوەڕێکی تاك خۆی و هەڵەویستی تاك بەرامبەر بە مرۆڤ و هەموو مەسەلەکانی پەیوەست بە مرۆڤبوونەوە، لەو کاتەی دەقی سیاسی یا بە سیاسیکراو یا هەڵگری باوەڕی سیاسی، مەرج نییە لایەنداریی ئایدۆلۆژی هەڵگرێت. بۆ نموونە سەلیم بەرەکاتی شاعیر و ڕۆماننووس، دەقەکانی بەدەرنێن لە بەکارهێنانی بیری سیاسی دیاری کراو، بەڵام بەرەکات ئەو کێشە سیاسییانە دەخاتە بنیاتێکی بنیاتگەرانەی زمانەوە و لە هەموو مانایەکی ئایدۆلۆژی دووریان دەخاتەوە، ئەم توانایە، لە هەمان کاتدا پەیوەستێکی بەهێزی لەگەڵ زماندا هەیە، کە توانای ئەو لە زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیریی قووڵی ئەو دەگەیەنێتە ئەو ئاستە لە ماناوە کە تاڕادەیەك لە بەکارخستنێکی بوونگەرایی فەلسەفی و بنیاتگەراییانەی نزیك دەکاتەوە، بەڵام هەمیشە گەردیلە وردەکانی لایەندارێتی و لایەندارێتی نەبوون، کەوتنە نێو کێشە سیاسی و ئایدۆلۆژییە داسەپاوەکان، وەکو گەردیلەی ورد دەکەونە زمانی دووەمی نووسەرەوە و هێزی نووسینی ڕووکەشانەی خۆی لەم بارە نائاساییییەوە وەردەگرێ، کە ئەمەش وای لێ دەکات مەسەلە سیاسی ، نەتەوەیی و ئایدۆلۆژییەکانی ئەو وەکو (کوردێکی عەرەبنووس) لە نێو لایەنداری بۆ ئەو کێشانەی کە گوشارێکی دەروونی و مێژوویی قووڵ دەخەنە سەری. هەروەها ئەو گرفتارییەی کە چێژی پێ دەبەخشێ لەمەی بکەوێتە بازنەیەکەوە کە خۆی نەوەکو مرۆڤێکی لایەندار نیشان بداو نەخۆشی وەکو لایەندار نیشان بدا یا ئەو دەروازەیەش بۆ خوێنەر بکاتەوە کە لە نێو ئەم دابەشبوونەدا ئەویش دابەش بێت، ئەم گرفتارییە ئازادییەکی دەروونیی قووڵی پێ دەبەخشێ، هەر بۆیە ئایدۆلۆژ پەرستەکانی عەرەب بە عەرەبی نووسینی بەرەکات و دوور کەوتنەوەی لە ڕووی ڕاستەوخۆی لێپرسراوێتی ئەو، وەکو نووسەرێك کە بە ڕەگەز کوردە، دڵخۆش و کامەرانیان دەکات. بەلایەنی ئەوانەی بێلایەنبوون لە هەموو ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیا، سەلیم بەرەکات بە ئەدەبێیەکی کوردی ڕەسەن لەقەڵەم دەدەن، لەو کاتەی ناوەڕۆك تەنانەت سیاسی و ئایدۆلۆژیش بێت، زمانی نەتەوەیی ئەوە دیاری دەکات، کە لە چ ئەدەب و زمانێکی دیاریکراودا کار دەکاو سەر بە ئەدەبی چ نەتەوەیەکە.

لێرە دێینە سەر گەوهەری ئەو دیاردەیەی کە پەیوەستێکی تازەی نووسینی سیاسی دەنوێنێ، کە لە ئەدەبی کوردیدا ڕووبەرێکی گەورەی گرتووەتەوە.

ئەگەر چەمکی سیاسەت بە هونەری بەڕێوەبردنی کێشەکان و مامەڵە کردنی سەرکەوتوو زیرەکانە پێناس بکەین، دەبینین ئەم مانایە و چەندین مانای تری وەکو

(هونەری شیاو بوون) مانای زۆر شموولی و گەورەن، مەبەست ئەدەب ئەگەر بێتو لە نێو ژیاندا مانا بنیات بنێ و ژیان بەشێکی گەورەی لە ماناکانیدا پێکهاتبێ، سیاسەت بەو مانا فراوانەیەوە ئەویش بەشێکە لە ژیان و گوزەراندن و هونەرکردن لە گوزەراندن، کەواتە هێڵێکی جیا کەرەوەی ڕوون لەم بناغە قووڵە دانییە بۆ جیاکردنەوەی هونەر و ئەدەب لە سیاسەت، بەڵام هەموو پەیوەستێکی ناوەڕۆکداری هەروەکو چۆن خاڵی بە یەکگەیشتنەوەی هەیە.

کە بە لایەنی سیاسەت و ئەدەبەوە کاتێك بە وردەکارییەکاندا ڕۆ دەچێت پەیوەستەکان زۆرن، هەروەکو (گۆڕانکاری و چاکسازی و کاریگەریی سلبی سیاسەت لە سەر تاك و سیما و خەسڵەتی سیاسەت لەلای تاك و زوڵم و کامەرانی و کارەسات و سەرکەوتن و نوشوستی هێنان و پێکەوە ژیان و ڕەت کردنەوەی بەرامبەر و برایەتی و یەکسانی و دادپەروەری... هتد) ئەمانە بە گشتی پەیوەستە هەرە دیار و قووڵەکانی سیاسەتن بە ئەدەبەوە، کە تیایدا هەر دوو بەش هێزی کارکردن و بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن دەسەپێنێتە سەر هەردوو بەشەوە، لە لایەکەوە سیاسەت و چەمکە مرۆڤایەتییەکانی لەلایەکی دیکەشەوە ئەدەب لە چەمکی وردبوونەوە و شیکردنەوە، هەر دوو ژیان بەیەك دەگەنەوە، گرفتاری لێکحاڵی نەبوون لە پەیوەستی نێوان سیاسەت و ئەدەبدا لەو پرسیارەوەیە کە وەڵامەکەی خاڵە گرنگ و کاریگەرەکانی پەیوەستە جیاوازەکانی نێوان هەردوو بەش دەنوێنێ، کەواتە سیاسەت لە کوێدا لە ئەدەب جیا دەبێتەوە.

زاراوەی (زانستی سیاسی) ئەو لایەنەی سیاسەتە، کە لەگەڵ ئەدەبدا یەك ناگرێتەوە، کاتێك چەمکەکانی سیاسەت بۆ چەند زاراوەی زانستی و ئەکادیمی خورد دەکاتەوە، لەوێدا سیاسەت کاتێك دەکرێتە زانستێك لە زانستیەکانی، پەیوەستەکانی خۆی لەگەڵ ئەدەبدا دەپچڕێنێ.

لە گۆشەیەکی ترەوە هۆکاری ئەم جیابوونەوەیەش لەو هۆکارەوەیە کە ئەدەب هەمیشە زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی کارکردن لەسەر ژیان، لەو مانایانەدا کار دەکات کە پەیوەستن بە هەست و بیرکردنەوە و کاریگەریی دەروونی و زەینی و سەرنجدان لە مرۆڤ لە گۆشەکانی بوون و کاریگەرییەوە کۆمەڵایەتی و خودییەکاندا، ئەدەب نابێ بە زانست، چونکە گەرببێ بە زانست زۆرینەی ماناکانی خۆی و هۆکاری نووسینی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام ئەدەب لە سیاسەت و زانست و هەموو جۆرە زانینێکی مرۆڤ و لە کاریگەرییەکاندا لەگەڵ ئەو بەشانەدا یەك دەگرێتەوە، ئەم پەیوەندییە جیاوازانە جۆرێکن لەو پەیوەندییانەی زیاتر لەوانی دیکە وابەستەی ژیان دەبن.

له لایەکی ترەوە سیاسەت وەکو تیۆری و تیۆریی ئایدۆلۆژی لەگەڵ ئەدەبدا پەیوەستی زۆریان هەیە، ئەوانەی ئایدۆلۆژیای سیاسی بە ئەدەبەوە دەبەستنەوە پاساویان لەوێدایە کە ناوەڕۆك تەنیا ناوەڕۆك بناغەی دینامیکیی ئەدەب دەنوێنێ. ئەدەبێك كە لە نێو هونەری زمان و دەربڕین لێکردن و جوانکاری و هێما و مانای ئاڵۆزدا نقوم دەبێت، ئەدەب نییە و خزمەتی مرۆڤ ناكات، هەروەکو ئەوەی وەزیفەیەکی دیاری کراوە بە ئەدەب ببەخشرێ لەیەك گۆشەی دیاریکراوەوە سەیری ئەدەب بکرێ. ئەم جۆرە دیاریکردنەی بوونێکی چالاکی بیرکردنەوە مەترسییەکی زۆری لەسەر ئەدەب و هۆکار لە نووسینی ئەدەبی هەیە. چونکە بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی هەن لە ڕووکەشدا ئایدۆلۆژی و سیاسین، بەڵام لە بناغەوە کێشەی سەرەکییان سروشت و خەسڵەتی مرۆڤ دەنوێنێ و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لە ڕووکەشی زماندا سەرەکین و لە ژێرەوەشدا هیچ بایەخێکی دەلالەتداری قووڵیان نییە. بەرهەمێکی زۆری داهێنەرانەش بەهیچ شێوەیەك لە ڕووکەشی زماندا باس لە چەمك و ماناکانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا ناکا، بەڵام لە ژێرەوەی زماندا ئەو ئەدەبە، ئەدەبێکی ئایدۆلۆژیی سیاسییە، نەخێر، پەیوەستەکان بەم ئاراستانەدا ناچن، هەروەکو بەشێکی زۆر لە نووسەران دەیانەوێ لە ڕێگەی شیکردنەوەی هەڵەی ڕەخنەیییەوە حوکم لەسەر بەرهەمی ئەدەبی بدەن، چونکە ڕاستییەکی ڕەتنەکراوە هەر ئەوەیە قەتاوقەت ئەدەب بەیەك دەوری دیاریکراو پێناس ناکرێ. چونکە دەشێ ئەدەب، ئایدۆلۆژیا ، سیاسەت و مێژوو هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان لە گۆشەی جیاجیاوە بخاتە ژێر وردبوونەوە و ئاسۆی بیرکردنەوە و سەرنجدانی نەناسراو و ئاڵۆز و قووڵ لە چەمکەکانی ئەو بەشانەدا بەکاربێنێ، بەڵام ئەدەب هەر ئەدەبە و ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی گەردوونی و مرۆیی و بوونگەرایی دەنوێنێ و هەمووی پەیوەست دەبێ بە مرۆڤ و بوونەوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونانە هەندێك لە کارەکانی (جان ئانۆی) شانۆنووسی فەڕەنسی دەخەینە بەرشیکردنەوە و لە شانۆگەریی کۆلۆمبادا، مێژووی سیاسی و ئایدۆلۆژی، زمانی ڕووکەشی شانۆگەرییەکە دەنوێنێ. جەنگ ، سیاسەت ، سەربازی و چەمکی کۆمەڵایەتی ڕووداوەکان ئاراستە دەکەن، بەڵام لە گەوهەردا (ئانۆی) لە چەمکەکانی (خۆشەویستی، لێبووردن، خیانەت) ورد دەبێتەوە کە چەندێك کاریگەریی توندوتیژیان لەسەر مرۆڤ هەیە و چۆن مرۆڤ بەرەو هەموو ئاراستەیەکی ئاشتیخوازی و شەڕخوازیدا دەبەن، لە شانۆگەریی (ئەنتیگۆنا)دا، ئانۆی هونەری

نووسینی ئەدەبی دەگەیەنێتە لووتکە، کاتێك هەموو ڕووداوەکان، هەموو کەسایەتییەکان دەخاتە قالبی مێژوویەکی سیاسی و کولتوورێکی سیاسییەوە و شیکردنەوە بۆ چەمکی دەسەڵات دەکات. بەجۆرێك کەس ناتوانێ ئەمە ڕەت بکاتەوە کە ئەو شانۆگەرییە شانۆگەرییەکی مێژوویی سیاسییە و وەکو هێمایەکی سیاسیشی شیکردنەوەیە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، کە تاکو ئەمڕۆ چەندین شیکردنەوەی جۆراوجۆر نەیانتوانیوە قووڵاییە هونەری و زمانەوانییەکانی ئەو شانۆگەرییە بخەنەوە سەر ئەو هێڵەی مانای بنەڕەتی شانۆگەرییەکە کە بە هیچ جۆرێك نە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە و نە پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، سوورڕبوونی ئەنتیگۆنا لەسەر هەڵوێستە ئاینی ، سیاسی ، کولتوورییەکانی، سووربوونی لەسەر مردن لە پێناوی ئەو باوەڕانەدا، هۆکاری گەوهەر یان لایەنداریێتی ئەنتیگۆنانییە بۆ باوەڕەکانی خۆی، چونکە هەموو ئەو باوەڕانە لە شانۆگەرییەکەدا کاریگەریی ڕووکەشانە دەنوێنن و زمانی شاراوەی شانۆگەرییەکە نانوێنن.

ڕووی ڕاستەقینەی بەگەڕخستنی هەموو ڕووداوەکان هەر لە یەك ڕستەی بێ بناغەی زمانی شاراوەی شانۆگەرییەکەیەوە، کە لەوێوەیە دروستبوونی مرۆڤ لە سیما و شێوەدا و کاریگەریی ئەو بارەفیزیونۆمییە هەڵوێستەکانی دیاری دەکات، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەنتیگۆنا هەست بەوە دەکات کە خوشکەکەی لەو جوانتر و لەبەرچاوتر و هەڵبژێردراوترە. بۆیە کریۆنی خاڵی کە کوڕی پاشایە ئەو هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە پڕێکدا کە هیچ پاساوێکی واقیعی و ناواقیعی لە دەقەکە دانییە، لە ئاهەنگێکی سەماکردندا هیمۆنی کوڕە خاڵی ئەو هەڵدەبژێرێ.

ئەم گۆڕانە لەبیری هیمۆندا گەورەترین کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی ئەنتیگونادا هەیە، ئەنتیگۆنا لە ژیاندا کامەران نییە، چونکە ئەو کە خۆی بە جوان و سیمایەکی جوان نابینێ، ژیان لەلایدا بایەخی نامێنێ، داواکەی هیمۆنیش بە بڕیارێکی دروست و واقیعی نازانی. هەر بۆیە بیری تێکدانی ئەو سیستەمەی کە مرۆڤ لە ژیاندا کاری پێ دەکات بەرەو لەناوچوونی دەبات و ئەو ژیانە ڕەت دەکاتەوە، ئەم هەڵوێستە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەموو ڕووداوەکان هەیە، ئەنتیگۆنا ژیان ڕەت دەکاتەوە. چونکە ڕازی نییە بەو خەسڵەتانەی کە ئەو دەخەنە نێو ژیانەوە، ژیان ڕەت دەکاتەوە، چونکە خۆی بە دروستکراوێکی جوان نابینێ و لەگەڵ ئەمانەشدا لە پەراوێزی ئەم جۆرە خەسڵەتە بوونگەراییانەدا، ئانۆی جوانترین و بەهێزترین شیکردنەوەی ئەدەبی بۆ چەمکی

دەسەڵات دەکات کە، بەڕای من کۆی زانستەکانی ئەوەی پێش و پاشی خۆی دەنوێنێ لە سیاسەتدا هەروەها لە خوێندنەوەی کاریگەرییە دەروونی و بوونگەراییەکان لەسەر مرۆڤ.

ئەوەی زۆر سەرنجڕادەکێشێ ئەمڕۆکە هیچ نەبێ بەشێکی دیار لە نووسەرانی کورد ،نەك لەلایەنی سیاسییەوە نووسینەکانیان دەوڵەمەند دەکەن، بەڵکو سیاسەت بە کەسایەتیی ئەدەبییەوە دەکەن.

بیری سیاسی لەلای نووسەری کورد هێشتا نەبووەتە دیاردەیەکی وردبوونەوەی فەلسەفی و داهێنەرانە، بەڵکو سالانێکی زۆرە ئەدەب و سیاسەت لە گۆشەی ئەدەبی بەرگرییەوە تەماشا دەکرێن، هۆی ئەم دیاریکردنە یەك گۆشەییە لەوێوە بووە، کە بارودۆخی سیاسی، ئەدەبی بەرگریی وەك پێداویستییەکی گرنگ سەپاندووەتە سەر ئەدەب، دەرەنجامی ساڵەها لە زوڵم و چەوسانەوە، نووسەری کورد چەمکی سیاسی لە ڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە هێناوەتە نێو ئەدەبەوە.

ئەمەش وای کردووە چەمکی سیاسەت ڕەهەند و بەها فەلسەفی و فیکرییەکانی پشتگوێ بخرێن، ئەو ئەدەبەی بەرگرییش جگە لەو نووسینانەی لە دەرەوە یاخود لە شاخدا نووسراون، لە شاردا سیمایەکی زۆر هێماداری و ناڕاستەخۆی گرتووەتەخۆ، لە ڕۆماندا بەرهەمێکی کەم توانیویانە لە چەمکی سیاسەت وردبنەوە، کە ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری یەکێکە لەو بەرهەمە داهێنەرانانە، لە شیعردا شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و دیلان (پرچی ئەو کچە، ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە)ی لەتیف هەڵمەت و ( زریان)ی ئەنوەر قادر جاف، دیارترین ئەو شیعرانەن کە ئەدەبی سیاسییان لە ئەدەبی بەرگریدا بەرجەستە کردووە.

لە چیرۆکیشدا چەمکی سیاسەت و ئەدەب، هەریەك لە محەمەد مەولوود مەم و کاکە مەم بۆتانی و محەمەد موکری و حوسێن عارف و لەم سالانەی دوایشدا چەند نووسەرێکی کۆتایی هەشتاکان زیاتر لە چەمکی سیاسەت و ئەدەب لە نووسینە ئەدەبییەکانیان کاریان کردووە، بەڵام تاکو ئەمڕۆ ڕوونبینییەکی داهێنەرانە و بنیاتنەرانەی فیکری و فەلسەفی بەتەواوەتی لەلای زۆرینەی نووسەرەکاندا نەبووەتە دیاردەیەکی گرینگ و کاریگەر.

بەداخەوە زۆر جار ئەم لایەنە بۆ ئەوەش گەڕاوەتەوە کە جیهانبینی و تێڕوانینی

نووسەران بۆ زۆر لە پەیوەستەکانی ئەدەبی بە بوارەکانی ترەوە لاواز بووە و هەروەها ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیش شیکردنەوەی قووڵ و داهێنەرانەی بۆ ئەو ئەدەبە پێ نەبووە.

ئەدەب و بابەتی سیاسی بەم تێڕوانینانە پەیوەستێکی قووڵیان لەنێواندایە، بەو مەرجەی سیاسەت وەکو تیۆری و ئایدۆلۆژیا لە ئەدەبدا ڕەنگ نەداتەوە. هەرچەندە ئەدەب ڕێگە و شێوازی بەرفراوانی هەیە لە بەکارخستنی ماناکانی هەموو باوەڕ دنیابینییەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەمەش نایەتەدی ئەگەر بێت و ئەدەب لە ڕێگەی باوەڕ ئایدۆلۆژیاوە کرایە بانگەشەیەك بۆ باوەڕی سیاسی و لە مێژووی هەموو گەلاندا ئەدەبێکی سیاسیی دەوڵەمەندی کولتوور هەیە. هەروەها لە مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردیشدا، ئەگەر چاوێك بەو بەرهەمانەدا بگێڕین سەرنجی ئەوە دەدەین ئەو ئەدەبە سەرنجڕاکێشە و پەلکێشی ماناکانی خۆیانت دەکەن لە (چاکەخوازی و هەڵوێستی مرۆڤایەتی و سەرخستنی ڕاستی و گوتنی شتەکان لەسەر سروشتی خۆیان) هەرچەندە ئەم ئەدەبە ماناکانی ساکارن و ڕوون و بەرچاون، بەڵام جۆرێك لە گرفتاری و نۆستالژیای ڕۆمانسییانەت لەلادا دروست دەکات و ماناکانی مرۆڤی ڕابردووت دێنێتەوە بەرچاو، ئەم ئەدەبە بەساکاری و شێوە زمانی میللییانەی خۆیەوە سەرنجڕاکێشە، لەبەرئەوەی بانگەشەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژییان بەو شێوەیە تێدا نییە کە سنوورێك بۆ زمانی دەربڕین لێکردن دابنێت.

ئەو پەیوەستە قووڵەی کە لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەیە، پەیوەستێکی بنیاتنەرانە دەبێ هەر کاتێك نووسەر ئازادیی نووسین و بەها مرۆییەکانی کردە ئامانج و خاڵی بیرکردنەوەی خۆی لە چوارچێوەی هونەرێکی زمانەوانی و بنیاتگەرایانەدا، ئەدەب ناتوانێ دەرگا لەبەردەم هیچ ماناو هیچ دەلالەتێکی مرۆییدا دابخات، تەنانەت ئایدۆلۆژیاش، بەڵام ئەدەب هەروەکو چۆن بە ئاسانی دەکرێتە وەزیفە بینێکی دیاریکراو، بەڵام لە ناوەوەی زمان و هونەری نووسین و ماناکانی خۆیدا، حوکمی خۆی بەسەر دەقدا دەدات. دەقێك نابێ بە دەقێکی داهێنەر ئەگەر بێت و لە پێناوی زاڵکردنی بیرێکی بەسیستەم کراوو بە دەستەگەراییکراوەوە، نووسرابێت، ئەدەب مانای ئازادیی بوونی مرۆڤ دەگەیەنێ لە داهێناندا کە هەر ئەویش مسۆگەرییەکە بۆ بەهێزی و لاوازیی دەقێك.

# بەشی سێیەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# فیکر و فەلسەفە

### وەك بەهایەكی سۆفیگەری

### حاڵگرتن و هاوشێوەكانی

حاڵگرتن چەمكێكی دەروێشگەرییە وەك ئامادەبوونێكی دەروونی كە هاوسەنگی و بەیەك ئاست گەیاندنی جووڵەی ئەندامەكانی لەش و داگرتنەوەی مێشك بە وشە و ڕستەی خودایی و ناوهێنانی خودا و جەختكردنەوەیەكی بێ سنووری سڕینەوەی یادەوەرو بایەخپێدان بەڕابردوو و ژیان بەتەواوەتی لە حاڵەتێك لە بەتاڵكردنەوەی زات. بەهەموو ئەم هەوڵانەی جەستە و عەقڵ دەربڕین لە حاڵەتێك دەكەن كە مرۆڤ دەكەوێتە بارێك لە بزركردنی كێش و هەستكردن بەجەستە و پاشان بەرجەستە بوونی باوەڕێكی قووڵ و جۆشسەندوو بەو وشە نهێنییانەی نەوە لە دوای نەوە موریدان یا دەروێشانی تەریقەت و شێخایەتی ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەكەن. بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە دەگمەنەی كە مرۆڤێكی بڕوادار پێی دەگات، پێویستمان بە ڕوونكردنەوەی هەموو ئەو حاڵەتە هاوشێوانە هەیە كە لەبنەڕەتەوە پەیوەستن بە داهێنان لە هەموو بوارەكانی تری دەربڕین لە خۆكردندا. ئەو هاوشێوە ژیانانەی كە وێنەیەكی دین لە حاڵگرتن و دۆزینەوەی هاوكێشەیەكی (دەروونی- عەقڵی- جەستەیی) لە نێو زایەڵەی دەنگ و هاوارو دووبارەكردنەوەی بەردەوامی وشەوە، سەرەتاش دێینە سەر شیكردنەوەی یەكە بەیەكەی ئەم ڕەگەزانەی حاڵگرتن، بۆ تێگەیشتن لە پرسیاری كە ئاخۆ حاڵ گرتن چ جۆرە پەیوەستێكی بەبوون و سۆفیگەرییەوە هەیە، ئەگەر پەیوەستی هەیە لەچ لایەنێكەوەیە، ئاخۆ سۆفیگەری تەنیا گەیاندنی عەقڵە بە كامل بوون یا ژیاوەیەكی مەستبوونی عەقڵە لە باوەڕدا؟

### ١- عەقڵ و جەستە

عەقڵ و جەستە ئەو بوونە لێك جیاوازو وێك نەچووەن كە لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە كێشەیەك دەنوێنن لە دووسەرە بوونی خودی بوونی مرۆڤەوە. هەر لەو ساتەوەی ئادەم و حەووا كەوتنە كێشەی گرفتارییەكانی جەستەوە لە ڕێگەی چێژ وەرگرتن لە جەستە لە

هـەردوو بـارە جـەسـتـەیی و غـەریزەییـیـەکـانـەوە بێ یـاخـود لـە چێژ وەرگرتـنـەوە بێ لـە خواردنی سێوێکی قەدەغەکراوەوە بێ (لە هـەردوو حاڵەتدا، عەقڵ ئەو هوشیاری و دەرك پێکردنەی مرۆڤە کە پەیوەست بەجەستەوە، بە میکانیزمێکی بزوێنەرو ئاڵۆگۆڕکار لە نێوان کۆمەڵە ئەندامێکی دەرەکی و ناخەکی، هەروەها لە نێوان ئەو هێزە دینامیکییەی کـە وەك ئـامـێرێکی بـەرنـامـەکراو و ئـازاد لـە بـەرنـامـە، ئـەندامـەکـانـی لـەش دەخـاتـە ژێر کۆنـترۆڵـی خـۆیـەوە، هـیـچ ئـەنـدامـێکی جـەسـتـە، جـووڵـە و مـاتـبـوونـەکانی بـەبێ فـەرمـان وەرگرتن لەو هێز دینامیکییەی کە پێی دەوترێت مێشك، ناتوانی لە خۆیەوە جێبەجێ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا گوشاری ئەندامەکانی جەستە لەو چێژ و تام ئەو حەزانەی کە بـەمـێشکـی دەبـەخشن، کـار دەکـەنـە سەر ئـەو هـێزە دیـنـا مـیکـیـەو دەتـوانـن ئـاراسـتـەو هـەڵوێستەکانی بگۆڕن.

مێشکی مرۆڤ لە کۆی دەورەکانیدا کە لە دەرەوەی جەستە بۆی نییە و لە توانایدا نییە بوونـایەتی خۆی بسەلمێنێ، بەبێ هـەستیارییە گرنگەکانی وەك بینین ، گرتن ، هـەست پێکردن و بۆنکردن و چێژوەرگرتن... هتد. ناتوانێ بەبێ زۆرینەی ئەم هەستانە لە ڕێگەی دەربڕین لە خۆ کردنی جیاوازەوە توانا و دەسەڵات و هێزەکانی خۆی دەرکاتە دەرەوە. کێشەی نێوان عـەقڵ و جـەسـتـە نـاوەڕۆکی کێشە گـەوهـەریـیـەکـانـی سۆفـیـگـەریـیـە لـەگـەڵ شتـەکـانـدا، بـەو مـانـایـەی هـەمـوو شتـەکـانـی دەورو بـەری مـرۆڤ جـۆرێك لـە پـیـوەسـتـی بەردەوامیان لە نێوانیاندایە.

کەواتە جەستەو عەقڵیش بەبێ بوونی شتەکانی دەوروبەریان ناتوانن هیچ دەورێکی بنەڕەتی و گەوهـەری بگێڕن و ناتوانن بەبێ شتەکان بکەونە کێشەوە. بەتەنیشتی ئەم سێ ڕەگەزەی بوونەوە، ڕەگەزێکی تری ترسناك دێتە پێشەوە لە پرسیار کۆی دەوری ئەم ڕەگەزانە لە ژیاندا بۆ چی دانراون و هـەن و حیکمەت لە بوونیان چییە، ئاخۆ تەنیا بۆ ئەوە هـەن وەزیفەیەکی بوونی حەتمی جێبەجێ بکەن، یاخۆد کۆی دەورەکان و بوونەکان بۆ وەزیفەیەکی تر هـەن کە پڕە لە نهێنی و ئاڵۆزی و لە سەرجەمدا لە هاوکێشەی بوون و مرۆڤدا چڕ دەبێتەوە؟ گەوهـەری سۆفیگەری لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە جەستە و عەقڵ لە کێشەیان پەیوەست بەشتەکانەوە لەوێدا ڕەنگ دەداتەوە کە مرۆڤ بچێتە ناخی بەشداریکردنەوە لە تێگەیشتن لە ماهییەتی بوون. ئەو ماهییەتەی بە جارێك نهێنیی بوون و پەیوەستێکی سەرەوەی باڵا دەنوێنێ لە نێوان دروستکەر و دروستکراودا، واتە مرۆڤ چۆن دەگاتە ئەو کامڵبوونە عەقڵییەی کە لە نهێنییەکانی بوون و مرۆڤ نزیك بێتەوە، پاشان گرینگی و بایەخی ئەم پێگەیشتنەوەیە چییە؟

جەستە لە سۆفیگەریدا ئەو مەڵبەندە پڕ لە گرفتاری و پڕ لە گوناهـ و بەلارێ بردنەیە، کە ڕۆچوونی دەرکپێکردنی مرۆڤی بەدواوە دێ، لە تێگەیشتن و لەگەیشتن بە حاڵەتێك لە ژیانی عەقڵی کەتیایدا مرۆڤ بۆی هەیە بە ڕێگەیەکی درێژی خۆ بە کێشەکردن و کەشی جۆراوجۆری بەربەرەکانیکردن ئەندامەکانی جەستە، عەقڵ لەوەدا سەر دەکەوێ بەسەر دەسەڵاتی گرفتاری بوونی جەستەییدا زاڵ بێ و جۆرێك لە جیاکردنەوە و بێ لایەنکردنەوەی جەستە و پەیوەستەکانی بێنێتە کایەوە. هەروەکو چۆن زاڵبوون بەسەر خەسڵەتە بناغەیی و غەریزی و پێداویستییە چێژاوی و ڕووکەشەکانی جەستە و چۆنێتی کوشتن و کپکردنیان هۆیەکە بۆ پاککردنەوە. پاککردنەوەی جەستە، هەر چەندە بناغەی زۆر لە ئاینەکانی دنیایەو هۆیەکە بۆ ڕێزگرتن لە توانا و گەورەیی خوداوەند، کە ئەو کەسەی گفتوگۆکانی ئاراستەی دەکات، دەبێ پاك و خاوێن بێ، لە ئەندامەکان و زمان و عەقڵ و سیمادا، ئەمەش هەر لە چوار چێوەی خۆ ئامادە کردن و سازدانی کەشی نزیك بوونەوەیە لەو هێزە گەورەیەی بوونی بەدەستەوەیە.

کەواتە تاقە ڕێگەی بناغەیی بۆ جێبەجێکردنی یا ئامادەکردنی کەشی نزیکبوونەوە لە خودا، زاڵکردنی عەقڵە بەسەر جەستەدا، تەنیا هەر عەقڵە توانای دروستکردنی وشە و بیرکردنەوەی هەموو گرفتاریەکانی جەستەی هەیە، تەنیا هەر عەقڵە کە لە ڕێگەیەوە هەموو گفتوگۆی بوونی مرۆڤ بەرەو ڕووی بوونێکی تر دەکرێتەوە، پاشانیش تەنیا هەر عەقڵە کە مرۆڤ لە گوناهەکانی جەستە ڕزگار دەکات و مرۆڤ ناگاتە حاڵەتی (حاڵگرتن) ئەگەر بێتو نەگاتە ئاستی کوشتنی جەستە، هیچ نەبی بۆ کاتێکی دیاریکراویش بێ.

جیاوازی نێوان ئەم بارە سۆفیگەرییە لە حاڵەتەکانی تردا لە چەند لایەنێکەوەیە، بەڵام لە گەوهەردا یەك حاڵەتن و یەك وێنەن. لە (حاڵگرتن)دا تۆ هەست بەو بەرامبەرە تاساو و پڕ لە جووڵە و دەنگە دەکەی، بەو جەستە شلەژاو و فێ گرتووە پڕ لە توانەوەیە دەکەی لە نێو ئەو وشانەی کە تەنیا هەر ئەوانن بەسەر عەقڵ وجەستەدا زاڵ دەبن،.وشەکان زیکرو گوتنەوەی بەردەوامیان دووبارەکردنەوەی بەردەوامیان لەگەڵ جووڵەی بەردەوام و دەنگی دەف و دەرکردنی هەندێ وشەی لە پرێکدا، ئەو ڕێگەیەیە کە عەقڵ پاش ئەوەی بەسەر جەستەدا زاڵ دەبێ و هەموو داواکاری و وەزیفە ڕۆژانەییەکانی جەستە، خامۆش و کپ دەکرێن. ئەویش بەدەوری خۆی لە نیو ئەو وشانەی کە ووشەی باوەڕ پێهێنانی ڕەهان، بەلایەنی دەرویشی سۆفیگەرەوە، لە ڕێگەی (تەرکیز) کردنێکی بێ سنوور لەسەر

ئەو وشانە و چاوەروانی یا باوەرهێنان بە ئەوەی ئیتر ئەو ووشانە بۆیان هەیە مرۆڤ بە عەقڵ و جەستەوە کۆنترۆڵ بکەن و تەنیا ئەوانن لەنێو جەستە و عەقڵدا بوونییان هەیە لەو ساتەدا جەستە و عەقڵ تووشی جۆرێك لە خۆداخستن و نائامادەگی دەبن، تووشی جۆرێك لە مردن و ئیفلیجبوون دەبن و چیتر لەدەرەوەی هەردوو تەوەری ڕەهای باوەڕپێکردن و ماناکاندا، بوونیان نامێنێ.

کاتێك. جەستە بەرەو ڕووی لێدان و بڕین و کون کردن دەکرێتەوە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ نەمانی دەرك کردن بە ئازار و ترس، هیچ مرۆڤێك نییە لە بچووکترین برینداربوون نەترسێ و ئازاری نەبێ، مرۆڤ لە حاڵەتی ئاساییدا مرۆڤێکە جەستەو ئەندامەکانی خۆی خۆش دەوێ و لە حاڵەتێکدا بە ئاگاییبوونی کاملدا دەژی و دەرك بە ئەندامەکانی جەستەی دەکات، لە حاڵەتێکی پڕی هەستیاریشدا دەژی بەرامبەر بە جەستەی خۆی. ئەو مرۆڤە ئاساییە بە تەواوەتی هەست بە ئازارو ترس دەکات بەڵام لە حاڵەتی (حاڵگرتن) دا مرۆڤ پاش ئەوەی جەستە و عەقڵ کۆنترۆل دەکا، ئیتر حاڵەتی بەئاگاییبوونی عەقڵی و جەستەیی پشتگوێ دەخا، هەر بۆیە دەیەوێ ئاماژەیەك بۆ ئەم بەئاگایی بوونەنا سروشتیە بەدی هێنراوەی بوونی خۆی بخاتە دەرەوە و لە خودان و خۆ نیشاندان بە نەترسی و بێ ئازاری، ئاماژەیەکە بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە حاڵەتێکی دیاریکراو و بزر و نهێنیی مرۆڤ، حاڵەتیکە لە لەخۆچوونی عەقڵی و جەستەیی و بەرامبەر بەمەش ژیانە لە تەنیا حالەتیکی پەیوەستی گەورە و مەزن لە ڕێگەی باوەڕ هێنان بەو حاڵەتە و بەهای ئەو حاڵەتەش لەلای دەرویشی سۆفیگەرەوە. بەهایەکە کەبەسەر ترس و ئازار و گرفتارییەکاندا زاڵ دەبێ و کەم کەس دەتوانن بەم حاڵەتە بگەن و ئەم حاڵەتە چەندێك قووڵبوونەوە و تێگەیشتن و کۆنترۆڵکردنی عەقڵی جەستەیی بە دواوە بێ، ئەوەندەش ئاماژەکانی ئەم حاڵەتە گەورەتر دەبن

دەنگ، ووشە، عەقڵ

لە لێدانی دەفدا، هارمۆنیایەك لە دەنگ دروست دەبێ، کەزایەڵەیەکی بە گوڕو جۆش سەندوو بە مرۆڤ دەبەخشێ، نەك بەهۆی ڕەنگاو ڕەنگی ئەو شەپۆلە دەنگانەی کە لە شێوەی کوتان وتەپەی یەك لەدووی یەك و ڕەنگاوڕەنگەوە دروست دەبن، بەڵکو بەهۆی دەنگێکی تۆن ڕوونی سەدائامێز و هەندێك جاریش ترسناکەوە، دەنگی دەف گەر بەیەك تۆنی لێ درێ، نێزیکە لە دەنگی دەهۆڵی ڕاگەیاندنی، جەنگ و ئاگادار کردنەوە لە مەترسی، دەنگی دەف غەریبی و ڕۆمانسیەتێکی تەنیایی و بەتەنیا بوونی مرۆڤ.

هەروەها ئەوەش بەلامانەوە گرینگە گونجانی ئەم دەنگەیە لەگەڵ کەشێکی ئاینی و گرفتاری و چێژێکی ڕووت نابەخشێ بە مرۆڤ، بەڵکو ئامادەبوونێکی زەینی و کارکردن لە لێدانی هۆشیاریی مرۆڤ دەگرێتە خۆی، لێرەدا لەگەڵ وتنەوەی وشە نهێنییەکانی دەروێشی بەرەو حاڵ چوو، هارمۆنیایەکی تر دێتە سەر دەنگ و وشەکانی ناخەوە و ئەو هارمۆنیایەش سڕکردنی عەقڵە.

عەقڵ بە تەرکیز لەسەرکردنێکی زۆری دەنگی یەك ڕێچکەو دوو بارەکردنەوەی وشەی دیاریکراو بەرەو بێ لایەنیکردن و جۆش سەندن و تاودان و گەرمبوونی مێشك و جەستە دەبات، گەرمبوونەوەیەك چێتر دەرك، بەدەمارە هەستیارییەکانی ئەندامەکانی لەش ناکات. مەودای سۆفیگەری و بەهاکەی لەوێدا دەبێ ئەو کەسە تێکەڵبوونێکی سەرووی واقیعی لە نێوان عەقڵ و بووندا دێنێتە کایەوە. مرۆڤ لە سروشتی ئاسایی خۆی دەردەچێتە دەرەوە. مرۆڤ هەست دەکات نەلە شوێن و نە لەبیر و نە لەکاریگەر بوونی ڕۆژانەی و نەلەگرفتەکانی ژیاندا نامێنێتەوە، ئەو دەچێتە فەزایەکی عەقڵی و دەروونیی واوە کە خۆی تیادا ون دەکا. ئەو لە هیوای ژیانە لەگەڵ بونێکی تردا، هەر بۆیە نایەوێ لە هەموو گرفت و ئازار و خۆشی و هەموو ئەوەی لێرە وەك مرۆڤێك هەستی پێ دەکات نایەوێ خاوەنداری و هەست پێکەریان بێ، ئەو لە گرفتاری و خۆ دۆزینەوەیەکی تردا دەژی و خۆی لە شوێنێکی ترداو مانایەکی تردا و بەهایەکی بوونی تردا دەبینیێتەوە. ئەم کەشە زۆر لە ئامازەکانی لە خۆدان گەورەترە و گەیشتن بەم حاڵەتە عەقڵی و هۆشیارییە بۆ نزیکبوونەوە وتوانەوەیە لە بوونێکی تردا کە بەدرێژایی مێژوویەکی دوور لەمەوبەر ئەو ئامانجەی لەم هەوڵانەدا دەهاتنە کایەوە بزربوون و نەمان.

سۆفیگەر لە ڕێگەی کوشتنی چێژ و جەستەوە، لە ڕێگەی قووڵبوونەوە لەماناداو ژیان لەگەڵ مانادا، بۆ بەدیهێنانی حاڵەتێك لە پەیوەستی ڕەتکردنەوەی خود بۆ پەیوەستێکی دۆزینەوەی خود لە شوێنێکی تردا، شوێنێك کە چیتر شوێنی ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی نییە، حاڵگرتن چرکە ساتێکی زۆر کورتی ژیانە لەو شوێنەدا، گەیشتنە بە ئامادەبوونێکی عەقڵیی وا کە جەستە دەکەوێتە ژێر فەرمان و بەڕێوە چوونێکی ترەوە و تەنانەت دەکەوێتە سەر دەرخستنی هێزو ئامادەگییە ناسروشتییەکانی خۆیەوە، پەیوەست بەو حاڵەتە گشتییەی سۆفیگەر تیایدا دەژی.

کەواتە گەر بێتو گەوهەری بنەرەتیی سۆفیگەری توانەوە و فەنابوونێکی بێسنوور و نهێنی گەیشتن بێ بە خەڵقێکی یا بوونێکی سەرەوەیی گەورە و ناسروشتی، ئەوا حاڵگرتن

وەك كەسێكی لاهووتیی خودا پەرستێكی حاڵگرتوو، هەمان سیما و گەوهەر هەڵدەگرن و لەگەڵ جیاوازی لەكەش و جووڵە و وشەكاندا، سۆفیگەری ژیانێكی بەردەوامی گەیاندنی جەستەیە بە گۆڕینی وەزیفەكانی و سڕینەوەی هەندێك لە وەزیفەكان و بەخشینی وەزیفەی نوێ و دەوری نوێ بە جەستە، كە لەگەڵ ماناو حاڵەتە نائاساییەكەی مێشك و گەیشتنی بە ئاستێكی نوێدا بگونجێ. دەنگ كاریگەرییەكی بەهێزی هەیە لە گۆڕینی ئەم حاڵەتانەی مێشك و جەستەدا. لەگەڵ دەنگی دەفدا بە تێكەڵی لەگەڵ وتنەوە و دووبارەكردنەوەی وشەدا، بەشێوەیەكی بەردەوام و یەك لەدوای یەك، زنجیرەیەك لە هێزی گواستنەوە دێتە دی، گواستنەوەیەك لە بارێكی دەرونیی ئاساییەوە بۆ بارێكی دەروونیی نائاسایی كە مرۆڤ قەتاوقەت لە ژیانی ئاساییدا پێی ناگات. ئەم كاریگەرییەش تەنیا بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ ئاراستەی مێشك دەكرێ .

### حاڵگرتن و هاوشێوەكانی

لە بیرو ڕاكانی پێشوو گوتمان گەوهەری سۆفیگەری ئاراستەكردنی عەقڵ و هۆشی مرۆڤە بە شێوەیەكی بەردەوام بەرەو گەردوونێكی جیاواز لە ژیان و بیركردنەوە. ئەم حاڵەتە تایبەتەی لە مەسەلەی حاڵگرتندا باسمان كرد لە شێوە ژیانی لەگەڵ دۆزینەوەیەكی تری خود، بۆی هەیە هاوشێوەیان لە هەندێك حاڵەتی ژیاندا بدۆزینەوە.

### شیعر و شاعیر

دڵدار كە شیعری (خەندەكەی بایی)ی نووسی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ، هەروەكو ڕووناكبیری كورد مەسعوود محەمەد دەڵێ هیچ ئاگای لە خۆی نەمابوو، هەروەك ئەوەی بیری هەموو كاتێك لە جێگەیەكی تر بێ و لێرە نەبێ. دڵدار وەك شاعیرێكی عاشق لە عەشقێكی سۆفیزمیدا دەژیا، عەشقێك تاكلایەنە و شەو و ڕۆژ تیایدا هەستی بە توانەوەی خودو بیرەكانی دەكرد، شاعیر لەو كاتەی لەگەڵ شیعردا ڕۆدەچێ و بەرەو گرفتەكانی بوون و عەشق دەچێ بە دووی چۆنێتیی دەربڕین لێكردندا دەگەڕێ، ئیتر ئەو پەیوەستە ڕۆژانەیی و ژیاوەیەی ژیانی لەبیر دەچێتەوە. ئەو بەرەو مەستی و بێ ئاگایی و بێ هێزی دەچێ و نەچێژ لە خواردن و نەهیچ بوونێكی تر نابینێ تەنیا چێژ و خولیایەكی ژیانە لەگەڵ شیعر، مەستبوون لە شیعردا چەندین ڕووی جیاوازی هەیە، لەوكاتەی شاعیر لە خوێندنەوەی شیعردا خودی خۆی لەبیر دەكا و تەنیا لەگەڵ وشەكاندا دەژی، لەو كاتەی شاعیر شیعرێك دەنووسێ و چەندین جارو چەندین ڕۆژ لەگەڵ ماناو وشەكانی دەژی، لەوكاتەی خۆی و ووشەكانی پێكەوە دەبن ودەكەونە كێشەیەكی بەردەوامەوە.

شاعیر کاتێك بەرەو بنیاتنانی وشە و مانا دەچی لەچوار چێوەی بابەت و ئەو بیرە قورسەی دەیەوێ لە نووسیندا لێی جیا بێتەوە، ئیتر هەموو پەیوەستەکانی بەدەرەوەی خۆی ڕووکەش و سادە و ناگەوهەری دەبن، ئەو لە کەشێکی عاشقبوونی نووسین و مانادا دەژی، کە زۆر جار بەرەو خەمۆکی بوون و تاکبوون و لەگەڵ خۆ ژیان دەچێ بەبێ ئەوەی دەرك بە قووڵایی ڕۆچوونەکانی بکات لەگەڵ دەرەوەی خۆی و لەناخی خۆیدا ئەم ماوە کورت و کەم خایەنە، کەشیکی سۆفیگەرانەی ڕووت و ڕاستەقینەیە کە شاعیر تیایدا لە هەموو ڕاستی بوونەکانی دەوروپشتی خۆی جیا دەبێتەوە.

مەستبوونی شاعیر بە شیعر، مەستبوونێکە هاوشێوەی حاڵگرتنە، هاوشێوەی تەنیاییبوون و گۆشەگیریی سۆفیگەرییە، لەوکاتەی تەنیا و تەنیا شیعر، شیعرێکی دیاریکراو و لەمانایەکی دیاریکراوە وە هەموو خودی خۆی دەتوێنێتەوە کە زۆر جار تاقە وشەیەك، تاقە ڕستەیەك، تاقە مانایەك لەو شیعرە لەناو عەقڵی پەشێوو داگیرکراویدا، بەسەدان جار دووبارە دەبێتەوە، لەوکاتەی شاعیر بوونێکی دەستلێدراو و عاشقە، لە عەشقی وشە و مانا دەژی و دەتوێتەوە. ئەوان زاڵن بەسەر بیرکردنەوەی، ئەوان دەیگوازنەوە، لە حاڵەتێکی دەروونیی ئاساییەوە بۆ حاڵەتێکی دەروونی نائاساییەوە بۆ حاڵەتێك لە ناکۆنترۆڵیی عەقڵ و بیرکردنەوە و خامۆشبوونی هەست و چێژ. ئەم حاڵەتە دەگاتە ترۆپکی خۆی، کاتێك شاعیر لە چرکە ساتە گەشاوەکانی نووسیندا، تووشی دەرەوشانەوەیەکی دەروونی عەقڵی دەبێ و بەسەر چۆنێتیی دەربڕین لێکردن و سەرکێشیی وشەدا زاڵ دەبێ و، شاعیر لەهەموو شیعرێکدا ناتوانێ لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بژی تەنیا لەگەڵ ئەو شیعرانەدا نەبێ، کە گەورەترین کاریگەری و هاوسۆزیبوون و گەورەترین شوێن پەنجەیان لە عەقڵ و دەروونی شاعیردا، داگیر دەکەن.

هەر بۆیە شاعیر لەتەواوکردنی شیعرەکەیدا بۆ چەند ساتێك ئەو هاوسۆزیبوون و بەعەشقکردنەوەی خودی تێدا دەمێنێتەوە و ئەم حاڵەتە هاوشێوەی حاڵگرتنێکی کاتییەو هاوشێوەی مەستبوونێکی دەروونییە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ تواناکانی هەمیشە شاراوە و نەدۆزراوەن، مرۆڤێکی زۆر هەن کە هێزو توانای زۆری دەروونی و عەقڵییان هەیە و دەرکی پێ ناکەن و هەست بەتواناکانی خۆیان ناکەن، بەڵام شاعیرکە لەنێو شیعرە پەسەندکراو و هاوسۆزکراوەکەیدا دەژی کاتێك توانای دەست بەرداری بوون و دابڕانێکی یەك لایەنەی دێتە پێش لە پێناوی بەدیهێنانی و بەدینەهاتوودا ئەو دەبێتە سۆفیگەرێکی مەست و عاشق و بەدوای بوونێکی تری خۆیدا دەگەڕێ کە لە ووشەدا



(۱۹) نەجات حەمید ئەحمەد

بیدۆزێتەوە، سەیرنییە بەهێزترین دەربڕین لێکردنی سۆفیگەر لە هەستی سۆفیگەرێشدا نووسینی شیعر بووە و شیعر ئەو هێزە جۆش سەندوو و شاراوەیەی تێدایە کە مرۆڤ بەرەو سروشتێکی تری مرۆییبوونی شاعیردا بەرێت.

## شۆڕشگێر و گەوهەری حاڵگرتن

شۆڕشگێڕ لە پێناوی ئەو باوەڕو ئایدیالە شۆڕشگێرانەیەی کە کاری بۆ دەکا، ئامادەیە جەستەو بوونی خۆی لە پێناویدا بکاتە قوربانی، شۆڕشگێڕ لە باوەڕ بوونی قووڵی بە ئایدۆلۆژیا لە لایەکەوە و کامڵبوونی هەموو پاساوە خودییەکانی بۆ گۆڕینی واقیعێك کە بە پێوەرە شۆڕشگێڕانەکان، واقیعێکی ناهاوسەنگ و ناگزوورە، ئەو دێت و بێ باك لە مردن و سزادان لەلایەن دەسەڵاتەوە، بێ باك لە ژیان و مردن، پێشبڕکێ لەگەڵ برادەرەکانیدا دەکات بۆ ئەنجامدانی کاری گەورە، شۆڕشگێڕ چەندێك ئاستی جۆش سەندن و تاودانی دەروونیی زێدە تربێ ئەوەندە بەگوڕو بەتین و هێزێکی شاراوە وە بەرگەی برسیتی و ترس و ئازاری جەستە دەبێتەوە.

زۆر لەو شۆڕشگیرانەی برانە بەرپەتی سێدارە، بەسروودی نیشتمانییەوە، بەبێ چاوپۆشین و بە دەستی خۆی پەتی مردنی خۆی دەکردە ملی خۆی کە گەورەترین پاساوی لەم چارەنووسەدا هەر ئەوەبوو کە ئەو لە پێناوی نیشتمانێکدا جەستە و ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی، لە حاڵەتی بەر پەرچدانەوەی هێرشی دوژمنان، لە پێناوی ڕزگارکردن و ئازادکردنی گوندێك ناوچەیەك یا شارێکدا، شۆڕشگێرێکە دەبینی، لە تاودان و جۆش سەندن و بوێری و فیداکاریدا، بەرەو ڕووی ئاگرو ئاسن و مردن دەبووەوە. چونکە لەو باوەڕەدا بوو گەر نیشتمان داگیرکراوبێ زوڵم و زۆرداری هەبێ، ژیان چ بایەخێکی نامێنێ باوەڕی شۆڕشگێری باوەڕێکی تاکە کەسی و دەستە جەمعیشە بە پێچەوانەی شاعیر و سۆفیگەر و دەروێش. لە سۆفیگەریدا کەشەکانی بەخودبوون و تەنیایی لەگەڵ باوەڕ و ووشەدا، جارانێکی کەم دەستە جەمعی بوونە، شۆڕشگێڕ لە هەمان کاتدا بناغەی کارو تاودان و جۆش سەندنەکانی لە باوەڕێکی خودییەوەیە، ئاخۆ شۆڕشگێڕ چۆن دەگاتە ئەم ئاستە لە بڕیاری خودیدا؟

شۆڕشگێڕ لەو کاتەی بە تەواوەتی بەباوەڕهێنانێکی قووڵەوە بەو ئایدۆلۆژیایەی هەڵی دەگرێ لە کارێکی بەراوردکاری وتاقی کردنەوەی بیرەکانیەتی لەگەڵ واقیع، ئاخۆ واقیعێکی سیاسی ، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، چەندێك دادپەروەر و یەکسان و ڕاستە.

ئاخۆ واقیع چەندێك لەگەڵ باوەڕەكانی ئەودا هاوتایە و هاوسەنگ و زۆردارو بكوژە. هەروەك لە حاڵەتی كوردایەتی و ڕژێمە زۆردارەكانی عێراقدا. هەروەها پەیویست بەبیری ئازاد بوون لەسەرجەمی ئەم وڵاتەدا، ئەو كاتە شۆڕشێگێڕ دەگاتە ئەو باوەڕەی كە دەبێ هەموو بوونێك لە پێناوی گۆڕینی ئەو واقیعەدا بخرێتەكار.

هەربۆیە لە ساتی باوەڕهێنانەوە لەگەڵ خوداداو كە گەورەترین وێستگەی ئەو ڕووبەڕوو بوونە وەیەش خۆبینینە وەك تاكێكی لێپرسراوو وەك تاكێك كە لێپرسراوێتی گۆڕینی ئەم واقیعەی دەكەوێتە ئەستۆ. شۆڕشگێڕ دەكەوێتە جیابوونەوە لەگەڵ كۆی ئەو پێوەندی و میكانیزمە كۆمەڵایەتییانەی كە كۆمەڵگایەكی دیاریكراو دەبەنەڕێوە و ئەو پەیوەست و پێوەندییانەی تاك بە كۆمەڵگەوە دەبەستنەوە، جیابوونەوەی تاكی شۆڕشگێڕ لەگەڵ سەردەمەكەی خۆی لەوێوە دەست پێ دەكات كە شۆڕشگێڕ لە ناوەوەی عەقڵی خۆیدا كۆمەڵگە وەك كۆمەڵە مرۆڤێكی بە قوربانیكراو و، زوڵملێكراو دەبینێ لە سایەی سیستەمێكی سیاسی و بەڕێوەبردنی زۆرداردا. هەربۆیە ئەو خۆی لە شوێنێكی تری ئەو پەیوەستانەدا دەبینێتەوە بۆیە ئەو لە سایەی ئەم دژبەیەكی و ئەم نەگونجان و ناتەباییەدا لە كەسێكی خودیانەی پیرۆز و ئاڵۆزدا دەژی دەبینی هەموو كاتێك بیری لەلای خۆی نییە، پەیوەست و خەمە ڕۆژانەییەكانی لە بیرنییە، خەم و ئازارێكی قووڵ باڵ بەسەر سیمایدا دەگرێ ڕێگەی ئەو مردنە لە پێناوی ئەوانی تردا. داهاتووی ئەو وەك داهاتووی ئەوانی تر نییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هەست بەفراوان بوونەوەیەكی تێڕوانینی خۆی دەكات. هەست دەكات هەست و سۆزی ئەو هەست و سۆزێكی گەورەیە و هەر بۆیە ئەو مەست و بێ ئاگایە لە عەشقی بیر و ئەوانی دیدا دەژی و هەر ئەو بیرەی لە پێناوی ئەواندایە كە دوای لێ دەكەن لە ساتی زۆر دیاریكراو و یەك لاكەرەوەی ژیانی شۆڕشگێرانە بە سەدان میل ببڕێ و بەبێ حەسانەوە، بەبێ ماندوو بوون، بەبێ ترس، بەبێ ژیان هیچ بایەخێكی ئەوتۆی هەبێ.

بیری شۆڕشگێڕی پەیوەست بە سۆفسیگەریەوە لەسەردەمە جیاوازەكانی حوكمی عەباسی و ئەمەوی لە شێوەی گرووپ و كەسایەتیی زۆردا، ڕەنگی داوەتەوە، لەوكاتەی سۆفیگەر وەك مەترسییەك لەسەر دەسەڵات دانراوە، بناغەیەكی بیری سۆفیگەر كە ئازاد بوونی خودە و ژیانە لە گەردوونێكی ئازاددا، ئەم مەیلە لەگەڵ مەیلی كۆنترۆڵكردن و دەست بەسەردا گرتن و ملكەچ كردنی تاك لەلایەن، دەسەلاتدارانەوە نەگونجاوە، هەربۆیە لە چوارچێوەی ئەو بیرانەی كەنمایشی تێگەیشتنی مرۆڤ و بوون و مرۆڤ و خودا دەكەن

لەسەر زەوی، سۆفیگەر بەلادەرو کافر و شێت و یاخی لەقەڵەم دراون و هەربۆیەش بەرەو ڕووی کوشتن و لە سێدارەدان و قەدەغەکردن بوونەتەوە. ئەم بیرە لە مێژووی گەلی کوردا ڕەنگدانەوەی جیاواز و دژ بەیەکی هەبووە بەلایەنە بنیاتنەر و ڕوخێنەرەکەیدا.

گرینگ لێرەدا مەیلی ئازاد بوون و نەهێشتنی زوڵم و مەیلی خۆبەختکردن لە پێناوی ئەوانی دی، مەیلی ڕزگار بوون و لەدەسەڵاتداریێتی و کۆنترۆڵکردن، پاشان لە هەمووی گرنگتر مەیلی خەو بینین بە داهاتوویەکی بەنموونەییکراو وا لەشۆڕشگێڕدەکەن بە جارێك ئەو ئامادە بوونە جەستەیی وعەقڵییەی تێدابێ کە لەنێو خەون و جۆش سەندنەکاندا لە کەشێکی خودیانەی قووڵدا بژی و ئەم ژیانەش هاووێنەی جۆش سەندن و خەوبینینی سۆفیگەرو دەروێشی هۆشیارە بە داهاتوویەکەوە لەدوو تێڕوانین و ئامانجی جیاوازدا.

## عەقڵ و بوون و سۆفیگەری و عەشق

گەیشتن بە ئاستێك لە تێگەیشتن لە بوون و نهێنییەکانی بوون، ئەو خەونە دێرینەی مرۆڤە کە هەموو تواناکانی لەم میانەدا سەرف کردووە، بەتایبەتی لە تێگەیشتنی فەلسەفی و ئایینی. هۆکاری ئەم گەڕانەش هەر ترس بووە کە مردن کۆتاییەکەتی. هەروەها گەڕان بەدوای شوێن هۆکاری مانەوە لەسەر زەمینێك کە ژیان تاقە ڕێگەیەکە لە بەردەمیدا. مرۆڤ هەمیشە لە دەروونیدا ترسێکی گەردوونیی بەرامبەربوون هەیە کاتێك دەرك بەوە دەکات بوون لە فراوانی و گەورەیی ماناکانیدا، زۆر لە تواناکانی مرۆڤ بەرفراوانترە، کاتێك مرۆڤ دەرك بەوە دەکات کە ئاستی عەقڵیی لە تێگەیشتن لە بووندا نییە، لەوێوە گەڕانە پەرگەندەیی و گەڕانە عەقڵانییەکانی دەست پێ دەکات، لەدوو کایەی زانینی جیاوازدا. لە لایەکەوە پەرەپێدانی کەرەستەکانی بینین و گواستنەوە و شیکردنەوەکە لە زانستدا هەوڵی بۆ دەدا. لەلایەکی تریشەوە جیهانبینیەك کە پشت بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی تیۆری و عەقڵی دەبەستێت کە ئەوانیش ئاین و فەلسەفەن.

کێشەی مرۆڤ لەگەڵ بووندا کێشەیەکی بێ سنوورە. بوون هەر تەنیا گەردوونێکی زەبەلاح و ئاسمانێکی کشاوەی بێ سنوور نییە، بەڵکو پەیوەست و ئامادەبوونی مرۆڤیشە لەم سنوورانەدا. ئەو ئامادە بوونەی دەبێ هەمیشە پاساوە ماقووڵ و واقیعییەکانی، بۆ بدۆزیتەوە. ئەو پاساوانەی لە ناوەڕۆکدا سارێژی تراژیدیا قووڵەکانی مانەوە و مردنی بۆ دەکەن، مرۆڤ بوونێکی ڕەهای ناپەیوەست نییە لەگەڵ بوونەکانی تردا، بوونێك نییە لە

نێو بوونەکانی تردا، کە مێژوویەکی بوونایەتیی سەربەخۆی هەبێ، بەڵکو مرۆڤ پەیوەستە بەزەمەن بوونی شتەکانی ترەوە، واتە مرۆڤ بەشێك و ڕەگەزێکی ناوەندییە لە بووندا، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتەکانی لەبووندا هەمیشە دەسەڵاتێکی سنوردارو لاوازن.

لێرەدا پرسیار لە بوونی شتەکانی تر، پرسیار لە گەوهەروماهیەتی مرۆڤ پەیوەست بەبوونەکانی ترەوە، ئەو خەمە هەمیشەیییەی مرۆڤە کە کۆتایی نایات و سنوورەکانی بەفراوانی کراوە و بەربەرەڵان. بیری بنەڕەتی سۆفیگەری گەڕانە بەدوای نهێنی و ماهییەتی بوونی پەیوەست بە هێزێکی بێ سنووری خوداییەوە، کە هەموو بوونی لە بەردەم گەیشتنی مرۆڤ بە نهێنییەکانی خودی بوون بەکراوەیی هێشتووەتەوە، سۆفیگەری بەبێ پلەکانی یا ئاستەکانی تێکەڵکردنی باوەڕی ئاینی بە فەلسەفییەوە. لەچوارچێوەی کارکردن لە وشە و نهێنییەکانی ووشەوە، ناگاتە هیچ شوێنێك لە تێگەیشتن، کە ئەوانیش نەترسانە لە حیکمەتی وشە و هێزی وشە، ئەو ووشانەی وەك کلیلی کردنەوەی زۆر لە گرێیەکانی بوونی مرۆڤ و پەیوەستەکانی ئەوە بە هێزی لەبن نەهاتووی بوونەوە و، لەم ئاستەش سۆفیگەر ناتوانێ بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە پێی بگات، بەو سروشتەی کەلەسەر بناغەی (ئازار و ترس و برسێتی و کامەرانی و خەم و چێژو شکست و سەرکەوتن) بنیات نراوە. شۆڕشگێڕ لەوکاتەدا دەبێتە سۆفیگەر کە سروشتێکی سەرەوەی مرۆیی بە خۆوە دەگرێ و لەو سروشتەدا لە نێو جۆش و تێگەیشتن و ئامادەبوونێکی بەهێزی عەقڵ و دەرکردنی لە کاریگەرییەکانی ژیان، حاڵ دەیگرێ و دەروێش و لەوکاتەدا ئاماژەکانی گۆڕینی سروشتی ئاسایی و مرۆیی خۆی دەردەخات کە چیتر وەك عەقڵ و جەستە ئەو مرۆڤە کۆمەڵایەتی و ناسراوە نابێ کە ژیان سەپاندوویەتییە سەری. سۆفیگەریش لەوکاتە حاڵ دەیگرێ و دەرك بە جەستە و عەقڵی باوی خۆی ناکات و هەست دەکات ئەو مرۆڤێکی ترەوە، ئەو کاتەی لە زانستی ووشە و فەلسەفەی ئایندا بەڵام بە ئاراستەیەکی عەقڵانی و سەرەوەیی تێگەیشتندا، ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو دۆزینەوەی نوێ دەچێ لە تێگەیشتن لە بووندا، لەگەڵ جیاوازی ئامانج و ئاراستەی ئەوان لەگەڵ شاعیرو دەروێش و شۆڕشگێڕدا، بیری بناغی سۆفیگەر پەیوەست بەوانەوە، هەر ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ لەگەڵ تێگەیشتنی قووڵیدا لە بوونی خۆیی و بوونی شتەکان دەگاتە ئەو هێزەی کە هێزی خۆی تێدا دەبینێتەوە و بەرەو گۆڕینی سروشتی خۆی دەچێت.

ئەمەش بێهوودە نییە و ماندو بوون و شەونخونی و قوربانیدانێکی عەقڵی و جەستەیی

دەوێ، جۆش سەندن و بوێرییەکی گەورەی دەوێ. چونکە بوون هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر دا نایەت، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە خۆی دەگۆڕێ و ئامادە دەبێ بۆ خۆگۆڕین لە پێناوی گەیشتن بە نهێنییەکان، بەشیکی بچووکی نهێنییەکان، بەم مانایەش بوون ئەو ماهییەتەیە کە لەسەر بناغەی نهێنییەکانی خۆی دامەزراوە کە شیکردنەوەیەکن بۆ هۆکاری بوونی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە.

تاکو ئەمڕۆش مرۆڤ وەڵامێکی ڕوون و باوەڕ پێهینەری پێ نییە بۆ بوونی خۆی لەسەر ئەم زەوییەی کە هەست دەکەی لە نێو ملیۆنەها ئەستێرەو بۆشاییەکی بێ سنووردا بزربووە، تاکو ئێستا ئەگەر باوەڕ بەوەش بکەین کە مرۆڤ دەرەنجامی پەرەسەندنی شتەکانی بوون بووە، چۆن گەشەی کردوە و چۆن گەیشتووە بەو بوونەوەرە زۆر زانستی و زۆر وردەکارە، پاشان سروشتی بوون سروشتێکە کە بەخۆ بەدەستەوە دان بەهەر باوەڕێك بەبێ بناغەیەکی ڕاستەقینەی تێگەیشتن مانەوەیە لە چوار چێوەی دەسەڵاتەکانی بوون، لێرەدا جیاوازییەك لە نێوان سۆفیگەرو ئاینپەرستیدا هەیە، هەر چەندە هەردووك خاوەنی یەك سەرچاوەن، سۆفیگەر لەوێدا لەگەڵ ئاین پەرستیدا جیا دەبێتەوە کە ئەو نایەوێ لە سنوورەکانی ڕەهایی بوونەکانی مرۆڤ و بووندا بمێنێتەوە. سۆفیگەر مرۆڤێکی گەڕۆك و بەگومانە مرۆڤێکە دەیەوێ شەرعییەتێکی بوونیی هەبێ، کە ئەویش هاوبەش بێ لە زانینی نهێنییەکانی بوون، هەوڵی ئەو بۆ گەیشتن بە ئاستی توانەوە لە بوونی خودا، هەوڵی ئارامکردنەوە و ساڕێژکردنەوەی ئەو پەرگەندەیییەی بوونی مرۆڤە لەسەر زەوییەك و هۆی ئامادەبوونی ئەو لەسەر ئەم زەویە کە ئەمەش بەهایەکی فەلسەفیی هەیە.

هەر لە چوارچێوەی جیاوازی و لێکچوونەکانی حاڵەتی دەرچوونی خود لە باری سروشتیی خۆیدا و گەڕان بەدوای سروشتی مرۆیی پەرەسەندووترەوە، حاڵەتی عاشق بوون و خۆشەویستییەکی قووڵ، ئەو کاریگەرییە زۆر بەهێزەیە کە هەموو جۆرەکانی حاڵەت گرتنی سۆفیگەرانە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. عەشق تایەکی دەروونیی گەرم و ڕاستەقینەیە لە لای ئەو مرۆڤەی دەیەوێ بگاتە کاملبوون لە ماناکانی بوونی خۆیدا. عاشق بوون لەلای دەروێشێکی دنیاپەرستدا خەونە بە جیهانێکەوە کە مرۆڤ تیایدا لە بەخشندەیی خوداوەندوە چاو لە پاکبونەوەی عەقڵی و دەروونی دەکات. چونکە عەشق سیمایەکی مرۆڤی فانتازییە کە هێزو تواناکانی دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەست و دەرك پێکردن و خەون بینینەوە، مرۆڤی عاشق بەهاکانی زانین بۆ ژیانی لە لادا دەگۆڕێن، ئەو

بـە جـۆرێکـی دیکـە سەیـری دەورو بـەری خـۆی دەکـات. زۆر لـە کێشەو ئـازارو خـەمـە ڕۆژانەکانی مرۆڤ لەلای ئەودا بایەخی نامێنێ و لە ڕوانینێکی جیاوازەوە سەیریان دەکات، مرۆڤی عاشق لەناخەوە هەژار و تاساوە، ماناکانی خەون ببینین بەسەریدا زاڵ دەبن، توانای بیرکردنەوەی لەمەسەلە ناگەوهەرییەکاندا نییە. هەر بۆیە دەبینیی لە سیمادا وەك نەخۆشێکی شێواووایە و جۆرێك لە کزی و بێدەنگبوون و خەمێکی قووڵ باڵ بەسەریدادەگرێ.

عاشق بوون لەلای سۆفیگەردا گۆڕینەوەی عەشقی دنیاییە بە عەشقێکی گەورە و لەبن نەهاتوو، کە هەر لەلای ئەودا دەگاتە کامڵ بوونی خود، چونکە بەبێ پەرەپێدانی بیرو دنیابینیی خود، هیچ کەسێك بۆی نییە بگاتە هیچ جۆرێك لە کاریگەرییەکی دەرك پێکردن و هەست کردن بەوەی کە مرۆڤ ناشێ بێهودە لەسەر ئەم زەوییە بوونی هەبێ و ئەم بوونەش مانایەکی نەبێ. گەڕان بە دوای ماناو گەیشتن بەیەکەمین وێستگەکانی مانا، وا لە مرۆڤی سۆفیگەر دەکا تەزوەکانی هەست و دەرك پێکردن و تێگەیشتنی لە حاڵەتێکی سڕبوون و کرانەوەی بەردەوامدابن. حاڵەتێك لە حاڵگرتنی عەقڵی و دەروونی کە هیچ جێگرەوە و هاوشێوەیەکی تری نییە.

عاشق بوون لە لای شۆڕشگێڕ، ژیانێکی بەردەوامە لەومانایانەی خەون بەداهاتوویەك دێتە کایەوە کە یەکسانی و دادپەروەری باڵ بەسەریدا دەکێشێ، سەیرنییە بەهاکانی سۆفیگەری و شۆڕشگێڕی لە زۆر قۆناغی مێژوویدا تێکەڵ بەیەك بوونە، لەلای زۆر لەو سەرکردانەی ڕابەرایەتیی ئازادیی گەلەکانییان کردووە. هەروەها لە نێو ئەو گرووپ و تـەوژمـە ئـایـنـی و سۆفـیـگـەرانـەی خـەبـاتـیـان بـۆ هـێـنـانـەدیـی جـیـهـانـێـکـی تر کردووە شۆڕشگێڕی عاشق بوونی خۆی لە بوونی گەلەکەیدا دەبینێ، خەونی خۆی لە خەونی ئەوانی دیدا دەبینێ و جەستەو عەقڵی خۆی بۆ ئەم خەونە تەرخان دەکات.

هەر بۆیە نەفیکردنی خودو بەرژەوەندی و ژیانی تایبەت لەلایدا بوونی نییە، چێژ وەرگرتن لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە مرۆڤەکانی دی لەلای ئەودا بوونی نییە. ئەو لەبیر و خەونێکدا خۆی دەتوێنێتەوە و ناتوانێ لەو حاڵەی تێیدا دەژی، بێتە دەرو شۆڕشگێڕ تا دوا ژیانی لە نێوان بەدیهێنانی خەونی دنیایی و خەونی ئایندەییدا دەژی و هەموو ژیانیشی بۆ ئەو خەونە تەرخان دەکا.

## خەون و بەرجەستەبوونی نا زەمەنی

### گەڕان بەدوای بەرجەستەبوونی گەردوونی مانا

تاقە دەروازەیەکی ڕاستەقینە و لە هەمان کاتدا، فانتازی– واقیعیی خودی مرۆڤ و ئاخاوتنەکانی لەگەڵ خۆیدا لە خەوندا بەرجەستە دەبێ. خەون ژیانێکی وێنەیی ماناداری نازەمەنییە، مرۆڤ تیایدا پراکتیکی حەزە هەرە شاراوە و هەرە قووڵ و ڕۆچووەکانی ناخی خۆی و یادەوەرییەکانی دەکات کە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی خەون «فانتازیا– واقیع– خەیاڵ – گرفتاری – ئارەزوو– ئیرادە و ترس و کامەرانی» تێکەڵ بەیەك دەبن و هەریەکە گۆشەیەك لە بوونی مرۆڤ و ئەو وێنانەی لە خەوندا ڕەنگ دەدەنەوە و هیچ مانایەکیان ناتوانێ هەموو ڕووبەری وێنەو ماناکان تەنیا بەلای خۆیدا بەری. خەون ڕۆیشتن و نەچەسپاوی و نمایشێکی ئاراستەیی دەرپەڕینی خودە.

بەمەش مرۆڤ لە کات و شوێن و جووڵەیەکی جیاواز لە کات و شوێن و جووڵەی ژیانی ئاسایی خۆی دەردەچێ، چونکە لە جەستەو پێوەری مرۆییانەی ژیانی مرۆڤایەتی ڕزگاری دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا خەون زۆرجار بەرجەستەبوونی ماناکانە، زیاتر لە بەرجەستەبوونی لاشەیەکی فیزیۆنۆمی. بەڵام هەمدیسان لە خەوندا پێشینییەك نییە بۆ بەرجەستەبوونی جەستە وەکو ئۆرگانێکی خودییانە. لە ژیاندا هەروەها لە خەوندا، مرۆڤ لە هەموو جووڵە ، ئاخاوتن ، ڕۆیشتن ، نووستن و دانیشتنەکانی قەت لە ئاراستەیەکی بەرجەستەبوونی جەستەیییەوە هەست بەخۆی ناکات. زۆر جار لە پێکەنین و ئاخاوتندا مرۆڤ دەچێتەوە دۆخی هەرە منداڵیی خۆی. چونکە وێنەی خۆی ناچێتە چوارچێوەی کاریگەریکردنە سەر خۆیەوە، کاریگەریی ئەو بەرجەستەبوونە جەستەیییەی خۆی. خەون بەرجەستەبوونی لاشەییانەی مرۆڤ نییە، خەون دیاردەی بەرجەستەبوونی مرۆڤ نییە کە وەکو قەبارەیەکی ئۆرگانی حیساب بۆ لاشەو جووڵەکانی بکات. لە خەوندا جەستە هەموو داسەپاندنەکانی ژیان و مردن، شوێن و کات، ڕاهاتن دەستەمۆبوون، بێ هێزی و ترس، کامەرانی و هەستکردن بەغوربەت، هەموو ئەمانە ماناکانیان دەگۆڕێن و دەچنە قاڵبی واتای ترەوە، ئاخۆ دەتوانین لە خەوندا ڕایەڵی هاوبەش لە نێوان هەموومرۆڤدا بدۆزینەوە، بەوەی کەس نییە لە خەون

بیّ بەش بێت و کەس نییە خەونبین نەبێت؟ بەڵێ دەکرێ خەسڵەتی هاوبەشی خەون بنووسینەوە و ئینجا لێوە شیکردنەوە بۆ خەون و بەرجەستەبوون دەکەین.

١- هیچ سنوورێك لە قەدەغەکردن لەسەر جووڵەی بەرجەستەبوونی جەستەیدا نییە. جەستە لە فەزایەکی ئازادی بێ کۆنترۆڵکراودا بە هەموو ئەو جووڵە و هاتنە دەستانە هەڵدەستێ کە لە ژیانی ئاساییدا بۆی ناکرێن، داو و دەستووری کۆمەڵایەتی و باوەڕداری بایەخیان نامێنێت. لە هەمان کاتدا لە خەوندا بۆی هەیە قەدەغەکراوکان لە هەندێك خەونیشدا وەکو خۆیان بمێننەوە و سنوور بۆ جووڵە غەریزەیی و مانادارەکان دابنێن.

٢- توانا شاراوەکانی مرۆڤ لە خەوندا بەرجەستەدەبن، بەبێ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانی ئاساییدا توانای ئەو کارو دەسەڵاتانەی هەبێت بۆ نموونە هیچ گفتوگۆو بینینێك قەدەغەکراو نییە. مرۆڤ لە خەوندا دەتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ هەر بوون و کەسایەتی و هەرشتێکدا بکات و ئەو ئاخاوتنەش هاتنە گۆی ئارەزووە کپکراوو مەیلە خەفە کراوەکانی مرۆڤ دەنوێنن، توانای مرۆڤ لە خولقاندنی ماناکانی بوونی خۆی وەکو مرۆڤی بێ سنوور و کۆنترۆڵ نەکراون.

٣- خەون کۆنترۆڵکردنی بەسەرەوە نییە، تەنیا ئەو مرۆڤانە نەبێ کە ئەوەندەی هەستیارن تەنانەت خواردنەوە و ڤالیۆم و مادده سڕکەرەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر لاشە و بیرکردنەوەیان نییە. ئەوانیش تەنیا لە حاڵەتی هەستکردن بە مەترسییەکی بێ سنووردا دەرك بەناڕاستەقینەیی ئەو ژیانە دەکەن کە لە خەوندا بەرجەستەبووە. هەموو کاتێك ئەو دەرك پێکردنەش بە ئاگابوونەوەیەکی جەستەیی و هۆشیاریی لەگەڵدا دێ...

٤- تەنیا لە خەوندا مرۆڤ دەرك بە ئازارە هەرە قووڵەکانی جەستەی خۆی دەکات. تەنیا لە خەوندا قەبارەی سروشتیی چێژو حەزو ئارەزوو و ترسەکانی لە لادا بەشێوەیەکی بێ سنوور بەرجەستە دەبن. لە هەندێك حاڵەتدا کە زۆرینەیە، ترس لە مردن، ترس لە ئازار، ئەوەندە قووڵە و بێ سنوورە کە چیتر ئەو بەرجەستە بوونە تایبەتە لە خەوندا بیرکردنەوەی کۆنترۆڵنەکراوی مێشك قەبووڵیان ناکات و مرۆڤ یەکسەر دێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی. هەروەك ئەوەی لە سەفەرێکی دەروونی ، گیانی و هەستیاری زۆر قووڵدا بێت.

٥- خەون دواخستن و سارێژکردن و دەرفەتی گەڕانەوە و کۆتاییهێنان بە هەستپێکردن و ژیان لەگەڵ ماناکانی تێدا نییە، بەڵکو خەون قەبارەی گەورە و زێدەڕۆ و سروشتیی بوونی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، بەمەش بەرجەستەبوونی مرۆڤ لە خەوندا، بەرجەستەبوونی ئەوە لەسەر هەموو ئەو ڕاستییانەی کە بەرێکەوت لە ژیاندا ڕووبەڕوویان نەبووەتەوە، یاخود بەسەریاندا نەهاتووە.

٦- هەموو ئەگەرێك لە خەوندا دوورنییە، ئەگەری سازشکردنی خود لەگەڵ خۆی، ئەگەری نمایشکردنی ئارەزوو و تواناکانی خۆی، ئەگەری گوتنی ئەو ڕاستییانەی لەژیانی ئاساییدا ناگوترێن. بەمەش خەون زۆرجار هەموو ئەو نەزانراو و هێزە دەروونی و غەریزەییە چەپاوانە بەرجەستە دەکاتەوە لەسەر سروشتی خۆیان.

٧- لە خەونی ڕۆمانسی و غوربەت و تەنیاییدا، کاریگەرییەکانی خەون ئەوەندە واقیعی و قووڵن بۆ چەندین سات و چەندین ڕۆژیش مرۆڤ لە غوربەت و نامۆییەکی قووڵدا دەژی. کە زۆرجار تەنانەت مرۆڤ وا لێ دەکات. خەم لەو بوونە نائاساییەی خۆی بخوات کە لە خەوندا بەو شێوەیە دەرکەوتووە.

٨- لە خەوندا زۆرجار بوون و قەبارە و تەنی ئۆرگانی نەبوو لە ژیانی ئاساییدا لە لای خەونبین دەردەکەون. ئەو بوونەوەرە سەیرانەی لە ژیاندا نین، ئەو تەن و بارستایی و قەبارە سەیر و سەمەرانەی لە ژیاندا نین، ئەو کەلاوە و قەڵاو ژێرزەمین و کۆشکە سەیرانەی لە ژیاندا نین، خەون هێزێکی لەبن نەهاتووی خولقاندنی بوونە لە لای مرۆڤدا کە لە ژیانی نائاسایی و ناواقیعین.

٩- لە خەوندا واقیع و خەیاڵ تێکەڵ دەبن، هیچ نەبێت لە لای هەندێك کەسدا، ئەو شاعیرەی جوانترین و ناسکترین شیعر دەنووسێ، ئەو قوتابییەی ئاڵۆزترین هاوکێشەکانی بیرکاری شی دەکاتەوە، ئەو دایکەی لەگەڵ کوڕە وونبووەکەی ئاخاوتن و دیدار دەکات، ئەو زاهیدەی لەگەڵ پێغەمبەراندا گفتوگۆ دەکات.. هتد

هەموو ماناکان لە ژیاندا، دەچێتە واقیعێکی ترەوە لە ژیانێکی تردا چەندین خەسڵەت و سیمای هاوبەش لە لای مرۆڤدا لە خەوندا هەن، بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دیاردە و سیما گشتییەکانمان خستەڕوو، ئینجا چەند بیروڕایەکی شیکەرەوە بۆ دیاردەی خەون و بەرجەستەبوون دەخەینەڕوو. لە بەشەکانی ڕابردوودا، باسمان لە بەدووی یەکداهاتنی بوون کرد، بەوەی کەلەبەری گەورە، مرۆڤ لە بوون و ژیان و بوونەوەری تر جیا

دەکاتەوە، مرۆڤ لە شوێن و سروشتێکی مرۆیی وادا بیرکردنەوەی خۆیەتی، ئەو ژیانە خاوەنی بوون و ماناکانی خۆیەتی، ئەو ژیانە ژیانێکی تێرکراوی کامڵکراوە، کە مرۆڤ دەخاتە ئاستێکی ترەوە لە بوون کە ناتوانێ لە ژیانی ئاساییدا بەدییان بێنێ. هەر بۆیە مرۆڤ لە خەوندا وەکو بەرجەستەیەکی ئۆرگانی هەمان مرۆڤ نییە لەو ژیانەی لە واقیعێکی (بەواقیع کراو) دەژێ و ژیانی دەباتە سەر.

مرۆڤ سیما و خەسڵەتی نوێ دەگرێتە خۆی. هەموو ئەم گۆڕانەی لە خەوندا بەسەر جەستە و بیرکردنەوەدا دێن، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ژیانێك دەقی گرتووە کە دەتوانێ بێ سنوور جۆری ژیانی تر بەرجەستە بکات، واتە مرۆڤ و عەقڵی مرۆڤ لەیەك جۆر ژیاندا بەرجەستەبوونە کە بەسیستەمێکی مێژوویی و ئارکیولۆژی کۆنترۆڵ کراوە. دەرکەوتە سەیرەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیتە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە زۆر ڕووەوە ئەو ژیانە دەرفەت بۆ عەقڵ و جەستە دەڕەخسێنێ کە نمایشی بێ سنوورانەی توانای لاشە و بیرکردنەوەی خۆیان بکەن، ناتوانین ئەو ژیانە بەچەمکی پۆست مۆدێرنیتە دیاری بکەین، چونکە ئەو چەمکە بەرهەمهاتووی عەقڵی بەسیستەم کراوە. عەقڵێك کە بەگەشە سەندنێکی کەڵەگە بوونی خۆی گەیشتووە، دەرەنجامی پەرەسەندنێکی بە مێژووکراوی مرۆڤ، بەڵکو دەتوانین ئەو دەرکەوتە نوێیانەی مرۆڤ، بە ژیان لە بوونێکی تردا وەسف کەین و زاراوەی گواستنەوەی ژیان پڕ بەپێستی ئەو کرانەوە بێ سنوورەی مرۆڤە لەبووندا.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ژیان و خەوندا هەیە کە ماناکان و تەنەکان و قەبارەکان و شوێنەکان و زەمەنەکان وەستان و سنووریان بۆ نییە، مرۆڤ لەخەوندا خۆی بۆ ژیانێکی تر دەگوازێتەوە کە بە هیچ پێوەرێك، نە فیزیایی ، نەفەلسەفی و نەڕەوشتی کەموکوڕیی نییە بەبەراوورد لەگەڵ ژیانی ئاسایی خۆی. چونکە ئەگەر لە ژیانماندا نەترسابێتین ئەوا لە خەوندا قەبارەی ترس لەسەر ڕاستیی خۆی دەبینین و لەگەڵیدا دەژین. ئەگەر لە ژیاندا نەمانتواتیبێ قەدەغەکراوەکان بشکێنین ئەوا لە خەوندا بۆی هەیە قەدەغەکراوەکان لە ناوبەرین. ئەگەر لە ژیاندا نەتوانین بفڕین و بەرجەستەبوونانەی مرۆڤ شایەتی و ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی دەشێ مرۆڤ بەدوای ئەو ژیانە سەرەتاییەی خۆیدا بگەرێ کە مێژووی شارستانییەت لێی بزرکردو خستییە سەر مێژووییەکی هەڵەوە کە نەدەبوایە بەو شێوەیە بێ. هەموو ئەم ژیانەش ئاماژەیەکە بۆ بوونێکی تری مرۆڤ کە دەشێ بەو جەستەی کە هەیەتی نەتوانێ ئەو ژیانە بەدی بێنێ، واتە مرۆڤ لە خەوندا ئەو

ڕاستییەی لە لادا بەرجەستە دەبێ کە نەمریی مرۆڤ و دووبارە ئامادە بوونەوەی نەک تەنیا بەتێگەیشتنە ئاینییەکەی، بەڵکو بە تێگەیشتنە فەلسەفییەکەشی، هەر ئەم هەستەشە لە لای مرۆڤ کە هاوشانی هەموو گەشەسەندن و پەرەسەندنەکانی بوونی دەسەلمێنێ.

پاش هەموو ئەمانەش خەون، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ گواستنەوە لە ژیانێکی بەرجەستەییەوە بۆ ژیانێکی نابەرجەستەیی بێنێتە کایەوە. دەشێ بیرورای لەم جۆرە غەیبانی و فانتازی بێت، بەڵام ڕاستەقینە و دروستە. ئارەزووی هەرەکۆنی مرۆڤ لەکەشی ئاینی و سیحربازی و جادووگەری و سۆفیگەری و زانستی، نەهێشتنی یا تێپەڕکردنی بوونی بەرجەستەیی لاشەییە، کە کۆتاییەکە بۆ بوونی جەستە لە ژیاندا. ئەم ئارەزووە هەرچەندە بەڵگە و واقیعیبوونی ئەمڕۆکە، بە خەیاڵ لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە نەمانی جەستە و بزربوونی، لەگواستنەوەی جەستە بە چەند چرکەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، گۆڕانی جەستە لە شێوە مرۆییەکەیەوە بۆ شێوەی تر، ئەمانە ئەگەر ڕاستەقینەش نەبن، وەکو ئەگەرێکن بۆ ڕاستیی ئەو بۆ چوونەی کە دەڵێ، مرۆڤ تواناکانی بێ سنورن و تاکو ئەمڕۆکە دەرك بەو توانایانەی خۆی ناکات بەتەواوەتی. کێ دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە خەون ڕوویەکی تری ژیانی بەرجەستەیی مرۆڤ نییە لە شوێن و زەمەن و مێژوویەکی تردا کە هاوشانی ژیانی ئاساییەو بەڵگەیەکە بۆ ژیانمان لە نێو وەهمی بووندا.

## خەیاڵی بەرجەستەبوون و نابەرجەستەبوون

بەرجەستەبوونی ئۆرگانی و نائۆرگانی، واتە لە هەدوو حاڵەتی ژیان لە واقیع و لەو دیوی واقیعەوە، پەیوەستە بەخەون بینین و گەڕان بەدووی گۆڕینی ئەو دۆخانەی مرۆڤ لە شێوە سروشتییەکەی خۆی دەردەکەن. خەیاڵ لەگەڵ هەموو تێکەڵبوونێکی لەگەڵ فانتازیا و بەدینەهاتنی خەونەکانی گۆڕانکاریی جەستەییدا، ڕەگێکی قووڵی لە واقیعی مرۆڤدا هەیە. چونکە مرۆڤێك کە خەیاڵ دەیباتەوە لە وردبوونەوە لە شێوەی جەستەیی خۆی، زوو دەگاتە ئەو باوەڕەی کە شێوەی ئەو هەر لە دروستبوونییەوە تاکو ئەمڕۆ، نەیتوانیوە بەپێی هیواکانی خۆی ئەوەی بۆ جەستەی خۆی دەیخوازێ بیهێنێتەدی. ئەگەر باوەڕی دار و تینی لە مەسەلەی پێویستبوونی جەستەیی لە گەشەسەندنیدا دروست بووایە، دەبووایە لاقەکانی مرۆڤ ئەوەندە درێژبوونایە کە تیروکەوان و گوللەو هاویشتنی بەرد بەدەست و پێی نەگەیشتنایەو نێوانی هەموو چیاو دەشتایی و گوند و شارەکانی بە چەند چرکەیەك ببڕیایە.

ئەگەر گەشەسەندنی جەستەیی ڕاست بووایە دەبووایە مرۆڤیش وەکو باڵندە دوو باڵی هەبووایە و بەئاسماندا بفڕیایە، ئەگەر وابوایە دەبوایە چاوەکانی خاك و خۆڵی هەموو ئەستێرەکانی بەروونی ببینیایە، بەڵام مرۆڤ دەستبەرداری خەیاڵ و خەون بینین نەبوو لەو کاتەی جەستە و بەرجەستەبوونی جەستەیی هیچ وەڵامێکی زیاتری نەبوو لەو بارە فیزیۆنۆمییەی کە ئێستا و ڕابردوو لەسەری سەقامگیر بوو، مرۆڤ هەر لە خەیاڵەوە بیری لە جێگرەوەکان کردەوە، لە دەرەوەی جەستەی خۆیەوە تاکو بەسەر گەشە نەسەندنی جەستەیی خۆیدا زاڵ بێ و بەمەش داهاتووی هەموو بەرجەستەبوونەکانی مرۆڤ و شتەکان مەحکوومن بە جۆرێك لە پێوەندیی داسەپاو کە قەرەبووکردنەوەی سنووردارییی جەستەیی لە خەیاڵوە هێناویەتییەوە کایەوە. بەمەش پێوەندیی نێوان مرۆڤ و شتەکان تەنیا پێداویستیی جەستەیی و واقیعی نین بەقەد ئەوەی پێداویستیی گیانی و فانتازین.

بەمەش دەگەینە دەرەنجامێکی ترسناك لە بوونی مرۆڤ و پاشان گەردوون. بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە ،بەرجەستەبوونی ئۆرگانی دەرەنجامی بەرجەستەبوونی خەیاڵێکی بێ سنوور و بێ دەرەتانە کە تەنانەت عەقڵی مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنێکی تەنانەت گریماناویشی بۆی نییە، ئەگەر بێتو هەموو بەرجەستەبوونێك کاردانەوەو گەشەسەندنی خەیاڵ بێت لە بنەڕەتەوە، یاخۆ لەگەوهەرەوە، ئەوا ئەو ڕاستییە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بوون بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە جێگرەوەی نەبوونێکە کە لە خەیاڵێکی بێ سنوورەوە لە دایك بووە وەکو شایەتییەك بۆ بوونی توانای بێ سنووری خەیاڵ کە بۆ بوونێکی بێ سنووری نابەرجەستەیی دەگەڕێتەوە.

ئەم ڕاستییەش مێژووی هەموو ئەو پەیامانە و دەلالەت و ئاماژە و ماناکانی دەسڕێتەوە کە مرۆڤ دەخاتە ئەزموونێکی ژیارییەوە، مرۆڤ بۆ ئەوە بەرجەستە نەبووە تاکو بەشێك نەبێ لە زانین و پەیوەستە گەردوونی و مرۆییەکان، بەڵکو مرۆڤ بۆ ئەوە دروست کراوە کە ببێتە شایەتی بوون و پاشان بەشێکی تێکەڵ و تێگەییوو بێ لە بوون، لەوەی گەردوون مانایەکی شاراوە هەڵدەگرێ و شایەتی لەسەر بوونی خۆی و خەیاڵێکی خوڵقێنەر بدات، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سەرچاوە و دایکی هەموو تیۆلۆژیا و ئەفسانەو داستانەکان، سەرچاوە و گەوهەری هەموو بوونەکانی گەردوون لە بەرجەستەبوونیدا لە ماناو شتەکان لە خەیاڵی بێ سنووری بوونێکی عەقڵداری بێ سنوورەوە لە دایك بوونە و وەکو جێگرەوەیەك بۆ شایەتیدانێکی بەرجەستەیی بۆ شایەتی لەسەر خۆدانێکی نابەرجەستەیی.

کاتێك ئەم دەورەی مرۆڤ و ئەم دەورە چ مرۆڤ و چ بوونێکی تری نابەرجەستەیی دەیانگرێتەوە و هەموو بوونەکانی ئەم گەردوونە هاوبەشن لە دەوریان بەدەر لەوەی زانین و تێگەیشتنیان (هەروەکو لە بەشی بەدووی یەکدا هاتن و بەرجەستەبوون)دا ڕوونمان کردەوە لە چ ئاستێکی نابەرجەستەبوونی گیانی بەرجەستەبوونە، چونکە نابەرجەستەبوون بەبێ بەرجەستەبوون مانایەکی نەدەبوو نە لە بوونی شتەکان و نە لە نەمانیان، نە لە مانای شتەکان و نە لە مانای بوونی مرۆڤ. بەمەش هیچ سنوورێکی ئاشکراو واقیعی دەلالەتێکی قووڵی نییە لە نێوان بوون و نەبووندا. هەرچەندە بوون ڕەگی لەنێو نەبووندا داکوتاوەو نەبوونیش خەیاڵ و پاشان خەونی خۆی لە نێوبووندا بەرجەستەکردووە.

هەر بۆیە گەوهەری هەموو ئاینێکی خاوەن خوای بەرجەستە نەبوو، خودایەك کە نە لە شتەکان و نە لە بونەوەرەکاندا بەرجەستە نەبووە، پشت بەباوەڕی شایەتی لەسەردان لەسەر بوونی نابەرجەستەیی دەبەستێ بۆ نموونە لە ئاینی ئیسلامدا مەرجی قبووڵکردن لەو ئاینەدا شایەتی هێنانە بەیەکتاپەرستنی خودا و داننان بەبوونی خودایەکی نابەرجەستەبوو کە هەموو نهێنییەکانی بوونی لە دەستدایە، هەروەکو چۆن لە مەسیحییەتدا بەرجەستەکردنی کەسایەتیی مەسیح وەکو «کوڕی خودا» سەلماندن و چەسپاندن و لە پاشاندا شایەتیدانێکە بۆ بوونی نابەرجەستەیی خودا.

بیری نابەرجەستەبوو لە میتۆلۆژیا و ژیانی واقیعی و مێژوویی و مرۆڤایەتیدا، بیری پاراستن و هێشتنەوەی هەموو ئەو بوونە نەزانراوانەیە لەوەی بکرێن بەرووودا و هەموو بوونێکی بەرجەستەیی و بینراو بەشێکی گەورە لە ماناکانی خۆی دەدۆڕێنێ و زانراوی بەرجەستەبوو، بێ بەشە لە پیرۆزی، بێ بەشە لە گومان، بێ بەشە لە هێشتنەوەی هێزی ئاخاوتن و قسە لەسەر کردن، چونکە ماناکانی دەچنە خانەی بە مێژوو بوونەوە، هەروەکو چۆن هەموو ڕووداوێکی بەرجەستەیی لە خولگەی مانایەکدا دێتەدی. بۆیە ڕووداو بەرجەستەبوونی مانا و بەمێژوو بوونی شتەکانە، مرۆڤ بۆ هەموو نابەرجەستەبوویەکی پێویست لە ژیانیدا، بەرجەستەبوونێکی هێمادار بۆ سەلماندنی ئەو نابەرجەستەبوونە دەدۆزێتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە پێویست بوون بە خودایەك هەبوو کە لە ژیانیاندا ئامادە بێ، ئاینێکیان لە مێژوودا هێناوەتە کایەوە کە بەرجەستەیە، هەروەکو بت پەرستی، یاخود ناونانی سیمایەکی کەسایەتی و بەرجەستەکردنی لە شێوەی مرۆڤێك یا گیانەوەرێك یا ئەستێرەیەك، ئەم جۆرە هەوڵانە تەنیا لە پێناوی

ئامادەکردنەوەی هۆکاری دروست بوون و نهێنییەکانییەتی کە مرۆڤ پێیان ناگاو ناگاتە زانینی نهێنییەکانی، ئەمەش وەکو ئازارێکی سەرەتایی مرۆڤ، لەگەڵ ژیانیدا پەرەی سەندووە و شێوەی جیاجیای وەرگرتووە، بەمەش ئازارە دێرینەکانی خۆی لە بێ بەری بوون لە نهێنییەکانی گەردوون چارەسەر دەکات.

کەواتە نابەرجەستەبوون بەتەواوەتی تەنانەت لە لای هەموو مرۆڤایەتیدا مانای جێگرەوەی بوون دەگەیەنێ کە مرۆڤ هیواو حەزو ئارەزووەکانی خۆی و هەروەها ئازارە خودییەکانی پێ چارەسەر دەکات لە چوارچێوەی «مانەوە لە بەرجەستەبوونەوەیەکی دیکە، لە لابردنی زوڵم و هێنانەدیی دادپەروەرییەك کە مرۆڤ شکستی لە بەدیهێنانی هێنا، لە قەرەبووکردنەوەی بێ بەشی و ژیان بەنائومێدی و نەبوونی، پاش هەموو ئەمانەش بۆ چارەسەرکردنی پرسیاری هەمیشەیی مرۆڤ کە پرسیاری مردنە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شێوەکانی ئەم هەوڵانەی مرۆڤ یەك ئاراستەو یەك مانابن، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ تەنانەت لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی هەر ئایندەیەکی تر بۆ مرۆڤ، هەر لە هەوڵی ئەوەدایە ئازارەکانی خۆی لە ژیان و مردندا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەسەریدا زاڵ بێ، واتە زاڵبوون بەسەر نابەرجەستەبوون و هێزی کاریگەری لەسەر مرۆڤ، لە هەردوو باردا، واتە لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی بوونی نابەرجەستەبوون و حاڵەتی شایەتی دان نەبوونی نابەرجەستەبوون، مرۆڤ هێزێکی مانای گەورەی پێ نییە بۆ زانین. ئەگەرچی ئاماژەکانی زانین لە حاڵەتی نابەرجەستەبوون لە مێژووی زانینی گشتی مرۆڤدا بەرفراوان و بێ سنوورە، تەنانەت ئەمڕۆکە ئەو زانینە لەو کۆمەڵگایانەشدا لەپەرەسەندندایە، کە فەلسەفەی ژیانیان لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو نابەرجەستە بوویەك دادەڕێژن

دوو مێژوو لە ژیان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکاندا زاڵە، کە یەکگرتنەوەی گەوهەرییان بۆنییە. مێژووی دۆزینەوە، یاخود گەڕان بە دوای بوونی نابەرجەستەیی، ئەوی تریشیان ژیان تەنیا و تەنیا لەبەرجەستەبووەکانداو دۆزینەوەی یاخود گەڕان بەدوای هەموو جێگرەوەیەك لە خودی شتەکاندا بۆ سەلماندنی نەبوونی نابەرجەستەبوون، لە هەوڵی یەکەمدا ڕەتکردنەوەی هەوڵی دووەم گەر لە واقیعدا بوونیشی هەبێ وەکو وەهم و خەیاڵ دەکەوێتەوە، لە هەوڵی دووەمدا سەلماندنی ماناکانی هەوڵی یەکەم وەکو خەیاڵ و فانتازیا دەکەوێتەوە، هەموو ئەوانەشی لە هەردوو مانادا کاریان کردووە، نەیانتوانیوە ئەو دوو جیهانەی مانا بەیەکتر ببەستنەوە، هۆیەکەشی لێکجیابوونەوەی سەرجەمی یا

بەشێکی زۆری ماناکانە لە یەکتری و شکستهێنانی مرۆڤە لە پەرەپێدانێکی شارستانیانە کە نەیتوانیوە خۆی لە بیری دوو سەرە بوون ڕزگار بکات.

دوو سەرە بوونی شارستانێتیی مرۆڤ هەروەکو لە بەشەکانی پێشوودا بەکورتی باسمان لێوە کرد، یەکێکە لە کەلەبەرە هەرە قووڵەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییەدا و مرۆڤ و چارەنووسی لە کۆتایی نزیك دەکاتەوە. کۆتایی بەو مانایەی مرۆڤ لە پێشکەوتنیدا دەگاتە سنوورێك کە نزیك دەبێتەوە لە بارە نابەرجەستەیی و نهێنییەکانی بوون و چیتر مانایەك بۆ هەوڵ و بیرکردنەوەی نامێنێتەوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی چەندێك باری نابەرجەستەبوون دەوری لە باری بەرجەستەبووندا هەیە و بە پێچەوانەوەش. کەواتە بەرجەستەبوون بەهایەکی گەردوونیی تاك ڕەهەندیی نییە. ناوەندێتییەکی مانای گەردوونیشی نییە. هەرچەندە بوونی ئەو بەندە بەبوونێکی گەردوونیی نابەرجەستەیییەوە، کە تەنانەت ماناکانی بوونیش تیایدا دەگۆڕێت.

لە نابەرجەستەیی بووندا مەرج نییە ڕووناکایی هەمان مانای لای ئێمە و هەمان دەوری هەبێ. بینینیش لە نابەرجەستەبووندا مەرج نییە سنوورەکانی وەکو بینین بێ لای ئێمە و مەرجیش نییە تواناکانی بوون بەهەموو جۆرەکانییەوە هەمان تواناکانی لای ئێمە بێ. شتێکی ڕوونە دابەشبوونێکی بوونایەتی بەدووی یەکدا هاتوو هەیە لە گەردووندا کە ئێمەی مرۆڤ تەنیا لە باری بەرجەستەبووندابن و لە باری نابەرجەستەبوونیشدا ئەو بوونانە بەشێکی تری پێکهێنانی بوونن، هەمووش هاوبەشن لە بوونایەتی و ئامادەبوون بەڵام بەتواناو هێزی جیاوارەوە، ئەوە فانتازیای بوون و مێشك نییە کە هەمیشە ئامادەبوونی بوونایەتیی تر دەهێنێتە خەیاڵەوە، بەڵکو ئەوە ئازادبوونی بەشە کارپێنەکراوەکانی مێشکە لە لای مرۆڤدا. «هەندێك مرۆڤ» کە ئەو بوونانەی دەرەوەی ئێمە دەخاتە باری بەرجەستەبوونەوە.

بێشك ئێمە بەتەنیا نین لەم گەردووندا، بەڵام تەنیاییمان بۆ تواناکانی مێشك و ئەو جۆرە پەرەپێدانەی شارستانێتیمان دەگەڕێتەوە. تاریکی هێزی بەرجەستەیی خۆی دەسەپێنێتە سەر بوونمانەوە، هەربۆیە ئێمە هێزی ڕووناکیمان پەرەپێ داوە و ڕووناکی بووەتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی، لە ژیانماندا، جووڵانەوەو چوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گرنگییەکی ژیانییە لە لاماندا. هەربۆیە هۆیەکانی گواستنەوەمان داهێنا. کەواتە پەرەسەندنمان، ژیانمان بیرکردنەوەمان، جووڵەمان و بینینمان هەموو بەندن بەباری بەرجەستەبوونەوە، بەندن بەو ئەگەرانەی ژیانەوە کە هێزی خۆیان لە هێزی

بەرجەستەبوونەوە وەردەگرن، دەمانەوێ بەبەرجەستەبوونی بوونایەتیی خۆمانەوە بەرەو نابەرجەستەبوون بچین. ئەمەش ڕاستییەکە لە بیری ئەدەبی فانتازی و خەیاڵی زانستیی هونەری و تەنانەت لە لێکۆڵینەوە زانستی- فەلسەفییە نوێییەکاندا بوونی هەیە، کە ئەوەی لێیەوە خێرا دەیبینین یا ئەو حیکمەتەی پشتەوەی ئەم هەوڵانە دەمانبەنەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە نابەرجەستەبوون لە گەردووندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێکی گەورەی لە بوونمان داگیرکردووە، کە ناتوانین یاخود مرۆڤ نەیتوانیوە ئەگەرەکانی بخاتە باری لەبیرکردنەوەو پشتگوێ خستن، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ بێ سنووریی خەونی مرۆڤ، کە هەروەك لە بەشی ڕابردوودا ڕوونمان کردەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی خەون بینە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوەتی کار لە خەونی خۆی بکات لە هەموو بارەکانی بەرجەستەبوون و نابەرجەستەبووندا.

نزیك بوونەوەمان زیاتر و زیاتر لە بارە بەرجەستەییەکەی ئەم گەردوون و بوونە زیاتر و زیاتر لە بارەی نابەرجەستەییەکەی بوون دوورمان دەخەنەوەو لە ماناکانی بێ بەشمان دەکەن. چونکە بەم هەوڵانە ئێمە یاسایەکی گەوردوونی پێشێڵ دەکەین کە هاوسەنگیی نێوان بەرجەستەبوون و نابەرجەستەبوونە لە گەردووندا، بەپێی یاسا دوو سەرە بوونی گەردوونی کە هەموو بوونی لەسەر دامەزراوە، تاریکی بەرامبەر بە ڕووناکی بوون بەرامبەر بەنەبوون، نێر، بەرامبەر بەمێ، خەون بەرامبەر بەواقیع، خۆشی بەرامبەر بەخەم مردن و ژیان... هتد. هەموو ئەم بوونە مانەوی و بەرجەستەییەی مرۆڤ لەسەر ئەم یاسایەی دوو سەرەبوونە دامەزراوە هەروەك لە تیۆریی بنیاتی شاراوەدا، ئاماژەمان پێ داوە، بەڵام دووسەرە بوونی گەردوونی و بوونایەتی بناغەی سەرەکیی بەکێشە بوونی مرۆڤ و گەردوونە کە لە بەشی داهاتوودا ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دەبێ .

## خەون و بەرجەستەبوونی نا زەمەنیی
## دەرەنجامی گەردوون و هێزی بەرجەستەبوون

### أ- هێزی بەرجەستەبوون

چەمکی هێز، فرە مانابییەك دەگرێتەخۆ، کە چەندین ڕووی کردارو هەستپێکردن و بینین و تێگەیشتن و کاردانەوە و لێکدانەوە و بیستن و بۆنکردن و پێکگەیشتن و خەیاڵ و خەون و وێناکردن  دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لەڕێگەیانەوە کار لە واقیعی بەرجەستەبوونی خۆی دەکات، هەروەها لە نێو باوەڕی بەرجەستەبوونی شتەکاندا، واتە باوەڕی مرۆڤ بەوەی کە هەموو شتەکان لە حاڵەتی بەرجەستەبووندان، بەلایەنی شتەکانەوە کاریگەریی بەهێزیان لە چەندین ڕووی جیاوازی بەرجەستەکردنی وێنەیی و کارتێکردن و کارکردنە سەر و جووڵە و بایەخی شێوەیی و دیاریکردنی شێوازی ژیان و، پاش هەموو ئەمانەش هێزی مەرجەکانی بەرجەستەبوونی مرۆیی و ئاژەڵی و ڕووەکی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژیانێکی بەرجەستەبوو هەیە. هاوتاییبوونێکی واقیعییانە لە نێوان بەرجەستەبوونی تواناو هێزی مرۆییدا هەیە، لەگەڵ هێزو توانای بەرجەستەبوونی شتەکان. چونکە هەروەك لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەمان بۆ کرد زەمینەیەکی گونجاوو لە بارو تەبا هەیە لە نێوان مرۆڤ وەکو وەزیفەیەکی گەردوونی و لەسەر زەوی، هەروەها لەگەڵ یاساکانی بەرجەستەبوونی شتەکاندا. ئەمەش هاوتابوونێك دەگرێتەوە کە هێزی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێك بەرەوڕووی هێزی گەردوونیی (وەکو شتەکان) دەکاتەوە.

کێشەی گەورەیی نێوان مرۆڤ و شتەکان پەیوەست بە هێزەوە لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوەیە کە گرنگترینیان، مرۆڤ هێزەکانی بوونی خۆی لە پێناوی ژیانێکی ئاراستەکراو و بەسیستەمکراودا دەخاتەکار، کە پەیوەست نین بەلایەنی گیانیی مرۆڤەوە، ژیانی بەسیستەمکراو ژیانێکی بەرچاوی و بەرجەستەیی و بێ گیانە، کە وەکو میکانیزمێکی لێ هاتووە هەموو مرۆڤەکان لە یەك ئاراستەی دیاریکراو کۆدەکاتەوەو لە گیانی خۆیان دەریاندەکاتە دەرەوە، پەرتیان دەکات، ئەم سیمایەی شارستانییەت پەیوەست نییە بەبوون و پەرەسەندنی هێزی بەرجەستەبوونی گەردوونییەوە. چونکە

بەرجەستەبوونی مرۆیی تەنیا پەراوێزێکی مەرجدارو دیسیپلیننەکراو و بەرەڵلای گەردوونەو ئەوەی بەگەردوونەوە یا بەهێزی بەرجەستەبوونی گەردوونییەوە دەیبەستێتەوە، پەیوەستێکی کراوەی نەچەسپاوە و کاریگەریکردنە سەرەکانی ئەو پەیوەستە تەنیا هێزی گەردوونییە نەك هێزی مرۆیی.

مرۆڤ تاکو ئەمڕۆش هێزەکانی بەرجەستەبوونی خۆی کە لە بەکارخستنی عەقڵێکی دیاریکراوەوە بەرەو تێرکردنێکی ئەندامە بەرجەستەییەکانیدا بەکاردێنێ، وەکو بوونەوەرێك دەکەوێتە بەرچاو کە لەپڕێکدا خۆی لە شوێنێکی پڕ لە وەحشەت و تەنیایی و بێ دەرەتانیدا دەبینێتەوەو، لە هەوڵی خۆ چەسپاندن و بەرجەستەکردنی ژیانێکی بەرچاوییە، لە هەوڵی خۆ بنیاتنانەوەیە لە ژیاندا. چەمکی ژیان زۆرینەی هێزە مرۆییەکانی ئەوی داگیرکردووە، هێزی ژیان غەریزە ئارەزوو حەزە ڕەمەکی و داسەپاوەکانی ئەوی گرتووەتەوە، مانایەك نییە بۆ مرۆڤ لە دەرەوەی هێزە بەرجەستەییەکانی ئەوەوە. ئەو هەوڵانەی بەرجەستەی هێزە شاراوەکانی دەکەن، وەکو هونەرێکی هێزی بەکارخستنی ئەندامەکانی لەشی وایە. بەخشندەکانی تەکنۆلۆژیاو زانست مەرجدارن بەهێزی ئامادەگیی بەرجەستەبوونی ئەندامەکانی لەشەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش دەرکەوتە خەیاڵی و گیانی و خەونییەکانی لە چوارچێوە دەگیرێن.

لێرەوەیە ساتی بەیەکدادانی بەرجەستەبوونی هێزی مرۆیی لەگەڵ بەرجەستەبوونی هێزی گەردوونی. چونکە بەرجەستەبوونی هێزی گەردوونی نە لە شوێن و نە لە زەمەن و نە لە کاریگەریکردنە سەردا لەگەڵ هێزی مرۆییدا بەراورد ناکرێ. هەروەکو چۆن هێزی بەرجەستەبوونی شاراوەی مرۆڤ، هەروەها لەگەڵ هێزی بەرجەستەبوونی ئاراستەکراوی مرۆڤدا ناکۆکە، لە هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ خوێندنەوەو خۆبنیاتنانەوەو گەڕان بۆ مانایەك لە هۆکاری ئامادەبوونی مرۆییانەی ئەو لەسەر زەویدا، کە ئەم پرسیارەش پرسیارێکی کۆن و نوێییە، بەڵام لەویش گرنگتر بۆ ئەمڕۆکە ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ مرۆڤ لە بەرجەستەکردنی هێزەکانی ژیان و ئامادەبوونی لەنێو ئەم گەردوونەدا دەورێکی یاخود وەزیفەیەکی گەردوونی جێبەجێ دەکات، یاخود وەزیفەیەکی بایۆلۆژی یاخود وەزیفەیەکی گیانی و باوەڕداری ئەم پرسیارانەش لە پرسیاری تردا شی دەبنەوە، کە ئاخۆ دەرەنجام و هەوڵەکانی ئەو لەو وەزیفانەدا چییەو بەرەو کوێی دەبەن.

هەروەك ئاشکرایە دوو بەشی ئەم پرسیارانە ڕوون و والآن. مرۆڤ لە پەرەسەندن و

جیهانە بەرجەستەییەکەیدا لەوە زیاتر ناتوانێ پێناسی مرۆڤ بکات کە بەوەزیفەیەکی بایۆلۆژی هەڵدەستێت. هەروەها لە لایەنە ڕوحییەکەیەوە، هێزی بەرجەستەبوونی گیانیی ئەو لەو سنوورە تێپەڕ ناکات کە ئەو وەزیفەیەکی گیانی پیرۆزکراوو بڕیار لەسەر دراو جێبەجێ دەکات و مانەوەی گیانی «کە کارێکی سەرەوەیی و خوداییە» بەمەبەستی بەسەربردنی ژیان لە باوەڕدایە و هەر دەبێ بگەڕێتەوە لای دروستکەری خۆی.

هەموو ئەو ژیانە بەرجەستەییەی مرۆڤ و بەسەر هاتەکانی لەسەر زەویدا، وەکو گەمەکردنێك وایە، بەڵام ئەوەی ڕوون نییە. هێشتا مرۆڤ نەیتوانیوە وەڵامی پرسیاری گەوهەرییبوونی خۆی بداتەوە، لەوەی کە دەشێ مرۆڤ وەزیفەیەکی گەردوونیی هەبێ و ئەو وەزیفەیەش هێشتا لەدەرەوەی بیرو پەرەسەندنی بیریدا بێت؟ پاش ئەمەش پرسیارەکانی وەزیفەی گیانی و زانستیی مرۆڤ سنووردارکراون کە گریمان و چەمکی بە ئەگەر کردن و تەنانەت فانتازیاش ناتوانێ وەڵامی بوونی مرۆڤ و مێژووی لەسەر زەوی بداتەوە، هەروەکو چۆنیش هەرچەندە وەزیفە گیانییەکەی ئەگەر و گریمان قبووڵ ناکات و شیکردنەوەی تر ڕەتدەکاتەوە، بۆ بوونی مرۆڤ و جۆنییێتی بەرجەستەبوونی هێزەکانی لەسەر زەویدا. ئەویش پرسیار لە دەست مرۆڤ دەردەکاو دەیخاتە بارێك لە وردبوونەوەی بەردەوام لە خۆی و گەردوون و، پاش ئەمانەش هیچ وردبوونەوەیەك لەدەرەوەی دەقە پیرۆزەکانیدا قبووڵ ناکات ئەگەر بێتو بەئاراستەی شیکردنەوەی گوتراوەکانی دەقدا نەڕوات.

لەڕاستیدا هێزێکی مرۆیی لە بەرجەستەبوونی توانا عەقڵی و جەستەییەکانی مرۆڤدا نییە کە ئاراستەی وەزیفەکان یەك بخاتەوە. هەوڵەکانی پێکگەیاندنەوەی هەردوو وەزیفەی گیانی و زانستی هەوڵی بێهوودە و بێ کەڵکن، بیری بەزانستیکردنی عەقڵ، بیرێکی تەجریدکراوی دیسپلینکراو و سنووردارە، بیری بە گیانیکردنی وەزیفەی گیانی بیرێکی دوورخەرەوەیە بەلایەنی هێزە بەرجەستەیی و عەقڵییەکانی مرۆڤەوە، مەبەست لێرەدا ڕەتکردنەوەی ئەو دوو جیهانە ڕوحی و زانستییە نییە کە کۆی مرۆڤەکان دەخەنە مێژووەوە، بەڵکو مەبەست لە سنوورداریی کردن و کۆنترۆڵکردنی و بەدیسیپلینکردنی هێزەکانی بەرجەستەبوونی مرۆییەوەیە.

لێرەدا ئەگەری سێیەم کە مرۆڤ وەزیفەیەکی گەردوونی بەسەر دەبات، زیاتر سەرەنجی وردبوونەوەو تێڕامان و کرانەوە قبووڵ دەکا. چونکە لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت پێکگەیشتنەوەیەکی واقیعییانە لە نێوان هەردوو تەوەری ناکۆك و جیاوازدا

بێنێتەکایەوە. وەزیفەی گەردوونی، وەزیفەیەك نییە سنوور بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ دابنێ. هەرچەندە هەوڵەکانی بەرجەستەکردنی عەقڵی و جەستەیی ئەو دەخاتە دووتوێی کۆمەڵێك پرسیاری ترەوە، هەروەکو چۆنیش تواناکانی بۆ خۆ خوێندنەوە و خۆ دۆزینەوە بەرفراوانتر دەکاتەوە. مرۆڤ دەشێ وەزیفەیەکی گەردوونی لە هێزەکانی خۆیدا بەرجەستە بکات لەبەرئەوەی گەردوون و مرۆڤ کە بوونە هێزێکی بەرجەستەکراوی پێکەوەیی، هەردوك بوونە مێژوویەك لە زەمەنداو واتە بوونە ڕووداوێك یا کردارێك لە بووندا، کە هەردوو ڕووداویش لەوێدا وابەستەی یەك دەبن کە تەفسیرێك بن بۆ ئەو هێزە بێ سنوورەی کە ڕووداو دێنێتە بوونەوە و، وەڵامێك بن بۆ پرسیاری خودی بەڕووداوکردنی بوون. بەڕووداوکردنی بوون وەکو بەرجەستەبوون لە گەوهەری نابەرجەستەبوونەوە دێتە بوونێکی مەرجدارەوە بەبینین و هەستپێکردن. ئەو هاتنە بوونەوە پێویستی نابەرجەستەبوونە بۆ خۆ سەلماندن و خۆبەرجەستەکردن کە شایەتییەکی گەردوونیی بەرفراوان بێت، بۆ توانا بێ سنوورەکانی نابەرجەستەبوون، چونکە مەرجی گەوهەری هەموو بەرجەستەبوونێك وەکو بوونێکی دووسەرەبوونی کاریگەرو ئامادەی نابەرجەستەبوونە، وەکو هێزێکی خوڵقێنەرو لە هەمان کاتدا لەناوبەر، گوزەری هاتنەبوونەوە، پاشان گوزەری نەمانی بوون، زەمەنی بەرجەستەبوونی مرۆیی و، لە هەمان کاتدا گەردوونییش نییە. هەرچەندە زەمەنیش وەکو بەرجەستەبوونی مرۆیی و گەردوونی دووسەرەیە و دەشێ بەڕووداوبوونی مرۆڤ و گەردوون لە بوونێکی نازەمەنییەوە ڕووداوی زەمەنیش دێنێتە بوونەوە، ئەگەر بێتو لە گەردوون و بەرجەستەبوونی مرۆییدا دوو هێزی بوون و نەبوون باڵیان بەسەر هەموو بەرجەستەبووندا کێشابێت، بۆچی بوون و نەبوون وەکو یەك هێزی تەواوکەری یەکتری مانایەك یا شیکردنەوەیەکی کراوەی دیاریکراو نەبێ بۆ ڕووداوی بوون لە گەردوون و مرۆڤدا؟ مرۆڤ دەشێ وەزیفەیەکی گەردوونی بەسەربەرێت. چونکە بایەخی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و لەم گەردوونەدا بایەخێکی بەرجەستەیی و لە هەمان کاتدا بایەخێکی نابەرجەستەییە، ئەم پرسیارەش دەشێ بەنموونەی چەند پرسیارێك ڕوونکردنەوەی پێ ببەخشین. ئاخۆ دەشێ ئەوەندە ساکار بینەوە وەکو مرۆڤ و باوەڕ بکەین بەوەی کە مرۆڤ وەکو بوونەوەرێك توانیویەتی بە درێژایی ملیۆنەها ساڵ لە بوونەوەرێکی یا گیانەوەرێکی ناشێوەیی و ناوەزیفەییەوە وەکو جەستە ئەو گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییانەی بەسەر خۆیدا هێنابێت؟ پرسیاری لەم بابەتە وەکو ڕەمل

لێدان وایە. بیری یا گەوهەری زاوزێکردن بەو شێوەیەی لەنێوان ڕوەك و گیانداران و گیانەوەراندا هەیە قەتاوقەت ناچنە دووتوێی پەرەسەندن و گەشەسەندنەوە، چونکە وەزیفەی زاوزێ و زۆربوون، خۆراك و ئەندامەکانی ژیان لەسەر خۆراك مێشك و میکانیزمی کارکردنی. بوونێك لەسەر خۆراك مێشك و میکانیزمی. بوونێك نین کە توانای گەشەکردنی فیزیۆنزمی، فسیۆلۆژییان هەبێت، دروستبوونی ئەو ئەندامانە بەتایبەتی مێشك و چاوو ئەندامەکانی زاوزێ بەشێك نابن لە بیری خۆدروستکردن و گەشە بە خۆدان، بەشێك نین لە گەشەسەندنێکی خۆڕسك و پەرەسەندوو، بەڵکو بەتەواوەتی بەشێکن لە خوڵقاندن و هاتنە بوونێکی کامڵکراوەوە کە تاکو ئەمڕۆش پرسیاری بۆچی بەرجەستەبوونی مرۆڤ و تواناکانی بەم شێوەیە بێ وەڵامە. هەروەك دەزانین دوا وەڵامی پرسیاری لەم بابەتە ئەگەر بەلۆژیکی بیری دەستەمۆکراومانەوە بینووسینەوە هەر ئەوەیە، لەبەرئەوەی بەم شێوەیە مرۆڤ بەردەوامی بەبوون و مانەوەی خۆی دەدات و ئەگینا مرۆڤ لە دێرزەمان و بەرەبەیانی مێژووەوە کۆتایی دەهات، وەکو جۆرو ئەوەی لەسەر زەویدا ئەوی هێشتووەتەوە بیرکردنەوەو زاوزێکردنە.

ئەگەر بێتو لە ڕووداوەکانی گەردوونەوە بە دوای شیکردنەوەی پرسیاری لەم بابەتەدا بچین دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زۆر بەسادەیی و نالۆژیکی خوێندنەوە بۆ مرۆڤ و گەردوون دەکەین، چونکە مێژووی زەوی کە مێژوویيەکی نادیار و بێ سنوورە لە زەمەن، مەرجێکی بناغەیی مانەوەی باردۆخی ژیان لەسەریدا گۆڕانکاریی بەخۆوە نەبینیبێت، پاش ئەوەش بۆچی زەوی لە ماوەی ملیۆنەهاو بلیارەها ساڵ دوور بووە لە هەموو ڕووداوێکی گەردوونی؟ بۆچی و لە پێناوی چی ئەم گەشەسەندنە و پەرەسەندنە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییەی بەخۆوە بینیوە، بۆچی لە پێناوی مانەوەدا ئەم گەشەسەندنەی بەخۆوە بینیوە؟

بێگومان مانەوە ئامانجێکی گەردوونیی بوون نییە، هەرچەندە ئەو مانەوەیە مانایەك لەخۆدا هەڵنەگری. مانەوە لە گەردوونێکی بێ سنوور و فراواندا مانەوەیە لە گەردوونێکی بێ ماناو بێهوودە، کە ئەمەش شوێنی گومان و پرسیارە، ئاخۆ مانەوە لە هێزی وەزیفەی مرۆییدایە یاخود لە هێزی وەزیفەی گەردوونیدایە یاخود لە هێزی وەزیفەیی هەردووکیاندایە؟ پرسیاری لەم بابەتە تێکەڵکردنێکی بێ دەرەنجامی ناجێگیرو ناعەقڵانییە. چونکە هیچ مانەوەیەك هەتا سەر نییە لە گەردووندا بەپێی زەمەن و شوێن و هەموو ئەو مانایانەش ڕێژەیی و ئاڵوگۆڕکارن.

مرۆڤ دوابوونەوەرەکانی ئەم گردوونە نییە بەبێ هیچ گومانێك، هەرەوەکو چۆن مرۆڤ ناوەندی بوون نییە بە هیچ شێوەیەك. مرۆڤ وەکو بوونەوەرێك وەزیفەیەك جێبەجێ دەکات کە لە دەرەوەی هێزەکانی خۆیدایە، کە لە دەرەوەی میکانیزمی بیرکردنەوەی خۆیدایە. مرۆڤ زیاتر بە بەبوونەوەرێك دەچێت کە بەشێك بێت لە بوونێکی گەورەتر، دانەی زنجیرەیەك بێت لە کۆمەڵێك دانەی تر، لە کۆمەڵێك بوونی تر، کە ڕاستی بوونمان لەسەر زەویدا، هەرچەندە لەو بوونانەش شوێنی پرسیاربێت، بەڵام واڵایی و ڕوونکردنەوەی زۆری تێدابێت بۆ بوون. چونکە پرسیاری گەردوون پرسیارێکی فرەلایەن و بێ سنوورە، ئەگەر بێتو لە گەردووندا شوێنێك وەکو زەوی کە گەردیلەیەك بێت لە ملیۆنەهاو بلیارەها شوێنی فراوانتر، ناچێتە عەقڵەوە کە تەنیا زەوییە بەرجەستەیەکی هێزی مرۆیی تێدا خولقاوە، لۆژیکی نییە تەنیا زەوییە بووەتە پەناگەو بەخشندەیەك بۆ مرۆڤ و بوون، ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە مرۆڤ لە زنجیرەی بوونی بەرفراوانتر دابڕاوە، لە ماهییەتێکی بوونگەرایی فراوانتر جێ ماوە، لەوکاتەی هێزو تواناکانی بیرکردنەوەی تەنیا ڕێگەیان بەوە داوە کە لە خۆی زیاتر هیچ بوونێك و لە هیچ شێوەیەك درك پێ بکات و ئاماژەکانی بوونیان بخوێنێتەوە و هیچ پەیوەستێکی بەماهییەتی یا گەوهەری بوونەوە هەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ئاستە شارستانێتەی کە مرۆڤی تێدایە ئاستێك نییەکە گەوهەری بوون بەشێك بێت لە پڕۆژەکانی مانەوەی لەسەر ئەم زەوییە. هەرچەندە ئەو مانەوەیە سنوورو زەمەن و هۆکارەکانی بزرن و دیارنین.

ئێمەی مرۆڤ وەزیفەیەکی گەردوونی جێبەجێ دەکەین. چونکە ئەم وەزیفەیە ماهییەت و گەوهەرێکی زۆر گەورەو، لە هەمان کاتدا زۆر شاراوە لە خۆیدا هەڵدەگرێ، کە ئەویش بە ئاماژەبوونمانە لە پێناوی گوزەرمان بەرەو بوونێکی تری شاراوە، کە بێگومان بوونێکی  کۆتایی نییە لە گەردووندا، بەڵکو بوونێکی بەدووی یەکدا هاتووی زنجیرە پساوەیە، هەرچەندە هەموو هێزەکانی بەرجەستەبوونی مرۆیی و پاشان گەردوونی بایەخ و گەوهەری خۆی دەبێ بخاتە پێناسەوە. هەروەها بیخاتە ئاستی ترەوە، ئەمەش لە داهاتووی مرۆڤدا زیاتر بەرەو لێکدانەوەو بەدواداچونی مرۆیی دەچێ. لەو باوەڕەوە ئەگەر مرۆڤ بگاتە ئاستێك لە ژیانی بێ کێشە و سەقامگیر، کە دیارنییە پاش چەند هەزار ساڵ دەگاتە ئەو ئاستە، ئەوسا کێشە گەردوونی و بوونییەکانی دەبنە بەشێك لە گەوهەری بەرجەستەکردنی هێزە گەردوونییەکانی و بەدووی پەیوەستەکانی خۆیدا دەگەڕێت کە لەگەڵ بوونی بەرجەستەیی و نابەرجەستەیی گەردووندا هەیەتی.

### ب- هێزەکانی بەیەکگەیشتنەوە

هەروەکو چۆن بەرجەستەبوون لەسەر بناغەی هەستەکانی مرۆڤەوە داڕشتراوە. هەروەها بەرجەستەبوون هێزی بەیەکگەیشتنەوەی نابەرجەستەیی خۆی هەیە، بەیەکگەیشتنەوە لە نێوان بوونی بەرجەستەکراوو نابەرجەستەبوو، پێوەندییەکی خوارەوەیی بۆ سەرەوەیییە، واتە ئەو ساتانەی مرۆڤ دەستبەرداری بوونی بەرجەستەکراوی خۆی دەبێت لە کرداره جیاوازەکانی گیانی بووندا، کە ئەمڕۆ ئەو توانا مرۆییە بە پاراسایکۆلۆژیا دەناسرێتەوە. ئەم هەوڵانەی مرۆڤ لەگەڵ ژیانی سەرەتایی خۆیدا گرفتاری بووە. چونکە هەر بیری میتۆلۆژیی خۆیەتی کە ئەو لە شوێنێکی ترەوە هاتووەتە سەر زەوی.

لە ئایندا مرۆڤ بۆیە کەوتە سەر زەوی، چونکە فەرمانی خوداوەندی شکاندووە. بەمەش مرۆڤ لەو مێژووەوە ئەو شوێنەی بزرکرد کە یەکەمین جار تێیدا ژیاوە، بەڵام مرۆڤ کاتێك ئەو هەستە نامۆییبوونە گەردوونی و مرۆییەی لە لادا گەورە دەبێت کە ئەو تەنیایە لەم گەردوونەو هیچ شتێك لە شێوەی هیچ بوونێکی هاوشێوەیی خۆیدا نییە. کاتێکیش میتۆلۆژیا و ئایین ئەو هەستەی لەلادا دروست دەکەن کە ئەو لە بەهەشتی خودا دوورخراوەتەوە و لە جیهانێکی باوکداری پیرۆز دەرکراوە، تراژیدیایەکی مێژوویی لە دەروونیدا گەشەی سەندووە کاریگەری کردووەتە سەر دنیابینیی ئەو کە لەوێدا ڕەنگی داوەتەوە، مرۆڤ لە ناخی خۆیەوە لەژێر باری دڵنیانەبوونی لە چارەنووسی خۆیدا دەژی. مرۆڤ دەیەوێ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەرەو ژیانێکی نزیك لە بەخشندەیی و گەورەیی لێبووردندا بچێت. مرۆڤ کاردانەوەشی بەرامبەر بەم مێژووە هەیە، بەشێك لە جیهانبینیی نوێی دوای جەنگی جیهانیی دووەمی ئەوروپا کە خەڵکانێکی زۆر هەیانە لەوێدا چڕەکرێتەوە، کە چیتر پێکگەیشتنەوەو بەیەکگەیشتنەوەیەك نییە پاش مردنی لەگەڵ هیچ بوونێك، کەواتە بەخشندەیی مرۆڤی تەنیای ئەم گەردوونە نامۆییە، گەڕانە بەدوای بەسەربردنی هەموو ژیان بەکامەرانی.

ئەم کاردانەوە و چۆنێتی تێڕوانینەی ژیان، مرۆڤ لە چارەنووس و شوێنی ئەو لە گەردوون ڕزگار ناکات، بەڵکو کێشەکانی ئەو دەخاتە شوێنێکەوە کە دەوەستێ و بیرکردنەوەی دیکە هەڵناگرێ. بیری بەیەکنەگەیشتنەوە تەنانەت بیری

بـەیـەکگـەیشتـنـەوەی مـیـتـۆلـۆژی و ئـایـنـیـیش بـیرێکن کـە سنووردراری و دواخستن و بـاوەڕهـێـنـانێکی ڕەهـای تێدایـە. هـەروەهـا بـەدرێژایـی مێژوو سەرتـاپـای ئـەو پـەیـامـانـە دژبەیەکی و جیاوازیی قووڵیان لە جیهانبینیان تێدایە، مرۆڤ بۆ پەیامێکی ساکارکراو دروست نەکراوە، هەروەکو چۆنیش بۆ ژیان و مردن دروست نەکراوە، بەڵکو مرۆڤ ڕێگاکانی بەیەکگەیشتنەوە و پێکگەیاندنەوەیەکی گیانی و بەرجەستەیی لەبەردەمدایە.

بـەیـەکگـەیشتنـەوە بـەو مـانـایـەی کـە هـۆکـاری دروستکـردنـی خـۆی بـنـاسێـتـەوە و پێی ئـاشنـابێ و هێمـاو ئـامـاژەکانی ئەو بـەیەکگەیشتنـەوەیە بدۆزێتەوە. بەیەکگەیشتنەوە مانـای بەیەکگەیشتنەوەی مرۆڤە لە شوێنی خۆی، لەکۆی بوونە بەدووی یەکدا هاتووەکانی بـوون کـە مـرۆڤ لـێـیـان دابـڕاوەو چـیـتـر بـە درێژایـی مـێژووەکـەی لـێی بـزربـووە و نەدۆزراوەتەوە.

بەمەش مرۆڤ بەقەد ئەمەی ئاماژەیەکی گەردوونییە بەقەد ئەوە پەیام بۆ هاتوویەك نییە کە وەزیفەیەکی ئاسایی لە ئەستۆدابێ، کە کۆتایی و سەرەتای هەموو گەڕان و هــەوڵـەکـانـی دۆزیـنـەوەی وشەیـە و مـرۆڤ هـێزی وشەی لـە دەست داوە و بـە درێژایـی مێژووەکەی زمـانـی بـە ئـاراستـەیەکی بـەرجـەستـەکراوو لـە خزمـەتـی بـەرجـەستـەبووندا بەکارهێناوە. ئەگەر بێتو وشە لە نێو گیان و بیرکردنەوەی کارتێکردن و کاریگەریدا لە دایك نەبێ، لە ڕووکەشی مانادا دەمێنێتەوە، چونکە هەر بە پێی ئاینەکان وشە گیانی خوداوەند بووە، بوون خۆی لە وشەوە دەستی پێ کردووە.

لە ڕاستیدا سەلماندنی ئەم بۆچوونە بەو زانستانەی کە لە وشە و زمان وورد دەبنەوە، نامان گەیێننە هیچ دەروازەیەکی کراوە بۆ وردبوونەوە لە دەوری وشە لە بووندا. ئەم لایەنە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی بەرفراوانی دەوێ پەیوەست بەدەوری وشەوە، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرینگە کە وشە گەوهەرێکی قووڵی هەیە لەبیری بەیەکگەیشتنەوەی بوونەوەکانی ئەم گەردوونە، وشەش وەکو پێکهاتێکی دەنگی و مانادار مەبەست لێی بەکارخستنی نییە، بەڵکو وشە وەکو بنیاتێکی ئاماژەیی هەموو ئەو کارە سیحرییانەی بە درێژایـی مـێژوو بـاسیـان لـێوەدەکرێ هـەمـوو ئـەو کـارانـەی پێوەندیکردنی بـەبوونی نابەرجەستەییەوە بە سیحری وشە ئەنجام دەدرێن، کە زۆربەی ئەو زمانانە زمانێکی نابەرجەستەیی و مانا ئاڵۆزن و لەسەرجەمدا، کۆمەڵێك ئاماژەن کە بێگومان ئاماژەی زمانی بەرجەستەیی نین. ئەمەش ڕاستییەکە کە هەموو زانستی مرۆڤایەتی لە ئاستیدا شیکردنەوەیەکی ڕوونی بۆ نییە.

کەواتە ئەو ئاماژانەی کە لە بووندا هەن و دەشێ زانستێکی ئاماژەیی نامێژوویی ، نامانایی و نابەرجەستەیی بن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بوونێکی زمانەوانی کە بەدەگمەن لەم ڕۆژگارانەماندا ماون و مرۆڤ زۆرینەی ئەو ئاماژانەی لەدەست داوە و لەگەڵ نەمانی شارستانێیەکانی مێژوودا زۆرینەی ئەو زمانانە لە ناوچوون و نەمان و تەنیا بەشێکی زۆر کەمی نەبێ، کە بەنهێنی لە لای کەسانێکی دیاریکراودا ماون، کەوابێ هۆی بەیەکگەیشتنەوەی مرۆڤ لەگەڵ باربوونێکی نابەرجەستەیی و شاراوە، واتە مرۆڤ و وشەکانی وەکو بوونێکی نابەرجەستەیی و پەیوەستی ئەو بەبوونە بەدووی یەکدا هاتووەکانی بوونەوە، کە نابەرجەستەیین، بەتەواوەتی گەڕانەوەی مرۆڤە یا هەوڵی گەڕانەوەیەتی بۆ ئەو شوێنەی کە باری ڕاستەقینەی خۆی و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی خۆی بەرەوڕووی دەبێتەوە.

ئەم گەڕانەوەیە هەروەها هیواو ئاواتێکی دێرینی مرۆڤە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندییەکی بەپیرۆزکراوو چاودێرکراو لە دەسەڵاتێکی لەبن نەهاتووی بوونەوە. لێرەدا بەیەکگەیشتنەوە بەتەواوەتی بە مانای بەیەکگەیشتنەوەی دۆخی سروشتییانەی مرۆڤ و بوونی بەرجستەیی ئەون بە دۆخێکی ناسروشتیی و سەرەوەی سروشتیی بوونی مرۆڤ و بەبوونی نابەرجەستەیی خۆیەوە. گەڕانەوە بۆ ئەو سەرەتاێتییەی کە مرۆڤ پرسیار لە بوونی میتۆلۆژییانەی خۆی دەکاتەوە، کە بوونی ئەو لەسەر ئەم زەوییە یۆتۆپیایەکی ئەفسانەیی نییە و یۆتۆپیایەکی فەلسەفی و گیانییە. بەم بۆچوونەش بەیەکگەیشتنەوەی نێوان بوونی بەرجەستەیی ونابەرجەستەیی لە بەدووی یەکدا هاتنی بوونەکانی ئەم گەردوونە ڕاستییەکی سەلمێندراوە. ئەگەرچی تاکو ئەمڕۆ لە زانستدا بوونی نییە و بەڕاشکاوی دانی پێدا نانرێ. چونکە تیۆریی فیزیایی و بیرکاری و گەردوونی، تیۆریگەلێکن تەنیا کار لە بوونێکی بەرجەستەیی ئۆرگانی و نائۆرگانی دەکەن، کار لەو بوونانە دەکەن کە دەرك پێکراوو هەستپێکراو و بینراون.

زانست بەگشتی مۆرکێکی لێتوێژینەوەی بەرجەستەیی هەیە و تەنانەت ئایدۆلۆژیاش لە بەشێکیاندا لێکۆڵینەوە لە بوونی نابەرجەستەیی بەوەهم وخەیاڵ لە قەڵەم دەدات، زۆرینەی  ئەفسانەکانی میللەتان ڕاستیی بەیەکگیشتنەوەیان وەکو ڕاستییەکی چەسپاو باس کردووە، لەگەڵ بوونەوەری نابەرجەستەییدا.

کەواتە ئێمە هەروەکو لە بەشەکانی رابردوودا باسمان کرد تەنیا نین لەم گەردوون و لەم بوونەدا، بەڵکو کۆمەڵێك بوونی تری نابەرجەستەیی لەژیانمدا هاوبەشن لەگەڵ

جیاوازیی بوون و شێوە و تواناو هێزو تێگەیشتن و جووڵەو بینین و زماندا، کە لە زەمەنێکی کۆن و دێرینەوە لێکتر جودابووینەوەو هەموو پێوەندییەکمان لەگەڵیاندا پچڕان. چونکە ژیانی بەرجەستەبوون هاوتەباییەکی گەورەی لەگەڵ بوونماندا هەبوو لەگەڵ بوونی شێوەیی و بەرچاوی و بەرجەستەیی فێزیۆنۆمی ئێمەدا دەگونجا و مرۆڤ لەوکاتەوە وەهمی بەرجەستەبوون مانایەکی زۆری لێ ون کرد، کە تەنیا باوەڕو توانای لە هێزی بەرجەستەییدا تواندەوە و بە کۆتایی و سەرەتای بوونی هەموو شتەکانی دانا. نەخێر چەمکی بەیەکگەیشتنەوەی گەردوونی و مرۆیی چەمکێکی سەرەوەیی سروشتییە، کاتێك پەیوەست دەبێ، بەماناکانی نابەرجەستەبوون. چونکە تەنانەت ئاینەکانیش لەسەر بناغەی بزرکردن و ئامادەبوون، واتە بەرجەستەکردن و نابەرجەستەبوونی خوداوەندد.

مرۆڤ لە لایەکەوە خوداوەند دەخاتە بارێکی بەرجەستەییەوە، چونکە دووری و ئامادە نەبوونی خواوەند لە ژیانیدا بەگرێیەکی مێژوویی و گەردوونیی خۆی لەسەر ئەم زەوییە دادەنێ. ئەو دەیەوێ بەرجەستەی خواوەند بکات تاکو پێکگەیشتنەوەیەکی ڕۆژانە و بەردەوامی لەگەڵیدا هەبێ و هەست بەهێزو ئارامی و بەهیوابوون بکات لە ژیان و مردنیدا، کە دڵنیابێ لەوەی بەیەکگەیشتنەوەی ئەو لەگەڵ خوداوەند سارێژکەری هەموو ئازارە گەردوونی و بوونگەراییەکەی ئەون. هەروەکو چۆن مرۆڤ دەیەوێ خواوەند لەبارێکی نابەرجەستەییدا بهێڵێتەوە، چونکە دەیەوێ بەیەکگەیشتنەوەی ئەو لەگەڵ خواوەندا بەیەکگەیشتنەوەیەك بێ کە ئەوی مرۆڤ تیایدا هیوایەکی لە بوونی نابەرجەستەییدا هەبێت لە پێناوی لەبیرکردنی ئازارەکانی مردن و ژیانی خۆی.

بێگومان بیرکردنەوە لە شوێن و ئامادەبوونی مرۆڤ و هۆکارەکانی بوونی ئەو لەسەر ئەم زەوییە بێ هۆ نییە، کە بەڕای من هەروەکو چۆن مرۆڤ پێویستی بەوەیە ئەو هەستە بەردەوامەی لەگەڵدابێت کە ئەو تەنیا نییە لەم گەردوونەداو هیچ نەبێ خواوەند زامنی داهاتوو و ژیانی ئەمە لە مردن و ژیاندا. واتە لە گەڕانەوە بۆ هێزە سەرەتایی و یەکەمینییەکانی خۆی بەتەنیشت شکۆمەندیی خوداوە کە هەر لە دروستبوونییەوە لێی بێ بەش بووە. ئەم هەستە ناخەکیانەی مرۆڤ هەمیشە لە هیواو خەونی بەیەکگەیشتنەوەدایە لە خەونی بەیەکگەیشتنەوەیەکی چاوەڕواننەکراو و پێشبینینەکراو.

هەر بۆیە ئاین و بیری بەئاینکردنی مرۆڤ لە عەقڵی ناوەوەی ماتبوویدا هەمیشە بەرەو نەزانراوو زانینی نەزانراو دەیبات، بەڵام مرۆڤ و ئەوەی بەدەستی هێناوە، کاتێك

نایگەیەنێتە باوەڕێکی چەسپاو یا دڵنیا لەوەی بەیەکگەیشتنەوەی مرۆیی و گەردوونی و هێزە نابەرجەستەیییەکان، وەکو واقیعێکی مرۆیی وابێت. ئەوسا مرۆڤ دەکەوێتە گەڕانێکی نائومێدانەوە.

مرۆڤ لە دەروون و بیرکردنەوەیدا پێویستی بە بیرو سیماو وێنەی بەرجەستەبوو هەیە. دەروازەی بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ هێزی نابەرجەستەیی لە ئایندا ڕۆحە، کە لەسەر بناغەی چاکە و خراپە و پەرستنی خوداوەندێك داڕشتراوە، بەلایەنی زانستەوە مەسەلەکە پێوەندیی بەهێزی کۆنترۆڵکراو کارپێکراوو بەکارخراوەوە هەیە، وەکو بڵێی مرۆڤ چارەنووس و هەوڵ و بیرکردنەوەکانی خۆی لە نێوان بیری بەرجەستەبوون و نابەرجەستەبووندا دابەش کردبێت و بەرفراوانترین دابەشبوونی مێژووییشی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، سەیریش لەوێدایە بەیەکگەیاندنەوە و نزیککردنەوەی هەردوو جیهان، بۆ بیرکردنەوە وەکو خەیاڵێکی نەشیاوو نەگونجاو وایە، زانستکار بە ناوی ڕاستییەوە کار لە بوونە بەرجەستەییەکاندا دەکات. ئاین کار لە بوونێکی نابەرجەستەییدا دەکات، زانست لە ناخەوە هەست دەکات مێژوو بەشی ئەمە ناکات کەلەبەری هەمیشەیی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی خۆی لە بووندا پڕکاتەوە، کاتێك ئەو کەلەبەرانە دەکەونە زەمینەی دیاردە نابەرجەستەیییەکانەوە. ئاینیش بەدەوری خۆی، دەقەکانی کە گوتەکانی خواوەندن بە هەر هۆیەکەوە بێت ناتوانێت بۆ سەلماندن و چەسپاندنی گوتەکانی خواوەند، بەلای زانستێکی تەجریدکراوی بێ گیاندا بشکێتەوە و بەیەکگەیشتنەوەیەکی «زانستی– ئاینی» بێتەکایەوە، چونکە ئەو باوەڕانەی هەردوو جیهانی لەسەر دامەزراون بەدوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن.

ئەمە قەدەرییەت و چارەنووسی مرۆڤە کە هەموو بوونەکانی دەوربەری خۆی ماناکانی بوون و پێوەندیی خۆی بەو بوونانەوە دوو سەربن، دووسەرەیی بوونیش ڕاستییەکی فەلسەفی و زانستی و مێژووییە کە هەرگیز مرۆڤ نە بۆ ئەوە شارستانێتی خولقاندووە کە بەیەك ئاراستەی بیرکردنەوە بچێ و بەباوەڕێکی یەکسەرەی بەهێز بڕوانێتە ژیانی، مردن... ژیان و لە دایکبوونەوەی لەدوایە. تاریکی و ڕووناکی، ئاگر و ئاو، بۆشایی و ئەستێرە، شەو و ڕۆژ، هەموو ئەو دیارە گردوونییە دژبەیەك و پێکەوە ناکۆکانە هەروەها بەشێکن لە ڕەنگدانەوەی جیاوازی و دژبەیەکی و نەگونجانەکانی خودی بیرکردنەوەی مرۆڤ و باوەڕەکانی. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە دووسەرەیی بوون و دابڕانی نێوان بەرجەستەبوون و نابەرجەستەبوون بووە لە یەکدی بەدرێژایی مێژوو،

ئەم دابڕانە کاری کردووەتە سەر ژیان و داهێنان و باوەڕی مرۆڤایەتی و دووری خستووەتەوە لەوەی بیری نابەرجەستەبوون لە هەوڵەکانیدا مانایەکی گرنگ و چارەنووسسازی هەبێت و بەمەش زانست و بیرکردنەوەی دەیان شارستانێتی و باوەڕی جودای مرۆڤایەتی کە لەسەر بیری بەیەکگەیشتنەوەی بەرجەستە بوون و نابەرجەستەبوون دامەزراون لەناوچوون و هەوڵەکانیان شوێنەوارێکیان نەما.

هەموو ئەو شارستانێتییانەی یا ئەو کۆمەڵگە شوێن جیاوازانەی ئەمڕۆکە گەشە دەسەنن، لەسەر یەك بیری بەرجەستەبووندا دامەزراون و هەر بەو بیرەش دەڕواننە ژیان و بنەماو ڕەگەزەکانی هۆیەکانی پەرەسەندنی بەو بیرەوە بەندن. لەو باوەڕەدانیم کە ئەمڕۆکە دەرك بە بیری دوو سەرەیی بوونی خۆیان نەکەن و چ کاریگەرییەکی دەبێ لەسەر داهاتووی پەرەسەندنیان، چونکە پەرەسەندن لە بەرجەستەبووندا، مرۆڤ لە بوونەوەریی مرۆڤایەتییانەی خۆی دەخات و ژیانی گیانیی دەسڕێتەوە. هەروەها ژیان و کامڵبوونی لە نابەرجەستەبووندا وا لە مرۆڤ دەکات چیتر مانەوەو بایەخی مانەوە لە ژیاندا لە لای ئەو گرینگ نەبێ. کێش دەزانێ سنوورەکانی ئەو دووجۆرە بیرکردنەوەیە مرۆڤ بەرەو کوێ دەبەن. هەروەك لە بەشەکانی ڕابردوودا باسمان کرد کێ دەڵێ ژیان هەر خۆی لە بناغەوە لەسەر وەهم و خەیاڵ دامەزراوەو کۆتاییییەکی سەیری دەبێ.

**تێبینی**

ئەم نووسینە بەشە کۆتاییەکانی کتێبی «بەرجەستەبوونی گەردوونی»یە، کە بەشەکانی یەکەم تاکو حەوتەم لە ڕۆژنامەی ستایل بڵاوکراوەتەوە... بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز.

**بنیاتە شاراوەکانی بەرجەستەبوون**

گەردوون بە هەموو پێکهاتە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکانی، بە هەموو بوونە بەرجەستەو نابەرجەستەیەکانی، وەکو ڕووداوێکی بە مێژوو کراو پۆلێن دەکرێ، واتە وەکو بیری بەدەقبوون. بەم مانایەش گەردوون گەر وەکو دەقێك بیخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە، ئاشکرا دەبێ هۆکار لە نووسینی یاخولقاندنی ئەو دەقە دەبێ ڕوون و والآبێ. لەگەڵ ئەمەشدا هۆکاری بەرجەستە کردنی گەردوونی ڕوون نییە، ئەگەرچی هۆکارێکی نابەرجەستەییش لە خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام گەردوون هەر لەسەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ، بەرجەستەیی بوونی ڕووکەشانەیی بەداماڵدراوی لە مانا گەوهەرییەکانیدا، گەورەترین ترس و سەرسامی و باوەڕخولقاندن و بەرپەرچدانەوەی فیکریی هێناوەتە

کـایـەوە و ڕەگـی گـومـانـی لـە لای مـرۆڤـدا چـەسپـانـدووە، لـەنێو ئـەو هـۆکـارانـەی بـوونـی بەرجەستەییيان پێوە بەستراوەتەوە. هۆيەکەش لەوەدايە گەردوون بە هەموو ڕەگەزەکانی خـۆيـەوە ئـەوەنـدە کـراوەو بـێ سنـووره تـەنـانـەت بـەشێوەيـەکـی هـەمـيشـەيـی (بـەو پێوەره زەمەنييەی ئێمەی مرۆڤ) سات لەدوای سات هێزی خۆ فراوانکردنەوەی زێدەترو گەورەتر دەبێت.

ئـەمـەش وای کـردووە مـرۆڤ تـەنـيـا لـەسنـووريـکـی يـا گـۆشـەيـەکـی يـا بـازنـەيـەکـی زۆر بچووك و سەرنج پێنەدراو داخراوە، ڕوونکردنەوە و تيۆرەکانی بۆ بەرجەستە بوونی واتە (خـولـقـانـی) گـەردوونـی و چـۆنـيـێتيـی دروستبـوونـی بـخـاتـە ڕوو کـە زيـاتـر لـە ديـاردە لاهوتييەکان بە ئەفسانەی سەدەکانی زانست دەچن و گومانێکی زۆرو پرسيارگەلێکی زۆر بەدوای خۆيانەوە بەبێ وەڵام جێ دێڵن.

ئـەوەی لێرەدا بـەلامـانـەوە گـريـنـگـە و شوێـنـی بـەدواداچـوونـمـانـە، تـەنـيـا و تـەنـيـا بـيـری بەرجەستە بوونە، نەك بەمانـای دروستبوون بەڵکو بەمانـای دەرکەوتن و هەوڵدانمانە بۆ داڕشتنی تيۆرييەکی فەلسەفی کە لە نێو ماناو هۆکارەکانی بەرجەستە بووندا کاردەکات و پشت بەلێکدانەوەی هيچ ميتۆدێکی داهێنراوی زانستی نابەستێت، بەڵکو تەنيا پشت بە تيۆريی بنياتی شاراوە دەبەستێت و هەر ئەويش بناغەيە.

### ١- چەمکی بەرجەستەبوون

بەرجەستەبوون بە پێوەری هێزە دەرك پێکەرەکان و هەستەکانی مرۆڤەوە مانايەکی چـەسپـاوی بـەخـۆوە گـرتـووە، واتـە حـاڵـەتـی بـەرجـەسـتـەبـوون تـەنـيـا و تـەنـيـا پـەيـوەسـتـە بەبوونی هەستيارانەی خودی مرۆڤ خۆيەوە و مەرجی بەرجەستەبوون مرۆڤ خۆيەتی. بەم مانايەش هەموو وێنا کردنێکی مرۆڤ بۆ گەردوون لە خەياڵ و لێکدانەوەی هێزی خودييەکانی خۆيەوەيەتی و پەيوەستە بە خودی مرۆڤ خۆيەوە، لەوکاتەی گەردوون لەم پەيوەستەشدا ناهاوسەنگی نێوان خودی بەرجەستەيی بوونی خۆی و تواناکانی مرۆڤ و هـەسـتـيـاريـيـەکـانـی دەنـوێنـێ. چـونـکـە تـوانـاکـانـی مـرۆڤ ئـەگـەرچـی مـەرجـی سنورداريبوونی هەستياريی مرۆڤە، سنوورداری مەبەستمان لێی بينينی گەردوون و هەست پێکردنيەتی تەنيا و تەنيا لەيەك حاڵەتدا کە ئەويش بەرجەستەيی بوونە کە لە مـێژووی خـۆيـدا فـراوانـتـريـن دژ بـەيـەکـيـەتـی لـەبـيرکـردنـەوەيـدا خـولـقـانـدووە. بـەمـەش بـاوەڕەکـانـی خـۆی لـە دەرەنجـامـی بـەرجـەسـتـەيـی نـاوەنـد و سەرەکـی بـوونـی هـەمـوو

هەستیارییە فیزیۆلۆجی و مانەوییەكانییەتی. هەر ئەمەش وای كردووە، واقیعی بەرجەستەبوون تەنیا و تەنیا هەر خۆی تێڕوانینی مرۆڤ و لێكدانەوەكانی بەلای خۆیدا بەرێ. بۆ نموونە ئێمە بەم هێزە هەستیاری و جەستەییەی خۆمانەوە، قەت ناتوانین باوەڕ بەوە بێنین كە دەتوانین لە بوونێكی نابەرجەستەیی بووندا بژێین. ئەمەش مانای، دروستبوونی گەردوون و بوونە بەرجەستەییەكەیەتی كەواتە:

«مرۆڤ یەكسانە بە گەردوون لە هاوبەرجەستەیی بووندا» ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ، گەردوون بۆی هەیە شێوە و سیمای جیاواز بگرێتە خۆی بەلایەنی بوونێكی ترەوە ئەگەر ئەویش بۆی هەبوو بوونێكی شێوە گۆڕی تر بگرێتە خۆی، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە دەڵێین، گەردوون بەو خاڵەدا بەرجەستەو بوونداریيە كە مرۆڤ ئەم شێوەیەی دروستبوونی خۆی هەیە، گەردوون بەم شێوەیە بەرجەستەیی و فۆرمی خۆی نەدەنواند ئەگەر بێتوو مرۆڤ لەشێوازێكی تردا بوونی هەبووایە. كەواتە هەر لەم ڕاستییەوە دەگەینە دەروازەیەكی تر لەوردبوونەوەكانمان كە ئەویش ئەوەیە، مەرجی خۆ بەرجەستەكردن و بەرجەستەبوونی گەردوونی مرۆڤە، واتە دروستبوونی گەردوون لەهەمان كاتدا دەلالەتێكە بۆ دروستبوونی خودی مرۆڤیش و ئەم مانایەش ئەو ڕاستییە دەردەخات كە:

١- بەرجەستەبوونی گەردوون، بارێكی هەستیاری شێوە گۆڕو سەربەخۆیەو پێوەندیی بە بەرهەمهێنانی مرۆڤەوە نییە، هەروەكو چۆن بوونی مرۆڤ و بەرجەستەبوونی بەم شێوەیە كرادرێكی سەربەخۆو تاك و تەرایەو پێوەندیی بەسەربەخۆیی بەرجەستەبوونی گەردوونییەوە نییە. تەنیا لەو حاڵەتەی مرۆڤ لە هەستیاریی خۆیەوە و گەردوونیش بەبەرجەستەیی بوونی خۆیەوە ئەو پەیوەستە شاراوەیەی نێوان بوون و مرۆڤ بەرجەستە دەكات. بەمەش ئەو ڕاستییە ڕوون و ئاشكرایە، پەرەسەندنی فیزیۆنۆمیی مرۆڤ كردارێكی زۆر مێژینە و كۆنە و هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ كە مرۆڤ خەڵقەندەیەك بووە، وەك مەرجێكی بوونی بەرجەستەیی گەردوون هاتووەتە بوون، نەك وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی بوون. چونكە نایەكسانی نێوان بوونی مرۆڤ و بوونی گەردوون، لە لێكدانەوەیەكی بەراوردكارانەی فەلسەفیدا، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی پەرەسەندنی مرۆڤ تەنیا بە هۆی پەرەسەندنی عەقلیی خۆیەوە بووە كە شێوەی خواردن و ژیان جموجۆڵی خۆی گەشەسەندنێكی نالۆژیكانەی ملیونەها ساڵی فیزیۆنۆمی خۆی بێت.

ئـەم لـێکدانـەوەیـە تـەنـیـا بـە خـەیـاڵـێکی ئـەفسانـەیی دەچێت و ڕاستییـەکی تری و گـەوهـەریمان لـێ دەشارێتـەوە، کـە هـەرچـەنـدە لـە چـاوبـەرجـەستـەیی بووندا مرۆڤ و گـەردوون یـەکسانن، بـەڵام بـەرجـەستـەییبوونی گـەردوون بـەلایـەنی بـەرجـەستـەبوونی مرۆڤـەوە تـەنیا یەك ڕووی پـەیوەستە گـەردوونییەکانە لە نێو دەیەها پەیوەستی نەزانراوی خۆیدا، واتە لە بناغەوە بەرجەستە بوونی گەردوون، بەمەرجی بەرجەستەبوونی خودی مرۆڤـەوە نـەبـەستراوەتـەوە دەبـێ گـەردوون بـەدەیـان مـەرجی خۆبـەرجـەستـەکردنی تری بەدواوەبێ کە لە مرۆڤ شاراوەن و ماناکانیان خۆیان بەدەستەوە نادەن، ئەمەش مانای ئەوەیە گەردوون و بەرجەستەبوونی هۆکاری بناغەیی بەمێژووبوونی خودێتییەتی لە بوونی بەڕووداوێك لە نێوان بوون و نەبووندا هۆکاری مرۆیی نییە بە تەنیا و مرۆڤ هـەرچـەنـدە بـوونـەوەرێکی پـاشکـەوتـوو- یـا هـاوکـاتـی دروستبـوون و بـەرجـەستـەبوونی گەردوونیش بێت. ئەوا گەردوون تەنیا بەلایەنی خودی مرۆڤەوە بەرجەستەیەکی بێ سنوورە لە نێوان قەبارە و زەمەندا و هەموو ئەو پێوەرە زەمەنی و بەرجەستەییانەی گەردوون، پێوەرێکن لەناوەڕۆکدا ئاماژەن بۆ بەمرۆڤبوونی ئێمە لە نێو بوون و نەبووندا.

کـەواتـە بـەرجـەستـەبوونی گـەردوونی بـەرجـەستـەبوونێکە ڕووکـەشانـەیـە بـەلایـەنی مرۆڤـەوە بنیـاتێکی ڕووکـەشانـە هـەڵدەگرێ، هـەرچـەنـدە پـاش بـەرجـەستـەبوونی ئیتر دەکـەوێتـە حـاڵـەتـی بـەمـێژوو بـوون و بـەقـەبـارە بـوون و بـەزەمـەن بـوونـەوە، لـێرەوە بەرجەستەبوون حاڵەتێکی دەڵەمەییەو، پلاستیکی و حاڵەتێکی چەسپاوی وێنەیی و گەردوونی نییە. ئەو وێنەیەی دەری دەداتە دەرەوەی خۆی وەکو خۆبەرجەستەکردن، وێنـەیـەکی یـەك ڕوویـی چـەسپـاوە و لـەدەرەوەی مـانـای خۆ بـەرجـەستـەکردن. ئـەمـەش پێوەندی بە سنوورداریی تواناکانی مرۆی بینەرەوە نییە. چونکە گەورەیی و فراوانیی گەردوون تەنیا ئەو هەستە بە مرۆڤ دەبەخشێ کە ئەو لە دەرەوەی مانا گەردوونییە شاراوە و نهێنییەکاندا دەژی. چونکە بێگومان ئەم دەرەنجامە مێژووییەی گەردوون ئەوە دەردەخات کە گەردوون بە هەموو ڕەگەزە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکانییەوە، هاودەلالەتیی لەگەڵ بوونی مرۆڤدا نییە تەنیا لەنێو ئەو هۆکارانەوە نەبێ کە لەپشتەوەی دروستبوون و دروستبوونیانەوەن.

بەرجەستە کردنی گەردوونی لەبیری مرۆڤ وابەستەی هێزێکی لەبن نەهاتوویە کە ئـەو هـێزەش تـەنـیـا عـەقڵ نییـە، بـەڵکو خولقێنـەری وشەشە، چونکـە بـە ئـاخـاوتن، یـا بەفەرماندان، یا بەناوهێنان، واتە بە هێزی دەنگی وشە بوونی گەردوون بەرجەستە

دەبێ. ئەمەش دەمانباتەوە سەر چەند لێکدانەوەیەك وەکو مرۆڤێکی خاوەن عەقڵی سنووردارکراو، ئاخۆ بەرجەستەبوون لە پێناوی چیدا بووە؟ یاخود بەرجەستەبوون ئەگەر بیری پێشینەیی هەبێت، واتە وێنەیەکی پێشینەیی لەبەرجەستەکردندا هەبێت، دەبێ هۆکاری خۆشی لەگەڵ خۆیدا بێت، واتە گەردوون و بەرجەستەبوون لە بێهوودەیییەوە نەهاتووەتە دی، بەڵکو هۆکاری خۆی لەگەڵ خۆبەرجەستەکردنیدایە، کە ناتوانین ڕاستەوخۆ ناوێك یا پێناسەیەکی ڕاستەوخۆ بەم هۆکارە ببەخشین، کە هاوکێشەی ئامادەبوونی ئۆرگانی کە مرۆڤ و گیانەوەرو ڕوەك بەتەنیشت گاز و هەوا ڕووبار و بۆشاییەوە، جۆرێك لەبیری یەك لەدوای یەکی بەرجەستەبوونی ئۆرگانی لە زەمەنێکی دواتر و درەنگ تری بەرجەستە بوونی گەردوونی هاتووەتە کایەوە.

ئەمەش لەو ڕاستییەوەی جگە لە مرۆڤ و ڕوك و زیندەوەرەکان، هەموو ڕەگەزەکانی تری بوون لە دایکبووی ڕووداوی بەرجەستەبوونن و بەشێکن لە زەمەنی بەرجەستەبوون، واتە هاوبەرجەستەبوون لەگەڵ گەردووندا، ئەگەر بێتو بیر لەوە بکەینەوە کەوا بوونی ئۆرگانی دەرەنجامی پەرەسەندن و گەشەسەندنی ڤایرۆس و میکرۆبی بەرجەستەبوونی گەردوونی بێت، ئەوا یەکسەر ئەو پرسیارانەمان لەلادا گەڵاڵە دەبێ، دەبووایە لە باردۆخی هەموو ئەستێرەکانی تری گەردووندا، بوونی تر بخوڵقایە، مەرج نییە هەڵگری هەمان خەسڵەتی فیزیۆنۆمی و ڕوحیی مرۆڤ بێت، بەشێوەیەکی تر هاوشێوەی مرۆڤ بێت، بەڵام ڕێگر چییە لە دروست بوون و بەرجەستە بوونی ئۆرگانی یا تەنانەت نا ئۆرگانیش لە هەموو ئەستێرەکان کۆمەڵەی خۆر و بە هەزاران هەزار کۆمەڵەی تری خۆر لە گەردووندا؟ کە دەمانتوانی بڵێین بەڵێ بەهۆی گەشەسەندنی توخمەکانی گەردوونەوە دەرەنجامی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ملیۆنەها ساڵی بوونەوەری تریش دەرەنجامی خۆ بەرجەرستەکردنی گەردوونی خوڵقاون.

مرۆڤ لە زیاتر لە دە هەزار ساڵی ڕابردووی زەوی، ئەوەی کە لە مرۆڤەوە ماوەتەوە گەواهییەکە بۆ ئامادەبوونی ئەو لەسەر ئەم زەوییە، ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن هەروەکو چۆن لەزۆر گۆشەی تری تیۆری و تیۆلۆژییەوە وەڵامەکان یاخود داخراون یاخود ئەفسانەی زانستین، زیاتر لەوەی واقیعی بن. گەڕاندنەوەی گەشەسەندنی ئۆرگانی مرۆڤ بۆ ملیۆنەها ساڵ لە ڕاستیدا تەنیا ئاماژەیەکە بۆ بزرکردنی مێژووی بەرجەستەبوونی مرۆیی، هەروەها ئاماژەیەکی تریشە بۆ سنووردارییی بیرکردنەوەو نزیکبوونەوە لە ئەفسانە. چونکە هەربەشێکی لاشەی مرۆڤ بە تایبەتی بەشە وەزیفەدارەکانی، بەو ئاستە

عەقڵییەی هەمانە، ناتوانێ باوەڕ بە پەرەسەندنێك بكات لە ئۆرگانەكاندا كە ئەو وردەكارییە هەرە نادیار و شاراوانەی پێكهاتی بایۆلۆژی و فیزیۆتۆمی و ئەندازەیی مرۆڤ، بەسەدان ملیۆن ساڵیش پێشبینی بكات، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نزیك بوونەوەیە لە هەمان ئەفسانەكانی مرۆڤ و دروستبوون یا دروستكردن.

بەدووی یەكدا هاتنی بەشە ئۆرگانی و نائۆرگانییەكانی گەردوون دەشێ ئەو ڕاستییەمان لەلادا بەرجەستە بكات، كە ئەمیش ئەوەیە مرۆڤ لەبەرجەستەبوونی یا بەرجەستەكردنیدا وەكو شایەتحاڵێكی بێ پێشینە و بێ داهاتوو، تەنیا ئاماژەیەك، ئاماژەیەك زۆر زۆر بچووكی خۆ بەرجەستەكردنی بەرفراوانی گەردوونی بێت، كە لەگەڵ بەرجەستەبوونی گەردووندا، لە حاڵەتی بەرجەستەبوون و دەرچوونی لە نەبوون، لەگەڵ گەردووندا هاوەدەلالەتن، هەرچەندە دوو مێژوو دووبوون و دوو بەرجەستەبوونی جیاوازن.

هەربۆیە مرۆڤ لە لایەكەوە دەرك بەبوونی خۆی دەكات لەگەردووندا و لە لایەكی تریشەوە دەرك بەبوون و زەمەن و ئامادەیی بەرجەستەكراوی زۆر مەرج دارو بچووكی خۆی ناكات، كە ئەو تەنیا بوونەكەی خۆی وابەستەی یا پەراوێز گەرای بەرجەستەبوونی گەردوونی دەكات ئەویش بەرجەستە بووە، بەدووی یەكدا هاتنی بەرجەستەبوونی مرۆیی لە زاوزێكردن و بەرهەمهاتنەوەی تۆوی ڕوەك و پەیدابوونی ڕەگەزی نوێ و بەرفراوان لە ڕەگەزی تری ئۆرگانی و نائۆرگانی، بەردەوامی لە فراوانبوونەوەی ئەستێرەكان و لەدایكبوونەوەی ملیۆنەها ئەستێرەی تر، ئاماژەیەكە بۆ ماناوەیەكی مەرجدار و بەرجەستەبوونێكی  مەرجدار، هەروەكو چۆن گەردوون هێزی خۆ لە ناوبردن و لەدایكبوونەوەی خۆی لە هەناوی خۆیدایە. هەروەها مرۆڤیش هێزی لەدایكبوونەوە و مردنی خۆی لە ناوهەناوی خۆیدا، مردن و زیندووبوونەوە، زیندووبوونەوە، زیندووبوونەوە و مردن، واتای بەرجەستەبوون و نەمان لە حاڵەتی بەرجەستە بوونە، كەواتە هەموو بەرجەستەبوونێك ژیان و بوون و نەبوونی خۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ەمەش مێژوویەك نییە بۆ بەرجەستەبوون كە هێزی ئەوەی هەبێ تەنها لەیەك حاڵەتی بەرجەستەبوونی كۆتایینەهاتوودا لە بووندا بمێنێتەوە، چونكە بەرجەستە بوون پەیوەست بەبوون و گەردوونەوە، مەرجی بەردەوامبوونی لە ناو شوێنی بەرجەستە بوونێك و لەدایكبوونەوەی بەرجەستەبوونێكی ترە، كە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ پێشبینی لەناوچوونێكی یەكجارەكیی ئەم بەرجەستەبوونەی خۆی بكات و هەموو بوونی مرۆڤ

لەم گەردوونەدا پەیوەستە بە مەرجەکانی لەدایکبوون و مردن و ژیان بەڕەگەزەکانی ترو خۆبەرجەستەکردنی گەردوونییەوە.

کەواتە ئێمەی مرۆڤ ناوەندو بەرجەستەبوونی تاکوتەرای ئەم گەردوونە، نین هەرچەندە بەرجەستە بوونمان بە هەموو پێوەرە قەبارەیی و زەمەنییەکانی گەردوونەوە کاتییەو هەموو مێژووی مانەوەمان لە زەمەنی گەردوونیدا ناکاتە چاو ترووکانێك لە ژیانی گەردوونیدا، لێرەدا مەبەست گەڕاندنەوەی بەرجەستەبوونی مرۆیی نییە بەبیری دانـانی بە بیرێکی تیۆری یا تیۆلۆژی، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، هەموو خۆ بەرجەستەکردنی مرۆیی هەروەکو خۆبەرجەستە کردنی ڕوەکی و زیندەوەری، هاوسیما و هاوخەسڵەتە لە مانەوە، بەرامبەر بە خۆبەرجەستەکردنی یا بیری خۆبەرجەستە کردنی گەردوونی لە مردن و مانەوە. چونکە هەروەکو چۆن ئەستێرەکان کاتێك هێزی هەناوی خۆیان واتە وزەی هەناوی خۆیان لەناو دەبەن، ئیتر دەمرن و لەناو دەچن، هەروەها دەرەنجامی کۆبوونەوەیەکی سەدان ملیۆنیی زیاتر لە کۆمەڵەی خۆر گەردوون هێزە پەرشەکانی دەکاتە پارچەی سەدان هەزار ملیۆنی گەورەتر لە کۆمەڵەی خۆر و ئەستێرەی تر بەرهەم دێنێتەوە، هەروەکو ئەو وێنانەی کە تلسکۆبی هابل گرتوونی بۆ نموونە وێنەی ئەو قەبارە زەبەلاح و هەرە بەرفروانەی (هەڵۆ نیبولا) کە لە قووڵایی گەردوونەوە بە چاو نابینرێ و بریتییە لە بارستاییەکی بەرفراوانی بێ پێوانە و بێ سنوور لە تۆزو تیشك و خۆڵی گەردوونی و ژیان بەهەزاران ئەستێرەی لە دایکبوو دەبەخشێ. لێرەوە وا پێویست دەکات تیشك بخەینە سەر بیری بەدووی یەکدا هاتن و بەردەوامبوون پەیوەست بەبیری بەرجەستەبونەوەو، لە پێناو دۆزینەوەی وێنەیەکی بزر لە پەیوەستە گەردوونییەکانی نێوان مرۆڤ و ڕەگەزەکان.

## پەیوەستی نێوان بەرجەستەبوون و بەردەوامبوون و بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونی

بەردەوامبوون، مۆرکێکی میتافیزیکیی هەیە، سەرباری بەرفراوانیی بەرجەستە بوون لە ڕوانین و بەردەوامبووندا، بەردەوامبوون لە گەردوون ئاست و مەودا و زەمەنی چەسپاوو گۆڕاوی هەیە، بەڵام ئەو وێنەیەی کە بۆ بەردەوامبوونی گەردوونی هەمانە وێنەیەکی چەسپاوە، چونکە گەردوون لە زەمەن و فراوانبوونەوەیدا، تواناکانی مرۆڤ دەخاتە پەراوێزی بوونی خۆیەوە. لەبەر ئەوەش ئەو زەمەنەی لە دایکبوون و مردن و گۆڕانی

دیـاردە سروشتـیـیـەکـان، کـارەساتـە سروشتـیـیـەکـان، پـاشان بـۆ بـینین دیـاری کراوە، زەمـەنێکی ئـابڵوقـە دراوە، زەمـەنێکە لە دەرەوەی زەمـەنی بوونی مرۆڤ.

ئـەگـەر بێتو بچینە نـاواخنی بینین و زەمـەنـەوە، دەگـەینـە ئـەو ئـەنجامـەی ئـەو وێنانـەی بـۆ گـەردوون هـەمانـە وێنەی زەمـەنی خـۆیـان نین. پـەیدابوون و لـەنـاو چوون، واتـە دەرکـەوتن و بـەرجـەستـەبـوون، پـەیـوەست بـە ڕوانینـی ئێمـەوە وەکـو فـانـتـازیـایـەك وایـە. چونکـە بـەردەوامبوون لـەبـەرجەستە بووندا ئێمە هـەموو وێنەکان بە خـۆمـان و توانـای هـەستیاری خـۆمـانیان دەبـەستینەوە، ئـەمـەش وا دەکات گومـان لـە ڕاستیی هـەموو ئـەو گـەردوونـەی کـە هـەیە بێتە ڕوانینمانەوە، چونکە ڕوانین هـەمیشە سنووردارە نەك تـەنیا لـە دووری و نزیکی بـەڵکو لـە چـۆنـیـێتـیی بـینـینـی قـەبـارەکـانـیش، بـۆ نموونـە چـاو تـوانـای بـینـینـی هـەموو گۆشەیەکی یەك تەنی نییە، چاو مەرجی بینینی ڕووناکییە ئەوەی دەکەوێتە تاریکییەوە توانای بـەرجـەستـە کردنی نییە، ئـاخـۆ چـەندین بوونی نێو ئـەم گـەردوونـە چـاو توانـای بینییانی نییە؟ هـەروەکو چۆن مـەرجی بیستنی گوێ بوونی دەنگ و سـەدایە، ئـاخـۆ ئـەوەی دەگـوترێ و دەخـولقـێ پـەیـوەست بـە دەنـگـەوە ئـەگـەر سیـفـەتـی دەنـگـیـان هـەڵـنـەگـرت، چۆن دەبیسترێن؟ کەواتە بـەرجەستـەبوون لە بـەردەوامبووندا مـانـەوەیـەك و بوونێك دەخـاتـە ڕوو، هـەرگیز بوونی ڕاستـەقینـەی خـۆی نییە. چونکە بـەردەوامبوون و هێما بنیاتە شاراوەکانی لـە بـنـاغـەوە بـۆ ئـەوە دروست نـەکـراوە کـە مـرۆڤ تـیـایـدا هـاوبـەش یـاخـود مـەرجی دروستبوونی بی.

ئـەمـەش ئـەوە دەگـەیـەنـێ مرۆڤ خـاوەنـی سیستـەمێك لـە بیستن و بینین و هـەستپێکردنـە کە بیرکردنـەوەی ئـەو لـەژێر کـۆنـتـرۆڵـی ئـەو سیستـەمـەو چـەندێتیی دەور پـێ بـەخشین و دیاریکردنی سنوورەکانییەتی. وەکو گریمانیش گەردوون لە نێو هـەنـاوی پێکهاتـەکانی خۆیدا بە هـەزاران دەنگ و ڕەنگ و بۆن و وێنەی بۆ ڕەگـەزی ئۆرگانیی شاراوەو ڕەگـەزی نـائـۆرگـانیی دەرك پـێ نـەکراوی تێدا بێت کە مرۆڤ بـەو توانـایـانـەی کـەهـەیـەتی، نـەدەتـوانـێ دەرك بـە بوونیـان بکـات و نـەدەتـوانـێ هیچ پـەیوەندییەکی ڕاستـەوخـۆ و نـاڕاستـەوخـۆ لـەگـەڵ ئـەو بـوون و ڕەگـەزە شاراوانـەدا دروست بـکـات کـە لـە گـەردووندا بـەرجـەستـەن، بـەڵام بـەرجـەسـتـەیـی بـوونـیـان بـەو سیـمـاو خـەسڵـەتـانـەوە نین کـە ئێمـەی مـرۆڤ و ڕوەك و زیندەوەرەکان هـەمانـە. دەشێ ئـەو بوونـانـە خـاوەنی سیمـاو خـەسڵـەتی سـەرەوەیی سروشتی بن. بـەردەوامبوونی گـەردوونی بـەلایـەنی مرۆڤـەوە مێژووییـەکـە نـەلـە سـەرەتـا و نـەلـەکـۆتـاییدا مـانـایـەکی یـا ڕەهـەندێکی ڕەوشتی و زانستی و فـەلسـەفی نـاگـەیـەنـێ، بـەدرەوامبوون لـە

دەرەوەی ماناکانی گەردوونەوە مانای ڕووکەشانە بە مرۆڤ دەبەخشێ و تەنیا لە سنووری ئاماژەی جیاواز و بیرکردنەوەی ناکامڵ و قەناعەت پێ نەهێنەرەوەیە کە ئەمەش پەیوەستی قووڵی بە بەدووی یەکدا هاتنی بەرجەستەبوونی گەردوونییەوە هەیە. مرۆڤ لەگەردووندا وەکو دانەی ملوانکەیەك وایە کە ناگاتەوە بە دانەکانی تری ملوانکەکە و بۆ شاییەکی بەرچاو لەنێوان خۆی و دانەکانی دیکەدا هەیە، ئەم جیابوونەوە بەرجەستەیی و بوونایەتییەیە کەوای لە مرۆڤ کردووە دەرك بە تەنیاییەکی گەردوونی بکات، لە تێڕوانینمان بۆ گەردوون و هەموو پێکهاتە سەرسوڕهێنەرەکانی، ئەو بەشە زۆر کەم و بینراوانەی کە بەرجەستەیەکی ڕووکەشانە و بێ مێژوو دەبن، خۆمان دەکەوێتە بەرچاو.

خۆ بەرجەستەکردنی گەردوونییانەی مرۆڤ، کرۆکی یا ناواخنی مانا بەرجەستەییەکانی بوونی خۆیەتی، کە لەسەر ئەستێرەیەکی جووڵەداری بەرنامە بۆ دانراو لە گەردووندا مەلەدەکەین، هەست بەتەنیاییەك و پەڕەگەندە بوونێکی بێ هیوای گەردوونی دەکەین، هەست دەکەین دەسەڵاتێکی گەردوونیی بەردەوام و بەسیستەمکراو کە هەڵەیەکی بچووکیش قبووڵ ناکات، یاساکانی خۆی و زەبەلاحیی ماناکانی خۆی بەسەرماندا دەچەسپێنی، کە پرسیار کردن لە ماناکانی ئەو بەرجەستەبوونە بەرفراوان و بێ سنوورە، لە ماناکانی بەدرەوامبوون، تەنیا ماناکانی پەڕگەندەیی بوونمان دەخاتە مێشکەوە.

ئەو پرسیارانەی لە ڕۆشنبیریی فەلسەفی و فکیری و زانستیی مرۆڤدا بێ وەڵامن و وەڵامەکان بە ئەفسانەیەکی نالۆژیکی دەچن. کەلە مێژە مرۆڤ بەتەنیشت هەموو ئایدۆلۆژیا و فیکر و باوەڕێکییەوە. ئەم هەستەی لەلادا هەر هەبووە. بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونی و هەموو ئەوەی دوای بەرجەستەبوون هاتووەتە کایەوە، لەگەڵ سەقامگیربوونیاندا بوونە بەسیستەم و بناغەیەکی نەگۆڕاو، چونکە لە چوار چێوەی یەك مێژووی زەمەنیدایە. بەدووی یەکدا هاتنی دیاردەکان خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ مانای نازەمەنی بوونی گەردوونی چونکە وێنەکان، سیماو هەستپێکردنی دیاردەکان هەموو لەسەر سیستەمی دووبارە بوونەوەی دیاردەی گەردوونی دەکەونەوە بەرچاو. سووڕانەوەی ئەستێرەکان، وەرزەکان، جووڵەی کۆمەڵەکانی خۆر، مردن و لەدیکبوونەوەی ئەستێرەکان، تەنانەت ڕوەك و مرۆڤ و زیندەوەریش، لەسەر یەك سیستەمی بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونی داڕێژراون و هیچ بوونێکی گەردوونی

لەبوون و نەمانیدا ڕەهاو ئازاد نییەو هەموو دەچنە ژێر باڵی بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونیدا و هاوبەشن، هەموو ڕەگەزە زەمەنییەکانی گەردوون تەواو دەکەن.

بەڵام زەمەنی ئەم دیمەنە بەیەکدا هاتووانە، زەمەنی جووڵەو مردن و لە دایکبوونەوە، ئاماژەیەکن بۆ بوونی چەندین زەمەنی جیاوازی گەردوونیی تر کە زەمەنێکی ڕەهاو بێ کۆتایی و بێ سنوورە. زەمەنێکە لە خودی خۆیدا بوونێکی نەناسراو و شاراوەی هەیە کەلە لێکدانەوەکانی ئێمەدا وەکو ژمارەی زەمەنی خەیاڵی وایە، نە مێژوویەکی هەیە بۆ ڕووداو نەمانایەکی هەیە لە بەدووی یەکدا هاتن، ئەو زەمەنە بێ سنوورانە ئاماژەن بۆ زەمەنی بوونی تر، چونکە بەدووی یەکدا هاتن و یاسای بەدووی یەکدا هاتن و شوێنی ئێمە لەو بەدووی یەکدا هاتنە، هەر خۆی ئاماژەیەکە بۆ بوونی کەلەبەرو داڕووخانی بۆشاییگەریی بوون. هەر خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ و تەنە ئۆرگانییەکانی تر، لە زەمەن و شوێن و مانادا، لە سنوور و گۆشەیەکی، بچووکی بەیاساکراودا دەمێننەوە کەلە مێژووی بوون و زەمەنی گەردوونیدا واتە زەمەنە جیاوازە گەردوونییەکاندا بەقەد دڵۆپێك ئاوی دەریایەکە، بە هەموو ئەو مێژوویەی کە بوونی ئەو دەسەلمێنێ، لە گەردووندا.

ئەمەش مانای ئەوەیە فراوانی و ڕەهایی بەرجەستەبوون و زەمەنی گەردوونی پەیوەستە بەشوێن و زەمەنی بوونی ترەوە، کە تیایدا نەزەمەن ئەو مانایەی هەیە کە لە لای ئێمەدا هەیە، نە شوێن دەلالەتی مانەوە دەدات، نە هەموو هەست و شێوەی بەرجەستەییمان هیچ مانایەك لەو بوونەدا دەنوێنن. هەر خودی بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی چەندین سیستەمی بوونایەتی شاراوەی تر بوونیان هەیەو نە لە تواناکانی خەلقەندەیی ئێمەیەو نە لە توانا فیکری و فەلسەفییە کانی ئێمەدایە دەرك بەبوونیان بکات، چونکە ماناکانی ئەو بوونانە مانای بوونی ئێمە پێك ناهێنن، بەشێك نین لە بوونی ئێمە، بەڵکو تەنیا لە چەمکی بەدووی یەکدا هاتندا هاوبەش دەبن لەگەڵ بوونی ئێمەدا. چونکە گەردوون لادانی ڕێکەوتانەی تێدا نییە و دەرفەت بە گێرەشێوێنی زەمەنی شوێن نادات، هەموو لە سیستەمێکی کۆنترۆڵکراوی هێزی خودییانەدا، دیارەکانی دەردەکاتە دەرەوە.

ئەگەر بەدووی یەکدا هاتنی گەردوونی مانایەکی هەبێت پەیوەست بەبەرجەستە بوونەوە، ئەوا ئەو مانایە تەنیا لەوێدا دەبێ کە سیستەم لە هەموو بووندا زاڵە و دەورو مێژوو شێوەی تەنەکان و سیمای خەسڵەتەکانی دیاری دەکات، لە چەندان مەرجی

چەسپاوو داسەپاو، کە هیچ هێزێك لە گەردووندا ناتوانێ ئەو مەرجانە تێپەڕ بکات. ئێمە دەژین و دەمرین و هاوشێوەی خۆمان دەخەینە بوونەوە، ئێمە یاسای بەدووی یەکدا هاتنی فرەبوونی دەخەینە گەردوونەوە. هەروەها بەلایەنی هەموو بوونەکانی دیکەوە، ئەوانیش دەچنە ژێر باڵی بەدووی یەکدا هاتنەوە، هەروەها خودی گەردوونیش دەچێتە خانەی جێبەجێکردنی یاساکانی بەدووی یەکدا هاتنەوە ئەمەش لە دەلالەتێکی تردا تازەبوونەوەی مەرجدارو بەیاسا کۆنترۆڵکراوی گەردوونی دەنوێنێ، هەر بۆیە بەرجەستەبوون لە چەمکی بەدووی یەکداهاتندا ئاماژەیەکە بۆ سیستەمێکی گەردوونیی گەورەترو کۆتاهاتنی هەموو ئەو سیستەمانە لەیەك هێزی لەبن نەهاتووی گەردوونی کە تەنیا ئەو ناچێتە ژێر مەرجەکانی سیستەم و داسەپاندنەوە. ئەگەر هەموو بوونێك بەپێی تاقیکردنەوە و ئەزموونی فەلسەفی و زانستیی مرۆڤ سەرچاوەیەکی هەبێت بۆ بەرجەستەبوون، ئەوا بەدووی یەکدا هاتن ئاماژەیەکە بۆ بزربوونی بەرجەستەیییانەی خودی بوون، لەو بازنە بوونییانەی کە ئێمە ناتوانین پێیان بگەین و بیانناسینەوە. هەروەها ئاماژەیەکە بۆ بزربوونی چەندێتی و چۆنێتیی خودی بوونەکان.

ئێمە تەنیا نین لەم گەردوونەدا، تەنیاییمان تەنیا ئاماژەیەکە بۆ بوونمان لە باوەڕی بەدووی یەکدا هاتندا، مرۆڤ تا ڕادەیەك لە ئایدۆلۆژیاو باوەڕە تیۆلۆژیەکاندا دەرکی بەڕاستییەکی نزم لە گەوهەردا کردووە. ئەویش لە چوارچێوەی باوەڕەکانی دۆنای دۆن و شێوە گۆڕیی ئەفسانەیی و لە هەندێك باوەڕی تیۆڵۆژیشدا، لە ئەفسانەو سیحردا، گیان لە نێو گیانەوەراندا دەگواسترێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم بیرانە دەرککردنی مرۆڤە بەباوەڕی بەدووی یەکدا هاتنی بوون، لەبارە فیزیۆنۆمی و ڕووحییەکەی. لەو کاتەی بیری بەدووی یەکدا هاتن بیرێکە گەوهەری بوونێکی گەردونیی بەرفراوان دەنوێنێ و سنووری بۆ نییە و وەستانی بۆنییە. چونکە شێوە و شێوازی بەرجەستەبوون و بەرجەستەنەبوونی بەپێی تێگەیشتنی مرۆڤ شێوەیەك، دۆخێك، بارێك، لە هێزی خودیانەی وا هەڵدەگرێت کە تێگەیشتن لێیان ئاستەمە و نایەتەدی. هەر بۆیە بەدووی یەکدا هاتنی بوونییە گەردوونییەکان لە دەرەوەی دەرك پێکردنی بەرجەستەیییانەو نابەرجەستەیییانەی مرۆڤە، چونکە هێزەکانی مرۆڤ لە نێو سیستەمێك لەتوانا فیزیۆنۆمییەکانی هاتووەتە بوونەوە کە نازانرێ لە چ ئاست و لە چ ئەڵقەیەکی بزری بووندایە. هەر بۆیە دیاردە ناسرووشتی و سەرەوە سروشتییەکان، هەرچەندە شوێنی سەرنج و لێکدانەوەی مرۆڤن، بەڵام مرۆڤ لە نێو ئەو باوەڕو بناغە بەزانستیکراوانەوەی

ژیانی خۆی نایەوێ دان بەبوونی ئەو دیاردانەدا بنێ لە بارە بەرجەستەییەکەیدا. لە هەموو ئاین و باوەڕەکاندا، هێزی بەرجەستەکەر خوداوەندێکە بێ شوێن و بەهێزو بەتوانای بێ سنوورە و هەوڵ دەدەن بۆ خوێندنەوەی بیری بەرجەستەبوون لەلایەکەوە سنووری بۆ دانراوە و لە لایەکی تریشەوە، مرۆڤ لە دڵەڕاوکێیەکانی ڕزگار دەکا و بەوەی ئەم دیاردە سروشتییانە دەخاتە ئەستۆی یاقەدەغەکراوەکانی خوداوەندەوە لەو کاتەی گەوهەری ئاین کە ڕەگێکی ئەفسانەیی لە خۆ دەگرێت. چونکە ئەفسانە بە دایکی یا گەوهەری گەشەسەندنی ئاین دادەنرێ. هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ناسینی دیاردەکان بۆ چەندین لێکدانەوەی جیا جیا دەباتەوە، کە هەندێکیان سەرچاوەیان مرۆڤە و هەندێکی تریشیان سەرچاوەیان هێزی ناسروشتی و نائاسایی گەردوونییە. لە ڕاستیدا پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆکە دەیبینین، بەبەراورد لەگەڵ مێژووی یا گەڕانەوەی مێژوو بۆ ملیۆنەها ساڵ، بەشێوەیەکی زۆر نازانستی دەکەوێتە بەرچاو، بەتایبەتی پەیوەست بە ئاستی بیرکردنەوە و لە لایەکی ترەوە پەیوەست بەو ماوە زەمەنییەی کە پێشکەوتن و پەرەسەندنی مرۆڤ دەنوێنێ، لە مەسەلەی گواستنەوەی لە ژیانی ڕەمەکییەوە بۆ ژیانی شارستانی، چونکە هەموو ئەم دۆزینەوە و هەموو ئەم پەرەسەندنە گەوهەریانە لەبواری فیکرو فەلسەفەدا، مێژووەکەی سێسەد ساڵ تێپەڕ ناکا. پەرەسەندنی بەرجەستەییانەی مرۆڤ پەیوەست بە شێوەو توانای بیرکردنەوەی وا پێ دەچێت گەڕاندنەوەی بۆ ملیۆنەها ساڵ تەنیا فانتازیایەکە، چونکە هەموو پێشکەوتنە گەورەکانی مرۆڤ تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکدا هاتووەتە دی.

بەپێی ئەو مێژووە گەورەیە دەبووایە مرۆڤ لەپەرەسەندنی فیزیۆنۆمییدا بگەیشتایەتە ئاستێك کە هەموو ئامادەگی و بەرجەستەییەکانی فیزیۆنۆمیی خۆی بەشێوە و توانای تر بگواستایەتەوە، لەوکاتەی لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تاکو ئەمڕۆ ئەو بارە فیزیۆنۆمییە وەکو خۆی ماوەتەوە و گۆڕانکارییە بەپەلەکان تەنیا لەبیردا ڕوویان داوە، کە هەر وەك دەزانین پەرەسەندنی یا گەشەسەندنی فیزیۆنۆمی پێوەندییەکی زۆر کەمی لەسەر پەرەسەندنی بیرو مێشکدا هەیە. ئەمەش ڕاستییەکە بۆ کامڵیی مرۆڤ هەر لە کاتی بەرجەستەبوونییەوە تاکو ئەمڕۆ، کامڵییەك کە بیری بەدووی یەکدا هاتن دەیباتە ڕێوە.

چەندین شارستانێتی و کۆمەڵەی مرۆیی پەیدابوون و لەناوچوون، چەندین بەدیهاتنی یا دۆزینەوەی نهێنی و زانست کەوتنە دەستی مرۆڤەوە و هەر ئەو بەدیهاتنە بوونە هۆی لەناوچوونی، مرۆڤ بە هەموو مێژووەکەیەوە، بەهەموو دۆزینەوە و پەرەسەندنەکەیەوە

کـار بـۆ لـەنـاوچـوونـێکی گشتـیدا دەکـات، کـە مـرۆڤـایـەتـی بـەرەو مـێژوویـەك دەبـات کـەنـەدەبـووایـە مـێژووی خـۆی بـێت، گـەورەتـریـن دەرەنجامـی ئـەو مـێژووە نـادروستـە بزرکردنی هـەستکردنی مرۆڤە بە هـاوبەشی بوون لەیەك چارەنووسی بوونی گەردوونی و سوود وەرنەگرتنیەتی لە هۆی یا هۆکاری بوونی خۆی لەسەر ئەم زەوییە.

**بەردەوام بوون وەکو وەهمێکی بەرجەستەیی**

بـەردەوامـبـوونـی دوو کـاردانـەوەی لـەسەر هـەمـوو کـایـە بـوونـیـەکـانـی مـرۆڤ هـەیـە. لەلایەکەوە بەردەوامبوون پەیوەست بە ژیان و تێڕوانینەوە پاشخانێکی تراژیدی دەنوێنی لەوەی مردن یەکێکە لە بوونە هەمیشەیی و بەردەوامییەکانی مرۆڤ و مانەوەیەکی تریش هەمیشە زیندوو و هەمیشەییە، کە ئەویش بوون و گەردوونە و بەردەوامیدانە بە مانەوەی مرۆڤ، لە گۆشەیەکی ترەوە، هەر مانەوەی بەرجەستەییە نەك فەلسەفی و ڕەوشتـی کـە تـێڕوانـیـنـمـان لـەوێنـەوە بـۆ بـوون بـەرجـەستـەدەکـات. واتـە تـێڕوانین و تێگەیشتنمـان بـەشێکی گەورەی پێگەیینـی حـاڵـەتێکی بـەرجەستەییە، وەکو مـانەوەی وێنەکانی گەردوون لەناخ و بیرماندا و هەندێك جار زاڵبوونی ئەفسانەش لەو وێنانەدا.

ئەگەر بێتو ئەو ڕاستییەمان لەلادا ڕوون بێ. کە مێژووی بوون و بەردەوامیبوون پەیوەست بە بەرجەستەبوونی گەردوونییەوە هێزێکی ناوەکی خودییانە بێ، هیچ نەبێ هێزی مانەوە لە سیستەم و جوولە و شوێن و کاریگەری لەسەرخۆکردن بێت، ئەوی لەم بۆچوونەوە بەرجەستە دەبێ بیری هاتنە ئاراوە یاخود بەرجەستەبوونی مێژوویی یا توانای وەڵامدانەوەی ئەو بەرجەستەبوونەی نییە. ڕێکەوتیش نییە، بەدووی مێژووی یا چۆنێتیی بەرجەستەبوونی گەردووونیدا ناگەڕێ. ئەو هێزە دەخاتە ڕوو لە دوو گۆشەی جیاوازەوە، کەیەکەمیان هێزێکی گەردوونیی بەرجەستەکراوی ناڕێك و ناتەبا و پەرش و بڵاوە، کەلەڕەگەزی گەردوونیی جیاواز پێك هاتووە، لە خوارەوەشدا هێزێکی تری بەقەد ئـەو هـەیـە، کـە هـەرکـاتێك ئـەو دوو هـێزەی بـەیـەك گـەیشتن ئـەو بـوونـە بـەرجـەستـەیـیـە دەسڕێتەوە و هەر لە ئەنجامی کارلەیەك کردنی ئەو دوو هێزەدایە کەبەرجەستەبوون دێتە کایەوە. ئەم تیۆرییە کە بە ناوی (بیگ بانگ)ەوە داهێنراوە تاکو ئەم ساتە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و وا پێدەچێ هەموو هەوڵەکانی پێش خۆی لە دروستبوونی گەردوون دەخاتە تێڕوانینێکی نوێوە، کە پشت ئەستوورە بە تەلسکۆبە زەبەلاحەکانی هابڵ و ناوەند و ئـەنستـیـتـوە زانستـیـە ئـەمـریـکـیـەکـان. بـەردەوامـبـوون بـیـرێکی ڕێژەیی و کـاتـی و

سنـــووردارە، کـــەلـــەو گـــەردوونـــە فـــراوانـــەدا سات لـــەدوای سات بـــەسەدان کـــرداری بەرجەستەبوونی تەنی و بەرجەستەبوونی گازی ڕوو دەداو بەهەزاران ژینگەی جیاوازی گەردوونی و زەمەنی و شوێن لە دایك دەبن تاکو بەردەوام دەگاتە چەند ئاستێکی بەدەر لەماناو بەهای ماناش. لەوخاڵە گەردوونییەی ئیتر هەموو ماناکانی ئێمە بۆ گەردوون و بەرجەستەبوون بەتاڵ دەبنەوە. چونکە هێزو کاریگەرییەکانی بەردەوامبوون پەیوەست بەبەرجەستەبوون و کاتەوە دەچنە وێستگەیەکی نەزانراوەوە.

ملـیـۆنـەهـا ساڵ لـە ڕوانین، ملـیـۆنـەهـا ساڵ لـەدروستبـوون، ملـیـۆنـەهـا ساڵ لـە فراوانبـوونـەوە، ملیـۆنـەهـا ساڵ لە لەناوچوون، ئەم دیاردانە ماناکانی ئەگەرچی بەردەوامییەك لەبەرجەستەبوون دەنوێنن، بەڵام لەلای ئێمەوە بەماناکانی لای ئێمەی مرۆڤ ئەو بەردەوامییە تەنیا بەوەهمی ئەو هەستەی لە لادا دروست دەبێ کە هەموو ئەم بوونە بە تەنیا بە بوونی ئەوەوە بەندە و بەبێ ئەو بوون مانایەك ناگەیەنێ، لەو کاتەی بـیـری بـەدووی یـەکـدا هـاتـنـی گـەردوونـی و بـوونـایـەتـی لـەبـەرجـەسـتـەبـوون و نابەرجەستەبووندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە تەنیا ئێمە نین کە بەرجەستەی ئۆرگانی و خەسڵەتداری ئەم گەردوونە بین و هەموو ئەم ڕاستییانەش ئەوە دەردەخەن ئێمە ئاماژەیەکین شایەتییەکی سنوورداری بەرجەستەبوون و بوونین و بەرجەستەبوون زۆر لەوە فراوانتر دەلالەتدارترو گەورەترە، کە تەنیا ئێمەی مرۆڤ تیایدا ئامادەبین، بەڵکو بـەرجـەسـتـەبـوون ئـەگـەر هـێزی گەردوونی بێت بـۆ مـانـەوە جیاوازەکـان، ئـەوا خـودی گەردوون پانتاییەك و ڕووبەرێکی بێ سنوورە. بۆ هێزی جیاوازی تری نابەرجەستەبوو.

ئەمە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی، میتافیزیکی و غەیبانی نییە، بەڵکو ئەمە دەرەنجامی یا دەرکـەوتـنـی خـودی مـانـاکـانـی بـەردەوامـبـوونـی ئـێـمـەیـە، بـەهـەمـوو ئـەو ڕاسـتـیـیـە گەردوونیانەوەی کە دەری دەخەن. بوونی بەرجەستەیی ئێمە بوونێکی مەرجداری کاتی و کەم ئاماژەو بێ مێژووە، لەو کاتەی خودی تێگەیشتنمان لەگەردوون و بەرجەستەبوون و لەناوچوون و زەمەن، ڕەهەندی گەردوونیی گەورەتریان لە خودی ماناکانی ئێمەدا هەیە، ئێمە ئاماژەیەکین، ناوەندێکی دوا قۆناغی کامڵبوونی گەردوونین، کە زانست و ئاین و فەلسەفەش لەم خاڵەدا یەك دەگرنەوە. بەدەر لەماناکانی بەرجەستەبوونمان لەم گەردوونەدا. هۆیەکەشی لەوێوەیە دیاردەی گەردوونی و مرۆیی هێشتا لەخاڵی یەکەمی هەزارەها خاڵی دۆزینەوە و زانینەو ئەو هێزە زەبەلاحە بەرجەستەییەی گەردوون خۆی لەخۆیدا دیاریکەری هەموو بوونی ئێمە و چارەنووسمانە لەبەردەوام بووندا.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گەردوون بەلایەنی ئێمەوە تەنیا وێستگەیەك بێ بۆ نامۆیی بوون و خولْقاندنی بیری نامۆبوون لە لای مرۆڤ. هەرکاتێك دەرکی بەهەندێك لەڕاستیەکانی گەردوون کرد. بەڵکو ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ و بوون لەوێدا واقیعین و تەواوکەری یەکترین کاتێك بیری بە ئاماژە بوونی گەردوونی ئێمە دەخاتە نێو ماناکانی گەردوونەوە هەروەکو چۆن ئێمە دەخاتە نێو ماناکانی بەرجەستەیەکی دیاردەگەرایی هێزێکی لەبن نەهاتووی گەردوونییەوە، کە هەروەك زانستی نوێ ئاماژەی بۆ دەکات ئەو هێزە توانای خولقاندنەوە و سڕینەوەی هەیە، بە ئاماژە بوونمان لەبەردەوام بووندا دەمانخاتە نێو زنجیرەیەك لەکرداری مان و نەمانەوە، زنجیرەیەك لەکرداری خۆجێییانەی نازەمەنی، کە دەشێ بۆ بوونی بەدووی یەکدا هاتووی بەرجەستەیی و نابەرجەستەیی مانای تری وایان هەبێ کەلەلای ئێمەدا ئەو مانایانە لە حوکمی بێ مانایی و نەبوونیدایە.

ئەو هێزەی کە توانای خۆبەرجەستەکردنێکی ئەوەندە زەبەلاح و بێ سنووری هەبێت، توانای خولْقاندنی هێزی تری هەیە لەبوون و بەرجەستەبووند. چونکە بەپێی تێگەیشتنی مرۆڤ هەر خۆی کەوەکو ناوەندێکی ئاماژەیی و شیکردنەوەیی وایە لەگەردووندا، ئەم بوونە بەو هەموو گەردوونە بەرفراوان و بەم هەموو ڕەگەزە ئۆرگانی و نائۆرگانییە بەرجەستەکراوانەوە، تەنیا ئەو مانایانە هەڵناگرن کە ئێمە هەمانە بۆیان، چونکە ئەوان لەم گەردوونەدا توانای کرانەوەی گەورەو بێ سنووریان لەبووندا هەیە. ئەم کرانەوەیەش بەدەوری خۆی مانای نوێی بەدووی خۆیدا هێناوە، کە لە توانای هەستیار بوونایەتیی مرۆڤدا نییە شیکردنەوەیان بۆ بکات.

مرۆڤ لەبەردەوامییەکی بەمێژووکراو و بەقاڵبکراودا مانەوە بەتوانای بایۆلۆژی و فسیۆلۆژییەوە دەبەستێتەوە، لەوکاتەی هیچ بوونێکی ئۆرگانی لەبووندا هەتا هەتایی نییە و هەموو بوونێك سنوورێکی بۆمانەوە و ژیانی هەیە و کۆتایی خۆی هەیە، کۆتایی هاتنیش دەلالەت و مانای تری هەیە، جگە لەوەی بەرجستە کراوە و لەلای ئێمە مانای نەمانی یەکجارەکیی بوون دەگەینێ، هەربۆیە زانستە نوێیەکان ئەمڕۆکە بەناچاری بەدووی هەر مانەوەیەکی مرۆڤ دەگەڕێن لەوێنە و دەنگ و مەسەلە تیۆلۆژییەکانی تر، گرفتەکەش هەمیشە لەوێدایە کە بەردەوامبوون بەشێوەیەکی حەتمی پەیوەستی مرۆڤ لەبووندا تەنیا بەبوونی خۆیەوەیەتی، هەروەکو چۆن هیچ پێوەندییەکی بەرجەستەیی بەبوونی ترەوە نییە، لەوکاتەی بەپێی بەڵگەو هەزاران وێنەی مرۆڤ خۆیی و هەزارەها

ناوەندو جووڵەی زانستی دوو ڕاستی خەریکە بەسەر باوەڕی زۆرینەیەکدا زاڵ دەبێت، کە ئێمە بە تەنیا نین لەم گەردوونە، لەهەر دوو باری بەرجەستەیی- بینین- هەروەها لەباری شاراوەیی و - نەبینراو- دا.

ئەم بەرجەستە بوونانەش لەلای مرۆڤی ئەمڕۆو دوێنێدا تاکو ئەمڕۆ لەلایەکەوە لەلایەن زانستەوە ڕەت دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی باوەڕی زانستی مرۆڤ پشت بەبەڵگەی بەرجەستەکراو دەبەستێ، لەلایەنی باوەڕی ئاینییەوە، ئەم بوونانە مەسەلەیەکی سەپێندراوو ڕاستەقینەن.

لە ڕاستیدا یەکێك لەکەلەبەرە هەرە قووڵەکانی مێژووی زانستی مرۆڤ، هیچ نەبێ لەسەردەمی گەشەسەندنی زانستیدا لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا دەبێ هەر ئەوەبێ، کە زانست لەشێوازە تەجریدی و بەرجەستەکراوەکەیدا کاری پێ کراوە، لە دەرەوەی بەرجەستەبوون و لابوور، هەموو لێکۆڵینەوەیەکی تر خراوەتە پەراوێزەوە. لەو کاتەی مرۆڤایەتی ئەرشیفێکی مەزنی لە تۆمارکردنی بوونی نابەرجەستەیی هەیە و تاکو ئەمڕۆ نهێنی و ماناکانی ئەو بوونانە لە مرۆڤ و تێگەیشتنی دوورن و لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا بوونیان نییە. ئەم لایەنە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری بەردەوامبوون لە گەردووندا وەکو مرۆڤ و بەردەوامبوونی گەردوون. وەکو بوونێکی بەرجەستەیی، چونکە باوەڕێکی مرۆیی لە ئارادایە بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە نهێنییەکانی بوون، چونکە مرۆڤ ئەمڕۆکە بە هەموو ئەو توانا زانستی و تەکنەلۆژییەی هەیەتی، هێشتا هەستکردن بە تەنیایی و نامۆیی گەردوونی زاڵە بەسەریدا. ئەمەش هەستی گەردوونیی مرۆڤە، کەلەگەڵ مێژووی مانەوەی لە گەردووندا لەلایدا پەیدابووە.

مرۆڤ لە گەڕانیدا هێشتا دوورە لە نهێنییەکانی بەردەوامبوون و بەرجەستەبوونەوە، هێشتا تێگەیشتنی بۆ بەردەوامبوون پەیوەستی کردووە بەباری فسیۆلۆژیی خۆیەوە. باری فسیۆلۆژی و بایۆلۆژیی مرۆڤ ئەو سیستەمەیە کە لە توانا بەدەرەکانی گەردوونەوە وێنەی کێشراوە، لە هێزێکی ناوەکییانەی گەردوونەوە، کە لە هەموو لایەنەوە سنووردار و ئابلۆقەدراوە. چونکە هەر لەنێو ماناکاندا مرۆڤ تێگەیشتنی خۆی تۆماردەکات. دۆزینەوەی زانستی ئەگەرچی بەلای خودی مرۆڤەوە بۆ چەمکی بەردەوامبوون لەسەر بناغەی مانەوە و لەناوچوون بنیات نراوە، ئەم پۆلێنکردنە ئەگەرچی مانایەکی بەرجەستەیی هەیە، بەڵام هەروەها مانایەکی شاراوە و نابەرجەستەیی هەیە.

سیستەمی مانەوە و لەناوچوون، میکانیزمی نەمان و زیندووبوونەوە، سیستەمێکی بوونایەتیی فەلسەفییە، پێش ئەوەی زانستی بێت، کەڕەگی خۆی لە ئەفسانەو کەلتوورو تیۆلۆژیدا هەیە، لەوکاتەی ئەو ڕاستیەمان لەلادا بەرجەستە دەبێت کە هەموو بوون لەیەك سیستەمی لەناوچوون و پەیدابوونەوەدا داڕشتراوە کە هەموو هێزە لەبن نەهاتووەکانی گەردوون بەشدارن لەم بەسیستەمکردنەی بووندا. چونکە بەردەوامبوون و پاشان لەناوچوون بریتییە لە زنجیرەیەك کە کرداری یەك ئاراستەیی بەرجەستەیی بەلایەنی مرۆڤەوە، کە تەنیاش بەلێکدانەوەی زانستی بەرجەستەیی مانادار دەبێ و لەدەرەوەی ئەم تێگەیشتنە بەردەوامبوون پاشان لەناوچوون مانایەکی تر ناگەیەنێ، لەوکاتەی هەموو بەردەوامبوونێك بەمانای بەجێهێنانی وەزیفەیەکی بایۆلۆژی لێك دەدرێتەوە، کە گەوهەری بەرجەستەبوون دەنوێنێ، بەرجەستەبوونێك تەنیا پەیوەستەکانی بەبینینەوە بەندە، واتە بەدیاردەگەرایی بەرجەستەیی، لەوکاتەی هێشتا مرۆڤ لەبوون و مردندا، واتە لەبەردەوامبوون و بەرجەستەبوون و نەماندا، هێشتا لەو ڕاستییەوە دوورە، کە مرۆڤ دەشێ دەورێکی یا چەند دەورێکی تری نابایلۆژی و نابەرجەستەیی هەبێت.

لە تازەترین لێکۆڵینەوەی نوێ لەسەر ڕوەك کۆمەڵێك زانای گەورەی ئەم سەردەمە گەیشتنە دۆزینەوەیەکی نوێ سەبارەت بەزمانی ڕوەك. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەلە ئاستی لێکۆڵینەوەی کیمیایی ڕوەکدا کراوە، دەرکەوتووە ڕوەك زمانێکی کیمیایی تایبەت بە خۆی هەیە و نامەو پەیامی کیمیایی ئاراستەی یەکتر دەکەن، لەشێوەی هێماو کۆدو کارلێك کردنی کیمیاییانەدا. ئەم دۆزینەوەیە پەیوەست بەبوون و بەردەوامبوونەوە گەر ئاماژەیەکی هەبێت لە مانادا هەر ئەوە دەبێت، کە ئەم گەردوونە بە هەموو ڕەگەزو پێکهاتە ئۆرگانی و نائۆرگانییەوە دەورێکی دیاریکراوی پێ سپێردراوە، بەمەش خودی گەردوون و دروستبوون یا دروستکردنی بەهۆی هێزێکی لەبن نەهاتووەوە بۆ هۆیەکی تر لەو هۆیانەی ئێمە دەیزانین خراوەتە حاڵەتی بەردەوامبوون و نەمانەوە، پەیوەست بە بەردەوامبوونەوە، بەردەوامبوون ئەو وەهمەیە کە ئێمە لەسنوورەکانی سیستەمدا دەهێڵێتەوە، کە ئێمە بەبارە بەرجەستەییەکانی بوون ئاشکرا دەکاو چارەنووسمان بەوبارەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش گەورەترین ڕووە تراژیدییەکانی مرۆڤ دەنوێنێ. چونکە هەر وەستان لە ئاست ئەم ڕاستییە گەردوونییە بەوەهمکراوەدایە کە مرۆڤ نەوە لە دوای نەوە و بۆ هەزاران ساڵی ڕابردوودا لەنێو بیرو چەمکی دیاردەگەرایی

بەرجەستەییدا شیکردنەوەی بۆ خۆی و بوون کردووە و بەرامبەر بەمەش لێکۆڵینەوە لە بوون و گەردوون لەو بارەدا ئەفسانەی کردووەتە بەشێك لەژیانی گیانی مرۆڤ، نەخێر ئێمە لەم گەردوونەدا بۆ وەزیفەیەکی بایۆلۆژی تەنانەت تیۆلۆژیش دروست نەکراوین و نەهاتووینەتە بوونەوە. چونکە ئێمە بە هەموو ئەو مێژووی زانینمانەوە، هێشتا لەنێو باوەڕەکانی بەرجەستەبووندا دیل کراوین، دەشێ نموونەی ئەم باوەڕە لەهەوڵەکانی مرۆڤدا هەروەکو داوای ئەو مرۆڤە بێ، کە ویستی هێزی لەبن نەهاتوو ببینێ، مەیلی بەرجەستەبوونی غەریزەیی و دەوری خۆی ببینێ وەکو هێزێکی هەستیاری، بەڵام ئەو داوایە دەشێ گەر مانەوە و سیستەمی مانەوە ڕێگە بەبوونی مرۆڤ بدات سەدان ملیۆن ساڵی تر لەو مانایانەوە دوور بی. کەواتە بەرجەستەبوون لەمانەوەدا وەهمی دەوری مرۆڤە، کە لەنێو سیستەمێکی نەگۆڕا (بەلایەنی ئێمەوە) بمێنێتەوە و کۆتایی پێ بێت و بوون و گەردوون دەشێ لەبەرجەستەبووندا هێشتا لە حوکمی وەهمدایە.

تۆش ئەی خوێنەر وردبەوە لەخۆت و گەردوون، لەمردنی گوڵە جوانەکانی بەهارو سەوزایی و دووبارە بەرجەستە بوونەوەیان، وردبەوە لەو هەموو گیانەوەر و زیندەوەرە جوان و سەیرانە و ئەو پرسیارە لە خۆت بکە.. دەوری تۆ لەنێو ئەم بوونەدا چییە و چارەنووسی مرۆڤایەتی لە کوێی تواناکانی خۆیدایە.

**بەرجەستەبوونی گەردوونی و دووسەرەبوونی مێژوویەك بۆ مرۆڤ و زەوی**

ئەو پرسیارەی کە بەدەگمەن و بەناڕاستەوخۆیی مرۆڤ لە خۆی دەکا، هۆی چییە مێژووی هەزاران ساڵی مرۆڤایەتی لە (پێشکەوتن) و (پەرەپێدانی عەقڵ) گەیشتە ئەم ئاستە لە ژیان، کەپڕە لە خوێنڕشتن و دابەشبوون و دژایەتیی یەکترو مەترسیی لەناوچوونی مرۆڤایەتی، پاش هەموو ئەمانەش گواستنەوەی ژیان و ژینگەی زەوی بەرەو تێکدان و وێرانکردن. ئاخۆ نەدەکرا مێژووی مرۆڤ و ژیانی لەسەر زەوی بەرێچکەیەکی پەرەسەندنی تردا ببردرایە؟ پرسیاری لەم جۆرە تاکو ئێستا لەبیری کۆن و نوێی مێژووی فەلسەفەو فیکرو زانستدا بوونی نەبووە.

هۆکاری پرسیار نەکردنیش لەچۆنێتیی پەرەسەندنی مێژوویی و شارستانێتیی مرۆڤدا هەر ئەمەبووە کە ئەو لقانەی زانین و فێربوون مامەڵەیان لەگەڵ بوونێکی بەرجەستەییدا کردووە. وەهمی بەرجەستە بوونی شتەکانە کە لە ڕووناکاییەك زیاتر ڕووناکایی تر بوونی نەبێ لەتاریکاییەك زیاتر تاریکایی تر بوونی نەبێ. وەهمی بەرجەستەبوونە

ژیان لەڕووناکایی بەتەنیا و تەنیا هێزی ڕوانین چاومانی سنووردار کردن، هێزی زەبەلاحی بەرجەستەبوونی گەردوونییە بیرکردنەوەمانی لەبوونێکی وا بەستەیی ئەفسانەیی دووسەرەکردوە بێهوودەنییە مرۆڤ لە باوەڕو ئایدیالەکانیدا بۆی هەیە وەکو پێغەمبەرانی ئاشتی بەدووی ئاشتی خوازیی بگەڕێ، وەکو گورگێکی برسیش بەدووی خوێن ڕشتن و بۆنی خوێندا بگەڕێ. ڕووناکایی و تاریکی ئێمەیان کردە مرۆڤێك کە دووسەرو دوو عەقڵ و دوو بیرکردنەوەمان هەبێ و هەموو بینینەکانمان، هەموو بیرکردنەوەکانمان هەموو دروست کردن و داهێنانەکانمان خاوەنی دوو بەهای دژ بەیەك بن. لەوکاتەی بانگەشە بۆ گەردوونیەتیی چارەنووسی مرۆڤ دەکرێ، هێڵەکانی سنوور هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ لە نێو یەکتری و دژ بەیەکتری ژیانی ملیۆنەها و ملیۆنەها مرۆڤیان کردە دۆزەخ و خوێنی مرۆڤیان بەسەر زەویدا ڕژاند.

مێژووی پەرەسەندن و شارستانێتیی مرۆڤ، مێژوویەکی هەڵەیە کە کەوتۆتە دوای بوونێکی بەرجەستەیی تاك ڕەهەندی و تاك بەهایی بوونەوە. چونکە زەوی و فشار و گرفتارییەکانی زەوی بیرکردنەوەی مرۆڤیان خستەیەك ئاراستەو یەك چوارچێوە لەپەرەسەندنەوە. پەرەسەندن وەهمی گەیشتنە بە ئاستێکی بەرز لەژیان و بیرکردنەوە. ئەم خەونە کە خەونی سەردەمی پەرەسەندنە، جگە لەوەی تێپەڕاندنێکی جوگرافی و مێژوویی و شارستانێتیی گەورەی لەنێو خودی مرۆڤەکانی سەر زەویدا هێنایەکایەوە.

هەروەها ئەو خەونەی لەدەروونی مرۆڤدا کوشت کە بیر لە پەرەسەندن و ڕێچکەی پەرەسەندنی مێژووییانەی خۆی بکاتەوە. گەیشتن بە ژیانێك لە ئاسوودەیی و کامەرانی، گەیشتن بەژیانێك لە ئاسانکاری بووە خەونی هەرە گەورەی سەردەمە یەك لەدوای یەکەکان کە هیچ جێگرەوەیەکی بۆ خەونی تر نەهێشتەوە. میکانیزمێکی پەرەسەندنی جیهانیی هێنایە کایەوە کە لەجیاتی سووتەمەنی، خوێنی مرۆڤی دەکردە پێپلیکانەی سەرکەوتنی. کێ دەتوانێ سوور بێ لەسەر ئەوەی ئەو بوونە بەرجەستەیەی کە ئێمە تێیدا دەژین کۆتایی خەونەکانی ژیانێك بێ لە کامەرانی و ئاسوودەیی و پاشانیش دان پێدانان بەمردنێکی کوتوپڕ.

لە ڕاستیدا کامەرانی و پاشان مردن قەت لەیەك بەهای مرۆڤایەتیدا یەك ناگرنەوە، ئەم باوەڕە بەخشینی شکۆمەندییە بە مردن، لە پێناوی کامەرانیدا و، سەروەری بوونی مردنە لە ژیاندا. ئەوەتانێ گۆڕستانەکان شایەدی ژیانمان لە پێناوی مردندا، بەتەنیشت هەر شارێکەوە، لەنێو جەرگەی پەرەسەندووترین شاری کۆمەڵگە مرۆییەکاندا گۆڕستانێك

دەبێتە بەشێك لە بەرجەستەبوونی مردن لەنێوماندا. گۆڕەکان وەکو ئەو خانووانەن کە تێیاندا لەدایك دەبین و دەمرین وەکو ئەو سنوورانەن کە تێیاندا دەژین و یەکتر دەکوژن، وەکو ئەو کیشوەرانەن کە کۆیلەییکردن و دزی و جەنگ و قڕکردن بەسەریەکدا دێنین، وەکو زەوین، ئەو ماڵە گەردوونییە بزربووەی نێو سەدەها ملیۆن ئەستێرە، مێژووی لەدایکبوون و مردنمان دەنووسینەوە. مرۆڤ لەپەرەسەندنیدا، لە شارستانێتیی بنیاتنان و ژیانیدا، مێژوویەکی نییە لەسەر بناغەی هێزە خودییەکانی خۆی پەرەی سەندبێ، چونکە ئەو گرفتاری هێزی بەرجەستەبوونی شتەکانی دەوروبەری بووە و هێزە بەرجەستەییەکانی خۆی پێوەری پەرەسەندن و بناغەڕێژی بووە، لە دەرەوەی بوونێکی بەرجەستەیی بوونێکی ترمان لێ بزربوو، کە دەشێ هەوڵدان بێ بۆ ژیان لەنابەرجەستەیید.، کێ دەڵێ گەر خواردن و نووستن و زۆربوون نەبوونایەتە مێژوویەك، کێ دەڵێ هەناسەدان و گۆرانی و جەنگ و گرفتاری بوونمان نەبوونایەتە مێژوویەك، مرۆڤ لەسروشت و ژیانیدا بەرەو کوێ دەچوو. بەرجەستەبوونی بوونەکانی سەر زەوی وایان لەمرۆڤ کرد لەیەك بازنەی پەرەسەندندا بسوورێتەوە، بەو شێوەیەی کە هەیە گیانی دابەشبوونی پەرەسەندووی مرۆیی ، جوگرافی ، دەریایی و ئاسمانی پاشانیش دابەشبوونی دژایەتیکردن و خۆپەرستی و چەوساندنەوە هاوشانی پەرەسەندنی خۆی بکا. چەندن ئەو هەموو کتێب و داهێنان و بیرکردنەوانەی مرۆڤ کە ناوەڕۆکیان لە پێناوی خۆشەویستی و ئاشتی و یەك چارەنووسی مرۆڤدا نووسراون. چەندن هیواکانی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز؟ بەڵام چەندن ئەو دەرهاویشتە زێدانەی زوڵموزۆرداری وکوشتن و یەکتر قڕکردن؟ ئەم دووسەرە بوونە لە مێژوودا کە ڕوویەکی ئاشتیخوازو ڕوویەکی تری شەڕ خوازە، بوونە سیمای گەوهەریی پەرەسەندنی مرۆڤ کە هۆکاری سەرەکیی ژیانی مرۆڤە لەوەهمی بەرجەستەبووندا. بەرجەستە بوون هەموو ژیان و پەرەسەندن و بیرکردنەوەکانی مرۆڤی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەموو بوون و تێڕانین و چۆنێتی ژیانی لەسەر زەویدا خستە یەك ئاراستەوە، چیتر مرۆڤ ناوەندێتی و ژیان و ئامادەبوونی وەك بوونێك لەسەر ئەم زەوییە نەبووە خەم و گرفتەکانی مێژووی هەزاران ساڵی خستە قاڵبی پێداویستییەکانی ژیان.

بەمەش هەموو داهێنان و شەڕو کوشتارەکانی هەموو سنووردانان و کیشوەرگەڕی و جیابوونەوە و دابەشبوونەکانی، هەموو لەچوارچێوەی بەدیهێنانی پێداویستی و بەرجەستەبوونی شتەکاندا چڕ کردەوە و ئەم وێنانەی کە زیاتر بەوێنەی ئەفسانەیی و

نەشیاو و ساکار دەچن کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێیان دا لەوەی بۆچی ژیانی مرۆڤ و پەرەسەندنی بەم شێوەیە کەوتەوەوە بەشێوەیەکی تر نەکەوتەوە، حیکمەتێکی نهێنیی لەپشتەوەیە، کە ئەویش دروستبوونی مرۆڤ وەکو قەبارەیەکی بەرجەستەیی ئەگەرچی لە قۆناغێکی پاشینەیی گەردوونیدا بووە. لەحاڵەتە بەرجەستەییەکەی زەوی و گەردووندا هاوبەهایە لەگەڵ ئەو بەرجەستەبوونەدا، واتە مرۆڤ وەکو ئامێرێکی هەستیاری و هەستپێکەر لە ڕووکەشدا شوێن و ژیانی، جووڵە و بیرکردنەوەی لە چوارچێوەی بەرجەستەبوونی گەردوونیدا، گونجاوو هاوتەبایە

مرۆڤ برسی دەبێ، ڕوەك و گیانەوەر دەکاتە خۆراك. شتەکان دەبینێ تاکو بیانکاتە ئامانجی خۆی، دەستەکانی ئامادەن بۆ دابینکردنی شتەکان و کۆنترۆڵکردنیان، جووتێ پێی هەیە تاکو لە شوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی تر، گوێی هەیە تاکو دەنگەکان لێکتر جیابکاتەوە، قوڕگ و دەم و زمانی هەیە تاکو پێی بپەیڤێ و بەرهەمی دەستەکانی بخوا؛ هەموو ئەندامەکانی لەشی لە زنجیرەیەك ئامێر و کەرەستەی ئێسك و دەمار و گۆشت دروست کراون، تەبایییەکی بەدووی یەکدا هاتوویان هەیە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریدا کە هیچ لادانێك قبووڵ ناکات.

ئێمەی مرۆڤ بۆ ئەوە دروست کراوین کە لەسەر زەویدا بژین، هەرکاتێك توانیمان پەرە بەباری فیزیۆتنمیی خۆمان بدەین لەشوێنێکی تر و بەبارێکی تر بژین ئەوجا سیفەتی هاوتەبایی بەرجەستە بوونمان لەگەڵ گەردوون و بووندا بزردەکەین و دەکەوینە حاڵەتێکی تری نابەرجەستەیییەوە، هەموو ئەم بەسەرهاتە فیزیۆنۆمییانەی مرۆڤ هێشتا مرۆڤ دەخەنە بوونێکی سەرەتایی و ساکارەوە پەیوەست بەبەرجەستەبوونێکی بێ سنوور و زەبەلاحی گەردوونی کەبۆی هەیە وێنە ئاوێتە و نابەرجەستەیییەکانی خۆی بەهێزەوە بخاتەڕوو.

مەبەست لە هەموو ئەم بەمێژووبوونەی مرۆڤ و بەرجەستەبوونی هەمیشە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا، بەرامبەر بەهێزی کوێرو نابینای بەرجەستەبوون و وەهمە گەورەکەی، هەمیشە بەرامبەر بەو دەرك بەخۆکردنەی کەناڕازییەکی ئەبەدی و لەبن نەهاتوو دەنوێنێ، بەرامبەر بەبوونی بێ ژوان و بێ مێژووی خۆی؛ هەستێك هەیە، هەستێکی زیندوو فەرامۆشکراو، کە ئەویش ئارەزوو خواستنە بۆ بەرجەستەنەبوون و شکاندنی یاساکانی بەرجەستەبوونە. چونکە لەناخەوە هەست بەوە دەکا، بەرجەستەبوون لەنێوان خۆی و گەردووندا جۆرێکی بەهێز لەداسەپاندن و، نهێنی و ناماقووڵییەت و پەڕگەندەیی



(٢٢) نەجات حەمید ئەحمەد

تـێدایـە لـە جـارەنـووسێکـی کـورت و نـادیـاردا. ئـەو هـەستـەش مـرۆڤ لـە گـەردوون جیادەکاتەوە و لە ناخەوە نامۆی دەکات. بەهەموو ئەو شتانەی بەرجەستەن و دەیانبینێ و لێیان ورد دەبێتەوە، کە بەرهەمهێنانی مردن و بۆگەن بوون و شیبوونەوەی ئۆرگان، مـەزنـتـریـن بـەکـاتـی بـوونـی ژیـانـی، دەنـوێنـێ. گـەوهـەری ئـایـن و فـەلسەفـە و ووردبـوونـەوەکـانـی مـرۆڤ، هـەوڵـدانـە بـۆ دەربـازبـوون لـە هـێزی بـەرجـەستـەبـوون و یـەکگرتنـەوەی ئـەو لـەگـەڵ نـابـەرجـەستـەبـووندا. چونکـە نـاخی مرۆڤ بۆ زانینی نهێنی داگیرکراوە، بەڵام لە مێژوویەکی درێژەوە، مرۆڤ کاتێك لەوهەستەی شکست دێنێ و لە نێو گرفتارییەکانی ژیانێکی بەرجەستەبووندا نقوم دەبێ، ئیتر لەوکاتەوە خەونەکانی لە ڕزگـاربـوون لـەبـەرجـەستـەبـوون چـەپـاوە و سەرکـوت دەبـن، پـەیـوەست بـە مـێژوو و میتۆلۆژیاوە، هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتداران و زانایان و حەکیمان، بۆ هێشتنەوەی لاشە لە شێوەیەکی بەرجەستەییدا، هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بەنابەرجەستەیی بوون، فیرعەونەکان لە نێو کۆمەڵێك هێڵی تونێلدا ژوورێکیان هەڵدەبژارد کە تابووتێکی بەردینی تێدایە (کەس) بەو تونێلانەدا ناچێ و لاشەی خۆیان تێدا هەڵگرتووە. ئەم کولـتـووره لـەلای زۆریـنـەی نـەتـەوەکـانـی دنـیـادا، لـەنێو ئـەشکـەوت و چیـاو گـردۆڵـکـەو ژێرزەوی، پەیڕەوکراوە.

ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ گـەیشتن بـەنـابـەرجـەستـەیی ئـارەزوویـەك بـووە بـۆ گـەیشتن بـەو ئەڵقەبوونانەی کە لە نێوان مرۆڤ و گەردووندا هەیە، چونکە تەنیا بەگەیشتن بەو ئەڵقانە یا ئەو بوونە نابەرجەستەییە دابڕاوانە مرۆڤ دەگاتە ئەو هیوایەی کە ئەویش دەبێتە بەشێك لەو هێزەی کە لە دەسەڵاتی بوونایەتیی هەیە، کە جوانترین هەوڵەکانی مـرۆڤ بـەگـەیشتن بـەم تـرووسـکـاییـە لـە هـیـوا خـواستن و گـەڕانـی بـەدوای ئـەو بـوونـە، سۆفـیـگـەرایـیـە. سۆفـیـگـەرایـی عـەودالّـیـی هـەرە قـووڵـی مـرۆڤـە بـۆ دەرچـوون لـە بـاری بـەرجـەستـەیـی بـوون «فـەنـابـوون» یـاخـود «توانـەوە لـەخـودادا» ئـەو هـیـوا گـەورەیـەیە بۆ ڕزگاربوون لە زیندانی بەرجەستەبوون بۆ ڕزگاربوون لە جەستەیەکی بەوەزیفەکراو، بۆ جەستەیەکی بەرنامەدارو وەزیفی، خۆداماڵین لەجەستە توانەوەی بوونی جەستەیە لە وشەو لە کەشی جیاجیای سەرسوڕهێنەر.

هـەربـۆیـە سۆفیـگـەرایی وەکو هـەوڵێکی بـەدەستـهێنـانـی زانین و حـاڵگرتن، هەوڵێکی گـەوهـەریـیـانـەو ڕوحیـیـانـەیـە بـۆ سـەلـمـانـدنـی ڕاستـیی نـابـەرجـەستـەبوون، چونکە لە نێو ناخی هەموو مرۆڤێکدا ئارەزوویەکی بەهێز هەیە بۆ مانەوە کە بەرجەستەبوون بە

هەموو دەلالەتەكانییەوە مانایەكە یا ڕاڤەیەكە بۆ مردن. هەربۆیە ئەو ئارەزووەی كەمانەوە دەشێ لەنابەرجەستەییدا بێتەدی، ئارەزوویەكی دێرین و نوێی مرۆڤە، كە زانستدا دۆزینەوەی شریتی بۆماوەیی كە لە نزیكەی هەشت خانە پێك دێت هەریەك لەوانە وەزیفەیەكی هەیە لە جەستەدا واتە لەبەرجەستەبووندا، كەیەكێك لەو دەورانە درێژكردنەوەی تەمەنی مرۆڤە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ. ئەم هەوڵەش لەگەوهەردا كێشەیەكە كە لە ئۆرگان و بەرجەستەبووندا خۆی لەنابەرجەستەبووندا جیادەكاتەوە، ئەمەش كێشەی نێوان باوەڕو ئایدیایە لەگەڵ زانستدا كە وەك ڕاستییەك سەرنجی مرۆڤایەتیی بۆ وردەكاری و دەلالەتەكانی ڕانەكێشاوە و لەئەڵقەكانی داهاتوودا دەیخەینە بەرشیكردنەوە.

لێرەشدا دەرەنجامی ئەم بابەتەمان لەوێدا چڕدەكەینەوە كە ڕێچكەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لەبەرجەستەبوون و نابەرجەستەبووندا، سیفەتێكی دووسەرەی دژ بەیەكی هەیە و بەمێژوویەكی هەڵەدا مرۆڤایەتی بەردەوامیی بەژیانی خۆی دا كە سیفەت و سیمای كارەسات و لەناوچوونی بەپەلە هەڵدەگرێ و زیاتر لەنابەرجەستەیی بووندا دوورمان دەخاتەوە. هەر ئەم دژبەیەكییەش وای كردووە كە پێناسی ناسنامەی شارستانییەتی بەلای بەرجەستەبوون و مردندا بشكێتەوە، كێ دەتوانێ پاش هەموو شتێك بگاتە ئەو باوەڕەی كە لەنێو قەدەرییەت و چارەنووسی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ دەیتوانی بەشێوەیەكی تر پەرە بەبوونی خۆی بدات؟ ئەمە پرسیارێكەو بەدوویدا دەچین. ستایل (٢٠٠٥).

## بەشی چوارەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# شیعری کلاسیکی کوردی

**پێکهاتی ئاستەکانی دەلالەت و تەکنیك لە شیعری**

**«نەمردم من»ی نالی**

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ
دەروونم خاڵییە وەك نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ
بینایيم کوێرە هەڵنایێ بەڕووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ
هەموو ئەعزایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ
قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ
لە کن تۆ خارو خەس گوڵزارە بێ من
لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
لە کن من با وجوودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەم ساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ

هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون

ئەمێستا موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ

لە حەسرەت سەرووی قەت چاوی (نالی)

دوو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ

***

یەکێك لە خاسییەتە هەرە گرنگەکانی شیعری کلاسیك، ئەو سەربەخۆییە کاملەی بەشەکانی واتایە کە تاکە بەیتەکان لە خۆیاندا هەڵی دەگرن. ئەگەر چی لە بنیاتە گەورەکەی یەکێتی بابەتەوە ئەو تاك بەیتانە لە هۆنراوەیەکدا، ژمارەیان هەرچەندێك بێ ئەوا هەمیشە سەربەخۆیی بنیاتێکی بچووکی خۆیان دەپارێزن، لەوانەشە سەیرترین خاسییەت و گرنگترین خاسیەتیش کە دەورێکی سەرەکی لەم شێوازە شیعرییەی کلاسیکدا دەگێڕێت و وادەکات شیعری کلاسیکی خاسیەتی بابەتییانە و ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەبێت، بەخشینی سیماو تایبەتگەرێتی «وەسفە زێدەڕۆکان»ە لە شوێن کردنەوەی ئاوەڵناوە زێدەڕۆکان لە دووتۆیی بەیتە شیعرییەکاندا، بەمەش بەیتی شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ لە خاسییەتی بابەتی و شێوەی دارشتندا دابڕان دەکەوێتە نێوانیانەوە.

لێرەدا مەبەست ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو شێوازە شیعرییە نییە، بەڵکو ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو دابڕانە جەوهەرییانەیە کە پەیوەستن بە بنیاتی مانا و شێوازی شیعری کلاسیکییەوە. بێگومان هۆیەکانی گەڕان بە دووی ئاوەڵناوە زێدەڕۆکان لە خودی خۆیدا تێکشکاندنی زمان هەڵدەگرێ کە لێرەدا شوێنی باسکردنی نییە، بەڵام دەشێ یەکێك لە پێکهاتە دەروونییەکانی قۆناغی شیعری کلاسیك ئەم خاسییەتە بێ. کە لە پێناوی باوەڕ پێ هێنانی «گوێگر/ خوێنەر»دا ورووژاندنی ئەم شێوازە بناغە و ڕەگی خۆی لە شیعری کلاسیکدا داکوتاوە. ئەم سیفەتەی شیعری کوردییش زۆر لە دەورەکانی زمان لەم ڕێکخستنە شێوازەکارەدا لە ڕستەدا بەرجەستە دەکا. بەرای من زاڵبوونی وەسفە زێدەڕۆکان لە شیعری کوردیدا دیاردەگەرییەکە تا ئێستاکەش بەماتی لە شیعری نوێی کوردیدا لە ناونەبراوە، کە لە بنەرەتەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری زمانەوانی ، دەروونی و کۆمەڵایەتی کە بە جارێك پەل بۆ زۆر ڕەگەزی ڕەوانبێژی دەهاوێت، بەڵام گرینگترین هۆکارە جەوهەرییەکانی ئەم ڕێچکە شیعرییە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری دەکەین.

١–بەکار خستنی ئەم وەسفە زێدەڕۆیانە لە پێناوی بەسۆز هێنانێکی تراژیدیانە ودەروونییانەی خوێنەر لە پێناوی خرۆشاندن و بەجۆشهێنان و ڕێگە خۆشکردن بۆ ڕاکێشانی سەرنج و خولقاندنی بارێکی دەروونی تراژیدی.

٢– هەوڵدان بۆ بە لایەن کردن و باوەڕ بە دەست هێنانی خوێنەر، ئەویش بەدەرکرنی گوێگر لە باری دەروونی سەقامگیر و ڕۆتینی مامەڵە کردنی لە بێلایەن بوون و هاوسۆزینەبوونی، بەو پێیەی گەیاندن و جەوهەری پرۆسەی گەیاندن لە بڵاوکردنەوەی شیعری کلاسیکیدا پشتی بە وەرگرتنی زارەکی بەستووە.

٣– دروستکردنی حاڵەتی سەرسوڕمان، پرسیاری بەزەیی لە لای گوێگر، لەو کاتەی کە جەوهەر و بناغەی وەسفە زێدەڕۆکان لە شێوازی ئاڵۆڕ پێکردن تێکدانی دەورەکانی ئاوەڵناوەوەیە لە زماندا.

٤– دروستکردنی حاڵەتی دژبە یەکیی وەسفی لە چۆنییەتیی دروستکردنی ڕستە و چۆنییەتیی بەکارخستنی ئاوەڵناوەکان، لەو کاتەی دەبینین دوو وەسفی دژ بەیەك لە حاڵەتە چەسپاوەکاندا بنیات دەنرێن.

٥– بەخشینی بنیاتێك لە ناوەڕۆکی یەکگرتوو، ڕێچکە و نەسقی یەکگرتوو لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی مانا چەسپاوەکان و دروستکردنی وێنەی وەسفی هاوتەبا و هاوشێوە.

٦– بنیاتنانی وەسفی بەراوردکاری و ڕەتکردنەوە لە ئاوەڵناوە زێدەڕۆکاندا بەلایەنی ڕاناوەکانەوە.

٧– بنیاتنانی دەلالەت و ئاماژەی بزر لە واتای پشتەوەی ڕستە.

٨– بنیاتنانی ئیحای شێوەی مانای جیاواز لە فرەبوونی دەورەکانی ئاوەڵناودا.

ئەم خالانە بە شێوەیەکی کورت چۆنێتی و هۆکارەکانی دروستبوونی خاسییەتی وەسفی زێدەڕۆ لە شیعری کلاسیکدا. دیاری دەکەن. بێگومان لایەنی هاوسۆزیبوونی «گوێگر–خوێنەر» دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە هاودەمیکردنی ئەو شیعرانە و بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانە کە دەماودەم بە شێوەیەکی کاریگەر خۆیان لە نێو کولتووری میللەتاندا بڵاودەکەنەوە، کە لێرەدا نموونەیەکی لە شیعری بەرگری یۆنانی دێنێتەوە. خەڵکی شیعرێکی زۆری بەرگرییان بە شێوەیەکی زارەکی دەوتەوە بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان بناسن. بێگومان هاوسۆزیبوونی خەڵکی لەگەڵ ئەو شیعرانەدا هۆیەك بوون بۆ لەبەرکردنی شێوەکان.

جەوهەری هۆنراوە «نەمردم من» لەسەر دوو ڕەگەزی ڕاناوەکانی «من –تۆ» داڕشتراوە و هەر ئەم ئامادەبوونەی ئەم ڕاناوانەیە کە لە توێژەکانی دەلالەتی شیعرەکەدا میکانیزمی بە جووڵە خستنی یەك هەناسەی دەلالەتەکانی شیعرەکەیە. کە بەرامبەر یەکبوونەوەی ڕاناوی (تۆ) لە حاڵەتی «دیار–بزر» و «من» لە حاڵەتی «بێ تۆ–منی بێ تۆ» دا بەرجەستە دەبن. لە گۆڕانی وەسفە چەسپاوەکانی دەلالەتیشەوە «من – تۆ – جیهان»، لەگەڵ حاڵەتی «تۆ – من – ئەوانی تر» وەسفی هەڵبژێردراوی شاعیر دێتە کایەوە. ئێستا شاعیر دوور لە کەسی هەڵبژێردراوی دێتە گۆ. ئێستا شاعیر دوور لە هەواری «خۆشەویستەکەی» دایە و هەست بە دەرئەنجامی کاریك دەکات هەروەك ئەوەی ئەو دەرئەنجامە لە هەستە واقیعی و ئاساییەکانی ناوەوەیدا نەبووبێ. سەرجەمی شێوەکەش لەسەر دەربڕین لێکردن و وەسفێکی زێدەڕۆی توندوتیژی ئەم بارە هەستیارییە داڕێژراوە و بەیتی یەکەم بە هێزترین تەقاندنەوەی هەستێکی مات بووە. ئەو هەستەی پێش وەختە کپ و مات بووە و هێدی هێدی بەرەو شڵەژان و بەیەکداهاتندا هاتووە.

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

هەموو شیعرەکە و دەلالەتەکانی لەسەر ڕەتکردنەوەی گریمانداری «مردن»ەوە بەرەو ڕەتکردنەوەی مەرجداری «بەیەك گەیشتنەوە» داڕێژراوە. گریمانی «مردن بێ ئەو» لە دوو ڕێدا مەرجی دوورنەکەوتنەوە و سەفەرنەکردنە «بێ ئەو» و بەیەك گەیشتنەوەی بزرو پرسیاری بزر لە ڕستەکاندا دەشارێتەوە. کە بە جارێك هێمای تراژیدی لە ئاماژەی «مردن – نەمردن» دا دەکاتەوە و ئەم گریمانەش دوو حاڵەتی «بەیەك گەیشتنەوە – نەمردن» و «بەیەك نەگەیشتنەوە–مردن» بەرەو ڕووی یەك دەکاتەوە لە دەلالەتە جەوهەری و ئاماژە جەوهەرییەکانی شیعرەکەدا. ئەم لێکچوواندنەش هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە نەسقێکی یەك ڕێچکەیی بە بەیتەکانی دوایی دەبەخشێت، بەڵام لە بناغەوە نالی وەسفی بەرەواژەیی و حاڵەتی دابرانی واتایی تر لە شیعرەکەدا دەخولقێنێ.

بێگومان لەوەدا ئەوە ڕوونە وەسفی زێدەڕۆیی ئێدیۆمی «نەچوون تا ئەو خوارە» ئاماژە و ئیحای نۆستالیژیای بەیەك گەیشتنەوە لە خۆیدا دەگرێت لە حاڵەتی «بەیەك گەیشتنەوە – بەیەك نەگەیشتنەوە» دا لە دوو توێی دروست بوونی دەلالەتەکانی «من – تۆ» دا

پەیوەست لە دەرەوی خۆشی دەلالەتەکانی «ژیان بێ تۆ- ژیان لەگەڵ تۆ» بەرجەستەی دەبێ. رستە «نەمردم من ئەگەر ئەم جارە...» سیحری پێکهاتەیی شێواز و ئیستاتیکای شێوازمان بۆ دەخاتە قاڵبی شیعرییەوە کە گەورەترین سیحریش لە دوو وشەی «نەمردم و نەچم» دایە، بەڵام جەختکردن لەسەر وشەی «نەمردم» زیاتر سیفەتی هاوسۆزیکردنی گوێگر و خاسییەتی زێدەڕۆ لە خۆیدا هەڵدەگرێ و لەلایەنی ڕێکخستنی بە دوای یەکدا هاتنی وشەشدا، شوێنی «نەمردم» لە ڕستەدا جەختکردنە لەسەر بارێکی تراژیدیی زێدەڕۆ، هەروەك چۆن وشەی «نەچم»ی مەرجدار گەیاندنی حەزەکانی ناوەوەی شاعیرە پەیوەست بەنەمردنەوە بە بینینەوەی «خۆشەویستەکەی» هاوکێشەی دەلالی شیعرەکە لە سەر هەردوو ڕستەکە:

**نەمردم بێ تۆ- نەچم بێ تۆ**

داڕێژراوە وچەند ئاماژەیەکی نهێنی لە پشتەوەی ڕستەکەدا بە دیار دەخات، کە لە هەموویان گرنگتر «هۆیەك لە نەگەڕانەوە» وبەرامبەر «بە هۆیەك لە سەفەر» و بەرامبەر «هۆیەك بۆ ژیان» تێکهەڵکێشی واتاکانی تری. دەق دەبن.

لە لایەنی ڕێکخستنی دەلالەتەوە ئامادەبوونی ڕاناوەکانی «من - تۆ» بە هەمان کاریگەری، قورسایی خۆیان لە زنجیرە بە دوای یەکدا هاتنی ماناکانی بەیتەکە دەخەنە رستەوە. لە هەردو تاکە بەیتەکەدا پەشیمانی لە چوون، نزیك بوونەوەی گریمان ئامێز لە مردن. حەزی بە یەك گەیشتنەوە لە داهاتوو، نەخشەیەکی جەوهەری دەبەخشنە هۆنراوەکە.

من - دوور لە تۆ- مردن لە ئێستادا

من- بێ تۆ - تەنیایی لە ئیستادا

پەیوەستەکانی «تۆ - بەرامبەر - من» داماڵینی پیوەستەکانی (من)ە بەجیهان و مردنەوە.

تۆ - نەچوون بێ تۆ- گریمانی بەیەك گەیشتنەوە (داهاتوو)

تۆ - لە گەڵ من - لابردنی گریمانی مردن (ئێستا)

پاش بەخشینی ترۆپکی تراژیدیا لە وێنەی مردندا (نالی) بەخۆیدا دەچێتەوە و جوانترین وەسفە زێدەڕۆکانی لە بەیتەکانی دواییدا دەنووسێتەوە. لێرەشدا لەسەرجەمی

بەیتەکانی دوایی‌دا وەسفە زێدەڕۆکان لە چەند لایەنێکەوە دەربڕین لە حاڵەتی (نزیک بوونەوە) لە مردن دەکەن و هەر لە دۆزینەوەی ماناکانی ئەم نزیکبوونەوەیە کەوا دەکەن شاعیر بە دوای ئەو ئاوەڵناوە زێدەڕۆییانەدا بگەڕێ کە دەبنە ڕەگەزی بەهێزی دەربرین کردنی لە حاڵەتی نزیکبوونەوەی مردن، تاکە وشەکانی «ناڵین – هاوار – چۆڵی... هتد» ئاوەڵناوێکن پەیوەستن بەو وێنانەی کە لە دەنگ و ماتبوونی دەنگدا بەرجستەی مردن و گیاندان دەکەن، کە لەبەیتی دووەمدا (نالی) «دەروون» بەهۆی ئامرازی «وەك»ەوە بە «نەی» دەشوبهێنێ و هەردوو جیهانی ئۆرگانی و نائۆرگانی (دەروون و نەی) بە «ناڵین» پەیوەستدار دەکا. هەردوو وشەی «هەوار و هاوار» دەبنە ئەو وەحشەتگەرەی شوێن کە لە دوای کارەساتەکانی ژیاندا، بەرجەستەی مردن دەکەن لەگەڵ دەنگی دەروونـدا پەیوەستدار دەبن.

بێگومان سروشتی پێکهاتەیی داوونەریتی کوردەواری لە ڕێورەسمی مردند،ا بە جۆرێکە کە هاوار و گریان بە دەنگی بەرز دەبێتە یەکێك لە خاسییەتەکانی ئەو ڕێورەسمە، لە ڕاستیدا (نالی) هەرچەندە ناڵە و هاواری لە تەنیاییەکی مەجازی، تەنیایی مردوودا دەتوێنێ بەڵام ئەو مەبەستیەتی کە حاڵەتی «مردوو–ژیانەوە»ی خودی خۆی ئاوێتەی جودابوونەوەی مردوو بکات لە «ئەوانی» تر کە نائامادەیی (ئەوی) خۆشەویست و هەڵبژێردراو شوێنی هەموو ئەوانی تر دەگرێتەوە، گەر مردن دابڕان بێت لە «جیهان–ئەوانی تر» ئەوا (بێ ئەوی) یش بەمانایەك لە ماناکانی دابڕانی شاعیرە لە «جیهان– ئەوانی تر».

هەردوو واتا لەیەك بۆتەو لە یەك پەیوەستدا دەربڕین لە حاڵەت و وێنەیەکی وەسفی تراژیدی و زێدەڕۆیی خودێك دەکەن لە شوێنێکی چۆڵ وتاریك وتەنیا، نزیککردنەوەی دەلالەتەکانی مردنی زاتێك کە هەروەك گوڵە نێرگز لە ڕووی هەتاوی بەتینی بەهاراندا بەسەر خۆیدا ملی لاردەبێتەوە و دەڕوانێتە خۆی کە وەرزی ژیانی ئەو بەسەرچوو دەبێ، چاوەڕوانی بەهارێکی تر بکاتەوە، بەهاری چاوەڕوانکراوی (نالی) حەزێکە بۆ گەڕانەوە لە حاڵەتی مردن کە ئەویش بەیەك گەیشتنەوەیە لەگەڵ ئەو «خودە» هەڵبژێردراو وخۆشەویستەی بەرامبەرەکەی جودا نەبوونەوە و مەرجی جودانەبوونەوە لە تاك بەیتی یەکەمدا نزیك بوونەوەیە لە هێشتنەوەو دوور خستنەوەی زات لە حاڵەتە تراژیدیاکاندا، کە ترۆپکی ئەو تراژیدیایەش «مردن»ە، بڕوانە لەم ئاماژە و ئیحادارانەوە نالی چۆن وێنەی ئیحائی بەهێز بەرجەستە دەکا:

نەمردن ←—— مردن

——— = ——— •

بێ تۆ ←——— بەبێ تۆ

مردن ←——— بێ تۆ ←——— دابڕان

———————————

«تۆ - ئەوانی دی - جیهان»

شاعیر– دەروون– نەی– ناڵین / دەنگ

——————— ———

شاعیر هەوار هەوار \ گریان

ژیان = مردن

———

تراژیدیا

بەهەمان شێوە «ناڵەی نەی»، دەروونی پێ شوبهێندراوە. حاڵەتی بەراوردکاری دێنێتە کایەوە لەگەڵ هەوار (مەڵبەند، ناوچە) یەکی پڕ هەوار، کە لەکردارێکی بزردا دەربرین لە خودی شاعیر دەکا، لەو هەوارەدا و ناڵەی ئەو خودە لەو هەوارە سەدادارەدا. ئەم دەورە جودایانەی کە (نالی) بەرستەی دەخشێ، ئیستاتکای جووڵەداری پەیوەست بە دەلالەتەوە دەخولڤێنێ، لێرەدا گرنگترین ڕەگەز ئەو وەسفە زێدەڕۆییانەیە کە تێکشکاندنی زمان لە خۆیدا هەڵدەگرێ. لەو کاتەی دەروون بە ئاوەڵناوی «ناڵین» دێتە دەنگ، کەلەبەیتی سێیەمدا ئەم خاسییەتەی شیعرەکە دەگاتە ترۆپکی تراژیدیاکانی وەسفی زێدە ڕۆیی لەوکاتەی «بینایی کوێر دەبێ و بەرووی کەس» هەڵنایێ «موژەی یەك یەك دەبێتە بزمار» گەر دوو بەیتی پێشوو وێنەی ئیحائی تەنیایی مردوویەك راڤە بکەن لە پەیوەستی نێوان «هەوار – گۆڕ»، دەروونی خاڵی– جەستەیەکی مردوو یا جەستەیەك کە گیان دەدا، ئەوا لە بەیتی سێیەمدا «بینایی کوێر» ئاماژە بە داخستنی پێڵوی چاو دەدات، هەروەك جەستەیەك کە گیان دەدا و پێڵوی چاوی لێك دەنێت. لە هەڵنەهاتنی چاو بێ بوونی «ئەو»، مووی برژانگی وەك بزمارن و چاویان بزمار ڕێژکردووە. بێگومان هەر لە ژێر کاریگەریی تەوژمی ئەو هەستە خەفە بووەی ناوەوە و ئەو هەستە تراژیدییەی مردنە کە

بەرجەستەی گەورەکردنەوەی زێدەڕۆی وەسفەکان دەکا. لە سەرجەمی شیعرەکەدا پەیوەستی بنیاتەکان لە خولقان و پێکهاتنیاندا، لە سەر پچکەیەکی دیاریکراودا وەسفە زێدەڕۆکان دەوری خۆیان دەبینن:

١– بەرجەستەکردنی وابەستەیی نێوان دەنگ لە ڕووە تراژیدیاکانیدا و گەیاندنی ئەو دەنگە بە ترۆپکی تراژیدیا کە مردنە، مردن لە زاتدا شوێنی خۆی دەکاتەوە و زات بە دەنگ دێنێ

| | ناو | ئاوەڵناو–دەنگ | ناوەندی زێدەڕۆ |
|---|---|---|---|
| ب – ٢ | دەروون | ناڵین | نەی |
| ب–٢ | هەوار | هاوار | زات |
| ب – ٤ | ئەعزا | ناڵین | مۆسیقار |

٢– بنیاتنانی ئاراستەیەك لە دەلالەت كە لە زێدەڕۆیی وەسفەکاندا، بەرجەستەی تراژیدیای مردن دەکەن لە چۆڵیدا بەو شوبهاندن و ئاوەڵناوە زێدەڕۆییانەی کە تەنیاییەکی دابڕاو دەخەنە ڕوو. گەر بێتو، مردن دابڕانی نێوان «من – جیهان– ئەوانی تر» بێ. ئەوا شوێنیش دابڕانە لە بوون، لەوەسفە زێدە ڕۆکاندا (نالی) زۆر بە وردبینی بەرجەستەی ئەم حاڵەتە دەکا و لەژێرەوەی ڕستە و مانا ڕووکەشەکاندا، دەچێتەوە سەر ئیحای ئەو ئاماژانەی کە تەنیایی لە توندوتیژترین باریدا دەردەخەن. هەروەك زیندوویەك بخرێتە گۆڕەوە:

| | ناو | ئاوەڵناوەکان ناوەندی زێدەڕۆ | کێشە پەیوەستەکان |
|---|---|---|---|
| ب – ٢ | | | |
| ب – ٥ | دەروون | خاڵی | دابڕانی زات |
| ب – ٧ | شەراب | ژەهری مار | بەرجەستەبوونی مردن |
| | شار | چۆڵ | دابڕان لە شوێن ئەوان |

لێرەوە ئەوە ئاشکرایە کە لەسەرجەمی بنیاتی شیعرەکەدا. لێکچواندنی سیفەتە هاوتەبایەکانی پشتەوەی وشە دەردەخات، لەوکاتەی دەروون خاڵی دەبێ و دەناڵێنێ،

لەوکاتەی پێڵوی چاوی لێك دەنێ، هەموو ئەندامی جەستەی دەناڵێنێ، هەموو ئەندامی وەك دەنگی موسیقار، شاعیر لە پێناوی هاوسۆزیکردنی خوێنەر و وروژاندن و کاریگەر کردنە سەری ڕێچکەیەکی زێدەڕۆ لە توانا و دەسەڵاتی ڕستەی وەسفی دەکاتەوە. هەموو ڕەگەزەکانی بەتراژیدیاکردنی «تەنیایی» دەخاتە گەڕ. جەوهەری تراژیدیا تاك لایەنەیە و بێ لایەنکردنەوەی جیهانە لە دووریی ئەو، جودابوونەوەیە بێلایەنبوونی شاعیر و بنیاتنەنانی پەیوەستە بەوانی ترەوە. نەك تەنیا لەواتای وەسفی ئەو حاڵەتانەوە بێ کە لە دووریی ئەودا دەروونی دەگرنەوە، بەڵکو وەسفی بەرەواژەیی ناتەباش دەکەوێتە هەندێك لە بەیتەکانەوە لە بناغەوە ئەم ناتەباییەی ماناش لە ڕووکەشیدایەو تەنیا هەر وەسفە زێدەڕۆکان وا دەکەن ماناکان لەیەك ڕێچکەی یەکگرتوودا بنیاتی ڕووکەشیان بخەنە دەقەوە، بڕوانە (بەیتی شەشەم) ئەو بەراوردکارییە وەسفیە دەکا لە جودایی نێوان خۆیی و خۆشەویستەکەی، ئەو بێ (نالی) (خاروخەس) واتە دڕکوداڵ لە لای و گوڵە. (نالی)ش بێ ئەو خەرمەنی گوڵ و دڕکوداڵە لە لای. بێگومان ئەم واتایەش گەر بە واتای ڕووکەشی دەقەکە وەربگرین ئەوا ناتەبا دەبێ لەگەڵ (بەیتی نۆیەم)م کە دەڵێ «هەتا تۆم ئاشنا بووی» یا لەگەڵ بەیتی یەکەم کە دەڵێ «نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ» کە لە ڕوویەك لە ڕووەکانی واتای بەیتەکەدا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ئاشنایی و تێکەڵی هەبووە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا. بەڵام بۆچی کە (نالی) بزربێت. ئەو دڕکوداڵی لەلادەبێتە گوڵ؟ بێگومان تەفسیری بەیتەکە لە دژ بەیەکیدا لەچەند لایەنێکەوەیە کەلە هەموویان پڕ بایەختر وەسفی زێدەڕۆیی ڕستەکانە کەوا دەکات تەفسیر و وەسفە ئاساییەکان هەندێك جار سیمای وا ببەخشنە دەق کەلە هەموو ئاستەکانیدا لە بنیاتی سەرەکیی واتاکانیدا هاوتەبا نەبن، ئەمەش خاسیەتێکی بنەڕەتیی وەسفە زێدەڕۆکانە.

**بنیاتەکانی بەکارخستنی وشە لە پێکهاتی ڕستەدا**

وشە و دەورەکانی بەکارخستنی وشە لەدەلالەتەکانیدا، بەتەوای قورساییەکانەوە، خۆی لە ڕستەدا دەچەسپێنێ. بەمەش دەورەکانی دەلالەت لە وشەدا فرە دەورو فرە دەنگ دەبێ و بەسەر مەرجەکانی کێش و سەروادا بازدەدا. ئەو مەرجانەی کە سیاق و ڕێچکەی نووسینی شیعر تەسك دەکەنەوە، لەو کاتەی وا لەشاعیر دەکەن لە پێناو یەکخستنی سەروادا لە وشەی یەك دەنگدا کاربکا و تەنیاش لە ڕستەی هاودەنگدا کار بکا، بەڵام دەرچوون و تێپەڕاندنی دەربڕینی شیعری لای (نالی) وا دەکا دەستە باڵاییەکی سەیر بخاتە ڕوو لە زمانی کوردیدا لەو کاتەی هەموو واتاکان لەیەك ڕێچکەی بابەتیدا

ڕادەگرێ و جیهانێکی بابەتیی کامڵ دەخاتە دەقەوە کە بەلایەنی ئەم دەقەشەوە بەکارخستنی دەورەکانی وشە لە پێکهاتی ڕستەدا دەوری جەوهەری دەبن و لەگەڵ ئەم هاوکێشەیەدا یەك دەور نابن.

بێگومان بەکارهێنانی وشەی بەناوەندکراو لە خاسییەتی بێ سنووردا، دەورەکانیشی فراوانتر دەکاتەوە و ئەمەیش دەبێتە هۆی وەرچەرخاندن و ئاراستەکردنی وشە لەو وێستگانەی کە شاعیر فراوانترین هەناسەی بەهێز بەخۆی دەدا:

١- وشەکانی (بێ تۆ) بناغەی دەورەکانی دەلالەتی ڕستە شیعرییەکان یەك دەخا و کرانەوەی ڕستە لە بەردەم مانای نوێدا گەورەتر دەکاتەوە کە لە ڕستەکاندا هاو دەلالەتی (بێ تۆ) وشەی (مردن)ە و هەموو تەقینەوە پڕ کەفوکوڵ و سۆزاوییەکان و هەستە پڕ لە حەسرەت و بەجۆشەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێ. درێژبوونەوەی پانتاییەکانی دەربڕین، درێژبوونەوەی مانا زێدەڕۆکانی ناو ئاوڵناوەکانە، کە بەرجەستەی ئیمکانی دروستبوونی مانا دەکەن لەنێوان وشەکانی «بێ تو» و «مردن» دا کە ئەمیش لەچەند ئاستێکەوە دەبێ:

١- وشەکانی «نەمردم» و «بێ تۆ» لە دەوری سیمانتیکییاندا هەمان مەدلوولی واتا دەنوێنن کە ئەویش تەنیاییەکی زۆر گۆشەگیر کراوە، گەر ئەوە ڕاست بێ کە (نالی) ئەم شیعرەی لە ناوەوەی وڵاتدا نووسیبێت هەروەك هەندێك نووسەر وای بۆ دەچن، ئەوا هەمدیسان ئەم تەنیاییە خۆسەپێنەرە، تەنیاییەکی هەڵبژێردراو و بێ کارەسات نییە، چونکە بەستنەوەی بەیەك گەیشتنەوە بە مەرجێ «نەمردن» دەلالەت لە دوورییەکی دابڕاوی پڕلەناچاری دەکا، بەڵام بەخشینی سیفەتی زێدەڕۆ بەڕستەی شیعری ئەم گریمانەش دەخاتە بازنەیەکی ماقووڵەوە لەوکاتەی لە بەیتی «٩» دا باسی کەسانێك دەکات کە ئاشنایی هەیە لەگەڵیاندا، پەیوەست بە خۆشەویستەکەیەوە: کێشەی نێوان «نەمردن» و «بەبێ تۆ»یی کێشەی نێوان «ژیان و مردن» و باڵ بەسەرهەموو دەلالەتەکانی شیعرەکەدادەگرێ:



بێ تۆ ⟵ نەبوون

ئەگەری بوون و نەبوون

لەگەڵ تۆ ⟵ بوون

ئەگەری مردن ⟵ ئەوانی تر ⟵ جیهان ⟵ بێ تۆ ⟵ ئەگەری نەبوون

ئەگەری ژیان ⟵ ئەوانی تر ⟵ جیهان ⟵ لەگەڵ تۆ ⟵ ئەگەری بوون

ئەگەر مەرجی مانەوە پەیوەستی بەرهەمێنەر بێ لە کۆمەڵگەدا، یاخود هەروەك (ئیریك فرۆم) ناوی لێ دەنێ هۆشیاریی مرۆیی لە پەیوەستەکانی تاك بەوانی ترەوە. ئەوا (نالی) هەردوو کێشەی ژیان و مردن لە پەیوەستی شەڕخوازی و بەرهەمهێنەر تێك دەشکێنی. لەوکاتەی ئەوانی تر و جیهان تەنیا لە گۆشەنیگایەکی گریمانئامێز و چۆنییەتی (کیفی) و نەچەسپاودا ڕادەگرێ، لەو کاتەی گریمانی بەیەك گەیشتنەوە، دەبێتە گریمانی دروستبوونەوەی هەموو پەیوەستەکانی بەوانی تر و جیهانەوە. بێگومان ئەو پەیوەستەی لە نێوان بوون و نەبوونیدا، تەنیا موویەکیان لە نێوانیاندا دەبێ. لە جەوهەردا بەرجەستەی مەدلوولی شاراوەی ئەو ئەگەرە بێهوودانە دەکەن کەمانایەك و ئامانجێکی ئەوەندە سۆزاوی و وەهمی بە ژیان و بوون دەبەخشن، جگە لەوەش ئەم پەیوەستە پەیوەستێکی زۆر زۆر زاتییە و لەسەر بنەمای هیچ تەفسیرێکی نەشەڕخوازی و نە بەرهەمهێنەر دانەڕشتراوە، بەڵکو ئەم پەیوەستە لە بناغەوە خۆدەرباز کردن و خۆ بێلایەنکردنە لەهەموو پەیوەستێکی خۆسەپێنەری دەرەکی و لەگەڵ ئەوەشدا بێلایەنی و بەتاڵکردنەوەی هەڵوێست وەرگرتن (لەوانی دی-جیهان) تاکە خاسیەتێکی پۆلێننەکراوی گریمانەکانی بوون و نەبوون.

٢- بەکارخستن و بەخشینی سیفەتی بەراودکاری، شوبهاندن تەوریە و مەجاز لەوشەدا، بەمەش وشەکان لەدەورەکانیاندا تەنیا لەپەیوەستی ئاڵوگۆڕکاریی نێوان ناو ئاوەڵناوەکانە و (ە) بزوێن دەوری فەرمانەکان دەبینێ، لەڕاستیدا شتێکی زۆر زۆر سەیرە کە شاعیر هەموو دەورەکانی فرمان بە (ە) بزوێنی دەسپێرێ، بێگومان حاڵەتی وەسفی بارە دەروونییەکانی شاعیر و سیفەتی ڕستەی وەسفی وای کردووە کە دەستبەرداری فەرمانی تەواو بێت و شاعیر کۆمەڵە ڕستەیەکی وەسفیی زێدەڕۆی داماڵراو لە فرمانی تەواو بەکاردێنێ، «دەروونم خاڵییە. موژەم دەڵێی بزمارە، هەواری پڕ هاوارە، بینایم کوێرە، سەراپام میسلی مۆسیقارە و شەرابم عەینی زەهری مارە». لێرەش بە دوو شێوە (نالی) ئەم دەورە قورسە بەدەلالەتەکانی وشە دەبەخشێ.

١- هەروەك وتمان (ە) ی بزوێنەری فەرمانەکانی دەگێڕێ.

٢- بەکارهێنانی ئامرازی شوبهاندن وەك (مثل، عین، مثل... تاد).

هەر ئەم سیفەتەش وای کردووە ڕستەکان لەحاڵەتی بنیاتنانی واتادا یەك سیفەت و یەك دەربڕین بگرنە خۆیان، کە سیفەتی نزیکبوونەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان «وەسفی زات- وەسفی جیهان - وەسفی ئەوانی دی». بێنینەکایەوە. لێرەدا گرنگترین خاسیەتن بەکاریان دێنێ، بەڵام بەخشینی هەناسەیەکی درێژی زێدەڕۆ بەشیعر و دوورخستنەوەی فرمانەکان بەرجەستەی حاڵەتی زاتێکی کارتێکراوە سەردەکەن و بەردەوام لەم حاڵەتەدا زات دەبێتە ناوەندی بێلایەن کردنەوەیەکی سەیر. بەڵام گەر بێتو لەلایەنێکی سیمانتیکییەوە سەیری ئەم حاڵەتە تایبەتەی بەگەرخستنی زمان بکەین، دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا بەکارنەخستنی فرمانی زۆر تاڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتەکانی شاعیر دەخەنە بۆتە و ڕێچکەیەکی دیاریکراوەوە لەنووسیندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا قووڵبوونەوەیەکی زێدەڕۆ لەحاڵەتی کارکردنەسەرەکان لەبەردەم خەمێکی قووڵی دەستەپاچەیی و بەناوەندبوون، دەسەڵاتی شیعر و شێوازی داڕشتنی شیعری (نالی)لەم هۆنراوەیەدا لەم خاڵە گرنگەوە سەرچاوە دەگرێ.

**هارمۆنیای داڕشتنی شیعر**

گونجان و تەبایی هارمۆنی بەدوا یەکدا هاتنی وشەو ڕستە ڕستەکان، دەسەڵاتی هەڵبژاردن و بژارکردنی ئەو وشەو ڕستە بەدوای یەکدا هاتووانەی کەگرێ ناخەنە بەردەم خوێندنەوە. دەکەن خوێندنەوە لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا شێوازێکی مۆسیقی وەردەگرێ. لەوانەیە جەوهەری ئەم خاسیەتەی شیعری کلاسیکی لاساییکردنەوەی هونەری و مێژوویی تەبایە بناغەییەکانی هارمۆنیای مۆسیقا بێ لەگواستنەوە مۆسیقییەکاندا، لەوکاتەی ئەو گواستنەوەیە لەجەوهەری مۆسیقادا نابێ دابڕانی بنەڕەتی بێنێتەکایەوە لەئاوازدا وەك خاسیەتێکی یەکگرتووی بەرجەستەبوونی دەنگ.

نەهێنیی ئیقاعی شیعری کلاسیك بەتایبەتی بەلایەنی (نالی)یەوە، لەوەدانییە کە عەرووزی عەرەبی بەکاردێنێ، چونکە کاریگەرییەکی جەوهەریی نییە و (نالی) زۆر بەدەسەڵاتەوە لەم شیعرەدا بەسەر دەسەڵاتەکانی کێش و سەروادا زاڵ دەبێ، ئەگەرچی خوێنەر هەست بەوەدەکات کە وشەی «بێ تۆ» قورساییەکی تەواو سەروای پێ بەخشراوە، بەڵام هەر زوو لە خوێندنەوەدا (نالی) لەپشتەوەی «بێ تۆ» سەروایەکی ناوەکی تر

بەکاردێنی کە ئەویش ئەو وشانەن کە بەپیتی (ە)ی بزوێن کۆتاییان دێ «هاوارە، بزمارە، مۆسیقارە، شارە... تاد» کۆتاییپێهێنانی سەرواکان بە «بێ تۆ» و دەستبەردار نەبوونی (نالی) لەم وشەیە لەمەبەستی پێش وەختەی بڕیاری شاعیر و باری دەروونی خۆیەوەیەتی، لێرەدا مەبەستمان باس کردنی سەروا نییە بەڵکو مەبەستمان ئەو هارمۆنیا بەهێزە و ناخەکییەیە کەهەموو شیعرەکەی گرتووەتەوە و کاریشی کردووەتە سەر پێکهاتەی ڕستە لە شیعرەکەدا. هەر لە بەیتی یەکەمەوە (نالی) بەناخی ئەم پێکهاتەیەی ڕستەدا هارمۆنیا دروست دەکات ئەو کاتەی دووڕستەی هاوتا لە بەهاو دەوریاندا دەخاتە پێش تاکە بەیتەکانەوە کەوشەکانی:

نەمردم – نەچم

نەمردنی مەرجدار و گریمانئامێز، هەروەك ڕاگەیاندنێکی سەداداری سەرەتای شیعرەکەیە لەخوێندنەوە، پرسیاری هەڵبژادن و چنینی وشەی شیعری و شێوازی شیعرمان لە لادا دەکاتەوە. لە نێوان چەندەها هەڵبژاردنی جودای دەربڕین لەم واتایەی شاعیر دەیەوێ. ئەو بە وشەی (نەمردم) دەست پێ دەکا لەگەڵ (من) دا بڕگەی دەنگی لەخوێندنەوەدا دروست دەکا و یەکسەر «ئەگەر ئەمجارە» دەنگێکی سووك پاش وەستانی بڕگەی یەکەم دەست پێ دەکا. لە نێوان بڕگەی یەکەم و دەستپێکردنی بڕگەی دووەم، تەوژمی دەنگ شەپۆلێکی سەیر دەدا کە لەبڕگەی یەکەم بەرز دەبێتەوە و لەبڕگەی دووەم هەڵدەستێتەوە تا لە بڕگەی دەنگی سێیەمدا، وەستانی تاك بەیتی یەکەم دەست پێ دەکا.

مەبەست لەم دابەشکردنە دابڕان و دەستپێکردنەوە و وەستانەکانی دەنگی ڕستە کورتەکانە لە بناغەوە ڕستەی ناکامڵن و یەکتری تەواو دەکەن، ئەم خوێندنەوەیەش تەنیا بەرجەستەبوونی دەنگی ڕستە ناکامڵەکانە لە بنیاتی هارمۆنیایەکی بزردا، کە لەپشتەوەی کێشە ئاسایی و کلاسیکەکاندا بەرچاودەکەوێ. بەمەش سێ شەپۆڵە دەنگی ڕستەی ناکامڵ دروست دەبێ لە خوێندنەوەدا.

نەمردم من –١–نەچم شەرتە

ئەگەر ئەم جارە –٢– هەتا ئەو خوارە

بێ تۆ–٣– بێ تۆ

لێرەدا ئەوەی گرینگ بێ لەو هارمۆنیا دەنگدارەی ڕستەی ناکامڵدا، ئەو پەیوەستانەی دەنگە نەك دابەشبوونەکانی بەپێی واتای وشەکان، ئەم دەنگانەش تەنیا دەنگی

خـوێنـدنـەوەن. مـەرجـیش نـیـیـە ئـەو ڕسـتـانـە نـاکـامـڵ بـن یـا کـامـڵ بـن لـەچـۆنـیـیـەتـیـی دروستبوونی دەنگەکاندا بەڵکو گرنگ ئەو بەدوا یەکداهاتنە سەیرەی دەنگی ئەو ڕستە کامڵ و ناکاملاّنەیە کە لە ڕستەیەکی شیعریدا یا لە تاك بەیتێکی شیعریدا دروست دەبن، بڕوانە بەیتی دوایی:

بینـاییم کوێرە –١– موژەم یەك یەك

هـەڵـنـایـێ–٢–دەڵێی بزمـارە

بـەڕووی کەس–٣–بێ تۆ

ئەم ڕێکخستنەی دەنگەکان، ڕێکخستنی ناوەکییە و عەفەوییەتی بەدوایەکدا هاتنی ڕستە وشەکان دەردەخا لەو کاتەی تەنیا لە گۆشەیەکی دەلالەت و ڕاگرتنی کێشەوە وشەکان بەپێی جووڵەیان لە نێو خۆیاندا دابەش دەبن. ئەم دابەشبوونەش لە خودی خۆیاندا دابڕان و بڕگەی بچووکتر دروست دەکەن و مەرج نییە دابەشبوونێکی کامڵ بێ لـە تـەوژمـی دەنـگـەکـانـی خـۆیـدا لـەلایـەکـی ترەوە هـاوتـاییـیـەکـی تـر لـە نـێوان پـەیوەستـی دەنگەکاندا دروست دەبی. سەرەتای بەیتی یەکەم کە بە «نەمردم... من» دەست پێ دەکا، دەنـگـی ڕاگـەیـانـدنـی تـراژیـدی نـاوەوەی شاعـیـرە کـە دەکـەوێتـە سەرەوەی هـەمـوو هەڵبژاردنەکانی شاعیرەوە، کە وەڵامی ئەو دەنگە ڕرگەیەنراوە. ئەو دەنگەخۆسەپێنەرەی تاك بەیتی دووەمە کەلە سەرەتا دایە و بە «نەچم» دەست پێ دەکا لەلایەنی ڕێکخستنی دەلالەتیشەوە «نەمردن و نەچوون» مەرج و گریمانی داهاتوو دەگرێتە خۆی. هەروەك هاوار و وەڵامی هاوار دەکەوێتە بەرچاو لەو پەشیمانییەی کە بە بێدەنگی جەستەی شاعیری گرتووەتەوە.

**نەخشەی دەق پەیوەست بە جیهانی بابەتی و گرێکانی دەقەکەوە.**

(نالی) لە چۆنییەتی بەرچاو خستنی بابەتیی و نەخشەکێشانی بینیاتەکانی واتادا، بایەخێکی ئەوتۆی بەزنجیرەی ماقووڵ و واقیعی شێوازی گێڕانەوە نەداوە. هەروەك زۆر لە شاعیرە کلاسیکییەکان، پەیرەوییان کردووە. بەڵکو گێڕانەوە حاڵەتە دەروونییەکان لە بۆتەی وەسفە زێدەڕۆیەکانی ڕاگەیاندندا دەبێتە جەوهەری خاسییەتی بابەتیی دەق و چـۆنـیـیـەتـی دارشتنی نـەخشەی دەق ئـەگـەر بڕوانـیـنـە بـەیـتـی (٨) هـەمـوو ڕۆژێ لـەتـاو هـیـجرانـی ئـەمسالّ، تـەمـەنـنـای مردنی پێرارە بێ تۆ.کرۆکی هـۆیـە کـاریگـەرەکـانـی دروسـتـبـوونـی خـاسیـەتی بـابـەتیی شیـعرەکـە پێك دێنێ، کـە (نـالـی) تـیـایدا سەفـەر و

دووركەوتنەوەی خۆی ڕاگەیەنیّ لە یەکەم ساڵی دووركەوتنەوەیدا. بێگومان «هیجرانی» ئەمساڵ، سەفەری یەکەمی (نالی) نییە هەروەك لە واتایەکانی پشتەوەی ڕستەکەوە دیارە کە ئەمساڵ، جوداکردنەوەی ئەم سەفەرە دیاریکراوەی ئەمساڵە. «تەمەننای مردنی پێراریش» ئەوە دیاری ناکا کە چەند ساڵە کۆچی کردووە، بەڵکو ئەمە وەسفی زێدەڕۆیە و هەروەها زەرووڕەتی کێش دەیسەپێنێتە سەر شاعیر و تاقە گرێیەکی بەرەواژی دەلالەتە لە شیعرەکەدا. مەدلوولە شاراوە و بزرەکانی دەق لەچەند گۆشەنیگایەکەوە دێنە دی کەلە سەرەتادا ئاماژەمان بە جەوهەری ئەو مەدلوولانە دا و ئێستاش کاریگەری و خاسیەتی بنیاتنەرەکانی ئەو مەدلوولانە روون دەکەینەوە:

١- بەرجەستەکردنی زێدەڕۆیانەی جودایی شاعیرو بارە دەروونییەکەی وادەکات کە شیعرەکە هەمووی دەربڕین لە حەزی پڕ لەجۆشی گەڕانەوەی بکا، حەزێکی پڕ لە جۆشی بەیەك گەیشتنەوە بکا، بەڵام لێکچواندنی مەرجی گەڕانەوە بە «نەمردم» وادەردەخا کە (نالی) بۆ ماوەیەکی درێژ کۆچی دوایی کردووە، جەوهەری تراژیدیای مانەوە لە دوورییەکی خۆسەپێنەری پڕ لە ناچارییە.

٢- «نەچم شەرتە» گەرچی لە ڕووکەشدا ئەو مانایە دەبەخشێ کە (نالی) لە پێوەندییەکی بەهێزدا بووە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا، بەڵام هیچ یەکێك لە بەیتەکانی تر بەرجەستەی ئەم واتایە ناکەن. «شەربەتی دیدار»نە دەربڕینێکی وەسفیی بەرەواژی و نا تەبای ئەم واتایەیە، بەیەك گەیشتنەوە تەنیا بەیەك گەیشتنەوەیە لە پەیوەستێکی دیاریکراوی خۆشەویستیدا و ئەوە ناسەلمێنیّ کە گەر جاریّ تر سەفەری کرد لەگەڵ خۆیدا دەیبات ( نەچم شەرتە... بیّ تۆ) هەروەها (هەتا تۆم ئاشنا بووی ب ٩) هاوتەبایە لە دەلالەتی پێشەوەی دەق لەگەڵ ئەم بۆ چوونەدا. جگە لە «حەسرەت سەرووی قەدت ب-١» هەمان واتا دەگەیەنیّ لێرەشدا تا ئەو خۆشەویستییەش پەیوەستێکی وانەبوو کە دڵنیایی بخاتە دەروونی (نالی) یەوە، چونکە شاعیر گرێیەکی بەرەواژیی دەلالەتی تر لەشیعرەکەدا دەخولقێنیّ کاتێك خۆشەویستەکەی لەدووریی (نالی) «لەکن تۆ خاروخەس گوڵزارە بیّ من» کە بیّ باکی و بێلایەنی خۆشەویستەکەی دەگەیەنیّ بەرامبەر بە خۆی. دروست بوونی ئەم گرێیانە لە لایەکەوە کاریگەری وەسفە زێدەڕۆکانە و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی سەنعەتی شیعری (نالی) ڕوون دەکاتەوە کە چەندەها داومان لە دەلالەتدا بۆ دەنێتەوە. لە مەشەوە دەگەینە چەند ئەنجامێکی تر:

أ- (نالی) کە سەفەری کردووە نەیزانیوە کە دووری لە خۆشەویستەکەی ئەو تەنیاییە کوشندەیی لەلادا دروست دەبێ بەمەبەستی «نەچم شەرتە» دەلالەتی شاراوەی پەشیمانی لەسەفەر ڕادەگەیەنێ.

ب- وا پێ دەچێ (نالی) بەناچاری سەفەری کردووە و ئێستاش گەڕانەوەی ئەو لەدەستی (قەدر) و (زەمەن) دایە هەربۆیە گەڕانەوە لێك چوێندراوە بە «نەمردم»ەوە.

٣-گەورەترین تراژیدیای تەنیایی و گۆشەگیریی (نالی) «لەهەستێکی قووڵی نامۆییەکی زاتیی بێگەردەوە سەرچاوە دەگرێ» لەوکاتەی هەموو پەیوەستەکانی بە «جیهان بەوانی ترەوە لەمەرجی بەیەك گەیشتنەوەدا دەبینێ(نالی) لە دووری و دروورکەوتنەوەدا لە هەموو پەیوەستێکی کۆمەلایەتی دادەبڕێ و هەموو ئاوەڵناوە جۆر بەجۆرەکان دەلالەت و ئاماژە بەم حاڵەتە دەروونییەی ئەو دەدەن، لەمەشەوە دەگەینە چەند مانایەکی شاراوەی دەق.

أ- ئەو خۆشەویستی وپەیوەستەی (نالی) بۆ «ئەو» نزیکە لەچەمکی خۆشەویستی (عذری) کاتێك ئەو خۆشەویستییە، خۆشەویستییەکی تاك لایەنەیە و ئەوەی تر بێ لایەنە بەرامبەر بە (نالی). هەر بۆیە (بەیتی ١٠) «لە حەسرەت سەرووی قەدت» بەرجەستەی ئەم واتایە دەکەن جەوهەری بەیەك گەیشتنەوە. بەیەك گەیشتنەوەیەکی ڕوو بە ڕووە واتە بەیەك گەیشتنەوەی (ڕوانین). هەروەك لەسەرەتای ئەم شیکردنەوەیەدا دەرمان خست.

بێگومان حەسرەت و حەز ئارەزووی پرلە جۆشی (نالی) بۆ گەڕانەوە لەتراژیدیای گەڕانەوەیەکە ئەو خاوەن بڕیار نییە تیایدا. (نالی) لە جەوهەری کرداری بەرهەمهێنەر خۆی دادەماڵی، «ئەوانی تر» هیچ شوێنێك بۆ ئەو ناکەنەوە لەم بارەی کە لە تەنیایدایە، یاخود بەمانایەکی تر «ئەوانی دی» شوێنی هیچ جۆرە دڵنەواییەکیان تێدا نابێتەوە بۆ «ئەم» هەر بۆیە شار شوێنی نامۆییەکی کەنارگیرو پەرگەندەیی زاتە و نامۆییەکە خسڵەتی باری کۆمەلایەتیی کوردەواری هەڵدەگرێ و هەموو پەیوەستەکان تاك لایەنە دەبن و سیفەتی ڕووداو وکاردانەوە بەرامبەر بە ڕووداو هەڵدەگرن. «هەواری پڕ هاوار» تەنیا هاواری خۆیەتی و لە دەروونێکی پڕ لەوەحشەتی نامۆدا دەردەچێتە دەرەوە، بەلام زەمەن حوکمی خۆی دا، مێژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، لەدەرئەنجامەکانیدا ئەو مێژووەی خود بووە هەقیقەتێکی تاڵ و خۆسەپێنەر و زەمەنیش بووە بەزەمەنێکی پڕ

لەنامۆیی و گۆشەگیر. هاوار و ناڵەی زات تەنیا هەر هاوار و ناڵەی بێ کرداریيە، ناڵەی ناچارییە لە هەوارێك کە بەهەشتێکی گەورە دەبوو گەر بە شەربەتی دیداری ئەو شادبوایەتەوە سەروی قەدی لەسینەو چاو وپرچی، چاوەکانی ئەمی گەش کردایەتەوە. ڕامان (٢٤) ١٩٨٨

گومان و بوون وەك ڕەگەزێکی تێکدەر لەنێوان جەستەی ئامادە و جەستەی عەدەمیدا لەلای مەحوی.

دەق: هەموو ئەو بەیتانەی دەچنە دووتوێی ڕەگەزەکانی مێتۆدە و. کە بەهۆیەوە فەلسەفەی گومان لەو بەیتانەدا دیاری دەکا. دەق لێرەدا یەکێتی ڕێکخستن و پێکەوە بەستان نییە لەسەر بناغەی کێش و سەروا و یەکێتی بابەتییانە، بەڵکو گەڕانە بەدوای تەباییيەکانی نێوان گوتراوی شیعری و گوتراوی ڕەخنەیی.

مێتۆدی کارکردن: خوێندنەوەی ڕەخنەییيانە و، فەلسەفییانەی تیۆریی بنیاتی شاراوەیە دوور لە هەموو پێگیرییەك لە دەرەوەی دەقەکاندا.

ناوەرۆکی کارکردن: دەسپێك – گومان وەك ڕەگەزێکی تێکدەر– کێشەی نێوان جەستەی عەدەمی و جەستەی ئامادە– گەڕان بەدوای جەستەو عەقڵی هیچگەرایی– ڕەتکردنەوەی بەها عەقڵی و ڕوحییە ڕووکەشەکان.

**دەسپێك**

لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا خوێنەری ڕەخنەییيانەی شیعری کلاسیکی کوردی لەژێر باری ئەو کەرەستانە بووە کە پێگیربوونی ئایدلۆژییانەی نووسەرەکانیان نواندووە، نەك توانای شاعیرەکان یاخود چاکتر بڵێین دەقەکان، هەروەکو چۆن بواری کارکردنی ڕەخنەیی ڕێگەی بەخۆی داوە بێ پەروا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی لاسایکردنەوە و هەڵگرتنەوەی ئەو کەرەستانەی کە ڕەخنەگرانێکی بیانی پراکتیکی سەر دەقە خۆماڵییەکانی خۆیانیان کردووە. ئەمەش مانای ڕەتکردنەوەی پەیوەستی ڕۆشنبیری نییە، کە گوتاری ڕەخنەیی بەتوانای گفتوگۆ کار لەیەك کردنی بنیاتنەرانەمان هەبێ، بەڵکو مەبەست تەنیا لەو شێوازەیە کە چۆنییەتیی دەست بردنمان بۆ شیعری کلاسیکی کوردی و هەموو دەقە کوردییەکان دەخاتە ڕوو، پرسیاری بناغەییش لەوێوە دەبێ ئاخۆ زمان و ناوەڕۆك چ تایبەتمەندییەکیان هەیە پەیوەست بەزمانی نووسینی هەر نەتەوەیەکەوە.

سەرەتــای خــوێنــدنــەوەی گــومــان لــە لای مــەحــوی خــۆتــەکــانــدنــی زمــانــە لەهـەمـوولایـەنداریـیـەکی ئـایدیـۆلـۆژی و سۆزاوی. ڕەتکردنـەوەی هـەموو داسەپاندنێکی دوور لە دەقە کە بۆی هەبێ لەو ڕوانینە ڕەخنەییە دوورمان بخاتەوە کە هەروەکو چۆن هەموو دەقێك لە بەهێزترین و لاوازترین ئاستیدا جیهانبینی خۆی هەڵدەگرێ، هەروەك هەموو بەسەرجەم کردنێکی دەقەکان، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەکرێ سیماکانی جیهانبینی و پەرەسەندنی ئەو جیهانبینییە لە لای شاعیردا دیاری بکرێ. لێرەوە شەرعییەتی کارکردنمان لەسەر بناغەیەکی بێ لایەنیی بێگەردەوە دادەڕێژین.

## گومان وەك ڕەگەزێکی تێکدەر

مرۆڤی بەگومان داهێنەری وشەی گوماناوییە، کە مەحاڵە بگاتە ئاستی گومان ئەگەر بێتو لە ئەزموونی ژیانیی خۆیدا، لە ئەزموونی فیکری و فەلسەفی و زمانەوانیی خۆیدا نەگەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کەدەبێ گیانی خۆدانەوە دەستی عەقڵی خۆی بگۆڕێت و تاکو هەر لەم پێگەیەوەش شیکردنەوە و جیهانبینی خۆی ئاراستەی بەرامبەرەکانی خۆی نەکاتەوە عەقڵی گوماندار عەقڵێکە لەگەڵ خۆی و بەرامبەرەکانی و لەگەڵ کولتورێکدا دەکەوێتە گفتوگۆیەکی بێ سنوورەوە هەر بۆیە بناغەی گفتوگۆی گوماناوی هەموو کارێك پێویست بە زمانێکی عەقلانیی ڕەخنەگرانە دەکات کە تێپەڕاندنی ئەو لەسەر بناغەی ئەو کێشەیەوە دەبێ کە جیاوازی عەقڵی ئەو لەگەڵ بووندا، کۆمەڵێك باوەڕ و بـەهـای فـەلـیسەفـی دەخـاتـە دەرەوەو تـاکـو شەرعـەتـێکـی عـەقـڵـی وەك بـنـاغـەیـەك بۆ گفتوگۆکانی دامەزرێنێ.

گومان ڕەگەزێکی بنچینەیی هەموو نوێبوونەوەیەکە لە بیرکردنەوەدا. وامان لێ دەکا ئەو پەیوەستە چەسپاوانەی مرۆڤ، ئێمەی مرۆڤ بەبوونەوە دەبەستێ، سەرلەبەریان بخاتە ژێر بەدواداچوون و توێژینەوە، بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی پێش وەختە بسەپێنینە سەر خۆمان لەوەی سنوورەکانی بیرکردنەوەمان دیاری بکەین. هەرچەندە کامڵبوون و گەیشتن بە کۆتاییەکانی بیرکردنەوە مەسەلەی خولقاندنی وەهمە، چونکە سەرتاپا گیرکردنی خوێندنەوە و شیکردنەوە دەربڕین لەهێزەکانی پێش نووسین دەکا کە تیایدا عەقڵ پێگیری سەرەتاییێتی گوتن و نووسین دەکا لەو وێنە ئیلهامبەخشانەی عەقڵ کە شوێنی بیرکردنەوەی عەقڵی ئێمە نیشان دەدەن. پەیوەستە بەبوونەوە.

چونکە پاش هەموو شتێك، هیچ بوونێك بەدەر نییە لە هێزی سەرەتاییێتی بیرکردنەوە،

هیچ بوونێك تەنانەت یەك چرکە بیرکردنەوەش خاوەنی خەسڵەتی کرداری سەرەتاییێتی و پێشینە خۆیەتی، بەمەش گومان هەروەك یەقینێکە کە خۆی لەخۆیدا لێواو لێوی گومانە و لەنێوان یەقین و گوماندا. سنوورێك نییە کە تیایدا مرۆڤ بتوانێ کۆتایی بەکێشەی دووسەرە بوون و بەمێژووبوونی بیرکردنەوەدا بێنێ، کە یەکێك لە میکانیزمە فەلسەفییەکانی گوتاری شیعریی مەحوی هێزی خۆی لەم دۆزینەوەیەدا وەردەگرێ. هەر بۆیە گومان خۆی لە خۆیدا میکانیزمی بزوێنەری چۆنێتیی بیرکردنەوەیە. وەك پێداویستییەکی هەژێنەر لە عەقڵ و دەروون و هەستەکانی مرۆڤدا کە هەموو ئەو دەورانە بەرجەستە دەکا کە بەشێك لەمرۆڤایەتیبوونی ئێمە لەو هێزە مێژووییە سەرکوت کارە دەسەنێتەوە کە وەك واقیعی قەدەرییەت پەیوەستەکانمان بەدەرەوی خۆیان دیاری دەکا.

کەوابێ گومان گەڕانێکە بەدوای ئەو ئازادەگی و ئەوخۆبینینەوەیەی کە مافی گوتن و بیرکردنەوەمان لەدەستی دەسەلاتی پیرۆز کردنی چەسپاو دەسەنێتەوە و تاکو ئازادییەك لەجۆرێکی تر بۆ بیرکردنەوە بدۆزێتەوە کە تیایدا هەر لەسەر بناغەی جیهانبینییەکی ئازاد وێنە تراژیدییەکانی بوون و مرۆڤ بخاتە ژێر گومانەوە ئەمەش بێشك ڕەتکردنەوەی ڕەهاییەکە مرۆڤ هەموو شکۆمەندییە قەدەرییەکانی بوونی خۆی پێ دەسپێرێ کە تیایدا ئالا سپییەکانی خۆدانە دەستەوەو ڕازیبوون بەبوونێکی سنووردار گیانی مرۆڤایەتیمان دەکوژێ.

کەوابێ گومان وەك ڕەتکەرەوەیەکی بەها ڕەوشتی ، فیکری و بە ئایدیۆلۆژییەکراوەکان، بەفەلسەفە کردنێکی تێکدەرانەیە، کە لە نێو کۆمەڵێك کایەی بەمێژووییکراو و بە پەیوەستکراوی جێگیرو چەسپاو ئەو میکانیزمانەی بیرکردنەوە دەدۆزێتەوە کە مرۆڤ دەخاتە ئاستی ڕووبەڕوو بوونەوەی فەلسەفییانە لەگەڵ بووندا. هەربۆیە گومان دژوارە لەگەڵ هەموو کردارێکی بە مێژووییکردنی بەپیرۆزکراو. چونکە هیچ گۆڕانێك لەبیرکردنەوەدا ڕوو نادات ئەگەر بێتو ئێمە پێش وەختە نەکەوینە کێشەوە لەگەڵ هەموو ئەو گوتراوو نووسراوانەی کە تراژیدیاکانی ئامادەبوونی ئێمە دەخەنە قاڵبی بیرکردنەوە لە بووندا. بوون وەك ئامادەگییەکی ڕوحی و ماددی میکانیزمی سەربەخۆی خۆی هەیە کە بەهێزەوە مرۆڤ گیرۆدەی بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکات. چونکە لەکۆتایی هەموو شتێکدا مرۆڤ لەدوای هەموو دۆزینەوە و گەیشتنە زانست و باوەڕە گیانییەکانیدا هێشتا لەگەڕانێکی بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی تر و گەڕانی تر و سەرجەمی ئەو گەڕانانە لەگومان بەدەرنین و ناوەڕۆکی هەموو پرسیارەکانیش لەوێدا

کۆدەبنەوە، ئامادەبوونمان لە بووندا مانای چییە و تا چەندێك تەبایی و ناکۆکیمان لەگەڵ ئەم بوونەدا شەرعییەتێکی ئەخلاقییە، کەوا لەهەر مرۆڤێك بکات لە نێوان هەزاران دژبەیەکبوونی عەقڵی و بوونئامێز ببێتە خاوەن ویژدانێکی شەرعی لە ژیان و هەڵوێستی بیرکردنەوەکانیدا.

ئاخۆ ئەو گومانانە لەلای مەحویدا چەندێك گەورە و بەر فراوان دەبنەوە، لەو کاتەی دەچنە خودی بنیاتی دوو سەرەی بوونەوە، کە وەك دەسەڵاتێکی هەژێنەر، کەوەك وزەیەکی لەبن نەهاتووی تێکدەر وا لەو دەکەن لە دابەشبوونێکی زەینی و گیانیدا بژێ. لە نێوان دووجەستەی دەسەڵاتداری وەهمی وبێ دەسەڵات و بیرکردنەوەی تراژیدی، لە نێوانی دوو جەستەی ئامادە و بزردا جەستەی بکوژو بەقوربانیکراو تا پێمان بڵێ، من مرۆڤێکم لەبوونێکدا وێنەی خۆم دەمکوژێ و لەبوونێکی تر وێنەی بزر دەکەم گەڕان و بزربوون، دۆزینەوە و سەرلەنوێ گوماندارى بوونەوە، هێزی لەبن نەهاتووی کێشەی بوونە لە لای ئەو لەهەردوو ئاستی بوونی جەستەو بوونی ئامادەبوون، کە کرۆکی هەژێنەری زمان، خولقاندنی میکانیزمی گەڕانی بەردەوامە. هەر لەم میکانیزمەوە مەحوی پێمان دەڵێ، من مرۆڤێکم ئەگەر گومان لەو دابەشبوونە، نەکەم هەمیشە بوونی خۆم بزرو بێهوودە دەکەم. (گومانی من) لەخۆوە، خۆمیش گومانم لەبوونە و بوونیش لەسەر گومان بنیات نراوە. چونکە من هەست دەکەم دوو جەستەی دژ بەیەك و ناجێگیرم، دوو جەستەی وێکنەچووم، ئەگەر لەوێوە گەوهەری بوونم نەدۆزمەوە، لە دابەشکردنەوەی سەرتاپاییانەی پەیوەست منی دوو سەرە بەبوونێکی دووسەرەوە، ئەوسا منیش وەك ئێوە لەگەڵ ڕێشگاوی بوونێکی ڕووتدا بەدەردی بوونم بچم.

گومان وەك ڕەگەزێکی تێکدەر، دەچێتە ناواخنی سیستەمی زمان و بیرکردنەوە. لەو کاتەی لەنێوانی ئەو دووەدا دەچێتەوە سەر ساتە هەرە نائارام و تراژیدییەکان، کە کوشندەترینی ئەو ساتانەش دۆزینەوەی ئەو هێزە درەوشاوەیە کە تۆ ناچار دەکەن، بەردەوام گواستنەوەی خێرا بەسەر چۆنێتیی بیرکردنەوەتدا بێنی، دەشێ یەکێك لەسیما بناغەییەکانی شیعری مەحوی لە دژ بەیەکبوونی بیرکردنەوەدا، لە چڕکردنەوەی بێسنووری زماندا، لە ڕستەی تەلیسمدارو پڕ مانا، لە توانای درێژبوونەوە و فراوانکردنەوەی دەوری وشە، دەربڕینکردنی بێ لەو وزەیەی جیهانبینیی مەحوی کە جیهانی تراژیدیای نا ئارامییە، بەو مانایەی کە ئەو چیتر ناتوانێ بەم فەلسەفەی گومانەی هەڵی دەگرێ لەسەر پەیوەستەکانی بەهایەکدا بژی کە ئەو دەکەنە هاو وێنەی

کەسانی تر و پەیوەستی ڕۆژانەیی و پەیوەستی جێگیر بووی مرۆڤ بەبوونەوە.

کەواتە فەلەسەفەی گومان لەلای مەحوی تەنیا لە یەك مانای دیاریکراودا جێگیر نابێ، وەك شێوازێك لە توانای بیرکردنەوە و گەیاندنەوەی بە کەرەستەکانی زمانەوە. بەڵکو ناوەڕۆکی جیابوونەوە، بناغەی فەلسەفەی گومانە. جیابوونەوە لە سروشتی مرۆیی بەمێژووکراو، جیابوونەوە لە دابەشبوونە دووسەرەییەکانی مرۆڤ، جیابوونەوە، لەو ئارامی و هیواو گەشبینی و چاو لەو داهاتووەی، درێژە بەمانەوەی بوون دەدەن بیرکردنەوە شەرعییەتی خۆی لەو کەلەبەرە قەدەرییانەی بوونەوە وەردەگرێ، کە هەموو ئەو ئارامییە عەقڵییە دەقگرتووانە ڕەت کاتەوە. کە ئەو دەکەنە مرۆڤێکی دابەشبوو.

چونکە فەلسەفەی گومان لەلای مەحوی فەلسەفەی گەڕانە بەدوای تێکدانی جیهانی ئارامی تەبابیبوونە وەهمییەکان و گەڕان بەدوای ئارامییە گوماناوییەکان کە تاکو ڕادەی جۆرێك لەخۆ ئازاردانی بەردەوامی خود، لە بیرکردنەوەی بەردەوام ڕێگە بەئازادی و کرانەوەی عەقڵیی خۆی دەدا و تاکو دەگاتە ترۆپکی بەهیچگەراییکردنی عەقڵ و جەستە لە بووندا و شۆڕبوونەوە بەرەو عەدەمییەت. عەدەمیەتێك کە لە گومانەوە دێ و لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە جیاوازەکانی بووندا خۆی دەبێتە وێنەی بوون.

ئەو ساتانەی مەحوی گومان دەیگرێ، دەبینین وەك مرۆڤێکی سەرشێت و نائارام، بەدوای وێنەکانی بوونی خۆیدا وێڵ دەبێ، لەنێو خزم و هاوڕێ و برادەراکانیدا حاشا لێکراوێکی تەریکەیە، لە نێو دڵەڕاوکێ و دوو دڵی و ساتە پڕ لە نائومێدییەکاندا لە دۆزەخ و بەهەشتەکاندا گەڕۆك و بێ وێستگەیە، لە نێو تیشکەکانی ڕۆژدا بەدوای تاریکبوون و ئاوابوونەکانی ڕووناکیی دڵدا دەگەڕێ، ئەو بێ وێستگەو بێ پەنایە، ئەو گەریدەیەکی وێڵ و یاخییە هەر چەندە ئەو قەت ناگاتە نهێنیی ئەو بنیاتە شاراوەیەی بوون کە تیایدا وێنەی دابەشنەبوو دوو سەرەی خۆی و بوون ببینێ.

هەر بۆیە گومان لەلای ئەو، گومانێك نییە لە بووندا جێگرەوەیەکی بەرجەستەیی هەڵبگرێ، یا باوەڕێکی پێش وەختە بگرێتە خۆی. چونکە گەشترین و بە ڕەونەقترین ساتەکانی بەگومان بوون گەیشتنە بەپلەی عەشق، کە بناغەی هەموو گەڕانەکانی مرۆڤە. نائومێدیی مەحوی و نائارامییەکەی نا ئومێدبوونە لە بەهاوهێزی ئەو پەیوەستانەی کەسان بەیەك دەگەیەنێتەوە، لە دواییشدا ئەو پەیوەستانەی ئەو بەبوونێکی مێژوویی دەبستێتەوە.

هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێم و تێ ناگەم

هەر جوستوجۆمە، کەچی هەر دەرۆم و پێ ناگەم

چـاوم ڕواو گـۆشەیـی ئـەو ئـەبـرووەم نـەدی

دڵ بوو بەبەحری عولووم و لەئەلف و بێ ناگەم

ئـەم بـێ هـیوایی و نـائـامـادەییـیە و ئـەم بـزربـوونـە فـەلسـەفـییـەی مـەحوی، بـێ ئومێد بوونێکە لە بوونێکی ڕەهـاو پڕدەسەڵاتکراو و ئاڵۆز ونـائـارام، شکستخواردنێکی عەقڵی و فەلسەفییە لە ئاست هێزێکی زەبەلاحی بوون کە ناهێڵێ مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە ئازادیی وێنە و عەقڵی خۆی بکا. وەك مرۆڤێکی ئامادە و عەقڵێکی ئامادە لەم بوونەدا پراکتیکی ئەو ئازادییەی بکات. هەر چەندە هەموو زانینی مرۆڤ ناگاتە وەڵامی ئەو بەها ڕەوشتی و عەقڵییانەی بەرجەستەی ئامادەیی بوونمان دەکەن لە سروشتدا، هەر چەندە مـەرجـی هـەمـوو بـوونـێك لـە نـاوچوونـی بوونـی دیکـەیـەو ئـەم زنجیرە لـە نـاوچـوون و زیـنـدووبـوونـەوەیـەی جـەسـتـەکـان و شتـەکـان، وەك دیـاردەی پـۆلـێـینکراو بـەڕاستیـی دابـەشبوون لـەسـەر بنـاغـەی پێکنـەگـەیشتنـەوە دامـەزراون و ئـەم دامـەزراندنـەش دواسنووری بیرکردنەوەی مرۆڤ دەنوێنێ. کەواتە دابەشبوونەکانی سروشت و مرۆڤن کەوا دەکەن ئازادییەکانی مرۆڤ سنوردار و ئابڵۆقە دراوبن، تۆرانی، ئەو و نائومێدیی ئەو لەهێزی ئـەو بـەشـەی بـوونـی عـەقڵی و بـوونـی سروشتییـەوە. کـە ئـەو بـەرەو هـەمـوو سیفـەتێکی سروشتیی دابەشبوونی دەبەن و وا دەکەن ئەو لە گەردوونێکی ناواقیعی و ناڕاستەقینەی بووندا بژیێ و هەمیشە ژیان وەك زنجیرە خۆبزرکردنێکی بەردەوام بێ و پەیوەستی بەبەشە ڕاستەقینە و داگیرکراوەکەی خودی خۆی پەیوەستێکی دوو سەرە و دوو مـانـا بێ.

تـاظـولمەتـی وجـوودە تـەریکـی لـە نـووری عـیشق

سێبـەر نـەمـا هـەتـاوە کـە (مـەحوی) نـەمـاخـودا

***

واعـیـظـم پـرسی، یـەکـێ شۆخـانـە جـوابـی دامـەوە

وەعظی چی؟! سەرلنگە دەستاڕێ کرەی دەستاڕی هات

***

زەمزەم چییە، بەزەمزەمەی ئایات و صەد حەدیث

پـابـوونـەوە لـە شەئـنـی نـیـیـە طـیـنـەتـی خـەبـیث

***

ئــەدی ئــەو وێڵــیــە بــورجــی زەمــیــنــە

دەبــەس بــڕوا مــەسیـحــا بــۆ سەمــا بــەس

***

ئەگەر ئەم ئەهلی دنیایە وەکو هەن، ڕێ خەنە جەننەت

دەنائەت زوو دەکا ئەو دونیە لەم دنیایە دونیاتر

تەریکبوون و بێ بەریبوون لە عیشق لە تاریکیدا. بزربوونی لە خۆردا، نوشوستیی فیکری باو یا وەعزی باو لە گەیشتن بەڕاستیی بوون، قەدەرییەتی دابەش بوونەکانی مرۆڤ لەنێوان چاکەخواز و شەڕخوازی و پاك نەبوونەوەی خەبیس، مردنی یا سەفەری مەسیح بۆ ئاسمان و دەستبەرداریبوونی لە گۆڕینی سروشتی مرۆڤەکان و شکستیی گەیشتن بە بەخشینی عیشق بە کەسەکان، گومان لە چوون و نەچوونی کەسەکان. بە دنیـایـەك، بـەهـەموو دوو سەرەیی بوونـەکانـەوە. ئـەمـانـە و چـەندین بـەیتی تر ئـامـاژە بـەدابـەشبوونی عـەقڵی و جـەستـەیی ئـەو دەکـەن، کـە جیـهـانـی خـودی فریوخواردوو و جیهانی خودی بزربووە، لێرەوە دەچینە بابەتێکی دیکەوە.

## کێشەی نێوان ئامادەبوونی جەستەی عەدەمی و جەستەی ئامادە

هیچ بوونێك بەبێ کێشە نابێ، هەر چەندە هەموو بوونێك لەسەر بناغەی دژبەیەك بوون و خوڵقێنەری دژە بوون دامەزرابێ. کێشەی بوونەکانیش پەیوەست بەمرۆڤەوە لەو گۆشە نیگایانەوە دەبێ کە مرۆڤی بیرکەرەوە و خەون بین، لەسەر هیچ تێوەگلانێکی پەیماناداری و سۆزداری و هـانـدانـدا لـەو بـیـرکـردنـەوانـەدا نـەوەسـتـێ کـەسـەروەریـی مێژوویی وەك وەستانی نەوەیەك دەبینێ و دەیانکەنە ئەو باوەڕە پاشەکشێ پێکەرانەی بەگشتی کردنی وێنەی بیرکردنەوەی نەوەیەك بەسەر نەوەیەکی دوای خۆیاندا دەسەپێنن. هەروەکو چۆن کێشە ڕەگێکی یـاخیبوونـی تێدایـە هـەروەهـا گـەڕانـە بـەدوای ئـەو هـارمـۆنییـە فیکری و گومانداریيانەی بناغەیەك بۆ بیرکردنەوەی وێکنەچوو دامەزرێنن کە وادەکەن بیرکەرەوە مرۆڤێك نەبێ بۆ بەگشتی کردنی بیرکردنەوە، هەر چەندە ئەو مرۆڤە گومان بخاتە نێو ئەو بەهایانەی کە پەیوەستی ڕەوشتی و فەلسەفیی تاکەکان دەنوێنن و لە سەرجەمدا بـزربـوونـێکی بـەگشتی کـراو هستـیـریـای کـۆمـەڵـە بـەهـایـەکی بـەکـۆمـەڵایـەتیکراو و بـەکولـتوورکراو بـووەوە، ڕووی بـەرامبـەرە بیرکـەرەوەکـان دەکـاتـەوە. هـەر ئـەم مـەیدانـە فراوانەی کارکردنە لەبیرکردنەوە کەوا دەکا مرۆڤی بیرکەرەوە لە ساتەکانی دابەشبوونی

خۆیدا بەدوای ساتێك لەژیانی بێ کێشەدا بژیێ کە هەمووشیان ئەو ژیانە بەبیری نوێی ئـەو بـاردەکـرێن و کـێشەکـان لـەکـۆمـەڵـێکـەوە، لـە زاتـێکـەوە، بـەرەو کێشە گـەردوونـی و بوونییەکان دەچن، کێشەی مەحوی و ئەوانی تر و بوون هەر لە سەرەتاوە هەرسێ ناوەندی بەکێشەکراو یاخود-ئەوانی تر- بوون دەچنە گەوهەری هەموو دابەشبوون و ناکۆکی و یاخیبوونە عەقڵانییەکانییەوە و بەزمانێکی تێر لە بیرکردنەوەدا هاواردەکا:

بـــێ کـەس مـنـم، کـەسێ لـە زوبـانـم بـگـا نـیـیـە

هـــەمـــدەم خـــودا نـــەنـــاسن و دەم پـــڕ لـــە یـــاخـــودا

هەروەها:

چـبـکـەم نـە ئـەو کـەسەم کەکەسم بێ لەلابەکەس

خـۆشم نـەگـەیمە ئـەو کـەسە، ئـەو مـن بکـا بـەکـەس

هەروەها:

بەئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو

هەموو دەشچن بەخنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق

مەحوی باس لەو سنوورانە دەکا کە ئەو لە نەوەیەك و لە بیرکردنەوەی نەوەیەك و بـوونـێکـی قـەدەری جـودا دەکـاتـەوە، چـونـکـە بـنـاغـەی هـەمـوو مـردنـێك وەك مـانـای فەلسەفەیەك خۆدانەدەستەوەی بیرکردنەوەیە کە هەموو گومانەکانی دەمرن و چیتر ناتوانێ لە دەرەوەی ئەو سیستەمە زاڵەی بیرکردنەوە بەگشتی کراوانە، ئاسۆیەکی بەرینتر بۆ تواناکانی عەقڵی مرۆڤ بکاتەوە.

کە مرۆڤ دەستبەرداری هەموو ساتە بەگومانە ژیلەمۆییەکانی عەقڵ بوو بێشك دەخزێتە نێودەسەڵاتی مردنەوە. ساتەکانی مردن لە ژیان و زیندووبوونەوە لەژیان وا لە مـەحـوی دەکـەن بـاوەڕی بـەوە هـەبـێ کـە هـەمـوو بوونێك، هـەمـوو گـەیشتنێك، هـەموو دۆزینەوەیەك هەر لەسەر ئەم خاك و ئەم زەوییەدایە و مرۆڤیش ئەو توانا عەقڵییەی تێدایە بڕیار لە ژیان و مردن و تەنانەت دەرکەوتنەوەی خۆشی بدا و بەمەش مردن تەنیا هێمایەك دەبێ بۆ زیندووبوونەوە، هەروەکو چۆن زیندوو بوونەوەش دەبێتە هێمایەك بۆ توانای مردن لە زیندوو بوونەوەدا.

هەرچەندە ئەو لە تەوەرە ناکۆك و دژ بەیەکەکانەوە، لە تەوەرە دوو سەرەییەکانەوە پـەیـوەسـتـە بـەکـێشە کـراوە گـومـانـاویـیـەکـانی بـەرەو ڕووی دەسـەڵاتـی بـەگشتـی کـردن

دەکاتەوە. ڕازینەبوونی ئەو بەچوونەوە سەری بەهای پەیوەستە بەگشتی کراوو مردووەکان، ڕەتکردنەوەی ئەو بۆ دابەشبوونە دوو سەرەییەکان. یاخیبوونی ئەو لەو چۆنێتییەی دەبێتە ژیانێکی بەدەستهاتووی گەشبینکراو بەرەهایی، سەرەو ژێر کردنەوەی بەهای ڕەوشتییانەی هەموو ئەو نۆرم و داو و دەستوور و نەریتانەیە کە لە میکانیزمی بەدیسیپلینکردنی بووندا لەوە زیاتر بەمرۆڤ نادەن، ئەو بکاتە لاساییکەرەوەیەك بۆ قبوولکردن، کە ئەو دەکەن بەو مرۆڤەی گومانەکانی حەرام و سەرکۆنە دەکەن، دەشێ خۆبەراوردکردنی مەحوی لەگەڵ کەسایەتی حەللاج و لە دوایشدا خۆبەراوردکردنی ئەو لەگەڵ حەللاج و گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەو لەحەللاج بەگومانتر و بەگوتنترە لە ڕووی بیرەوە، ئاماژەیەکی بەهێز بێ بۆ ئەو جیهانە فەلسەفییەی کە کولتوورێك تێپەڕ دەکا لە تێگەیشتن و وردبوونەوە، لەوێوە کێشەی مەحوی لەگەڵ بووندا کێشەیەك یا وێنەی کێشەیەکە لەگەڵ خوددا. هەرچەندە خود مەحکوومە بەوەی بوونێك لە خۆیدا هەڵگرێ و لەگەڵیدا بکەوێتە کێشەوە. مەبەستیش لەم خۆبەناوەندکردنەی بووندا، ئەو خودییەتە نییە کە خود تیایدا شکۆمەندێکی بوون بێ، بەڵکو ژیانە لە تراژیدیای شکستییەکانی مرۆڤدا لە بوونەکانی تردا، گەوهەری شکستی ناخەکیی مەحوی لە زاڵبوونی لایەنێکی دەسەڵاتداری بوونی خۆی نییە پەیوەست بەبوونەوە، بەڵکو شکستیی بوونی خۆیەتی لە چۆنێتیی ئەو ئامادەبوونەی ئەو لە بووندا و گەڕانە بەدوای داسەپاندن و کاریگەرکردنە سەرێکی دەسەڵاتدارییانە لەگەڵ ئەو بوونەدا هەرکاتێك ئەو تراژیدیا مرۆڤایەتییە چاو لە بوونێکدا بکاتەوە کە ئەو دەکەنە ئەکتەرێکی مرۆیی مەحکووم کراو.

هەر ئەمەشە وا لە مەحوی دەکا خۆی لەگەڵ هەموو ئەو بوونانە و ماناکانیاندا بخاتە کێشەوە کە دەسەڵاتی دابەشبوونیان تێدایە، لەمەشدا کێشەی نێوان جەستەیەکی دنیایی وەك عەقڵێکی دنیایی و جەستەیەکی لە دایك بوو لە ئەنجامی دانانی پەیوەستێکی نوێتر لە دووبەش بوونەکانی بووندا، کێشەیەك دەبێ لە خوارەوە هەڵدەقوڵێ و زۆربەی بوونە بەمێژووکراوەکان سەرەو ژێر دەکاتەوە ئەم گەیشتنە گەورەیە و ئەم دۆزینەوە مەحاڵە، لەفەلسەفەی گومان لەلای مەحویدا لەسەر چەند بناغەیەك دەبێ کە یەکەم بناغەی ئەو جیهانبینییەش:

### ٣- ڕەتکردنەوەو تێکشکاندنی بوونی جەستەی ئامادە

سەرەتای گومانەکانی مەحوی، گومانێکن کە ئەو دەکەنە مرۆڤێکی بیر کەرەوە و ناکۆك لە خودی خۆیدا. سەرەتای ئەو گومانانە لەوێوە دەست پێ دەکەن کە مەحوی گومان لە

بوونێکی یا بەشێکی بوونی خۆی دەکا کە لەگەڵ بوونێکی بە دیسیپلینکراوی دەرەکیدا دەکەوێتە کێشەوە و ئەو کێشەیەش لە ناوەوەی خۆیەوە سەرهەڵدەدات، لەو کاتەی دەگاتە ئەو باوەڕە گەورە و ترسناکەی کە دەشێ ئامادەبوونی جەستەیی و عەقڵیی مرۆڤ ئامادە بوونێکی پڕ لە وەهم و دەمامکاوی بێت، کە بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ئامادە بوونی ئێمە دەدەن لە بوونێکی تردا کە بۆی هەبێ گۆڕان بخاتە سەر بیرکردنەوەی. ئەو گومان لەوە دەکا کە لە هەر پەیوەستێکی باوەڕداری و تەنانەت کۆمەلایەتیشدا بێ کە ڕەنگدانەوەی تەبایی‌بوونێکی وابێ لەسەر بناغەی لێکگەیشتن و حاڵی‌بووندا بێ و مرۆڤەکان بە دووبەشی عەقڵی خۆیانەوە پەیوەستەکانیان بە وانی دییەوە دیاری نەکەن.

ئەم کرداری گەڕانە بەدوای یەکێتیی عەقڵی کە یەکێتی ئامادەبوونی ڕاستەقینەی تاکێکە لە بووندا، دۆزینەوەی یا چوونەوە سەر و ئاشکراکردنی حەقیقەتێکی تریە کە حەقیقەتێکی تاڵ و تراژیدییە، لەوکاتەی بگەیتە ئەو ئەنجامەی ژیان لە بوونێکی حەقیقیدا ژیانە لە کێشەی بەردەوامی نێوان دوو جەستەو دوو عەقڵ و دوو ئامادەبوونی لە یەك ترازاو کە ژیانی ڕۆتین و بە مێژوویی‌کراوی ئەوانی تر ناهێڵن کە تۆ لە پەیوەستێکی لەوە جیاتر بی کە وات لێ بکەن، تۆش یەکێتییەکی عەقڵیی وەها ناڕاستەقینانە نیشانی ئەوانی تر بدەی وەك تراژیدیایەتی گەورەی چاوونوقاندن لە ئاست هەموو بە دەمامك کردنێکی ڕۆژانەیی.

هەر بۆیە داوای مەحوی لە وانی تر کە چیتر ژیان و حەشرو پێکەوە بوونیان لەگەڵ ئەو نەبێ، دەگاتە ئاستی هەرە نامۆبوون و بێزاری، کاتێك چاو لە عەقڵێکی تری خۆیدا دەکاتەوە دەبینێ، ئەو لە قووڵترین جیابوونەوە چارەسەر نەکراوەکانی خۆیدایە، لەگەڵ خۆی لە یەکەم بیرکردنەوەدا لەگەڵ ئەوانی تر لە دووەم بیرکردنەوەدا ئەوسا پڕ بە عەقڵ پڕ بە هوشیاری داوای تراژیدی و شکستی پێوەندیی خۆی بەوانی ترەوە دەکا و (تەبەڕڕا) بوون و (لێ دوور کەوتنەوە) و لە دواییشدا گریان بۆ ئەم جیابوونەوە تراژیدییە ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ئەو بەرجەستە دەکەن. مرۆڤێك چۆن دەتوانێ لە پلەیەکی گەورەی گەیشتن بە زانینی تراژیدیاکانی بووندا هیچ پەیوەستێکی بنیاتنەرانە لەگەڵ ئەوانی تردا دامەزرێنێ لە کاتێکدا هەر ئەو پەیوەستە زاڵ و بەدەسەلات کراوە ئەو دەرفەتەش بۆ خودی بیرکەرەوە دەڕەخسێنێ کار لە هەڵوەشانەوەیان بکا، کە بناغەکەی هەڵوەشاندنەوەی کەسایەتیی خودی ئامادەیە.

لــەنــاڵــەی گــەرمــی دڵ بــاکت نــەبــوو تــۆ
بــەئــاهــی سەردی «مــەحــوی» مــن دڵــم سووت

***

سەججادەی مەی پیا ڕژاوم و عوریان و لەش بەخوون
نـوێژم مـەظـەنـنـە وایـە لـەمـەولا بـکـەن قـوبـووڵ

***

لەبەینی نووروظولمەت ئامەشۆ سەرناگرێ «مەحوی»
نـیـگـارم بـۆیـە پێمـی وت: لـەمـن هـاتـن لـەتـۆ ڕۆیین

***

کـە تـۆغـایب لـەبـەر چـاوم دەبـێ چـم بـێ لـەتـۆغـایب
قـیـامـەت حـاضری بـەر چـاومـە، خـۆمـم لـەخـۆغـایب

***

هـەروەك دەبینین دڵ سووتـانی ئەو بەخودی خۆی، جەستەو عەقڵێکی پڕ مەزەننەت و گومـان، بڕیاری بەشێکی نیگاری خۆی یا بەشێکی عەقڵی خۆی بەرەو نەمان، بزربوونی خودو جیـابوونـەوەی لـە خودێکی تری خۆی، هـەمـوو ئـەم ئـامـاژانـە بـەقـووڵـی عـەقڵێك دەردەخـەن کە عەقڵی جەستەیەکە پڕگومـان بووە و هیچ سازشکردنێکی پێکەوەیی قبووڵ نـاکا و دەبێ هـەرچی زووە بڕیـار لـەو بەجوگرافیکردنە عەقڵییە بدا کە ترۆپکی گەیشتن بـەو هـەقیقـەتـەش کوشتنی یا بە بکوژ کردنی خود بۆ خودە، کێشەی ڕەتکردنـەوە، کوشتنی خود کێشەیەکی جەستەیی نییە بەقەد ئەوەی کێشەیەکی عەقڵانی و تـا ڕادەیەکیش ڕوحیی هـەقیقـەتبینـە، کەلـە وردبوونـەوەکانیدا ئەو بەشەی خۆی کە بـەرەو ئـەوانی تری دەبـا، بـەرەو تێگەیشتنی سادە و خۆدانە دەستەوەی دەبا، ئیتر ئەو بەشە ناتوانێ لە بەشێکی تردا پێکەوە بێ کە لـە زانینی خۆی لە خۆکاملکردنی خۆی ناگاتە ڕادەی بوون.

ئەگەر ئـەو بوونە بـەدەست هێزو بوونێکەوە بێت کە لە ئەنجامی گەیشتن بـەکۆمـەڵێك ڕاستـی کـە ڕووی ڕاستـەقینـەی مرۆڤ ئـاشکرا دەکـەن، کـە مرۆڤ دەگـەیـەنـنـە پـلـەیـەکی گەورەتر لە تێگەیشتنی ئەو پەیوەستانەی مرۆڤ بەبوونەوە دەبەستیتەوە، ئیتر لەوێوە لە کاملبوونێکی عەقڵیی تراژیدیکراو بە نوشوستی و بێهوودەیییەوە دەگاتە ئەو سنوورانەی کە مرۆڤ بـەزانینەکانییەوە ناتوانێ پێیان بگا، چونکە ئەو پەیوەستەی نێوان تـاریکی و

زولمەت ئەو پەیوەستەی بوونی مرۆڤ و بوونی دەرەوەی لەسەر وەستاوە مەحکوومن بە یەك نەگەیشتنەوە. هەر چەندە هەموو زانین تەنیا لەسەر ئەم بوونەی سەر ئەم خاکەیەو گەیشتن بە ئەو دیوی زانینەکان بە ئەودیوی بوونەکان بەجەستەیەکی عەدەمی دۆزینەوەیەکی تراژیدیایەکی ترەیە، کاتێك ئەو عەقڵەتووشی هەڵوەشانەوەو لێکترازانێکی تر دەبێ و بوون خۆی لەخۆیدا زنجیرەیەکە لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە.

گەڕانی تاکوتەرای مەحوی، بیرکردنەوەی بەردەوامی لەبوون، لە کەلەبەرێکەوە بێزاربوونێکی عەقڵییە لە دروستکردن و خولْقاندنی ئەو ئایدیالە بەپیرۆز کراوانەی کۆ بەرهەمیان دێنێ، کۆ شوێنی مەحوی تێدا نابێتەوە. هەر چەندە ئەو کۆیە ئایدیال دەخاتە دەرەوەی خۆی. لە ڕاستیدا هەر داسەپاندنی ئایدیالە باوەرداری و ئایدیۆلۆژی و کولتورییەکانە کە جۆرێك لە سەقامگیری و وابەستەبوونی نائیرادی لەلایەن تاکەکاندا دەخولْقێنێ، کە لە پێشەوەی ئەو ئایدیالە ئیتر بوارێك بۆ زانین نامێنێتەوە. ئەم بەناوەندی بوونەی ئایدیال لە کرداری یەکخستنی ناخودییانە لە بیرکردنەوەدا، بزر کردنی کەسایەتیی مرۆڤی بیرکەرەوەیە و داخستنی هەموو دەرفەتێکە لەبەردەم مرۆڤەکان کە بەرچاو ڕوونییەکی گەورەتر، بوار بەڕای ناکۆك بدەن.

کەواتە سەرەتای لێکترازانی عەقڵی مەحوی و کۆی بەئایدیالْکراوی لەو پرسیارەوە دەبێ، دەبێ چ شوێنێك بۆ بوونی خۆییانە هەبێ لەو کاتەی هەست بکەی کە تۆ وەك ئامادەبوونێکی عەقڵی و جەستەیی چیتر ناتوانی لەو ئایدیالانەوە پەیوەستی خۆت بەوانی ترەوە دیاری بکەی؟ لێرەوە، لەم نوشوستی و شکستییە گەورەیەوە، نائومێدبوون لەلای ئەو دەبێتە گەڕانێك بۆ تێکشکاندنی جەستەیەکی ئامادە، بۆ پەرتکردن و پچڕاندنی هەموو پەیوەستێکی خود بەخودی نێوان عەقڵی ئامادە و ژیاوە و عەقڵی نائامادە و پڕ لە زانین، تاکو هەر لەم دابەشبوونەوە پەیوەستێکی تر، لەنێوان عەقڵی هیچگەڕایی و کۆی خاوەن ئایدیال بێتەدی، ئەمەش نایەتە تر ئەگەر بێتو دەستبەرداری بوونی لایەنێك لە عەقڵمان نەبینەوە.

تراژیدیای چۆنێتیی ئامادەبوون لە بووندا، تراژیدیای دەستبەرداریی بوونێکە لە خود کە هەموو گرفتارییەکانی تێدایە، کەهەموو چێژە غەریزی و ئازادییە سروشتییەکانی تێدایە، هەر چەندە هەر سروشت و کاریگەریی لەسەر مرۆڤ وەك بوونێکی هورووژمبەر وادەکا تووشی دابەشبوون بێ، ئەو لە هەمیشە گەڕان، هەمیشە ئازار، هەمیشە زانین، خود بەرەو ڕووبەرێکی گەورەتر لە ئازادی دەبا. تاکو لەو شوێنە، لەو تاریکستانەی عەقڵ تێیدا

گەشانەوە و درەوشانەوە بەخۆی دەدا. ئەم جۆرە ڕەتكردنەوەیەش جۆرە تەسەوفێكی عەقلانی و یاخیگەرە كە هیچ خۆسازشكردنێك لە زانیندا وەك مرۆڤی گەڕۆك ناخاتە سەرخۆی.

هەر بۆیە ناوەڕۆكی گوتاری شیعری و فەلسەفیی مەحوی، گوتارێكە كە كێشەی بەردەوام و ناكۆكیی نێوان دوو جەستەو عەقڵی دوو مرۆڤی ناكۆكە، یا گفتوگۆی بەردەوامی نێوان دوو بیركردنەوەیە كە هەر یەكەو بە ئاراستەیەك، چۆنێتیی بوونایەتیی ئەو دیاری دەكەن لە بوونە سەرجەمگیر و گەورەكاندا. ئەمەش سەرتاسەری پڕە لە گومان، لە نائومێدی و تراژیدیا، پڕە لە شكستی عەقڵی هۆگر بوو و عەقڵی یاخی. هەر ئەمەش مەحوی دەگەیێنێتە ئەو باوەڕەی كە نوشوستیهێنان لە ژیان وەك بوونێكی ئامادە و نوشوستیی لەو دیوی بوون، وەك نەگەیشتنێكی چارەسەرنەكراو بەو بوونە كەوتنی هەر پڕۆژەیەكی عەقڵیی مرۆڤە لەو مێژووەی پەرەی پێ دەداو دەیەوێ لێیان بگاو ئەو جوانی گوت كاتێك بیردەكاتەوە و دەڵێ:

ئەگەر ئازادەگییەك بێ لە عەدەمدا بۆمان

چی هەیە غەیری بەپێچی پەلە پەل دوای حەیات

**٥- گەڕان بەدوای جەستەو عەقڵی هیچگەڕایی (عەدەمی)**

عەقڵی عەدەمی یا هیچگەڕایی لەلای مەحوی، پێش هەموو شتێك گریمانی ئامادەبوونێكە لە بوونێكی فانتازی. فانتاریا لەلای مەحوی هێزی بەیەك گەیشتنەوەی خودە لەگەڵ خود. لە گەردوونێكدا كە ئاستەمە پێناسێكی لەواقیعماندا هەبێ، یاخود بۆچوونێكمان دەربارەی ئەو بوونە هەبێ. هەر چەندە ئێمە هەمیشە گیرۆدەی واقیعێكی سنوردار و لە چوارچێوە گیراوی بوونێكی پێناسەكراوین و هەموو لەو بوونەدا هاوبەشین و لە كۆتایی هەموو لێكدانەوە گشتگیرەكاندا، بەچارەنووسێكی دیاریكراو بەستراوینەتەوە. خوێنەری بەڕێز ئەمە فانتازیای واقیعێكە كە تیایدا كۆتایی هەموو ئەو ناكۆكییانە لەگەڵ خۆمان و بوونەكان دی بەیەك دەگەینەوە. گەڕان بە دوای فانتازیا لەلای مەحوی هەرچەندە بەئاماژەی سیما دیاری كراوە، بەڵام لەهەمان كاتدا پراكتیكێكی بە میتافیزیككراوی هەموو ئەو گەشەسەندنە عەقڵیانەن كە دەمانگەیەننە ئەو دیوی زانینەكانی مرۆڤەوە.

گەر لە دنیا چاکەیێ صادر بوو تەفرەی پێ نەخۆی

ڕووسپی هەر ڕوو ڕەشە گەر بێ صەد ئازایی بکا

***

لێرەدا مەحوی بە هۆشیارییەکی گوماناوییەوە دەڕوانێتە ژیان لە بووندا، کاتێك ئاماژە بەو نادڵنیابوونە ئێستایی و داهاتووییە دەدا کە مرۆڤ دەیبێ. ئەو نادڵنیابوونە لەوێدا سەرهەڵدەدات کە مرۆڤەکان نەتوانن هیچ پەیوەستێك لەگەڵ بووندا دابنێن کە بۆی هەبێ عەقڵی مرۆڤ بۆ ساتێك لە کێشەکانی کێشە ئەزەلی و دەروونی و بوونییەکانی خۆی لە ژیاندا لەو قەدەرییەتە دەربکا کە حەساسییەتی عەقڵی هەمیشە کێشەدار خەونی پێوە دەبینی. لێرەوە هەموو ڕووە خۆش وکامەرانەکان هەموو ساتە گەشاوەکانی هیوابوون بەتێگەیشتن، هەموو خۆشییەکان، مەحکوومن بەهێزێکی ترە کە لەسەر ئەو بناغە و ئەو بەها ڕەوشتییە بوونییە نییە، کە مرۆڤ لە هەر بەکێشە بوونێکی بە تاساو کراو چەندێك لە ناخی ون دەکات و چەندێك لەو ناخەی خۆی لە دەستدانی ساتەکانی ئارامی بوون تێك دەشکنێ و ناتوانێ پارچەکانی ئەو پەرتبوونە عەقڵی و دەروونییەی خۆی یەك بخاتەوە.

ئەم نووچخواردنە دەروونی و پەرتبوونە عەقڵییە، لەو کاتەدا هیوای تێدا بزر دەبێ کە مەحوی چیتر دەرك بەزەمەنی کردار ناکا، یا باوەڕ بە خودی کردار ناکا، ئەگەر بێتو ئەو کردارە، کردارێکی بەدەستهێنانی زانین نەبێ، کە لە گرێ دەروونییەکانی بەتاوان بوونی خود لە بەردەوامییەکی نەگۆڕدا ڕزگار نەکا، دژ بەیەکیی گوتنەکانی مەحوی، دەرك کردنیەتی بەوەی بیرکردنەوە هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی قەدەرییەتی تاوانە لەبووندا، کە ئەمەش کێشەیەکی گەردوونی و چارەسەرنەکراوە. گواستنەوەی عەقڵییانەی مەحوی یا گوزەری عەقڵییانەی مەحوی بەرەو گەردوونێکی سەرووتر لە زانینی شتەکانی وەك کردارێکی عەقڵی، خۆی لە خۆیدا دوو سەرەو دووبەشە کە لە لایەکیاندا یا دەبێ لەم بوونەی سەر زەمیندا وێنەی شوێنی خۆمان بدۆزینەوە کە ئەم کردارەش کردارێکی تراژیدییە و بەوەی ناچێتە قاوغی ئەم بوونە زەمەنییەوە، هەروەها یا دەبێ بە عەدەمکردنێکی عەقڵییانە لە زانیندا ڕوویدا کە بەڕای من ئەمە گەڕانی مەحوییە لەو وێستگە بوونییانەی کەدەبنە ڕێگەیەك دەروازەیەك لە دابەشکردنەوەی دوو سەرەیی بوونەکان، چونکە بوون مەحکوومە بەوەی، لە پشتەوەی هەموو ئارامییەك لە تێگەیشتندا ڕاڕاییەك هەبێ، لە پشتەوەی هەموو دان پێدانانێکی خۆدانە دەستەوەیی دەروونی

پەشیمانییەك و تاسەیەك دێتە بوونەوە، ئەمەش لەدوا کرداری نێوان بوون و مرۆڤ وەك بەدەستهێنانی دڵنیایی ئارام بوون، کردارێکی ناهاوسەنگ و ناتەبایە و لەسەربەهایەکی ڕەوشتی و بووندارى وا دانەمەزراوە، کە مرۆڤ، مرۆڤی بیرکەرەوە، بتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم هەقیقەتە بێ و وەك مرۆڤێکی مەحکوومکراو بەدابەشبوونەکان تا سەر خۆی بداتە دەستی دەسەڵاتی ئەم هۆگری بوونە عەقڵی و بوونییەوە.

ئاشتیی تۆ، تۆری من، بۆ بێ ثەباتی هەردوویەك

گەیوەتە حەددی یەقین، ئەم دوو یەقینەن هەردوو شەك

لێرەدا تێکشکاندنی بەها ڕەوشتی و عەقڵییەکانی مرۆڤ بەرەو هەڵوەشانەوەیەکی چارەسەر نەکراو دەچن، لەو کاتەی ئەو بەها پەیوەستدارییانە بناغەکانی بەیەك گەیشتنەوەیە، بەیەك گەیشتنەوەیەکی ئارامبەخش دەکەونە بەر گومان و نادڵنیاییبوونەوە. چونکە هەموو یەقین بوونێك، جێگیربوونی نییە و بێگومان نییە، ئەمەیە ئەو پەیوەستە ئاڵوگۆڕکارییە فەلسەفییەی کە چۆنێتیی ئامادە بوونی مرۆڤێکمان بۆ دەخاتەڕوو کە لە هەموو ساتەکانی ئاشتبوونەوە و ئارامی یەك سەرە دادەبڕێ. لێرەوە مەحوی بیر لە کردارێکی پڕ لەترس و پڕ لە سام دەکاتەوە کە بڕیاری پەرشوپەرت کردنی جەستەی دوو سەرەیە بەرامبەر بەبوونی دووسەرە.

ئاماژەی مەحوی بەدژ بەیەك بوونەکانی بوون، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ئەو هێزە تەفرەدەر و لێکدابڕەی لە توانایدا دەبێ ئامادەبوونێکی تری پەیوەستدار و ناپەیوەستدار بەرامبەر بەهەمیشە پەیوەستبوونی قەدەرییانە بۆ خود بدۆزێتەوە. دۆزینەوەی هاوکێشەی بوونی یەك بنیاتە بەرامبەر بەبنیاتە کۆکراوەکان کە لەسەر بناغەی یەکگرتنەوەی بە دژ بوون. ئەمەش مەحاڵ دەبێ گەر لە توانای کرداری عەقڵیدا نەبێ. وەك کرداری سەر لەنوێ بەیەك گەیاندنەوەی دوو جیهان بۆ بیرکردنەوە نەبێ کە لە توانایدا بێ گومانەکان، نائومێد بوونەکان، لە بوونێکی ڕووکەشی پەیوەستەکانەوە بەرەو بوونێکی بنیاتداری شاراوە نەبا. هەر چەندە لە سەرجەمی ئەو کردارەدا دەردوداخ و ئازار و شکستیی دەروونی نەکاتە چێژێك بۆ گەڕان و سەرلەنوێ ژیانەوەیەکی عەقڵی تر لە ئامادەبوونێکی تر. هەر چەندە پاش هەموو ئازارەکان دەشێ بەرەو ڕووی ئازادی چێژ بەخشی تر ببینەوە:

ڕوو ترشی و ڕوو خۆشی لە ڕوویێکا، لە یەك دەما

قــەهــری درۆیــە، مــیــهــری درۆ، هــەردوو هــەردرۆ

***

جەخت لەسەرکردنەوەیەکی نائومێدبوون بە دابەشبوونی عەقڵییانە، نائومێد بوون لە بزربوونی ئەو ڕووەی کە ئەوانی تر نیشانمانی دەدەن، گومان خستنەوە سەرە بارە دەروونی و سۆزاوییەکانە کەوا دەکەن هیچ یەکێك لەو دابەشبوونانە وەك حەقیقەتێك وەربگرین. ئەمەش مانای ڕزگارکردنی خودە، یا دووبارە هەڵنانەوەی خودە لەو کاتەی ئەو خودە خۆی لە هەموو ئەو بەها بوونی و ئامادەییانە ئازاد دەکا. کە ئازادییەکی گەورەترو دروستتری لێ دەشارنەوە و وا دەکەن ئەو لەو مانایانەدا نەژیێ کە بەتەواوەتی مانای بوونی ئەو دەنوێنن.

ئـەو نـوشوستـیـیە لـە زۆر شوێنی تری شیعرەکانی مەحویدا دەچینەوە سەریان کە بەزاراوەی «خەریکەی بێ مانا» دیاریی دەکا خەریکەی بێ مانا، هەوڵەکانی مەحوییە بۆ گەیشتن بەو جیهانی گرفتاری و جیهانی جەستە و عەقڵی ئامادە و ئەو هەرزوو ئەو جیهانە ڕەت دەکاتەوە، بەدوای بەشە بزرو نا ئامادەکەی خۆیدا دەگەڕێ ئەو بەشەی کەلێیەوە بەرەو سیحرەکانی خۆ دۆزینەوە دەچین، تاکو لەوێوە بەرەو گەیشتن بەجیهانی تەبایی و

ناکۆیییەکانیش بچین و لەو خاڵانەی بیرکردنەوەدا یەك بگرینەوە کە بەڕاستی ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین، ئەوە ئێمەین لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆین، ئەوە ئێمەین عەشق کاری خۆی لە بیرکردنەوەمان کردو دنیایەکی تری پێ نیشان داین.

ئەمەش هەرگیز نایەتە دی، ئەگەر بێتو ئەو دنیابینییە عەقڵانییە بەرەو ڕووی خەوش و ساتە لاوازەکانی خۆی نەبێتەوە هەر ئەمەش وا لە مەحوی دەکا لە هەمیشەگەڕان هەمیشە نەوەستان، هەمیشە یاخیبوون و هەمیشە گوماندا هاوار بکا:

تا سەر نەبووەتە گۆ، دە لە دنیا دەتۆ شەقێ

هــەر ئــەم شەقــە بــەکارە کـەوا هــەڵدرێ لـەهـیـچ

***

## ڕەتکردنەوەی بەها عەقڵی و ڕوحییە ڕووکەشەکان

ئەگەر بێتو هەموو بوونێك بەکۆمەڵە بەها و ناسینەوەیەك دیاری بکەین کە سنووری ئازادی و ڕەهابوونە عەقڵییەکان تیایدا دەبنە پێناسێك یا ناسنامەیەك بۆ بوون، ئەوا هەموو بوونێکیش کە بچێتە بازنەی تێگەیشتنەوە، بوونێکە لە خوددا دێتە دی. کێشەی خود و گەیشتنی بەو سنوورانەی ئەو دەردەکەن لە پێناسەکان بێشك خودێك نییە بۆ ناساندنی، خودێك نییە کە ئێمە هەر کاتێك ویستمان وێنەکانی ئامادەکەینەوە، چونکە هەموو پێناس و ئامادە بوونێك بەمانای خۆ دۆزینەوەیەکی ڕووکەشانە دەبێ. هەرچەندە ئەو دۆزینەوەیە بۆی هەبێ، ببێتە دابونەریتێك بۆ بیرکردنەوە. چونکە هەموو بوونە داوونەریتێك، هەموو بەداو و دەستوورکراوێك بۆی هەیە دژە بیری لە بەردەوامیدا پەیدا کاتەوە، چونکە بوون مەحکوومە بەگومان بەهەموو ئاستە بنیاتنەرو تێکشکێنەکانییەوە.

هەر بۆیە مەحوی ئەو جیهانەی دەیدۆزێتەوە، پێناسێکمان یا پیناسێکی تەواو وێنەی خۆیمان بۆ ناخاتە بەر دەست، هەر ئەوەشە وا دەکا گەورەترین دابەشبوونی بیروڕای زارەکییانە دەربارەی گەیشتن لە جیهانبینیی مەحوی و چۆنێتیی بیرکردنەوەی لە ڕۆشنبیری کوردیدا، بکەوێتە بەرچاو. بەلایەنی ئەوەوە هەموو گەیشتنێك، گەیشتنێکی مەرجدارکراوە، چونکە گەیشتن بە ئازادی، گەیشتن بە وێنەی ڕاستەقینەی خود دەبێ لە تێکشکاندنی جیهانێکی بەمانا کراوی سەقامگیر کراوەوە سەر هەڵ بدات. ئەم ڕۆچوونە زاتییە لەلای مەحوی ڕۆچوونێك نییە کە مردن دوا وێستگەی بێ، هەرچەندە لە مردندا دەشێ جیهانێکی پەیوەستداری تر شوێن بەعەقل و جەستە بگرێتەوە. ئەمەش مردن وەك کردارێکی دەسەڵاتدارێتی بوون لە خۆیدا ناگرێت، واتە دۆینەوەی ماناکانی مردن لە خودی ژیاندا دەبێ، واتە بۆ ئەوەی بمرین لە پێناوی ژیان، هەروەها دەبێ بژین لە پێناوی مردن، بەجۆرێکی تر، فەلسەفەی ئامادەبوونی زات و سەربەستیی زات، سنوورێك لەنێوان مردنی جەستە و ژیانی جەستەدا ناهێڵێتەوە، لەو کاتەی هەر لە ژیاندا، جەستەی ژیاوە، دەگاتە بڕیاری پراکتیککردن و ژیانکردن لە مردندا، هەروەکو چۆن کە ڕۆژ هەڵێ (مەحوی نامێنێ) و هاموشۆی مەحوی لە نێوان شەوو ڕۆژدا، بۆ زیاتر کردنەوەی ئەم گۆشە نیگایە دەڵێین.

ئەگەر ژیان موقەددەر بێ بەمردن، ئەگەر مردن موقەددەر بێ بە ژیان، دەبێ کۆتاییەکانی جەستەکە مردنە کۆتاییەك نەبن بۆ جەستە کە ژیانە. چونکە زیندوویێتی

بوون لەگەڵ گۆڕانی شوێنەکان و ماناکان و ئامادەبوونەکان و زەمەنەکان دەگۆڕێن، هەموو نهێنییەکان ئەو بوونەی مەحوی تیایدا دەژی مەرجی ژیان و مردن، مەرجی تاریکی و ڕووناکی دەبێتە بناغەی هەرە قووڵ و هەرە فەلسەفیانەی خودی بوون. سەیر نییە لێرەشدا بەشێك لە ئازارەکانی مەحوی لە ژیان، بەشێك لە خەمە قووڵ و بێهوودەیی بوونە عەدەمییەکانی شکستییەك بن لە دۆزینەوەی ئامادەبوونێکی سەقامگیر لە نێوانی بوون ونەبووندا. هەرچەندە ئەو بوونەش مەحکوومە بەبوونی گەورەتر و جیهانی گەورەترەوە. گوێ بگرن لەم بەیتانە:

١- لەمەیخانە خودا! گەر ئێمە دەرچین

بەکێ بەین ئیلتیجا بۆ کێهە دەرچین

کە ئێمە چوونە جەننەتمان بەتۆدا

لە ئێمە لادە زاهید ئێمە هەرچین!

٢- چ خەیاڵێکە لیقابێ بەفەنا چوونی جەسەد

٣- کەمن دڵ پڕ کەدەرم و لێڵەعەیشم

لەکن من بەس بکەن باسی صەفا بەس

لەم چەند بەیتەوە دوور لە شیکردنەوە ڕووکەشەکان، چەند سیمایەکی جەستەی عەدەمی مەحویمان دێتەوە بەرچاو:

١- گەیاندنی عەقڵ لە ئاستە ڕووکەشەکانی بیرکردنەوە بۆ ئاستە شاراوەکان.

٢- خودێتی، خودێتی جەستە نییە، بەڵکو خودێتی عەقڵە و هەموو خودێتییەکی عەقڵ، گەیشتنە بەجیهانێکی شاراوە.

٣- خودێتی هەموو کاتێك تاکوتەرایی بوونە، هەرچەندە لە هەموو ئەو پەیوەستانە دەردەچێ کە جەستەیەك دەنوێنن تەنیا لە مانای ڕووناکبوونەوەی ڕووکەشانەدا دەژی.

٤- فەناچوونی جەسەد دووڕووی بەقەد یەکی پەیوەستی نێوان واقیع و خەیاڵە، کە تەنیا عەقڵە عەدەمییەکان دەتوانن بەو پەیوەستە بگەن، ئەمەش پەیوەستی دەست لێ دراوە بە ئەفسانەی دژ بەیەکبوون و تەباییبوونەوە، تەباییبوونەوە و دژبەیەك بوونەوە.

کە ترۆپکی ئەو هەموو پەیوەستانە بەیەک گەیشتنەوەیەکی یەکتر ڕەتکردنەوە و دابەشبوونەوەی تازەیە کە بەیەک گەیشتنەوەیە.

٥- گەورەترین کەدەربوون و لێڵبوونی عەیش بینینی خودی ژیاوە و مەحکوومە لە چاوی خودی عەدەمی و نزیک لە ئازادەگییەوە.

فەناچوونی جەسەد کردارێکە، لەناوچوونی دەرکپێکرا وو لە هەمان کاتدا خەیاڵی عەقڵێکە کە هیچ بەیەک گەیشتنەوەیەکی لەو بەیەک گەیشتنەوانە تیایدا ڕوونادا کە تێکڕای جەستە ئامادە و پەیوەستدارەکان بەبوونی ئامادەوە تیایدا هاوبەشن و مرۆڤە بەمێژوویکراوەکان بەرهەم دێنن. چونکە خۆدانە دەستەوە هەمیشە ناخمان دەڕووخێنن، دەستبەرداری بوون لە کێشەکان، ناخمان دەخۆن، عەقڵمان داگیردەکەن، هەڵبژاردن و دەپەڕینە خودییەکانمان ئابلۆقە دەدەن.

چەمکی مردن کە ڕوویەکی مەجازییانەی هیچگەڕاییە، کۆتاییەک نییە بۆ بوون، بەڵکو گەیشتنە بە بەشە تۆراوو لێکجیاوەبووکەی مرۆڤ. ئەو بەشەی کۆتاییەک بەکێشە وێکنەچووەکان و دژبەیەکییەکانی عەقڵی مرۆڤ دێنێ، کە هەر خۆیان لە کێشەکانیاندا دەبنە ڕوویەکی تری ئەو پەیوەستە بزرانە، هەر ئەوکێشانەن کە دەچنە گەوهەرێکی ترەوە، گەوهەرێک کەڕوویەکی درەوشاوەتری زانین و بوونی نا ئامادەی زیندوو دەنوێنێ. ئەم ڕەتکردنەوە و داماڵینەی بوونی جەستەیەک و تواندنەوەی لە بۆتەی جەستەیەکی تر کە هەروەک خەیاڵێک وایە و لە هەمان کاتدا چڕکردنەوەی بوونە لە خەیاڵ، پاش هەموو ئەو گۆڕانانەی لە نێوان دوو ئامادەبووندا دێ و لە دوو ژیاندا. جیهانی دەرەوە کە ماناکانی بوونەتە دووبەشەوە و دەبێ بەشێکیان ئەوی تر لەناو بەرێ و بوار بۆ بەشەکەی تری خۆش بکا، ئەوی تێدا لە دایک بێتەوە، جەستەیەکە لە بەشێکی جیهانی لەناوچوودا، ئەویش لە دایک دەبێتەوە بە لەناوچوون کە دەتوانین وەک پەیوەستێکی فەلسەفی بیانخەینە ڕوو:




کەواتە بەیەک گەیشتنەوە (لیقا) یەکتر بڕیی نێوان جەستەی ئامادە و جیهانی شاراوەیە، بەرامبەر یەکتر بڕی نێوان هیچگەرایی و جیهانی ڕووکەش. ئەمەیە

چڕکردنەوەی هەرە قووڵی فەلسەفەی بوون لەلای مەحوی، وەك گومانێك كە ئەو پەیوەستانە دیاری دەکا کە لە نێوانی دوو بوونی جەستەیی دوو عەقڵی لەیەك عەقڵ و یەك جەستەدا هەیە. بوونی جیاواز لە یەك بوون و هەروەکو چۆن کردارێکیش دەنوێنێ، کە لە پەیوەست دامەزراندنی ئەو دوو بوونەلێك نەچووانەدایە. کرداری «بەیەك، گەیشتن» و ئەو کردارەی کە هەمدیسان کردارێکی هاوشێوەیی گەورەتری شاراوەی بەدواوەیە.

لەبەینی نوور و ظولمەت ئامەشۆ سەرناگرێ (مەحوی)

نیگارم بۆیە پێمی وت: لە من هاتن لەتۆ ڕۆیین

***

دابەشبوونی عەقڵی و جەستەیی لەم بەیتەدا دەگاتە ترۆپێکی قووڵبوونەوە لەبوونەکان، گفتوگۆی مەحوی گفتوگۆیەکە لە نێوان دوو بوونی لێکترازاو، گفتوگۆیەکە هەردوو بوون بەقەد یەك بەیەکەوە پەیوەستدار دەبن و لەسەر بناغەی لێکترازانێکی پێشینە. بوونێك لە تاریکیدا، کە مەحوی لە ئیفشاکردنی دڵ ئاماژەی پێ دەدا و هەر لە تاریکیدایە کە ئەو ئیفشاکردن و درکاندنە، ئەو تەجرەبەی مەردانەی شەو، زولمەت پۆش تاکو دەرکەوتنی نووری گەوهەر فێربوونی پەرستن لە شەودا، بوون و بەسەودا زەدەی ئاتەش زەدەیی لەهیجرانی شەو گەوهەری دڵ کە لە شەودا مەوج دەدا.

ئەمانە ئەو کردارانەن هەموو پەیوەستدار کراون بەشەوەوە، کە شەو خۆی لە خۆیدا دەبێتە هێمای ژیانی جەستە و عەقڵی نائامادە لە جیهانێکی بزردا. پراکتیکی بیرکردنەوە و شەو تەنیا پەیوەست نییە بەدوو سەرە ڕووکەشییەکانی سروشتەوە، بەڵکو پەیوەستە بەهەموو ئەو جیهانە شاراوانەی کە دابەشبوونی سروشتییانە لەبەر چاومانی ون دەکەن. ژیان لەتاریکی و تایبەتکردنی تاریکی پێوەندیی بە کەشی خەڵوەتگەیی باوەوە نییە بەقەد ئەوەی خۆبینی و خۆ دۆزینەوەی دەستەبژێرە پڕ لە زانینەکانە کە دەزانن لە پشتەوەی دژبەیەك بوونە زاتی و سروشتییەکانەوە هەقیقەتێکی گەورەترو بەرفراوانتری زانینەوە هەیە و گەیشتن بەو جیهانە دەربازبوونە لەو جەستەیەی کە ڕووکەشەو هەموو ماناکانی والایە و وەك ڕووناککردنەوە، یا کەوتنە بەر ڕووناککردنەوە ئیتر هەموو شتەکان بەزانراویی خۆیانەوە دووبارە دەبنەوە.

مەحوی کە لەبەردەم هەڵاتنی ڕۆژدا نامێنێ، هەستمان بۆ ئەوە دەبا کە ئەو لەگەڵ ئاشکرابوونە بەردەوامەکانی خوددا لە ژیانی ڕووکەشدا، ئیتر دەبێ تەنیا لەو مانایانەدا

بژیێ کە ئەو دەکەنە بوویەك کە ئەو بەهەموو هێزێکییەوە ڕەتی دەکاتەوە. هەرچەندە لە ڕۆژدا بوون جەستەیەکە بۆ دەرکەوتن و ئاشکرابوونەوەی بەردەوام و لە یەك شێوە مانای بەردەوامدا، شەویش جیهانێکە بۆ ژیان لە مانای شاراوەدا، ئەم دوو بوونە بەو مانایانە نین کە ئێمە تەنیا لە بزربوون و هەڵاتنی شەو و ڕۆژەوە وەك یاسایەکی سروشتی تێی بڕوانین، بەڵکو ئەمە کردارێکی، خودییە هەر چەندە خودیش بۆی هەیە لە تاریکیدا ڕۆشناییەکی جیاوازتر لە ڕۆژ بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هەروەها لە ڕۆژیشدا بیر لە هەموو ئەو کەوتنە خودییانە بکاتەوە کە دەبنە بەربەست لە ژیان لە بوونێکی شاراوەدا.

ناوەڕۆکی ئەم گەڕانەی مەحوی گەڕانە بەدووی ئەو تەبایی و یەك بوونییە شاراوانەی ئێمە لە خەریکەی بێ مانایی دەردەچینە دەرەوە، خۆ نەفیکردنی مەحوی بەرەو هیچگەرایی کە هێزی خۆی لە گومانەوە وەردەگرێ، بناغەیەك بۆ وەستانێکی تری خود دادەڕێژێ لەسەر کەلاوەی خودێکی وێرانکراو، بەمەش هەموو دۆزینەوەیەك لە خوددا دۆزینەوەیەکە لە مردن و لەناوچوونی دژ بەکییەکانی نێوان خودی کۆیلەکراو و ئازاد کراو:

تاظولمەتی وجوودە تەریکی لەنووری عیشق
سێبەر نەما هەتاوە کە (مەحوی) نەما خودا

***

ئەگەر ئازادەگییەك بێ لە عەدەمدا بۆمان
چی هەیە غەیری بەپێچی پەلە پەل دوای حەیات

***

دۆزەخ لەعیشقە خاڵی و جەننەت لەدەردوداغ
عاشق لە حەشریشانییەتی جێ دڵێ فەراغ

***

بێ چوونە عەدەم پەی بەسۆراغی دەمی نابەی
فایز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بەڕۆچوون

***

دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کەهەموو ماناکانی عیشق، دەردو داخ، خەم، دڵ، مردن، دنیا، خۆشەویست، نەدامەت، ئەرز، سەما، حەشر. لە ئاستی سیمانتیکیدا وەك مانای

بەکارهێنراو مەبەست نادەنە دەستەوە، بەڵکو لەبەردەم جیهانبینی و تێگەیشتنی مەحویدا، هەموو ئەو شتانە لە ماناکاندا گۆڕانیان بەسەر دادێ، هەر بۆیە گۆڕانی زمان، یاخولّقاندنی زمان لەلای مەحوی گۆڕانێکە لە کرداری بەمیکانزمکردنی چۆنێتیی ژیان لە ناوەندێکدا کە لەبارێکی توندوتیژیی دووسەرەبووندا لەوە زیاتر ئارامی نادەنە دەستەوە کە ئێمەش ببینە سێبەری ئەو دابەشبوونە، کە دوو جیهانی ناکۆك و دژ بەیەکن، دوو جیهانن سەرتاپای ماناکانیان لەیەکتر جیاوازن.

لەو کاتەی ڕۆژ یا ڕووناکی بەمانای والاّ کردنی هەموو ئەو بیرکردنەوانەیە کە ئازادەگی تیایاندا نایاتەبوونەوە. هەروەها بەرامبەر بەو بوونە ڕووکەشەش بوونێکی تر کە «ظولمەتی وجوودە» ئەو جیهانە گەورە و پڕ لە سیحرەیە کە عیشق تیایدا دەگاتە هێزی ئازادبوون، هەرچەندە هەموو عیشقێکی جەستەیی بەمێژوویی کراو ئامادەیی عیشقێکی مەرجدارە بە پەیوەستەکانی مرۆڤ، واتە عیشقێکی درۆزنانەیە و هەروەکو چۆن قینەکانیش درۆزنانە دەبن، عیشق لەلای مەحوی بەمانای ئازادی و خۆتەکاندنە لە هەموو ئەو داو و دەستوورو نەریتانەی بەردەوام بەرەو ئامادەبوونێکی دیسیپلینکراوو لە چوارچێوەگیراومان دەبەن و ماناکانی خۆیان دەسەپێننە سەرمان.

ئەگەر دۆزەخ لە عیشق خالّی بێ و بەهەشت لەدەردوداغ، ئەگەر ئێمە نەتوانین لە زانین و پێگەیینی زانیندا، لە دەروشانەوەی عەقڵیدا، لە ڕووناکیدا بەعیشق بگەین لەو کاتەی تاریکیمان لە یاد دەچێتەوە، ئەگەر ئێمە لەتاریکیدا بەدووی نهێنیدا بگەڕێین بەبێ شك ئێمە لەنێوان ژیان و عەشقدا قەتاو قەت ئەو وێنەیەی خودی خۆمان نابینین کەلێیەوە بەعیشقی تێکشکاندن و بنیاتنانەوە بگات. فەلسەفەی کرداری گواستنەوە لەلای ئەو فەلسەفەی بوونێکی شاراوەیە کە کۆتایی بەکێشەی نێوان وەهم و ڕاستی و خەیاڵ و واقیع و ژیان و مردن دێنێ لە چوارچێوەی کۆتایی بوون و نەبووندا، مەحالّە ئەم گواستنەوەیە ڕووبدا، کە ئێمە لە ژیاندا نەمانتوانی عەدەم بدۆزینەوە.

مەحالّە بگەینە ئەو ئاراستەیە، ئەگەر لە دەروازەی بووندا مانایەك بۆ نەبوون نەدۆزینەوە بەتایبەتی کەنەبوون دەگاتە ڕادەیەك لەتوندو تیژی کەبوونی داسەپاودێنێتەوە کەسایەتی خودەوە. ئەمەش پێویست بەدەستبەرداریبوون و خۆتواندنەوە دەکا، وەك شادبوونەوە و ئاشتبوونەوەیەك لەگەڵ ئەو بەشەی خۆمان لە لێمان دوور کەوتووەتەوە و نەژیانمان لە ماناکانی ئەو بوونە نە ژیانمانە لە ماناکانی بوونێکی گواستراوەی هەقیقەتزان، کەوادەکا خود لە زنجیرەگەڕان و دۆزینەوەیەکدا چەند بەرگێکی جیاواز لەگەڵ ئەم بوونەدا لەخۆی بپۆشێ.

هیچگەرایی لەلای مەحوی پێکەوە گرێدانی مردن و سەرهەڵدانەوەی بەردەوامە کە لە هەمان کاتدا کۆتایی بە پەیوەستەکانی مرۆڤ دێنێ، تاکۆ لەوێوە گومانەکان وەك داوە ئاوریشمی باریك باریك و بریسکاوە، پەڕت بوونی دابەشبوونەکانی عەقڵمان لەو پەیوەستە نوێیانەدا بەیەك دەگەیێنێتەوە، هەر دەبێ لە هەموو دابەشبوونەکانی خۆتەوە بچیتەوە ناواخنی دابەشبوونەکانی تری خودی خۆتەوە کە لە سەرجەمی شیعرە فەلسەفی و فیکرییەکانی مەحوی گومان هەموو کاتێك لە پشتەوەی ڕووناکبوونەوە دوو سەرەییەکانی مرۆڤەوەیە.

ئاماژەی هیچگەرایی گوماناوی دۆزینەوە و گەیشتنە بەئاستیکی تر لە خەڵق و لە خود بوون. هەربۆیە دەڵێ ″نەگەیمە ئەو جوانە و ئەوی شکی دەبەم شەربەتی مەرگە، عەرەق ڕێتن لەخۆ خەجڵ کردن، خەریکەی بێ مانا، خەجاڵەت بوون لە غەفڵەت، عەبەسی شادبوون بەدیداری بیمار، لێڵ بوونی عەیش. نەگەیشتن بەکەسێك، خودا نادا شیفا بەکەس، دنیا هەر سەرابێ بوو، نوێژی مەظەننەت. بەضایع چوون لە «مالا یعنی» نەگەیشتن و نەزانینی ئەلف و بێ... هتد″.

ئەمانە ئەو ئازارە گەردوونییە مرۆییانەن، ئەو هاتنە ناوادەیەی خودن لە بووندا، ئەو گومانە بکوژ و بوونیانەیە، کە بەردەوام لەگەڵ زانینەکانی ڕابردوودا دەمانخەنە کێشەوە، دەرککردنە بەو راستییەی کە ئێمە هەڵگری گەوهەرێکین کە ڕاستیی بوونی تێدایە و ئەو ڕاستییەش ڕاستیی تری تێدایە. چونکە هەروەکو چۆن بیری هیچگەرایی بەرەو ڕاستیی ترمان دەبا و لەم زەمینەمان دوور دەخاتەوە. هەروەها هەر ئەم زەمینەشە کە تیایدا دەروازەی بوونەکانی ترمان لەبەردەوام دەکاتەوە.

لێرەوە دەگەینە پرسیاری کۆتایی لەگەیشتن لەو فەلسەفەیەی مەحوی بیری لێ دەکاتەوە کە یەکێتییەکی خوڵقێنەری شاراوە، وەك هێزی تێکدان و هێزی بنیاتنانەوەی بەرەو ڕووی هەموو دابەشبوونە بوونییەکان دەکاتەوە. گومان لەلای مەحوی فەلسەفەی نوێی شیکردنەوەی بوونە، وەك هێز و توانایەك کە دەتوانێ کار بکاتە سەر چۆنێتیی لە دایکبوون و مردن و ژیان و مێژوومانەوە. گومانیش ڕەگەزێکی تێکدەرە کە پەیوەستەکانی مرۆڤ بەبوونەوە هەڵدەوەشێنێتەوە و، تاکو بوار بەخود بدا دەرفەتێك بۆ ژیان لە یەکێتی بنیاتی شاراوەی بووندا بڕەخسێنێ کە تا ئەو پەڕی بەخت و مۆڵەتەکانی خۆی لە ژیاندا بەرەو جیهانی ئەو بوونە بەرێت کە دوا هیواو دوا شکستییەکانی ئامادەبووونی ئەون وەك زانینی عەقڵێك لە بوون، هەرچەندە هیچ ئازادەگییەك لەو بوونەدا بێ مەرجداری و بێ داسەپاندن نابێت. کە لە بوونێکەوە بۆ بوونێکی تر دەگۆڕێت.

بوون لەلای مەحوی بەرامبەر بە زمانی فەلسەفەی گومان بوونێکی دوو بەشی دوو سەرەیە کە ناهێڵێ مرۆڤێك هەر مرۆڤێك لە ساتەکانی یەکبوونی عەقڵییانەی خۆی بەرامبەر بە دۆزینەوەی یەکبوونی بوونیانەی بوون بژیێ و ئەوساتەی مەحوی هەموو ژیانی و عەقڵی خۆی تێدا بەرەو یەکبوونەوەیەك دەبا کە ڕوویەکی ڕاستەقینە تری هەموو بوونەکانە. کێ دەڵێ مەحوی نەگەیشتووەتە دۆزینەوەی ئەو جیهانە و تاکو لە تراژیدیای شکستی هێنانەوە پێمان بڵێ:

بە ئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو

هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق

***

دۆزەخ لە عیشقە خاڵی یو جەننەت لە دەردوداغ

عاشق لە حەشریشا نییەتی جێ دڵێ فەراغ

***

## بنیات و دەورەکانی کرداری پێت پیتێن و بە ناوەندیبوونی
## لە ئاوازی مۆسیقی شیعری کلاسیکیدا

حاجی قادری کۆیی وەك نموونە

مەهـ و میهری بە غارەت دا بەشوعلەی شەمعی ڕوخساری
گوڵستانیش بە یەغماچوو لە تەنگیی خونچەیی زاری
لە نەشئەی دیدەیی مەستی هەموو مەیخانە وێرانە
هەموو کەس بەستە زوننارە لە سەودای زوڵفی تاتاری
ڕەوان پەروانەیی نارە، منیش وەك چاوی بیمارم
زەمانم وەك شەوی تارە، دڵا وەك خونچە خون خواری
دڵ و جان و ڕەوان و تەن، وەکو ئیمان و دینی من
فیدای ڕوخساری گوڵناری، نیساری زوڵفی تەڕاری
دەخیل ئەی چاوی جادووگەر، بفەرموو مەردومان یەکسەر
دەڵێن خەوتوویی بێداری، دەڵێن مەخمووری هوشیاری
شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیعە و میشعەلی بەدری
لە سایەی پەرتەوی ڕووتە بە قوربان نووری یا ناری
بپرسە (حاجی) تۆ جاریێ لە زوڵف و پەرچەمی خواری
بڵێ: گەر تاری بۆچ ماری؟ بڵێ: گەر ماری بۆچ تاری؟

حاجی قادری کۆیی

یەکێك لە سیما هەرە گرنگەکانی پەیوەست بە شێوەی شیعرییەوە، کە زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان، وەك ڕەگەزی ئارایشتی جوانکاریی شیعر بەکاریان هێناوە، ئەو ڕێکخستنە زمانەوانییە مەبەستدارانەیە کە گەمەی «پیت پیتێن» دەخاتە داڕشتنی شیعرییەوەو سیفەتی ئاوازێکی ڕەنگاوڕەنگ بە خوێندنەوەی شیعر دەبەخشێ. دوور لەو شێوازە باوەی کە سەروا بە هەموو شێوازەکانییەوە، دەیسەپێنێتە سەر بەیتی شیعری

کلاسیکی، وەك شێوازێکی باوو نەگۆڕ. لێرەدا باس لە کردارێکی زەمانەوانیی زۆر شاراوەی داڕشتنی شیعری دەکەین، کە شاعیرانی کلاسیکی جگە لە بەکارهێنانی شێواز، ناسنامەکانی شێوەی شیعریان بەکارهێناوە. وەك ئارایشێکی زێدەی سەر ئەو شێوازانە کە ئەویش کرداری بەناوەندیکردنی هەندێك پیتی دیاریکراوە لە هەندێك بەیتی شیعری کلاسیکی کوردی و کە تا ئێستا لە ئەدەب و ڕەخنەی کوردیدا تیشکی نەخراوەتە سەر بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ئەو قالّبە زمانەوانییانەو توانایان لە خولْقاندنی ئاوازێکی شیعری لێك نەپساوە.

بەناوەندیکردنی پیت، لە شیعری کلاسیکیدا هەر وەك چۆن بەشێوەیەکی جوداش لە شیعری نوێی کوردیدا، یەکێکە لەو بنیاتە شاراوانەی کرداری زمانەوانی و دەچێتەوە سەر ئاوەزی بیرکردنەوە و کاریگەریی دەروونی لە زماندا، کە تاڕادەیەکی چاك ئاوازێکی ژێرەکیی دەوڵەمەند، دەوری سەرەکی لە داڕشتنی وشەی شیعری و هەڵبژاردنی ئاوەڵناو و ناوەکان دەگێڕێ. ئەو پیتانەی کە دەتوانن جیهانێك لە کرداری زمانەوانی و زنجیرەیەك لە ئاوازی فرە دەنگ بکەنە ڕێچکەیەکی زاڵ بەسەر ڕێزبەندیی وشە و بڕگەکانەوە. کاریگەریی ئەم بەکارخستنەی زمانیش لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە شاعیر لە کردارێکی زمانەوانیی سەرەوەیی کردارە باوەکانی حسێب بۆ پۆلێنکردنی وشە دەکا، کە خۆی وەك بنیاتێکی شاراوەی زمانەوانیی زۆر خەفەکراو دەربخاو لە هەڵبژاردن و گوڵبژێری مانای وشە و چەمکەکانی مانادا لە کرداری بەناوەندکردنی تەنیا چەند پیتێکی دیاری کراوە، شیعری وابەستەی بیرکردنەوەی زمانەوانی بکا، کە لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی تەواویش دەکاتە سەر ئاراستەی ماناو چۆنێتیی ڕێکخستنی لە شیعرێکی دیاریکراودا.

بە ڕای من پابەندبوونی شاعیر بە شێوەی کێش و سەروا. هەروەها پابەندبوونی بە شێوازی شیعرییەوە لە لایەنی ڕێکخستنی وشەو پیتە ناوەندییەکانەوە، لێکدانی ڕێچکەیەکە لە مانای شیعر و سەربەخۆییەکی میکانیکیی زۆر بەهێز بە بەیتی شیعریی کوردی دەدا. ئەمەش بنەمایەکی ڕەگا ژۆی ڕەسەنی هەیە لە فۆلّکلۆر و لاوك و حەیران و گۆڕانیی کوردیدا. هەروەك چۆن دەرچوونێکی داهێنەرانەیە لە شێوازە باوەکانی شێوەی شیعری کلاسیکی کە زۆربەی شاعیرەکان تێدا هاوبەشن. هەروەك چۆن یەکێکە لەو کاریگەرە زمانەوانییانەی کە تا ئێستا شاعیرانی ئێستای کورد لێی ڕزگار نەبوونە. بەو پێیەی ئەم خاسییەتە بەشێکە لە کرداری نائاگایی زمان کە شاعیرانی کورد دوور لەو

مەبەستە جوانکارییانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکار هێنراون، ئەوانیش لە یادەوەرییەکی بێ ناسنامە و پێشینەی کەسایەتیی شیعری بەکاری دێنن.

ئەوەی دەسەڵاتدارە لەو میکانیزمەی زماندا تەنیا لە کرداری بە ناوەندیکردندا ڕەنگ دەداتەوە و یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەسکەوتی زمانەوانی و چۆنێتیی بەکارخستنی لەلای شاعیرێکی دیاریکراودا. لە هەمان کاتیشدا ئەم جۆرە بەکارخستنەی زمان، ئاستی زمانەوانیی شاعیر و دەسەڵاتی بەکارهێنانی وشە و تاکەکانی وشە و پێکەوە گرێدانی ڕستەو بڕگەکان دەخاتەڕوو.

بەناوەندی کردنی پیت پیتێنی بە ئاوازکراو لە شیعردا، کردارێکی کشوماتی خوێندنەوە دروست دەکا. لە کردارێکی سەدادارو دەنگداردا، کە لە هەمان کاتدا لەو ڕێچکەیەدا هارمۆنیای بەدووی یەکدا هاتنی تەباو گونجاو بەدارشتن و ڕێزبەندیی وشەو زنجیرەبەندیی رستە بە بەیتی شیعری دەبەخشێ، هەروەك هۆنینەوەی ملوانکەیەکی دەنگ فرەڕەنگ کە تەنیا هەر چۆنێتیی پاش و پێش کردنی رەنگەکانی شێوەی جودای بەدووی یەکدا هاتن و جوانکاریی ملوانکەکە دەپارێزی. لە کەلێنێکی زۆر شاراوەی شێوەی شیعرەکەوە بارێك لە ئاواز بە شیعر دەبەخشێ، کە ئەمەش بەرجەستە کردنێکی ناڕاستەوخۆی کاریگەریی دەروونییە. هەروەك چۆن ڕاگرتنی ئەو ئاوازە لە ڕێچکە بەندییەکی توند و تۆڵ و لێك نەپساوەدا کە چێژێکی تر و تەواو جودا لەو شیعرانەی ئەم شێوازە بەکار ناهێنن لە خوێندنەوەدا بە دەنگ دەبەخشێ، نەك لە خوێندنەوەیەکی بێ دەنگدا.

ئەمەش جیاوازییەك لە چۆنێتیی دەرکەوتنی ڕستەبەندی دەخاتە دەرەوەی خۆی، بە دوور لەو مانایانەی کە دەقەکە هەڵ دەگرێ و دەیەوێ، نمایشی دەورەکانی خۆی پێ بکا. ئەگەر بێتو ئەم تەباییەی کرداری بەناوەندیکردنی وشە لەبارێکی ڕووکەش و دەست ڕەنگینییەکی نەخشە بۆ داڕێژراودا بێ. ئەوا جۆرێکی تر لەم گەمەیەی پیت پیتێنی وشە دەکەوێتە ڕوو، کە شاعیر تێیدا هەموو خولیایەکی خۆی تێدا بەکاردێنێ، بەڵام زۆرجار ئەم کردارە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتێکی واوە کە لە دەرەوەی هەموو دەسەڵاتە بەکارخراوو باوەکانی شاعیردایە.

لە ڕاستیدا بە ناوەندیکردنی پیت لە کرداری پیت پیتێنی نێو هەڵبژاردنی وشەدا، دەسەڵاتی ئاوەزی زمانەوانی و کردارێکی زمانەوانیی عەفەوی دەخاتەڕوو، کە ڕەنگی خۆی هەیە لە توانای زمانەوانیی شاعیر، بەڵام ناگاتە ئەوەی وەك داب دەستوورێکی

سەربەخۆی زمانەوانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی شاعیردا لە دایك بێ و بەمەش سیفەتی داهێنەرانەی لێ داماڵدرێ، ئەمەش زاڵبوونی دەسەڵاتی وشە و ڕێکخستنی وشە دەردەخا، لە کرداری بە ئاواز کردنی وشەدا. چونکە پچڕانی ڕێچکەی پیتە بە ناوەندیکراوەکان هەمیشە بەرجەستەی کردارەکانی «مانا، کێش، سەروا» دەکەن و وەك جێگرەوەیەکی کرداری تر خۆی دەخاتەڕوو. بڕوانە ئەو پیتانەی لە زۆرترین وشەی تاکە بەیتێکدا دووبارە دەبنەوە و وەك دەسەڵاتی ئاوازی زۆر شاراوە بەسەر هەڵبژاردن لە مانادا خۆیان دەخەنە ڕوو و لە خوێندنەوەشدا دەورەکانی سەروا و کێش، تاڕادەیەکی گەورە بە پەڕاوێز دەکەن. کە ئەمەش بەبێ ڕاگرتنی ئەو ئاوازە و پەرەپێدانی مەحاڵە لە نووسینی شیعریدا. ئاخۆ ئەم کردارە دەگاتە ئاستی دروستبوونی بنیاتێکی شاراوە لە دەقدا؟!

لە ڕووکەشدا وا هەست دەکەین کە شاعیری کلاسیکی لە دوو ڕووی جیاوازەوە کردارەکانی نووسین (بەمانای خوێندنەوە) بەسەر دەبا، یەکەمیان، پاراستنی ماقووڵییەتی ڕاگرتنی مانایە و دووەمیشیان، جوانکاریی زمانەوانییە کە لە زۆر حاڵەتی شیعریدا ئەو کردارە نەك بەواتای مانا، بەڵکو بە واتای ڕیکخستن بەسەر چۆنێتیی شیعر نووسیندا زاڵ دەبێ، بەڵام هەروەك چۆن پیت هەڵگری ناسنامەیەك نییە بۆ واتا، لە پەیوەستێکی دینامیکیی خۆ بە خۆییدا تەنیا لە شێوەدا خۆی دەخاتە سەرەوەی بنیاتی کرداری زمانەوانییەوە، لەبەر ئەوە ئەم پیت پیتێنەی شیعر تەنیا هەر وەك «کردار»ی شێوەیی دەچێتە خانەی بنیاتە ڕووکەش و شاراوەکانی دەقەوەو. ڕەگەرێکی بنیاتنەرانەیە کە یارمەتیی ئەوەمان دەدا بەشێوەیەکی گونجاوتر لە بنیاتی زمانەوانی و دەورەکانی ئەو بنیاتانە بزانین و هەڵگری هیچ هێمایەکی مانادار نییە کە دەربڕین لە وێستگە یەك لە دوای یەکەکانی مانا بکا.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئەوە بزانین کە بێ ماناترین کرداری زمانەوانی هەمیشە لە بیرکردنەوەی ڕۆژانە و باوی خوێندنەوە و نووسیندا، هەر دەربڕین لە ڕاڤە کردنی دەورێك دەکا و ماناش زاڵە و هەموو کردارێك لە دوو توێی سۆزداری و هەستەکانمانەوە شەرعییەت وەردەگرێ، هەر بۆیە دەشێ لە کونجێکی زۆر تاریکیشەوە بێت مانا دەسەڵاتی خۆی بخاتە ئەو کردارانەوە، بەڵام ئەم بەکردار کردنە زمانەوانییە لە چۆنێتیی ڕێکخستنی دنیامیکییەتی خۆیدا، تەنیا لە دەورەکانیدا ماناکانی خۆی لە دەرەوەی مانا ئاساییەکاندا دەخاتەڕوو. ئەمەش بێگومان دەچێتە دوو توێی بنیاتە شاراوەکانی شێوەی دەقەوە، کە شێوازی بە جیا لەو بنیاتە جیاوازانەی مانا لە بنیاتی شاراوەی

دەقدان. هەربۆیە ئەو کردارە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئامادەبوونێکی زۆر زاڵ و بەهێزی هەیە لە داڕشتندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناچێتە خانەی مانا باوەکانەوە کە هەمیشە بنیاتی رووکەشی کردارە زمانەوانییەکان دەنوێنن و خوێنەر بە ئاسانی دەرکی پێ دەکات.

ئێمە باس لە کردارێك دەکەین کە پێشینەیەکی قاڵبداری باوی نییە لە شیعردا، باس لە بنیاتێکی کرداری زمانەوانی دەکەین کە تا ئێستا پۆلینکردنێکی ڕەخنەیی بۆ نەکراوە. ئەمەش لە ماوەیەکی دوورو درێژدا دەوری کاریگەری خۆی هەبووە لە شیعری کلاسیکدا، وەك ڕەگەزێکی زۆر بەهێزی کرداری زمانەوانی و لە هەمووشی گرنگتر ئەم کردارە دەچێتە خانەی جوانکاری و ئارایشی زمانەوانییەوە. هەر بۆیە ئەم کردارە زمانەوانییە هەڵگری مۆرکێکی شێوەیی بنیاتی شاراوەی ڕەگەزە جیاوازەکانی زمانە، بەڵام تەنیا لە چۆنێتی ڕیزبەندیی ڕستەو برگە و بەیتەکانی شیعرێکەوەیە.

حاجی قادری کۆیی یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکانەی کە بایەخێکی چاکی بەم ڕێکخستنە زمانەوانییە داوە، ئەو لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەرهەمی کرداری شاراوەی زمانەوانی دەخاتە شیعرەوە کە لەهەمان کاتدا ئەو کردارە دەگاتە ئاستی ئاوەزێکی عەفەوی و لەهەمان کاتیشدا سەنعەتکارو گەمەی پیت پیتێن لە ڕێزبەندیی وشە هاو ئاواز و هاوبەشەکان لە پیتی دیاریکراوەوە دەگەیەنێتە ئاستی ئاوازێکی پڕدەنگ کە لەنێو وشەو ڕستەکاندا وەك شنەبا هەڵدەکاو دەنیشێتەوە، کە هەندێك جار ئەوەندە بەهێزەوە ئەو کردارە ئەنجام دەدا، دەمانخاتە جیهانێك لە ئاوازی مۆسیقییەوە و لە پۆلێنکردنەکانی ڕەزمی شیعری تێپەڕ دەبێ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شیعری «مەهـ و میهری بەغارەت دا» دەخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەکی دیار گەمەی پیت پیتێن لە چەند ناوەندێکی دیاریکراوەوە کردارە زمانەوانییەکان دەخاتە دەور پێ بەخشینەوە:

أ– پیتە سەرەکییە بە ناوەندیکراوەکان و فرەدەورەکان.

ب– پیتە دابڕاوە بە ناوەندیکراوە ناسەرەکییەکان.

ج– ئاواز وەك دەوری ڕێکخستنی پیتە بە ناوەندیکراوەکان.

هەروەك دیارە، دەور وبەکارهێنانی سەرەکیی کرداری پیت پیتێن لە شیعری کلاسیکدا، بەخشینی دەوری جوانکاری و ڕێکخستن و ئاوازە بە بەیتی شیعری و وەك پیتێکی زاڵ خۆی بە سەر کرداری نووسینی شیعری دەچەسپێنی. ئەو پیتە سەرەکییانە ئەگەرچی تا

ئەودیوی سنوورەکانی سەروای شیعر دەچن، بەڵام زێدە لەو کردارە، خاسیەتی سەروایەکی تری ناوەندی زۆر بەهێز و شاراوە بە شیعر دەبەخشن، کە گرینگترین کاریگەرییش لە خوێندنەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەویش خولْقاندن و کاملْکردنی ئاوازی شیعرییە. ئەو ئاوازەی خاسییەتی بەگۆرانیکردنی وشە لە مۆسیقادا بەرجەستە دەکا لەو ئاستە بێدەنگییەی نووسیندا. ئاواز لە گۆڕانیدا لە بەشێك لە دەورە سەرەکی و پێکهاتەییەکەیدا، لاواندنەوەی ڕاهێنەرانەی ئەو تەباییە دەروونییەیە کە خەسلْەتێکی تراژیدی و درامی لە ناخماندا دەپارێزێ و هۆگری ڕێکخستنێکمان بۆ دەکا لە دەرەوەی دەنگ و مۆسیقا و وشەدا، کە لە کردارێکی هاوسۆزی بوونێکی کاملْدا، دەوری بە زاتییەتکردنی چێژی کەسایەتیمان بۆ دەخاتە بۆتەی ڕیچکەیەك لە ئاوازەوە.

ئەو دینامیکییەتەی وامان لێ دەکات ئەو تەباییە لە ڕێکخستنی دەنگدا هەستەکانمان بورووژێنێ و تووشی بە جۆشهێنانێکی زەینی و دەروونی ببین. وتنی گۆرانی و گۆرانی چڕین، هەروەك خوێندنەوەی دەقێکی پێگەیشتوو لە شێوەدا ئارەزووی دووبارە بیستن یا خوێندنەوەمان زیاد دەکا. ئەم تەباییە و ڕاگرتنی لە ڕەزامەندی و حەسانەوەیەکی دەروونی زۆر شاراوەدا دێتەکایەوە، بۆچی گۆرانی یان ئاوازی مۆسیقی لە گۆرانیدا کاریگەرمان دەکا و دەکەوینە دلْەڕاوکێ و هەژانەوە. ئاخۆ ئەوە ماناکانی وشەن کە دەمانهەژێنن، یاخود کرداری جێگرتنەوەی تەباییە لە ماناکاندا؟ کە زۆر جار ئێمە گوێ لە گۆرانییەك ڕادەگرین ئەو زمانەش نازانین کە گۆرانیبێژ بەکاری دێنێ و لەگەڵ ئەمەشدا چێژ لە بیستنی وەردەگرین و ئەم کردارە خۆی دەسەپێنێتە سەرمان.

لەڕاستیدا مرۆڤ لە ئاوەزی ناهۆشیاریی خۆیدا هەمیشە بەدوای ئەو هەڵبژاردنە ڕێکخراو و شێوە تەبایيانەی دەنگدا دەگەڕێ، کە دەگاتە ئاستی «سۆزداری» بوون، کرداری سۆزداریبوون یا هاوسۆزیبوون، هەروەك کرداری ئاشتبوونەوەیەکی ناخەکی و حەسانەوەیەکی ناخەکییە، بەوجێگرەوە وەهمییانەی کە ماوەیەکی زۆر کورت لە ناخماندا کرداری کاریگەریی خۆیان بەجێ دێڵن و دەورەکانی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. ئەم کردارەش تا ڕادەیەکی گەورە بە پەڕاوێزکردنی ماناکانی وشەیە و سەرخستن و دەستەبالایی بوونی ڕێکخستنەکانی دەنگە کە لە دواییدا دەبنە زنجیرەیەك لە ئاوازی یەکگرتوو و تەباو هەموو کەس دەتوانێ بە ئاسانی بچێتەوە سەریان.

لە ڕاستیدا ئەم بە پەڕاوێز بوونەی مانا لە دەنگ و ئاوازدا شوێنی وردبوونەوە و تێڕامانە لەوکاتەی کردارێکی زمانەوانی بتوانێت لە چۆنێتیی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانیدا

بەهاکانی کاریگەریی خۆیمان لەلادا بپارێزێ و دەورە سەرەکییەکانی کاریگەرکردنە سەر بخاتە دەقەوە. ئەم جووڵانەی پیتەکان لە شیعردا هەروەك بەخشینی چەند دەورێکی جیاوازە کە خۆیان دەخەنە چواچێوەیەك لە ئاوازی نەپساوە و بەدووی یەکدا هاتوو کە ناهێڵن گرێی دەنگین لە خوێندنەوەدا دروست بێ و، لە هەمان کاتیشدا ئەو گرێیانەی لە دەنگدا دروست دەبن، دەیانخاتە شوێنێکی زۆر ناکاریگەر و زۆر بە پەراوێز کراوەوە، لە کاتی خوێندنەوە و نووسینەوەی یەکەمدا.

کاتێك شیعر دەخوێنینەوە بە دەنگ، هەمیشە لاسایی ئەو ئاوازانە دەکەینەوە کە زنجیربەندیی وشەکان دەیسەپێننە سەرمان کە بەلای شاعیرەوە هەمیشە هەڵبژاردنی ئەو وشانەن کە لە پیت و ڕەزم و زارەکی بووندا هاوبەشن لە پیتی وەکو یەك و بەخشینی ڕێگەیەکی کاریگەرە بە خوێندنەوە، کە لە کرداری بە ئاوازکردنی وشەدا ڕەنگ دەداتەوە لە دەربڕین لێکردن و ڕێکخستن و داڕشتنی ڕستەدا و لە هەمان کاتدا دەورێکی کاریگەر لە شیعرییەتی دەنگ دەسەپێنێتە سەر هەستەکانمان، کە لە گوێگرتندا یان لە خوێندنەوەدا هەست دەکەین ئێمە لە ئاوازێکی شاراوەدا بە کێش کراوین و هیچ هەڵبژاردنێکی جێگرەوەمان نییە.

ئەم شیعرەی (حاجی قادری کۆیی) لە نزیکە «٩٥» وشە پێك هاتووە، ئەگەر بێتو ژمارەی ئەو وشانە بژمێرین کە کۆتاییيان بە پیتی (ر) دێ تووشی سەرسووڕمان دەبین، (٣٠) وشە لە سەرجەمی ئەو «٩٥» وشەیەدا کۆتاییيان بە پیتی (ر) دێ، هەروەك وشەکانی «میهر، ڕوخسار، زار، زوننار، تاتار، نار، بیمار، تار، خوار، گوڵنار، نیسار، تەڕار، جادووگەر، یەکسەر، بێدار، مەخموور، هوشیار، میهر، بەدر، جار، خوار، مار، گەر». ئەم وشانەش لە دابەشبوونی بەیتەکاندا بەشێوەی جیاواز بەکارهێنراون کە ڕەچاوی ڕاگرتنی کێشی شیعرو سەروای شیعریان بۆ کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا پیتی (ڕ) سەروای سەرەکیی شیعرەکە نییە و پاشگری (ی) دەوری سەروا دەبینێ. دووبارە بوونەوەی پیتی (ڕ) لە سێیەکی سەرجەمی وشەکانی شیعرێکی دیاریکراودا شوێنی پرسیار و بەدواداچوونە. بۆچی شاعیر پەنای بردووەتە بەر ئەم ڕێکخستنە زمانەوانییە؟ ئاخۆ ئەوە کاریگەریی سەروایە بە سەر ئاوازی شاعیرەوە یاخود هەوڵی بە ئاواز کردنی وشەیە لە شێوەی جوانکاریی ڕێکخستنی شیعریدا؟

سەروای شیعر، شێوازێکی کۆن و باوی شیعری کوردییە، بەڵام ئەوەی دەوری دیاریکراوی سەروا تێ دەپەڕێنێ، لە قفڵدانی برگە و بەیت و پاراستنی یەك دەنگیی

کۆتاییيه دياريكراو و جياوازەكان، ئەو وشانەيە كە لە ناوەوەی رستەكاندا چەندين جار بەقەد دەوری قفڵدانی بەيت لە سەروادا دەور دەبينێ كە فرە ڕەنگ و فرە شێوە و فرە جوانكارييە و لە بەيتێكەوە بۆ بەيتێكی تر وەك ياريیەك وشەی جياواز لە مانای وێكچوو لە ڕەگەزی هاوبەش و شێوەی هاوبەش لە كۆتاييدا شەپۆڵ دەدەن و لە زۆر بەيتدا دەورێكی ئەوەندە سەرەكی دەبينن كە گرفتارمان دەكەن، پاراستنی ئەو بەدووی يەكدا هاتنە ئەم وشانە كۆتاييیان بە پيتی (ر) دێ، هەروەها ڕاگرتنی ڕێچكەيەكی نەپساوە لە ئاوازی ناخەكيی وشەكان دوو جۆر لە ئاوازی تەباو گونجاو دەنوێنن، يەكێكيان لە كەرتكردنی تاك بەيتەكاندا دەور دەبينی و هەموو يەكەمين تەوژمەكانی كێشی ئاواز لە كۆتايی ڕستەكان كۆ دەكاتەوە. ئەم قورساييیە مۆسيقييەش دەهاوێتە سەر تاك بەيتی دووەم. ئەم جۆرە بەكارخستنەی پيتە بەناوەنديكراوەكان هەروەها لە شێوازی هاوار و وەڵام، بانگكردن و بە دەنگەوە هاتن، گريانی يەكێك و بەسۆز هێنانی يەكێكی تر لە ڕێكەوتە كۆمەڵايەتييەكان و ماتەمينيەكان، هاوكاريگەرن لەگەڵ دەوری ئەم شێوازی بەناوەنديكردنەی پيت لە شيعردا، هەميشە لە خوێندنەوەدا هەست دەكەين نيوە تاك بەيتی يەكەم، پێويستی بە تەواوكردن و كامڵكردن و وەڵامدانەوە هەيە:

ڕەوان پـەروانـەيـی نـارە، مـنـيش وەك بـيـمـارم

زەمانم وەك شەوی نارە، دڵا وەك خونچە خوونخواری

بڕوانە نيوە تاك بەيتی يەكەم. هەست دەكەی لەتاك بەيتی دووەمدا خۆی كامڵ دەكا، وەك تاك بەيتێكی ئاوازدار، كە لە وەستان و دەستپێكردنەوەی هاوتاكردنی دەنگدا ڕەنگ دەداتەوە. جوگرافيای دابەشبوونی دەنگەكان و كۆتايی دەنگەكان، بەسەر سێ ناوەندی جۆراوجۆری دەورەكاندا دابەش دەبێ، كە ناوەندی كورت و درێژو دەرەكيی گشتييە. هەريەك لەو كۆتايييانە پێويستيان بە كامڵكردن و بەدووی يەكدا هاتنی هێزی دەنگ و ئاواز هەيە و بێ ئەم كردارەش بەيتەكان لە دەنگدا گرێ و كەلەبەريان تێ دەكەوێ.

سەرەتای يەكەم ناوەند

ڕەوان پەروانەيی ــــــــــــ نارە (وەستان)

سەرەتای دووەم ناوەند

منيش وەك چاوی ــــــــــــ بيمارم (وەستان)

تەواو بوونی بە کردار کردنی وشە لە ئاوازدا:

نیوە بەیتی یەکەم ــــــ نارە ـــــــــ تەواوکردنی ناتەواو

نیوە بەیتی دووەم ــــــ بیمارم ـــــــ تەواو کردنی ناوەندی

هەمان کرداریش بە تەواوەتی لەگەڵ بەیتی دووەمدا جێبەجێ دەکرێ و دەورەکانی خۆی وەك بەشێك لە ئاوازێکی کامڵکراو تەواو دەکا:

زەمانم وەك شەوی ــــــــــ تارە

دڵا وەك خونچە خون ـــــــــ خواری

پەیوەست بە پرسیاری ماناوە لە دەرەوەی گەیاندنی هەر دەورێکی مانادار لە شیعردا، ئەم رێکخستنە دەچێتە دوو تووێی وەڵامدانەوەیەکی ناخەکی کە پەیوەستە بەو هۆگرییەی خوێنەر لە خوێندنەوەدا هەیەتی:

– ڕەوان پەروانەیی ـــــ چییە؟

– منیش وەك چاوی ـــــ چیم؟

– زەمانم وەك شەوی ـــــ چییە؟

– دڵا وەك خونچە ـــــ چۆنە؟

ئەم پرسیارانە کە بە وشەکانی (نارە، بیمارم، تارە، خواری) وەڵامەکانیان وەك مانا جێبەجێ دەکەن، لەهەمان کاتدا پرسیاری ڕێچکەی ئاوازێکی ناخەکییە کە چاوەڕوانیی پرسیاری کامڵبوون و تەباییبوونێکی راهاتوو دەکا لە خوێندنەوەی شیعرەکە و لە تەواو بوونی یەکەم نیوە تاك بەیتدا چاوەڕوانیی تەواوکردنێکی تر دەکەی، نەك چاوەڕوانیی تەواو کردنی مانا. چونکە وەك ڕستەیەکی کامڵ لە مانا دەوری خۆی بەتاڵ کردووەتەوە. نیوە بەیتی یەکەم، بکەر خەفەو شاراوە و نەشاراوە لە پێکهاتی زەمانەوانیدا، بەپێچەوانەی سێ نیوە بەیتەکەی تر کە بەیتی (م) ئاماژە بەخۆی دەکا و ئامرازی لێکچواندنی «وەك» پێویست بە هێنانەوەی (م) دەکا، کە شاعیر دەیتوانی «وەك» لە نیوە بەیتی یەکەمیشدا بەکاربێنێ، بەڵام بەکارهێنانی «وەك» لەو سەرەتایەی یەکەم نیوە بەیتدا، هەروەك بەخشینی ئەو جوانکارییە ناڕاستەوخۆیەیە کە لە بەشێکیدا شاعیر لە دوو دەوری جیاوازی «ئامادە بوون و ئامادە نەبوون ئەندێشەیی» دەیخوڵقێنێ.

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەم تەواو کردنەی بەیتەکە بەهۆی پیتە بزوێنەکانی

وەك (ە، ی)ی سەرواوە، پێویست بە تەواو کردنێکی تر دەکا کە لەگەڵ سەروای گشتیی شیعرەکەدا یەك دەگرێتەوە. دەوری سەرەکی لەم دابەشبوونەی ئاوازی شیعرەکە ئەو دەورەیە کە یەکێتییەکی جوانکاری داڕشتراو لە بەیتەکەدا دەکاتەوە. بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەرکی پێ بکرێ و بەرجەستەی خۆی بکا. ئەمەش ئەو پەیوەستە سەرەتایی و ناوەندی و گشتی و کراوانەیە کە لە نێوانی پچڕانی دەنگ و بەیەك گەیشتنەوەی دەنگە ئاوازدارەکاندا دروست دەبن و پیتەکان سیفەتی نۆتەیەکی موسیقی دەگرنە خۆیان لە دووتوێی بە ناڕاستەوخۆ کردنی «پرسیاری ئاوازی شاراوە و وەڵامدانەوەی ناخەکی لە جووڵەیەکی هەڵکشان و داکشان، بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە... تاد» بۆ نموونە:

١- ڕەوان - یەکەم نیوە بەیت —— نارە ——یەکەم وەستان

٢- منیش - دووەم نیوە بەیت —— بیمارم —دووەم وەستان

٣- زەمانم - سێیەم نیوە بەیت —— تارە —— سێیەم وەستان

٤- دڵا - چوارەم نیوە بەیت —— خواری — کامڵ وەك بەیت

کامڵ لە ئاواز کراوەو پەیوەست بەسەرواوە.

هەرسێ جووڵەی مۆسیقی سێ بەشی بەیتەکە. هەموو قورسایی هەڵگرتن و ڕاگرتنی داچۆڕینی ئاواز لە چوارەم جووڵەدا بەتاڵ دەکەنەوە، خۆیان لەگەڵ سەروادا پەیوەست دەکەن، هەرچەندە خۆیان لە ئاوازێکی سەربەخۆدا کامڵ کردووە.

ئەم جۆرە پەیوەستانە لە بەیتی تری شیعرەکەدا دەگۆڕێن و لە تەنیا بەیتێکدا ئەو پێوەندییانە ئەوەندە چڕ دەبنەوە هەروەك ئەوەی شاعیر تەنیا لە کاری جوانکاری گونجاندنەکانی بەناوەندیکردنی پیتەکاندا بێ.

فراوانبوونەوەی دەورەکانی کرداری بەناوەندیکردن لەیەك بەیتی دیاریکراودا، شیعر دەکاتە پارچەیەك لە ئاوازی ڕۆچووی بەیەکدا هاتوو، کە پانتاییەکی تر بە شیعر دەبەخشێ، ئەم جوانکارییە لەسەر حسێبی ماناو دەوڵەمەندکردنی مانا دەبێ ئەوەی شاعیر گیرۆدە دەکا تەنیا لە هاوتاکردنی پەیوەستی نێوان مانا و شێوەی داڕشتنی وشەدا نییە، بەڵکو زاڵبوونی ئاوازی پیت پیتێن کردنی نێوان وشەکان دەخاتە ڕوو، کە هەموو قورساییەکی ئاوازی مۆسیقییان لە ڕێزکردنێکی دانە دانەی ملوانکەیی زۆر ڕێك و گونجاودا بەکار دەخەن، گۆڕینی ماناکان لە جیاوازیی مانای وشەکان و دەسەڵاتێکی زمانەوانی دەنوێنێ کە هێزی هێنانەوەی هەمان شێوەی ڕێکخستن و هەمان پیتی

کۆتـایـی ئـەو ئـاوازە ڕەنـگـاوڕەنـگـانـە بـەشیـعـر دەبـەخشن و هـێزو گوڕێکی بـەتین بـە خوێندنەوەی شیعری دەبەخشن:

دڵ و جـان، ڕەوان و تـەن، وەکو ئیمـان و دینی من

فیدای ڕوخساری گوڵناری، نیثاری زوڵفی تەڕاری

ئەو وشانەی کە لە تاك بەیتی یەکەمدا هەمان چارەسەرکردن و بە دووی یەکدا هاتنی پیتیان بۆ کراوە. شەش وشەیە، کە تەنیا وشەی «دڵ» و «وەکو» یان لێ دەرکەین، هەموو وشەکانی بەیتەکە بە پیتی (ن) کۆتاییيان دێ:

– جان، ڕەوان، تەن، ئیمان، دین، من

بە رامبەر بەم بەیتە هاوشێوەیە لە وشەکان و دەورەکانیان لە ئاوازی شیعریی بە دووی یەکدا هاتوو، وشەکانی:

– ڕوخسار، گوڵنار، نیثار، تەڕڕار.

ڕێکخستنێکی کراوە لە پیت پیتێنێ شیعری دەست پێ دەکا، ئەمەش هەرچەندە کردارێکی زمانەوانیی پڕ لە دەسەڵاتی تێدا دەبینرێ، بەڵام لە دەورو کاریگەرییەکاندا بە چەند شێوەیەك ئەو دەورانە دەبینێ و ئەم چینانەی ئاوازی شیعرەکەش دوو سەرەیە لەکاتێکدا بەیتی یەکەم پێنج (و) ی پێوەندی دەکەونە بەرچاو لە بەیتی دووەمدا شەش (ی) پێوەندی هەیە. بێگومان سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی دەسکەوت و یادەوەریی شاعیر لە بەکارهێنان شیعریدا لە هەر دوو ئاستی مانا و شێوەدا دەوڵەمەند دەکا، هەروەها لە هێنانەوەی نموونەی وشەی هاوچەشنی پیت پیتێن کردن، ئەمانە ئەم گەمە زمانەوانییانەن کە شاعیر دەسەڵاتی بەسەریاندا شکاوە و جوانکاری لە شیعرێکی دیاریکراودا دەکاتەوە. ئەم ئاواز و کێشە ڕەزم دارانەی شیعر، بە تەواوبوونی زنجیرەیەك لە دەنگی هاوچەشن و هاوئاواز و هاوجووڵەدا دێنەدی. ئەگەر بڕوانینە جووڵەی ئاوازی شیعرەکە دەبینین گونجاندنێکی دەنگیی زۆر پتەوی تێدایە، تاك بەیتی یەکەم سێ جووڵەی ئاوازداری جودای بەخۆوە گرتووە کە هەریەکەو هاوتەبای جووڵەی یەکترن و شاعیر بە ئامرازەکانی پێوەندی و لێکچواندن ڕیزبەندییان دەکا:

جووڵەی یەکەم

١– دڵ و جان ــــــــــ وەستانی یەکەم

٢– ڕەوان و تەن ــــــــ وەڵامی وەستانی یەکەم

٣- وەکو ئیمان ـــــــــــ وەلامی وەستانی دووەم

٤- دینی من ـــــــــــ وەلامی وەستانی سێیەم

ئامرازی پەیوەستەکانی جووڵە (و)

(جووڵەی دووەم)

١- فیدای ڕوخسار ـــــــ وەستانی یەکەم

٢- گوڵنار ـــــــــــ وەلامی وەستانی یەکەم

٣- نیثار ـــــــــــ وەلامی وەستانی دووەم

٤- زوڵفی تەڕڕار وەلامی ـ وەستانی سێیەم

ئامرازی پەیوەستەکانی جووڵە (ی) سەروا

لە خوێندنەوەدا هەست دەکەین ئامرازێکی لێکنەپساوە و لەیەکدانەبڕاو لە پشتەوەی ڕێکخستنەکانی وشەدایە، کە تەنیا دووری ڕاگرتنی ئامرازێکی بەدووی یەکدا هاتوو نەپساوەیە، کە شاعیر بیری بەلای بەخشینی هیچ دەورێکی تردا ناچێ، جگە لەوەی ئەو ئاوازە شەپۆلدارە بپارێزێ و نەهێڵێ وەستانێکی نابەڵەدی تێ بکەوێ، هەردوو بەیتەکە لە جووڵەی مۆسیقییانەدا لە ڕاگرتنی نەزمی ئاوازدا هاوشێوەن و پارێزەری چوار جووڵەی مۆسیقین، ڕاگرتنی چوار جووڵەی نۆتەی موسیقی دەنوێنن، کە دەورێکی دوو سەرەو دوو ڕەنگیان تێدا بەرجەستە کراوە.

بێگومان ئەمەش لەو حاڵەتە پێگیرییەوە دێ کە شاعیر هەیەتی بەرامبەر بە چێژی ڕێکخستنی وشەی مۆسیقی دوور لەو واتایانەی کە بۆیان هەیە ئەو ڕێچکەیە تێك بدەن. لەگەڵ ئەمەشدا هەست بە گرێی مانا ناکەین و، شاعیر ئەو مافەی بەخۆی داوە کە کارێکی سەنعەتکاریی زۆر وردبینانە بە شیعر ببەخشێ، بەبێ ئەوەی پێداویستیی. مانا بتوانێت ئەم سەنعەتە بخاتە باری نووچخواردنەوە. بنیاتی ئاوازەکانی ڕێکخستنی پیت پیتێنی شاعیرانە و ئاوازی موسیقای وشە دەگاتە یەکێك لەو بنیاتە شاراوانەی کە دەچنە دوو توێی شێوەی شیعرییەوە کە لە کرداری بەناوەندکردنی پیت لە پێناوی خوڵقاندنی ئاوازی شیعریدا دەبێ. هەروەك ئەوەی گۆڕانییەك کە مۆسیقا و دەنگ و ئاوازێك بەرجستە بکات.

ئەم پەیوەستەی نێوان وشەو مۆسیقا پەیوەستێکی بنیاتنەرانەی کرداری ئاوەزی جوانکاری زمانەوانییە کە لە ڕێکخستن و دۆزینەوەی وشەی هاوشێوەدا خۆی دەنوێنی و

پەیوەست نییە بە قووڵبوونەوەیەکی تاك لایەنانەی ماناوە، کە شاعیر بە هێزەوە توانیویەتی بە دووی ئەو هاوسەنگییەدا بگەڕێ، بەمەرجێك نە مانا لە ماقوڵییەتی خۆی دەرچێ و لە دەورەکانیدا کورت بێنێ و نەشێوەی شیعر لە دەورەکانیدا کورت بێنێ. ئەمەش جۆرە خاسییەتێکی بنەڕەتییانەی شیعری کلاسیکەو باڵی بەسەر شیعری نوێشدا گرتووە، هەروەك دابەشکردنی وشەکان و دروستکردنی برگە و ڕستەو وشەی هاوچەشن و کردنەوەو قفڵدانی ڕستەو چەندین شێوەی کرداری زمانەوانی کە لە پێناو چەندین مەبەست و چەند کردارێکی جوانکاری بەکارهێراون و بەهێزترین خەسلەتیشە لەو ڕێکخستنە موسیقییانەی ئاوازی شیعرییە.

جوانکاری ڕێکخستنی وشە و ڕاگرتنی ئەو ئاوازانە لەبارێکی پڕ جووڵە و زیندوودا، هێنانەکایەوەی گەردوونێکە کە تێیدا شوێنی هەموو وشەکان و دوا پیتەکانی وشە لە ئاوازیکی پشتەوەی دەرك پێکردن و بەکارخستندا بەسەر بیرکردنەوەدا زاڵ بێ. ئەم حاڵەتە لە شیعری کلاسیکییدا بۆی هەیە بە چەند شێوەیەکی جیاواز ئەو ڕێکخستنە مۆسیقییە بخاتە شیعرەوە. زۆر لە شاعیران گەمەی زمانەوانیی دیاریکراو بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز دەخەنە شیعرەوە. ئاخۆ ئەوە ئارایشتکردن و پێگەیاندنی چ دەورێکی وشەیە لە شیعردا؟

ئاخۆ پەیوەست دەبێ بە ماناوە؟ یاخود چ پێوەندییەك لەگەڵ مانادا دروست دەکا؟!

لە ڕاستیدا لە حاڵەتی ئەم شیعرەی حاجی قادردا و لە چەندین شیعری تردا، هەوڵی لەم بابەتانە بە ئامانجی دیاریکراو بەکارهێنراون، لەکاتێکدا شاعیر هەوڵ دەدا ئەم شێوازەو، ئەم ڕەنگاوڕەنگییە لە داڕشتن و لە شێوەکاندا بخاتە وشەوە، هەوڵ دەدا جیهانێك لە مۆسیقا بۆ خوێنەر دابین بکا، هەوڵ دەدا جۆرێك لە پەیوەستی ترو لە دەرەوەی مانادا لە خوێندنەوە و دەنگی وشەدا دروست بکا، کە دەشێ بە شێوەیەکی سەنعەتکاری دەرکپێکراو نەبێ، بەو جوانکارییەی کە لە هەموو دەورێك دادەماڵدرێ لە ڕستەی شیعریدا. جگە لە دەوری دەستەباڵایی و هۆنینەوە و کاملکردنی شێوەیی لە شیعرێکی موسیقادار و پڕ هێز نەبێ لە خوێندنەوەی دەنگداردا ئەگەر ئەوە بزانین لەبەرکردنی زارەکییانەی شیعر یەکێك بووە لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی شیعر لەو سەردەمانەدا بەتایبەتی لە کوردستاندا.

هەر بۆیە شاعیران مەبەستیان بوو کە چ لە خویندنەوەو چ لە ڕێکخستنی زەمانەوانییانەی شیعردا، گوتاریکی دواندنی ناخەکی بە شێوەیەکی ئاوازدار ڕێك خەن.

ئەمەش لەکۆتاییدا دەورو ئەرکێك دەخاتە ئەستۆی شاعیرەوە کە ڕووپێوی فراوانبوونەوەی مۆسیقای وشەکان بە شێوەیەکی ورد ڕێك بخاو هەریەکە لەو وشانە بخاتە بەر دەورێکی دیاریکراوەوە. بەو پێیەی ئەو لەیەك کاتدا لە شیعر نووسیندا چەند کارێکی جیاو چەند ئەرکێکی جیا ئەنجام بدا. ئەمەش ئەو کۆتانەیە کە شاعیری کلاسیکی ئەزموونکاریی شیعرییان لە کاری شیعر نووسیندا تێدا کردووە، لە خوێندنەوەدا. دەنگەکان وەك برسیکانەوەی ئەستێرە دەدرەوشێتەوە کە خوێنەر حەز بە سەدا پێ بەخشینی ئەو دەنگانە دەکا. ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی خۆشی و چێژ وەرگرتن لە شیعری کلاسیکی کە تا ئێستاش شوێنی سەرسوڕمانە.

ئەم خولیایە لە شیعری لەم بابەتە، خولیایە کە وا لە خوێنەر دەکا. ئارەزووی بەلای دەنگدا بچێ. ئەو دەنگانەی لە ڕێکخستن و زنجیرە بەندیی خۆیاندا، لە تەبایی خۆیاندا، هەروەك کاریگەرییەکی سۆزداری مۆسیقی دەچنە ناخمانەوە، کەس نییە بەو دەنگانە سەرسام نەبن کە شیعری کلاسیکی دەخوێننەوە و دەزانن نهێنیی بە دەنگهێنانی ئاوازەکانی شیعر بدۆزنەوە، کەس نییە تا ئێستاش چێژ لەو خوێندنەوانەی شیعری کلاسیکی وەرنەگرێ کە مەودایەکی درامی و چێژداری لە خوێندنەوەدا دروست دەکەن. چێژی ئاواز لە ڕێکخستنی دەنگداروا نەك لە خودی وشەدا، چێژی ئاوازی شیعری یاخود مۆسیقای شیعری لە پاراستنی ئەو تایە هاوتاکارو یەکسانکارانەیە کە لە دەنگدا دەگەنە ئاستی کرداری زمانەوانی نەك لە خودی دەنگە ناتەباو ناڕێکەکان.

بەڵێ دەنگی پیانۆ و گیتار دەنگی گۆرانیبێژان و هەموو کەرەستەیەکی موسیقی چێژێکی دیاریکراو بە گوێگر دەبەخشن، بەڵام ئەو چێژ و ئەو خۆشییە لە سیستەمی ڕێکخستنی دەنگدایە نەك لە خودی دەنگەکان ئەم جۆرە پەیوەستە جوانکارییانەی نێوان ڕێکخستنی مانای وشەو دەوری وشەو مۆسیقای وشە، وەك شێوەکانی جووڵەی دەنگداری وشە هەمیشە هەر کردارێکە باڵی بەسەر ئاوەزی شیعر نووسینی کلاسیکدا گرتووە کە وا دەکا، شاعیر خۆی بخاتە جیهانێکی ماندووکاری زۆر قورس و بێ کۆتاییەوە.

یەکێك لە دەورەکانی جوانکاریی شیعری کلاسیك کە بەهاکانی شێوەی لە شیعردا پاراستووە، زاڵبوونی هەندێك پیت و وشەو بە شێوەیەکی جیاواز لەو شێوانەی باسمان کردن، کە لە هەمان گەردوونی گشتی، یەك کرداریی گشتیدا، کرداری تری شیعری و پیت پیتێنی مۆسیقا دەخەنە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز و بە ئاستی جیاواز لە ئاوازی شیعری و مۆسیقیی شیعریدا هەروەك ئەم کردارە مۆسیقیەی خوارەوە:

شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیعە و میشعەلی بەدری

ئەم ڕێکخستنەی پیت پیتێنی ناوەکییە مۆسیقییە سەربەخۆیەی کەلە نێوان پیتی (ش) و (ع) و لە دوو برگەی ئەم تاك بەیتەدا دروست کراوە شایەنی سەرنج دانە بیری شاعیر بەلای ئەوەدا دەچێ ئەو وشانە بخاتە شیعرەوە کە لەسەر هەمان دەنگی ناوەندیدا بڕوا، واتە ئەو لە چوراچێوەی بەناوەندیکردنی پیتدا بەکاری ناوەندیکردنی دەنگ هەڵدەستێ. هەروەك ئەوەی کێشەی پیت پیتێن دەنگ دەنگێن لە نۆتەیەکی مۆسیقی حسێب بۆنەکراودا. وەك دوو پەڵە هەور تێکەڵ بەیەك دەبن و دەنگی جیاوازو ئاوازی جیاواز دەخەنە مۆسیقای شیعرەوە. لێرەدا دەپرسین چ کاریگەرییەك لە ڕێکخستنی شێوەیی لە نێوانی »شوعاع و شەعشەعەو ئەشیعەو میشعەل« دا هەیە؟ بیشك شاعیر لەگەڵ دانانی یەکەم وشەی «شوعاع» پیتی (ش) و (ع) گرفتاری دەکەن. ئەو دەیەوێ توانای ئەودیوی ئاوەزی باوی شیعری بخاتە روو. دەیەوێ جۆرە هاوسەنگی و تەباییەکی زێدەڕۆ لە ئاوازی شیعری بخاتە ڕوو.

مادامەکی شیعر لە خوێندنەوەدا پێناسی خۆ دەکا و لە دەنگدا زیاتر پێناسی ئاستی دەنگ و ڕەزم و ئاوازی موسیقی خۆی بکا، ئەم ئاراستەیە لە کرداری پیت پیتێنی شیعری بەگەڕخستنی ئاوازی شیعر، بەسەر سەروای شیعریدا کە شاعیر خولیایەکی گەورەی خۆی بەم گەمەیە بەخشیوە. ئەم ڕێکخستنە دۆزینەوەی ئامرازو کردارە جێگرەوەکانی دەرەوەی واتایە کە ڕاڤەی جوانکاریی بە دەورخستنی پیتی شیعری دەکەن:

ئەم جۆرە ڕێکخستنەی پیتەکان. هەروەك پێکداهاتنێکی ئاوازدارە. کە شەپۆل دەداو نزم دەبێتەوە، بە دەوری یەکدا هاتنی پیتە زاڵەکانی (ع) و (ش) دەربڕین لە ئاوەزی بە ئاوازکردنی مۆسیقا دەکا. کە بەتواناوە ئەم ڕێکخستنە دەخاتە دەوری وشەوە لە شیعردا، هەروەك چۆن وشە هاوتاکارەکانی ئەم ئاوازە مۆسیقییەی پیتەکان بە هەمان ئاراستەکانی تر ڕێك دەخا. ئەمە جووڵەیەکی شیعرەکەشە. کە ئاراستەکانی بەیتەکانی شیعر لە ئاوازدا ڕادەگرێ، هەم ئەم کردارەی پیت پیتێنەیە کەوا لە شاعیر دەکا بەدووی وشەی تردا نەگەڕێ و تەنیا لە بازنەی ئەو وشانەدا بسووڕێتەوە کە هەمان پیتیان تێدا دووبارە دەبنەوە.

ئەم کردارە لە بەیتی

هەموو کەس بەستە زوننارە لە سەودای زوڵفی تاتاری

دووبارە دەبێتەوە بە شێوەیەکی جیا لە دەورو کردارە موسیقییەکاندا. هەروەك دەبینین قورسایی دەنگ لەم بەیتەدا بەتەواوی کەوتووەتە سەر هەردوو پیتی (س)و (ز)، ئەم قورسایی و بە ناوەندیکردنەوەی پیتەکانیش کردارێکە لە دەنگدا دەرکیان پێ دەکرێ، کە وشەکانی «کەس، بەستە، زوننارە، سەودا، زولف» دەگرێتەوە و دەوری بە ئاوازکردنی دەنگداری شیعریان پێ دەبەخشێ. شاعیر بە ئاوازێك ئەو بەیتەی نووسیوەتەوە کە هەمیشە لە بازنەی وشەی خاوەن پیتە هاوبەشەکاندا مانا دروست بکا ئەمەش کردارێکە بەجوانی توانیویەتی بەرجەستەی دەنگی پی بکات و پیتەکان بکاتە ناوەندی دەنگەکانی وشە. کە بە بەراورد لەگەڵ ئەم پیتانەدا، هیچ پیتێکی تر ئەو قورساییەی دەنگیان نەخراوەتە سەر. لەم بەیتەشدا هاوتا کردنێکی چۆنێتیی بەکارهێنان لە نێوان هەر دوو پیتی (س) وەك سەرەتای دووەم وشە و (ز) یش وەك سەرەتای دوو وشەی تری دوای دوو وشەی (س) دانراوە:

بەستە زوننارە = سەودای زوڵفی

هەروەك چۆن لەسەرەتای یەکەم بەیتدا دوو هاوشێوەیی بەناوەندیکردنی پیت پیتێن هەیە و لە شێوەدا جیاوازن و لە دەورەکانیدا یەکن:

مەهو میهر = شوعلەی شەمعی

هەردوو وشەی یەکەم بە (م) دەست پێ دەکەن و نیوە تاك بەیتی یەکەم پێك دێنن و هەردوو وشەی نیوە تاك بە پیتی دووەم بە «ش» دەست پێ دەکەن. لە خوێندنەوەدا پێوەندیی نێوان بەزارەککردنی (م) لە هەردوو وشەی (مەهو میهر)، هەروەك یەك بڕگە لە ئاوازی لێك نەپساوە لە قوڕگ دەردەچێ، هەروەك چۆن (ش) لە هەردوو وشەی «شوعلەی شەمعی»دا بە هەمان کرداردا دەبێتە ئاوازێکی نەپساوە و لە یەك دابڕاو. گرینگ تەنیا ئەوە نییە کە وشەی وەکو یەك دەنگی بەرامبەر دوو وشەی وەکو یەك دەنگی وابن، بەڵکو گرنگی لەو دەنگە ڕەزمدارەیە کە خوێندنەوەیەکی رەوان و تەباییەکی هاوتاکراو لە دەنگدا دروست دەکەن. گرنگ ئەوەیە کە شاعیر توانیویەتی بە چەند شێوەیەکی جودا ئەو دەنگانە لە وشەو بڕگەکاندا دروست بکا. ئەگەر بێتو ئەوە بزانین کە شاعیر هەر دەبێ کێش و سەروای شیعر بپارێزێ و لە مانادا دەنگی یەکێتی بابەتیی شیعرەکە داماڵێ و مەبەستەکانی بە تەواوی بپێکی.

ئەگەر ئەوە بزانین کە شاعیر سەروایەکی ناوەکیی دروستی لە وشەکاندا خوڵقاندووە، ئەگەر ئەوە بزانین کە شاعیر پانتاییەکی جوانکاریی لە شیعردا نواندووە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە شاعیری کلاسیکی ئەوەندەی لە گەردوونی وشە چنین و وشە ڕێکخستن و وشە بنیاتناندا خەریك بووە، ئەوەندەی گیروگرفتی مانای نەبووە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ڕەگەز و بەشە گرنگەکانی ڕەوانبێژی لە شیعردا و دروستکردنی شێوازێکی شیعریی پوخت. مەبەست لەم بەرچاو خستنەی توانای زمانەوانی شاعیری کلاسیکی دەرخستنی بایەخی شاعیرە بەشێوازی شیعری، مانا بە لایەنی ئەوەوە کیشوەرێکی بزر نییە، مانا لەبەر دەستدایە. گەڕان بەدوای ڕەگەزە جوانکارییەکانی شیعر لە ئاواز و مۆسیقا خولیایەکی سەرەکی شاعیر بووە، ئەم جۆرە بەکارخستنەی وشەو دروستکردنی ئاوازی شیعری، هەروها لە چۆنێتی ڕێکخستنی زمانەوانییانەی شیعریشدا لە شێوەی ڕستە بە ڕستەی خستنە سەرەوەی ڕوونکردنەوەی وەسفییانەی «کردارەکان»ی شیعر بڕوانە:

بڕوانە ئەم پەیوەستانەی کە وەك ڕوونکردنەوەی کردارەکان دەکەونە ڕوو. ئەم پەیوەستانە لە نێوان ڕستەدا بەرجەستە بوونی وشەکارییە، کە لە «لە» دا دەنگەکان دەبنە پرسیار و وەڵامێکی ناوەکی لە شیعردا. ئەمەیە ئاوازی ڕاگەیاندنی پرسیار و وەڵام، لە کردارو ڕوونکردنەوەی کردار کە بە شێوەی ڕستەی سەربەخۆ پەیوەستێکی دەنگدار لە نێوانیاندا دروست دەبێ.

لە دەرەوەی هەموو ئەم ڕێکخستانەی ئاوازدا نزیکەی پەنجا جار (ی) پاشگر لەسەرجەمی (٩٠) وشەدا، دەورێکی دیاریکراو لە بەخشینی مۆسیقای شیعری بە وشە دراوە، کە (١٠) یان دەوری سەروا دەبینن، ئەم بەکارهێنانەی (ی) لە کۆتایی وشەکاندا لە هەندێك بەیت و تاکە بەیتدا بە شێوەی مۆسیقایەکی بەردەوام بەکار هێنراون هەروەك:

بڕوانە ئەم سێ جۆرە دابەشکردنەی وشە و پیت پیتێنی مۆسیقی کە لە چۆنییەتی دەورەکاندا شوێن و کاریگەریی تایبەتی خۆیان هەیە کە مەبەستیان تەنیا لێکچواندنی دابەشبوونە ناوەکییەکانی کردارە زمانەوانییەکانە لە یەکەمین تاکە بەیتدا بەیەك هەناسەی ئاوازی بەدووی یەکدا هاتوو، شیعر دەبێتە چەند شەپۆلێکی بەرزەوە بوو و سەرکەوتوو. شیعر دەبێتە ناوەندی پیت پیتێن کردنێکی بەردەوام. لە هەردوو بەیتی

دووەم و سێیەم، وشەکانی «دەڵێن، بڵێ» ڕێکخستنی ئەندازەیی بەرچاو دەکەوێ. هەر دوو نیوە تاك بەیتی  پێش «دەڵێن» هاوتای یەك کراون لە دەنگ و جووڵەدا، هەروەك چۆن هەردوو ڕستەی «خەوتویی بێداری» و «مەخمووری هوشیاری» لە بەهای زمانەوانی و پێکهاتی ناوەندیاندا هەمان دەورو شوێن لە بەیتەکەدا دەگرن. لە بەیتی سێیەم ڕێکخستنێکی ئەندازەیی و دەنگدار زۆر بە وردەکاری داڕشتراوە، کە تێیدا وشەکانی هەردوو نیوە تاك بەیتەکە هاوتا دەکا.

شاعیری کلاسیکی، چونکە کاریگەریی کێش و سەروای بە سەرەوەیە، هەمیشە هەوڵی داوە شتێکی نائاسایی و ناباوتر لەو داو و دەستوورە شیعرییانە بخاتە ڕوو. ئەم لایەنەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرچاومان خست یەکێکە لەو گەمە زەمانەوانییانەی کە زۆر لە خولیاکانی شاعیریان گرتووەتەوە و وایان لێ کردووە بیری بەلای ڕێکخستنەکانی زماندا بڕوا و لە خوێندنەوەی شیعردا بەرجەستەی دەنگە زارەکییەکانی شیعر بکا و ئەو دەنگانە بگەیەنێتە قاڵبێك یان جووڵەیەك لە ئاوازی تەباو ڕێکوپێك. ئەم ڕێکخستنەش بەلایەنی شاعیری کلاسیکەوە لە ئاوازێکی بە کردارکراوەوە سەرچاوە دەگرێ و پەیوەستەکانی نێوان ئەم کردارە و ئەو دەورانەی لە کردارەکاندا پەیدا دەبن سیفەتی جوانکاریی شێوەیی شیعر دەردەخەن و شاعیر وەك کردار دەرك بە چۆنیێتی ئەو ڕێکخستنە دەکا، بەڵام وەك بەرهەم و دەرهاویشتنە جوانکارییەکان کردارێکی ڕاهێندراو، ئەنجام دەدا و ئەمەش کاریگەریی دەوری گوێگرتن و دەنگ دەردەخا لە زارەکیکردنی شیعر و هاوسۆزیکردنی خوێنەر. ئەم کردارەی کە لە ناوەندیکردنی پیت و هەندێك جار لە ڕێکخستنی وشەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێ لە شیعری ئەمڕۆی کوردیدا کاریگەریی خۆی بە شێوەی جیا جیا هەیە. شاعیران بەو کردارە هەڵدەستن، ئەگەرچی دەورو شێوەو مەبەستی شاعیران لەو بەکارخستنانە جیاوازیش بن...

**بنیاته زمانەوانییەکانی بەهای (دەنگ)**

**لە یەزدانێکی ژیاوەو بەهەشتیکی سووتاودا**

١– کــزەی چــزەی زام گــڕپــەی گــڕەی دڵ
داخ دووریــی دۆس دوور کــەفــتــە مــەنــزڵ
٢– شەرارەی ئــاهــیــر دڵــەی پــڕ دەردم
تــەپ و دووی دووکــەڵ هــەنــاسەی سەردم
٣– جــە شەرارەی نــار دڵــەی پــڕ جــەخــەم
سۆچــیــا تــەمــام هــەرهــەفت پــەردەی چــەم
٤– بــۆی کــزەی کــەبــاب سۆزسیــنــەی ڕێش
قــرچــەی بــرێشتــەی جــەرگ جــەفــاکــێش
٥– جــۆش سەمــاوەر دیگ دڵــەی تــەنگ
لــوولــەی فــوارەی فــرمــێسك سەد ڕەنگ
٦– واژاوش چۆن تاف ڕیشەی هەستیم بەرد
ڕیشەی کــۆتــەرەی جــەرگــم بــەراوەرد
٧– دڵ جــەدەروونــدا کــەردەن وەبــوریــان
وەمــەرگت قــەسەم تــاسەی تــۆم کــریــان

دەقی – مەولەوی

لەو کاتەی لەخەوندا خەیاڵمان لەجلّەوی مێشك دەردەچێ و ناماقووڵ تێکەڵ بەترس و حەزو ئارەزوو سۆزە ماتبووەکانمان دەبێ کەهەمیشە بەرجەستەی واقیعێکی مردوو دەکەن. مردن تێکەڵ بەژیان دەبێ بەڵێ لەنێو خەوندا، دەگرییێن، هاوار دەکەین، پێ دەکەنین، بەبێ ڕەقیب، بەبێ یاوەر، بەبێ شەرم، بەبێ مێژوو، بەبێ زەمەن، کە بۆ تاقە چرکەی یەکەمین بێدا، بوونەوەمان لەگەڵ دنیادا دەپچڕێین. هەست دەکەین هیچ شتێك بەدنیامان نابەستێتەوە تەنیا هاواری خەونەکانمان نەبێ. بەبێداری دەژین و هاوار و بێدارییەکی ڕاستەقینەی خەون لەناخماندا دەشارینەوە. هاوار لاڵبوونی زمان و بێهوودەیی زەمەنە لەو کاتەی وشەکان ئابلۆقە دەدەن.

چەندن ئەو ساتانەی زمان لاڵ دەبێ و دەنگ دەبێتە پەلەترین نامەی ئاماژەکانی دەروون و هەستی ورووژاومان؟! چەندن ئەو ساتانەی (ئاخ و داخ و ناڵەو ئای و هاوارێك) لە ساتەکانی تراژیدیای ناخدا گاڵتە بەواقیعییەتی خۆسەپێنەری وشە دەکەن و لەگیانمان وەك برووسکە دەردەچن. بەڵێ ئەو ساتانە زمان ڕەت دەکەنەوە، جەوهەری ئاوازی وشە و هارمۆنیای دەنگ دۆزینەوەی ئەو ئەلتەرناتیڤە بزرەیە کەوێنەی خۆی زیاتر لەوشە لەمێشکماندا دەکاتەوە.

ئەو ساتانەی لاواندنەوەی زمان قبووڵ ناکەن. ئەو ساتانەی تەنیا دەنگ دەبێتە بانگەوازێك بۆ چرکە و ئانێکی کورت. مرۆڤ لەگەڵ زماندا لەدایك دەبێ و بەدەنگ زمان دەناسێتەوە. مرۆڤ میراتگری زمانە و بەعەقڵییەتی دەنگ و هاوار دەژی گەر بێتو (هاوار کردن) وەك ئاماژەیەکی عەفەوی، نەك نواندنی تەنیایی و ترس وەرگرین هەروەك فۆکۆ لە (وشەو شتەکان) لەدیدی کلاسیکیی پەیوەندیی نێوان زمان و دەنگەوە بۆی دەچێ ئەوا هاوار بەسیفەتی دەنگێکی ڕەمەکی جوداو سەربەخۆ لەو کاتەدا لە زماندا شوێنی خۆی دەگەیەنێتە ئاستی دەربڕینکردن لەحاڵەتێکی دەروونی و کاردانەوەیەکی دەروونی. دەنگ کۆتایی بەمانا دێی و لەگەڵ ئەمەشدا لە مرۆڤی زماندار و بێ زماندا وەك ئاماژەیەك دەژێ، هەروەك ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییەی کە هێشتا زمانیان نییە و تەنیا لە واژە واژی ئاماژەکانی دەنگدا دەژین.

بێگومان نە لە ڕستەیەکی بێ بکەر و نە لەڕستەیەکی بنیاتنراو بەنەزانراو، ناتوانین وێنەکانی دەنگ و هاوارکردن نەوەك وێنەیەکی سەربەخۆ و نەوەك ئاماژیەکی سەربەخۆ وەرگرین هەر بۆیە دەنگ و نواندنی بەشەپۆلی هەوای سەر ژێیەکانی قوڕگ، هەروەك لاساییکردنەوەی دەنگی شتەکانەو لەزنجیرە بەدووی یەکدا هاتنێکی بێ سنووردا وشە دروست دەکا. تەنیا ئەو دەنگانە لەم بەسیستەمکردنەی وێنەکاندا رزگاریان دەبێ کەتوانایان هەیە بنیاتی مانایەکی وێنەیی کامڵ دروست بکەن. دەرکردنی وێنەی دەنگیە لەو ئیحایانەی پێش فێربوونی زمان بەدووی ئەم نواندنە ورووژێنەرەدا مرۆڤ بۆی گەڕاوە کەسیفەتێکی بەرجەستە کراو لەلای ئەوانی دیدا وەربگرێ.

کەواتە پەیداکردنی ناوەندێك لە دەربڕینی ناتەواو کە مرۆڤ نەیتوانیوە بیکاتە سیستەمێکی کامڵ کە لەگەڵ ئیلهام و ئیحاکانی ئامادەبوونی خۆیدا لە نێوان شتەکان و بووندا پەرەیان پێ بدا. دەنگ وەك ناوەندێك لەواتای ناکامڵ لەو کاتەدا دەورەکانی لە دەست داوە، کە مرۆڤ توانیویەتی پاش سەدەها و هەزارەها نەوە، لەلاڵ بووندا

سیفەتەکانی پەیوەستی لەشێوەی سیستەمێکی پەرەسەندووی دەنگ و ئاماژەدا بەرجەستە بکا و لەم گۆڕان و وەرچەرخانانە. دەنگ بەسیفەتی ئیحایەکی پێشینەو ڕەسەن تاك بنیاتی مانای هەموو پەیوەستێکە، کە تەنیا لەوساتەدا کەوتووەتە دابڕانەوە کە مرۆڤ فێری نووسین بووە. نووسین لەجەوهەردا لاساییکردنەوەی وێنەی دەنگیی ئاوازە زنجیرە دارەکانی مانایە و بنیاتی هەموو ئاماژە بۆکار و ئاماژە بۆ کراوێکە و بوونی مرۆڤ بەرجەستە دەکا. ئەو کردارەش جێکردنەوە و شیکردنەوەی دەنگەکانە لەشێوەی وەسفدا، هەروەکو چۆن شوێنکردنەوەی وەسفەکانە لەخودی دالە نوێنراوەکاندا.

بەمەش دەنگ ڕەسەنێتییەکی مێژوویی لە بوونی مرۆڤدا هەیە و تەنیا لەو ساتانە بەکاریان دەخا کەدەبنە ئاماژەی (ئاگاداری کردنەوە، دواندن، بانگێشتن، ئازار، سەرسوڕمان و ڕەتکردنەوە، خەم، پەژارەبوون، نائومێدی، سوێبوونەوە، ماتبوون... هتد) ئەو ئامرازانەی کە لە زمانی کوردیدا سیفەتی وشەی نەکراوە و داخراو وەردەگرن و تەنیا لەدەنگدا بینای کاملّی واتای خۆیان دەکەن، زۆر جار لەنووسیندا ناتوانن هەمان دەوری خۆیان ببینن، ئەمەش سیفەتی ئاخاوتن و قسەکردن بەسەر سیفەتی نووسیندا زاڵ دەکا، واتە بەمانایەکی تر بەهای کاملّی ئەو ئامرازانە لە دەنگدا بەرجەستە دەبن، لە ڕاستیدا ئەو ئامرازانە هەمیشە لەدوای نواندنە دێنە گۆڕ. ئەو نواندنەی لە زماندا دەربڕین لەڕووداوێك دەکا، یاخود دەربڕین لەنواندنی شێوەی قەبارە و شتێك دەکا لەبەهای شوێن و شێوەی ئیستاتیکی و پێچەوانەکەشیدا ڕێکخستنی هارمۆنیایی ئامرازەکان تەنیا بەچوونەوە سەر ئەوکردارە بەتاڵ بووانە دەورەکانیان دیاری دەکرێت و لەلاماندا وێنەکانی مانایان بۆ دروست دەکەین... کەچی لەدەنگدا ماناکان بەشێوەیەکی پەلە ئاماژە بە کاملّبوونی ماناکانی ئەوشت و ڕووداوانە دەکەن. ئاشکرایە جەخت کردن و پەلە کردن و ئاسان کردنەوەی دەربڕین سیمایەکی بنەڕەتی ئەو ئامرازانەیە کە لە نێوان واتاکاندا دەورەکانیان دەگۆڕێ. ئەگەرچی لەبنیاتیاندا گوێگر بەتەواوەتی سروشتی مانا کاملّەکانی شێوە و ڕووداو نادۆزێتەوە. ئامرازی (ئای) یاخود بەشێوەی دووجا (ئای ئای) جیاوازیی نێوان دەورەکانی ئەو وشەیە و هەموو کاتێك ئاماژە بە (ئازار، ترس، سەرسوڕمان، ناخۆشی، کارەسات... هتد) دەکا. کەچی ئامرازی (هۆ، هێی) هەمیشە ئاماژە بە (بانگ کردن و ئاگاداری کردنەوە دەکا، لەگەڵ جیاوازی لەگوتندا چونکە چۆنێتی دەرکردنی ئەو ئامرازانە لە دەنگدا هەندێك جار سروشتی دەورەکانیان دەگۆڕن ئەو کەسەی گوێشی لێ دەگرێ لەباریکی تری دەروونیدایە و، هیچ بیرێکی پێشینەی لە لادا نییە و دەربارەی سروشتی ئەو دەنگەی بەرەو ڕووی دێ، بە (خۆشی و یاناخۆشی،

بەهەڕەشە یا بەبانگ کردن... هتد) لەگەڵ ئەمانەشدا وشە هەیە واتای بنیاتی ڕاگەیاندنی خۆی لەدەربڕیندا دەنوێنێ، هەروەك (هاوارە. کوچبارە. کۆچە. فەرمانە... هتد) ئەم وشانە لەبەرچاوخستندا پێگیرییەکی سەربەخۆی مانا لەخۆیاندا هەڵدەگرن و هەندێك جار وشەیەك دەبێتە پێشگریان و تایبەتگەرێتی بەڕاگەیاندنەکە دەبەخشێ، هەروەك (براینە، کوڕینە، دیسان، خزمینە). لێرەدا شوێنی بایەخ پێدانە کەچەند سەرنجێکی گشتی دەربارەی بەکارخستنی وشەو دەنگەکان بخەینە ڕوو.

١- مرۆڤ هەمیشە لە زماندا ناتوانێ بنیاتی ئەو واتایانە بەکاملی دەربخا کە حاڵەتەکانی (مەترسی، ڕووداو، کارەسات، بێزاری، ئاگادارکردنەوە، بانگهێشتکردن) دەردەبڕن. لەوکاتەی نە لەکات و نەلەباری سایکۆلۆژی و نەلەشوێندا، ئەو حاڵەتانە ناگەنە ئاستی ئەوەی زمان بەتەواوی بهێننە دەنگ و دواندن. هەر بۆیە زمان ئیحای بەهێزی خۆی بەدەنگ و ئاماژە دەسپێرێ، هەروەك لە ترۆپکی بێزاریی گۆیگرتن لەیەکێك وشەی (تاهوو ئۆف... هتد) دەردەبڕێن. ئەمەش زیاتر لەحەیران و لاوکی کوردیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ. مەقامی (ئای، ئای) و هەروەها دووبارە بوونەوەی ئامرازی (ئای) لەزۆر گۆڕانی و حەیران و لاوکەکاندا چۆنێتیی بەخشینی دەورەکانی خۆی لەگەیاندندا بەدرێژبوونەوە و کورتبوونەوە و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی دەنگەکانی وشەوە بەندە، لەکاتێکدا ئایەکی کورت لە ئازارێکی سووك دەکا لەقسەکردندا.

(ئای)یەکی درێژی لاوك. با کەسێك رووداوێکی بەسەردابێ. هەمیشە دەربڕین لەحاڵەتی تراژیدی و پەژارەو خەم و ئاگاداری کردنەوە دەکا و، ئەو دەنگە درێژ و کورتەش بنیاتێك لەواتای سەر بەخۆی خۆی دەنوێنێ. بەبێ ئەوەی هەموو مەدلوولەکانی ئەو دەنگانە جەوهەری ماناکان دەرخەن و خۆیان والا بکەنەوە و بیرێکی کامڵ لەلای گوێگر دا دروست بکەن.

٢- ئامرازەکانی بانگهێشتکردن و ئاگاداریکردنەوە، دەربڕین لە قاڵبێك لە واتای بی سینتاکسی دەکەن، لەو کاتەی هەموو پێداویستییەکانی بە ڕستەبوون لەخۆیان دادەماڵێنن. لە کاتێکدا گوێمان لە هاواری (ئای،باوکە ڕۆ، ئاخ داخ... هتد) دەبێ ئاشکرایە هیچ بنیاتێکی زمانەوانی لەخۆیدا هەڵناگرێ، کەسیفەتی (ڕوونکردنەوە، زانیاری، تێگەیشتن) بنوێنێ. بەڵکو تەنیا لەو حاڵەتەدا مانا دەخولقێنن کە لە ڕستە دابڕاون، بە تایبەتی لەبەدووی یەکدا هاتنی (فرمان و بکەر و بەرکار) لە:-

أ– ئای – بەدەنگی گەورە – درێژ – ئازارێکی گەورە (ئاگاداریکردنەوە).

ب– ئای – بەدەنگی نزم – کورت – ئازارێکی بچووك (ئاگاداریکردنەوە).

٣– ئاخۆ دەشێ دەنگ شوێنی هەندێك لە دەورەکانی زمان بگرێتەوە؟! ئاشکرایە مانەوەی ئەم ئامرازانە وەك بەشێك لە دەربڕینی زمانەوانی، ڕەسەنێتیی مۆرکەکانی ئاماژەی سەرەتایی لە زمانی هاوچەرخدا دەپارێزی. ئەمەش بەلایەنی مۆرفۆلۆژیاوە بایەخی گەورەی هەیە لەزماندا. مرۆڤ هەموو کاتێك «دەنگخۆشی» بەو دەنگانە دەبەستێتەوە کە سیفەتێکی کاریگەر و سۆزاوی دەگرنە خۆیان. مرۆڤ لەگەڵ داهێنانی وشەکان «پاڕانەوە. ناڵانەوە. خەم... هتد» توانیویەتی بەشێك لە دەورەکانی هاوار کردن و بەدەنگهێنان کەم کاتەوە و دەورەکانی ئەو وشانە فراوانتر بکاتەوە.

بێگومان زۆر جار لەگۆڕینی شێوەی دەنگەکان لەژێکانی قورگەوە ئاستی کاریگەری و وڕووژاندنی خۆی لە لای گوێگردا دەگۆڕێ. کە ئەویش لەبناغەوە گەڕاندنەوەی تەبایی و هارمۆنیا و ڕێکخستنی دەنگە لە شێوەی ئاوازدا، چونکە دەنگ سیفەتی سەرەتایی و ناتەبایی لەخۆیدا هەڵدەگرێ. ئاواز درێژبوونەوەی هاواری ناوەوەی دەروونە لەساتە جوداکانی دەربڕین لێکردنی «کامەرانی ، خەم ، خۆشی ، ئازار... هتد» و هەندێك جار لە بارێکی ئێستاتیکیشدا هارمۆنیای ڕیکخستنی دەنگەکان چەند سیفەتێکی جودا بە گوێ دەبەخشێ.

هەر بۆیە دەنگ سیفەتی ڕەسەنێتیی قووڵی خۆی لە هێماکانی هەموو بنیاتنانێکی ئاماژەدا دەدۆزێتەوە.

وەك سیستەمێکی ناکامڵ بۆ گەیاندن و وەرگرتن تاکو ئێستاکە مرۆڤ دەستبەرداری نەبووە. هەموو لە ئوتۆمبیل و ماتۆڕ و باسکیل و پاپۆڕ و کڵیسا و پۆڵیسێکی هاتوچۆ... بەجیاوازیی هۆڕن و فیقەو زڕەی جودایان هەیە کە بۆ ئاگاداریکردنەوە لە «مەترسی، لە ڕووداو» بۆ ڕاگەیاندنی مەبەستی جیا جیا بەکاریان دێنن. گیانەوەران دەنگ و ئاوازی هارمۆنیاداری دەنگ وەك سیستەمێك بۆ لێکحاڵیبوون بەکار دێنن. شووتی ئاگاداری کردنەوە لە کاتی جەنگدا هەمیشە مانای نزیکبوونەوەی مەترسییەك و بانگەواز بۆ خۆشاردنەوە دەکا.

گاریگەریی دەنگ ڕەگێکی ئەدەبی قووڵی هەیە لەسەر زۆربەی جۆرەکانی نووسیندا، بەتایبەتی لەشیعردا. ئەوشێوە دەنگییانەی بەماتی لەژێرەوەی ڕستەدا دەرك بەبوونیان

دەکەن. ئەوشێوە دەنگانەی، وێنەیەکی جودا لەزمان بەزەینمان دەبەخشن. وێنەی دەنگی هەمیشە لەدوو سیفەتی جوداکەرەوە لە کلتووری کوردیدا دەورەکانیان دیاری کراوە. کەلایەنی تراژیدی و درامی باڵ بەسەر ئەو نواندنانەدا دەگرێت. دەوری ئەو وێنانەی کەمانایەك و بنیاتێك بەچەمکی (ناڵانەوە، پاڕانەوە، پەژارە، خەم، لاواندنەوە... هتد) دەبەخشن. هەمیشە ئەم لایەنە تراژیدییە، باڵ بەسەر کولتووردا دەگرێ. هەر بۆیە سەیر نییە ئاوازی کوردی و گەلانی ڕۆژهەڵات بەگشتی دەنگێکی خەمبار و دراماتیکی و ڕۆمانسییە، (خەم و ئازار) دەبنە ئەو وێنە زاڵ و دیکتاتۆرەی هەموو کەرەستە دەنگییە جودا و ناتەباکانی موسیقا خەفە دەکا و سیفەتی خۆی بە دەروەکانیان دەبەخشێ تەنانەت. لەو گۆرانییانەشدا کە بەگۆرانی (ڕۆژئاوایی) پێناسە دەکرێن و سیفەتی چەندەها جۆر لەگۆرانیی پۆلێنکراو دەبەخشن.

ئەمانەش پاشینەیەکی ژیاری و سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی لە خۆیاندا دەنوێنن، لە ژیانێکی سەخت و ناڵەبار و پڕ لە کارەساتدا، لە ژیانێکی ناسەقامگیر و پڕ لەجەنگدا، دەربڕین لێکردن سیفەتی دەنگی خەمبار بەسەریدا زاڵ دەبێ، ئەو دەنگەی لە ئاستی یاخیبوونێکی بەردەوام و قبووڵکردنێکی ساڕێژ نەکراوو ڕەتکردنەوەیەکی بەردەوام لەخۆیدا هەڵدەگرێ. هەربۆیە بەرجەستە بوونی وێنەی دەنگینی تراژیدی کاریگەریی خۆی هەبووە لەو کولتوورەدا. لەو کاتەدا هەست دەکەین حەیران و لاوك و مەقامی کوردی بناغەی لەسەر ئەو درێژ بوونەوە دەنگییە داکوتاوە کە لە ڕاست ژیانێکی تراژیدیدا ملی خۆی لار دەکاتەوە و خۆی پێ دەنوێنێ.

ئاوازی کوردی هاواری ناخی مرۆڤی کوردە کە لەگەڵ نامومکین و ئازاردا وێنەیەکی تەواو لە واتای تراژیدی دەگرێتە خۆی و زمانەکەی لەگەشانەوەیەکی دەورەکانی خۆیدا لادەبا و بەبێ پشت بەستن بە وشە، ئێمە بەبێ ئاگاییەکی مێژووییەوە دەسەڵاتی وێنەی دەنگینی تراژیدی بەسەر چێژو بیرکردنەوەمان دەچەسپێنین. ئەو وەستانە جودایانەو ئەو هاوار لاواندنەوە درێژ و بەرزانەو ئەو جەخت لەسەرکردن و دووبارە کردنەوەیەی وشەو دەنگ. ئەو وەستانانەی کە دەربڕین لەناخی مرۆڤ و هەستی دەکەن لەڕاست کارەسات و ئازاردا، ئەو وەستانانەی لەیەك ئاستی هاوار و ناڵە و گریانی ناوەکیدا دەنگ دەخەنە وشەوە، ئەو وەستانانەی وەك ئەوەی گریان و فرمێسکیان لەناوەوەیاندا هەڵگرتووە. هەر بەمەش سیاچەمانەی کوردی، سروشتی قووڵی ناڵە و گەشانەوەی تراژیدیی مرۆڤی کوردە و ئاماژەی توند و تیژیی مێژوو ژیانەکەی و

ڕەسەنێتیی کولتوورەکەی دەنوێنێ و لەهەمان کاتیشدا لاواندنەوەی ناخە لەدەنگدا کە وشە هەموو دەورەکان نابینێ و تەنیا دەیەوێ لاسایی دەنگەکان بکاتەوە کەلەسروشتی ژیان و ناخی مرۆڤەوە لەدایك دەبن.

شیعری (کزەی چزەی زام) ی مەولەویی تاوە گوزی، یەکێکە لەو شیعرە دەگمەنانەی ئەدەبی کوردی کەتیایدا بەرجەستەی وێنەی دەنگی وشە زاڵە بەسەر خودی واتاکانی وشەوە. کە دەنگ قورسایی و توانا و دەسەڵاتی خۆی بەهەموو ئاراستەو جووڵەکانی وشە دەبەخشێ. ئەو ئاراستەیەی لەلای ئێمە و لەخوێندنەوەدا بەرجەستە دەبن و بەشێوەیەکی دەگمەن و سەیردا عەقڵییەتی بەدەنگهێنانی وێنەیی مۆسیقی و ئاوازەکانی وشە، هەمیشە زاڵە و لەو قووڵاییەوە دەربڕینی لێ کراوە کە ئەو دەورە لەوشەدا بەرجەستە نابن کە بتوانن سیفەتێکی شیعریی کامڵ بەخۆیان ببەخشن، بەڵکو شیعرییەت لەچەمکی بەدەنگهێناندا چینەکانی دەلالەت دروست دەکا.

مرۆڤ دەتوانێ بەدەنگی هەور بڵێ (گرمە، تریشقەی هەور، یا هەورە تریشقە... هتد). بۆچی مرۆڤ خودی دەنگەکان لاسایی ناکاتەوە و بە وشە دەربڕینیان لێ دەکا!!

ئاخۆ وشە دەلالەتی کامڵی ئەو دەنگانە بەرجەستە دەکا یا دەینوێنێ؟

بێگومان ئەو وشانە لەناخەوە ناتوانن ئامادەبوونی توندوتیژی وێنەی دەنگی کامڵ، وەك بنیاتێکی کامڵی ئەو واتایانە بەرجەستە بکەن. هەروەکو چۆن سیفەتی لاساییکردنەوە و نواندن وەردەگرێ نەك داماڵینی بەرامبەر. تەنیا لەو ساتەدا وشە دەنگ دادەماڵێ کە خودی دەنگمان لەبیر بەرێتەوە. هەر بۆیە نوشوستیی نواندنی کامڵی دەنگ بە وشە، هەمیشە لە کەلەبەری هارمۆنی و ئاوازی دەنگەوە دەبێ و دەنگ لە سروشتدا داناماڵدرێ. هاژەی تاڤگەکان، ئاوازی کەو و بولبولەکان، هاژەی دەریاکان، هاواری خەونەکان، گیزە گیزی مێش و مەگەزەکان، قەڵبەزە و خوڕەی ڕووبارەکان. ئەو دەنگانەن کەتەنیا ئیحاکانی باری دەروونیی هەڵچوومان فراوانتر دەکەنەوە و بە ناونانیان لەناخمان دایان دەبڕێنن.

نوشوستیی مۆسیقای کۆن و نوێی کلاسیکی لە لاساییکردنەوەی دەنگەکاندا، چاکترین نموونەی پڕۆژەی هونەرییە لەگەڵ سروشت و بوون. ئیحای دەنگی سروشت و چرپەکانی لە ئیلهامی ئاواز و شیعرییەتدا سەرکەوتنی هەوڵەکانی کامڵکردنی ئەو دەنگانەیە. ئەو دەنگانە ڕووت و قووتن. ئەو دەنگانە ڕووی ئاوێنە و مانگێکی کامڵن، (کزەی چزەی زام...) نواندنی دەنگەکان. بایەخ و گرنگییان نییە، بەڵکو ڕاڤە کردنی ئەو عەقڵییەتەیە کە

دەنگ دەخەنە قاوغی دەلالەتی جیهانێکی ترەوە. ئەو جیهانەی لەگەڵ خویدا دەنگ بەدەنگ دێنێ. کەپیرۆزی و بەهایەك بەدەنگ دەسپێری. گەڕانەوە بۆ سروشتی دەنگ هەروەك گەڕانەوەیە بۆ پاکبوونەوە لە ئازار و ناڵەکانی زات. ئەو زاتەی شوێنی خۆی وێنەی خۆی بە وێنەی دەلالەتەکانی دەنگ دەبەخشێ، ئەو وێنەیەی پەیوەستێکی نوێ لەنێوان دوو جیهانی دابڕاوی وێنە بەرچاوییەکان و وێنە شاراوەکان بەرجەستە دەکا.

لێرەوە بەرجەستە بوونی شێوەیی دەنگ دەچێتە ناخی جووڵەی شتەکان و پەیوەستی نێوان وێنەکانی مێژووی زات و مێژوویەکی خۆسەپێنەری دەرەوەی زات، واتە ئەو بنیاتەی کە شاعیر دەیخاتە نێو عەقڵییەت و هەستی شیعرییەوەی، ئەو نەستەی دەیخاتە نێو دەورەکانی وشەوە دەگاتە ئاستی دروستبوونی بنیاتێکی وێنەیی بۆ واتا نەك واتایەکی پەیوەستدار بەجیهانە زانراوەکانەوە. هەر بۆیە موتیڤ و دۆبلاژەکانی وێنەی ماناکان، تەنیا لەمیکانیزمە دنیامیکییەکانی دەورە بناغەییەکانیاندا دەوری تازەتر بەوشە دەسپێرن. ئەو دەورانەی تەنانەت وشەش لە ئاستیاندا. دەستبەرداری خۆی دەبێ و دەسەڵاتەکانی بەو دەنگ و عەقڵییەتەی پشتەوەی دەنگ دەسپێرێ.

پەیوەستی نێوان (زانراو... کۆتایی وێنەکان... نەزانراو وێنەی شاراوە) ئەگەر بێتو لە یەکەم بەیتی هۆنراوەکە وردبینەوە کە تەوەری لێکۆڵینەوەکەمانەو پەیوەستی بەبەیتەکانی ترەوە و بیخەینە سەر زنجیرەی تاکەکانی واتای خۆیەوە کەلەسەرجەمدا ناوەڕۆکی ئاشکرا و بنیاتی سەرەوەی دەقەکە دەنوێنن. ئەوا هەموو هۆنراوەکە لە زانراوەکان و وێنە بەرجەستەییەکاندا کار دەکا. کە ناوەڕۆك لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی هەواڵیدا دەربڕینی لێ کراوە. ڕاگەیاندن وەك درکاندنی زانراوێك کە هیچ پرسیارێك لەلاماندا دروست نەکا.

بێگومان کەلە چۆنێتیی داڕشتن و دەربڕینی زمانەوانیی هۆنراوەکە ورد بینەوە، دوو ئاست لەکرداری شیعری دیاری دەکەین پەیوەست بەجیهانی دەلالەتی شیعرەکەوە. جیهانی (ئازار و خەم و غوربەت)ی تەنیایی و جیهانی (بەرجەستە بوونی وێنەی دەنگی)ی وشە کە دەربڕین لەدوو ئاستی بەراوردکاری دەکەن لەگەردوونی زانراوەکاندا. میکانیزمی پەیوەستە تەباو بەراژووەکان دروست دەکا کە دەتوانین بەدوو ئاراستەی جودای زماندا بنیاتی ئەو واتایانە دیاری بکەین. یەکەم، ئاراستەی ئەنجامی ڕاگەیاندن و جەوهەری مەبەستە ڕووکەشەکانە کە پەیوەستی خۆی لەگەڵ زماندا دەچەسپێنێ، دووەمیش ڕاگەیاندنی کاملی حاڵەتی چەسپاوە و سیفەتی ڕاگەیاندنی هەواڵ بەخۆی

دەبەخشێ. ئەم دوو پەیوەستە میکانیزمییەتی عەقڵییەتێکی دیاریکراوی لەپشتەوەیە کەهەر دوو ئاراستە دەخاتە سەر دەرهاویشتنی گوتاری شیعرییەوە. ئەو گوتارەی لەنەستی شاعیردا ڕێچکەی چۆنێتیی داڕشتنی خۆی بەشێوەیەکی عەفەوی وەردەگرێ و هەروەك ئەوەی شاعیر تەنیا سەنعەتکاری کێش و سەرواو مەجاز و چنینی وشەکان بێ و ئەو گوتارە زۆر بە قووڵی مۆرکێکی بێ ئاگاداری لە دەربڕیندا، بخولقێنێ. بڕوانە ئەم دابەشبوونەی گوتار:

چینی سەرو ← کزم چزە ←—— گرپەی گڕ دەنگ

زام      دڵ

چینی خواروو ← داخ دووری ←— دوورکەفتە مانا

دۆس      مەنزڵ

لەم دابەشبوونەی بنیاتی واتای بەیتەکەوە. چەند راستییەك دەردەکەون کە گرنگترینیان پەیوەست بە ئاراستەی بابەتەکەمانەوە ئەمانەن:

١- چ ڕاناوی لکاوی (م) چ ڕاناوی کەسایەتی (من) لەبەیتەکەدا، بزرە، دەشێ حاڵەتەکانی ئەم ئازارە قووڵەی شاعیر سیفەتێکی ناڕاستەوخۆیی بکەر و کردار بخاتە وشەوە کەلەهەموو شیعرەکەدا راناوی (م) بەکاردێنێ. گەر بێتو وشە لەدەوری دەنگیدا بەکار خرابێ و جەستە وەك جوگرافیایەکی زانراوبێت.

بۆچی من تەنیا لەوێنە هەستیارییە دەنگییەکاندا بەرجەستە نەبێ، هەر دوو پەیوەستی نێوان دەنگ و مانا دوو هێڵی تەریبن و تەنیا لەوێنە بزرەکاندا پەیوەستەکانیان دروست دەکەن؟ چۆن دەتوانین مانایەکی یابنیاتێك بۆ ئەو داماڵینەی زات بدۆزینەوە، لەو کاتەی زات جەستەیەکی تێپەڕکراوە لەبکەردا. لەو کاتەشی شاعیر تاکو (کزەی چزەو گرپەی گڕە) ی دڵ دەربڕین لەخۆی دەکا، تەنیا وەك وێنەیەك وەك بوونێکی جەخت لەسەر نەکراو، خۆی دەنوێنێ گەر لە بەیتەکە وردبینەوە شاعیر گوتاری شیعری لەناو خۆیدا دابەش دەکا، لەو کاتەی وەك بەش بەش بوونێکی جوگرافی ناونان شوێنی (من) دەگرێتەوە، کە زات تیایدا وەك بەرکارێکی بزر، بزربوونی زاتێکی کامڵ دەنوێنێ و ڕێچکەی دەربڕینیش تەنیا میکانیزمی بیرکردنەوەی توێژ گرتووی شاعیر دەنوینێ. چونکە ئەو هەر وەکو چۆن وەك بەرکارێکی بزر خۆی دەخاتە ڕوو. هەر ئاواش گوتاری لۆژیکی و واقیعی خۆی لە

زانـراوەوە بـەرەو نـەزانـراو بـەرێ. لـە نـێوان سەرەتـاو کـۆتـایـی شوێن و دەوری گـوتـار بەدەنگهێنانی عەقڵییەتی دەنگداری شاعیرە کە سیمای لەنێوان کاروکرداردا بزر دەبێ، هـەروەکو چۆن بکەریش بزرەو سیفەتی وەسفی باڵ بەسەر شیعرەکەدا دەگرێ. لە نێوانی کارو ئەنجامی کاردا، شیعر ڕێچکەی خۆی دەگرێ کە (دوورکەفتە مەنزڵ) وەك کاری سەرەکـیـی دەق خـۆی دەخـاتـە دووتـوێی چـەمك و ئـاوەڵـنـاوەکـانـەوە و بـە ئـاراسـتـەی دەلالـەتەکانی خۆی دەبا. لەوێنە جودایانەی پەیوەستن بە (زام، دڵ، دەروون، مەنزڵ) جگە لـەوەش ئـەم دابـەشبـوونـە لـەهـەمـان کـاتدا پـەیوەست بـە دەنگـەوە. زمـان دەبـێتـە شوێنـی کـاریـگـەری و دەرخستـنـی بـێـئـاگـاییـیـەکـی زۆر خـەفـەبـوو لـە هـۆنراوەکـەدا سیفـەتـی بەدەنگهێنانی وێنەیی خۆی و ئەنجامی کاری دۆستەکەی (دوورکەوتنەوەی) وەك کردار و ڕووداوێکی بناغەیی و جەوهەری مەدلوولەکانی پێکەوە دەبێ و بەرامبەر ئەویش چەمکی بناغەیی دەق کە لە چەمکی ترەوە سەر هەڵدەدەن بنیاتی ژێرەوەی دەق دروست دەکەن.

| | | |
|---|---|---|
| ١- شاعیر ⟵ زانراو | زامدار | ئاماژەی راستەخۆ |
| | تۆی دوور | |
| ٢- شاعیر ⟵ نەزانراو | چەمکی چۆنایەتی | ئاماژەی نادیار |
| | چەمکی بۆچێتی دەنگ | |

٢- لە ئاستی (من)ی شاعیری بزر، لە ئاستی جەستەیەکی ئامادەگی ناڕاستەوخۆ، گوتار بەرەو بەرجەستە بوونی دەنگ دەچێ. ئەو دەنگانەی لەواقیعدا بوونیان نییە و لە دەروونمانیشدا دەژین. زمان لە ئاستیاندا زەخیرەو کەرەستەیەکی تەواوی پێ نییە. هـەروەك ئەو وێنانەی ڕاستییە ئازادەکانی دەروونمان دەنوێنن و تەنیا بەنواندنیان زمانی شیعر دەچێتە خانەی زێدەڕۆییەوە، هەروەك ئەو ڕاستییانەی بەدەر لە هەموو قـەدەغـەکراوە ڕەوشتییـەکـان، زمـان لاڵ دەکـەن. جـان ئـانۆی لـە ئـەنتیگۆنـادا دەڵـێ (گـەورەتـرین ڕاستـی هـەر ئـەو ڕاستییـانـەن کـە لـەدڵدا دەمـێننـەوە و دەربـڕینیـان لـێ ناکرێ) دەبێ بۆچی ڕاستی هەبێ لە گوتندا کاریگەرییان نەمێنێ؟!

بێگومان دوو هۆکاری دەروونی و واقیعی ئەم دەورە بەبوون و مرۆڤ دەبەخشن. مرۆڤ لەگوتندا بەهای ئاماژە بۆ کراوەکان بەتاڵ دەکاتەوە. لەوانی تردا، عەقڵییەتی گوتن و درکاندن بەخشینی حەسانەوەیەکی کاتیی دەروونە لەلایەنی زمانەوانیشەوە

خودی نواندن و لەچوار چێوە گرتنی ئاماژە بۆکراوەکان بەخشینی بەهایەکی ترە، بەخودی بەها چەسپاوەکان و جەختکردن لەسەریان خەفە بوونی بەهاکانە بەشێوەیەکی تر. بەمەش چۆنێتیی ڕێکخستنی تەباو ئاساییکراوی ڕاستییەکان لەو زێدە ڕۆییەدا ئاماژە بەبەرجەستەکردنی بەدەنگ هاتنە خەفەکراوەکانە لەواقیعێکی بەناواقیعی کراو، گەر هەموو زێدە ڕۆیییەك ئاماژە کردنێك بێ بۆ واقیعێکی بە پەلەو جەختکەر، ئەوا هەموو ئاماژەیەکی زێدەڕۆ واقیعێکی زێدەڕۆ دەنوێنێ، کە زۆر گەلێك زۆریش دەیەوێ (ڕاستی و باوەڕ) لەلای بەرامبەر بچەسپێنێ.

بەمەش واتا لەناوەندەی دووجەمسەری، واتا سەرەتایی و ڕاستییە چەسپاوەکان و پێنەگەییوو بێ ناسنامەکان و واتا کامڵبووەکان لە ڕووکەشدا نابنە واتایەکی سەد لەسەدی کردارە زمانەوانییەکان. هەربۆیە سەیر نییە بەدەنگهێنانی ئازاری دەروون لەباری زێدە ڕۆیی و واقیعیدا، گوتارە ڕاستەقینەکانی دەروون و ئاماژەکانی دەگۆڕێ. ئەو گواستنەوە دینامیکیە بەو جووڵەیە دەبەخشێ کە لەبەهایەکەیدا هیچ دەورێك بۆ خودی واتا ڕووکەشەکان ناهێڵێتەوە کەببنە ئاماژەی جەوهەری بۆناخێکی بریندار و گرفتار، ئەوەی باڵ بەسەر گوتاردا دەگرێ تەنیا ئاستەکانی ڕاگەیاندنی ئاماژە بناغەیییەکانە لەسیفەت و خاسییەتی بەدەنگ هاتندا. لەعەقڵیەتی بەدەنگهێناندا، کاتێك پۆلیسێکی هاتوچۆ فیتەیەك لێ دەدات، ئۆتۆمۆبیلەکان دەجووڵێن و دەڕۆن. کاتێك بەدەست ئاماژەیەك دەکا.

هەمان دەور بە واتا دەبەخشێ. کاتێك حەسحسێك لەشەودا فیتەی زۆر لێ بدا ئاماژەیە بۆ هەڵاتنی دزێك یا بینینی دزێك. کاتێك یەك فیتەی درێژ لێ دەدا ئاماژەیە بۆ ئامادەبوون و ئاگادار کردنەوەی هاوەڵەکەی. لێرەدا گرینگیی ئەم ئەرکانەی دەنگ تەنیا لە ئاماژەکاندا نییە، بەڵکو (هۆگری) یەکە لەواتادا. هۆگرییەکە بەماناکان و ئاماژەکانەوە، کە زەمەن و شوێن وەك دەوری چەسپاو بەرجەستەی ئەو هۆگرییە دەکەن لەزەینماندا.

لێرەدا پەیوەستی هاوبەشی هەموو دەنگەکانی دەرەوەی زمان لەدوو توێی ئاماژەدا دەربڕینکردنە لەو زمانە شاراوەیەی کەلالە و لەزماندا ڕاڤە نابن. ئەم زمانە ڕاستەوخۆیە لەدەنگدا ئاماژە دروست دەکا. لەجووڵەدا مانادەردەکا، هەروەك سیستەمێکی تری دەربرین لێکردن لەژیانماندا دەژین بەبێ ئاماژە کە جەوهەرەکەی لەڕاگەیاندنی هۆگری بوون و خوو گرتنەوە بەزانراوەکانەوە و لەکرداریشدا دەبنە زمانی دەربڕین لێکردن.

بێگومان هەمان عەقڵی خووگری نیمچە بێ ئاگایە باڵ بەسەر چۆنێتیی داڕشتنی شیعرەکە دادەگرێ و وادەکا ئەو عەقڵییەتە لەهۆشماندا بژێ و لەم شیعرەشدا کەهەر لەسەرەتای یەکەم ڕستەی شیعرەکەوە گوێمان لەکزەی چزەی زام دەبێ وەك زەنگێك بەگوێمانیدا دەدا کە هەر دوو وشەی کزەو چزە بەرجەستەکردنێکی قورسایی وەسفی وێنەیی دەنگی لێ دروست کراوە. بەکارهێنانی هەردوو وەسفی (کزە و چزە). سیمای جەخت لەسەرکردنێکی بابەتییانەی وێنەی وەسفییە، پەیوەست بەزامەوە کە کزە ئەوئازارەیە کەدوای چزەوە دێ. چزەی زام دەنگی یەکەمی سووتانی جەستەیە. دەنگی یەکەم، هەروەك بەیەکگەیشتنی تەنێکی تەڕو ئاودارە بەتەنێکی گەرم ، هەروەك داخکردنی مرۆڤ یا گیاندار وایە کە کزەش لەگەڵ جزەدا ئیحای دەنگێکی ناوەکیی مات و خامۆشی ئازار ڕاڤە دەکەن. هەردوو وشەکە دوو کردار دەنوێنن، کرداری سووتان و دەنگی سووتان. بەدوو ئاستی جیاوازی ماناکانی زماندا. (کزەی دەروون. کزەی دڵ. کزەی گیان... هتد) یاخود دەوترێ (کزە لەهەناومەوە) دێ. ئەم دەربڕینە هەوڵی مرۆڤە بە نواندنی دەنگێك و بەخشینی دەنگێك بەو ئازارەی پێوەی دەناڵێنین، پێوەی دەتلێینەوە.

ناڵاندن و تلانەوە ئازارێکی درێژ و بەردەوامە. هەموو کاتێك پاش لەناوچوونیشیان لەیادەورییەکانمان دەژین. وەك وێنەی تراژیدیایەك سیفەتێکی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی بەزەینمان دەبەخشن و ڕەگی خۆیان دادەکوتن. هەموو ئەو ڕووداوانەی کەلایەنی تراژیدی مێژووەکەمان دەنوێنن کزە لەهەناومانەوە دێنن. هەموو قووڵیی ئەو ئازارانە دەخەینە چوارچیوەیەکی دەنگییەوە لەزماندا. هەر وشەی چزەیە کە لەدرێژ بوونەوەیەکی دەنگیدا لەوشەی پاڵپشتکەری خۆی (کزە) دەردەخاتە دەرەوە. ئاخۆ ئەوە باسی دوورکەوتنەوەی دۆست و خۆشەویستییە کە شاعیر بەرجەستەی دەکات و بەهایەکی ڕەوشتیی پێ دەردەخا یاخود بەرجەستە کردنی چۆنێتییەکی دەربڕین لێکردنی میکانیزمی زمانەوانییە کە لە دەربڕین بەخشینی وێنەیەکی دەنگی باڵ بەسەریدا دەگرێ و بەهای واتاکان لەخۆیدا گەورە دەکاتەوە. بەهای ئەو وێنە بزرەی کە دەسەڵاتی زمان دەچەسپێنێ، بۆ دیاریکردنی بەهاو نرخی ئەم کردارە زمانەوانیانە (بڕین) وەك دوا وێنەی دەنگەکان. وەك نوێنراوێك لەدەنگەکان بەرجەستەی دەلالەتێکی شاراوەی تر دەکا کە ئەویش (سووتان)ە (سووتان) لە هەموو شیعرەکەدا دەبێتە ناوەندی هەر هەموو کردارە زمانەوانییەکانی شیعری لەو کاتەی هەندێك جار راستەوخۆو هەندێك جار ناڕاستەوخۆ، لە وێنەی جودا جودا دەهینرێتە دەنگ. ئەو دەنگەی هەر

دەبڕین لەکردارێك دەکا، ئەو دەنگەی بەهایەکی واتادار بە وێنە شیعرییە دەنگدارەکان دەبەخشێ. ئەو دەنگەی دەچێتە جەستەی بوونێکی دامالْدراوو بزرکراوی وێنەی شاعیرەوە. کە لەبەیتەکەدا تەنیا ئاماژەیەکی ڕێزمانی پێ نەدراوە و لە سەرنابینایی بنیات نراوە، هەروەك ڕستەیەکی وەسفی دەشێ دەربڕین لەخۆی لەمن لە تۆ بکا. لە هەستیارییەکی خامۆشدا دەربڕین لەخۆی دەکا ئەمەیە کرداری بێ ئاگایی زمان و فانتازیای دەربڕینی شیعری فانتازیاو بێ ئاگایی کە هیچ بوونێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە ئامادەبوونێکی کاملْدا نییە. ئەم وێنە کاملْەش لەپرسیاری شاعیر و مانادا ناگیرسێتەوە بەقەد ئەوەی دەسەلاٌتی کردارێکی زمانەوانی دەنوێنن.

بەمەش ئاشکرایە وشەی (سووتان)و (بەدەنگ هاتن) ئەو دوو فاکتەرە بناغەییانەن کەواتاکانی زمان دادەماڵن، لەبۆتەی کردارێکدا و لەزمان بنیاتی جەوهەریی دەقەکە دروست دەکەن.

١- بنیاتە ئاشکراکانی کرداری زمانەوانی.

٢- بنیاتە ناوەکییەکانی کرداری زمانەوانی.

ئەگەر بێتو وشە لە ئاستی دەربڕین لێکرندندا هەروەك دەرئەنجامی (دیاردەیەك. ڕووداوێك. نواندنێك. لێکچوونێك. بەسۆز بوونێك. کاریگەر بوونێك... هتد) دەربڕین لەجیهانی بەرجەستەکراو بکات. ئەوا وشە لەهەمان کاتدا لەم کردارە ڕووکەشانە تێپەڕ دەبێ و سیفەتێکی ئاڵوگۆڕکاری (تحویلی) بەبنیاتە هەرە بزرو دەربڕین لێنەکراوەکانی خۆی دەکا و دەبێتە کردارێکی ڕەهای زمانەوانی کە هەردوو جیهانی بابەتی و جەستەیی تێپەڕ دەکا. نەك بەوەی جیهانی بابەتی لە دەلالەتدا بکوژێ، بەڵکو هەموو بەهایەکی بابەتی لەخۆیدا چڕ دەکاتەوە. ئەم دوو جیهانە بناغەیییەی کرداری شیعری و ئەدەبی گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو عەقڵییەتە بناغەیییەی کەخودی زمان و خودی خوڵقێنەری زمان لەگەڵ یەکتردا مەسخ دەبن. بەخشینی قوربانییەکان بۆ هاتنەوەی چاوەڕوانکراو، بەرجەستە کردنی جیهانێکە کەلەپشتەوەی زماندا خۆی حەشارداوە.

گەورە بوونەوە و فراوانبوونەوەی ئاماژە بۆ کەرەکان و یەکگرتنەوەیان، شەو چەمکی بناغەیی دەخەنە ئاستی بنیاتەکانەوە. لێرەوە پەنچە دەخەینە سەر ئەو گوتارەی نە لەبوون و نە لە ئاستە ئاشکراکانی زماندا ڕەگەزی ئاشکرایان نییە و تەنیا وەك بوونێکی کامڵ دەربڕین لەخودی خۆی دەکا. ئەمەش بێگومان ئەو جیهانە شاراوە و بزرەیە

کەناتوانێ دەربڕین لەخۆی بکا و لە هیچ ئاماژەیەکی زماندا ناگاتە بنیاتی کامڵ، تەنیا لەکرداری وێنەیی و زمانەوانییەکانەوە نەبێ. لەخەمە زۆر بەئازار کراوەکاندا نەبی. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جیهانە خاوەنی بنیاتی کامڵبوونی خۆیەتی و هەمیشە گۆشەنیگایەکی ناکامڵمان پێ دەبەخشێت لەچۆنییەتیی بەبنیاتبوونی خۆیدا، لەچۆنێتیی بەدەنگ هاتنی خۆیدا.

١- بنیاتی ئاشکرای کرداری زمانەوانی

| دەنگ | | زام | |
|---|---|---|---|
| ــــــــــ | کرداری بەوێنە بوون | ــــــــــ | کرداری بەوێنە بوو |
| گزە - چزە | | دڵ | |

| ٢- دەنگ | کرداری بەوێنەبوون | دڵ | کرداری بەوێنەبوو |
|---|---|---|---|
| گڕپە-گڕە | | خاوەن گوتار | |

ئەگەر بێتو تاقە پەیوەستێکی بناغەیی لەم دوو ڕستە لێکدراوەی بەیتی یەکەمدا دابڕێژین ئەوا یەکسەر بەرجەستەبوونی وێنەی دەنگی بەسەر ڕێچکەی گوتاردا زاڵ دەبێ. ئەم گوتارەی مانای کامڵ و بنیاتی کامڵی خۆی تەنیا لەو دەنگانەدا دەردەخا کەجەستەیەکی بێ زبان. بوونێکی بێ زمان. دەخاتە بۆتەی بنیاتێکی وێنەیییەوە و باڵ بەسەر گوتاردا دەگرێ.

زام ⟵ وێنەبوونی دەنگ ⟵ دڵ

گڕپە - چزە

ئەگەربێت و بەهەمان ڕێچکە پەیوەستی نێوان وشەی دەنگینی (چزە) و (گڕە) بدۆزینەوە، ئەوا لەهەردوو حاڵەتدا، سووتان نەك تەنیا داخبوونە، بەڵکو گڕگرتنیشە و بڵێسە دەدا و گڕپەی یەك لەدوای یەکی لێ بەرزدەبێتەوە. ئەوا ڕوونە کە ئەو دوو وشەیە دراونەتە پاڵ (کزەوگڕپە) کە هەردوو لەمانا بناغەیییەکانیاندا دەربڕین لە ئازارێکی قووڵی دەنگدار دەکەن. دەنگی سووتانی جەستە و گیانی شاعیر و لە بەهایاندا هاو وێنەی ماناکانی (دوورکەوتنەوە)یان پێ بەخشراوە کە لەبەیتی دووەمدا شاعیر کرداری بناغەیی شیعرەکەی لەسەر داڕێژاوە.

سووتان، نەمانی بەیەکگەیشتن و نەمانی جوانیی بەرامبەر دەنوێنێ، لەهێڵە سەرەکییەکانی ئەم واتایەشەوە سووتان بەهایەکی کەشداری پیرۆزی وەفاداری و

(بەسۆزبوون) بە (تاسە هاتن)ە. ئاگروگڕی ئاگر لەسووتاندا دەبێتە بناغەی جەوهەریی هەموو بنیاتە ڕووکەشەکان و داینەمۆی پێکهاتەی ڕستەی شیعری لەمانادا دەنوێنێ:

کزه ← چزه سووتان　　دڵ ← دوورکەوتنەوە

گڕپە ← گڕە　　شاعیر ← یار

لەمەوە ئاشکرایە شاعیر لە ڕەگەزە پیرۆزەکانی وێژدانێکی کەشداری ئاینیەوە تاسەی خۆی دەگەیەنێتە ئاستی نەمان و مردن. هەروەك سووتانی گوناهبارێك لەیەزداندا. بەڵام گرینگترین ڕەگەزی هەست پێکراوی ڕاستەوخۆ لەشیعرەکەدا پەیوەستبوونی (ئاگرو دەنگی ئاگرە بەلایەنی خودی شاعیرەوە و وێنەی دەنگیان بۆ دەکێشێ بەڕادەیەك هەست دەکەین پاش هەموو شتێك هەر وێنە دەنگەکانی ئاگرە دەبێتە بنیاتی بناغەیی و جەوهەری واتای دوورکەوتنەوە. شاعیر لە نەستیدا لە ژێر کاریگەریی کەشێکی پیرۆزی سووتانی ئاگردایە. هەر بۆیە زاڵبوونی (سووتان) بەسەر گوتاردا زاڵبوونی پاشخانی چەمکێکی ئاینییە لە مانا هەرە مات و خەفە بووەکەی ئاگایی شاعیردا کەوا لە گوێگر دەکا لەبنیاتەکانی واتای ئەو سووتان و گڕگرتنە ورد بێتەوە لەبەیتەکانی دواییدا. بەهەمان شێوە هاودەلالەتی ئەو لە وێنەدا دەدۆزینەوە، ئەگەر بێتو لە (دڵ) وەك ئامادەبوونێکی ئۆرگانی لە بەیتەکاندا لێی وردبینەوە، دەبینین وەك ناوەندێکی سۆزو وەك تەنێکی فیزیکی و ئۆرگانیش، شوێنی هەموو کردارەکانی هەست ورووژان و کاریگەرییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە. تەنیا لەباری هەست و سۆزەوە خراوەتە ڕستەی شیعرییەوە تاکو لەوێوە کردارەکانی تری (سووتان)ی لێ بەر جەستە بکا. بەو پێیەی لەگەڵ هەر تاسەیەکدا (دڵ) لێدانی خێرا دەبێ و پێش ئەوەی هیچ کردارێکی عەقڵی لە ئارادابێ کە حەسانەوەیەك بەو دڵە شێواوە ببەخشێ. خەمێکی قورس دەخاتە نێو سنگمانەوە و لەدواییدا کار دەکاتە سەر بیرکردنەوەمان.

شاعیر هاو وێنەی دەلالەتی (گڕپەی گڕەی دڵ) لەسەر جەمی بەیتەکاندا بنیات دەنێ. لە بەیتی دووەمدا شاعیر (شەرارەی ئاهیر) بەهەمان شێوە دەداتەوە پاڵ (دڵ) هەروەکو چۆن (شکانی دڵ، سووتانی دڵ. پڕ خەم بوونی دڵ، کەسەربوونی دڵ، تەنگیی دڵ، ئازاری دڵ، دەڵێنی خوێن لەدڵ، دڵی سووتاو، دڵی مردوو، دڵی کەوتوو... هتد) چەندەها شێوەی تری دڵە لەزمانە شیرینەکەماندا، دەیەها مانای جودا دەردەبڕی. بەڵام لە سەرجەمدا ئەو بەکارخستنانەی زمانە زاڵبوونی هەستی تراژیدیی مرۆڤی کوردە بەسەر

هەموو هەستەکانی تریدا. دڵ هەمیشە لەبارە تراژیدیاکەیدا دەنوێنرێ و کاری خۆی لە عەقڵییەتی زمانەوانیی ئێمەدا کردووەتەوە. کە ئیدیۆمی کوردی بەپێچەوانەی ئەم واتایانەدا ئیدیۆم و رستە زاراوەییەکانی دەربڕینی وەك (دڵی گەورە، دڵی خۆش، دڵی نەرم... هتد) ناتوانن هاودەلالەتێکی کامڵ لەو ڕستە تراژیدییە وەك بەرامبەرێکی کامڵ بنوێنن.

باری تراژیدی رابردووی کورد، کاری خۆی لە زمانەکەماندا کردووە. زمانی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بردووە، عەقڵییەتێکی زمانەوانیی دیاریکراوی لە کرداری زمانەوانیماندا نواندووە. مرۆڤ لەکامەرانیدا زەینی گەش دەبێتەوە، ناخی کامەران دەبێ، بەڵام ئەو کاردانەوە دەروونییانە واناکەن حاڵەتێکی دەرکپێکراوی فیزیکی وەك (لێدانی دڵ) لەحاڵەتی ناخۆشی و کارەسات و ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی بەمرۆڤ ببەخشن و ناتوانن لەو حاڵەتە تراژیدییە بترازێن. هەربۆیە وێنەکانی دڵی سووتاوی تاوە گۆزی، لە کردارێکی زمانەوانیی نیمچە بێدەنگدا، بەرجەستەیەکی زیندووی ئەم حاڵەتانە دەکا و وشەی (سووتان) هاوشان و بناغەی هەموو کردارە زمانەوانییەکانە بڕوانە ئەم وێنە بەراوودکارییانەی نێو هۆنراوەکە.

١–گڕپەی گڕەی دڵ ⟵ سووتان

٢– شەرارەی ئاهیر دڵەی... ⟵ سووتان

٣– جەشەرارەی نار دڵەی ⟵ سووتانی دڵ لەباری تراژیدی و دەنگدادا

٤– جۆش سەماوە ر دیگ دڵەی ⟵ سووتان

٥– دڵ جەدەرووندا گەردەن ⟵ سووتان

لە تەنیا حەوت بەیتیدا، پێنج بەیتی شیعرەکە بنیاتی سووتان هەڵدەگرێ، لەواتاداو هەریەکە بەجۆرە وێنەیەکی دەنگیی مات و سیفەتی بەدەنگ هاتن دەبەخشێ گەربێتو شیکردنەوەیەکی دینامیکیی بنیاتنەرانەی سەرجەمی ئەو وێنانە بکەین، دەگەینە ئەم بیرە سەرەتاییانەی خوارەوە.

١– دڵ لەلای شاعیردا، سەرخستنی هەڵبژاردنی هەستەکانیەتی، بەسەربیرکردنەوەد.، بەو پێیەی هەموو کاتێك شڵەژانی دڵ و سووتان و برژانی و بەستنەوەی بەو بارە تراژیدییەی تێی کەوتووە، هەمان ئەو وێنانەن کە واقیعێکی ژیاوە دەنوێنن و بەستراونەتەوە بە وێنەی هەست و سۆزەوە ئەم هەست و سۆزەش لە باری زێدەڕۆییدا

دەرچوونە لە زمانی خودی واقیعی شیعری، بەمەش خەم و پەژارەیی تەنیا لەباری بەسۆز بوون و بە هەستیاریبووندا، هەموو پێوانە جودا کراوەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی ڕەتدەکاتەوە و سۆز بە سەر بیرکردنەوەدا زاڵە.

٢- هەموو وێنەکانی ئەو یەزدانە گڕاوییەی لە مانادا بنیاتی دەنێ، هاوبەهایە لەگەڵ ڕستەیەکی کۆتایی شیعرەکە و سەرەتای شیعرەکە کە دەڵێ (دوورکەفتە مەنزڵ ب ١ تاسەی تۆم کر یان ب٧)

ئەگەر بێتوو بەجۆش هاتن و بەسۆزبوونی شاعیر لەبەها بنیاتنەرەکەیدا بەرامبەر بێ لەگەڵ ڕستەی دوور کەفتەی مەنزڵ) کەحاڵەتی کردارێکی نیزیکیی سووتان بەدڵ دەبەخشێ و بنیاتی ڕووکەش شیعرەکە دەنوێنێ ئەو وێنەکانی (ئاگر، سووتان) بەرامبەر بەڕستەی (تاسەم تۆم کریان) بنیاتێکی تری واتا ڕووکەشەکانی دەق دەنوێنێ و هەردووك لە یەك ئاسۆ و لەیەك ڕێچکەدا پێشبەریی کرداری شیعری شاعیر دەکەن لەژێرەوەی هەموو ئەم بنیاتە ڕووکەشانەدا، ماناکانی (سووتان) و (بەدەنگ) هێنانی سووتان بنیاتی جەوهەریی دەق پێك دێنن.

٣- دەشێ ماناکانی ئاگر ئەو بەها پیرۆزەیە لەناخی ناهۆشیاری ژیانێکی تایبەت و کەشێکی تایبەتی باوەڕی شاعیردا وەك بنیاتێکی پێش وەختە بۆ مانا، وەك بوونێکی پیرۆز و خۆسەپێنەر و چەسپاو زاڵ دەبێ بەسەر دەسەڵاتەکانی تری زەینیی شاعیردا، لە بۆتەی (بەهەشت و یەزدان) و (کارو سزا)دا. گەر بێتو بەهای سووتان و بەسۆزبوونی شاعیر و نۆستالژیای بۆ خۆشەویستەکەی کە لەمەنزڵ دوورکەوتووەتەوە بەلایەنی ئەوەوە، وەك بنیاتی سزادانێکی زاتی بێ. ئەوا بێگەردیی هەست و وەفاو خۆشەویستیی قووڵ لەزاتی شاعیریشدا دەنوێنێ. کەئەم دوو بنیاتەی واتا شاعیر بەیەك ئاست لەکرداری شیعریدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا.

لەو وێنانەی کە دەربڕین لەوێژدانی شاعیر دەکەن، بەوەش شاعیر هەر لەیەك ئاراستەی زمانەوانیدا کار ناکا، ئەو لە نێوان بەها چەسپاوەکانی ناوەوەی خۆی و دەرەوەی خۆی. ژیانی دژبەیەکی ناوەوەو دەرەوەی خۆی بەیەك دەگەیەنتەوە کە دژ بەیەکن و ناگەنەوە بەیەك، هەر ئەمەش وا دەکا زمان دەسەڵاتی خۆی لەکرداری زەینیی شاعیردا بچەسپێنێ.

بەستنەوەی ژیانی ناوەوەو دەرەوە لەوشەی (سووتان و ئاگر) دا ئەو بەهایانەیە لەدەرەنجامەکاندا کار دەکەن نەك لەکردارە نوێیەکاندا...

وێنەی سووتان و برژانی دڵ، وێنەی ئەو دەنگانەن کە لە ژیانماندا بەبێ بنیات و بەبێ زەمەن و بەبێ کات و بەبێ مێژوو دەژین. وێنەی ئەو دەنگانەن لە ناوەوەماندا قفڵیان لەسەر داخراوە. هەربۆیە شاعیر پەنا بۆ هەموو ئەو وشە هاومانا و هاو بەهایانە دەبا کەسیفەتی کرانەوەیەکی دەنگی بەو دەنگە ماتانە دەبەخشن. بڕوانە سەرجەم ئەو وشانەی کە زێدەڕۆیییەکی ئەندازیارانەیان پێ بەخشراوە لە شیعرکەدا.

سووتان برژان – کزە چزە، گڕپە شەرارە، قرچە. برێشتە جۆش. دیگ).

لەو کاتەی زەمەن زەبری خۆی لەگیان و عەقڵ و دڵمان دەدا لەو کاتەی تەنیا زەمەن و ڕۆژگارێکی خاپوورکراوو بەخوێنکراومان بۆ جێ دەمێنێ. حەسانەوەی دڵ، ئاشتبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بێهودە بوون. تەنیا لەو دەنگانەدا بەرجەستە دەبن کەسیفەتی هاوارێك دەگرنە خۆیان. هاوارێك هەموو دابەشبوونە لۆژیکییەکانی واقیع و مەنتیق ڕەت دەکاتەوە و دەسەڵاتێکی لەبێهودەیی دەسەڵاتدا دەکاتە وەهمی مانەوە لەم بوونەدا کەئەوەندە تراژیدیامان بەبێ بەرامبەر پێ دەبەخشێ.

## هاوتایی کردنە ناوەندییەکانی بنیاتی دژ و هاودژ لە (وەك بلبل)ی مەحویدا

«کەتۆ خەونی هەموو سەفەرێك بیت بایەزدان هەموو دەرگاکانم لێ دابخات»

١- وەك بلبل، ئەی تۆ تازە گوڵم پڕ بەدڵمە شەوق
وەك قومری، ئەی تۆ سەروسەهی پڕ بەملمە تەوق
٢- خۆشە بەیادی ئەو لەبەوە نۆشی خوێنی دڵ
بەم نەشتە ئاشنا نەبووە غەیری ئەهلی زەوق
٣- باڵاتە وەك ئەلیف لەحورووفاتی کائینات
مافەوقی تۆ کوژایەوە ناوی لە تەحت و فەوق
٤- ئەو بەرقی جلیوە شەوقی کەئەمشەو بڕی لەماه
سینەی جیهانی بۆ بووە مەجمەر بەناری شەوق
٥- سەیری هەیە عەقیقی لەبی، خەت بەدەوریا
بۆ شەڕ یەمەن لەزەنگەوە لەشکر کراوە سەوق
٦- شێرێکی پێ لەسیلسیلەدایە ئەسیری عیشق
مەردی، بزانە زینەتی مەردانە تەوق و ڕەوق
٧- هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرتدا، سەر هەڵبڕە
«مەحوی» ئەم ئیشی خێرە لەسەر تۆیە ماوە عەوق

خاسییەتدارترین سەر کێشی لە شیعرەکانی مەحویدا، ئەو مەودا فەلسەفییەیە کە لە نێوانی بیری واقیع و ئەو دیوی واقیعەوە (خود) بە کێشە دەکا. بەڕادەیەك ئەو جیهانە لە پانتاییە مەعریفی و بەها شیعرییەکانیشدا جەربەزەی سۆفیگەرییەکی ڕەگ داکوتاو لەگەڵ گرفتارییەکی هەژێنەردا ئەو خودە دەخاتە کێشەیەکی کراوە و، دۆزینەوەی هاوتاییکردنە هاو ئاستەکانی دەلالەت پەیوەست بەدەورو واتای وشەوە شاعیر لەبەردەم دووڕییانی هەقیقەتە ڕەتنەکراوەکاندا ڕادەگرێ. ئەو شاعیرەی لەودیوی زانراوەکانەوە، خودی خۆی لەت لەت دەکاو، لە لایەکەوە گرفتارییەکانی ژیان بەرەو چێژە

جەستەیییەکان دەباو لەلایەکی تریشەوە لەخۆ کوژییەکی جەستەییدا خود بەرەو چێژ ناسەقامگیرو پەرت بووەکانی خۆداماڵین دەبا لە هەموو وێستگەیەکی دنیایی کە بۆی هەبێ، جەستە لە پراکتیکدا گرفتار بکاو کردار بەتاڵ بکاتەوە. مانەوە لەجەوهەری کردارەکان، هێشتنەوەی بەخشینی بەردەوامی ئەو پیرۆزییە کەشدارەیە کە واتایەك لە بەتاڵکردنەوەی هەموو واتا ئاساییەکاندا دەدۆزێتەوە، بەڵام کەزات گرفتار بوو، جەستە کەوتە لاواندنەوەی خۆی، ئەو جیهانە دەچێتەوە قاوغی خۆی، هەر تەنیا لە دۆزینەوەی هاوتاییەکانی ئەو کێشە کۆتایی نەهاتووەدایە کە مەحوی بەنێو نهێنیترین و تاریکستانترین و سامناکترین گەشانەوەکانی ژیندا گوزەر دەکا، بەمەش دۆزینەوە و، چوونەوە سەری ئەو ئەلتەرناتیڤە خەون کوژەیە کە مەزنترین دابڕان و پەیوەستی دیالێکتیکی لەنێوانی چەمکە هاودژەکاندا دەکاتەوە و ئامادە بوونێك بەزات دەبەخشێ. کەلەو وێستگە پڕ لە کەفوکوڵ و نائارامەدا کەلە دابەشبوونێکی ترسناکی ئامێزی بەدووی یەکدا هاتنی دیاردە زاتییەکانەوە، حاڵەتە سەقامگیرە کاتییەکان بە دەروون دەبەخشێ.

دەبێ لەتاریکیدا ڕۆشنایی نەبینین؟! دەبێ لە ئازاردا کامەرانی بدۆزینەوە، لەناخۆشیدا خۆشی نەبینین؟ بەڵام ئەم دیمەنانە دیمەنی وەهمن لەوکاتەی شاعیر لە هیچ کامێکیاندا گیر ناخواو هەموو ژیان و خولیاکانی پێ نابەخشێ. ئەمانە وەهمێکن کە جێگۆڕکێ بەواتاکان دەکەن، نەخێر واتا هەرگیز لەم ڕێچکەیەدا ئەو واتایانە نین لەگیانماندا.

ناسیاوییەکی ئاسایی و مامەڵەیەکی ڕامگرتوومان پێ دەبەخشن. سۆفیگەری دەرباز بوونە لەو قورساییە خۆسەپێنەرانەی کە تەنیا ناوەندە جێگیرەکان دەکەنە تەفسیر بۆ ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ. ئەو بەدوای خورپەی دەروونێکدا دەگەڕێ کەدوو لەتەو، لەناخە هەرە قووڵەکانی گوتارەکەیدا پەشیمانی و نۆستالژیاو لاوکی زات هەڵدەگرن، لەلایەکی تریشەوە ئەو قوربانیدانە زاتییە لەو گرفتاریبوونە دنیاییانە دادەماڵێ و بەرەو جیهانی دەلالەتە هاودژەکانی دەبا.

مەحوی بەشێوەیەکی سەیر بەرجەستەی بنیاتە هاودژەکانی واتا دەکا، لە هونەرێکی بەرزی گەمە زمانەوانییە پڕ لە ڕوحەکان، بیر هەمیشە لە پێشەوەی مرۆڤدا ئامادەیە، بیر هەمیشە لەوشەدا ئامادەیە. تەنیا ئەو بیرانە نەبێ کەلە شیعرییەتدا هەستیاری پەشۆکاوی جۆشاندن لەدەروندا دەخولقێنن «وشە لەلای مەحوی تەنیا لەپەیوەستە نائاسایی و لەپەیوەستە جووڵەدارەکاندایە و دەبێتە کائینێکی جێگۆڕکێپێکراو، کەدەدوێ

و واتاکانت دەخاتە بەر دەست و دەورەکانی خۆیانت لێ دەشارنەوە. لەپشتەوەی زماندا، زمانێکی تر دەدوێ و ئەم بەسەر هاتە شیعرییەت بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئەوەندە ئازار بە شاعیر دەبەخشێ، خۆشەویستی تەنیا هەر ئەو خۆشەویستییە نییە کە چێژێکی جەستەیی و غەریزەیی سۆزەکانی بەتاڵ بکاتەوە لەکرداری جەستەدا کۆتایی بەخۆی بێنێ، بەڵکو خۆشەویستی، لەدەرەوەی جەستەدا، کائینێکی ترەو لەبەرامبەر جەستەیەکی ترە، گەڕانەوە بۆ خود، گەڕانەوە بۆ ناوەندە هاوتاکەرەکان دەگەنە ئاستی سارێژبوونێکی زەینی، لەوکاتەی شاعیر تەنیا هەر لە بنیاتە هاودژەکاندا دەژی هاوتاییە ئەفسانەییە بزر بووەکانی مرۆڤ، ئەم گەڕانەوەیەش، گەڕانەوەیە بۆ ئەو خودەی لەم گەردوونەدا شکۆمەندی و تەلیسم و سیحرێکی گەورەتری لەبوونی خۆیدا هەڵگرتووە.

لەم دەقەی مەحویدا، ئێمە ئەم جیهانە بابەتییانە بەرەو تەفسیر نابەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین، تەنیا ئەو زەمانەی مەحوی بدوێنین کە ئەوەندە بنیات بۆ واتا دادەڕێژێ، دەقی «وەك بلبل» ئەو گۆرانییە درامییە پڕ لەهەستەی زاتە کەلە سیفەتی شیعری «غینائی» نزیك دەبێتەوە.

خۆی لەم کێشە جەوهەرییانەی باسمان کردە دەدا، یا ناساندنێکمان دەربارەی نووسینی شیعری پێ دەدا، چڕکردنەوەی زمان لەڕستەی شیعریدا، بەکارهێنانی ڕستە لەبارو دەوری نائاسایی خۆی داهێنانی ڕستەی پێکهاتەیی سەربەخۆ، ئەو سیما هاوبەشانەی ئەو حەوت بەیتەیە کەلە دەوڵەمەندیی بەکارهێنانی دەلالەتدا بابەتی کتێبێکی پوخت هەڵدەگرێ. بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی کورت ئەم کێشە جەوهەرییانەو کاریگەرییان لە دروستکردنی بنیاتی شاراوەی ئەم دەقەدا ڕوون دەکەینەوە. بەڵام پێش ئاشکرا کردنی بنیاتەکانی دەقەکە هەندێك سەرنجی گشتی دەربارەی هۆنراوەکە دەردەخەین:

١- شیعرەکە ناوونیشانی هەڵنەگرتووە، دەق خۆی ناوونیشانە و بەشێك لە تەفسیری دوور خراوە لەخۆیدا هەڵدەگرێ و خوێنەر یەکسەر بەبێ هیچ بیرێکی سەرەتاییەوە دەربارەی دەقەکە، دەست بەخوێندنەوە دەکا.

٢- هۆنراوەکە سوودی لە وشە و مورادیفی عەرەبی و فارسی وەرگرتووە و لەگەڵ وشەی بناغەیی هۆنراوەکەدا تەوزیفیان دەکا، ئەمەش یارمەتیی شاعیری داوە کەمەودای دەربڕینی شیعریی دەوڵەمەند بکا و هەروەها بەکارخستنێکی شیعری بەوشە بێگانەکان ببەخشێ.

٣- مەحوی هونەرێکی ئیستاتیکی و زمانەوانیی سەیری بەکار هێناوە لە چڕکردنەوەدا، بەوپێیەی مەحوی سەنعەت و کارامەیی لەشیعردا بەکارهێناوە و زۆر پشتی بەسەلیقەی ئەدەبی و شیعری بەستووە، بەڵکو لەزەمەنی جیاوازدا دەسکاریی زۆری شیعرەکانی کردووە.

٤- بەکارهێنانی ڕەوانبێژیی عەرەبی لە (مەجازو شوبهاندن و کینایەو... تاد) کەدەستەباڵایی ئەو دەنوێنن لەهونەری زمان و ئارایشی زمانەوانیدا.

٥- شێوازی ناڕاستەوخۆیی گوتار سیفەتی بەرجەستە بوونی زاتییەتی شاعیری زێدە کردووە، بەڕادەیەك «بەرامبەر» واتە (ئەو- ئەوان) دەبنە بەرامبەرێکی وەهمی و زاتی تێدا گەورە دەبێتەوە تا ئاستی تەقینەوە گەورەکانی سۆفیگەری لە شیعرەکەدا،

(ئەوان، ئەو) ئامادەگی ناڕاستەوخۆن و هەموو لەزاتی شاعیرەوە، ناخی شاعیر دەکەنە ناوەند.

٦- خاسییەتی بابەتیی دەقەکە بەرامبەر دوو جەستەی (من- ئەو) لەنێوان (منی هەست) و (ئەوی ناجەستەدا) گوزەر دەکات.

٧- بیری فەناو ڕۆچوون لەنێوان (جەستەی دنیایی)و (جەستەی نائامادە) پەیوەستی نێوان (خۆشەویستی- مردن) و (توانەوە لە خۆشەویستی) بناغەی دادەڕێژێ.

٨- هەموو کردارە شیعرییەکان لە فرماندا حاڵەتی ڕابردوویەکی وەسفی دەگرنە خۆیان، تەنیا بەیتی حەوتەم نەبێ شێوازی فرمانێکی (خود- بۆ خود) دەگرێتە خۆی کە کردار ناگاتە ئاستی بەدیهاتن.

**بنیاتە دژو هاودژەکانی دەلالەت بنیاتی شاراوەی بنیاتە هاودژەکانن**

ئاماژەکانی نێو دەقەکە کە دەربڕین لە ئامادەیی بەسەرچووی چەسپاندنی تەنیا وەسفەکانی کەسی بەرامبەر دەکەن، بەڵام لە چۆنییەتی تەوزیفکردنی واتاکانی پەیوەست بەو کەسایەتییەوە، نووسین دەبێتە کرداری بەرجەستە کردنی کەسی نادیار

لەدەقەکەدا. لەڕاستیدا پرسیاری کەسی بەرامبەر شوێنی گومانی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانە کەلە هەندێك بەیتدا ئاماژەکان کەسایەتی (ئافرەت)ی خۆشەویستی مەحوی ڕەت دەکەنەوە و وا دەکەن ئەو کەسە، کەسێکی تر بێ.

بەڵام ئەگەر بێتو بە زمانی شیعریی مەحویدا شۆڕبینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کەسی بەرامبەر کەسایەتیی ئافرەتێکە و مەحوی زاتی تێرکراو بەڕوانینی سۆفیگەری

تێکەڵ بەواتاکانی تری خۆشەویستی دەکا و هەر ئەمەش وا دەکا ئەو لێکحاڵینەبوونە و ئەو لێکنەگەیشتنە لەدەقەکەدا دروست بێ. گرینگترین ئاماژەکانی دەق کە دەسەلمێنن ئەو کەسایەتییە، سیفەت دوو سەرەیەی (ئامادە- بزر) ئافرەتە لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن.

ب-١- (تازە گوڵ) دەلالەت لە ئافرەتێك دەکا کە شاعیر تازە ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردووە، لە ئاستی واتاکانی شوبهاندندا (گوڵ) چ لە جوانی و چ لە خەیاڵی شوبهاندندا بۆ ئافرەت وەك سیفەتێکی گونجاوو تەبا دەکەوێتە بەرچاو، هەموو چەسپاندنەکانی ئەم تێزە کەسایەتی دەردەخەن، بەڵام لە چۆنییەتی تەوزیفکردنی ئەم واتایە پەیوەست بەو کەسایەتییەوە وەهمی (شتێکی نادیار) دەخاتە بیری خوێنەرەوە. ئەگەر چی ڕاناوی (تۆ) ڕاستەوخۆ ئاماژە کردنە بۆ گفتوگۆو ئاراستە کردنی گوتار بۆ (ئەو) ئەگەر چی لە هیچ یەکێك لەم حەوت بەیتەدا ئاماژەیەکی بەیەکگەیشتنەوە نەدراوە، تەنیا پەیوەستێك لە نێوان مەحوی و ئەوی بەرامبەر لە ئاستی (گێڕانەوە)ی ئەوی نائامادە و «بینینی نائامادە» دایە و « گرفتاری» بوونەوە وێنەی کێشراوە.

ب-٢- وشەی «بەیادی» مانای یادگاریی خۆشەویستییەکی بەسەرچوو نابەخشێ، چونکە لەگەڵ واتای «تازەگوڵ» یاخود لە «ب-٤» ئەو بەرقەی شەوق لەمانگ دەبڕێ ئەمشەو، دەلالەت لەخۆشەویستییەکی تازەی شاعیر دەکەن. هەروەك چۆن وەسفی جەستەیی لە (ب-٢) و (ب-٥) و وشەی «باڵا» پەیوەست بەشاعیرەوە ئاماژە بە ئامادەبوونی جەستەی کەسی وەسفکراو دەدەن و لەمانای کەسێکی «پیرۆز کراو» نزیك دەبێتەوە. بەڵام ئەم ئاماژانە، ئاماژەی نەچەسپاوی دەقن کەلە هەندێك لەبەیتەکاندا ئەم ئاماژانە سەرەو ژێر دەبنەوە و شیعرەکە لە ئاستی کەسی ئامادەدا دەخەنە شوێنی گریمانەوە هەروەك چۆن مامۆستایان (مەلا عەبدولکریمی مودەڕیس) و (محەمەدی مەلا کەریم) لە (ب-٣)دا لە ئاست جووڵەی ماناکانی کەسایەتی لەشیعرەکەدا، دەچنەوە سەرگریمانی ئەوەی کەسی بەرامبەر کەسایەتیی پێغەمبەر بێ، ئەگەر چی بە زۆربەی بەیتەکانی تردا بەناوی «یار» سیفەتی « باڵای تۆ» دەبەخشن بەخۆشەویستی بەرامبەر شاعیر، بەڵام گریمانی نەهێشتنی کەسایەتیی ئامادە، ئەو

بەیتانەیە کە تەنیا دەلالەت لە حۆشەویستی و گرفتارییەکانی دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەو دەلالەتە بگەڕێننەوە سەر کەسێکی ڕاستەوخۆی ئامادەو دیار. ناڕاستەوخۆیی دواندن و دیاریکردنی هەڵبژاردنی واتاکانن.

بۆ نموونە حاڵەتی چەمکەکانی (دیلن) لە خۆشەویستیدا (ب–١) هەروەك دیاریکردنی هەستە سۆفیگەرەکانی خۆبەستانەوەیەکی گیانییە بەخۆشەویستییەکی نادیارەوە «ئەو بەرقی جیلوە» (ب–٤) کەسینەی جیهانی بۆ دەبێتە ئاگردان. دەلالەتی ئامادەیی دوو سەرەی کەسایەتیی ڕاڤە دەکا لە (دەرکەوتن) و «دەرنەکەوتن» و «دەرکەوتن»دا؛ چونکە وشەی «جیهان» دەرکردنی دەلالەتەکانی گرفتاریی خودە بەرەو «ئەوانی تر» و پەیوەستەکانی « ئەو» «ئەوانی تر» لە ژێر خانی دەلالەتەکاندا، لە پشتەوەی ئاماژەکاندا، زیاتر ڕاڤەی هەستی کۆدەکەن و پەیوەستەکانی ئەم لە پەیوەستەکانی بەوانی ترەوە دیاری دەکا و هەروەك پیتی «ئەلیف» کەسەرو خواری پیتەکە دەسڕێتەوە. ئەمە جگەلەوەی فەنای خود لە خۆشەویستیی ئەوی تردا تووشی کۆمەڵێك پرسیار و لێکدانەوەمان دەکا. بەڵام گرینگترین سیفەتەکان کە دەلالەت لە جەستەی ئافرەت دەکەن، ئەو وەسفانەن کە پەیوەستن بەجەستەی گرفتارکەر، لە باڵاو لەب و، شوبهاندنی بە گوڵ و سەروو (سەهـ) کە بەسێبەری گیایەکی پەلکلارەوەبوو دەنوێنێ. ئەم جۆرە شەرحە کلاسیکییانە نامانگەیەننە هیچ واتایەکی جێگیرو ڕەتنەکراوەی واتاکانی دەقەکە، ئەگەر بێتو بەشیکردنەوەیەکی دوو ئاستی زمانەوانی و بابەتیی دەقەکەدا شۆڕ نەبینەوە و چەمکەکانی «جەستە، خۆشەویستی، ئارەزوو، دیلی...تاد» لەو هۆنراوەیەدا ڕوون نەکەینەوە و بەچاوێکی زانستی و بێلایەنەوە، گەڕاندنەوەی شیکردنەوەی چەمکەکان گەڕانەوەی دەلالەتە بنەڕەتییەکانی دەقە، بۆ بنیاتێکی جەوهەریی تری دەق کە بەجارێك هەموو چەمکەکانی لەوەزیفەیاندا یەك دەخاو ناسنامەیەکی تایبەتی بەدەقەکە دەبەخشێ.

بەمەش ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لەتەفسیری بنیاتەکانەوە دەبێ هەر بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەو پەیوەستە گشتییانە بدۆزینەوە کەلە کامڵبوونی خۆیاندا بنیاتی ڕووکەشی هاودژ لەدەقەکەدا دەنوێنین و ئینجا ئەو بنیاتە شاراوەیە دەستنیشان بکەین کە تەباییەکی ڕەتنەکراوە دەخاتە لایەنی بابەتی دەقەکەوە، چونکە تەفسیرەکانی دەق «بەمانای کلاسیکی وشەکە»، نامانگەیەننە هیچ یەکێك لەو واتایانەی کەبەرجارێك هەموو واتا دژەکان و هاودژەکان یەك دەخا. ئەم بنیاتەش یەکلاکردنەوەی هەریەکە لەدەورەکانی بنیاتە ڕووکەش و شاراوەکانی دەقە. هەر لەیەکەم بەیتەوە «ئەی تۆ تازە گوڵم» شاعیر ئاماژە بە خۆشەویستییەکی تازەی خۆی دەدا کە دەکەوێتە گرفتارییەکانییەوە، گرفتارییە قەدەغە کراوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باری کەسایەتی

و بیری كەسایەتی لەم واتایەدا هەر زوو بنیاتی هاودژو واتای هاودژ دەخاتە بەش بوونەوە، لەنێوان دوو جیهانی دژ بەیەكی جوداو خۆشەویستی دەگەیەنێتە ئاستی دیلی و دەستە پاچەیی، ئەگەر بێتو چەمكی خۆشەویستیی «عوزری» بەمانا گشتییەكەی وەرگرین بۆ لێكدانەوەی ئەم پەیوەستە سەیرەی شاعیر بەوی ترەوە، ئەوا بەیەكگەیشتن دەبێتە ترۆپكی شاردنەوە و بەواتا كردنی شاردنەوەی حەزە غەریزەیییەكانی و حەزە ماتبووەكانی عەشق، ئەو گرفتارە سەرشێت و بێ ئۆقرەیەی كە زۆر جار لە تاكلایەنیەكی كرداردا حەزە ماتبووەكان بەو هیوایە كپ دەكاتەوە و بەمەش پەردەیەك لەسەر ئارەزووە جۆش سەندووەكاندا دەدا، كپكردنی حەزەكان و دامركادنەوەی حەزەكان، بەواتای بەتاڵ كردونەوەی غەریزەی جەوهەری هەموو قوربانی و كردارە گەڕەلاوژە ئامێزەكانی گوتاریی شیعری شاعیر دەبێت، گلەیی لەو زەمانەی كە دابڕانەكان گەورەتر دەكاتەوە و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ زەمانە دەبێتە گلەیی كردن لەداو و دەستووری كۆمەڵایەتیی توند و تیژ و ناڕەحەت، كەزۆر جار ستەمی چین و كێشەی نێوان چینەكانی كۆمەڵ دەنوێنێ. بەڵام بەلایەنی ئەم دەقەوە ئەم كێشانە بزرن و هەموو ئاماژەكان بەناوەندكردنی زات لە كرداردا بەرجەستە دەكەن.

مەحوی لەم چەمكانەی خۆشەویستی ئۆقرە ناگرێ و سیمایەكی سۆفیگەریی زۆر قووڵ و بێگەرد دەبەخشێتە ئەم خۆشەویستییە نادیار و بێ ناوو نائامادەیە، لەو كاتەی خۆی بە «بلبل» دەشوبهێنێ كە پەیوەست بە بەیتی دووەم، بولبولێكی دیل لە ئیحادا دەخولقێنێ، كە لە قەفەسێكدا گۆرانیی جودایی و بەیەكنەگەیشتن و دووری و دیلیی خۆی دەڵێ، كەپڕ بەدڵی حەز بەفڕین و ئازادی دەروونی دەكا و پڕ بەدڵی خۆی لە گۆرانییە خەمبارەكانی دیلی و ناوقەفەس ڕزگاری بێ و بەسەربەستی چێژەكانی خۆی تێر بكا. لەم بەیتەشدا ناتوانین چەمكی «دیلی» بەبولبول ببەخشین ئەگەر بێتو خۆی بە قومریش نەشوبهاندایە كە خۆشەویستەكەی بەقەدوملیەوەیەتی، هەروەك تەوق و ملبەند «پڕ بەملمە تەوق». بەڵێ ئەو كە بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی جەستەیی ناكاتە كردار لەم بەیتەدا، تەنیا بەواتای خۆشەویستی شوێنی كراوەتەوە، بەڵام چ خۆشەویستییەك؟!!

بەهای ڕاستەقینەی بەیتی یەكەم لەحاڵەتی وەسفیدا وشەكان میكانیزمی پێكهاتەیی خۆیان و كامڵ بوونیان لەدەورەكانیاندا، بەهۆی پەیوەستی «خوار– بەرەو سەروو» لەنێوانی تاك بەیتی یەكەم و دووەمدا دێتە دی، بەمەش هاوسەنگی هەموو دەلالەتەكانی خۆی «وەك بولبول» سیفەتی بەراوردكاری و هاوسەنگی لەگەڵ ڕستەی «پڕ بە ملمە

تەوق»دا دەگەیەنێتە ترۆپکی خۆی، ڕستەکانی تاك بەیتی یەکەم لە دەورەکانی کامڵ بوونیان لاوازی و کەم و کوڕی دەورەکانیان ڕاڤە دەکەن، ئەم پەیوەستە سەرەو ژێرییە میکانیزمی کارلێك کردنی بنیاتەکانی واتا دەگەیەنێ کە دەبێ ئازاری بولبولێك چەند بێت کەبەتاك و تەنیا لە نێو تەل بەندێکدا هەموو ڕۆژێك هەر دەبێ گۆرانی پڕ لە شەوقی خۆی بڵێت، کەدەبێ هەموو ڕۆژێك هەر گۆرانی خەونەکانی ئازادی بڵێتەوە، لەپێشەوەی دیلییەوە خەون بەفڕین و شەقەی باڵ ببینێ و ئاسمان و دارستان و باخە پڕ لە گوڵەکان تەی بکا، بکەوێتە گۆڕینەوەی ئاوازەکانی خوێندن و خۆشەویستی لەگەڵ کرانەوەی گوڵە بەهارییەکاندا، لێرەدا ئەم شوبهاندنە قووڵە گۆڕینی دەورەکانی شوبهاندنە لەبنیاتێکی ناجەستەییدا:

بولبول ←—— دیل ←—— گرفتار ←—— دەنگداری سەدادار

شاعیر ←—— گۆشەگیر ←—— حەزدار ←—— دەنگداری سەدادار

ڕەگەزی خوێندنی بولبول لەبنیاتی واتاکانی ئەم بەیتەدا کە دەنگی بولبول دەنوێنێ، کرداره بزرەکانی «شەوق» و «دیلی» دەنوێنێ و جەستە تەنیا لە دەنگدا نوێنراوە و دەبێتە ناوەندێکی تێپەڕکراو لەکرداردا. هەروەك چۆن دەنگی شەوقی پڕ لە ئازاری بولبولی بەندکراو ڕاڤەی دەلالەتی ماتبوون و دەستە پاچەیی شاعیر دەنوێنن، لەو جەستە تەلبەندکراوەدا کە جەستەی شاعیر دیل دەکا، بەڵام دیلی لەدەروونداپە و لەتەلبەنددا نییەو شەوقەکان لەدڵدایەو لە نێوان ئاسندانییە کەلە بەدەنگهاتنێکی نهێنی و بزردا گوتاری شیعری لە ئاخاوتندا ڕاڤەی دەنگی بولبول دەکاو هاوئاستە لە دەلالەتداو بنیاتی واتای هاودژی نێوان جەستە وەك هێمایەك و ناجەستەیی وەك واتایەکی ژێرخان لەدەقەکەدا رەنگ دەداتەوە.

ڕستەی «وەك بولبول» هەر زوو جوداکردنەوەی دەلالەتی دژو هاودژی یەك ئاست لەوەزیفە و سڕانەوەی واتاکان لەخۆیدا هەڵدەگرێ «تەوقی بولبول» هەر یەکسەر ئاماژە بەحەزێکی مات و بێدەنگ لەڕووکەشدا و پڕ لە هاوارو پڕ لە ناڵە دەکا. ئیحای تامەزرۆییەکی قووڵ دەبەخشێ کە توانای خۆپێگەیاندنی کامڵی نییە لەزماندا، ئەگەر بێتوو لەواتاوە بەرەو ڕستە بچین. ئەمەش دەربڕین لەهەستێکی داخراوی دەروونیی هەڵبژدراوو بڕیار لەسەر دراوە، لەوکاتەی باوەشکردنەوە بۆ نووسراوە خۆ سەپێنەرەکانی زاتێکی پڕ لە جۆش و ماتبوو، کە شاعیر ناتوانێ سنوورەکانی ئەو بەهایانە ببەزێنێ و ئەم دەستە پاچەییە بڕیار لەسەردراوەش لە قاوغێکیدا دەیهێڵنەوە، لێرەدا بە ئاشکرا دوو

جۆرە جیهان واڵا دەبێ، ئەم دیوی جیهان کەجیهانی ڕووکەشە و هەموو ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی خود دەنوێنێ و ئەو دیویش کە جیهانی ناوەوەی بزرە و هەمووی نهێنییە پڕ لە ئازارەکانی خود دەنوێنێ و ڕاگەیاندنی زمانە ماتبووەکەی شاعیر گەورە دەکاتەوە.

پرسیاری جەوهەرییش لەم بەیتەی یەکەمدا هەستی دیلی و دەستە پاچەییە لە خۆشەویستیدا. ئەو خۆشەویستییەی لە ئاستی ئیرۆتیزمدا تەنیا زمانی مات و پڕجۆش بەرهەم دێنێ. ئەم دیوی جیهان کەپڕە لە دەرپەرین و گەشانەوەی ساتە بەلەزەتەکانی بەیەکگەیشتنی «جەستە بەجەستە» و پڕ لە گۆرانی و ساتە پڕ کامەرانەکان و شکاندنی یاسا قەدەغەکراوەکان و پڕە لە ئازاری دەروونی، ئەو دیوی جیهانیش کە خۆشەویستییەکەی تەوق و زەوقە و تەنیا لە شەوق و جۆش سەندنە ناخەکییە بێهودەکان دەیهێڵنەوە، چێژوو ئارەزووکان دیسیپلین دەکەن، خود دەخەنە باوەڕی کەشە پیرۆزەکانی قوربانیدانەوە و لە هیچ بەهایەکی جەستەیی و ئیرۆتیزمی جەستەیی نایهێڵنەوە. زات لەدەرەوەی قەفەسەکانیشدا، لەقەفەسی بوونی خۆیدا دەبێ، ئەوکاتەی ئەو بوونە بە هەموو قورسایی و ئاڵ و واڵاو پڕ لە چێژییەوە تەنیا لەواتاکاندا دەیهێڵنەوە. لابردنی جەوهەری کردارو بەتاڵبوونەوە، بێلایەنکردنی خودە لەو گرفتارییانەی جەستە دەخەنە قەفەسە زێڕینەکانی چێژی نادنیاییەوە، کەوشەی «شەوق» هاو واتایە لەگەڵ «دیلی» و مەحوی گواستنەوەی مەوداداری درێژو سەرەو ژێر بە بەیتە شیعرییەکان و ڕستەکانی دەبەخشێ.

لە هەردوو تاك بەیتەکەدا، «ئەو» لە بێلایەنیی خۆیدا ئاماژە بەو قەفەس و دیلییە دەکا کە مەحوی تێیدا بەند کراوە. بەم ڕوونکردنەوانەش بنیاتە هاودژەکانی دەق لە ترۆپکی پێگەییندایە، بەبێ تەفسیری تری یەکلاکەرەوە کە بۆی هەبێ دەلالەت لە هۆیەکانی ئەم ئاراستەیە بکا لەواتاکانی دەقەکەدا. بەبێ ئەوەی دەق هەموو هۆیەکانی ئەم بارە تراژیدییەی خود بگوازێتەوە بۆ بارێکی تری دەلالەت، کە هەموو بەیتەکانی تری دەقەکە ئەم نهێنییە بەکارامەیی و بەسەنعەتێکی شیعریی بەرز دەپارێزن هەر لەم بەیتەوە بنیاتێکی کامڵی زمانی ڕووکەش و زمانی شاراوەی هاودژ دروست دەبێ:

| لێك چوونەکان | ڕاناوی لێك چوێنراو | ئیحاکانی لێکچوون | واتا شاراوەکان | بنیاتە هاودژەکان |
|---|---|---|---|---|
| بولبول<br>سەروسەهـ<br>تەوق و ڕەق<br>قومری | من – تۆ<br>من – تۆ–<br>من – تۆ–<br>من – تۆ– | قەفەس<br>کۆت و بەند<br>لێکتر<br>جودابوونەوە | دیلی – حەز<br>دیلی/<br>گرفتاری<br>تامەزرۆیی<br>دابڕان | تۆی ئازاد<br>منی دیل<br>تۆی جوان<br>منی دابڕاو<br>تۆی گرفتاری<br>گەر منی<br>تامەزرۆ |

بەڵام ئاخۆ ئەم بنیاتانەی واتا لەگەڵ خۆشەویستیدا دەگونجێ؟! لەگەڵ جۆش سەندن و باڵەفڕەی دڵدا، لەگەڵ خورپەی ئارەزوودا، لەم ئەم جیهانە پڕ لە چێژ و پڕ لە گرفتارییەدا، دەکەوینە دوای گرفتارییەکانەوە، بوونە داوەوە، بە پەیوەستبوون، نزیکبوونەوە لە تراژیدیای گرفتاریبوون دەگێڕێتەوە. بەدووی هۆکاری دەروونیی میانگیر دەگەڕێین کە ئەم فەوزایەی نێوان تامەزرۆیی لە قەدەغە کراوکان و تێکشکاندنی قەدەغە کراوەکان ڕێك بخا. ئەو سەربەخۆییە زاتییەی لە نێوان جەستەی ئامادە و جەستەی قەدەغەکراودا، شوێنێك بۆ ئارەزووکانمان دادەنێ. هەر ئەم بەیتەیە کە دەبێتە جەوهەرو ناوەندی هەموو هۆنراوەکە و بنیاتەکانی واتای لەسەر داڕێژراوە. لێرەدا دوو ئاستی جیاواز لە هۆنراوەکەدا بەدی دەکەین.

بەیتی یەکەم دینامیکییەتی ناوەندیی بەیتەکانی ترە و بەیتەکانی تر دەبنە درێژبوونەوەی دەلالەتەکانی بەیتی سەرەتایی، بێگومان هەر لەم بەیتەوە خوێنەر تووشی پرسیاری جۆر بەجۆر دەبێ. دەبێ بۆچی خۆشەویستی، دەلالەتی دیلی و پێگیر بوونێکی کەشدار بەخۆیەوە بگرێ؟ سەیرترین و هەڵخەڵەتێنترین هاودژی بابەتی پەیوەست بەدەقەکەوەو بە بابەتە ناوەندییەکانی هۆنراوەکەوە، ئەوەیە کە مەحوی هەوڵی داوە ڕوانینی سۆفیگەرییانە بگوازرێتەوە نێو چەمکی خۆشەویستی. ئەم گواستنەوەیە یەکێکە لەخاڵە سەرەکییەکانی هەموو بنیاتە هاودژەکانی دەلالەت لە دەقداو کرۆکی لێکحاڵینەبوونەکانی خودی هۆنراوەکەیە مەحوی بە وردبینییەکی تەواوەوە مامەڵە

لەگەڵ ئەم چەمکەدا دەکا و هاوتاییە سەرسوڕهێنەرەکانی بابەتی لە نێوان چەمکی خۆشەویستی دنیایی و خۆشەویستی سۆفیگەریدا دێنێتە کایەوەو یەکێتییەکی توندو تۆڵی مانا بەچەمکەکانی خۆشەویستی دەدا.

هەرچەندە چەمکی ئەسیری و شەوق و وەسفی دڵدار یەکێکە لەسیماکانی شیعری دڵداریی کلاسیك، بەڵام مەحوی ئەو چەمکانە لە ئاستە جووڵەدارو جێنەگیرەکانیدا بەکاردەخا و لە هەموو بەیتێکدا چەند دەلالەتێکی شاراوە بنیات دەنێ، هەروەك چۆن چەمکی خۆشەویستی هەموو کاتێك لەگەڵ جەستەی بەرامبەردا ئیلهامی ئیرۆتیزمی لە لای شاعیردا دروست دەکا، هەر وەك چۆن خۆشەویستییش لە ئامادەبوونی چەمکی تردا کەشێکی بە پیرۆز کردن دەخولقێنێ، هەر ئاواش ئامادە بوونی جەستەی بەرامبەر لە لای مەحویدا، لە هەردوو باری ئیرۆتیزمی و پیرۆزکراودا بەکاری هێنراوە.

جەستەیەك کەمەحوی لەوەسفی باڵاو لێویدا، جوانترین وەسفی کینایە بەکار دەخا و لەحەوت بەیتدا دووجاروەسفی «لێو» دووبارە دەبێتەوە و دووجاری تریش وەسفی «باڵا» دووبارە دەبێتەوە. چۆن دەتوانین لەگرفتارییە غەریزەیی و کەفوکوڵە جەستەییەکان دەربازمان بێ ئەوکاتەی ئەو گرفتاریبوونەی خۆشەویستی بەهەموو کرادارە بەرهەمهێنەرەکانییەوە بەرەو داماڵینی جەستەییمان بەرێ؟؟ چۆنیش دەتوانین جەستە داماڵین لەوکاتەی گرفتارییەکان ناخمان هەراسان دەکەن؟!! مەحوی هەر لە دووەم بەیتەوە هەوڵ دەدا ئەو هاوتاییە وروژێنەر و تێکدەرەی واتاکان بگەڕێنێتەوە بۆ بنیاتێك لەمانا کە لەم چەمکانە تێپەڕ دەبێ و خۆشەویستی هەورەك گیانێکی پیرۆزکراو جەستەی بەرامبەرو شوێنی ئەو بگرێتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ بنیاتێك لە مانا کە تەنیا ساتە جۆشاوییەکانی دەروون و ساتە سۆزاوییەکان دەگرێتەوە، کەچیتر شوێنی کرداری جەستەیی تێدا نامێنێتەوە.

بەیەکگەیشتنەوە لە خۆشەویستیدا خراوەتە ئاستی سڕینەوەیەکی سەیر، مەحوی لە هیچ بەیتێکیدا ئەو جۆشانەی ناخاتە دووتوێی بەیەك گەیشتنەوەیەکی نزیك یادووری خۆشەویستییەکەی، ئەو واتە خۆشەویستەکەی تەنیا لەباری دەرکەوتن (تجلی) دایە و مەستی ئێرۆتیزمی لە بنیاتی شاراوەی دەقدا خۆی حەشارداوە، بەمەش هەموو غەریزەکانی زات پەیوەست بە خۆشەویستییەوە، جڵەوگیر دەکرێن. شاردنەوەو ماتبوونی غەریزەکان لە بەردەم بیری پێش وەختەی شاعیر لەم کێشە دەروونییەدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو دەربڕین لەو عەشقە دەکا کەدوورە لە عەشقی واقیع و بوونی واقیعی جەستەیەکی

ئامادە، بەڵکو دەربڕین لە حاڵەتێك لە مەستی دەروونی دەکا، ئەو مەستییەی لەترۆپکی «شەوق»دا کەدووجار لەو حەوت بەیتەدا دووبارە دەبێتەوە. ئاماژەکانی دیلی لە خۆشەویستیدا، بەرجەستەی هەمان بەشەکانی یەکنەگرتنەوەی ئەوبارە دەروونییە دامالڕاوە دەکەن کەزات دەگەیەنێتە ئاستی قوربانییەکانی غەریزەیی جەستە، دیلی لە خۆشەویستیدا، ملکەچی و خۆسڕینەوە لە ئاست هێزێکی بە پیرۆز کراوی ئایدۆلۆژیی ئاینییەوە، لەو کاتەی زات تەنیا لە گرفتاریبوونی جوانییەکاندا دەمێنێتەوە و هیچ کەلێنێکی بۆ خۆی ناهێڵێتەوە.

بێگومان لەلایەنی هەست و بەسۆزبوون لە جوانیدا، سیمای عەقڵێکی عیرفانی هەڵدەگرێ، بەڵام ئەم عەقڵە تەنیا لەبارە دیالێکتیکییەکەیدا بۆ ئەو دیوسنووری سۆفیگەری شۆڕ دەبێتەوە، بەمەش خۆشەویستی تەنیا خۆشەویستیی جوانییە و پەرستنی جوانییە و مرۆڤ هەموو مرۆڤێك، یەخسیر دەکا، چەمکی دیلی پابەندبوونە بەو هەستانەی مرۆڤەوە کە جوانی دەبێتە ڕووە بەرجەستە بووەکەی جەستە و قووڵبوونەوە لە سیماو سیفاتەکاتی جەستە لەبارە ناخەکییەکانیدا:

خۆشەویستی جوانی

دیلی
(١) (وەك بولبول پڕ بە دڵمە شەوق)(ب–١)
(٢) (پڕ بەملمە تەوق) (ب–١)
(٣) (شێرێکی پێ لە سیلسیلەدایە) (ب–٦)
(٤) (زینەتی مەردانە تەوق و ڕەوق) (ب–٦)

بەیتی شەشەم پەیوەست بە بەیتی یەکەمەوە جەختکردنە لەو پابەندی و پێگیرییەی هەموو کردارە غەریزەیییەکانی گرفتاریبوون لە خۆشەویستیدا دادەماڵێ، ناکردەیی لە پشتەوەی جڵەو گیرکردنی هەموو کردارە غەریزەیییەکانە، هەروەك (ئازایەتی.نەترسان. مەردی) هەروەك چۆن مانەوە لە گرفتارییەکانی جوانییەکی بێگەرد، مانەوەیە لە بەهای بە پیرۆزکراوی جەستەیەکی پڕ لە باوەڕی پێش وەختە کە بازنەیەك بە دەوری کردارەکانی زاتەوە دەکێشن و ڕەتکردنەوەی بەها غەریزییەکانی زاڵ بوونی بەها پیرۆزکراوەکانە کە سیفەتی بەرگریی ڕوحی و پاکێتی ڕوحی لە خۆیدا هەڵدەگرێ، لەو کاتەی هەموو هێزو تواناکانی ئامادەیی ئەندام و غەریزە جڵەوگیر دەکرێ و «شەوق» ئەو شەوقە نییە لە ژووانی خۆشەویستاندا کۆتایی دێ «شەوق» ئەو تامەزرۆیییە نییە لە ماچی (لەبەکاندا) بەتاڵ دەبێتەوە (شەوق) ئەو تامەزرۆیییە دیلەیە کە زات لە هەموو

پێگیر بوونێکی دنیایی دادەماڵێ، کە کەشێکی پیرۆزکراوی بەرز بە بەهاکانی جوانی دەبەخشێ. ئەو جوانییەی هەروەك یەمەن ڕەش پێستەکان هێرشی بۆ دەبەن، ئەو جوانییەی هەموو گرفتاریبوونە پڕ لە ئیرۆتیزمەکان دەگرێتە خۆی.

سەپاندنی ئەو پەیوەستە بەسەر خوددا، سەپاندنی کامەرانییەکی بێ پاساوە لە ژیانی واقیعیی مرۆڤدا، پاساوەکان تەنیا هەر ئەو پاساوانەن کە شەرعییەت بەم گەشانەوە دەروونییە میتافیزیقییە دەدەن کە خود بەرەو ئەو دیوی بەهاکانی واقیع دەبەن، کە نەتوانێت سنووری ئامادە بوونی ئەو خودە لە سنوورەکانی جەستەدا بپەڕێنێتەوە بەرەو کردارێك کە خۆشەویستی جوانی بگەیەنێتە ترۆپکە بەتاڵکەرەوەکانی بەهای جوانی؛ بنیاتە هاودژەکانی دەلالەت لە نێوانی وشەو چەمکەکانی شیعرەکەدا لەم ڕوانینانەوە سەرچاوە دەگرێ کە وشە لە خۆیدا بەش بەش دەبێ، زمان لە خۆیدا زمانی تر دەخولقێنێ ئەوەی دڵ دەدوێنێ. ئەوەی زەین دەدوێنێ، ئەوەی دەروون دەدوێنێ، تەنیا هەر ئەو زمانەیەکە لە پشتەوەی زمانە ئاساییەکەوەیە.

دەرکردنی شیعر لە گوتاری ئاسایی، بەخشینی شیعرییەتە بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان، لە چڕکردنەوەو ڕێکخستنی نەخشەداری جووڵەی زمان و دەوری ڕستە و وشەکانی، کە دیلی هاو دەلالەتە لەگەڵ کامەرانی، دیلی هاو دەلالەتە لەگەڵ پێگیر بوونێکی تراژیدی کە بەئاشکرا بەزەیی و سۆزمان بۆ ئەو خودە دەنوێنن، لەو کاتەی لەوە دەگەین کە چوونە کێشەوە گەڕانەوەی بۆ نییە، تازە خود بڕیاری خۆیدا، تازە خود بە جیهانی بەیەکگیشتنەوەی ژوانەکان نامۆ بوو، تازە شەوقی بەیەکگەیشتنەوە و سەروەری بەخشین بەساتە چێژاوییەکان بەسەرچوو، شەوق بووە شەوقی جوانی پەرستی. بەمەش جەستە ئەو جەستەیە نییە کە شوێنی هەموو خەونێکی سروشتیی خۆی لەوی تردا بکاتەوە، جەستەی بەرامبەر تەنیا بەهایەکی نابەرجەستەیی و نادنیایی دەگرێتە خۆی و تەنیا فەنابوون و مردن لەو جوانییەی جەستەی بەرامبەردا دەبێتە کێشەی سەرەکیی هۆنراوەکە. بەمەش بنیاتێك لە واتای ڕووکەشمان لەبەر دەستدایە و بنیاتێکی تریش لەواتا لە ژێرەوەی دەقدا کاردەکا کە داماڵین دەبێ، داماڵینی جەستە، داماڵینی هەموو بیرێکە کە بەگرفتاری جەستەگومڕا دەکەن:

جەستە ⟵ گرفتاری

داماڵین
- ⟵ (ب–٢) یادی لەب
- ⟵ (ب–٢) مافەوقی تۆ کوژایەوە
- ⟵ (ب–٧) هاتووەتە سەر ئەمە لە سەرتدا

یادی (لەب) یادی ساڵانی دوورو درێژی ڕابردوو نییە، بەڵکو یادێکی پڕ تاسە و گەرماوگەرمە، کە پاش بینینی بۆ ماوەیەك شاعیر لە ژێر تامەزرۆییدا دەژیێ، کە لە واتایەکی کاملدا نوشوستی و خەفە بوونی چێژ و هەستە واقعییەکانی شاعیر ڕادەگەیەنن لە هەموو واتایەکی مادی و دنیایی، وشەی یاد بەرجەستەی بەسەرهاتی جۆش و خرۆشی گرفتاریبوونەکانی زات دەکەن، کە لە حاڵەتی پەیوەست لەگەڵ «جەستە- جوانی» دا دەبێتە «هەمزە»ی سەر ئەلیف و لە فەوق و تەحتی ئەو ئەلیفەدا دەسڕێتەوە، ڕەتکردنەوەی ئەو نزیکبوونەوەی جەستە بەجەستە دەنوێنێ، ئەو نزیکبوونەوەیەی تامەزرۆیی و جۆش سەندنەکانی خود دەخاتە دەرەوەی ئەو گۆڕانییە ناخەکییەی زمانی پشتەوەی پەیوەستەکانی جەستە بەجەستەوە دەدوێنێ.

لێرەوە دەلالەتە هاودژەکانی بنیاتی شیعرەکە دەردەکەون. ئاخۆ ئەم بارە دەروونییە چ کامەرانی و گەشانەوەیەك بەخود دەبەخشێ، ئەگەر لە ئازاری پشتەوەی ئەو پێگیرییە داماڵدرێ؟! یاخود کامەرانی بۆچی لە ئازاردا لە دایك دەبێ، کە لە لایەکەوە خود کامەرانە بە هەڵگرتنەوەی واتایەك بۆ ژیان، واتایەك بۆ دنیا ، کە لەم هەڵگرتنەوە و چوونەوە سەرەدا خود هەموو ختووکە چێژ بەخشەکانی ناوەوەی خۆی لە ناو دەبات. ئەو چێژەی لە پەیوەستە نزیکەکانەوە لە دایك دەبێ بەڕادەیەك ئەو ئازارە لە قووڵی و ڕاستی و کاریگەرییدا دەبێتە گۆڕانییەکی تێکشکاوی بێ هیوا، کە تەنیا نەمان و لەناوچوون لە پەیوەستەکاندا هەڵدەبژێ، بەڵێ ئەم ئازارە قووڵ و خوێناوییە بەخشینی ئەم خەمەش بە ئازار هەمدیسان لەو چەمکەوە سەرچاوە دەگرێ کەشاعیر لە پشتەوەی هەموو دڵنیاییەکی دەروونیدا، ئابڵوقەکانی زات بەکراوەیی دەهێڵێتەوە و ئەمەش بەردەوامییەك بەکێشەکان دەبەخشێ.، ئەوەی ئەو ئیحایەمان لەلادا دروست دەکا بگەینە ئەو وێستگە هەرە تراژیدییەی کە خود لە خۆداماڵین و خۆسڕینەوەدا دەگاتە ترۆپکی سڕینەوەو لەناوچوون لە عەشقدا.. هەستی جودایی و داماڵینی زات لە هەر حەوت بەیتەکەدا هاوسنوور کردن و یەکگرتنەوەی زاتە لەگەڵ «کامەرانی» لە «ئازار»دا

١- خۆشەبە ... نۆشینی خوێنی دڵ

٢- وەك بولبول... پڕ بە دڵمە شەوق

٣- مافەوقی تۆ... لە تەحتە و فەوق

٤- بەرفی جلیوە... سینەی جیهانی بۆ بووە مەجمەر

٥- هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرتدا... ئیشی خێرە

٦- زینەتی مەردانە... تەوق و ڕەوق

بڕوانە بنیاتە هاودژەكانی واتا، بڕوانە «خۆشی لە نۆشینی خوێنی «دڵ» چ تامەزرۆییەكی گەورەی بەیەكگەیشتنەوە لە خۆیدا هەڵدەگریَ!!

بڕوانە ئەو لێوانەی ئابلۆقە دراون بەڕەنگی دەم و چاو، چ وێنەیەكی پڕوپاگەندەیی هەڵدەگریَ و چ حەزێكی پڕ لە ئاگری شاعیر لە خۆیدا هەڵدەگریَ لە پێناوی گرفتاریبوون بەگەیشتن بەو لێوانە!!

كاتێك ئەو لێوانە خەت و كۆتاییەكانی لە شێوە و بەرجەستەیی ڕەنگ و جەستەدا لە شێوەی دەموچاو جودا دەبێتەوە جیناسێكی ناكامڵ پێك دێنیَ، لە نێوان شوبهاندنی لەب، بە یەمەن ، ڕەنگی دەموچاو بە زنجییەكان!! بڕوانە ئەم بەكارخستنانەی وشە چ ئارەزوویەكی مەزن لە پشتەوەی خۆیدا هەڵدەگریَ!!! بەڵام جەستەیەك بەرەو خۆكوژی مەجازی بچیَ دەبیَ چ سوودێكی هەبیَ، چ واقیعێكی كاریگەری هەبیَ بەرامبەر ئەوەندە لە گرفتاری بوونە؟!! بەڵام ئەو دەتوانیَ چی بكات كە جەستەیەكی دیلكراوی نێو قەفەسی هەیە؟!! لەتاوی ئەو كۆتوبەندەی بینە قاقای گرتووە، لە تاوی ئەو هەستەی كە لە ناوەوەیدا قەدەغە كراوەكان دەبنە خۆشی و بەرەو ڕووبەڕوونەوە لە كێشەی خۆیدا !! كە دەبنە سنوورێك لەنێوانی هەردوو جەستەدا، دەبێتە دیوارێك لە نێوانی ئەم و ئەودا. لە نێوانی دوو جەستەی گرفتارو گرفتاركەردا، لە نێوانی هەموو كردارەكان و هەموو شتە چاوەڕوانكراوەكانی كرداردا، تا ئەو ئاستەی خود لەوپەڕی حەزو تامەزرۆیی و ئازارەكانیدا بەرەو دامالێنێكی جەستە بە جەستەی خۆی دەچی و گۆرانی پڕ لە كامەرانیی خۆی دەگەیەنێتە ئاستی سەركەشبوون و بەرزبوونەوە. بەمەش بنیاتە هاودژەكانی هۆنراوەكە بەیەكجاری یەكالاّ دەبنەوە.

«خۆشەویستی» وەك چەمكێكی «دنیایی– نادنیایی» یا بڵێین رووحی مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، بەمانای شەوق و عەشقی پاكی خود بۆ جوانی وەك كێشەیەكی دوو سەرە دەربڕینی لیَ كراوە، لە باری جودایی و نۆستالژیای بەیەكگەیشتنەوە. بەمەش

(خۆشەویستیی جوانی) چەند ڕوویەكی جودای بنیاتە هاودژكانی ناخی شاعیر و هەستی ناوەوەی شاعیرە لەڕووە ڕووكەش و شاراوەكەیدا كە زمانی ڕووكەش ڕەتكردنەوەی زمانی شاراوەیەو، زمانی شاراوەش بەرجەستە بوونی دژ بەیەكییەكانی خودە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆشەویستی | جەستەیی | بزر | گۆڤار | جودایی | سەربەست | جوانی |
| | ڕۆشن | ئامادە | گەشانەوە | بەیەك گەیشتەوە | دیل | |

بەم جۆرە بنیاتەکانی واتا لەیەکتر جودا دەبنەوە، کردارێکی شیعری دەبینین کە تەنیا لە بینیندا بەرجەستە دەبێ و کردارێکی تریش تەنیا لە هەستدا بەرجەستە دەبێ، هەست بەمانا سۆزاوییەکەی کە هەموو ڕاستییەکان لە هەست و سۆزەوە دەبینێ، بەڵام هەموو ئەم بنیاتە ناوەندانەی دەقەکە لەم نەخشەیەوە چەکەرە دەکەن و درێژە بەواتاکانی دەق و جووڵەی زمان دەدەن. بەمەش بنیاتە هاودژەکان جێگیرەوەی ئەو بەیەکنەگەیشتنەوە و ئەو هەڵبژاردنانەیە کەوا لە شاعیر دەکەن جەوهەری ڕەتکردنەوە و ڕازیبوون بەتەوژمی مەیل و حەزەکانی گیرنەخواتەوە و پانتاییەکی گەورەتری مانا لەبەردەم خۆی بکاتەوە، بەڵام بەکارخستنی زمان لەبارە زۆر چڕەکەیدا، لەبارە زۆر ئاڵۆگۆڕو نەچەسپاوەکەیدا، وا دەکا چەمکی هەڵخەڵەتێنەر لە وشەدا دروست بێت پاکێتی بەرامبەر بە خۆشەویستی و ئەسیری لە خۆشەویستیدا بابەتێکی نوێی

شیعری نییە، بەتایبەتی لەوکاتەدا، بەڵام گرینگتریتن خاسیەتی نوێ ئەو جووڵەیەی رمانە کە لە پەیوەستێکی تێکدەرانە و بنیاتنەرانەوە، واتای نوێ بەرهەم دێنێ کە لە سەرجەمدا یەکیەتییەکی بابەتی توندوتۆڵ لە دەقەکەدا دروست دەکەن. بۆ نموونە بەراوردکردنی بەیتی یەکەم «وەك بلبل» لەگەڵ دوا بەیتی هۆنراوەکە «هاتووەتەسەر ئەوە» دەق بەکراوەییەکی چارەسەرنەکراو دەهێڵنەوە. شێوازی وەسفی، بەیتی یەکەم و شێوازی فەرمانی کردار بەخشی بەیتی حەوتەم، دەوڵەمەندیی زمانە لە بەکارخستنی شیعریدا و دەقەکە لە بارێکی داخراودا جێ ناهێڵێ بەو واتایەی تەفسیرەکانی خود بگەیەنێتە ئەو وێستگە زمانەوانییانەی کەوا دەکەن زمان هیچ فراوانبوونەوەیەکی تێدا نەمێنێ و خوێندنەوەش بخاتە بازنەیەك لەوەستانەوە. ئەگەرچی لە بەیتی حەوتەمدا مەحوی کە دەگاتە ئەوپەڕی دروستکردنی بنیاتە دژو هاودژەکان لە چەمکی خۆشەویستیدا، بەوەی سیفەتی تراژیدیی شیعرەکە لە فەناوە نابێ. بەڵکو لە خۆ ڕزگار کردنەوە دەبێ لەو قورسایی و خەمە قووڵەی کە ناخی دەتەنێتەوە، هەر ئەم لایەنەشە کەسیفەتێکی قووڵ بەو زمانە قورسەی مەحوی دەدا. مەبەستمان لە زمان بەکارهێنانی واژە و وشەی زۆری کوردی نییە، بەڵکو مەبەستمان چۆنییەتی بەکارخستنی ئەو زمانەیە کە بارێکی تایبەت و بەهایەکی بنیاتنەرانە بە وشە و بەرستە دەبەخشێ. فەناش توانەوەیە لە عەشقی خودادا کە مەحوی ئەو فەنایە دەخاتە چەمکی خۆشەویستییەوە.

هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرت دا، سەرهەڵبڕە

«مەحوی» ئەم ئیشی خێر لەسەر تۆیە ماوە عەوق

ڕستەکانی «هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرت دا» و «سەرهەڵبڕە» و «لەسەر تۆیە ماوە عەوق» لە جەوهەردا ئاماژە بە ڕاڕاییەکی شاراوەی ناخەکی و دوو دڵییەکی پڕ ئازار دەکەن کە ناوەندی هەستی بوون لەڕووکەشدا دەنوێنێ و ئەو هەستە ناگاتە ئاستی کردارێکی تەواو بوو ڕەتنەکراوە کە خود تیایدا نەگەڕێتەوە سەردواندن و فەرمان پێدانی خۆی. هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرت دا، چەند دەلالەتێك دروست دەکا کە لە شێوەی پرسیاری «کێ» و «بۆچی» و پەیوەست بەکردارەوە لە ڕستەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەو بنیاتەی واتادا لێکی بدەین و لێکی بچوێنین هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێی دا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەموو ئازارەکانی حەسرەتی گرفتارییە پڕ لە جۆشەکان، تامەزرۆییە پڕ لە بۆن و ڕەنگەکان، جودا بوونەوە خوێناوییەکان هەڵوەشاندنەوە دەروونییەکانی هەستە جێگیرەکان، هەموو دەربڕین لەو خودە دەستە پاچەیە دەکەن و هەموو دەربڕین لەو پێخزانە ناوەندییە هاوتاکەرە دەکەن کە لە نێوان جیهانە جوداو دژ بەیەکەکانی ناخ و دەرەوەی ناخدا دروست دەبن، هەر بۆیە ئەم ڕستانە دواندن و دیالۆگی ناخەکیی شاعیرە، ئەو شاعیرەی بووەتە دوو بەش و دوو زەین و دوو هەست و دوو جیهانی لێکترازاو.

لەبەر ئەمەشە مەحوی لەناوچوونی خود بە «ئیشی خێر» دادەنێ «ئەسیری» بەکامەرانی لەقەڵەم دەدا، بەڵام بەیتی یەکەم و تاڕادەیەکی زۆریش بەیتی حەوتەم، لە ژێرەوەی ڕستەو ماناکانی وشە ناوەندییەکانەوە هۆنراوەکە دەخەنە بنیاتێکی هەژاوو لەرزۆکەوە، ئەگەر چی هەموو ئەو هەژان و لەرزانە لەیەك بۆتەی زماندا بکارخراون، شاعیر دەقەکەی تەواو دەبێ و ئەو هێشتا لە پرسیاری نەمان و فەنادا دەژی، بەشێکی فەرمان بەبەشەکەی تری دەدا وەك دووگیان و دوو جەستە،  وەك دوو دەروون و دوو زەین، لە نێوانی خۆشی و ناخۆشی گرفتاری و بێ باکی بوون بە مانای حەسانەوە، هەر ئەمەش وا دەکات زێدەڕۆیی وەسفەکان شایەتی لەو ناخە هەژاو لەرزۆکە بدەن. ئەو بەشەی خود کە بەربەست «عەوق» لەبەردەم ڕۆچوونەکانی دەروون و زەین دادەنێ و لەوپەڕی تامەزرۆیی جەستەیی و دنیاییدا تووشی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆی دەبێ و ناهێڵێ دوا هەناسە و دواگەشانەوەی زەینی و هۆشیاریی خۆی بە فەنا بگەیەنێ و ئەو بەشەی خود لە بەتاڵبوونەوەیەکی روحیی زۆر بێگەرددا، لە ئازارێکی پڕ لە نائومێدی و ناجەستەیی و بزردا بڕیاری نەچەسپاوی فەنا بەسەر خۆیدا بدات.

بەمەش فەنا تۆوی خەونەکان و ئیرۆتیزمییەکانی جەستە بەرەو ڕووی ئەو نائومێدییە

بكاتەوە، ئەم هەستە ماتەی شیعرەکە بنیاتە هەرە شاراوەکەی دەق بەرجەستە دەکا، ئەو زمانە ماتکراو و لاڵبووەی ناوەوەی خۆی بەرجەستە دەکا و بەهایەکی کردار پیرۆز بەبێلایەنکردنەوە و داماڵین دەبەخشێ، لە پەیوەستی بە جیهان و ئەوانی ترەوە، کە ئامادەگی بەجەستەی بەرامبەر دەنوێنێ. بەمەش کێشەی شیعرەکە، کێشەیەکە جەوهەرەکەی لەسەر ئەم پرسیارە ڕەگ دادەکوتێ، ئاخۆ کام لایەنی کێشەی گرفتاری جەستەیی بەجوانی و داماڵینی ئەو جوانییە دەبەخشێ؟ یاخود بەتاڵبوونەوەی ئەو جوانییە لە فەنای خوددا بەرامبەر بە هاوسۆزیبوونێکی کردار ئامێزی جەستەیی چی، لەم هاوتاییە ناتەبایەدا ملکەچ دەکا؟!

کلیلی بڕیارەکانی زات لە بەیتی حەوتەمدا چڕ دەبێتەوە، بەڵێ هەموو هەڵبژاردنەکانی خود لە کێشەی بنەڕەتی «خودی جەستەیی و خودی ناجەستەیی» تەنیا ئەو هەڵبژاردنە دەسەپێنێتە سەر شاعیر کە لە لایەکەوە خود بەرەو توانەوەو لەناوچوون بەرێ، لە لایەکی تریشەوە بەشەکەی تری خود بەشێکی یاخود گرفتارە و «عەوق» دروست دەکا لەبەردەم دوا بڕیاری ئەو خودە خۆکوژە داماڵراوە، بەڕادەیەك هۆنراوەکە لە دوا بەیتیشدا بەرجەستەی کێشەی نێوان حەزە سەربەست و بەرەڵاکان حەزە دیسیپلینکراو و جڵەو گیرکراوەکان دەکەن.

کە یەکەمیان لەجووڵەدایەو ئەوی تریشیان مات و بێدەنگە و خۆکوژی دوا ئامانج و دوا وێستگەیەتی، یەکێکیان بەرەو جیهان و ئەوانی تر دەباو پەیوەستەکانی بەجیهانەوە واقیعی تر دەکا و لە ئازارەکانی یەخسیری دەروونی بەمانای بەپیرۆز کردنی دەروون ڕزگاری دەبێ. لەوی تریشیاندا گرێ دەخاتە پەیوەستەکانەوە و جەستە تووشی دژ بەیەکیی ناخەکی دەکا و پەیوەستەکانی بەوانی ترەوە سنووردارتر دەکاتەوە. لەم کێشە گەورەیەی زاتدا هەست دەکەین هەموو هۆنراوەکە تەنیا هەر زمانی ئەو ناتەبایی و نەگونجانەیەکە دەدوێ و بەرەو سۆز و بەزەییمان دەبا. لەو کاتەی لەوە دەگەین کە زمان ئەوەندە بە دەسەڵاتە لە گرفتی لە چوارچێوە گرتنی حەزەکانمان.

**ئاڕاستە کردنی قاڵبەکانی گوتاری شیعری لە گوتن و گەیاندندا**

هەر یەکەم بەیتی هۆنراوەکە لە ڕێکخستنی زمانەوانیدا سەرنجمان ڕادەکێشێ، لەو کاتەی لە یەك بەیتدا چەند دواندن و چەند ئاستێك لە ئاراستە کردنی گوتاری شیعریدا بەدی دەکەین، چۆنییەتی گەیاندنی ئەو گوتارە بەمانا جەوهەرییەکانی دەربڕینی

شیعری بێگومان دابڕانەکانی گوتار لە ڕاستەوخۆیی دواندن و بەناڕاستەوخۆییکردنی دواندندا، کار دەکاتە سەر بنیاتەکانی واتا، پەیوەست بەکەسایەتییە پەیوەستدارەکانی زمانەوە، بڕوانە بەیتی یەکەم کە شاعیر چۆن گەمە بەزمانەکانی ئاخاوتن دەکا.




بەڵام ئەم گوتارە بەش بەش بووە لە پەیوەستێکی زمانەوانیی زۆر بە هێزدایە لەگەڵ ئەو مانا شاراوانەی کە لە پەیوەستی تاك بەیتەکان بە یەکترەوە دروست دەبێ، هەموو بەیتەکان لە بەشی یەکەم تاك بەیتی سەرەتاو دواییدا مانایەکی شاراوە و پەیوەستێکی شاراوە دروست دەکەن، کە لەشێوەی بنیاتی شیعریدا بە پرسیارو وەڵامی پرسیار دەچێ، ئەم ئاستەی ئاراستەکانی گوتار خاسییەتێکی جەوهەری و بنیاتنەر بە گوتاری شیعری دەبەخشێ کە لە دواندندا ئەو زاتە بزرە کە ئاراستەی دەکرێ و دەچێتەوە سەر دواندنی خودی زات بۆ زات، هەروەك دەنگ و سەدای دەنگ، لە ڕاستیدا «ئەی تۆ تازە گوڵم» و «ئەی تۆ سەرو سەهی» لە ناوەندی هەردوو تاك بەیتەکەدا چەند خاسییەتێکی نوێییە لە زمانی کوردیدا و مەودایەکی ئێستاتیکیش دەبەخشێتە بەکار خستنی زمان.

لێرەدا ئەوەی پڕ بایەخە لامان ئاراستەی گوتنی شیعرییە لە زمانی گوتاری شیعریدا، کە لە خوێندنەوەدا هەست بەوە ناکەین کە مەحوی قسەکانی ئاراستەی خۆشەویستەکەی دەکا، بەڵکو قسەکانی ئاراستەی خودی خۆی دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامرازی «ئەی»ی بانگێشتن بەکار دێنێ، بەڵام ئەو ئامرازە کاری ناڕاستەوخۆیی خۆی دەبینێ و لە هەموو ناسینەوەیەکی ڕاستەوخۆیی داماڵدراوە، جگە لەوەی «وەك بولبول» «وەك قومری»

ئـاراسـتـەیـەکـی زۆر جیـاوازتـر بـەگـوتـار دەبـەخشێت کـە جـودایـە لـەگـەڵ «ئـەی تـۆ»دا ئـەم شێوازە پتەوەی شیعر بەسەر کێش و سەروادا باز دەداو سیمایەکی نویّ بەرێکخستنی شیعر دەدا.

بەمەش گوتاری شیعری لە ئاراستە و دەنگەکانیدا، لە پێکهات و دواندنیدا وەستانەکان لە خوێندنەوە دروست دەکا، وەك گرێی زمانەوانی و ئیستاتیکا بە دابڕانەکانی گوتاری شیعری دەبەخشیّ.

لەهەموو ئاراستەکانیشدا مەحوی جیاوازی دەخاتە ئاخاوتنەوە، کە لە پەیوەستبوونی بە ماناکانی شیعرەکەوە ئەو ئاراستانە دەگۆڕێن و دەورەکانیان دەگۆڕنەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١) وەك بولبول ئەی تۆ ← | (من من) (تۆ تۆ) | ئەوی بزر / من ئامادە | | دواندن |
| ٢) خۆشە بەیادی ئەو ← | (من ــ ئەوان) | ئەوی بزر / منی ئێوە | ← | ڕاگەیاندن |
| ٣) بالآتە وەك ئەلیف ← | (من ــ تۆ) | تۆی ئامادە / ئەوانی بزر | ← | دواندن |
| ٤) سەیری هەیە عەقیقی ← | (من ــ ئەوان) | ئەوانی ئامادە / تۆی بزر | ← | ڕاگەیاندن |
| ٥) هاتووەتە سەر ئەو ← | (من ـ فی) | تۆی بزر / منی ئامادە | ← | ئەخاوتنی ناخەکی |

بەڵام بۆچی شاعیریەك ڕێچکە لە ئاراستەی گوتاری شیعری، وەك ناوەندێکی یەکگرتوو بەکار ناهێنیّ لە شێوازی دواندن و ڕاگەیاندندا؟ بێگومان هۆیەکانی ئەم پەرتبوونەی ئاراستەی دواندن و ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەستەی لەنێوان تاك بەیتی یەکەم و دووەمدا هەیە، هەموو گوتارێك لە خوێندنەوەدا بە ئاراستەی «ئەوانی دی» دەنووسرێتەوە، بەڵام شاعیر لە پەرتبوونی دەروونیدا دەژی. لە هەڵچوون و جۆش سەندندا دەژی ئەمەی وای کردووە ئاراستەی گوتارەکەی بەپێی ئەو بارە دەروونییە بنووسێتەوە. بەڵام ئەم گوتارە لەو بەیتانەدا سیفەتی ڕستەی وەسفی دەگرنەخۆ کە بناغەکەی لەسەر دواندن داڕێژراوە، کە دەڵیّ «وەك بولبول» شاعیر زیاتر گوتاری ناخەکی بنیات دەنیّ، نەك گوتاری تەواوی ئاخاوتن لەگەڵ ئەوی تر، گوتار لە خودەوە

بەرەو خود چەکەرە دەکا و ئەوسا بەرەو ئەوانی تر دەچێ. بزربوونی ئاراستەکانی گوتار ڕەگی خۆی لە گەڕەلاوژەی دەروونی و تەوژمی هەستە ماتبووەکان هەیە و دەکەوێتە جوولەوە. ئەگەر بێتو هەموو گوتارێکی «من بۆ من» نەگاتە ئاستی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و دوای ئەمەش نەگاتە قاڵبی کامڵی خۆی لە دواندندا ئەوا مەرج نییە ئەو گوتارە سیفەتی ڕاگەیاندنێکی کامڵ بگرێتە خۆی بەو پێیەی سیفەتی بنەڕەتیی گوتار لە ڕاگەیاندندا بانگهێشتکردنە بۆ «داخوازی، ڕەتکردنەوە، ڕەزامەندی»... تاد.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەحوی لەم هۆنراوەیەدا ئاستەکانی ئاراستەی گوتار لە سیفەتەکانی شێوەی گوتارە شیعرییەکان جۆراوجۆر دەکا، بەمەش هیچ گوتارێکی شیعری بناغەدار بە (من- ئەوان)

ناکاتە قاڵبی کامڵی خۆی ئەگەر بێتو مۆرکی ئەو گوتارە بە شێوەیەکی گەورە لە زاتەوە ڕاگەیاندنی خۆی بەرەو ئەوانی تر نەکاتەوەو پەیوەستێکی سۆزاویی لەگەڵ ئەوانی دیدا بنیات نەبێ، کە لە توانایدا بێ ئەو هاوئاستییە هاوتاکەرانەی بنیاتنانی گوتاری شیعری نەهێنێتە کایەوە. بێگومان مەحوی جودا لە زۆر لە شاعیرانی تری کلاسیکی مەودایەکی «مەعریفی ، زمانەوانی»ی هاوبەش بە شیعرەکانی دەبەخشێ. ئەوەش وا دەکا کاریگەریی جیهانی بابەتی بە زەقی کاریگەری بکاتە سەر ئەو گوتارە ، لە هەر بەیتێکدا گوتاری شیعری گیانی «ڕاگەیاندنێکی دوو سەرە» ی گوتار دەکەوێتە بەرچاومان، کە لە بەیتێکەوە بۆ بەیتێکی تر، دەربڕین لە بارێکی دەروونی جیاواز دەکا، پەیوەست بە شێوازەکانی دەبڕینی شیعرییەوە:

١- وەك بولبول ـــــ گوتاری تراژیدی ـــــ (من -تۆ -ئەوان)

٢- خۆشە بەیادی ـــــ گوتاری درامی ـــــ (من- تۆ-ئەوان)

٣- شیعرێکی پێ لە ـــــ گوتاری مەلحەمی ـــــ (من-تۆ - ئەوان)

لەو جیهانە بەر بڵاوەی نهێنییەکانی شاعیرێکی گرفتارو پڕ باوەڕ، لەوپەڕی یەقینە ناکامڵەکانی زاتەوە، شاعیر بەنێو ئەو نهێنیانەدا شۆڕ دەبێتەوە، بەنێو قووڵاییەکاندا خۆی بزر دەکا، فەنابوون دەربڕینکردنە لە گومڕایی و گرفتارییەکی زات، دەربڕین کردنە لەم دابەشبوونە سارێژنەکراوەی زات. ئەمەش سیفەتی حەلاجێکی کوردی بە مەحوی ببەخشێ، کە لە سۆفیگەریدا ئەوەندە جورئەتە بەکار دەخات لە ڕاگەیاندنی نهێنییە گەورەکان کە زاتێکی تەلیسمداریشی لەبەردەمدا دەنووشتێتەوە...

## بەشی پێنجەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# شیعری نوێی کوردی

**تراژیدیای بێهوودەیی لە شکستی هاووێنەییدا**

١- پایز! پایز!

٢- بووکی پرچ زەرد

٣- من مات تۆ زیز

٤- هەردوو هاودەرد

٥- من فرمێسکم تۆ بارانت

٦- من هەناسەم، تۆ بای ساردت

٧- من خەم، تۆ هەوری گریانت

٨- دوایی نایێ دادم، دادت

٩- هەرگین، هەرگیز

١٠- پایز پایز

١١- پایز! پایز!

١٢- شان و مل ڕووت

١٣- من مات، تۆ زیز

١٤- هەردووکمان جووت

١٥- هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

١٦- ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین

١٧- پۆلی باڵدار ئەفڕی بگرین

١٨- بگرین... بگرین... چاومان نەسڕین

١٩- هەرگیز، هەرگیز

٢٠- پایز! پایز!

دەقی پایز، یەکێکە لە شیعرە زۆر بەناوبانگەکانی گۆران و زیاتر لە زۆرینەی شیعرەکانی گفتوگۆی جیاواز و هەندێك جار دژ بەیەکیشی لەسەر کراوە، ئەوەی زیاتریش وای کردووە، ئەو لێکۆڵینەوە یا نووسینانەی لەسەر ئەم شیعرە نووسراون، بزربوونی دەوری هێما و وشە لێکدراو و زاراوەبەندییە، هەروەك چۆن ڕوونی و ڕەوانیی ڕستەکان و ماناکانی ڕستەیە لە شیعرەکەدا. هەر ئەمەش وای کردووە هەندێك لەو نووسەرانەی لەسەر جیهانبینی یا ماناکانی دەقی پایز نووسیویانە، پاش ماوەیەك باس لە نەبوونی جیهانبینی شیعری بکەن لە لای گۆران. ئەم هەوڵانەش لە پێگەیەکی دەروونی–ئایدۆلۆژییەوە دەکران و نەیانتوانیوە خۆیان لە قەرەی پێکهاتی زمانەوانی و دەلالەتی وشە بدەن لە شیعرەکەدا.

هەر ئەمەش ئەو هۆکارە زۆر گرنگە بوو کەوای لێم کرد لە هەردوو ئاستی شێوە و مانای وشە و پێکهاتەکانی ڕستەوە ئەم شیکردنەوە زمانەوانییە لە سەر دەقی پایز بنووسمەوە، هەروەها پرسیاری ئەوەش بکەم بۆچی ئەم شیعرە زیاتر لە هەموو شیعرەکانی گۆران ئەم دژ بەیەکییەی لە لای نووسەراندا دروست کردووە. مەبەستیش گەڕان نییە بەدوای ئەوەدا کە دەبووایە ئەو نووسینانە لە یەك نزیك بوونایە، بەڵکو مەبەست ڕوونکردنەوەی هەندێك گۆشە نیگای شێوەیی و زمانەوانییە کە بەسەر ئەو نووسینانەدا تێ پەڕیون و نهێنییەکانی شیعری پایز دەنوێنن. هەروەك پرسیاری ئەوەی دەبێ شاعیر مەبەستی دروستکردنی خوێندنەوەی جیاوازبێ بۆ شیعر، یان ئەو تەنیا لەیەك گۆشە نیگای ماناوە ئەو شیعرەی نووسیوە و دەقی پایزیش تەنیا هەر یەك مانا هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هیچ شێواز و هیچ جۆرە زمانێکی گرێداری نەخوڵقاندووە. بەڕادەیەك لە خوێندنەوەی پایز هەست دەکەی شیعر ڕووبارێکی ڕوون و بێگەردە و هەموو قووڵاییەکانی خۆی واڵاکردووە، تەنیا لە خوڵقاندنی وێنە بەراوردکارەکانیدا ئەو هەموو لێکحاڵێنەبوونەی دروست کردووە.

مەبەست گەڕانە بەدوای ساتەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەت و هۆکارە زمانەوانییەکانی ساتی نووسینی شیعر. بەو پێیەی هەموو دەقێك لە جیهانبینی خۆیەوە پانتاییەك لە ماناکانی خۆی دەخاتە کاری خوێندنەوەی ئێمەوە و هەموو دەقێکیش خوێندنەوەی دوای خوێندنەوەکانی بخولقێنێ. دەقێکی بنیاتداری بەدەسەڵاتە کە تا ئەودیوی مانای ئاسایی و بەکارهێنانی ئاسایی وشە بەزەینماندا ڕۆدەچی. جگە لەوەی ئەم دەقە هەروەك هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی گۆران پەیوەستە بەشێوە

جوانکارییەکانی زمانەوە لە پێکهاتی گشتیی بنیاتی دەق و دیاریکردنی دەورە ڕاستەقینەکانی ماناکانی وشە و چۆنێتیی ڕێکخستنیان، تا لەوێوە بە جیهانێکدا شۆڕبینەوە کە جیهانی ڕاستەقینە و خەفە و بزر و دەست لێنەدراوی شاعیرە، ئەو جیهانەی بنیاتێکی کۆتایی دەنوێنێ، لەنێو هۆکارەکانی ساتەکانی نووسین و چۆنێتیی بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنە جیاوازەکانی ڕستە و چۆنێتیی دروستبوونی گوتاری شیعری و جوانکارییەکانی، تا بگەینە سنوورێك لە شیکردنەوە کە کرۆکی توانا زمانەوانی و جوانکارییەکانی شێوەی شیعریی گۆران بنوێنێ، ئەم کردارەی خوێندنەوەش هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لەو ڕەگەزانە.

لەو باوەڕەوە کە هەموو دەقێك بنیاتێك، تەنیا بنیاتێك لە مانا هەڵدەگرێ و مردنی زمان لە کۆتایی پێگەیاندنی دەقدا، تەنیا تاقەوێنەیەك بۆ مانا لە خوێندنەوەی دەقدا لە زەینمان جێ دێڵێ.

هەموو دەقێکیش ساتەکانی بەهێزی و لاوازیی خۆی لە خۆیدا هەڵدەگرێ.

بەو مانایەی کاتێك وێنەیەك لە وێنەکانی دەق ناوکی بنیاتی کامڵی دەق دەنوێنێ کە دەشێ تاقە وشەیەك بێ و وەك مرواری بدرەوشێتەوە، یانی لە بەهێزترین دەقدا تەنیا وێنەیەك، ڕستەیەك، وشەیەك وەك ناوکی بێ ئاگاییەکی نووسەر لە زماندا پەردە لەسەر بنیاتێکی بەهێز دەق لادەدا.

**دەقی هەڵوەشاوە و تێکهەڵکێشراو**

یەکێك لە نهێنییە هەرە شاراوەکانی دەقی پاین، پێکهاتی شێوەیی چۆنییەتیی ڕێکخستنی ڕستە و وشەکانی شیعرە.

ئەو ڕێکخستنەی چەند ئەگەرێکی خوێندنەوەی جیاواز لە دەقدا دەکاتەوە.

ئەمەش پاش ئەوەی ڕستەی جوولاوە و شوێنگۆڕ لە شیعردا دروست دەکا و بەڕادەیەك بتوانن بە چەند شێوەیەك زمانی دەق ڕێك بخەینەوە و ببنە ئاماژەیەك بۆ دەقێکی هەڵوەشاوە و تێکهەڵکێشراو لە خوێندنەوەدا.

هەروەها بەخشینمان بە چەند پاساوێکی جوانکاریی ڕەت نەکراوە لەو خوێندنەوە جیاوازانەی دەقدا.

گۆران بەشێوەیەکی سەیر زمانی بەکارهێناوە.

ئەو شێوەیەی توانا جوانکارییەکانی پێکهاتی ڕستەیی و بەدووی یەکداهاتنی ڕستەی دانەخراو دەنوێنێ.

سەرجەمی ڕستەکانی ئەم شیعرە (٢٠) ڕستەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕستەیەك سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە لە دەورەکانیدا، لەو کاتەی پەیوەستەکانی لە خوێندنەوەی جیاوازدا دەخاتە ڕوو، بەڵام لە بناغەوە ئەم ڕستانە دوو دەقی سەربەخۆیان لێ دروست دەبێ کە هەر دەقێکیان بنیاتێکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ و بە تێکهەڵکێش کردنیشیان هەردوو بنیات، یەك بنیاتی سەربەخۆ دروست دەکەن، هەر دەقێکیان تا سنوورێکی دیاریکراو لە مانا دەچێ و پێکەوەش دەگەنە پێکهێنانی سنوورێکی تر، ئەمەش هۆکاری جوانکاریی شێوەیی دەنوێنێ و چەندین پرسیاری جیاوازمان لەلادا دروست دەکات. ئەگەرچی پێکهاتی ڕستە و کۆپلەکان و چۆنێتیی بەدووی یەکدا هاتنیان لەیەك ڕێکخستنی زمانەوانیدا شوێنیان کراوەتەوە،

بەڵام لە گەوهەردا دەق ئەگەرەکانی هەڵوەشانەوەی جیاواز لە خۆیدا هەڵدەگرێ هەر ئەم ئەگەرەی جێگۆڕکێ و هەڵوەشانەوەی دەورەکانی ڕستەیە کەوا دەکا لێکچواندنێکی ڕستەوانیی تەواوکەری یەکتری، بەگۆڕینی شوێنی ڕستەکان ببەخشین بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر بنیاتی سەرەکیی زمانی دەق و ماناکانی دەق کە شاعیر وەك تەکنیکێکی زمانەوانی و شێوەیی جوانکاریی زۆر تەبا و گونجاو. ئەم هونەرە لە زماندا بکاتەوە.

ئەگەر بێتو بنیاتی زمانەوانیی دەق لەلایەنی جوانکارییەوە لە یەکێتیی ماناکانی ڕستە و ماقووڵییەتی شوێنی ئەو مانایانەوە بێ.

ئەوا تووشی سەرسوڕمان دەبین بەوەی ئەم دەقە دەشێ بەچەند شێوەیەکی جیاواز بخوێنرێتەوە، نەك بە چەند شێوەیەك لە مانا.

دەقی پایز، یەکێتی مانا دەپارێزێ و سنوورێکی تۆکمە و بەهێزی بۆ مانا داناوە و بەرامبەر بەمەش هەموو سنوورەکانی خوێندنەوەی شێوەیی شیعری بەکراوەیی و واڵایی هێشتووەتەوە.

کاتێك ئەو مافە بە خوێنەر دەبەخشین، چۆنێتییەکی خوێندنەوەی لە لادا دروست بێ.

دەقی پایز لە قووڵایی جیهانە بابەتییەکەیدا ئەگەری دووسەرەیی شێوە و مانا هەڵدەگرێ.

لە لایەکیانەوە پاساوەکانی هەڵوەشانەوە مسۆگەر دەکاو لە لایەکی ترەوە یەکگرتنەوەیەکی بابەتییانە دەکاتە تەباییەکی تری یەکێتیی بابەتی.

ئەم نهێنییەی دەق لەم خوێندنەوە جیاوازەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

١- پایز! پایز!

١٢- شان و مل ڕووت.

٢- بووکی پرچ زەرد.

١٣- من مات و تۆ زیز.

١٤- هەردووکمان جووت.

٤- هەردوو هاودەرد.

١٥- هەر چەند گوڵ سیس ئەبیٚ بگرین.

٥- من فرمیٚسکم تۆ باران.

١٦- ئاڵتوونی دار ئەڕژیٚ بگرین.

٦- من هەناسەم تۆ بای ساردت.

١٧- پۆلی باڵدار ئەفڕیٚ بگرین.

٧- من خەم تۆ هەوری گریانت.

١٨- بگرین بگرین چاومان نەسڕین.

٨- دوایی نایێ دادم دادت.

١٩- هەرگیز هەرگیز.

٢٠- پایز پایز.

لە پێناوی پاراستنی ماقووڵییەتی ئەم خوێندنەوە جیاوازەدا، شاعیر لە کێشی شیعرەکەشدا لە بڕگەکانی یا کێشی (٤-٨) دەرنەچووەو کێش و بڕگەی لەوە گەورەتر یا بچووکتری بەکار نەهێناوە.

هەموو ڕستەکان لە کێشی پەنجەییدا هەر لە خولگەی (٤ بە ٨)ن، هەروەك چۆن شاعیر لە لایەنێکی ترەوە هەوڵی داوە یەکێتییەکی سەروا، یا یەکێتییەکی گونجاوی ئاواز و ئیقاعی شیعریی دیاریکراوی سەپاندووەتە سەر چۆنێتیی بە دووی یەکدا هاتنی ڕستەکان، گەمەی بناغەیی لە پاراستنی ئەو ئاوازکارییە.

بەکارخستنی هەمان ئیقاعی پیتەکان و گۆڕینی شوێنیانە لە هەردوو بەشی دەقدا.

بڕوانە ئەم گونجان و تەباییەی پیتەکان، ئەو پیتانەی کۆتاییەکانی وشەن و وەك سەروایەکی پەرشوبڵاو بەکار هێنراون.



لێرەدا بە ئاشکرا دیارە تەباییەکی هەڵنەوەشاوە لە ڕێکخستنی پیتەکاندا هەیە کە بەم شێوەیەیە:

١- هەموو (ز)ێك پیتێکی (ز)ی بەرامبەرە.

٢- هەموو (د)ێك پیتێکی (ت)ی بەرامبەرە.

٣- هەموو (ت)ێك پیتێکی (ن)ی بەرامبەرە.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو خشتەیە بدەین، پیتەکان پیتی لێکچوێندراوی نەگۆڕیان لەگەڵدایە کە بەگۆڕینی شوێنی ڕستەکان و یەکخستنەوەیان لەیەك دەقی تێکهەڵکێشدا، ئەم پێوەندییانەی پیت بەیەکەوە گۆڕانیان بەسەردا دێ و ڕێکخستنێکی تر دەگرنە خۆیان.

ئەگەر بێتو هەردوو دەقی لێکدابڕاو لێك بچوێنینەوە، دەبینین ماناکانیان لە شێوەی بە دووی یەکدا هاتن و تەباییدا یەك دەگرنەوە و ڕێکخستنێکی تری مانامان بۆ دەکەوێتە ڕوو.

بەبێ ئەوەی لەنگییەك یا بەرەواژییەك بکەوێتە نێوان ماناکانی ڕستەکانەوە و بەپێی ئەم بەدووی یەکدا هاتنە، گونجاوانەش هەموو ڕستەکانی دەقی خوارەوە دەکەوێتە سەرەوەی ڕستەکانی سەرەوەتر، لەپاش و پێش کردندا، تەنیا ڕستەکانی (پایز! پایز) و (من و تۆ زیز) و (هەرگیز، هەرگیز) نەبێ کە تەواو گونجاو و تەبان بۆ کورتکردنەوە و دووبارە نەبوونەوەیان، ئەوا پاش ئەم کردارە زمانەوانییە هەموو ڕستەکان بەتەواوی شوێنی خۆیان لە شیعردا دەگرن و لەم کردارەدا ئەوە ڕوونە کە گۆڕان هەروەك چۆن پاساوەکانی لێکدابڕانی شیعر لە دووبەشدا واقیعی و سنووردار دەکا، هەروەها پاساوەکانی یەکگرتنەوەی دوو کۆپلەکەش واقیعی و سنووردار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەتاقە وشەیەکی بناغەیی هەردوو دەقی تێکهەڵکێشراو لەیەك جودا دەکاتەوە. هەروەها یەکگرتنەوەی ئەو وشەیەش لەگەڵ وشەی سەرەتای شیعرەکە دەبێتە کارێکی ماقووڵ و

گونجاو، ئەو دوو وشەیەی کە سنووری جیا بوونەوە و تێکەڵبوونەوە دەنوێنن «هاودەرد و هاوجووت»ن.

ئاشکرایە گۆڕان یەکێتی زمانەوانی و شوێنی ڕستەکان تێك دەدات، کاتێك ئەگەرێکی لەم بابەتە بۆ خوێندنەوە مسۆگەر دەکا.

بەڕای من ئەمە جۆرە بەکارهێنانێکی دیاریکراوی شێوەییە و هیچ پێوەندییەکی نییە نەبەو سەقامگیرییەی کە لە مانادا هەیە لە کاتی یەك دەقی و نە جیابوونەوەی دەق لە یەکتر لە شێوازی داڕشتنی ڕستەکاندا.

لە ڕاستیدا ئەو دوو حاڵەتە لە پێکهاتی بنیاتگەرییانەی زمانداو خوڵقاندنی گۆڕانکارییەکانی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانە، ئەو ئەگەرێك دەخاتە زمانەوە کە دەتوانین بە هۆیەوە دەق هەڵوەشێنینەوە و حسێبی وردەکاریی زۆری کردووە بۆ سەرخستنی ئەم کارەی، بۆ نموونە بناغەی بنەڕەتی کێش (٤-٨)ە و هەموو شیعرەکەی لەسەر هەڵنراوە.

ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاو، دەق بە پایز دەست پێ دەکا و بە «هەرگیز هەرگیز» کۆتایی دێ و ئەگەر سەرنج بدەینە لایەنی سەرژمێریکردنی دەنگەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە «١٥» ڕستەی یەکەم ژمارەی دەنگە پەنجەییەکانی «٥٦» یەکەی دەنگن. ئەگەر بەشی دووەمی شیعرەکەش دەنگەکانی بژمێرین دەبینین بەهەمان شێوە «٥٦» دەنگن.

ئەمەش دەلالەتێکە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی سەربەخۆیی هەر بەشێك لە شیعرەکە و دەربڕینکردنێك لە جوانکاریی دەنگەکانی شیعر.

هەروەك چۆن لە لێکچواندنەوە و تێکهەڵکێشکردنی ڕستەکاندا دەبینین «١٠» ڕستەی یەکەم لەگەڵ «١٠» ڕستەی دووەم، کاتێك بەرەو یەك دەبنەوە، هەمان ژمارەی دەنگ پێك دەهێنن کە ئەمەش نواندنی یەکێتییەکی ئەگەرییە لە خوێندنەوەی شیعرەکە بەو جۆرەی باسمان لێوە کرد، ئەو زۆر بە تواناوە دەقێکی فرە خوێندنەوە دەخوڵقێنێ و سوود لە شێوە و زمان وەردەگرێ.

دەقی پایز، لە قووڵایی جیهانە بابەتییەکەیدا ئەگەری دوو سەرەیی شێوە و مانا دەخاتە شیعرەوە، لە لایەکیانەوە پاساوەکانی هەڵوەشانەوە مسۆگەر دەکا و لە لایەکی ترەوە یەکگرتنەوەیەکی بابەتییانە دەکاتە تەباییەکی نهێنی، پایز، دەربڕین لە دەسەڵاتی

شێوەیی خۆی دەکا بەبێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بەسەر ماناکانی دەقدا زاڵ بکا و ماناش هەروەك شێوە، دەسەڵاتی خۆی لە دەقدا مسۆگەر دەکا. بەمەش گۆران هاوکێشەیەکی نوێ بەبەکارخستنی وشە و دەورەکانی وشە دەبەخشێ لە شیعردا.

هەر لە پێناوی پاراستنی ئەم هاوکێشە شێوەیی جوانکارییە.

شاعیر دوو سنووری وشەبەندی لەنێوان «١٠» ڕستەی یەکەم، بە مانای دەقی یەکەم و «١٠» ڕستەی دوایی بەمانای دەقی دووەم دادەنێ. ئەو سنوورانەی کە وادەکەن هەربەشە و تەواوکەری خۆی بێ لە مانادا و هەر «١٠» ڕستە و وشەیەکی ناوەندیی خۆی هەیە و لەوی دیکەیان جودا دەکاتەوە.

پەیوەستی نێوان شاعیر و سروشت یا بڵێین پایز و لە (١٠) ڕستەی یەکەم لە سنووری «هاودەرد»ییە، کە هەردوو کەسایەتیی شاعیر و پایز دەخاتە یەك خانەی وەسفەکانەوە، مانای ناوەندیی نۆ ڕستەی دووەم وشەی «جووت»بوونە، کە گۆڕنێك، شێوە گۆڕینێکی تەواو بە ماناو کەسایەتی دەبەخشێ.

لە پێوەندیی هاودەردیی شاعیر لەگەڵ کەسایەتیی پایزدا و پێوەندییەکە هەر دوو کەسایەتی دەربڕین لە تەواوی بوونی خۆیان دەکەن، وەك دوو بوون یا دوو کەسی سەربەخۆ، ماناکانی شاعیر و سروشت و پێوەندییان بە سیفەتەکانەوە، مانایەکن لە سروشتێکی دیاریکراوی ڕستەبەندیدا شوێنیان کراوەتەوە، کەچی ماناکانی «جووت» بوون، لە نێوانی کەسایەتیی شاعیر و پایز، ئەو سنوورەی یەکەم مانا تێپەر دەکا و بەرەو ئەودیوی واقیعە ئاساییەکانی سروشتیان دەبا.

بەو پێیە لە هاودەردیدا وەسفەکان دەچنەوە سەر کەسایەتیی دیاریکراوی خۆیان، بەڵام لە «جووت»بوونیدا، وەسفەکان دەبڕین لە تێکەڵی و هاوبەشی و نەهێشتنی دیوارەکانی نێوان دوو کەسایەتییە.

هاودەردی ڕێگە لە تێکەڵییەکی جەستەیی و گیانی دەکا لە نێوانی دوو بووندا، کەچی «جووت»بوون ڕاستەوخۆیی لە تێکەڵییەکی جەستەیی و دەربڕین لەو جوانکارییانەی بەکارهێنانی وشە دەکا کە خوێندنەوەی جۆراوجۆر لەبەردەم خوێنەر دەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا نهێنیی جیهانی بابەتیی دەقی پایز لە خۆیدا هەڵدەگرێ لە چۆنێتیی خوێندنەوەی زمان و ئەگەرەکانی خوێندنەوەی جیاواز. ئەمەش ئەگەری خوێندنەوەی بابەتییانە نییە، وەك تاقە کردارێك بۆ خوێندنەوە بەقەد ئەوەی ئەگەری خوێندنەوەی

شێواز و جوانکارییەکانیەتی. لەو کاتەی بەدۆزینەوەی ئەو ئەگەرانە لە خوێندنەوەدا هەست دەکەی تۆ لە سنوورێکەوە دەچیتە سنوورێکی تر و لە مانایەکی ناوەندییەوە دەچیتە ناوەندێکی تر.

لە ئەگەری یەکەمدا دەچیتە جیهانێکی بابەتی و شێوەییەوە کە ڕەگەزەکانی زمان و مانا دیارن، لە ئەگەری دووەمدا بەهەمان شێوە، کۆمەڵە وەسف و وشەیەك سنوورێکی تر بەمانا و شێوە دەبەخشن.

لە ئەگەری سێیەمدا کە ڕستەکان تێکهەڵکێش دەکەیتەوە.

لەیەك خوێندنەوەی کامڵ و گەییوو نەگۆڕاودا، هەریەکە لەوسێ خوێندنەوەیەی کە لە دەرەوەی خوێندنەوەی ئاسایی و نووسراوی ئاسایی دەقەکەدان، ئەو بنیاتانە دەنوێنن کە وەك جیهانێکی ڕووکەش پەردە پۆشیی بنیاتی پەیوەستە زمانەوانی و جوانکارییەکانی دەق دەکەن، بەمەش گۆران چوار خوێندنەوە لە «٢٠» ڕستەی شیعرێکدا دەخولقێنێ.

هەردوو گریمان لێکجیابوونەوە و پێکگەیشتنەوە، هەردوو گریمانی تێکەڵکردنەوە و لێکهەڵوەشانەوە، سەنعەتی جوانکاریی دەقن و تەنیا لە خوێندنەوە جیاوازەکانی دەقدا دەورەکانیان دەبینن کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

١- خوێندنەوەی ئاسایی دەق ← دوو سنووری شێوە و مانا ← ئەگەری پێکگەیشتنەوە.

٢- خوێندنەوەی دەقی یەکەم «١٠» ڕستەیی (١) ← تەنیا سنوورێك بۆ مانا ← ئەگەری دابڕان و سنووربەندی.

٣- خوێندنەوەی دەقی دووەم «١٠» ڕستەیی (٢) ← سنوورێکی تر بۆ مانا ← ئەگەری دابڕانێکی جیا لە یەکەم.

٤- خوێندنەوەی دەقی تێکهەڵکێش ← تێکدانی سنوورەکان ← ئەگەری لابردنی هەڵوەشانەوە.

پەیوەست بەوشە ناوەندییەکانی ماناوە دەق، بەم شێوەیە دەربڕین لە ئەگەرەکانی خوێندنەوەی خۆی دەکا:

| | | |
|---|---|---|
| ١– خوێندنەوەی ئاسایی ← | هـاودەرد– جووت / ناوکی دەق | تەواوکردن |
| ٢– خوێندنەوەی هەڵوەشاوە ← | هـاودەرد– جووت / هـاودەرد– جووت | سنووربەندی |
| ٣– خوێندنەوەی هەڵوەشاوەی دووەم ← | جووت / ناوکی دەق | سنووری دیکە بۆ مانا |
| ٤– خوێندنەوەی تێکهەڵکێشی ← | هەردوو(هاوردە–جووت) / ناوکی دەق | لابردنی سنورەنکی |

شاعیر لە ئەفسانەیەك لە یۆتۆپیایەکی برزی خوێندنەوە، زمانی دەقێکمان بۆ دەخاتە گریمانی جۆراوجۆرەوە، کە یادەوەریی خۆی لە چۆنێتیی دابەشبوونەکانی مانا و یەکگرتنەوەیان، لە چۆنێتیی دروستبوونی شێوە و دابەشبوونەکانی دەپارێزێ. ئەمەش دەستدرێژکردنێکە بۆ چێژ و بەرهەمی خوێندنەوە. کەواتە دەبێ لەم خوێندنەوە بەرهەمهێنەدا باوەڕمان وابێ، شیعر هەر وەك کارێکی زمانەوانی و شێوەیی، دەتوانێ دەربڕین لە دەسەڵاتی جیاوازی خۆی بکا بەسەر هێزە ماتبووەکانی ناوەوەی خۆی، هەروەکو چۆنیش ماناکانی دەق لە بارە ڕووکەشەکانیاندا دەربڕین لە دەسەڵاتی جیاوازی خۆیان دەکەن لە پێناوی بنیاتنانێکی تری زماندا.

شاعیر لە جیهانبینیی دەقدا، لە یەکەم ناساندن و پێناسەکانی خوددا هەروەك لەبارە ڕووکەشەکەی دەقدا دەردەکەوێ بەدوای هاووێنەیەکدا دەگەڕێ، ئەو هاووێنەیەی لە مرۆڤدا بوونی نییە و لە سروشتیشدا ئەو وێنەیە وێنەیەکی ناجێگیرە، شاعیر لە گەورەترین بێ ئومێد بوونی تەباییە ناخەکی و شێوەییەکانی بە ئەندێشە بووندا دەژیێ.

بێ ئومێدیی گۆران بێ ئومێدییەك نییە بەرەو زمانێکی ڕۆژانەی بەرێ، وردەکاری و جوانکارییە شێوەییەکانی سەرجەمی ڕستەکانی شیعرەکە دەربڕین لە زمانێکی خوڵقێندراوی وا دەکەن کە لەگەڵ ناونان و سیفەت بەخشینەکاندا وردە درەوشانەوەکانی مانا دەنوێنن.

وشەی «پایز»، هاوشێوەیەکی مرۆییە لەوکاتەی مرۆی شاعیریش لەپێستی خۆی دەردەچێتە دەرەوە و مانایەك بەرجەستە دەکا کە تاڕادەیەك بێهوودەییەکی تەواو لەگەڵ وێنەکانی دەقداو بنیاتە سەرەکییەکەیدا بەنێو زماندا ڕۆدەچێ، ئەمەش تەنیا حاڵەتێکی تراژیدییە، لە چەند سەرێکەوە گونجانی ڕستە و وێنەکان بەرهەم دێنێ.

پایز چیتر وەرزێك نییە كە هاوین سەرەتاكەی بێ و زستان كۆتاییەكەی بێ، پایز بكوژی هەموو جوانییەكانی بوون و مانەوە و هیوا بەخشەكانە، پایز گریانێكە، فرمێسكێكە بۆ چارەنووسێكی ڕەت نەكراوە و سەقامگیر و بازنەیی، ئاماژەیەكە بۆ هەموو ئەو ئازارانەی دەیانناسین و لە ناخماندا دەژین و ناتوانین تێپەڕیان بكەین. پایز ڕاڤەكردنی ئەو مردنەیە كە تەنیا كردارێك لە بووندا دەنوێنێ كە ئەویش بزربوونی پەیوەستە تەباو هیوا بەخش و چێژ بەخشەكانی مرۆڤە بە بوونەوە.

شاعیر یا كەسی خاوەن گوتار، چیتر گۆران–ی شاعیر نییە كە بە دووی وشەی پڕ لە حیكمەت و پەند و ئیدیۆمی ڕازاوەی زمانەوانی و ڕستەسازیدا ماناكانی خۆی یا وەسفێك بۆ خۆی كەمڵ بكا، ئەو بە ئاقارێكدا دەڕوا كە پڕە لە شكستیی ئەزموونەكانی ژیان، نووسینەوەی شیعر و ساتەكانی، دوای ڕەشەبا كاولكارییەكانی بوونە شاعیر كەسێكە لەنێوان وەرزەكانی مردن و تەنیایی و خەمدا بیر دەكاتەوە، ئەو بۆ خۆی لە هەموو پێوەندییەكی مرۆیی باو جیا دەكاتەوە و بەدوای پێوەندییەكی نەزانراو و شێوەگۆڕ و مانا گۆڕی تردا دەگەڕێ.

ئەویش بەخۆ دابڕاندنی لەو ژیانەی پەیوەستەكانی ئەو دەنوێنن بە وانی تر و خەڵكانی ترەوە. پایز وەرزێك نییە كە جوانییەكان لەناو دەبا، تەنیایی و دابڕان دەنوێنێ و سەوزایی وشك دەكاتەوە، پایز بووكێكی نائومێدی زەوییەكی نەناسراوە.

شاعیریش هاووێنە و هاوشێوەی خۆی لەم زەمینە بزر كردووە، هەڵبژاردنی وشەی «بووك» پەردەپۆشییەكی شێوەگۆڕ نییە، لە پشتەوەی زمانی ئاخاوتنی نووسەردا و لە پشتەوەی ڕستەبەندییە والاكان، هەروەك لەو كاتەی دەڵێ «هەردووكمان جووت» هەروەها «هەردوو هاودەرد» بە زمانێكی تر بیركردنەوەمان بۆ وێنەی لاوێكی نائومێد دەچێ، كە تەنیا لە ساتەكانی مردن و فەنابووندا بژیێ.

شاعیر شێوەكانی وێنە بۆ پەردەپۆشیكردنی گوزارشتكردن لە خود بەكاردێنێ و بەمەش دەگاتە دوو ئاستی نموونەیی دەگمەن و تاكوتەرا لە كاری شیعریدا:

**١- وەسفەكانی خود بزرن لە شیعرەكەدا**

ئەو قەت وەك شاعیرە كلاسیكەكان وشەی «منی مرۆڤ- منی شاعیر» تەنانەت بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆش ناخاتە زمانی دەربڕینەوە وەك خودێك لە شوێن و كاتێكی دیاریكراودا دەربڕین لە پێوەندییە باوەكانی خۆی بكا.

ئەو لە هاووێنەبوونی خود لەگەڵ پایزدا، بە توندوتیژترین زمانی درامی و تراژیدی

دەربڕین لە کەسایەتییەکی نامۆ دەکات. ئەمەش گواستنەوەی وەسفەکانی خود و گەڕانێکە بەدوای ئەدگارەکانی خۆی لەوی تردا، ئەوی تر نواندنی تەنیا دیاردەیەکە و بەس، هیچ ئاخاوتنێکی هاوشێوەیی بە شاعیر نابەخشێ، ئەوی تر هەروەك ئەو ناوەندێکی یا ڕووبەرێکی ئەندێشە و داخوازییەکانی ئەمە.

شاعیر لە تاك مانایی ڕستە و لە پێناوی یەکێتیی مانادا وشە نانووسێتەوە، یا ڕێکخستن بە وشە نابەخشێ، بەڵکو سنوور و دەورەکانیان دەنووسێتەوە، ئەو هەر تەنیا لەو نموونە کردارەی هاوشێوەیی وەسفدا وێنەی تر بۆ هەردوو بوون دەدۆزێتەوە. بەمەش هاوشێوەیی ناجەستەیی و ناماقووڵ تەنیا لە خوڵقاندنی توانا و دەسەڵاتی بەخشینی کۆمەڵە سیفەتێکە بەدیاردەیەکی دەرەکیی مرۆڤ. ئەوەش زیاتر سیفەتی نائاسایی بەم کردارە دەبەخشێ، چوونەوە سەری جوانکارییەکی خەماوییە لە تراژیدیادا، چونکە جوانکاری و ساتە بە وێنە کراوەکانی پایز، جوانییەکن بە فرمێسکی دابڕان و گریان و «قەدەریەت»دا سەپێنراون.

ئەمەش ترۆپکی گەڕانەوەی زمانە لە دۆزینەوەی بێهوودەییبوونی پێوەندیی جەستەیی بە ژیانەوە، هەرچەندە ئەو ژیانە لە ساتێکی کاتیشدا بەهەموو جوانییەك شکۆدار کرابێ.

شاعیر بوون ڕەت ناکاتەوە لەو بارەی کە دەربڕین لە مانەوەیەك دەکەن، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەتکردنەوەی ئەو بزربوونەیە لە جوانی و مانەوە. چونکە بێهوودەیی ئەگەرچی بەهەموو جوانییەك شکۆدار کرابێ، بەڵام هیچ داکۆکی لێکردنێکی ڕەوشتی و تەنانەت هیچ بەناوەندی کردنێکی بوونی نموونەیی لە هۆنراوەکەدا نییە.

هیچ گەشانەوە و ساتەکانی کامەرانی بوونیان نییە، تەنیا بوونێك کە دەستە باڵایە، بوونی حوکمێکی هەمیشەیی و هەڵنەوەشاوەو نەگۆڕە لە واقیعێکدا کە لە توانای هیچ هێزێکدا نییە بیگۆڕێ «هەرگیز، هەرگیز» شیعری خۆدانە دەستەوەی زاتە لەو ئەندێشە جێگرەوە پەیوەستدارەی دەگاتە ئاستێکی کۆتاییپێهاتوو لە هەموو ماناکانی بیر و چاوەڕوانی.

شیعر بە ئاشکرا هەموو چاوەڕوانییەك ڕەت دەکاتەوە، کە ئەمەش ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو هیوایانەیە کە دەشێ بەچاوێکی ترەوە بڕوانینە دیاردەکان، لە هەمان کاتیشدا لێکدانەوەیەکی یا ئەندێشەیەك بۆ بەرجەستەکردنی چارەنووسێکی بڕیار لەسەردراو و نەگۆڕ، بۆ دیاردەیەکی دووبارەوە بووی سەر ئەم زەمینە کە لە سروشتی مرۆڤ و شتەکاندا، دەربڕین لە سەپاندنی تراژیدیاکان دەکا بەسەر ژیانەوە.

ژیان بەمانای خانەوادەیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت یادەوەرییەکی مێژوویش لە شیعردا بزرە، بەڵام دەبێ شاعیر چۆن ئەم دوو بنیاتە هاوشێوەییە لە بوون دەخاتەوە زمانەوە، بۆچی هۆکاری بوونی زات لە کات و شوێندا بزر دەبن و شێوەی دیاردەیی وەردەگرن؟!.

لێرەدا پرسیاری ساتی نووسینی شیعر یا کەسایەتی بەرهەمهێنانی زمان دێتە پێشەوە، ئاخۆ شیعر هەڵگری هیچ کەسایەتییەکە، ئاخۆ شاعیر چۆن دەیەوێ خاسییەتێك یا ناسینەوەیەك یا پێناسێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە؟! ئاخۆ وەك شاعیری بیرکەرەوە وەك مرۆڤێك وێنەی خۆی دەخاتە شیعرەوە؟! یان ئەو کردارە شیعرییانەی ئەفسانە ئەنجام دەدەن و بوونێك دەڕووخێنێ و بوونێکی تر قیت دەکاتەوە؟!.

شاعیر وەرزی پایز وەك وەرزێکی ڕووخێنەر نانوێنێ و دەوری کەسایەتیی ڕووخێنەر لە شیعردا بزرە، دەوری داسەپێنەری تراژیدیاکان بزرە.

پایز وەك دیاردەیەك لەو دەورانە کەوتووە، هەروەها شاعیریش لە دەورەکانی خۆی وەك مرۆڤێکی ئاسایی کە هەڵگری بوونی ئاسایی خۆی بێ لە شیعردا بزرە، پایز، لە ژێر قەدەری داسەپاندنەکانە، شاعیریش لە ژێر هەمان داسەپاندندایە، پایز، وەرزێکی کۆچکردنی باڵندەکانە، پایز، وەرزی مردنی ژیانە، پایز وەرزی نواندنی کۆتایی جوانییەکانە، بەڵام پایز لەو دەورانە دەرکراوە پایز «بووکێك»ە هاوشێوەی نییە، هاووێنەی نییە، ئەوە شاعیرە کە بێهوودەیی لە هەموو هاووێنەبوونێکی خۆی لەگەڵ پایزدا دادەڕێژێتەوە، پایز درێژبوونەوە و دووبارە بوونەوەیەکی جاڕسکەر و بێهوودەی دەسەڵاتێکی بزرە، هەروك چۆن درێژبوونەوەی کەسایەتیی شاعیر لە نواندنی زاتدا درێژبوونەوەیەکی بێ کۆتایی و بێهوودەیی پڕ لە نامۆیی و پڕ لە تەنیاییە. ئەمەیە ئەو جیهانە بابەتییە قووڵەی کە فەلسەفەی شیعر دەیەوێ سنوورەکانی بیرکردنەوە لە ئەندێشە، یا ئەندێشە لە بیردا بچەسپێنێ و بگاتە سنوورێك لە بیرکردنەوە کە ئیتر هیچ سنوورێکی تری لە پشتەوە نییە.

شاعیر، پایز «مەسخ» شێوەگۆڕ دەکا، خودی خۆشی شێوەگۆڕ دەکا. وەك هاوشێوەیەك دەڕوانێتە بوونی بەرامبەر «لەدەرەوەی دەق» تەنیا بۆ ئاماژە کردن دەڵێین سروشت و خاك و ئاسمانی کوردستان، گەورەترین وشەکانی شاعیریان داگیر کردووە، سروشت لە مرۆڤ زیاتر وشەکانی شاعیریان بەردەکەوێ».

لەڕاستیدا ئەم لێکچواندنانە لە ئەدەبی کلاسیکیی کوردیدا، بێ نموونە نین، بەتایبەتی لەلای ئەو شاعیرانەی کە ژیانێکی بێ کەسی و پەراگەندەییان بردووەتە سەر و لەو ژیانە تەنیاییەدا ئەو هەستەیان لە لادا بزر دەبێ کە دەشێ لێرە لەم زەمینە هاوشێوەییەکی خۆیان هەبێ و لێرە لەم زەمینە ئەویش خاوەنی یادەوەری و ژیانی تایبەتی پەیوەست بەوانی ترەوەی هەبێ، تەنیا ژیانێکی تایبەت دەرچوونە لەم بازنانە.

لەوانەیە گونجاوترین و پوختترین نزیکی لە شێوەی ئەم شیعرە شیعرێکی «فایەق بێکەس»ی شاعیرە کە دەڵێ: «ئەی مانگ من و تۆ هەردووك هاودەردین، هەردووك گرفتار یەك ئاهی سەردین، تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە، منیش دەربەدەر بە شارانەوە» لە دەرەوەی دەق وەك ئاماژەکردنێك بۆ ژیان جەنجاڵترین ژیان و سەرگەردانترین گێرەشێوێنیی ژیان لە ژیانی بێکەس–ی شاعیردا بەدی دەکەین. بەڵام بێکەس سنوورەکانی ژیانی خۆی و سروشتی دیاری کردووە. مانگ تەنیایە، دەشێ دەرکەوێ و دەرنەکەوێ. ئەویش تەنیاییە هیچ داڵدە و حەوانەوەیەکی بۆ نییە و ئەوانی تر ئەو دۆزەخەن کە دەیەوێ هەموو بارانەکانی ناخی بەسەریاندا بکا لەوکاتەدا کە خۆی لێیان دادەبڕێنێ، هەربۆیە لێرەدا بیرمان بۆ جیاکردنەوەی مرۆیانە و سروشتییانە دەبەین.

هەست بەوە دەکەین شاعیر بە هیچ شێوەیەك سنوورەکانی بەمرۆبوونی خۆی ون ناکاو هەر لە پێگەی بەمرۆبوونی خۆیەوە، دەڕوانێتە هاوشێوەی خۆی، لە لایەکی تریشەوە ئەو تێکەڵییەکی گیانی و جەستەیی ڕاناگەیەنێ، ئەو تەنیا هەر هاوشێوەیەك لەباری دابڕان و جیابوونەوە و هاوسۆزیدا بۆ خۆی دەبینێتەوە، ئەو تەنیا هەستێکی ڕۆمانسی بەرهەم دێنێ.

تێکەڵی شاعیر لەگەڵ پایزدا، تێکەڵییەکی گیانییە لەوکاتەی وەك یەکێتییەکی گیانی سیفەت بەخۆی و ئینجا بە پایز دەبەخشێ. یەکگرتنەوەی ئەو ڕێچکە سۆفیزمانە قووڵەیە کە دەچێتە دووتوێی ئەو سەرچاوە جێگیرەی مرۆڤ بەرەو یەکێتیی هەستەکانی دەبا لە بووندا. مرۆڤ هەمیشە لە ڕوانینی بۆ دەرەوەی خۆی هەرچەندە پراکتیکی ساتەکانی نامۆیی خۆی دەکا، هەروەها بەدوای گونجان و تەباییەکانی ناوەوەی خۆی دەبا لەیەك گۆشەنیگای دیاریکراوی خەوبینین بە ژیانەوە، خەوبینین لەو سروشتەی تەنیا لە ساتە تراژیدییەکانی وێنەکێشراوە.

گەڕان بەدووی ماناکانی ئەودیوی سروشت، ماناکانی زات، ماناکانی سروشت، بوون لەو حاڵەتە فانتازییەی کە تەنیا لەیەك گۆشەی بیرکردنەوەی ئەفسانەییدا دەڕوانیتە ژیان، تەنیا زمانێکی شاراوە و بزری دەقی پایز دەربڕین لە چەند مانایەکی جیاواز و پەرشی دەق دەکا کە لەو گۆشەنیگایە تاکەدا یەك دەگرنەوە.

ئەویش ڕەنگدانەوەی ماناکانی دەقە، ئەگەر لەو هاوسۆزییە جۆش سەندووە تراژیدیەی دەق، وردبینەوە دەبینین، دابڕانی گۆران لەوانی تر لەهەمان کاتدا دەربڕین لە بێ ئومێدییەکی گەورەی شاعیر دەکا لە خۆشەویستیدا، هەروەك ئەوەی ئەو لە خۆشەویستیدا نوشوستیی هێنابێ. هەر بۆیە گەڕانی ئەو بەدوای هاوشێوەیەکدا لە هەمان کاتدا دامەزراندنی یا بنیاتنانی پەیوەستێکی خۆشەویستییە، لەوکاتەدا ئەو شێوە گۆڕینە دەخاتە بیرکردنەوەی کاتێك لە نوشوستییەکی سۆزداری و هەستیاریدا دەژیێ.

لە حاڵەتێکدا کە وێنە هاوشێوە سۆزاوییەکانی خۆی لێ بزر دەبێ و شیعر هەروەك بلێی هۆکارێکی هەستیاریی بەرهەمهێنانی هاوسۆزیبوونی ناخە، کە پاش گەیشتن بەم کامڵبوونە ناخەکییە، ئیتر لە ترۆپکی پێگەیینی هەستەکانیدا دەژیێ. ئیتر یەکگرتنەوەی لەگەڵ ڕەگەزی هاوشێوەی بەرامبەردا یەکگرتنەوەیەکە کە هەموو کۆتاییەکانی خەون و هیواکان دەنوێنێ، دوو بوون لە کۆمەڵە سیفەتێکدا هاوبەش دەبن:

شاعیر ⟵ خەم ⟵ گریان ⟵ هەرگیز، هەرگیز

پایز ⟵ خەم ⟵ گریان ⟵ هەرگیز، هەرگیز

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم لێکچواندنانەی مانا بە ئاشکرا بەرزبوونەوەیەکی بەردەوام لە حاڵەتە مرۆیی و سروشتییەکاندا بەدی دەکەین، لەنێوانی یا لە چوارچێوەی (هاودەردی و هاوجووتی).

کە لە هاودەردیدا سنوورەکانی هەستی شاعیر لە (زیزبوون --- گریان --- بێ دادی) و ڕاڤە دەبێ، بەڵام لە «بێ دادی»دا هەست بە گواستنەوەیەکی ترسناکی بێ ئومێدی دەکەین، کە ئەوپەڕی بێ هیوایی شاعیر دەنوێنێ و دەستبەرداربوونی گۆران-ە بەیەکجارەکی لە سروشتی خۆی، مەبەست لە دەستبەرداربوون پچڕانی ژیان نییە لەگەڵ بووندا، بەقەد ئەوەی دابڕانە لە هەستەکانی ئەو خۆشەویستییەی بەرەو زەمینی ژیانێکی ئاساییمان دەبا.

هەر لێرەوە بێهوودەییەکی قووڵ ناخی شاعیر دەگرێتەوە کە دواسنووری ئەو بێهوودەییە گەیشتنی شاعیرە بەو باوەڕەی کە ئەو ئیتر لەژێر حوکمێکی بێ سنوور و

کۆتاییپێنەهاتوودا دەژیێ، هیچترووسکاییەك بۆ هیواکان لە بووندا نییە، لەڕاستیدا تەنانەت ئەو هاوشێوەبوونەشی لەگەڵ سروشتدا دادی نادەن، هەستی مردن، هەستکردن بە نەمان لەژێرەوەی هەموو وشەکاندا زیندووە، لە ژێر هەموو هەستەکاندا دەربڕین لەو کۆتاییە دەکا، مردن بەلاواندنەوە پەردەپۆشی کراوە، هەروەك بڵێی شاعیر مردن دەلاوێنێتەوە:

(١) گوڵ سیس ئەبێ بگرین.

(٢) ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین.

(٣) پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین.

ڕاڤەکردنی کرداری گریان هەروەك گریانی مرۆڤە بۆ مردنی ژیان، ژیانی ئازیزێك، ژیانی خۆشەویستێك.

گریان بۆ نەمانی ژیان.

(١) گوڵ سیس ئەبێ ⟵ بە قووڵییەوە دەربڕین لە مردن و جیابونەوە دەکا.

(٢) ئاڵتوونی دار ئەڕژێ ⟵ بە هەمان شێوە.

(٣) پۆلی باڵدار ئەفڕێ ⟵ بەهەمان شێوە.

بۆچی شاعیر لە نامۆییبوون و بێهوودەیی خۆیدا، تەنیا لە ساتەکانی مردندا دەژیێ؟

ئەگەر لە شێوازی بابەتییانەی ئاخاوتنی گۆران وردبینەوە ئەو لە «١٠» ڕستەی یەکەمدا تەنیا لە حاڵەتی وەسفەکاندا پایز دەدوێنێ کەچی لە «١٠» ڕستەی دوایی پاش لێکچواندنەکانی حاڵەتی بێهوودەیی خۆی داخوازی دەخاتە ئاخاوتنەوە، بەشێوەی ناڕاستەوخۆی فەرماندا، لە ڕاستیدا شاعیر «١٠» ڕستەی یەکەم وەك ڕێگەخۆشکردنێك بەکاردێنێ بۆ داخوازییە کۆتاییەکانی لێکچواندنی خۆی بە پایزەوە.

بەئاشکرا لێرەدا هەست بە دوو شێوازی جیاوازی ئاخاوتن دەکەین، لەمەشەوە ئەوە ڕوونە کە گۆران لە خولقاندنی هاوشێوەیەکی خۆیدا، خۆی لەبارێکدا دەبینێتەوە کە ئەو بەدوای وێنەیەکدا بۆ خودی دەگەڕێ، ئەو لە گەوهەردا لە کردارێکی ڕابردووەوە خۆی بۆ داهاتوو دەکێشێ، ئەو بەزمانی داواکاری و دروستکردنی هاوشێوەیەك بۆ خۆی باس لە زەمەنێکی ڕابردووی خۆی دەکات و دەق پەیوەستێکی هەڵخەڵەتێنەری زەمەنیی دروست کردووە، چونکە ئەو باس لەو حاڵەتە پڕ لە تەنیایی و نامۆیی و بێهوودەییەی خۆی دەکا کە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایێ و لە ڕابردوو بەو شێوەیە بووە، ئێستا بەو شێوەیە لە

داهاتووشدا بە هەمان شێوەیە، ئەمەیە ئاخاوتنی زەمەنیی پڕ لە نهێنیی شیعری پایز کە گۆران بنیاتی ناوە «لە دەرەوەی ئەم لێکدانەوەیەدا شاعیر لە جیهانبینیی دەقە سیاسی و فیکرییەکانیدا باوەڕی بە ژیانێکی گەش هەبووە بەداهاتوو بەڵام لەو باوەڕەشدا بووە کە ئەو لە ژیانی خۆیدا ئەو ژیانە گەشە نابینێ» کەواتە شاعیر بەرجەستەی هەمان جیهانبینیی ڕوانینەکان و تێگەیشتنەکانی دەکا لە سروشتدا. هەر لە دەرەوەی دەقدا «گۆران لە جیهانبینی بۆ ئافرەت» هەمیشە گرفتاری جوانییەك بووە لە دەرەوەی ئارەزووەکانی، چونکە لەو باوەڕەدا بووە ئەو لەو جوانییانە بێ بەشەو مەحاڵە لەژیانیدا خەون بە ئامێزی ئەو جوانییانەوە ببینێ، ئەمەش بێگومان بەرجەستەی هەمان خەونە بەدی نەهاتووەکانی گۆران و جیهانبینیکردنی گۆران دەکەن بۆ ژیان.

ژیان بۆیە هیچ بوونێکی واقیعییانەی نییە لەدەق، چونکە گۆران لە ترۆپکی ئەو شکستییەی باوەڕی خۆیدا کە ئەو لە هیچ جوانییەکی ژیاندا لەو تەمەنەی داهاتووی نابێتە خاوەنی هیچ ژیانێکی زاتیی ئارام. بەمەش ترسەکانی گۆران هەمیشە ترسی زیندوو و بەدەسەڵات بوون، هەمیشە ترسێك بوون لە ناخیدا ڕاڤەی فەناو لەناوچوونیان کردووە.

ئەمەیە ئەو جیهانبینییە قووڵەی کە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکانی شیعر و زمانی شاعیر لەلای ئەو نووسەرانەدا بزرە لێیان دەکوڵنەوە.

کرۆکی ئەم دنیابینییەی گۆران لەو پرسیارانەدا سەر هەڵدەدات کە بێ وەڵامن، چون پێکەنین.

لەو کاتەدا جوانییەکان، هەموو جوانییەکان، لە نێو پەنجەکانماندا دەمرن و ئێمەش بەرەو مردن دەبەن؟! چۆن بژین، لەو کاتەدا کە ژیانی ترس و ڕاڕایی و بێهوودەیی دەروونی، بۆ هەمیشە تاقە دەسەڵاتێکی هورووژمبەرە لە پێوەندییەکانی تاکێکی بیرکەرەوە بۆ دنیا؟! چۆن بە هیواکانمان بچینە نێو ژیانێکەوە، لەوکاتەدا کە ئێمە لە نێو هیواکاندا بەتراژیدیا لە چوارچێوەدراوین؟! ئەمانە پرسیارەکانی دەقی پایزن کە لە بنیاتە ڕووکەشەکاندا بزرن و لە زمانێکی بزردا لە دەقدا خۆیان دەخەنە ڕوو، تا ئەو ڕادەیەی هۆگری و ڕاهاتن ڕەت دەکرێنەوە، کاتێك بەبێ دوودڵی دەڵێ: «دوایی نایێ دادم دات هەرگیز هەرگیز» ئەمەیە ئەو ڕاگەیاندنە زۆر قووڵ و ڕەتنەکراوەیەی شاعیر لەو جیهانبینییەی دەیەوێ گوتارێکی شیعریی لە سەری بنیات بنێ.

شاعیر لە وێناکردنی هاووێنەیی «خەمبار و بێهوودە و زوڵملێکراوی وەك خۆی»، بەرەو دنیایەك لە لاواندنەوە و حەساندنەوە و سەرخۆشیلێکردنی زاتی دەچێ، بەو ڕادەیەی ئارامییەك، ئاشتییەك، حەوانەوەیەك، بۆ زانینە کارەساتاوی و تراژیدییەکانی دروست بکا.

تا ئەو ڕادەیەی بگاتە ئاستی چێژوەرگرتن لە زەقکردنەوەی تراژیدیا، چێژوەرگرتن لە تراژیدیای ساتەکانی کەوتن و بێهوودەیی.

مەبەستیش خودی تراژیدیا نییە بەڵکو مەبەست چێژوەرگرتنە لە چۆنێتیی لاواندنەوە و ئاخاوتن لەسەر تراژیدیاکان، هەروەك چۆن مەبەست لە کەوتن و بێهوودەیی دەستبەردار بوون و دابڕانێکی کۆتاییپێهاتوو نییە لەگەڵ بووندا، خۆسڕینەوەیەکی بێ سنوور نییە، هەروەهاش هەڵاتن و پەردە دادانەوەیەك نییە بەسەر هەموو پێوەندییەکانی خود بە بوونەوە، چونکە لە کەوتن و بێهوودەییدا شاعیر بە دوای وێنەیەکی تردا دەگەڕێ بۆخۆی و بوون.

تا لەو تراژیدیا قووڵانەی فەناو مردن پەناگەیەك، یادەوەرییەك، خۆ دۆزینەوەیەکی تر بدۆزێتەوە، بەمەش بتوانێ وێنەی دۆزینەوەی خۆی بخاتە سروشتەوە. چونکە سروشت ئەگەر فەنای جوانییەکانی ژیانیش بێت، بەڵام هەروەها زیندووکەرەوەی ژیانیشە و ئەو لە گەڕانیدا بەدوای لێکچواندنە سروشتی، مرۆییەکانیدا، بەدوای ئەو چێژەدا دەگەڕێ کە بەرجەستەی ناسینەوەیەکی تری خود دەکەن، ئەو خودەی کامەرانی و هیواکانی لەدەست دەدات، وەك ژیانێك. بەمەش گەیشتن بەماناکانی ئەو دیوی بوونەوە، ئەو خودی لە ساتەکانی دابڕانە لەگەڵ سیفەتی سروشتیدا، ئەو خۆی شێوەگۆڕ دەکا لەو کاتەی سروشت شێوەگۆڕ دەکا. بەمەش ناسینەوە و زانینەکانی خۆی بۆ دنیای باو ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بۆچی گۆران لەو ساتەی نووسیندا لە گەڕانی بۆ دروستکردنی هاوشێوەی خۆی بەدوای نموونەیەکی وەك خۆیدا دەگەڕێ تا ئەو ڕادەیەی تەنیا مەبەستی دۆزینەوەی خودی خۆیەتی؟!.

شاعیر بە دەرککردنی بە قورسی و تراژیدیبوونی زۆر قووڵی بەخودبوون لەو هەستە مرۆکوژەی تا ڕادەی تراژیدیای قەدەرییەت قووڵ دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا لەو ڕێگا پەردەپۆشییانەدا دەگەڕێ کە ئەو هەستکردن بە تەنیاییە کوشندەیە لەلایدا وەك ڕاستییەکی دەگمەن و نموونەییە.

دوا هەناسەکانی بوون و هەستەکانی نین بەبوون، بەڵکو ئەو لە ترۆپکی ئەم داڕووخانە خودییەدا کەشی دڵنەوایی کردنێك بۆ خۆی دەخولقێنێ.

هەروەك دروستکردنی هێمایەك، ئاماژەیەك بۆ بوونێکی تر.

کە دەشێ هەروەك بوونی ئەو بێ، نوشوستی لە جوانییەکان و مانەوەیان، نوشوستیی خۆشەویستی، هەستکردن بەساتەکانی مردن، درککردن بە کۆتایینەهاتنی تراژیدیاکان.

دەیگەیەنێتە حاڵەتێکی جێگیر لە سروشت و بوونی خۆیدا، دەگاتە دنیابینییەك کە ئیتر پەرینەوەیان بۆ نییە.

شاعیر وەك خەون و ئەندێشەش هیچ شوێن و کونجێك بۆمانەوە ناهێڵێتەوە.

تاقە مانەوەیەك هەر لەو وێنەیەدایە کە لە یادەوەریی خوێنەردا دروستی دەکا کە ئەو مرۆڤێکی پایزی بوو، کە گۆران مرۆڤە پایز بوو.

لەو کاتەی ئەو لە بەهاری جەستەکان و جوانییەکان و کامەرانییەکاندا نەیتوانی وێنەیەك، کونجێك، حەوانەوەیەك بۆخۆی بنیات بنێ، بەمەش شاعیر بێ ئومێد لە وێناکردنی هاوڕەگەزی خۆی.

دوا بڕیاری خۆی دەدا، دوازانینی خۆی بەزمان دەبەخشێ کە ئەویش خۆداماڵینە لە سروشتی ئاسایی خۆی، دڵنەواییەکی وەهمی دەخولقێنێ، وەك گازەندەیەکی واقیعییانە بەرامبەر بەو دەسەڵاتە ڕەهاو بێ نموونەییەی بەو شێوە توندوتیژە سیستەمێك بۆ بوون دادەڕێژێ کە مرۆڤ لە هەموو هیوا بەخۆبەخشین و تەنانەت لە هەموو نوشوستییەکیشیدا تەنیا وێنەی فەناو ڕۆچوون و نامۆیی لەگەڵیاندا پەرەدەستێنێ، دڵنەواییکردنی خود تەنیا لە شێوازی بەرچاوخستن و پڕۆژە شێوەگۆڕییەکانی شاعیردا بوونیان هەیە، تەنیا لەو وەهم و ئەندێشە بۆخۆی دروستی دەکا.

شیعر تا ڕادەی بێگەردیی زمان و شیعرییەتێکی هەستیاری ماناکانی وشەش دەگۆڕێ.

گریان تەنیا ڕژانی فرمێسك نییە، تەنیا خەم و پەژارەیی نییە، گریان دابڕانەیەك لەدوا یەکەکانی جەستەیە، بەجوانیی گیانی و جەستەیی هاوشێوەیی مرۆڤ، ئەمە ئەو بێ ئومێدییە گەورەیەیە کە شاعیر دەیەوێ تا ئەو دیوی سروشت تێیدا شۆڕبێتەوە، تەنیا لەپێناوی ئەوەی پێوەندییەکی بەردەوامترو دڵنەواییەکی گەورەتر لەبووندا بدۆزێتەوە.

شیعری پایز ئاخاوتنێکی خودییانە بەرەو ڕووی بەرامبەرێکی ناجەستەیی و دیاردەیی دەکاتەوە و یەکەم ڕستەی شیعرەکە بەبانگهێشتن دەست پێ دەکا و لەبەکارهێنانی

زمـانـەوانـیدا بـانـگـهـێشتکردنـی نـێوان دوو کـەسـەکـە ئـاشـنـایـەتـی و نـاسیـاوییـان لـەنـێواندا هـەبـێ.

هـەروەك چۆن ڕستەی «پـایز پـایز» بـانگهێشتکردنێکی ڕاگەیاند، شوێنی سـەرسوڕمـانـە کـە درکـانـدنـێك، گـوتـنـی زانـیـاریـیـەکـی نـوێ، بـۆ بـەرامـبـەر هـەڵدەگرێ، لـە دووتـوێی ئـاگاداریکردنـەوەیـەکی خودیدا.

شاعیر سیفـەتی بوونـەوەرێکی هـاوشێوەیی لـەخۆیـەوە بـە پـایز دەبـەخشێ لـەو گوتـارەی بنیـاتی دەنێ.

هـەر لـە سـەرەتـاوە بـە ئـاخـاوتـنـی بـەرامـبـەرانـە دەسـت پـێ دەکـا، پـایـز وشـەی سـەرەتـاو کۆتـاییـیە لـە زانراوەکانی شاعیر بۆ بـەرامبـەری دیـاریکراو.

ئـەو کـۆتـایـیـیـەی ئـاخـاوتـنـی شیـعـری لـە گـوتـاردا دەکـاتـە نـاسـانـدنـێکـی تـەواوی ئـەو بـەرامبـەرەی گوتـاری ئـاراستە دەکا.

قووڵبوونـەوە و بـەدواداچوونێکی زێدەڕۆتر لـەو گوتـارە.

شاعیر خـودی خـۆی دەکـاتـە نـاوەنـدی هـەمـوو پرسیـارەکـانـی بـیـرکـردنـەوەی. بـەمـەش ئـاخـاوتن لـە گوتـاردا بنـاغـەیـەکی سـەرەکیی دەسپێکە لـە شیعردا بـەدوو سیمـای سـەرەکیی نـەخشێنراوە

١– بـانگهێشت کردن و نـاسیـاوی لـە دەرەوە بۆ خود.

٢– بـانگهێشت کردنێکی سـەرسوڕمـانـاوی لـە دەرەوە بۆ خود.

مـەبـەست لـەم پێشـەکییـە، ڕوونکردنـەوەی ڕەگـەزەکـانـی چۆنێتیی دامـەزرانـدنـی گـوتـاری شیعرییە لـەلای گۆران لـەم شیعرەدا.

شـاعـیـر گـوتـاری ئـاخـاوتـنـێك دادەمـەزرێـنـێ کـە پـێـنـاسـێـکـی تـر بـەزانـراوکـانـی ئـاخـاوتـنـی بـاوو زانینی بـاو دەبـەخشێ.

بـەمـەش سـەرجـەمـی نـاوەکـان و پـێـنـاسـەکـان و ئـەو بـارانـەی لـەسـەریـدان دەگـۆڕێـن لـە ئـاستـەکانی مـانـادا کـە بـەم شێوەیـەی خوارەوە نـەخش کراوە:

أ– پـایز وەك مرۆڤ:

بووکە ⟵ زیزە ⟵ دەگری.

ب– من وەك پـایز:

مـاتم ⟵ خـەمبـارم ⟵ دەگریم.

ج–

١– من مرۆڤێکی پایزیم

پایزیش مرۆیە

٢– یان:

پایزە مرۆڤ

مرۆڤە پایز

٣– یان:

من پایزم، پایزیش منە

هەروەك دەبینین لەنێوانی «من–پایز» دوا مانەوە و دواوشە هەر «من»ە و پایز وەك بوون. تەنیا بارێکە لە بارەکانی یان ڕووەکانی ئەو جەستەیەی بیردەکاتەوە.

ئەمەیە ئەو بنیاتە زمانەوانییە جوانکارییەی کە هەموو ڕەگەزەکانی گوتاری شیعریی لەسەر ڕۆنراوە و تاقە میکانزمێکی هەڵسوڕێنەر لە گوتاردا بەرهەمهێنانی شیعرییەت و پێکهاتنی زمانەوانیی تەبایە.

هەربۆیە شیعر دەگاتە ئاستی قاڵبڕێژی و ئەندازەیی کە حسێب بۆ هەموو وشەو ڕستە و کۆپلەکان کراوە، بەوردبینییەکی زمانەوانیی پڕ لە هەست و ئاگاییەوە.

لەو بوونە کورتە تێیدا دەژین و دەمرین، هەموو دڵنەوایی و لاواندنەوەکان لە مێژوویەکی توندوتیژ و پڕ لە حەتمییەت دێنە بەرهەم.

بوونێك لە لێواری مردن، مردنێك لە کەناری بوون، بوون و مرۆڤ لە یەکسان و ناشێوەن، لەوکاتەی مرۆڤ دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە پێکەنین لە نیشتمانی مردن. گەورەترین کارەساتی مرۆڤایەتییە...

## وا ڕەز ئەسووتێ

### ڕەز

١- بەهار ئەی مەیی ئەڵوەن و سادە.
٢- نەتدیوە پەترۆی پیاڵەی بادە.
٣- جەستە کەشەنگە، هەناسە سوارە.
٤- سەر وڕی (لەپە) دڵ بریندارە.
٥- هەناسە ڕەشە، هەست پڵیشاوە.
٦- بانگ لەبەر بین و قوڕگا خنکاوە.
٧- پێست بەسەر ئێسکا قرچ هەڵگەڕاوە.
٨- لەشە جنراو... سەرە بڕاوە.
٩- لە کوێیە شەراب؛ لە کوێیە شەراب.
١٠- بۆ لە ئێمە بوو بەرێچکەی سەراب...؟!.
١١- ئەبێ لە کوێ بێ بۆن و بەرامەی.
١٢- ئەو ڕەنگە ئاڵ و ئەو تفتە تامەی.
١٣- ئەبێ لە کوێ بێ درەوشەی سووری.
١٤- ڕووناکیی تیشك و بڵێسەی دووری.
١٥- وا دیارە هەڵپە و ئاوات و ئۆخەی.
١٦- دەبێ ببەینە پەنا شووشەی مەی...!.
١٧- ئەی گەردن ڕەوان وێنەی نازداران
١٨- ساف هەروەك نیگای چاوی خوماران.
١٩- بێگەرد هەروەکو دەروونی مەردان.
٢٠- بێ خەوش وەك گوڵی سای پەنا بەردان.

٢١– لــە کــوێیــە شەراب لــە کــوێیــە شەراب
٢٢– بۆ مەزەی ئەوا گیان بوو بە کەباب....!.
٢٣– وا دیــارە هــەڵــپــە و ئــاوات و ئــۆخــەی.
٢٤– ئــەبــێ بــبــەیــنــە پــەنــا کــووپــەی مــەی.
٢٥– سەبوو ئەی کانگای بیری ئیفلاتوون.
٢٦– پیاڵە و شووشە وا بوون بە هەپروون.
٢٧– وڕن... هــەروەکــو ئــەســتــۆی نــالــەبــار.
٢٨– خـــاشن... بــەوێنــەی زنجیــری زۆردار.
٢٩– ونـــن... بــە وێنــەی تــۆزی بـــا بــردوو.
٣٠– تــەفــرن... بــە وێنــەی تــۆزی بــابــردوو.
٣١– لە کوێیە شەراب ئەوا تاسەی مەی...؟
٣٢– هەست نوقوم ئەکا وەك زەریای بێ پەی...!.
٣٣– ئــەی داری مــەمك پــڕ لــە شیلــەی ئــاڵ.
٣٤– کــۆرپــەی مــێشکــی بــرسی شیــری تــاڵ.
٣٥– گـــرۆزە بـــۆ یـــەك مـــژو یـــەك دڵـــۆپ.
٣٦– بــۆ شەوی خــەیــاڵ بــبــێ بــەگــڵــۆپ.
٣٧– ڕۆشن کا دنیای هەستی من هەروەك.
٣٨– چــرایــە بــۆ نــاو (بــیــرێکــی) نــووتــەك...!.
٣٩– ئــای کــێ بــێ بــانــگــە و هــاوار و پــەیــام.
٤٠– بــگــەیــەنــێتــە گــوێ گــۆڕی خــەیــام.
٤١– بڵێ هەی سەر شێت کوشتەی گڕی تەڕ.
٤٢– گــەر تــێتــا مــاوە یــەك تــۆز نــرخ و فــەڕ.
٤٣– تۆ... لەسەر باکەی شووشەکەی شکان.
٤٤– لـــەگـــەڵ خـــودادا کـــردت بـــە زۆران.

٤٥- هـەڵسە بـەرەو ئـەم نـاوە هـەڵـتـووتـێ.

٤٦- نـەك شووشە شكـا وا ڕەز ئـەسووتـێ.

٤٧- سروشت بە پێچەخوار و چەپ گەردە.

٤٨- لـەجـێ یـێ ئـاو بـێ ڕەقـەن و بـەردە.

٤٩- لـەجـێ یـێ زەوی نـەرم و هـەڵـۆڵ بـێ.

٥٠- ئـەبـێ خـوڕەی ئـاو تـۆزی دەهـۆڵ بـێ.

٥١- ئـەگـیـنـا شەراب لـە مـامـۆسـتـای مـاف.

٥٢- بـۆ ئـەگـەیشتـە ئـەو پـەڕی قولـەی قـاف.

٥٣- قـاتـی شەرابـە گـیـانـی ئـیـفـلاتـوون.

٥٤- سەر دەركە هەتا نەبووی بە مەیموون.

٥٥- بـەرەو مـەڵـبـەنـی كـوردستـان ڕەوتـێ.

٥٦- نـەك كـووپـە شكـا وا ڕەز ئـەسووتـێ.

**بۆچی شیعری ڕەز!**

خاڵی گەوهەری لە هەڵبژاردنی دەقی ڕەز لە چەند لایەنێكەوەیە كە گرنگترینیان ئەم هۆنراوەیە و سەرجەمی شیعرەكانی دیلانی شاعیر، هەرچەندە نووسین و لێكۆڵینەوەی زۆریان لەسەر نووسراوە، بەڵام خوێندنەوەی نوێیان بۆ نەكراوە. هەروەها لەبەرئەوەی «٣» شیعری ڕەز و گەورەترین ژمارەی لە قەڵەمە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەكانی كورد بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە.

من باوەڕم وایە دیلان یەكێكە لە نوێكەرەوە هەرە قووڵەكانی شیعری كوردی، ئەگەر بێتو ئەو شیعرە پەیوەست كەین بەلایەنی جیهانبینی شیعری و گوتاری شیعرییەوە، هەروەكو چۆن شیعری ڕەز گەورەترین دابەشبوونی بیروڕای هێناوەتە سەر خۆی كە دەشێ لە لایەنێك لەلایەنەكانەوە بەهای شیعرەكانی دیلان و ئاستی شیعریی دیلانیش بەر تەوژمێك لە لایەنداری پێ بەخشین و ئایدیۆلۆژیا بەسەر سەپاندن كەوتووە و لە جیاتی ئەوەی وەك داهێنەرێكی شیعری سەیری بكرێ، وەك ئایدۆلۆژیاخوازێك سەیر كراوە.

گـیـروگـرفـتـەكـانـی شیـعـری ڕەز لـەوێدا نییـە چـەندێك بـاوەڕی چـەپڕەوی و چـەندێك نەتەوایەتی و چەندێك نیشتمانی تێدایە و بكرێنە بانگەشەیەك بۆ ئارەزوو و هەڵبژاردنی پڕوپاگەندەیی نووسەرەكان.

گرینگیی شیعری ڕەز لەو جیهانبینییەدایە کە دەشێ پەلی بۆ هەموو مانایەکی بوونایەتیی خۆی وەك کوردێك هاویشتبێ، ئەمەش گوشاری ڕاستەقینەی هەڵبژاردنی ئەم شیعرەیە بۆ لێکدانەوەیەك کە لەسەر چەند ئاستێکدا کارم لەسەر کردووە، پاش ئەوەی بەدرێژایی ساڵێك ئەم هۆنراوەیە هەمیشە بەلامەوە کۆمەڵە بەربەستێکی دەنواند. لەبەردەم تێگەیشتنی من لە دەقێك نەك لەبەردەمی تێگەیشتنم لە مرۆڤێك.

بادەق و جیهانبینیی دەق، خۆیان هەموو مەوداکانی بیرمان بگرینەوە، بەدەر لەوەی ئاستی خوێندنەوەی نوێ و کلاسیکی  چۆن دەکەوێتەوە.

**دەسپێك**

وەك دۆزینەوەی سیمای شیعریی هاوبەش لە فۆرم، لەگەڵ هاتنی گۆران ،  شێخ نووری شێخ ساڵح ، دیلان ، هەردی ، ع.ح.ب ، کاکەی فەلاح و دڵزار و کامەران موکری، بە تەنیشت نوێکردنەوە لە زماندا، سەردەمی ڕێچکەیەکی شیعریی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵداوە، کە لەگەڵ ئەواندا شیعر لە نێوانی نوێکردنەوەی فۆرم و جیهانبینیدا شەپۆڵیان داوە بە مانای تێپەڕبوون لە نێوانی دوو جۆر لە شیعر کە ئەوانیش شیعری کلاسیکی و شیعری نوێیە.

لە ڕاستیدا لەو نێوانەدا جۆرێك لە شیعر سەری هەڵداوە کە دەشێ بە کلاسیکی نوێ لە قەڵەمی بدەین و زۆرینەی شاعیرانی ئەم نەوەیەی گرتووەتەوە.

کە دەکەونە نێوانی نەوەی دوای سێ کوچکەی بابان و حەفتاکان.

ئەم دوو ڕێچکەیەش لە هەردوو بواری تازە بوونەوەی شیعردا، کاریان کردووە، لەلایەکەوە لەلایەنی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی شیعری و زمانی نووسینەوە گۆڕانکارییان خستووەتە شیعرەوە و لە لایەکی تریشەوە دەتوانین سیفەتی قۆناغێکی کلاسیکی نوێ و سەربەخۆیان پێ ببەخشین.

هەروەکو چۆن لەگەڵ خۆیاندا بەتایبەتی لە سەردەمی گۆرانەوە، شانبەشانی ئەم جۆرە شیعرە، هەوڵ دراوە شیعری نوێ لەسەر فۆرمی نوێ و کێشی نوێ بنیات بنرێ. خەسڵەتی پاراویی زمان و پاککردنەوەی زمان لە وشەی بیانی کە خەسڵەتێکی شیعری کلاسیکە، گۆڕانکاری لە چۆنێتیی بەکارهێنانی مانا لە شیعردا و دابەشکردنێکی سەربەستانەی کێشەکان لەو جۆرە شیعرە کلاسیکە تازەیەدا و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی جیهانبینی شیعری، وایان کرد ئەم دوو جۆرە نووسینەی شیعری ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی پەخشانە شیعری کوردی خۆش بکەن و نوێخوازیی شیعریش مەسەلەیەکی نزیك بێ.

شیعری ڕەز یەکێکە لەو شیعرانەی کە سەرنجی زۆربەی قەڵەمەکانی کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەم نووسینەش هەوڵێکە بۆ ژیان لەگەڵ زمانی جیهانبینیی شاعیر لە چوارچێوەی بنیاتی زیندووی دەقەکەوە بەبێ داخستنی کاریگەرە دەرەکییەکان کە پێوەندییان بەهۆکاری نووسینی شیعرییەوە هەیە، لەو باوەڕەی شیعری ڕەز خاوەنی جیهانبینییەکی قووڵ و زمانێکی شیعریی نوێیە، هەرچەندە چەندین لێکۆڵینەوەی تەفسیری بۆ کراوە، کە ئاماژەیەکن بۆ دەوڵەمەندیی دەقەکە و لەسەر ئەم ئاستانە کار لەو شیعرە دەکەین:

١- ئاخۆ گەوهەری گوتاری شیعری ڕەز لەسەر چ هێزێك بنیات نراوە، پەیوەست بە زمانی شیعرییەوە.؟

٢- هێزە ناوەندییەکانی بنیاتی شیعری ڕەز و گۆڕانیان بۆ بنیاتی گەوهەریی دەق.

٣- لەم دوو ئاستەی شیعرەکەوە هەوڵ دەدەین لە سەرەتای خوێندنەوەی گوتاری شیعریی ڕەزەوە، وەك زمانی سەرەوەی دەق و بنیاتە ڕووکەشەکانییەوە، بەرەو تاك بنیاتی شیعرەکە بچین.

### گوتاری شیعریی ڕەز

ئاستەمە لە گوتاری شیعریی ڕەزدا، دەرك بە هەموو هێزە ناوەکییەکانی بەشەکانی ڕستەی شیعری و بنیاتی شیعریی ڕەز بکەین، هەروەکو چۆن ئاستەمیشە بەبێ دیاریکردنی جووڵەی ئەو گوتارە شیعرییەی ڕەزی لەسەر دامەزراوە، پەیژەیەك بۆ جیهانبینیی شیعرەکە دانبێین.

ڕەگەزێکی بناغەیی گوتاری شیعری، ئەو هێزە زەمینییە پڕ لە شڵەژان و پڕ لە گومان و دوودڵییە دەروونییەیە کە باڵ بەسەر ئاخاوتنی گوتاردا دەگرێ. ئاخاوتنی گوتاری شیعری لەوکاتەدا دەگاتە ئاستی داهێنان لەسەر بناغەیەك لە جیهانبینیی شیعری بنیات نرابێ و هێڵێك لە ئاخاوتنی ناوەندی و ئاشکرا بنیات دەنێ، وەك ڕووکارێك لە مانا بۆ بنیاتی بناغەی گوتاری شیعری، بەڕادەیەك ئاخاوتن دەبێتە جۆرێك لە گەڕەلاوژەی مەعریفی و زەینی کە تەنیا ناوکە تێکدەرەکانی زانین وەك وزەی پەرشوبڵاو ناسنامەی ئاخاوتن و گوێگرتن لە ئاخاوتن دەخاتە یەك ڕیز لە یەکگرتنەوە و یەکتر کامڵ کردن.

هەروەکو چۆن هەموو ئاراستەکانی گوتن دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی هۆکاری بە گۆهاتنی خۆیەوە و ئاخاوتن دەکاتە ڕادەیەك یا ڕووداوێك لە هاواری بێ دەرەتان کە مرۆڤی درامی

و تراژیدی دەگرێتە خۆی کە لە بەرزترین ساتەکانی ئاگایی شیعرییەوە بەرەو درەوشاوەترین ساتەکانی پەرش بوون و تێکەڵ بەیەك بوونی زەینی دەچێ و خوێنەر بە گرانی سەرەداوەکانی ئاخاوتن لە خوێندنەوەدا دەبینێتەوە. ئاخاوتنی شیعریی ڕەز ئاخاوتنێکی درامی و شیعرییە کە تا ڕادەی درەوشانەوەی زەینی، خۆی لەگەڵ سیمای تراژیدیدا لێك دەچوێنێ، بەبێ ئەوەی ساتەکانی شیعرییەت جێ بێڵێ.

هەرچەندە ئەو گوتارە و شێوازی ئاخاوتنی بە بارێکدا نییە کە خوێنەر بخاتە بەردەم پرسیاری ڕاستەوخۆوە، بەڵام لە ناوەوەی هێزی ئاخاوتندا، هێزێکی تر هەیە کە تۆی خوێنەر دەخاتە بەردەم پرسیاری خۆیەوە. هەر لێرەوەش خوێندنەوەی شیعرەکە دنیایەك لە گۆڕانکاریی چۆنێتیی ئاخاوتن و دەسەڵاتی هاتنە گۆی خۆی دەخاتە بیرکردنەوەمانەوە.

**سیما سەرەکییەکانی ئاخاوتنی ڕەز لەم ئاراستانەدا دابەش دەبن**

(١) لە دەرەوەی هەموو هاوسۆزیکردن و ئاخاوتنێکی هێمادارو ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووکەش، هەر لە سەرەتاوە، شاعیر ئاخاوتن لە سیفەتی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ئاگادار کردنەوە و هەڵنانەوەی گوتنی ئاسایی زمان دەردەکا. سەرەتای ڕستەی شیعری مۆرکی زاتییەتێکی مەستبوون دەگرێتەخۆ، بەڕادەیەك هەست دەکەی ئاخاوتن لە قسەی یا لە ڕێچکەی باوی زمانی ئاسایی دەردەچێ و یەکێك دەدوێ کە لێواو لێوی زەینی لە مەستی و بەعەشق بوونی بێ سنووردا دەژی. ئەو حاڵەتەی هەروەك مەستبوونێکی سۆفیگەرایی وایە، کە پرسیار لە تەنەکان و جەستەکان و بوونەکان و یاساکان دەکا، کە ئەمەش ڕووکارێکی مەعریفی دەخاتە گوتنەکانەوە لە ڕاستی بازی و ڕاستی پەرستیدا، کە بێشك بەرەو ڕووی هەموو بوونەکانی دەوروپشتی خۆی دەبێتەوە.

گرینگی ئاخاوتنی شیعریی ڕەز تەنیا لە شێوازەکەیدا نییە، بەقەد ئەوەی شاعیر لە حاڵەتی دوای نووسین و خوێندنەوەی شیعریدا دەژی، ئاستەمە

شیعر بە دەروازەیەکی پڕ بوونی گوتندا بچێ ئەگەر سەدەها خوێندنەوەی بۆ گوتنی مانا و زمانە شیعرییەکەی خۆی نەکردبێ لە ژێر گوشارە گەورەکانی کاریگەر بوون و هاوسۆزی و دڵەڕاوکێ بووندا.

واتە سەرەتای شیعری ڕەز سەرەتایەك نییە بۆ سەرەتای شیعرێك بەقەد ئەوەی سەرەتایەکە بۆ حاڵەتێکی شیعری و ژیان ئامێز کە تێیدا شاعیر هەندێك بە گۆڕینی ڕووی

بەرامبەر گۆڕان دەخاتە سەرجەمی بنیاتە ڕووکەشەکانەوە، ئەویش بۆ بەکارهێنانی شێوازی گواستنەوەی بەپەلەی ئاخاوتنە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دی.

هەروەك چۆن شێوازی گواستنەوەی بەپەلە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر و خولقاندنی فرە وەرگر و فرە بێژەو حاڵەتی ئاخاوتن لە گوتاری شیعریدا ئاخاوتنێك نییە بناغەکەی لەسەر دواندنی ڕاستەوخۆ دامەزرابێ. گەشترین ئاستی ئاخاوتنی شیعری، ئاخاوتنی زەینی و مەعریفییە و لە هەوڵدایە کە بەرامبەرەکانیش بەرەو قووڵایی خۆی ڕابکێشێ.

بڕوانە سەرەتای شیعرەکە.

١- بەهار... ئەی مەیی ئەڵوەن و سادە.

٢- نەتدیوە پەترۆی پیاڵەی بادە.

کارکردن و چالاککردن و بەگوڕهێنانی ئاخاوتن، درێژ بوونەوەیەکی تراژیدی و درامییە کە هەموو ئەوەی بەرەو ڕووی بەرامبەری دەکاتەوە بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە، واتە گوتن لە ناوەندێکەوە کە خۆی دەکاتە بەشێك لە وزەی زمان و چۆنییێتیی هاتنە ئاخاوتنی، هەروەك دەبینین هەردوو بەیتی سەرەتا شێوازی پرسیارکردنە لە دەرەوەی تراژیدیاکانەوە، وەك داڕشتنی سیناریۆیەك بۆ بارێکی درامی، کە ئەوەی تێدا بەرجەستە دەبێ پەلهاویشتنی ناوەوەی شاعیرە لەگەڵ پەرەپێدانی ماناکانی زماندا.

ئەم شێوازە لە گوتن لە بەیتەکانی تردا ڕیچکەیان بۆ باری تر دەگۆڕن، لەو کاتەی لە بەیتەکانی (٣-٤) لە ڕووکردنە ناخەوە لە سروشتدا، بەرەو شێوازێك لە ئاخاوتنی ئاراستەنەزانرا و دەچێ و لە (٩-١٠) پرسیاری تاك پرسیارێکی کۆیە و شاعیر بەرەو ناسینەوەو دیاریکردنێکی جەستەیی و ناسنامەیی جەستەیی دەچێ و سیفەتی دەستە جەمعی وەردەگرێ.

هەروەك ئەمەی پرسیار لە مەنەلوژی تراژیدی و زاتییەوە بەرەو مەنەلۆژی زاتی و کۆی زاتی تراژیدی بەرێ. شاعیر بەردەوام لە ئاخاوتندا لە پێگەی زاتی و کۆو نەزانراو و دیارینەکراوەوە بەردەوام خوێنەر دەخاتە ئاستی بیرکردنەوەی جیاواز و ژیان لە مانای جیاواز.

هەروەکو چۆن سیفەتی گەڕانەوە سەری ڕەتکەرەوە، یا بەرپەرچدەرەوە بە شێوەی جیاواز دەخاتە شیعرەوە، ئەمەش لە پێناوی چەند ڕوویەکی نوێیە. لە پێناوی ئاماژەیەکی قووڵە بۆ حاڵەتێك لە ژیان لە ماناکان کە تەنیا ئەوەی زاڵە بەسەر ئاخاوتندا لەگەڵ هەموو

دەسەڵاتە جیاوازەکانی کاریگەریی هێزی سەرکوتکردن و قەدەغەکردن لە هێماو ئاماژەی قووڵەوە تاڕادەی عەشق پابەندی گوتنەکانی دەبێ.

هەروەکو چۆن گۆڕینی بەردەوام لە پرسیاری تاك بەرەو کۆ، لە کۆوە بەرەو تاك، لە کەسەوە بۆ سروشت، بۆ بوون و گەڕانەوە بەرەو تاك، هەموو کاتێك هەر دەچێتە سەر جۆرێك لە شێوازی زمان کە تاکوتەرا و خەسڵەتدارە.

ئەگەر بێتو پۆلێنکی ڕووکەشی ئاراستە کردنەکانی گوتاری شیعری و وەرگری گوتاری شیعری بکەین لە ئاخاوتندا، دەوڵەمەندی و فرە ڕوویی لە کەسەکان و شتەکان و چۆنێتییەکان دەبنە ئاماژەیەك بۆ دەوڵەمەندی و پتەویی ئەو زەمینە شیعرییەی کە شاعیر لێوەی گوتنەکانی ئاراستەمان دەکا:

لە ١ بۆ ٢ ←(تاك لە ڕووکەش) (کۆ لە ناوەوە) ← پرسیار بۆ هۆکار.

لە ٣ بۆ ٨ ←(تاك-کۆ) ← هۆکارێك بۆ پرسیار.

لە ٩ بۆ ١٠ ←(کۆ-تاك) ← ئەنجامی پرسیار.

لە ١١ بۆ ١٦ ←(تاك- کۆ) پرسیار لە نەبوونی هۆکار.

لێرەدا ئەوەی گرنگە سەرتاپای شیعرەکە و مانای زمان تێکەڵ بە پرسیاری مەی دەبێ، ئەم نموونانە تاکو کۆتایی درێژ دەبنەوە و شیعر دەخەنە ژێر دوو شێواز لە ئاخاوتن.

١) ئەو پرسیارەی هەمیشە دەیکا لە بزربوون و نەمانی شەراب و مەی.

٢) ئەو پرسیارانەی هەمیشە هۆکارێکن بۆ گەڕان بەدوای مەی.

٣) ئەو پرسیارانەی لە تاکەوە بۆ کۆ دەچێ و لە کۆوە بەرەو تاك دەچێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بنیاتی ئاخاوتنی جیاواز لە گوتاری شیعریدا دەخولقێنێ، لەم پۆلێنکردنە تۆپۆگرافییەی ئاخاوتندا چەند ڕاستییەکی بەرچاومان لە چۆنێتیی گوتندا دەکەوێتە بەرچاو، کە بناغەی زمانی ئەو گوتارە شیعرییە پێك دێنن کە شاعیر. لێیانەوە هەموو گوتنەکانی دەخاتە پەیوەستی بنیاتنەرەوە.

(١) هەموو پرسیارێك لە شەراب و مەی و ڕەنگدانەوە و ڕاڤە کردنی پاساوەکانی بەدواوەیە، وەك هۆکار یا وەك پرسیارو ڕاگەیاندن کە بناغەیان لەسەر تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی بنیات نراوە لای شاعیر. تراژیدیایەك کە هەموو ئازارەکانی ئاوێتەی ئەوانی تر دەکا و ئەمەش لەو چۆنێتییەدا ڕەنگی داوەتەوە لە چوارچێوەی:

پرسیار لە شەراب = ئازار لە ژیان.

(٢) لەگەڵ گۆڕینی ئاخاوتن و ئاراستەکانی ئاخاوتندا بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی هەموو ئاستەکانی سۆزداری و هەڵچوون و کاریگەربوون پەیوەست دەبن بەوێنە شیعری و قاڵبە جیاوازەکانی ماناوە، واتە شاعیر لەگەڵ هەر گۆڕینێکی چۆنێتیی ئاخاوتن و ئاراستەکردنیدا مانای تازە بەرهەم دێنێ.

بەم شێوەیەك هەست دەکەین شیعری ڕەز، کۆمەڵە دیمەنێکی مۆنتاژ کراوە لە بنیاتی مانای تەواو کراو و پەیوەستدار کراو.

(٣) شێوازی پرسیار و وەڵام، تەنیا شێوازێکی ڕووکەشی شیعری نییە، بەڵکو دەچێتە بنیاتی بناغەیی دەق و دوو سەرە بوونێك لە شێوازدا دێنێتە کایەوە کە کارلێکی بنیاتەکان بەچڕترین کرداری بەشیعرکردن بەرەو بەرهەمهێنان دەبەن.

ئەگەر ئەم خەسڵەتانە زمانی ڕووکەشی دەق پێك بێنن، ئەوا هەر دەبێ بچینە سەر ئەو هەیکەلە جووڵاوەیەی ناوەندێك لە بنیاتی پێکگەیەنەر پێك دێنێ لە نێوانی زمانی سەرەوەی دەق کەوا دەکا ئێمە مامەڵە لەگەڵ وشە ئاساییەکان و ڕستە ئاساییەکاندا بکەین. هەروەها زمانێکی تر کە هێشتا پێی نەگەیشتووینە، زمانی بنیاتی ناوەندیی گوتاری شیعری خاڵی پێکگەیشتنەوەی بنیاتەکانی دەقە، ئەو میکانیزمە خوڵقێنەرەیە کە تێیدا چۆنێتییەك لەو دابەشبوونە ناوەکییەی شێوازی ئاخاوتن و جوانکارییەکانی مەجازی شیعریمان بۆ دەخاتەڕوو. میکانیزمێك کە وەك هەڵنانەوەیەکی بیانیی واتا باڵ بەسەر ئاخاوتنی شیعریدا دەگرێ.

| پرسیار لە شەراب | تراژیدیا | پرسیار لە شەراب |
|---|---|---|
| بەیتی (١–٢) | بەیتی (٣–٨) | بەیتی (٩–١٠) |

بنیاتی ناوەندیی مانا ڕووکەش و هێماداڕەکان ژیانە لە تراژیدیای کارەساتەکان، کە هاتنەگۆی شاعیرو هەموو گوتنەکانی پاساودار دەکەن، کە وا دەکەن نائومێدییەکان دوای کارەساتەکان بکەونە نێوانی پرسیار لە شەراب.

| پرسیار لە شەراب | بێ هیوابوون | پرسیار لە شەراب |
|---|---|---|
| بەیتی (١١–١٤) | (١٥–١٦) | (١٧–٢٠) |

بەهەمان ئاست و جیاواز لە وێنە و ماناکانی بێ هیوا بوونەکان ناوەندی پرسیار کردنن لە شەراب.

| پرسیار لە شەراب | کارەساتی تێکشکان | پرسیار لە شەراب |
|---|---|---|
| بەیتی (٢١-٢٢) | (٢٣-٣٠) | (٣١-٢٣) |

هـەروەك دەبـینین شیعر لـەسەر هـەیکـەلی چۆنێتیی دابـەشبوونـی گـوتـاری شیـعر لـە فۆرمەکەیدا ئاخاوتنەکانی دادەمەزرێنێ و هەمیشە لە چوارچێوەی کۆتاییهاتنێکدایە، ئەو کۆتاییهاتنەی بەشێوەیەکی بناغەیی بە ناچاری تێڕامانەکانی خوێندنەوەمان بەرەو یەك ئاراستە دەبەن:

سووتانی ڕەز ← پەیوەستە بە کارەساتەکانەوە.

کارەساتەکان ← زاتی-کۆ ← پەیوەستن بە پرسیاری شەرابەوە.

پرسیاری شەراب ← گەڕانە بە دوای هەموو نهێنییەکانی دەق.

نهێنییەکانی دەق ← بنیاتی ڕەهای دەق دەخولقێنێ.

یاخود بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەستە هەڵکشاوەیەی دەق ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەخەینە ڕوو لە شێوەی ڕاگەیاندنی چەند سیمایەکی ئەو پەیوەستانە.

١) جۆرە هاوتاکردنێکی وێنەیی و واتاسازی و (سینتاکسی) لە ڕستەکاندا دەبینین وەك پەیوەستی بەرهەمهێنراو:

(سووتانی ڕەز ← کوشتنی مرۆڤ ← کاولکردن ← ئەشکەنجە سەرکوتکردن ← حەسرەتی شەراب)...

هەموو ئەم هەڵکێشانەی پەیوەستەکان پەیژەیەکن لە ناوەندی گوتاری شیعریی ڕەزدا کە پێویست بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە دەکا لە زمانی گوتاردا، لەوکاتەی هەموو پرسیارەکان بەرەو یەك سەرچاوە ڕۆدەچن.

لێرەوە ئیتر دەرگای پرسیارەکانی دەق والا دەبن و دەپرسین:

١) چەمکی شەراب و ڕەز چ ڕوویەکی شاراوەی بنیات دەنوێنن؟

٢) کرداری فیکری و مەعریفی وەك بنیاتی زاتی جیهانبینی شیعری، چ دەورێکیان هەیە لە زمانی شاراوەی دەق؟

٣) هۆکاری پێکگەیشتنەوە و پەیوەستبوونی بنیاتە ناوەندییەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟.

لێرەوە بە ناچاری دەچینە ئاستێکی تر لە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی زمانی دەق پەیوەست بە بنیاتەکانی مانا و زمانەوە.

## داڕوخانی جەستە و هەرەسی دەروونی

ئاخۆ ئەوە تراژیدیایە کەوا لە شاعیر دەکا، ئەوەندە کەسەرو بێ ئومێدی و دوودڵی و تەنیایی خۆی بەیان بکا.

لەگەڵ ئەتککردنی جەستەکان و سووتانی ڕەزەکان؟ ئاخۆ ئەو هێزە بزرو بزوێنەر و چالاکە چییە لە شەرابدا دەینوێنێ؟

ئاخۆ شاعیر بۆچی دەستبەرداری هەموو گوتنێکی ڕووکەش دەبێتەوە و دەستبەرداری هەموو هاندان و دەرخستنێکی هێزی خەباتکردن دەبێتەوە، کە مۆرکی ئاشکرای زۆرینەی ئەو دەقە شیعرییانەن کاتێك بابەتەکانیان باری تراژیدیی کورد دەردەخەن؟

ئاخۆ بۆچی شاعیر خۆی لە هەموو گوتنێکی ڕاستەوخۆیی دوور دەخاتەوە؟! نهێنیی بەشێك، بەشێکی هەرە گەورەی سەرکێشییەکانی زمانی ڕەز لەم پرسیارانەوەیە، وەك گواستنەوەیەك بۆ بنیاتی بناغەیی دەق، بێشك ساتی نووسینی تراژیدیا یاخود ساتی نووسینی شیعریەکان بووە لەگەڵ ساتی کەوتن و داڕووخانی جەستەیی و هەرەسی دەروونیی شاعیر، کە ڕەنگدانەوەی هەموو بێ ئومێدییەکانی بوون و ژیانە ئەو ساتەی شاعیر لە گەورەترین داڕووخانەکانی ناوەوەیدا دەژی، داڕوخانی ناخەکیی شاعیر و هەرەسی دەروونی ڕەنگدانەوەی هاوکاتی بوونێکە لەگەڵ کەوتنەکان و داڕووخانەکانی ژیان و جەستەی مرۆڤی کورد

داگیرکردنی زۆردارنەی مافی ژیان و مرۆڤایەتییە، کە تێیدا مرۆڤەکان خەونەکانیان لێ داگیر دەکرێ. ئەو مرۆڤە چیتر لەو ساتەدا ناژێ کە هیچ هیوایەکی بەرەو هیچ ڕووبەرێکی کراوەی ژیان بەرێ. هەموو ڕستەکانی شیعرەکە بەبێ ناوهێنان بەبێ بەخشینی ناسنامە بە ڕووی زۆرداران و کەسانی زوڵملێکراو، کە تەنیا لە دوا ڕستەکانی دەقەکە بە گوتنی «مەڵبەنی کوردستان» پەردە لە ڕووی ئەو شێوازەی خۆپاراستن لە گوتنە والآ دەکا کە ساتی هەرە بێ ئۆقرەیی و تەقینەوەی ناخەکیی شاعیر دەنوێنێ.

هەروەك چۆن داوای شاعیر لە ساتەکانی کەوتنی یا داڕووخانی ناخەکیدا گەڕانەوەی کەوتنێکی تری مرۆڤی کوردە کە ئەویش کەوتنی شێوازێکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەمەش گەڕانە، بەدوای ساتێکی درەوشاوەیی کە بەهیچ شێوەیەك خۆمەڵاسدان و چاو نووقاندن قەبووڵ ناکا.

هەروەك سۆفیگەرێك بەدوای ساتەكانی درەوشانەوە دەگەڕێ. سۆفیگەر هەر كاتێك لە ئیلهامی ڕووبەڕوو بوونەوە كەوت، ئەوا باوەڕیشی دەكەوێ و عەشق لە خۆی دادەبڕێنێ. لە ڕاستیدا ئەو كەوتنە لە چەندین لای دەقدا ئاماژەی پێ داوە:

١٥- وا دیارە هەڵپەو ئاوات و ئۆخەی.

١٦- ئەبێ ببەینە پەنا شووشەی مەی.

٢٣- وا دیارە هەڵپەو ئاوات و ئۆخەی.

٢٤- ئەبێ ببەینە پەنا كووپەی مەی.

٣٥- گرۆزە بۆ یەك مژو یەك دڵۆپ

٣٦- بۆ شەوی خەیاڵ ببێ بە گڵۆپ.

٣٧- ڕۆشن كا دنیای هەستی من هەروەك.

٣٨- چرایە بۆ ناو بیرێكی نووتەك.

سروشت بەپێچە خوارو چەپ گەردە

لەجێ یێ ئاوبێ ڕەق و بەردە

ئاشكرایە لە هەردوو بەیتەكانی «١٥-١٦» و «٢٣-٢٤» ناچارییەكانی خۆی ڕادەگەیەنێ بەرامبەر بەهێزێكی ستەمكارو زۆردار و خۆسەپێنەر، هەروەها كردارێكی شاعیریش دەنوێنێ.

ساتی داڕووخان و كەوتنی ناخەكی، ساتی ناچاری پەنابردنە بەرێكی زۆرداریيە، هەروەكو چۆن ڕستەی «وادیارە» دەربڕین لە ساتی نائومێد بوون و ناچاریكردن دەكا، دەربڕین لە سەپاندنی هەڵبژاردنێكی ناچاری دەكا.

لە هەمان كاتیشدا گەڕانێكە بەدوای هێزێكی دەروونی و جەستەیی گەورە.

لە بیتەكانی «٣٥-٣٦» و «٣٧-٣٨» ڕستەكانی (بۆ شەوی خەیاڵ) و (ڕۆشن كا دنیای (من) لە هەمان كاتدا دوو ئاماژەی بەدوو یەكدا هاتوون بۆ ناخێكی كەوتوو، كە هیچ خەونێكی تێدا نەماوە بە ژیانەوە، لە هەمان كاتیشدا گەڕانێكی بەردەوامی شاعیر هاوكاتی هەموو كەوتنەكانە كە ئاستێك لە هاوتاكردن و تێپەڕاندن دەردەخا.

گەڕانێكە بەدووی دۆزینەوەی ئارامگایەكی دەروونیی پڕ هێز و پڕ باوەڕ و درەوشاوە و ڕووناك، بۆ دەروونێك كە بە خەونێكی دوورو ئارەزوویەكی پڕ لە سووربوون و

خواستێکی پڕ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لێواولێو لە ڕەتکردنەوەیە، بەرامبەر بە ژیانێکی بێ خەون و بە داو و دەستووری بەردەوامی نەریتئامێز و عەسکەرتارییەتیی مێژووی زۆرداری.

هەروەها بەرپەرچدانەوەیەکی ناخەکییە بۆ بوونێکی ناهاوسەنگ و ناتەبا کە تێیدا زات کەوتنەکانی لە کەوتنەکانی جەستەکانەوە نییە بەقەد ئەوەی کەوتنێکە هەموو بەهرەدارییەکی دنیابینیی دەگرێتەوە، وەك ڕێساو دۆگم و سەپاندنە مێژوویی و شۆڤێنییەکان زاڵ دەبن. هەر بۆیە گەڕانی شاعیر مەودایەکی سۆفیگەرانەی هەیە لە چەمکی تاریکی و ڕووناکی لەو کاتەی هێزی تاریکی زاڵ دەبێ و هێزی ڕووناکی پاشەکشێ دەکا لەو کاتەی شاعیر بەدوای ڕۆشنایی بوونێکی ئیشراقیی دەروونی و ناخەکیدا دەگەڕێ.

ئەمەش شێوازێکە لە ڕووبەڕوو بوونەوە، کە شاعیر زۆر بە وردبینی و زۆر بە ئاگاداری و خۆپاراستنەوە، بەڵام زۆر بە توانا و بەهێزەوە دەربڕین لە کێشەی نێوان سەرکوتکراو و سەرکوتکار دەکا، بەڵام وای پێ دەچێ ئەم کەوتنە تەنیا کەوتنێك نەبێ هەر مرۆڤەکان تێیدا بەشدار بن، بەڵکو کەوتنێکە وەك خەلەل و ناهاوسەنگییەکە لەگەڵ بووندا، کەتۆ هەست بکەی کێشە و ململانێکان هەموو کاتێك دەبنە ڕوویەك لە مێژووی تۆ.

**٤٣- سروشت بەپێچە خوارو چەپگەردە**

**لەجێ یێ ئاوبێ ڕەقەن و بەردە**

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی بوونێکی ناهاوسەنگ و نادادپەروەر کە تاك بەجارێك بەرەو کەوتنی بوونایەتیش دەبا و نایەکسانییەك لە بوونەکاندا بەسەریدا دەسەپێنێ، کە تەنیا ڕێگەیەك بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە نائاساییە گەڕانێکە بەدووی بوونێکی ڕاستەقینە، لێرەوە سێ ڕووی جیاواز لە کەوتنەکانی.

یا لە ساتی داڕووخانی ناخەکی و هەرەسی دەروونی دەبینین کە کێشە ناوەندییەکانی دەق بەرجەستە دەکەن (١) کێشە گشتگیر و دەستە جەمعییەکان (٢) کێشە خودییەکان (٣) کێشە بوونییەکان. ئەمانیش لەنێو خۆیاندا دەبنە چەند بەشێکەوە و هەموو ڕۆدەچنە کێشەی بناغەیی و سەرەکی دەقەوە. لە ڕاستیدا لە زمانی ئاماژەکانی دەقدا، ئەنجن ئەنجن بوونی جەستەکان بەش بەش بوونی کورد دەنوێنێ لە جوگرافیاکەیدا، سووتانی ڕەز سوتانی ژیانی کورد دەنوێنێ، تاریکیی خەیاڵ بزر بوونی خەونەکانی کورد دەنوێنێ.

**کێشەی ناوەندیی دەق**

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، شیعری ڕەز، لەسەر بنیاتنانی چەند کێشەیەکی بەدووی یەکداهاتوو بنیات نراوە، کە دەکرێ لە چەند گۆشەیەکی دیاریکراوی زمانی دەقەکە دەستنیشانیان بکەین:

٣- جەستە کەشەنگە، هەناسە سوارە

٤- سەر وڕی (لەپە) دڵ بریندارە

٩- لە کوێیە شەراب لە کوێیە شەراب

١٠- بۆ لە ئێمە بوو بەرێچکەی سەراب...؟!

١٥- وا دیارە هەڵپەو ئاوات و ئۆخەی

١٦- ئەبێ ببەینە پەنا شووشەی مەی

٣٧- ڕۆشن کا دنیای هەستی من هەروەك

٣٨- چرایە بۆ ناو (بیرێکی) نووتەك...!

٤٥- سروشت بەپێچە خوارو چەپگەردە

٤٦- لە جێ یێ ئاوبێ ڕەقەن و بەردە

کێشەی بناغەیی دەق و ئەو بنیاتە سەرەکییەی کە ناوەندی بیرکردنەوەکانی شاعیر دەگرێتەوە و کەسایەتی کەوتن و داڕووخانی ناخەکی، هەموو لە دوو چەمکی سەرەکیدا کۆدەبنەوە کە کێشەی دەق دەنوێنن، یاخود بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین دەبنە ڕێچکەیەك لە مانای بناغەیی کە هەموو کێشە ڕووکەشەکانی دەق یەك دەخەنەوە. ئاشکرایە ناتوانین لە ساتی تراژیدی کەوتنی ناخەکی و تاڕادەیەکیش کەوتنی هۆشیاری بگەین کە وەك بە ئاوەژوو کردنەوەیەکی بەردەوامی مانا دەکەوێتە زمانی دەقەوە لەبەر ئەمەی هەموو کێشەکانی زمانی دەق پەیوەستن بەهەر دوو چەمکی (ڕەز و شەراب)ەوە، کە لە کولتووری ئاسایی و دابونەریتە باوەڕ دارییەکاندا مەی و شەراب خواردنەوەیان قەدەغەیە و دەبێ شاعیر پەنای بردبێتە بەر حاڵەتێك کە باسی لێوە ناکات لەو زمانە کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەبیری سۆفیگەرییانەی شیعرەکەوە.

ئەمە وەك لێکدانەوەیەك بۆ جیهانبینیی دەق کە بێ شك بنیاتێکی بناغەیی لەم پەیوەستانەوە دروست دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین هەموو چۆنێتییەکانی فراوانبوونەوەی پرسیارەکانی شاعیر لەگەڵ بەرزبوونەوە و سۆز وهەڵچوونەکانی

شاعیردا بەیەك بگەیێنینەوە لەو کاتەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی تامەزرۆیی و حەسرەتی شاعیر لە مەی و شەراب و نەبوونیان هەروەك فریادڕەسی کۆتایی زمان و بیرکردنەوە، باڵ بەسەر چۆنێتییەك لە پەرەسەندنی زمانی دەق و پەیوەستی کێشەکاندا دەگرێ.

ئاشکرایە هەموو کێشە ناوەندییەکان کە لەبنیاتە ناوەندییەکانی دەقدا ڕەنگیان داوەتەوە، پەیوەستکردن بە سووتانی ڕەز و نەبوونی شەراب ئەم چۆنێتییە لە بنیاتنانی زمانی شیعری و گوتاری شیعری لە هەمان کاتدا بەرەو هەمان پرسیارەکانی شاعیرمان دەگەڕێنێتەوە کە دەشێ ڕەز و مەی تەنیا ناونانێك نەبن لە دەقدا ،بەقەد ئەوەی گەڕانێك بن بەدوای سیفەتەکاندا کەتێیدا مرۆڤ دەگاتە ئاستێکی تر لە ئامادەگیی دەروونی و ناخەکی و دەسەڵاتێکی گەورەتری دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی لەنگییەکان و خەوشەکانی ژیان. هەر بۆیە دەتوانین لەشێوەی کێشە بناغەیییەکەی دەقەوە، لە هەردوو ئاستی زمانی ڕووکەش و زمانی شاراوەی شاعیرەوە، چەند سیمایەك بەخودی کێشەکان ببەخشین:

١- شاعیر لە کەوتنی ناخەکی و خامۆشبوونەوەی هەموو بەهرەیەکی زەینی بەدوای حاڵەتێك لە درەوشانەوەی ناخەکی و زەینیدا دەگەڕێ.

٢- ڕەز هێمایەکە بۆ ژیان و بوون، سووتانی ڕەز هێمایەکە بۆ لەناوچوونی بوون، کە ئەویش بوونی خاك و مرۆڤی کوردە:

٥٥- بەرەو مەڵبەنی کوردستان ڕەوتێ

٥٦- نەك کووپەشکا وا ڕەز ئەسووتێ

٣- (نەبوونی) شەراب وەك هێمایەك بۆ حاڵەتێك لە یاخیبوون و ئامادەگیی دەروونی، کەواتە کێشەی بناغەیی دەق لە شێوەی:

(بزربوونی حاڵەتێك = گەڕان بەدوای حاڵەتێك)دایە کە پێویست بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە دەکا لە دوو توێی هەردوو چەمکی ڕەز وشەراب.

### چەمکی ڕەز

کۆلەکەیەکی گوتاری شیعریی ڕەز لەگەڵ گۆڕانی چۆنێتییەکانی ئاخاوتندا، لەگەڵ ڕەنگاوڕەنگ بوونی ئازارەکانی شاعیر لەو کێشە ناوەندییانەدا کە بیریان لێ دەکاتەوە.

هەموو لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ڕەز دەسووتێ، سووتانی ڕەز، نیگەرانی مرۆڤایەتییانەی

شاعیر و مەترسییە ناخەکی و بێ ئومێدییە قووڵەکانە، بڕوانە دێرەکانی:

٣– جەستە کەشەنگە، هەناسە سوارە

٤– سەر وڕی لەپەو دڵ بریندارە.

٥– هەناسە ڕەشە، هەست پڵیشاوە.

٦– بانگ لە بەربین و قوڕگا خنکاوە.

٧– پێست بەسەر ئێسکا قرچ هەڵگەڕاوە.

٨– لەشە جنراوە سەرە بڕاوە.

ئەو زانیارییە پێش وەختانەی کە دەکەونە بەرچاو وەك ڕاگەیاندنێکی دەروونیی هەڵچوو دەکەونە سەرەتای کێشەکانی پرسیاری لە شەرابەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری گرێکانی ئەم زمانە ڕووکەشە ئەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:

١– هەرچەندە لە خوێندنەوەی ئەم سێ بەیتەدا شاعیر بەزمانێك ماناکان دەخاتە ڕوو کە تێکەڵبوونێکی لەگەڵ کەسی گوتاربێژەوە هەیە لە زات و کۆ، بەڵام وردبوونەوەیەك لە دێرەکانی (٦،٥،٤،٣) زیاتر مانایەکن بۆ خودی خۆی دەگەڕێنەوە کە ئازارەکانی خۆی تێکەڵ بە مردنەکانی ئەوانی تر دەکا. شاعیر زۆربەی ژیانی لە بەندیخانە و گرتووخانەکاندا بەسەر بردووە. شاعیر باس لە حاڵەتی کەوتنی دەروونی و زاتیی خۆی دەکا. ئەو جەستە کە شەنگ و باڵایەی هەناسەی سواربووە لە تەنگە تاوی وتەنگانەدا، سەری سوور دەخوا لە لێدان و شەپازلەدا، دڵی پڕ کەسەرو بریندارە، بە ئازارێکی ترش بار دەبێ کە ئازاری باوەڕ نەبوونییەتی بەکردار، وەك فریاد ڕەسێك.

ئەوی سەرکۆنەکراوی زۆرداری وستەم، ئەوەی دەیەوێ بیڵێ و ئەو ڕاستییانەی لە دڵ و هەستیدا ماونەتەوە، دەیەوێ هاواریان پێ بکا دەیەوێ دەروونی ئازاد و سەرفراز و یاخی بکا، لەو کاتەی هەست دەکا ئەو لەوپەڕی دەم بەستن و دەمکوتکردن و ژێر چەپۆکیدایە.

٢– لە دەرەوەی زاتێکی سەرکۆنەکراو، ئەوانی تر هاوخوێن و هاونیشتمان و هاوەڵ و هاو هەستەکانی، پێستیان بەگڕو ئاگری تۆپ دەبابە ڕەش هەڵگەڕاوە، هەروەك پێستی خاك، ئەمەش هاوتایی کردنێکە لە نێوانی زاتی شاعیر ← زاتی کۆ ← زاتی شتەکان.

بەڵام لە خوێندنەوەی کۆتایی شاعیر بارە تراژیدیاکانی زات و ئەوانی تر لە چەند

ڕوویەکەوە دەبنە هۆی بیرکردنەوە لە ئازارێکی هەرە گەورەی شاعیر کە ئەویش سووتانی ڕەزە و دەتوانین ئەو ئارستەیەی گوتاری شیعری چڕ کەینەوە:

| |
|---|
| شاعیر ← داڕووخانی ناخەکی و جەستەیی |
| سەرکوت ← سووتانی ڕەز |
| ئەوانی تر ← مردن و لەناوچوون |

بەڵێ ڕەز دەسووتێ، بەبێ گەیشتنیش بەچۆنێتییەکی تر لە بنیاتنانەوەیەکی جیاوازتری پەیوەستەکانی نێوان بنیاتەکانی دەق، ئاستەمە بگەینە هیچ لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی یەکلا کەرەوە، شاعیر لەگەڵ داڕشتنی بنیاتە ناوەندییەکانی دەقدا، هەروەها هاوتایی کردنێکی ناوەندییانەی تریش دێنێتە کایەوە، کە هەموو ئازارەکان تێیدا لە سووتانی ڕەزدا کۆدەبێتەوە:

٧- پێست بەسەر ئێسکا قرچ هەڵگەڕاوە

ئەم بنیاتنانەی مانا هاوتا کراوێکی تەواو کەرانەو بەراوردکارییانەی لەگەڵ بەیتی (٤٦)دا هەیە.

٤٦- نەك شووشە شکا وا ڕەز ئەسووتێ

هەردوو حاڵەتی سووتان هاوتا کراون:

هەروەها لە دێری (٦)دا.

٦- بانگ لە بەربین و قورگا خنکاوە

کە دەلالەت لە سەرکوتکردن و دەمبەستن دەکا. هەمان کێشەی گەڕانی شاعیر بۆ شکاندنی سنوورەکانی دەسەڵاتدارێتی و چاودێریکردنە لە بەیتی (٣٩)

٣٩- ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام

٤٠- بگەیێنێتە گوێ گۆڕی خەیام.

هەروەها تاك بەیتی:

هەناسە ڕەشە هەست پڵیشاوە.

گواستنەوەیەکە بۆ تاك بەیتی:

٣٧- ڕۆشن کا دنیای هەستی من هەروەك

ئاشکرایە لەو داڕووخانە ناخەکییەدا، هەستی شاعیر بەشتەکان، بە جەستەکان، بەخۆی و بەوانی تر، هەستێکە بەدووی ڕۆشن بوونەوە و گەشانەوەو ڕووناکیدا دەگەڕێ.

هەروەها لە تەك بەیتی (١٠)

١٥- بۆ لە ئێمە بوو بەرێچکەی سەراب

هاوواتاو هاودەلالەتە لەگەڵ تاك بەیتی (٣٦):

٣٦- بۆ شەوی خەیاڵ ببێ بە گڵۆپ

هەروەها بەیتی (٢٤-٤٥)

٢٤- وادیارە هەڵپەو ئاوات و ئۆخەی.

٢٥- ئەبێ ببەینە پەنا کووپەی مەی.

هاودەلالەتن لەگەڵ دێرەکانی (٤٥-٤٦)

٤٥- هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ.

٤٦- نەك کووپە شکا وا ڕەز ئەسووتێ.

هەروەها بەیتەکانی (١٥-١٦)

١٥- وا دیارە هەڵپەو ئاوات و ئۆخەی.

١٦- ئەبێ ببەینە پەنا شووشەی مەی.

هاودەلالەتن لەگەڵ دێرەکانی (٤٧-٥٠):

٤٧- سروشت بەپێچە خوارو چەپگەردە.

٥٠- لەجێ یێ ئاو بێ ڕەقەن و بەردە.

بەڵام هەموو ئەو ئاستانە لە بەراوردکاریدا، بە مەبەستی یا بە ئامانجی تێپەڕاندن و ڕووبەڕووبوونەوەدایە. شاعیر ئاماژە بە ئازاری مرۆڤێك دەدا کە ئازاری مرۆڤی کوردە.

ئەم بەراورد کارییانە هەموو لەوێدا دەورەکانیان بەتاڵ دەکەنەوە، وەك پێگەییێکی ماناو تێپەڕاندنێکی بەراورد کارییانە لەو کاتەدا دەگاتە ئازاری هەرە گەورەی کە ئەویش سووتانی ڕەزە.

(١) ڕەز ⟵ سەرچاوەی مەزە و شەرابە.

(٢) ڕەز ⟵ سەرچاوەی هەموو کێشە و هەڵچوونەکانی شاعیرە

(٣) ڕەز ⟵ هێمای کامەرانی و مانەوەی سەوزایی و بوونە.

ئەمەیە مانای ڕووکەشی دەقی ڕەز.

هەروەك ئاشكرایە ڕەز لە ئاینی زەردەشتیدا، هیچ سنوورێكی بوونایەتیی لەگەڵ بوونی جەستەیی مرۆڤدا نییە.

هەربۆیە ڕەز پیرۆزو بە بەهایە، لەوكاتەش گیانی مرۆڤ دۆنای دۆن دەكا، ڕەز هەروەكو چۆن پیرۆزە، هەروەها سەرچاوەی ژیانە، سووتانی ڕەز كوشتنی بەها پیرۆزەكانی مرۆڤایەتییە، كوشتنی هەموو ئەو باوەڕانەیە كە دەشێ ئێمەی مرۆڤ بە مرۆڤەكان و بوونەوە ببەستێتەوە. هەر لێرەوەش شاعیر پەنا دەباتە بەر دوو كەسایەتیی دوو فەیلەسووف هەروەك ئەوەی پەنا بباتە بەر دوو باوەڕ، دوو جیهانی باوەڕداری هەربۆیە چەمكی ڕەز چەمكی بوونی خاك و مرۆڤ و كوردو شارستانێتییەكەیەتی، هەروەكو چۆن هێمای كەوتنی هەستی مرۆڤایەتییە لە سووتانی خۆیدا ئەو نامرۆڤایەتیبوونە بەرجەستە دەكا، پەیوەستیش بەو ئاستەی كە زمانی دەقی لەسەر دامەزراوە بە بەراورد لەگەڵ بنیاتە ناوەندییەكاندا:

١- یەكگرتنەوەی هەموو كردارەكانی بەرامبەر لە سووتاندا، سووتان سڕینەوەی بوون و لەناو بردنی بوونی كوردە، مەترسییەكی بەردەوامە بۆ لەناوچوون كە جەستە وەك درەختێك بەراورد دەكا.

٢- نەمانی شەراب و مەی، حەرامبوونی ژیان و گەشانەوەیە، هەروەكو چۆن بزربوونی ئەو ئازادی و گەشانەوە دەروونییەیە كە شاعیر دەیەوێ بەرەو ڕووی زۆرداری بكاتەوە.

٣- یەكێتی پەیوەستەكان بە بوونەوە و سووتاندنی ڕەز هەڕەشەیەك بۆ لەناوچوونی ئەو پەیوەستە گیانی و جەستەییانەی مرۆڤ و خاك بەیەكەوە دەبەستێتەوە.

٤- سووتانی ڕەز مەودایەكی نامرۆڤایەتییانەی هەیە، ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ كەوتنی مرۆڤایەتی.

**چەمكی شەراب**

لە خوێندنەوەی ئەو جەخت لەسەر كردنانەی كە شاعیر لە هەموو ئاماژە و هێماكانەوە بنیاتیان لێ دەخوڵقێنێ.

١- بەهار ئەی مەیی ئەڵوەن و سادە.
٢- نەتدیوە پەترۆی پیاڵەی بادە.
٣- لە كوێیە شەراب لە كوێیە شەراب.
٤- بۆ لە ئێمە بوو بەڕێچكەی سەراب...؟!.

١١– ئـەبـێ لـە كـوێ بـێ بـۆن و بـەرامـەی.

١٢– ئـەو ڕەنـگـە ئـاڵ و ئـەوتـفـتـە تـامـەی.

١٣– ئەبێ لە كوێ بێ درەوشەی سووری.

١٤– ڕوونـاكـیـی تـیشك و بڵێسەی دووری.

١٥– وادیـاره هـەڵـپـەو ئـاوات و ئـۆخـەی.

١٦– ئـەبـێ ببـەیـنـە پـەنـا كـووپـەی مـەی.

٣١– لـە كـوێیـە شەراب ئـەوا تـاسەی مـەی.

٣٣– هـەست نوقوم ئەكا وەك زەریای بێ پەی.

٣٥– گــرۆزە بــۆ یــەك مــژو یــەك دڵــۆپ

٣٦– بـۆ شەوی خـەیـاڵ ببـێ بـە گـڵـۆپ.

٣٧– ڕۆشن كا دنیای هەستی من هەروەك.

دەگـیـنـا شەراب لـە مـامـۆسـتـای مـاف

بـۆ ئـەگـەیشتـە ئـەوپـەڕی قـولـەی قـاف

هەروەك دەبینین هەر چەندە ڕەز ئازاری كۆتایی و هەرەگەورەی شاعیرە، بەڵام ئەو ئازارە گەورەیەش ئازارێكی گەورەتری ناوەوەی شاعیر دەنوێنێ كە بنیاتی زمانی دەق دەنوێنێ. پرسیاری سەرەكیی شاعیر لەبەر پەرچدانەوە و ڕەتكردنەوەو ڕووبەڕوو بوونەوە دایە، بەڵام ئەو هەموو دەورانە هەموو دراونەتە پاڵ چەمكی شەرابەوە. شەراب ڕزگاربوون نییە بەقەد ئەوەی وەك ڕێگەیەك وایە بۆ ڕزگار بوون و ڕووبەڕوو بوونەوە، كە سەرجەمی جووڵەی مانا و ئاڵوگۆڕ بوونەكانی بنیات دەگرێتەوە، بەڕادەیەك هیچ دێڕێك لە شیعرەكە دابڕاو نییە لە پرسیاركردنی شاعیر لە شەراب. شەراب هەروەك خەونێكی ئارەزوومەندی و هەروەك گەیشتنێكە بە حاڵەتێكی دەروونی هەستیاری، شەراب هەروەك ئاماژەیەكە بۆ بڵێسە و ئاگری شۆڕش و ڕووناككەرەوەی هەستی شاعیر و هەڵسانەوەی كەوتنی جەستەیی شاعیر.

ئەم مانایانە كە لە زمانی ڕووكەشی دەقدا بەرجەستە بوونە، بە هیچ جۆرێك وەرگرتنی شەراب، بە دەلالەتە ئاساییەكەی، ئەو مانایانە ناگەیەنین، هیچ شوێنێك لە كۆتاییهێنان بە كێشەكانی دەق.

هەروەك دەبينين شەرابی (هۆما) تێكەڵەيەكە لە گيای (هۆما) و شيری مانگا تاكو شەش ساڵان دەدرايە زەردەشت، بۆ پتەو كردنی عەقڵ و جەستەی، هەروەها لە ئەفسانەكاندا شەراب ئاماژەی زيندوويێتی و پاكبوونەوەيە، بەڵام دەشێ لەبەردەم شاڵاوی كوشتن و تێكدان و بەنديكردن و ئەشكەنجەداندا پەنا ببەينە بەر شەراب؟!

دەشێ شەراب بڵێسە و گڕی دوور هەبێ؟! دەشێ شەراب ڕێگەيەك بێت بۆ ڕزگار بوون؟! دەشێ شەراب بەرهەمهێنی عەقڵ و بنيات نانەوەی ڕوخانی ناخەكيی مرۆڤ بێ؟! ئەمەيە ئەو گرێ ئاڵۆزو ئەو ئاستەنگە زمانەوانييەی كە دەقی ڕەزی لەسەر دامەزراوە و هەموو هێزەكانی زمان لە بنياتنانی مانادا دەخاتەوەبەر پرسيار و ناتوانين بەبێ گەيشتن بەو هێزە هيچ ڕوونبوونەوەيەكی بێ گرێ لەو دەقەدا هەڵبژێرين لە ڕاستيدا شەراب وەك خوێندنەوەيەك بۆ دنيا و وەرگرتنی وەك حاڵەتێكی دەروونی و عەقڵی و جەستەيی، دەربڕين لە شۆڕشی تاك و شۆڕشی كۆ دەكا و شاعير بە وردبينی ئاماژەكانی خۆی بەرەو ئەو مانايانە دەبا.

شەراب بەرامبەر بە زات مەودايەكی سۆفيگەرانەی هەيە، ئەو مەستبوونە ناخەكييەی كە هيچ جياوازييەكی نييە لە مەستبوونی شۆڕشگێڕێك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی زۆرداران. زۆرداران وڕ وكاس و خاش و تەفرن، زۆرداران زمانێك شك نابەن بۆ گفتوگۆی مرۆڤايەتی و تەنيا زمانی هێز و بەرپەرچ دانەوە نەبێ، تەنيا ئەو زمانەی تاكەكان لە كەوتنەكانی خۆی دەردەكا و ڕووبەڕووی ئەويان دەكاتەوە. هەروەها شەراب دەرچوونێكە لە تاريكايی، دەرچوونێكە لە جيهانی تاريكی كە ئەهريمەن وەك هێزێك دەبێ بەرامبەر بە چرای ئەو ڕۆشناييیە زاتييە ملكەچ كا. هەربۆيە شەراب وەك بڵێسە و وەك ڕووناكی و وەك فريادڕەسی دەروونی، دەرەوشانەوەی پڕ لە تيشكی شۆڕشگێڕيشە كە لەنگييەكان و نايەكسانييەكان ڕاست دەكاتەوە. هەروەكو چۆن شەراب ئاماژەيەكە بۆ شۆڕش، شۆڕشی جەستە و عەقڵ و دەروون، شۆڕشی ئەو سۆفيگەرە مەستبووانەی هەموو كۆتی زۆرداران و دەسەڵاتە ستەمكارەكان دەڕووخێنن. لێرەوە دەق لە هەموو پەيوەستە زمانەوانی و شێوەيی و بنياتەكانيدا واڵا دەبێ. هەروەها بەرەو ئاستێكی ديكەمان دەبات لە گەيشتن لە بنياتی سەربەخۆی دەق.

## ترس و خەمۆكی بوونی ناخەكی لە گریانی ڕۆحدا

هەندێ جار لە قووڵایی دڵما هەستی پەستییەك دەكەم، لە چەشنە مەستییەك دەچێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیر و خەیاڵ و لێك دانەوە لێ ئەورووژێنێ، شەكەتم دەكا.

كەچی ئەگەر سەردەمێكی نەختێ درێژ خۆیم لێ بشارێتەوە، گیانم وەكو منداڵ، دەكەوێتە بەیاییەكی بەكوڵ بۆی، ویستم ئەم بیرانە لە قاڵبی شیعردا دارێژم، هەر چەن تێ كۆشام هەر توانیم ئەمە بێنەمەدی! (گۆران).

**زەنگی پەستی**

ئـەوا دیسان لـە گـۆشەی نـادیـاری
دڵـم هــەڵسا زرەی زەنـگـی فـگـاری
بـەئـاسپـایی، بـەبێ هێزی بەعاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
بـە ئـاسپـایـی بـە لەرزۆكی هەژاری
ئـەنـاڵـێنـێ لـە شوێنی نـادیـاری!...
زمانێك دێتە گۆ هەرچەن زرەی دێ
كە تێر نابم لە گوێگرتنی بەدوو گوێ!
زمانێك بەستەیەك، دەنگێك، نەوایەك
سكاڵایەك، هەناسە و ئاخ و ئایەك...
كـەتێی نـاگەم كە نـازانم ئـەڵـێ چی،
بەڵام خوڕ خوڕ لە گەڵیا ڕۆحم ئەگری!
چییە ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پەی
لـە تـۆ نـاشارەزایـی مـن هـەتـا كەی؟
چییە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
كەبێ هەڵهێنەری چاوی شوعوورە؟

که دێ پەستم. کەنایە ئارەزووی دڵ

بەدوویا وێڵ ئەبێ: مەنزڵ بەمەنزڵ

چییە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بەماتی

کـەژێر کـەوتـووە شوێنـی وولاتـی؟...

(گۆران)

نوشوستی دەربڕین و بەرجەستەکردنێکی یەك لاکەرەوەی بارە دەروونییەکان لە لای (گۆران)، چەند ئاماژەیەکی جودا لە کاری شیعر ودەلالەتدا دەکاتەوە:

١- بنیاتنانی قالبێك لە واتا ،لەو حاڵەتە دەروونییەی دەربڕین لێ کردنی شتێکی نیمچە مەحاڵە.

٢- بەدواداچوونێکی شیعریی دەروونیی زۆر کاریگەر کەتا پشتەوەی و تا ئاساییەکان دەڕوا.

٣- تێکشکاندنی سنوورەکان و دەسەلاتەکانی شیعر لە دەربڕیندا.

لـەم ڕوونـییـە زۆر تـایبـەتـەوە پـەیوەست بـەبـەرهـەمـهێنـانـی شیعرەوە، لە لای گۆران، شێوازێك لە زماندا دێتە ئاراوە کە تایبەتگەرێتییەکی خاسییەتداری پێ دەبەخشێ.

هەوڵ دەدا لەم شێوازەدا، هەموو دەسەلاتێکی دەربڕین و واتا لە زماندا بەرجەستە بکا.

نهێنی دەسەلاتی سیحری زمان و کردنەوەی واتای نوێ لە دووتوێی یەك بنیاتی بابەتیی دەقدا، کرۆکی جیهانبینی قووڵی ئەو دەنوێنێ لە شیعردا. بەمەش زۆربەی ئەزموونەکان لە دەربڕینی شیعریدا تێپەر دەکا.

ئەم حاڵەتە شیعرییە زۆر بەڕوونی لە شیعری (زەنگی پەستی)دا دەردەکەوێ.

کە شاعیر بۆ زیاتر پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەم ئەزموونە شیعرییەی ڕوونکردنەوەیەك بۆ شیعرەکەی دەنووسێ، پێشەکییەکەی لە خودی خۆیدایە نەك تەنیا بەو مانایە لێك بدرێتەوە کە زمان لەبەردەم دەربڕیندا نوشوستی دێنێ، بەڵکو مانایەکی تر ڕادەگەیەنێ کە لە واتادا بنیاتێکی سەربەخۆ دەنوێنێ، ئەو واتایانەی دەگەنە ئاستی دروستکردنی خاسییەتێکی بابەتیی کامڵ. کە هەموو دەلالەتەکانی ئاشکرا بێ و بتوانین بچینەوە سەریان لەدوای دەستنیشانکردن و دیاریکردنیان هەر ئەم نوشوستییەش وای لە گۆران کردوو لە شیعرێکی تریدا بڵێ.

(هەر چەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم) یا لەم پێشەکییەی شیعرەکەیدا بڵێ، هەر چەن تێ کۆشام هەر توانیم، ئەمە بێنمەدی».

ئەم گیروگرفتە زمانەوانییەش سەرەتای هەموو جۆرە نووسینێك دەگرێتەوە.

شیعری «زەنگی پەستی»، یەکێکە لەو شیعرانەی کە وشەی «پەستی» حاڵەتێك لە حاڵەتە دەروونییەکان دەنوێنێ لەلای شاعیردا و بەشێوەیەکی سەیر دەلالەتەکانی تێکەڵی مەسخبوونی واتاکانی وشە دەکا و دەلالەتی چەمکی «پەستی» لە ناخەوە دەلالەتی موورادیف بەخشێکی ڕەنگاوڕەنگ لە بابەتی شیعرەکەدا دەکاتەوە و تەنیا هەر لە بەرهەمهێنانی ڕستەی شیعرییەوە بەرجەستە دەبێ و دەچیتەوە سەر دەوڵەمەندیی مەدلوولەکانی ئەو چەمکە.

دەبێ چەمکی (پەستی) وەك ڕەگەزێکی بنیاتنەری خاسییەتی بابەتیی دەق چ واتایەك و چ ئاماژەیەکی ڕاستەقینە بەرجەستە بکا؟ دڵی شاعیر و مەدلوولی (پەستی) ئاخۆ دەگەنە ئاستی بنیاتێکی کامڵ لە دەقدا؟ ئەم پرسیارانە پەیوەستن بە مەدلوولە شاراوەکانی جووڵەی پەستییەوەً لە شیعرەکەدا و (پەستی) بنیاتێکی ئاشکراو ڕوویەکی هەڵخەڵەتێنەری دەقەو ناگاتە ئاستی دروستبوونی بینایەکی ڕاستەقینەی حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیرەوە.

ئەم نووسینەش کردنەوەی گرێیەکان ئەو مەدلوولانەیە کە بارێکی تر لە واتاو ڕەنگدانەوەیەکی تر لە بینای دەق دەدۆزنەوە و کە لە جووڵەدا لەبێ ئاگاییەکی دەروونی هەستپێکراو لە ڕووکەشدا. بەسەر هەموو دەلالەتەکانی دەقدا تێپەڕ دەبێ و لە خودی مەدلوولی پەستیدا.

لەگەڵ ماڵئاوایی هەر خۆشەویستێکدا، تۆزێکی بێهوودەیی لەسەر دڵ و زەینمان دەنیشێ و لە پاش خۆیەوە شتێك جێ دێڵێ.

لە چاوەڕوانییە بە پەرۆشەکانی هاتن و نەهاتن، بوون و نەبوون.
شیاو و نەشیاو، گەردی گرێنەدانێك لە خانەکانی یادەوەریماندا کۆ دەکاتەوە.
کە لە پشتەوە شتێك جێ دێڵێ... لەگەڵ چاوکردنەوەی یەکەمی بەیانیاندا.

ئەوساتەی مێشکمان وەك ڕووبارێکی نوستووە، لە پڕێکدا هەروەك دەنگی زەنگێك هەموو خۆشی و ناخۆشییەکان لافاو بەسەر ڕووباری نوستوودا هەڵدەستێنن و ماتییەکی خەمگین لە دایك دەبێ و لە پشتەوەی ئەو ماتییەشەوە، شتێکی تر جێ دەمێنێ. لەگەڵ سەدای گۆرانییەکی سۆزبەخش.

لەگەڵ دەنگی مۆسیقایەکی غەمگین، لەگەڵ هارمۆنیای درامیی ڕۆژئاوای سوور، زەین دەشڵەژێ و دڵ دەکەوێتە خورپە، تیشکێك جێ دەمێنێ.

لە پشتەوەی پەنجەرەکانی زستان و سەفەر و بەندیخانە و تەنیایی و چاوڕوانییەوە، لە ناخەوە دەگرییێن و شتێك لە دڵ جێ دەمێنێ.... زەنگی پەستی هەموو مەدلوولەکانی ئەو شتە جێماوانەمان لە شێوەی دەنگێکی کپ و خامۆش بۆ بەرجەستە دەکا و پەستی ناتوانێ وەك مەدلوولێ هەموو توێژ و دەلالەتەکانی ئەو حاڵەتانەمان بۆ بخاتە تاقە جیهانێکی تەباوە. نوشوستی نووسین، نوشوستیی زمان نییە لە شێوەی سیستەمێکی پڕ لە جووڵەدا، بەڵکو نوشوستی زەینە لە وێنەگرتن و بە مەدلوول کردنی حاڵەتە بزرەکانی خودی مەدلوولەکان بەڕادەیەك واتا لە زماندا چەندین واتای تر هەڵدەگرێ. سیستەمی دەربڕین و واتا لە زمان، سیستەمی تر لە خۆیدا دەخولقێنێ، بەمەش سنوورەکانی دەربڕین لەبەردەم ناسینەوە دەسڕێنەوە و هەروەك ئەوەی نەتوانین لەبەردەم زۆریی حاڵەتەکانی واتا بزرەکاندا، باوەڕێکی پڕ یەقین بەخودی سیستەمی زمان ببەخشین، زمان سیفەتێکی گومڕای باری شتەکانە و لە فەوزای شتەکانەوە فەوزای زمان لە واتادا دەخولقێ.

وێڕای دەرك کردن بە خەم و پەستی وێڕای هەستکردن بە شڵەژانی ڕۆح و دڵ، وێڕای ڕاستبوونەوەی (چاوی شعوور)، پرسیارەکانی دەقی (زەنگی پەستی) ئەوەندە زۆرن، گەواهی گومان و نایەقینی واتا لە زەیندا بەرجەستە دەکەن، گەواهی کورتهێنان و مەسخبوونی واتاکانن لە تاك واتایی زماندا. هەروەك ئەوەی زۆر لە حاڵەتەکانی دەروونی و زەینیی مرۆڤ، بە وشەی بەردەست نەتوانین دەربڕینیان لێ بکەین، ئەو حاڵەتانەی کە زۆر جار لە زانین و نەزانین، لە خۆشی و ناخۆشی، لە هەست پێ کردن و هەست پێ نەکردن، لە کامەرانی و پەستی و، لە واتادار و بێ واتاییەوە لەدایك دەبن و لە شێوەی واتایەکی وێڵ و بزر و لە هەمان کاتدا بنیاتنەر و چەسپاو و ڕاستەقینەدا، خۆیان لە پشتەوە زەین و زماندا دەشارنەوە.

هەر لە دژ بەیەکیی ئەم حاڵەتانەی نووسینەوە، واتای ڕەهاو سەربەخۆ لە دەقدا لە دایك دەبێ، هەر لە بنیات و واتای دوو سەرەو جێ نەگیرەوە، لە نێوان ئیمکانبوون و نەبووندا، ئەم حاڵەتانە لە دەلالەتی وشە دەچن و لە جیهانی ناونان و وەسفی شیعریدا، پێویستمان بە پەرەگرافێك لە وشە هەیە تا بیخەینە سەر ڕێچکەی واتای ڕاستەقینەی خۆیانەوە. زۆرجاریش هەر ناکەونە ژێر جڵەوی دەربڕینەوە، هەر بۆیە هەوڵەکانی (ئارتۆ) لە

شانۆی توندوتیژدا نوشوستیی زەین دەنوێنێ لە دروستکردنی واتادا. هەر بۆیە گاڵتەجاڕیی کورتبینیی زمان لە ئەدەبی ناماقووڵدا نوشوستیی دۆزینەوەی هەرەسی زەینە لە واتادا.

(زەنگی پەستی) زەنگی (مەترسییە ماتبووەکانی) ناخ و زەینی شاعیرە.

لە چاوەڕوانی و لە هەرەسی خودی مەترسییەکاندا لەبەردەم ئارەزوویەکی بێ ترس و بە چێژ و ساتێکی بێ ترس بە واتای زۆر تایبەتی و زۆر دیاریکراوی بەکارخستنی دەلالەتی ترسەوە.

لە واتای پشتەوەی ئەو پەستییەی کە دەیەها پرسیاری جودا لە زەینی شاعیردا دەوروژێنێ. هەر بۆیە ئەم شیعرە هەوڵێکی بەجۆشی (گۆران)ە بۆ نزیکبوونەوە لەم جیهانە ورووژاوەی دەلالەت و ئەو گیروگرفتانەی لە دەلالەتدا دروست دەبن، ئەو گیروگرفتانەی تەنیا هەر لە ورووژاندنیدا، تەنیا لە وەسفکردن و کاریگەرییەکاندا شوێنێك لە بوون و نەبوون لە دەروونمان دەگرنەوەو هەروەك (گۆران) دەڵێ: «هەر ئەوەندەم بۆ کرا».

بەمەش پڕۆسەی شیعر سارێژکردنی خودی دەروونە لە واتاکاندا، حەسانەوەیەکی کاتی و مانەوەیەکی کاتیی ڕەها بە بوونمان دەبەخشێ. لە پێناوی تەنیا چرکەیەك کە هەست دەکەین بە تەواوەتی دابڕاوین لە هەموو واتایەك و هەموو بوونێك. ئەو چرکانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی زەینیمان دان و لە دەرەوەی هۆش و دەرك پێ کردنمانن و وەك خەڵقەندەیەکی سەربەخۆ لە جەستەماندا دەژین و توانای دەربڕین لێکردنمان ئابڵوقە دەدەن. ئەمەیە گەردوونی پرسیارەکانی (گۆران) لە زەنگی پەستیدا کە نە شوێن و نە زەمەن و نە دەلالەتەکان فریای دەکەون و باری ڕاستەقینەی هەستە ماتەکانی مەترسیمان بۆ ناو بنێ ئەو لەم دیوی واتاوە پرسیارەکانی دەوروژێنی. چونکە پرسیار لە دەلالەتی حاڵەتێك دەکا لە دەرەوەی واتا لە کاتی نادیار و نازەمەنی و لە دەرەوەی زەینماندا دەژێ ئەو پەستییەی چەند نەوەیەکی تەواو لە ڕۆمانسییەکانی وەك هیگۆ و لامارتین و شاتو بریان بەدەستییەوە گیریان خواردبوو و نەوەیەکی تریش لە شاعیرە ڕەمزی و نوێخوازەکانی وەك (ستیڤان مالارمێ و بۆدلێر و ڤالێری) بەدەستییەوە دۆش و دادەمان.

جارێك بە خەم و جارێك بە بێزاری و جارێك بە گەشانەوە و جارێك بە پەرگەندەیی ناخ دنیایەك لە واتا و بنیاتی واتای هێناوەتە ئاراوە.

لە پێناوی بەخشینی گیانێکی تەواو و کامڵ لە واتا، لە پێناوی کردنەوەی ڕێگە لەبەردەم ئیستاتیکایەکی بنیاتئامێز، شاعیر چەمکی (پەستی)ی مات و بێدەنگ لەگەڵ چەمکی (زەنگی) پڕ دەنگ لێك دەچوێنێ و پەستی دەهێنێتە دەنگ، هەر لە پێناوی بنیاتنانی کیانێکی کامڵ لە واتای پەستی و گەڕان بەدوای دەلالەتە ڕاستەقینەکانی پەستییەوەیە کە شاعیر دەیەوێ سیفەتی

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری

دڵم هەڵسا زرەی زەنگی فگاری

(ئەوا دیسان) دەربڕین لە هاتنی ئەو دەنگە دەکا، کە دەنگی پەستییەو سیفەتێکی بەردەوامی هەیە لەم ڕستەیەداو شاعیر لە سیفەتی دەنگدا خۆی لە خودی دەنگ دادەماڵێ و نایکاتە بەشێك لە بیرکردنەوە و حاڵەتی پرۆسەیەکی دەروونیی هوشیاری وا کە دەسەڵاتی بەسەریدا بشکێت.

ئەو ناوەندە و پەستی هاڵەیەك لە دەسەڵاتی سەربەخۆ و ڕەها دەنوێنێ و حاڵەتی دووبارەبوونەوە و سیفەتی هاتنی «ترس»ێکی مات بەرجەستە دەکا، هەروەك ئەوەی ئەو چاوەڕوانییە و هاتنی، بەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدا بێ. زەنگی هاتنی




حاڵەتێکی دەروونی بێ کە ترسی لێوە بەرجەستە بێت، نەك پەستی بە مانا گشتی و زانراوەکەی، بەڵام هاودەلالەتی ڕاستەقینەی واتای شاراوەی ترس هەر زەنگی فگارییە و دەنگی پەستییە کە لە ناخی شاعیر دەنگ دەداتەوە، هەروەك ئاگاداریکردنەوە و ڕاگەیاندن، دەنگی زەنگیش لەم ناوەندەدا، هەر واتای شڵەژانێکی لە پڕدایە و دەلالەتی جودا لە هۆشیاری و سۆزی شاعیر دەگرێتەوە:

بە ئەسپایی بەبێ هێزی بەعاستەم

هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم

بەیتی یەکەمی شیعرەکە وەك ڕاگەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو حاڵەتەیە و بەیتەکانی دوایی گواستنەوەی بارەکانی واتا و مەودای ئەو دەنگەیە:

دەنگی (زڕەی زەنگ) دوو سیفەتی دژ بەیەك دەگرێتە خۆی، لە یەکێکیاندا دەنگ سیفەتی توندوتیژی زڕەی زەنگی هەیە و لەوی تریشیاندا دەنگێکی کزوماتە (بە ئەسپایی بەبێ هێزی، بەعاستەم).

سەدایەکی نزمی هەیە و «هەوای رۆح» دەخاتە سەر (لەرەی خەم) گەر بێتو پەستی زەنگ بێ ئەوا (لەرەی زەنگ) دەبێتە لەرەی خەم، ئەم پەیوەستە پێکهاتەیییەش هەر دەچێتە دوو توێی سیفەتی سووککردنی دەستپێکردن و کێشی ئەو «پەستییە– ترس«ەی ناخی شاعیرە.

شاعیر بۆ ئەوەی دەلالەتی قووڵتر لەو پەستییە دروست بکا، هەڵدەستێ بە گەیاندنی ئەو دەنگە بە ئاستی ئاماژەیەکی دەلالەتدار بەوەی سیفەتی زمانی پێ دەبەخشێت لەو کاتەی دەڵێ:

زمانێك دێتە گۆ، یاخود لە دێڕی دواتردا دەڵێ:

زمانێك، بەستەیەك، دەنگێك، نەوایەك... تاد.

دەبێ بۆچی شاعیر، سیفەتەکانی ئەو دەنگە نەخاتە یەك دەلالەتی تەباوە؟! بۆچی وەسف و دەلالەتەکانی ئەو زمانە دێنە قسە و دەربڕین لە واتای دژ بەیەك و نەگونجاو دەکەن؟! ئەم پرسیارانە دەمانگەڕێننەوە بۆ مەدلوولەکانی (پەستی) کە لە (ترسدا) بەرجەستە دەبن، (ترس) بە واتا گشتییەکەی تەنیا هەر ئەو ترسانە نین کە بە شێوەیەکی ئاشکراو تەبا کە لەگەڵماندا دەژیت و بە ڕادەیەك هەر کە نەما دەمرێ، ئەم ترسەی بزوێنەر و هەژێنەری ناخە، کە بەشێك لە ناخە، کە لە گەڵماندا دەژی و ڕوانینەکانمان لە ناخی خۆیان دەخاتە کێشەی جۆربەجۆری جوداوە و هەست و سۆزمان لەگەڵ دەرەوەماندا لە واتا و سروشتێکەوە بۆ واتا و سروشتێکی تر وەردەچەرخێنی.

(گۆران) بە شێوەیەکی بێ ئاگایی کامڵ و زۆر بە وردی دەربڕین لە دکتاتۆریەتی ئەو ترسە (مێژوویی– بەردەوامە) دەکا کە لەگەڵیدا دەژین. دەربڕین لە پەستی ترسێك دەکا کە ڕەگی لە ناخمان داکوتاوە، وەك خوویەك، وەك داوونەریتێك، وەك نیمچە کابووسێکی بەردەوام، لەم بەردەوامی و گریان و پێکەنین و خەونەکانیشماندا. ئامادەبوونی ئەم هەستە پێش وەختەیە، مەسخبوونی واتاکانی ئەم هەستەیە لە کاردانەوەمان بەرانبەر بە

جیهانی دەرەوە، ئەو ترسەی لە سکاڵای نائومێدییەکەوە لەدایك دەبێ، ئەو ترسەی لە (هەناسە) ساردیی کارەساتەکانەوە لەدایك دەبێ، ئەو ترسەی لە (ئاخ و ئایەکی) برینی ئازارێکەوە لە ناخماندا سەر هەڵدەدا، ئەو ترسەی لە (دەنگ) و زرەی (زەنگ)ەوە دەبێتە زمان و دەبێتە بەستەو دەبێتە نەوا. ئەمە ئەو جیهانە بەربڵاوەیە کە (گۆران) دەلالەتە مات و ڕەگداکوتاوەکانیمان لە شێوەی ساتەکانی بیرکردنەوە و هەستدا بۆ بەرجەستە دەکا، هەر لەبەر سەرهەڵدانەوەو کاریگەریی ئەو هەستەیە، کە ترس لە پەستیدا لە دڵەوە کاریگەرییەکانی جێ دێڵێ و لەوێشەوە ڕۆح دەبێتە مەیدانی ناوەندی کارتێکردنە سەر، لەمەشدا جیهانی عەقڵ و واقیع وەك ڕوونکردنەوەیەکی یەك لاکەرەوە بزرە لە هەموو وەستانەکانی شاعیردا. بێگومان ئەم دەلالەتەی پەستی بە پەیوەستبوونی بەدڵەوە، ڕۆح دەخاتە سەر لەرەی خەم و دەیخاتە ناوەندی کاریگەربوون، لە ترسدا دڵ دەخورپێ و دەشڵەژێ و لە ترسدا ڕۆح جەستەمان مات و خەمبار دەکا و پەیوەستێکی سەرخان و ژێرخانی بنیات لەنێوان (دەنگ– زمان) و (دڵ– ڕۆح) و (پەستی– ترس)دا دروست دەبێ لە شێوەی کێشەیەکی ناخەکیدا:




بەڵام گەر پەستی دەلالەتی ترس و مەدلولەکانی وەك بنیاتێکی کامڵ لەباری کەسایەتیدا بنوێنێ، دەبێ بۆچی دڵ ئارەزووی لێ بکا و دڵ بۆی بکەوێتە بەیایی؟

لە گەورەترین تراژیدیای هەستکردن بە خەمدا، لە مەزنترین ساتەکانی ترسێکی بەردەوامدا.

دەرکپێکردن و هەستپێکردنمان دەچێتە نێو قۆزاخەیەك، کە ماتە و بێدەنگە و ئاساییە و ڕۆتینییەتێکی دەروونیی بەهێز باڵ بەسەر زەینماندا دەگرێ، دەروونمان لە دووبارەبوونەوەی چاوەڕوان نەکراوەکاندا قاڵ دەبێ، هیواخواستن و ئارەزوو خواستێکی بە دواخراوە، وەك تروسکاییەکی کز لە ناوەوەماندا ناکوژێتەوە و کەلەبەرە مردووەکانی زەینمان، خانە لەبیرچووەکانی یادەوەری و وروژاندن دێنێتە کایەوە،

بەڕادەیەك وا هەست دەكەین لە ژیاندا ئارەزووی مانەوەمان بەهێزە و لەگەڵ ئەمەشدا دەرك بە هەموو گرفتاری و شڵەژانەكانی ناوەوەمان ناكەین. ئەم نوستالژیایەی بوون، حەزی بوون لە ماتی و كپ بوونیدا دەلالەتی نوێ لە دەقدا دروست دەكاتەوە. ئەو حەزانەی كە نایەنە دی و ئەو حەزانەی لەگەڵ دووبارەبوونەوەی كارەسات و خەم و چاوەڕواننەكراوەكاندا دەمرن و ئەو حەزانەی كە ئەوەندە دوورن هاتنە دییان هەروەك كارێكی مەحاڵ وابێ، ئەو حەزانەی لە تراژیدیای ترسەوە لە دایك دەبن. زەنگی پەستی، لەنێوانی (ئەوا دیسان) و (پەستیدا) ئەو زەنگی ئاگاییيەیە كە مردنی حەزەكان و ترسێكی بەردەوام ڕادەگەیەنێ. هەر ئەو دوو سیفەتە دوو سەرەیەی ئەم پەستی و ئەم ئارەزووەی شاعیرە كە دەیەوێ دەلالەتێكی یەكگرتوو و تەبا بدۆزێتەوە بۆ هەستەكانی و لەیەك دەلالەتدا ناوەستێ و واتاكان لەباری (نزیكبوونەوە و دووركەوتنەوە) و (كاریگەر و بێ كاریگەر) و (زمان و لاڵ) و (چێژدار و بێ چێژ) دەردەخا. ئەم بنیاتە دووسەرانەی واتا لەلای (گۆران)دا لەم شیعرەدا دەگاتە ترۆپكی خۆی و نهێنی جیهانبینی قووڵی شاعیر ڕاڤە دەكا، كە نەك تەنیا دەلالەتی دەروونی و كەسایەتی دەگرێتەوە، بەڵكو پەل بۆ بیری سیاسی و سروشت و جوانی ئافرەتیش دەبا كە ئەمەش شوێنی لێكۆڵینەوەیەكی دوورو درێژە و جیهانبینیی پتەوی مەعریفیی شیعریی گۆران دەنوێنێ و دەبێتە بزوێنەری پرۆسەی شیعریی ئەو، هەر ئەو حەزە مات و كپەیە كەوای لێ دەكا دڵی بۆ ئەم پەستییە بكەوێتە (بەیانی) و (ئارەزووی دڵ)ی بۆی وێڵ بێ.

چییە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟

كە پێ هەڵهێنەری چاوی شۆعوورە؟

هەستكردن بە خود و ناوەوەی خود، گەیشتنە بە هۆیە كاریگەرە ناخەكییەكانی شاعیر، هەستكردن و دەركپێكردنێكی یەكاڵاكراوەی هەموو ئەو هەژانە ناخەكییانەی شاعیرە كە بە چەشتنی ئازارەكانی و دۆزینەوەی پاساو و تەبایی بۆ دژ بەیەكییەكانی ئەو ئازارە دەگاتە دروستكردنی پردەكانی پەڕینەوە لە زەمەنە جوداكاندا، لە سات و وەختە جوداكانی ئەم ئازارەدا. بەمەش شاعیر نزیكبوونەوەیەكی بنیاتنەرانە و موعایەشەیەكی قووڵتر لە ئازاردا دەدۆزێتەوە، بەمەش دەگاتە ئاستی گەیشتن و دەركپێكردن.

ئەوەی ڕۆچوونی ئەم خەم و پەستییە لە ترسدا بەرجەستە دەكا، بەردەوامی و هەستكردنە بەم بەردەوامییە.

هەروەها بەخشینی سیفەتێکی زەمەنیی خەمۆکی بوونی ناخەکی و نامۆبوونی ناخەکییە کە لە مەڵبەندی کاریگەرکردنە سەری (دڵ) لە مەڵبەندی بە میتافیزیککردنی واتایە لە (ڕۆح)دا.

هەروەها هەستکردن لە بەردەوامیدا، هەستکردنە بە زەمەنی ڕەهای خەمۆکی بوونی ناخەکی کە لە ڕۆح و دڵیدا، شوێنێکی زەمەنیی کورت و کاتی بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و لە ترۆپکی خەمۆکیبووندا هەست وروژێنەری ناسینەوەیە و هەستکردن لە خودی خۆیدا پرسیارەکانی جیهانبینی دەلالەتە جوداکانی دەرهاوێشتنەکانی (ترس)ێکی لەبیرکراوە و پەرگەندەیە لە زەیندا، کە لە دەلالەتە جوداکانی پەستییەوە لە (نەوا، سکاڵا، هەناسە، ئاخ، ئایەك)ەوە بەرجەستە دەبێ، نەگەیشتنی شاعیر و نوشوستیی دەربڕین لە دۆزینەوەی چرکەساتە بزرەکانی پشتەوەی ئەم هەستپێکردنە هێنانەکایەوەی پرسیار و سەرسوڕمان و گەڕانەوە پەشێوەکانی شاعیرە لە ساتی تەقینەوەی جەوهەریی پەستییەوە لە ترسدا.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هەرچەندە بە وروژاندنی پرسیارەکان حەسانەوەیەك بە ناخی دەبەخشێ، ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و لە دەسەڵاتی هەستپێکردن و دەسەڵاتی زەینیی ئەو دەردەچێ.

شاعیر لە نێوانی دوو جیهاندا بەش بەش دەبێ. لە یەکێکیاندا پەستی وروژێنەری ئارەزووەکانە و لەوی تریشیاندا هەستکردنە بە دەلالەتەکانی ئەو (ترس)ە ئەنجامدارە چارەسەر نەکراوو حەتمییەی کە بێ ئەو ئارەزووەکان واتایان نابێ و (چاوی شوعوور)یش هەڵنایا، هەر ئەمەش سیفەتە دژ بەیەکییەکانی واتاکانی شیعرەکەمان لە نێوان (پەستی) و ترس و ئارەزوودا بۆ ڕوون دەکاتەوە. ترس وەك هەستێکی مات و کپ، وەك سیفەتێکی هەمیشەیی و ڕەگداکوتاو، سەرجەمی خەونەکانی شاعیر گەورە دەکاتەوە.

سەرجەمی ئازارو حەزە وەهمییەکانی پێ دەگەیەنێتە ئاستی بەهەشتێکی ناخەکیی بزر. هەر بۆیە ترس دەبێتە واتای ترسێکی مردوو کە لە زەینمادا دەژی و واتای ترمان لەلادا دروست دەکا.

ترس لە بەدینەهاتن و بەدیهاتنی خەونەکان و ترس لە ئارەزوو و حەزەکان، ترس لە داهاتوو، ترس لەو کارەسات و ڕووداوانەی بەردەوام دووبارە دەبنەوە، لەو هەواڵانەی جەستەمان دەتەزێنن، ترس لە نوشوستیی دەروونی لەبەردەم چاوەکانی خۆشەویستێك و وروژاندنی جوانیدا.

ترس له زەمەن، له خۆشەویستی، له خەونەکان، مەغزای چرکەساته بەرجەستەکەرەکانی والابوون و گەشانەوەی ناخە و برانەوە و کۆتاییهاتنی نییە و له ناوەوەی هەموو مرۆڤێکدا ترسێك بە ماتی و زەلیلی و نەبینراو و هەستپێنەکراو دەژی و له ناخی هەموو مرۆڤێکدا ترسێك هەیە لە پشتەوەی کامەرانی و پێکەنین و گریان و، له پشتەوەی گۆڕانییەکانمان دەژی، هەر بۆیە له ژێرەوەی بنیاتی ڕووکەشی شیعری (زەنگی پەستی)دا ئەو (ترس)ە ڕاڤەکەر و بەرجەستەکەری بەدیهاتن و بەدینەهاتنی هەموو ئارەزووە ماتەکانی شاعیرە. بەشێکیان له هۆشی ناوەوەدا بەرەو خەونێکی مات و بزر دەچن له بەدینەهاتندا و ئارەزوو له بەدی هاتنیاندا، بەشێکیشیان له واقیعی دەرەکیدا بەرجەستە دەبێ.

هەروەك ئەوەی ئەو خەونانە ئەو ئارەزووانە بوونیان نەبێ. لێرەدا ئێمە بەرەو ڕووی بنیاتێکی کامڵ له واتای ژێرەوەی دەقدا،




دەبینەوە، کە ئاماژەکانی بە شێوەیەکی نهێنی و مەجازیی قووڵ، خۆیان لە دەلالەت و بنیاتی ڕووکەشی دەقەکەدا دەبیننەوە:

(پەستی و ئارەزوو) بە هەموو دەلالەتەکانیانەوە، ڕەنگدانەوەی (هەستکردن و ترس)ە بە هەموو ئاماژەکانیانەوە و دەبێتە سروشتی بنیاتی بیرکردنەوە لەباری دەروونیی شاعیردا کە هەر لە سەرەتاوە هەست بە هاتنی دەکا و لە یەکەم ڕستەی (ئەوا دیسان) ئەم ڕستەیە ڕاگەیێندراوەو لە ڕاستیشدا لە خودی خۆیدا (زمانێکی هەستپێکردنی واقیعی) لە ناڕەزایی و پەشیمانی و خەمێکی قووڵ دەردەخا.

ئەو خەمانەی لە ناخماندا دەژین و چاوەڕوانی گۆڕانێکی وا (لە چاوی شوعوور)مان دەکەن کە هەموو دەلالەتەکان دەخاتە گومانەوە. لە ئارەزوو، لە پەستی و ترس لە هەستدا،

نۆستالژیایەکی دەروونیی پشتەوەی واتاکانەو ئەو هیوایەیە کە لە هەستی شاعیردا لەگەڵ هەر ڕووداوێکی بچووکیشدا دەکەوێتە جووڵە، بزرکردنی شوێن و زەمەنی هەستکردن بەو (ئارەزووە –ترس)ەی شاعیر، بزرکردنی هەستکردنە بە ڕووی ڕاستەقینەی کاریگەری و بزوێنەرەکانی ئەو (ترس)ە، بزرکردنی پەیوەستەکانی ئەو (ترس)ەیە لە هاتنی کردنەوەی یادەوەریی ئەو ئارەزووانەو ئەو ترسەی دەسکەوتنی ئەو واقیعە سەختەی کە بۆ دەروونی شاعیر زۆر گران و گەورە دەکەوێتە، بەمەش پەستی و هەستی ماتی مەترسیی خەوبینینە بە بزربوون و نەمانی ئەو حاڵەتانەی خەمەکان لە دەرووندا گەورە دەکەنەوە.

خەونبینین بە کۆتایی ساتەکانی خەمەکان لە دەرووندا گەورە دەکەنەوە.

خەونبینین بە کۆتایی ساتەکانی ترس و ڕاڕایی، خەونبینین بە نەمانی ساتەکانی چاوەڕوانی.

هەربۆیە شاعیر لە ڕستەی «کە تێر نابم لە گوێگرتن بە دوو گوێ» لە واتایەکی مەجازیی قووڵدا نەگەیشتنی شاعیر ڕادەگەیەنێ لە جەوهەری واتای بناغەیی و هۆکاری بنەڕەتی ئەو (دەنگی پەستی و ئەو زەمانە)، ئەم واتایەش لە هەمان کاتدا واتایەکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێ و لەو ئاستەی کە شاعیر ناتوانێ وەسف و خاسییەتێکی بناغەیی بەو ئاماژە (دەروونی– جێگیربوون)ەی خۆی ببەخشێ، هەروەك ئەو بایە فێنکەی لە شەوێکی پایزاندا بەسەر لەشتدا دەڕواو لەرزێك دەخاتە گیانتەوە.

هەروەك ئەو هەواڵەی تەنیا بە زانینی، خەمێك، پەشیمانییەك، هەناسەیەك بە لەش دەبەخشێ و دەمرێ و لە پشتەوەش ترسەکانی ئەو خەمانە هەر دەمێنن، هەروەك ئەو خەونە پەشێوەی لە دەرووندا خەمێك جێ دێڵێ و جەوهەری واتاکانی خەونەکەمان نایاتەوە یاد. ئەمەیە نهێنیی تێنەگەیشتنی دەلالەتی ئەو پەستییەی کە شاعیر هەروەك خەون نازانێ چ کاتێك بە گیانیدا تێپەڕ دەبێ و ئەو ڕستەیەش لەگەڵ ڕستەیەکی تردا یەك دەگرێتەوە لە واتای جەوهەریی پەیوەستێکی پێکهاتەیی واتادا کە ئەویش ڕستەی (کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی)ە و هەمان ئاست لە گەیاندنی مەبەست لە دەقدا دەخولقێنێ و لەگەڵ ڕستەی پێشوودا بە شێوەیەکی ناخەکی هاودەلالەتن لە چۆنێتی دەربڕینکردن لەو حاڵەتە.

لە ڕاستیدا زۆر جار ئەم حاڵەتە وەك خەمێکی قووڵ دەبێتە خاسییەت و سروشتێکی جوداکەرەوە لەنێو مرۆڤداو لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا. ئەو خەمەی کە گەڵاڵەی

دەیەها خەمی جودایە و لەیەك ساتەوەخت و لەیەك كاتدا لە دڵدا، لە ڕۆحدا لە بیردا كۆدەبێتەوە و جەستە تووشی داكەوتنێكی (ماتبوونی ناخەكی) زۆر سەیر دەكا و نازانین وەڵامی پرسیارەكانی ئەم خەمە بدەینەوە. خەمەكان- پەستییەكان، گەڵاڵەی ئەو ترسانەن كە ئارەزوو حەزەكانمان لەگۆڕ دەنێن و خەونەكانمان دەشێوێنن، كە ساتێكی وا لە زەیندا دەهەكەنەوە، بەسەر هەموو بەعەقڵانییەت بوونێكی مرۆییداو بەسەر هەموو بە پاساوكردنێكی دیاردە دەروونییەكاندا و بەسەر هەموو ئاستەكانی بیركردنەوەدا، تێپەڕ دەبێ و لە هیچ وێستگەیەكی دەروونی و عەقڵیدا ناوەستێ. بەرەو ناخمان هووروژم دێنێ و جەستە و عەقڵمان ملكەچ دەكەن و ئەوەندە ماندوومان دەكا (شەكەتم دەكا) كە دەمانەوێ بزانین لەكوێوە دێ و لە چییەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو كوێمان دەبا و ڕۆح ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ و لەگەڵیدا «خوڕ خوڕ دەگری».

لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ساتە ساتێكی چێژ بەخشی دەروونییە، ئەو چێژەی كە لە فەوزای مانادا، مانایەك بە بوونمان دەبەخشێ. ئەو چێژەی كە واتایەك بە ئامادەبوونی زەینمان دەبەخشێ لە كێشە پڕ جەنجاڵەكانی ژیانی دوورو درێژ و كۆتایینەهاتوودا، ئەو چێژەی كە توانامان لە بەدیهێنان و بەدینەهێنانی ئارەزوو و هیواكانماندا دەخاتە قاڵبێكی وەستاو لەنێوان بوون و نەبووندا. مەزنیی گۆران لە وێنەكێشانی ئەو حاڵەتە دەروونییانەی كە جیهانبینییەكی كامڵی ئەون، تواناو دەسەڵاتی ئەو دەردەخەن لە كردنەوەی مەدلوولی شاراوە و نوێ لە مانا ئاساییەكاندا. ئەمەیە نهێنیی توانا و دەسەڵاتی زمان و سیحری زمان لەلای (گۆران). ئەو زمانەی كە ڕاوی ئەو ساتە زۆر هەستپێنەكراوانە دەكا كە هەروەك چۆن تیشكێك بەسەر ڕووبارێكدا تێپەڕ دەبێ، ئاواش بەسەد زەینماندا تێپەڕ دەبن، سیحری زمان دەربڕینكردنە لەو ساتە زۆر بە جۆشانەی كە شیعر لەلای (گۆران) دەگەیەننە ئاستی جیهانبینییەكی قووڵ.

### گۆران و ڕۆمانسییەت

پێداچوونەوەیەكی سەرتاپاگیر بەو لێكۆڵینەوە ئەدەبییانەی، كە سەبارەت بە شیعری گۆران و دەوری گۆران كراون، وەك تازەگەرێكی شیعری كوردی چەند ڕاستییەكمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

١- بەشێكی هەرە گەورەی ئەو لێكۆڵینەوانەی دەربارەی تەكنیكی شیعرین لەلای گۆران كراون. ئەو لێكۆڵینەوانە لەو ڕوانگەیەوە گۆرانیان بە تازەگەر داناوە لەبەرئەوەی تەكنیكی شیعری كوردی تازە كردووەتەوە، كاتێك شیعری كوردی لە عەرووزی عەرەبی ڕزگار كردووە و كێشی هیجای بەكارهێناوە كە پشت بەپەنجە دەبەستێ.

ئەم لێكۆڵینەوانە تەنانەت جۆری كێشەكانیشیان سەرژمێر كردووە. بەڵام نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، یاخود خۆیان لە بابەتێكی لەم بابەتە ئاڵۆزتر نەداوە، ئاخۆ دەتوانین گۆران بە شاعیرێكی نوێخواز لەقەڵەم بدەین بەوەی تەنیا تەكنیكی شیعری كوردیی گۆڕیوە؟ یاخود تەنیا ئەم ڕەگەزەی شیعر بەسە بۆ ئەوەی گۆران بە تازەگەر دابنێین؟ ئەگەر باوەڕ بەم بۆچوونە بێنین بە شێوازێكی تاكلایەنانە و تەجریدكراوە. ئەوا دەبێ باوەڕ بەوە بێنین، كە تازەگەری لەنێو فۆلكلۆری كوردیدا بووە و شاعیریشمان شوێن پێی ئەو تازەگەرییەی هەڵگرتووەتەوە، كە ئەم بۆچوون، یا ئەم پێشنیازە زۆر سادەو ناكاملە. چونكە دەشێ بەم بیروڕایە ئەو حوكمەی لەسەر گۆران بدەین كە ئەو تەنیا لە ڕەگەزێكی شیعریدا تازەگەر بووە. چونكە دەتوانین شیعری كلاسیكی كە بە زمان و دنیابینییەكی دیاریكراو دەناسرێتەوە، دەكرێ لە قاوغ و بەرگی ئەو جۆرە كێشەشدا ئەو شیعرەی پێ بنووسینەوە كە ئەمەش بە تازەگەری لەقەڵەم نادرێ. مەبەست لێرەدا ئەوەیە كە تازەگەری لە هەموو جۆر و تەوژمە شیعرییەكانی دنیادا لە كۆمەڵێك ڕەگەزی شیعریدا بوونە كە زمان و ڕەگەزەكانی جیهانبینی و ڕەگەزەكانی تەكنیك و ڕەگەزەكانی شیعر دەگرێتەوە و بە شێوەیەكی گشتی واتە تازەگەری پێگەینی كۆمەڵێك ڕەگەزی بنیاتنەرە لە شیعردا.

٢- بەشێكی تری ئەو لێكۆڵینەوانە، كە بایەخێكی ئەوتۆیان بە لایەنی تەكنیكیی شیعری گۆران نەداوە، زیاتر بەلای شیكردنەوە و بەرجەستەكردنی جیهانبینی گۆرانن چوونە. ئەگەرچی ئەم لێكۆڵینەوە ڕەخنەییانە بابەتی تازەگەرییان لە جیهانبینیی شاعیردا دۆزیوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم نووسینە ڕەخنەییانەیان لەگەڵ ڕۆمانسییەتدا دەست پێ كردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە چ لە زمان و چ لە تەكنیك و چ لە دنیابینی شیعری ڕۆمانسییەت و شاعیرەكانی گۆڕانكارییان لە شیعردا كردوو ئەم گۆڕانكارییانەش جۆرێك لە داڕشتنی شیعریان هێناوەتە كایەوە و لە ڕۆمانسییەت جیابوونەتەوە.

ڕۆمانسییەت لە ئەوروپا و لە فەرەنسا بەتایبەتی مەدام دۆستایل لە سەدەی هەژدەم تیۆریزی كردووە لە سالۆنی ئەدەبی بەناوبانگی (ئارسنال) لە پاریس «شارل نۆدێی»ی شاعیر لە ١٨٢٣دا وەك تەوژمێكی ئەدەبی ڕای گەیاندوە، بە هاوبەشی كۆمەڵێك شاعیر و نووسەری فەرەنسا و بازنەیەكی ئەدەبییان بەناوی «سیناكل»ەوە داناوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە بەشەكانی تری ئەوروپادا ئیسپانیای لێ دەرچێ، هەر لە سەرەتای سەدەی

هـەژدەهـەمـەوە تـەوژمـێکـی نـوێ لـە ڕۆمـانسیـیـەت گـرتـنیـەوە. ئـەمـەش گـەوهـەرەکـەی جیابوونەوە بوو لە شیعری کلاسیکی لەو بوارانەی ناویانمان برد، لە زماندا.

زمـانـی تـۆکـمـە و چـێژداری کـلاسیـکـی بـاوی نـەمـا، تـێکشکـانـدنـی زمـان و چـێژو بـایەخدانێکی نوێ بە زمان و بناغەی ئەم هەولانە بوونە. لە تەکنیکدا، تێکشکاندنی کێشە کـۆنـەکـان و لابـردنـی قـافیـە و هـێنـانـەکـایـەوەی بـیـری ڕیـتـمـی نـاخـەك لـە ڕسـتـە و وشـە دیارترین گۆڕانکارییەکانی بوو لە دنیابینیدا. شیعر بەرەو نەزانراو لە بیرکردنەوەدا بردراو زانستەکانی وەك لۆژێك و دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەلاوەنران.

گۆران یەکەمین ئەو شاعیرانەیە کە لە هەموو ڕەگەزەکانی شیعری کلاسیکی جیا دەبێتەوە و لە هەرسێ ڕەگەزی زمان و تەکنیك و دنیابینیدا گۆڕانکاریی هێناوەتە کایەوە، دەتوانین هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمانسییەت لە شیعرەکانیدا بدۆزینەوە، بەمەش نهێنی تـازەگـەری شیـعری لـەلای گـۆراندا دەکـەوێتـە ڕوو. بـێگـومـان لـەبـەرئـەوەی گـۆران زمـانـی عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە، شارەزایی لە خەسڵەتەکانی شیعری رۆمانسی هەبووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەلماندنی ئەو تیۆرەیە کە دەڵێ گۆران لەبەرئەوە تازەگەر بووە، چونکە ئەدەبی ڕۆمانسی هێناوەتە شیعری کوردییەوە.

ئەگەر بیرۆکە و خاڵی داهێنانی شیعری ڕۆمانسییەت جیابوونەوە بێ لە شیعری کلاسیکی لە ڕێگەی بیری ڕەتکردنەوە و دژە تێزەوە، ئەوا شیعرە سەرەتاییەکانی گۆران بە تەواوەتی لە شیعری کلاسیکی جیا دەبنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر نەتەوەو زمانێکی نەتەوەیی لە شیعردا، لە بیرکردنەوەو یادەوەرە شیعرییەکاندا، لە تەکنیك و ڕەگەزەکانی زمانیدا، جۆرێك لە تایبەتمەندێتیی هەیە، بەڵام مەرجی هەرە بەپەلەی تازەگەری لە شیـعـردا هـەروەك لـە هـەمـوو مـێژووی شیـعـری گـەلانـدا دەیـبـیـنین، کۆتـاییـهێنـانـە بـە سەردەمێکی شیعری کە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی باو دەناسرێتەوە و هێنانە کایەوەی کۆمەڵێك خاسییەت و سیمای جیاوازە لە سەردەمەکەی خۆی، کە ئەمەش خاسییەتی بنەرەتیی تازەگەریی شیعرییە لە لای گۆران.

## ڕەگەزە شیعرییە ڕۆمانسییە تازەگەرەکان
## لە لای گۆران

گۆران لە هەرسێ ڕەگەزی بنیاتنەری شیعریدا، گۆڕانکاریی بەسەر شیعردا هێناوە. لێرەدا هەر یەك لە ڕەگەزەکانی دنیابینی و زمانی تەکنیك دەخەینە بەر شیکردنەوە، تاکو ئەوە بسەلمێنن کە چۆن گۆران لە شیعری کلاسیکی جیادەبێتەوە، سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای گۆران لە چەند سەردەمێکی جیا جیای ژیانیدا ئێمە هیچ بایەخێك بەولایەنە نادەین. چونکە زۆر لە شاعیرانی ئەوروپا هەڵگری ئایدۆلۆژیا و ئایدیالی جیاواز بوونە، بەڵام لە شیعردا یا لە ژیان و هەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر بە شیعر، کاریگەریی تریان بەسەرەوەبوو، ئەویش ڕاستە زۆر جار شیعریش بەدەر نییە لە شێوازی بیرکردنەوەی شاعیر و باوەڕەکانی، بەڵام تازەگەری قەتاوقەت لەگەڵ تەواوی ئایدۆلۆژیادا یەك ناگرێتەوە.

### گۆران و جیهانبینی شیعریی

جیهانبینی شیعر، چۆنییەتی تێگەیشتن و تێڕوانینی شاعیرە بۆ مرۆڤ و شتەکان و دیاردە سروشتی و خودییەکانی مرۆڤ، کە لە گەوهەردا ئەو مرۆڤە لە مرۆڤەکانی تر جیادەکاتەوە. گۆران وەك کەسایەتییەکی خاوەن ڕۆشنبیریی فرەلایەنی سەرچاوەیی، شاعیری شار دەنوێنێ لە شیعری کوردیدا کە هەڵگری ئایدیال و گرفت و ژیان و خەم و خۆشییەکانی شارە، کە ئەم خاسییەتە هەر لە سەرەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەر بیرکردنەوە لە پاشاندا جیابوونەوەی ئەو لە شیعری کلاسیکی.

### گۆران و تێکشکاندنی ئایدیالی چەسپاو

یەکێك لە سیما گەوهەرییەکانی ڕۆمانسییەت، تێکشکاندنی ئایدیالی چەسپاوە کە لەسەر بناغەی ڕاستیی چەسپاوی ئایدیۆلۆژی و باوەڕداری و زانستی خۆی دەچەسپێنێ. بێگومان کۆمەڵێك باوەڕو ئایدیالی کۆمەلایەتی و فەلسەفیی پیرۆز لە شیعری کلاسیکییدا هاوبەشن، لەلای سەرجەمی شاعیرەکان، کە باسکردن و پرسیار کردن لێیان، بەجۆرێك لە جۆرەکان قەدەغە بوو. هەروەك چۆن کۆمەڵێك مۆرك و سیمای ناشاری بوونیش کاریگەرییان هەبوو لەو شیعرەدا و سنووری بیرکردنەوەیانی لە قالبی چەسپاودا هێشتووەتەوە. لە لای گۆران چ لە تێڕوانین بۆ مرۆڤ چ بۆ دیاردە سروشتی و

ڕاستییە چەسپێندراوەکان، چیتر قەدەغەکردن نییە. گۆران لە ڕوانینەکانی بۆ دەوروبەری خۆی بۆ مرۆڤ و نهێنییە سروشتییەکانی هەموو سنوورەکانی قەدەغەکردن دەبەزێنێ و تەنیا هەر خۆیەتی کە لێك دەداتەوەو پرسیار دەکا و گومان دەکا و بەرەو بیرکردنەوەیەکی ئازاد دەچێ، هەروەك چۆن ئەم جۆرە لە ئازادبوون، ئازادبوونی گۆرانیشی نواندووە لە کولتووری داسەپاوی نەتەوە داگیرکەرەکان. بەتایبەتی لە چۆنییەتی تێڕوانین بۆ ڕاستییە چەسپاوەکان، ئەو بەدوای نهێنییەکاندا دەگەڕێ و پرسیارەکانی خۆی بەرەو ڕووی ڕاستییەکان دەکاتەوە.

لە شیعری «گیان»دا دەڵێ:

«بەڵام ئەی گیان- تۆ کوانێ- بەڵگەی مان و نەمانت- قەبرت یا ناونیشانت»

ئەم جۆرە پرسیارانە کە لە شیعری کلاسیکدا بزرن، گۆران دەکەنە گەڕۆکێکی نهێنیخواز، پرسیار کردن لە بوون و نەبوون، بەتایبەتی مردن کۆتاییە یاخود مرۆڤ شتێکی لە دوو جێ دەمێنێ، ئایدیالێکی ڕۆمانسییە و پاش ئەمە جۆرێك لە پرسیاری گەردوونییە، یاخود لە شیعری «بۆ هیوای کورم»دا دەڵێ:

هەموو هەر قافلەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێکین

هەموو دێین و دەڕۆین... تاکو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین

ئەم تێڕوانییە دژەتێزێکی ڕاستییە چەسپاوەکانی فەلسەفەی شیعری کلاسیکییە کە ژیان یا بەخشراوە، یا دیسپلینکراوەو بە مرۆڤ بەخشراوە. مردنیش کۆتاییەك نییە، گۆران دەیەوێ ئەو ڕاستییە بەرجەستە بکا کە ژیان قەدەرییەتێکی نەزانراوەو مرۆڤ مەحکوومە بە ژیان و پاشان مردن، مردنیش بە ئازارێکی گەورەی مرۆڤایەتی دادەنێ.

کە هیچ مرۆڤێك لێی دەربازنابێ. چونکە نە لە ژیان و نە لە مردن مرۆڤ دەرك بە ئازادییەکانی خۆی ناکا و لە نهێنی بوون و نەبوون تێ ناگا. ئەمەش سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بوونێکی سەردەمییە.

لە «شیوەنی گوڵاڵەدا» دەڵێ:

لە کردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە

تەبیعەت، هەرچی... حەتتا زاتی خوایە

بەڵێ هەچ کەس بێ سەبەبکار

پرۆتستۆی ئەوم مەتلووبە ئێجگار

ئەم جۆرە بۆچوون و بیرانە، نەوەستانی گۆرانە بەرامبەر بە قەدەرییەت، هەروەها بەرامبەر بە سەربوردەیەکی ژیان کە گەورەترین حوکمەکانی سەر ئەو ژیانە مردنە، بەهەمان شێوە گۆران لە ئازادییە کەسایەتییەکاندا ترس و قەدەغەکردن تێك دەشكێنێ لە ڕێگەی پرسیاری بێ وەڵام و لە ڕێگەی ورد بوونەوە لە نەزانراو کە ئەمەش سیفەتێکی شیعری ڕۆمانسییە.

## خۆشەویستی و پیرۆزی

لە شیعری کلاسیکدا «تاقە خۆشەویست» دەبێتە ناوەندی بەرهەمی شیعری شاعیر و ئیتر لە زۆرینەی شیعرەکاندا ناوی دووبارە دەبێتەوە، خۆشەویستی لە شیعری کلاسیکدا، هەروەها خۆشەویستییەکی زۆر تاك لایەنەو دووریشە لە وێنەی ئیرۆتێکی و شەبەقییەت. چونکە کەسی خۆشویستراو کەسێکی بە پیرۆز کراو بووە هەر بۆیە ئەو ڕستەو بیرانەی ئاراستە کراون ڕێزیان لەو تاك بوونەی گرتووە و پاراستوویانە لەوەی بە ڕاشکاوی حەز و ئارەزووی سێکسیی تێدا باس بکەن، جۆرێك لە عاشقبوونی سۆفیگەری هەمیشە لە پشتەوەی گوتراوەکانی شاعیر بووە بەرامبەر بە کەسی خۆشویستراو.

خۆشەویستی لە لای گۆران، جگە لە ڕەهەندە جوانکارییەکەی، هەروەها ڕەهەندە فرەلایەنییەکەی بەرامبەر بە جوانی و تێرکردنی ئارەزوویەکی نەزانراوی کاتی دەنوێنێ. بە لایەنی ئەوەوە جوانی هاوبەهای خۆشەویستە و مرۆڤی جوانیبینی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، ئەگەر تەنیا بۆ خولقاندنی یادەوەرییەك بێ یا پێوەندییەکی کورت، ئەوا توانای خولقاندنی خۆشەویستیی هەیە، خۆشەویستیی تاکەکەسی لەلای گۆران بوونی نییە، ئەمەش جیابوونەوەیەکە لە جیهانبینیی شاعیر بۆ خۆشەویستی.

لە هەمان کاتدا «خۆشەویستی ئافرەت» تەواوکەری خۆشەویستیی جوایيەکانی سروشتە، مرۆڤی عاشق بە لای گۆران ئەو کەسەیە کە وەك تەواوکەری یەکتری نێوان «ئافرەتی جوان و سروشتی جوان» سەیری ئەو تەواوکردنەی یەکتری دەکا، هەرچەندە هەردوو لا سیفەتەکانی جوانییان تێدایە کە ئەمەش سەرچاوەی نهێنییەکانی جوانییە پەیوەست بە ئافرەتەوە، ئەم بیرکردنەوەیە کە جیاوازە لە بیرکردنەوەی شیعری کلاسیك، کە زیاتر بەمۆرکی خۆشەویستیی شاعیرە عەرەبییەکان کاریگەرە. لە «جوانی بێ ناو»دا دەڵێ:

دەربەست نیم ڕێبوارم دەربەست نیم، ڕەوتەنیم

ئەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم؟

هــی ئــەوەی نــیــگــارێك لــە یــادم کــێشراوە

شوخــێکــی نــایــابــە، بــەڵام ئــاخ بــێ نــاوە

یاخود لە شیعری «بۆ کچێکی بێگانە»دا دەڵێ:

هــەر ئــەوەندە گیرۆدەی گوڵی سوور بووم

نەشارەزاو، پەپوولەی دوور بە دوور بووم،

ئــەمــجــا ئــیــتــر کــەوتــوومــەتــە تــەبــایــی

بــۆ جــوانــێکــی تــری پــێش ئــاشنــایــی

یاخود لە شیعری «بۆ جوانی سەرە ڕێ»دا دەڵێ:

سڵ مەکە لە مەیلی بە گەرمی ڕوانینم

پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئاینم

تاکو دەڵێ:

ئەمەوێ کە دەرچووم لەم دێیە بەیانی

خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی

ئەم تێڕوانینە بۆ ئافرەت و خۆشەویستی کە جیاوازە لە تێڕوانینی شیعری کلاسیکی، واتە جێگیر نەبوون لەسەر یەك کەسی خۆشویستراو لە زۆر لە شیعرەکانی دووبارە دەبنەوە، لە شیعری «پاین»دا دەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

یان لە شیعری «بۆ کچێکی بێگانە»دا دەڵێ:

هەر سەرگەردان، هەر ئاوارە، هەر برسی...

بــۆچــی بــاشە پــێت بــڵــێم بــا، ئــەپــرسی

چــونــکــە کــاتــێ دێنــیــتــە دی خۆزگەی دڵ،

جوانی گیانیش هاوکاری بێ جوانیی گڵ

لــەش بــا هــەردەی بــەهــار بــێ ئــارایشتــی

ئــاسمــانــێکــی ئــەوێ فــەڕ بــابــەگشتــی

ئاشكرایە گۆران لە خۆشەویستی و تێڕوانین بۆ خۆشەویستی، پەیوەستێکی میتافیزیکی دێنێتە ئاراوە، جوانیی سروشت و یادگاری وەکو نهێنی بوونی مرۆڤ و مردن دەبینێ، لەو تێگەیشتنەوە کە مرۆڤ لە سروشتدا دەتوانێ جوانییەکان هەتا هەتایە بپارێزێ. ئەو سروشتەی تاریك و نەزانراوو پڕ لە نهێنییە بەبێ یەکگرتنەوەی لەگەڵ جوانییەکی تر کە ئەویش جوانی ئافرەتە. سروشتی خۆشەویستییەك کە دابەش دەبێتە سەر هەموو ئەو کەسانەی، کە سیمای جوانییان سەرنج و ئیلهامی شاعیری مرۆڤ ڕادەکێشن، نەك تەنیا کەسێك، تەنیا ناوێك، هەڵگرتنەوەی گیانی ئەو ئاڵۆزییە دەروونی و خەیاڵاوییەکە تاکو دواسات خۆشەویستی و جوانی سروشت نهێنی بوونی مرۆڤێکە لە شیکردنەوەی لۆژیکیدا ماهییەت و گەوهەری خۆیان ئاشکرا ناکەن، ئەمەش تێڕوانینێکی میتافیزیکی ئاڵۆز و نهێنیگرە لە نەزانراو دەکۆڵێتەوە و ڕاستییە ،چەسپاوەکانیش بەرەو نەزانراوو نهێنیی بوونی سروشت دەگەڕێنێتەوە. ئەمە سیمایەکی پڕ لە خەم و غوربەتبوونی ڕۆمانسییە کە (ئاوارەیی و سەرگەردانی و برسێتی)بوونی هەمیشەیی لەو شتانەدا دەبینێتەوە کە خۆشەویستی بەرهەم دێنن، بەڵێ ڕاستییە چەسپاوەکان وەکو خۆیان وەڵامی پرسیارەکانی خود بن، یاخود وەڵامێکی سنووردار بن بۆ ئەو پرسیارانە.

### گۆران و سروشت

هیچ شاعیرێکی نوێ و کلاسیکی، بەقەد گۆران لە نێو سروشتدا، شیعری بۆ سروشتی کوردستان نەنووسیوە.

سروشت بەلایەنی شیعری ڕۆمانسییەوە ئەو خەون و هیوایەیە کە نەمرێتی لە خۆیدا هەڵدەگرێ، واتە پەناگەیەکە بۆ زیندوویێتی و خەون. پەناگەبوونی سروشت لە زۆر دەلالەتی جیاوازدایە. چونکە مرۆڤ کە هەست بە نامۆیی بوون دەکا لە بوونی خۆیدا سروشت وەك پەناگەیەك ڕەوێنەرەو سارێژکەری دەبێ، هەروەك چۆن بەلایەنی شیعری ڕۆمانسییەوە، سروشت هەڵگری زیندوویێتی یادەوەری و شایەدەکانی مرۆڤ کە پڕ لە سیحر و فانتازیا و خەم و گەشانەوەیە. سروشت لەوێدا لە شیعری کلاسیکی جیا دەبێتەوە، کە چەندان وێنەی بە خودبوونی مرۆڤی تێدا دەدۆزێتەوە، نائومێدبوون لەکاتی بوونی جوانی و زەنگی مردن وخۆ دۆزینەوە و هاووێناکردنی خود لە سروشتداو سروشت وەك سەرچاوەی تووڕەیی و یەقین و خۆشەویستی و توندوتیژی، سەرچاوەی جوانییەکی کاتی، سەرچاوەی خەم و نامۆبوونە، هەموو ئەم بابەتانە پرسیار و گەڕان و ورد بوونەوەکانی گۆران دەنوێنێ.

لێرەدا گرینگە بەلایەنی ئێمەوە چونە سەری خەسڵەتەکانی تێڕوانینێکی ڕۆمانسییانەی شاعیرە بۆ سروشت.

واتە ناتوانین لە یەك گۆشەی بابەتی دیاریکراوەوە، سەرجەم تێڕوانینەکانی شاعیر لە چوارچێوە بگرین، گرنگ لێرەدا سەرجەمی ڕەگەز شیعرییەکانی شاعیر تێڕوانینی ڕۆمانسین، گومان لە ڕاستییە چەسپاوەکان دەکەن و بەرامبەر بەمەش سروشت دەکەنە سەرچاوەی وردبوونەوە لە چەمکەکانی «کاتی بوون، تووڕەیی، جوانی، بەزەیی، گومان، نەزانراو».

لە «بەسەرهاتی ئەستێرەیەك»دا دەڵێ:

لـــێوی تـــێنـــووی کـــەل وەك دڵـــۆپ ئـــەیمژێ
ئـــەی داخـــەکـــەم، مـــەرگـــی نـــیشتن ئـــەیـکـوژێ
ئـــەم ئـــەستـــێرە بـــەسەرهـــاتـــی دڵـــگـــیـــری
لـــــەکـــــام ڕۆحـــــا نـــــابـــــزوێنـــــێ سازویـــــری

یاخود لە شیعری «بۆ هیوای کوڕم»دا دەڵێ:

لەگەڵ ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چییە فەرقت؟ لەبەر چی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ

یا لە «بۆ بولبول»دا دەڵێ:

لـەو گـەرووە بـچـکـۆڵانـە، ئـەم نـەغـمـە بـەرز و جـوانـە
چۆن دێتە دەر چۆن ئەڕژێ؟ وا گیان ئەسمێ، هۆش ئەفڕێ

یا لە «ئەی گەلاوێژ» دەڵێ:

دڵم وا گیژ ئەدا گەرداوی یەئس و نائومێدیی، ڕەش
مەگەر، تۆ بێیتە ئیمدادم گەلاوێژ، ئەی ستارەی ڕەش

یا لە «شەوێکی بەهار»دا دەڵێ:

تـاریـکـە شەوێ، نـوقـمـی ڕەشی چـیـهـرەیـی دنـیـا
دیـلـی تـەمـی ئـەسرار بـوو دەرو دەشتـی حـەقـایـق

هەروەك دەبینن سروشت بەلایەنی شاعیرەوە هەڵگری فرە دەلالەتی و فرە وردبوونەوەیە کـە بـە کورتی لـەم خـاڵانـەدا دیـاریـان دەکـەین کـە پـەیوەستن بـە بیری ڕۆمـانسیـانـەی شاعیرەوە:

١- سروشت هەروەکو چۆن دەلالەت لە ژیان دەکا لە نوێبوونەوەدا هەروەها دەلالەت لە مردن دەکا.

٢- سروشت لە ڕێگەی زانیاری و ڕاستییەکانەوە خۆی وا لیێ ناکا چونکە سروشت نهێنی خۆی هەیە و ڕاستییەکان دەخاتە بەر گومانەوە.

٣- سروشت هەروەکو چۆن سەرچاوەی توندوتیژییە، بەڵام سەرچاوەی بەزەیی و پەناگەدان و پەنابردنە بەری مرۆڤە لە وردبوونەوەکانی.

٤- پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ پێوەندییەکی گیانی و ئیلهامبەخشانەیە کە لە نهێنی خۆیدا نهێنی ئێمەش هەڵدەگرێ.

٥- سروشت سەرچاوەی هەموو هەستە دژ بە یەکەکانی مرۆڤە لە «تووڕەیی، قین، خۆشەویستی، سۆز و ترسیش، ...هتد».

هەموو ئەم سیمایانە کاتێك بەرەو وردبوونەوەی میتافیزیکییانە دەبڕێن کە تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەکانی شاعیر دەبن، ڕووبەرێکی ڕۆمانسییانە بەرهەم دێنن.

کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەرتاپاگیر و شموولی هەیە، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە شوێنی سەرنجە گۆران لە وردبوونەوە ڕۆمانسییەکاندا لە شیعری کلاسیکی جیا دەبێتەوە پەیوەست بە تێڕوانینی بۆ سروشت.

**گۆران و تێڕوانینی گەردوونی**

شاعیری ڕۆمانسی لەوێدا بەرەو گەردوونییەت دەچێ، کە ئازار و خەمەکانی هەموو مرۆڤێك بە ئازار و خەمی خۆی دەزانێ و وەك نوێنەرێکی مرۆڤایەتی بیر دەکاتەوە، لەبەرئەوەی شاعیر مرۆڤە. بۆیە مرۆڤیش لە شاعیر دەگا. ئەویش خۆی بە زامنی مرۆڤایەتی دەزانێ. شاعیرێکی وەك هیگۆ لەمەش زیاتر دەڕوا کاتێك وەك پەیامبەرێك سەیری شاعیر دەکا و دەربڕین لە کوێ ئازارەکانی مرۆڤ دەکا. هەربۆیە لە شیعری «شاعیر» دەڵێ شاعیر لە ڕۆژگارە نووتەکەکاندا ئەو مەشخەڵەیە کە ڕێگاکان ڕووناك دەکاتەوە، بەڵام شاعیری ڕۆمانسی کەسێکی سیاسی نییە و بە زانستەکان کار ناکات، بەڵکو پەنجە دەنێتە سەر ئەو کێشە و ناعەدالەتی و نایەکسانی و ڕەهایی بوونانەی کە بەرهەمهێنی ئازارن بۆ مرۆڤ وەك «ئازارەکانی بە مرۆڤ بوون، ئازارەکانی توندوتیژی، ئازارەکانی زوڵم و ستەم و زۆرداری، ئازارەکانی هەستیاری بەرامبەر بە بوون. هتد»

گۆڕان لە نێو خوێنی ڕژاوی ئەو ئافرەتانەی خۆی دەکوژێ لە ترسی باوك و ئەو

عاشقەی گوڵی سووری دەست ناکەوێ و بەخوێنی سنگی بریندار گوڵی سوور بۆ خۆشەویستەکەی دێنێ. لەنێو سیمای پیاوکوژەکاندا کە فیشەکدانیان لەملەو ئامادەن بۆ کوشتن و سەربڕین، لەنێو قەدەریەتی ڕازیبوون بە چارەنووسێکی نادادپەروەر، لەنێو ئازارەکانی مردنێکی کۆتایی پێهێنەر ڕۆژگارێکی پڕ لە گرفتاریبوون دەیەوێ خەون بەجیهانبینی ترەوە ببینێ کە لەدایك نەبوو بوو، بەڵام هەستەکانی پێیان دەگوت مرۆڤ ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگاتە ئەو جیهانە.

لە شیعری «ئاخ هەزار ئاخ«دا دەڵێ:

کوا نگینی بەختی من؟ کوانێ تاج و تەختی من؟
بۆ لە خاکی پاك زاری بێ گریم،
غەدر ئەکەی؟ نابەخشێ پێم؟
یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم.

لە «گەشتی هەورامان»دا دەڵێ:

دەستەی خزمەتکار فیشەکدان لەمل
بە چەفتەو مشکی سەرو تەپلە زل
دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان
چ بۆ سەربڕین چ بۆ سەردانان

لە «زەنگی پەستیدا» دەڵێ:

چییە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
کە پێ هەڵهێنەری چاوی شوعوورە؟

ئەمانە و دەیان نموونەی تر لە شیعرەکانی، ئاماژەی بەهێزیان تێدایە بۆ گەردوونی بوونی گۆران بۆ دەوروبەری خۆی کە گەردوونی بوونی شاعیر بنەمایەکی بەهێزی سیمای شیعری ڕۆمانسییە.

**گۆران و بە خودبوون**

ئەگەر بێتو ڕۆمانسییەت مانای بەلیریکی بوونی شیعر بگەیەنێ، ئەوا لیریکی بوونی شیعریش مانای بە تاکبوونی مرۆڤی شاعیر دەنوێنێ لە هەست و بیرکردنەوەکانیدا، هەست بناغەی سەرەکی شیعری لیریکییە لە پێناوی هەستکردن بە تاکبوون، لە کۆی

هەستەکانی «بەهیوایی بوون، خەمۆکی بوون، ڕق لێبوونەوە، جۆش سەندن، زیت بوونەوەی دەمار و ماسولکەکانی لەش، نائومێدبوون، گفتوگۆی تراژیدی.... هتد» لە هەموو ئەم هەستانەدا شاعیری ڕۆمانسی لە ڕێگەی هەستەکانییەوە بەرجەستەی بەخودبوونی خۆی و تاك و تەنیاییبوونی خۆی دەکا.

لە خوێندنەوەی سەرجەمی شیعرە سەرەتاییەکانی گۆراندا، ئەم جۆرە بەتاکبوونە ڕۆمانسییانە بەدی دەکەین.

کە دەشێ سروشتی سایکۆلۆژیای گۆران کە بێگومان دەرەنجامی قووڵبوونەوەی ئەو بووە لە دەوروبەری خۆی و لە بوون و گەردووندا، هەندێك سیمای تایبەتمەندێتی خودیانە، بە تەنیشت سەرنج و وردبوونەوە خودییەکانی ترەوە بوونی هەبێ هەروەك لە شیعری «زەنگی پەستی»دا ئاماژەی بۆ کردووە دەڵێ:

ئـەوا دیسان لـە گـۆشەی نـادیـاری
دڵـم، هــەڵسا زرەی زەنـگـی فـگـاری
بە ئاسپایی بەبێ هێزی، بە عاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم

ئەوەی دەتوانین جگە لەم بارە سایکۆلۆژییە خودیانە زیاتر بیڵێین ئەوەیە: گەر بێتو ڕووپێوێکی بنیاتگەرییانەی شیعرەکانی گۆران بکەین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەستی بێ هیواییبوون و خەم کە هەستێکی لیریکییانەی شاعیرە، زاڵە بەسەر هەموو بیرەکانی گۆراندا و سروشتێکی خودیانە لە زماندا دەخولقێنێ، لە شیعری «پاین»دا ئەم خەمۆکیبوونە دەگەیەنێتە ترۆپکی هەستە خودییەکانی لە کەشێکی شیعری پڕ لە نامۆیی و ئازاری توندی ئەم بەتاکبوونەی کاتێك دەڵێ

تۆی باڵدار ئەفڕی بگرین
بگرین، بگرین... چاومان نەسڕین
هەرگیز... هەرگیز

لە «دیمەنێکی بەهار»دا دەڵێ:

وەك بگری بە کوڵ دنیای سەرمەستی قاقا پێکەنین
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین

ئەوەی بە کورتی لەبارەی خودبوونی شاعیری ڕۆمانسییەوە پەیوەست بە گۆرانەوە دەتوانین بڵێین ئەوەیە بەخودبوون و بەتاکبوون لە هەستەکاندا گەوهەری سیمای شیعری ڕۆمانسییە کە لەلای گۆراندا مانای گەڕۆکیبوون و پەرگەندەیی بوونی شاعیری تاکە لە نێو هەستەکاندا.

## کێشەی مرۆڤ و چارەنووس

ئێمە کێین؟ بۆچی لەسەر ئەم زەمینەین؟ بۆ کوێ دەچین؟ لەپاش مردن چی هەیە؟ ئاخود مردن گوزەرە یاخود شتێکی تر لەودیوی هەیە؟ ئەمانە گەوهەری پرسیارەکانی تەوژمی ڕۆمانسییەتن کە لە وردبوونەوەیەکی میتافیزیکییانەدا، شاعیری ڕۆمانسی پەیوەست بە کێشەی مرۆڤەوە پرسیارەکانی بەرەو ئەودیوی ڕاستییەکان دەبا. بیر کردنەوەی ڕۆمانسییانە لە چارەنووسی مرۆڤدا پشت بە هیچ زانستێکی لۆژیکی چەسپاو، هیچ زانیارییەکی دەروونناسی و ڕاستی چەسپاو نابەستێ. شاعیری ڕۆمانسی لە وردبوونەوەکانی لە مرۆڤ و چارەنووس و ژیانی لەسەر ئەم زەوییە، بەدوای نەزانراو و نهێنییەکانیدا دەگەڕێ و هەر خۆی سەرچاوەی پرسیار و گومان و هەستەکانە، کە هیچ ڕەهاییەکی تێدا نابێ. چونکە ڕۆمانسییەت ئیلهامێکی خودیانەی هەستیارە بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی، هەر بۆیە شاعیری ڕۆمانسی کەسێکی هەستیارە بەرامبەر بوون و جێگیربوونی چارەنووسی مرۆڤ لە مردن و ژیاندا.

گۆران لە شیعری «بۆ بولبول»دا دەڵێ:

ئێمە عومرمان لەسەر
ئەندێشەیەو دەردی سەر
ترسەو تاسەیەو پرسیار
یەك لە شوێن یەك سەد هەزار
بۆچی زاین! کەی چۆن ئەمرین،
چیمان لێ دێ کە مردین،
ئەی وەستای بەستەی شیرین
ئێمە هەتاکو ئەمرین
یا ئەپرسین یا ئەگرین
ئیتر چلۆن بخوێنین

لە «شیوەنی گوڵاڵە»دا دەڵێ:

چ زوو مردی؟

کچم هەیهات کچی خۆم

چ زوو مردی؟

چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟

ئەجەل داد؟ ئاسمان داد

عەرشی خودا داد؟

حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد!

کچێکم بوو!

تەنها کچێ– بەس!

ئەویشت ئاخری کوشت چەرخی ناکەس!

لە شیعری «گیان»دا دەڵێ:

نازانم تۆ چیت؟

من چیم، تۆ منیت؟

یا من تۆم، تۆ دنیامی! یا دنیام

تۆی تیا هاتوویتە ئەنجام

لە «بەهاری پاش باران»دا دەڵێ:

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان

پێشێلی ستەمە گشت شتێکی جوان

ئەمانە و لە چەندین شوێنی جیاجیای تردا، گۆران مەسەلەی مرۆڤ و چارەنووس دەکاتە ئاماژەی جیاجیا کە تەنها دەربڕین لەو پرسیارانە دەکەن کە خودی شاعیر دەخەنە بەردەم بابەتە بێ وەڵامەکان، کە لەم خاڵانەدا چڕیان دەکەینەوە:

(١) پرسیار کردن لە چارەنووسی مرۆڤ و ڕازینەبوون بە چارەنووسە. وردبوونەوەی گۆرانە لە هۆکاری کاتیبوونی ژیانی تاك و سەرسام بوونی بە ژیان و مردن، کە ئەمەش سیمایەکی ڕۆمانسییەتە.

(٢) کاتێك ڕاستییە زانستییەکان نابنە سەرچاوەی هەست و زانستییەکانی شاعیر، وردبوونەوەکانی ئەو سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ دەباتە مەدارێکی میتافیزیکییەوە کە لە سەرەرەی واقیعەوەیە، ئەمەش سیمایەکی تری ڕۆمانسییەتە لەلای گۆران.

**گۆران و شاعیری گەشتکەر لە ناخەوە**

گەشتکردن و پاشان بەرهەمهێنانی شیعریەت سیمایەکی شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئەوروپا بووە، هەروەکو بیرۆن و شیلی و کێتس و شارل نۆدێی و لامارتین و شاتۆبریان و گۆتە و ڕۆمانسێرۆ... هتد.

گەشتکردن جەربەزەیی شاعیری ڕۆمانسییە لە گەڕان بەدوای نهێنی لە سروشت و ژیانی مرۆڤایەتی و ئەزموونە خودییەکان، کە بە هۆی دەوڵەمەندبوونی هەستەوە لە بینین و بیستن و دەرك پێکردنەوە ئەزموونی شاعیر فراوانتر دەبێتەوە.

گۆران ئەو شاعیرە ڕۆمانسییەیە کە گەشتەکانی لە کوردستاندا لە چوارچێوەی شیعردا داڕشتووە، هەروەك گەشتەکەی بۆ هەورامان و دەوروبەری سلێمانی، کە تیایدا دیمەن و وردبوونەوەی خودیانەی زۆر ڕۆمانسی دەردەبڕی لە سروشت و پاشان لە مرۆڤ، کاتێك گەشت دەکا، ئەمە بەتەواویی ڕەنگدانەوەی باوەڕی ئەوە بەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە ڕێبوارێکە و ئەمرۆ، یا سبەی کۆتایی بە گەشتەکەی دێنێ. گۆران ناخێکی گەشتکەری ئاوارە و بێ شوێن و بێ پەناگە بوو کە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ناخەکیی ئەو بووە بەکاتی بوونی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە و قووڵیی ئەو ئازارەی کە لەم هەستەوە دێتەدی.

**گۆران و تەکنیکی شیعریی**

لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوە و دژەتیزی شیعری بەرامبەر بە شیعری کلاسیکی دەبووایە شیعر لە تەکنیکدا لەلای ڕۆمانسییەکانی ئەوروپادا گۆڕانکاری بەسەردا بهاتایە. ئەم گۆڕانکارییە لە داهێنانی کێشی نوێ و دروستکردنی برگە و چۆنییێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەزم و شێوازی نووسین و داڕشتنی شیعریدا ڕەنگی دایەوە کە لێرەوە بە کورتی ئاماژە بەو هەوڵانەی گۆران دەدەین کە لە یەکەم ئاستدا چۆن لە شیعری کلاسیکی کوردی جیا دەبێتەوە لە دووەم ئاستدا چۆن تەکنیکی ڕۆمانسیی بەکار هێناوە:

شیعرو تێکەڵکردنی جۆرەکانی ئەدەب

له پێناوی دەرچوون له تەكنیكی شیعریی قالبرێژكراو به جووت بەیت و جۆرەكانی شاعیره ڕۆمانسییەكانی ئەورووپا پۆلێنكردنی جۆرەكانی ئەدەبیان ڕەت كردەوه كه شیعر له ئازادی دەربڕینلێكردندا هەموو جۆرەكانی ئەدەبی دەگرته خۆ له دەربڕین لێكردندا و سوودیان لێ دەبینی له داڕشتنی شیعریدا.

گۆڕان له شیعرەكانی سوودیان له گفتوگۆی درامی و شانۆ و پەخشان و چیرۆك و هەقایەت وەرگرتووه و وەك تەكنیكی شیعری نوێ تێكەڵ به شیعریانی كردووه، هەروەك له شیعرەكانی «ئاهەنگێك له ناوڕان، گوڵی خوێناوی، بوكێكی ناكام، گەشتی هەورامان...هتد» جۆرەكانی ئەدەبی تێكەڵ به یەك كردووه، كه ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا نەبووه كه توانایەكی ئەدەبی له جۆرەكان بخاتەڕوو، بەڵكو له پێناوی پێداویستی بەپەلەی شیعردا ئەم كارەی كردووه و له پێناوی بەرهەمهێنانی تەكنیكی ڕۆمانسی كه ئازادییەكی دەربڕین لێكردنی بێ سنوور لەبەردەم خۆی دەكاتەوه و جۆرەكانی ئەدەب له شیعردا تێك دەشكێنێ، كه ئەمەش تازەگەرییەك بوو له شیعری كلاسیكی جیادەبووەوه، بێگومان نابێ لەوه سوڕ بمێنین كه شیعری فۆلكلۆری كوردی ئەم تەكنیكەی بەكارهێناوه و زۆر بەوه دەچێ گۆڕان سوودی له فلكلۆری كوردی وەرگرتبێ، هەروەكو چۆن سوودی له شیعری ڕۆمانسیی ئەورووپی وەرگرتووه.

**بەكارهێنانی كێشی پەنجه و بڕگەی شیعری**

سەبارەت بەم بابەته سەرەكییەی تەكنیكی شیعری لای گۆران له مەسەلەی داهێنانی كێشی «هیجا» كه كێشێكه به پەنجەو لەسەر دابڕانی دەنگی یەك بڕگەیی ورد دانەمەزراوه، كه دەنگ له وەستانێكەوه بۆ وەستانێكی تر دەچێ زۆر نووسراوەو زۆری لەبارە گوتراوه، لەم بارەیەوه گۆران هەرخۆی دەڵێ: «شیعره تازەكان بەوەزنی پەنجه (هیجا) هەڵبەستراون كه هەرچەنده شیعردۆستەكانی كۆن به خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانه و لەگەڵ خەسائسی زمانەكەمان چاكتر ڕێك دەكەوێ، به پێویستم زانی له ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لایەنی بەكارهێنانی ئەم وەزنه بچم» ئەم لایەنەی تەكنیك پێویستی به لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری سێ لایەنی هەیه كه تێدا بەراوردی له نێوان شێوازی كێش له لای گۆران و شیعری فۆلكلۆری كوردی و كێش لەلای ڕۆمانسییەكانی ئەورووپادا دەكا.

كه هێشتا لێكۆڵینەوەی لەم بابەته له ئەدەبی كوردیدا نەكراوه.

ئەوەی بەلامانەوە گرینگە ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە ڕێچکەیەکی ڕۆمانسییە و جیابوونەوەیە لە شیعری کلاسیکی کوردی هەروەك چۆنیش ڕۆمانسییەکان لە ڕێگەی داهێنانی بڕگەی جیاجیای ڕستەی پێکەوە بەستراوەوە گۆڕانکارییان لە تەکنیکی شیعردا هێنایە کایەوە، زۆر لە شاعیرە ڕۆمانسییەکان سەرواشیان تێك شکاندووە کە لێرەدا گرنگە بیلێین ئەمانەیە:

١- گۆران لە پێناوی ڕەتکردنەوەی عەرووزی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ تەکنیکە شیعرییەکانی پێش کلاسیکییەت، هەروەکو چۆن ڕۆمانسییەت لەدنیا بینی وچەند لایەنێکی ترەوە گەڕانەوە بۆ بیرو شێوازی دەربڕین لێکردنی سەدەکانی ناوەڕاست.

٢- گۆران بەم هەوڵەی کاریگەریی کولتووری خواستراوو داسەپاوی ڕەت کردووەتەوە کە سەرجەمی شاعیرە کلاسیکەکانی کورد بەکاریان هێناوە، ئەمەش لە هەستی نەتەوەیییەوە بووە.

٣- گۆران وەك ڕۆمانسییەکان لە تێڕوانینی نوێوە سەیری تایبەتمەندیی زمانی کوردیی کردووە، ئەمەش هەوڵێك بووە بۆ کرانەوەی زمان لەبەردەم تەکنیکی شیعری.

٤- سەبارەت بەسەروا گۆران لە زۆربەی شیعرەکاندا سەروای بەکارهێناوە، بەڵام بەرهەمهێنەری ڕستەی شیعری وایە کە بارستاییەکە لە مۆسیقا و ڕەزمی ناخەکی.

### وێنەی شیعری ڕۆمانسی

شاعیری ڕۆمانسی لە دەربڕینکردن لە هەستەکانیدا کە بەرهەمهێنی شیعریەت ئامانجی تەکنیکەکانی بێ، ڕەوانبێژی ڕەت دەکاتەوە، لەوانەیە ئەم لایەنە نهێنی تەکنیکی داڕشتن بێ لەلای گۆران یا لەجیاتی میتافۆر شاعیری ڕۆمانسی پەنا دەباتە بەر وێنەی شیعری، وێنەی شیعری لەلای ڕۆمانسییەکان ڕۆچوونی شاعیرە لەنێو هەستەکاندا، هەروەها لەنێو دەرك پێکردنەکانیدا کە لە چەمکەکانی «بۆنکردن، بینین، تامکردن، سەرسامبوون، دەستلێدان، بیستن...هتد»دا وێنەی شیعری بەرهەم دەهێنێ.

زۆرینەی شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئەوروپا لە شیعرەکانیاندا وێنەی شیعریان لە بەکارنەهێنانی میتافۆردا بەکارهێناوە. گۆرانی شاعیریش لە سروشت و مرۆڤدا، وێنەی پڕ لە هەستیاریی زۆر ناسکی بەکار هێناوە و هەموو هەستەکانی لە بینین و دیمەنە دانسقەکاندا بەکارهێناوە. ئەم بەکارهێنانەش نهێنییەکی شیعرە گۆران لە ڕوونی و جوانی و ساکاریی ڕەوانینی دەربڕینی شیعریدا بەکاری هێناوە.



(٣٣) نەجات حەمید ئەحمەد

گۆران لە «بەهاری پاش باران»دا دەڵێ:

مـانـگـی بـەجـێمـاو لـەسەفـەری شەو
زەرد لــەتـرسی قــاسپــە قــاسپــی کــەو

یاخود

لــە لـێواری حــەوزا گـوڵاڵـەو بـەیـبـوون
ساوان و ئـەلـەرزن لـەتـاو نقـووم بـوون

یاخود

هــەڵاڵـەی وەرانـدوون تـەوژمـی بـاران
وەك بووکی ڕووتکراو کەوتووەتە گریان

یاخود لە «دار چوالەی پشکوتوو«دا دەڵێ:

وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو
لـەنجە تـاوتـاویـان بۆ چپـەی بـابـوو

## گۆران و سەرچاوەی میللی و ناوخۆیی ڕۆمانسییەت

یـەکێك لـە سیـمـاکـانـی شیـعـری ڕۆمـانسییـەت، گـەڕانـە بـەدوای سەرچـاوە نـاوخـۆیـیـە میللییـەکـان کـە بۆیـان هـەیـە دەربـڕینـی شیـعری بـەرەو فراوانبـوونـەوەیـەکی ئـازادانـە و نـاوخـۆیـانـە بـەرن، شیعری ئـەورووپی بـە گشتی بـەدوای سەرچـاوە میـللییـە نـاوخۆکانـدا گەڕاون کە زۆر جار لە ئەفسانە و هەقایەت و مەتەڵە کۆنە میللی و زارەکیەکاندا گەڕاون و بـابـەتی نوێیـان لێ دروست کردوون، هـەروەهـا سوود وەرگرتن لە شێوە کۆمەڵایەتییە جیـاوازەکـان وەك ژیـانـی قـەرەج و گـەڕەکـە هــەژارەکـان و لادێ و گـۆرانـی و مـۆسیـقـا میللییەکان، کە بەرجەستەترین ئەو نموونە جوانانەش سوود وەرگرتنی دانتی بوو لە ئـایـدیـالـی سەدەکـانـی نـاوەڕاست بۆ نووسینـەوەی شاکارەکـەی بـەنـاوی «کۆمیـدیـای خودایی».

گۆران وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی لە دیاردە و ژیانی میللی وردبووەتەوە سەرنجی ڕاکێشاوە و لە شیعرەکانیدا بەکاریانی خستووە لە پێناوی بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا.

هـەر شیعری «دەروێش عەبدوڵڵا»، شاکارێکی وردبوونەوەی شیعری گۆرانە لەو ژیانە میللییەی گەلی کوردە کاتێك دەڵێ:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە

میزاجی کوردەواریم تێك چووە دەروێش عەبدوڵلا

دەخیلت بم دەسا بە لاوکو ئای ئای و حەیرانە

شەپۆڵی زەوقی میللی، پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە

**گۆران و ڕەنگ و ڕۆمانسییەت**

ڕۆمانسییەکان بایەخیان بە ڕەنگ دەدا، چونکە ڕەنگ بەهایەکی هەستیاری تێدایە، هەروەها گرینگی وروژاندنی هەستەکانی مرۆڤ، ڕەنگ لەو کاتەدا بایەخ و گرینگی بۆ تەکنیکی شیعری دەبێ کاتێك دەبێتە بەشێك لە ڕەگەزی یادەوەرییەکانی مرۆڤی شاعیر بۆ ژیان.

هەموو مرۆڤێکیش بێگومان بۆچوون و هەڵبژاردنی خۆی هەیە بۆ ڕەنگ.

ڕەنگی سوور لە سەرجەمی شیعرەکانی گۆراندا ڕەنگی زاڵە و هەڵبژاردنەکانی گۆران بۆ گوڵە سوورە و بۆ جوانییەکانیشی هەر ڕەنگی سوور بەکار دێنێ، ڕەنگی سوور لەلای گۆران هاوڕەنگە لەگەڵ ڕەنگی خوێن کە لە دەلالەتی مردنەوە یا قوربانیبوونەوە سەرچاوە دەگرێ. چونکە هەموو کاتێك ڕەنگی سوور ڕەهەندێکی تاساندن و کارەسات و جوانییە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە گۆران دەلالەتێکی ڕۆمانسییانە بەڕەنگ دەبەخشێ.

لە «دار چوالەی پشکوتوو»دا دەڵێ:

وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو

لەنجە تاوتاویان بۆ چەپی با بوو

لە «گوڵی خوێناوی»دا دەڵێ:

کچ، نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ،

کوڕ، یەخەی مراخانی ترازان،

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەی لەباتی؟

لە «بۆ کچێکی بێگانە»دا دەڵێ:

هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم

ناشارەزاو، پەپوولەی دوور بە دوور بووم

## گۆران و ڕۆمانسییەت

شیعری ڕۆمانسی لە چەند بوارێکی جیاجیادا کاری لەسەر زمان کردووە کە گرینگترینیان تێکشکاندنی زمان و وبایەخپێدانێکی نوێ بوو بە وشە لە زماندا. تێکشکاندنی زمان لە گەوهەردا تێکشکاندنی یاسا زمانەوانییەکان بوو کە زمانیان لە یەك قاڵب و یەك ڕێچکەی دروستکردنی مانا لە ڕستەدا بەکار دەهێنا. بەتایبەتی لە شیعری کلاسیك لە ئامارێکی زمانەوانیدا «جان کۆهین» ڕەخنەگری فەڕەنسی ئەوەی سەلماند کە لادان ecartement لە زمانی شیعری ڕۆمانسی بە ڕێژەیەکی زۆر گەورەتر بەسەر شیعری کلاسیکدا پێش دەکەوێ لە بەکارهێنانی وشەدا. لەلای ڕۆمانسییەکان هەموو وشەیەکی زمان و بایەخ و گرینگی خۆی هەیە بە تایبەت لە دەوری وشە لە پێکهێنانی مانادا لە شیعر، ئەمەش لە پێناوی کارکردن بوو بە کۆمەڵێك وشەی دیاریکراو و فەرامۆشکراو لە زماندا لە ژێر پاساوی بەمیللی نەبوونی زمان و پاراستنی بایەخدان بە ڕێزمان، بەڵام شاعیرە ڕۆمانسییەکان بایەخیان بە بەکارهێنانی سەرجەمی وشەکان دەدا، لە چۆنیێتی دروستکردنی رستەی شیعریشدا ڕۆمانسییەکان بەدووی زمانێکی ساکار و ڕەواندا دەگەڕان کە توانای دەربڕینیلێکردنی شیعری ئاسان و دەوڵەمەند بکا لە مانادا.

گۆران لە هەرسێ بواری تێشکاندنی زمان وبایەخدان بە هەموو تاکەکانی وشە و مامەڵە کردنێکی تازە لەگەڵ زامنی شیعریدا کاری کردووەبە زمانێکی جیاواز لە زمانی شیعری کلاسیکی، هەروەکو چۆن لە تێکشکاندنی زمانیشدا کاری کردووە و یەك لەدوای یەك بە کورتی باسی ئەم جیاوازبوونەوەیە دەکەین.

### تێکشکاندنی زمان

مەبەست لە تێکشکاندنی زمان، لابردنی هەموو ئەو ئاستەنگە زمانەوانییە بەیاساکراوو بە لۆژێککراوانەیە.

کە زمان دەخەنە بارێکی نوێوە لە دەربڕینلێکردن، لەلای گۆراندا یاسای ڕێزمانی نەیتوانیوە چۆنیێتی دەربڕینلێکردنی شیعری و بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە زمانەکەدا لە چوارچێوە بگرێ. شێوازەکانی تێکشکاندنی زمان لەلای گۆران ڕەنگاوڕەنگن کە گرنگترینیان پاش و پێش و جێگۆرکیکردن بە فرمانی پاش و پێش کردنی بە ناو و

ئاوەڵناو، پاش خستنی وشەی ناوەندی مانا بۆ کۆتایی برگە و بەیتەکان، داهێنانی ئاوەڵناوی شێوێندراو لە مانادا، بە ناوەند کردنی هەموو ماناکان لەیەك وشەدا و چەندین شێوازی تر ئاماژەیەك بوون بۆ ئەوەی گۆران توانا و دەسەڵاتی بەسەر زمانی دەربڕین لێکردنی شیعریدا زاڵ بووە و دەرکی بە بایەخی ئەم شێوازانەی دەربڕین لێکردن کردووە، بە گرینگی داناون بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەت.

### گۆران و ئازاد کردنی وشە

لە شیعری کلاسیکیدا بەکارهێنانی وشە لەیەك چوارچێوەی دیاریکراو قاڵبرێژکراودا بووە، کە یەکێك لە هۆکارەکانی بەکار نەهێنانی شموولی زمان پەنا بردن بووە بۆ وشەی بێگانە. ئەمەش وای کردووە تەنیا سوود لە بەشێکی زمانی کوردیدا ببینرێ بۆ دارشتن و هۆنینەوەی شیعر، گۆران لەم لایەنەوە یەکێکە لەو شاعیرە کوردە کەمانەی کە لە هەستێکی خۆشەویستییەوە بۆ زمانی کوردی و پاککردنەوەی زمان لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی زمانێکی پاراو و بیگرێی کوردی لە شیعردا بەکار هێناوە. بەمەش دەورێکی بایەخداری بە وشەداوە، لە لێکۆڵینەوە یەکدا ئەگەر بێتو بەراوردێك لە نێوان ئەو وشانەی کە گۆران بۆ یەکەمین جار هێناویانییە نێو شیعرەوە لەگەڵ ئەو وشانەی کە شاعیرانی کلاسیکی بەکاریان هێناون. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە گۆران تا چ ڕادەیەك وشەی سادەو جوان و پڕ مانای بەکار هێناون و چەندێك لە شیعردا وشەی ئازاد کردووە، کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەت و سیمای بەکارهێنانی وشە لەلای ڕۆمانسییەکاندا.

### گۆران و تازەگەری زمانی دارشتن

گۆڕانکاری لە زمانی دارشتنی شیعریدا ڕەگەزێکی جیابوونەوەیە لە شێوازێك لە دارشتنی شیعری کە کۆمەڵە شاعیرێك کە دەچنەوە سەری ئیتر ئەو دارشتنە و شێوازەکەی دەبێتە نموونە بۆ هەمووان هەوڵە شیعرییەکانی دوای خۆیان و هاوزەمانی خۆیان، گۆران ئەو شاعیرەیە کە زمانی دارشتن لە قالبڕێژی زمانەوانی و ڕستەی ئاڵۆز و قورسی کلاسیکی و پاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە کردووەتە شێوازێك لە دارشتنی شیعری. زمانێکی پاراو و بێ گرێوگۆڵی بێگەردی بەکار هێناوە لە هەمووی گرنگتر ئەم شێوازی دارشتنەی بۆ ئەوە بەکارهێناوە کە لەلایەکەوە شیعریەت بەرهەم دێنێ و دووەمیش تواناکانی دارشتن لە زمانی کوردیدا بەهێز بکا. هەر بۆیە ڕستەکانی گۆران ڕستەی ڕەوان و ساکار و دەوڵەمەند لە مانادا کە ئەمەش بەکارخستنێکی نوێی زمان بوو هەروەها چوونەسەری تەکنیکێکی زمانەوانی بوو کە گۆران تیایدا سەرکەوت.

**شیعری گۆران و بنیاتی شیعریی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت بوو بە گەڕان بەدوای ئاماژەکانی تەوژمی ڕۆمانسییەت لە شیعرەکانی گۆران و سەلماندنی ئەو تێزەیە کە بەرچاومان خست و لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە گۆران لەوێدا یا لەبەر ئەو نوێخواز بووە لەبەرئەوەی بە کۆمەڵێك ڕەگەزی شیعری کلاسیکیدا چووەتەوە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە لە پێناوی هێنانە کایەوەی شیعری نوێ، کە خۆی ناوی دەنێ «شیعری تازە» دەبێ گۆڕانکاری لە سەرتاپای ڕەگەزەکانی شیعری کلاسیکی کوردیدا بکا. بۆ ئەمەش ڕەگەزە سەرەکی و کاریگەرەکانی شیعری ڕۆمانسی هێناوەتە ئەدەبی کوردییەوە، کە هێنانە کایەوەی نوێخوازی بووە لە شیعردا، واتە گۆران لەبەرئەوە نوێخواز بووە کە زۆرینەی ڕەگەزەکانی شیعری ڕۆمانسیی بەکار هێناوە.

ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە کە باسمان لێوە نەکرد لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە هەرچەندە بابەتێکی جودایە، بەڵام پەیوەستدارە بەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە گۆران چۆن کاری لە بنیاتی شیعری کردووە و چەندێك لەوەدا سەرکەوتووە، بنیاتی شیعری تازە و کاریگەری بخاتە ئەدەبی کوردییەوە.

گۆران لە شیعردا لەنێوانی زمان و ناوەڕۆکدا یەکێتی بابەتی شیعری پاراستووە پەیوەست بە ناوەڕۆکەوە، واتە لە یەك بنیاتی مانادا کاری کردووە، هەر لەو بنیاتەدا هەموو ڕەگەزەکانی زمان و شێوازی تەکنیکی شیعری خستووەتە کار، چونکە نوێخوازی تەنیا بە پەیڕەوکردن و چوونەوەسەری تەوژمێکی شیعری نایەتە دی ئەگەر گۆڕانکاری لە بنیاتی شیعریدا نەهێنینە کایەوە. یەکێتی ناوەڕۆك لەلایەن گۆران بەناوەندکردنی بنیاتی شاراوەیە لە شیعردا، واتا پەیڕەوکردنی هەر تەوژمێکی شیعری لە پێناوی ئەوەدا نوێخوازی دینێتە کایەوە کە بتوانێ بنیاتی شیعری شاراوە وامان بخاتە بەرچاو کە تیایدا ئێمە گەوهەری وشە و بیرەکانی شاعیر لە یەك بەرچاوخستنی مانادا بخاتە بەرچاو کە دەرەنجامی هەموو هەواڵەکانی شاعیر دەگرێتەوە ئەمەش ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە کە پێویستە بۆ کامڵکردنی تێڕوانینمان بۆ تازەگەری و زۆریش پێویستە.

گرینگ لێرەدا لەم قفلکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە گۆران شاعیرێکی ڕۆمانسی بووە و بیری شیعری لیریکی لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی قووڵی زمانەوە هێناوەتە کایەوە.

## ڕەش وەك گریان
## شیکردنەوەیەکی پراکتیکی دەربارەی چەمکی گریان
## لە لای شاعیر کامەران موکری

گریان لە ڕووە فیزیکی و هۆشیارییەکەوەی، والابوونێکی دەروونی و جەستەییە کە ڕۆڵی لە بەتاڵکردنەوە و لە هەمان کات هاوسۆزیبوون بەکوڵهاتن هەیە، لەو کاتەی مرۆڤ لەو هەستانەی کە لێوڕێژ دەبێ بەرانبەر بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان داوای کرداری لێ دەکەن کە خۆشەویستەکانمان جێ دێڵین، چاومان پڕ ئاو دەبێ و دڵمان دەلەرزێ.

ئەوەیە هەوڵی خۆدەربازکردن لەواقیعێکی نەویستراو و داسەپاو، ئەمە بەفێڵکردن لە جەستەیەك کە دەیەوێ لە جیاتی فرمێسك کردار بەرەو ڕووی دنیای نەویستراو بکاتەوە هەروەها گریان دەروونی بێ فرمێسکیشە، بێدەنگ و خامۆش هەروەك ئەو ترسە گەورەیەی هەموو جەستە دەخاتە بەر هورووژمی ساتەکانی جێهێشتنی ژیانەوە، گریان لە زەیندا یادەوەرییەکی لە بیرکراوە. بەو مانایەی گریان لە لای مرۆڤ وەکو داو و دەستوورێکی کۆمەڵایەتیی لێ هاتووە لە مردنەکان، لە ڕووداوەکان، لە ماتەمینییەکان، لە ساتە توندوتیژەکان، لە ئازارەکان، مرۆڤ دەگرێتەوە پڕ بە دڵ دەگریێ تاکو ساتی بەتاڵبوونەوەیەکی زەینی و سادەییانە لەوکاتەی گریان وەکو بەهایەکی سۆزداری لە لای زۆرداران و بکوژان و پاسەوانانی مردنیش، تەنانەت لە لای جەللادەکانیش هەیە. بەڵام گریان هەمیشە ڕوویەکی والایە بۆ گوتنی ئەو شتانەی لە زماندا ناگوترێن، بۆ بەرهەمهێنانی تەواوی مانا پەنهانەکانی ناوەوەمان.

گریان بەم مانایەش جۆرێکە لە شێوازی شت دەربڕین، جۆرێکە لە پێکهێنانی مانای نەگوتراو و شاراوەی ناوەوە کە لە شیکردنەوەیدا پۆرترێتێکی کەسایەتیی جیاواز دەکەوێتە ڕوو، گوناهباران و بێ گوناهان کامەران و خەمباران ئازاد و کۆیلە، بەند و ئازاد، سەرکەوتوو، نوشوستخواردوو، جەللاد و قوربانی، ئەوان لە ساتی جیاوازدا گریانی خۆیان هەیە. کە واقیعی خۆیان ناچاریان دەکا دەربڕین لە ساتەکانی خۆیان بکەن.

گریان لەلای شاعیر (کامەران موکری) فراوانترین ڕووبەر لە هەموو شیعرەکانیدا داگیر دەکات بەجۆرێك لە شەش کۆمەڵە شیعریدا (موکری)ی شاعیر نەیتوانیوە

دەستبەرداری ئەو ئاخاوێنە ناخەکییەی گریان بێ کە بە هێزەوە بەرەو خۆی دەبا و ڕاپێچی دەکا، بەڕادەیەك شاعیر گریان وەکو فەلسەفەیەك بۆ کەسایەتییەکی زێدە هەستیار شاعیر دەکاتە مرۆڤێك وەکو گەڵایەکی تەریکە هەر شنەیەك هەڵبکا لەگەڵ خۆیدا دەیبا و ناخیشی لەگەڵیدا دەکەوێتە کەفوکوڵ، ئەم ساتانە لەلای شاعیر زۆر و دووبارەوە بوون.

گەڕان بەدوای گەوهەری گریان لە شەش کۆمەڵە شیعردا، کارێکی ئاستەم نییە، بەڵام پڕ پڕە لە گرفتی زمانەوانی و سیمانتیکی و ڕێزمانی و فەرهەنگی و ڕەوانبێژی کە ناتوانین لەو گرفتانەوە پاش لێکۆڵینەوە لێیان بگەینە هیچ دەرەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا، هەرچەندە ئەو پێکهاتنە گەوهەری فەلسەفی و بنیاتی شاراوەی گوتراو و نەگوتراوەکان لە خۆ ناگرن، ئەمانە وەکو ڕەگەز و یەکەی زمانەوانی و ڕێزمانی بەکاریان دێنین تاکو لەوێوە بتوانین دەروازەیەك لەڕوونی مانا هەستیار و شاراوەکانی شاعیردا بکەینەوە. بەم پێیەش گریان لە ڕوویەکەوە لەلای شاعیر جۆرێك لە پۆلێنکردنی ڕووکەشییانەی تێدایە ئەو گریانەی نەویستراوە و ڕەت کراوەتەوە و ئەو گریانەی خواستراوە، ئەو گریانەی ئامانجێکە و پێوەرێکیشە بۆ ژیانی کەسەکان بەگشتی. ئەم کۆبوونە لە گریان لەلای شاعیر ئەو دەلالەت و مانایەی هەیە کە مرۆڤ لەلایەنی دوژمنانەوە بهێنرێتە گریان، مانای ئەوەیە کە دوژمن یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە گەلی کورد لە جیاتی هەموو بارودۆخێکی ژیانی شیاو لە گریاندا بژێ و کامەران نەبێ ئەم گریانە گریانێکە کە بە زۆر بەسەر گەلێکدا دەسەپێنرێ و دەتوانین بە گریانی داسەپاوی ناو بنێین.

لە خوێندنەوەی هەر شەش کۆمەڵە شیعری شاعیر (کامەران موکری)دا کە کۆمەڵە شیعرییەکانی (ئاشتی ١٩٥٤، ئاگر و ژیلەمۆ ١٩٥٨، گوڵ ئەستێرە ١٩٥٩، و ئاوات و ڕەنج ١٩٦٨ و زەبری هۆنراوە و گوڵاڵە سوورە ١٩٧١)دا دەرەنجامێکی دەلالەتدار و سەرسوڕهێنەرم کەوتە بەرچاو کە لەم لێکۆڵینەوەدا باسیان لێوە دەکەم، ئەو ڕووپێوە هەر لە سەرەتاوە گەڕانە بەدوای گریان و هۆکار و دەلالەتەکانی لەلای شاعیر.

کە دیارترین دیاردەی ڕووکەشی ئەو ڕووپێوە، ئەوەیە کە گریان لە لای شاعیر بە هەرسێ ڕووەکەی زۆر دووبارە دەبنەوە و تەنانەت گریان شا وشەیە لەلای شاعیر کە هەمیشە لە پشتەوەی هەستەکانییەوە ئامادەیە.

کۆی لاپەڕە شیعرییەکانی هەر پێنج کۆمەڵە شیعر (٢٨٦) لاپەڕەی خاوێنن، سەرەتا بەم خشتەیە ئەم ڕووپێوە دەخەینە ڕوو ٢٨٦ لاپەڕەیەدا.

| ناوی دیوان | ژمارەی لاپەڕەکان | ژمارەی شیعرەکان | ژمارەی وشەی گریان | ژمارەی ئەو شیعرانەی وشەی گریانیان تێدایە | ساڵی چاپکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاشتی | ٥٨ | ٢٨ | ٥٢ | ١٦ | ١٩٥٤ |
| ئاگری ژیلەمۆ | ٥٤ | ١٩ | ٤٣ | ١٩ | ١٩٥٨ |
| گوڵەئەستێرە | ٤٨ | ٢٨ | ٢٢ | ١٣ | ١٩٥٩ |
| ئاوات و ڕەنج | ٤٧ | ٣٠ | ١٧ | ١٤ | ١٩٦٨ |
| گوڵاڵە سورە | ٢٢ | ١ | ١٢ | ٠١ | ١٩٧١ |
| زەبری هۆنراوە | ٥٧ | ٢٧ | ٣٢ | ١٢ | ١٩٧١ |
| کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٤٣ | ١٧٨ | ٦٥ | ١٧ |

لەم خشتەیەوە، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەکەوێتە ڕوو کە لە شیکردنەوەکانماندا سوودیان لێ دەبینین شاعیر لە ماوەی (١٧) ساڵ لە تەمەنیدا (١٤٣) شیعری نووسیوە «جگە لەو شیعرانەی کە لە دیوانەکانیدانین» لە کۆی ئەو شیعرانەدا (٧٨) جار وشەی گریان و (هاودەلاتەکانی)ی گریانی بەکارهیناوە.

کەواتە لەم زانینە سەرەتاییەوە ڕێژەی ئەو دێرە شیعرییانەی کە گریانیان تێدا هاتووە بەلایەنی کۆی شیعرەکانەوە (١٣٠٪)ن کە ئەمەش دەری دەخا ناوهێنانی وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی ژمارەی شیعرەکان تێپەڕ دەکا، بەمەش بیری بناغەیی وشەی

ناوەندیی شیعرەکان وشەی گریان و هاو دەلەلاتەکانی دەنوێنێ دەشێ بڵێین وشەی زاڵ لەو شیعرانەدا کە قورسایی دەلالەتی خۆیان هەبێ لە زمانی شیعردا، وشەی گریان و فرمێسك و ناڵە و شیوەنە... هتد« کە ئەمەش بێگومان لە شیکردنەوەی هۆکاروباری دەروونیی شاعیردا گرنگیی خۆی هەیە.

سەرجەمی ئەو شیعرانەی وشەی گریانیان تێدا هاتووە، (٦٥) شیعرە، ئەگەر لەگەڵ کۆی شیعرەکان بەراوردیان بکەین کە ١٤٣ شیعرن، ئەوە دیارە کە ڕێژەی ئەو شیعرانەی وشەی گریانیان تێدا هاتووە (٦٥) شیعرن، ئەگەر لەگەڵ کۆی شیعرەکاندا بەراوردیان بکەین (١٤٣) ئەوەیە، دیارە کە ڕێژەی ئەو شیعرانە لەگەڵ کۆی شیعرەکاندا (٤٩٪)ە کە ئەمەش مانای وایە نزیکەی نیوەی شیعرەکانی هەر شەش کۆمەڵە شیعرەکانی وشەی گریانیان تێدایە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی گەلێك زۆر و ناسروشتییە لە یادەوەریی شاعیردا، هەمیشە ئامادەیە. کەواتە ڕاستییەکی بەرایی لەم جۆرە، چ بۆچوون و چ پاڵنەر و هۆکارێك دەبن بۆ لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر وشەیەك بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆ، لەم ڕاستییەوە ئەم ڕووپێوە لە سەرەتاوە بەرەو تاسانێکی مرۆڤایەتیمان دەبا، هۆیەکەش ئەوەیە.شاعیر لە زۆر لە شیعرەکانیدا «بەرگریکردن، تۆڵە سەندنەوە لە زوڵم، ڕاپەڕین، هەڵمەت و هێرشکردن یاخیبوون و شۆڕش....» ڕووبەرێکی چاك لە ماناکانی شیعرەکانی داگیر دەکەن، بەڵام وشەی گریان دەشێ دژە دەلالەتێکی زۆر لەو مانایانە بێ ئەو مرۆڤەی خەبات دەکا و سەنگەر دەگرێ و داوای تۆڵەی چەوساوان دەکا و خەڵکی بەرەو ڕاپەڕین جۆش دەدا، زیاتر بە مرۆڤێك دەکا کە دەزانێ لە ڕۆژگاری ڕەش و زۆرداریدا چی پێویستە بکرێ بۆ ڕۆژگارێکی واشیاوە و دەشزانێت بەسۆزهاتن و گریان لە دەستی زۆرداری بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستەپاچە بوونە بەرانبەر بەو زۆردارییانەی کە بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە.

کەواتە زۆر سەیرە مرۆڤێکی لەم جۆرە هەست و سۆزەکانی ئەوەندە ناسك و ڕووشاوە و دەستلێنەدراو بن، کە هیچ هێزی خۆگرتنی نەماوە و ئەوە ناخیەتی بەرەو هەموو کردارەکانی بەگریانی بوونی دەبا، بەو ڕادەیەی کە خۆی بەرانبەر بەتراژیدیا سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوونییەکان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و، لە پڕێکدا هەناو و ناخی هەڵدەچێ و چاوەکانی ئەوەندە شەکەت و ماندوو دەبن، کە بەرگەی تەوژمی بەسۆزهاتنێکی ناخەکی ناگرن و وەکو ملوانکەیەکی پساو، کە دەنکەکانی دەکەونە سەر زەوی و هەڵبەز و دابەز دەکەن، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك دەڕێژن و بەسەر کوڵم و لاچاوەکانیدا دینە خوارەوە و زۆر

جاریش ناڵە و هەنیسك و شیوەنیان تێکەڵ دەبن و هەروەك بڵێیت گریان ئەو دەست بۆ بردنە بێ جێگرەوەیە بێ کە بەرەورووی زۆرداری دەکرێتەوە و ئەو هێزە بێ. کە لە ڕووە دەروونییەکەوەی بەسەر تێپەربوونی ناهاوسەنگی چینایەتیدا زاڵ بێ ئەو پەنجە تیشکاویانەبن کە دەروونی برینداری لێقەوماوان سارێژ کاتەوە، وەکو هێزێکی مانەوی کە چاوەڕێی کاردانەوەی تری لێ بکرێ، نەخێر دەشێ لەلای شاعیر هیچیان نەبێ و لە هەمان کاتیشدا بچێتەوە سەر هەموویان، چونکە چوونەوە سەریان بەندن بە حاڵەتە زەینی و دەروونییەکانی شاعیر، کە دەیەوێ خۆی لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ببینێتەوە.

شاعیر، هەروەك گرفتارێکی سۆفیگەری، بەسۆز هاتووە لە گریاندا لە ڕۆژگار و نە لە ساڵەکاندا گۆڕان بەسەر ئەو سۆزانەیدا نایەن، کە هەموو هێزی دەربڕینی شیعری ناتوانن لێی دوور خەنەوە ئەو وەکو کۆرپەیەك دەکەوێتەوە ئامێزی گریان. چونکە دەشێت گریان بگاتە شیعر چاوەکان ببنە مانا فرمێسکەکان ببنە ڕستە، بەجۆرێك، لە هەندێك شیعردا گریانی ئەو گریانێکی تێکەڵ و ئاوێتەیەکە لە جۆشی جیاواز و کاردانەوەی لەناکاو ئەمانە هەرگیز وێنەیەك نین، بۆ گوڕو تینێکی یەك مانایی و یەك ئاراستەیی واتە یەك کاریگەر بوون گریان لای ئەو جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاخاوتنی ناخەکی ئەمەش وا پێویست دەکا لەو ڕووپێوە زمانەوانییە سەرەتاییە بەرەو ڕووپێوێکی تر بەرین کە ئەویش لەلایەکەوە گەڕانێکە بەدوای جۆرەکان یان شێوە رووکەشەکانی گریان لەلای شاعیر، لە لایەکی تریشەوە هۆکارەکانی گریان و ئەو هێزە نهێنییە پڕ توانایەی کە شاعیر دەخاتە گریانەوە کە سەرەتا پێویستە جۆرەکانی گریان پۆلێن کەین بە دووی سەرچاوەی هاتنە کایەوە و دروستبوونیاندا بگەڕێین لەسەر بناغەی کێیە دەگرێی، گریان ویستراوە، یان و نەویستراو و داسەپاوە.

**گریانی نەویستراو (داسەپاو)**

لە کولتووری مرۆڤایەتیدا لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گریان ئەو ڕوونیشاندانەیە، کە لە لایەکەوە خۆ بەدەستەوەدان دەردەخاتە دەرەوە لە بەردەم ڕووداوە پڕ لە تاسەکاندا.

لە لایەکی تریشەوە جۆشدان و ترۆپکی خۆ پڕکردنێکی خودیانەیە بۆ کاردانەوەی بەپەلە لەم ڕووەوە ڕووی خاوێنیی گریان گومانی تێدا نییە، هەر بۆیە گریان

ڕەتکردنەوەی چارەنووس و ڕووداوی داسەپاوە. ئەو گریانەی ڕەشە وەکو ئەموستە چاوێکی تاریك و نابینایە بێ ئارەزوو، بەبێ هەڵبژاردن، چونکە گریان هەوڵدانی دەروونە بۆ ئازادبوون بە تاسەی لەناکاو شێوانی زەینە لە دەستەپاچەیی کاردانەوەکان مەبەست لە ڕووداو هەموو ئەو ساتانەیە کە مرۆڤ بێ سنوور بەرەو بەسۆزهاتنی ناخەکی دەچێت، کە دەمودەست مرۆڤ دەخاتە دۆخێك لە ناکردەییەوە، وەکو ئەوەی گریان ببێتە هاوارێکی تاساو بەرانبەر بەوەی کە ڕوو دەدا و دەمانخاتە بارێکی نەشیاوی دەروونییەوە.

مرۆڤ بە سروشتی خۆی تراژیدیای لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە بوون بە قورسایی خۆیەوە بەرەو پەراوێزبوونێکی هەمیشەیی دەبا، کە هەمیشە مرۆڤ لە هەستی بەرانبەر دیاردەکان لە زۆر زەمەنی جیاجیادا ئەو هەستە تراژیدییەی لە ناخەوە لەلا زیندوو دەبێتەوە ناتەبایی نێوان «مرۆڤ و گەردوون، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دیاردەکان، مرۆڤ و ڕووداوەکانی مرۆڤ و نایەکسانی مرۆڤ و خودی نەگونجان...تاد» کەواتە دەبێ بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی چەمکی گریان لەلای کامەران موکریی شاعیر بەنێو شیعرەکانیدا ڕۆچین و سەرەتا ئەو ڕووپێوە سەرەتاییەی بۆ گریانمان کرد، پۆلێنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووییان بۆ بکەین لە شێوەی بە دووی یەکدا هاتنێکی مانادا و هەروەها کاریگەری و دەوریان لە دروستکردنی شیعرییدا. کەواتە سەرەتا لە ئاستی ماناو دەلالەتەکاندا بە دووی وشەی گریاندا دەگەڕێین لەلای شاعیر گریانێك لە دەسەڵاتی بەسۆزهاتن و خولْقان و پەیدابوونی دەسەڵاتی خود دەردەچێ هەر لەسەر ئەم بناغەیەش پێویستە لە خشتەیەکدا هەموو ئەو بەیت و دێرە شیعرییانە دەستنیشان بکەین لە هەر شەش دیوانی شیعردا کە تێیاندا گریان مۆرکی گریانێك هەڵدەگرن کە شاعیر ئاواتەخوازیان نەبووە و نەیویستوون پاشان بە دووی هۆکار یان بنەچەی ئەو جۆرە گریانەدا بچین ئینجا گریان لە نێوان شاعیر و ئەوانی تر جیا بکەینەوە، بۆ زانینی کێیە دەگرێ ئاخۆ دەبێ گریان بچێتەوە سەر چ حاڵەتێکی زەینی و دەروونی.

| | بەیتە شیعرییەکانی گریان | بنەچە | من– ئەوی تر | ئاماژەی گریان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پیری پەککەوتەی فرمێسك قەتیس ماو شەڕ دیو بەقین خانە و ماڵ سوتاو | سیاسی کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | فرمێسکی قەتیس ماو |
| ٢ | پایزی ڕوو زەرد پایزی غەمگین دیسان ژیانی باخی کرد بەشین | سروشتی فەلسەفی | ئەوی تر نائۆرگانی | باخی کرد بەشین |
| ٣ | منالێکی شەش حەوت ساڵان ئەگەڕێ ئەگری لە کۆڵان | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | ئەگری |
| ٤ | دڵی پێخەفی... تەنیا بۆ دووری من ئەگریا | بوونگەرایی نائۆرگانی | ئەوی تر نائۆرگانی | ئەگریا |
| ٥ | نەعرەتی شەونم نەپرشنگی گوڵ لە سای تووترکا ئەگری زۆر بەکوڵ | سیاسی ڕەوانبێژی | ئەوی تر نائۆرگانی | ئەگری |
| ٦ | تك تك دڵۆپی ئەسرینم ڕژا لە چاوی غەمگینم | فیکری | من | دڵۆپی ئەسرین |
| ٧ | وای دوو سێ ساڵی تەماوی شەوی مات و گریاناوی | سیاسی کۆمەڵایەتی | من | گریاناوی |
| ٨ | گریانی زۆر، هەناسەی سەرد، ئەشکی سوور خورپەی بزێو، نائومێدی کتوپر | سیاسی کۆمەڵایەتی | من | گریانی زۆر ئەشکی سوور |
| ٩ | پەرچەمی تەڕ ئاڵا لە مل فرمێسکی ئەڕژا لەگەڵ کل | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | فرمێسکی ئەڕژا |
| ١٠ | زریکوهۆڕ و چرای ڕەنگین ئەگریان بەتاو ئەلەرزین | سیاسی کۆمەڵایەتی | ئەوی تر ئۆرگان–نائۆرگانی | زریك و هۆڕ ئەگریان بەتاو |
| ١١ | ئەینوارییە ڕێی گۆڕستان پیاوی ژاکاوی پڕ لە گریان | فیکری | ئەوی تر | پڕ لە گریان |
| ١٢ | کپ و غەمگین و مات کۆڵان لە پڕ هەورێك ئەیزریکان | فیکری سیاسی | ئەوی تر | پڕ لە گریان |
| ١٣ | کارەکەری جوان وەکو گوڵ بەدەم گریانەوە بە کۆڵ | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | گریان بە کوڵ |
| ١٤ | ئەی کۆرپەی باوك تاوانبار لە ئێستەوە بگری بەزار | کۆمەڵایەتی سیاسی | ئەوی تر | بگری بەزار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | گوێژە گریا بەخوڕ لافاو هەستا بەتین و گور | سروشتی | ئەوی تر نائۆرگانی | گریا |
| ١٦ | دار و دیوار بەرد ئەگریا دایك ئەیزیڕان بۆمان | سروشتی | ئەوی تر سروشت | بەرد ئەگریا ئەیزیڕان |
| ١٧ | شین بوو (هەموو) نەك كەس مردوو لە مەشا تۆ تیاچووی هەژار | كۆمەڵایەتی سروشت | ئەوانی تر | شین بوو |
| ١٨ | كە پەنگی ئەخواردەوە ئاو ئەیزریكان سوپای لافاو | سروشتی | ئەوی تر نائۆرگانی | ئەیزریكان |
| ١٩ | چووە سەر لاشەی دوو منداڵ گریا بۆ ژینی ڕەش و تاڵ | كۆمەڵایەتی سروشتی | ئەوی تر | گریا |
| ٢٠ | مردن ئەیگێڕا زەماوەند ئەگریا هەژار دەوڵەمەند | كۆمەڵایەتی سروشت | ئەوانی تر | ئەگریا |
| ٢١ | پەنجەرە و پەردە و چاوی كاڵ ئەگریا بۆ نەختێ ساماڵ | سروشتی | ئەوی تر نائۆرگانی | دڵۆپی ئەسرین |
| ٢٢ | هەموو بە جارێ گەورە و ورد فرمێسكت بۆ ئەڕێژین دڵ | كۆمەڵایەتی سروشت | من | ئەگریا |
| ٢٣ | بۆ كۆچی تۆ هاتووەتە كوڵ باخی ئەشكی كوردستان | سروشت فیكری | ئەوانی تر نائۆرگانی | هاتنە كوڵ باخی ئەشك |
| ٢٤ | گڕە بەر ئەبێ لە دەروونی باخ، چەمە لە پێچا ئەگری وەك منداڵ | سروشت فیكری | ئەوانی تر نائۆرگانی | ئەگری |
| ٢٥ | بزانە چۆن فرمێسكی لێڵ ئەڕژێتە سەر ڕووم گەرم و وێڵ | كۆمەڵایەتی سروشتی | من | فرمێسكی لێڵ |
| ٢٦ | جێ پەنجەی لە خۆدان فرمێسكی چاوی پڕ لە ژان | كۆمەڵایەتی | ئەوی تر | فرمێسكی چاوی پڕ لە ژان |
| ٢٧ | كە بای خەزان گوڵی وەران خونچە دەست ئەكا بە گریان | سروشت | ئەوانی تر نائۆرگانی | گریان |
| ٢٨ | بەڵام شارەكەمان بە گشت بۆ كۆچی تۆ فرمێسكیان ڕشت | كۆمەڵایەتی سروشت | ئەوانی تر نائۆرگانی | فرمێسكیان ڕشت |
| ٢٩ | شیوەن تیژ كەن بۆ گەورە و ورد كامل وێنەی شیرینی ڕووت | سروشتی كۆمەڵایەتی | ئەوانی تر | شیوەن تیژكەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | ئاوازەی ئەو ڕۆژە تاڵە گریان بوو زریکە و ناڵە | کۆمەڵایەتی سروشت | ئەوانی تر | گریان بوو زریکە ناڵە |
| ٣١ | مەزاتخانەی لەش و گیان بوو بازاڕی غەم و گریان بوو | کۆمەڵایەتی فیکری | ئەوانی تر | غەم و گریان |
| ٣٢ | لەسەر شان و ملی بێگەرد بە فرمێسکی تاڵی خوێنین | سیاسی | ئەوانی تر | فرمێسکی تاڵی خوێنین |
| ٣٣ | یاساوڵێك تف و دار ئەیهێنایە گریا و هاوار | سیاسی | ئەوانی تر | گریەو هاوار |
| ٣٤ | خوێن ئەبارێ لە ئاسمان ئەسرین ئەتەقێ وەك کانی | سیاسی | ئەوانی تر | ئەسرین ئەڵەقێ |
| ٣٥ | گریان بوو ڕۆ ڕۆسنگ کوتان، نرکە بوو هەولە بۆ ژیان | سیاسی کۆمەڵایەتی | ئەوانی تر | گریان ڕۆ ڕۆ سنگ کوتان |
| ٣٦ | ئەویان هەژاری بێ تاوان یەك بەدوای یەك ئەگریان | سیاسی کۆمەڵایەتی | ئەوانی تر | ئەگریان |
| ٣٧ | لە خۆڵی مەچەکی مردوو مەتارەکەم پڕ لە ئەسرین | کۆمەڵایەتی | من | پڕ لە ئەسرین |
| ٣٨ | لە خرمە خرمی شەستە بارانا لە دوا هەنسکی قوڵپی گریانا | کۆمەڵایەتی | من | هەنسك قوڵپی گریان |
| ٣٩ | نوێنت ئەگری بۆ تەنیایی سنگ ئاگرە هەنگوینە | نائۆرگانی | ئەوی تر | نوێن ئەگری |
| ٤٠ | کچی بەس زمانی غەمگین ئەیرشتە چنگێوە ئەسرین | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | ئەسرین |
| ٤١ | تا ئاوا دڵی کچەی کوشت شەو و ڕۆژ فرمێسکی ئەڕشت | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | فرمێسکی ئەڕشت |
| ٤٢ | بەسەر سنگی نەرمیا ڕوا بەکوڵ گریا بۆ شەو | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | بەکوڵ گریا |
| ٤٣ | کە بەیانی هەستا لە خەو کچە بەکوڵ دیسانەوە گریا | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | گریەو شین |
| ٤٤ | هاتە بەرچاوی کە چۆن ژین یەکسەر لێی بووە گریە و شین | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | گریەو شین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | ژوودەکەم پڕن لە سۆزی گریان و ناڵە و ئازار چەشتنی | کۆمەڵایەتی سروشتی | من | گریەو ناڵە |
| ٤٦ | هەزاران چاو ئەشکی تێزا دڵ بە پشتی خەما چزا | کۆمەڵایەتی سیاسی | ئەوانی تر | چاو ئەشکی تێزا |
| ٤٧ | ئەستێرەکان ورد ئەوەرین بۆ ناو قەترەی ئەشکی خوێنین | فیکری | ئەوانی تر | قەترەی ئەشکی خوێنین |
| ٤٨ | لەناو گۆمی لێڵی پەشیمانی کۆست کەوتووانە هەمیشە لە گریانای | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | لەگریانای |
| ٤٩ | لە قەترەی فرمێسکی چاوا لەناو جۆگەلەی خوێناوا | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | قەترەی فرمێسک |
| ٥٠ | لێرەدا بوو گوڵی خەندە هەڵوەری کیژی لادێ ئێستەش زۆر بە کوڵ ئەگری | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | بە کوڵ ئەگری |
| ٥١ | گریەی منالی دەربەدەر بە نێڵە نێڵی ئاگری | کۆمەڵایەتی | من | گریەی منالّ |
| ٥٢ | لەگەڵ دەنگی شین و گریان خوێنی ئارامی دڵ تکا | فیکری | من | دەنگی شین و گریان خوێنی دڵ تکا |
| ٥٣ | ئەسرین کەدیی جۆگەی خوێناو نەیەیتە بەر پەرژینی چاو | سیاسی | من | ئەسرین |
| ٥٤ | کاتێ دیم ئەسرین لە تەختی ڕووتا وەك پشکۆی ئاگر ئەسووتا | سیاسی | ئەوی تر | ئەسرین |
| ٥٥ | کەژی سەختی بە لێشاوی فرمێسکی ئاسمان | سروشتی | ئەوی تر نائۆرگان | فرمێسکی ئاسمان |
| ٥٦ | ئەسرین لە چاوم تکا یانزە قەنارەی تیا شکا | سیاسی | من | ئەسرین |
| ٥٧ | گوندە ڕەشە سووتاوەکان ئەسڕین کڵپە ئەڕێژن | سیاسی | ئەوانی تر نائۆرگان | ئەسرینی کڵپە |
| ٥٨ | دڕدەن ئەی کێوانی ژیان ئەبێ شاخ بێنمە گریان | سیاسی | ئەوانی تر نائۆرگان | گریان |
| ٥٩ | هەور ئەگری ئاسۆ ڕەش پۆش ئاسمان غەمگینە | سیاسی | ئەوانی تر | زایەڵەو شین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٠ | بۆ هەر لایەك گوێ هەڵ ئەخەم زایەڵە و شینە | سروشتی | ئەوانی تر | زایەڵە و شینە |
| ٦١ | هونەری ناسۆرِی ژینی تاڵە پرِ هەنسك و تاسەو قوڵپی گریانە | کۆمەڵایەتی | من | هەنسك قوڵپی گریان |
| ٦٢ | ئەبێ خۆری کەلی بەرزی ئاوات بێ ئەبێ بزەو گریانی لێقەوماو بێ | سیاسی | ئەوانی تر | گریان |
| ٦٣ | گوڵ ئەگریاو دوا دڵۆپی شەونمی ئەرِشت بۆ ئەو کوڵمەی خۆڵەمێش بوو لەسەر رِووی ئەنیشت | کۆمەڵایەتی فیکری | ئەوی تر ناگۆرگانی | ئەگریا دڵۆپی شەونم |
| ٦٤ | نەهاوار و نەلالانەوە و گریان نە ئەگەین بە ناخی دڵ و گیان | کۆمەڵایەتی | من | لالانەوە هاوار گریان |
| ٦٥ | چاوی دایکی هەمیشە کاسەی ئەسرین کەسوکاری و سەنگەر و کەژ بۆی ئەگرین | سیاسی | ئەوی تر | کاسەی ئەسرین بۆی ئەگرین |
| ٦٦ | سەنگەرەکان ئەگرین بۆ قارەمانەکان ئەوان گیان بوو پارە نەبوو بەخشییان | سیاسی | ئەوی تر | سەنگەرەکان ئەگرین |
| ٦٧ | هۆنراوەکانم لەناو دەروون بۆ پەرەی گوڵی وەریو ئەگریان | سیاسی کۆمەڵایەتی | من | ئەگریان |
| ٦٨ | دوای چەند ساڵ خڵتەی نەبوونی چەشتن، ئەشکی سووری بەپەنهانی و ئاشکرا رِشتن | سیاسی کۆمەڵایەتی | من | ئەشکی سوور |
| ٦٩ | کاتێ پایز لەسەر لووتکەی بڵندی چیا لە جیاتی من بەسەر لاشەی شۆخا ئەگریا | سیاسی | ئەوی تر من | ئەگریا |
| ٧٠ | لە فرمێسکا چاوی شەماڵ گوڵی وەك چرا ئەشکی تاڤگە بەشێنەیی و بە نەرمی شۆرا | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر سروشت | لە فرمێسکی ئەشکی تاڤگە |
| ٧١ | هەرچی خونچەی ئاوات هەیە، هەموو هەڵوەرین هەرچی چاوی یادم هەیە هەموویان ئەگرین | کۆمەڵایەتی | من | ئەگرین |
| ٧٢ | لەم ژوورەدا قەتری ئەسرین رِژایە سەر رِوومەتی پان | کۆمەڵایەتی | من | قەترەی ئەسرین |
| ٧٣ | ژنی شۆخی دڵ ئاگرین بەخورِ دەستی کرد بە گریان | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | گریان |
| ٧٤ | فریشتەی دڵداری گریا کە گریا ژنی وەك پەری | کۆمەڵایەتی | ئەوی تر | گریا گریا |



(٣٤) نەجات حەمید ئەحمەد

هەروەك دەبینین «٧٥» جار بۆ «٩٠» جار وشەی گریان و هاو دەلالەت و هاوماناکانی گریان هاتووە لە هەر شەش دیوانی شاعیردا؛ کە ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی سروشتی نییە بۆ تەنیا جۆرێك لە گریان کە ڕۆژگار دەیسەپێنێتە سەر وشەی شیعری لە لای شاعیر.

کە ڕێژەی ئەم ژمارەیە لە کۆی شیعرەکاندا دەگاتە ٦٠٪ی هەموو وشەکانی گریان و هاودەلالەتەکانی لە دیوانەکانیدا، ئاخۆ ئەم خشتەیەی ژمارە «٢» چیمان پێ دەڵێ، پێش ئەوەی هیچ دەرەنجامێکی شاراوە و نهێنیی لێ دەرکەین:

لە کۆی «٧٥» بەیت و ڕستەی شیعری تەنیا «١٧» بەیتیان گریان بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە، واتە ئەوە شاعیرە دەگریێ هەموو ئەوانی تر گریانەکان بۆ سروشت و خڵکانی تر دەگەڕێنەوە.

لە کۆی «٧٥» بەیت کە گریانی تێدایە «٢٢» بەیت و ڕستەیان گریان شتەکانی دەوروبەرن کە بە شێوەی ڕەوانبێژی سیفەتی گریانیان پێ دەبەخشێ لە کۆی ئەو «٧٥» دێرە «١٣٦» دێر، هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسین کە ئەوانی تر دەگریێن.

ئەم ژمارانە ڕاستییەکی بەرایەتی دەردەخەن کە گریانی شاعیر لە ئاست گریانی ئەوانی دی- (سروشت- مرۆیی) نزیکەی چوار لەسەر یەکی گریانەکانی ترە، ئەوانی تر لە گریانە نائۆرگانییەکاندا، واتە شتەکانی سروشت گریانێکن بۆ بارودۆخێکی ناهاوسەنگی سیاسی و یان کۆمەڵایەتی، یان بوونگەرایی و فیکری، گریانی ئەوانی تر ئۆرگانییەکان گریانێکن لە هۆکاری ناتەباو زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەوەن، هەروەکو چۆن گریانەکانی خودی شاعیریش گریانێکن، یان هۆکارو بنەچەی سیاسییان لە پشتەوەیە، یان کۆمەڵایەتی و خودی ئەم ڕاستییانەش، یان ئەم وردە ئەنجامانەش ئەوە دەردەخەن کە هەموو گریانەکانی سیفەتێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و فیکری کۆیان دەکاتەوە، لەگەڵ جیاوازیی ماناکاندا. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، گریانی ئەوانی تر لە سروشت و بارە ئۆرگانیاندا بۆ کێ دەگەڕێتەوە، ئەوە کێیە دەگریێ و گریان سەرچاوە و هۆکارەکانی لە چییەوەن؟

سەرەتا گریانی شاعیر ئۆرگان و نائۆرگانەکان لە ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی ستەم و جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و زۆرکەم پەل بۆ بواری فیکری و فەلسەفی دەهاون. ئەمەش وا دەکات هەموو گریانە جیاوازەکان تەنیا یەك خەسڵەتی بنەچەیی کۆیان بکاتەوە و ببنە خاوەنی یەك خەسڵەتی بنەڕەتی کە هێزی هاتنە گریانە. کەواتە سەرچاوەکان لە ناخەوە و لە ناوەوەی هەستەکانی شاعیرەوەن کە گریانی دەخوڵقێنن و گریان دێننە بوونەوە ئەوە شاعیرە لەگەڵ ئازار و ستەم و زۆرداریی سەر

ئەوانی تر وێنەیەك بۆ گریانی ئەوان دەدۆزێتەوە، ئەوە هەر خۆیەتی لە بەرگ و سیمای سروشت و کەسەکانی دەوروبەرەو بەرەو گریان دەچێ و ئەوانیش لەگەڵ خۆی بەرەو گریان دەبا گریان هەڵوێست و کردار نییە گریان بەرپەرچدانەوە و دەستدانە چەك و بیری گۆڕانکاری نییە، بەڵکو گریان هێزێکی شاراوەیە کە مرۆڤەکان بەرەو هەڵوێست و کاردانەوە دەبا لە پاش هەموو ئەمانەش گریان ئەو دەستەپاچەبوونەیە کە تاکەکان بەرەو کاری بەرپەرچدانەوە و هەڵوێست وەرگرتن و خۆشەویستیی یەکتری دەبا و پاش ئەوەی هاوبەشییەك لە هاوسۆزبوون و ئینتیمابوون بۆ یەکدی دەخولقێنێت لە گریاندا. گریانی بەکۆ هەموو بەشدارن لە ڕەتکردنەوەی ناهاوسەنگی و نادادپەروەری و نایەکسانییەکان، بەڵام لە کۆتایی هەموو شتێکدا ئەوە شاعیرە کە دەگرێی ئەوە شاعیرە سۆز و هەڵوێست و بە مرۆبوون لە گریانەوە دێنێتەوە ناخی مرۆڤەکان.

بەلایەنی کۆی گشتیی وشەکانی گریان و هاوشێوە و هاودەلالەتەکانی گریان ژمارە «٧٥» لە ٦٠٪ی سەرجەمی وشەکانی گریان لە شیعرەکانی شاعیردا پێك دێنی. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی ناگزوور و نەگونجاو و نالەبار و نادادپەروەرانە هەیە کە تاکەکانی لە شاعیرەوە بەرەو گریان دەباو کۆمەڵگە بەبێ ئیرادە و دەسەڵاتی خۆی بەرەو ئەوی نەگونجان و نالەبارییانە دەبا، چونکە کۆمەڵگەی کورد هیچ نەبێ بەلایەنی شاعیر و سەردەمەکەیەوە گەورەترین زوڵم و زۆرداری و ستەمی لەسەر بووە، کاتێك تاك ئەوەی دەیەوێ و ئارەزووی لێیەتی بیهێنێتە دی.

لە دەسەڵاتی خۆی دەردەچێ ئەوسا گریان دەبێتە گەورەترین کاردانەوە لە ژیان و لەسەر بیرکردنەوەی شاعیر کە منداڵێکی بێکەس دەبینێ دەگریێ کە هاوڕێیەکی سروشت دەیباتەوە دەگریێ، کە کورد بەر جوێن و تێهەڵدان و زوڵم و کوشتن دەبێتەوە دەگریێ کەبیر لە ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکاتەوە دەگریێ، ئەو دەگریێ بۆ هەموو لەنگی و نایەکسانییەکانی ژیان بۆ بەفیڕۆچوونی ژیانی کامەرانیی خۆی. کەواتە ئەوە شاعیرە کە تووشی حاڵەتێك لە دەروون و بیرکردنەوەی برینداراوی بووە کە بە درێژایی ژیان ئەو بیرە بریندارە بە ناچاری دەگریێ و لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو بیرە شێوازی تر لە گریان دەگرێتە خۆی.

پاش ئەوەی کە دەبێتە مرۆڤێك گریان دەچێتە نێو کەسایەتی و بیرکردنەوەی، چونکە گریان بەپێی بارە کۆمەڵایەتی و تراژیدییەکان بەرجەستەبوونی کەسایەتییەك، کە دەگرێی، دەرککردنە بەبێ دەسەڵاتی لە ئاست هەندێك کارەسات و ڕووداو.

ئەو مرۆڤەی لە هەموو مافێکی بوونایەتی و سروشتی و سیاسیی خۆی دوور

دەخرێتەوە، ئەو سات کە ئاور لە شوێنی خۆی دەداتەوە گریان دێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا و بەڵکو لە گریانەوە هیوایەك بێتە دەروونەوە هەر چەندە دووریش بێ هەرچەندە خەیاڵیش بێ.

گریان پاش ڕووداو و کارەسات و بیرکردنەوە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لە حاڵەتە داسەپاوەکاندا، بەڵام هەروەك بڵێی هێزی بیرکردنەوە و بڕیاردانە وەکو ئەوەی چیتر بیرکردنەوەی شاعیر بەبێ گریمان شوێنی خۆی ناگرێ. چونکە ماناکانی زۆرداری و زوڵم لێکردن و دەستدرێژیکردنە سەر مانایەکن لەو دەروونانەی تەنیا زمان شك دەبەن لە گریانەوە بەرەو جووڵەیەکی ناخەکیی دەبەن کە بە دووی کردەوە و کاردانەوەی دەبەن کە داوا لە دەستەکان دەکا بجووڵێنەوە داوا لە زمان دەکا بێتە گۆر. ئەو زمان و دەستانەی لە ژێر داسەپاندن و کۆنترۆڵکردندا مەییون، ئەوانە نازانن چۆن بێنە گۆ. بۆیە گریان ئەو زمانەیە کە ڕوونبینییەك لە سۆز و هەڵوێستوەرگرتن دەردەخەن.

شاعیر لە حاڵەتی گریاندا سروشت و ئەوانی تر دەبینێ لە وێنەی خۆبینین و بینینی ئەوانی تریشدا دیمەنی گریان دەبینێ. ئەمە لای ئەو حاڵەتێکی دەروونیی چەسپاوە کە لە گریانەوە بەرەو بیرکردنەوە و کاردانەوە دەچێ.

لەگەڵ زۆریی ڕێژەی ئەو حاڵەتە گریانانەی کە لە کەسانی تر دەوروبەریدا دەیبینێ، شاعیر گریان بە بەشێك لە ژیانی سۆزداری و هاوسۆزی خۆی دادەنێ، بەشێوەیەك هەست بە مرۆڤێك دەکەین کە لە هەستەکانی زۆر ناسکە، ڕووداوەکان دەیهەژێنن و بەرەو گریانی دەبەن.

**گریانی نەخواستراو (ڕەت کراوە)**

کاردانەوەی دووەمی شاعیر بەرامبەر بە چەمکی گریان، ئاوێتەبوونی گریانە لەگەڵ ساتەکانی لابردنی خەم و ئازار و کارەسات. گریان لێرەدا، هاودژی پێکەنین و خۆشی و کامەرانییە، چونکە لەم کاردانەوەیەدا شاعیر گریان بەهاو وێنەی تراژیدیاو نەهامەتی و ماڵوێرانی دادەنێ لەو کاتەی لە گریانی داسەپاودا ئەو چەمکە ئەگەرچی بارێکی ناچاری و نەخواستراوی پێوە دیارە، بەڵام لە هەمان کاتدا مۆرك لە هۆگربوونەوە و هێوربوونەوە و ڕاهاتنی تیادایە لەگەڵ ناخۆشیدا مۆرکی ئەو مانایەی کە نزیکترین کاردانەوە لەلای شاعیر لە بارێکی ئاسایی و نائاساییدا، بەبیرهاتنەوەی کۆنە ئازارەکانە. بەڵام گریانی ڕەتکراوە دەرککردنە بەو گریانەی کە نەهامەتی و کارەسات و ژیانی پڕ لە ئازار بۆ تاك دێنێ و یەکێکە لەو ئامانجانەی کە زەمان و دوژمنان و بەختێکی ڕەش بۆ مرۆڤی کوردی دێنن پێمان چاکە لە شێوەی خشتەیەك ڕوونی کەینەوە.

خشتەی ژمارە «٣»

| | بەیتە شیعرییەکانی گریان | ئاماژە و گریان | هۆی ڕەتکردنەوەی |
|---|---|---|---|
| ١ | قا قای بەسۆز و پیرۆزی دایکان نەك شین و شەپۆڕ گریە و لە خۆدان | پێکەنین گریان | کامەرانی |
| ٢ | ئەی پایز بەسە، هەڕەشە و ناڵە ئەم ژینەی ئەمڕۆ وا ترش و تاڵە | ناڵە | ڕەتکردنەوەی گریان، چونکە ژین خۆی گریانە |
| ٣ | فرمێسکی ئاڵت بسڕەوە کاتی تێکۆشانە و زەردە | سڕینەوەی فرمێسك ئاڵ | ڕەت کردنەوەی گریان کاتی تێکۆشان |
| ٤ | نموونەی جوانین گەش و جوان بۆ سیس بن کزبن، بەگریان | گریان | جوانی و گەش دژی گریانە |
| ٥ | من تۆم خۆش ئەوێ، ئەی پەری بەڵام ئاخ ژنی جوان مەگری | مەگری | خۆشەویستی لەگەڵ گریان نەگونجاوە |
| ٦ | ئەی گوڵی باخی بێگانە ئەم ئاخ و گریانە | ئاخ و گریان | جوان وەك گوڵ نەگونجاوە لەگەڵ گریان |
| ٧ | نامەوێ لەمەو دوا هەرگیز بگریم وەك هەورەکەی پایز | بگریم | گریانی پایز بێ ژیانە بۆیە ڕەتی دەکاتەوە |
| ٨ | گوڵی دڵداریم هەڵوەری کە دیم نازەنینم ئەگری | ئەگری | گریان وەکو مردنی دڵدارییە |
| ٩ | گوڵی هیوام کاتێ وەری لە جیاتی ئەوەی بۆی بگری | بۆی بگری | نەمانی هیوا گریانی ناوێ |
| ١٠ | نە ئازارە نەفرمێسکی دڵ و چاو نەسوێی برین نەهەڵرشتنی زووخاو | فرمێسکی دڵ | گریان هاودەلالەتی ئازار و برین و زووخاوە |
| ١١ | لە دەربەندەکەی بازیان کە دوژمنی کورد ئەگریان | ئەگریان | گریان بۆ دوژمنانە نەك بۆ ئێمە |
| ١٢ | ئەی لاوانی کڵپەی ژیان لە جیاتی خەفەت و گریان | گریان | لاوان گریان ڕەت دەکەنەوە |
| ١٣ | بۆ ئەوانەی جەرگیان برین، دێڕی شینیان بۆ ئەنووسین | دێڕی شین | دوژمن دەبێ شین بگێڕێ |
| ١٤ | وەك نەیەڵێ بچن بۆ شار بیکەن بەقریشەکەو هاوار | قریشکە و هاوار | قریشکەو هاوار ڕەت کراوەتەوە |
| ١٥ | دڵی تەنگ بووم بۆ کۆمەڵێ گیان کە بەشیان خەفەتە و گریان | خەفەت و گریان | گریان ڕەتکراوەتەوە ئاماژەی مردنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | قەدەغە بوو هاتن گریان<br>کێ گریابوو ناوی نووسرا | گریان گریابوو | گریان قەدەغەکراوە |
| ١٧ | دایە گیان مەگری وەك جاران ئیتر<br>نامبەنەوە زیندان | کاسەی گریان | گریان ڕەتکراوەتەوەهاودەسەڵاتی<br>سەرگەردانییە |
| ١٨ | دانیشە سەرگەردانانە کۆشتان وەك<br>کاسەی گریان | گریان و هەنسك | هەڵبەست گریانی لێ ڕەت<br>دەکرێتەوە |
| ١٩ | هەڵبەستێك بێ تەڕو ناسك دوور بێ لە<br>گریان هەنسك | گریان و هەنسك | هەڵبەست گریانی لێ ڕەت<br>دەکرێتەوە |
| ٢٠ | هاوڕێیان بۆم مەگرین بڵێن هەربژی<br>نەبەزین | مەگری | نەبەزین گریانی لێ ڕەت<br>کراوەتەوە |
| ٢١ | بۆیە دڵم قەت مل نانێ بۆ گریان پێ<br>ئەکەنێ بە جۆش و کوڵ بە گەرمی | گریان | گریان هاودژی پێکەنینە و<br>ڕەت کراوەتەوە |
| ٢٢ | بنووسە دێری پڕ تام و لەزەت دووربێ لە<br>گریان هەنسك و خەفەت | گریان و هەنسك | شیعر گریانی تێدا ڕەت<br>کراوەتەوە |

هەروەك دەبینین لە هەموو ئەم بەیتانەی کە ژمارەیان «٢٢» ڕستەیە، وشەی گریان ڕەت کراوەتەوە و نەویستراوە. لە هەموو دەلالەتەکاندا هاودژی خۆشی ، کامەرانی ، نەبەزین ، تێکۆشانە و نەخواستراوە .باروودۆخێکی تراژیدی ئاوەژوو کراوەتەوە، خواستراوە. شاعیر ئارەزووی لە بینینی گریانە لە لای هەموو ئەو مرۆڤانەی خۆشیانی دەوێ، لە هەموو ئەو دیاردە سروشتییانەی کە ئاماژە و نیشانەی توندوتیژی هەڵدەگرن. ئەو دەیەوێ گریان لە دەرەوەی هەموو بوونەوەر وشتەکاندا ببینێ لەو کاتەی ئەو وا هەست دەکا گریان هەموو ژیانی مرۆڤی کوردی تەنیوەتەوە و لەمەش دوورتر دەڕوا کاتێك هیوای بە گریان هاتن بۆ بەرامبەرە زۆردارەکانی دەخوازێ.

کەواتە گریمان نەخواستراو هاوبەندیی دەروونی و عەقڵیی نەویستراوە، لە هەموو مرۆڤ و شتەکان، چونکە گریانی داسەپاو ئەوەی نیشانمان دا کە هەمیشە دڵێك چوێنراوی نەهامەتی و زۆرداریيە، گریانی نەویستراو، نەخواستراو ڕەت کراوە لە لای شاعیر، ئەو گریانەیە کە چیتر شوێنی لە جوگرافیایەکی دەروونی و ئەتنیی دیاریکراودا نابێتەوەو ڕەت دەکرێتەوە.

بە ئاگا هاتنەوەیەك لەوەی کە بۆچی گریان دەبێ هەمیشە ئامادە بێ تاکو ببێتە شایەتییەك لەسەر کوشتن و لەناوبردن و زیندانی کردنمان، تاکو ببێتە دەستبەردانێك و ڕاهاتن بەوەی گریان بووەتە مانایەکی داسەپاو لە ژیانمان، کەواتە لەم بۆچوونانەوە

چۆن لە گریانی نەخواستراو و دەلالەتە شاراوەکانی بگەین. گریانی نەخواستراو ڕەتکردنەوەی گریانە وەکو بۆ بەزین و ملکەچکردن و کارەساتی داسەپێنراو، لەو کاتەی گریان وەکو دان پێدانانێك لەلای شاعیردا دەکەوێتە بەرچاو لەو زۆرداریيانەی دەکرێنە سەر مرۆڤی کورد و دەبێ چارەنووسی ئەو مرۆڤەش هەر ئەوەبێ کە بە گریان بەو واقیعە ڕازی بێ و کاردانەوەش بە گریان کۆتایی بێت، ئەو ئەم گریانە تراژیدی و ڕەش بینییە ڕەت دەکاتەوە بۆ دوژمنانی کوردی دەخوازێ.

گریانی نەخواستراو لە هەمان کاتدا خواستراوێکە بۆ زۆرداران، ئەو وێنەیەی گریان کە زۆر دەبینێ ئەم کاردانەوەیەش پەیوەندیی بە بینینی واقیعێکی دیيەوە هەیە کە خەوی پێوە دەبینێ گریانی زۆردار ئەو تۆڵەسەندنەوەیەیە، یا ئەو ئاماژەیەیە بۆ بینینی شکست و لەناو چوونی زۆردار.

گریانی نەخواستراو و ڕەتکراوە، هیواو خەونێکە بۆ ئەو ساتە پڕ لە خۆشی و حەسانەوە دەروونییانەی کە شاعیر ئازاد دەکەن لە ڕاهاتن و خووپێوەگرتنێکی دەروونی کە چاوەکانی لەنێو فرمێسکدا نوقم دەکەن و وای لێ دەکەن ئەو قەتاو قەت دەرفەت و ساتێك شك نەبات کە تێیدا پڕ بە دڵ بزەو پێکەنین و کامەرانی بەری ڕووچاوەکانی گەش بێتەوە، ڕەتکردنەوەی لەم جۆرە کاردانەوەیە جۆرێك لە بێ هیوابوونی قووڵیش هەڵدەگرێ. چونکە ڕەتکردنەوەی گریان لەلایەکەوە هیوا خواستنە لەلایەکی تریشەوە بارێکی کاتی و بەسەرچووە کە لە پاش وێنە تراژیدییەکانی گریان دووبارە دەبنەوە، بەڵام چێژ وەرگرتن و نەگریان و ڕەتکردنەوەی چێژی خۆبینینەوە وەکو مرۆڤێکی خاوەن بڕیار و کاردانەوەدار.

لە بەشێکی تری دەلالەتەکاندا، گریان و ڕەتکردنەوەی لەلایەن زۆردارانەوە، وەکو هەوڵێکە بۆ نەبینینی ئەو زۆرداریيانە و کاریگەرییەکانی لەسەر زوڵم لێکراو و زۆردار، کاتێك چێژ لە ئازاری زوڵم لێکراو دەبینێ، کاتێك بەسەر ئەو هەستەیدا زاڵ دەبێ، ئازاری زوڵم چێژ بەشێك نەبێ لە ئازاری دەروونیی خۆی. ئەوانەی دەستیان بە خوێنی زوڵم لێکراو سوور دەبێ، دەبنە خاوەن دەروونێکی سادی و چێژ وەرگر لە هونەری کوشتن و ئازار و سزادانی زوڵم لێکراو. شاعیر ئەو وێنەیەی زۆردارمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە زۆردار نایەوێ ئەو وێنەیە ببینێ، چونکە ئەو وێنەیە ئازاری دەروونیی لە لادا پەیدا دەکا.

گریان لەناوبردنی وێنەیەکی خواستراوە، ئەو وێنەیەی لە پشتەوەی پێکەنین و بزەی سەر لێوانەوە ژیانێکی بێ گرفت و کامەرانی دەدۆزینەوە، وەکو ئەوەی گریان ئەو سیما بۆشە بێ کە هێمایەك بێ بۆ نەهامەتی و خەمەکانی ژیان، شاعیر لە ناخەوە گریان ڕەت دەکاتەوە، بە هیوایە کە ئەو وێنەیە بەسەر سیمایاندا تێپەر نەبێ.

## گریانی خواستراو (ویستراو)

ئاخۆ گریان لە ڕووە دەروونییەکەوەی چێژێکی تێدایە؟ ئاخۆ گریان کەی دەبێتە حەسانەوەیەکی جەستەیی و عەقڵی؟ گریان یاخیبوونە یاخود خۆدانەوە دەست ، ناچار بوونە؟

گریان والآبوونێکی دەروونی و عەقڵیی نیمچە خۆکوژییە لەلای شاعیر کە ئیتر لەو دیوی گریانەوە شتێك بۆ مرۆڤ نامێنێتەوە لە تاریکترین ساتەکاندا خوی پێوە بگرێ، چێژ وەرگرتنیشە لە ڕاهاتن لەگەڵ ئازاردا، گریانی نەویستراو و ڕەتکراوە، گریانی نەخواستراوە، دوو حاڵەتی بە ئاگا هێنانەوەمانن لەوەی کە دەروون و عەقڵ دەرفەتێکیان لەبەردەمە خۆیان لە دەستی ڕابپسکێنن، بەلآم گریانی خواستراو گریانێکی قەدەری و نەگۆڕدراوە، ختووکەی دەروون و عەقڵ دەدا کە پاش گریانی یەکەم ئیتر گریانەکانی تر لەنێو ئازاردا بە دووی خەندەیەك دەگەڕێ لەنێو فرمێسکی شۆڕەوە بووی سەر ڕوومەتەکان بزەیەك دەیگرێ.

کەواتە گریانی خواستراو لەو کاتەی خۆدانەوە دەست و دەستبەرداری بوونە لە هەموو کاردانەوەیەك هەروەها دەبێتە جێگرەوەیەك بۆ خودی کاردانەوە بەو مانایەی شاعیر بۆیە دەگری تاکو هێدی هێدی لە نێو گریاندا بە دووی بزەیەك بگەڕێ، بەڵکو لەنێو گریان و قوڵپ دان و هەنسکداندا، خەندەیەك لە دایك بێ، بەڵکو لەنێو خۆدانەوە دەست و گریان لە خۆدانەوە دەستدا و لە کەوتندا، تروسکاییەك لە خۆشی لە ئەنجامی بەتاڵبوونەوەیەکی ناخ لە ئازارەکاندا لە دایك بێ.

ڕەهەند و بەهاکانی گریانی خواستراو، قووڵ و فرەمانان و لەم بەشەدایە کە شاعیر لە فیکردا قووڵ دەبێتەوە، بەلآم لەیەك ڕووبەری چێژ وەرگرتن لە ئازاردا، چونکە تاقە ڕێگەیەکە بۆ خاڵی بوونەوە لە ئازار و پەشیمانی و داخەکان . شاعیر لە هەر شەش دیوانیدا بە دەیان وشەی گریان لە بارە خواستراوەکەیدا بەکار دەهێنێ.

کەواتە با لە خشتەیەکدا ئەو بەیتانە دیاری کەین کە تیایاندا گریان جۆرێك لە هۆگری و چێژ و هیوایان لەخۆگرتووە، ئەو گریانەی چاو و دڵ و هۆش و سۆزی و خۆشەویستی بانگی دەکەن و بەرەو جەستەی دەبەن و بنەچەو هۆکاری ئەو چێژەش بخەینە ڕوو کەلەو گریانەوە لەدایك دەبی.

وەکو ئەوەی شاعیر بێ ئەو گریانە جەستەیی نییەو بێ گیانە.

| | بەیتی گریانی خواستراو (خوازراو) | ئامازە و گریان | بنەچەو هۆکار |
|---|---|---|---|
| ١ | بەو ماڵەجوانەی تامەلابانگدان بۆ عەتری رووی گوڵ ئەیکا بە گریان | نەیکا بە گریان | تامەزرۆیی |
| ٢ | هەمیسان تاسە رژایە دەروون دوو دڵۆپ ئەشکم وەك قەترەی ئاڵتوون | دڵۆپی ئەشك | تاسەو بەسۆز هاتن |
| ٣ | وتی ئەی یاری نازداری گیانم تووبی ئەم دڵەو خورپەو گریانم | خورپەو گریانم | گریان هاو دەلالەتی دڵ و خورپە |
| ٤ | نامەکەت گەیشت تەڕو بڕ بە هەناسەی گەرمی وەك گڕ | تەڕو بڕ هەناسەی گەرم | سۆزداری تاسە |
| ٥ | وشکم کردەوە ئەی دڵدار خوێنمەوە هەنسك و جەفار | وشککردنەوەی فرمێسکی سەر نامەرهەنسك | بەسۆز هاتن |
| ٦ | دیسان گریام نەختێ بەکوڵ ڕام چەنانەوە پەڕی دڵ | گریان بەکوڵ | چێژ لە خۆ و رۆژاندن |
| ٧ | دامە تاوی هەنسك بەگوڕ ئەگریام وەك مناڵ بەخوڕ | هەنسك بەگوڕ گریان بەخوڕ | بەسۆز هاتن |
| ٨ | تێر تێر گریام لەسەر تەرمی شینێکم گێڕا بە گەرمی | تێر گریام شینێکم گێڕا | چێژ لە تاسەو سۆزی یادگاری |
| ٩ | ئۆخەی کە دڵم تێر گریا بە کوڵ بە جۆش بە ئاشکرا | دڵ تێر گریا بە کوڵ بە جۆش | گریان و حەسانەوەی دەروونی |
| ١٠ | ئەی فرمێسکی دڵی بێ هۆش بۆم گێڕە گریانی خۆش | گێڕانی گریانی خۆش | گریان وەك چێژ و خۆشی |
| ١١ | سادەی هەروەکەی ژیان بارانێ ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ خەندەو گریانێ | هەوری ژیان بارانێ گریان وەکو خەندە | گریان لابردنی نائومێد |
| ١٢ | چی بکەم لەگەڵ زێڕی گلاوتۆی فڕان بۆ کۆشکی سامان ناتگاتێ نەئاخ نەگریان | ئاخ و گریان | ئاخ و گریان ئامازەی خۆشەویستین |
| ١٣ | بابرێژێت فرمێسکی زۆر وەك نمی ئاورنگی بەر خۆر | فرمێسکی زۆر | گریان وەکو رووناکی و ژیان |
| ١٤ | بابرێژین تك تك لە گیانا خوای دڵداری بێتە گریان | تك تك لە گیانا گریانی خوای دڵداری | هیوا خواستن بەسۆزی خودایی |
| ١٥ | زەردەخەنەکەت بێگومان ئەرژێتە ناو خورەی گریان | خورەی گریان | خەندە وەکو هاوبەهای دەروونی گریان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | ئەتویێتەوە ناو ئەشکی  سوور نامبینێت مەگەر هەر لە دوور | ئەشکی سوور | گریان سۆزو تاسەیە |
| ١٧ | وێنەی بەهێزی جێماوە لە کاروان لە خاڵە خاڵی ئەرژێت شەپۆلی گریان | شەپۆلی گریان | بەسۆز هاتن |
| ١٨ | کارەکەری جوان وەکو گوڵ بەدەم گریانەوە بە کوڵ | دەم بە گریان بە کوڵ | گریان سۆزداری |
| ١٩ | ئەی کۆرپەی باوك تاوانبار لە ئێستەوە بگری بەزار | بگری بەزار | گریان بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی و ئازار |
| ٢٠ | ئەی فرمێسکی لێڵ بەرزە لە عەرزەت باران و تەرزە | فرمێسکی لێڵ | حەسرەت و تاسە |
| ٢١ | ئەمجارە دڵۆپی ئەسرین ئەکەوێتە هەڵبەست چنین | دڵۆپی ئەسرین | گریان وەکو ئیلهامی شیعری |
| ٢٢ | بۆ کۆچی تۆ هاتووەتە کوڵ باخی ئەشکی کوردستان | باخی ئەشك هاتنەکوڵ | تامەزرۆیی حەسرەت |
| ٢٣ | لە سۆزی ئەم گریانەدا ئەڵێم و هەرووتوومە هەر | سۆزی گریان | گریان هاودەلالەتی بەسۆز هاتن |
| ٢٤ | لەبەر فرمێسکی لێڵ و خوڕ خامەکەم هەرچەندە هاتە گوڕ | فرمێسکی لێڵ و خوڕ | گریان وەکو نووسینی شیعر وەکو هۆکار |
| ٢٥ | ئەی باڵندەی شیعری غەمگین بابێکەوە بیکەین بەشین | بیکەین بەشین | شیعرو گریان، هاودەلالەتی |
| ٢٦ | گریانێك بگرین گەرم و گوڕ ئەسرین بڕێژین گەرم و گوڕ | گریان گەرم و گوڕ ئەسرین ڕشتن | چێژ لە گریان |
| ٢٧ | وەرە ناو هێلانەی دڵم گوێ بگرە لە گریەی بە کوڵم | گریەی بە کوڵ | چێژ لە گریان |
| ٢٨ | ئەی باڵندەی ئاوازی هەست بابگری دڵی مات و پەست | بگری | گریان ڕەوانەوەی خەمی دڵ |
| ٢٩ | دڵۆپ دڵۆپ لەسەر ڕووی ژین ئەنووسین شیعر و دێری شین | دێری شین | گریان بۆ ژیان |
| ٣٠ | ئەی کە خونچەی ناسك وەری خەڵکینە توخوا کێ بگری | کێ بگری | داوەت بۆ گریان |
| ٣١ | بگری بەسۆز بە کوڵ بەزار بۆ کۆچی کاملی ئازیز | گریان بە کوڵ بەزار | گریان وەکو تاسەو تامەزرۆیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٢ | ئەگرین گوڵاڵەش و پایز | ئەگرین | گریان وەك چێژ |
| ٣٣ | شیوەن تیژکەن بۆ گەورەو ورد کامل وێنەی شیرینی ڕووت | شیوەن تیژکەن | گریان بۆ سۆزی مرۆڤ |
| ٣٤ | لەخۆدان هی سنگی ناسك دەنگدانەوەی گریە و هەست | لەخۆدان دەنگدانەوەی گریەو هەست | گریان خۆ بەتاڵ کردنەوە |
| ٣٥ | بە کچی خنکاوی شیرین بەو دلانەی بۆتان ئەگرین | بۆتان ئەگرین گریانی دڵ | بەسۆز هاتن |
| ٣٦ | لە بیرمانن ئەی کاکە گیان هەر فرمێسك ئەڕێژین بۆتان | ڕشتنی فرمێسك | ڕەواندنەوەی یادگاری و ئازار لە گریان |
| ٣٧ | بەگریانەوە وەك، ساوا ئەڵێ ئەی شۆخە سوار توخوا | بەگریانی ساوایانە | گریان بۆ هێنانە سۆز |
| ٣٨ | بەسەر بەستێوە بنێژین نە ئەبوو ئەشکیش برێژین | ڕشتنی ئەشك | ڕێگەگرتن لە چێژی گریان |
| ٣٩ | فرمێسکم کرد بە ملوانکەت پەڕەی دڵیشم بەلانکەت | فرمێسك | جوانی و چێژی جوانی لە گریان |
| ٤٠ | دەمێ ئەگری وەکو مناڵ ئەبێ بە پەپوولەی خەیاڵ | ئەگری | گریان و بێگەردی و خاوێنی |
| ٤١ | ئەی هاوڕێیانی تێکۆشان خەفەت و قوتیلەو گریان | گریان | گریان وەکو تامەزرۆیی و حەسرەت |
| ٤٢ | دڵ ئەگریاو پێئەکەنی سەد دڵ ئەیوت ئا لەم بەژنی | گریان | هاودەلالەتی پێکەنین |
| ٤٣ | لەرزینی دلۆپی ئەسرین لەسەر خونچەی کوڵمی شیرین | دلۆپی ئەسرین | گریان و جوانییەکان |
| ٤٤ | وەسفی بە هەنسکی شمشاڵ ئەپژایە دەشت دەوەن و قەدپاڵ | هەنسکی شمشاڵ | دەنگی گریان هاودەلالەتە لەگەڵ دەنگی مۆسیقا |
| ٤٥ | ڕژا بەسەر لێوی وشکم ناو دلۆپی گەرمی ئەشکم | دلۆپی گەرمی ئەشکم | فرمێسکی تاسەو حەسرەت |
| ٤٦ | کاتێ کە قۆڵی شل ئەجووڵێنێ نم نم فرمێسکی تاسەم ئەڕێژم | فرمێسکی تاسەم ئەڕێژم | گریان وەکو تاسە |
| ٤٧ | دوای هەناسەیەك بێ دەنگ بوون ئەسرین زایە ناو چاوی ڕوون | زاینی ئەسرین | گریان و بەسۆزبوون |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨ | دوو دڵۆپی لێڵ لە ئەسرین لەسەر گۆنای سوور ئەلەرزین | دڵۆپی لێڵی ئەسرین | گریان و جوانی |
| ٤٩ | سنگ قژی ئەگرتە باوەش وەك بگری بۆ دڵی بێ بەش | گریان بۆ دڵی بێ بەش | گریان وەکو حەسرەت |
| ٥٠ | چاوت کە فرمێسکی تێزا تیشکی ڕووتی تیا شکایەوە | تێزانی فرمێسك | گریان و جوانی |
| ٥١ | وەك دڵۆپی بارانی خەم بۆ ناو دەریای چاوت تکام | دەریای چاو | گریان نزیك بوونەوە لە خۆشەویستی |
| ٥٢ | نزیك برژانگ ئەی چاوەکەم لە ناو شەپۆلا ئەگریام | گریان لە ناو شەپۆل | گریان و بەسۆزهاتن |
| ٥٣ | وتم من نەمدیوە هەرگیز کارم واتێکا گریان | گریان | گریان و کارتێکردن |
| ٥٤ | ئەم جوانە هەر وەکو پەری لەگەڵ دڵی منا ئەگری | ئەگری وەکو دڵ | هاوسۆزی بوون |
| ٥٥ | چونکە گەردەلوولی ژیان ئەیبا بەرەو دەشتی گریان | دەشتی گریان | گریان و شوێن |
| ٥٦ | ئەگریا وەك فریشتە ئەیوت بۆچی ئەم بەهەشتە | گریان وەك فریشتە | گریان و بەرائەت |
| ٥٧ | باخی شیعرم شپرزەی خوێن و ئەشکە کانی بەهرەم وەکو گەرووی خۆم وشکە | شپرزەی خوێن و ئەشك | گریان وەکو باخی شیعر |
| ٥٨ | ئەو خۆشییەم وەك خەوێ بێ لە ئەشکی چاوا توایەوە | خەو وەك ئەشك | توانەوەی خۆشی لە ئەشکا |
| ٥٩ | زەردەخەنە لە ئەسرینا وەکو گۆیەکی زێڕ توایەوە | زەردەخەنە لە ئەسرینا | زەردەخەنەی نێو گریان |
| ٦٠ | خەندە لە قوڵپی گریانا خنکاو یەکسەر بڕایەوە | خەندە لە گریان قوڵپی گریان | خەندە لە گریان بڕایەوە |
| ٦١ | تا نمی ئەشکی دڵت نەڕێژی تامی خونچەی دەم هەرگیز ناچێژی | ڕژتنی ئەشکی دڵ | گریان بۆ گەیشتن بە چێژ |
| ٦٢ | هەوری غەمگین تا دانەڕێژێ بارانێ هەمووی خوێن و ئەسرین | بارانی خوێن و ئەسرین | گریان هاودەلالەتی باران |
| ٦٣ | ڕەنگە دڵداری نرخی هەرزان بێ بزەی گەرم و گوڕ نەختێ گریان بێ | نەختێ گریان | بزە. هاودەلالەتی گریان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٤ | مۆم و پەروانەش من فێرم کردن ئەسرین ڕشتن و گڕ لە خۆبەردان | ئەسرین ڕشتن | چێژ لە گریان |
| ٦٥ | ئەسرینی هەژار ناکەم بە یاقووت، یا سۆزی گریان مۆسیقام نابێ | سۆزی گریان | سۆزی گریان هاوبەهای مۆسیقا |
| ٦٦ | لوول ئەخوا لەناو دەمی برینا گریەم دێتە گوێ لە نەغمەی بینا | گریە | گریان وێك چوێنراوی نەغمە |
| ٦٧ | نامەی زەردی کە پێم گەیشت مشتێ ئەسرینی خەمی ڕشت | ئەسرینی خەم | گریان و سۆزداری |
| ٦٨ | نامە سەرچاووسەر ڕوومەت پیامارشت ئەسرین و تاسەم | ئەسرین تاسە | گریان وێك چوێنراوی خۆشەویستی |
| ٦٩ | دەستی داوەتە سەر ئەژنۆ ئەڵێ من هەر ئەگریم بۆ تۆ | هەر ئەگریم | گریان بۆ خۆشەویستی |
| ٧٠ | چاوی خۆزگەی نمی ئەسرین نەڕشتوم دڵی تاسەی تامی خەفەت نەچەشتوم | نمی ئەسرین | گریان وێك چوێنراوی خۆزگە |
| ٧١ | من کە بە فرمێسکی هۆنراوە ئەگریم ڕۆژێ نەمدیوە بۆم میهرەبان بێ | گریان بە فرمێسکی هۆنراوە | هۆنراوە وێك چوێنراوی گریان |
| ٧٢ | گریا ئەو شۆخەی گریانێ تەزووی ئەڕشتە ناخی گیان | گریان گریانێ | گریان وروژێنەری سۆز |
| ٧٣ | ئەی دڵ هەتا ماوە بگری | بگری | سۆز بۆ گریان |

هەروەك دەبینین گریان لە نێو سۆز و هەست ودابڕان و خەندە و کامەرانی و چێژ و بیرکردنەوە هەست و هوشیاری و جوانی و هەموو ژیان و بوونی شاعیردا ئامادەیە، شاعیر هەموو ساتە جیاوازەکانی ژیانی هەموو وێستگە خۆش و ناخۆشییەکانی هەموو پەیوەستی گریان کردووە. بە جۆرێك گریان بەشێکی شاراوە و زمانێکی شاراوەی شاعیرە لە ژیاندا گریان لای ئەو بەشێکی پێداویستی دەروونی و زەینییە لەم بەشەی گریاندا شاعیر بە تەواوەتی لەگەڵ گریاندا ڕۆ دەچێ بە تەواوەتی چێژو خۆشی لە گریان دەبینێ. چونکە گریان لێردا خوڵقێنەری شیعر و سۆز و خۆشەویستییە بەرهەمهێنی ساتە پڕ لە جۆشەکانە هەر بۆیە بە هەموو جەستەو بوونییەوە لەگەڵ گریاندا ڕۆ دەچێ، لەگەڵ گریاندا خۆشەویستی دەکا لە نێو بزە و خەندە و جۆش سەندندا دەگرێی، ئاخۆ چی لە پشتەوەی ئەم جۆرە گریانەوەیە.

گریان هێزی وورووژاندنی ناخە لەلای شاعیر ساتە کامەرانەکان ساتە خەمبارەکان، بەبێ گریان و فرمێسك مانایان نییە لە لای شاعیر بۆیە گریان وێکچوێنراوی هەموو ژیانی شاعیرە.

شاعیر ڕەهەندێکی ڕەوشتی بە گریان دەبەخشێ ئەوانەی دەگرین ڕاستگۆن لە ژیانیان بە ڕاستەقینە سۆز دەیانگرێ، لە ڕوون و مرۆڤی سادە و دڵسۆزن.

گریانی خوازراو شوێن بە هەموو هەستەکانی تری شاعیر چۆڵ دەکا، بەڕادەیەك گریان دەکەوێتە سەرەوەی کەسایەتییەك کە سۆزدار و هەستیارە، بەرامبەر بە هەموو بوونێك کە لە خۆشەویستی و هاوسۆزی بوون نزیك بێ.

شاعیر لە هەر پێنج دیوانیدا بەرجەستەترین کاردانەوەی بەرامبەر بە هەموو دیاردە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان دەربڕین لەخۆ کردن دەکاتە زمانی گریان، گریمان لەلایەکەوە زمانی ناهوشیاریی شاعیرەو لەلایەکی تریشەوە خۆ واڵاکردنی شاعیرە.

گریان لەلای شاعیر لەم بەشەدا گریانێکە تێکەڵ بە جوانییەکان دەبێ، دەرکەوتن و ئاوا بوونی جوانییەکان، نەمان و ژیانەوەی جوانییەکان.

**گریان و داهێنانی زمانەوانی**

بەرجەستەترین مۆرکی زمانەوانی لە بەکارهێنانی وشەی گریان لەلای شاعیردا لە بینینی ڕووداودایە:

– گریان و وەسفەکەی، گریان ئاوەڵ واتا و گریان وپێشگرەکەی.

هاودەلالەت و هاوماناکانی گریان.

بەخشینی سیفەتی گریان بەشتە نائۆرگانییەکان.

**گریان و وەسفەکانی گریان**

ژمارەی ئەو وشانەی کە گریان وەکو تەنیا وشەیەکی تەجریدکراو بەکار هاتووە، زۆر کەم و دەگمەنن. شاعیر کۆمەڵێك وەسف و وشەی وێکچوێنراو و شێوازی زاراوەگەری لەگەڵ وشەی گریاندا بەکار دێنێ، ئەمەش دەلالەتێکە بۆ گرینگی و بایەخی ئەو وشەیە لە لای شاعیر. هەروەها ئاماژەیەکە بۆ قووڵبوونەوەی زمانەوانییانەی شاعیر لە وشەی گریان و ئەو سیفەتانەی کە بە گریانی دەبەخشێ.

مۆرکێکی جوانکاریی زمانەوانی پێ دەبەخشن، واتە بەرجەستەو بەیتەکان بەجۆرێك کە زۆر لە خەسڵەتی تێکشکاندنی مانا و لادانی زمانەوانی بە خۆوە دەگرن بۆ زیاتر

ئاشنا بوون و ورد بوونەوە لەم شێوازەی نووسینی شیعریدا، ئەو نموونانە دێنینەوە کە شاعیر لەگەڵ وشەی گریان و هاودەلالەتەکانیدا بەکاریانی هێناوە، هەروەکو (شین و شەپۆڕ، گریە و لەخۆدان ئاخو گریان، زایەڵەو شین، هەنسك وتاسە، قوڵپی گریان، هاوار و لاڵانەوە و گریان، کاسەی ئەسرین، ئەشکی سوور، هەمیشە لە گریان، قەترەی فرمێسك، گریانی بە کوڵ، ئەسرین تکا ئەسرینی کڵپە، مەتارەی پڕ ئەسرین، چنگی ئەسرین، سۆزی گریان، چاو ئەشکی تێزا، ئەشکی خوێنین، باخی ئەشك، فرمێسکی لێڵ، فرمێسکی ئاڵی خوێنین، گریەو هاوار، ئەسرین ئەتەقێ، پڕ لە گریان بگری بەزار، فرمێسکی قەتیس ماو، دڵۆپی ئەسرین، شەوێ مات و گریاناوی، گریانی زۆر، فرمێسك ئەڕژا، ئەگریا بەتاو، قەترەی ئاڵتوون، خورپەو گریان، هەنسك و جەخار، هەنسکی بەگوڕ، گریانی بەخوڕ، شین گێڕان تێر گریا، قوتیلە و گریان دڵۆپی ئەسرین، گریانی خۆش زەردەخەنە لە ئەسرین، نمی ئەشك، ئەشکی گەرم خەندە و گریان نم نم فرمێسك، فرمێسکی زۆر، ئەسرین ڕیشتن، زاینی ئەسرین خوڕەی گریان، ئەسرین هەزار، ئەسرینی لێڵ، شەپۆلی گریان، سۆزی گریان، فرمێسك تێزاین، ئەسرینی بەسۆز، مشتێ ئەسرین، شەپۆلی گریان، بگرین بەزار، ئەسرین و تاسە، دەشتێ گریان، شیوەن تیژکەن، خوێن و ئەشك گریە و هەست خەفەت و گریان، دێڕی شین، قریشکەو هاوار)

هەروەك دەبینین شاعیر پەنای بردووەتە بەر کۆمەڵێکی زۆر لە وەسف و کردار و پێشگر و ئامرازی جیاواز.

هەروەك بیەوێ گریان بە شێوەیەك نیشانمان دا کە ڕەهەندێکی زمانەوانیی جوان و دەوڵەمەندی هەبێ لە ڕاستیدا دوور لە هەموو هەڵسەنگاندنێکی ناوەڕۆك، شاعیر لە بەخشینی ئەو وەسف و کردار و پێشگرانە بۆ وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی زۆر لە زمان قووڵ بووەتەوە و بیری کردووەتەوە و هەروەك دەبینین لە کۆی هەموو بەیتەکانی گریاندا، شاعیر نزیکەی نیوەی ئەو وشانە بە شێوە داماڵراوە زمانەوانییەکانی ڕوویەکی جوانکاری و مەجازی و فیکرییان پێ ببەخشێ کە ئەم بەکارهێنانانەشی بوارێکی فراوانن بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی بەکارهێنانیان.

گرینگ لێرەدا شاعیر توانیویەتی لەیەك وشەی گریاندا بەدەیان وێنەی شیعریی جوان و ڕستەی پر مانا بەکار بخا.

### هاوده‌لاله‌ت و هاوماناكانی گریان

شاعیر له‌ پێناو ده‌ركردنی وشه‌ی گریان له‌ وه‌سفه‌ ڕووته‌كه‌ی خۆی، جگه‌ له‌به‌كار هێنانی شێوازی زاراوه‌گه‌ری وه‌سفی جیاواز، به‌ نێو زمانی كوردیدا گه‌ڕاوه‌ تاكو هه‌موو ئه‌و وشانه‌ دیاری بكا، كه‌ ده‌لاله‌ت له‌ گریان ده‌كه‌ن له‌ ڕاستیدا شاعیر وشه‌ گه‌لێكی زۆری له‌م بواره‌دا به‌كارهێناوه‌ كه‌ ئاماژه‌یه‌كن بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندیی زمان و گه‌ڕان به‌دوای زمانی شیعری هه‌روه‌ك وشه‌كانی (شین و شه‌پۆڕ، ناڵه‌، فرمێسك، شین، زایه‌ڵه‌، هه‌نسك، قوڵپ، هاوار، لاڵانه‌وه‌، ئه‌سرین، ئه‌شك، قه‌تره‌، دڵۆپی فرمێسك، به‌كوڵ، ڕۆڕۆ، سنگ كوتان، گریه‌و شین، ناڵه‌، شیوه‌ن، زریكه‌، قریشكه‌، زیره‌، زریكان، زریكوهۆڕ، هه‌نسك و جه‌خار، شینگێڕان، شیوه‌ن، ئه‌سرین).

هه‌روه‌ك ئاشكرایه‌ شاعیر به‌ دووی هه‌موو هاوده‌لاله‌ته‌كانی گریاندا گه‌ڕاوه‌، كه‌ ئه‌م گه‌ڕانه‌ له‌لای شاعیرانی سه‌رده‌می خۆیدا ده‌گمه‌نه‌. ئه‌م قووڵبوونه‌وه‌یه‌ له‌ هاوده‌لاله‌ته‌كانی گریان پێشینه‌و بنه‌چه‌یان بۆ باری ده‌روونی و زه‌ینی شاعیر ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ كه‌ گرنگترین ئه‌و بارانه‌ش ئازاری شاعیر له‌ ژیانی نه‌بوونی و هه‌ژاری له‌ كاره‌ساتی نه‌ته‌وه‌كه‌ی له‌ كاره‌ساتی سروشتی له‌ زوڵم و زۆرداریی سیاسی له‌ جیاوازیی چینایه‌تی و ئاكامه‌ خراپه‌كانی، شاعیر داهێنانی له‌ هه‌ڵبژاردن و گه‌ڕان به‌دوای هه‌موو هاوده‌لاله‌ته‌كانی گریماندا كردووه‌. ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه‌كه‌ بۆ قووڵبوونه‌وه‌ی شاعیر له‌و چه‌مك و وشانه‌ی ڕه‌نگ و فره‌مانای ده‌كه‌ن.

### به‌خشینی سیفه‌تی گریان به‌شته‌ نائۆرگانییه‌كان

له‌ بناغه‌ی یه‌كێك له‌ ڕه‌گه‌زه‌ بنیاتنه‌ره‌ شیعرییه‌كانی ڕۆمانسییه‌ت، تێكشاندنی ماناو وه‌سفه‌ باوه‌كانه‌. شاعیر له‌ وه‌سفه‌كانی بۆ گریاندا ڕێژه‌یه‌كی زۆر له‌و حاڵه‌ته‌ ده‌روونییانه‌ ده‌داته‌ پاڵ شته‌كانی ده‌وروبه‌ر، ئه‌و شتانه‌ی شایه‌تن بۆ تراژیدیاكان جوانییه‌كان كامه‌رانییه‌كان، ساته‌ پڕ له‌ جۆش و كه‌فوكوڵه‌كان، شاعیر بۆیه‌ په‌نا ده‌باته‌ به‌ر شته‌كان. چونكه‌ شته‌كان په‌یوه‌ستن به‌ مرۆڤه‌وه‌، كار له‌ ژیان و یاده‌وه‌ری و یادگاری و ژیانی ڕۆژانه‌ی مرۆڤ ده‌كه‌ن و ده‌بنه‌ ئه‌و شوێنانه‌ی كه‌ هاوبه‌شییه‌ك له‌گه‌ڵ باری ده‌روونیی شاعیردا دروست ده‌كه‌ن هه‌روه‌ك نموونه‌كانی:

(ئه‌سرین وه‌ك كانی ده‌ته‌قێ، هه‌ور ئه‌یزریكان، گوێژه‌ گریا، دار و دیوار به‌رد ئه‌گریا،

دایك ئەیزیڕان، سوپای لافاو ئەیزریکان، ئەگریا هەژار پەنجەرە و پەردە و چاوی کاڵ ئەگریا، باخی کردن بەشین، دڵی پێخەف ئەگریا، زریکوهۆری چرای ڕەنگین گریانی مەلی جوان، نامەی تەڕوبڕ، فرمێسکی دڵی بێ هۆش گریانی خوای دڵداری، ئەگرین گوڵاڵەش و پایز، گریانی دڵ هەنسکی شمشاڵ، گریانی سنگ، دەشتی گریان ئەگریا وەکو فریشتە بارانی خوێن و ئەسرین، مۆم و پەروانە ئەسرین دەڕێژن، فرمێسکی هۆنراوە گریانی لێقەوماو.

گریانی گوڵ سەنگەرو کەژ دەگرین، سەنگەرەکان ئەگرین گریانی پایز ئەشکی تاڤگە گریانی چاوی یارا، فرمێسکی ئاسمان گریانی شاخ گریانی هەور، نوێن ئەگری ئەگری وەك ماڵ خونچە دەگرێی فرمێسکی دڵ دوژمن ئەگریان).

ئاشکرایە گریانی شتەکان هەمان گریانی خودی شاعیرن، هەمان هەنسك و فرمێسکی ئەون بۆ ئەو مرۆڤانەی بەر زوڵم کەوتن، بۆ ئەو خۆشەویستەی خیانەتی لە خۆشەویستەکەی کردو بۆ ساتەکانی تەنیایی بۆ کۆست کەوتن و خواحافیزی بۆ تەنیایی و ژیانی ناکامی بۆ کەوتنەکان و نسکۆکان بۆ زوڵم لێکراوان و لێقەوماوان ئەوە شتەکان نین کە دەگرێین، ئەوە شاعیرە شتەکان دەخاتە حاڵەتی گریانەوە، چونکە شتەکان بەشێکن لە بوونی ئەو لە شوێنی ئەو، پارچەیەکن لە یادگاری و شایەتەکانی ڕووداو و کارەساتەکان.

بەم جۆرە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە هەمیشە شاعیرە دەگرێی. شاعیر دڵێکی پڕ لە گریان و کەفوکوڵ و تاسەی هەیە. شاعیر هەستێکی گریاناویی زۆر ناسکی هەیە کە ناتوانێ فرمێسکی سەر چاوانی ڕاگرێ، ناتوانێ داوەتی هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتەکان نەکات بۆ گریان ئەو لەنێو زەردەخەنەدا دەگرێی لەنێو گریاندا جۆش دەسەنێ، ئەو شاعیرێکی ڕەشتاڵەیە. وەکو گریان.

**دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرەنجامێکی بەرایی. هەرچەندە لەو باوەڕە دام ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی زۆرتر و زیاتر هەڵدەگرێ ئەویش لەبەر فرەیی بەکارهێنانەکانی وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی لە لای شاعیر. ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لەم نووسینەدا دەکەوێتە ڕوو، ئەو ڕاستییەیە کە شاعیر، هەوڵی داوە لە ناهۆشیارییەکی شیعریدا تاك بەهایی زەمین و دەروونی بە وشەی گریان نەبەخشێ. ئەمەش لەو ئاماژە جیاوازانەوەیە کە لە وشەی گریان و بەکارهێنانەوەکانییەوە دەکەونە بەرچاومان.

له لایەکەوە گریان ئاماژەیەکی ترە گریان ئاماژەیەکە بۆ خۆشەویستی و هاوسۆزی و دڵسۆزی. لەلایەکی دیکەشەوە گریان ئاماژەیەکە بۆ چێژ و جوانی و هاوبەشیبوونی حاڵەتی دەروونی. ئەم دژبەیەکانە لەو ڕووکەشدا لە بەهای تواناکانی شاعیر کەم ناکەنەوە، هەرچەندە گریان لە مانا هەرە بەکارهاتووەکەیدا، ئاماژەیەکی زیاتر تراژیدییە و وا لە شاعیر دەکا کە نەتوانێ بەبێ هاتنە گریان شیعر بنووسێ. ئەوەش حاڵەتێکی مرۆڤایەتی و سۆزدارییی ئەو دەنوێنێ بە هەموو دژ بەیەکییەکانییەوە لەو باوەڕەی شاعیر خاوەنی ناخێکی بریندار و پڕ لە ئازار بووە. تەنانەت لە هەموو وێستگەکانی ژیانیدا لە کامەرانی و خۆشییەکانیشی گریان لە هەستی شاراوە و ناهۆشیارییدا ئامادەیە (کامەران موکری) بە هەموو ساتە خۆش و ناخۆشەکانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێکی پڕ لە گریانە، مرۆڤێکی چاو بە فرمێسکە، چونکە لە هەموو ژیانیدا هیواکانی کورتیان هێناوە ئومێد و کامەرانیەکانی کورتخایەن بوونە خۆشەویستییەکانی پڕ لە دابڕان بوونە شاعیرێکی ڕەشتاڵە وەکو گریان.

## شکاری... خوێن و نەمری

دەق: شکار

١٩٨٨ شاعیر: سەعدوڵڵا پەرۆش

سەرچاوە: ئەدەب و هونەری/ستایل-ژ(٥)

گەڕان بەدوای نەمری، تامەزرۆییەکی پەڕاگەندەکاری مرۆڤە، لەو کاتەوە فریشتە و شەیتان بەنەمری خەڵات کران و مرۆڤ بە ئاوارەیی و مردن. سۆفیگەرایی لە گەوهەردا هەوڵی مرۆڤە بۆ دەربازبوون لە حوکمی مێژوو و شادبوونەوەی بەلێبووردەیی خوداوەند، وێڵی خوداوەندەکانی بابل و یۆنان لەنێوان داستان و ئەفسانە هەوڵی دەرکردنی مرۆڤ بوو لە حوکمی مردن و شادبوونەوە بە نەمریی، گەلگامێش شەیدای گەڕان بوو بەدوای نەمریدا، فیرعەونەکانی میسر دەیانویست سیفەتی خواوەند هەڵگرن و باوەڕ بە نەمریی خۆیان بکەن. لە ئەفسانە و داستان و پاشماوە کۆنەکان و باوەڕە ئاینیەکاندا هیوا خواستن هەبووە بە نەمری «دۆنای دۆن» هەوڵی دەرچوونی مرۆڤ بووە لە قەدەری مردن و ئاوارەیی و نەمری خەونێکی هەمیشەیی مرۆڤ بووە تاکو دوا دۆزینەوەی مرۆڤ کە شریتی خانە ژینییەکان بوو. هیوای دۆزینەوەی نەمریی بەگشتی هەوڵی جیاجیای مرۆڤن لە بوارەکانی زانین و میتۆلۆژیا و باوەڕی ئاینی و گەڕانی بێ سنوور بەدوایدا، بۆ

ماوەیەکی هەمیشەیی، گەڕانی مرۆڤ گەڕانێك بووە هاوشێوەی گەڕانی بووە بە دوای نهێنییەکانی بوون. با بزانین گەڕانی دەقی «شکار» لە کام تێڕوانین و جیهانبینیەکەوە سەرچاوە دەگرێ بۆ زانینی چۆنێتیی ڕێکخستنی زمان لە بنیاتێکی شیعرییەتدا و پاشان بۆ چوونەوە سەر ئەو تەکنیك و بەکارخستنەی وشە کە نهێنییەکانی دەقی لەخۆگرتووە.

لە چوارچێوەی بنیاتە زمانەوانییەکەی دەقدا، جۆرێك لە ڕێکخستنی پەرەلێلیی زمان لەنێوان هەردوولای جووڵەکانی ناونان و مانادا هەیە، کە سیفەتێکی بەراوردکاریی زمانەوانی هەڵدەگرێ. لە لایەکەوە شکار هاوشانی پێناسە فەلسەفییەکانی خولیایە کە پێکەوە دەق لە ئاستێکی ماناوە بۆ ئاستێکی تر دەبەن و لەلایەکی تریشەوە لاوێتی وەك هێمای هێزێکی فیزیۆنۆمی بەرامبەر و هاوشانی پیرێتی وەرگیراوە کە هێزێکی بیرکەرەوە نییە و بەرامبەر بە داڕووخانی هێزی خۆی، پیرێتی وەك هێزی دۆزینەوە دێتە زمانی دەقەوە. لەپشتەوەی ئەم زمانەش خوێنڕشتن و ئەنگاوتن کە هێمای کێشەی مرۆڤ و سروشتە، گەڕانێکە بەدوای گەوهەر کە وشەکە خۆی لەخۆیدا پەردە لادانێکە لەسەر کێشەیەك کە ئەویش ترۆپکی تراژیدیای بوونی مرۆڤە و لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدایە و دەبێ حوکمی مێژوو ئاسمان هەڵگرێ کە ئەویش داکەوتنی خەونەکان و خۆدانە دەستەوەیە. ئەگەر دوا هیواکانی دۆزینەوە نەبێ کە دەبێ هێزی لاوێتیی لەگەڵدا بێ و هێزی لاوێتی کە لە سروشتی مرۆڤدا هێزێکە ناتوانێ فریای حیکمەتی پیرێتی بکەوێ، بەهیوای ئەو هێزەیە کە لە سنووری ئەگەرەکان دەرناچێ. دەق دەیەوێ بەرەو وردبوونەوەمان بەرێ لە چەمکەکانی «ڕاوکردن، ئەنگاوتن، شکار، خولیا، پیرێتی، لاوی، گرفتار بوون، عەقڵانییەت (حیکمەت)، گەڕان نهێنی».

لە ڕاستیدا دەقی شکار هەموو ڕەگەزە میتولۆژییەکانی گەڕان بەدوای نهێنی بوون و نەمریی لەنێوانی کێشەی ژیان و مردن دێنێتە زمانی دەقەوە و هەر لە سەرەتاوە جۆرێك لە هاوکێشەی کێشە بنەڕەتی و زامە عەقڵانییەکانی مرۆڤ بەرەو ڕووی یەك کراونەتەوە کە لە سەرجەمدا لە زمانی ڕووکەشی دەقەوە بەرەو قووڵاییەکانی مانا دەچێ کە دەتوانێ بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکیان خەین:

خولیا ———— بێ هیوابوون
لاوێتی ——— پیرێتی
گەڕان ——— کەنەفتەیی
سەرشێتی ——— حیکمەت
ئەنگاوتن ——— لەخشتەبردن

ئەم ڕێکخستە زمانەوانییە لەسەرتاپای زمانی دەقدا، کێشەکانی دەق کە پەیوەستن بەڕووە ئاشکراکەی، ڕستە بەڕستە، پرسیار دروست دەکەن. ئەم ڕستە کوردییە بەشیعرییەت کراوە شیرنانەی وەڵامدانەوەیەکن بۆ تامەزرۆیی زمان و خۆیەتی زمان و تواناکانی زمانی کوردی لەلایەکەوە، خولیاو هاوتای هێز و تاودان و گەڕان لەلایەکی دیکەشەوە لاوێتی لەبیرکردنەوەی نەمرێتی گەڕانێکە کە حیکمەت هەڵبگری. لە لایەکی ترەوە ئامانج کە «گەوهەر»ە و هێمای دۆزینەوە و بەدیهاتنی خەونە کە لە ئاستێکی قووڵتری دەق دەبێتە گەڕان بەدوای نەمری، هەموو ئەم بەکارخستنانەی مانا هاوشانی پەرەسەندنی تری زمانی دەقن، شەوان دەمەو بەیان و سەحەر، ئەوساتانەن کە نهێنییەکانی سروشت و هێوربوونەوەی سروشت هەڵدەگرن، ساتەکانی تر ساتی پەڕگەندەیی و شاراوەیی و بزربوون و تەیکردنی سروشتێکی کێوی و خۆنەدەرە دەستەوەیە. ئاخۆ شکار لەم زمانە ڕووکەشەی دەقەوە، چۆن دەچێتەوە دووتوێی مانا بناغەیی و بنیاتە ڕەها و سەربەخۆکانی ماناوە و دەتوانین کێشەی بناغەیی دەق لە بنیاتە سەرەتایی و هاوکێشە مانادارییەکەی نزیك کەینەوە؟

خولیا لە شێوەی ئەنگاوتن کە بناغەی داڕشتنی شیعری و دەرگای چوونە ژوورەوەی ماناکانە زیاتر لە ڕوویەك ماناو فەلسەفە هەڵدەگرێ، سەرەتا دەق خولیا، بەمانای خووگرتن و ئارەزوو تامەزرۆیی بەشێوەیەکی بەرەڵڵاو بێ بنەچە نییە لەو کولتوورە عەقڵی و داو و دەستوورە کۆمەڵایەتی و مێژووییەی کە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دەنوێنێ. ئەو بیرۆکە مێژووییەی کە دەربڕین لە بیری ڕاهاتن دەکا بەخوێن ڕشتن، کە خوێن ڕشتن لەناوبردنی بوونێکە لەسەر خوێن داڕشتراوە. خوێن هێمای بوونە لە جەستەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئامادەبوون لە ژیان و گەوهەری ژیان. هەموو ئەنگاوتنێکیش خوێنڕشتن و مردنی بەدواوەیە، بەڵام هەر ئەو نێرییە دەسگیرنەکراو و خۆنیشان نەدەرو خۆشاراوەیەیە کە گەوهەر هەڵدەگرێ.

هەر بۆیە مردن و خوێنڕشتن لە سەرەتادا مامەڵەی مرادی لەگەڵ دەکا، کە «سارای ڕۆح» کە خوێن و جەستە بوونە ڕووکەشەکەیەتی، هەر لە سەرەتاوە ئەو حوکمە ئاسمانی و قەدەریەتەی مردن و ژیان بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ، شاعیر دەیەوێ هەر لە سەرەتاوە دەربڕین لە ئاماژە بەهێزەکانی بوون و نەبوون و ژیان لەسایەی قەدەرییەتێکی داسەپاودا بکا. مرۆڤ کە بوونی خۆی هەر خۆی بەسارایەك داپۆشراوە کە ژیان جێی هێشتووە، لەوێدا خولیا دێ و ئەو خەیاڵ و هیوا کزەی مرۆڤ دەنوێنێ لە دۆزینەوەدا، خولیا ئەو هێزە ڕۆحییە شاراوەیەی مرۆڤە کە لەبارە ڕاستەقینەکەیدا لەنێو جەرگەی بێ هیوابووندا لەدایك دەبێ و زەمەن بە پانوپۆڕی لەگەڵ خۆیدا دەبا.

فــەرمــوودەی پــیــرانــە کــە خــولــیــاش

سەرەتا سارای ڕۆح بەلمی مرادان دەپۆشێ

پاش بەرجەستەبوونی خولیا لە گەوهەری مرۆڤدا، خولیا لە چەمکی تامەزرۆیی بوون و دەستهەڵنەگرتن ڕۆدەچێ. هەربۆیە شاعیر خولیا وەك هاوشانی بوون و ڕۆح و زیندووکردنەوەی هەڵدەگرێ، کە ئەمەش نایەتە بوون و گەیشتن لەم گەوهەرە لە سەردەمی لاوێتی و جۆش سەندن و گەڕاندا. چونکە نەگەیشتن لە خولیا وەك گەوهەر، لەخشتەبردن دێتە پێش کە حیکمەتی بوون و گەڕانە بەدوای نهێنی و گەوهەر هەڵناگرێ، کە لە ساڵانی دوایی تەمەندا لەوە دەگەین شکار و خولیا نەمردووەکەی لە گەوهەری مرۆڤدا هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەگەوهەری بوون و نەمری، بەگەوهەری نهێنیی سروشت و زاڵبوون بەسەر سروشتدا، کەواتە کێشەی خولیا کە ڕەهەندێکی دەروونی و سروشتیی مرۆڤ هەڵدەگرێ، لە سروشتدا دەگاتە مانا کۆتاییەکانی مادامەکی «گەوهەر دز» ئازادە و مرۆڤیش خولیازەدە کە ئەم خولیایەش «دژوارە وەك پێڵو بەرچاوی بەرنادا» خولیا تا ڕۆژی مردنی لەگەڵ گەوهەری مرۆڤدا زیندووە، چونکە مرۆڤ بێ خولیایەك کە شیکردنەوەیەکی عەقڵانی و فەلسەفیی پێ ببەخشێ کە بۆچی هاتە بوونەوەو بۆچی ژیان و مردن قەدەری مرۆڤە ناتوانێ بژێ. شاعیر خولیا دەخاتە ئەو هۆکارە فەلسەفییانەوە کە وەلامێکن بۆ بێهوودەیی بوون. هەرچەندە ئەو مردن بەزاراوەی شیعریی «ڕۆح بەتالان بردن» دەناسێنێ، ئەو بوونەوەرەی کە نازانێ بۆچی ڕۆحی دەدرێتێ و بۆچی لێی دەسەندرێتەوە، کە پەڕاگەندەو گەڕۆکە بەدوای نهێنییە پڕ لە ئازارەکانی خۆیدا. هەرچەندە ئەو تەنیا لە خولیای بەهیوابوونێکی پڕ لە خودی نائومێدبووندا بەدوای نهێنی و گەوهەرەکانی بووندا دەگەڕێ، کە ئەویش «گەوهەرە».

هەروەها خولیا سەرچاوەکەی نۆستالژیایە، نۆستالژیایەك کە هیچ مسۆگەرییەکی تێدانییە، بۆ پرسیارەکان، بەڵکو گیرۆدەیی و سۆزگرتنە، ئەو هێزە بزرەی ناوەوەیە کە گەلاڵەیەکی مێژوویی پرسیارەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێ. هەربۆیە هەموو تاودانەکانی مرۆڤ و گەڕانەکانی مەرج نییە گەڕانێك بن مۆرکێکی فەلسەفیی داهێنراو هەڵگرن، بەڵکو فەلسەفەی گەڕانێك دەنوێنن کە لەگەڵ یەکەمین کێشەی مرۆڤدا لەدایك بوون، کە ئەویش کێشەی ژیان و مانەوەیە لە زیندووێنەیەك کە مرۆڤ بزری کردو حوکمی مردنی بەسەردا درا. هیچ کەسێك نییە لەم بوونە بەشێك لەم ئازارە لە قووڵاییەکانی خۆی هەڵنەگرێ، بەڵام هیوا چییە؟، ئاخۆ هیوابوون مرۆڤ لە لەناوچوون ڕزگار دەکا؟ شاعیر گەیشتن

بەساتی دۆزینەوە و گەیشتن بەنهێنییەك كە گەوهەر هەڵگریٚ لە ڕستەی «هەنگامی شكارەو مرازتان دانەیێ گەوهەرە» دانەیەك لە نهێنییەكانی بوون، دانەیەك لەو مرازانەی كە مرۆڤ بەهیوای بەدیهاتنییەوە دەژی. كەواتە كاتێك مرۆڤ لاوە لەوپەڕی هێزەكانیدا دەژی و تواناكانی لەوپەڕی بەهێزیی جەستەییدان، بەڵام لەولاشەوە حیكمەتی پیرانی پیٚ نییەو لە ئەزموونی ژیان و مردن ناگا، سوودی چییە گەڕان بەدوای گەوهەر دز؟ سوودی چییە گەیشتن بە گەوهەر بەبیٚ گەیشتن بەحیكمەت. لێرەوەیە كێشەكانی پیرێتی و مردن، لاوێتی و ژیان بەرامبەر بە نەمری و نهێنییەكانی سروشت دێتەوە ناو هەموو وشەكانی شیعری شكار، پیرێتی وەك لاوێتی هێزێكی تری لەلادا بزرە، كە هێزی جەستەو بازوو، پیر ماندووە، ناتوانیٚ پیٚ دەشت و زۆزگان تەی كا، ناتوانیٚ دۆڵ و كەند و گردۆڵكەكان تێپەڕبكا، ئەو هێزو توانای لەدەست چووە، جارێكی تر ناگەڕێتەوە جەستەی، بەڵام ئەو حیكمەت و فەلسەفەی بوون هەڵدەگریٚ، هەربۆیە دوو كۆپلەو بڕگەی شیعر گەڕانەوەی هێزی پیرێتییە كە حیكمەت و فەلسەفەی ژیانە بۆ لاوێتی، كە ئەم هێزەی نییەو ئەو تەنیا هێزی جەستە شك دەبا. هەربۆیە هەتا هەتاشە سروشت نهێنییەكان بەزیندوویێتی هەڵدەگریٚ و دەشیٚ هیوابوون بەكامڵبوونی مرۆڤەوە بمانگەیەنێتە ئەو نهێنییانە، كە نەمری و زیندوویتی سروشت و مرۆڤ هەڵدەگریٚ.

شیعری شكار دەتوانین بە شیعری كوردیی بێگەردی لەقەڵەم بدەین كە جگە لەو زمانەی توانای خودی زمانی كوردییەو بەهێزەوە دێتە گۆ و شاعیر مەودایەكی شیعرییەتی بەهێزی پیٚ بەخشیوە، هەروەها تۆكمەیی ڕستە شیعرییەكان و هەڵبژاردنی وشەی پێویست لە خزمەتی ڕێچكەی ماناو پوختبوون وكامڵبوونیان لە ماناداان بەبیٚ ئەوەی لە توانا دابیٚ لەوە زیاتر لە وشە باربكریٚ، جۆرێك لە كامڵ بوونی ڕستە و وشە بەخۆوە دەگریٚ، ئەمەش لەوێوە هاتووە كە شیعر دەبێتە ئەو زمانە خۆجێییە پڕ دەلالەتانەی كە لە ماناشدا تەنیا هەر ئەو مانایانە هەڵدەگرن كە جگە لە سیفەتێكی مرۆیی و تێگەیشتنێكی قووڵ لەو هێزانەی كە مرۆڤ هەیەتی، هەروەها سیفەتی تازەكردنەوەیەكی ڕاستەقینە لە شیعری كوردیدا هەڵدەگریٚ كە ئەمەش بەڕای من هەواڵێكی سەركەوتووە بەڕێچكەیەكی دروستی زمان و مانادا دەڕوا و ئەم شیعرە یەكێكە لە دەقە داهێنەرەكانی شیعری كوردی.

## گەڕانەوە بەرەو نووسینی یەکەمی شیعر

### هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە

قسەکردن لەسەر کۆ شیعرێکی چاپکراو، دەرفەتێکی بەرفراوانی دەوێ لە کات و پاشان لەبیرکردنەوەی خوێندنەوە، هەر وەکو سەرنجیش دەدەین کتێبێك کە بەشێکی گەورەی لە ژیان و بیرکردنەوە و جیهانبینی نووسەرێکی دیاریکراودا داگیر کردووە، بەیەك دوو لاپەڕەی گۆڤارێك، ڕای بەپەلەی لەسەر دەدرێ.

پاش خوێندنەوەی شیعرەکانی شاعیر (نەژاد عەزیز سورمێ) بەناوی «هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە» بیرم لەوە کردەوە ئەو شیعرانەی کە لەم کۆشیعرەدا بڵاو کراونەتەوە، ڕووبەرێکی زەمەنیی دووردرێژیان لە نووسینی شیعری لەلای شاعیر گرتووەتەوە، کە لە دە ساڵ زیاترە.

بیرم لەوە کردەوە کە لە گۆشەیەکی دیاریکراوی زاراوەی ڕەخنەییەوە خوێندنەوەیەك بۆ ئەم کۆ شیعرانە بکەم، نەك بەشێوەیەکی گشتی و کراوە، بێگومان مەبەستمان لە زاراوەی ڕەخنەیی کرۆك و گەوهەری ئەو گەڵاڵە بوونە شیعری و جوانکارییانەیە کە هەر خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن دروستی دەکا.

شیعر هەروەکو چۆن ڕەگەزەکانی زمان و شیعرییەت و بەکارخستنی ئەو کەرەستانەی زۆر و زەبەندن، هەروەها ڕەخنەش دەرەنجامی خوێندنەوەکانی بوارێکی بەرفراونی لە ئەگەرەکانی خوێندنەوە لەبەردەمدایە. پێناس و هەڵسەنگاندن و حوکمدان و بڕیاردان و بەخشینەوەی خەسڵەت و سیمای بێ بنج و بناوان و بێ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، بێ سوود و بێ کەڵکە، بەڵام ئەو پرسیارە هەرە ڕەوایەی کە هەموو خوێنەرێك دەبێ لە خۆی بکات هەر ئەوە دەبێ کە ئەو پاش خوێندنەوەی کۆ شیعرێك چیمان لەلادا دروست دەبێ، یان بە مانایەکی تر ئێمەی خوێنەر پاش خوێندنەوەیەك بۆ دیوانێك چیمان لەلادا دروست دەبێ و چۆن دەربڕین لەو دروستبوونە بەرهەمهێنراوە دەکەین؟ لە ڕاستیدا پاش خوێندنەوەم بۆ کۆشیعری «هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە» هەستێك لە غوربەت و تەنیایی و خەمێکی تەڕو داخێکی دەستوەشێنم لەلا دروست بوو. دەشێ ئەم هەستانە لە کتێبێکی شیعریدا هۆکاری زمان و بیرکردنەوەیەکی ئەزموونی ژیان و بیرکردنەوەی شاعیر بن کە لەلای منی خوێنەردا شوێنێك لە تێگەیشتن، وەستانێك

لـە بـەخـۆدا چـوونـەوە، ساتـێك بـۆ دانـنـان بـە شكستـی و بـێ ئـومـێد بـوونـەكـانـی ژیـانـی تـایـبـەتمـان بكـاتـەوە، لـەو بـاوەڕەوەی دەشێ مـرۆڤ لـەسـەر لـەبـەری ژیـانـیدا خـۆی وەكـو مرۆڤێكی ڕێكخراو و ئارایشتكراوی ڕەوشتی دەرخا. بەڵام تەنیا لەو ساتانەی كە مرۆڤ دوانـدنـی تـەنـیـایـی لـەگـەڵ خـۆیـدا دەكـا، مـاسكـە خواستـراوەكـانـی ژیـانـی ڕۆژانـەی تـووڕ هەڵدەداو دان بەڕاستییە نەویستراوەكانی ناخدا دەنێ و «پاسەوانەكانی ناخ»ی خۆی وە كەنار دەخاو مۆڵەتێك بۆ هەموو ڕەقیبە دەروونییەكانی ناخ و بیركردنەوە دەنووسێ. ئەم هـەستانە كە لەلای خوێنەرێكدا بەرامبەر بە كۆ شیعرێكی دیاریكراو دروست دەبن لێت نـاگـەڕێن بـەبـێ پـرسیـار و بـەدواداچـوون تـێپـەڕ بـن، چـونكـە خـوێندنـەوە لـە سـەرەتـاوە بڕیاردانی بیرە لە ژیان لەگەڵ وشەدا.

هـەستـی غـوربـەت، هـەستـكـردنێك نـییـە لـەو شیعـرانـەدا وەكـو بیـرێكـی گـۆشـەگیـری و دووركەوتنەوە لە ژیان بەبیردا گوزەر بكا. بەڵكو هـەستێكە كە تۆ دەرك بەخۆت دەكەی لە شوێن و زەمەن و ماناكانی خۆت دەردەچیتە دەرەوە، لەگەڵ خۆتدا پەیمان دەبەستی كە وەكـو گـوڵـە نـەرگسێك دڵـۆپـەكـانـی بـاران هـەڵـگـری و بـەسـەر زەویـی شیـعـردا مـلـت خواربكەیتەوە.

تا وردەكارییەكانی گۆڕانكاریی خودیانە ببینی لەسەر زەویی شیعردا، كە بەرەو تەنیا یـەك ئـاراستـە لـە وشەی نـووسراو بـە خـەمت بـەرێت و ئـاگـادار بكـاتـەوە، كـە تـۆ لـەگـەڵ شاعیرێكدا بەرەو سەرەتایەتی نووسین دەگەڕێیتەوە، بۆ ئەو خاڵەی كە شاعیر چۆن لە یەكەم ڕستەی شیعرییەوە بە ئامادە بوونێكی عەقڵیی تەیاركراوو ورووژێنراو و بەتاسە بووەوە دەچێتە ناخی وشە و ماناوە.

یـەكـەمین ڕستـەی شیـعری یـەكـەمین ڕۆشنبـوونـەوەی شیـعرییـەتـە، كـە شیـعرییـەت لـە هـەڵقـوڵانـی وشەكـانـەوە، لـە بـە ئـاگـاهـاتـنـەوەیـەكـی دەروونـی و عـەقـڵیی بریندار، لەوێوە یەكەمین داڕشتنەوە و گەڕانەوەو دەستپێكردنەوەی شیعرە، كاتێك لە شوێن و لە مانا ڕۆژانەیییەكان دەردەچیتە دەرەوە ئیتر دەكەوێتە گەردوونێكەوە كە جیاوازە لە گەردوونی تۆ، شوێنێك بۆنی ئازاری خیانەت و ڕۆچوونی مرۆڤ لە كردارە ناڕەواكاندا، گوێنەدان بە بەها مرۆڤایەتییەكان كە ئێمە وەكو مرۆڤ دەخەنە شوێنەوە. دڵشكان لە كەوتنی بەها مرۆڤایەتی و ڕەوشتییەكان، خواحافیزی لە خەون و ئومێد، گڕی خەم و پەژارەی لێك جیابوونەوە، لەم وێستگانەوە تۆی خوێنەر لەگەڵ شیعرەكانی (نەژاد عەزیز سورمێ)دا دەگەڕێیتەوە بۆ سەرەتایێتی نووسینی شیعری كە نووسینی یەكەمە.

تەنیایی وەکو هۆکارێکی هێزی دەربڕین لەخۆکردن، نەك وەکو دابڕانێکی زەمەنی و شوێنگەیی، گەوهەرێکی تری پێ لەسەرداگرتنە بۆ گەڕانەوە بەرەو سەرەتاییێتی نووسینی شیعری. هەستکردن بەتەنیایی دابڕانێکی دنیابینییە لەگەڵ مانای بەگشتی کراو، پێوەندیی مرۆیی بە میکانیزمکراو. بەمەش مانەوە و سووربوونی شاعیر لەسەر باوەڕی دابڕانێکی چارەسەرنەکراو وردبوونەوەیەکە لە ڕێچکەیەکی بیرکردنەوەی خودیانە کە تێکەڵ بە مانا ڕۆژانییەکانی پەشیمانی و خەمخواردن لەوەی بەدەر لە دەسەڵاتی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی ڕوودەدەن، وردبوونەوەو تێڕامان لەلاشەی مرۆڤە بە قوربانیکراوەکان، کە نازانن بۆچی لاشەیان لە دووری گۆڕەکانیان کەوتووە. دوورکەوتنەوە لە کەوتن و شکستی خۆشەویستی و مردنی بەهاو سۆزی خۆشەویستی، لەوکاتەی تەنانەت لەگەڵ کەسی خۆشەویستیشدا هەست دەکەی تەنیای، چونکە ڕۆژانە خۆشەویستی لە ژوورە نووتەکەکانی هەتککردن دەنێژرێ و چیتر گەردوونێك بۆ هیچ مانایەك نامێنێتەوە. هەموو ئەم جیابوونەوە و دابڕانە ڕۆژانەییانە دەبنە وێستگەی جیاجیای پڕ لە ئازاری شاعیر، کە زۆر جار گریان لە پەشیمانی، گریان بۆ ئەوەی ڕووی داو نەدەبووایە ڕوویدا، گریان بۆ تەنیا بوون و هەستکردن بەتەنیایی. هەموو ئەم ساتانەی گریان تەنیا پاك بوونەوە نییە، بەڵکو گریان وەکو چاوڕوانییەکە بۆ سەرەتایەك دەشێ هەبێ و دەشێ نەبێ کە تیایدا لەگەڵ مرۆڤایەتی بوونی خۆماندا بەیەك دەگەینەوە و هەر ئەو ساتانەشە کە هەست دەکەین نائومێدی لە دابڕانێکی دەروونی و عەقڵی لەگەڵ کۆیەکی بەمیکانیزمکراو لە نێو کۆمەڵە باوەڕێکی بەڕۆژانەییکراو. لەوێوە هیواکان کز دەبن، کە گەیشتییە ئەو کەنارەی کە ئیتر پێك گەیشتنەوەیەکی تر ڕوونادا، ئیتر فرمێسکەکان سارێژی ئازارەکانی تەنیایی دەکەن.

سەرەتاییێتی ڕستەی شیعری و نووسینەوەی لەبێ هیوا بوون لە بەیەك گەیشتنەوەیەك دەست پێدەکات، لە ژیان لەگەڵ خوددا کۆتایی دێت.

لەگەڵ هەموو ئەم سیمایانەی کە بەرهەم هێنی شیعرییەتن، یان خولقێنەری ڕستەی شیعرین، لەلای شاعیردا گەیاندنەوەی یەکەمین ڕستەکانی نووسینەوەی شیعرە، بە دووەمین ڕستەکانی شیعر کە نووسینەوەی دووەمە، ئەو نهێنییەی دەشێ ببێتە هۆکارێکی جیهانبینی شیعری لەلای شاعیر و پێك گەیشتنەوەی ئەو جیهانبینییە بە شیعرییەتەوە.

خەسڵەتێکی بنەڕەتی وەستان لەسەر شیعر و پاراستنی سەرەتاییێتی نووسینەوەی لەلای

شاعیر تێکەڵ کردنی بوونەکانی دەرەوەی خودن، کە سروشت بەرینترین ڕووبەری لەبیرکردنەوەی شاعیر گرتووە، بەڵام سروشت و ئافرەت و جوانی و ڕەوشت و هەموو بوونە بەرجەستەیی و نابەرجەستەییەکان دەکەونە پێوەندی بوون و پەیوەست بوون بەیەکترەوە، کاتێك بەها مرۆڤایەتییەکان شکست دێنن دەکەون، سروشت بەرگی خەم و ماتەمینی لەبەر دەکا، لەولاشەوە هەر کاتێك هێزی کوێری وێران کردن و لەناوبردن ئامادە دەبێ بێهوودەیە خەون بینین لەدیار پەنجەرەیەکدا کە بەسەر گۆلی قورینگاندا دەڕوانێ، هەر بۆیە سروشت و جوانییەکەی وابەستەی جوانیی مرۆڤ و زەمەنەکانە، بەڵام لەو شیعرانەدا زەمەنی جوانییەکان زەمەنێکی دڕندەو زۆردارە، زەمەنێکە مرۆڤەکان، بوونەتە بازرگان و بە مرۆڤایەتیی مرۆڤەکانەوە بازرگانی دەکەن، بەناوی نیشتیمان و وڵاتی پڕ لە خوێنەوە هەموو شتێکیان لەبەر دەست بوو جوانییان کوشت، ئەم جۆرە پەیوەستە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەسەرەتاییێتی بیرکردنەوە هەیە کە شیعر بەهێزی تەواوی زەینیەوە زمان دێنێتە گۆ کە لە خوێندنەوەدا، هەندێك جار کە شاعیر بەرەو والایی دەچێ لە دەربڕین لێکردندا خۆزگە دەخوازێ ئەو هێزە زەینییە لە زماندا بزر نەکاو لە توانایدا بێ بەهەمان هێزەوە ڕستەکانی دوایی بنووسێتەوە. شاعیر هەرچەندە بەتوانا بێ ناتوانێ هەندێك جار لە کارکردن لە مانادا کە پێوەندە بەجیهانبینی نووسەرەوە هەیە، بەسەر زماندا زاڵ بێ، بەڵام نووسەر هەر لە سەرەتاوە پێمان دەڵێ کە گەیشتن بەساوی شیعر کردارێکی فرە لایەن و فرە ڕووە. کاتێك لە شیعری «مانەفێست» کە تێڕوانینی شاعیرە بۆ شیعر و کێشی شیعر دەڵێ:

ئەگەر ویستت نیگایەکت لە ساوی شیعر بۆ بێت

دەخوازێ بە (با) بدرەوشێتەوە...

ڕێگای هات و نەهات...

شکانەوەی هزر...

هەڵپەی تێهەڵنانەوە...

ڕاکردن بەرەو ژیان،

بەرەو سەودای لاڤایی و

پیشەسازی حوسن و جەمال...

ئالوودە بوونی تاسە...

**ململانێی نەبڕاوە لەگەڵ زمان**

ئەوەی لەم پێشەکییەوە بەلامانەوە گرینگە و مەبەستمانە لەم پێشەکییەوە بچێتە نێو خوێندنەوەی شیعرەکانەوە، زاراوەی سەرەتاییێتی نووسینە، کە ئەمەش ململانێیەکە لەگەڵ زماندا و هونەرێکی بزری کارکردنە لە شیعر و نووسینی شیعری. گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسین بەتەواوەتی هەوڵێکە بۆ مانەوە لە گەردوون و بازنەی نووسینی یەکەمدا، کە نە زمان و نە شیعرییەت هیچ پێناس و بنیاتێکیان نییە و نووسەری شاعیر بۆ یەکەمین جار شێوازی زمان و مانا ئامادە دەکا و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی بەسەر ناوەڕۆکی ماناکانیدا بشکێ و لە کردارێکی زارەکی و نیمچە بێ ئاگاییدا ڕستە سەرەتایی و شیعرییەکانی ئامادە دەکا تا بیانکاتە ڕستەی نووسینەوە و پاشان بیانکاتە ڕووداو واتە سەرەتاییێتی نووسین ئەو ساتەیە کە شاعیر هێشتا دەستی بە نووسینەوەی دووەمی شیعر نەکردووە و شیعر و زمان لەبیری شاعیردا لە کێشەیەکی بەردەوامدان. ئاخۆ شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی شیعردا کردووە، ئاخۆ تا چ ڕادەیەك ئەو سەرەتاییێتییە لە نووسین توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر زمان و مانادا بشکێ؟

شاعیر لە سەرجەمی شیعرەکاندا، سەرەتای ڕستەی نووسینەوەی شیعر بە ڕستەیەك دەست پێ دەکا کە شوێنی سەرنجدان و تێڕامانە، ڕستەیەك، تەنیا ڕستەیەك وەکو بنیاتێکی کاملی مانای زمانەوانی دەردەکەوێ، نەك بە شێوازی مانای زمانەوانیی کە پەیوەستە بە سینتاکسی دەربڕین لێکردن و یاساکانی ڕێزمانی زمانەوە، بەڵکو بە شێوازی ڕستەیەك کە گەوهەری جیهانبینی نووسەر پێك دێنێ. گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسین گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتانەی کە نووسەر لەگەڵ ماناو بیرکردنەوەکانی خۆدا دەژی. هێشتا ئەو پێشبینییەکی تەواوی پێ نییە بۆ داڕشتن و نووسین و ناشزانێ مانا بەرەو کوێی دەبا و ڕستەکانی نووسین چۆن دەکەونەوە. ئەو تەنیا لەگەڵ ڕستە گەوهەری و کرۆکە هەژێنەرەکانی بیرکردنەوەی خۆیدا دەژی. شاعیری ئەم کۆشیعرە هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ ئەم ڕستانە لەگەڵ نووسینەوەی دەقەکانیدا بگوازێتەوە و دەربڕینیان لێ بکا. لێرەوەیە کە شاعیر لەگەڵ ساتە هەرە سەرەتاییەکانی نووسیندا دەژی و دەربڕینییان لێ دەکا و ناهێڵێ ئەو جیابوونەوەیەی کە لە نێوان بیری سەرەتایی و نووسینی سەرەتایی و نووسینەوەی دووەمدا هەیە و لە زۆر لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕوودەدا، وای لێ بکەن لەو ساتانە دابڕێ و ئیتر وشەکان و ماناکان چەندین جۆر لە ڕێچکەی جیاوازی دەربڕین لێکردن بگرنە خۆیان.

بۆ نموونە:

ئەو بەرهەڵە هەبێ و نەبێ چییە؟

ئاوازی جادووگەرانی تاریکی

بە ئێمە لێ نەدرا... ل٧

یان

مەرگیش جیاوازیی تێ کەوت ل٨

یان

وشە لێوی بریندار کردم ل١٣

یان

پەیژەیەك لە گوڵ بۆ هەور ل١٧

یان

چرایەك لە حوسنی تۆ هەڵبووە ل٢٥

یان

گۆڕی دوور لەمەرگ ل٨٣

یان

لە مێوانداریی مەرگدا

خوێندنەوەیەك نامێنێ ل١٦

یان

ژیان لە برووسکەیەکەوە هات

بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی ل٨٣

یان

لە خاکی نەزۆکدا

مرۆڤ تەنیا دەسەڵاتی بەسەر قسەدا ماوە ل٨٤

یان

گوێی شار بە و تاران بریندار ل٢٤

یان

ئەو ژنەی لە ڕەنووی هزرە مایە پووچەکانەوە کەوتووەتەوە ل٥٩

یان

بۆ هاتنی خۆشەویستی، هۆیەك نییە خۆشەویستی هەمیشە دێ ل٦٣

ئەمانە هەندێکن لەو ڕستانەی کە وەکو ناوەندێکی بیرکردنەوەی سەرەتایی شاعیر وەکو خۆی دەیگوازێتەوە نێو ڕستەی شیعرییەکانی نووسینەوەی دووەم، کە ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی شاعیر توانای بەرجەستەکردنێکی زەق و تەواوی پێکبەستنەوەی دوو جیهانی هەیە لە ماناکان. ئەو جیهانەی کە نووسینەوەی سەر کاغەز بوونی نییە و شاعیر تەنیا لە زەینیدا، بیر لە ماناکان دەکاتەوە و هەوڵ دەدا بنیاتێك لە زمانی کورت و بە ڕستەی کورت دەسەڵاتی بەسەر ئەو مانایانەدا بشکێ و پاشان، دوای ئەوەی لە ماناکان و ئاراستەکانی دەگا و شیبان دەکاتەوە. ئەوسا هەوڵ دەدا هەمان ئەو ڕستەی ناوەندییانە بگوازێتەوە نێو نووسینەکانی. ئەو ڕستانە ڕستەیەك نین کە لە نووسیندا لەلای شاعیر دەسکاری بکرێن و شێوەی سینتاکس و بەدووی یەکدا هاتنیان بگۆڕدرێ، بەڵکو شاعیر ئەوەندە پابەندی ساتەکانی بیرکردنەوە و لە قاڵبدانی ماناکانە لە بارە زارەکی و سەرەتاییەکەی بەڕادەیەك هەوڵ دەدا هەمان نووسینەوەی زەینیی خۆی بگوازێتەوە سەر کاغەز وەکو خۆیان، زۆرینەی شیعرە داهێنەرەکان و دەقە بەهێزەکانی ئەمڕۆ لەوەدا، یان بەهۆی ئەوەوە بەهێزن و پڕ مانان چونکە توانای مانەوەی زمانەوانی و پێکهاتی زمانەوانییان هەیە لەمانەوە وەکو خۆیان لەکاتی دەربڕین لێکردندا. ئەمەش توانای بیرکردنەوەیەکی بەهێزە، کە مێشك و بیرکردنەوەی شاعیر لە حاڵەتێك لە گەشانەوەی زەینی و دەروونی تەیارکراودا دەژی و هێشتا ئەو لە نووسیندا زاڵە بەسەر بەرهەم و بەخشندییەکانی ئەو بیرکردنەوەیە.

لێرەدا سەرەتاکانی نووسینەوەی شیعر لای شاعیر (نەژاد عەزیز سورمێ) سەرەتای ڕستەی زەینی و گەشانەوەی زەینین کە خوێنەر بەرەو یەکەمین تاسان و یەکەمین بیرکردنەوە دەبەن لە خوێندنەوەدا. بۆ ئەمەش سەرنج بدەنە یەکەمین ڕستەکانی هەموو شیعرێك، ئەو ڕستانەی وەکو نموونە هێنایانمانەوە نموونەیەکن لە سەرەتاکانی شیعرەکانی ئەو کۆشیعرە.

ئەم جۆرە نووسینەوەیە لە شیعردا پاراستنی هێزو توانای ڕستەی یەکەم لە کۆی شیعردا کارێکی مەحاڵە. هیچ نەبێ بەلایەنی بنیاتی زمانەوانی و پاشان ماناوە. زۆر دەگمەنە شاعیرێك بەیەك هەناسەی نووسینەوە شیعر بە ڕستەی مانادار و هاوبەها لە مانا، واتە لەیەك ئاراستەی مانادا هەموو داڕشتنەکانی لەسەر یەك ڕەزمی گوتن بنووسێتەوە. هەر بۆیە زۆربەی دەقە شیعرییەکان، هەروەك دەبینین ئاستی لێکنەچوویان لە بەهای بابەتی و جوانکاری و مانادا هەیە.

ڕستەی «ژیان لە برووسکەیەکەوە هات، بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی» هاوشێوەیە لە بنیاتی زمانەوانیدا پەیوەست بەشیعرەوە کەم وێنەیە، چونکە ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی شیعریی کامڵە و لە بەرهەمهێنانی شیعریدا پڕاوپڕی بەیەکگەیشتنەوەی دوو ساتەوەختی نووسینەوەیە، کە نووسینەوەی «زارەکی– زەینی» یەکەمە و پاشان هەروەکو خۆی بۆ نووسینەوەی دووەم هاتووە کە نووسینەوەی «تۆماری–زەینییە»، هەڵبژاردنی ئەو شیعرەی کە ئەم دوو دێرەی تێدایە و ناونیشانی کۆشیعرەکەیە بەلایەنی خۆمەوە ئەو دەقەیە کە زۆرترین پەیوەست لەنێوان ئەو دوو ئاستە لە نووسینەوەی شیعردا دروست دەکا لە سەرجەمی شیعرەکانی ئەم کۆشیعرە.

کە سەرەتاکەی بە مانایەك دەست پێ دەکا خۆی لە خۆیدا مانایەکی بوونگەرایی نائومێدی لەگەڵ یەك کۆ دەکاتەوە:

ڕۆژگارم بێ تۆ سارد
لەگەڵ تۆشدا بە ئازار
هەنگاوم بە ئازارەکانەوە دیار.
ئیتر وابوو:
ژیان لە برووسکەیەکەوە هات
بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی

ناسەقامگیربوونی بیرکردنەوە، خودی مرۆڤێکی بیرکەرەوەیە، کە لە خۆشەویستییەکانی ڕۆژگاردا بیر لە ڕووەکانی تری خۆشی دەکاتەوە، لە لایەنەکانی ئەودیوی کامەرانییەوە، پەنجە دانان لەسەر ئەو ڕاستییەی هیچ کامەرانییەك بەبێ ئازار نییە و هیچ ئازارێك بوونی نییە ئەگەر بێتو کامەرانییەك لە گەوهەری خۆدا هەڵنەگرێ، وای پێ دەچێ ئیتر ئەوە چارەنووسی مرۆڤە تا هەتایە لە دووسەرە بوونێکی بێ کۆتاییدا

بـڕی و ئـاوازەکـانـی، مـانـاکـانـی ژیـانـن هـەرجـارە و مـرۆڤ بـەلای حـەز و ئـازار و کـامـەرانـیـیـەکـانـدا بـەرن و هـەر جـارەیش دژ بـەیـەکـیـی مـانـاکـان و پـێکـەوە بـوونـی «بەرەواژییەکان» نمایش بکا و پاش هەموو شتێك دەبێ دان بەوەدا بنێ ئیتر ئەمە چارەنووسە و گۆڕانی بۆ نییە، وەکو ئەوەی ژان مانەوەو ژیانە لە ساتەوەختەکاندا کە زۆر کورت و پڕ دەلالەتن هەروەکو کات و شوێنی برووسکەیەك.

پـەیوەست بـە نـاوەڕۆکی بـابـەتـەکـەمـانـەوە، ئـەم ڕستـانـەی کـۆپـلـەی یـەکـەمی شیعرەکە دەسپێکێکی بـەهـێزی ڕستـەی شیعریی کـامـڵن لـە بـنـیـاتـی زمـان، هـەروەهـا لـە بـنـیـاتـی مـانـاشدا، کە ئەو ڕستە شیعرییانەی بە تەواوەتی بەرهەمهێنی شیعرین لەسەرجەمی، یان لە کۆی کۆپلەکانی شیعرەکەدا دووبارە دەبنەوە هەروەك ڕستەکانی:

– گەرایان لەو ڕووبارەدا خستبوو

لە ڕۆژگارێکی تاریکدا

سنگیان دابووە خۆر...

کۆمەڵێ ماسی بوون کەس نەیدەناسین.

– لە خاکی نەزۆکدا

مرۆڤ تەنیا دەسەڵاتی بەسەر قسەدا ماوە

لاوێتی گریانی پێدا دێتە خوار...

مەرگ لە لەپی دەستێك دەچوو

بە زاری هەڵۆوە...

هەڵۆ ئاسمان تەی دەکا

مەرگ زەوی.

چەترێك بە دیواری نیگاکانەوەی

ناهێڵێ چاوەکان

تارمایی گومان بیانگاتێ

– ژێی کەمانچەکەیان پساند

ئەی چاوی شێخ

موحیبەتت لە چ کەندێکدا فڕێ دا!؟
– شوێن پێ بە ڕەگەکانەوە دیارن
–هەورە
لە بەینی پەنجەکانی مندا دزەی کرد کە ژێ!
باران لە چاوی تۆ...
– کولێرەیەك
بەسەر کەللەسەرەکانەوەیە
وەك مەرگ
وێنەی ئاسمانی بێ پایان
شینە کەژێ
– ڕەنگە دەرگای ئومێد
لە بەفرێکی پایزی زیاتر نەبێ
ئەرێ بەڕاستی
چڵێك لە ئینجانەی بەر پەنجەرەدا بوو چی لێ هات؟
– زەمین بێ ڕەگ ماوەتەوە
– بەرەواژییەکان پێکەوەن.
– خاڵێك
هەموو ڕوناهی لەخۆیدا کۆکردەوە
گەڵاکان سێبەریان برد
چەکەکان خەون.
پێیەکان لە جەستەی تۆدا دەلەرێنەوە
وادەی چاوەڕوانی نییە
– هەرگیز وێنە ئەندازەییەکانی واقیع
شکڵی میوەکانی خەیاڵ نادەن (٨٣–٩٣)

ئەگەر بێتو بەدووی ئەو هێزە خودیانەی شاعیردا بگەڕێین کە لەم شیعرەدا توانیویەتی بە بەرینترین شێواز ڕستەی شیعری لە دووساتی جیاواز لەیەك ساتدا کۆکاتەوە، دەبێ بەدووی سیماو هۆکار و شێوازەکانی دەربڕینکردن لە شیعرییەتدا بگەڕێین کە شاعیر والێ دەکەن ئەو بەدووی ڕستە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەدا بگەڕێ:

١- ئەو ڕستانەی هەردوو ئاست لە نووسین بەیەك دەگەیەنێتەوە، ڕستەی شیعریی زەینیی وروووژێنەرن، کە شاعیر لە حاڵەتێکی تاسانی عەقڵی و ناخەکی وروووژێنراودا دەهێڵنەوەو وای لێ دەکەن ئەو حاڵەتە لە دەست نەداو بیپارێزێ، چونکە بەهێزیی ڕستەی شیعری لە مانەوەیە لەو حاڵەتەدا و بەس.

لەو کاتەی شاعیر کۆی هێزە عەقڵی و سۆزاوی و کاریگەریی بوونەکانی دەخاتە نێو هێزی زمانەوە، لەو ڕاستییەوەی بیرێکی ناوڕووژێنراو و بێ کاریگەر بوون و سۆزاوی بوون، بیرێکە زیاتر بەلای لۆژێکدا دەچێ نەك بەلای شیعرییەتدا.

بڕوانە ئەم شیعرەی کۆ شیعرەکە کە بەلای منەوە هەوڵێکی زۆری شاعیری تێدایە، بۆ مانەوە لە بازنەی کاریگەر بوون و کارتێکردنەسەر. بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە چۆنێتی بەستنەوەی بیرکردنەوەیەکی سۆزاوی بە ڕستەیەکی شیعرییەوە لە پێناوی بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا.

٢- ئەو ڕستە شیعرییانەی لەم حاڵەتەی گەڕانەوە بۆ سەرەتایێتی نووسینەوەی بە بەرهەم دێن، ڕستەگەلێکن کامڵن لە مانادا. هەروەها لە بنیاتی زمانەوانیاندا، لە خوێندنەوەیاندا هەست دەکەی کە تۆ بەرامبەر خوێندنەوەیەکی تێرکراو بە مانادای، واتە هەست دەکەی شاعیر شوێنێکی گەورەی لە ناختا، لە بیرکردنەوەتدا هەیە، ئەمەش ژیانە لەگەڵ شیعر و شیعرییەتدا.

ڕستەی دوور لەم بازنەیە لە شیعردا، دەوری گەیاندنی تەواوی مانا نییە، واتە ڕستەی تێرکراو نین و زیاتر بە ڕستەی «تەواوکەر» پێناسی خۆیان دەکەن و دەبنە ئەو ڕستانەی دەورێکی ناسەرەکی و تەواوکەر ببینن لە شیعردا. هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەو ڕستانە لە پێناوی گەیاندنی مانایە بەرەو ناوەندێکی تر. ئەم جۆرە نووسینەوەیەی شیعر کە لە شیعری کوردیدا زۆر باوە شێوازێکی لاوازکەری زمانە، جۆرێك لە نووسینەکە زیان بە توانای زمانەوانیی شاعیر دەگەیەنێ. ئەمەش شێوازی جیاجیای لە شیعری کوردیدا وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەو شیعرانەی کە مۆرکی شێوازی بنەڕەتییان بەخشینی دەورێکی



(٣٦) نەجات حەمید ئەحمەد

سەرەکییە بە ڕستەیەکی بەهێزی شیعری. شاعیر هەموو ڕستە سەرەتاییەکانی هەموو ڕستە بەراییەکانی نووسین دەخاتە خزمەتی ڕستەی کۆتایی شیعرەوە، کە وەکو ئەوەی هەموو شیعرەکە لە پێناوی ئەو ڕستەیەدا گوتراون.

بێگومان ئەم بەکارهێنانەش چێژو تامی شیعریی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر لەوە ڕزگار دەکا، یان لەو دەورەی ڕزگار دەکا کە ئەو چەندین ڕستەی بەهێز و بەرهەمهێنی شیعرییەت بخاتە زمانی نووسینەوە، کە لەم شیعرەدا شاعیر توانیویەتی کاریگەریی ڕستەی ناوەندی تێکوپێك بداو زۆرترین ڕستەی شیعری بخاتە شیعرەکەیەوە. ئەم جۆرە شێوازە شیعر دەگەیەنێتە ئاستێکی بەهێزی نووسینەوەی، کەوا لە خوێنەر دەکا ئەو لەژێر ڕێژنەیەك لە بارانی ڕستەی گەییوی زمانەوانی – شیعریدا بژێ.

٣- ئەو ڕستانەی مۆرکی «ڕاگەیاندن و درکاندن و بە تراژیدیبوون و دۆزینەوە و دان پێدانان» دەگرنە خۆیان کە هەریەك لەم واتایانەی دەکرێ لە کتێبێکی دیاریکراو لێکۆڵینەوەی جودایان لەسەر بکرێ، بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیمایانە دەوری ڕووکەشی زمانیان دەبینن، دەورێکی بە گشتیکردنی ڕستەی شیعری و پێوەندییان بە گەوهەری ماناوە نییە، بەڵکو زیاتر پێوەندییان بە چۆنێتیی دەربڕینکردن لە ماناوە هەیە کە شاعیر مۆرکێکی دیاریکراوی دەور بەخشین بە ڕستەی شیعری دەبەخشێ و لە ناوەوەش دەورێکی گەورەتر بە ڕستەی شیعری دەبەخشێ کە پێوەندیی بەجیهانبینی و بیرکردنەوەی نووسەرەوە هەیە، ئەو هۆکارانەی وا لە شاعیر دەکەن کە بەو شێوازە، یان بەو چۆنێتییە شیعر بنووسێتەوە. گەورەیی گوشاری مانا و کارتێکراوی و بەسۆزاویبوونە، کە شاعیر لە بارێك لە تەیاربوونی بیرکردنەوەدا دەهێڵێتەوە و بەرەو نووسینەوەی، یان کرداری بە شیعرییەت کردنی ماناو زمانی دەبا. ڕاگەیاندن و درکاندن بەتەواوەتی دەوریان لەو دەرك پێکردنەوەیەی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەو ڕستەیەك بۆ مانەیەك دادەڕێژێ ڕستەیەکی نوێیە و پێش ئەو ڕستە و ئەو مانایە نەگوتراوە، یان هەر هیچ نەبێ بەو شێوەیە نەگوتراوە.

٤- ڕستەی لەم بابەتە وەکو بارێك لەخۆ دۆزینەوەی خود و بردن یان گواستنەوەی خوێنەرە بۆ جیهانی خودیانەی شاعیر کە گەورەترین دەروازە لەبەردەم تێگەیشتن و کرانەوەی زەینی دەکاتەوە. یەکێك لە سیماکانی ئەم کۆشیعرە ئەوەیە کە لە زۆربەی شیعرەکاندا ئەم ڕستانە دەبنە ناوەندی ڕاکێشانی خوێنەر بەرەو شیعرییەت. ئەگەرچی لە هەندێك شوێندا، یان لە هەندێك شیعردا دەرچوونێکی ناسروشتیی

بیرکردنەوە و واڵابوون بەدی دەکەین کەوا لە خوێنەر دەکەن لەنێوان هەردوو باری ژیان لە ماناکان و دەرچوون لە ماناکان لەلایدا ببێتە مەسەلەیەکی ئاسایی، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوون کە دەتوانن بتگوازنەوە شوێنێکی ئایدیالی وا کە لە شوێنی تایبەتی خۆت دەرچییە دەرەوە و بەرجەستەیەك لە ژیانی تایبەت بێنیتە بوونی خۆتەوە. گرینگترین بەرجەستەبوونی ئەو ئایدیالە لەم شیعرانەدا هەر ئەوەیە کە جیهانێکی سەیر لە داکۆکیکردن لە ویژدانی مرۆیی بوون و مەیلێکی بەهێزی خەمخواردن بۆ ئەوەی نەدەبوایە وا بووایە و دەرخستنی هێزێکی گەورەی ڕەوشتیی پاڵپشتکراو بەتراژیدیای ڕووداو، هەموو ئەم سیمایانەش تێکەڵن لەگەڵ بیرکردنەوە و ڕامانی قووڵ و جوانکاری لە سروشت و مرۆڤ و خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی بوونمان.

بێگومان شیعری لەم جۆرە پێویستیی بەگواستنەوەی خێرای مانا و زمان هەیە، پێویستیی بەهەندێك بەرجەستە کردنی بەها ڕەوشتی و مرۆییەکان هەیە کە هەندێك جار لە جیهانی خود دەرت دەکەنە دەرەوە بەبێ داسەپاندن و زۆر لێکردن، کە ئەمەش مۆرکێکی تایبەتی بەهەندێك لەو شیعرانە داوە.

٥- سیمای سەرەکیی ئەم شیعرانە بەرهەمهێنانی شیعرییەتە کە زمان لە گوتن و ئاخاوتنە ئاساییەکان دەردەکاتە دەرەوە و پێناس و سیفەتێکی زمانەوانی و شیعریی نوێیان پێ دەبەخشێ و شیعرییەت گەوهەری تێکشکاندن و بەنائاساییکردنی مانایە لە زماندا کە گۆڕان لە بنیاتی زمانەوانی مانادا دێنێتە کایەوە، بەجۆرێك دەورو کاریگەریکردنە سەریان دەگۆڕێ و دەچنە بارێك لە بنیاتی مانای نوێوە.

ئەم کۆشیعرەش هەروەکو باسمان کرد لە سەرەتادا، لەوەدا سەرکەوتووە کە گۆڕانکاری لە شێوازی خوێندنەوە بێنێتە کایەوە، پاشان گواستنەوەیەك لەبیرکردنەوەدا دروست بکا، بەڵام ناتوانین بەیەك هەناسەی خوێندنەوە و بەیەك ئاست لە خوێندنەوە هەموو شیعرەکان بخوێنینەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە شاعیر دەشێ لەبەر هۆیەکی خودیانە کە باوەڕی پێیەتی بە ئاستێك لە نووسین شیعر نەنووسێت کە ڕستەکانی هەمیشە لە پەیوەستێکی بەردەوامدا بن لەگەڵ حاڵەتی گەڕانەوە بۆ سەرەتایێتی نووسین و بیرکردنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم شیعرانە توانایان هەیە بەرجەستەی ئایدیالێکی خودیانەی تایبەت لە زمان و مانادا بکەن.

## هۆکارە پێشینەکانی
## بنیاتی زمانەوانیی تەبا و ناتەبا لە شیعری ئەسپەکان

دەقی ئەسپەکان کەریم دەشتی شاعیر، یەکێکە لە دەنکە مرواریيە بریسکاوەکانی شیعری نوێی کوردی، ئەویش بەلایەنی دەوڵەمەندیی شێواز و ڕەوانبێژیی هەستە ئازادەکانی شاعیرەوەیە کە لە دەقەکەیدا گەردوونێکی کراوەی وایان بۆ دەکاتەوە، بەتایبەتی لە دەروازەی بیر کردنەوە زۆر خودییەکانیدا، کە بەلایەنی خوێنەرێکی چاکی شیعرەوە، هەستێکی وای لەلادا دروست دەکا کە تێگەیشتن لەو شیعرە بەبێ بەخشینی ئازادییەك لە بیر کردنەوە و تێگەیشتن بە فرە لێکدانەوەیەکی لێك جیاواز وەکو پێویستییەك وایە. ئەمە سروشتی شیعرەکەیە، کە بە پێچەوانەی ئەم ئازادییە بە پاساوکراوە، دەق، هەموو دەقێك هەمیشە لە دۆزینەوەی هۆکار لە نووسینیدا دەگەینە چڕاوگەی بنەڕەتی شیعر و چۆنێتی پێکهاتی ماناکانی، ئەوانی هۆکارە پێشینەکانی نوسینن کە زاڵن بەسەر خودی نووسینەوەدا لە هەر جۆرێکی دیاریکراوی نووسیندا.

لە ڕاستیدا بایەخ دانم بەم دەقە لەو هۆیەشەوە نییە، بەڵکو کارتێکردنی ئەو دەقەیە لە سەر بیرکردنەوەم لە پرسیاری بۆچی شیعر دەخوێنینەوە یا بۆچی دەبێ شیعر بخوێنینەوە "ئەوەی لەو دەقەدا هەستم پێ کرد لەگەڵ خوێندنەوەیدا، کە نۆستالژیایەکی پڕ لە خرۆشان و تێنوێتی بۆ ڕابردوو هەستێکی بەردەوام بەو جیهانە وردو لە دەستچووانەی ڕابردوو کە هێشتا لە دەروونماندا دەژین، کە لە پراکتیك کردنی ئەو هەستەدا ڕابردوو لە جوانکارییەوە سەر دەق دەکەوێ. نەك لە شتێکی تردا، بێگومان شاعیر لە ساتێکی وادا دەژی، هەربۆیە شیعر ئەوەندە ئازاد دەبێ لە گێرەشێوێنی مانا و زەماندا، کە بایەخی زمانی شیعری هەر لەم ئازاد بوونەدا دێتە ڕوو. هەست دەکەم ڕابردوو لەم شیعرەدا ڕابردوویەکی جوانکارییە کە پڕبووە لە قبووڵکردنی توندوتیژی و ناتەبایی و لێکنەگونجانی هەست و شتەکان، لێك دوور کەوتنەوەی جوانی و چێژەکانی، جیا بوونەوەی هەڵوەشانەوەی هەستکردن بە مێژوو وەك زەمەن، ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی تەبایی بوون لە خوێندنەوەی فەلسەفەی جوانکاری و چۆنێتی دەور پێ بەخشینی لە شیعردا.

شیعری ئەسپەکان ڕەوایەتی بوون بە سروشتی شتەکان دەدا هەروەك بڵێی توندوتیژی لە جوانییەوە لەدایك دەبێ، یاخود بە پێچەوانەوە توندوتیژی و جوانی پێکەوە لەدایك دەبن.

بوونێکی داسەپاوی گێرەشێوێنی لە نێوانی شێوە و هەستکردن بە شێوەی شتەکان بە مانای شتەکانی دەوروبەرمان.

ئەمەش بێگومان پرسیار کردنە لە بنیاتە تەباو یەك ئاراستەکانی بوونی شتەکان بە تەنیشت بنیاتە ناتەباو یەك ئاراستەکانی بوونی شتەکانەوە و کاریگەریی پێکەوە بوون و بە یەك بوونی ئەو بنیاتانە لە بیر کردنەوەی شاعیردا.

گرنگیش لەلای شاعیر خولْقاندنی جۆرێك لە مانفێستی ڕازیبوونی ناخەکییە، کە لە ناوەوەی خۆیدا یاخیبوونێکی ماتکراو هەڵدەگرێ بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی سروشت کە خودی خۆی لە سەر پێکەوە بوونی بنیاتە ناتەباکانی بوونەوە هەڵناوە هەستکردن بەوەی تۆ لەنێو زەمەنە جیاوازەکاندا کونجێك بۆ بوونی خۆت دەدۆزیتەوە، هەستکردن بەوەی کە تۆ لە ساتێکدا بە جوانی گرفتار دەبی کە ساتی لە بیرکردنە، جوانییەك دەبینی کە پڕە لە خوێنی ڕژاو، پاساوێك قبووڵ دەکەی بۆ جوانی کە بناغەی فەلسەفییە.

لێرەوە بیرمان بۆ بوونێك دەچێ کە ئارامیی یەك ئاراستە بوونی مانا و هەڵبژاردنی مانای لە دەست داوە. هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ کە چێژ لە پەرتبوونی هەموو تەباییە کەونییەکان وەردەگرێ و بە دڵێکی لێبوردەو تا ڕادەیەك خۆ بەدەستەوە دەرە، لە ژێر باڵی گەشتی ناتەباییبووندا، بەسەر سنووری ئاساییەکانی قەدەغەکردنی باوی ڕۆژانەی تێڕوانیندا تێپەڕ دەبێ بۆ تێگەیشتنێك لە جۆرێکی دیکە، ئەمەش نایەتەدی ئەگەر زمان زمانی شیعری ئەو توانا بەدەرەی تێدا نەبێ کە پەرە بە خۆی بدا لە کرانەوەیەکی گەییوی بەر بەرەڵاکردنی دەربڕین لێکردن.

کە توانای ئەوەی هەبێ لە کرانەوەی خۆیدا جۆرە پەیوەستێکی سەرەوەیی لەگەڵ زمانێکی مامەڵەپێکراوی ڕووکەشی و ئاسایی ئاخاوتن و زمانێکی تری ڕازگر و نهێنیگیر دروست نەکا، بەڵام شاعیر چۆن بەم زمانە گەیشتووە، لێرەدا پێش گواستنەوە بۆ ئەم گرێ شیعرییە، دەڵێین گرفتاری و خۆدانە دەستەوەی گرفتاری لە هۆشیاری و بە ئاگایی بوونێکی ورد و قووڵدا، وایان لە شاعیر کردووە، تەنانەت بەسەر زۆر لە هۆشیاری و بە ئاگایی بوونە قبوولکراوەکانی خودی خۆشیدا تێپەڕبێ.

دەق– ئەسپەکان

نووسەر کەریم دەشتی

سەرچاوە: پیانۆی ڕۆژهەڵات ل١١

## پەیوەستی نێوان بنیاتە تەباو ناتەباکان

بنیاتە تەباکانی دەربڕین لێکردنی زمانی شیعری لە دوولاوە کردارە زمانەوانییەکانی شیعر دەگرنە خۆ: یەکەمیان لە ئازاد کردنیٚ ماناوە (ئازاد کردنی مانا لابردنی هەموو جۆرە لە قالَبدان و لە چوارچێوەگرتنێکی دەسەلاٚتی بە ئاساییکردنی زمانە) ڕستەی شیعری بە کرداری بە شیعرییەت کردنی زمان، هەلّدەستیٚ و هەر لەو گەردوونە ئازادەی دەربڕین لێکردنەوە وشەکان جۆرێك لە بەکارخستنی تایبەتی بە شیعر و بوون دەبەخشن و، ساتەکانی گەشانەوەی مانا بە خۆوە دەگرن و هێزیان لەبەر بلاٚوی ماناوە پێکەوە دەنێن. جوانیی ئەسپەکان جوانییەك نییە لە چوارچێوەی ڕاهاتنی بینین و تێگەیشتنی بە ئاسایی کراوو داسەپاوی ئاخاوتن، جوانییەکان، جوانییەکن دەربڕین لە گەردوونێکی ئازادی سروشتی، پێش بە ڕووداو بوونی شتەکان دەکەن.

ئەگەر شیعرییەت بوونی وشە لە کونجێکەوە یا لە ڕوویەکی دەورەکانییەوە بەرجەستەیەك بیٚ بۆ خولقاندنی بنیاتی ئاسایی زمان. ماناش تێکەلّ بە جۆرێك لەلادانی نەگونجاو و بە ناقالَبکراوی شیعری بیٚ، ئەوا لەهەمان کاتدا شیعرییەت ئاستی دەرچوونی زمانە لە هەموو تەکنیك و فۆرم و مانای بەڕووداو کراو کە دەبنە وەزیفەی شیعری کە هەر کاتێك دەورەکەیان تەواو بوو لە بەرهەمهێنان دەکەون.

بۆ ڕوونکردنەوەی زێتری ئەم بۆچوونە، زمان لە شیعردا لە هەموو کردارە زمانەوانییەکاندا دەورێکی دیاریکراو دەگێڕیٚ، تێگەیشتن لەو ئاستەی کە زمان لەو کردارانە پێی گەیشتووە، لە هەمان کاتدا تێگەیشتنە لە چۆنێتیی گەیاندنی ماناکان لە شێوازی ئاخاوتنەوە، هەروەها چۆنێتی ئەو کاریگەریە سەرەوەیییەی ماناکان لە خوێندنەوەدا، زمانی شیعری قەتاوقەت زمانێکی شیکراوە نابیٚ و ناچێتە ژێر جلّەوی بە قالَبکردنی دیاردە زمانەوانییەکانەوە. ئەگەر زمانی شیعری وەك کەرەستەیەك تێی بڕوانین کە بتوانین لە ڕێگەی دیاردەکانەوە جۆرێك لە یاسای بۆ دانێین، بێگومان ئەو زمانە زمانێکی نائازادی دیسیپلینکراو و بە مەنهەنجکراوە کە زۆر جار کاریگەری کرداری شیعری لە خودی زمان و خودی تێگەیشتن دەردەچنە دەرەوە و جۆرێك لە کاریگەر جیٚ دێلّن کە دەتوانین بەکاریگەریەکی ناکۆنترۆلّکراوی درەوشاوەی ناوبنێن.

کارکردن لە دۆزینەوەی بنیاتە ڕەها و بەرەلاٚکانی زمان گەڕانێکە لەنێو ئەو جۆرە

درەوشانـەوە نـادیسیـپلـینـکراوە، کـاتێك لـەنێو کـۆمـەڵێك لـە مـانـای دژ بـەیـەك بـووی ئـازادکـراوی و وردبـوونـەوەمـان لـە شیـعـری ئـەسپـەکـاندا ڕۆدەچـن، هـەست و چـێژێکی نـاکـۆنـترۆڵکراو بـەلای خـۆیدا ڕامـان دەکێشێ و لـەگـەڵ شاعیـردا بـەرەو ڕووی یـەکـمـان دەکاتەوە و ئێمەش دەبینە بەشێك لە بنیاتنەری زمانی شیعری ئازاد، هەر کاتێك ئەو ڕۆچوونە ئازادە وامان لێ دەکا لە هەستیارییە زۆر خودییەکانمان دەرچینە دەرەوە و لە ئازادییە خودییەکانی بەرامبەردا ئاوێزان بین.

ئەم جۆرە کاریگەربوونە، کاریگەربوونێك نییە لە پشتەوەی دەسەڵاتی داسەپاندنی زانستیی زمانەوانی و زمانی شیعرەوە بەسەر خودی شیعر و خۆ ئازادکردنی شاعیرەوە لە مانادا، بەڵکو ئەم کاریگەرییە، پاش هەموو بە کردارکردنەکانی زمان و چێژ و مانا و خوێندنەوەش دێ و لە هەمان کاتدا دەچێتە پشتەوەی ساتی نووسینەوە و سەرلەنوێ هاوبەشی داڕشتنەوەکانی زمانی شیعر و بنیاتنانی ماناوە دێ.

لەو ساتەی زمان بەتەواوەتی لە وەزیفەی دیاری خۆی دەکەوێ و خۆی لەو لێدانە عەقڵی و فیزیکییە بەتەباییکراوانەدا دەدۆزێتەوە کە ئێمەیان پابەند و کەمەند کراو کرد، ئەوساش خوێندنەوە خۆی لەوێدا ون دەکا، بۆ ماوەیەکی زۆریش لەدوای یەکەمین و سەدەمین خوێندنەوە کونجێکی لەبیر نەکراوی یادەوەریمان دروست دەکا.

بنیاتە تەباکان، ئەو بنیاتانەن کە لە پێناوی پەیوەستێکی بەربڵاوی بنیاتە ڕەهاکانی مـانـادا، کـۆتـایـی بـەبـوونـی خـۆیـان دێنـن. دەوری ئـەو بـنـیـاتـانـە دەورێکی کـاتـیـە لـە خـوێـنـدنـەوەدا، چـونـکـە هـەر ئـەوەنـدە کێشەکـانـی مـانـا لـە خـۆیـاندا دەگرن کـە بـتـوانـن پەیوەستێکی بنیاتنەرانەی پەرەپێدانی زمان و مانا دروست بکەن، ئەوسا زمان لەخۆ کامڵ کردندا دەچێتە ئەو دیوی زمانی ڕووکەشەوە، ئیتر بوون و نەبوونیان یەکسان دەبێ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، بنیاتی تەبای زمان، ئەو تۆڕاویبوونە ڕایەڵیەی نێوان وشەکانە کە ڕستەی شیعری وەك خانەیەکی پەیوەستدار بەبڕگەی شیعریەوەو ئینجا بـەتـەواوی شیـعـرەوە پـەیوەستدار دەکـەن و نـاچـنـە، یـانـاگـەنـە ئـاستـی تێگـەیشتن و چێژ بەخشین، ئەگەر بێتو ئەو پەیوەستانە لە ڕێکخستنی زمانەوانیدا نەگەیەننە ئەو دیوی زمانەوە کە بنیاتی ڕەهای ماناو زمان و تێگەیشتن و چێژ بەخشین و گرفتاری بوون و هەموو جۆرە هەستێکی نادیسیپلین کراویان تێدایە.

لە دەقی ئەسپەکاندا بنیاتی تەبا تەنیا لە دەرخستنی دیاردە بوونییەکانی زماندا کار دەکەن و بەسەر چەند ئاراستەیەکی کردارە زمانەوانییەکاندا دابەش دەبن:

١- بنیاتە زمانەوانییە بنیاتنەرە تەباکان.

٢- بنیاتە زمانەوانییە بنیاتنەرە ناتەبەکان.

٣- بنیاتە زمانەوانییە گونجێنەرەکان.

٤- بنیاتە زمانەوانییە خودییەکان.

بنیاتی تەبا کە ناوەڕۆکی قسە لە سەرکردنمانە، شاعیر وەك تەواوکەرێکی بنیاتەکانی تر دەیخاتە داڕشتنی شیعرییەوە. ئەسپ ناکرێ تەنیا وەك هێمایەك بۆ بوونێکی بەرجەستەیی بەکارخرا بێ. هەروەکو چۆن ناکرێ لە سیفەتێکی فیزیکیی ڕووتەوە، هەموو وردبوونەوەکانی شیعر بخەینە بەر ڕاڤەکردنەوە.

نە زەمەن و نە شوێن و نە ناوەکان، هەڵگری هەستیارییە خودییەکانی تێگەیشتنی شاعیر نین کە لە چوارچێوەی: (جوانی، سەرسامی، گرفتاری، جۆرێك لە ئیرۆسییەت) هەمووزمانی شیعرەکەیان تەنیوەتەوە. هەروەها لە چوارچێوەی ترس و لە هەمان کاتدا یادەوەرییەکی وەحشیگەرانە و پڕ لە سۆزانەدا.

هەموو ئەو ڕەگەزانە لە بنیاتی جیاجیای یەکگرتوو لە ناواخندا و دژ بەیەك لە ڕووکەشدا بەکارخراون، سیفەتێکی تایبەت بەزمان دەبەخشن کە ئەویش زمانێکی دینامیکی و بزوێنەرە و یەکێتییەکی زمانەوانیی هەڵخەڵەتێنەر لە سەرەوەی دەقدا پێك دێنن، لەو کاتەی هەر لەم شێوازەی دەربڕینی خوێنەر، بەلای تێگەیشتن لە ئەسپەوە دەبەن وەك هێمایەك بۆ ژیان/ یا جەنگاوەرێکی مێژوویی یا ئافرەت، بەڵام هیچ یەکێك لەو هێمایانە کلیلی تێگەیشتن نین لە دەق.

کە پڕە لە ڕستەیەکی زۆری دەلالەتکردن لە جوانیی ئەو بوونەوەرە ئەو پرسیارەشمان لەلادا دروست دەبێ کە ئەسپ هێمای بوونێکی بەرجەستەیی نییە و بەڵکو هێمای یا ڕەگەزێکی بەکارخراوی شیعرییە کە فەلسەفەی بوون لەخۆ دەگرێ: (ئەسپ لە بێشەڵانی جوانانە وە هاتوون- عەتری ماچیان لێ دەتکێ- بژیان درێژ توولە ماری ڕێیە- حۆرین- پەرین- چاویان گەورە- ژیکەڵەن- سینەیان پڕە لە ئاگری ئەوین- چەند بڵێی جوانن- مەرجانی ڕژاوی زەوین- ڕوومەتیان وەنەوشە- دەریایان وەخرۆش دێنن- باڵایان لاولاوە- عەگیدن- سورخن- کەحێلن- جوانن لە بەهەشتەوە هاتوون)

لەباری ڕووکەشی ماناوە، ئەم ڕستە وەسفییانە گەوهەری یا کرۆکی تەباییکردنەکانی زمانی شیعرین و خوێنەر وەکو خۆیان شێوازێك لە ئاسایی بوونیان لێوە وەردەگرێ لە

زماندا، هەروەك دەشبینین، وەسفەکان هەموو ڕەگەزێکی مرۆیی و سروشتی و تەباییان لەخۆ گرتووە و هەر لەنێو ئەو وەسفانەدا پێك گەیەنەرەوەی ماناکان دەگۆڕنەوە و سنوورێك نییە لەنێوان بوونەوەرە سروشتییەکان کە تایبەتمەندێتی وەسف بگرنە خۆیان.

هەموو وەسفەکان لەژێر جڵەوی بەگرفتاریبوون و هەستە غەریبەکاندا دێن و دەچن، نۆستالژیایەك بۆ ڕابردوو، هیوایەك لەبێ ئومێدبوون، لەگەڵ ئەمانەشدا بنیاتە تەباکانی ئەم جوانکارییانەی کە پڕن لە لادانی زمانەوانیی گوماناوی و دوودڵی، هەموو کاتێك لە سنووری جوانکاریی هەڵبژاردنی وشە و ڕستەوە دەپەڕێتەوە بۆ فانتازیا، بەم جۆرە ئەسپ و شێوە فیزیۆنۆمی و مانەویەکەی لە جوانییەوە بەرەو مانای تر دەچێ:

لە بێشەڵانی جوانانەوە هاتوون.... جوانی و هێز

عەتری ماچیان لێ دەتکێ.... جوانی و ئیرۆسیەت

بژیان درێژ توولەماری ڕێیە... جوانی و ترس

سینەیان پڕە لە ئاگری ئەدەین..... جوانی و تاسانی عاشقان

هەروەك دەبینین ئەم بنیاتانەی مانای جوانیان بەرهەم هێناوە، تەبان لەگەڵ وەسفە ڕاستەوخۆکاندا، لە پشتەوەی بنیاتی ڕووکەشی خۆیاندا بنیاتی ڕووکەشی دووسەرەیی تر دەنوێنن کە جوانی وەك تاقە ناوەندێکی بەرهەمهێنان مانا تێکوپێك دەدرێ و کارکردن لە مانا لە سنووری ڕاستەوخۆییەوە دەگواسترێتەوە بۆ سنوورێکی تر، بۆ ئەو دیوی تەباییە بەراییەکان.

ئەم جۆرە بەکارهێنانانەی مانا ناتوانین تەنیا لە گۆشەی لادانی زمانەوانییەوە، هەروەها لە چوارچێوەی شیعرییەتێکی نابنیاتداری دووسەرەوە بەهۆیانەوە بگەینە هیچ سنوورێکی دیاریکراو لە گەیشتن بە گەوهەری شیعرییەت. زمان و لێکدانەوەی پیت و وشە و ڕستە و بڕگە و دەق بەگشتی بەهەموو ڕووە زمانییەکانیانەوە، بەدەرنین لە گۆڕانکاری و پەیوەست بوونێکی ناسەنتەریی زمان بەمانا سەرجەمگیرییەکانی دەقەوە، تەنانەت گۆڕانی سروشتی و باوی ماناکانی وشەش بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بەناوەندیکردنێکی جیاوازبوون لە وەسفەکان و دانە پاڵی هەر بوونێکی بەرجەستەیی و فیزیۆنۆمییەوە، بەڵکو ئەو میکانیزمە ئاڵوگۆڕکارەی کە هێزی گۆڕانی خۆی لە پەیوەستبوونی بەتوانای بنیاتە ئازادەکانی بیرکردنەوەوە دەردەخەن زمان هەموو کات ناچێتە چوارچێوەی یاسای زمانەوانییەوە بەداماڵدراوی نەبێ لە بنیاتی بیرکردنەوە پێش وەختەکان. زمان

خۆی خۆڵقێندراوێکی پەیوەستبوون و بیرکردنەوەیە، سیحری زمان کارکردنیەتی لە مانا هورووژم بەرەکانی بیرکردنەوە پێش وەختییەکان.

هەروەکو دەشبینین، کرداره زمانەوانییەکان لێرەدا هەموو بایەخێکی بنیاتنەرانەیان لەدەست دەدەن هەر کاتێك، ویستمان ڕستە ڕاگەیەندراو و مانا ئاساییەکان، وەکو خۆیان وەربگرین و تارمایی کاریگەرە دەرەکییەکانی زمانیان لێ دوور خەینەوە کە بە جارێك زمان دەکەنە بارهەڵگری گومان و ترس و ڕاڕایی و هێزی نەبینراوو نۆستالژیاوە، خورتن، وەسفێکە گرێداروێکی ناڕاستەخۆی توولەماری ڕێ و خرۆش هێنەری دەریان چاویان گەورە بەجیا لە جوانیی باوی گەورەیی چاو/ پەیوەستن بە گەورەیی گرفتاریبوون بەنادەستەمۆییەوە. هەروەها بەجوانیی کێوی بوون و وەحشیەتگەرییەوە/ ژیکەڵە پەیوەستە بە عەشقێکی سۆفیگەرانە و خود بەخودییەوە، لێرەشدا دەگەینە چەند سەرەداوێك لە کرداری بنیاتنەرانەی شیعریەتەوە:

١- بنیاتی تەبا لە حاڵەتی بزووتن و گۆڕانکاری هێنان بەسەر خۆیدا لە بۆتەی کارکردن بۆ بنیاتێکی کامڵ تر و ئازادتری زمان/ بەرەو بارێکی تایبەت لە مانا دەچێ، کە دەرکردنی ئەو مانایە لە زمان/ زمان دەورو وەزیفەی تری دەبێ. مەبەست «لێرەدا مانا تەنیا مانای وشە و جڵەوگیریی هێماکارانە نییە، بەقەد ئەوەی مەبەست لە مانا لێرەدا، بەتەواوەتی ئەو کاریگەربوون و ئیلهام بەخشەیە کە لە دوای خوێندنەوەدا خۆی بنیات دەنات» بنیاتی تەبا لە بارێکی ناوەندێتی زمانەوە بەرەو بارێکی ناسەپێندراو و ناکۆنترۆڵکراو دەچێ. هەرچەندە ئەو بنیاتە گەیەنەرێکی ئاڵوگۆڕکاری نەچەسپاوە. هەر بۆیە لە دەربڕین لێکردندا دەیەوێ وشەو ڕستەکان تەنیا لەم دەورە کاریگەربوونەدا بوونیان هەبێ.

٢- سەرجەمی دەورەکانی بنیاتی تەبا لە ڕێکخستنی شیعریدا پێکەوەنانی بنیاتێکی ڕووکەشی دووسەرەیە کە نابێتە گەوهەری یا لە خۆگری ئەو هۆکارانەی نووسین کەوایان کرد شاعیر بەم شێوەیە دەربڕین لە حاڵەتی شیعری و کرداری شیعریی خۆی بکا و بەشێوەیەکی زانراو و دیاریکراودا، دەوری بنیاتی ڕووکەش لەوێدایە کە تواناکانی زمان بخاتە باری دەرهاوێشتنی تواناو هێزی کاریگەرە دەرەکییەکانی زمان و شیعرەوە کە دەچنە پشتەوەی هەر کردارێکی نێو خودی زمانەوە، لەم لایەنەشەوە ئەم جۆرە داڕشتنە شیعرییە نایەتەدی ئەگەر بێتو شاعیر تەنیا لە چوارچێوەی وەزیفە زمانییەکاندا بڕوانێتە شیعر.

٣- بنیاتی تەبا هەر کاتێ لە دەوری بەکێشەکردنی زمانی شیعری بکەوێ، بایەخی خۆی لە دەست دەدا و هەموو بنیاتە بەزمان هێنراوەکانی بیرکردنەوە بەسادەیی خۆیان دەمێننەوە واتە بنیاتی تەبا ئەو کاتە پەیوەستەکانی لە کرداری بەیەك گەیشتنەوە و کارلێکی بنیاتنەرانە لە دەقدا دیاری دەکا، کاتێك ئەو پەیویستە بنیاتنەر دەبێتە هۆکارێك بۆ لێکنەترازانی ڕایەڵەکانی بیرکردنەوە لە یەکتری، لە دەقی ئەسپەکاندا زمان لە هەردوو بنیاتە ڕووکەش و ڕەها دووسەرەکەیدا بەشێواز و زمانێکی هاوتەریب پەرەدەسێنێ، بەبێ ئەوەی تەنانەت نەك لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر، بەڵکو لە ڕستەو پەرەگرافێکەوە بۆ ئەوی تر، وەك ڕووبارێك لە زمان و بیرکردنەوەی وردەکارانە داڕشتن بەبێ لق و ئاوبڕ ڕۆدەچێ. شاعیر لە ساتەوەختی شەیدابووندایە بەدوای ئەو ئازارانەی گەیشتنەکان دەبنە مێژوویەك بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەست و ڕوانین هەموو ئەو مەسخبوونە ناتەباییانەی لە بووندا هەن، لێرەوە گرینگیی هۆکارەکانی نووسین دەکەوێتە سەرەوەی هەموو ئەو بنیاتە ڕووکەشانەوە کە خوێنەر حەز دەکا لە ڕێگەیانەوە تێگەیشتنی خۆی تەواوکا لە کاری خوێندنەوە.

هەر ئەو هۆکارانەشن وا دەکەن دەقی ئەسپەکان بە تەنیا خوێندنەوەیەك کۆتایی بە گرێکانی خۆی نەهێنێ لەو کێشانەی هەڵی دەگرن/ بنیاتی تەبا لە دەقدا دەوری گواستنەوەی تێڕوانینمان دەبینێ لە تێگەیشتنێکی نابنیاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی بنیاتدار، کاتێك لە خوێندنەوە و پرسیاری کێشەکانی دەقدا هەست دەکەین چووینەتە گەردوونێکەوە کە ناچارین بە هەموو ئەو تێڕوانین و بیرکردنەوە ئاساییەمانەوە بچینەوە و بڵێین دەشێ تەباییبوون لە گەردووندا بناغەکەی ناتەباییبوون بێ لەو کاتەی دەشێ بەڵێ دەشێ جوانی و توندوتیژی و هێزی کوشتن پێکەوە لە بوونەوەرێکی هێما بۆ کراودا بەدی بکەین و بوون سیفەتی دوو سەرەی قبووڵکراو و قبووڵنەکراوی هەبێ.

**بنیاتە ناتەباکانی دەق**

زۆرن ئەو ڕستانەی خۆدانە دەستەوەی ئێمە بە تەباییبوون و ڕازیبوونمان بەیەك ئاراستەی خوێندنەوە و تێگەیشتنمان ڕەت دەکەنەوە و پەنجەرەی ترمان لەبەردەم دەکەنەوە کە پاش ئەوەی چاومان بڕییە زەوی دووبارە چاو بگێڕینەوە ئاسمان ئەمەیە هێزی شیعریەت لەو کاتەی داڕشتنی زمانەوانیانە و فەلسەفییانەی شیعر دەتگەیەنێتە حاڵەتی دەستبەرداری نەبوون لەو پرسیارانەی کە ئاماژە و بەڵگەیەکن بۆ لەنگی و ناتەباییبوونی شتەکان لە گەردووندا.

بنیاتە ناتەباکان ئەو بنیاتانەن کە لە ڕووکەشدا ناتەبان لە مانادا و لە زمانی نووسینیشدا وەکو وەسفی دژ بەیەك لە خوێندنەوەدا دەکەونە بەرچاو لەم دەورەشیاندا هەروەك بنیاتە تەباکان وان، بەڵام لە گەوهەردا  ئەو ناتەبایی بوونانە نابنە هۆی لێکترازانی ماناکانی دەق و بیرکردنەوەی شاعیر، بەڵکو ئەم ناتەباییبوونانەش ڕەگەزێکن لە کرۆکە فەلسەفییەکانی شیعرییەت کە خۆی لە مەسەلە گەردوونیەکانی بوون دەدا و هەر لە گەوهەریشدا لەگەڵ بنیاتە تەباکاندا یەك دەگرنەوە و یەك ئاراستەیان هەیە و ئاراستەی سەرەکیشیان کامڵکردنی ڕەگەزە بنیاتنەر و دووسەرەییەکانی دەقە لە پێکهێنانی بنیاتی ڕەهای دەق.

هەر بۆیە شاعیر زۆر جار لە کاریگەریبوونە خودییەکانیدا ئەوەندە بە تەوژمی بیرکردنەوە و هاوسۆزیبوون دەکەوێ کە هەندێك جار بەبێ ئەوەی دەرك بەخۆشی بکا. هەست بەجیابوونەوەیەکی وەسفییانە ناکا لە دەقەکەیدا، چونکە لە بناغەوە بیرکردنەوەی هوروژومهێنەر و زاڵ بەسەر زمانی شیعرییدا وای لێ دەکا، بەتەواوەتی باوەڕی بەوە هەبێ کە ئەو بەکارێکی زمانەوانیی وا هەڵدەستێ کە پێچەوانە نییە لەگەڵ هەوڵەکانی ئەو لە بنیاتنانی بنیاتێکی شاراوەی پڕ لە ژیان و گومان و لە هەمان کاتدا حەسانەوەی دەروونی.

ئەم جۆرە بەیەکداهاتنەی دەق وامان لێ دەکەن یا بەناچاری دەمانبەنەوە سەر هۆکاری نووسین، ئەو دەروازە ڕەخنەییەی کە ڕێ نیشاندەرێکە بۆ زانینی چۆنێتی بیرکردنەوەی شاعیر و ڕوونبوونەوەی هۆکاری بیرکردنەوە بەو شێوەیە.

ڕوون و ئاشکرایە، شاعیر لە پێش کرداری نووسیندا لە حاڵەتێکی سۆفیگەرانەی بێگەردەوە بیر دەکاتەوە، یاخود بیری دەکردەوە، لە ساتە وەختێکدا کە بیر کردنەوە لە دژ بەیەکییەکانی نێو خودی بوون و دووسەرەییبوونەکانی. ئەمەش وای لێ دەکا بگاتە ئەو باوەڕەی کێشەی بوون لە ناخەوە کێشەیەکە تۆوی دووسەرەییبوونێکی دژ بەیەك لە خۆیدا هەڵگرێ، لەو کاتەی ئەو دووسەرەییبوونە ئەوەندە ڕەگاژۆیە لە بوونی شتەکاندا، ئەوەندە بووە بەمێژوویەکی ڕەگداکوتاو ئیتر لەوێوە ئەو باوەڕەی لەلادا دروست دەبێ کە بوونی هارمۆنیادار و تەباو گونجاو لە نێوان شتەکاندا تەنیا ئەفسانەیەکی خەیاڵی مرۆڤە کە وەك یوتۆپیایەکی پاڵەوانێتیی خودیانەدا دەیخاتە واقیعێکی نوقوم بوو لە دژ بەیەکییەوە.

لێرەوە ئەوپەڕی جوانییەکان. ئەوپەڕی بەهەشتییەکان ڕاهاتوون بەکوشتن ئەوپەڕی

جوانیبەخش و هارمۆنیابەخشە پڕ تەباییەکانی (ئەسپ) ئەوپەڕی ڕژانی خوێن و مردنە. ئەم وێنە فەلسەفییە زمانەوانییە، وێنەیەکی هاوشێوەییە لەگەڵ بوونە فیکری و فەلسەفییەکانی تری بوون.

کە بەرجەستەترین نموونەش پێکهاتی عەقڵیی مرۆڤە کە بەدەیەها گۆڕانکاریی دژ بەیەك و لە هەمان کاتدا لەیەك قۆناغی ژیانیشدا بەدەیان شێوازی بیرکردنەوەی دژ بەیەك لە خۆیدا هەڵدەگرێ.

بۆچوونەوە سەری ئەو بنیاتە ڕووکەشە ئەم نموونانە دێنینەوە:

– ئەسپەکان لە گزیر کوشتن ڕاهاتوون.

– برووسك داوێن.

– دڵیان بچووك– چاویان کز– سەریان نەوی.

– دڵیان بچووك جێی هیچی تیا نابێتەوە.

– لە بن سینەیاندا ڕمی ڕق ژەهری مەرگیان شاردووەتەوە.

– چەند دڵڕەقن دەڵێی لە دۆزەخەوە هاتوون.

بڕوانە ئەم بەراورد کردنانەی لەنێوانی بنیاتی تەباو ناتەبا.

| بنیاتی تەبا | بنیاتی ناتەبا |
|---|---|
| ئەسپەکان | |
| لە گزیر کوشتن و راهاتوون برووسکان داوێن دڵیان بچووك چاویان کز– سەریان نەوی ڕمی ڕق– ژەهری مەرگیان شاردۆتەوە | حۆرین پەرین ژیکەڵەن– ڕوومەتیان وەنەوشە شەرابی هەزارساڵەی شەوین چاویان گەورە جوانن لە بەهەشتەوە هاتوون |

لەم جۆرە بنیاتانەدا: دەرەنجامی پێکداهاتنی زمان و مانا لە کرۆکێکی فەلسەفیی بیرکردنەوەدا، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە چ بوونێك، چ بیرێکی فەلسەفی، چ بنیاتێکی ڕەهاو ئازاد دەتوانێ ئەم جۆرە پێکدا هاتنە لە خۆی بگرێ:

دڵڕەقی و کوشتن و دڵبچووکی و هەڵگری ژەهری مردن، ئاماژە گەلێکن بۆ بوونێکی تر کە وەك حۆرییە و وەك پەرییە، ژیکەڵە و ڕوومەتی وەنەوشەییە و لە بەهەشتەوە هاتوو، هەرچەندە لە توندوتیژیدا دەڵێی لە دۆزەخەوە هاتوو.

ئەم وێنەیە لە نێو بانگەواز و شێوە و خۆ دەرخستنە جیاوازەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە لەسەر ئەم زەوییە، هەروەها وێنەی مرۆڤ و گەردوون و مرۆڤ و باوەڕ مرۆڤ و خودی خۆیەتی، ئەم وێنەیە لەنێو پرەنسیپ و ناماقوولییەکانی بووندایە. ئەمەیە گەوهەری بیری تەباییبوون و ناتەباییبوون لە چیرۆکی مرۆڤ و زەوی و گەردووندا.

بەڵام ئەم بیرە بناغەییە ئەم ڕەگەزە پێکهێنەرەی بنیاتی ڕەهای دەق، سیمایەکی یا ڕوویەکی گشتییە و دەق لە خۆیدا چەند لایەنێکی تری کێشەکان دەگرێتە خۆ:

١- شاعیر لەساتی پێکداهاتنی دژ بەیەکیەکانی بووندا دەژی، لەناخەوە هەراسان دەبێ و شەکەت و ماندوو دەبێ، دەستبەرداری یاخیبوونەکان دەبێ تەنیا لەو ساتەدا دەژی کە دەشێ گرفتاری و دژ بەیەکیبوونەکانی سیمایەکی جوانکارییان لێ دایك بێ کە وەك ڕزگارکەرێکی وەهمی ناخی دەگرێتەوە. بەڵێ بوون دووسەرەیە ئەو دەستبەرداری ئەو کێشەیە دەبێ لەو کاتەی ناتوانێ بەسەر هیچ کانیاوێکی سازگاری بیرکردنەوەی یەك سەرەدا، یەك ڕوو و یەك بووندا هیچ بیرێکی سارێژکەرەوەی بێ کێشەی ئازاربەخش بدۆزێتەوە، هەر بۆیە ئەو لە سنووری ژیان لەگەڵ واقیعدایە.

٢- دژبەیەکیبوون بەلایەنی شاعیرەوە ڕەهەندێکی مانەوەیە لە گرفتارییبووندا.

کە هەڵگری سیفەتی ناهۆشیارییە بەقبوولکردن بەژیان لە نەبووندا، هەرچەندە جوانی سیفەتێکی سەرمەدییانەی هەیە، بەڵام ئەم جوانییە سەرمەدییەش جوانییەکە لەدایکبووی گەردوونێکی توندوتیژە.

٣- پێکداهاتنی بنیاتە تەبا و ناتەباکانی گەڕانی شاعیر بەدوای هاوتەریب کردنێکی تری دژ بە یەکییەکانی بوون کە نۆستالژیاو گرفتاری بوون و قبوولکردنی قبووڵنەکراوەکان بناغەکەیەتی.

**بنیاتە زمانەوانیە گونجێنەرەکان**

گەڕان بەدوای ئەو بنیاتە فەلسەفییانەی کە هاوکەسیبوونێکی گونجێنەر دەخەنە نێوان هەردوو بنیاتی دژبەیەکی دەقەوە، بنیاتێك کە بۆی هەبێ هەواڵەکانی شاعیر لە تێگەیشتن لە دابڕانێك کە قەدەری ئەم گەردوونە بخاتە بەر پرسیاری بێ وەڵامەوە لە ڕاستیدا هەر زوو دەچینەوە سەر دابڕانێکی چارەسەر نەکراوی بنیاتەکانی بیرکردنەوە کە سنوورێك لە نێوان تێگەیشتنی شاعیر لەو دژ بەیەکییانە و دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بۆ ناتەبایی و تەبایی بووندا قیت دەبێتەوە. هەموو ئەم هەناسە زمانەوانیانەی کە دێنە

سەرەوەی دەق لە نائومێدی و خەمێکی خودیانەوە هەڵدەقوڵێن. شاعیر لە هەوڵدایە بۆ خۆگەیاندن بەو بەهەشتە بوونیەی هەموو گرفتارییەکانی چێژیان پێیە، بەڵام لە ساتەوەختی نزیکبوونەوە لەم گەردوونە بوونییە هەست بەدابڕانێکی یەکجارەکی دەکا و هەر لەوێوەش ئەم وێنەیەی نائومێدی شاعیر وەك بنیاتێکی زمانەوانیی گونجێنەر دەکەوێتەوە. بۆ نموونە شاعیر لە پانتایی تێگەیشتن ڕەت دەکاتەوە، کە پڕە لە جوانیی وەحشیگەر و کێوی و پڕە لە سروشتی توندوتیژی نائومێدی شاعیر لەوێوەیە کە ناتوانێ هیچ یەکگرتنەوەیەکی یەکسان بخولقێنێ و پەیوەستێکی بنیاتنەرانە پێکەوە بنێ، ئەوجا بیر لە بەیەکگەیشتنەوەیەك دەکا کە لە خەیاڵێکی فانتازی و فەلسەفیدا دێتەدی.

بەرامبەر (دڵی بچووکە) نەسۆز و ئەوین و نەچێژ و نە خۆشەویستی و عەشق قبووڵ ناکا بەرامبەر چەندین گزیری گرفتار خەڵتانی خوێن دەکاو گوێ بە بەهای ژیان و مردن نادا بەرامبەر چاوی کزە و سیمای عەشق ناخوێنێتەوە، بەڵام بەرامبەر کە ئامێزی لێت دا لێت نابێتەوە و سورخن و کەحێلن، ڕوومەتیان وەنەوشەییە و وەکو مەرجانن و شەرابی سەد ساڵی شەوین و پڕن لە جوانی و گرفتاریکردن.

زمانی شیعری کردارێکی میکانیزمانەی ڕەوانبێژی و ڕێزمانی نییە، زمان ئەو کاتە دەبێتە کردارێکی شیعری، کە بتوانێ بەسەر هەموو لە چوارچێوە گرتن و یاسا و ڕێساکانی زمانەوانی دەرچێتە دەرەوە و ڕێزمانی شیعر بخولقێنێ، ڕێزمانی شیعر ئەو ڕێزمانەیە کە ڕەگەزەکانی بریتین لە تواناکانی ئاخاوتن کە بەشیعرییەت کراوە، لە چوارچێوەی نەزمێکی هەڵکشاو و داکشاوی زاڵبوون بەسەر خودی دەسەڵاتی زماندا لە دەق، لە شێوەی کرانەوەی بەردەوام لە خولقاندنی مانا و لە هارمۆنیاکردنی مانا لە شێوازێکی ئاهەنگاویی وشەکاندا و چۆنێتی شوێنکردنەوەیان، هەر ئەمەشە وادەکا زمانی شیعری گەییو، زمانێکی فەلسەفی بێ.

لە چوارچێوەی بەشیعرییەتبووندا کە زۆرینەی کات زمانێکی ناڕاستەوخۆیە، شیعری ئەسپەکان بەزمانێك داڕێژراوە کە هەر خودی زمانەکە ناچارت دەکا زمانێکی تری ئاخاوتنی بۆ بدۆزێتەوە. ئەو زمانەی وەك دەرەنجام و کارلێککردن دێتە زەینەوە و لەنێوان دوو سنووری لێکترازاوی بوون، لەنێوان دوو جیهان کە هەریەکە و خاوەنی ئایدیالی خۆیەتی، خاوەنی فەلسەفەی ژیانی خۆیەتی، هەروەکو چۆن بەرامبەر هەڵگری سیفەتی ڕەوشتی و فیزیۆنۆمیی دوو سەرەیە. شاعیریش لە کۆتاییدا بەهیوای بەیەکگەیشتنەوەیەکی تری دابەش دەبێ و دوو سەرە دەبێ لە بیرکردنەوە و

تێڕوانینەکانی بۆ بەرامبەر، چونکە هەر لەوێوە دەتوانێ جیهانێکی دوو سەرەی ئاراستە جیاواز و دژ بەیەك بەرامبەر بکاتەوە لەگەڵ جیهانی خۆی کە دەبێ دووسەرە و ئاراستە جیاوازی دژ بەیەك بێ. شاعیر بچووکترین ڕوونکردنەوە بەم دوو سەرەییبوونەی هەردوولا لە شێوەی نارەزایی دەرنابڕێ. شاعیر لەگەڵ بەمێژووکردنی سیفەتەکانی بەرامبەرداو لەهەمان کاتدا دەچێتە نێو جیهانێکەوە کە پێی گرفتارە و خۆشی دەوێ و پێی سەرسامە ئەمەش هاوسۆزیبوونێکی گەورە و ئارەزوویەکی گەورەیە بۆ ڕێگەیەك، دەروازەیەك کە بیگەیێنێتە بەرامبەر هەرچەندە هیچ ڕستەیەکمان پێ نابەخشێ بۆ دەربڕینکردن لەم نیازە کپ بووە کە نازانین تا چەندێکیش شاعیر لەگەڵ ئەم گرفتارییبوونەیدا دەچێ، بەڵام ئاشکرایە وەسفە ناتەباکان هەموو سیفەتی سەرسامی و بەدڵبوون و خۆشەویستی و گرفتاری و ڕاگەیاندنی هەستن و تەنانەت یەك وشەش ڕەت کردنەوەی بەرامبەر دەرناخاو هەموو سیفەتە دژ بەیەکەکان لەیەك بۆتەی سەرسامی بوون و عەشقدا دەربڕینیان لێ کراوە.

لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بوونەوەرە لە مانا فەلسەفییەکەیدا، بوونەوەرێك نییە بە داوونەریت ئاسایی و ڕۆژانە توندوتیژی دەرنجا و بوونەوەرێك نییە باوەڕی بە کوشتن و لەناوبردنی ئەوی تر هەبێ، هەموو سیفەتە تەباکانی دەق بۆ ئەم بوونەوەرە سیفەتێکن کە لە سروشتی ڕامکردن وماڵیکردندا دەردەچن. سیفەتێك دەشێ ئێمەی مرۆڤ کە بەهەموو داوونەریت و چۆنێتیی ڕەفتار کردنمانەوە دەمانەوێ پێی بگەین، هەست دەکەین هێشتا ئەو زۆر لێمان دوورە و نایگەینێ و زۆر جیاوازین، جیاوازبوون لەنێوان کۆمەڵە ئایدیالێکی لێکتر ترازاو لەهەمان کاتدا هۆشیارییەکە بۆ خودی مرۆڤ کە دەشێ لە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەیدا سروشتی پەیوەست و بۆچوونەکانی بگۆڕدرێن... بەم پێیە هەموو دروستکردن و بنیاتنانی پەیوەستەکانی بەوی دییەوە چاوپۆشی و دەستبەرداری بوون لە هەندێك لە ئایدیالە خودییەکانی دەکاتە ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن و لێکتر نزیکبوونەوە لەوی دی. هەر ئەمەشە وا دەکا زۆر لە تراژیدیاکانی مرۆڤ لە قبووڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەکانەوە لە دایك بێ و هێدی هێدی لێکترازانێکی چارەسەر نەکراو بکەوێتە هەوڵەکانییەوە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا.

## بنیاتە زمانەوانییە خودییەکان

پرسیاری زمانی کەسی یەکەم کە ئاخاوتن ئاراستە دەکا لە شیعری ئەسپەکان، پرسیارێکی بناغەییە، لەو کاتەی شاعیر هەموو بەکارهێنانێکی ڕاناوی یەکەمی کەسی لە دەربڕین لێکردن دوور دەخاتەوە و تەنیا و تەنیا زمانێکی ناڕاستەوخۆی بەشیعرییەتکراو ئاراستەی بەرامبەرەکەی دەکا، هێزی شیعرییەت لەو حەسرەتە گەورەیە و لەو تامەزرۆییە گەورەیەوە سەرهەڵدەدات کە جوانییەکان لەیەك جیاوازن و ناگەنەوە بەیەك. سروشت بەم جۆرە خستیانییە بوونەوە و بوونیش هەر بەم جۆرەی خستنیە سروشتەوە، شیعر یەك پارچە ئارەزووی ماتبوون و کپ کراوە، یەك پارچە هیوای شاردراوەیە بۆ بەیەکگەیشتنەوەیەك کە ئەوەندە مەحاڵە شاعیر بەیەك ڕستەش ناتوانێ دەربڕین لەو ئارەزووەی بکا.

ئەمەیە زمانی شاراوەی بنیاتی دەق، کە لەسەر بناغەی بنیاتێکی زمانەوانیی خودیانە دامەزراوە و ڕەگەز و وشە و ڕستەکانی بزرن لە دەقدا، گرنگیش لێرەدا ئەوەیە، ئەسپەکان هێمان بۆ هەموو ئەو بوونەوەرە جوانانەی کە مرۆڤ هەرچەندە لە تێگەیشتنی قووڵ بێتەوە ئەوەندەش لە جیاوازییەکانی نزیك دەبێتەوە و بەمەش ئارەزووی بەیەکگەیشتنەوەی دەبێتە قوربانی لێکتر گەیشتنێك کە پڕە لە خۆشەویستی و لێ بوردن و قەبووڵ کردن، هەر ئەم هێمایەش گرێی سەرەکیی بنیاتە زمانەوانییە خودییە بزرو ناڕاستەوخۆکانە هونەری بەشیعریەتکردنی دەربڕین لێکردن بەکاردێنێ. ئەو هونەرە زمانەوانیەی کە بەهێز و شەپۆلێکی هەستیاری بەرزد بەرەو ناوەڕۆکەکەی دەچێ. ئەو دەیەوێ لە سەرەتاوە باوەڕمان پێ بێنێ کە دەشێ لە پێناوی تێگەیشتن لە جوانیی شتەکان خۆمان ئازادکەین لە هەموو دەسەڵاتێکی بەموڵکایەتیکردنی خود و خودەکانی بەرامبەر، بەتەواوەتی ئەم ڕێچکەیە گرتنەبەری زمانێکی بەدیموکراتیزە کراوی مرۆڤایەتییانەیە کە ناتوانێ ڕێگە بەخۆی نەدا پاساوبۆ ڕەتکردنەوەیەك بێنێتەوە کە لەسەر باوەڕ و ئایدیالە خودییە بەرجەستە کراوەکان دامەزرابێ هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە دەبێ لە یەکتر گەیشتن یا لە پێناوی لە یەکتر گەیشتن دەبێ، لە کەشێکی فەلسەفییانە و میتۆلۆژیدا خود بکەینە قوربانیی خودی تێگەیشتن و خوێندنەوەی بەرامبەرەکان بەمەش ئەسپ تەنیا هێمایەك نابێ بۆ ئەو ئافرەتە ناشاری و کێویلکانەی لەنێو سروشتێکی توندوتیژ و بەڵام ئازاد وەك پۆلێك لە گوڵە سوورەی نیسان بەڕەوی و بە کۆمەڵ، دەبنە

تابلۆیەکی جوانکاری، ئەسپ بە تەنیا نابێتە هێمایەك بۆ ئەو کۆمەڵە ئەستێرانەی وەك بووکی بەرگ سپی لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە. چونکە ئەو بیرە فەلسەفییەی کە ئەم ناوەندێتییە هێماکارەی لەسەر دامەزراوە، لەسەر بیری جیاوازی بوونی بیر و جوانییەکانە، لەسەر خۆ ئازاد کردن و بەربەرەڵاکردنی خودە، لەسەر بەزەیی و خۆشەویستیی خودە بەرامبەر بەبوونە جوان و لەهەمان کاتدا توندوتیژە سروشتییەکانە، کە لە بووندا بەم جۆرانە بەردەوامی بەخۆیان دەدەن. هەر بۆیە زمانی خودیانەی شاعیر لەنێو ئەم کەشە بەقوربانیکراوانەدا بزر دەبێ و دەستمان دەگرێ و پێمان دەڵێ گەر بمانەوێ بچینە گەردوونی جوانییەکانەوە دەبێ خۆمان لەو ئایدیالە چەسپاوانەی بیرکردنەوە ئازادکەین کە ڕۆژانە گوشار دەخەنە سەر بیرکردنەوەمان و ڕۆژانە پەلکێشی ڕازیبوونمان دەکەن بەو بیرانەی کە ئێمەی لەسەر ڕادەهێنن.

**ئەبستراکتی زات لە کلۆ بەفرێکدا**

**پەرتبوونی ناخ لە پسانی ملوانکەی عەشقێکدا**

لە یەکەم هێڵی جودابوونەوە لە نێوان شەو و ڕۆژدا، لەدوا وشەدا، دوا هەناسەی نێوان مردن و ژیاندا، لە پەرتبوونی هەموو مەدلوولە سواوەکانی بووندا، لەسەر دوا نیشانەی سنوورەکانی جوگرافیادا، لە بێهوودەیی پیتێکی نێوان بزەو گریاندا، مەدلوولی ئەبستراکتی زات لە پەرتبووندا دەیەها مەدلوولی تر لە ناخ بەتاڵ دەکاتەوە و، زات لە مەدلوولی هیچ بوونێکی زەمەن و هەستەکان و شوێنەکاندا ئۆقر ناگرێ و لە ئەفسانەیەکی (فانتازی- تراژیدی)دا پەرت دەبێ، ڕووداوەکان کارەکان، دەورەکان، تەنیا لەم ئەبستراکتە شیعرییەدا ڕستەی شیعری دەخەنە ئاستی جووڵە و شڵەژان و لەرزە زەینەوە، تا ئەو ساتەی هەریەکە لە گۆشەیەکی تاریکی بەدەلالەتبوونێکی بەتاڵکەرەوەدا بەرەو ڕووی دۆزەخی هەرەس دەبنەوە...

هەر بۆیە لە مردنی هەموو دەلالەتەکانی پاساودانەوە، زات لە پێگیرییەکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی ڕادەتەکێنێ و لە توندوتیژییەکی زەینیدا شیعر ڕۆح دەدوێنێ... بەڵام سوودی چییە دواندنی ڕۆح، گەر لە خودی دواندندا واتا بێ لایەن بێ، بە دەنگ و لاڵە بێ.

دەلالەتەکانی پەرتبوون دەلالەتی بەتاڵبوونەوەی هەموو کاریگەرییەکی خوسەپێنەری دەرەکییە کە وشە دەخەنە ئاستی دەسەڵاتی بەدەلالەتبوونەوە لە مردنی بەدەلالەتبوونەوە... گەر وشە خولقێنەری دەلالەت بێ لە زنجیرە پێناسە و ناساندن و

کارلێککردنێکی نەپساوە و بێ سنووردا، گەر ڕستە دەسەڵاتی ڕەهای بە سیستەم کردنی هەموو گوتارێك بێت و تخوویەکانیشی بەواڵایی بمێننەوە ئەوایی بێشك وشەکانی پەرتبوون بە کوشتنی دەلالەتەکان، دەلالەتێك دەخولقێنێ کە لە گوزەرەی ئەبستراکتەوە لە هەموو دەلالەتە گیاندارەکان پەشیمانت دەکاتەوە، هەر ئەم خاسییەتە هەستیاری پێ بەخشینەوەی دەلالەتەکانە، کە سیستەمێك لە واتای بزر باڵ بەسەر دەقدا دەگرێ، لە خولقاندنی بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق و ڕووخانی هەموو ئەو بنیاتانەوە، سیستەمێك لە واتای بەرفراوانی تر بەدەق دەبەخشێ، زمانی شیعر لە نواندنی واتادا، زمانێکی بێ وشەیە و لەگەڵ ئەمەشدا سەرجەمی مەدلوولەکانی دەق لەم ڕێچکەیەوە سەرچاوە دەگرن.

بەمەش (پەرتبوون) ئەگەرچی لە واتادا لەگەڵ (ئەبستراکت) یەك ناگرێتەوە، بەڵام لە سەرتاپای دەقدا دەبێتە ڕەگەزێکی جەوهەریی تێکشکێنەری زۆر بە دەسەڵات لە دەقدا. پەرتبوون و ئەبستراکت تەنیا لەم دەورە جودایەی زمانەوە دەبنە هاودەلالەت و لەیەکتریش جودا دەبنەوە.

ئەبستراکت (Abstraction) وە لە وشەی لاتینی (Abstractio) وەرگیراوە، مانا گشتییەکەی لە فەرەنسید جودا کردنەوە و لێك کردنەوەیە بەواتا ئەدەبییە نوێیەکەشی (پشت گوێ خستن)ی شت دێت، یا (لابردن و دوور خستنەوەی شتێك لە بیردا)، لە واتایەکی تریشیدا (ئەنجامی کاری جودا کردنەوەی خاسیەت و پەیوەندییە جوداکراوەکانە لە زەیندا)، هەروەك مەفهوومێکیش ڕەنگ و شێوە و ڕەگەزی جودا کراوەن، بەڵام (پەرت بوون) تەنیا لەو حاڵەتەوە لەگەڵ ئەبستراکت دا یەك دەگرێتەوە کە زات لە هەموو پەیوەستەکانی بەدەرەوەی خۆی، خۆی دادەماڵێ و پەرت بوونەی کە تەنیا بەهایەك لەخۆ دەماڵێن و پەرت بووندا دەهێڵێتەوە، بەمەش دەقی (پەرت بوون) پەرت بوونی ڕەنگدانەوەی هەموو بوونێکی شموولیی بەهای زاتی و ئایدۆلۆژی و هەموو حاڵەتە هەستیارییەکان دەگرێتەوە، نواندنی ئەم وێنانەی بە لەناوچوون و پەرت بوونی بەها جێگیرەکانی زات و زەمەن و بوون، ئەبستراکتی پەرتبوون دەخولقێنن و لە جووڵەدا دەلالەتی تر دێنە کایەوە. بەمەش شاعیر سیستەمێك لە واتای داماڵدراومان دەخاتە بەرچاو کە لە بەهای بەدەلالەتبوونێکی بێ شوێنەواردا، لە مردنی بەهای دەلالەتە چەسپاوەکانەوە، جیهانێکی بزر و کامڵ دێنێتە بوونەوە کە لە فەزای یەك ڕێچکەی تەکنیکی شیعرییەوە ڕێچکەی خۆی دەگرێ. لەم تێکهەڵکێشییەی ئەبستراکت و پەرتبوونەوە نێوی پەرتبوون لە چەند جووڵەیەکدا واتا بەرجەستە دەکا:-

١– گەڕان بەدوای تێکدانی بەهای ئەو وێنە زەینییانەی کە بایەخ و کاریگەری و مەرج و پاساوەکانی مێژوویەکی هەڵکشاوی پیرۆز دەسەپێننە سەر زات.

٢– بنیاتنانی سیستەمێك لە واتا و پێگەیاندنیان، هەر کە گەیشتنە ئاستی کامڵبوون دەلالەتەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە.

٣– دەلالەتی پەرتبوون، لە ئاستی بنیاتێکی شیعریی یەکگرتوودایە و هەر بۆیە لە ڕووکەشدا وێنەکان مەسخ دەکا و لە جەوهەردا یەکیان دەخاتەوە، دووبارە بوونەوەی وێنەکان، مەسخبوونیانە بەوێنە جودا.

٤– ئبستراکت لە بنیاتی واتاکانی دەقدا نواندنی حاڵەتەکانی پەرتبوونی دەلالەتەکان و بەرجەستەبوونیانە، بەمەش پەرتبوون لە شێوەی بنیاتی ژێرەوەدا لە جووڵەی ئەبستراکتەوە پراکتیزەی واتاکان دەکا و پەیوەستی نێوان ئەبستراکت و پەرتبوون جودابوونەوەی شتەکان و یەکگرتنەوەیانە.

٥– ئەبستراکت و پەرتبوون لە پەیوەستێکی ئاڵوگۆڕکاری دەورەکانیاندا بنیاتی پڕ لە جووڵە و بنیاتی چەسپاوی دەق پێك دێنن.

### أ– دژ بەیەکییەکانی بوون لە ئەبستراکت کردنی پەرتبووندا

هەر لە سەرەتاوە، شاعیر نەفرەت لە هەموو ئەو سەودایانە دەکا کە مرۆڤ لە کێشەکانیدا بەش بەش و گومڕا دەکەن، ئەو کێشە وەهمییانەی مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخەنەوە، ئەو بوونەی کە لە دەلالەتە خۆ سەپێنەرەکانیدا ژیانێکی ڕۆتینیی پاساودار دێنێتە کایەوە، ئەو ژیانەی هەروەك گەڕانەوەیەك وابێ بۆ تێکدانی ئەو بەها زێدەڕۆییانەی کە بە کێشەکانی ئەم بوونە دەدرێ و بەها ڕاستەقینەکانی بوون تۆزیان لێ دەنیشێ، بەمەش بەهاکانی بوون لە ناخماندان و لە دەرەوەدا بەدوویان دەگەڕێین:

**سەرێکی هەزار سەودا**

**بۆ بڕین نەبێ بۆ هیچی دی دەست نادەیت**

لێرەدا کێشەکان لەیەك ساتەوەختی بەدەر لە هەموو زەمەن و جوگرافیا و لە هەموو بوونێك، ڕێچکەیەکی تایبەت دەگرنە بەر، کە لە دواییدا لە پەنجا وێنەی شیعری زیاتر بەرجەستە دەبن و هەمووشیان لەیەك مەداری هەستیاری قووڵدا بەرجەستە دەبن، کە لە پەرتبوون و فراوانبوونەوەی دەلالەتی پەرتبوونەوە شیعر دەگەیەنێتە ئاستی فەلسەفەیەکی زاتیی ڕووت.

کە تەنیا هەر ئەوەندە پەیوەست لە هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوەدا بنیات دەنێ کە دەبێتە شوێنی هەرەسی خودی ئەو پەیوەستانە. بەمەش ئەبستراکت ڕاستییەك لە کۆتایی دەلالەتەکانەوە بەرجەستە دەکا، بە جووڵەی ساتیرەوە بەرەو زەینمان دێ و ئەوەندە بچووك دەبێتەوە تاکو لە هەموو ڕەگەزەکانی هەستپێکردن بزر دەبێ.

**ئاه ئەوە چ گەمژەیەکی نەفرەتییە**

**بوونمان دابەش دەکات**

بەمەش بوون بەهۆی نەفرەتبوونێکی دەرەکیی زاتەوە، پەرتبوونێکی ئاوەژوو دژ بەیەك لەگەڵ زاتدا دەخولقێنێ و بەمەش شاعیر پەرتبوونە وەهمییەکان دەڕووخێنێ، تەنیا ڕەهاییەکی هەڵبژێردراو لەناخدا ئەوە ئەو ئەبستراکتە جڵەوگیر نەکراوەیە کە لە پەرتبوونەوە لەدایك دەبێ. بەمەش حوکمەکانی سەر زات لە دەرەوەی خۆیدا، حوکمێکە لە دەرەوەی مێژووەکانی زاتدا، ئەم ڕستەیەی دوایی دەرکردنی ئەو وەهمەیە لە هۆشی خوێنەر کە بەش بەش بوونی ئەم بوونەی زات بەش بەش بوونێکی سەوداکاری نییە و سەد دەرسەد زاتییە و لە پەیوەستە سەپێنەرەکان دەردەچێتە دەرەوە.

**ئێمە لە نهێنییە ڕووتەکانی بوون و نەبوون**

**دەگەڕاین**

**کەچی جوانییە سادەکانی ناو ژووری خۆمان نەدەدی**

نهێنییە ڕووتەکانی بوون و نەبوون، هاودەلالەتن لەگەڵ ڕاستییە گومڕاکەرەکانی زات، کە لە جیهانێکی زێدەڕۆیی زەینیدا سەر دەردەکا و زات لە هەموو کەشێکی سەنعەتئامێزی بەخۆداچوونەوە دادەماڵێ. بەمەش زات لە واقیعبوونی خۆی دوور دەکەوێتەوە، تاکو ئاستی بوون بەدوای ئەو نهێنییانەی کە ڕاڤەی هیچ وەرچەرخانێکی جیهانبینی بەخش نەکەن. هەر بۆیە ڕاستییەکان، کامەرانی، سادەیی جوانییەکان، لەنێوان بەدیهاتن و بەدینەهاتندا، لەبوون و نەبووندا، لەنێوانی واقیع و گۆشە تاریکەکانی واقیعەوە لەو ساتەدا دێنەدی کە لە ژیانی تایبەت و شتە زۆر تایبەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مانەوە دینەدی، ئەو دیواری ژوورەی دەشێ ببێتە بەشێك لە ژیانمان، ئەو تابلۆی قەد دیوارەی دەشێ ببێتە مەنزڵگایەکی ڕوانین و یادگارییە تازەوە بووەکانمان، هاوڕێیەکانمان، کتێبەکانمان، ژوان و بەیەکگەیشتنەکانمان، ژیان لە دەرەوەی بەخشینی بەها زاتییەکان وەهمە و بوونیش لە دەرەوەی زات وەهمە.

بەمەش ئەبستراکتی بوون گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو واتا سادانەی واتا گەورەکان پەرت دەکەن و شوێنیان دەگرنەوە:

(تۆز لە بوون نانیشێ خۆی تۆزە) هەروەکو چۆن (ڕامبۆ سەفەری نەدەکرد، ئەو خۆی سەفەر بوو) هەروەکو چۆنیش (شین، لە هەموو ڕەنگە پەیڤەکان جوانترە).

داماڵینی شتەکانی بوون، لە بەهایەکی بەدەلالەتبوونی مێژوویی‌یەوە، گەمەیەکی زمانەوانیی مەجازی لە خودی ڕستەکان دەکاتەوە، کە زۆر ناڕاستەوخۆ لە پشتەوەی ڕستەوە کار دەکا. لەنێوانی بەهیچکردنی بوون و بەخشینی بەهایەکی پووچ بەبوون، بەهایەك بۆ بوون دەستنیشان دەکرێ کە زات و بوون لە بارێکی هەڵواسراودا ڕادەگرێ. ئەو بەهایانەی دەکرێنە تۆز و بەسەر هەموو مەفهوومەکانی ژیاندا دەسەپێنرێتن، ڕەتکردنەوەی، ڕەت نەکراوەکان، لە پێناوی واقیعێکی ئەبستراکتکراوی تر و هەڵسەنگاندنەوەیەکی تری دەلالەتەکانی بوون، کە لە پەرتبوونی کاریگەری و تیشکدانەوە زەینییەکانی مرۆدا بەرجەستە بووە، لێرەشەوە بوون هەروەك ئەبستراکت خۆی دەنوێنێ، ئەم چەندین سەفەرن لە پێناوی مەسخبوون (بوونی زات)، هەڵبژاردنی (ڕەنگی شین) لە پێناوی بەتاڵکردنەوەی دەلالەتی ڕەنگی ترە. هەر بۆیە بوون هەروەك سەرجەمی ئەو کێشە زەمەنییانەی شاعیرن کە بوونیان لەم بوونەدا، نا سەقامگیر و داماڵدراو و پڕ گومانە. گەڕاندنەوەی گومان شڵەقاندن و ڕاتەکاندنی ڕاستییە چەسپاوەکانە، بەڵام ئەم بۆچوونەی شاعیر بۆ بوون لەگەڵ هەندێك ڕاستیی سەرکێش و دەرپەڕی و، هەندێك ڕوانینی جڵەوگیر نەکراو، شیعر دەگەیەنێتە ئاستی گەڕەلاوژەیەکی قووڵی خەیاڵی. ئەو ساتانەی تەنیا کاریگەرییەکانی ناوەوە ڕێگە بە لەدایکبوونی دەلالەتی زمان دەدا، شاعیر لەوپەڕی مەستی و نەشوەی زەینی و زاتیدا، هەموو کێشەکانی بوون دەخاتە قاڵبێکی بێهوودەیی گوتنەوە لە پێناوی کاریگەر کردنە سەرو دەربڕینی کاریگەر کردنە سەرەکانی سەر خودی خۆی، لەم بنیاتەی واتاشدا ڕێچکەی دژ بەیەکی هەڵبژاردنەکانی لەبەردەم دەکرێتەوە:

ئیدی لێ دەگەڕێم شتەکان هەموو وەك خۆیان بمێننەوە
ئیدی لێ دەگەڕێم ڕەگەزە گەلۆرەکان
لەناو گێچەڵی هەمیشەیی خۆیاندا نقوم بن.

ئەم جۆرە شڵەژانە دەروونییانە لە دەربڕینی ئاسایی شیعری دەردەچن. تەقینەوەی

دەلالـەتە تێکشکێنەرەکانی گوتارێکی لۆژیکیی شیعرییە، تێکشکاندنی قاڵبی دەربڕینی زەینـیـیـە، لـەو ساتـانـەی هـەست دەکـەی چیـتر ڕوونکردنـەوە و لێکدانـەوەکـان لـە بـاری لۆژیکیی گوتندا مەفهوومێك و واتایەك بۆ دیاردەکانی بیرکردنەوە خەڵق ناکەن، بەمەش شاعیر وشە و ڕستەی شیعری دەگەیەنێتە ئاستی گەڕەلاوژیەکی زەینی زۆر قووڵەوە، کە لە باری جێگیر بوونی کۆتاییدا جۆرێك لە تەجرید کردنی نالۆژیکی و زەینی دەنوێنێ و لە زاتێکی ماندوودا ئەم ئەبستراکتە زاتییەی پەیوەستەکان بەبوونەوە دەخاتە باری شڵەژانەوە و دەیگەیەنێتە ئاستی پەرت بوونێکی دەروونیی بێ سنوورەوە، لەو کاتەی هیچ یاسایەك و هیچ سیستەمێك، هیچ دەلالەتێك، هیچ پەناگەیەك، تراژیدیاکانی لەدەستدانی ڕاستییە سادەکان ناگەڕێننەوە نێو بازنەی ڕاستییە ژیاوەکان، ئەو ڕاستییانەی کە تـیـایـانـدا دەژیـایـن و هـەستـمـان پـێی نـەدەکـردن. بـەمـەش پـەرتبـوون گـەڕانـەوەیـە بـۆ لێکگەیشتنێك کە زەمەنی بەسەرچووە و لە بازنەکاندا مردووە. هەر بۆیە لە ترۆپکی گەڕەلاوژەیەکی (زەینی- دەروونیدا) دەڵێ:

**- جەژنمە هەموو هیچەکانم دۆزییەوە**

**هەموو خەون و پێشهاتەکان**

**هیچ دەرچوون**

یاخود:

**هەموو پەند و ڕووداوەکانم**

**ڕاوەشاندە بەردەم ئاوێنەی لۆژێك**

**لە کرمە لەزەت هیچی دی نەبوون**

لۆژێك کوشتنی تەجرید و پەرتبوونە لە دۆزینەوەی گەڕاندنەوەی بەهای جۆر بەجۆر بۆشتەکان، ئەمەیە ئەو گەردوونە ئەفسووناوییەی کە لە بۆشاییەوە واتایەك بۆ دژ بـەیـەکـیـی ئـەبستـراکت و پـەرتـبـوون دەدۆزێتـەوە لـە گـەردوونـە بـەربـڵاوەکـانی بـەهـا گومڕاکانی ئەم بوونە لەمەشەوە دەگەینە چەند ئەنجامێکی گرنگ لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێچکەی ئەو بنیاتە (فیکری- زمانەوانی)یانەی لە پشتەوەی شیعرەکەدا ڕێگە بە لەدایك بوونی هەر تاك وشە و ڕستەیەکی شاعیر دەدەن:-

١- لە دەلالەتەکانی بوون و نەبوونەوە، شاعیر هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوە لە بنیاتی ڕووخاندنی سیستەمی لۆژێکی لێکدانەوەکان دێنێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە و ناوەوە،

ئەو هەڵبژاردنانەی بەشێوەیەکی خۆسەپێنەر بەرجەستەی بوون دەکەن لە ناخماندا، شاعیر بە تێکشکاندنی خۆسەپاندنی لۆژێکی ڕێچکەیەکی تر لە پەیوەستەکان دەدۆزێتەوە. ڕێچکەی ئەبستراکتی پەرتبوون و خولقاندنی دژ بەیەکییەکانی لۆژێك و ئەبستراکت و بەمەش دوو بنیات لە دەقدا دەکاتەوە لەنێوانی شاعیر و دەقدا:

بوون ——— خۆسەپێنەر ——— ئەبستراکت

شاعیر ——— ——— ——— دەق

لۆژێك ——— هەڵبژێردراو ——— پەرت بوون

٢- شاعیر لە حاڵەتی ئەبستراکتی پەرتبووندا، حاڵەتی ساتیرێکی بێهوودەیی لەبەها بە نموونە کراوەکاندا بنیات دەنێ، ساتیری بەهیچ بوونی شتە تێکەڵەکان کە لە ئەبستراکت دەردەچن. ساتیری قەدەرێکی خۆسەپێنەر، ساتیری بەهیچ بوونی پێگیرییەکی چەسپاو. ئەمانەش هەموو بنیاتی ڕووکەش و بچووك دەخەنە دووتوێی دەقەوە کە هەر یەکێك لەو بنیاتانە هەڵگری لێکۆڵینەوە و بنیاتێکی کامڵە لە دەلالەتداو تەنیا لەو ساتەدا ناکامڵە کە بەبنیاتەکانی تری دەقەوە پەیوەست دەبێ، لە چوونە نێو کێشەکانەوە بەکراوەیی.




٣- أ- بەمەش کێشەی دەق سیفەتی دوو بنیاتی، چ لە سیستەمی بەواتا کردنی کێشەکان و چ لە سیستەمی دەلالەتە بناغەییەکان دەگرێتە خۆی و زمانی دەق لە نێوان باری لۆژێکیی شتەکان لە بووندا بێهوودەیی لۆژێکی شتەکان بەش بەش دەبێ و دژ بەیەکییەکانی مرۆڤ و پەیوەستی بە (ئەوانی تر- جیهان)ەوە دەخاتە باری ناتەباییەوە ئەم دوو جیهانە یەکتر بڕەش، بەباری بوون و نەبوونەوە تەنیا دەربڕین لەیەك حاڵەت لەواتا دەکەن و دەینوێنن:

| ١- بنیات | دەلالەت | دەلالەت | بوون |
|---|---|---|---|
| ٢- تەبا | لۆژیکی | خۆسەپێنەر | قەدەری |
| ٣- ناتەبا | داماڵدراو | هەڵبژێردراو | تێکشکاو |
| ٤- شاراوە | ڕەها | سەربەخۆ | بێگەرد |

ب- ئەبستراکتی زەمەنی لە پەرتکردنی پێوانە و بەها زەمەنییەکانەوە لەدایك دەبێ، شاعیر لە نێوانی بێ لایەنکردنەوەی زەمەن و زەمەنی ئەبستراکتکراودا، دەلالەتێکی شاراوەی تر لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێ:

(لە سەر لووتکەکانی بەرزەخیمدا هەڵدێرم- مناڵێتیم، جوانیم- پاشماوەکەی تەمەنم- لەسەر شۆستەکانی- بێهوودەیی- ناشت).

شاعیر و دابڕانی لە زەمەن، دابڕانێکی ڕەتکراوەی چارەنووسسازە و لە بڕیاری ناوەوەی دەروونێکی گەڕۆکدا بەهاکانی پەرت دەکا. بەمەش دۆزینەوەی وێنەیەك لە قۆناغەکانی زەمەنیدا، بۆ ئێستای خۆی لە تێکشکاندن و پەرتبوونی هەموو وێنەکانی ترەوە سەرچاوە دەگرێ، بەمەش وێنەی زەمەنی بێ لایەنکردنی وێنەکانی داهاتوو ڕابردووە لە تەنیا ئەو ساتەی بەزەمەندا دەچێتەوە، ئەم دەلالەتەی زەمەنیش بەشێوەی جوداو مەسخکراو دەلالەتی تر و سەربەخۆیی لێوە پەیدا دەبێ.

(من چەند بەشەو و ڕۆژ دەچم)

هەر وەك دەبینن زەمەن بێ لایەن دەبێ. ئەو بەها دەستگیرنەکراوەی ناهێڵێ هیچ دەسەڵاتێکی ڕەها لە زەمەندا وەرچەرخانێکی داسەپاو بخاتە سەر گەڕانەوەی شاعیرەوە، ئەو گەڕانەوەیەی هەموو هەناسە و خەم و پەرگەندەیی زەینیی خۆی تێدا دەتوێنێتەوە، ئەو گەڕانەی بەگەڕینی شەو و ڕۆژ دەچێ، کە سیفەتێکی زنجیرەیی یەك دەلالەتی لە ناوەوە و چەند دەلالەتی لە دەرەوە دەگرێتە خۆی و لە هیچ تەفسیرێکی دیاریکراو و لایەندار ناوەستێ، هەر لەبەر ئەمەشە تەفسیری تر بۆ زەمەن لە دەرەوەی ئەم ڕێچکەیەی واتادا کوشتنی بێگەردییەکانی ژیانێکە لە تاقە چرکەیەکدا کە دەشێ ژیانێکی کامڵی تری لە پشتەوە بێ. بەمەش ڕابردو و ئێستا وەك مەفهوومێك کە لە پەیوەستێکی بنەڕەتیدا بن، شاعیر ڕەتیان دەکاتەوە: (دواجاریش دەیڵێمەوە- هابیل و قابیل کوردبوون- گیاش لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ) بەڵێ ئەگەر بێتو بەلایەنی پێگیرییەکی (مێژوویی- نەتەوەیی)ەوە، ڕابوردوو وانە خۆسەپێنەرەکانی لە ناخماندا واڵاکاو بەرەو ڕێچکەیەکی دیاریکراوی بەها زاتییەکانمان بەرێت، بۆچی هابیل و قابیل کورد نەبن؟؟ گەر تراژیدیاکانی زەمەنی ڕابردوو تەنیا هەر (کرمە لەزەتی لۆژێکی) بن و لە ئەنترلۆژیایەکی سەرتاپاگیردا بەهاکانی لە ئێستادا دووبارە بێتەوە. بۆچی مێژوو بێ لایەن نەکرێ و بە مێژووکردنی زەمەن و داماڵینی لەبارە دەلالەتییەکەی تەنیا هەر بە سڕینەوەیەکی ناخەکی دەبێ کە تاڕادەی بێگەرد کردنی زەمەنی دەبێ (لە سەر نووکی هەڵدێرا- مێژوو بەرازێکی خەوتووە- منیش یاریکەرێکی سەرکەش- بەسەریا باز دەدەم)

کرداری تێپەڕاندنی مەترسی و کاریگەرییەکانی مێژوو دڵنیاییەکی ناوەکیی قووڵ بەزەمەن و خۆسەپاندنە جێگیرەکانی دەبەخشێ و زات لەم کاریگەرییە بێ لایەن دەکاتەوە، ئەم ڕوانینە زاتییە ڕووتە دەق دەخاتە سەر ڕێچکەی زمانێکی شیعریی بێ لایەنەوە، بەمەش ئەبستراکتی زەمەن لە پەرتکردنی دەلالەتە ئەنترۆپۆلۆژییە بە نموونە کراوەکانی مێژوویەکە وەدێتە کایەوە و لە هەمان کاتیشدا چڕ کردنەوەی هەموو زەمەنە لە زەمەنێکی زاتیدا (مەحوی ڕوخسارت بێ سیمایە، ئاوێنەی هەموو ڕوخسارەکانە، زەمەن لەدەستپێکتا مەرەکەبە، لەدەستەکەی تریشتا دەبێتە بێ مانایی)، دژ بەیەکیی بەرجەستە بوونێکی ڕەنگدار و بێ مانایی جەدەلی بەیەکدا هاتن و بەکێشە کردنی دژ بەیەکییەکانی زەمەن، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین زەمەن تەنیا هەر ڕاڤەی ئامادە بوونێك دەکا کە زۆر چڕو کاتی و ساتەوەختییە و بەڵکو زەمەن هەر تەنیا جووڵەیەکە لەگەڵ جووڵەی ئامادە بووندا دەمرێ و پەیوەستەکانی ئەم بنیاتانەی واتا لەگەڵ یەکتردا بنیاتێك لە واتای ناخەکی زەمەنی دەنوێنن کە هەر تەنیا لەبێ مانایی و بێ لایەنکردنەوەوە بوونێکی شەفافی ئیلهامبەخش و نائامادە دەگاتە ئاستی ڕەتکردنەوە و لە قاڵبدانەوەیەکی تر، هەروەك بزەیەکی سەرلێو، وەك خواحافیزی سەفەرێك، چرکەیەکی زۆر زۆر کورت، کە تاکو ئاستی سڕینەوە و بزربوون چڕ دەبێتەوە، گرنگترین خاسیەتی بنیاتداری واتا و زمان لە زەمەندا لەم ئاستانەوە سەرچاوە دەگرن:

١– بێ لایەنکردنەوەی دەلالەتی زەمەنی ڕابردوو بەهۆی پەرتکردنی زەمەنی ئێستا، ئەم پەیوەستە بناغەکەی لە زەمەنی ئێستا دایە و لە ڕەتکردنەوەی زەمەنی ڕابردووەوە گوزەری بێ لایەنیکردنی زەمەنی دێتە ئاراوە. هەروەها لە داماڵینی کاریگەرییەکان و نەگۆڕانی ئەم ڕێچکەیە لە ئاستی بەدەلالەتکردنێکی شەفافیدا:



٢- زەمەن بەلایەنی شاعیرەوە، مامەڵە کردنە لەبێ هیواییەکەوە کە ڕووداو و شکستییەکانی زات لە پەیوەندییەکانی بەدەرەوەی خۆیەوە پێی دەگا. دەشێ لە چاوەڕوانیدا، لە داهاتوودا لە هاتنی نەهاتوویەکی زەمەنیدا، پێی بگات (ئاهـ ئەی چاوەڕوانی ئەبەدی- دڵنیام کە نابێت- بۆیە من وا بووم بەتۆ من ئێستا- خۆمم- تۆم) ئەوزەمەنەی تاڕادەی بوون بەزات هیوای هاتنی دەکرێ مردنی هەموو زەمەنەکانە:-

٣- پەرتبوونی دەلالەتی زەمەنەکان شاعیر لە هەموو هەڵبژاردنەکان وەردەچەرخێنێ، بەمەش شاعیر لەناخەوەش پەرت دەبێ و هەر بەم پەرتبوونەوە شتەکانی دەورووبەرو بەها جێگیرەکانیان پەرت دەکا. لە بێ لایەنکردنێکی پڕ لە سیحر و گرفتارییەوە، ئەبستراکتی زەمەنی دەخولقێنێ، ئەم پەیوەستەی نێوان پەرتبوون و تەجرید پەیوەندییەکی نیمچە فانتازییە و لە مردنی دەلالەتەوە واقیعی زەمەنێك دێنێتە کایەوە کە لە نێوان بوون و نەبووندا تەنیا زەمەنێکی چاوەڕوانکراو دەبێتە تەنیا هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی هەموو هەڵبژاردنەکانی تر:-




ج- وێنەکانی پەرتبوونی زات لە فەزای ئەبستراکتی خاك و سەفەر، کێشە جەوهەرییەکانی ژیاوەیەك.

سەختترین کێشەکانی شاعیر لەگەڵ ژیاوەیەکی زاتیدا، کێشەکانی دۆزینەوەی تەفسیرێکی بێگەرد و فەزایەکی بێگەردە لە نێوانی دوو جیهانی دژ بەیەکی سەقامگیری و مانەوە لە گەشتێکی بێ سنووری گرفتار ئامێزەوە پەیوەستەکانی نێوان (زات و زەوی و سەفەر) پەیوەستێکە لە نێوان دژ بەیەکییەکانی ڕەگەزەکانی بیر و چۆنێتی بەکێشە کردنی ژیانێکی کامڵی نەچەسپاوە، شاعیر هەر لە سەرەتاوە، لە پەیوەستەکانی زات بەوانی

ترەوە دژ بەیەکییەکانی ژیاوەیەکی گشتی دەخاتە قاڵبی ساتیرەوە، ئەو ژیاوەیەی شوێنی لە دایکبوونی زاتێکی ڕەهاو داماڵدراوی تێدا نییە.

(تەماشا کە مرۆڤ بەهێزێکی لاوازە/ لە ئاشتیدا پێکی جەنگ هەڵدەدا، لە جەنگیشدا دەنووزێتەوە، بۆ ئاشتییەکی بەدمەست)، بڕوانە چەند بەتەوس و ساتیرەوە، زاتێکی دووسەرەی دژ بەیەك دەخاتە ڕوو، زاتێك کە لە نێوانی بەش بەش بوونی خۆیداو لە نێوان دەرك پێ کردن و گومڕاییدا، ئەبستراکتی هەقیقەتی لەدەست دەچێ. مرۆڤی ئەم سەردەمە مرۆڤێکی مەسخبووە و لەگەڵ خۆیدا بەهاکانی بوونیشی مەسخ دەکا:

مرۆڤ ⟵ بەهێز لاواز

مرۆڤ ⟵ شەڕانگێز ئاشتیخواز

بەمەش زاتی مرۆڤ زاتێکی دژ بەیەکی دوو سەرەی بەش بەشە:




هەر ئەم سیفەتە دژ بەیەکەی ژیاوەی مرۆڤە، کە لە پانتایی گەشت و ئەبستراکت کردنی شتە چەسپاو و دەلالەتە چەسپاوەکانییەوە، شاعیر بەرەو گەردوونی تر دەبا، لە زاتێکدا کە هارمۆنیای هەموو دژ بەیەکی و ناتەباییەکانی دەرەوەی خۆی لەخۆ دەگرێ، بزربوونی هارمۆنیای دژ بەیەك لە چۆنێتی کەوتنەوەی شتەکان هارمۆنیای دژ بەیەك، لە شوێنی بەها ئیتنۆلۆژییەکان، شاعیر لە پشتەوەی ئەم ڕوانینە بێگەردەی زاتەوە، دەڕوانێتە ئەو دیوی ئارەزووە گرفتار بوو و هەوا بازەکانی ڕێکخستنێکی ناتەباوە. لەژێرەوەی ئەم دەلالەتانەوەش ئەبستراکستی لەدایك بوو لە شێوەی ناتەبایی قەبارە و بۆشایی، غوربەتی ڕوانین، ناتەبایی زەوی و بۆشایی، هارمۆنیاییەکی ناتەبا دروست دەکا:

(لەنێو فرۆکەدا/ زەمین چ سەکۆیەکی سەمەرە/ دژە هارمۆنی/ لەسەر ئەم تۆپە زەوییە کە هەندێ پەمپی دەوێ/ ئاسمان چ تۆڕێکی جادووی بەسامە).

بڕوانە ئەو زەوییەی سەرچاوەی ئەوەندە ژیان و ئەوەندە کێشە و ئەوەندە ئازارە، چەند بچووك و چەند بێ بوونە لە گەردوونێکی بەربڵاوی بۆشاییدا، دژ بەیەکییەکانی وێنەی بۆشایی و قەبارە، هاودەلالەتی نزیکی و دوورییە و لە خەیاڵێکی منداڵیی فانتازیداو لە ڕوانیندا دژە هارمۆنی بوون بەرجەستە دەکا، ئەو تۆپەی هەموو بوونێکی لەسەر دایەو هەر لە تۆپێك دەچێ کە پەمپی بوێت.

سیفەتی گاڵتە ئامێزی ڕووانین مەسخبوونی بوونە لە بوون وغوربەتی گەردوونیی زاتەوە، کە دەشێ هەموو بوونێك لە تەنیا خاڵێك چڕ کرێتەوە.

ساتیری دژ بەیەکیی سیفەتەکان دوو بنیات لە واتا لە زماندا دەکاتەوە، کە یەکێکیان هەست پێکراوە و ئەویتریان ئیمائییە.

زەوی ⟵ سەکۆ ⟵ تۆپ ⟵ ناتەبا

ئاسمان ⟵ تۆڕ ⟵ جادوو ⟵ ناتەبا

بەرامبەر بەم سیستەمەی دەلالەت سیستەمێکی ئاماژەداری ئیحائی دەکەوێتە دەقەوە کە حاڵەتی مەسخکردنی واتاکانی دەقە لە وێنەیەکی تری واتادا.

بوون ⟵ بچووك ⟵ ئیحای ئەبستراکتی

بۆشایی ⟵ بێ سنوور ⟵ ئیحای پەرتبوون.

هەمان وێنەی سەرەوە، لە چەندەها کۆپلەی شاعیردا بەرجەستە دەبێ کێ دەڵێ (چاو شاری فرمێسکە- کێ دەڵێ دڵ نوێنەری عیشقە- خۆ بەفریش هەر ئاوە- بەڵام ئاوێکی عاشق).

چاو ⟵ فرمێسك

دڵ ⟵ عیشق

بەفر ⟵ ئاوێکی عاشق

پرسیارەکانی هەستەکانی زات لە شتەکانداو گەڕاندنەوەی گومان بۆ باری جێگیر و مەیوی ئەو شتانە وێنەی نائاسایی لە زەینماندا دەخولقێنن- هەوڵدان بۆ دروستکردنی وێنەی دەرکپێکردن و هەستپێکردن کە تارادەی ئەودیوی واقیع شۆڕ دەبنەوە لە جووڵەوە دێتە کایەوە- ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی دابڕانێك لە وێنە ئاساییەکانی زەینماندا، بۆچی دەبێ چاو مەنزڵگای فرمێسك بێ، بەخشینی سیفەتی جووڵە و وێنە چەسپاوەکان لە شتەکاندا لە پەیوەستێکی تێکشکێنەرانە و بنیاتنەرانەی ئیحائیدایە، کە خۆر بزرەو تەنیا لە دەرهاوێشتنی هەستیاری و جووڵەی هەستەوە دەبێ لە دووتوێی ڕووانین و هەستدا، چونکە بەفر ئەو کاتە دەبێ بە عاشق کە شێوەی خۆی دەگۆڕێ و دەتوێتەوە، بەمەش دەلالەتەکان بەرەو بینایەك دەچن کە لە پەرتبوونی خودی شتەکان پەیوەستە نەگونجاو و ناتەباکانەوە مەسخ دەبن و لە حاڵەتی بەئەبستراکت بوونێکی ئیحائیدا سەرچاوە دەگرن:

چاو ←فرمێسك ←——— جووڵە ←——— پەیوەستی چەسپاو ←——— ئیحای واقیعی.

دڵ ← عیشق ← پەیوەستی چەسپاو ←——— واقیعی

بەفر ← توانەوە ← ئاوێکی عاشق ← پەیوەستی جووڵەدار (ئیحای ئەبستراکتی).

ئەم وێنەیە لە شتەکاندا جووڵەی گومان و گەڕانەوە سەر دێنێتە زەینەوە، لە زاتێکی پەرتی بەئەبستراکت کراودا هەموو پێگیرییە بەهادارەکانی مەفهوومە چەسپاوەکانی مەعریفەی ڕۆژانە پەرت دەکاتەو.، زات دەبێتە ناوەندی هەموو بوون و نەبوون و هەموو کێشەیەك و تەنیا هەر ئەوەندەی لێ دەمێنێتەوە کە سیفەتی لەکیانێك دەکا و بەس (شەپۆلێك لە ڕەوت دەرچوو/ هەر ئەمەی پێ بوو/ کەس نییە بێ بەکەس/ تۆ تۆی دروست کرد) ئەو بوون و نەبوونی زات و پەیوەستە وەهمییەکانی بەدەرەوەی خۆی لە جووڵەیەکی زەینیی وەهمییەوە دەست پێ دەکا و لە توانەوەیەکی زاتیدا دەمرێ. هەر ئەمەش پەیوەستە لە شوبهاندنی زات بەزنجیرە مردن و ژیانەوەیەکی شەو و ڕۆژی.

زات هەر لە خۆیدا زاتە و لە خۆشیدا دەمرێ و گۆڕی خۆی لە خۆیدا هەڵدەکەنێ. ئەمەش ئەوپەڕی چێژێکی تراژیدی زاتیی بە فەلسەفەکراوە و بە وردبینییەکی زۆر بەهێزەوە شاعیر تەبایی و دژ بەیەکییەکانی دەخاتەڕوو، لە پەیوەستەکانی لە جیهان و ئەوانی ترەوە، چەندەها بنیاتی ڕووکەش لە دەقدا دەکاتەوە و ناسنامەکانی بوونێکی (خەیاڵی- فانتازی، واقیعی) لە تەنیا مەدلوولێکی شاراوەی جووڵەدار دەتوێنێتەوە.

ئەم کێشە بناغەییەی دەق لە پەیوەستێکی یەك ڕێچکەیی دەلالەتەوە سەرچاوە دەگرێ (سەفەر، دۆزینەوەی بەها ڕەهاکانی زاتە لەپشت کردن لە بەها جێگیرەکانی، لە بەهاکانی جوگرافیا و مێژوو و زەوی، هەموو وێنەکانیش زات دەگەیەننە حاڵەتێکی بێگەردی. بەمەش شیعر چڕ کەرەوەی هەموو وێنەکانی دەلالەتە کە هەر وێنەیەکیان هارمۆنیا و ئیقاع و نواندنی بنیاتی تەواوی خۆی هەیە و شاعیر بە دەقاندنێکی بنیاتئامێز وێنە لە وێنەی ترەوە دەخوڵقێنێ. گەڕانی شاعیر لە پەرت بووندا گەڕانی زاتە بەنێو نامومکینەکانی پەیوەست بوون بە جیهانی تەجریدەوە: (ئەی ئەوە چییە ئەم دۆزەخەی دڵم کە هەرگیز/ دانامرکێ؟؟!) (ستایشی سەفەر مەکە) بۆ کۆماری خەون/ چونکە تەنیاییەکەم چڕو ئازاد تر دەبێ).

بڕوانە ڕستەی کۆپلەیەکی سەرەتای شیعرەکە و کۆپلەیەکی دوایی شیعرەکە و چۆن لە

دەلالـەتـی نـاخـەكـیی شاعیرەوە یەك دەگرنـەوە. جێنـەگیر بوونـی نـاخ/ نـەوەستـانـە لـە وێستگەی ئەو لێكدانەوە و تەفسیرانەی كە زات لە پەیوەستە ڕەتكراوەكانی ئەم بوونە ڕادەگرن، كە زات لە نێوانی مێژوویەكی خۆسەپێنەر و جوگرافیایەكی زیندانی و تۆپێكی بزر لە بۆشاییدا ڕادەگرن دانەمركانەوەی زات، بەیەكدا هاتنی شوێن و زەمەن و زاتە لە پێویستەكاندا كەچی سەفەر بەهەموو شێوەكانییەوە، سەفەری ناخ سەفەری وڵاتان/ سەفەری زەین، بەهەمان دەلالەت نەوەستانێكە بۆ دۆزینەوەی نەدۆزراوەكانی پشتەوەی كیانی بوون/ ئەو شكۆو سەروەرییەی زات لە هەموو لاربوونەوەیەكی وەهمی بەسەر خۆیدا نەوەستانە لە هەموو وەستانێك كە بۆی هەبێ زات بخاتە دوو تویێی بۆچوون و لێكدانەوەی ڕەت نەكراوەوە. بەمەش سەفەر پەناگەی زاتێكی ماندووە، كە وێنەكانی تری دەخولقێنێ/ ئەو پرسیارانە دەشڵەقێنێ كە تەنیا لەبەر پێی ئەبستراكتی هەقیقەت دەردەچن و لەبەر پێی ڕەهابوونی ڕاستییەكانی زاتدا دەمرن: (ئەم ڕەوتە مۆمیایە ئەم تەوژمە مرۆییە/ ئەم ڕێبازە مرۆمۆمیایە/ یارییەكی بێ بەزەیی ژیانە/ من دەژیم).

هەر ئەم ژیانە بێگەرد و داماڵدراوو بەئەبستراكتكراو و پەرتەیە كە جێگۆڕكێ بە شوێنەكانی زات دەكا، لە نێو ڕەوتێكی مرۆڤیی بێ ئیلهام و بێ ئیحادا، كە یاساكان و قاڵبەكانی ژیانێكی سنووردار و چارەنووسسازی دیاریكراویان لێ دێنە بوونەوە و زات دەخەنە بازنەی بوونێكی بەش بەش و جێگیری ژیانەوە. بەمەش ژیان لە زەویدا، ژیانێكە لەنێو تیشكدا كەواڵا كراوەیە و هیچ پەناگەیەكی تێدا نامێنێ كە خەونە و ژیانە وەهمییەكانی تێدا حەشار بدەین (زەوی چاڵ نییە/ بازنەیەكە هێشووە گوناهـ/ باڵندەكە گوتی: كە مردم/ لەناو گۆڕێكی تیشكدار/ لەسەر هەموو ڕاستییەكان هەڵدەداتەوە و بەمردن ڕەتكردنەوەی ژیاوە یەك لە یاخیبووندا دێنێتە ئاراوە، مردن لە تیشكدا ڕەتكردنەوەی ئامادەبوونی زاتە لە خاكدا كە دەبێتە مێژووی هەموو گوناهە داسەپاوەكانی سەر مرۆڤ.

ئامادەبوون لە خاك لە شێوەی (ژیان- مردن- پەیوەستەكان) ئامادەبوونێكە لەنێو كۆمەڵێك دەستبەرداری بوون و كوشتنی كۆمەڵێك لە هەڵبژاردن، شوێنێك بۆ مردن كە شوێنی هەموو ڕاستییەكان بێ.

بەم بۆچوون و بەجووڵە هێنانەی وێنەی شیعری، شیعر زمانێك دەگرێتەوە خۆی كە لە بەردەم بەدەلالەتبوونێكی ناخەكیدا دروست دەبێ، هەر لە بنیاتی بزری دەقیشدا، تاك بنیاتیی دەق دەلالەتی تر ڕێگە بە دروستبوونی ئەو دەلالەتانە دەدات و یەكیان ئەوی تریان دەسڕێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر بەرەو ڕووی کۆمەڵێك پرسیاری دەق دەبێتەوە کە شاعیر وەك دەلالەت و دژە دەلالەتی دەرەوەی دەق بەکاریان دێنێ و ئەم دژ بەیەکبوونانەش لە چەند بڕگە و ڕستە و کۆپلەیەکدا دەیان نوێنێ. هەرچەندە بنیاتی دەق و دەلالەتە زۆرەکانی لەسەر بناغەی بێ لایەنبوون و پەرتبوون و ئەبستراکتدا گوزەر دەکا. هەر بۆیە لەوپەڕی هاوارە تراژیدیاکانی ناخدا، لە گەرمترین هەراسانیی زاتدا/ لە سەختترین دان پێدانانی دژ بەیەکدا/ شاعیر ڕستە هەروەك هەناسەیەکی تراژیدی دەخاتە شیعرەوە، بڕوانە ڕستەی (ئەم کۆچە/ چۆك دەشکێنێ چ کوتانەوەیەکی ناخەکیی قووڵ لە ڕستەی تراژیدیدا دەکاتەوە چەندێك لە ڕستەدا بێهوودەیی گوتن گەورە دەکاتەوە، لە دواییشدا چەندێك بەڕستە بەناوبانگەکەی جان ئانۆی دەچێ/ لە شانۆگەریی (ڕۆمیۆ و جانێت) کاتێك پاڵەوان لە خزمەتی سەربازی دێتەوە و دەبینێ خۆشەویستەکەی خیانەتی لێ کردووە و هەموو ڕاستییەکانی پەیوەستە زەینییەکان دادی نادەن، لە گفتوگۆی نێوان خۆی و دایکی لەوپەڕی ساتێکی تراژیدیدا دەڵێ (دایە زۆر زۆر خەمبارم) ئەو ڕستەیەی کە کۆتایی بەهەموو ڕستە و گوتن دەلالەتێك دێنێ و شکستی و بێ ئومێدییەکی تراژیدی زۆر قووڵ بە زمان دەسپێرێ.

یاخود ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ (ئیدی لێ دەگەڕێم ڕەگەزە گەلۆرەکان لەناو گێچەڵی هەمیشەیی خۆیاندا نقوم بن) ئەم دەستبەرداری بوونە تراژیدییەکان دەبێ دەستبەرداریبوونێکە لە بێهوودەییەوە لەدایك دەبێ و خەمێکی پەشیمانبوونەوەی قووڵ بەناخ دەسپێرێ. لەو ساتەی زات لە گەرمەی فەوزا و هەناسەی پڕ لە بێ هیوایی و هەستکردن بەشکستیدا دەگاتە حاڵەتێکی تەقینەوەی وا کە نەفرەت لە هەموو بەهایەك دەکا کە بۆی هەبێ پاش کێشەیەکی لەبن نەهاتوو زات بخاتە قاڵبێکی بیرکردنەوە و خۆکوژی زەینییەوە، هەر بەم ناخە پەشۆکاوو شڵەژاوەوە پشت لە دنیا دەکا/ هەروەك ئەو سەماکەرەی ملوانکی یەکەم عیشقی توورڕ هەڵدەدا و ڕوو لە نادیاری دەکاو لە ساتەوەختێکی تراژیدیدا دەڵێ (با هەرچی دەبێ، ببێ) هەم ئەم ڕستە تراژیدییانەی شاعیرە کە کێشەکانی زات دەگەیەنێتە ئاستێك لە واتای دژ بەیەك لە ڕووکەشداو تەبا لەناوەوە کە لە لایەکەوە پابەندی کێشەکانی دەکا و لەلایەکی تریشەوە کێشەکان پەرت و بێ لایەن دەکاتەوە.

ئەم جووڵەیەی زمانی دەق، زمانی جووڵەیەکی زاتیی زۆر بێگەردە و بەکارامەیی و زیرەکی دەورەکانی دژ بەیەکبوونی دەلالەتی شیعری و هاوسەنگییان دەپارێزێ. زمانی

شیعریش زمانی دواندنێکی فەلسەفی و مەعریفییە و لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیەکی یەك ڕێچکەییدا شیعر ڕادەگرێ.

لەمەشەوە بۆمان هەیە چەند بنیاتێك لە واتای زمان و سیستەمی بوونە بنیات لە دەقدا بخەینەڕوو.

١- کێشەکانی زات لە دەرەوەی خۆیدا کێشەیەکی چارەنووسسازی داسەپاوە و لەناوەوەشدا کێشەیەك بە ئەبستراکت کراوە، کە لە گومان و جووڵەوە دەلالەتە ئاساییەکان پەرت دەکاو دەلالەتی نوێ ڕاڤە دەکا و زات بەرەو ئەبستراکتێکی قووڵ دەبا.




ناوەوە

٢- ئەبستراکتی ڕوانین و بیر لە دروستکردنی حاڵەتە نەشازەکانی لێکدانەوە و پەرتکردنیان، کەلێیانەوە، بینایەك لە زات دەکاتەوە ئەم بینایەش سەراب ئامێز و بێگەردە و لەخۆیدا زات دادەماڵێ لە هەموو جۆرە بیرێك کە پێگیریی لێکدانەوەی دیاریکراو بەزات ببەخشێ، لە پێناوی دۆزینەوەی سیستەمێك لە بوونی تر/ شتەکان لەخۆیدا پەرت دەکا.




٣- کێشەکانی ناوەوەی شاعیر لە سەفەر و زەوی و جوگرافیا و بوون لە دوو ئاستی جودادا دەربڕینی لێ کراوە، لە یەکێکیاندا خۆ داماڵینە لە بەش بەش بوونێکی جوگرافیایی و بەهاکانی ئەو بەش بەش بوونە. لەوی تریشیاندا گەڕان لە پەرتبووندا



(٣٨) نەجات حەمید ئەحمەد

دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی زەینیی تر هو لە زەمەندا وەك بەهایەك بوونی نییە و لە بێگەرد بوون و شەفافییەتدا دەگاتە ئاستی ئەبستراکت، لە زۆر لە حاڵەتەکانیش زات دەخاتە باری بەنۆستالژیا بوونێکی گاڵتە ئامێزەوە. هەروەك ئەو ڕستەیەی دەڵێ (گەر مردم بەئاوی بەفری قەندیل بمشۆنەوە، هەلەلوویا هەلەلوویا، هەلەلوویا بۆ ژیانی بەختەوەری) کە لەیەك کاتدا نۆستالژیای ساتیر و نۆستالژیای تراژیدی لەخۆی دەگرێ، لەو ساتەی زاتی خۆی بەرەو پەرتبوونێکی نەگەڕاوە دەبا و لە هەموو ڕووەکانیدا ئەبستراکتیان دەکا/ بەمەش کێشە لە شێوەی بەجووڵە خستنی زات، بەجووڵە خستنی میکانیزمی جەدەلیەتێکی دژبەیەکبوونی جەوهەرییە و لە ژێرەوەی دەق دەجووڵێ...




بەمەش باری کۆتایی کێشەکانی زات لە چەند ئاستێکدا دەبێ و هەریەکە و لە سیستەمی زماندا بینای سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پەیوەستداری دەبێ.

بنیاتی کۆتایی دەق لەنێوان سیستەمی زمان و کێشەکاندا

لەبەردەم هەرەمێك لە دەلالەت و بنیاتی جودادا دۆزینەوەی بنیاتێکی یەکگرتوو لە دەقی (پەرتبوون)دا، دۆزینەوەی هەموو بنیاتە ڕووکەشەکانی دەقەو تیشکدانەوەی ئەو بنیاتانەیە لە بنیاتێکی بزردا، دەقی پەرتبوون چەند خاسییەتێکی جودای هەیە لەگەڵ زۆربەی دەقە شیعرییەکاندا لەبەر دوو هۆ:

١- شاعیر ئەوەندە بەنێو جیهانە شاراوەکانی دەلالەت ڕۆدەچێ کە زۆر کەم دەلالەتی بزری ناسنامەی دەق لە پشتەوەی ڕستەکانەوە دەهێڵێتەوە.

٢- بنیاتە ڕووکەش و سەربەخۆکانی دەق ئەوەندە زۆرن، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بنیاتە تەنیا لە جووڵەی دژبەیەکی ژێرەوەیاندا تەنیا لە پێوەستێك لەنێوان سەرجەمی بنیاتەکانی دەقدا دروست دەبێ.

بەڵام گەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە دەق هەموو نوشوستی و حاڵەتەکانی لاوازی و بەهێزیی نووسەری لە دوو توێی خۆیدا هەڵگرتبێ، کە دەق هەمیشە هەر دەقێکی ناکامڵە و بێ کۆتاییە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا لە سیستەمی بەر بەرەڵای دەلالەت و

گۆڕانە هونەرییەکانی ڕستەکانەوە، بنیاتی بزر و بەجووڵەخەری وێنەکان بدۆزینەوە کە ئەویش لە دووتوێی چەند میتۆدێکەوە بووە و لەم بارەی کۆتاییشدا لە چەند لایەنێکەوە دەبێ:

١- گونجان و نەگونجانی بنیاتی ئەو دەلالەتانەی کە خستمانە دوو توێی بنیاتی بچووك بچووکەوە.

٢- دۆزینەوەی پەیوەستەکانی نێوان بنیاتە بچووکەکانی دەلالەت.

٣- دۆزینەوەی ئەو بنیاتەی دەق دەخاتە دوو توێی میکانیزمی لەدایکبوون و دروستبوونەوە:

**پەرتبوونی بنیاتەکانی دەق، بنیاتی سەرەکیی دەق**

هیچ کێشەیەك بەبێ زات ناچێتە قاڵبی دەلالەتەوە و پەرەش ناسەنێ. لێرەشەوە هەر لە سەرەتای شیعرەوە پەیوەستێکی جەوهەری و پێگیرییەکی بناغەیی لە نێوان شاعیر و سەرجەمی دەلالەتە شیعرییەکان پەیدا دەبێ، (بوون) هەروەك واقیع لەخۆیدا چەند دەلالەتێکی خۆسەپێنەر دەرووژێنێ و لەناوەوە بەتاڵیان دەکاتەوە و زات دەگەیەنێتە حاڵەتی ڕەهابوون. بەمەش دابڕان لە واقیع کردنەوەی پەنجەرەکانی هەست و زمانی ناوەوەیە لەبەردەم پانتاییەك لە واتا لەبەردەم بۆشاییەك لە بووندا کە بوونی وەهمیی هەموو بوونێك دەنوێنێ، بەمەش واقیع بەش بەش دەبێ لەگەڵ پەرت بوونی زاتدا.

لەگەڵ پەرتبوونی یاسا چەسپاوەکانی بوون شاعیر جووڵە دەخولقێنێ، لە پێناوی هەژاندنی وێنە نەگۆڕەکان. بەمەش بەهایەکی نوێ لە جووڵەی پەرتبووندا دێنێتە کایەوە، لە جووڵەی پەرتبوونی بوونیشەوە ئەبستراکتی دەلالەتەکان دێنێتە کایەوە، بەڵام پەرتکردن و ئەبستراکتبوونی بوون لەناوبردن و سڕینەوەی هەموو بوونێك و هەموو دەلالەتێك نییە ئەو دەیەوێ ژیانێکی ڕەهاو دەلالەتێکی ڕەها لەم بوونەدا بدۆزێتەوە، ئەم حوکمە زاتییەش لە هەمان کاتدا حوکمێکی چارەنووسسازی نەگەڕاوەیە و لەگەڵ زاتدا لە پشتەوەی دەلالەتەکانەوە پێگیرییەکی تر لە ڕەهایی دەکاتەوە، ئەو پێگیرییەی بەردەوام بەرەو دەلالەتی بەنموونە کراوو پەرستراومان دەگەڕێنێتەوە بەردەوام لە ناخەوە زات بەش بەش و دژ بەیەك دەکا، ئەو خۆی چاك دەزانێ سەرێکی هەزار سەودا) هەر بۆ بڕینەوە چاکە، بەڵام کەس لەم گەردوونە لە یەکێك و دوان و دەی ئەم هەزار سەودایە ڕزگاری نابێ. ئەو خۆی دەزانێ کە بە (چییەوە وەڵامەکان ئەوەندە کورتە باڵاو زەلیلن و

ناگەنە ژێر پێی (ئەبستراکتی حەقیقەتە) هەر ئەم ناخە دژ بەیەکەش دەبێتە داینەمۆی بەجووڵە خستنێکی بەردەوامی گومان لە شێوەی پرسیاری ڕەهاو وەڵامی پڕ گومان لە شێوەی شڵەژانێکی بەردەوام و گەڕانێکی بەردەوام بەدوای ئەبستراکتێکی قووڵدا.

ئەم حاڵەتەی شاعیر بەدوایدا وێڵە ترازانێکە دەیەوێ لە دەلالەت پێ بەخشینەوە زەمەن بەتاڵ بکاتەوە و خۆی لە زەمەنی بە دەلالەتکراو بترازێنێ. گەیاندنی زەمەن بەئاستی بیر و پەرتکردنەوەی، هەوڵێکە بۆ ڕزگار بوون لە هەموو کۆتێکی زەمەنیی گونجاوو نەگونجاودا، کە پەیوەستە ماتەکانی دەهەژێنێ، پەرتکردنی زات لە بوونێکی وەهمیدا پەرتکردنەوەی زەمەنە لە بوونێکی پەرتبوودا، دژ بەیەکییەکانی حاڵەتە دەروونیە جێنەگیرەکان. شاعیر دەخەنە بارێکی واوە کە ئاڵۆزترین بنیاتی دەق دەخاتە ڕوو. بێ لایەنکردنی زەمەنی ڕابردوو لە دەلالەتە بەسەرچووەکان، بەخشینی سیفەتی چاوەڕوانی لە زەمەندا، بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق دەڕووخێنێ و لەژێرەوەش بنیاتێکی ترمان بۆ بینا دەکا کە لە قووڵاییە زۆر ڕۆچووەکانی ناوەوە دەجووڵێ و شەرعییەتی گوتن بەشێوە دەبەخشێ، بەمەش بوون لە زەمەندا بوونێکی تەجریدکراوی بێ زەمەنە و دەلالەتێکی بێ زەمەنە و تەنیا لە چرکە زۆر زۆر کورتەکانی ئێستادا شێوەی ژیاوە یەك کە هەر بەقەد گەردیلەیەکی لێ دێ، کە لە دوا کۆپلەی شیعرەکەدا شاعیر خۆی و گەردوون دەکاتە یەك گەردیلە و دوو هێڵی یەکتر بڕو هەتا هەتایە لە پەرتبوون خۆی دێڵێتەوە ئەو گەردیلە ژیانە لە ڕابردوو ئێستا و داهاتووش دادەبڕێ.

لێرەشدا ئەوەی گرینگ بێ بەلایەنی پرۆسەی شیعرییەوە چەند خاڵێکە:

١– تەقینەوەی ڕستەی شیعری لەبەر بەخشینی فراوانی دەلالەتە جوداکانی پەیوەستەکانی مرۆڤە بەدەرەوەی خۆی، کە هەر پەیوەستێك دەگاتە ئاستی بنیاتێکی کامل لە دەقدا.

٢– هیچ بنیاتێکی سەربەخۆی ڕووکەشی دەق بەبێ پەیوەستبوونی بەجووڵەی ڕاستەقینەی ناوەوەی شاعیرەوە، ناگاتە ئاستی بنیاتێکی ڕەهاو بێ پەیوەست.

٣– کێشەی بناغەیی دەق لە مەدلوولەکانی (پەرتبوون و ئەبستراکت و بێگەردی)ەوە بنیاتەکانی واتا دروست دەکا.

٤– نەگوتراوی شاعیر لە بنیاتی بزری دەقدا هەموو بنیاتەکانی یەك دەخاو دەیانخاتە یەك بۆتەی واتاوە کە لە مەدلوولەکانی (دژبەیەکی، نەگونجان، بێ واتایی، بێ لایەن) کردنەوەی کۆمەڵە مەدلوولێکی ترەوە دەق یەك دەخا.

سەرجەمی پەیوەستەکانی ناوەوە و دەرەوەی لەیەك بنیاتدا سەرچاوە دەگرن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاعیر | بنیاتی ڕووکەش | بنیاتی کێشەدار | بنیاتی بزری دەق |
| کێشە | بوون ⟵ واتادار | بوون ⟵ نەبوون | بوون ⟵ ڕەها |
| | زەمەن ⟵ لۆژیکی | زەمەن ⟵ بێ لایەن | زەمەن ⟵ سەفافییەت |
| بوون | ڕابردوو ⟵ ئێستا | ڕابردوو ⟵ داهاتوو | ئێستا ⟵ |
| | واقیعی دژ بە یەك | پەرت بوون گومان | ئەبستراکت بێگەردی |

دوا پرسیاری خوێندنەوەی دەقی (پەرتبوون) لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم پەیوەستەی نێوان شاعیر و بوون، لەنێوان واقیع و خەوندا، لەنێوان هەموو مەدلوولە سەیرەکانی بەکێشە کردندا چ شوێنێك بۆ زات دەکەنەوە.

لە ڕاستیدا جەوهەری تەجریدی هەروەك لە گۆشەیەکی نووسینەکەدا باسمان کرد لەبێ هیوایییەکی ڕەگداکوتاوی ناخەکییەوە لەدایك دەبێ ئەو زاتەی لەنێو ئەزموون و کوتانەوەی ژیانێکی جەنجاڵ و سەختدا قاڵ دەبێتەوە ئەو زاتەی تاکو سەر ئێسك لە تراژیدیاکاندا لە کامەرانییە وەهمییەکاندا شکستی ناخەکی دێنێ، هەروەك لە کۆپلەیەکدا باسی ئەزموونەکانی خۆی دەکا لە شۆڕش و ژیاندا، لە خۆشەویستی و خەوندا لێرەشەوە لە نەگونجان و گومان و دژ بەیەکییەوە، شاعیر ژیانی لەحزە لەبووندا هەڵدەڕێژێ و دەیەوێ بەیەك بنیاتی بیرکردنەوە مامەڵە لەگەڵ بووندا بکاتەوە و پەیوەستێکی قووڵتر بۆ هەستەکانی بدۆزێتەوە. ئەو شاعیرە بێ دەنگەی لە ناوەندی حەفتاکاندا لە شیعری ماڵئاوایی وتی (خوناو دەبێ بەهەڵم و هەموو جیهانیش خوناوە) لە نیوەی نەوەدەکانیشدا دەڵێ ئەم جیهانە لە تۆپ دەچێ هەندێك پەمپی دەوێ).

## دارمان

### کەوتن وەك بنیاتی سرووتێك لە شیعرییەت

بەڵام بێهودە داوای چەند ساتێکی تر دەکەم کات لەدەستم دەردەپەڕێ و دەڕوا بەم شەوگارە دەڵێم، دەتۆزێ لەسەرخۆتر بە ئەوساش سەحەر دێ و شەوگار لەناو دەبا.

لامارتین

### پێناسەیەك بۆ وشەکان

دەقی دارمان، نموونەی کامڵبوونێکی دەقە پەخشانی شیعرییە، لە هەر سێ ئاستەکانی زمان و تەکنیك و شیعرییەتدا، ئەم سێ ئاستەش سرووتێکی شیعری تیایاندا زاڵە کە دەبێتە بنیاتێك بۆ چەمکی ژیاوە لە ساتە دەگمەنەکانی ئیحادا. هەر بۆیە ڕستەکان وەك تاڤگەیەك شێتبوونی وشەکانمان لە دەروونداا لێ هار دەکەن و هەست بەوە دەکەی لە خوێندنەوەدا ئابلۆقە دراوی.

### سرووتی شیعرییەت

شیعرییەت، وەك دەرهاوێشتەیەکی دەروونی و زەینی، ناچێتە سەر دوو توێی سیستەمەکانی دەلالەتەوە. وەك یەکەی پێکهاتی زمانەوانی یاخود وەك میتۆدگەرییەکی زمانەوانی کە دەسەڵاتی زمان وەك گوتارێك بخاتە دەرەوەی خۆی، شیعرییەت بەمانا ئیحادارییەکەی دیوی ناوەوەی بنیاتە ڕووکەشەکانی زمانە لە دارژانێك کە جۆرە جڵەوگیرییەکی سرووتییانەی دووبارەوە نەبوو بەخۆوە دەگرێ، زەینمان جڵەوبار دەکەن.

بەم مانایەش شیعرییەت، سەرچاوەیەکی مەعریفی نییە بۆ زانراوە پێش وەختەکان، نەخاوەندارێتییەکی دەلالییە وەك ڕێسایەکی زانراو، لەو کاتەی پاش خوێندنەوەکان لەو بنیاتە دوایینەی دەقدا سەر هەڵدەدات و شانبەشانی ئەو دالینە ناخەکییەی وەك کاردانەوەیەکی کۆتایی جەربەزە زەینییەکان دەکەوێتە باڵەفڕە، لەگەڵ ختووکە و شڵەژانەکانی دوای دۆزینەوە، وەلامی پرسیار هۆکارێکە بۆ گوتن و چۆنیەتی گوتن کە ئاخۆ دوای ئەوەی وشەکان و ماناکان و هەموو دەورەکانی خۆیان دەدەنە دەستەوە، چی لەدوای خۆیان جێ دێڵن؟! پاش ئەوەی ماناکان وەزیفەی ڕووکەشی خۆیان وەك ئاماژەیەك بۆ بنیادێك جێ دێڵن، چی دەدەنەدەستەوە، لە ناوەوەی دەورە

ڕووکەشەکانیشەوە پاش ئەوەی دەست بەخوێندنەوە دەکەین چی وامان لێ دەکات بەنێو کاریگەرییەکی دیاریکراو ڕۆبچین؟؟ بێشك ئەو حاڵەتە سرووتییە لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکانی نووسیندا وەك یەکەی بیر خەرەوەی ناسیستەمی و نادیسیپلین بەزەینادێ و شتێکی تریە. شتێکە دوورە لە هەموو مانایەکی بە هۆکارکراو و بەوەزیفەی کراو، چونکە دەورەکان لە سەرەتاوە ناوکی کۆتاییەك کە بۆ خوێندنەوە لە خۆیاندا هەڵدەگرن و دەرفەتێك بۆ تێڕامانی ئیحایی نادەن، چونکە هەموو پێکهاتەیەکی زمانەوانی کە ئاماژە لە خۆیدا هەڵگرێ کە دووسەرە بوون لە بنیاتی هەڵگرێ، سیفەتێکی تری کامڵبوون و بە دەق و خوێندنەوە دەبەخشێ. شیعرییەت بەم مانایە سرووتێکی زاتییە و چێژ لەناخیدا دەستەباڵا نییە، چونکە چێژ هاوشانی ئەو سرووتەیە و لێی جیا نابێتەوە وەك ناسنامەیەك بۆ زانینی نەزانراوەکان، چێژ هەمیشە سیفەتێکی ڕێژەیی بارگاوی بوونی هاندەر لە خۆیدا هەڵدەگرێ و لە بنیاتە ڕووکەشەکانی زمانیشدا تاڕادەیەکی چاك دەوری یەکە گومڕاکەر و هەڵخەتێنەرەکانی دەق دەخاتە سەرەوەی گوتراوەکان و بەمەش دەورێکی دیاریکراو و زانراو لە دەقدا دەبینێ لەگەڵ جیاوازی نمایشکراوەکانی تێگەیشتنمان لە گوتاری شیعری.

لێرەوە ئیتر شیعرییەت بەقەد ئەوەی بنیاتنانەوەی گەیشتن و دۆزینەوەیە، بەقەد ئەمەش نمایشی ساتە هەرە دەگمەنەکانی بە ئیحابوونی زەینە، لەو ڕاهاتن و هۆگرییانەی بەرامبەر بە ئامادەبوونی شتەکان هەمانە، ئامادەبوونێك کە وا دەکا ڕوانینی زاتی بە مانای دەستە جەمعی لە خوێندنەوە زاتییەکان دەرچێتە دەرەوە و ڕووبەرێك بۆ جەختکردن و پێداگرتنێکی ئازادانە بخاتە بەردەمی هەموو کەسێکەوە کە توانای ئەوەی تێدا بێ وەك هاویەشیکەرێکی چالاکانە ڕوانینێك بۆ دەرەوەی خۆی هەڵنێتەوە، بەدوور لە هەموو هۆکارێکی پاڵپێوەنەر و دەسەڵاتدار و دوور لە هەموو سنوردانان و قەدەغە کردنێك.

ئەمەش ئەوپەڕی لەزەتەکانە کە لەگەڵ زەمەندا نەك بە سیفەتی دەوری بە مێژووکراو بەڵکو بە مانای ژیان لە ساتە دەگمەنەکان و ڕێککەوتە دەگمەنەکان، وەك تەزووی ژیاوە بە دڵ و زەیندا تێپەڕبێ.

شیعرییەت ساتێکی یا ڕوویەکی زەمەنی ژیاوە نییە وەك ڕێگرێك بۆ هەڵکشان، بەڵکو هارمۆنیای زنجیرە بەندی ئاوازەکانیش نییە. شیعرییەت هاو دەلالەتی سرووتی وێنەی زاتە کە بە عەشقەوە دەربڕین لەو ساتە ژیاوە دەگمەنە دەکا و لەودیوی ماناوە بوارێك بۆ

تێڕامانی نمایشئامێز دەرەخسێنێ، ئەمەش پاش هەموو کردارە زمانەوانی و هەموو بەیەکدا هاتنەکانی بنیاتەکانی دەقدا، بێشك پەیوەستێکی تێکهەڵکێشیی هاووێنەی بەهێز لەنێوان گوتاری شیعری و شیعرییەتدا هەیە. شیعرییەت، لە گوتاری شیعریدا، تەنیا گۆڕینێك نییە لە ئاراستەی زمان وەك لە قاوغگرتنێکی پاشەکشێپێکەر، یاخود وەك سیفەتێك بۆ پێناس و ناسینەوە، شیعرییەت هەروەها خولقاندنی وێنەیی بە کردار کردنی ڕوانینە، بەو مانایەی لە وێنەیەکی ناوەندییەوە تۆ دەتوانی بەدەیەها وێنەی لێکنەچوو هاوئاست لە زەیندا بکەیتەوە، جیاواز لە ڕووکەش و یەك ئاست لە جووڵەدا. بەڕادەیەك لە جیاواز بوونەکاندا تۆ چیتر نەتوانی لەو میکانیزمە پڕ لە درەوشانەوەیە خۆت بەدوور بگریت. ئەمەش لایەنێکی تری وزەکانی شیعرییەتە وەك هۆیەك بۆ بەرهەمهێنانی زەینی کە بەبێ کارلێکی بنیاتەکان و بەرجەستە بوونێکی کۆتاییانەی هەموو کردارەکانی نێوان پێکهاتی زمان، بوونی نەبێ و مانا بە تەنیا ناتوانێ شیعرییەت سەرخاتە دەرەوەی دەق.

هەرچەندە مانا هەموو کاتێك دەستبەرداری بوونێکی مێژوویییانەیە و پۆلێنکردنێکی مێژوویییانە لە خۆیدا هەڵدەگرێ و زیاتر بەرجەستەی داواکارییەك دەکا کە توانای خۆسەپاندنی تێدا بێ. هەروەکو چۆن ئەم پێکداچوون و گوزەرکارییەی مانا پەیوەست بە چێژەوە، هەروەها پەیوەست بە جوانکارییەکانی زمان و شێوەو هەڵنانەوەیەکی بەدووی یەکداهاتوو لە خۆیدا هەڵدەگرێ، کە سیفەتێکی مێژوویيش دەنوێنێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مانا کاریگەریی خۆی لە پێکهاتی بنیاتەکاندا نەبێ، چونکە ئەمەی بەلامانەوە گرینگ بێ چۆنێتییەکە بۆ جووڵەی مانا و ئەو بوونەی لە پشتەوەی خۆیەوە دەریدەخات، مەبەست ئازاد بوونی چێژەکانە و ئازاد بوونی وێنەکانی شیعرییەتە کە توانای لەدایکبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی بەردەوامیان هەبێ و خوێندنەوەی ئازادانەش بخولقێنن. وەك توانایەك بۆ گوتن و ئینجاش بۆ گوتاری شیعری، بەو پێیەی مانا سیفەتێکی یەك ئاراستەیی هەیە و لەیەك وێستگەی دەورەکاندا کۆتایی بە خۆی دێنێ تاکو لە دوای خۆیەوە مانای تر و ناسینەوەی تر، بەو پێیەش مانا هەمیشە بۆشایی زۆر لە خۆیدا هەڵدەگرێ هەر کاتێك بمانەوێ بیخەینە دیسیپلینکردنەوە.

هەربۆیە شیعرییەت ڕێگەیەك و چۆنێتییەك بۆ دنیابینی و شۆڕبوونەوە بەنێو گوتاری شیعری بنیات دەنێ و بەردەوامییەکیش بە یادەوەریی دەدا لەو کاتەی هاووێنەی خۆی لە خوێندنەوەی لە شتەکاندا دەدۆزێتەوە. ئەمەش ئەو هارمۆنیایەیە کە بە چاوێکی

جیاوازتر لە چاوی ڕۆژانەوە بڕوانێتە شتەکان، هەروەها پەیوەستێکی دەروونی و عەقڵی نوێتر لە زاتدا بکاتەوە بۆ خوێندنەوەی شتەکان و وەڵامێکیش بێ بۆ پرسیاری نووسین وەك هۆکاری جیاجیای بنیاتنانەوەیەکی نوێ بۆ دنیا بینی.

**کەوتن و شیعرییەت**

پرسیاری بناغەییبوونی شیعرییەت لەوەدا نییە وشەکان و ڕستەکان چ هارمۆنیایەکی پێکهاتەیی وەك پەیوەستی جیاوازی بنیاتەکانی زمان بخاتە دەقەوە کە بەیەکجار خوێندنەوە کۆتایی بە بوونی خۆی بێنێ.

بەڵکو لە هارمۆنیای ئەو ڕەگەزە بەرهەمهێنەرانەیە کە پێشینەیەك ڕەت دەکەنەوە و لە بەردەم خوێندنەوەدا، وێنە خولقاوەکان وەك سیحرێك دەخەنە گیانەوە.

لە هەموو لایەنەکانی تەکنیك و زمان و ماناوە، وەك هۆکاری جیاجیای دەربڕینلێکردن، ئاڕاستەیەك لەبیرکردنەوەی ساتی خوێندنەوەدا دروست دەبێ.

ئەو زیندوویێتییە کامڵبووەی لە زەیندا پاش خوێندنەوە دەخولقێ، زیندوویێتییەکە پاکتاوکراوە لە هەموو دەورێکی بەرجەستەیی و پاڵەوانێتی، زیندوویێتییەك لە لەزەت و چێژە ساتی و کاتییەکان، کە تا ڕادەی بێگەردی هاوتەریبییەك لەگەڵ ڕۆمانسییەتی بوونەکان بخولقێنێ، ئەو هاوتەریبییەی نەك گەڕانەوەیەك بێ بۆ گوتراوە ڕۆژانەیی و بێ ژیانەکان. چونکە هۆکاری جوانکاری هەمیشە هۆکارێکی پێشبەرە لە سەرخستنی چێژەکان وەك سرووتێك بۆ شیعرییەت، چونکە لە جوانکاریی وێنەییدا ئەو سرووتە زاتییە، ئەو لەگەڵ خۆدابوونە ناخەکییە دەخولقێنێ ئەو کە چیتر گەڕانەوەی تێدا نییە، نەگەڕانەوەو ڕوانین بۆ ماناکانی زەمەن وەك بەهای جوانکاری کە بێگەردانە سیفەتی لەحزەیی لەبەر دەکا.

شاعیر هەر لەوێوە بەدوای هێزەکانی خولقاندنی زماندا دەگەڕێ، بەبێ ئەوەی لایەندارێتی زاتی بخاتە هیچ بانگەوازێکەوە بۆ دەستگوشیی خوێنەر و هاندانی، بەڵکو ئەو لە وشەکاندا بانگەوازێك بۆ ژیاوەیەك دەکا وەك سرووتێکی شیعرییەت. ئەو سرووتەی ژیاوە دەکاتە لەحزەیەکی زیندوو کۆتایی پێ نەهاتوو کە پاڵپشتکراوە بە جوانکاریی دەربڕین.

لە ژێر جڵەوی ئەم بەرێچکە کردنەدا فەزایەك بۆ بوون دەدۆزنەوە، هەموو دێنەوە سەر خولقاندنی وێنەی فانتازیایی شیعری کە ناوی دەنێین سرووتی فانتازیایی شیعرییەت.

هەرچەندە شاعیر دوور لە هەموو پێگەیەکی بە مێژووکراو بەرەڵاییەك و ناسنووربەندییەك بۆ خەیاڵ دەکاتەوە.

ئەمەش ئاوێزانبوونێکی دێوە جامەیی درەوشانەوەیە کە وەك خەرمانەیەك بەنێو بۆشایی و بێهوودەیی ڕووداو و بەسەرهاتەکان ئەو لەو ڕێچکەبەندییەی بە شیعرییەتکردنی زمان و مانا و ژیان دەچێتەوە سەر بنیاتنانەوەی هیچ مانایەکی ڕووکەش، نەك بە مانای پۆلێنکردنی کلاسیکی وەك مانای بە ئامانجکراو کە بتوانرێ فرەلێکدانەوەیەکی پڕ لە فرتوفێڵ دروست بکا. چونکە ئەم هەڵاتنە تەنانەت بەلایەنی ڕەخنەشەوە هەڵاتنێکە لەو شیعرییەتەی کەوا دەکا شیعر درێژبوونەوە و حەسانەوەشی تێدابێ بەلایەنی شاعیرەوە. ئەوەی مەبەستمانە لەو پرسیارەدا چڕ دەبێتەوە کەچی شتێ لەدوای خوێندنەوەی شیعرێکدا، بەهێزەوە دێتە بوونەوە و وامان لێ دەکا لەبوونیاندا بەشێك بین لە ژیاوە، کە ئامادەبوونێکی ئیحاییانەی هەبێ لە زەیندا و هەموو کاتێك ئەو ئامادەبوونە وەك وزەی درەوشاوە و دەروونی دەرگاکانی تێفکرینمان بۆ بکاتەوە.

«چ بنێسترین کێوە ڕەشتاڵەیەکی شووشەییە و

بەسەرتاسەری سەوزەفەزای

مێزەکە دارمیاوە

میتاڵێك لە ڕۆحی کانزا خوداوەندییەکان

دەکا

لەو شەپۆلی پرچە قەتراناوییە هەودا

تەلیسماوییانەدا

ئاگر دەگرێ ئاگر... هتد»

ڕەگەزی بناغەیی بەشیعرییەتکردن وەك داچۆڕانێکی مانا، شێواز ، زمان و جیهانبینی لەو بە ئاراستەکردنەدایە کە لە چەند لایەنێکی «وێنەی زەینی» و ئەگەرەکانی خوێندنەوە و هێشتنەوە و مانەوەی پرسیار لە وێنەکاندا بەرجەستە دەبێ. ئەمەش بە هیچ جۆرێك لە بنیاتی گەییوی دەق جیا نابێتەوە، وەك پێکهێنەرێکی جیهانبینی و تارمایی جیهانبینی، یا ئەو دەرهاوێشتەیەی لەدوای پرسیاری جیهانبینییەوە دەخولقێ. لێرەدا ئەگەرەکانی خوێندنەوە لە وێنە شیعرییەکاندا بە قورسی خۆیان دەنوێنن. پەیوەستی بناغەیی بۆ دامەزراندنی گوتاری شیعری لە هێزێکی بزری زمانەوە، چەمکی کەوتنە، وشەکان

مۆسیقای زمان، ڕیزبەندیی ڕستەکان، خوڵقاندنی عیشقکەوتن لە شوێنەکان، کەوتن وەك دەرخستنی جوانیی جەستەکان و سیحری جەستە و تەنەکان کەوتنی دەروونی و زەینی... هتد. چەندین کەوتنی تر لەو ژیاوەیە هیچ دڵنیاییەك و مسۆگەرییەك ناخاتەوە زەمەن و بەهێزەوە دەربڕین لەبوونی زایەندەیی خۆی دەکا، داڕمان و، داڕووخان و هەرەس و... هتد.

دەرخستنی بارێکی تر بۆ شتەکان، هەروەها درێژبوونەوە و هاووێنەیی خۆی هەیە لە چاوی بینەر. دۆزینەوەکان هەموو لە بینینەوە دەست پێ دەکەن، لێرەوە ئەگەرەکانی خوێندنەوە لە وێنە شیعرییەکاندا بە قورسی خۆیان دەنوێنن، پەیوەستی بناغەیی بۆ دامەزراندنی گوتاری شیعری لە هێزێکی بزری زمانەوەیە. وەك شۆڕبوونەوەیەك لە دیدگای بەرامبەرەوە، بۆ ئامادەبوونی جەستەیی بەرامبەر.

ئەمانە وێنەی جۆراوجۆر و ئاوێزانبوونیان هەیە، کەوا دەکەن بە دووی جوانییەکانی ئەو هێزە خۆ دەرخەرە و ئەو فانتازیا سەرهەڵداوەیەدا بگەڕێین، کە بەجارێك دەچنەوە ناواخنی وشەوە و بەجارێك دەکەونە بەر داڕژانێکی هارمۆنی و زمانەوانییەوە. هەروەکو چۆن جەخکردنێکی ترە بۆ بوون، لەو بوونەی هیچ ڕێککەوتنێك بۆ دەورەکانی مانای ڕووکەش ناهێڵێتەوە، تەنیا لەو بە داڕژان بوونەوەی لە زماندا ڕوودەدا، پاش ئەوەی بە شەپۆلەکانی شیعرییەت دەتەزێ.

وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆ خوڵقاندنی وزەی وێنەیی کە جەستەی شاعیر دەخاتە سرووتەوە، دەتوانین هەر لەم وێنە سەرەتاییەی شیعرەوە بچینە بەرامبەر ئەو شیعرییەتەی کە چەندین وێنەی بەرهەمهاتوو لەو پەرەگرافەدا دروست بکرێنەوە و لە بووندا ئامادەبن، بەبێ ئەوەی ئەو وێنانە لە جڵەو و ڕێچکەی بەبنیاتبووندا دەرچنە دەرەوە. ئەمە هەروەك بازنە و خولگەیەکی گوتنە کە هەموو وردیلە ئیحاکان دەخاتە بازنەیەکی گەورەوە، ئەمە خوڵقاندنی سرووتی شیعرییەتە لە شێوەی زمانێکی نائامادەو دووەمی دەق وەك گیانەلۆکەی شل و سفت و شەفاف و بێ سەروسیما کە بە خوێندنەوەی بەرهەمهێندا ڕۆدەچێ. سرووتی وێنەیی و بەرچاوی شیعرییەت لە ئیحاوەیە، لەو دیمەنە دایە کە تۆ لەهەر کاتێکی ژیاوەدا بەبەر چاوتەوە وەك هەقیقەتێك لە بوونی شتەکان کێوێك دادەڕمێ و هەرچی کانزاو میتاڵە گڕگرتووەکانی ناوەوەی خۆی هەیە، تووڕیان دەداتە دەرەوە. ئەو مێتالانە وەك ئاگر و وەك ژیلەمۆ سووتاو و گڕگرتووەکان، وەك داڕمانێك بەرۆحی جاویدانی کراو دەچن، لە نێو ئەبنارە ڕەش و زەوییە سەوزاییەدا دێتە

خوارەوە، دارِمانی ماناکانی وێنە و ڕێچکە بەخشین بە شیعرییەت لە مانای وێنەدا نییە، بەقەد ئەوەی لە مانای ساتەکانی کەوتن دایە، ئەو کەوتنەی گرێکانی جەستە و شێواندنەکانی جوانیی جەستە لە هۆگری بوون بە بینینەوە دەخاتە ترۆپکی لە بیرکردنەوە.

هەر بۆیە کەوتن بە مانای سەرهەڵدانەوە و یۆتۆپیای بوون دێتە خولگەی بینینەوە.

ئەمەش ڕوویەکە لە بینینی دەورووپشت لەو سروشتیبوونەی بە مردن و لە دایکبوون حوکمێك لە سەرماندا دەکا، ئەمە گۆڕانێکی جوانکارییە بەدووی ئەو وێنانەی تەنیا بەرجەستەی ئەو نمایشە زاتییە دەکەن لە سرووتەکانی ناوەوەمان.

ئەم وێنەیە هەروەها بۆی هەیە وێنەی هاوجۆر لە بنیات و جیاواز لە ڕووکەشدا بخاتەوە یادەوەرمان بۆ شتەکان.

ئافرەتێکی پرچ قەتراناوی هەودا دانیشتووە، وێنەی بەرجەستەیی لە دانیشتندا تەنیا هەر باری کەوتنە، کە هەموو جوانییەکانی ئامادە بوون لە شوێندا، هەموو ئەندازیارییەکی جەستەیی، هەموو خۆدانە دەستەوەی ئەندامەکانی جەستە بەخۆوە دەگرێ، لەنێو ئەو قژە هەوداییە تەلیسماوییەدا، بەبریسکە و تیشکدانەوە بەمەستی و ڕوانینی تاساو مەبەست بوو، وادەبینێ ڕۆحە گڕ دەگرێ.

بوارێك بۆ جەستەی بەرامبەر دەڕەخسێنێ کە پەنجەکانی بحەسێنەوە لەنێو ئەو تەلیسمە پرچەدا وەك خەوتن بە مانای کەوتن لە دەروون و بەرامبەر کەوتن لە شوێندا. شوێن فەزایەکی بێ ناسنامەیە لە حزەی کەوتنی وێنەکان دەخولقێنن ئەم ماتبوونە لەحزەییە، ئەم خۆدانە دەستەوەیەی ئازادی ئەندامەکان، ئەم جوانکارییە سرووتیە دووبارەبوونەوەی بۆ نییە هەرچەندە کەوتنە وەك دۆزینەوە و وەك ئاخاوتنی چاو و زەین، هەربۆیە شاعیر پرسیاری دارِمان و کەوتن و ساتە غەمگینەکانی کەوتن ناکا، بەقەد ئەوەی کەوتن وەك دارِمانێکی جەستەیی و سروشتی دەکاتە ڕێگەیەکی بەرچاوی دیکە بۆ بینین.

پەیوەست بەزەمەنەوە تەنیا لە ڕێچکەیەك بۆ شیعرییەت دێتە بوونەوە، نە بەدووی یەکداهاتنی ڕووداو و نە بە بەراورد کردنی ڕووداوەکان ناتوانن ئەو وێنە لەحزەییە لە دەست بوون و لە کەوتنی دەروونی و شێوەیی بەرامبەر وەك نمایشکردنی جووڵەی ڕێچکەی شیعرییەتە، لە چێژە کامڵکراوەکانی سرووتێکی شیعرییەت بۆ زات و بۆ بینینی

جەستە، هەر ئەم کاریگەر بوونە بەرچاوەیەش وات لێ دەکا تۆ بەرهەمی کۆمەڵێك وێنەی تر بێنیتە بوونەوە.

دەشێ پیتی (چ) کە سەرەتای یەکەمی شیعرە وەك داوەتێك بێ بۆ بەرەڵاکردنی خەیاڵ و چۆنییەتی دۆزینەوەی هێمایەك بۆ ئەو پیتە (چ) دەشێ: «چیا، چنوور، چرا، چیمەن... هتد» بێ، هیچ لە ناوەندێتی بوونی شیعرییەت کەم نابێتەوە. هەرچەندە هەموو وێنەکان دەچنەوە سەر خولگەی خۆیان و دەتوانن پەرە بە ئامادەبوونی خۆیان بدەن. ئەم ڕێچکە بنیاتنەرە درێژبوونەوەیەکی بەردەوام و شەپۆلاویی هەیە لە سەرجەمی شیعرەکەدا، گرنگترین خاسییەت لەم ڕێچکە بەندییەی شیعرییەت کە دەبێتە بەشێك لە بنیاتی هۆنراوەکە کە توانایەك و وزەیەکی زەینیی تازەکەرەوە بە خوێنەر دەبەخشێ، ئەو وزەیەی وا دەکا وێنەکان بۆ بەناوەندیبوونێکی بنیاتدار بگەڕێنەوە. بەبێ ئەوەی بەهای جوانکاریی خۆیان لە دەست بدەن، لێرەوە شیعرییەت درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا لە شیعرەکەدا، کە دەبێتە هێزی نمایشکەری خۆی، وەك هێزێك بۆ گوتن کە لە گوتاری شیعریدا بە جوانترین شێواز هەموو پیت و وشە و ڕستەکان و هەموو چۆنییەتی گوتن و تەکنیکەکانی زمان بەو شێوازەدا دەبات و لە خزمەتی ئەم کەمەر بەندییەدا بەکاریان دەخا.

خەوتن تێفکرنیە نییە لە مرازەکان
خەوتن لەباربردنی چرکە مەلوولییەکانە
ئای مەسیحا بەو ڕەنگە زافەرانییەوە
چـــــەنــــــێ جـــــوانــــــی

لێرەشدا، لەم ڕستە چڕکراوانەدا شیعرییەت دەگاتە بەرزترین ئاستەکانی کامڵبوونی خۆی، لەو کاتەی لەگەڵ بنیاتی نا ئامادەیی دەقدا یەك دەگرێتەوە و ناهێڵێ وێنە ئامادەکراوەکان لە بازنەی ئەم یەکگرتنەوەیە بترازێن، چی وا دەکا هەموو ئاڕاستەکانی زمان و شێواز و مانا لەم بنیاتبوونەی شیعرییەت و بنیاتی ماتی دەق، سەرنجمان بۆ جوانکارییەکانی وێنە بەرێ؟! شاعیر بەدووی وشەدا ناگەڕێ وەك دۆزینەوەیەکی بەچوونەوە سەرکراو وەك دۆزینەوەی دەوری دیاریکراو بۆ وشە نەریتەکان و ماناکان دەخاتە سەرەوەی دەق بەو مانایەی لە دەسەڵاتی بە بنیاتکردندا دەرچن، مردنی زمان بە جوانترین شێواز خۆی دەخاتە ڕوو. مردنێك کە وەك یۆتۆپیای سەرهەڵدانەوەی بنیات

بەدوای خۆیدا بێنێ، مردنی زمان پەیوەست بەو سەرهەڵدانەوە کۆتاییەی دەق لە دوای گێژاوی پرسیارەکانی دوای ماناکانەوە دێن، بۆچی کەوتن؟! بۆچی جوانی لە ڕەنگی مردووی زافەرانیی مەسیحدا جوانە؟ بۆچی خەو وەك لەناوبردنی چرکە مەلوولییەکانە؟ شاعیر زمان ناکاتە کۆتاییەك بۆ جەربەزەییەکانی گوتن، هەرچەندە گوتن بەو گوتارەی هەڵی دەداتە دەرەوە.

هەمیشە ڕەگێکی لە مانا ڕووکەشەکاندا هەیە و ناچێتە نێوانی بوونی شتەکان و ماناکانیانەوە، هەرچەندە بەرجەستەی بنیاتە پەرش و بەرەڵاکانی ئاسایی دەق دەکا، لەو کاتە زمان دەگاتە خولْقاندن کە بەجارێك هەموو سیمایەکی وەزیفەداری خۆی لە گەیاندن دەکەوێنێ، وەك دارمانێکی مەجازیی بوون.

زمان تەنیا جوانیی ساتە کامەرانییە دیسیپلینکراوەکان نییە، زمان وەك ژیاوەیەکی کاتییە، وەك ژیاوەیەك کە ناهێڵێ ڕووداوەکان ببنە زنجیرەیەکی زەمەنی و لەگەڵ خۆیاندا زنجیرە بەسەرهات و بەدواداچوونێکی مانادار پێك بێنێ نە بەتەواوەتیش ئەو (ئەفۆریایەیە).

کە لە نێوان دال و مەدلوولەکانە، بەو پێیەی تۆ ناتوانی ناوەندە ئاراستەیەکی بنیاتدار بخولْقێنێ، بەڵکو زمان تەنیا هەر ئەو گوتارەیە کە پاش هەموو کردارەکانی زمانی دەق، لە پێناس و دیاریکردنە بە سیستەمکراوەکان دەردەچێ و سیفەتی بوونێکی پڕ لە ئەفسانە لەبەر خۆی دەکا بەو پێیەی لە واقیعی ژیاوەکان دەردەچێ و لە واقیعی کەوتنەکانی خۆیدا سەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر زۆرتر لەو مەسەلەیە قووڵ نەبووبێتنەوە، زمان وەك خولْقێنەری بنیات لە پاش بەخشینی هەموو سیحرەکانی تەنیا ڕێچکەیەك لە دەسەڵاتی ئیحاییانەی خولْقێنەر دەکاتەوە، ئەو ئیحایەی بەردەوام هەناسەی نوێ بە عەقڵدا دەکا. ئەم کردارەش هەروا نییە، واتە بەو شێوەیە نییە کە ئامادەییەکی پێش وەختانە بە خوێنەر بدا، بەڵکو خوێنەریش وەك کەسێکی هاوبەش دەتوانێ بە دەستبەرداریبوونی لە هەموو گرفتارییەکی بەمانا حازر بەدەستەکان بچێتە ناواخنی هەموو ئەم کارلێکە بنیاتنەرانەوە، کە هۆکارێکمان بۆ خوێندنەوە دەخەنە ڕوو، وەڵامی پرسیاری بۆچی بخوێنین دەدەنەوە.

سەری ئافرەتێکی قژ ڕەش لەسەر مێزێکی سەوزدایە، پەنجەکانی لەنێو قژیدایە وەك تەنی بلوورین لە خەو دایە، خەوێکی قووڵ بردوویەتییەوە، ئەمەیە بەسەرهاتی کەوتنەکانی مرۆڤ و بەخشندەکانی لە چێژ و جوانی ئەو نووستوە، ناجووڵێتەوە، هەموو

ڕابردوو، هەموو داهاتوو، هەموو خەم و مەلوولەکان لەناو دەبا. ئەو لە حاڵەتی کەوتندایە، لە حاڵەتی «دارمان» دایە، ئەو لە حاڵەتی خەڵوەتێکی سۆفیگەرانەدایە، نەك لە گۆشە تاریکەکانی ژوورەکان بەڵکو لێرە لەنێو ئەوانی تردا، وەك هەر مرۆڤێك گیرۆدەی جەستەی خۆی بووە، ئەویش وەك هەر مرۆڤێك ساتەکانی مەلوولی و خەمباری خۆی هەیە، ئەویش لە ساتێکی دیاریکراودا دەیەوێ هەموو ئەوانی تر لە بیر بکاو بۆ ساتێك دەستبەرداری هەموو پێگیرییەکانی ژیانی خۆی بێ. ئەمەش کەوتنێکی جەستەییە و مردنێکی مەجازییە.

ئەوەی خاڵی گەوهەریی شیکردنەوەمانە ئەوەیە، شیعرییەت وەك هۆکارێك بۆ نووسین لە شیعری دارماندا هێزی دەربڕین لێکردنی خۆی لەو گۆشانەوە دەخاتە زمانەوە کە هەمیشە هۆیەکی وروژێنەری بۆ نووسین هەیە، کە ناهێڵێ دەسەڵاتی زمان وێنەکان هەرجارەی بەلایەکی جیاوازو بێ پەیوەستدا بەرێ. لێرەشدا ئامادەبوونی شتەکان لەبارە سروشتییە دەست لێنەدراوەکانیاندا کە لە هەموو کردارێکی مەبەستدار دەکەوێ، تەنیا وێنەیەکی شێوەکاریی یەك ڕێچکەیی نییە کە سەرسامان بکا، بەڵکو وێنەیەکە پڕ لە ژیان و وروژاندن و ڕاڕایی جوانکارییە، جوانکارییش پەیوەست بە سرووتەی شیعرییەوە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ بە ئەندازیاریکردنی زمان و بەرەڵاکردنی مانا، تەنیا لە یەکگرتنەوەی سرووتی شیعرییەت و بنیاتی کۆتاییدا کە مانای بەرەو بەتاڵبوونەوە و کۆتایی پێ هاتن دەچن و لەو بنیاتەدا دەکرێنەوە.

ئاستی وێنەیی لەم ئامادەبوونەدا، ئاستێك نییە بۆ مانا، بەڵام ئاستێکە بۆ چۆنییەك لە دروستبوونی کە ئیحا مەستەکان گەشانەوە لەرز بەخشەکانی ناوەوە، بەجارێك دەگوازێتەوە و پەلکێشی گواستنەوەی تۆ دەکەن بۆ چۆنییەتی بینینی شتەکان، ئەمەش وات لێ دەکا تۆ لە زنجیرەیەك پێداچوونەوەی پڕ لە شەوقدا شەبەقیەتی بینین لە تەنەکاندا بدۆزیتەوە.

شاعیر بەتەنیا باس لە سرووتی کەوتنێك دەکا. نەك بەمانای داڕووخان و تێکچوون، بەڵکو بە مانای چۆنییەتی ئامادەبوون، چۆنیەتی خۆ نمایشکردن، چۆنیەتی نواندنی نهێنییەکانی جەستە، ئەمەش گوزەرێکە بۆچوونە ناواخنی دنیابینینیی بەرچاوییەوە.

وێنەی بەرچاوی لە سرووتە دەروونییە و زەینییەکاندا مەسخ دەبن. ئەوە کەللەسەری ئافرەتێك نییە لەسەر مێزێك دارماوە، ئەوە بارستاییەکە لە میتاڵی گڕگرتوو کە بە ئاسمانیکی فانتازیدا و لە خاکێکی فانتازیدا دەسووتێ و خۆڵەمێشێك لە دووکەڵ و وردە

تەن بە دووی خۆیدا جێ دێڵێ. ئەوە سەری ئافرەتێك نییە كە میتاڵێك وەك ڕۆحی خواوەندەكان ببریسكێتەوە، ئەوە ڤۆڵكانێكی سەرشێتە و هەر بەرجەستەی ئافرەتێك دەكا. كە لە سەر مێزێكدا نوستووە. چەندن ئەو ساتانەی كە مرۆڤ دەخەنە حاڵەتی گوێنەدان و دەستبەرداریبوون و كەوتنی زەینەوە، پاش بێ هیوابوونە گەورەكان، پاش شكستییە گەورەكان، پاش تێكشكانە چارەسەر نەكراوەكان، مرۆڤ تازە وەكو حاڵەتی داڕمانی زاتی دەڕوا كە هێدی هێدی بەرەو داڕمانی زەینی و جەستەی دەچێ.

هەربۆیە نووستن دەرباز بوونە لەو كردارانەی كە دەشێ بچنە وێنە دووبارە بووەكانەوە، وێنەی بە دەقكردنی نائاگاییانەی مردن لە یادەوەرماندا بزرن، هەروەك ئەوەی بوونیان نەبێ، بەڵكو ئەو وێنەیە تەنیا لەو حاڵەتە ژیاوەیەدایە كە تۆ لە مانای كەوتن و ئامادەبوون لە شوێندا ڕێگەیەك بدۆزیتەوە بۆ پەیوەستێكی جەستەیی و ڕۆحی كە بتوانێ گوزەرێك بەنێو جەستەكاندا بكاتەوە، كێ بەو عیشقە ئەزەلییە زایەندییە دەتوانێ سرووت بخوڵقێنێ؟! سرووت عیشقی ڕۆحیی ساتە هەڵچووەكان و سەرساممییەكانی پاش دۆزینەوەیە، داوای مووسا بۆ بینینی ڕووی خودا، لە بناغەوە ناهاوسەنگیی بەرچاوییە لە دڵەڕاوكێ و ئامادەنەبوونە جەستەیییەكاندا، عیشقی سرووتی ڕاڕایی و دڵەڕاوكێكانی نەگەیشتنە بەوانی تر، دڵەڕاوكێی نەگەیشتنە بە یەقینەكانی ئامادەبوونێكی ڕاستەقینە لە بووندا، ئەو ئامادەبوونەی دەتوانێ وێنەیەكی دروستتر و عیشقاوی تر بۆ خەوتن ببینێتەوە.

خەوتن بەمانای كەوتنە، بەڵام كەوتنێكی زەینی، كەوتنێكی پڕ لە سۆزاوی و بێ لە گوناه. ئەمەیە ناوخنی ئەم سرووتە شیعرییەی كە هێز بە ئاستەكانی تر شێوەكان دەبەخشێ، لە گوتندا و بەهێزەوە پاساوێك بۆ ئاخاوتنی گوتار دابین دەكا.

ئای مەسیح بەو ڕەنگە زافەرانییەوە
چەنێ جوانی!
چەنێ جوانین! ئەو كاتانەی بەیەكجارەكی
دادەڕمێین و خەوێكی قووڵ قووڵ قووڵ
خێوەتی خەفەتەكان دەخاتە لەرزینێك
لە لەرزانەكانی هەودا عیشقاوییەكان و
زەردەخەنە عەبەساوییەكانی ڕووەو

بوون پەرش دەکرێن... و

ئەی کێ گەڵا خۆڵاوییەکانی درەختی

وجود دەجووڵێنێتەوە؟! کێ

بابڕوو ئەو باڵا کێڵە بەفرییە بەفراوییە.

لێردەدا چەمکی کەوتن بە مانای ترۆپکی بێ هیوا بوونەکان و گوتنی هەموو شتەکانە. ئەوانەی ناگوترێن، ڕێچکەیەکی تازەتر دەخاتە گوتاری شیعرییەوە، شاعیر داوایەك یا ئەڤینێك بۆ بەرجەستەبوونی کەوتن دەدۆزێتەوە، نووچخواردن و دارمانێك بۆ جەستەکان، بۆ شتەکان، بۆ جوانییە وەستاو و مەییوەکان، وەك ئەوەی بە نەگۆڕان و مانەوە و چەسبوونیان لەو قەدەریەتەی لە شوێندا هەیانە جوانی و سۆز و خۆشەویستیەکان بزر دەبن، ئەو کاتە مەسیحا جوانەکە ئیتر نە لە جەستە و نە لە زەینییدا دەرگایەکی نامێنێ بۆ گەیشتن بە نمایشی جەستە تەنیا لەسەر خاچێکی بزمار ڕێژدا نەبێ، ئەو کاتە مرۆڤ جوان دەبێ کە ڕێکەوتی گوتنی ڕاستییەکان وەك گرتنی وشە دۆزەخاوییەکان ڕابێ، جوانی تەنیا لە دیمەن و وێنەکاندا نییە بەقەد ئەوەی لە نمایشێکی نمایشنەکراوەکاندایە، بەقەد ئەوەی نواندنی حاڵەتێکە کە جەستە بوارێك بۆ دەرخستنی بێ گوناهییەکانی دەڕەخسێنی.

لەوە بترازێ مانەوە لە کامەرانییە نەگۆڕاوەکان، لە خەوە سەپێنراوەکاندا، لە غەریزە و خەوتە قەدەغەکارەکان، جەستە هەموو جووڵە و دەربڕینەکانی دەچنە دووتویێ ئەو مەیین و چەقبەستنە زەمەنییەوە کە ڕوویەك بۆ مانەوەی لە بازنە سەپێنراوەکان دەدۆزێتەوە. ئەمەش دیلکردن و بەندکردنی جەستەیە کە شاعیر بە پێچەوانە دەیەوێ بەرەو بەرکەوتن و دارمانیان بەرێ، وەك نمایشێکی ڕەتکەرەوە و ناکۆك لەگەڵ مانەوەی چەقبەستوودا، لەو ساتانەدا تەنیا سرووتێکی شیعری باڵ بەسەر زمان و مانا و تەکنیکەکاندا دەگرێ، هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی شیعر دەکەنە ژێر ئەم ئاراستەیەی گوتارەوە وەك بەخشینی دەور و وەرگرتن، وەك بەخشینی بەگۆ هاتنێکی پڕ لە سۆز.

سرووتی ڕەتکردنەوە بێهوودەیی لە کردارەکان سرووتی شیعرییەتە، ئەو سرووتەی بەرەو سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە، کە هۆکاری گەورەیی لەدەستبەرداریبوون بێ هیوابوونە دەستبەرداریبوونی ناخەکی زەینی لە هۆیەك بۆ گوتن و لە بزربوونی هۆیەك بۆ بیرکردنەوە، ئەمە ئەو ساتە پڕ لە سۆزەیە کە مرۆڤ هەست بە گەورەترین ساتەکانی

بەتەنیابوونی خۆی دەکا لە بووندا تەنیا هەر سرووتی گەڕانە بەدوای زات، ئەوە مەسیحە خوێنی لێ دەتکێ و کەس فریای ناکەوێ، یان جەستەیەکە بەدووی بوونێك، بوونێکی ڕاستەقینەدا وێڵەو، یاخود وێنەی مرۆڤە لە مێژووە پڕ لە کوشتن و بڕەیدا، بە ملیۆنەها مەسیحی لە خاچدراو، ملیۆنەها جەستەی بزر بوو، ملیۆنەها جوانیی بزربووی لە خۆی گرتووە. ئەو مرۆڤەی بێهوودە ڕۆژانە نازانێ بەچ شێوەیەك بەچ پەیوەسێك لەچ خەونێك. بەچ نمایشێکی جەستەیی ڕێگەیەك بۆ دەربڕین لێکردنی کاریگەری بدۆزێتەوە.

مەسیح ئەو کاتە جوانە کە لە سەر خاچەکەی خوێنی لێ دەتکێ و ڕەنگی زەرد و زافەرانی دەبێ و لەوپەڕی بێ هیوابووندا پرسیار لە خۆی دەکا؟! ئەم کەوتنە، ئەم خۆبزواندن و خۆدانەوەدەستە ئەم خۆگۆڕینە بەدوای ساتە پڕ لە لەزەت بەخشەکان مەیلێکە بۆ ئاشتبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، گەیشتنێکە لە گەوهەری بوون، فەناو مردن لەو ساتانەی دیاری کراون، لەو ساتانەی سەپێنراوەتە سەرمان وەك چۆنێتییەك بۆ ژیان و قبووڵکردنی ژیان، گەوهەری کێشەکانی مرۆڤە لە قەبووڵنەکردنی داسەپاوەکانی بوون، شاعیر بەدوای پاسەوەکانی ژیاوەیەك دەچێ، بەدوای بینایەك لە شیعرییەت دەچێ کە دەگاتە ئەوپەڕی هەستکردن بەتەنیایی کە ڕستە کۆتاییەکانی شیعرە.

ژیان جوانترین داڕوخانێکە لە سەهۆڵ

«کە ماڵئاوایی لە داڕمانییەکان دەکەین

تاوێ دەلەرزین و دەلەنگێین و

هەمدیسان خێوەتە خەڵوزییەکە

هەڵدەدەین...»

باتاوێ بلەرزێین

تاوێ بسۆزێین

بسۆزێین، دەبا بسۆزێین لەبەردەم ئاوێنە جوانەکانی لەزەتی دنیا پاش کەوتنەکان، پاش قبووڵکردنەکان، ژیان خۆی لە خۆیدا دەبێتە کەوتنێك، خۆی لە خۆیدا دەبێتە ترازانێك، هیچ شتێك دڵنەوایی دەستە جەمعی ناخاتە هیواکانەوە، هیچ شتێك ناتوانێ جەستەکان بەیەك بگەیەنێتەوە، با هەریەك لە ئێمە لە سرووتە زاتییەکانیدا بژێ و ژیان لە ساتە گونجاو و هەڵبژێردراوەکان ژیان لەو ساتانەی بەڕاستی کەوتنی مرۆڤ دەنوێنن. ئەمەش قەدەرێکی نەگۆڕە، قەدەرێکی بوونە، گەر هەموو دۆزینەوەیەك مانایەك

هەڵبگرێ ئەوا هەموو دۆزینەوە و گەڕانێك لەزەتێك هەڵدەگرێ، مەستبوونێك لە جوانییەکان، مەستبوونێك لە لەرزین و لەنگان، جەستەکە تەنیایە، بەئازارە، جەستەکە دەبێ بنوێ، دەبێ بسۆزێ. چونکە ئێمەش دەڕووخێین و دادەڕمێین و لە بناوانەوە هەرەس دێنین بێ ئەوەی... جوانییەکانی قەدەر و پاکیزەکانی گەردوون و لەرزەکانی سەفەرە ناوادەکان.

کۆمان بکەنەوە ... کۆ...

سەرچاوە

دەق– دارمان

شاعیر– هاشم سەراج

سەرچاوە– گۆڕستانی ئەپیکۆس –٢١٥–

زەمەنی شیعر ٢٥/٥/١٩٩٨

## بنیاتی دووسەرەی نوستالژیای بوون لە تراژیدیای نەبووندا

پەڕەلێل (Parallele) وشەیەکی لە بنەڕەتەوە لاتینییە و لە (Parallelos)ەوە وەرگیراوە لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا.

واتای گشتیی پەرەلێل، دوو هێڵی تەریبن کە قەت بەیەك ناگەن، لە واتا ئیتنۆلۆژییەکەشیدا (ڕێکخستنی پەرەلێلی) واتاکەی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دوو گرووپی نێر و مێ، دایکایەتی و باوکایەتی، دەستنیشان دەکا.

هەڵبژاردنی زاراوەی پەرەلێل بۆ هۆنراوەیەك، هەڵبژاردنێکە کە شاعیر هەر لە سەرەتاوە پێش وەختە بنیاتێك لە واتای دیاریکراو دەستنیشان دەکاو لە خەیاڵیدا بە چاکی تاوتوێیانی کردووە. ئەمەش یارمەتی داوە کە پێش نووسینی، بیر لە چۆنێتی داڕشتنی نەخشەیەکی شیعری بکاتەوە و هەوڵ دەدات دەلالەتە جەوهەرییەکانی دوو ڕەگەزی (نێر- مێ) بەلایەنی جیهانبینی تایبەتی خۆیەوە ئاوێزان و تێکهەڵکێشی دەلالەتی بە یەکنەگەیشتن و دەلالەتی بوونی هەردوو هێلی دابڕاو لەگەڵ یەکدا بکا.

هەر لەم دابڕان و پەیوەستە جەوهەرییانەوە شاعیر مەودایەکی فەلسەفی لە دژ بەیەکی و تەباییەکانی بووندا دەکاتەوە و نەبوون دەگەڕێتەوە ترۆپکی نۆستالژیای بوون لە گەردوون و فەزایەکی شیعریی (ڕۆمانسی- تراژیدی)دا.

لەگەڵ ئەم واتا ڕووکەشانەی ئامادە بوونی دوو ڕەگەزدا، شاعیر بنیاتێکی تر لە واتا لە دەقدا دەکاتەوە، کە هەموو ئامرازەکانی هەر لە واتای (دژبەیەکی لە واتای نەبوون لە بووندا و بوون لە نەبووندا) ڕەنگدانەوەی هەمان جیهانی پەرت و ناجێگیری ئەم واتایەن.

لە نێوانی ئەم دوو جیهانەدا، لەنێوانی ئەم دوو ڕەگەزەدا، پەرەلێل، خاڵەکانی بەیەك گەیشتنەوە و دوور کەوتنەوەی هەردوو ڕەگەزی سەرەکیی شیعرەکەیە و شاعیر لەنێوانی واتا گشتی و واتا تایبەتییەکانیدا، لە بنیاتێکی نەگوتراوی دەقدا، نوستالژیای بوون بەواتا زۆر گشتییەکەیەوە تێکهەڵکێشی ئازارە خەفەکراوەکانی ناوەوەی خۆی دەکا، ئەم بەیەکگەیشتن و بەیەك نەگەیشتنەوە جۆرکاری و ڕەگەزکارییە تیشکدانەوەی بوونێکە تەنیا بەدابڕاوی واتاکانی ئامادە بوونی بەرجەستە دەکات، ئەم دابڕانەش، دابڕانێکی یەك لاکەرەوە نییە و لە ئامادە بوونێکی دابڕاوی ڕەگەزی بەرامبەرەوە، شاعیر بەدووی بوونێکی تر و دابڕانێکی تردا بگەڕێ ئەو دوو ڕەگەزەی لە جیهانێکی یەکگرتوودا هەرگیز

تەنیا بنیاتێك نانوێنن کە ڕەهاییيەکی بێ مەرج و بێ سنوور بەزاتی خۆی ببەخشێ، هەر لە نوشوستییەکانی ئەم ڕەهاییبوونەدایە کە شاعیر هەموو هەست و دەرك پێکردنێکی زاتیی بزر دەکا و بەرەو گومڕایی و وێڵبوون دەچێ و لەلایەکی تریشەوە ئەم نوشوستییە لەژێر خانی دەقەوە، دەربڕین لە نۆستالژیایەکی زۆر قوڵ و هەستپێنەکراوی دەبا، ئەو نوستالژیایەی تاکو سنوورەکانی، ڕوانینی میتافیزیکی بەکێشی دەکاو فێری ڕاهاتنی ئازارەکانی دەکا.

لە پەنامدا ڕاکشاویت

جەستەت: بلووری تەمگرتوو•

ڕوخسارت: خەونستان

وەك دوو کەناری بەرامبەر یەکین

هەر لە سەرەتای شیعرەکەدا، شاعیر هێڵە سەرەکییەکانی جووت بنیاتی واتا دەخاتە دەقەوە. جەستەی ڕەگەزی بەرامبەر و ئامادەبوونی دوو دەلالەت بەرجەستە دەکا. یەکێکیان ئامادەبوونی (جەستە)یە بەهەموو گرفتارییەکانییەوە، ئەوی تریشیان دەرچوونە لە سیفەتی گرفتاریبوونی بەجەستەوە، فەزایەك لەنێوان جەستەو تێڕاماندا دروست دەبێ کە واتاکانی ئاسایی نین و ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی نامۆیی بەخشن.

جەستە ⟵ بلووری تەمگرتوو

ڕووخسار⟵ خەونستان

هەر بۆیە جەستە بەهەموو ئامادەبوونێکی پڕ لە گرفتارییەوە نابێتە خەونێکی پڕ لە چێژ و پڕ لە کامەرانی، جەستە ئامادەبوونێکی پڕ لە جووڵە و کاریگەری نییە، جەستە لە دووتوێی قاوغێکی (خەیاڵی- نامۆیی) دایە و جەستەیەکی کش و ماتەو لە هەمان کاتیشدا بەم بە خەیاڵکردنەی جەستەدا هەست بەیەکەمین دابڕانەکانی شاعیر دەکەین لەگەڵ ئەو جەستەیەدا هەروەك دابڕانی دوو هێڵی تەریب.

جەستە ⟵ ئامادەبوونی کامڵ

بلووری تەمگرتوو ⟵ ئامادەبوونی ناکامڵ

ڕووکەش / بزر ئاماژە -١-




هەروەك سەرنج دەدەین، فرمان لە ئامادەبوونی جەستەدا دەربڕین لە درێژبوونەوەی زەمەن دەکا لە ئێستادا و لە ئاماژەکانیشدا زەمەن ڕەهایە و پێگیری شوێن و ئامادە بوونی شتەکان نابێ، بەڵام جەستە جەستەیەکی بێ دەنگ و بێ جووڵەیە و تەنیا ڕەنگدانەوەی وێنە هەستیارییەکانی شاعیرە و ئامادەبوونێکی ئاسایی و بلووریی نییە. هەر لەم کۆپلەیەوە شاعیر ڕێگە بۆ دابڕانی گەورەتر خۆش دەکا و ڕێکخستنێکی زنجیرەدار بەشیعر دەبەخشێ و لە پشتەوەش ڕێگە بۆ نۆستالژیایەکی قووڵ خۆش دەکا.

وەك دوو کەناری بەرامبەر یەکین

شەو ڕووباری نێوانمان

دەڵێی دوو هێڵی پەرەلێلین و

بۆشایی نێوانمان

بەهانەی بوونمانە.

شاعیر لێك چواندنێکی ناوەکی لە گەردوونی ئیستاتیکایەکی شێوەیی (جوگرافی–ئەندازەیی) بنیات دەنێ و بەم لێکچواندنەش دابڕان دەگەیەنێتە ترۆپکی خۆی. لەو دوو هێڵەی کە قەت بەیەك ناگەن و لەو دوو کەنارەی هەتا هەتایە بەرامبەر یەکن و لە ناخەوەش پەیوەستێکی وا بزر بووە کە هەمیشە ئیقاعێکی تراژیدی لە ڕستەکان دەکاتەوە و ئەو ئیقاعەی بەوشە دەربڕینی لێ ناکرێ و شاعیر وێنە و تێڕامانەکانی لێ دروست دەکا.




بڕوانە ئەو دوو هێڵەی زۆر لەیەك نزیکن و بەیەك ناگەن، بڕوانە ئەو دوو کەنارەی زۆر لەیەك نزیکن و بەیەك ناگەن، لەنێوانی نزیکی و دابڕاندا، شاعیر گرفتاری بەیەکگەیشتنێکی ناخەکی هەڵدەگرێ، لەو سیفەتانەی کە ئەم دابڕانە بە وشەی دەبەخشن. ئەو شەوگارەی

بەربەستی نییە و هەمیشەییە لەو بۆشاییەی فەزایەك دروست دەكەن بوونی نییە و ئاماژەی دابڕانە، جەستە هەر تەنیا دابڕانێكی چارەسەرنەكراو و تراژیدی لە خۆیدا هەڵدەگرێ:

لەودیو جەستەتەوە: بۆشایی

كاڵبوونەوەی سنووری نێوان بوون و نەبوون

تەنیا هەر ئەو جەستەیە ئیمكان بوونی خولْقاندنی بوون و نەبوون، دێنێتە كایەوە، هەر لە جەستەوە خۆزگەیەكی مات و كپی (خەیاڵی – واقیعی) دروست دەبێ و هەر لە بۆشاییەوە ئەم خۆزگانە پەرت دەبن. هەروەك ئەوەی (جەستەی بوون) لەم بۆشاییەدا (نەبوونی جەستە) بێ، هەروەك ئەوەی (خەونی بەفانتازیا) كراو (خەونی واقیعی بێ) هەروەك ئەوەی (بوون و نەبوون) خەڵقەندەی دوو جەستەی (نەبوون) و بەپێچەوانەش، هەموو ئەم گەردوونە بوونیان هەیە و نییە، سنووریان هەیە و نییە و بنیاتی ژێرەوەی دەقیش خۆی والاّ دەكا. شاعیر دوو جیهانی نزیك لەیەك و دابڕاو لەیەك دەخاتەڕوو. دوو جیهانی پەیوەستدار و دابڕاو بنیات دەنێ، دوو گەردوونی (بەرجەستەكراو) و (خەفەكراو) لە بوونێكی (واقیعی – خەیاڵی) دەخولْقێنێ، هەروەك ئەوەی تەنیا هەر بۆشایی و نەبوون پاساوی ئەم بوونەی بەرامبەر بەیەك بن، هەروەك ئەوەی هەموو بوون بەرجەستەی نەبوونی جەستەبن. لە گەردوونێكی هەستیاری بیگەرددا كە هەموو شتێكی دەوروپشت لە دەلالەت دەكەون و شاعیر دەست بەرداریان دەبێ، لە ناوەڕۆكدا بوون و نەبوون دوو بنیاتی واتای كامڵن و تیشكدانەوەی بەیەكگەیشتن و لەیەك نەگەیشتنن. هەر لەم دوو بنیاتەی واتاوە بە هەموو دەلالەتەكانیانەوە، بنیاتێكی تر لە واتا دەخولْقێنن و بنیاتێكی ڕەها كات دروست دەكەن، كە تیایدا هەموو دەلالەت و ئاماژە و ڕەگەزەكان لە بەهای ئامادەبوون، لە بەهای دەوریانەوە بنیات دروست دەكەن. لە نێوان دوو ڕەگەزی (نێر – مێ)دا ڕەنگ دەدەنەوە. هەروەك ئەوەی پاساوەكانی دروستبوونی واتا لە پاساوەكانی لەناوچوونی واتادا بێنە كایەوە و بەپێچەوانەوەش. هەر لەبەر ئەمەشە دەلالەتەكانی شیعر بەرەو دالی فەزایەك لە خەون و خەیاڵ دەچن و تاكو سنوورەكانی بوون و نەبوون دەچێ و فەزایەك لە واتا دەخولْقێنێ دەشێ بەتارمایی واتاو بنیاتێكی دوو سەرەی شیعری ناوی بنێین:

لەپەنامدا ڕاكشاویت

جەستەت: بلووری تەمگرتوو

ڕوخسارت: خەونستان

هەر لەم چەند دێڕەوە، شاعیر لە دوو دەلالەتی شێوەیی (ئۆرگانی) و بەرجەستە کراوەوە، وێنەیەکی زەینی لەیەك دەلالەتی جەستەوە بنیات دەکا و دوو دەسەڵاتی واتا لە دەقدا دەخوڵقێنێ.

ئەم وێنە زەینییانەی تاکو دڵنیا نەبوون دەتکەن و لەگەڵ ناوونیشاندا واتاکان دەخوڵقێنن و بە پەیوەستبوونیان لەگەڵ ناوونیشاندا، دوو جەستەی دابڕاو هەروەك دوو هێڵی تەریب وێنە زەینییەکان لە جیهانی ئۆرگانییەوە بەرەو جیهانی میتافیزیکی دەچێ و بە پێچەوانەوەش، هەرچەندە واتاکان و تەبایییەکانیان لە تەبایی و نزیکییانەوە دروست دەبن و بەپێچەوانەوەش.

لە نێو فەوزای ئەم دژ بەیەکی و ناتەبایی و نەگونجانەدا، چەمکەکان هەناسە خنکاوەکانی ناوەوە دەشارنەوە. لەنێو گوتاری گوتندا ئازارە پڕ لە تاسەو حەسرەتە پڕ لە گرەکانی، نوستالژیایەك بۆ لێکدان و هەرەس پێ هێنانی ئەو دابڕان و بەیەکگەیشتنە وەهمییە دەخوازێ، چڕ کردنەوەی ئەم واتایانە لە بۆتەی کێشەیەکدا دەرهاوێشتنێکی جۆرکاری و بابەتی ئامێز بەدەق دەبەخشێ. هەر لە ڕێچکەی دیالێکتیکی دەلالەتیدا پاساوی دروستبوونی کێشەی یەکگرتنەوە و دوورکەوتنەوەی ئەم دوو جیهانە یەك شێوەیی و دەلالەتە فەلسەفییە لەدایك دەبێ و ئاراستەی پرسیارە ناخەکییەکان لە دەقدا سەرهەڵدەدەن. ڕاگەیاندنی ئەم کێشە ڕووکەشە ڕاگەیاندنی دەلالەتی کێشەی ماتی شتەکان و لە واتای ئاسایی و باری لێکدانەوەیان دەترازێ و بەرەو فەزایەکی دوور زۆر دوور لە واتادا دەچێ.

جەستەت: بلووری تەمگرتوو.

جەستە ⟵ بەرجەستە کردنێکی ئۆرگانی

بلووری تەمگرتوو ⟵ بەرجەستە کردنێکی (نائۆرگانی – خەیاڵی)

جەستە ⟵ وێنەیەکی ئۆرگانی

بلووری تەمگرتوو ⟵ وێنەیەکی شێوە گۆڕ و نەچەسپاو.

هەروەکو چۆنیش ڕستەی:

(ڕوخسارت: خەونستان) هەمان بنیاتی دەلالەتی دووسەرە لە خۆیدا هەڵدەگرێ و دەربڕین لە ناجێگری واتاکان دەکا. لێرەدا ئەوە ڕوونە دوو بنیاتی دەلالەت لە دەقدا

دروست دەبێ، کە هەریەکە و لە ئاراستەیەکی واتادار کار دەکەن و بنیاتی دەق دەکەن، بنیاتێکیان، بنیاتێکی ڕووکەشە و بنیاتی بە ئەندێشەکراو و بە فەلسەفەکراوی دەلالەتە شێوەییەکانی دوو جەستەیە کە لە تەنیشت یەکدا ڕاکشاون.

دەڵێی دوو هێڵی پەرەلێلین و

بۆشایی نێوانمان

بەهانەی بوونمانە

بڕوانە ڕستەی (بۆشایی – نێوانمان)، بۆچی دەبێ بۆشایی بەهانەی بوون بێ؟! گەر چاوێك بە دەلالەت و ئاماژەکانی ڕستەکاندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆشایی لە بووندا بوونی پەیوەستەکانی ئەوە بەوی ترەوە هەروەکو چۆن بۆشایی نێوانیان نیشانەی دابڕانیانە لەیەك لەم واتایەوە، ئەم جووت بنیاتە هەر پێش وەختە شاعیر ڕێگەی بۆ خۆش کردووە، مادامەکی شاعیر جەستە دەخاتە دوو توێی حاڵەتێکەوە کەپڕ لە پەیوەست و پڕ لە دابڕانە لە خودی واتای پەرەلێلیەوە کە لە جودا بوونەوەدا، بوون پەیدا دەکا، لێرەدا ئەم (بۆشایی)یە دابڕانێکی وەهمییە و ڕەگی لە واقیعێکی ناخەکیی دەلالەتداردا هەیە بۆ ئەمەش شاعیر دەلالەتی تر لە بۆشایی و دابڕاندا دەکاتەوە.

من لێرە نیم دوور دەڕوانم

بۆ ناخی بۆشایی

بۆ ڕابردوو کە ئاوێنەی ئێستایە

(ڕابردوو– ئێستا) هەمان سیفەت و هەمان دەلالەتی دابڕان ڕاڤە دەکا، هەروەکو چۆن لەنێوانی دوو هێڵدا زەمەن بزر دەبێ لەبەردەم بۆشاییدا زەمەن بەرەو دواوە دەکشێ، هەروەکو چۆن نە ڕابردوو نە ئێستا و نەداهاتوو نە سەرتاپای زەمەن.

لە پەرەلێلبوونی جەستەدا هیچ واتاو هیچ دەورێك نابینێ. هەر ئاواش زەمەن دەبێتە زەمەنێکی وەستاوو بێ جوولە (لێرەشەوە تێکشکان و لەناوچوونی پاشەکشێی ئامادەبوونی خود، ئەو لەنگییە دەلالەت ئامێزەیە کە لە سیفەتی بەرامبەرەکەی خۆیەوە، ئەم لەناوچوونە وەهمییە ڕاڤە دەکا، لەو کاتەی گرفتاریبوونی شاعیر بە ئیلهامی نزیکبوونەوەیەکی تری جەستە بەرەو واتای تر دەچێ لە نۆستالژیادا.

ئێستا

جەستە ——— دابڕاو ------◄ نۆستالژیا

ڕابردوو

ئەو ڕابردووەی کە ئەو تیایدا تاقە هێڵێك بووبێ ئەو هێڵەی بەرامبەری هەروەکو ئێستا وابوو، بە بێ چارەیی بەبێهوودە دەیەوێ بەپچڕانی ڕێچکەی زەمەنی واتایەك ڕۆشنایییەك بدۆزێتەو، ئەو نۆستالژیایەی هورووژم بۆ ناخی دێنێ و لەم ئازار و دابڕانەدا، بێهوودە خۆی لە زەمەنی ئامادەی ئێستای دادەبڕێنێ. ئەم پاشەکشێیە پڕ دەلالەتە لە نوشوستیهێنانی شاعیرەوەیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەستێکی وا کە هەستە پڕ لە ئارەزووەکانی بخاتە قاڵبێکی سارێژکەرەوە. ئەم هەستە زۆر دیاریکراوە لە هەمان کاتدا نامۆیییەکی زەمەنی ڕاڤە دەکا لە نۆستالژیای بە یەکگەیشتنەوەیەکی تردا لەگەڵ ئەو جەستەیەی کە لە پەنایدا ڕاکشاوە و ئەوەندەش لێی دوورە، بێگومان کاتێك لە بۆشاییدا (بوون) دەخولقێ، بۆچی لە ئیستاشدا ڕابردوو نەخوڵقێ؟؟

وەکو شەپۆلێکی ئاڤرێم

شەکەتانە بەرەو کەناری تۆ دێم

ئەم دوو دێڕەش جەوهەری نۆستالژیای دروستبوونی پەیوەستی ترە، کە شاعیر لە ترۆپکی بێ هیوای و شکستیدا لە ترۆپکی دابڕان و جودا بوونەوەدا بە دەروونێکی پڕ لە گرفتاری و ئارەزوودا شەکەتانە دەیەوێ تەریبی پەرەلێلی تێك بشکێنێ ئەم گەردوونەش پەیوەستە بە دیالێکتکراوەکانی دەلالەتە هاودژەکان و شاعیر جووت بنیاتی نۆستالژیا و دابڕان دەخاتە قاڵبێکی یەکگرتووی بینای شیعرەوە، کە هەر بنیات و تەواوی دەلالەتە زەمەنی و فەلسەفییەکانی خۆی هەیە و لە بنەڕەتەوەش بنیاتی ژێرەوەی دەق تاقە بنیاتێکی دروستبوونی دەق و تاقە بنیاتێکی بزوێنەری دەقە:

بنیاتی ڕووکەشی دەق

جەستە | بوون | دابڕان | ئێستا | مەحاڵ

کێشە ——————————— کێشە

خۆشەویستی | نەبوون | بەیەکگەیشتن | ڕابردوو | نوستالژیا

بنیاتی ژێرەوەی دەق

بەڵام بۆچی شاعیر تا ئەودیوی واقیع دەلالەتەکانی زەمەن و واتا درێژ دەکاتەوە؟!
شاعیر لەم دوو بنیاتە هاودژ و ئامادە و نائامادەیەدا کە بە جەستەی دەبەخشێ. لە حاڵەتی وێڵی و گومڕاییدایە، لە حاڵەتی نامۆبوونێکی زەمەنیدا بە ئەو کاتەی نە شوێن و نە زەمەن و نە ئەو جەستەیەی لە تەنیشتدایە لە توانایاندایە شوێنێك لە جیهانی واقیعیدا بۆ ئەم ناخە نامۆیە داگیر بکەن. ئەو شوێنەی لە گومانەوە یەقین بە دەروون ببەخشێ. شاعیر لە ناوەوەیدا لە هیچ وێستگەیەکی دەلالەتی چەسپاو ناوەستێ کە لە سێیەم کۆپلەدا، گومڕایی و نامۆیی پەرتبوونی ناخی بەئاشکرا والآ دەکا و ڕوانینەکانی هەردوو جەستەی (کپ و ماتی) ئەو و (شڵەژاوی) خۆی تێپەڕ دەکا

لەودیو نیگاکانتەوە: گومڕایی و

گومڕایی

تاکو ئەم کۆپلەیە هەر زوو بنیاتی شیعرەکە بەرەو کامڵبوون دەچێ لەو کاتەی شاعیر شوێنەکانی پەرەلێلی دەگۆڕێ و ئەو شوێنی جەستەی بەرامبەر دەگرێتەوە.

لە پەناتدا وەکو تەرمێك ڕاکشاوم

دنیا ئارامە و

نامۆ بوون: تامان

نەچسپانی وێنەکان و بەرجەستە کردنێکی بەهێزی ڕەگەزە هاودژەکان. ئاڵوگۆڕ پێکردنی شێوەی بنیاتەکان، لەژێرەوەی تاقە بینایەکی بیرکردنەوە و یەك ڕێچکەی بابەتیدا هەڵچنراوە، ئەم جیهانە دەوڵەمەندەی دەلالەتیش، دووبارە کردنەوەی وێنەکانە لە هەمان واتاو ڕێچکەی دەلالەتی هاودژ و بۆچوونی بەیەك داهاتوودا، (بێ دەنگی و نامۆیی) هەمان دەلالەتی گومڕایی و (کپ و ماتی)ی جەستەیە، لەنێوان لێکدانەوەی دیاردەکانی واتادا بەهۆی گۆڕینی شوێنی کەسایەتی و گۆڕینی وێنەکانەوە.

جیاوازی نێوان ئەم دوو بارەی کەسایەتیش زۆر زەق و و ئاشکرایە. کاتێك شاعیر لە پاڵ ئەودا ڕادەکشێ، بەزەقی (نامۆیی خۆی ڕادەگەیەنێ) هەر گۆڕینی باری خۆیەتی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا و لەژێر ئەم کاریگەرییەدایە کە (نامۆیی) هەمیشەیی خۆی ڕادەگەیەنێ و لە ڕستەکانی تر ئەم بارە و کێشەکان چڕتر دەکاتەوە.

تۆ ڕووناکیت

ناتوانم بتگرم

یان وەك تاریكیت

ناتوانم لێت دەربازبم

یاخود دەڵێ:

نیگاكانت...

... ڕووناكی دەدەن بەزەمەن

لێرەدا شاعیر لەنێوانی دوو جیهانی (نێر و مێ)دا جیهانێك دەنوێنێ لەو پەیوەستانەی كە هەروەك نواندنی حاڵەتی گەشانەوە و حەسانەوەی دەروونی وابن، ئەو ڕووناكییەی كە ڕووناكییەكی (زەمەنی – دەروونی)ە و بەردەوامی و درێژ بوونەوە، كاریگەریی خۆی دەخاتە ڕوانینەكانی شاعیرەوە، ئەمەش وای لێ دەكا پەنا بەرەو ڕابوردوو بەرێ. لەم گەڕانەشدا ئەو هەر دەیەوێ بەربەستەكانی بڕووخێنێ، ئەو بەربەستانەی لەوی ترەوە هەڵچنراون. ئەو پەیوەستەش هەریەك پەیوەستە و دوو دەلالەتی دژ بەیەك هەڵدەگرێ. شاعیر بێهودە هەوڵ دەدا بە گۆڕینی باری زەمەنی و شوێنەكان لەو حاڵەتە مەییوەی دوو جەستەیی دەربازی بێ و شوێنێك لە چركەیەكی نوێدا بكاتەوە كە لە توانایدا بێ جڵەوگیری بكا و لەناخەوە ڕووناكایی و گەشانەوەیەكی تر بدۆزێتەوە. نەخێر هەر لە پێناوی حەسانەوەیەكی (چێژداری دەروونی) هەر لە پێناوی (بوونێكی بێ دژدا) بەناچاری و بەشەكەتی دەروونی بەرەو ئەو جەستەیە دەچێت.

لێرەشدا زەمەن سیفەتی دابڕانێكی جەوهەری لە خۆیدا هەڵدەگرێ و گومڕایی و پەرتبوونی ناخ لە هەموو جێگیری و حەسانەوەیەك دادەبڕێ. ناخی شاعیر لەم دەلالەتە هاودژانەی بوونەوە پەرت دەبێ. ئەم هەستەش نۆستالژیایەكی تراژیدی دەكاتە داینەمۆی دروستبوونی وێنە شیعرییە پڕ لە كاریگەرییەكان شاعیر دەیەوێ، جڵەوی ئەو ئارەزووە ڕووناكییە بگرێ كە ئێستاكە جڵەوی ناوەوەی شاعیری گرتووە و وەكو تیشكێك بەناخیدا تێپەڕ دەبێ، ئەوە ئەو جیهانە فانتازیا و پڕ دەلالەتەیە كە شاعیر بەدەستە پاچەیی بەرامبەری دەوەستێ. هەر بۆیە سیفەتی هێڵەكانی بە پەرەلێلبوونی خۆی و ئەوی تر دەداتە پاڵ جیهانێكی ترەوە كە كۆمەڵە دەلالەتێك لە دەقدا دروست دەكەن و بنیاتێكی واتای تر لە دەقدا دەكەنەوە، هەروەك ئەوەی هەردوو كەسایەتیی دەق جەستە نەبن و تەنیا دەلالەتی خۆشەویستییەكی مەسخكراو بنوێنن و تەنیا دەلالەتی جەستەكان كێشەكانی دەق بنیات دەنێن.

ئەمەش دابڕانێکی تری کەسایەتییە لەو فەزایەی دەلالەتی دوو جەستە لە خۆیاندا دروستی دەکەن. کەواتە کێشەی دەق کێشەی نێوان واقیعێکی نائاسایی پەیوەستەکانی مرۆڤە، لە نێوان جیهانی هاودژی بوون و نەبوون لە بەستەڵەکبوونی جەستەوە. لەم جیهانە دابڕاوەشدا بێهودەیی نۆستالژیا لەدایك دەبێ، کە مات و بێ سەدایەو و تەنیا لە بنیاتی ژێرەوەی دەقدا، بنیاتێك لەواتای تەواو دروست دەکا. هەروەکو پەرەلێلکیش لابردنی یەکێکیان کوشتنی ئەوی تر و سڕینەوەی مەغزای بوونیەتی، ئەو دوو (هێڵە- جەستەیە) هەرگیز نامۆن و بەیەك ناگەن و هەر ئەم بەیەك نەگەیشتنەش دەلالەتی بوون و کاریگەر کردنە سەری یەکتریان لێوە پەیدا دەبێ. پەرەلێل هێمای بەیەکگەیشتنەوەیەکی ناکامڵی شاعیرە و ئەو نوستالژیایەکی ڕووخێنەری لەلادا دروست دەبێ لە ئەنجامی نەگەیشتن بە پەیوەستێکی تر لەگەڵ ئەو (هێڵە - جەستە)یەدا.

چۆن بتوانم لێت ئازاد بم؟

چۆن بتوانم بتگرم؟

بۆشایی نێوانمان نیشانەی بوونمانە

ڕووناکی ڕووباری نێوانمانە

پرسیاری جودابوونەوە و بەیەکنەگەیشتن و بەیەکگەیشتن لە پەیوەستێکی نائەزەلیدا، ئەو خەمە گەورەیەی شاعیر و تێڕامانەکانیەتی، لە چوونەوە سەری واتایەك کە لە توانایدا بێ ڕەگەزەکانی تێکدانی ئەم پەیوەستانە هەرەس پێ بێنێ و شوێنێکی تر و هێڵێکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەم حەزەی. شاعیر هەر لە سەرەتاوە دەرك بە نوشوستیی خۆی دەکا لە خودی پرسیار کردندا. ئەم پرسیارانەی دواییش بانگێشە کردنە بۆ نوشوستیی ئەو گەڕانە لەو کاتەی وەڵامەکانی خودی پرسیارەکان تەنیا لە چوارچێوەی هەرگیز نەشیاوی جودا بوونەوەدا دەبێ. لەو کاتەی پرسیارەکان تەنیا وڕووژاندنی ئەو حاڵەتە جێگیرانەی پەیوەستی نێوان (پیاو- ئافرەت)ەن و ئەم پەیوەستەش قەدەرێکی ئەزەلییە. هەروەك بۆشایی، هەروەك ڕووناکی، هەروەك بوون، بە هەموو ئەو دەرهاوێشتە هەستیارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی حاڵەتی مەیین و نامۆبوون و گومڕایی و لە هەمان کاتیشدا دەبنە (حەز و ڕووناکی و ئاوەدانی و گەشانەوەی دەروونی).

لەمەشدا شاعیر هەمدیسان دوو بنیاتی جودای واتا دەخاتە دووتوێی ئەم پەیوەستانەوە، جەستە وەك تێڕوانێکی تەواوکەری بوون، لە خۆیدا سیفەتی دژ بەیەك و

جۆرکاری هەڵدەگرێ و ئەو سیفەتانەش لە بۆشایی و خەراباتی پەیوەستێکی بێ گیان و نائۆرگانییەوە دروست دەبن و پەل بۆ هەموو بوون ڕادەکێشن. ئەو شیعرە و گەردوون و ئیقاعەکانی نزیکن لە گەردوونی هەندێك لە شیعرە ڕۆمانسییەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و بەتایبەتی لە شیعرێکی (هارۆلد مۆنرۆ)ی شاعیری ئینگلیزی شیعری (نووزەیەك لە نیوە شەودا) کاتێك شاعیر دابڕانی جەستەیی (نێر –مێ) لە مردندا بەرجەستە دەکاو نۆستالژیایەکی گەورە و حەزێکی گەورە لە ناخیدا دروست دەبێ بۆ یەکگرتنەوەیەکی سەرەوەی واقیع لەگەڵ ئەو جەستە بێ گیانەی کە لە گۆڕدا دوور لەو بەتاریکی دەنێژرێ و لە ترۆپکی نۆستالژیادا دەڵێ (ئاخۆ دەبێ ڕێگەیەك نەبێ جەستەمان یەك خەین؟؟)

یەکگرتنەوە و دابڕان ئەو پرسیارانەن کە لە خودی (مردن – ژیان)ەوە سەر هەڵدەدەن و لە هیچ وێستگەیەکی ورد بوونەوەی فەلسەفیدا ڕوانینەکان جێگیر ناکەن و دژ بە یەکێتی دەلالەتەکان و تەبابوونی ئەم (بوون– نەبوون)ە ئەو جودا بوونەوە قووڵەیە کە (پەرەلێل) دەیەوێ کەلەبەری فەلسەفییان تێدا بدۆزێتەوە، بەم پێیەش جودابوونەوەی پەرەلێلیی شوێنی خۆی لە دەرەنجامەکانی ئەم بوون و نەبوونەدا دەکاتەوە و هەموو دژ بەیەکییەکی ئەم گەردوونە لە خۆیدا هەڵدەگرێ و مرۆ لەم گەردوونەدا وەك قەدەرێکی ڕەت نەکراوە بەکێشەی دەکا. ئەمەش وای لێ دەکا لە وێستگە ئاساییەکانی لێکدانەوە و سەقامگیری نەوەستێ و بەرەو گەردوونی گومان و گومڕایی و پرسیارەکانی بەرێ.

ئەو گەردوونەی لە خەونەکاندا دەژی و ناخمان پەرت دەکا و پرسیارەکانی بوون و نەبوون لە زەینماندا دەکاتەوە.

کەواتە بنیاتی ڕووکەشی دەق بنیاتێکی بزری دەقەو کیانی تێڕامان و پرسیارەکان دەخاتە دوو توێی نەخشەیەکی بزر لە واتادا. شیعری پەرەلێل وردبوونەوەیەکی قووڵ و سەرکەوتووی شاعیرە لە شێوازێکی هارمۆنیداری بێ گرێوە، بەناخماندا ڕۆ دەچێ و چەندەها پرسیاری جودا جێ دەهێڵێ.

## دەسەڵاتی مردن لە شێوەی سێوێك

## ناوونیشان و دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی دەق

زۆر جار لە شیکردنەوەی دەقەکاندا ناوەڕۆکی بابەت باڵ بەسەر کەرەستە و هۆیەکانی دەربڕینی شیکردنەوەدا دەگرێ و بابەت دەبێتە ئامێری بزوێنەری دەق و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی، لایەنی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ماناکان لە بابەتێکدا دەستەباڵا دەبن لە

لێکۆڵینەوەیەدا. بێگومان لە زۆربەی ئەو بابەتانەدا ئەم کارەی ڕەخنە و شیکردنەوەی دەقەکان لەسەر حسێبی لێکۆڵینەوەیەك دەبێ کە لە گەردوونی زمانەوانی و یەکەکانی دەلالەت و ئاماژە بۆ کردنەکانی زماندا دەبێ بەمەش شیکردنەوە نابێتە ڕێگەیەکی یەك لاکەرەوەی کێشەی نێو دەقەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەخنەی بابەتی و لێکدانەوەی جودای دەقەکان بە خۆوە دەگرێ.

بابەتی دەق زۆر جودایە لە کیانی دەلالەتەکان. ڕاستە دەق خۆی خاوەنی بابەتی خۆیەتی و ئەمەش مەیدانێکی بەربلاو لەبەردەم ڕەخنەگر دەکاتەوە و پانتاییەکی فراوانتر بە وردبوونەکانی دەبەخشێ وەك خاوەن گوتارێکی ڕەخنەیی یەك لاکەرەوە کە ڕەتکردنەوەی ئەستەم بێ.

بەڵام چۆن لە تواناادا دەبێ بەربەستێك لەبەردەم هورووژمی بابەت و ماناکاندا قیت کەینەوە و دەقەکان لە شیکردنەوەی زۆر ڕزگار بکەین و بگەینە ئەو بنیاتە ڕەخنەییە شمولییەی تەباییەکی یەکگرتوو بە لێکدانەوەکان ببەخشێ و ڕوانینی نوێ لە جەستەی دەقەکان بکاتەوە؟ لە ڕاستیدا هۆیەکانی شیکردنەوەی دەق، ئەمڕۆکە لە مەیدانی ڕەخنەدا لە زۆر بووندان و سەرجەمی ئەو تەوژمە ڕەخنەییانە ڕەگەزەکانی لە خودی زمانەوە سەر هەڵدەدەن، ئەوەشی ڕوونە دەرچوون لە زمانی دەق زۆرجار ئاماژە و هێما زۆر گرینگەکانی دەق لەناو دەچن، لەم بارەشدا زێدەڕۆیی لە لێکدانەوەکان، زۆربوونی بۆچوونەکان، ئامادەبوونی لایەنگیریی ڕەخنەگر، بزرکردنی پێوەندیی نێوان دەلالەتە جوداکان، نەدۆزینەوەی ڕێچکەیەکی دیار نەکراوو پتەو لە شیکردنەوەی ڕستەکان. دەبنە ئەو کاریگەرییانەی کە دەقە هێمادارەکان جڵەوگیر نەکرێن و زۆر جار گوێمان لە نووسەرێك دەبێ سەری سوڕ دەمێنێ لەوەی کە ڕەخنەگر بەلای بابەتەکانی ئەودا نەچووە!

ئاشکرایە دەقە شیعرییە نوێیەکان زۆر جار هێما و ئەماژەی زۆری دەربڕین، کۆدی شاراوەی زۆر و وەسفی بێ لایەنی زۆر دەگرێنە خۆیان و چەندێکیش ئەو دەقانە لەم خاسیەتانەدا قووڵ ببنەوە ئەوەندەش دەقەکان مانای ڕووکەشی جۆراوجۆر دەگرنە خۆیان و لەبەردەم خوێندنەوەدا بەرگی مەجازی بابەتیی دروستکراو لەبەر دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا چوونەوە سەری ئەو پەیوەستە شاراوانە و دۆزینەوەی ڕەگەزی بنیاتنەری دەقەکان، هەموو کاتێك یارمەتی خوێنەر دەدەن لە دەقەکان بگا، ئەمە جگە لە هەندێ خاسیەتی تری وەك گواستنەوە لە پڕەکانی بابەتیی نووسەر لە دەقەکاندا و هەستکردن بە کاریگەرییە سۆزاوی و زەینییەکانی نووسەر و شڵەژانە لەپڕەکانی

بیرکردنەوە کە زۆر دەستەمۆکراون و هەوڵدان بۆ جودا کردنەوەی ئاستە جوداکانی گوتار لە دوو توێی مەودا زەمەنییەکانی دەق و ناسینەوەی ڕێچکەیەکی یەکگرتووی ماناکان لە پەراوێزی بابەتدا. هەموو ئەو خاسییەتانە ڕێگەی ئەوەمان دەدەن گەورەترین تەبایی بخەینە نێو فەوزای دەقەکان و یارمەتیمان دەدەن بەیەك ڕوانین بچینە گەردوونی دەقەکانەوە. دەقی «باخچەکانی باوکم»ی ئازاد سوبحی یەکێکە لەو دەقانەی کە زیاتر لە واتا و بابەتێك دەگرێتە خۆی و چەندێك ڕاستەوخۆ بۆ دەقەکە بچین ئەوەندە لە کێشە بابەتییەکانی دەقەکە دوور دەکەوینەوە.

لە ڕاستیدا هەرچەندە ناوونیشانی ئەم شیعرە، دەروازەیەکی بابەتییانەی چاکە بۆچوونە ناخی ئەم دەقەوە و پێش وەختە بنیاتێکی یەکگرتوو بەدەق دەبەخشێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ پۆشینی کێشەکانی ئەم دەقە هەروەکو چۆن پەیوەستبوونی ناوونیشان بە بابەتەوە بەچەندەها شێوەی جودا، وای کردووە ئەم شێوە وەك کورتە داستانێکی فەلسەفی خۆی بنوێنێ، ئەم سیفەتەش شاعیر بەجۆرێك دەنوێنێ کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دروستکردنی دەلالەت و یەکەکانی دەربڕین و لێکگرێدانی هێما و ئاماژە جوداکانەوە هەبێ و بەڕادەیەك زمان دەگاتە حاڵەتی لە دایکبوون. ئەو حاڵەتەی گرێ کوێرەکانی ڕستە لە دوای ڕستە و دینامیکیەتی داڕشتن دەکاتە زنجیرەیەك لە ڕێکخستن و تەبایی ڕەگی ئەم سەنعەتکارییە زمانەوانی و بابەتییەی شیعرەکەش دەگەڕێتەوە بۆ وروووژاندنی ڕستەکان کە ئەوەندە دەوڵەمەندن لە دەلالەتەکان کە دەتوانین بڵێین زمان هەر ئەوەند کێش و قورسایی دەلالەت هەڵدەگرێ!

باخچەکانی باوکم لە ڕووکەشدا ئاماژەکردنە بۆ «بەهەشتی ئادەم» بەگرتنە بەرچاوی ئەم دەلالەتە پێش وەختەیەی شیعرەکە، نزیکەی زۆربەی واتاو دەلالەتەکانی دەقمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، نزیکەی زۆربەی واتاو دەلالەتەکانی دەقمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هەروەك ڕاگەیاندنێکی پێش وەختەو ئاگاداریکردنەوەیەکی زۆر گرینگ یارمەتیمان دەدا بۆ گەیشتن لەو بنیاتەی دەقەکەی تێدا گیر کراوە.

جگە لەوەش ئەم ئاماژە بۆ کردنە ئیستیهلالییەی دەق پەیوەستە بە قووڵاییە دیارینەکراوەکانی شیعرەکەوە، کە بوونی خۆی لە گۆڕانی بار و شوێنکاتی جودای شیعرکەوە دەدۆزێتەوە و لە سەرجەمدا دەربڕین لەباری مرۆڤێکی هاوچەرخ و سیفەتی مرۆڤێکی هاوچەرخ دەکەن لە دەقەکەدا.

هەر ئەم تێکەڵکردنەی بارەکانی شیعرەکە و گواستنەوە زەمەنییە زۆر بەپەلەکانن وامان لێ دەکەن بەرەو بۆچوونی زۆر و گریمانی زۆر بچین.

لە سەرجەمیشدا وشەی باوك و باخچە، هێما بۆ دەسەڵات و ئامانجی دەسەڵات دەكەن. ئەو دەسەڵاتەش پەیوەستە بەكرانەوەیەكی یۆتۆپی و ئەوانیش لە خزمەتی واتای جودای ترن. هەروەك نەفرەتی دەسەڵات لەسەر مرۆڤ و دووبارە بوونەوەی سیما ڕووخێنەرە زاتییەكانی پاڵەوان لەباری جودادا، دەسەڵاتیش هەروەك دەلالەتێكی سیاسی ڕووت نییە و پەیوەستە بە بنیاتی دەروونیی پاڵەوانەوە.

باوك ——— ئادەم ——— مرۆڤ

كەسایەتی —— دەسەڵات

باخچە ———بەهەشت ——— وڵاتی یۆتۆپیا

ئادەم، لەو دەقەدا لە هەمان كاتدا، مرۆڤی یەكەی سەرەتایی خەڵق و مرۆڤی هاوچەرخ و مرۆڤیشە بەگشتی و بە دەلالەتێكی گشتی، هێمای گەڕانی مرۆڤە لە گەردوونی بوون و نەبوون و دەسەڵاتی ژیان و مردندا و مرۆڤ بەرەو ئەودیوی سروشتی خۆی دەبا لە بارێكی واقیعی نەك میتافیزیكی.

هەروەك هەڵسەنگاندنەوەیەكی نوێی بەهامرۆییەكان، باری كەسایەتییش ئەوەندە چڕو گۆڕاوە لەوانەیە شاعیر لە یەكەم هەوڵداو لە هەندێك گواستنەوەی شیعریی لە پڕدا بەتەواوەتی دەركی بە بارو شوێنكاتی ئەو تاكەوە نەكردبێ و ئەو گوتەیەمان دێنێتەوە یاد كە زمان لە دەرەوەی خوددا دەدوێ، ئەو خودەش ئەوەندە لە نووسەر دووردەكەوێتەوە بەڕادەیەك كەشێكی بێ لایەنی كامڵی نووسین باڵ بەسەر وردبوونەوە زاتییەكانی نووسەردا دەگرێ و تەقینەوەی دەلالەتەكانی نووسەر تێپەڕ دەكا. چوونەوە سەری ناوونیشان لە دەقەكەدا ئاماژە بۆ كردنی گەلێك زۆرە:

سیحربازەكان خۆڵەمێشێكی پیرۆزیان

پرژاندە سەر قاچەكانم

وتیان ئەمە قەدەرە فوو لە قاچەكانت نەكەی

خۆڵەمێشی پیرۆز، ئاماژەكردنە بۆ سێوەكانی ئادەم و هەروك ئەویش نەمری و مانەوە و ملكەچبوونی خود نیشان دەدا لە بازنەی دەستەڵاتی خوداوەندا.

یا «لەوێ بەچاوی زاهیدێك سەیری لەزەتی باخچەكانم كرد، بە ترسەوە خۆم لە پێشبینییەكانی ئاو گێل نەكرد، لە باخچەكانی باوكم نەترسام» لەزەت و نەترسیش ئاماژە كردنە بۆ گرفتارییبوونی ئەو خودە و بڕیاری یاخیبوونە لە بەها پیرۆزەكان،

یاخود «حەز دەکەم لەم باخچانە دەرچم» ، «بە جەستەم دەڵێم خیانەت لە مێژوو بکات».
ئەمەش جەختکردنە لەسەر سەرکێشی ئەو خودە و بڕیارە مێژووییەکەی.

یا «سێوی هەموو دنیایان خوارد و داوای لێبوردنیان لە کەس نەکرد» یا «ئەی تەوتەمە نەمرەکان ئێوە ناتوانن بگەنە کرانەوە چونکە نەمرن!» کە لێرەدا ئاماژەی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سێو، مردن دەبێتە ئاماژەکردن بۆ باری نەمریی ئەو خودە و گواستنەوەی بەرەو بڕیاری مردن.

هەروەك دەبینین دەلالەتی ڕستەکان لە ئاماژە بۆ کردنەکاندا دەچێتەوە سەر ئەو خودەی لە ڕابردووە و بەرەو داهاتوو گوزەر دەکا. هەر لە سەرەتاوەش ناوونیشان لەم گۆڕانەی شوێنکاتەوە دەسەڵاتی خۆی لە نەخشەی دەقدا دەچەسپێنی. ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بابەت لە دەقێکدا بۆی هەیە بگاتە حاڵەتی یەقین ئەگەر بێتو دەق ببێتە پڕۆژەیەکی پێش وەختەی نووسین و دەلالەتەکان لە خزمەتی ئەو نەخشەیەدا دەبن کە ئەویش بەرجەستەکردنی کەوتنی ئەو خودەیە لە چوارچێوەی نەخۆشییەکانی «گرفتاری، لەزەت، مردن، چارەنووس» کە هەمیشە ئەم سیفەتە ئەزەلییانە مرۆڤ لە قاڵبێکی دیاریکراودا دەهێڵنەوە.

هەر لە سەرەتاوە کە دەڵێ «لە باخچەکانی باوکم




ڕاوەستام»، کێشەکانی دەق لەوەوە پەرەدەسێنن، بێ ئەوەی بابەت خۆی یەك لا بکاتەوە و هەموو نهێنییەکانی خۆی بدرکێنی: چونکە لەگەڵ ئەم خۆ ئامادە کردنە پێش وەختەیەشدا، سەرتاپای ئاماژە بۆ کردنەکانی لە خزمەتی مەسخ کردنی ئەو خودەدا بەکار دەهێنرێن. هەروەك ئەوەی کێشەی بابەتیی شیعرەکە خۆی لە خۆیدا دەتوێنێتەوە و خۆی بنیات دەنێ. بەبێ ئەوەی شەرعییەتێکی بابەتیی سەرەتایی و پێش وەختەیی بەو دەلالەتانە ببەخشێ. ئەو خودەی لە شیعرەکەشدا بە بەردەوام لە شێوە گۆڕینە «سێوی هەموو دنیایان خوارد» واش هەست دەکەین ئەم خاسییەتە مرۆییە سیمایەکی نەگۆڕی خەڵقە و مرۆڤ هەر لە یەکەم گوناهی شکاندنی داو و دەستووری یاساکانی خەڵقەوە،

بەرەو ڕووی جیهانی دووبارە بوونەوە و بەردەوامی ئەو جۆرە سیمایانە ببێتەوە، بەڕادەیەك ئادەم گیانی دەچێتە نێو گیانی مرۆڤ و دوو گەردوونی دژ بەیەك لە ناخی خۆیدا هەڵگرێت و گەردوونێکیان بەرەو دەسەڵاتگیری و مردن و لەزەتی دەبەن کە ئەمەش گەردوونی یۆتۆپیایە. گەردوونێکی تریش بەرەو مردنی یۆتۆپیای دەبەن کە ئەویش گەردوونی مانەوەیە لە خودی دەسەڵاتداو لە نەمری شتەکان.

**زەمەنی دەق، زەمەنی**

**کەسایەتی**

هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی شیعرەکە زەمەن و شوێنی بار و بنەمای دەلالەتی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی و لە مانا تەجریدکراوەکەی خۆیدا دەردەکرێ کە یەکەم ناسینەوەی ئەم زەمەنەش زەمەنی سەرەتایی پاڵەوانی ئەفسانەیی دەقەکەیەو شاعیر لە پێناوی زەمینە خۆشکردن و تەبایی خستنە نێو گۆڕانەکانی زەمەنی کەسایەتییەوە بەکاری دێنێ، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە زەمەنی یەکەی سەرەتایی خەڵق و دەلالەتەکانی و ئینجا زەمەنی کەسایەتیی مەسخکراو و زەمەنی مەسخکراو و هەندێك جاریش زەمەن زەمەنی مرۆڤە، بەگشتی و ئەمەش دەوڵەمەندکردنی هۆیەکانی دەربڕینە لە گەردوونی زەمەندا.

| زەمەنی ڕابردوو | | زەمەنی ئێستا | | زەمەنی چەسپاو |
|---|---|---|---|---|
| ئەفسانە | // | یۆتۆپی– ڕاستەقینە | // | ڕاستەقینە |

خاسییەتی سەرەکیی ئەم زەمەنەی شیعرەکە ئەوەیە کە لە ڕووکەشدا دابڕانێکی بنەڕەتی زەمەن لەنێو گۆڕانی کاتی شیعرەکە بەدی ناکەین. چونکە ئەم زەمەنانە پەیوەستن بە مێژووی کەسایەتیی شیعرەکەوە و لەوێوەشەوە دەچن ژێر کاریگەریی گۆڕانی شوێنکاتی ئەم کەسایەتییەوە و ئامادەبوونی ئەو لە قۆناغە جوداکانی شیعرەکە، ئەمەش پانتاییەکی گەورە لە کێشەی شیعرەکە داگیر دەکا هەر لەو کاتەوەی دەڵێ: «لە مناڵییەوە تیایدا ڕاکشاوم» تاکو ئاماژە بۆ کردنە لابەلایەکانی وەك «ڕۆژگاری تەماوی» «وەرزی تەم» و «تەوتەمە نەمرەکان» یا «من ئەچم بۆ کاتێکی تر» ئەم زەمەنەی خودیش زەمەنێکی دیارینەکراو و سنووردار نییە لە پەیوەستبوونی بە مرۆڤەوە چونکە لە نەمریدا زەمەن مانای خۆی لەدەست دەدا و تەنیا مردن ئیمکان بوونی زەمەن دێنێتە کایەوە.

ئەمەش ئەو کێشە زەمەنییە لە لای شاعیر دروست دەکا کە شتەکان بە نەمربوونیان

ناتوانن بوونیان لە خوددا بەرجەستە بکەن، هەربۆیە گرفتاریبوون و ئارەزوو دەربڕین لە گواستنەوە و کوشتنی زەمەندا بە گۆڕینی شێوەی شتەکان کێشەیەکی بناغەیی لە شێوەکەدا دروست دەکەن.

دەرچوون لە کاریگەریی دەلالەتی نەمری ئەو ڕەهاییە لە ناخی شاعیر دەکاتەوە، بۆ دۆزینەوەی باری تری کەسایەتی و بوونی شتەکان، کە بەنێو فەنابوونی خود و جووڵەی شتەکانەوە گوزەر دەکا.

«ئێستا وەختێتی لێرەوە بەرەو مەرگ بڕۆین» لەم گواستنەوەیەشدا زەمەنێکی تر لە نەمرییەوە بەرەو مردن هەناسە دەدا.

هەروەك چۆن ژیان لە مردنەوە سەر دەردەکا.

لە پڕێکیشدا ئەو مرۆڤە نموونەیی و سەرەتاییەی شیعرەکە لە نێوانمان پەیدا دەبێ و گوێمان لە دەنگ و چرپەی دەبێ، هەروەك ئەو کەسایەتییە یۆتۆپییەی لەنێو مردنی زەمەنەکانەوە دەردەپەڕێ و ئەمەش هاوتایە لەگەڵ کرانەوە، «ئێوە ناتوانن بگەنە کرانەوە، چونکە نەمرن» ئەمەش ئاماژە کردنە بۆ باری کەسایەتیی شیعرەکە و ئامادەبوونی ئەو کەسایەتییە لە شێوەی دەسەڵات و توانایەکی تر تێکشکاندنی ئەم بارانەیە کە مرۆڤ دەخەنە دەرەوەی گەردوونی خەیاڵ و خەوبینین و لە ڕاستیدا کرانەوە دەرککردن و بڕیاردانی ئەو خودەیە دۆزینەوەیەکی نوێی خودە، دۆزینەوەی چارەنووسێکی ترە لە نەفرەتێکی ئەزەلیدا. ئەو نەفرەتەی تاکو ئێستەش خود نەیتوانیوە لە بارە قورسەکانی خۆی ڕزگار بکا، چونکە ئەم کرانەوەیە، سەرەتای هەموو کۆتاییەکانە و کۆتایی هەموو سەرەتاکانە «من لەنێوان هەموو کۆتاییەکانا، کرانەوەیەکم هەبوو...» یاخود «چۆن دەتوانم دەموچاوم لەم چوارچێوەیە ڕزگارکەم؟« ڕزگاربوون لەچی؟ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی سیحری زەمەن، ڕزگاربوون لە بەها باوەکانی زەمەن، ڕزگاربوون لە دووبارە بوونەوەی باری خود، ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بوون، لەو کاتەی خود دەیەوێ خۆی لەگەڵ بارێکی نوێ و تاڵدا ڕابێنێ، ئەو بارەی خود تووشی گومان و ڕاڕایی دەکا. لەم هەوڵدانەدا خود لە دەسەڵاتی نەفرەتی و خود و زەمەن ڕزگار نابێ، خۆگیر کردنە تراژیدی و بێهودەییەکانی دادی نادەن، لە پڕێکدا ئەو خودە لە زەمەنێك چاو دەکاتەوە بەهاکانی خود یەك لەدوای یەك نوشوستی دێنن.

ئەو بڕیارەی لە پێناوی ڕەهابوونی خوددا دەیدات نایگەیەنێتە حاڵەتی بنیاتنانی

خەوە زیندووەکان. نابێتە هۆیەك بۆ دەرچوون لە ڕاستییەکان. بە ڕادەیەك یاخیبوونی ئادەم و گرفتاریبوونی ئەو لە دەرچوون لە یاسا و بەها پیرۆزەکانی دەلالەتی زەمەن و شوێن، نەخۆشییەکانی دەسەڵات، وا لە مرۆڤ دەکا کە لەم مرۆڤەدا، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاکو ئێستە ئادەمێك ببینین بەدوای خۆیدا دەگەڕێ، بەدوای یەقین.

بێگومان دووبارە بوونەوەی دەلالەتی بەسەرهاتی ئادەم لە زەمەنەکاندا سەر دەردەکاتەوە، لە زەمەنی دووبارە بوونەوەی زەمەنی دەسەڵاتەکان، لە زەمەنی دووبارە بوونەوەی تەشەنە سەندنی گوناهەکان، زەمەنی مێگەلەکان کە زەوی دەکەن بە دۆزەخ، ژیان دەسووتێنن، تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن، دەسەڵات و یاسا و ڕێسای باوکایەتی کردن دێننە کایەوە.

خود هەست دەکا دەسەڵاتی لاساییکردنەوە ڕزگاری نابێ. مێژووی تازەی خود بزر و نادیارە. یاساکان هەروەك خۆیانن، ترسەکان هەمان ترسن مێژوو هەمان مێژووە، مرۆڤ بەسروشتی ڕووت و داماڵراوی خۆیەوە هەمان مرۆڤە و لەنێو گەمەی گۆڕانی زەمەنەکاندا خۆی دەخواتەوە، خۆی بە بەش دەبینێ و خۆی وەك چەندەها خەڵقەندەی لێکچوو دەبینێ، ئەوانیش تا کۆتایینەهاتن دووبارە دەبنەوە، سەیری خۆی دەکا، لە خۆی ورد دەبێتەوە لە مێژوو بێهوودە و ناتەباکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، هەروەك ژیانی پێشوو خود لە خۆیدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەسەر هەمان ڕەوت و هەمان زەمەن دەڕوات. پەرگەندەیی و وێڵی لەناخی خۆی سەرشێتی و لە خۆباییبوونی خۆی، خۆ بە باوك زانین خۆ بە دەسەڵات بوونی خۆی ئەمانە دادی نادەن، بێهوودەیی لەم گەردوونە زێدەتر دەکەن. گەڕانەکانی لە خۆ داماڵین لە ڕێکەوتە ناماقووڵەکان، گەڕان بەدوای ڕزگار بوون لە پاشکۆگیری، گەڕان بەدوای دۆزرینەوەی زەمەنێکی نوێ، هەموو ئەم گەڕانانە نایگەیەننە ئەو ڕادەیەی دابڕانە بنەڕەتییەکانی گومان و چێژ و کێشەکانی ناخی خود لە چوارچێوە ئەزەلییەکەی دەربکا.

ڕابردوو

خود

ئێستا ــــــــــ ئێستا

جیهان

ڕابردوو

لەم دەراوزەیەشەوە ئەوە ڕوونە کە زمەنی شیعر هەمیشە پەیوەستە بە گواستنەوە لەپڕەکانی شوێن و بارەکانی مرۆڤ و ئەم پەیوەستە ناخەکییەش وەستانی بۆ نییە و وەك سووڕانەوەیەکی نەپساوە وایە، لە بازنەیەکی خڕدا، لەو ساتانەی خود هەست بەباری ڕاستەقینەی خۆی و هەست بە زمەنی ڕاستەقینەی خۆی دەکا، ئەوساش زمەنەکان هەموو دووبارە دەبنەوە، لە شێوەی وەستاندا و پەردە لە ڕووی ڕاستەقینەی خود و باری خود هەڵدەدەنەوە. هەموو هەڵبژاردن و تاودانەکانی هەموو ساتە تراژیدییەکانی دووبارە دەبنەوە، هەروەك مەسیحەکەی کازانتزاکی ڕۆژانە مرۆڤی ئەم سەردەمە لە خاچ دەردرێ و ئەم کارەش بەردەوام دووبارە دەبێتەوە:

بەڵام گرینگی چییە ئەم دەسەڵاتەی زمەن گرینگی چییە، مێژوویەکی نوێ بۆ خود؟ مێژوو هەریەك مێژووە و تەنیا زمەنەکان دەگۆڕێن، مرۆڤ وەك جۆرێکی سەیر دەکەوێتە بەرچاو وەك یارییەکی کارتۆنی، شتەکان دەلالەتیان تێکەڵ بەیەك دەبن. بەهاکان بنەمای خۆیان دەدۆڕێنن، «ئای لەو پیاوە چەندە جوانە!» «من چی بکەم لە نەخۆشەکان» «من چی بکەم لە دارستانەکان» «چۆن دەمامکەکان لە یەکتر جودا بکەمەوە» باسی ئاو بۆ کێ بکەم «چۆن لەم چوارچێوەیە خۆم ڕزگار بکەم»

**کێشەی بابەتییانەی دەقەکە**

لە بارێکی پڕ لە گومان و ئەزەلی، پڕ لە ڕووناکی و تاریکی لە زمەنێکی دیارینەکراوی ئەزەلی، لە ناوەندێکی ئەفسووناوی و پڕ لە گرفتاری، خودێك چاوەکانی دەکاتەوە، بەهەموو شکۆمەندییە نەمرەکانی، بەهەموو پەرمۆو دەسەڵاتەکانی دەوروبەر، بە هەموو یاسا و ڕێساکانی تووشی سیحری بوون دەبێ.هەموو سیفاتە بەرزەکانی خەڵق دەستەمۆ ناکەن، دەستەمۆ نەبوونی لە ئاگادار بوونەوەیەکی یۆتۆپییەوە دەست پێ دەکا. هەرچەندە ئەو لە ترۆپکی بڕیارەکانیدا بەدوای مێژوویەکی نوێ و خودێکی نوێ و زمەنێکی نوێدا دەگەڕا. لەوانەبوو ئەو نەزانێ ئەم هەنگاوانەی سیفەتی دەسەڵات لە خوددا دەتەقێننەوە. مرۆڤ جڵەو لەدەست دەدا، زمەن دەستەمۆ نابێ، هەروەك خەڵقەندەکەی پێشوو بەرەو ڕووخانی دەسەڵاتگیری دەچێ، هەر ناوێکی هەبێ، باوکایەتی و دەسەڵات بەمانای سێکسی، دەسەڵات بەمانای باوکایەتی، بە مانای دەسەڵاتی باڵای گەردوون، بەمانای دەسەڵاتی نەمری زمەن و شتەکان، بەمانای خەڵقبوون و مردن.

شاعیر بەنێو ئەم دەسەڵاتانەدا یەك ڕوو یەك دەلالەت دەبەخشێتە باوك، هەروەك

نەفرەتێکی ئەزەلی، نە یۆتۆپیاو نە یاخیبوون و نە گەڕانەوەکانی ڕزگاری ناکەن لەم نەفرەتە گەورە و مەزنەی مێژووی دەسەڵات. هیچ شتێك بۆی نییە لەم نەفرەتەی دەرکات، نەلاساییکردنەوە زۆر بەجورئەتەکانی، نە موغامەراتە زۆر نەترسەکانی، ئەم نەفرەتە بە شوێنییەوەیەتی، لە بەهەشتەکان لە ئەشکەوتەکان، لە دارستانەکان، چونکە دەسەڵات خاسییەت و ڕەگ و سیمایەکی بنەڕەتی و ئەنتۆلۆژی قووڵی لە ناخی مرۆڤدا هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی مێژوویدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە.

تەنانەت هەر لە یەکەم ژیانی سەرەتایی خەڵقبوونی نێو منداڵدانەوە، زەمەن و دەسەڵاتی زەمەن و دەسەڵاتی باوکایەتی، وەك خوویەکی هاوگیری مرۆڤ پەرە دەسەنێ، بێ ئەوەی بزانێ ئەم کێشەیە بەرەو کوێی دەبات. کێشەی شاعیر و بابەتی شیعرەکە کێشەی خود و دەسەڵاتە لە زەمەندا.

مرۆڤ دەسەڵات ـــــــــ زەمەن

گۆڕان نەگۆڕان ـــــــــ کێشەکان.

# بەشی شەشەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# چیرۆك و رۆمانی كوردی

# بەشی شەشەم

## پراکتیزە کردنی تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر چیرۆك و ڕۆمانی کوردی

### چیرۆك وەك بنیاتێکی دووسەرە... شیکردنەوەی

### چیرۆکی کوردی لە بنیاتە شاراوەکاند

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە چیرۆکی کوردی بەچەند قۆناغێکی ئەدەبی و نوێکردنەوە پێشی ڕەخنەی کوردی کەوتووە، ئەو ڕەخنەیەی لە پەراوێزی زانیارییە گشتی و زانراوەکانی ڕەخنەی کلاسیکییەوە حوکمەکانی بەسەر چیرۆکدا دەدا. مەسەلەکەش لەو گۆشە نیگایەوە سەرچاوە دەگرێ، کە چیرۆك وەك جۆرێکی (هونەری – ئەدەبی) ڕەگەزەکانی دروستبوون و پەرەسەندنی خۆی نوێ کردووەتەوە، کەچی ڕەخنەی ئەدەبی لە زۆر لە هەوڵەکانیدا نەگەیشتووەتە ئاستەکانی ئەو نوێکردنەوەیە لەسەر یەك ڕێچکەی جێگیردا چەقی بەستبوو هیچ گۆڕانکارییەکی بناغەیی نەگرتووەتە خۆی کە شێوەی نووسینی ڕەخنەیی لە لێکۆڵینەوەی چیرۆك بخاتە گۆڕانەوە. هۆیەکەشی بۆ ئەو کارتیکردنە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە کە لە دەرەوەی زمان و کولتووری کوردیدا سەر هەڵداوە، بایەخی ڕەخنە بەچیرۆکی کوردی تەنیا لە گەردوونی چەمکە باوو زاراوە ئاساییەکاندا بووە. تەنیا لە گەردوونی ئەو زاراوانەدا بووە کە کرابوونە پێوەرێکی حوکم بەدەست و دەقەکانیان پێ هەڵدەسەنگاند، هەروەك زاراوەکانی «ئاوەرۆك» شێوە، فلاش باك، دیالۆگ، کەسایەتی... هتد.

بەڕادەیەك ئەم زاراوانە کرابوونە ڕێگەیەك بۆ شیکردنەوەی دەقەکان، هەر زوو ئەم ڕێگەیە نوشوستی هێناو نەیتوانی بەشدارییەکی بنیاتنەرانە و قەناعەتپێهێنەرانە بەخودی چیرۆکنووسان و خوێنەرانی چیرۆکی کوردی بکا. بێگومان ئەمەش بێ ئاگایی ڕەخنەگرانی چیرۆك بوو لە ڕێگای نوێی شیکردنەوەی چیرۆك و سەرچاوەکانی نوێبوونەوەو بەمەش ڕەخنەی چیرۆك کەوتە ژێر دۆگمابوونی حوکم و ڕایە خۆسەپێنەرەکانەوە بۆیە شتێکی ئاسایی بوو، ئەو نووسینانە بەشێوەیەکی بەربڵاو وشەی «دەبێ و نەدەبوایە و ناکرێ و نابێ و خراپە و باشە و جوانە و دەسترەنگینە و سەرکەوتووە و نەیتوانیوە و بێ هێزە و بێ چێژە و سلبییە و...هتد» دووبارە ببێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیدا، هەوڵدەدەین لە گۆشەنیگایەکی نوێوە لە چیرۆکی کوردی بتۆژینەوە،

نەك لەبارە مێژووییەكەی ئەو مێژووەی بەدەستە جەمعیی ڕۆشنبیریی ڕەخنەكاری داڕشتراوە، بەڵكو بەهۆی دەرخستنی ڕێگەیەكی نوێ لە شیكردنەوەی چیرۆك و باسكردنی هەندێك لەو چیرۆكانەی كە گۆڕانیان خستووەتە چیرۆكی كوردییەوە و ئەمەش لە ئاستی بنیاتدا بە وەرچەرخانێك دادەنرێن، ئەو پەنجە نوماكردنەی تاكو ئێستا بۆ ئەو چیرۆكانە كراون نایانكەنە تەوەری باس و پێداچوونەوە، بەڵكو خوێندنەوەیەكی تر بۆ چیرۆكی كوردی دەكەین، بەپشت بەستنمان بەتیۆریی بنیاتی شاراوە، كە بەشێوەی كتێبی تیۆری بنیاتی شاراوە بڵاومان كردەوە.

**بنیاتی چیرۆك لە ئاستە ڕووكەش و شاراوەكەیدا**

بەخشینی یا بەرجەستەكردنی بنیاتێكی سەربەخۆی شاراوەی فرە واتای پەیوەستدار بەچیرۆك، یەكێكە لەو خاسییەتە نوێیانەی كە وەرچەرخانێكیان لە مێژووی ئەدەبیی ئەم هونەرەدا هێنایەكایەوە و كە لە بناغەوە بنیات كێشەیەكە پەیوەستە بەشێوازی دەربڕینەوە و بەگۆڕانی شێوەكانی ڕێكخستنی ماناوە. بنیاتی چیرۆك ئەو ناوەندە كامڵ و پەیوەستدارو هەندێكجار سەریەخۆیانەن كە لە چیرۆكدا پردی بەیەك گەیشتنەوە و دابڕانی سیستەمی ڕێكخستنی سیمانتیكیان ڕستە و دەربڕین لەیەك بنیاتی هاوبەش و سەرتاپا گیردا دەردەخەن، كە هەموو بنیاتەكانی تر دەخاتە پەیوەست و كار لەیەك كردن و یەكگرتنەوە، تەنیا لە یەك ئاستدا ئەو بنیاتانەی واتایەك دەگرنەوە.

بنیاتی چیرۆك یەكەیەكی وێنە ئامێزی نیمچە شیعرییە كە چیرۆكنووس شێوازەكانی دەربڕینی «درامی و مەلحەمی و تراژیدی و ڕاگەیاندن و گەشانەوە جوداكانی زەین و دەروون... هتد» دەخاتە ژێر دەسەڵاتەكانی خۆیەوە. ئەم یەكانەی واتا لە بنیاتی یەك مەدلوول و فرە مەدلوول كراوەدا تەنیا بەیەك ئاڕاستە كاردەكەن، كە ئەویش چۆنێتیی بەرجەستەبوونی سەرتاسەرییانەی تاك بنیاتییە، كە هەموو دەقێك بنیاتێكی جیاواز لەم بنیاتە لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێ ئەم شێوە كۆتاییەش لە بنەڕەتەوە داخوازییە ناوەكییەكانی واتاو چەسپاندنیەتی، كە دەبێتە بازنەی تۆڕێكی جەنجاڵ و گەورە و هەرسێ كوچكەی «زمان، نووسەر، دەق» دەخاتە دەورێكی دیاریكراوەوە ئەویش دەوری «بوون»ە.

بنیاتەكانی چیرۆك كە چیرۆكنووس دەتوانێ لەسەر بناغەی جووڵەی دەلالەتدار بنیاتۆكەی هاووێنەی تریان لێ دروست بكا، لە زۆر جاریشدا و لە لای هەندێك

چیرۆکنووسدا ئەم بنیاتۆکە بەوێنەکراو و بنیاتنەرانە بەدامالراوی لە بنیاتی تری چیرۆکدا دەبنە یەکەی واتای سەربەخۆ، کە سیفەتی سەربەخۆیی کۆپلەیەك لە شیعر دەگرێتە خۆی پەیوەست بەشێوازی پەخشانیی لێکچوێندراوەوە. واتە دەشێ هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی چیرۆك تەنیا لە چۆنێتی بەکارخستنی زماندا هێز و گوڕ بەبنیاتی سەرەکیی چیرۆك ببەخشێ. بۆ نموونە گوڕوتینی چیرۆکی «گۆرانی غەریبان»ی حەمە کەریم عارف ناوکی سەرەکی جوولەی واتا و چۆنێتی دروستبوونی لە شێوەی وێنەی بنیاتی سەربەخۆدا لە داڕشتنی بنیاتەکانی وەسفە جۆراوجۆرەکانەوەیە، ئەو نهێنییەی هەر لە سەرتاوە باڵی بەسەر چیرۆکەکەدا گرتووە، دەوری زمان لە باری بەجووڵەهێنانی هەڵبژاردن و نەسەقی دەق و ڕستەوە، هەروەك دەوری بنیاتۆکە زۆرەکانی چیرۆك پەردەپۆشیی بنیاتێکی تر دەکەن، لەو کاتەی لە خوێندنەوەدا بیری خوێنەر بەرەو چەند لایەنێکی پێکهاتەیی جیاوازی بنیاتە ڕووکەشەکان دەبەن. زۆر جاریش لە ئاستی سیمیۆلۆژیی، کۆمەڵێك ئاماژەی پەندداری کورت و بێ بنیاتدا شێوازەکانی دەربڕین و ناوەندەکانی واتا یەك دەگرنەوە، کە بەبێ ئەو یەکگرتنەوەیە ناگەنە ئاستی دروستبوونی بنیات، هەروەك چیرۆك «پایزە خەون»ی محەمەد مەولوود مەم، کە لە شێواز و تەکنیکی بنیاتنانی واتا ناوەڕۆك لەتلەت دەکا و دوو جیهانی ستەمکاری مرۆڤ و ستەمکاری داوونەرێتەکان لەیەك بنیاتدا دەنوێنی. تێکدانی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی یەکگرتووی دەق و لە سەرەتاشدا بەش بەش بوونی، بەبێ بنیاتە بچووکە یەك مەدلوولەکانی دەق و لە یەکترتوانەوەیان ناگەنە ئاستی تەکنیکێکی پتەو، گەر بێتو چیرۆکنووس لە حاڵە وەسفییەکانی بەشێوازکردنی واتادا خۆی پێگیری شێوازە باوەکانی گوتن بکا ودەرگایەکی والاتر لە خۆی نەکاتەوە سەرنەکەوتنی چیرۆکی وەسفی و سەرکەوتنی ڕۆمانی وەسفی، پەیوەستە بەزمان و بنیاتەکانی دەقەوە. بەو پێیەی زەمەنی چیرۆك سنووردارە چ لە درێژبوونەوەی واتاکان و چ لە دروست بوونی بنیاتەکاندا. چونکە ئیستاتیکای دامالراو لە پەیوەستی واتاکان چیرۆك بەرەو گەڕەلاوژەیەکی لێکترازاو دەبا. ئەمەش دەوری بنیاتەکانی مانامان بۆ دەخاتە ڕوو کە گەورەترین و زۆرترین شێوەی بنیاتی پەیوەستدار دەگرنە خۆیان. هەروەك چیرۆکی «تەرم»ی سەلاح عومەر کە بنیاتی واتای جۆر بەجۆر «لەترس و ڕاڕایی و تەنیایی» و بنیاتی سایکۆلۆژی ئاماژەدار دروست دەکا.

ئاخۆ بۆچی چیرۆکی کوردی یەکێتی بابەت دەکاتە ئەو کاغەزەی هەموو گەمەکانی

تەکنیکی پێ دەسپێرێ؟! ئاخۆ کاریگەریی ئەو ئاسانکارییە خۆش لێهاتووەی کەوا لە چیرۆکنووس دەکا دەستبەرداری زۆر لە حاڵەتە ئیستاتکییەکانی دەربڕین بێ؟! یاخود دەستبەرداری نەبوونی چیرۆکنووسە لە کاریگەربوونی بە شێوازی هەقایەت؟! یاخود دەقگرتنە بەشێوەی کلاسیکیی چیرۆك؟! لە ڕاستیدا کارنەکردنی چیرۆکنووس لە بنیاتە بەهێز و بیرە جەوهەرییە بەهێزەکان کە بەرجەستەی جیهانبینیەکی قووڵ دەکەن، وا دەکا نەتوانێ لە بازنەی خۆسەپێنەری شێوازەکانی گێڕانەوە و پێکهێنانی ئەوشێوازە باوانەی دەرچێ تا چەند چیرۆکی کوردی لە شێوازی گێڕانەوەی سەرەتادا بەیەك دەکەن؟!

کەمتر لەوان بەڵام هەر تەنیا شێوازێکی چەسپاوە بۆ نووسین، ئەی چەند چیرۆك لەم سێ پۆلینکردنە دەردەچن؟! بێگومان کەمتر لەوان. بەڵام لەم دەرچوونانە تۆوی نوێخوازییان لە خۆیاندا هەڵگرتبوو، هەر ئەمەش وای کردبوو ڕەخنە نەك بەدووی بنیاتە توندوتۆڵەکانی دەقدا بگەڕێ، بەڵکو ڕەگەز بچووکەکانی چیرۆکدا خۆی خەریك بکا و بەمەش زۆر ئەزموونی بەتوانا خزانە فارگۆنە هەرە پشتەوەکان و دەوری خۆیان نەبینی چیرۆکەکانی «محەمەد مەولوود مەم و کاکە بۆتانی و سەدرەدین عارف و سەلاح شوان و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل» شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان لەو مێژوەی کە بەبێ تیۆری بۆکردن نەگرت. ڕووداوە سیاسییەکانی مێژووی کوردیان بۆ دەکرێتە قۆناغ، هەروەك ئەوەی شێواز و بنیات و زمانی چیرۆك، ڕووداوەکان دەورەکانیان دیاری بکەن!!

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارانە یەخەی مێژوویەکی نوێ دەگرن وامان لێ دەکەن باوەڕمان بەو ڕەخنەیە لاواز بێ و ئەم دیاردەیەش زیاتر لە قوناغەکانی حەفتا و هەشتاکاندا بەدی دەکرا. ئەگەرچی بناغەی گۆڕانکارییەکانی چیرۆك لە بنیاتدا لە بارە بەربڵاوەکەیدا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا دەست پێ دەکا، بەڵام ئەو ڕێچکەیە بەهۆی بزربوونی هەڵسەنگاندنی تیۆرییەوە بزرکراوە.

بنیاتی چیرۆك، لە سەرەتای حەفتاکاندا خولقاندنی لایەنێکی شاراوە و بزری دەق دەردەخا، هەروەك چیرۆکەکانی (لەتیف حامد و ئەحمەد شاکەلی)، هەروەها هەندێك لە چیرۆکەکانی «محەمەد مەولوود مەم و کاکە مەم بۆتانی و حوسێن عارف و عەبدوڵڵا سەراج و حەمە فەریق حەسەن و محەمەد موکری و سەدرەدین عارف» لەیەك مێژووی کەم لەیەك دوور، هەروەها فراوانبوونەوەی ئەو ڕێچکەیە بەهاویەشی چەندین چیرۆکنووسی تر، کە لەوانەی شوێنی سەرنجن، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و شێرزاد حەسەن لەو چیرۆکانەی زادەی نەقڵی، خۆیانن نەك لەسەر چیرۆك و فیلم و ڕۆمانی

بیانی نووسراون و ئەزموونی گەلانی تر، هەروەها سەلاح عومەر و دواتریش جەبار جەمال غەریب و دواتریش نەریمان تاڵب مۆریاسی و چەند چیرۆکنوسێکی دوا ڕێچکە، ئەمان بەنەفەسێکی کەم درێژترەوە پەرەیان بەهەمان ئەزموونەکانی پێشینەی خۆیان داوە و لە بازنە خۆسەپێنەرەکانی شێوازی نووسین و گوتنی ئەو چیرۆکەی خاوەنی ئەزموونێکی هەمەڕەنگە دەربازیان نەبووە، مەسەلەی تازەکردنەوەی بنیاتەکان بەخشینی بنیاتی فراوان و فرە مەدلوولی خاوەن یەك بنیاتی شاراوەیە، ئەو بنیاتەی چیرۆکنووس هەموو ڕەگەزێکی پێویستی نووسینی لە دوو توێیدا دەتوێنێتەوە و دڵۆپ دڵۆپ بنیاتی دەنێ، کەس نییە نکۆڵی لەوەبکا بابەتەکانی چیرۆکی کوردی مۆرکی قۆناغەکەی خۆیان بەسەرەوەیە، مۆرکی کەسە داهێنەرەکان، مۆرکی زمانە دەوڵەمەندو پڕ لە داوەکان، مۆرکی پەرەسەندنی چۆنێتی بەکارهێنانی زمانیان هەڵگرتووە.

**زمان چییە؟**

زمان نە دەوڵەمەندی وشە و ڕستە و نە دەوڵەمەندکردنی ئاخاوتن و نەزمانی پاڵەوانێتی و دروشم و بەسۆزهێنانی زمانە، بەڵکو دنیایەکە لە مانای پۆلیننەکراو و دنیایەك لە شێوازی ئەفسانەیی، ئەفسانە بەڕووداوکردنی مێژوو، ئامادەکردنی مێژوو نییە بەڕووداو، ئەفسانە یۆتۆپیای زیندووکردنەوەی بنیاتەکانی گوتنە کەلە دەلاقەکانی ڕێکخستنی ئاسایی زماندا فەرامۆش و بزرکراون، وتنی ماناکانە بەو شێوەیەی لە شێوازدا ئەفسانە دەخوڵقێنن و بە ئەفسانەکردنی شێوازی نوێخوازی دەخوڵقێنێ. ئەم کردارەش هەمیشە بەرەو پرسیاری چۆنێتی مامەڵەکردنمان دەبا لەگەڵ بابەتی چیرۆك و شێوەی چیرۆك، لە دووتوێی ڕەگەزە کلاسیکییەکانی تەکنیکەوە، دەشێ چیرۆکنووسێك بە ناڕاستەوخۆ و بەعەفویەت بنیاتێك لە واتا وشێواز بخوڵقێنێ.بەڵام بنیات ئەزموونێکی قووڵەوە بووە، کە لە دواییدا ڕەخنە پەنجەنومای لایەنە گەشەکانی ئەو بنیاتانە دەکا، ئەمەش هەمیشە چۆنێتی لەتلەتکردنی بنیاتە ڕووکەشەکان و دابەشبوونیان لە چیرۆکێکی دیاریکراودا دەخاتە ڕوو، بەڕادەیەك چیرۆکی کوردی لە توندوتیژییە بنەڕەتییەکانی یەك پرسیار و یەك بنیاتی ڕووکەشدا دەردەچێ، بەلایەنی هەموو ئەو جیهانبینییە کە داکۆکی لێ دەکا و دەیەوێ ڕەنگ و سیمایەکی جودایە پێ ببەخشێ.

ئەمەش چۆنێتی زمانیشمان بۆ دەردەخا لە چۆنێتی بەکارخستندا. دەشێ زمان لەتاك دەوریی وشەدا بەرجەستەی دەوڵەمەندی خۆی بکا، بەدەر لە بنیاتێکی یەکگرتوو، بەڵێ ڕووداو لە چیرۆکدا بناغەیەکی بەرچاوە، بەڵام تەفسیرمان بۆ ڕووداو خۆڵقاندنی ئەفسانەی ئەو بنیاتەیە کە چۆنێتی پێکهێنانی خۆمان بۆ دەردەخا.

ئـاشكرایـە تـاك لایـەنـی واتـاكـان، هـەمـیشە لـە بـازنـەی «نـاونـان و پـێنـاسـانـدن و بـیـرخستـنـەوەی بـێ بـنـیـات» دەسوورێنـەوە، کـەچـی داهـێنـانـی تێکهـەڵکێشی وشە لـە قووڵکردنەوەی واتاو بەخشینی دەوری ئاڵوگۆڕکار بەزمان، بەشدارییەکی گەورەتر لە دروستبوونی بنیاتەکاندا دەکا. بۆ نموونە وشەی «دار» دەکرێ ببێتە بنیاتی چیرۆکێك و هەر چیرۆکنووسەی بە شێوازێکی جیا جیهانبینی بۆ بکا، یا لە جیهانبینی خۆیدا دەوری بۆ بدۆزێتەوە، کە لە هەندێك لایەنی تریشەوە چیرۆك و کارکردنی لە ڕستەی وەسفی دەگەیێنێتە ئاستی کامڵی خۆی، کە لە بەکارخستنە سەرجەمگیرەکانی چیرۆکدا باڵ بەسەر زمانی دەقدا دەگرێ. ئەم بەکارخستنانە لە بناغەوە پەیوەستن بەبنیاتی چیرۆکەوە و ئەو کۆمەڵە بنیاتانەی لە وێنەی واتای جۆربەجۆردا جیهانێکی فراوان لە زمانی پشتەوەی دەقدا دەکەنەوە.

هەموو چیرۆکێك چەند وێنەیەکی کامڵ لەمانە هەڵدەگرێ و هەموو ئەو وێنانە بۆ بەرجەستەکردنی یەك بنیاتی دەقن کە لە زمانی ڕووکەشدا بوونی نییە، مەبەست لە بنیاتی شاراوە مانای شاراوە نییە بە بەکارخستنە کلاسیکییەکەی ڕەخنە، بەڵکو مەبەست ئەو جووڵە بزرەی مێشك و چوونەوە سەری ناوەندەکانی بیرکردنەوەیە کە لە دەقێکی دیاریکراودا وا لە چیرۆکنووس و هەموو بنووسێك دەکەن بەجۆرێك لە جۆرەکان زمان بەکاربێنێ، بە شێوازێك لە شێوازەکان بنیات بخولقێنێ.

خوێندنەوە و خوگیرکردن لەمانا ئاسایی و بەرچاوەکانی ناوەوەی دەق هەمیشە بەرەو خاسییەتی بابەتی ڕووکەشمان دەبا، تەنیا بەرەو خاسییەتی ڕەخنەیی گلەیی ئامێز و ئامۆژگاری ئامێزمان دەبا، کە ڕەخنەی کلاسیکی کوردی تێدا نقوم بووبوو، سەیر نییە ئەگەر لەسەرجەمی ئەو ڕەخنانەدا ڕستەکانی «دەبێ ئەم پاڵەوانە وابێ و ئەم شوێنە وابوایە و دەبێ لەم کارە بێینە دەنگ و... هتد» گەلێك حوکمدانی تر بخوێنینەوە. بەلایەنی بنیاتەوە هەمیشە ئەو چیرۆکانە گۆڕانکاری دەهێننە کایەوە کە بۆیان هەبێ بنیاتی جۆراوجۆر لە دەقێکدا بکەنەوە کە دەربڕین لە یەکگرتنی وێنەکانی دەقێکدا بکەن، بنیاتی شاراوە، یاخود ئەو بنیاتە بناغەییەی کە دەقێکی لەسەر دەگیرسێتەوە لە کۆتاییدا دەبێتە جیهانێکی بابەتی کە مۆرکی قۆناغە.

کەسایەتییەکەی خۆی هەڵدەگرێ، بەڵام ئەو جیهانە بابەتییە ئەو زمانە شك نابا کە خۆی دەربڕێ. تاقە زمانێك کە بوونی خۆی لە پشتەوەی زمانی ئاساییەوە بنیات دەنێ، مـەسەلـەکـەش لـەوەدانـیـیـە کـە چـیـرۆك بـەنـاوی ئـاڵـۆز بـوون هـیـچ بـنـیـاتـێکی پـتـەوو

جیهانبینییەکی پتەو دروست بکا یاخود لە توانایدا بێ دروستی بکا. هەروەك لە هەندێك لە کاری چیرۆکنووسی ئەمڕۆکەدا بەرچاومان دەکەوێ، کە زۆر لەو چیرۆکانە ئیفلاسیی جیهانبینی و لاوازیی جیهانبینی دەق ڕادەگەیێنن.

بنیاتی شاراوە لە چیرۆکدا، دەربڕینێکی هەیکەلی و بنیاتنەرانەی بەرهەمهێنەرە کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی زمان و مرۆڤە لە ساتێکی بیرکردنەوەی دیاریکراوی نووسینەوەی دەقدا کە بە جارێك دابڕان لە باری سایکۆلۆژی و یادەوەری زماندا دەخولقێنی و دەمانگەیێنێتە بوونێك لە سیحری گرفتاریی زمان کە حاڵەتی دابڕانی خۆیمان لەگەڵ بووندا پێ ڕادەگەیەنێ. دەکەوینە جیهانێکەوە کە لە هەمان کاتدا لە باری سایکۆلۆژیی خۆمانمان دادەبڕێنێ، کە ئەفسانەی مردن و زیندووبوونەوەی نووسەر و دوو سەرەیی کرداری نووسینمان پێ ڕادەگەیێنێ، کە لە یەکێکیاندا خۆی مەسخ دەکا و لەوی تریشیاندا یۆتۆپیا لە بێ وشەدا دەخولقێنێ و یاخۆد بەمانایەکی تر ئەو زمانەی کە لە وشەکانی دەقدا بوونی نییە.

ئێمە هەموو کە دەنووسین لە ئازاری چارەنووسی بوونی خۆمانەوە دەنووسین و لەبوونی خۆمان هەڵدێین ئەو مێژووە پڕ لە گومان و ئەکتەر بازییەی نووسین کە تەعبیر لە ناخێکی فریودراوی پڕ لەفرتوفێڵ و لە درۆیەکی بە ڕاستکراو دەکا. ئێمە ئازارە ڕاستەقینەکانی ژیانمان لە ناخمان، لە پشتەوەی زمانمان دەشارینەوە. ئێمە هێشتا بەزمانێك دەنووسین و دەخوێنینەوە کە زمانی ڕاستەقینەی بوونمان نییە. هەر بۆیە هەموو کاتێك ئێمە دەرك بەوە دەکەین کە هۆکاری نووسین و گوتن زمانی ڕاستەقینەی نووسینە. پاڵەوانەکان دروست دەکەین جیهانێکی مەزن و گەورەیان بۆ دەخوڵقێنین، زۆرجار زمانی پێغەمبەرانیان بۆ دەخوڵقێنین، سۆزەکان پف دەدەین، شۆڕشەکانی یاخیبوون و ساتیر دەخولقێنین، ڕەخنەکانمان ئاڕاستەی ئەوانی دی دەکەین...هتد. ئەم کردارانە هەڵاتنە لەو بوونەی چارەنووسێکی چەسپاو و جێگیری مرۆڤ دەنوێنی.

هۆکاری کردار، هۆکاری ڕاستەقینەی هەموو بوونێکە، کە زمان دەخاتە دووسەرەیی خۆیەوە، کە زمان دەکاتە زمانێك تەنیا بەمردنی خۆی لە دەقەکاندا یۆتۆپیای بوون دەخاتە زەینمانەوە. ئەوەی هەمیشە زیندووە ئەو وشە بزر و نەناسراوانەن کە هۆکاری گوتن دەخەنەڕوو. ئەگەر بێتو چیرۆك نەگاتە ئەم ئاستە لە بنیاتی خۆیدا بێگومان نوشوستی بەرجەستە نەبوون و دەرکەوتنی جیهانبینیی نووسەر دەردەخا. زمان بەبێ پاڵپشتی دواندنی مەعریفی پەی پێ نەبراوەکانی جیهانی بوون «بوونی نووسەری

مەسخکراو ئەو شتانەی لە زەیندا دەمێننەوە» ناتوانێ دەقێك دروست بکا. ئەو زمانەش لە پێناوی بەرجەستەکردنی زمانێکی تردا بەکار دەخرێ. خوێندنەوە لە تەواوی هەستەکانی چیرۆکنووسێکدا شوێنی دەسکەوتی زەینی و گواستنەوەیەتی بەشێوەیەکی بنیاتنەرانەی ڕەنگاوڕەنگ لە جیهانی بیرکردنەوەدا، کە دەبێتە ناوەندێکی هاوبەش لە نێوانی بنیاتی ڕووکەش و ڕەگەزە بچووك و گەورەکانی تری دەقدا. تەعبیر لێکردنێکی میانگیرە لە نێوان «زمان و بنیات»دا، مەبەست لەم دەرخستنەش دۆزینەوەی بناغە و جەوهەرێکە لە دەقدا. دەرخستنی ئەو جیهانە یەکگرتوو و توندوتۆڵەیە کە لە پشتەوەی بەکارخستنی زمانی ئاسایی نووسیندا چەکەرە دەکا و بەسەرهاتی خەونەکانی بەکردار کردنی نووسەرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەمەش چەمکی مەدلوولی زمان ناگرێتەوە، وەك ناوەندی زمان کە جیهانە بەشکراو و یەکنەگرتووەکانی دەقمان بۆ ڕوون بکاتەوە، چونکە لە توانادا نییە جیهانی بەشکراو یاخود بنیاتۆکەی بچووکی دەقەکان کە وەك کونجێك لە کونجەکانی نووسین و وەك گۆشەیەك تەعبیر لە یەك زەمەنی دیاریکراوی دەکەن لە دەقدا. شوێنی هۆکاری کردار بگرێتەوە. بەمەش یەکگرتنەوەکانی هەموو بنیاتۆکەکانی دەق و مەدلوولە بەشکراوەکانی دەق و توانەوەیان لە تەواوکردن و بەتاڵبوونەوەی دەورەکانیاندا، واتە لە تەواوکردن و بردنەسەری دەورەکانیاندا. چیرۆك لە بناغەوە کارکردنە لە بیناتی گوتارێکی لێکترازاو لەو کاتەی لەو هونەرەدا، لە تەکنیکی نوێدا تەبایی و یەکگرتنەوەکانی بنیاتەکانی چیرۆك بەزۆری پشت بەهێڵە بەرجەستەکراوەکانی چیرۆك نابەستن کە وێنەی لێکدابڕاوی ڕووکەشانەو لە ئاستی بەشکردنی ناوەڕۆکدا دەردەخەن، بەڵکو زیاتر پشت بەچۆنێتیەکی بایەتی دەبەخشێ کە لەو گەردوونە بەربڵاوەی نووسیندا دەق پێ دەگەیەنن، ڕەخنەی نوێ، بەجوانی بنیاتی ئاماژە و بنیاتی دەلالەتی بۆ دەقەکانی دیاری کرد، بەشێنەیی چیرۆکی لە رستەیەکی گەورەدا چڕکردەوە، بەشێوازێکی نوێ لایەنی پێکهاتەیی و زمانەوانی دەقی بەرجەستەکرد، چەندەها جیهان و چەندەها لێکدانەوە و چەندەها چوونەوە سەری دەوڵەمەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە نوشوستی هێنا جیهانێکی کامڵی کرداری نووسین و بوونی نووسەر و زمان بخاتە ناوەندێکی تاك لایەنی تەفسیرەوە. ئەمەش وای کرد دەق بەچەند لێکدانەوە و چەند تەفسیرێك بخرێتەڕوو، ئەمەش هەمدیسان دوو جیهانی لە زماندا نواند، دوو تەوەری سەرەکی لە زماندا کردەوە، کە لە هەردوو جەمسەریدا تەنیا جیهانێکی واڵاکراویان دەخستەڕوو لەبارە پێکهاتەیییەکەی بنیاتدا.

هەر ئەمەش وای لێمان کرد لە تیۆری بنیاتی شاراوەی دەق، تاک لایەنی تەفسیر لەبارە پێکهاتەییەکەی بۆ دەق بدۆزینەوە. لێرەوە گیروگرفتی لێکحاڵینەبوون دێتە کایەوە، لە نێوانی ئەو کولتوورەی چەندین ڕێگەمان لەبەردەم دەکاتەوە بۆ تەفسیری دەق کە دەشێ هەرچەندە تاڕادەیەك ماقووڵیش بن، دژ بەیەکیی یەکتری بخەنەڕوو، لەم ئاراستەیەشدا نموونەمان گەلێك زۆرە، جگە لەوەی ئەو تەفسیرانە لە کرداری یەکبوونی ماناکاندا نوشوستی دێنن و وەك وردە جیهانی سەربەخۆ دەکەونە ڕوو.

بێگومان ئەم بنیاتانەش بەپێی ڕەخنەی نوێ ئەو میکرۆ چیرۆکانەن کە لە دەقێکدا سیفەتێکی نامێژوویی دەگرنە خۆیان، کە تاکو ئێستا لەو ڕەخنەیەدا چارەسەرێکی بنەڕەتییان بۆ نەکراوە لە نێوانی بەزەمەن بوون و بەزەمەن نەبووندا. کە دەشێ بەپێی تەفسیری شتراوس ببنە ناوەرۆکی جوداکەرەوەی واتا لێکدابڕاوەکانی چیرۆك کە لە کورتکردنەوەیاندا پەیوەستەکانی نێوانیان دەدۆزێنن و تاکو دەگەنە ئەو ئاستەی لەزەمەن خاڵی نەبن، بێگومان نوشوستی قاڵبی بنیاتی نازەمەنی لیڤی شتراوس لە دوو لایەنەوەیە، کە یەکەمیان ئەگەرچی سیفەتێکی مێژوویی بەچڕکردنەوەی زنجیرە دارکردنی گوتارێك دەبەخشێ، بەڵام لەزەمەنی بناغەیی و جەوهەری خۆی دایدەماڵێ. لە لایەکی ترەوە، بنیات گەردوونێکی فراوانتر دەگرێتە خۆی لەو بەیەکدا هاتنەی لە بنیات گەردوونێکی فراوانتر دەگرێتە خۆی لەو بەیەکدا هاتنەی لە بنیاتە ڕووکەشەکاندا ڕوودەدا و چیرۆك دەکاتە هەیکەلێکی زمانەوانی بوون، کە لە جیهانی بایەتیدا بەرجەستە دەبێ، جگە لەوەی ئەو ڕستە کورتکراوانەی بەدووی یەکدا دێن و بەڵکو سەرجەمی ڕستە کورتکراوەکان ناچنە دووتوێی بنیاتێکی توندوتۆڵی واوە کە هیچ گومان و گفتوگۆیەك هەڵنەگرن. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو چیرۆکێك دەتوانرێ بەم زنجیرە بەدووی یەکدا هاتنە کورت بکرێتەوە بەبێ ئەوەی جەوهەری کرداری دەق بنوێنێ و جەوهەری هۆکاری نووسین بخاتەڕوو.

لەو سەردەمەی کە زۆرترینی بابەتەکان بەشێوەی جودا دەق ئاوێزان دەبن و لەو کاتەی باری لە چیرۆکدا لەزۆرترین پانتایی جوگرافیاکانی زماندا دووبارە دەبنەوە. چیرۆکنووس دەیەوێ لەبازنەی زاراوە ئاساییەکانی پۆلینکردنی بابەتی دەرچێ و پەل بۆ زۆر لە ڕەگەزی هونەریی پەیوەست بەشێواز و تەکنیکی گێرانەوە دەهاوێت، لەمەشدا ئەو هەمیشە ئەو شێوازانە لە جیهانە بابەتییەکانی داناماڵێ، هەر لە بیرۆکەی سەرەتایی ئەوانەوە شێوازێك بۆ نووسین دادەرێژێ و لە سەرجەمدا وەزیفە و دەورێك بۆ هونەری

بەشێوازکردنی واتا دەدۆزێتەوە. ئەمەش سروشتی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردییە و گوشارێکی دەرەکیی تواناکانی چیرۆکنووسە و سەرهەڵدانەوەی زۆر لە شێوازەکانی چیرۆکنووسی کورددا دەردەخا لە قۆناغە جوداکان و خاسیەتێکی سەرەکی لە پەرەسەندنی چیرۆکی کوردیدا کردووەتەوە.

ئەگەرچی زۆرجار یەکێتی بابەت دەکرێتە ئەو خاسییەتەی کە هەموو یەکەکانی تری پێوە دەلکێنرێ و لە خزمەتی پاراستنی ڕێچکەی ئەو یەکێتییەوە دەخرێنە کار، بەڵام لە جەوهەردا چیرۆك لە زمانی گێڕانەوەیدا بنیاتێکی بەشبەشەو هەموو کاتێك چیرۆکنووس ناتوانێ، ئامانجی خۆی لەو بەشبەش بوونەی شێوازی گێڕانەوە ڕزگار بکا، کە هەر گۆڕانێك لەو چۆنێتییەی چیرۆك و هەموو یەکەکانی شێواز بەو ڕێچکە جودایەدا دەبا، چیرۆکنووس کاری کارتێکردنە سەر بابەت ناکا، چونکە کارتێکردنە سەر بەهەموو جۆرەکانییەوە، دەکرێ بە هەر گوتارێك ئەنجام بدرێ، بناغەی هونەرییانەی چیرۆك پەرەپێدانی شێوازەکانی گێڕانەوەیە، کە لە فراوانیی بنیاتە سەرەتاییەکانی نووسیندا بیری ڕەخنەگر دەوڵەمەند دەکا، گەربێتو هەموو یەکەکانی گێڕانەوە بەرجەستەی شێوازی گێڕانەوە بکەن ئەوا ئاشکرایە هیچ گۆڕانێك لە ئامانجی نووسینەوە نایەتەکایەوە چونکە گۆڕانکاری شێوازەکانی گێڕانەوە هەمیشە بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی بنیاتەکانی چیرۆکە، بەمەش گێڕانەوە وەك ڕەگەزێکی زۆر کاریگەر لە چیرۆکدا باڵ بەسەر شێوازەکاندا دەگرێ واتە تا ئەو ڕادەیەی شێوازی نوێ دێنێتەکایەوە.

«بابەت وەك ڕەگەزی چیرۆك لە دەورەکانیدا» جۆرەکانی شێوازی گێڕانەوە، سەرەتا و کۆتایی، لە نێوانی گوتارێکی بازنەیی و لێکدابڕاو، لە نێوانی شێواز و وێنەی یەکگرتوو بەش بەش بوو، ڕەگەزۆکەی تری ئەفسانە و فانتازیا و ئەندێشە و خەون و هێما، لە چیرۆکێکی دیاریکراودا نابنە ئەویەکانەی کە بتوانین بەهۆیانەوە سەرتاپای جیهانە جیاوازەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەییان لە دووتوێدا پێ دەرخەین، بەڵکو وەك ڕەگەزی بنیات نەری تێکەڵاو لە چیرۆکێکی دیاریکراودا لە خزمەتی دروستکردنی بنیاتدا دەبن و تەنیا پیشتبەستنیش بەیەکێك لەم ڕەگەزانە، وەك تەوەری سەرەکی بۆ نووسینەوەی چیرۆك نوشوستیهێنانی چیرۆکە بۆچی؟ ئەم ڕەگەزۆکانە تەنیا لەو ئاڕاستەیەدا دەگەنە ئاستی کامڵی خۆیان کە ببنە یەکەی بنیاتنەر، لە بەشداریکردنێکی ئاڵوگۆڕپێکەر لەگەڵ زمانی نووسیندا. هەر یەکەیەکیش لە دەورو ئیستاتیکا شوێنیان لە سەرجەمی چیرۆکەکەدا بایەخیان بێ، چیرۆك ئەگەرچی زۆر جار بابەتی بەهێز و کاریگەر دەکاتە

ئەو پاڵپشتە ماندوو شکێنەی لە پێناویدا چیرۆکنووس قوربانی بەزۆر لە ڕەگەزی تری چیرۆك دەدا، بەڵام لە جەوهەردا چیرۆك لە زمانی گێڕانەوەدا بنیاتێکی بەش بەشەو هەموو کاتێك چیرۆکنووس ناتوانێ ڕزگار بکا، کە هەر گۆڕانێك لەو چۆنێتییەی چیرۆك و هەموو یەکەکانی گێڕانەوە و شێواز بەرێچکەی دژ بەیەکدا دەبا. یەکەکانی شێوازە باوەکانی گێڕانەوە نییە و مەبەستمان ئەو پۆلینکردنە کلاسیکەی ڕەخنە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو شێوازەیە کە دەتوانێ چڕترین بنیاتی شاراوە بۆ چیرۆك بخوڵقێنی، ئەو بیناتەی قەتاوقەت لە زمانی ڕاستەوخۆدا بوونی نابێ.

کەواتە بوونی شێوازی گێڕانەوە، یەکگرتنەوەی زمان و هۆیە پاڵ پێوەنەرەکانی، ئەو بابەتە پرسیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکەیە لە پرسیاری بۆچی بەم شێوازە بنووسین بۆچی بەم ئاراستە دەست پێ بکەین؟ ڕەنگدەداتەوە. بابەت ئەو بایەخە بناغەییەی نابێ ئەگەر چیرۆکنووس نەتوانێ ئەو بابەتە دووسەرەیەی لێ نەخوڵقێنێ ئەگەر چیرۆکنووسی نەتوانێت بێنێتە دواندن، لە گۆشە هەرەتاریکەکانی وشیاریی هەست و سۆزی خوێنەردا کە مەرجنیە ڕووژاندن پێوانەیەك بێ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئاڕاستەیە لە بابەتدا، ئەگەر بێتو هەروەك ئەو گواستنەوە لە پڕ و ئەو فانتازیا و ئەفسانانەی کە لەبەر چاوخستنی وەسفەکاندا دێنەکایەوە، هەروەك ئەو یەکانەی واتا وابێ کە چیرۆکنووس بایەخێکی گەورەتر و توانا و هێزێکی گەورەتری دەسەڵاتەکانی زمانی پێ دەبەخشێ، بەشبەش بوونی بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق بنوێنن و بەرجەستەی بکەن، بێگومان ئەمە کاردەکاتە سەر بنیاتی ژێرەوەی دەق، چەندێك چیرۆکنووس لە بابەتە زەقەکاندا، زمان گەورە کاتەوە ئەوەندە بنیاتی ژێرەوەی دەق و شوێن و دەورەکانی لاوازتر دەبن. ئەمەش مانای بەکارخستنی وەسف و دوورخستنەوەی چیرۆك نییە لەو ڕووداوە و جووڵانەی کە دەشێ ببنە ڕەگەزی بابەتی گرینگ، بەڵکو مەبەست بە ناوەندیکردن و بەچەقکردنی هەموو قورساییەکانی ڕەگەزەکانی تری چیرۆکە بۆ ڕازاندنەوەی بابەتۆکەکانی چیرۆك.

چیرۆکنووس بەرستەی ورووژێنەر، پاڵەوانێك، فەزایەك، شوێنێك کەسایەتییەك، مەسەلەیەك، ڕووداوێك، ئەندێشەیەکمان لە شێوەی جیهانێکی نموونەییدا بۆ دەخاتەڕوو، کە لە دوو تەوەری سەرەکی تێپەڕاندنێکی نوێیانە و سەرنجڕاکێشانە دەینوێنێ. ئەو زمانە بابەتییە، لە پێناوی خوڵقاندنی خودی بابەتدانییە، بەڵکو لە پێناوی سەنعەتی بنیاتێکی شاراوەی زماندایە، ئێمە هەمیشە لەو کەسایەتییانە ورد دەبینەوە، زۆر لە کردارە گەورەکانیانمان لە بیردەچێتەوە، بەڵام دەشێ تەنیا ئامادەبوونی کەسەکان لە هەندێك

شوێنی نامۆ، لە یادەوەرماندا پرسیار بورووژێنێ، نەك خودی بابەتەکان، بۆ نموونە «ئامادەکردنی» مارلین، لە چیرۆکی «مارلین»ی شێرزاد حەسەن، لە نێوان ئافرەتانی بە ئەنفالکراو و کوژراوانی کورد و هاوسۆزیی مارلین لەگەڵ ئازارەکانی کوشتنی ئافرەت و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، حاڵەتێکی نامۆی ئامادەبوونی کەسایەتیەکە لە فەزا و گەردوونێکی پڕ لە وەحشەت و نامۆ.

ئەمەیە ئەو حاڵەتە داهێنەرەی پرسیاری چۆنێتی هاتنە گۆی چیرۆکنووسمان لێ دەکا و وامان لێ دەکا بپرسین بۆچی ئەم پێکگەیشتنە ناسروشتی و پڕ لە غوربەت و پڕ لە حەسرەت و پڕ لە مردنە خوڵقێندراوە، گەڕان بەدوای هۆکارەکانی «ڕووداو» لەم بابەتەدا گەڕانە بەدوای ئەو بنیاتەی بەجارێك هەموو جیهانە بابەتی و هەموو جیهانە هونەرییەکانی چیرۆکەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام لە بنەڕەتەوە چیرۆك هەروەك لە ژانرەکانی تری ئەدەب ئەو زمانەی بەلاوە مەبەستە کە تەعبیر لەو بنیاتە دەکا کە سیفەت و دەوری خوڵقێنەرانە بەهەموو ئەو یەکانە دەبەخشێ کە چیرۆکێك دروست دەکا، بەبێ ئەوەی دابڕانە لەپڕەکانی دەق کار بکەنە سەر بنیاتی یەکگرتوو و سەربەخۆی دەق، لێرەشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەق لە بنیاتەکەیدا بەبێ ئەوەی هیچ یەکەیەکی خۆی بخاتە دەورێکی سەرەکی پێ بەخشراوەوە سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ تەنانەت لەلاوازترین جیهانی بەرجەستەکراویشیدا. لەمەشەوە ئەوە ڕوونە هیچ بابەتێك چەندێك مەسەلەیەکی گەورەش بێ، بەشێوازی گێڕانەوە ئاستی بنیات و دەوڵەمەندی بنیاتەکەی دیاری دەکرێ، شێوازی گێڕانەوە، زمانی چیرۆك و چۆنێتی بەبنیاتکردنی بابەتی دەگرێتە ئەستۆی خۆی، شێوەی وەسفەکانیش دیاری دەکا. ئەو وەسفانەی وەك پاشکۆی بابەتە بەناوەندکراوەکان دەکەونە سەرەوەی چیرۆك، بەبێ کاریگەرییەکی بنەڕەتی ڕووکەشدا دەورەکانیان بەتاڵدەکەنەوە، هەروەکو چۆن داڕژانی وەسفەکان لە گواستنەوەی شوێن و زەمەن و حاڵەتە دەروونییەکان پەیوەست بەکەسایەتییەوە، لە پێناوی دەوڵەمەندبوونی بنیاتەکانی واتادان، گەر بێتو بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ و جێنەگیر بخرێنە سەر ڕێچکەیەك، لە ڕێچکەکانی گێڕانەوە. بەڵام زۆر لەم بەکارخستنانەی زەمەن و شوێن و حاڵەتە دەروونییەکان لە چیرۆکی کۆندا تەنیا بەسۆزهێنان و وروژاندن و کارکردنە سەر خوێنەر بەکارهێنراون. بەبێ ئەوەی لە دەورەکانیاندا بگەنە ئاستی کاملبوونێکی بنیاتنەر. بەمەش گەر بمانەوێ بەبێ هیچ داخوازییەك ئاشکرا پێشنیازی «گێڕانەوەی» دەورە بنیاتنەرەکانی چیرۆك بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هەموو

سەرکێشییە هونەرییەکانی چیرۆك دەتوانن هاوبەشییەکی یەك لاکەرەوە لە چۆنێتی بەرچاوخستن و بەرجەستەبوونی زمانی گێڕانەوە ببینین، کە ئەوەندە چیرۆکنووس گرفتار دەکا، ئەوەندەش دەستە پاچەی دەکا، لەو کاتەی لە چەند ئەزموونێکی یەك لە دوای یەکی زمانی گێڕانەوە، یەك ڕێچکە و یەك قاڵب، لە سەرەتادا بەگوڕەوە دەست پێ دەکا و پاش چەند کردارێك ئەو زمانە بەرەو لە ناودانی دەورەکانی دەبات.

هەر ئەمەش ئەوە دەخاتە بیرەوە کە ئەگەرچی جیهانی بابەتیی چیرۆك پەیوەست بەگێڕانەوەی زمانی چیرۆك و یەك ڕیتمی گێڕانەوە دەپارێزێ تەنانەت لەبارە بەشبەشەکانیشدا، لە وەسف و کاریگەری دروستکردنی بارە دەروونیەکانی چیرۆکدا، بەڵام هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم جیهانە بابەتییە بەنموونەکراوە دەوری تێکشکێنەری بێ هێز لە چیرۆکدا دروست دەکا، هەر ئەمەش وا لە چیرۆکنووسێکی دیاریکراو دەکا هەمیشە لە هەوڵداندا بێ بۆ گۆڕینی شێوازی زمانی گێڕانەوە، لەو کاتەی چیرۆکنووس پێش خوێنەر هەست بەگۆشارێکی دەروونی ناوەکی دەکا و قورساییەکانی خۆی لە دەسەڵاتی چیرۆك دەچەسپێنێ و ڕاڕاو دوو دڵی دەکا، بەرامبەر بەسەنعەتی خۆی. دوای هەموو لێکدانەوەیەك بنیاتەکانی چیرۆك هەروەك نزیکییەکی شێوەیی لە کۆپلەی شیعریدا، یاخۆد بەیتێکی شیعریدا، سەربەخۆیی تەواوی خۆی دەپارێزێ. لە سەرجەمدا وەرچەرخانی دەقەکانمان لە بۆتەی دەربڕینێك پێ ڕادەگەیێنێ کە زۆر جار ڕاگەیاندنێکی (ئیستاتیکی – درامی – تراژیدی – کۆمیدی) دەبێ، لە شێوە دوو سەرەکییەکەیدا، کە چیرۆکنووس وەك یەکەی بابەتیی ناوەندی چیرۆك سەربەخۆییان لە دەربڕیندا پێ دەخشێ.

بڕوانە «گیانی تاشەکان»ی جەبار جەمال غەریب، چیرۆکنووس کۆمەڵە وێنەیەکی ئەفسانەیی یا کۆمەڵە بنیاتێکی ڕووکەش دەخولقێنێ، کە بنیاتی شاراوەی مەسخ بوونی یا مەسخکردنی «تەنی گیاندار و بێ گیان» لە حاڵەتێکی مانەوی و سایکۆلۆژیدا، هەموو تواناکانی گێڕانەوە و بابەت دەخاتەکار، بنیاتی شاراوەی چیرۆك لەو حاڵەتەوەیە کە ئەو هەموو بنیاتە ڕووکەش و وێنە ڕووکەشانە دەخاتە پەیوەست و دەورەکانیان بەتاڵ دەکاتەوە، لە پێناوی بنیاتنانی یەك وێنە بۆ مرۆڤێکی دیاریکراو. هەروەها چیرۆکی «گەلەگورگ»ی حوسێن عارف و «باوکم مرد»ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و «شەو»ی هەمان چیرۆکنووس و «عاجباتی هەشتەم»ی محەمەد مەولوود مەم «دەمەو عەسرانێك»ی سەلاح شوان، ئەگەر لەم چیرۆکانە وردبینەوە، هەرزوو دەچینەوە سەر

کۆمەڵە بنیاتێکی هاووێنە و یەك بنیاتی یەك وێنە، ئەو بنیاتانەی سەرکێش لەگەڵ بنیاتی سەربەخۆ گەورەی دەقدا دەکەن و ڕێچکەکە و سەقامگیریی دەنوێنن.

لاوازیی چیرۆکی نیوەی یەکەمی پەنجاکان گەورەترین نموونەن لە لاوازیی ئەو بنیاتانەی کە چیرۆکنووس دەیەوێ بینایان بکا و زەقکردنەوەی حاڵەتی هاوسۆزی و پفدانی سۆزی خوێنەر گەورەترین خەمی چیرۆکنووسەکانە، کە دیارترین چیرۆکنووسیش لەم پۆلێنکردنە ئەو چیرۆکنووسەیە کە لە سەرسۆزی دەژی وەك قەرەبووکردنێکی باری هونەری و تەکنیکی ئەو چیرۆك نووسە کە تەنیا خەمی ئەمەبوو بابەتەکان و ڕاستییەکانی خۆی زەق کاتەوە. دوو لایەنی گرینگ لەم بارەیەوە بەدی دەکەین:

١- لە چیرۆکی سەرەتایی کوردیدا، کەم چیرۆکنووس توانیویەتی لەو شێوازی داڕشتنە یەك بابەتی و یەك شێوازییەی نووسین ڕزگاری بێ، کەم چیرۆکنووس توانیویەتی لەبەرجەستەکردنی جیهانی بابەتیی بە نموونەکراو ڕزگاری بێ، کە ئەمەش بێگومان کاری کردووەتە سەربنیاتی چیرۆك و دەبێ لە ڕەخنەدا لە یەك گۆشەنیگای والاوە بەرەو بنیاتی شاراوەی بچین، پاراستنی یەکێتیی بابەت و بەنموونە کردنێکی سەرەتایی و زۆر جار ئایدۆلۆژیی پاڵەوان، کە تاکو ئێستا لە چیرۆکی کوردیدا کاریگەریی هەرماوە، لایەنێکە لە لایەنەکانی نوشوستی تەکنیك لە چیرۆکدا، بایەخدانێکی زێدەڕۆ بەپاڵەوان هەروەك ناوەندێکی بابەتی زۆرجار زیان بەبنیاتی چیرۆك دەگەیەنێ. بەو پێیەی چیرۆکنووس هەموو کاتێك دەیەوێ کەسایەتییەکانی بۆ بخاتەڕوو، کەسەرتاپای بیرو ئەندێشە و زانیاریەکانی خۆی پێ دەبەخشێ و زۆر لایەنی تری چیرۆك کاریگەر دەبێ بەم ئاڕاستە تاك لایەن و تاك جیهانبینییە، مەبەستیش ئەوەنییە کە چیرۆکنووس نەتوانێ لەدووتوێی کەسایەتییەکەوە بڕوانێتە دنیا و تەفسیری دەور و پشتی خۆی بکا. هەربۆیە کەم چیرۆك توانیویەتی بەتەواوەتی لەم گوشارەی بابەت دەرچێتە دەرەوە.

ئەگەر بڕوانینە چیرۆکی «بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە - ١٩٧١»ی لەتیف حامد، دەبینین شێوازی گێڕانەوە بەسەر کەسایەتی ناوەندیدا زاڵ دەبێ.ئەمەش بەڕای من سەرەتایەکی بەهێزی تێکدانی دەوری ناوەندیی کەسایەتی چیرۆکە، کە ئەو بەسەرکەوتوویی بەسەریدا زاڵ بووە، بەرامبەر بەپەراوێزکردنی کەسایەتی ئەو دەقێکی فرە مەدلوولی یەك بنیاتمان بۆ دەخاتەڕوو. ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە نوێخواز و

دەگمەنەکانی چیرۆکنووسی کوردی، هەروەکو چۆن چیرۆکی «لە ژوورەیەك لە ناو یەکەکاندا – ١٩٧٣»ی ئەحمەد شاکەلی بەهێزترین بنیاتی زمان دەبینرێ و سوودی لە شێوازی گێڕانەوەی «تەوژمی نوێ»ی فەرەنسی بینیوە، ئەحمەد شاکەلی نوێخوازی زمانی وسفییە لە چیرۆکی کوردیدا، لەگەڵ چەند چیرۆکنووسێکی تریش، هەروەکو چۆن پاڵەوانی ناوەندی کۆمەڵە کەسێکی وێك چوون و یەك خەون و یەك هیواو یەك شێوازی بیرکردنەوە کۆیان دەکاتەوە. هەروەکو چۆنیش «گەشتێك –١٩٧١»ی سەدرەددین عارف، لە ڕۆژمێری دوو کەسایەتیەیوە چەندەها وێنەی جیاجیا، کێشەی هەموو ئەو وێنانەش لە چۆنێتیی هاتنە گۆیاندا، بنیاتە ڕووکەشەکانی ئەو دەقە دیاری دەکا و لەسەرجەمدا یەکێتییە ڕووکەشەکان زمان لە پەیوەستە بنیاتنەرەکانی بنیاتیاندا، بنیاتی سەرەکی پێك دێنن. چیرۆکنووس لایەنگیریی خۆی بۆ کەسایەتیەکی بێلایەن ڕادەگەیەنێ. بە کۆتاییکردنی چیرۆك لە دەرخستنێکی قورس کە بەشداری پاڵەوان و بە کۆتاییهێنانی پاڵەوانانە، لە دەربڕینێکی ڕوون و ئاشکرا و زێدەڕۆ، ئەم بەکارخستنەی پاڵەوان لە بە ناوەندیکردنی کەسایەتییەکی بابەتی شێوازێکی کلاسیکی لاوازی چیرۆکە، کە لەتیف حامد و ئەحمەد شاکەلی و محەمەد مەولوود مەم و کاکە مەم و بۆتانی توانیویانە بەهێزەوە دەوری بنیاتنەری تر بەواتای پاڵەوان ببەخشن، کە دەتوانین بڵێین کەسایەتی بابەتی چیرۆك جیهانی بابەتی لە چیرۆکی کوردیدا کاریگەرییەکی دووسەرەی هەبووە، لەلایەکەوە بەهۆی باری بەرەنگاریبوونەوەیەکی ماتی چیرۆکنووسی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدا، شێوازی دەربڕینی ئایدیۆبۆژیانەی سەپاندە سەرخۆی، مەرج نییە، پەیوەست بەباتەوە چیرۆك داکۆکی و بەرەنگاری کردنەوە بخاتە خانەی ئایدۆلۆژیاوە لە لایەکی تریشەوە لە پێناوی گوتنی زۆرترین شت و شاردنەوە و لە قاوغکردنی ناوەڕۆکە بابەتییەکانی چیرۆك، وای کرد چیرۆکنووس پەنابباتە بەربنیاتی ئاڵوزو هێما و ئەفسانە و ڕەوانبێژی لە زماندا و دروستکردنی وێنەی ناڕاستەوخۆ، ئەم لایەنە ئەزموونی تازەگەریی بەهێزی لێ کەوتەوە.

ئەگەرچی ئەو چیرۆکانەی چەندێك گوتنەکانیان ڕاستەوخۆ بوایە کاردانەوەی گەورەتریان لەلای خوێنەرێك دەخولقاند، کە هۆگری ڕستەی سۆزاوی بوو. ئەو خوێنەرەی لەگەڵ چیرۆکنووسدا لە هەمان باری مێژوویی و لە هەمان باری بە ڕووداوکردندا دەژیا. بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە ئەدەب بەگشتی بەم ئاڕاستەیەدا پەرە بسەنێ. مەسەلەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە ئاخۆ چیرۆکێك بەچ هاوسۆزیەك مامەڵە لەگەڵ بابەتی دەقدا دەکا

یاخود چۆن بەرەو ڕووی جیهانی دەرەوە دەبێ، چونکە گەر نووسین ئەزموونێکی زاتی بێ، ئەوا ئاشکرایە چیرۆکنووس تەفسیری جیهان دەکا لە گۆشەنیگای دەسکەوتە مەعریفییەکانی خۆیەوە، هەر بۆیە هەموو نووسینێك لەوانەش چیرۆك، هەڵگری تەفسیرێکی زاتییە و بەناوی ئایدۆلۆژیاوە پۆلین ناکرێ. دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە چیرۆك دەشێ بکرێتە ناوەندێك بۆ ئایدۆلۆژیا و لە قازانجی ئایدۆلۆژیادا بخرێتە گەڕ هەر چەندە ئەو چیرۆکە بەئامانج و وەزیفەیەك باردەکرێن کە پێش وەخت نەخشەی بۆ کێشراوە، بەڵام ئەم ڕێچکەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چەند ئەزموونێکدا شێواز و بابەتەکان دووبارە دەبنەوە و هەموو خوێنەرێك دەتوانێ بەئاسانی بزانێ ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەچین، کە ئەمەش پێچەوانەی نوێکردنەوە و نوێخوازییە لە ئەدەبدا، کە هەوڵ دەدا جیهانی بابەتی نوێ بەخوێنەر بناسێنێ. ئەم بارەش ڕەخنەی کوردی دەوری هەبووە لە سەقامگیرکردنی. بۆ نموونە ڕەخنەی ئایدۆلۆژی لەوە دوودڵ نەبووە کە ڕێنمایی چیرۆکنووس بکا و ئەو شێوازە بیرەی ئەو بەلایەوە گرینگە بیسەپێنێتە سەر چیرۆکنووس نموونەی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی چیرۆك لەگەڵ ڕەخنەدا گەلێك زۆرن، ئەمە جگە لە کاریگەربوونی ڕەخنەگر بەسیاسەت و هەڵوێست وەرگرتن لە کەس و گرووپکاری و گەلێك شێوازی نووسینی نازانستی تر.

بێگومان ئەم ئاڕاستەیەش بەربەستێك بووە لەبەردەم نوێبوونەوە لە چیرۆکی کوردیدا لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری تر.

مەبەست لێرەدا ئەوە نییە، کە ئێمە مەدلوولی ئایدۆلۆژیی نەتەوەیی ، نیشتمانی ، دەروونی ، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕەتکەینەوە لە چیرۆکی کوردیدا. مەبەست ئەوە نییە تەنیا لە داهێنانی هونەری شێواز و نووسینەوە بڕوانینە چیرۆك. چونکە گەر بێتو بەدەر لەو ڕەگەزانە، وەك بنیات بڕوانینە چیرۆك، هەر زوو هەموو ئەو ڕەگەزە جودایانەی کە پەیوەندییان بەبابەت و زمان و دەورەکانیانەوە هەیە لەو شیکردنەوەیەدا یەکلا دەبێتەوە. هەر زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیکردنەوەی چیرۆك تەنیا لە یەك گۆشەنیگای زمانەوە دیاری ناکرێ. هەروەکو چۆن لە بابەتی چیرۆك و جیهانبینی چیرۆکیشەوە سەرکەوتنی چیرۆك دیاری ناکرێ. چونکە مەبەستی کۆتایی لە نووسینی چیرۆك و بەجۆرکردنی چیرۆك، پێگەیاندن و وکامڵکردنی بنیاتی شاراوەیە، ئەو بنیاتەی شموولیترین جیهانی بابەتی دەئاخنێتە یەك ڕێچکە و یەك گەردوونی یەکگرتووەوە.

هەموو چیرۆکێك وەك بناغەیەکی بابەتی پەیوەستی زۆری گێڕانەوەی بنیاتە

بچووکەکان دەخاتە پەیوەستی بنیاتنەرەوە، کە لەسەرجەمدا هەوڵی گەڕانەوەیە بۆ دەربڕینی سەرەتاییێتی بوونی مرۆڤ و ناوەندی شتەکانە. مەبەست لە ناوەند لایەنە کاریگەر و پڕ بایەخەکانی دەوروبەر، بەم پێیەش بنیاتی شاراوەی چیرۆك کە سەرجەم بنیاتەکانی واتای چیرۆك و شێوازەکانی دەربڕین دەگرێتەوە و لە خۆیدا بەشبەش بوونی دەق یەك دەخاتەوە، کە بەم پێوانەیەش بنیاتی شاراوەی چیرۆك داکۆکی لێکردنی زمان نییە، لەبەرجەستەکردن و دەرخستنی داخوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە زمانی خوێندنەوەدا، ناوکی بنیاتی چیرۆك ناوکی لە چوارچێوە گرتنی ئەو بیرە کۆتایی و ئەو شێوازە کۆتاییانەیە کە دەقێك لە دەقەکانی چیرۆك دەیگرنە خۆیان و هەوڵ دەدەین لە سەر چەند ئەزموونێك ئەم بەرچاو خستنە تیۆرییە کورتکراوانە بخەینەڕوو.

## سەرەتای نوێخوازی لە چیرۆکی کوردیدا

«ئیحسان مستەفا بەرزنجی»

ئێحسان مستەفا بەرزنجی، بەسەرەتای نوێخوازی دادەنرێ لە چیرۆکی کوردیدا، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

١- چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا هەرچەندە کەمن، بەڵام لە بەکارخستنی زمان و ناوەڕۆك و تەکنیکدا، هەوڵی لەبەر چاون بۆ دروستکردنی بنیاتی دەوڵەمەند و پڕ مەدلوول. چیرۆکنووس بەتوانایەکی سەیرەوە شێواز و تەکنیك لە پێناوی بەرجەستەکردنی جیهانە شاراوەکانی بیری خۆی دەردەخاتە گەر، زمانی وەسفی چیرۆك، لە زمانی شیعرییەوە نزیك دەخاتەوە و بەشبەش کردنی ڕووداوەکان و بنیاتەکانی، هەروەك دروستکردنی بنیاتی شیعری وایە کە لە وێنەی شیعری نزیك دەبێتەوە و جگە لەمەش پچڕانەکانی زمان و وەسف، هەروەك بەکارهێنانی پچڕانی سینەمایی وایە و هەموو ئەو بنیات و وێنە ڕووکەشانەی واتا لە بۆتەی یەك بنیاتی دەقدا بەکاردێنێ.

کە لەگەڵ خۆیدا ئاڵوگۆڕکاری دەخاتە بنیاتەکانی واتاوە و هێز و گوڕێکی نوێ دەخاتە خوێندنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا چیرۆکنووس تووشی ڕستەی ڕاستەوخۆی مانا دەبێ و بەلایەنی سالانی چلەکانەوە کە چیرۆك هێشتا سیما و خاسییەتی هونەریی کامڵی نەبووە، بەشێوەیەکی نوێ، بەکارخستنێکی ئاسایی بووە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو دەسەڵاتی بەسەر زماندا نەبووە، بەڵکو ئەو چیرۆکانە و بەراورد کردنیان لەگەڵ ئاستی

زمانەوانی ئەو کاتە شایەتی ئەوە دەدەن کە چیرۆکنووس توانایەکی زمانەوانی چاکی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی چیرۆکنووس زۆر بەتواناوە چیرۆکی گەیاندووەتە شێوازێکی ڕۆمانسی و هەندێك جار کۆمێدیش، ئیحسان مستەفا لە ماوەی سالآنی نێوان «١٩٤٤» و سالآنی «١٩٥٢» شەش چیرۆکی بلآوکردووەتەوە لە بلآوکراوەکانی ئەو سەردەمە ئێستاش هەندێك لایەنی هونەری پەیوەست بەزمانی بنیاتەوە بۆ خوێنەران ڕوون دەکەینەوە لەدووتوێی:

### ١- سکالآی مردوو

«سکالآی مردوو» بەهێزترین بنیاتی چیرۆکی لەو سەردەمەدا گرتووەتە خۆی، ئەمەش بەهۆی ئەو زمانەوەیە، کە بەداوە چنێکی زۆر وردبینانە وێنەی جوانی چیرۆك بنیات دەنێ و وەك ڕەگەزێکی گرنگ باڵ بەسەر چیرۆکەکەدا دەگرێ، کە گرینگترین ساتی بیرکردنەوە لەلایدا بەرجەستەکردنی ساتەکانی خەمبارییە. بنیاتە ڕووکەشەکانی دەق لەو وێنە و لەو دابڕانانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە هەر جارەی بنیاتێکی جودا دەخەنە سەرجەمی چیرۆکەکەوە، ئەو لەیەك وێنەی ناوەندی ناگیرسێتەوە، ئەو لەیەك بنیاتی ڕووکەش گیرناخوا، بەڵکو بەشێوازێکی زۆر ساکار گواستنەوەی وێنە و ساتەکان دەخاتە زەمەنی وەسفی جیاوازەوە. سەرەتا بەڕستەی «ئاه... خودایە» دەست پێ دەکا و ڕاگەیاندنی بینینی خەونێك ئاشکرا دەکا و، لەو سەرەتایەوە خوێنەر لە واقیع دەردەخاتە دەرەوە کە ئەوەش بەڕای من هونەرێکی نوێ بووە لە چیرۆکی کوردیدا. وێنەی یەکەم گفتوگۆی نێوان خۆی و برایەکەیەتی لەو کاتەی گوێ لە دەنگی شمشاڵ دەگرن. وێنەی دووەم، خەون دەبینێ خەون بەئافرەتێکەوە دەبینێ کە دکتۆر پێی ڕاگەیاندووە گەر منداڵی ببێ دەمرێ و ژنەش سکی پڕە و لە لێواری دەریایەکدا وەستاوە، ئەم وێنەیە دیاریکردنی ئەو ساتە زۆر ناسکەیە کە لە نێوانی ژیان و مردندایە، لە نێوان هیواو بێ هیوایدایە، هەروەکو چۆن وێنەی دووەم لەو خەوبینینەدا بەهێماکردن و بەناڕاستەوخۆیی کردنی سیمای دڕندانە و غەریزیانەی پیاوە بەرامبەر بە ئافرەت لە ڕوانگەی باوکسالارییەکی کاریگەرەوە. وێنەی سێیەم، بەخەبەر بوونەوە، چیرۆکنووس «واتە پاڵەوانی چیرۆك» بەهۆی دەنگ و هەراوە بەخەبەر دێتەوە و دەبینێ هاوڕێیەکەی ژنەکەی تەڵاق داوە چونکە هەموو جارێك خواردنی سوور دەکا، بڕوانە ئەم وێنە تەواو جیاواز و بەشبەش کراوانە، کە لەسەرجەمدا بنیاتی دەق دەنوێنن، کە لەسەرجەمدا کۆکردنەوەی وێنەی کۆمیدی و تراژیدی و واقیعیە، لە سێ وێنەی بەدووی یەکدا هاتوو،

که خەون دەگاتە ئاستی خەمێکی ڕۆمانسییانەی قووڵ و لە بەخەبەر هاتنەوەدا دەگاتە ئاستی وێنەیەکی تراژیدیی بەکۆمیککراو.

گەربێتو بەراوردێکی سکاڵای مردوو بکەین لەگەڵ ئاستی چیرۆکنووسیی ئەو کاتەدا و لەو ساڵە سەرەتاییانەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم جۆرە چیرۆکە شێوازی پتەوی هەیە و بەسەرەتای بناغەی هێزی نوێبوونەوە دادەنرێ لە چیرۆکی کوردیدا، چیرۆکنووس لەم سەرەتایەدا بەیەکێك لەو کەسانە دادەنرێ کە ڕێچکەی نوێبوونەوە و هەناسەی هونەری بنیاتئامێزی بەچیرۆك بەخشیوە، پەیوەست بەبنیاتی شاراوەی دەقەوە.

١- بەرجەستەکردنی هەستی «نامۆیی، خەمباری» کە هەستی ڕۆمانسی خەیاڵین و باڵ بەسەر سەرجەمی وێنەکاندا دەگرن.

٢- ڕاگەیاندنی چەند وێنەیەك لە بنیاتی دەق لەدووتوێی چەند بنیاتێکی ڕووکەشدا.

٣- بەکارخستن و بەرجەستەکردنی وێنەی تراژیدی ڕووت و بەکارخستنی وێنەی «تراژی - کۆمیدی» لە دوا بنیاتدا.

٤- بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکنووس هەوڵی داوە زمان لە پێناوی بەرجەستەکردنی بنیاتەکاندا بەکاربخا.

لێرەدا بەلایەکی بنیاتەکانی واتاوە، چیرۆکنووس شێوازێکی بەهێز بەگێڕانەوە دەبەخشێ، کە گێڕەرەوە وەك کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە باس لە خۆی دەکا، لە نێوان زەمەنی پێش نوستن و دوای نووستن. بەکارخستنی زەمەن بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو چیرۆکەکانی کاك ئیحساندا بەشێوەیەکی هونەری بەکارخراون و زۆر جار دەکەونە ژێر کاریگەریی زەمەنی حەکایەتەوە بنیاتەکانی چیرۆکی «سکاڵای مردوو» لە لێکگرێدانی چەند بنیاتێکی جودای چیرۆکەوەیە، کە لە ناوونیشان و سەرەتاکەوە، خوێنەر تووشی پرسیارکردن دەکەن. پرسیاری پەیوەندیی نێوان خەون و مردنی کەسێك یاخود حەتمییەتی مردن، کە لە چەند چیرۆکێکی تریدا مردن وەك بنیاتێك لە واتای سەربەخۆ دەخاتە دەقەوە. ئەو دایکەی بەدیار گۆڕی کوڕەکەیەوە دەگریێ کە لەماڵ دایکی خۆی دەرکردووە و چواردە ساڵ شکایەتی لێ دەکا، چیرۆکی «دایك - ١٩٤٤»، «جۆخین و خوێن ١٩٥٢» ئەو مرۆڤەی پیاوێك دەکوژێ و خۆی بەمردوو دەزانی نەك ئەوی کوشتوویەتی، ئەو کوێرەی «کوێرە» زیندوە و بەمردوویی دەژی و هیوا بەمردن دەخوازێ

دوو چیرۆکەکەی تری ئیحسان مستەفا دوو چیرۆکی واقیعین کە مۆرکی کۆمیدیان پێوە دیارە، هەروەك چیرۆك چیرۆکی «موشکیلەی وەستا جەعفەر...! ١٩٥١ و مام پیرۆتی جادووکەر...! ١٩٥٢» لەمەڕ چوار چیرۆکی یەکەمیدا جگە لەم دوو چیرۆکەی دوایی چیرۆکنووس تا ڕادەیەکی چیرۆك لە شێوازی گێڕانەوەی ئاسایی ڕزگار دەکا، کە لێرەدا شایەنی باسە ئیحسان مستەفا هەوڵی داوە بەزمانێکی وەسفی چیرۆك بگێڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر هەوڵی داوە، ئەو وەسفە تەنیا مۆرکێکی تراژیدی بگرێتە خۆی و بەسەر زمانی نووسیندا زاڵە، هەر بۆیە نەیتوانیوە بنیاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە مەدلوول دروست بکا کە لە توانایدا بێ بەهەمان ئاستی جیاواز ئەزموونی نوێ لە چیرۆکدا بنوێنێ. ئەمەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چیرۆکنووس بەدوای ڕووداوی ناوەندیدا دەگەڕێ کە سیفەتی کاریگەرکردنە سەری سۆزاوی دروست دەکەن، هەربۆیە وەسف و گفتوگۆکان بەیەك ئاست و بەیەك شێواز ئەو بەناوەندیکردنە دەردەبڕن زمانی چیرۆکنووس بەیەك ڕێچکە بنیاتەکانی واتا دەخاتە ئەو شەش چیرۆکەوە کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە چۆنێتیی بەکارخستنی ئەو زمانەدا دێنێتەکایەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەر شەش چیرۆك لە ئاستی نزیکی زماندا بنیاتەکانیان دەربڕن، کە ئەمەش مۆرکێکی یەك شێوەیی بەسەرەتای وێنەکان بەخشیوە.

چیرۆکنووس بەتواناوە گەمە بەبنیاتی واتاکان دەکا کە چوار چیرۆکی یەکەم، سەرەتای ئەو چیرۆکانەن کە لە ئەدەبی کوردیدا هەوڵی دروستکردنی بنیاتی شاراوەی چیرۆکیان تیادا دراوە بەئاستێکی بەرز. ئەو بنیاتەی بەهۆی چەند بنیاتێکی ڕووکەشەوە لە ڕووداوی کامڵکراوەوە، لە چەند وێنەیەکی وەسفی کامڵەوە، کە هەندێك جار چیرۆکنووس خۆی دەکاتە ناوەندی ڕووداوەکان، ئەو چیرۆکەی شمشاڵی خەم و هەڵپەڕکێ دەژەنێ و ئەو پیاوەی ژنەکەی تەلاق دەدا و ئەو دایکەی بۆ مردنی کوڕەکەی دەگریێ کە هەشت ساڵە لەماڵ دەری کردووە و، ئەم چیرۆکانە بەرجەستەکردنی واقیعێکن کە لەمردن نزیك دەبنەوە و مانایەك بەدەستەوە دەدەن کە شاراوەیە و دەچێتە دوو توێی بنیاتێکی شاراوەوە. مردن ناگاتە ئاستی مردنی ژیان، هەرچەندە ژمارەی چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا کەم بوونە، بەڵام بەسەرەتایەکی زۆر دووری نوێخوازی دادەنرێن لە چیرۆکی کوردیدا.

## بەهای ئیستاتیکی و دەوری وەسفە سەرخراوەکانی دەق لە چیرۆکی «گۆرانیی غەریبان»ی حەمە کەریم عارفدا

### ناساندنێکی چیرۆکەکە لە دوو توێی جۆرەکانی وەسفەوە

«گۆرانیی غەریبان» لە دووتوێی بنیاتی کێشەی سەرەکیی دەقدا چەند بابەتۆکەیەکی جودای گرتووەتە خۆ، لە لایەك، دابڕانی بنیاتی دەروونیی کەسایەتییە جوداکانی کۆمەڵایەتیی کورد دەخاتە ڕوو، لە بۆتەی کەسایەتییەکانی «ڕۆشنبیر – نەخوێندەوار»، «لادێیی – شاری»، «غەریب – نیشتەجێ» لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی لادێ دەخاتە ڕوو، لەلایەنی داوونەریت و دەوریان لە باری سایکۆلۆژی کەسایەتییەکاندا. بەڵام هەر دوای یەکەم خوێندنەوەی چیرۆکەکە، سەرنجی ئەوە دەدەین نووسەر بایەخێکی ئەوەندە گەورە بەشێواز و دەربڕین دەدا کە زمان هیچی کەمتر نییە لەو هۆیە شاراوە و ماتبووانەی کە خاسییەتی بابەتی لەلای چیرۆکنووسدا بنیات دەنێن و ئەم شێوازەش لە ڕەگەزە جوداکانی بەکارهێنانی جۆرەکانی وەسفدا و دروستکردنی وێنەی جودا لە بۆتەی وەسفەکاندا، توانایەکی دیاری تێدا بەکارخراوە. بۆ ئەمەش نووسەر وێنەیەکی واقیعی ژیانی کوردەواری دەکێشێ و تەنانەت لە بەکارهێنانی تاکەکانی زمان و زمانی دواندن و ڕەگەزەکانی دەربڕینی دیالۆگەکانیشدا، هەوڵی داوە چیرۆك ڕەنگدانەوەیەکی سروشتی ئەم جیهانە بێ و هیچ ڕستە و ئاماژە بۆ کردنێکی لابەلا نەکەوێتە بنیاتی شێوازی دەقەوە کە نەیارو نە ناسیاو بێ لەگەڵ ئەم جیهانەدا، لەوەشدا چیرۆکنووس دەورێکی دوو سەرە بەکەسایەتییەکان دەبەخشێ لە چۆنێتی ناساندن و شوێنیان لە وەسفەکاندا و شوێنیان لە کێشەی دەقەکەدا.

نووسەر لە بنیاتی چیرۆکەکەیدا دوو کەسایەتی دەکاتە تەوەری کێشەکانی، یەکەم کەسایەتی مامۆستایەکی شاری لە لادێدا، دووەم کەسایەتی (خەلیل) کە لە بنەماڵەیەکی «میران»ە و لەگەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە غەریبییەوە و سیفەتەکان میرایەتی خۆی دەشارێتەوە و سیفەتەکانی لادێیی هەڵدەگرێ، لێرەشدا ئەوەی بەلامانەوە گرینگ بێ بەسەرهات و ڕووداو و کرداری چیرۆك یا خاسیەتی بابەتیی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو لە زمانی چیرۆکنووسەوە دەچینە گەردوونی شێوازی دەربڕینی چیرۆکنووسەوە. چونکە چیرۆکنووس قورساییەکی گەورەی خستووەتە سەر شێوازی دەربڕین و شێوەی گێڕانەوە

له بنیاتی زماندا، لەمەشدا چیرۆکنووس هەوڵێکی زۆری داوە، زمانی دواندن بخاتە ڕێچکە و قالب و ڕەوتی شێوازی چیرۆکەکەوە. ئەویش بەدەوڵەمەندکردنی ئەم شێوازی دەربڕینەیە بەڕەگەز و شێوە جوداکانی وەسفە سەرخراوەکانی دەقەوە.

ئەو وەسفانەی گرنگییەکی بەهێزیان هەیە لە داڕشتنی بنیاتێکی زمانەوانیی توندوتۆڵدا.

وەسفە سەرخراوەکانی دەق و جۆرو دەورەکانیان، چیرۆکنووس چەند جۆرێکی جودای وەسفە سەرخراوەکان دەخاتە شێوازی گێڕانەوە بێ ئەوەی ئەم خستنە سەرەی وەسفەکان لەنگی و ترازانێکی هەستپێکراوی لاواز بخاتە دەقەوە، ئەم وەسفە سەرخراوانە بەپەیوەستبوونیان لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەدا چەند ئاستێك لە خوێندنەوە دەێنێتە کایەوە، کە تێیاندا خوێنەر بۆی هەیە هەر تەنیا لەم وەسفە سەرخراوانەوە بچێتە گەردوونی تەواوی خاسییەتی بابەتیی دەقەوە. ئەم پەیوەستەش تێکهەڵکیشییەکی پتەو لە تەکنیك و شێوازدا دێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەش چیرۆکنووس لە تەنیا ئەم چیرۆکەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەگەزە مەجازی و دەلالەتدارەکانی ئیدیۆم و پەند و وەسفی سەربەخۆ خراوە سەر و تێکهەڵکێش و بەڕایی دەخاتە دوو توێی دەربڕینەوە، لە دەورەکانیشیاندا دەچنە دوو توێی چەند بارێکی جودای تەکنیکەکانی چیرۆکەوە لە هەموو گۆڕانکاری و پچڕان و تێکهەڵکێشیی شێواز و وەسفەکاندا. گەر بێتو چیرۆك لە سەرجەمی ئەم وەسفانە داماڵین، ئەوا چیرۆك هەروەك جەستەیەکی بێ گیان و بێ خوێنی لێ دێ و تەنیا بەسەرهاتێکی ڕووتە و هیچ جۆرە کاریگەرییەکی بناغەیی دەربڕین و حاڵەتەکانی گێڕانەوە و بۆیان نییە دەقەکە بگەیەننە ئاستی بە چیرۆك بوون.

ئەم جیهانە سەیرەی دەربڕین لە چیرۆکەکەدا ئەو نهێنییە قووڵەیە کە چیرۆکنووس توانیویەتی وەسفە سەرخراوەکان نەك بەشێوەیەکی تەجریدکراو، بەڵکو توانیویەتی ئەم ڕستانە و ئەم وەسفانە بەشێوەیەکی زیندوو و کاریگەریی قووڵەوە بەکار بێنێ. بەمەش دەلالەتی وەسفەکان شوێنێکی پڕ بایەخ لە خاسییەتی بابەتیی دەق دەکەنەوە و ئەم ڕێچکەیەی وەسفەکانیش بەتایبەت لەشێوازدا، بەرەو ڕووی هورووژمی گۆڕانەکانی باری کەسایەتی و دیمەن و وێنە جوداکانی دەق بکاتەوە، کە لەگەڵ وێنەکانیشدا خوێنەر هەست بەپچڕان و دابڕان ناکا لە شێوازی خوێندنەوەدا. چونکە دەور و کاریگەری و بەکارخستنی وەسفەکان دەورێکی سروشتی و نائاساییان پێ بەخشراوە، کە بەبێ ئەم دەورە سروشتییانەش هەموو وەسفە جوداکان نەیاندەتوانی ئەم ڕۆحە زیندووەی شێوازی

گێڕانەوە لە بینای سینتاکسی ڕستەکان و شێوەی دەربڕینەوە بپارێزێ. چونکە زۆر جار لە هەندێك چیرۆكدا دەبینین چۆن ئەم وەسفانە بەبێ دەوری کاریگەر وەك وەسفی پاشکۆ دەخرێنە دەقەوە، وەك بەرچاوخستنێکی دۆن کیشۆتانەی دەوڵەمەندی دەبڕینەوە، دەوری وەسفەکان لە دەربڕیندا مەبەست لێیان دەوڵەمەندی زەخیرەی تاکەکانی وشە و ئیدیۆم و زاراوەکان نین، بەڵکو مەبەست لێیان چۆنییەتی بەگەڕخستن و بەدەورکردنی ئەو زەخیرەیەیە، بەبێ بەگەڕخستنێکی هەڵچوو و ئیستاتیکی زەخیرەی زمانەوانی لە بنیاتناندا بێهوودە و بێ هەودا دەبن. بەمەش لە لای چیرۆکنووسدا دەورێکی دوو سەرەی پێ بەخشراوە، کە یەکەمیان بەرجەستەکردنێکی ماتبووی ڕێچکەی پەرەسەندنی بابەتییانەی دەقە لە شێوەی داوەچنێکی لێکنەپساوە و هەناسە درێژ، دووەمیش زمان دەوری تەقاندنەوەیەکی زیندوو لە بنیات و باری پێکهاتەیی دەق دەکاتەوە، کە دەوریان هیچ کەمتر نییە لە بەخشینی میکانیزمێکی دوو سەرەی تر بەدەق کە یەکەمیان بەلابردنی ئەم بنیاتانەی دەق لە بەچیرۆکبوون دەوەستێت. ئەگەرچی لەلایەنی ڕەگەزەکانی پێکهێنانی چیرۆکیشەوە هەموو مەرجێکیان تێدا بێ، دووەمیشیان دەوریان لە تەکنیك و داوەچن و ئیستاتیکای دەقدا.

کەواتە دەوری دووسەرەی وەسفە خراوەسەرەکان لە بەخشینی گیانێکی نوێیە بەدەق، لە چوارچێوەی ئیستاتیکایەکی چێژبەخش و لە شێوەی ڕاڤەکردنی تەقانەوەیەکی بەردەوامی دەلالەتی نوێ لە پەرەگرافە جوداکانی چیرۆکەوە. ئەمەش ئەو تێکهەڵکێشەی داکشان و هەڵکشانەیە کە چیرۆکنووس لە پەرەپێدانی ڕووداوەکاندا دەچێتەوە سەریان، هەر جۆرێکیش شوێنی لە بینای زماندا دەوری جودا دەگرنە خۆیان. لەمەش وەسفە سەرخراوەکانی ڕستەیە لەلای چیرۆکنووسدا بەهەموو جۆرەکانییەوە دەرکردنی ڕوانین و زانیارییە جوداکانی خوێنەرەکە دەربارەی شتەکان هەیەتی، کە زۆر جار لە شێوەی ئاسایی و ناسیاودان. هەروەها پانتاییەکی ئیستاتیکیش بەدەربڕین دەبەخشن، بەجووڵە خستنی شێوازی دەربڕینە و بەرچاوخستنی ئەو ئیمکان بوونانەی دەلالەتە لە دروستکردنی وێنە جوداکانی چیرۆکەکە هەروەك بنیاتی بچووك بچووکی چیرۆکەکە، لە بەکارخستنی وەسفە سەرخراوەکاندا، دەتوانین چەند جۆرێکی جودا لەو وەسفانە دەستنیشان بکەین و دەورەکانیان لە بنیاتی دەقدا، ڕوون بکەینەوە لە دوو توێی تەکینك و شێواز و کاریگەرییان لە سەر ئەم لایەنانە، کە گرینگترینیان ئەمانەی حوارەوەن:

١– وەسفە بەراییەکان

٢– وەسفە تێکهەڵکێشەکان

٣– وەسفە ڕەهاکان (سەربەخۆکان)

ئەم جۆرانە لەنێو خۆشیاندا بەپێی دەوریان جۆری تر دەگرنە خۆیان

**١– وەسفە بەراییەکان**

ئەمانە ئەو وەسفانەن کە کێشێکی زمانەوانی و ئیستاتیکی قورس بەشێوەی گێڕانەوە دەبەخشن و باری گێڕانەوەی ئاسایی دووبارە بوونەوەی لە دەقەکاندا ڕزگار دەکەن و زۆر جار بۆی هەیە ئەم وەسفە بەراییانە سەرجەمی کێشەکانی دەق بگرنە خۆیان، ئەم وەسفانە لە بنەڕەتەوە لە ڕستەی بەرایی پەڕەگراف و زۆر جار لە پارچە شیعر و وتەی وەرگیراو پێك دێن، بەڵام زۆربەی وەسفە بەراییەکان لە دەقەکاندا شوێنی خۆیان داگیر دەکەن. هەندێك جاریش بەبەکارهێنانی ئیدیۆم و زاراوەی وشەی نەستەق و زاراوەی پێکهاتەیی ساتیری و حیکمە و شیعر و پەند دەڕازێنرێنەوە و هەروەك وەسفی پێشکەش کردن و ڕوونکردنەوەی بەرایی چیرۆك خۆیان دەخەنەڕوو. بەمەش شێوەی گێڕانەوەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم وەسفانە و بۆیان هەیە چەندەها شێوەی گێڕانەوەی لە دەقێکدا بکەنەوە.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەخوێنینەوە: «دێهاتی لەنێو خۆیاندا هەزار و یەك قۆڕیات دیزە بەدەرخۆنە دەکەن، کەچی بۆ بێگانە مێشی لێ دەکەن بەگامێش» بڕوانە باری سینتاکسی ڕستەکان و دەوری پێکهاتەیی و ڕاگەیاندنە جوداکانی وەسفەکان، دەبینین سەرجەمی وەسفە تاکەکان دەچنەوە سەر دوو مەدلوولی جودا و لە پێناوی دروستکردنی تەنیا دەلالەتێك و تەنیا ئاماژەیەکدا، بەکارخراون، کەچی بە دروستکردنی حاڵەتی ڕستەی بەرپەرچدانەوە «اعتراضی» پرسیارێکی دیاریکراو لە دووی خۆیاندا جێ دێڵن، وەسفەکانی (دێهاتی = بێگانە) دوو وەسفی کەسایەتی جودا دەخەنە دەقەوە، هەر لە سەرەتاوە چیرۆکنووس بیرێکی تەواومان دەربارەی بنیاتی کێشەی دەقەکە بۆ دەخاتە ڕوو، گەر لە شێوەی نائاسایی وەسفەکانی (دێهاتی = بێگانە) وردبینەوە، دەبینین لەم ڕستانەدا جوداکردنەوە ڕەنگدانەوەیان هەیە لە کێشەی بناغەیی کەسایەتییەکانی دەقەوە، وشەی دێهاتی کە یەکەم وشەی چیرۆکەکەیە لە دەلالەتدا هاودژی وشە و وەسفی «شارییە» و بێگانەش هاودژی کەسایەتییە ناسیاوەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە و

هەڵگری سیفات و دابونەریتی جودان و زاراوەی بەکارهێنراوی تایبەتییان هەیە لە زمانی کوردیدا و چیرۆکنووسیش ئەو ئیدیۆم و سیفەت و زاراوانە بە دروستی بەکاردێنێ لە ناساندنی کەسایەتییەکاندا لە ڕستەکانی پاشتردا.

لێرەدا ئەم وەسفە بەرابیانە ئەم وەسفە تاك و گشتییانە بەهەمان شێوەش وەسفێکی ئیستاتیکی گونجاویان هەیە لە دەقدا.بەوەی لە جوگرافیای دەق و سنووری بنیاتی کەسایەتییەکان دەرناچن. هەروەها بەهۆی زاراوە و ئیدیۆمە زۆرەکانی نێو ڕستەکانەوە پەرەسەندنێکی بەرایی بەدەق دەبەخشن هەر لە دوو توێی خاسییەتی بابەتییانەی دەقەوە. هەر لە سەرەتاشەوە کێشە بناغەییەکانی دەق واڵا دەکەن، بەوەی چیرۆکنووس پەیوەستێکی بەهێز لەگەڵ ناوونیشانی چیرۆکەکەدا دروست دەکا کە «گۆڕانی غەریبان»ـە. غەریبان لە واتا ناوەکی و دەرەکییەکەی دەقدا دەلالەت لە وەسفەکانی (بێگانە) و (شاریش) دەکا. هەروەها «غەریب» لە پێناسەی مەعریفی کوردەواریدا دابڕانێکی دەروونی دەنوێنێ لە پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکاندا. زۆریش نزیکە لە بارێکی نامۆیی دیاریکراوی کەسایەتییەوە. لەمەشدا «غەریب – بێگانە» هاودەلالەتن و ئەگەرچی وا پێ دەچێ تەنیا دابڕانی کەسایەتی (شاری – دێهاتی) مەبەستی شاراوە و ئاشکرای چیرۆکنووس بنوێنێ، بەڵام لەم واتای دیاریکراوەی ناوونیشان و وەسفە بەراییەکاندا چیرۆکنووس سیفەتی غەریببوون بەواتا ئاساییەکەی وشەکە بەبێگانە و شاریشەوە دەبەستێتەوە، لە دەلالەتی شوێن و کاتی گۆڕاوی خاسییەتی کەسایەتی بەپێی گۆڕانی داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم ڕێچکە دیاریکراوەی گێڕانەوەش بە شێوەیەکی بەهێز تێکهەڵکێشی پێناسە و وەسفەکانی تری ڕستەکانی دوای ئەم وەسفە بەراییە دەکرێ، نووسەر لە وەسفی کەسایەتیی پاڵەوانەکەدا دەڵێ «بەتەبیعەت کەمێك دوورە پەرێز و کەم تێکەڵ بووم» یاخود «عادەتم نەبوو خۆ لە کاروباری خەڵکی هەڵقورتێنم» دوای ئەم دوو سیفەتەی کەسایەتیی (دوورە پەرێز – کەمدوو) کە دەدرێتە پاڵ پاڵەوانەوە، سیفەتێکی تریش لە خۆی دەگرێ دەڵێ «بۆ ئەو گوندە بە مامۆستایی نەقڵ بووم، بابایەکی شاری». بەمەش سەرجەمی ئاوەڵناوە پێناسەکەرەکان دەلالەتی وێنەکان یەك دەخەن و لە هەموو حاڵەتەکان دەربڕین لە هەستەکانی(غەریبی) دەکەن

مامۆستا ⟵ شاری ⟵ غەریب ⟵ بێگانە

لەگەڵ ئەم وەسفانەی کەسایەتیشدا، چەند حاڵەتێکی کەسایەتی بەدی دەکەین. کە لە

کەسایەتیدا لە شێوەی وەسفی تردا دەکەونە دەربڕینەوە:

شاری ⟵ کەمدوو ⟵ گوێنەدان ⟵ دوورە پەرێز.

بەرانبەر بەم سیفاتانەی کە لە مامۆستای شاریدا کۆ دەکرێتەوە هەر لە سەرەتای وەسفە بەرایییەکاندا، دەچینەوە سەر چەند سیفەتێکی هاودژی ئەم سیفەتانە، پەیوەستێکی بەهێزی لادێی بەدی دەکەین.

لادێی ⟵ گاڵتەباز ⟵ تێکەڵ ⟵ کراوە

لەم دوو سیفەتە دەروونییانەی کەسایەتییەوە. چیرۆکنووس دەچێتە گەردوونی ڕووداوەکانەوە. بەم شێوەیەش هەر لە سەرەتاوە کێشەی چیرۆکەکە واڵا دەکاتەوە، بێ ئەوەی نهێنی ئەو کێشەیە بخاتە ڕوو. کەواتە وەسفی بەرایی چیرۆکەکە هەرپێش وەختە چەند خاڵێکی درەوشاوەی زەینی لە خوێنەردا دەکاتەوە، وەك پێناساندنێکی سەرەتایی و بەرایی. بەمەش لە سەرخۆ بێ تاسان و بێ گرفتاریکردنێکی گەورە دەبەخشێتە شێوەی گێڕانەوە و لە هەموو تەکنیکی هێماکاری و ئاماژەی ئاڵۆزی دوور دەخاتەوە، جگە لەم وەسفە بەرایییانە، دەچینەوە سەر کۆمەڵێکی تر لە ئاماژەی جودا و جۆراوجۆری تر کە دەچنە دوو توێی وێنە بچووکەکانی شێوازی گێڕانەوە لە دروستبوونی ئەو وێنانە. بۆ نموونە لە وەسفە بەرایی و لە هەمان کاتدا بەرچاوییەکانی تابلۆی شەودا، چیرۆکنووس وەسفی وێنەدار و دەنگداری زۆر ناسك بەکاردێنێ، ئەم وەسفە خراوە سەرانە بۆیان هەیە، وەك وەسفی بەرایی لەو وێنە بچووکانەدا دەوری کاریکەر ببینن. هەروەك ئەم وێنەیەدا بەرچاو دەکەوێ: «جار جار لە ماڵێکدا تروسکەیەك وەك ئەوەی بەدەم سەرماوە گیانەلای بێ، ترسێکی ئاڵوزی دەخستە نێو دەروونەوە، ئەمیش هەمان تام و بۆی گوناهی هەبوو» ئەم وێنەیە ڕاڤەکردنی ڕوانینێکی پڕ لە غوربەتی بێگانە و غەریبێك دەکا، لە وێنەیەکی زۆر ڕۆمانسیی غوربەتدا. ئەو ساتەی باری دەروونی مرۆڤ هەموو شتەکان لە باری غەریبی و غوربەتدا دەبینی، هەروەك ئەوەی وەسف و وێنەکان هەر وەك ئەوەی دەربڕینێکی پڕ لە غوربەت و سەرسامی و تاسان و لێکدانەوەی پڕ لە پەشێوی سەرجەمی ئەم برگەیەبێ ئەو وەسفە بەرایییانەی کە نووسەر دەیتوانی زۆر بەکورتی وێنەیان بکێشێ. بەڵام بێ بەکارخستنی وەسفەکان لە خوڵقاندنی ئەم وێنە بەرچاوییانەدا نەیدەتوانی ئەم هەستە پڕ لە غوربەتە لە شەودا بکاتەوە.

هەر لەم وێنەیەشدا دابڕانی ڕوانینی شاری لەگەڵ ڕوانینی لادێیی بۆ شتەکان

دەگۆڕێن، ئەو شتانەی لە باری ئاساییيان دەردەچن و ژیانێکی سەختی لادێی نێو شاخوداخ دەخەنە ڕوو. هەر لە وەسفە بەراییيەکانی دوای شەوگارەوەیە ئەو کاتەی ڕۆژ هەڵدێ، چیرۆکنووس، ئەو وەسفە دەخاتە دوو تویّی بەکارهێنانی تەکنیکی سینەماییيەوە کاتێك دەیەوێ ئەوە ڕابگەیەنێ کە ڕۆژ هەڵدێ دەڵێی ژیان لەم گوندەدا نییە، کاتێك دەڵێ "لە شەوگاردا لە تۆ وایە ئیدی هەرگیز ژیان ناکەوێتەوە بەر گوند، جارێکی تر ڕۆژ هەڵنایەتەوە. کەچی بۆ سبەی بەر لە سپێدەی بەیانی لەنێو ئەم کوێرە وە گوند ئەمما گوند..." لە باسی گوندەوە یەکسەر دەچێتە وەسفی بەرایی گوندەکەوە و ڕووداوی دوای شەوگار هەڵدەگرێ بۆ پەرەگرافێکی تر لە پچڕانێکی زیرەکانەی شێوازدا. ئەم پچڕانە و گواستنەوەیە لە تەکنیکی وەسفە بەراییيەکان و تێکهەڵکێش کردنیان لەگەڵ وەسفە جوداکانی تر و خولقاندنی ئەم تەکنیکە سینەماییيە، شێوازێکی ئیستاتیکی و مەودایەکی ئیستاتیکی بەچۆنێتی گێڕانەوە دەبەخشێ. بەڕادەیەك سنوورەکانی جوداکردنەوەی وەسفەکان لە پێناوی گۆڕانکاری لە تەکنیك و شوێن پێ گۆڕینی وێنەکاندا، چیرۆکنووس هەموو قورساییيەکی زمانەوانی لەم وەسفە بەسەرخراوانەدا دەتوێنێتەوە، ئەم بایەخە گرینگەش بەمیکانیکییەتی وەسفەکان، توانای چیرۆکنووس دەردەخا لە شێوازی گێڕانەوەیەکی هەناسەدرێژدا فراوانتر دەکاتەوە، چیرۆکنووس لە وەسفی لادێیەکەدا بەم جۆرە سەر وێنەکان:

– خانووەکان لە دوورەوە لە هێلانەی باڵندەی کۆچەری دەچوون.

– بەردی قۆقز لە دیوارەکانەوە دەرپۆقیبون.

– دەتوت دوومەڵن لە شوێنی خراپ دەرهاتوون.

– سەد سوێندت دەخوارد خانووەکان بەئەمانەت هەڵچنراون.

هەروەها دەبینین چیرۆکنووس بە جارێك لە وەسفی بەرایی چیرۆکەکەوە وەسفی ڕەهاو سەربەخۆ تێکهەڵکێشی وێنەکان دەکا، لەو وەسفانەی کە خواستن و جووتکردن و لێکچواندن و بەپەندکردن و ئیدیۆمەوە بەکاردێنێ. بەمەش وێنەیەکی وەسفیی تێکهەڵکێش لە تەکنیکی چیرۆکەکەدا دروست دەکا، کە لە سەرجەمدا دەربڕین لە ژیانێکی سادە و ڕووکەشی کاتی و لە ناوەڕۆکیشدا سەخت و دژوار، بڕوانە ڕستەی «خانووەکان لە هێلانەی باڵندەی کۆچەری دەچوون» چ وێنەیەکی شیعریی تێدایە، بڕوانە وەسفی سەربەخۆی «دەتووت دوومەڵن لە شوێنی خراپ هاتوون» چ وێنەیەکی بەرچاوی شیعری

بەرجەستە دەکا. بڕوانە ڕستەی «سوێندت دەخوارد خانووەکان بەئەمانەت هەڵچنراون» چ وێنەیەکی شیعریی دەلالەتدار بەوەسفی لادێ دەبەخشێ. ئەگەر بێتو سەرجەمی ئاماژە و دەلالەتەکانی ئەم وەسفانە لە دەوری سەرەکییاندا کۆکەینەوە، دەگەینە چەند خاڵێکی هاوبەش،

شاری لادێ خانووەکان

لەم سێ وشەیەدا هەموو وێنە جوداکانی وەسفە جۆراوجۆرەکان تاقە دەورێك لە ئاماژە بۆ کردن دەخەنە بنیاتی دەقەوە:

خانوو ⟵ هێلانەی باڵندەی کۆچەرییە

ئاماژە ⟵ حەوانەوەیەکی کاتی

خانوو ⟵ بەردی قۆقز لە دیوارەکانەوە دەرچوونە

ئاماژە ⟵ بنیاتنان بۆ حەوانەوەیەکی کاتی

خانوو ⟵ دەتوت دوومەڵن لە شوێنی خراپ دەرچوونە

ئاماژە ⟵ بنیاتنان بۆ حەوانەوەیەکی کاتی

خانوو ⟵ بەئەمانەت هەڵچنراون

ئاماژە ⟵ حەوانەوەی کاتی

دەکرێ لە وەسفەکاندا جگە لە وەسفی بەرایی یەکەم، هەموو وەسفەکانی تر لە چیرۆکەکەدا داماڵدرێن، بەڵام دەوڵەمەندی وەسفەکان لە خوڵقاندنی وێنەی شیعری بەکارخراو لە تەکنیکی چیرۆکەکەدا بایەخێکی گرنگ بەزمانی چیرۆکنووس دەبەخشی کە هەر کاتێك چیرۆکنووس دەستبەرداری ئەم قووڵبونەوە وەسفییانە بێ چیرۆك مەتەڵێکی بێ تەکنیك دەبێ، خانووەکان تەنیا سەرنجێك لە ڕوانینی شاری دەکەنەوە کە سەیری پێ دێ ئەم دێیە ئەوەندە کۆن دروست کراوە، ئەوەندەش بۆ حەوانەوەیەکی کاتی دروست کراوە. «خانووەکان، خانووی کاتین»، ئەمە ئەو دژ بەیەکییە وەسفانەیە کە چیرۆکنووس لە تەکنیکدا بەکاری دێنێ. هەر لەم زانیارییە پێش وەختەیەی کەسایەتییەوە کە وەسفە جوداکانی دەربڕین بەرجەستەی ڕوانینی غەریبی پاڵەوان دەکەن، نەك تەنیا بەلایەنی کەسەکانەوە، بەڵکو بەلایەنی شتەکانیشەوە. هەروەها تێکەڵکردنی وەسفە بەراییەکان پەیوەستکردنیان بەوەسفە سەربەخۆ و

تێکهەڵکێشەکانەوە، چیرۆکنووس زمانی لە باری بەجوولەکەوتنیدا دەردەخا. وەسفەکان یەك لە دوای یەك هورووژم؛ دێنن، وەسفی یەك لە دوای یەك وێنەی خەیاڵی و زەینی جودا دروست دەکەن، وەسفەکان وەستان و پێداچوونەوە لە خوێندنەوەدا دەخوڵقێنن. وەسفەکان وێنەی شیعری جودا و بەئاماژەی یەکگرتووەوە، پانتایی جودا لە ڕوانیندا دەکەنەوە. وەسفەکان ڕێگە بۆ بەکارخستنی تەکنیکی جۆراوجۆری پەرەسەندنی ڕووداو خۆش دەکەن. بەمەش زمان لە پرۆسەیەکی ناخەکیی تایبەت بە شێوازەوە کاری خۆی دەکا. ئێستاش دەورە جوداکانی وەسفە تێکهەڵکێشەکان ڕوون دەکەینەوە لە چیرۆکی (گۆرانی غەریبان).

**٢- وەسفە تێکهەڵکێشەکان**

«ورد و درشتی گوند، ئەگەر کارێك یا شتێکیان بەدڵ نەبوایە و دەیانوت تێی هەڵدەن بۆ بەرتەنگ، زۆر دەترسام ڕۆژێك بەمنیش بڵێن تێی هەڵدەن بۆ بەرتەنگ». بڕوانە لە وەسفی بەرایی دەلالەتی «بەرتەنگ»ەوە چۆن وەسفەتێك هەڵکێشەکان دەخاتە نێو وەسفی باری دەروونیی پاڵەوانەوە. ئەو دابڕانە حەتمی و ڕەهایە بەرجەستە دەکا لە نێوان کەسایەتیی شاریی مامۆستا و کەسایەتی تۆز لێ نیشتوی ژیانی سەختی لادێ و جیاوازی ڕوانینیان بۆ جیهانی دەوروبەر، بڕوانە شتەکانی دەوروبەر لە شێوەی سروشتدا، چۆن تێکەڵی باری دەروونیی کەسایەتیی مامۆستا دەوێن، ئەم بەکارخستنەی سەرنجەکانی ئەو ساتیر نییە، بەڵکو ساتیرەکان شوێنی مەترسیی ڕاستەقینەی ئەون، شتە ئاساییەکان لە بەرچاوی و تێرامان دروست دەکەن، گەر بڕوانینە ڕستەکانی دوایی برگەکە، ئەو ڕستەیەی ترسی مامۆستا دەردەخا دەڵێ «زۆر دەترسام، ڕۆژێك بەمنیش بڵێن تێی هەڵدەن بۆ بەرتەنگ» لێرەدا بەرتەنگ دەلالەتی ڕەوشتی و ساتیری تێدایە، لەوەی خەڵکی گوند گەر ١- کارێك ٢-شتێکیان بەدڵ نەبووایە دەیانوت تێی هەڵدەن بۆ بەرتەنگ، هەر لەم دوو چەمکەوە، دەلالەتی بەکارخستنی شوێن لە وەسفە تێکهەڵکێشەکاندا دەکەوێتە دەرەوەی ڕستەکانەوە، چەمکی (کار) بەکارخستنی ڕەوشتیی لەگەڵ واتای (زبڵدان - پووچ) دروست دەکا. ئەم ڕێچکەیەی وەسفە تێکهەڵکێشەکان کە دەوریان لە چەند ئاستێکی جودای وەسفە بەراییەکانەوە دیاری دەکرێ. هەروەك ئەوە وان لە وەسفە بەراییەکانەوە درێژ بوونەوەیەك لە بۆشایی دەقدا بکەنەوە. ئەو بۆشاییانەی لە بەخشینی خاسیەتێکی ڕەوشتی و لە هێنانەوەی پرسیار و سەرنج و وردبوونەوەی جودا لە زەینمان دەکەنەوە، وەسفە تێکهەڵێشەکان درێژەپێدانێکی ئیستاتیکی دەخەنە جەستەی وەسفە بەراییەکانەوە

بۆ درێژکردنەوەی دەلالەت و ئاماژەی نوێ لە نێوان دال و مەدلوولەکاندا بەشێوەیەکی گشتی. ئەگەر بڕوانینە چۆنێتی تێکهەڵکێش بوونی وەسفە بەراییەکان لەگەڵ وەسفەکانی تردا سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەم وەسفانە بەبێ کرانەوەی بەردەوامی وەسفە بەراییەکان لە دایك نابن، هەروەك ئەم وەسفانە بنیاتی بچووك نێو وەسفە بەراییەکان بن، لە چۆنێتی ڕاڤەکردن و لە دایکبوونی وەسفەکانی تر، لەم بڕگەیەشدا ئەم پەیوەستانە دروست دەبن:

وەسفی بەرایی ←——— دەربەندەکە یەکجار تەنگەبەربوو، خەڵکی گوند پێیان دەوت بەرتەنگ

وەسفی تێکهەڵکێش ←—— تێهەڵدانی شت/کار

شت ←——— شتی بێ کەڵك

کار ←——— بێ کەڵکی کارێك

پاڵەوان ←——— شت کار ←——— تێهەڵدانی بۆ بەرتەنگ

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستە ڕوونکەرەوانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ گەر بێتو بەرایی «بەرتەنگ» و «تێهەڵدان» نەبووایە مامۆستا هەستی مەترسی تێهەڵدانی خۆی لە گیاندا لە دایك نەدەبوو. لێرەشدا گەربێتو ئەم وەسفانە لە چیرۆکدا بە چاکی و دروستی بەکارنەخرێن زبانێکی گەورە بەبنیاتی دەقەکە دەگەیەنن، ئەمەش شارەزاییەکی قووڵی چیرۆکنووسی دەوێ لە ناسینەوەی شتەکان و دروستکردنی ڕوانینی زەینی لە شتەکاندا. جگە لەم وەسفانەش چیرۆکنووس وەسفی تری جۆراوجۆر بەکاردێنێ لە ڕەگەزە جوداکانی پەند و ئیدیۆم و زاراوەی ساتیری و... تاد.

**٣- وەسفە سەربەخۆکان**

ئەم وەسفانە ئەو ڕستە کورت و دەلالەت بەخشانەن، کە زۆر جار لە کونجێکی پەرەگرافی دەقێکدا بەرچاومان دەکەون، تەنیا هەروەك وەسفی سەربەخۆ و ڕەها لە دەقدا دەوری خۆیان دەبینن و بەلابردنیان ناتوانن بەشێوەی کاریگەر لە شێوازی دەقەکە کەم کەنەوە ،دەوریشیان لە ناساندن و ئاڵ و واڵاکردنی وەسفە بەرایی و تێکهەڵکێشەکانەوە دیاری دەکرێ. بڕوانە ڕستەکانی:

- دێهاتی قسە گومرگ کردنیان لە مەزەبدا نییە ←—— ئیدیۆم
- وەك ئەوەی کوفری خواو پێغەمبەرت کردبێ ←—— ئیدیۆم

– گوند ئەمما گوند ⟵ ئیدیۆم

– غەریبی هاوتای پیرییە ⟵ ئیدیۆم

– پیاو لە وەسیەتان نامرێت ⟵ ئیدیۆم

– نافەك بڕاو ⟵ ئیدیۆم

– شوێنی سندانیش قوزەڵقورتە ⟵ ئیدیۆم

– غەڕایی باجی خۆی هەیە ⟵ ئیدیۆم

– ئەوەی بەرز بفڕێ نزم دەنیشێتەوە ⟵ پەند

– نیگا نەوسن ⟵ زاراوەی وەسفی

ئەم وەسفانە لە سەرجەمدا دەچنە ژێر خانەی وەسفە ڕەهاكانی دەقەوە، زۆر كەمیان پەیوەستی بەهێز و بناغەیی دروست دەكەن. لە هەمان كاتیشدا شوێنێكی گونجاو و تەبایان هەیە لە دەقدا و هەندێك جاریش دەربڕینكردن لە ناسینەوەی سیما و ڕەفتار و خاسییەتی كەسایەتی و شتەكان و هەندێك جاریش دەوری ئیستاتیكی دەگرنە خۆیان و هەندێك جاریش بەشێوەیەكی مەجازی دەربڕین لە پەیوەستی مرۆڤ دەكەن لە سروشت و هەموو شتەكانی دەوروبەر، چونكە ئەم وەسفانە بناغەیان لە زمانی قسەكردندا هەیە و لە ئاخاوتنی گشتیدا زۆر بەكاردێن.

ئەم جۆرە وەسفانە سەرتاپای چیرۆكەكەیان تەنیوەتەوە، كە ئێمە تەنیا لاپەڕەی یەكەم و دووەممان بەنموونە وەرگرت. لەم پێشكەشكردنەی وەسفەكاندا بۆمان دەردەكەوێ چیرۆكنووس توانایەكی چاكی هەیە لە ڕازاندنەوە و پەرەپێدانی شێوازی دەربڕین و ڕەگەزەكانی دەوڵەمەندكردنی گەیاندن، هەر ئەم زمانەش نهێنی شێوازی دەربڕینی چیرۆكنووسی گرتووەتەخۆ و سەركەوتنی ئەم چیرۆكەی تێدایە، كە چیرۆكنووس بایەخێكی گەورە و گرینگی پێ دەبەخشێ بەبێ ئەوەی گرینگی خاسییەتی بابەتی چیرۆك كەم كاتەوە. كاروان (١٣٤)

## چیرۆك وەك بنیات
## محەمەد مەولوود و نوێخوازیی چیرۆك کوردی

لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئەزموونەکانی تازەگەری لە چیرۆکی کوردیدا کارێکی نیمچە مەحاڵ بووە لە ڕەخنەی کلاسیکی و نوێی کوردیدا. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز بووە، کە گرنگترینیان، لە نێوان «لایەنگیری ئایدۆلۆژی و سیاسی»دا کەوتبوونە نێو ئەو خوێندنەوانەوە لە پێناو مەبەستی دیاریکراودا کراون، هەروەکو چۆن لە ژێر کاریگەریی کەسایەتی و لایەنداری جیاجیادا توانای زۆر کەسان لە مەیدانی چیرۆکی کوردیدا پشتگوێ خراوە. بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکان کە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی دیار و کاریگەر و زانستییانە ئەو مێژووە بخوێننەوە بەهۆی نەبوونی جیهانبینی و میتۆدێکی نوێوە بووە، هەر بۆیە کەوتونەتە ژێر کاریگەریی چەمك و زاراوە کلاسیکییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەوە، هەروەك زۆر لەو لێکۆڵینەوە هەمان چەمك و زاراوەیان لە هەڵسەنگاندندا بەکار هێناوە، هەروەکو چۆنیش تاکو ئەمڕۆ بەهیچ میتۆدێکی نوێ و بەهیچ جیهانبینی و ڕێگەیەکی شیکردنەوەی نوێوە چیرۆکی کوردی هەڵنەسەنگێنراوە. ئەمەش وای کردووە چیرۆکنووسانێك بکەونە پێشەوەی چیرۆکنووسانی ترەوە و بەسەرەتای نوێخوازی و تازە بوونەوەی شێواز و زمانی چیرۆکنووسی لە قەڵەم بدەن، کە زیانێکی زۆری بەڕەخنەی کوردی و مێژووی چیرۆکی کوردی گەیاندووە، هەربۆیە هەندێك چیرۆکنووسی دەستپێشخەر لە نوێخوازیدا هەوڵەکانیان بەپەراوێز کراون و شوێنی شیاوی خۆیان لە ئەدەبی کوردی پێ نەبەخشراوە. لێرەوە بەپێویستم زانی بەرجەستەی هەندێك لەو ڕاستییانە بکەم، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەم ناهاوسەنگییانە و دەرخستنی دەوری نوێخوازانەی هەندێك لە چیرۆکنووسانی کورد.

**محەمەد مەولوود مەم**

مەم پاش چیرۆکنووس ئیحسان مستەفادا یەکەم چیرۆکنووسی کوردە کە نوێخوازی هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردییەوە، لە هەرسێ چیرۆکی «برسیەتی بەهێزترە» و چیرۆکی «پیاو» و «پەنجا فلس» کە یەکەمیانی لە ساڵی (١٩٥١) نووسیویە و دووەم و سێیەم لە سەرەتای پەنجاکان. ئەمەش دەلالەتی ئەدەبی و ڕەخنەیی خۆی هەیە لە چیرۆکی

کوردیدا، ئەو سێ چیرۆکەی کە بەتەواوەتی نەخراوەنەتە بەرتیشکی ڕەخنە و شیکردنەوە.

نوێخوازی لە چیرۆکدا، لە هەوڵەکانی محەمەد مەولوود مەمی نوێخوازدا لە دوو ئاڕاستەی تەواوکەری یەکتردان. لە لایەکەوە یەکەم چیرۆکنووسە کە لە زمانی چیرۆکدا کاری کردووە و لە لایەکی تریشەوە بەتوانایەکی سەیرەوە هەوڵی داوە چیرۆك بەرەو بنیاتی دووسەرە بەرێ. ئەمەش بەهۆی بەخشینی کۆمەڵێك ڕەگەزی بنیاتنەری ڕووکەش و بەکارخستنیان لە بنیاتێکی شاراوەی بەهێزدا، هەروەکو چۆن چیرۆکنووس لەو دوو چیرۆکەی، چیرۆکێکی تریشدا هەوڵێ داوە هەروەك چیرۆکی «پیاو» کە زمانی ئەوەندە سۆزدار و دەوڵەمەند کردووە لە ئاستی مانا ڕووکەشەکاندا ماناکانیان دەگوازنەوە بۆ ئاستێکی تری زمانەوانی وەك یەکەی ڕەگەزە تێکدەرەکانی بنیات، ئەو بنیاتەی هەموو ئەو زمانە دووسەرە و پڕ لە سۆزە دەخاتە قاڵبێکی زمانەوانیی بزر و بێ ناسنامەوە کە تەنیا لە گەردوونی ئەو بنیاتەدا هەموو ڕەگەزە سەرەتاییەکانی نووسین دەخاتە گەڕ کە ناسنامەیەکی نوێ بەرجەستە دەکا.

لە ڕاستیدا سیمای نوێخوازی لەو چیرۆکە سەرەتاییانەی چیرۆکنووسدا ئەزموونێکی گەیوی پڕ مانا دەردەبڕێ هەروەکو چۆن لە نوێبوونەوەی زماندا کە بەشێوەیەکی کاریگەر کار دەکاتە سەر خوێندنەوە و تاکو ئەمڕۆش ئەو شێوازی نووسینە یاخود ئەو زمانە باڵی بەسەر چیرۆکی کوردیدا کێشاوە، کە بەهێزەوە ئاڕاستەکانی ئەو زمانە، چۆنییەتی هاتنە ئاخاوتنی دەوڵەمەند دەکەن.

کە ئەمەش بەڕای من خاڵێکی وەرچەرخانە لە چیروکی کوردیدا لە چۆنییەتی بەبنیاتکردندا.

**١- برسیەتی بەهێزترە ١٩٥١**

ئەگەرچی چیرۆکی یەکەمی چیرۆکنووسە، لە پێشەکیی چیرۆکەکەدا نووسراوە، کە ساڵی ١٩٥١ نووسیویەتی تەنیاش گۆڕانکاریی لە شێوازدا کردووە لەو ساڵانەی دوایی هەروەك دەسکاریکردنی (شێوە و ڕێنووسەکە)ی بەڵام داڕشتنەکەی وەك خۆی ماوەتەوە. ئەم چیرۆکە حەوت ساڵ دوای «سکاڵای مردوو»ەکەی ئیحسان مستەفا بەرزنجی نووسیویەتی و نزیکەی شەش ساڵیش دوای چیرۆکی «چای شیرین»ی حوسێن عارف نووسیویەتی کە ئەو چیرۆکە زۆری لە ئەدەبی کوردیدا لە سەر نووسراوە. ئەم چیرۆکە هەروەك لە دوای خوێندنەوەی یەکەمدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بابەتی ڕۆمانێکی

گرتووەتەخۆ لە شێواز و بەرچاوخستنی بابەتیی خۆیدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چیرۆکنووس بەهەمان ئەو ڕووداوو جیهانە بابەتییەی کە لە چوارچێوەی چیرۆکێکی کورتدا دەریبڕیوە، دەیتوانی ڕۆمانێکی یا نۆڤلێتێکی سەرکەوتووی لێ بنیات بنێ، لە هەموو مەیدانەکانی درێژبوونەوەی زەمەنی و کردارە جیاوازەکانی پەیوەست بەڕووداوەوە. ئەمەش بێگومان تەنیا ڕەگەزی ڕۆمان نین، بەڵکو لەبەر فرە دەلالەتی و مەودای درێژبوونەوە و توانای لەم ئاڕاستەیەدا.

بنیاتی بابەتی و بناغەیی چیرۆکەکە لەو گریمانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە مرۆڤ و بیری مرۆڤ، هەرچەندێك جیهانێکی پاك و بێگەرد و نموونەیی هەبێ و لە دوو توێی چەند نموونەیەك لە بەهای بەهێز و بالادا، جیهانبینە خۆی بۆ دەرەوە و پەیوەستەکانی خۆی بەجیهانەوە دیاری کردبێ و بەهەموو شێوە و لە ژێر زۆر باردۆخدا داکۆکی لەو بەهایانە بکا وەك چەمکی پیرۆز و نەگۆڕ، بەڵام ئەو جیهانە لەبەردەم هەژاری و نەبوونی و بەتایبەتی برسێتیدا چۆك دادەدا. ئەم وەرچەرخانە نائومێدیەش بەرجەستەیەکن بۆ گۆڕانی سروشتی و باری دەروونی مرۆڤ لە قاتوقڕی و نەبوونیدا. ئەو کەسایەتییە هەموو بەها کەسایەتییە پیرۆزەکانی یەك لە دوای یەك لە دەست دەدا و تووشی ئاڵۆزی و شڵەژانێکی دەروونی و نەخۆشی ئامێزی دەکا.

چیرۆکنووس هەر لەناو نیشانەکەوە هاوکێشەی ئەو گریمانە سادەیە دەخاتە ڕوو، کە سیفەتێکی بەراوردکاریی ڕەوشتی پێشنیار دەکا. خوێنەریش هەر لە سەرەتاوە بەپێی ئەم گریمانە دەخوێنێتەوە، ئەمەیە سیفەتی ڕاگەیاندنی زانیارییە پێش وەختەکان، بەڵام ئەم زانراوە وای لە چیرۆکنووس نەکردووە ڕاستەوخۆیی ڕاگەیاندنەکانی بەرەو ڕووی پرسیارە بابەتیەکانی بکاتەوە، ئەمەش وای کردووە چیرۆکنووس لە جیهانە بابەتییەکەیدا سەرکۆنەی «جەنگ و برسێتی و زۆرداری و داگیرکردن» بکا، ئەمەش شوێنی پڕ بایەخ و گرنگی هەیە کە بەشێوازێکی هونەرییانە دەربڕاوە مانایان باڵ بەسەر ڕێچکەی ڕووداوەکاندا دەگرن، بەڵام ئەم بابەتە ڕووکەشانەی نێو چیرۆکەکە هەروەك ڕەگەزی لابەلا و ناسەرەکی نەکراونەتە بناغەی جیهانبینی و بنیاتی شاراوەی چیرۆك. چیرۆکنووس هەموو ئەم مانایانە لەژێر یەك دەواری بابەتیی بنیاتی دەقدا بەکار دەخات لە پێناوی خوڵقاندنی یوتوپیای زمانی شاراوە و ناسنامەی دەقدا.

پرسیاری کەسایەتی و گۆڕانەکانی لە بەها ڕەوشتییەکاندا پەیوەست بەباری ئابووری و ژیاریی زۆر دەگمەندا دەکا، ئەمەش بەبڕوای من کرانەوەی زێدەڕۆی زمانە لە

هەڵبژاردنە بابەتی و شێوازکاری و ئیستاتیکیەکاندا، بەکارخستنی بەربەرەڵابوونی بنیاتە ڕووکەشەکانە، لە پێناوی سپاردنی دەوری دیاریکراوی تر و هێنانەناوەوەی دەوڵەمەندیی زمان لە چیرۆکدا. کەواتە بنیاتی کەسایەتیی کوێخا ڕەسووڵ و چۆنێتی گۆڕانی دنیا دیدەیی و هەڵوێستی ئەو بناغە و پێکهاتی سەرەکیی زمانی دووەمی چیرۆکە، هەر لە سەرەتاوە سیفەتەکانی کەسایەتی و سیما دەروونییەکانی عەقڵییەتێك دەنوێنێ کە بەشێوەیەکی بنەڕەتییانە بەشبەش دەبێ و لەو گۆڕان و بەشبەش بوونەیدا کۆمەڵێك سیفەتی بەشبەشی تر بۆخۆی بنیات دەنێ و بەم شێوە دابەش دەبێ.

کوێخا رەسووڵ

——— زیرەك ——— چالاك ——— بەبەزەیی ——— دەوڵەمەند

پێش جەنگ

کوێخا ڕەسووڵ باوکایەتی

———گرێدار——— سست ——— بێ بەزەیی ——— هەژار

پاش جەنگ مرۆڤایەتی

ئەم پێکداچوونە ئاڵۆزەی نێوان دوو بارودۆخی جیاواز هەمیشە ئەو وێستگە کۆتاییانەن کە کێشەی بەردەوامی مرۆڤێك دەردەبڕن کە بەسروشت پەیوەستێکی خێرخوازانەی لەگەڵ جیهاندا هەیە و لە پاشاندا بەهۆی بێ دەرامەتی و هەژارییەوە پێوەندی شەڕخوازانە لەگەڵ جیهاندا دادەمەزرێنێ. ئاخۆ مرۆڤ بە سروشت خێرخوازە، یاخۆد بەسروشت پەیوەستی چاکەخوازی لەگەڵ خوێدا هەڵدەگرێ یاخود بەرامبەر بەم سروشتە هەروەها هەموو مرۆڤێك سیفەتی شەڕخوازیش لەگەڵ خوێدا هەڵدەگرێ و هەموو چاکە و خراپەیەك چاوەڕوانی بارودۆخی کامڵبوونی خۆیان دەکەن.

لە ڕاستیدا چیرۆکنووس لە گۆشەی کۆتایی جیهانبینیەکەیدا ئەو بیرە دەخاتە مێشکمانەوە کە ئەستەمە مرۆڤ تەنیایەك بەرهەمی ئایدیالی لە پەیوەستەکاندا بنوێنێ، بەجیهانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی کە بەم شێوەیە پەرەدەسەنێ:

کوێخا ڕەسووڵ ——— مرۆڤێکی بەنموونەکراو——دەوڵەمەند

کوێخا ڕەسووڵ ——— مرۆڤێکی ڕیسوابوو——— هەژار

| برسێتی | دەوڵەمەندی |
|---|---|
| هەژار | تێری |

کەواتە بەقەد هەردوو خاسیەت و سیمای ڕەوشتی ڕێکەوتەکانی گۆڕانکاری چالاك بوونیان لەبەردەمدایە و ئەمەش بازنەیەکە تەنیا ڕاڤەی سووڕانەوەیەکی کۆتاییاینەهاتوو دەکا و لە گیرۆدەیی و گرفتاری مرۆڤ دەردەبڕێ بەو بارە ژیارییەی تێیدایە:




کرداری بناغەی چیرۆك کە هەلاّتن و ڕفاندنی خواردنی ماڵ و منداڵەکەیەتی، ئەم کردارە، دەرخستنی کاریگەریی و نامرۆڤانەی برسێتی و نەبوونییە کە هەموو بەهایەکی کۆمەلاّیەتی و زاتی لەبەردەمیدا هەڵدەوشنەوە. چیرۆکنووس بۆ زاڵکردنی ئەو باوەڕەی هەیەتی پاڵەوان دەخاتە بارێکی ناهۆشیاریی ڕەمەکییەوە، دەیخاتە تەفرەدان و هەلاّتن و نەبینینی تراژیدیاوە، هەروەك خۆ دامالّین و خۆشاردنەوەیەك لە بەهاکان و هەڵوەشاندنەوەیان ئەمەش دەلالەت لە کەوتنی کەسایەتی و نوچخواردنی نامرۆڤایەتییانەی کەسایەتی دەکا. هەر ئەم لایەنەی چیرۆکەکەشە کە لایەندارییەکی نیمچە ئایدۆلۆژی بەچیرۆکنووس دەبەخشێ، بەلاّم لەگەڵ بەرجەستەبوونی ئەم چەمکە دیارەش کە زۆر نزیکە لە چەمکی کردارە بەرهەمهێنەکانی «ئەریك فرۆم»وە لەگەڵ ئەمەشدا چیرۆکنووس، بەرهەمهێنانی «ترس» لە مردن و دەرخستنی هێزی مانەوە لەزاتدا زاڵە بەسەر هەر پەیوەستێکی کۆمەلاّیەتیی بەهێز لە دوو توێی دابەشبوونی زات لە نێوانی پەیوەندییە شەڕانگێزی و خێر خوازییەکاندا واتە بەرهەمی کرداری کەسایەتی دەرچوونە لەو قالّبە باوانەی کە کردارەکانی مرۆڤ پۆلین دەکەن، بەو پێیەی ترس لە مردن بەهێزتر و کاریگەرترە لە هەموو هەستێکی تر مرۆڤ. هەروەك ئەوەی غەریزەی مانەوە، ئەو مەیلە زۆر سەرەتایی و ڕەمەکی و نەمرەیە لە عەقڵی مرۆڤدا، کەوا دەکا، هەموو پەیوەستە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ بەمرۆڤەوە بخاتە بارێکی زۆر خراپ و پەیوەستێکی زۆر خراپترەوە.

لە هەر پەیوەستێکی پۆلێنکراو لە چاکە و خراپە، هەر ترسی مانەوەشە خاڵبەندییەکی فەلسەفییانەی تر بۆ ماناکانی ڕەوشت و بەهاکانی مرۆڤ دادەڕێژێ. کەواتە هەموو ئەو پەیوەستانەی بنیاتە ڕووکەشەکانی زمان ڕێچکەیەکی تازە بۆ خۆیان دەدۆزنەوە هەروەك بنیاتنانی زمانی دووەمی نووسەر کە دەیەوێ ئەو مانایە بخاتە سەرەوەی هەموو ماناکانی ترەوە، کە ترسی مانەوە هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دیاری دەکا

و سنووری کردارەکانی دیاری دەکا و شوێن بەهەموو مەترسیەکانی دیکە دەگرێتەوە، بەو پێیەی ترس لە نەبوونی، ترس لەمانەوە، بۆی هەیە هەموو بەهاکان و هەموو بۆچوون و پۆلینکردنە ڕەوشتی و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خانەوادەیییەکان سەرەوژێر بکاتەوە. چۆنکە غەریزەی مانەوە بەهێزترین غەزیرەی مرۆڤە، ڕادەی هۆشیاری هەر چەندێك بێ و یەکێك لە هۆیەکان جووڵاندنی ئەو هەستەش مردنی ژیانە، بەمردنی هیوای بەردەوامبوون لە ژێر گوشاری برسێتی و هەژاری و نەبوونی.

**پیاو**

چیرۆکی پیاو، یەکێکە لە دەقە هەرە سەرکەوتووەکانی چیرۆکنووس کە لە سەرەتای پەنجاکان نووسیویەتی، دوای چیرۆکی «برسیەتی بەهێزترە» لەم چیرۆکەدا محەمەد مەولوود مەم لە بنیاتە ڕووکەشەکانی زماندا هاوسۆزییەك و جۆشێکی لە ڕادەبەدەر پەلکێشی ژیانی منداڵیی خۆی دەکا، بۆ ئەو زەمەنەی کەنەك وەك نووسین بەڵکو وەك یادەوەرییەکی زیندوو لە گۆشە هەرە زیندووەکانی بیرکردنەوەیدا جێگرە. بەڵام ئەو بایەخێکی زۆر گەورەی بەزمانی چیرۆك و شێوازی گێڕانەوە داوە لە دوو توێی ئەو جهانبینیە دەوڵەمەند و نوێخوازەی کە چیرۆکەکە و جیهانی بابەتی بەخشیوە. بەرهەمی ماناکانی چیرۆك زەق کردنەوەی ئەو تێڕوانینە تایبەتەی منداڵە بۆ هەستکردن بە مرۆڤایەتی خۆی، بەمانای بوونی مرۆڤێکی گەورە لە عەقڵی بچووکی منداڵدا.

بێگومان ئەمەش هەستی بە«پیاو بوون»ی مرۆڤە و کاریگەری غەریزەی بۆ ماوەیی پەیوەستە خانەوادەیی و ئێرەیی ناخەکییە بەبزربوونی جێگرەوەکان، کەوا لە منداڵێك دەکەن لە پڕێکدا هەست بەوە بکا کە ئەو دەبێ ببێ بەپیاو مەسەلەی بوونە پیاو. سیفەتێکی خانەوادەیی نییە بەمانا گشتییەکەی بەڵکو بەرجەستەبوونی کامڵکردنی پەیوەستە بزرەکانی خانەوادەییە لەو باوەڕەی خانەوادە بەبێ «سەرگەورە» یا «پیاوی ماڵ» ببێتە خانەوادەیەکی ناڕێك و ناتەبا. هەر ئەم هەستەش وا لە منداڵی چیرۆکەکە دەکا هەستی مرۆڤانەی بجولێ و لە ناخەوە دڵی گەورە بێ. «جان شتاینبێك» لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا هەمان بابەتی، یاخود هەمان چەمکی بەشێوەیەکی جیاواز و بەمانایەکی هاوشێوەیی بابەتییانە بەکاهێناوە، بەڵام ئەو ئەم هەستە بۆ زایەندی زاتی منداڵ ناگەڕێنێتەوە بەڵکو دەیکاتە بەرهەمی چەند هۆکارێکی تر، وەك تۆڵە سەندنەوە لە بکوژنی باوکی و هاندانی دایکی و باوەڕبوونی بەوەی کە منداڵەکەی دەشێ ببێتە مرۆڤێکی گەورە و شوێنی باوکایەتی لە خێزاندا بگرێتەوە.

ئەم هەست بەگەورەبوونە مرۆڤانەیە، لەلای کاکە محەمەد مەولوود مەمدا لەلای منداڵێکدا وێنەی کێشراوە کە هەر خۆی خەرمانەیەك لە کەشی زاتی هەست بەگەورەبوون ناخی دەگرێتەوە، وای لێ دەکا هەستێکی تر و بوونێکی تر و کەسایەتییەکی تر لە ناخیدا گەورە بێ بەتایبەتی پاش نەمانی باوکی، لەو باوەڕەی کە ئەو دەتوانێ شوێنی بزری باوکی پڕکاتەوە.

چیرۆکنووس بەزمانێکی زۆر نوێخوازەوە وشەی «پیاو» دەکاتە ناوەندی هەموو ماناکان لەو کاتەوەش ئەم هەستە لەلای منداڵەکە گەورە دەبێ و پەرەدەسەنێ کە پوورە زولێخا لەگەڵ دایکی منداڵەکە دەیانەوێ بچنە گوندێکی نزیك خۆیان بۆ هاڕینی گەنم، ڕاستیەکانی پوورە زولێخا جەخت لەسەر «پیاو»ـەتی منداڵەکە دەکرێتەوە، هەروەك:

١– ئەدی دایکم، کەماڵ بێ خاوەن بێ...

٢– قۆڵچیش... دەتوانێ خۆی لە پیاو بگەیەنێ...

٣– خوشکم با شێرکۆش لەگەڵماندا بێ، هەر بێ شەرعیشە بێ پیاو بکەوینە ڕێگا...

ئەم ڕستانە ئەو هێزە بەگوڕ و بەتینەن کە گەورەترین کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوەی شێرکۆی منداڵدا هەیە، هەر ئەم مانا سەرەکییەی دەقیش سەرجەمی مانا ڕووکەشەکانی تری دەقیان پێوە گرێ دەدرێ و دەبێتە ناوەندی هەموو ماناکانی دەق و پەیوەستی هاوبەش و کێشەی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست دەکا. زمانی ئەم کێشانە زمانێکە لە ڕاستەخۆیی گوتن و ساکاریی پێکهاتنی ڕستەکان دەردەچێ و هەموو ڕستەکان بەشێوەیەکی قووڵ بەماناکانیان قورس کراون، هەر ئەم دووسەرەییەی مانا و ئەم ناڕاستەیەی زمانە وا دەکا کەسایەتی چیرۆك هەر لە خولگەی ئەم وەهمەی خۆیدا بژیت تەنانەت لەوپەڕی ماندووبوون و شەکەتیدا ئەو بیر لەو ساتە گەش و سەرسوڕهێنەرەی خۆی بکاتەوە. ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە شکۆمەندییەکی گەورەی پێ بەخشراوە، ئەو پیاوە یا ئەو پیاوەیە کە خۆی قەت بەبیریا نەهاتووە ئەو مافە بەخۆی بدات ئەو بیر لەوە ناکاتەوە کە بچووك و بێ دەسەڵات و بێ هێزە.

چیرۆکنووس لەگەڵ ئەوەشدا ناونیشانی چیرۆکەکەی بە «پیاو» داناوە کە بناغەی سەرەکی بەرهەمهێنانی هەموو ماناکانی دەقەکەیەتی، بەڵام هەر ئەو هاوسۆزییە کەسایەتییەی بۆ سەردەمی منداڵیی وای لێ دەکا پرسیار لەخۆکردنی منداڵ لە کەسایەتی خۆی شێوەیەکی فانتازی زۆر سیحراوی وەربگرێ، کە منداڵ هەست دەکا ئەو لە هەموو

کارێکی گەورە بەدەرە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتانێ حسێبی پیاوی بۆ دەکەن دەکەوێتە ئەندێشە و خەو بینین و خەیاڵەوە کە گەورەترین بەرجەستەبوونی ئەم بنیاتە بزرەی چیرۆکەکە، کە بنیاتی سەرەکیە و لە بابەتۆکە ڕووکەشەکانی دەقدا دەکەوێتە ڕوو خۆی لەمانا ئاسایی و باوەکان جیا دەکاتەوە، ئەو ڕستە چڕکراوە ومانادار و بنیات ئامێزەیە:

... هەستی ئەمەش کە شتێکم و دەجوولێمەوە چیرۆکی پیاو بەهێزەوە یەکەم چیرۆکی هونەری و نوێخوازیی کوردییە لەگەڵ چیرۆکی (برسیەتی بەهێزترە) کە یەکەم ئەزموونی چیرۆکنووسە. لە هەموو لایەنە هونەری و زمانەوانی و تەکنیکی و ئیستاتیکییەکانەوە، کە بەسەرکەوتوویی ئەم ڕەگەزانەی بەکارهێناوە، بۆ دروستکردنی بنیاتێکی بەهێزو تونددتۆڵ کە پێشی هەموو هەوڵەکانی نوێخوازی کەوتووە لە چیرۆکی کوردیدا سیمایەکی دیاری تری زمانی چیرۆك ئەوەیە کە لە خوێندنەوەدا هەست بەهیچ گرێیەکی ناتەباو دژ بەیەکی نووسین و ماناکان ناکەین، چیرۆك هەر لە سەرەتاوە بە ڕووچوونێکی زمانی پتەوو پڕ ماناوە ڕستە بنیات دەنێ کە دەتوانین بەهۆی ئەو زمانەی پێکهاتی بنیاتەوە بەراوردی بکەین لەگەڵ زۆر لە ئەزموونەکانی دوای خۆی، هەر ئەم لایەنەش سیفەتی یەکەم تازە کردنەوەی کامڵ بەچیرۆکی کوردی دەبەخشێ بەڕای من گەورەترین سەرکێشی لەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی پێشوو و زۆر لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود مەمدا، ئەو سەرکەوتنەیە کە ئەو مۆرك و خاسییەت و سیمای جیهانبینییەکی مرۆڤایەتی لە مرۆڤی کوردا دەستنیشان دەکا، لە چیرۆکی «برسیەتی بەهێزترە» چیرۆکنووس پەنجە لەسەر ئەو جیهانە توندوتیژ و مرۆڤکوژە دادەنێ کە کۆمەڵی کوردەواری هەزاران ساڵە لەگەڵیدا دەژێ، کە ئەمەش گۆڕانکارییە لە کەسایەتیدا لە چیرۆکی «پیاو» پەنجەنومای ئەو پەیوەستە کۆمەڵایەتییە زۆر دڕندانەیە دەکا کە «پیاو» هەموو دەورەکان دەگرێتە دەست و عەقڵییەتی بەپیاوبوون ئەو عەقڵییەتەیە کە شوێنی هەموو سیستەمێکی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە. بەبێ ئەوەی لە دەورەکانی ئافرەتی کورد کەم کاتەوە، هەر لە خولگەی مانا ڕووکەشەکانی دەقەوە ئەو بەجوانی لە چیرۆکی پیاودا ناسنامەیەکی نەتەوەیی زۆر بەهێز بەرەو ڕووی زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو واتایە بخاتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکەوە، ئەوەی بەکارێکی هونەری و بەزمانێکی دووسەرە و بەدەیەها بنیات و ڕەگەزی بابەتی و هونەری هەموو ئەم مانایانەمان بۆ بەرهەم دێنێ. ئەو بەتوانایەکی هونەری و زمانەوانییەوە کار بۆ خولقاندنی ئەفسانەی بنیاتەکان دەکا، هەر ئەم خاسییەتەش سیفەتی یەکەم نوێخوازی کامڵ بەئەزموونەکانی دەبەخشێ لە چیرۆکی کوردیدا.



(٤٣) نەجات حەمید ئەحمەد

### ٣- پەنجا فلس

پـەنجا فـلس سێیـەم چـیـرۆکـی سەرکـەوتـووی مـحـەمـەد مـەولـوود کـە ساڵـی ١٩٥٧ نووسیویەتی، لە چەندین لای چیرۆکەکەدا، چیرۆکنووس ئاماژە بەبنیاتی بناغەیی چیرۆکنووسی دەدا هەروەك ئاخاوتنەکانی کەسایەتی چیرۆك لەگەڵ خۆیدا کاتێك دەڵێ، «بەڵام من هەر ئەوهام کە زەمین و ئاسمان هەمووی لە پەنجا فلس پێك هاتووە، لەسەر پەنجا فلس کە بەهێزی پارە ڕاوەستاوە»، یاخود لە جێگەیەکی تردا دەڵێ «هەر ئەوەندەم لەلا ڕاست و ماقووڵ بوو کە بنکەی

هەموو زانیارییەك هەر پارە بێ و پەنجا فلس و هەر خواردەمەنی.. هتد»...

پـەنجا فـلس هـەروەك دراوێك لـە چـیـرۆکـەکـەدا هـەمـوو خـەون و خـولـیـا و هـەوڵ و گەشبینییەك و دنیابینییەکی لەسەر بنیات نراوە، کە لە نێوان دوو جیهانی کاتی و بەردەوامی، دنیایەك لە ئازار و خەم و پەژارە و گۆڕان لە یەکیان جودا دەکاتەوە. هەروەك ئەو ساتەی کە هەردوو کەسایەتیی چیرۆکەکە دەینوێنن لەیەك ڕووداوی ساکارەوە کە بۆی نییە بەهیچ شێوەیەك ژیان و بیرکردنەوەی ئەو دوو کەسایەتییە بەشێوەیەکی بنـەڕەتـی بگـۆڕێ، هـەروەك ئـەو سیمـایـانـەی بـەو دوو کـەسایـەتـییـە بـەخشراون پـێش دۆزینـەوەی پـەنجا فـلسەکـە، ئـەو دوو کـەسایـەتـیـە تـەنگوچـەڵـەمـە و پڕ لـە بـێهێزیی و نـوشوستـی و نـائـومـێدیـدا دەژیـن. ڕەشبین و سستن بـەرامـبـەر بـەژیـان ، کـەچـی پـاش دۆزینەوەی پەنجا فلسەکە هەردوك برسێتی و ماندووێتییان لەبیر دەچێتەوە و ئەمەش وایان لێ ناکا بەتەواوی دەرك بەواقیعی تراژیدی خۆیان بکەن هەست بە گەشانەوە و بەهێزی و گەشبینی دەکەن و هەست بەبوونی ژیانێك دەکەن کە ماوەیەکە لەبیرتان نەماوە، لێرەدا هەردوو کەسایەتیی برا، کە دوو قوتابین لە گوندێکی دوورن و لە هەولێر دەخوێنن و چاویان لەو یارمەتییەیە کە لە ماڵەوە وەری دەگرن.

چیرۆکنووس بەشێوەیەکی هونەرییانە و بابەتییانەی زۆر پتەو لە پەنجا فلسێکەوە تیشك دەخاتە سەر واقیعێکی توند و دڕندەی پڕ لە وەحشیەتی داگیرکردن و چەوساندنەوە و چیرۆك بەئاستێکی سەیری ئەم مانایانە دەبا بەبێ ئەوەی لەو گوتارەیدا پەنا بۆ ڕستە ڕاستەوخۆ ڕووداوە ڕاستەوخۆ باوەکان بەرێ، زەمین هەر لە پەنجا فلس دەکا. هەموو سیستەم و سیاسەت و هەموو خۆش و ناخۆش و گەشانەوە و کامەرانی و جەنگ و داگیرکردن و هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ پارە و دراو دەوریان تێدادەبینن. چیرۆکنووس

هەموو کەسایەتی و ڕووداوو هەموو خەون و بوونێك دەخاتە جوگرافیای بازنەیی پەنجا فلسێکەوە، هەر لەو پەنجا فلسەوە، نەخشەیەك و دابەشبوونێکی زەمەنی و چالاکی مرۆڤ بەو پەنجا فلسەوە پەیوەست دەکا. پەنجا فلس هۆی برسێتی و خەون و ڕزگاربوونە ئەمە ئەو وەهمە گەورەیەیە کە کەسایەتیەکان دەرکی پێ دەکەن. بەبێ ئەوەی سنووری خەونەکانیان لە بازنەی ئەو جوگرافیایەوە بەرەو هیچ جیهانێکی گەورەی واقیعی تر ببەن.

شێوازی چیرۆك و هاوبەشی لە بنیاتی سەرەکیی دەقدا لەیەك ڕووداوی سەرەکییەوە یەك دەگرێتەوە، ئەویش دروستکردنی دەقی یەك مەدلوولی فرە مانایە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نووسەر لە پێناوی یەك بنیاتی چیرۆکدا کاری نەکردووە، چیرۆکنووس ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیدا ژیاوە و ئەمەش گوشارێکی دەرەکیی سەپاندۆتە سەری، بەڵام نەیهێشتووە ئەو جیهانە دەرەکییە خۆی بەسەر زمان و هونەری چیرۆکنووسییدا زاڵ بکات، هەر بۆیە گەر بێتوو لەهەرسێ  ئەو چیرۆکە وردبینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە هەستێکدا یەك شێواز و چەند بابەتێکی جیاوازی وروژاندوە. هەرسێ چیرۆك هەڵگری شێوازێکن کە مەدلوولی ناوەندیان چەندین جیهانی بابەتیی یەك ئاڕاستە و جیاواز لە ناوەڕۆك دەخەنەڕوو، برسێتی و پیاو و پارە یا پەنجا فلس، ئەو چەمکە ناوەندی و سەرەکیانەی چیرۆك کە هەر لەوانەوە چەندین مانای دیکە ڕاڤە دەبن، هەروەك مەسەلەی ترس و  دوو دڵی و باوکایەتی و تاڕادیەکی ناڕاستەوخۆ بێهوودەیی ئەو بەهایانەی کە مرۆڤ هەمیشە بەچاوێکی نەگۆڕاوەوە سەیریان دەکات، ئەویش چ لە زمان چ لە شێوازی گێڕانەوەدا کاریگەریی خۆی هەیە، ئەو زمانی بەرەو زمانێکی هونەریی دوو سەرەی مانا بردووە، ئەو بەڕوونی مانای ڕووکەشی دەقەکانی بەرەو مانای دیکە دەبات و بەمەش لە پێناوی بنیاتی شاراوەی بزر و نائامادەدا کاری کردووە، کە گەورەترین سەرکەوتنیش هەر لەم بەکارخستنەی زمانەوەیە و ئێرە شوێنی لێکۆڵینەوەی وردی ئەم خاسیەتانە نییە، هەروەکو چۆن ئەو ناونیشان دەکاتە هێمایەك بۆ گۆڕانی بنیاتی دەق، کە لە هەرسێ چیرۆکدا وشەی ناوەندی بناغەی هەموو گۆڕانکارییەکانی دەقن، چیرۆکنووس لەم سێ چیرۆکەدا هوشیارییەکانی کەسایەتی و هاوبەشیان لەو تیایدا دەژین، سنوورێکی دیاریکراو جیهانبینیەکی زۆر لە قاوغ گیرا و لە چوارچێوە گیراودا وێنەکراون، ئەمەش لایەنێکە لە نوێخوازی چیرۆکنووس، لەو کاتەی خوێنەر دەکاتە لایەنێکی کاریگەری بەرهەم لە مانادا و خوێندنەوەی ڕەخنەیی و

هـوشیـاری ڕەخـنـە لـەلادا دروست دەکـات، چـیـرۆکـنـووس بـەهـیـچ شێوەیـەك شێوازی ڕاستەخۆیی هـاندان و لایەنگیری ناخاتە چیرۆکەوە، ئەو سیفەتەی زۆر چیرۆکنووس تاکو ئەمڕۆش لە باری قورسەکانی دەرنەچوونە، هـەروەکو چۆن لـەبەکارخستنی تەکنیك و ڕستە ئیستاتیکیەکانیدا، هەوڵیداوە بایەخێکی گەورەتر بەدەوری زمان ببەخشێت.

**٤- عاجباتیی هەشتەم ١٩٧٤**

لە ترۆپکی پێگەیین و کامڵبوونی عەقڵی نوێخوازییدا، چیرۆکنووس ئەزموونێکی زۆر نویێ لە چیرۆکدا دێنێتەکایەوە، بەتێکهەڵکێشکردنی واقیع و ئەفسانە، بەو شێوەیەی کە واقیعەکی سیحریی تایبەت لە سەرچاوەی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردیدا دێنێتەکایەوە.

عاجباتیی هەشتەم لە بنەڕەتتدا چەند کورتیلە چیرۆکێکی سەربەخۆن و هەوڵی داوە لە بـنـیـاتـێکـی سەرەکـی و ژێرەوەی دەقـدا، هـەمـوو مـانـاکـانـیـان یـەك بـخـاتـەوە. شێوازی مونتاژکردنی بابەتییانە و هونەرییانەی ئەم چیرۆکە بەو بەکارهێنانەی کە شێوەکانی گـوتـن دەخـاتـە یـەك دەوری گێرانـەوە و بـەرجـەسـتـەکـردنـی یـەك جـیـهـانـی بـابـەتـی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دەسەڵاتی هونەرییانەی چیرۆکنووس، کە بیری سەرەکی و بابەتییانەی ئەو کورتیلە چیرۆکانە لەو جیهانەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە مرۆی ژیانی مرۆڤدا ئەفسانە و خەیاڵ وەك هێما زیندوو دەبنەوە، لە گرفتارییەکی واقیعییـانـەدا دەبێتـە ژیـانـی خودەکـان، کـە ڕوویـەکـی دیـاری ئـەو ئـەفسانـە و فـانـتـازیـا واقیعییە باری تراژیدی یا خولْقاندنی تراژیدیایە و سەرکۆنە کردنێکی ناڕاستەوخۆی ماتبوون و ناکردەیی و دەستە پاچەیی مرۆڤە کە باڵ بەسەر عەقڵییدا دەگرێ. ئەم نوچخواردنەی کەسایەتی ڕێگە بۆ ئارەزووی خۆپەرستی و هەستی نامرۆڤایەتی خۆش دەکا، ڕێگەکان تەنیا ئەستی ڕێگەی پاشەکشێی عەقڵین کە لەنێو کۆمەڵە عەقڵێکی مەییوو کاڵفامدا شوێنی زاتییەتێکی خۆپەرستانە و ڕێکەوت پەرستانە بۆ خۆی دەکاتەوە، لە بنەڕەتەوە چیرۆکنووس لە شێوازێکی ناڕاستەوخۆدا نەفرەت لە جیهانی بەفیرۆ چووی هەست و هۆشیاری بەکۆبوون دەکا، کەڕێکەوتی فرتوفێڵ بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن و دەرك بەواقعی تراژیدیایی خۆیان ناکەن.

عـاجـبـاتـیـی هـەشـتـەم ئـەو زەمـەنـە دژ بـەیـەکـانـەیـە کـە ئـەفسانـە و واقـیـع دەخـاتـە کـێشەیـەکـەوە، کـە ئـەفسانـە بـەسەر واقـیـعـیـدا زاڵ دەکـا. چـیـرۆکـنووس بـەوردبـیـنـی و بـەزمـانـێکـی نوێوە کێشەی نێوان وەهـم واقیـع بـەرجـەسـتـە دەکـا، هـەمـوو ئـەو کـورتـیـلـە

چیرۆكانەش خاوەنی یەك ناسنامەی بنیاتی شاراوەن كە لە یەك ئاستی زمانەوانی و هونەریی خۆیان دەردەبڕن. هەموو وەك بنیاتی ڕووكەشی دەق كار بۆ بنیاتی شاراوەی دەق دەكەن، ئەم یەكێتییەی بنیاتەكانی دەقیش لە چەند كورتیلە چیرۆكێكی پەیوەستدار و هونەرییەوە شێوازێكی نوێ و خەسڵەتێكی نوێی چیرۆكی كوردییە. چیرۆكنووس بەهۆشیارییەكی زمانەوانیی بەهێزەوە وێنەی ناهۆشیاریی دەستە جەمعی دەكێشێ، هەر لە سەرەتاوە ئێمە هەست دەكەین لەگەڵ دوو ئاستی جیاواز لە كێشەی دەقدا مامەڵە دەكەین، لەلایەك و تاك لە كۆدا تواوەتەوە و لە لایەكی تریشەوە كۆ هیچ تاكێكی بەرپەرچدەرەوە و یاخیبوونێكی تێدا نابینرێ، ئێمە كۆمەڵێك تاك دەبینین كە تەنیا گوێ دەگرن و كاریگەر دەبن و ملكەچ دەبن. هێڵە سەرەكیەكانی چیرۆك لە چەند لایەنێكەوە كار بۆ بنیاتی شاراوەی دەق دەكەن:

تاك ــ: ئەفسانە ــ: دەستەبالآیی چەواشە

واقیع

كۆ ــ: بەئەفسانەكراو ــ: نمایشی دەسەڵاتی چەواشە ئەم چیرۆكە وەرچەرخانێكی بەرچاو دەردەبڕێت، كە چیرۆكنووس وەك ئەزموونێكی نوێ پەل بۆ جیهانی بابەتیانە و هونەریانەی بەهێز و پتەو دەهاوێت، بەم چوار چیرۆكەوە محەمەد مەولوود مەم بەسەرەتای یەكەم كامڵبوونی نوێخوازی دادەنرێ لە چیرۆكی كوردیدا. كاروان– ١٣٤.

# بەشی حەوتەم

## تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر

# فۆلکلۆری کوردی

**زمانی شیعری فۆلكلۆری كوردی**

**لە نێوانی چینەكانی واتا و ڕووكەش و شاراوە**

گەورەترین دابڕان لەنێوان كولتوورەكانی جیهان لە كۆن و نوێدا، جیاوازیی ئەو بنیاتە زۆرانەی واتایە كە لە چۆنێتی بەكارخستنی زماندا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەو جیاوازییانەش سەرتاپای بەكارخستنی ڕەگەزە بنیاتنەرەكانی زمانن، كە لە چەند خاسیەت و سیمایەكی زمانەوانیی تایبەتدا لایەنی ئەندازەیی داڕشتن و جوانكاریی ئەو كردارە زمانەوانییانە دەخەنە بۆتەی بنیاتێكی كۆنكرێتییەوە. ئەو بنیاتەی سەرجەم كردارە زەمینییەكانی نووسەر و گەمەكانی لە زماندا بەرجەستە دەكا.

زمانی كوردی لە فۆلكلۆرەكەیدا، ئەو كولتوورە دەوڵەمەندیە كە مرۆڤی كورد توانیویەتی بەكامڵی دەربڕین لە ناخی خۆی بكا. بەمەش زمانی كوردی یەكێكە لەو زمانە هەرە دەوڵەمەندانەی دنیا كە لە فراوانبوونەوەیەكی بێ سنووردا گەردوونی واتا و جوانكاری داڕشتنی گرتووەتە خۆ. بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانەی كە جاروبار ئاماژە بەلاوازیی زمانی كوردی دەدەن، یاخود فۆلكلۆر كولتووره كۆنەكەی بەلاواز لە قەڵەم دەدەن، بەبێ شارەزایی و ئاگادارییەكی چاك لەو جیهانە. دواكەوتنی زمانی كوردی لە زمانی مەعریفیی ئەمڕۆ، پەیوەستە بەتوانای مرۆڤی ڕۆشنبیری كوردەوە لە داڕشتنی چەمك و زاراوە و وشەی كوردیی نوێدا و پەیوەستە بەكاری ڕۆشنبیریی نووسەری كوردەوە و ئاستی ئەو ڕۆشنبیرییە نەك بەخودی زمانەوە.

ئەگەر بەپێكهاتی ڕێزمانی و سینتاكسی زمانی كوردیدا بچینەوە، هەر زوو ئەوەمان لەلا ئاشكرا دەبێ، كە زمانی كوردی زمانێكی كەم «شەوان»ە و توانای فراوانبوونەوەیەكی گەورەی هەیە لە داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێدا، كە لەگەڵ هەموو ئەو گوشار و خنكاندنە دەرەكییانەی كە تووشی مرۆڤی كورد بوونە، ئەو مرۆڤە توانیویەتی وەك هەموو میللەتانی دنیا، بەزمانەكەی دەربڕین لە توانای زمانەوانی و عەقڵیی خۆی بكا و تا ئێستاكەش ڕۆشنبیری كورد نەیتوانیوە بەشێوەیەكی هاوچەرخانە

خوێندنەوەیەکی نوێ لە هەردوو ئاستی «زمانەوانی – مەعریفی» بۆ ئەو کولتووره گەورەیە بکا کە سەرجەم جۆرەکانی کەلەپوور و کولتووری زمانی کوردی دەگرێتەوە، هەروەك – «مەتەڵ، هەقایەت، ئەفسانە، داستان، پەند، حیکمەت، شیعری فۆلکلۆری، ئیدیۆم،... تاد» کە بەلایەنی منەوە شیعری فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەندترینی ئەو جیهانە جودایانەی کولتووری کوردییە، کە مرۆڤی کورد بەهەموو زاراوەکانییەوە سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندی هەیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین دوو بەیت لە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی بخەینە بەر لێکۆڵێنەوەیەکی زمانەوانی و جوانکاری داڕشتن، بەو هیوایەی مەبەستەکانمان بەڕوونی بەرچاو خستبێ.

١– گریان لە هەور فێربووم

٢– پێکەنین لە وەنەوشە

٣– زیزبوون لەگەڵ یاریێ

٤– ئاشتبوونەوەی زۆر خۆشە

ئەگەر بەچاوێکی زمانەوانی و جوانکارییەوە بڕوانییە ئەم دوو بەیتە لە هەر دوو ئاستی «سیمانتیکی – سیمیۆلۆژی» واتە لەلایەنی واتا و ئاماژەکانەوە. هەر زوو چەند ڕاستییەکی سەرەتاییمان لەلادا گەڵاڵە دەبێ:

١–هەر چوار تاك بەیتەکە لەیەك ئاستی دەلالەت و ئاماژەدا بەیەکتر دەبەسترێنەوە و لە یەك ئاستی کرداری زمانەوانیدا بەکارخراون.

٢– بنیاتی دووسەرەیی بەکارخستنی زمان لە هەردوو ئاستی بنیاتە ڕووکەشەکان و شاراوەکاندا دەورەکانیان دیاری کراوە.

٣– بنیاتی سەرەکی و شاراوەی دەق لە پەیوەستی ڕووکەشی ڕەگەزە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە واتاوە، بنیاتێکی کامڵ هەڵدەگرێ.

٤– پەیوەستەکانی ڕستە لە پێکهاتی دەلالەتیاندا پەیوەستی ڕووکەشی فرە مەدلوول و پەیوەستی دوو سەرەیی تاك بنیاتی یەك مەدلوول لە خۆیاندا هەڵدەگرێ.

پێکهاتی هاوتەریبی زمان لە پەیوەستی کردارە زمانەوانییەکاندا

ئەگەر بێتو لە جووڵەی خواستنە مەجازییەکانی پێکهاتی زمانەوانیی هۆنراوەکە ورد بینەوە، هەر زوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەیتەکانی یەکەم و دووەم، پەیوەستی

هاوتەریبی کامڵ لەگەڵ تاك بەیتەکانی سێیەم و چوارەمدا پێ کدێنن، لە جەوهەردا بنیاتێکی سەربەخۆ لە چەمکی «تراژیدیا- کامەرانی» ڕاڤە دەکەن. لە کرداری هەڵکشان و داکشان، لە هەردوو ئاستی کرداری زمانەوانیی پەیوەست بە واتای «خۆشی- ناخۆشی»ەوە، هەروەك چۆن لە خواستنی یەکەم تاك بەیتدا لە کرداری زمانەوانیی داڕشتنی مەجازی «گریان- پێکەنین» لە ڕووکەشدا هەر یەکە و لە ئاستی هاوتەریبی بنیاتی دەلالەتەکان خۆیان کامڵ دەکەن، کە لە سەرجەمدا لە سەردوو کرداری زمانەوانیی هاوپێکهاتەیی و تەریبدا واتا دەنوێنن.

بۆ ئەوەش پەیوەستە هاوتەریبەکانی پێکهاتی ڕێزمانیی ڕستەکانیش لەم بەکارخستنە زۆر تایبەتەدا نوێندراوە. ئەگەر بێتو واتاکانی تراژیدیا- کامەرانی بە «خۆشی- ناخۆشی» دوو پێکهاتی هاو دەلالەت و هاوتەریب بن، ئەوا دەورەکانی وشەش هەمان پانتایی بە ناوو سیفەتەکانی دەبەخشن، وشەکانی

گریان = هەور

پێکەنین = وەنەوشە

پەیوەستی نێوان «گریان و هەور» وشەی «فرمێسك» و «خەمباری»یە، چاو فرمێسکی لێ دێ و هەوریش «باران» دەبارێنێ، کە لە نێوانی فرمێسك و خەمباریدا، دڵۆپی ئاو وەك ڕەگەزێکی ئۆرگانی، هەموو قورساییەکانی دەلالەتی بەیتەکانی پێ بەخشراوە. ئاشکرایە دڵۆپی ئاو لە هەورەکان و لە چاواندا دەکەونە خوارێ، بەمەش پەیوەستی ناوەندە هاوتەریبەکان دروست دەکەن، بە هەموو سۆز و هەستێکی تراژیدی شوێنی کراوەتەوە، ئەمەش لە واتادا هاوتەریبی دوو پەیوەستی ئۆرگانی و نائۆرگانییە

وشە نائۆرگانییەکان ←——— گریان ≠ پێکەنین

وشە ئۆرگانییەکان ←——— هەور ≠ وەنەوشە

پەیوەستە ناوەندییەکان ←——— (فرمێسك - باران- کرانەوە)

سۆز ←——— سۆز

بەهەمان شێوەش لە دوو تاك بەیتی دواییدا. «زیزبوون» لەگەڵ یار و «خۆشی»ی ئاشتبوونەوە، هەمان ئاست لە بنیاتی واتای هاوتەریب پێ کدێنن، کە لە پەیوەستی هەڵکشاوی «زیزبوون» لەگەڵ یار و «ئاشتبوونەوە»ی خۆش بەمەش:

زیزبوون ——— لەگەڵ یار

ئاشتبوونەوە ـــــــــــ لەگەڵ یار

بەرامبەر بەبنیاتێك لە واتای تر و پەیوەستی تردایە.

جودابوونەوە (ناخۆش) ـــــــــــ بەیەکگەیشتنەوە (خۆش).

خۆش = ناخۆش.

هەمان پەیوەستی ئەندازەیی پێکهاتەیی لە ڕستەکاندا دروست دەکەن کە لەگەڵ بەیتی پێشوودا یەك بنیات هەڵدەگرن

گریان ـــــــــ هەور

پێکەنین ـــــــ وەنەوشە

خۆشی = ناخۆشی

زیزبوون = ئاشتبوونەوە

کەواتە ڕستەکان لەیەك پەیوەستی فرە مەدلوول خراونەتەگەڕ، خۆشیی دوای ناخۆشی. بەمەش بەدوای یەکداهاتنی دووەم تەنیا لە سیفەتەکاندایە لە باری ئاشکرا و بزریدا، لە پەیوەستی ئۆرگانی و نائۆرگانیدا لە هەردوو بەیتەکەشدا لە بنیاتی ژێرەوەیاندا «خۆشی – ناخۆشی» پەیوەست بە «خۆشەویستی»ەوە، دروست دەبێ و پەیوەستی هاوتەریب لەگەڵ یەکدا دروست دەکەن. بڕوانە ئەو واتا ڕووکەشەی کە ئەم دوو بەیتە دروستی دەکەن، «من دەگریێم و گریانەکەم هەروەك بارانی هەور وایە« و دوای تەڕبوونی چاو و تەڕبوونی خاك «گوڵی وەنەوشە» «چاوەکانی دەکاتەوە» لەگەڵ کرانەوەی خاکدا، من کامەرانم دوای گریان پێ دەکەنم، خاکیش شادومانە و من لەو دەچم «کە گوڵی وەنەوشە دەگرێتە خۆی»، بەهەمان شێوەش ناوەندی خۆشی و ناخۆشی گۆڕانی باری دەروونیی زۆر هەستیار دەنوێنن، هەروەك هەستیاریی دیاردەکانی سروشت کە مەودایەکی سۆزاوی دەخوڵقێنن و نەك بە وشە، بەڵکو بەوێنە، دەربڕین لە خۆشی و ناخۆشییەکان دەکەن. بەمەش بنیاتە هاوتەریبەکانی واتا پەیوەستی پێکهاتەیی دژ بەیەکدا واتا هاوتاکان دروست دەکەن.

بنیاتی سەرەکیی ئەم بەیتانە لە کرداری خۆشیی دوای ناخۆشی دێ. لەو کاتەی، پاش ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکانمان زیز دەبین بۆ ماوەیەك خەمبار دەبین، پاش ئەوەی بەیەك دەگەینەوە و ئاشت دەبینەوە، کامەران و دڵخۆش دەبین «کامەرانیی دوای خەم، پێکەنینی دوای گریان، خۆشیی دوای ناخۆشی» لە ڕاگەیاندنێکی دان پێدانانی دەروونیی

بێ پەردەدا، کرانەوەی زاتێکە خۆی والاّ دەکا، خۆی لە گرێ دەروونییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان پاك دەکاتەوە، گۆرانیی کامەرانیی مرۆڤێکی کوردە کە لە ژێر ستەمی مێژووەکەی و بارە ئاڵۆزەکەی ژیانیدا گۆرانی بۆ خۆشەویستی و پاکبوونەوە دەڵێ.

**جوانکاریی جووڵەی بنیاتەکان لە پەیوەستی هاوتەریبدا**

لەوانەیە ڕێکخستنی ئەندازیارانەی واتاکان و بەدووی یەکدا هاتنی زۆر وردی واتاکان، چۆنێتییەك لە داڕشتنی واتا دێنێتەکایەوە کە ئەگەر بێتو ئەو سیفەتەی لێ داماڵی هەڵبەستەکە بایەخی خۆی لە دەست دەدا. هێڵەکانی بەیەك گەیشتنەوەی دووبارەوە بووی داڕشتنی یەکەم، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی بەهەمان بنیات و لە شێوازێکی تردا لە بەیتی دووەم، ئەو پەیوەستانەی نێوان وشە و ماناکاندا بۆ ڕادەگەیەنێ. ئەگەر بێتو لە هێڵکارییەکی جوانکاریدا جووڵەی دەلالەتەکان دیار بخەین، دەبینین لە ژێرەوەی پەیوەستە جۆربەجۆرەکاندا ئەو جوانکارییە خۆی دەردەخا.

وشەی «گریان» لە بەهایدا درێژبوونەوەی وشەی «زیزبوون» دەنوێنێ لە ئاستی نزمبوونەوەدا، کە وشەی «پێکەنین» ئاستی «بەرزبوونەوە» نیشان دەدا لە درێژبوونەوەی وشەی «خۆشی»دا. ئەو دەورانە لە حاڵەتی جووڵەیەکی یەك شەپۆلی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدان، لە حاڵەتی جێگیر نەبوونێکی سەقامگیردان. بەو واتایەی جووڵەکانی دەلالەت لە دروستبوونی بنیاتەکاندا، یەك جووڵەی ئاڵوگۆڕکاریان لە خۆگرتووە.




بەمەش ئەم پەیوەستە دوو سەرە و سێ سەرە و چوار سەرانە پەیوەستێکی هارمۆنیی گونجاو تەبا لەگەڵ یەکتردا دروست دەکەن، کە دەکرێ پەیوەستەکان بەسەر ڕستەکاندا تێپەڕ بن و بەرەو کۆتایی و لە کۆتاییشەوە بەرەو سەرەتا دەچن، کەواتە ئەو پەیوەستە جوانکارییانەی هارمۆنیای جووڵەی دەلالەتە ڕووکەش و ناوەندییەکانی هۆنراوەکە دەردەخەن، بنیاتێکی تۆکمە و قاڵبدار دروست دەکەن.

گریان ≠ پێکەنین «دژ بەیەك»

گریان ≠ ئاشتبوونەوە «دژ بەیەك»

گریان = زیزبوون «گونجاو»

ئەم بنیاتە دەکرێ لە پەیوەستەکاندا بنیاتی تریش بخولێنێ، کە درێژبوونەوەیەك بەم جوانکارییە ئەندازەییە دەبەخشێ.

زیزبوون ≠ پێکەنین «دژ بەیەك»

زیزبوون ≠ ئاشتبوونەوە »دژ بەیەك«

زیزبوون = گریان «گونجاو»

هەمان بنیاتی یەکگرتوو دروست دەکەن، لە نواندنی جوولەی واتاکاندا. هەروەك چۆنیش ئەم پێکداهاتنەی وشە بەوشە بەهەمان شێوە لەگەڵ هەر یەکێك لەو وشانەدا دروست دەبن:

پێکەنین ≠ گریان «دژ بەیەك»

پێکەنین ≠ زیزبوون «دژ بەیەك»

پێکەنین = ئاشتبوونەوە «گونجاو»

هەمان بنیات بەرامبەر بەبنیاتی ئاوەژووی وشەکان جوولەی پەیوەستەکانی واتا دەردەخەن.

لەم چوار بنیاتەی جوولەی دەلالەتدا ئاشکرایە پەیوەستە تەباکان لەهەر بنیاتێکدا یەکێکە و لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەستی جودا دروست دەکەن، بەمەش سەرجەمی پەیوەستی چوار سەرەی جوولەی واتاکان لە دوو بنیاتی بچووکی واتادا بنوێنین

گریان = زیزبوون　　　　　　گریان و زیزبوون



پێکەنین = ئاشتبوونەوە　　　　　　پێکەنین و ئاشتبوونەوە

مەبەست لە دەرخستنی ئەم جوولەیە، دەرخستنی تۆکمەیی و پێکهاتی بەهێزی وشەی کوردییە، کە چ لە مانا و چ لە تاکەکانی ناوەکانیدا دەربڕین لە توانای خۆی دەکا و لە ڕستەدا هەموو هیوا و خەونەکانی مرۆڤی کوردی گرتووەتە خۆ.

**تێبینی**: **ڕامان** (٢٨) ١٩٩٨.

ئەم دوو بەیتە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری وەرگیراوە.

## پەیکی عەبدوڵڵا سەراج لە نێوانی بنیات و نەخشەی دەقدا

### زمان لە بنیاتی دەقدا

پەیك یەكێكە لەو چیرۆكانەی خاسییەتی بابەتی و كاریگەری بابەتی زۆر لە تواناكانی چیرۆكنووس دەگرێتەوە، هەر خاسییەتی بابەتیشە دەبێتە ئەو گەردوونەی هەموو بنیاتی دەق دەگرێتە خۆی.

لە سەرجەمیشدا ڕێچكەی پەرەسەندنی بنیاتی دەق هەروەك ڕاگەیاندنی هەواڵێكە كە دەبێتە جووڵەی پەرەسەندنی ڕووداو لە نەخشەی دەقەكەدا، بەڕادەیەك دەبینین كەسایەتییەكانی تری ناو چیرۆكەكە (ئەوانەی دەورێكیان لە دەقەكەدا هەیە و ئامادەن) هەروەك كەسایەتیی بەپەراوێزكراوی كەسایەتییە سەرەكییەكەی دەقن كە (دلاوەرە) و گەیاندنی هەواڵی كوژرانی دلاوەر بۆ دایكی، لەم زانیارییە پێش وەختە و لەم ڕووداوە بەسەرچووەدا، بنیاتی چیرۆكە لە دایك دەبێ و بەڕادەیەك جووڵەی كەسایەتییەكانی چیرۆكەكە شەرعییەتیان لە ڕووداوە بەسەرچووەكەی چیرۆكەوە وەردەگرن.

لە دوو توێی پەیوەستی ئەم كەسایەتییانە بە كوشتنی دلاوەرەوە، خوێنەریش چەند پرسیارێكی لەلادا دروست دەبن بەتایبەت چۆنێتی كاردانەوەی كەسایەتی دایك لە بیستنی ئەم هەواڵە.

لەم بنیاتەدا نووسەر زۆر گرینگی بەهاوسۆز كردن و بەهاوبەشكردنی خوێنەر دەدا، لەپیناوی ئەوەی كەشێكی بابەتییانەی سۆزاوی بەگەردوونی چیرۆكەكە ببەخشێ. ئەگەرچی زۆرجار بابەتی بەهێز لە چیرۆكدا، بنیاتی دەق بەباری جودادا دەباو بابەت بەبێ زەمینەیەكی پتەوی شێوازی بنیاتی دەق ئەستەمە بگاتە حاڵەتی بەدەقبوون و حاڵەتی نزیكبوونەوە لە كاملبوونی دەق. گرینگیی بابەتییانەی چیرۆكەكە لە دوو سەرەوە یە:

١- ئەم چیرۆكە بەهەموو بنیات و شێوازیەوە دەچێتە دوو توێی ئەدەبێكی بەرەنگاریی پتەوەوە.

٢- بڵاوكردنەوەی ئەم چیرۆكە لە گۆڤاری بەیانی ساڵی ١٩٨٦دا دەلالەتێكی گەورە و هەڵوێستداری، ئەدەبی بەرەنگارییبوونەوەیە و بایەخێكی بابەتییانەی بەهێزی هەیە لە مێژووی ئەدەبی و فەرهەنگی ئەدەبیدا.

لە ڕاستیدا بنیاتی چیرۆك هەروەك گەمەیەكی زمانەوانی و بیناسازییەكی شێواز وایە و ئامادەبوونی بابەت لە چیرۆكیشدا هەروەك گرتنەوە و دۆزینەوەی نزیكترین وردبوونەوەیە لە ناخی مرۆڤ و كاریگەریی شتەكان و باری شتەكان و دووبارە بوونەوەی بەردەوامی ئەم نزیكبوونەوانە و شوێنیان لە خودی نووسەردا و لە خودی مرۆڤدا. كەواتە چیرۆك لە چاكترین باریدا كاملكردن و جڵەوگیركردن و بەربەرەڵاكردنی پێوەندییەكانی نووسەرە بەشتەكانەوە. ئەوەشی ئەم دەورە گەورەیەی لە دوو توێییدا ڕەنگ دەداتەوە و ئیمكانبوونی لەدایكبوونی بابەت دروست دەكا، ئەو شێوازە پتەوانەیە كە گەورەترین ڕێكخستن و گەورەترین بنیات بەم پەیوەندییانە دەبەخشن، بەبێ بیناسازی زمانەوانی و ڕێكخستنی زمانەوانی هەموو بابەتێكی ژیانمان بەبێ ئیمكان بوونی لەدایكبوون دەمیننەوە بە سیفەتی بوون بە دەقێكی ئەدەبی زیندوو.

لێرەشدا چیرۆكی پەیك و پەرەپێدانی ڕووداوی چیرۆكەكە لەنێوانی ڕاگەیاندن و ئاشكرا بوونی كۆتاییدا لەنێوان بنیاتی بەهێزی سەرەتا و وەرچەرخانی بنیات لە كۆتاییدا، چیرۆكەكە گۆڕانكاری و گواستنەوەیەكی دوو سەرەی بنیات دینێتە كایەوە. لە ڕاستیدا چۆنێتی بەتاڵكردنەوەی ڕووداوەكە پێویست بەبوونی بكا لە بنیاتی چیرۆكدا، دەبێتە ڕەگەزێكی گرنگی بینای چیرۆك و یەكگرتنی ئەم بنیاتە لەگەڵ ڕەگەزەكانی شێواز و پەرەسەندنیاندا.

لەم چیرۆكەشدا بەتاڵكردنەوەی ڕووداو باڵ بەسەر بنیاتی دەقدا دەگرێ و ئەو حاڵەتەی قاڵبی شێواز هەروەك ڕاڤەكردن و بەتاڵكردنەوەی ڕووداو وابێ لەو ساتەی چیرۆكنووس بەتاڵكردنەوە دەگەیەنێتە ترۆپكی سڕینەوەی ئامادەبوونی بابەتییانەی خودی ڕووداو، هەروەكو چۆنیش خوێنەر و بنیاتی دەروونیی خوێنەر لەگەڵ ئەم پەرەسەندن و وەرچەرخانەدا دەژێنرێ و تاكو دەگەیێنرێتە ئاستی حەسانەوەیەكی دەروونیی دیاریكراو هەر لە سەرەتاوە تاكۆتایی.

هەرچەندە لەم چیرۆكەدا، شێواز و بنیاتی دەق بە پەرەپێدانێكی زنجیرەدار و لێك نەپساوەدا بڕاوە و نووسەر تاكۆتایی چیرۆكەكە هەوڵی داوە ئەم پەرەسەندنەی چیرۆك لەباری ئاسایی و پتەوی خۆی دەرنەچێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گیروگرفتی چۆنێتی زنجیرەدار كردنی بنیات و پاراستنی ڕێچكەی پەرەسەندنی شێواز دێتە پێشەوە، ئەو چۆنێتییەی پتەوترین بنیات بە كۆتاییهێنانی ڕووداو دەبەخشێ لە چیرۆكەكەدا. بەڵام ئیدیۆمی زمانەوانیی چیرۆكنووس ئیدیۆمێكی دەوڵەمەند و بەرفراوانە لە دەربڕین

لێکردندا. تاکەکانی وشە لەلای چیرۆکنووسدا لەهەر وێنەیەکی جودای مەیت شۆرین و گوشار خستنە سەر مچە بۆ سەفەر و لە هەموو وێنەکاندا، شایەتی بۆ زمانی پاراوی چیرۆکنووس دەدەن، بابەتی دەقیش وەك هەڵبژاردنێکی زەینیی پێش وەختە هەموو سیفەتێکی بەدەقکردنی تێدایە.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بۆچی خوێنەر لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکەدا هەست دەکا، بنیاتی دەق جۆرە ترازانێکی بیناسازی دێتە کایەوە لە نێوانی هەردوو کەسایەتی مچە و دایکی دلاوەردا؟

گەڕانی نووسەر لە زماندا، لە تاکەکانی وشەدا، گەڕانێکی بەردەوامە لە پێناوی خۆشکردنی زەمینەی بابەتییانە لە زماندا، کە دەبینین وشەکان گەڕانی بەردەوامی نووسەرن بەدوای دەلالەتی کولتووری و جوگرافیایی و تەنانەت سیاسیشدا، تەنانەت گەڕانی بەردەوامی نووسەر بەدوای دەلالەتی دروست و ڕاستەقینەی وشەدا هەر لە دووتوێی جووڵەی بابەتییانەی دەقدا بەگەڕخراون. ئەم ڕێچکەیەی زمانیش لە گەردوونی وشەدا وای کردووە چیرۆکنووس لە زماندا خاسییەتی بابەتییانە دروست بکا و دەورێکی بابەتییانە بەتاکەکانی وشە ببەخشێ، لەگەڵ ئەمەشدا لەم چیرۆکە و لە زۆربەی چیرۆکەکاندا ئەم سیفەتەی زمان لەلای نووسەر زمانێکی ئەوەندە ساکار و پاراوو بێ گرێ دروست دەکا، زۆر کەم دەلالەتی وشە و، دروستکردنی واتا توانیویانە بە هێمابوونی زمان و ڕووداو بگرنە خۆیان، زۆر کەمیش شێواز نهێنی مەجازی و بینای گرێدار دێنێتە کایەوە، بەڵکو سەرجەمی ڕووداوەکان لە زماندا دەبنە هێما و بینای چیرۆك.

لێرەشدا گرێیەکانی چیرۆك هەر لە سەرەتاوە لەبەردەم وەسفە سەرەتاییەکانەوە خۆیان والاّ دەکەن، هەر لە پێناوی پاراستنی بینای چیرۆك و ڕێچکەی دەوڵەمەندی بابەتدا، چیرۆکنووس دەقەکە دەکاتە سێ بەشەوە و هەر لێرەوەش گیروگرفتەکانی شێواز دەست پێ دەکەن.

نووسەر بەشێوەیەکی سەیر لە وشە ورد دەبێتەوە، کاتێك دەبینین (گەنم گرد) بۆ کۆبوونەوەی خەڵك بەکاردێنێ کە پێچەوانەی (بلاّوە) و ئەم وشەیەش دەلالەتێکی فۆلکلۆریی هەیە، وشەکانی (بەزمی ڕاوە ژیژگ، نوا، مەرگە، وروەکان) قووڵبوونەوەی نووسەرە لە ئیدیۆمی کەلتووری زاراوەگەریی زمانی کوردیدا – هەروەکو چۆن بەکارخستنی دەلالەتی بابەتییانەی وشەکانی (یاروەلی، تیماری خاسە، باروتخانە،



(٤٤) نەجات حەمید ئەحمەد

مزگەوتی مەلا ڕەفیق) هەروەکو زیندوو کردنەوەی خاسییەتی بابەتییانەی جیۆگرافیی شارەکانی کوردستانە، هەروەکو چۆنیش لە ڕێوڕەسمی مەیت شۆریندا بەکارهێنانی وشەکانی (کەندر، سنگ، جاجم، تەنەشۆر، میل (جاجم)، خرێنە، سێ قوچکە، قوڵتاس) وێنەیەکی یەکگرتوو لە بینای دەقدا دەگرنەوە.

بینای ئەم چیرۆکە هەروەك زۆر لە چیرۆکەکانی تریش، لە زمانێکی دەوڵەمەند و بابەتێکی بەهێزەوە لەدایك بووە، بەڵام ئاخۆ ئەم دوو ڕەگەزە بناغەییانەی نووسەر لە چیرۆکەکەدا توانیویانە شێوازێکی یەکگرتوو و بنیاتێکی یەکگرتوو بێننە کایەوە، یاخود چیرۆکنووس چەندێك توانیویەتی بنیاتێکی پتەو لە زمانێکی پتەو و بابەتێکی پتەودا دروست بکا؟ بۆ لێکدانەوەی ئەم پرسیارانە ناچارین.

بچینە گەردوونی بنیاتی چیرۆکەکەوە و ڕەگەزەکانی دروستکردنی بنیاتی دەق و ڕێچکەی دروستیان لە جووڵەی دەقەکەدا بدۆزێتەوە.

ئەوەی لێرەشدا گرینگیی هەبێ لە زماندا و وەك یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم گەڕانەی نووسەر لە زماندا ئەوەیە، کە شێوازی نووسەر لە دەربڕین و بەکارهێنانی زماندا چیرۆك دەگەیەنێتە ئاستی جودای زەینی لە خوێندنەوەدا، لەمەشدا نووسەر بایەخ بە گەیاندنی بابەتەکەی دەدا بە خوێنەر و ئاستە جوداکانی زەینی توێژەکانی کۆمەڵدا.

**نەخشەی دەق لە دووتوێی بنیاتنانی دەقدا**

لە ڕاستیدا ئاستەمە لەم چیرۆکەدا چۆنێتی جووڵەی نەخشەی دەق دیاری بکرێ بەبێ چوونەوە سەری زمانی گێڕانەوە لە بنیاتی دەق، کە لە یەکەم بەشدا زمانی گێڕانەوە خودی نووسەرە و لە دووەم بەشدا زمانی مچەیە و بەشێوەی مۆنۆلۆژ بەسەرهاتی سەفەرەکەی دەگێڕێتەوە و لە سێیەم بەشیشدا زمانی دەق زمانی مچەیە لە نیوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی لەگەڵ دایکی مچەدا بەشێوازی فلاش باك. بێگومان هەر لە ڕیتمی گواستنەوەی زمانی گێڕانەوەدا زۆر لە خاڵەکانی بەهێزی و لاوازی دەقەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەو گواستنەوانەی زمانی گێڕانەوە لە گواستنەوەی ڕووداو دیاری دەکەن، هەروەك پەڕینەوەیەکی پڕ لە گرفتی دەوری تەکنیکی شێواز لە نەخشەی دەقدا، چونکە هەروەك ئاشکرایە گواستنەوە لە زمانی گێڕانەوە و شێوازی گێڕانەوە و بەکارهێنان و چوونەوە سەری پێناسەی ڕەگەزە باوەکانی چیرۆکنووسی هەمیشە لە پەراوێزی نەخشەی دەقدا دەبی، کە بوون و نەبوونی، یەکێتی و هەڵوەشانەوەی دەقی تێدا گیر دەخوا، لە

چیرۆکیشدا گواستنەوەی مەبەستداری چیرۆکنووس بە خوڵقاندنی شێوازی جۆراوجۆری دەربڕین لێ کردن و داڕشتن دەوڵەمەندی بە بنیاتی دەق و نەخشەی دەق دەبەخشی.

هەر لەم خاڵانەی گۆڕانی زمانی دەقەوە لە وەرچەرخانە لە پڕەکانی جووڵەی دەقەوە، خوێنەر بەرەو گەردوونی چیرۆك بەکێش دەکرێ. لێرەشدا لە خاڵەکانی وەستان و بە جووڵە کەوتنەوەی ڕووداودا نووسەر دەکەوێتە بەردەم دەیەها ڕەگەزی هەڵبژێردراو و ڕەتکراوەی شێوازی داڕشتن لەپێناوی توندوتۆڵکردنی نەخشەی دەقەکە بۆ نموونە لە پەراوێزی ئەم گۆڕانانەی زمانی دەقەوە چەند پرسیارێك دێنە کایەوە کە لە سەرجەمدا دەربڕین لە چۆنێتی هەڵبژاردن و و ڕەتکردنەوەی ئەم جووڵەیەی نەخشەی دەق دەکەن.

ئاخۆ زمانی گێڕانەوە تەنیا زمانی مچە بووایە و یا تەنیا زمانی نووسەر بووایە، بینای چیرۆکەکە چی بەسەر دەهات؟ ئاخۆ نووسەر چەندێك سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە پەرەپێدانی گواستنەوەی دەوری کەسایەتییەکانی لە جووڵەی بنیات و نەخشەی دەقدا؟ لەنێوانی پەیك (مچە) و دایکی (دلاوەر)دا، تەنیا گەیاندنی (هەواڵێك- ڕاگەیاندنێك) چیرۆك دەگەیەنێتە ئاستی کۆتایی خۆی. هەروەك ئەوەی (ڕاگەیاندنی کوژرانی دلاوەر) بەرامبەر بەم زانیارییە پێش وەختەیەی ناوکی دەق، جووڵەی کەسایەتییەکان هەموو لە پێناوی کامڵکردن و بە کۆتاییهێنانی ئەم ڕاگەیاندنەوە بەستراوەتەوە، کە لە ترۆپکی پەرەسەندنی ڕووداودا تەنیا ڕستەیەکی مچە هەموو کاریگەرییەکی ڕووداوەکە بەتاڵ دەکاتەوە. لێرەشدا کەسایەتی مچە، دوو گەردوون و دوو کەسایەتی لە بینای دەقدا دەنوێنێ، مچە بەلایەنی نووسەرەوە و مچە بەلایەنی خودی خۆیەوە.

نووسەر / زمانی دەق ↙ خودی مچە ≠ ⟵ کوژرانی دلاوەر ⟵ دایکی دلاوەر / کەسایەتی مچە ⟵ کوژرانی دلاوەر ⟵ خەڵکی دێ ↗ زمانی دەق / مچە

نەخشەی چیرۆك لە بنیاتنانی دەقدا هەروەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە وایە، وەك تەرازووی هاوسەنگ لەنێوانی کێشی شێواز و کێشی ڕووداودار هەروەك لاسەنگی و ناتەبایی ئەم دوو جەمسەرەی بنیاتی دەق وایە. بێگومان زمان هەروەك بنیاتنەرێکی بناغەیی شێواز و لە چوارچێوە گرتنی بابەت و بنیاتنانی خۆیدا لەنێوانی ئەم دوو جەمسەرەی چیرۆکدا، دەرهاوێشتنی جودا دەخاتە دەسەڵاتی شێوازی دەربڕین لێکردن و داڕشتنەوە. بەڵام بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسەر بە کێشێکی بابەتی و زمانەوانی چاکدا چیرۆك بنیات دەنێ بەڵام لە سێیەم بەشی چیرۆکەکەدا، شێوازی دەق و بنیاتی دەق تا ڕادەیەك لە شێواز

و بنیاتی بەشی یەکەم و تاڕادەیەك بەشی دووەمی چیرۆکەکە جودا دەبێتەوە، نەك بە سیفەتی ڕووداو بەڵکو بە سیفەتی نەخشە و بینا، ئەو کاتەی لە کاردانەوەی ئەم بەیەکگەیشتنەی مچە و دایکی دلاوەر هەست دەکەین کۆتایی دەق و کرانەوەی ناتەبایی لەگەڵ سەرەتای نەخشەی دەقەکەدا جۆرە تێپەڕ کردن و جۆرە ترازانێکی شێواز ئامێز دێنێتە کایەوە.

هەروەها هەست دەکەین لەجیاتی لە چوارچێوە گرتن و چەسپاندنی گەمارۆدانی بابەت، خوێنەر تووشی پرسیاری جۆر بەجۆر دەبێت، تووشی ئەو حاڵەتە دەبێ کە کرانەوەی دەق نەك بەرەو هەمان کاریگەر بوونی سەرەتایی چیرۆکەکەی ببا، بەڵکو لە ڕێچکەی سەرەتایی کاریگەربوون دەردەچێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵوێستی سەیری دیالۆگی مچە و دایکی دلاوەرەوە.

بەڕادەیەك کاریگەری بەهێزی زمانی نووسەر و وەسفی وردی شتەکان و هەندێك جاریش دیالۆگی پتەو لەبەردەم کرانەوەی نەگونجاوی کۆتایی و سەرەتادا بەرەو داکشان دەچێ، دووگەردوون لە تەکنیکی جودا دێنێتە ئاراوە، تەکنیکی پتەوی بنیاتنان و زەمینە خۆش کردن بۆ پتەو کردنی پەرەسەندنی ڕووداو و کردنەوەی ئەو تەکنیکە پتەوە بەکرانەوەیەکی لەپڕی دەق لەنێوانی کەسایەتی دایك و مچە لە کۆتاییدا، هەر ئەم کرانەوەیە و وەرچەرخانەی شێوازی دەقیش لە تەکنیکی چیرۆك نووسیدا ئەو سەرنجەمان لەلادا گەڵاڵە دەکا کە کرانەوەی دەق و گۆڕانی ڕیتمی کەسایەتی و درێژبوونەوەی دەرهاوێشتنە بابەتییەکانی دەق وابێ، (ناوکی دەق هەروەك چڕ کردنەوەی ڕووداوێك یا زانیارییەکی پێش وەختە) و ئاشکرا کردنی نەگونجاو و جەخت لەسەر کراوی ڕووداو لە دەقدا، زۆرجار لە بایەخی دەسەڵاتی شێواز و بنیات و زمان و بابەتی دەق لەدەست دەچێ. تەنانەت خاسییەتی بابەتیش لەبەردەم ئەم گۆڕانە ناتەبایەدا بەرەو داکشان دەچێ.

کەواتە نەخشەی دەق لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر بە دەسەڵاتێکی بەهێزی زمانەوە بۆی دەچێ و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ دەوڵەمەندیی کەرەستەکانی دەربڕین و ئەگەری زۆری هەڵبژاردنی بەرچاو خستن و شاردنەوەی ڕووداودا، چیرۆکەکە لە باری یەك بنیاتدا دەردەچێ، لێرەشدا مەبەست لە ڕوانینمان نییە وەك بنیاتێکی یەکگرتوو، بەڵکو مەبەستمان ڕێچکە و جووڵەی ئەو شێوازەیە کە کەسایەتی تیایدا دەکەوێتە جووڵەوە، نەخشەی دەق هەروەك تەکنیکێکی سەرتاسەری چیرۆك وایە و نووسەریش سەربەستە لەنێوان وەرگرتن و ڕەت کردنەوەی دەیەها و سێیەها هەڵبژاردنی دەربڕین لێ کردنداو،

ئەو کاتەی دەبینین کە لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی بابەتیانەی دەق کامڵ و پتەوە، بەڵام نووسەر زیاتر بایەخی بەم خاسیەتی بابەتییانە داوە و بەمەش جۆرە ترازانێکی شێواز و تەنانەت بابەتیش لە سێیەم بەشی چیرۆکەکەدا دێتە کایەوە و هەر ئەم بایەخدانەش بەبارکردنی دەق بابەت زیاتر لە کێشی خۆی نەخشەی بنیاتی دەق جڵەوی لەدەست دەچێ، هەر لەبەر ئەمەشە جۆرە جیاوازییەکی ڕووانین بەدی دەکەین لەنێوانی کەسایەتی مچەوە بەلایەنی نووسەرەوە و بەلایەنی خۆشیەوە. کاتێك مچە لە دەقدا دەوری خۆی دەگێڕێ و باسی خۆی دەکا بە زمانی گێڕانەوە خودی خۆی، هەروەها جۆرە دابڕانێکی نهێنی لەنێوانی وێنەی دایکێکی کڵۆڵ و دایکێکی نموونەیی و میسالیدا دەخولقێ و تەنانەت وێنەی ئەم دابڕانە شاراوەیەی دەق لەوەدا گەورە دەبێتەوە. کاتێك پاساوەکانی ئەم بە نموونەییبوونە لە دەقەکەدا دەبێ، نەك هەر ئەمەش بگرە دیدەنیی نێوان مچە و دایکی دلاوەر دیالۆگی نێوانیان پاساوی ئەم جۆرە لێك نەگەیشتن و ڕەتکردنەوەیەی لە خۆیدا هەڵنەگرتووە، بۆچی؟ گەر بڕوانینە کەسایەتی مچە دەبینین، مچە بە دووباری جودای سیمای کەسایەتیدا تێپەر دەبێ لە سەرەتای چیرۆکەدا و لە بەشی یەکەمیدا بەم شێوەیە وەسف دەکرێ.

مچە ← کەللە ڕەق ← قرچۆك ← قێزەوەك ← ڕاڕا ← بێ لایەنە کەچی لە بەشی دووەم و سێیەمدا بەم شێوەیە وەسف دەکرێ.

مچە ← هەستیار ← وردبین ← هەڵوێستدار ← کەم بڵێ.

لە بنەڕەتیشەوە چیرۆکنووس هەوڵی داوە، بەوەی ئەم سیفەتانە نەبنە سیمایەکی بنەڕەتیی کەسایەتی مچە، بەوەی بنیاتێکی کەسایەتیی یەکگرتووی پێ ببەخشێ لەباری ناتەبای دەروونیی کەسایەتیی مچەدا، لە دوو توێی پەیوەندی بەهێزی لادێیانەی نێوان خەڵکی گوند و پەیوەندییان بە مچەوە، ئەو پەیوەندییانەی لە دیالۆگی سەرەتادا ئاشکرا دەبێ و یەکەم سیفەتەکانی ناسینەوەی مچەمان لەلادا دەردەخا لە دووەم و سێیەم بەشدا لە پەراوێزی دیالۆگی ناخەکی و دیالۆگی کەسایەتییەکی نوێی مچە لەگەڵ خەڵکی لادێدا. لێرەشدا چیرۆکنووس هەر بەو سیفەتە سەرەتاییانەوە مچەی بخستایەتە بەردەمی دایکی دلاوەرەوە، دایکی دلاوەریش هەروەك دایکێکی بەنموونەیی نەکراو بە پەرۆشەوە گوێی بۆ مچە شل کردایە، ڕەوتی چیرۆك بەچ بارێکدا دەچوو؟ یاخود مچە یەك بنیاتی کەسایەتی و دەروونیی لە دەقەکەدا بپاراستایە بنیاتی چیرۆکەکە چۆن دەبوو؟ مەبەست لەم پرسیارانە تەنیا ئەگەری دۆزینەوەی ئەم گەردوونانەیە لە درێژبوونەوەی

دەقدا کـە چـیرۆك نـووس دەخـەنـە بـەردەم ئـەفراندانی جۆراوجۆری دەربڕینـەوە، ئـەو گەردوونـانـەی گەورەترین پرسیار و گەورەترین کاریگەری جۆراوجۆر لە ناخمدا جێ دێڵن.

ئەم پێداچوونەوانەی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوە لەلای چیرۆکنووسدا، هەمیشە گرینگی و بایەخی شێوازی دەربڕینمان دەخاتەوە بیر، ئەم شێوازانەی زۆر جار سەرکەوتنیان لە ئـابـڵـووقـەدانـی بـابـەت و شاردنـەوەی جووڵـەی ڕووداوەوە وەردەگرن، وەك یـەکێك لـەو ئـەگـەرانـەی دەربـڕیـنـکـردن لـە ڕووداودا زەیـنـی خـوێنـەر دەکـەنـە هـاوبـەشێك لـەم ئابڵووقەدانەدا، کەواتە چۆن دەتوانین لە گێژاوی هەڵبژاردنی بەرچاو خستنی ڕووداودا نەخشەیەکی پتەو بە بنیاتی دەق ببەخشین. هەروەك لەم چیرۆکەدا دەبینین خاسییەتی بـابـەتیـی چیرۆکـەکە هـەموو سیفـەتێکی سەرکـەوتنی تێدایـە ئەمەش ئەوە دەردەخا کە چیرۆکنووس بە نەخشەیەکی سەرەتاییەوە دەست بۆ چیرۆك دەبات، لەگەڵ ئەمانەشدا ئـێمـە بـەشێوەیـەکـی ڕوون هـەست بـەدوو ئـاستـی جـودای نـەخشـەیـی دەق دەکـەین. لـە یەکێکیاندا نووسەر بەشێوازێکی پتەوەوە دێتە دەست و بە سەبرێکی گەورەوە مامەڵە لـەگـەڵ پـەرەسـەنـدنـی ڕووداودا دەکـا، لـەوی تـریـشیـانـدا ئـەو گـەردوونـەی ئـابـڵـوقـەدانـی بابەتییانەی هەرچەندە بەشێوازی زمانێکی پتەوەوە بۆی دەچێ بەڵام ئەم زمان و شێوازە لەبەردەم بەڕاستەوخۆ بوونی ڕووداوی بابەتیدا مات دەبێ و بنیات لەباری زنجیرەداری بـابـەتییانە هـەڵدەوەشێتـەوە.




پێچەوانەی ئەم بنیاتەی نەخشەی بابەت و شێوازیش دەرەنجامی تری لێ دەکەوێتەوە:




ئەم خاڵی بەیەکگەیشتنەوەیە لە تەکنیکی چیرۆکدا، لەنێوانی بابەت و شێوازدا بۆ زۆر لـە چـیرۆکـەکـانـی ئـەمـرۆکـە شتـێکـی دروستـە، لـێرەشدا ئـەم جـۆری پـەیوەنـدییـانـەی ڕەگەزەکانی چیرۆك نووسین پێك دێنن، وەك نموونەیەك وایە بۆ جووڵەیەك لە جووڵەکانی

دەق لـە بـۆتـەی نـەخشەی دەقـدا. ئـەو چـیـرۆکـانـەش دەگـرێتـەوە کـە هـەنـدێك لـە چیرۆکنووسەکان تەنیا بە مەبەستی کاریگەر کردنە سەری سۆزاوی ڕاستەوخۆ ئەو نـەفـەسە قـووڵ و ئـەو هـەڵـبـژاردنـە سەرکـەوتـووانـە لـە دەستی خـۆیـان دەدەن و بـەهـای تەکنیکی لەبەرچاو خستنی بابەت و شێوازدا دەبنە قوربانیی زێدەڕۆیی بابەت و کێشی بابەت لە دەقدا. لێرەشدا مەسەلەکە تەنیا پەیوەندیی بە چۆنێتی و ئاست و جۆرایەتی و بایەخی بابەتەوە نییە، بەقەد ئەوەندەی پەیوەندیی بەو پەیوەستە زۆر بەبایەخانەوە هەیە کە نەخشەی دەق لە سەنعەتکارییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی زمان و شێوازەوە دەتـوێنـنـەوە، ئـەو پـەیـوەستـانـەی بـەردەوام لـەنـێوان کـرانـەوە و داخستـنـی بابەتییانەی دەقدا خۆیان بەسەر نووسەردا ساغ دەکەنەوە و تەنانەت وا هەست دەکەین زۆرجار قاڵبی زمانەوانیی جوداو جۆراوجۆر لە چیرۆکی بەهێزدا هەروەك جڵەوگیر کردنی کرانەوەی بابەت بکەوێتە بەرچاو و بنیاتی بەهێز بەدووی خۆیاندا بە کێش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ئەم گۆشەنیگا هونەرییەی چیرۆك هەروەك زنجیرەدار کردنی ڕووداو وایە، ئەوەشمان بۆ دەردەخا کە سەرکەوتنی چیرۆك لە چۆنێتی جووڵەی شێواز و بەکارخستنی زمان و جڵەوگیر کردن و لە قالبگرتنی ڕووداو دایە.

بێگومان ئەم بۆچوونەش ئەم پەیوەستانەش شێوەی چەسپاوی دەق نانوێنن، بەڵکو هێز و دەسەڵاتیان لە جووڵە و بەکارخستنی ئەم پەیوەستانەوە وەردەگرن، زۆر جار ئەم پەیوەستانە بە شێوەی جودا و ئاوەژوو بەرچاو دەخرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گوڕێکی پتەو بە بنیات و نەخشەی دەق دەبەخشن. لێرەشدا لە کەسایەتی مچەدا ئەم جووڵەیەی دەقمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و کەسایەتی مچە لەگەڵ بنیات و جووڵەی نەخشەی دەقدا بەم جۆرە دەکەوێتەوە.




بەرامبەر بەمەش، کەسایەتی دلاوەر هەر لە سەرەتاوە تاکۆتایی بنیاتێکی پتەوی پێ دراوە و جووڵەی کەسایەتی دلاوەر و شوێنی لە جووڵەی کەسایەتییەکانی ترەوە هەمیشە یەك ئاستی پاساودراوی بۆ دەهێڵێتەوە و هەروەها بەهایەکی سیاسی و ڕەوشتی بەرز بە کەسایەتی دلاوەر دەبەخشێ وەك کەسایەتی سەرەکی بزری چیرۆکەکە لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریی ئەم کەسایەتییە زۆر ئاشکرا و دیارە بە سەرجەمی خەڵکی یاروەلییەوە، هەروەك ئەوەی کوژرانی دلاوەر و کارەساتێکی گەورەی دێیەکە بێ نەك دایکی خۆی.

بەمەش کەسایەتی دلاوەر کەسایەتییەکی تۆکمەیە لە پەرەسەندن و بەگۆڕخستنی چیرۆکەکەدا.

لێرەدا ئەوەمان دێتەوە یاد کە بەکارهێنانی ڕەگەزە تەکنیکییەکانی چیرۆك نووسین هەروەك بەکارهێنانی پێناسەی ئامادەکراوی پێش وەختە لە زەینی نووسەردا هەموو جارێك نابێتە هۆی خستنەوەی بنیاتی پتەو لە دەقەکاندا بەڵکو زۆرجار نووسەر بەشێوەیەکی زۆر عەفەوی مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەگەزانە دەکاو بنیاتی پتەو دێنێتە ئاراوە.

لێرەشدا زۆر جار نووسەر لە بیرۆکەیەکی زۆر بچووکدا بنیاتێکی زۆر گەورە و بەهێز بە نەخشەی دەق دەبەخشێ، بۆ نموونە مووپاسان لە زانیارییەکی بچووکی وەك هەستیاری زێدەڕۆیی یەکێك لە کەسایەتییەکانی چیرۆکی (پەت)ەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ڕووداوەکان بەجارێك والاّ دەکاتەوە و بەرچاویان دەخا، بەلاّم بە پەرەپێدانی ئەم خاسیەت و سیما ناوکییەی کەسایەتییەکە، بنیاتێکی پتەو و تۆکمە و کاریگەر بە چیرۆك دەبەخشێ. لێرەشدا مەرج نییە ڕووداوێکی بناغەیی بەتەنیا دەقێك بخولْقێنێ بە مانای دەقێکی کاریگەر، بەڵکو زۆر جار سیفەتی دەروونی و دەوری بناغەیی وەردەگرێ، لە چیرۆکدا هەروەك چیرۆکی (ئافرەتێکی لاواز)ی کافکا کە لە بنیاتێکی دەروونیی بێ ڕووداوەو دەقێکی بەهێز و کاریگەر دروست دەکا.

لەم چیرۆکەشدا وای پێ دەچێ ئاشکرابوونی ڕووداوی کوژرانی دلاوەر لەلای دایکیدا ببێتە جووڵەی نەخشەی دەق کە چیرۆکنووس لە سەرەتادا هەموو زەمینەیەکی دەسەلاّتی بۆ ئامادە دەکا، بەلاّم لەگەڵ یەکەم گفتوگۆی مچە و دایکی دلاوەردا کە مچە دەیەوێ هەواڵەکە بەدایکی بگەنێ، بەتاڵکردنەوەی بنیاتی چیرۆك بە کەشێکی میسالییانەی پاساو نەدراودا دەڕوا، پاساوی چیرۆکنووس بۆ دایکی مچە چییە کە ڕێگە بە مچە نادا هەواڵەکەی لەلادا بدرکێنێ؟ ئایا واتێ دەگا مچە هەواڵێکی ناشیرینی دەربارەی دلاوەر پێیە؟ ئایا هەست دەکا کوڕەکەی کوژراوە و نایەوێ خۆی بداتە دەست ئەم واقیعە تاڵەوە؟ ئایا تەنیا لێك نەگەیشتنێکە و مچە ئەم هەڵە دەقۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لە گەیاندنی کوشتنی دلاوەر؟ ئەم پرسیارانە هیچ پاساوێکی ناخەکی و ئاشکرایان نییە لە دەقەکەدا، بەڵکو تەنیا ئەوە ئاشکرایە کە دایکی دلاوەر ئەوەندە شانازی بە کوڕەکەیەوە دەکا کە پێشمەرگەیە تەنانەت ناهێڵێ باسیشی بکەن؟ بەلاّم ئایا ئەم جۆرە سیمایە لە چیرۆکدا چەندێك بنیاتی چیرۆك پتەو دەکا؟ لێرەشدا دەربارەی ئەگەرەکانی ڕێچکەی چیرۆك دەپرسین ئاخۆ گەر بێت و مچە هەر لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا پەشیمان بووایەتەوە لە ترسی

ئەوەی نەوەك بەرەنگاری دووچای ئاگرینی دایكێك ببێتەوە. بنیاتی دەق چیی بەسەرت هات؟ لێرەشدا مەبەست لەم پرسیارە هەر تەنیا ڕوونكردنەوەی چۆنێتی جووڵەی بنیاتی دەقە لە دووتوێی جووڵەی بنیاتی كەسایەتیدا، لە هەڵبژاردنی ئەگەرە زۆرەكانی دركاندن و كرانەوە لە چیرۆكدا، ئەو هەڵبژاردنانەی گەردوونی ئەفسوناوی و سیحری چیرۆكمان بۆ دەخەنە بەردەست و ڕوانینێكی نوێمان لەلادا دروست دەكەن، لە جیهانێكدا مرۆڤ و شتەكان نەك دەبنە بووكۆكەی پەتداری سەر شانۆ، بەڵكو دەبێتە ئەو مرۆڤانەی ڕۆژانە لەسەر جادە و ئەم سەر و ئەو سەری جادەكاندا بەرەو ڕووی یەك دەبینەوە.

## گیانی تاشەكان

## بنیاتی ئیستاتیكی

## گێڕانەوە لە وێنە ئاوێزانی مەسخ بوونی گیان

پێش ئەوە بچینە نێو جیهانی (گیانی تاشەكان)ی چیرۆكنووس جەبار جەمال غەریب، بە پێویستی دەزانین چەند زانیارییەكی بەرایی بۆ خوێنەر ئاشكرا بكەین بۆ گەیشتن لە جەوهەری ئەم نووسینە و زیاتریش شارەزابوون لە شێوازی زمان لەلای چیرۆكنووس دا.

١- چیرۆكنووس هەوڵ دەدات قورسترین مەدلوول لە ڕستەدا بكاتەوە كە تاكو ئەودیوی ڕستەی چیرۆك نووسین شۆڕ دەبێتەوە، كە نەڵێین تا ئەو دیوی ڕستەش شۆڕ دەبێتەوە بەمەش ئەو دەیەوێ گەورەترین هەناسەی پەنگ خوارد و لە بەكارخستنی زمانی گێڕانەوەدا بخاتە كار، هەروەك چۆن ئەم دەسەڵاتەی لە گێڕانەوەدا دەیخاتە كار لە چەند ئاستێكەوە دەبێ...

٢- سوود وەرگرتن لە شێوازە بەراییەكانی گێڕانەوەی دراماتیكی لە لاوك و حەیران و ئەفسانە و هەقایەتەكان، ئەو ڕستانەی لە واقیعێكی درامیدا شكستی و بێ ئومێدی و هەندێك جاریش گەشانەوەی زەینی و زمانی دڵ بۆ دڵ دەنوێنن بەڵام لەم خاڵەدا نابێت بەهەڵەدا بچین بەوەی چیرۆكنووس لاسایی ئەو شێوازانە دەكاتەوە، بەڵكو ئەو تەنیا سوود لە چۆنییەتی بەشێوازكردنی زمان وەردەگرێ، پەیوەست بە وێنە و هاودەلالەتەكانییەوە لەم بەكارخستنەشدا ئەو زمانێكی پتەو و درامی و كاریگەر لە دەقدا بەكار دێنێ، كە ڕێگە بەهەست و سۆزە ماتبووەكانی ناوەوەی خۆی دەدا بەئاڵووالاترین تاكەكانی وشە و هێماكانی وشە لە گۆشە هەرە قووڵەكانی زەین و دەروونی سەر دەق بكەون و سیحری خۆیان دەرخەن، بەمەش لە چەند لایەنێكەوە سوود بە چیرۆك و بنیاتی گێڕانەوە دەگەیەنێ.

١– چنینەوەی چەمك و زاراوە کوردەوارییەکان.

٢– گەیاندنی شێوازی گێڕانەوە بە ئاستی شێوازێکی دەنگدار کەوا هەست دەکەی ئەوە چیرۆکنووسە بەدەنگی خۆی بەسەرهاتەکانت بۆ دەگێڕێتەوە. ئەمەش دەرەنجامی سوود وەرگرتنە لەو گەرمی و جۆش و خرۆشەی کە لاوك و حەیرانبێژ و هەقایەت خوانەکان بەکاریان دەخست بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی گەورە بکەنە سەر گوێگر، بێگومان تەنیا لەو ساتانەدا ئەم شێوازە لە گێڕانەوەدا دێتەکایەوە کە چیرۆکنووس توانای بەدەنگهێنانی ڕستەی چیرۆکی هەبێ.

٢– توانای گەیاندنی ئەو ڕستانەی هەبێ بەدەنگی ناخەکی و درامی کە گەورەترین کاریگەری ڕاستەقینە و واقیعی لە زمان دا دێنێتە کایەوە.

٣– بە ئەفسانەکردنی واقیع و بەواقیعکردنی ئەفسانە، هەر لەم هاوکێشە تێکهەڵکێشەی جووڵەی زمانەوەیە کە شێوازێکی تایبەت لە گێڕانەوەدا دەخولقێنێ و چیرۆکنووس دەکاتە یەکێك لەو چیرۆکنووسە دەگمەنانەی کە خاوەنی زمانێکی تایبەت بێت لە چیرۆکدا.

٤– داماڵینی دەق و زمانی دەق لەو مەدلوولانەی کە لەنگی و لاسەنگی لە شێوازی گێڕانەوەدا دێنە کایەوە. لەم خاڵەشدا شێوازی گێڕانەوە، سیفەتی بنیاتی توندوتۆڵی یەك ڕێچکەی واتا دەخاتە دەقەوە، ئەگەرچی چیرۆکنووس هەندێك جار سروشتێکی ڕەخنەیی ڕوون ببەخشێتە ئەو شێوازە، ئەوا ئەو ئەم خاسیەتە بەشێوەی ڕستەی زۆر کورت کورت وەك ئاوڕدانەوەیەك بۆ خوێندنەوە بەکار دێنێ.

ب– نەهێنی کاریگەریی حاڵەتە وەسفییە جوداکانی بنیاتنانی مانا، لە زمانێکی ستانداردی پەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەرچی ئەو زمانە هەندێك کاریگەریی ناوچەیی پێوە دیارە، بەڵام ئەم کاریگەرییە هەموو کاتێك بەسوودی ئەم زمانە دەکەوێتەوە و زمان لەو ڕێچکەیە لانابا، تەنانەت دیالۆگ و ئاخاوتنەکانیش لەم ڕێچکەیە دەرناچن.

٣– چیرۆکنووس یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی دروست سوود لە ئەفسانە و مەفهوومە ئەفسانەیی و مێژوویيەکانی وەردەگرێ.

ناوونیشان– گێڕانەوە– مەسخبوون ئیستاتیکای وێنە هاودەلالەتەکانی گێڕانەوە

لەوانەیە گەورەترین تراژیدیاکانی مردن لەوەدا بێ کە شوێنێك بۆتان نەهێڵێتەوە. ئەو

ئازارەی کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیان دەچەوسێنێتەوە، هەر بۆیە مرۆڤ بەهەموو دابەش بوونی بیروبۆچوونی دەیەوێ ماناکان لە خودی مردن دا بدۆزێتەوە، ئەو کارەساتەی هیچ ئاسەوارێکی ئەنتۆلۆژی هەستپێکراو لە دووری خۆیدا ناهێڵێتەوە، ساتەکانی بەرگریی و مانەوە بەهای سەرمەدییەتی گیان لەواتایەکدا و چوونەوەسەری ئەو واتایانە چەندێك واقیعیش خۆی بنوێنێ، ئەفسانەی مێژووی مرۆڤە لە خەیاڵ و مردندا، مانەوە لە فەنادا، چیرۆکنووس لە شێوە گۆڕینێکی ئەفسانەیی نێوان گیانلەبەر و بێ گیان لە مەفهووم و بەهایەکی ڕەوشتی و سیاسیدا لە (بەردەوامی و بەرگری) کردندا، هەناسەی مردوان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بەردەکان، دارەکان، ڕەز و باخەکان دێنە زمان و بەسەرهاتی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە، شتەکان بازنەیەکن لە تەسلیم و سیحری سۆزاوی، بەمەش چیرۆکنووس لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا (مەملەکاتی گیان) دەخوڵقێنێ و ئەو گیانانەش پەیامێکی بەهادار و گوتەیەکی پیرۆزکراو بۆ نەوەکان جێ دێڵێن. ئەم گەردوونە سەیرەی چیرۆك بەشێوەیەکی سەیر باڵ بەسەر هەموو زمان و وێنەکانی دەقدا دەگرێ و لەم واتایانەوە زمانی گێڕانەوە وێنە ئاوێزانێکی بنیاتنەرانە دێنێتە ئاراوە، بەمەش وێنەکان لە فانتازیاوە بۆ تۆپیایەکی داهێنەردا مەسخبوونی گیانەکان لە ناگیانەکاندا بەرجەستە دەکا.

هەر ئەم کێشە جەوهەرییەی (ژیان= مردن)ە کە باڵ بەسەر هەموو گوتراوەکانی دەقدا دەگرێ و شێوازێکی گێڕانەوەی تایبەت و خاسییەتێکی ئیستاتیکی بەرز لە دەقدا دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا سیفەتێکی بابەتی بەهێز بەدەق دەبەخشێ و زمانی گێڕانەوە بە سۆزێکی بەهێزەوە ڕستە لە شیعر نزیك دەکاتەوە، کە لە هەندێك شوێندا بەتایبەتی لە وەسفە سەرەتایی و وێنە هاودەلالەتەکانەوە، هەر پەرەگرافێك بنیاتی شیعرێك دروست دەکەن، ئەمەش بەخشینی سیفەتێکی شیعری نییە بە چیرۆك بەقەد ئەوەی بە زمانهێنانی شێوازی گێڕانەوەیە کە لە دووتوێی هەموو ڕستە و وشەکان دا، لە پشتەوەی مانا بەرچاو خراوەکان دا هەست بە (هاوار و نووزە و تووڕەیی و گەشانەوەیەکی زەینی) دەکەیت لەمەش دا چیرۆکنووس ئاگاییەکی کامڵ بۆ خوێنەر، پێشنیاز دەکات، ئەو ئاگاییەی کەوا دەخوازێت بەیەك خوێندنەوەی دەق کۆتایی بە هەموو مەدلوول و حاڵەتە ئیستاتکییەکانی گێڕانەوە نەهێنێت.

(گیانی تاشەکان) لە دوو وشەی (گیان) و (تاشە) پێك دێت و دەربڕین لە حاڵەتی مەسخ بوونێکی گیانی دەکەن، کە بە (ی)ی پەیوەندی کردارێکی بزر لەنێوان دوو وشەکەدا

دروست دەبێت و هەر زوو وێنەیەکی زەینی لەلای خوێنەر دروست دەکات، ئەو وێنەیەی چەندەها وێنەی تری لێ دەبێتەوە چەندەها وێنەی گەورەتر و پڕ لە مەدلوولی تری لێ دەبێتەوە، لە سەرجەمی وێنەکانیش دا ئاماژەیەکی ئیحائی قووڵ و بەهادار حاڵەتەکانی گواستنەوەی گیانمان بۆ دەردەخات لە گیانلەبەرەوە بۆ بێ گیان، ئەو وێنە هاودەلالەتانەش هەناسەیەکی درێژی دەربڕینە کە بنیاتی گێڕانەوەی جودا لە شێوەدا و هاودەلالەت لە مانادا دروست دەکات.

بنیاتی گێڕانەوە چ لە وەسفە بەرایی و گشتییەکانی چیرۆك و چ لە وەسفە ناوەندییەکانی دیالۆگەکان لە دوو ئاست شێوازێکی پڕ لە جووڵە و گواستنەوەی جیا جیا دەخاتە دەقەوە:

١- جەوهەری دەلالەتی (مەسخبوونی گیان) وەك بنیاتێکی ڕەها و سەربەخۆ لە دوو حاڵەتی بەسیستەمکراوەوە دێتە دی، ئەگەر بێتو لە جەوهەری کرداری پراکتیکییەوە لێکیان بدەینەوە، ئەو مەسخبوونەی لە کردارەوە بەرجەستەی کەسایەتی دەکا و ئەو مەسخبوونەی لە وەسفەکاندا و مەدلوولی شاراوە بەرجەستە دەبێ و دوو سیفەتیشی لە گێڕانەوەدا دەکاتەوە. گێڕانەوەی شێوازی وەسفیی چڕ و پڕ دەلالەت کە هەموو فرمانەکان وەك ڕاڤەکەرێکی کردارەکان لە کەسایەتییەکان و جووڵانەوەیان دادەماڵدرێن دووەمیش گێڕانەوەی بەرجەستەیی و تەئکیدکردن لەسەر کردارەکان، کە بە جووڵانەوەی کرداری کەسایەتییەکانەوە دێتە دی. هەر لە پەیوەستی نێوان ئەم دوو ئاستەی گێڕانەوەیەکە ئیستاتیکای دەق وەك بنیاتێکی بزوێنەر پەرە بە مەدلووکانی چیرۆکنووس و هونەربازی ئەو لە شێوازی زماندا دەدا و هەموو دەرگا داخراوەکانی زمان بەم پەیوەستە بنیاتنەرە دەکاتەوە. لێرەشدا بەلایەنی سەرەتا و کۆتایی دەقەوە چیرۆکنووس ئەوە لە لایدا گرینگ نییە کە سەرەتا کردارە بەرجەستەکەرەکان بخاتە سەرەوەی دەق، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی کردارەکان لە شێوەی مەدلوولێکی کامڵ بوو لە کردار دەخاتە سەرەوەی دەق، ئاماژەیەك دروست دەبێ کە کردارەکانی تەواو بوونە، بڕوانە ئەو وەسفە سەرەتاییەی کە دەڵێ «هەر کەسە و لەبەر چاوی ئەوی تر هیچی دەبەردا نییە، جەستەی ڕووتی یەکدی دەبینن، پێستی پڕ چرچی ڕەق هەڵاتووی سەرچەرمە چەقاڵتە و ئێسقانی ڕەق، چ خاکێکی هیشکە، هێندەی بێ دەماری و دڕندەیی خێوەکانی دڕندە و دزێوە».

ئەوسا لەم وشانە ورد بەوە، ئاخۆ جەستەی ئەو خەڵکەیە کە لە کرداری بەسەرچووی

ستەم و کوشتارەوە پێستیان پڕ چرچی بووە و چیرۆکنووس وەك ڕاگەیاندنێکی پێش وەختە مەدلوولەکانمان بە شاراوەیی بۆ دەدرکێنێ، یاخود سیما و پێستی ئەو خاکەیە کە لە توانەوەی گیانە ستەمدیدەکاندا، گیانێکی نوێی لەبەرە ئەو گیانەی بارێکی دەروونی پڕ لە نۆستالژیا و قینێکی ماتبوو وای لێ دەکا بەقەد دڕندەیی خێوەکانی هێشك بێ. لێرەدا چیرۆکنووس هونەر بازییەکی گەورە بە زمانی گێڕانەوە دەبەخشێت کە لەم خاڵانەدا ئیستاتیکای گێڕانەوە دەخوڵقێنێ وەسفی مرۆڤ و سروشت لەباری ڕووتبوونەوەیەکی بەرجەستەکاندا دەنوێنێ و هەریەکەیان سیفەتی یەك ئاست لەلایەنی فیزیکی و گیانییەوە دەگرنە خۆیان، هەر بە وەسفەکانن لە دووتوێی خۆسەپاندنی ناوونیشاندا ئەم مەرجە پێش وەختەیە دەسەپێننە سەر خۆیان کەسایەتی و ئامادە بوونیان لە کرداردا بە پەراوێزکردنێکی بەدوا خراوە:-




هەر لەم پەیوەستە مەجازییەوە، چیرۆکنووس دەربڕین لە کردارێکی تەواو بوو دەکا لە جووڵەکانیدا، هەر لەم پەیوەستە مەجازییەشەوە ڕێگە بۆ مەسخبوونێکی ناکامڵ لە ئاماژەدا خۆش دەکا و هەر لەم پەیوەستەشدا ئۆرگانی زیندوو و مردوو دەگەنە یەك ئاست لە سیفەتەکانیان. هەر لەم پەیوەستەشەوە شێوازی گێڕانەوە دەربڕین لە دوو بوون و دوو گیانی جودا دەکا لەم وێنە زەینی و مەجازییەوە. چیرۆکنووس داوی گێڕانەوە شل دەکا و هەر وێنەیەك و وێنەیەکی تری هاوبنیاتی لێ دروست دەبێ و تاکو کۆتایی هەموو چیرۆکەکە ئەم شێوازە بنیاتی خۆی دەپارێزێ ئەگەرچی ئەم وێنەیە کاریگەریی سەرەتاییە و سنووردارە، بەڵام کە دێتە سەر وێنەی زەینی گێڕانەوەی بەسەرهاتی «گۆچانەکەی» مام سەعید، گەورەترین کاریگەری لە شێوازی گێڕانەوە دەکاتەوە ئەو کاتەی دەڵێ «پێم وابوو هەناسە و بڕکی هێند تاڵ و بەکەسەر هەن ڕوحی پیاویان دەگەڵ دەردێ، بەڵام من ڕووحی خۆم دەنێو تۆڕەکان دەشاردەوە...»

ئاخۆ ئەوە ڕوحی مرۆڤێکە مەسخ دەبێ و دەخرێتە جەستەی مردووی تۆوەکانەوە، یاخود بەخشینی بەهایەکی ڕوحی و ئەفسانەییە بە پەیوەستی مرۆڤ بەخاکەکەیەوە لە دوو توێی بەهای مانەوە ڕووبەڕووی فەنابوون؟! لە ڕاستیدا چیرۆکنووس هیچ یەکێك لەم دوو گەردوون و جیهانە فانتازییە لە گێڕانەوەدا بزر ناکا، هەروەك دەبینین لێرەشدا مەدلوولی زەمەنی چیرۆك لەبەردەوامیی کردار و ڕابردووی کردارەوە دەکرێتەوە، چیرۆکنووس لە کرداری ڕابردووەوە کرداری مەسخکردنی گیان و سپاردنی گیان دەگەیەنێتە ئاستی پەیوەستێکی هاوتا کراو لەنێوان دووتەندا.




بەڵام ئەم کردارە ڕابردووە لە زەمەندا هەر لە حاڵەتی ڕستە وەسفییە ڕێخۆشکەرەکانەوە دەگاتە ئاستی بە دەلالەت بوون، لەو ڕستانەی کە دەڵێ: «هەناسە و بڕکی هێند تاڵ و بەکەسەر هەن ڕووحی پیاویان دەگەڵ دەردێ» ئاخۆ ئەوە هەناسە و بڕکی دارەکانە یاخود هەناسەدا بڕکی ئەو مرۆڤانەیە کە لەنێو ئەو دارانەدا گیانیان لەدەست چوو؟ ئاخۆ گیانی ئەو مرۆڤانە پەراگەندە بوونە یاخود چوونەتە گیانی دارەکانەوە؟ بە ئاشکرا دیارە کە سیحری شێوازی گێڕانەوە و ئیستاتیکای بنیاتی گێڕانەوە لەو گۆشە نیگایەوە دێتە بەرهەم کە چیرۆکنووس بەسەر هاتێکمان بۆ ناگێڕێتەوە تاکو ئێمە ناوی هەرچییەکی لێ بنێن، بەڵکو لە ئەفسانەی مەسخبوونی ڕوحدا، دەلالەتێکی بەرگریی زۆر بەهێزمان بەرچاو دەخا کە قودسیەتی ڕوح بە هەموو ئەو بوونە دەبەخشێ کە بێ ئەوان بوونی ئەم مرۆڤەش لە ئاستی نەبوونیدا دەبوو. چیرۆکنووس لە بنیاتێکی شاراوەی دەلەلاتدا دەیەوێ زۆر بەساکاری ئەوەمان پێ بڵێ کە عەشقی مرۆڤ بۆ خاکەکەی چ دەلالەتێکی هەیە، ئەم بنیاتەی واتاش لە سەرتاپای زمانی گێڕانەوەدا بزرە و وەك بنیاتێکی شاراوە زەبری خۆی لە زەینمان دەدا، بەڵام ئێمە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر باسی خاسییەتی بابەتیی چیرۆکەکە دەکەین، بەمەش ئیستاتیکای گێڕانەوە لە چەند خاڵێکەوە دێتە بەرهەم:-

١- تێکدانی بنیاتی بە دووی یەکدا هاتنی قاڵبەکانی واتا لەیەك ڕێچکەی یەکگرتووە و لە دووتوێی تێکدانی کردار و وەسفدا، بەمەش شێوازی گێڕانەوە لە شەپۆڵدان و ماتبوونەوەی یەك ڕێچکەیی دەپەڕێتەوە.

٢- كردنەوەی شێوازی تێكشكاندنی واتا ئاساییەكان بۆ بنیاتنانی وێنەی نائاسایی و، بەمەش مەدلوولە خۆسەپێنەرە دەرەكییەكان لە واتای ژێرەوەی دەق دادەماڵێ و بەڕادەیەك بەهای گێڕانەوە تەنیا لە «وێنە زەینییەكان» و دووبارە بوونەوەیان بەشێوە و یەك واتایی بەرجەستە دەبن.

٣- تێركردنی ئەو شێوازەی گێڕانەوە بە وێنەی فانتازی و ئەفسانەیی بەتایبەتی لەو وێنەیەی كە كۆمەڵە مرۆڤێكی یاخی لەنێو چیاكاندا، لە شەوێكی سارد و سڕدا باوەش بەیەكدا دەكەن و جەستەیان تێكەڵ بەیەك دەبێ و كە جوانترین وێنە لە چیرۆكدا دەكاتەوە و نموونەی ئەم وێنەیەش چەندەها وێنەی ترە.

٤- كاریگەریی سۆزاوی و هەستیاریی زمانی گێڕانەوە بە متوربەكردنێكی هونەریی ئەو شێوازەوە دێتە دی بە شێوازێكی درامی و هەندێك جار تراژیدی كە هەموو دەسەڵاتی زمانی خۆی تیایدا دەخاتە كار.

٥- پاككردنەوەی ئەو شێوازە لە وەسفی بێ دەور لە بنیاتی سەرەكی و ڕەهای دەق. لەمەشدا چیرۆكنووس هەموو ڕەگەزەكانی دروستبوونی گێڕانەوە یەك دەخا و یەك دەوری سەرەكییان پێ دەبەخشێ.

٦- سەرتاپای مەدلوولەكانی دەق لەیەك بنیاتی شاراوەی دەقدا كۆ دەكاتەوە و دەورەكانیشیان هەر لەم ڕێچكەیەدا دیاری دەكا.

٧- دەوڵەمەند كردنی ئەو زمانە بە هەندێك ئامراز و وشەی ناوچەیی، بەڵام ئەم سوود و وەرگرتنە تەنیا بەكارخستنە و سەد دەرسەد سیفەتی زمانی ستاندارد ناشێوێنێ، بێگومان چ لە ئیقاع و چ لە كاریگەری مۆسیقییان هارمۆنیایەكی دەنگدار لە ڕستەدا دەكەنەوە، بەمەش شێوازی گێڕانەوە ڕەگەزی بنیاتنەری زمانەوانی پێكەوە دەنێ:

٨- هیچ ڕستەیەك و هیچ پەرەگرافێك لە بەرجەستەكردنی ناوونیشان دەرناچێ، بەمەش چیرۆكنووس بە دەسەڵاتێكی پێش وەختە و بیرێكی پێش وەختەوە شێوازی گێڕانەوە دەخاتە دووتوێی یەك بنیاتەوە كە خاسییەتی بابەتی و بنیاتی دەق دروست دەكا.

لە كۆتاییدا نووسین لەسەر چیرۆكی (گیانی تاشەكان) زۆر هەڵدەگرێ و ئێمە تەنیا ئاماژەمان بە هەندێك خاڵی جەوهەریی چیرۆكەكە دا و هیوادارم خوێنەر سوودی لێ وەرگرتبێ.

## وێنەی بکوژ و کوژراو وەك بنیاتێك لە ڕۆمانی وڵاتی تارمایی

ئـایـا دەکـرێ لاپـەڕەیـەکـی ڕۆمـانـێك بـەرجـەسـتـەیـەکـی بـارەکـانـی نـاوەڕۆك و جـیـهـانـی بابەتییانەی دەقێك بکا؟! ئایا ئەوە یادەوەری زمانە کە خولقێنەری هەموو وێنەکانی ڕۆمانێکە یاخود بنیاتێکی نائامادەیی زمانی دووەمی نووسەرە کە وەك میکانیزمێکی کۆتاییپێهێنەر و یەك لاکەرەوە گیان بەهەموو کەرەستە سادە و زمانە ڕووکەشەکەی نووسەردا دەکات؟! «وڵاتی تارمایی» سەلاح عومەر (١٩٩٧) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی ئەدەبی کوردی کە بە بێدەنگی و بەبێ پرسیارکردن بەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا تێپەڕی. هەروەك زۆر لەو کارە ئەدەبییانەی کە شایەنی پێداچوونەوەن، کە بێ شك ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەزموونی ڕۆماننوسی کوردی دوای ڕاپەڕین. ئـەوەش لـەبـەر چـەنـد هـۆیـەکـی بـابـەتـیـیـانـە و تـەکنیکیـانـەوەیە کە هـێزێکـی گـەورە بـەدرێژبـوونـەوەی نـووسین دەدەن بـەبـێ پـەنـابـردنـە بـەر ڕووداو و بـەسەرهـاتـەکـان کـە بـنـاغـەی سەرەکـیـی سیـمـاکـانـی ڕۆمـانـی کلاسیکە. هـەرەکو چـۆن لـە ڕۆمـانـدا گـوتـار بـەگـەشتـریـن و درەوشاوەترین جوانکارییەکانی ئـاخـاوتن وێنەکـانـی خـۆی دەخـاتـە زەینمانەوە ئەم ئاستەش لە بنیات و چۆنێتی یەك خستنەوەی وێنە جیاوازەکانی زمانی دەق هەر لە سەرەتای ڕۆمانەوە بەهەندیك وردەکاریی نووسین دەگەین کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

١- ڕۆمان بەتواناوە مانا ناوەندییەکانی خۆی لە کەسایەتی دەسەنێتەوە و دەبداتە پاڵ حـاڵـەتـێك لـە دروەشانـەوەی وێـنـەیـی بـەجـۆرێك لـەو گـوتـارە بـۆ مـاوەیـەکـی درێژ لـە یادەوەری پاش خوێندنەوەدا دێتەوە بوون ڕووداو نییە و کەسایەتی نییە و وەك ناسیاویەك بۆ ئەو خوێندنەوەیە، بەڵکو پرسیاری ئەم بارەیە کەسایەتی ئابلۆقە دەدا و لە چوارچێوەیەکی بەهێزی گێڕانەوەدا دیاریی دەکا، ئەم کردارەش مەحاڵ دەبوو گەر ڕۆماننووس دەرکی بە بایەخی قورسایی دروستکردنی ئەو وێنانە نەکردایە کە لە یەکگرتنەوەیاندا بنیاتێکی دەوڵەمەند لە مانا دێتە کایەوە، ئەو وێنەیەی پاش خوێندنەوە دەمێنێتەوە دەموچاو و باڵا و سیمای کەسایەتی نییە، بەڵکو ئەو بارەیە کە تـێـی کـەوتـووە، ئـەو ڕێککـەوتـانـەی وایـان کـردووە خـوێـنـدنـەوە پـرسیـارەکـانـی خـۆی بسەپێنێتە سەر خوێنەر: ئەو بارە، بارێکی دەروونی و هاوسۆزییە، کە لە ڕۆماندا بایەخی ئەوەندە زۆر دەبێ لەبەردەمیدا ناوەڕۆك هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەو

گوتارەدا نامێنێ کە ئاخاوتنێکی زەینیی بێگەردو پڕ لە نەست لە بیرماندا دروست دەکـا، ئـەمـەش شێوازێکـی نـوێی بـەرچـاوخستـنـی بـابـەتـیـانـەی جـیـاوازە لـەو خوێندنەوانەی کە لە ڕۆمانی کلاسیکدا بەرهەم دەهێنرێ، کەسایەتی ناوەندێکی گواستنەوەیە لەنێوانی ئەو حاڵەتەی دێتە کایەوە و ئەو جیهانەی تیایدا دەژێ و ڕەنگدانەوەیەکی واقیعییانەی ژینگەی خۆی نییە، بەڵکو هێمایەکە بۆ بارودۆخێکی نـامـرۆڤـایـەتـی، کـە لـە هـەمـوو بـەهـایـەکـی کـەسـایـەتـی بـوونـی دەخـاو هـەر ئـەم ئاراستەیەش وەك بنیاتێکی پەیوەستدار و وەك ڕەگەزی تێکدەر خۆی دەخاتە نێو ڕۆمانەوە.

٢- کـەسـایـەتـی سەرەکـی یـا نـاوەنـدی ڕۆمـان هـەرچـەنـدە وەك تـاقـە کـەسـی هـەمـوو بـۆچـوونـەکـان و لێکدانـەوەکـان وەرگیـراوە، بـەڵام بـەهـای ڕاستـەقـیـنـەی کـەسـایـەتـی بەهـایـەکی تاك جەمسەری و کاکڵەدارنییە پەیوەست بەرێچکەی ڕۆمانەوە. کەسایەتی گوزەرێکە یا دەروازەیەکە بۆ وردبوونەوە لە جیهانێك کە دەشێ هەموو مرۆڤێك بخاتە بـەردەم ئـەزمـوونـی ڕۆمـانـنـووسی کـورد، نـەك نـاشـارەزایـی لـە جـۆری تـەکـنـیك و هونەرکاری خودی کارەکە، بەڵکو سەردەرنەکردنە لەو پێگە زانستییانەی کە دەبێ لە ڕۆماندا جێگەیان هەبێ و دەقێکی ڕۆمانیان لێ بەرهەم بهێنرێ کە پتر لە جارێك خوێندنەوە هەڵبگرێ، یان بەلای کەمەوە بنیادەم بخاتە سەر ئەڵهای بیرکردنەوە. هۆیەکی دیکەی نازیندەیی شاکەسی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە کە کەسێتییەکە خۆی یەکجار ئاساییە و هەمان جووڵە و کار جێبەجێ دەکا کە ئێمە لە ژیانی ئاسایی خۆماندا ڕۆژانە دووبارەیان دەکەینەوە. بۆیە لە ئاستێکدا هیچ سەراسیمە نابین، بەزۆریش بەر لە تەواوکردنی خوێندنەوە تارادەیەك چارەنووسی شاکەس دەزانین ئـەمـەش لـە ئـەنجامـی ئـەمـەوە سەری هـەڵـداوە کـە شاکـەس بـەردەوام بـەدەست ڕۆمـانـنـوسەوە هـەڵـدەسووڕێ و مـەرگ و ژیـانـی بـەدەست خـۆی نـییـە، لـەم بـارەشدا ڕووداوی گەورە مردار دەبێتەوە.

هـۆیـەکـی تـری سستـی شاکـەسی ڕۆمـانـی کوردی ئـەوەیـە لـە زەمـەنێکدا دەبزوێ یـان خوێندوومانەتەوە، یان خۆمان تێیدا ژیاوین، ئەم زەمەنەش زەمەنێکی تاك جەمسەرییە، بۆیە پێشهات و نۆقلانە لە بزوانی ئەم کەسەدا بوونێکی ئەوتۆیان نییە، لە لایەکی ترەوە ئەم کەسە بەزۆری ڕێککەوت دروستی دەکا و هەر لە دەسپێکەوە سیحری کردەکانی بەتاڵ دەبێتەوە، پێم وایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاکەسەکە سەر بەو ئایدۆلۆژیا و

خولیا باوانەن کە خەڵکی ئاسایی پێیانەوە وابەستەن، بۆ نموونە گەر قەوماوێکی گەورەی وەك ئەنفال بکرێتە کەرەسەی ڕۆمان گەرەکە ئەو ڕەهەندانەی وەربگیرێ، کە لە ئێمەوە دیارنین و بۆ خۆیان هۆکار و ئەنجامن، دیارە دەبێ لە ڤالاییەکیشدا ئەنجام بدرێ، هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان بەچالاکی تیایدا کار بکەن و زەمینەش بۆ ئەو شاکەسە خۆش بکرێ تا بەڕەهایی تیایدا ببزوی، خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەوە کرا، ئەوا لە کاری تۆمارکردن پتر تێ ناپەڕێ، پێم وایە کارێك لەم بوارەدا لەسەر ئەنفال بکرێ، ئەگەر لە بیرەوەرییەکانی عەدالەت تاڵەبانی تێ نەپەڕێ– کە ڕۆمان نییە و بیرەوەری سادەی خۆیەتی– ئەوا هەم کارەکە دەچێتە خانەی تۆمارکردنەوە و هەمیش غەدر لەو لێقەوماوە دەکا.

سەرباری هەموو ئەمانە شاکەسی ڕۆمانی کوردی لەنێو بۆتەی ڕێنیسانسێکی کوردی سەری هەڵنەداوە و هێشتا سەرقاڵی کێشە باوەکانە و هەر ئەو زانراوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەموومان دەیزانین، هێشتا لاقەی ئەو دیاردانەی نەکردووە کە دابەکان حەرامیان کردووە و باسکردنیان گۆبەن دەنێتەوە، هەرچەندە ڕاپەڕین لە هەندێ دەقدا تاڕادەیەك شەرمی شاکەسەکەی شکاندووە، لێ یەکجار بەدڵەڕاوکێ و ترسەوە دەستیان بۆ دەبا.

شاکەسی ڕۆمانی کوردی هێشتا لە هەوڵی ئەوەدایە کە قارەمانێتی و پیرۆزی خۆی بپارێزێ. بۆیە کردەکانی لە بازنەی بەرگریکردن و خوقایمکردن تێ نەپەڕیون. بۆیە بەشی زۆری ئەو ڕۆمانە کوردییانەی تائێستا بەرهەم هێنراون دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ئاوهاش سیمای شاکەس بەردەوام بەشێوەیەکی هەڵسوڕاو خۆ دەنوێنێ و گیرۆدەی تەکنیکی ڕۆماننووس بووە و ڕەهایانە ڕەفتار ناکا.

گرفتێکی تری شاکەسی ڕۆمانی کوردی سڕپۆشییە و بەردەوام بەداخراوی ماوەتەوە، ئەوەی لە دڵیدایە ڕاستەوخۆ دەری نابڕێ. ئەمەش لەو ترسەوە سەرهەڵدەدات کە لە چوارچێوە دیاریکراوەکەی کۆمەڵ تێ ناپەڕێ، بۆیە بەردەوام خۆی لە وتن دەپارێزێ، ئاوهاش بیری ڕۆشن و دەربڕینی کاریگەر دەبنە قوربانی سڕپۆشی و داخراوی کەسەکە و لەنێو دەچن، چونکە گرێی دڵی خۆی ناکاتەوە، ئەمەش وای کردووە بڕێ جار تێکەڵییەك لەنێوان ئەم و کەسەلاوەکییەکاندا دروست دەبێ، بۆیە لە گەرمەی ڕووداودا وەك کەسێکی سەرەکی ڕۆمان ناهێتە بەرچاو، دیارە لەم بارەدا چەند دەنگی دیکە زەق دەبنەوە و ڕێڕەوی ڕووداو و کەسێتی ئەمیش دەشێوێنن.

لێرەدا مەبەست لە زەقبوونەوەی ئەو دەنگانە لەپاڵ شاکەسدا هونەری فرە دەنگی ناگەیەنێ، بەڵکو مەبەست لە خراپ بەکاربردنی دەوری شاکەسی ڕۆمانی کوردییە و لێرەدا بەنازیندەیی ناوبراوە.

هەمان هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکانی، بەیەکنەگەیشتەوەی کەسایەتی لەگەڵ ئەوانی تر، کە وەك ناوەڕۆك لەلای کافکادا بەتایبەتی لە چیرۆکی (ئافرەتێکی لاواز)دا وێنە کێشراوە، دابڕانی بنەڕەتیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی زیندان و ناوەوەی زیندان، کە وەك ناوەڕۆك لە فیلمی «ڕێگای یەلماز گونای» ئاماژەی بۆ کراوە، ڕوانینی زیندانییانە بە واتای زیندانیبوونی زات و ئامادەیی بەردەوامی بۆ خوڵقاندنی جیهانی زاتی زایەندەیی لە مانادا کە لەلای «جویس» و «فۆکنەر» بەجوانی وێنەیان کێشراوە یا چەندین ناوەڕۆکی بابەتییانەی تر، لە ڕۆمانەکەدا تەنیا لەو سنوورانەدا بەکارخراون کە پرسیاری زاتییەت چۆن لە واقیع ڕەنگ دەداتەوە و چۆن ڕێگەیەك بۆ بوون بە ئەفسانە لەبەردەم ڕوانینەکانمان دەکاتەوە، ئەم کاریگەریەی کەسایەتی لە ڕۆماندا شوێنی سەرسوڕمانە لەو کاتەی خوێنەرێکی ڕۆشنبیری مامناوەندی هەمیشە بەدەوری ئەو تەباییانەدا دەگەڕێ کە کەسایەتی دەبێ بیگرێتە خۆی، وەك واقیعیش یەك لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی نوێ کە نواندن و هەڵوەشاندنەوەی کەسایەتییە لە ڕۆمان وەك میراتگری هەموو پەیوەندی و سیفەتە تەباکان بەڕادەیەك دەبێتە وێنەیەکی نموونەیی باڵا کە کەسانێکی زۆر خەون بە خواستنی بینن، هەروەکو چۆن وەك خەونێکی زاتییش هیوا بەگێڕانی دەوری ئەو پاڵەوانانەوە دەبینن.

هەربۆیە ڕۆمانی نوێ ئەوەندەی بایەخ بەو بارودۆخ و کاریگەرە دەرەکییانە دەدا کە کەسایەتی لە ئامێزناوە و ئەوەندە باوەڕی بە کەسایەتی نییە وەك پاڵەوانێك لێرەوە ڕۆمانی «وڵاتی تارمایی» هەوڵێکی نوێیە بۆ نواندنێکی بابەتیانە و ژینگەیییانە کە هەمیشە سیفەتە نامرۆڤایەتییەکە زاڵە بەسەریەوە کەوا دەکا تۆ تەنیا هەر لە کەشێکی ناکەسایەتی و ناسەنتەری پاڵەواندا بژی کە لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەیدا هەموو مانا چەسپاوەکانی زەینمان دەگۆڕێ بۆ نموونە لە دیاریکردنی سیمایەك و بەخشینی ناسینێك بۆ دەوری بکوژ و لە ڕۆمانەکەدا.

٣- ئەگەر لەم لاپەڕەیەوە کە کەسایەت هەموو قین و ڕقێکی بۆ ئەو یەکەمین دەرگایە دەردەبڕێ کە لێوەی هاتە ژوورەوە، لەدوا ساڵەکانی تەمەندا لێوەی دەردەچێ باوەڕێکمان لەلادا دروست دەبێ کە سیماکانی بزرە لە ڕۆماندا. ئەو جەلادەی کە

هەموو سیفەتێکی نامرۆڤایەتیی دەدرێتە پاڵ و دەکرێتە نموونەیەك بۆ ڕیسوا بوون و سەرکۆنە کردنی هەڵوێستێکی دژە مرۆڤایەتی، خوڵقاندنی وێنەی ئەفسانەیی جیابوونەوە و دابڕانە لەنێوان ئەوانی پاڵەوانیان کردووەتە قوربانی و وەك جەلادێك وێنەیان لە ڕۆمانەکەدا بزرە گەر بە هەموو لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بچینەوە کەسایەتییەك ناکەوێتە بەرچاو کە ئەو دەورە بگێڕێ و کەسایەتی کوژراو بکوژ و کوژراو و تاوان و سزای خۆی وەك وێنەیەك لەلادانییە. ئەوەش تەکنیکێکی پتەوی ڕۆمانی نوێیە کە بابەتی سەنتەری دەخاتە پاڵ بابەتی پەراوێزی، هەرچەندە ئەوەی مەبەستمانە بەتەواوەتی دەرخستن و کردنەوەی ماناکانی ئەم لایەنە نییە، بەڵکو بە تەواوەتی مەبەستمان دەرخستنی ڕەگەزەکانی ئەو گوتارەیە کە کەسایەتی چ شوێنێکی تیادا داگیر دەکا، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە لەو کاتەی هەست دەکەین لە حاڵەتێك لەبیرکردنەوە و نائاگایی تەواودا کۆمەڵگەیەك بکوژانی خۆی و وێنەکانی بکوژی وەك پێناسێك لەلادانییە و قێز لەوە دەکاتەوە هەوڵی بەخشینی وێنەیەك بدات بۆ کەسایەتی و تەنانەت هەوڵی ئەوەش بدا پێناسێك و زانینێکی پێ بێ بۆ بەرامبەرەکەی. ئایا ئەم حاڵەتە چییە کە باڵ بەسەر کەسایەتیدا دەگرێ، کەسایەتی هەر لە سەرەتاوە لە پەیوەندیی خانەوادەیی و کۆمەڵگەیی و زاتی خۆی بەگومانە و هەر لە سەرەتاوە نە خۆی و نە کۆمەڵگە و نە ئەوانی تر دەناسێ وەك گێڕانی دەورەکانی پاڵەوان و قوربانی، ئەو تەنیا لە پرسیارەکانی دوای ڕووداوەوە سەیری دنیا دەکا بەبێ ئەوەی تەنانەت بەتەواوەتی دەرك بەهیچ پەیوەستێکی قووڵتر بکا لەو پەیوەستانەی کەسانی دی هەیانە بەژیانەوە، ژیانی خانەوادەیی لەلای پاڵەوان ژیان پێکەوەیی، ژیان و ئارامی و هەستکردن بەجوانییەکان. هەموو ئەم مانایانە لەلای ئەو وەکو وەهم و ئەفسانە وێنەکێشراون لەو کاتەی تەنیا هەر دەربڕینی زاتی دەکەن لەگەڵ ئەو بارە ڕاستەقینەیەی کە دەشێ لێیانەوە پرسیار لە سیمای قوربانی و جەلاد یا بکوژ و کوژراو بکەین.

لێرەوە ئیتر ڕۆمان میکانزمێکی تێدا بەرجەستە دەبێ کە تاکو کۆتایی، پاڵەوان لەم شکستییەی نەزانینی بیر و شوێنی خۆیدا دەژی لە بوونێکی نامۆ و پڕ لە وەحشەت و نامرۆڤایەتیدا، کە پاش ژیان و خوێندنەوە، پرسیار لەو وڵاتە نییە وەك شوێنێك کە دەشێ مرۆڤێك بە کەشی بە تارمایی بووندا بەرێ، یا بەنێو دنیایەك لە تارماییدا بەرێ، بەڵکو پرسیارەکە دەچێتە ناواخن و ئەو ناوەڕۆکەی کە بکوژ، کەرەستەکانی کوشتن و

دیلکردنی هەروەك وڵاتێکی کە تارمایین و مرۆڤ ناتوانێ وێنەیەکی تەواو ناسیاویان پێ ببەخشێ لەو کاتەی ئەو وڵاتە و تارماییەکانی بەشێوەیەك کەوتوونەتە زەینمانەوە کە نەدەموچاو و نەشوێن و نە شێوازەکانی کوشتنیان دیارنین و لە هەموو پێناسێك و لە هەموو وەسفێك دەردەچن. ئەمەش بەڕای من خولْقاندنی ئەفسانەیە لە کۆمەڵگەیەکی بکوژاندا، کە نە قوربانی بکوژ دەناسێ و نە بکوژ قوربانی دەناسێ، هەردووك دەورێك دەگێڕن لە بارودۆخێکی زۆر نامرۆڤایەتیدا. لە ڕاستیدا ئەم دەورانە کەوتنێکی بە کۆمەڵی ئەو بەهایانە دەنوێنن کە تیایدا هەموو کاتێك تاکەکان نایانەوێ و ئارەزوویان لە دروستکردنی وێنەیەك نییە بۆ بکوژان، ئەمەش گەلاڵەیەکی مێژووییانەی لەسەر بیرکردنەوەی تاکدا هەیە بەو مانایانەی کە پەیوەست و کێشەکانی مرۆڤ دەنوێنن لە ژینگە و زەمەنێکی دیاریکراودا ئەگەر یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی نوێی دوای جەنگی جیهانیی دووەم، دەرخستنی کەسایەتییەك بێ کە لە شارستانێتی بە میکانیزمکراودا ژێر پێکراوە، بەپێی ڕایەکی «ناتالی ساروت» لە کتێبی «سەدەی گومان»دا ئەوا وێنەی کەسایەتی کە لە نێوانی واقیع و ئەفسانەدا گوزەر دەکا و، قەت وێنەیەکی گونجاو و تەبا ناخاتە زەینمانەوە، ئەمە باری ئەو کەسانەیە کە لە ناوەوەی خۆیان جیهانێك هەڵدەگرن، جیهانێك کە پڕە لە حەسرەت و بێ بەشی و نائومێدی. هەروەها پڕ لە تایبەتمەندێتی زاتی و دەروونی و ناتوانین لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا هاوتاییەك بخوڵقێنین. ئەم نوشوستییەی پاڵەوان پەیوەندیی بە ئامادەیی شەڕخوازی و ئاشتیخوازیی کەسایەتی خۆیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سەرتاپای ژینگە و مرۆڤەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتێکی ژیاوە و لە هەمان کاتدا لەبیرکراودا دەژین. ئەمەیە ئەو وێنەیەی کە ڕۆمان لە دوو توێی کەسایەتییەوە وێنەی دەکێشێ و ئەوەندە تیایدا ڕۆدەچێ کە هەست بکەین ئێمەش تیایدا ڕۆدەچین و پاش ماوەیەکی زۆر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لە خۆمان ناپرسین ناوی کەسایەتیی ڕۆمانەکە چییە؟! ئەوانە کێن کە دەوری بکوژان دەگێڕن؟!! ئەمەش پێوەندییەکی بەهێزی بەو ناوەندە بابەتی و بەو چەمکە گشتگیرییەوە هەیە کە نووسەر کاری تێدا دەکا.

٤- گەڕان بەدوای بەخشینی وێنەیەك بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی تێکدەر (بڕوانە تیۆریی بنیاتی شاراوە ل٢٨)، وەك کاکڵەیەکی گەوهەری کە فۆرەلەی وێنە جیاوازەکانی دەق بکا لە بنیاتێکی یەکگرتوو بۆ ئەو گوتارەی هێز بە ئاخاوتن دەدا، لایەنێکی شاراوەی وزەی دروستکردنی مانا نوێیەکانە، ئەو مانایانەی چیتر لەو زمانەدا بوونیان نییە

و وەك كارلێكی خوێندنەوە و بەخشینی وێنەیەك بۆ خوێندنەوە خۆیان دەخەنە بۆچوون و تێرامانەوە، ئاخۆ ئەوە ئەو قوربانییەیە كە كەللە سەرێك لە سەرسینگی دێتە خوارەوە و داروبەرد و دیواری لێ دەبێتە تارمایی و دەنگ یاخود ئەوە ئەو ئەفسانە پڕ لە وەحشەتەیە كە مرۆڤ لەو ژیانە بار و بە سیستەمكراوەی ئەمڕۆیدا بۆ مرۆڤی دروست دەكا ئەمەش سەرچاوەی لەو پرسیارەوەیە ئێمەی خوێنەر دەشێ بەشێك بین لەو ژیانە لەو كاتەی هێماكانی ئەفسانە وەك كارلێكی زایەندەیی وێنەكان بەدووی شوێنەكانیاندا دەگەڕێین لە زاتی خۆماندا.

لە ڕاستیدا ڕۆمان بەدووی بەسەرهات و باری دەروونیی كەسایەتیدا ناگەڕێ لە دەرەوەی بۆچوونەكانمان بۆ ژیان. ڕۆمان تیشك دەخاتە سەر ئەو بارە وێنەییە پڕ لە ئەندێشەییەی كە ئێمە تێیدا دەژین، هەروەك ئەوەی هەموو زانین و مەعریفە و هیواكانی مرۆڤ وەڵامی پرسیارێكی تاكی لەلادا نەبێ لەو كاتەی لە خۆی دەپرسێ «من بۆچی لێرەم». ئامادەبوونی یا بوونی پاڵەوان وەك مرۆڤێك لە ناوەندێكدا ئامادەبوونی وێنەی خۆمانە وەك مرۆڤێك لە بووندا، كە ئەوەندە شكۆمەندی و سەروەری بەو ژیانە و بەو بوونە دەبەخشێ و ئەوەندە دەوری خواوەند دەگێڕێ كە هەموو بوونەكانی تر دەخاتە خانەی لە بیركردنەوە، دەیخاتە ئاستێك لە بوونەوە كە هەموو ئەو ڕاستییە شاراوانەی ئێمەی مرۆڤ لەسەریان ڕاهاتووین، هەموو لەبەرچاوماندا زەق دەبنەوە.

ئەمەش پەیوەندیی بە گۆڕانێكی سەیرەوە هەیە لە كەسایەتیدا، هەروەها لەو پەیوەستانەی بە دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە.

٥- پێكداهاتنێكی سیحری لە كەسایەتی واقیعی و كەسایەتی ئەفسانەیی و ئەفسانەیی- واقیعی و زۆریی ڕاڤەكانی نووسەر لە زمانی كەسانی دیەوە وادەكەن، كەسایەتییەكی فرەوێنەیی بكەوێتە ڕوو، لەو كاتەی ئەو نە بە تەواوەتی لە واقیعدا دەتوانێ بژی و نە بە تەواوەتی دەتوانێ لە ئەفسانەدا بژی. ئەو دەیەوێ خۆی لە هەموو ژیاوەیەكی ڕامگیرانە دابڕێنێ، ئەو دەیەوێ هیچ پابەندییەكی واقیعییانە و تەباییانەی لەگەڵ دەرەوە و ناوەوەی خۆیدا نەبێ. چەندن ئەوانەی لەلا كۆڵان و ناوبازار و چەند بوون ئەوانەی لە زیندانە تاكە كەسییەكاندا هەموو تەباییەكی عەقڵی و هەموو ژیاوەیەكی دیسپلینكراوی كۆمەڵایەتییان لەبیرچوو تووشی شڵەژانێكی دەروونی و تێكچوونێكی زەینی وابوون كە لە هەموو پەیوەستێك دابڕان، ئەمەیە هەقایەتی واقیع كە بە ئەفسانەدا گوزەر دەكا، لەو كاتەی مرۆڤ مافی

خواوەندێتی بە خۆی بە ڕەوا دەبینێ و یاری بە چارەنووسی تاکەکان دەکا و ژیان بەرەو ئەفسانەیەکی دۆزەخانی دەبا، بەڵام کەسایەتی هیچ هۆگرییەکی بۆ هیچ جیهانێك نییە، نە ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە نە بەو بارەی ئەو تیایدا وەك بوونێك بە جەستەیی و زەینی دەتوانێ هیچ پێگیری دۆزینەوەیەك نە لە شوێن و نە لە زەمەن و نە لە پەیوەستەکاندا بدۆزێتەوە. ئەمەیە ئەو ئەفسانانەی کە مرۆڤ دەکاتە هەبوونێك کە لە هەموو مافێکی بە مرۆڤبوونی دادەبڕێنێ. کوانێ ئەو خەونانەی هەموو بوونمان دەگرنەوە و دیلمان دەکەن و قەت نایانەوێ ئازادبین! کوانێ ئەو بوونەی لە ئازاری پرسیاری بکوژەکان ڕزگارمان دەکەن و ڕەوایەتییەك بە ژیان بە مردوویی دەبەخشن؟! هەموو وێنەیەك بۆ بوونی مرۆڤ، وێنەیەکی فرتوفێڵاوی و پڕ لە درۆی گەورەیە.

ئەو درۆیانەی بە هەر هەڵبژاردنێك بێ کامەرانمان دەکەن، ئەو درۆیانەی مردن بە ڕەوا دەبینین، مردن تەنیا پەککەوتنی جەستە نییە، مردن دابڕانی جەستەیە لە بوونێکی واقیعیی ئەفسانەیی، کە هەرگیز خۆی لە یادەوەریی نەوەکاندا دووبارە دەکاتەوە، ئەوسا دەپرسین مرۆڤ چەندێك لە دەوری کۆمێدییانەی خۆی خیانەت لە بوونی خۆی دەکا، ئەوەی لەم بارەیەوە لە ڕۆماندا بە ڕوونی دەردەکەوێ، جێنەگیربوونی هیچ بەهایەکی نە گیانی و نە جەستەیی و نە ئامادەییە کە مرۆڤێك وەك حوکم لەسەر دراوێك لە ژیاندا بتوانێ بۆچوونێکی لەلادا دروست بێ. نوشوستی و کەوتنی کەسایەتیی پاڵەوان لە پەیوەستەکانی بەدەرەوەی خۆیدا لەو ساتە بەردەوامانە دایە کە ئەو ناتوانێ لە هیچ واقیعێکی خەیاڵی و ژیاوەیی هیچ وێنەیەك نە بەخۆی و نە بەجیهان ببەخشێ، ئایا بۆچی کەسایەتی لە ڕۆماندا ناتوانێ بوونێکی چالاکانەی لەم بوونەدا هەبێ؟!

خوێندنەوەی پاڵەوان وەك بۆچوونێکی چەسپاو لە بیردا کە بتوانێ سیمایەکی دیاریکراوی پێ ببەخشێ، هەر لە سەرەتاوە هەموو پاساوەکانی لە دەست دەدا لەو کاتەی لە هیچ پۆلێن کردنێکی ڕەوشتی و ئەدەبی و زانستیدا ناتوانرێ باوەڕێك، باوەڕێکی دیار بۆ کەسایەتی بگەڕێنێتەوە. ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە کە لە سەرووی هەموویانەوە، ڕۆماننووس لەو بەهایانەی کە بەبیرکردنەوەی خۆی دەبەخشێ، کاتێك دێتە سەر بارێکی ڕاڤەیی بۆ پۆرترێتی ڕەوشتییانەی کەسایەتی، لەو گەورەترین گێڕەشێوێنی وێنەی دەکێشێ، لە گەورەترین گێڕەشوێنیی دوو سەرەیی نا هوشیاری، لەو کاتەی پاڵەوان وەك کوژراوێك وێنەکێشراوە، هەروەها وەك بکوژێکیش وێنەکێشراوە، لەو

کاتەی پاڵەوان وەك زاهیدێك وێنەكێشراوە، وەك شەهوەتبازێك لە ئارەزووەكانی بۆ دنیا وێنە كێشراوە، لەو كاتەی وەك مرۆڤ دۆست و قوربانیەك وێنەكێشراوە، هەروەها وەك كەسێكی بكوژ وێنە كێشراوە. ئەمانە و چەندین وێنەی دووسەرەی تر ئاماژەیەكن بۆ كەسایەتییەك نەك لەلایەنی بەهایەكی شارستانێتی و میكانیزمەكانی بە نامرۆڤكردنی مرۆڤەوە ژێر پێ خراوە، بەڵكو لەگەڵ ئەوانەشدا لە بوونی كەسایەتی وەك قوربانی كوژراوێك بێ پەناگە و دڵنەوایی وێنەكێشراوە. ئەمەش چۆنێتیەك دەخاتە بەردەم تێگەیشتنمان لە دەق وەك بنیاتێكی قورس و ئاڵۆز كە بتوانێ چەند بۆچوونێك لەلای خوێنەردا دروست بكا. كوشتن لە گۆڕستان، هەروەك ئامادە بوونە لە بوونێكی وادا كە هیچی لە گۆڕستان كەمتر نەبێ، دێیە ڕووخاوەكان زیندانەیە كەسیەكان زیندانەكانی خەیاڵ، زیندانەكانی ئەوانی تر، زیندانەكانی بوونێكن كە تەنیا مردن بەرهەم دێنن هەروەك ئەوە بوون خۆی لە خوێن گۆڕستانێك بێ كە مرۆڤ دەرك بە سەرەتا و كۆتاییەكانی نەكا ئەمەیە ناوەڕۆك و كڕۆكی ئە و بنیاتە ماتبووەوەی كە وەك ناوەندێك وایە لە نێوانی ئەو زەمانە ڕووكەشەی كە تۆماری گوتاری سەروەری دەق دەكا لە ئاڵوگۆڕێكی زمانەوانیی تێكهەڵكێشدا داوەچنی بنیاتی زمانێكی تری دەق دەكا كە لە دواییدا دێینە سەری.

٦- زۆریی ئاخاوتنی كەسی گێڕەرەوە هەروەك زۆریی ئەو شایەتانەیە كە بەجۆرە نامۆییەكی تەواوەوە لە كەسایەتی دەڕوانن، زۆریی دەنگەكانی زمانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا ئەو ڕێگەیەیە كە ڕۆماننوس دەرفەتی فرە خوێندنەوەی دەخاتە ڕاڤەوە.

ئەو خوێندنەوەی بەجارێك پەڵكێشی دەرەوەی بیركردنەوەی خۆت و ئامادەیی زەینی خۆت دەكا، ئەو دەنگانەی هەر یەك لە جیهانبینی خۆیەوە دەڕوانێتە كەسایەتی گەر بێتو هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا كەسایەتی گوتارێكی وێنەیی بارێكی بوون بێ ئەوا ڕۆماننووس هەروەها ئەو دەرفەتەی بە خۆشی داوە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمەدا، ڕۆبچێتە دەقەوە، كە هیچ چەسپاوێك و هیچ لێكدانەوە و ڕاڤەیەكی نەگۆڕ بوونی نەبێ و بەو شێوەیە بكەوێتە دووی وێنەی كەسایەتی و ئەو گوتارەی لێوەی بنیاتی دەنێ لەگەڵ پەرەپێدانی بۆچوونەكانیدا پەیوەستەكانی بەزمانی دووەمی دەقەوە بنیات بنێ. بەو ڕادەیەی هیچ پێشبینییەك بۆ خوێندنەوە نەكرێ هەروەكو چۆن هیچ پێشبینییەك بۆ كۆتایی نەكرێ، ئەمەش دەركردنی ڕۆمانە لەو قاڵببەندییانەی بۆچوونی حازربەدەست لەلای خوێنەر دروست دەكەن، هەروەكو چۆن ئاماژەیەكە بۆ ئاگادار كردنەوەی خوێنەر

کە بە ئامادەیی زانینی باوی خۆی خوێندنەوە و حوکمەکانی کۆتایی پێ نەهێنێ، ئەمەش لە بناغەوە دەچێتە سەر کێشەی کەسایەتی و هەڵوێستی گۆڕاو و دوو سەرەی بۆ ناوەوە و دەرکەوتنی خۆی بەسیفەتی بەشبەش بوونی خود لە بوونێکی ناسروشتی و نامرۆڤایەتیدا و ئامادەبوونێك نییە بۆ کەسایەتی کە ئەگەری بردنەوەی هیچ خەونێك لەلای مسۆگەر بێ، هەر بەو ئامادە بوونە ناسروشتییە لە بوونێکی ناسروشتیدا، نەك وەك جەستە بەڵکو وەك وێنە و حاڵەت.

لێرەوە ئیتر هەموو گوتراوەکان بەرەو سەرچاوەکانی هۆکاری نووسین و سەرچاوەکانی، بەرهەمهێنانی مانا دەگەڕێنێتەوە ڕۆچوون، خزان بەرەو ماناکانی ئەودیوی ماناکانی زمانی سەرەوەی دەق بەجوانی خۆی دەئاخانێتە دەقەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بە حاڵەتێکی تری دەقەوە، یاخود پەیوەستە بەو پێگەیەی نووسەر لێوەی بیر دەکاتەوە، ئەم ڕووتکردنەوە سەرەتاییانە ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ گواستنەوەی خوێندنەوەمان بەرەو ئاستێکی تر لە ماناکانی دەق و چۆنێتیی بنیاتنانی کە دوو لایەنی گرنگ دەگرێتەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ بنیاتنانی بۆچوونێکی کامڵ لە خوێندنەوەی زمانی بزر و نائامادەی دەق کە ئەم ئاستانە دەگرێتەوە:

١- میکانیزمە بەرهەمهێنەرەکانی نووسینی مانا و بنیاتنانی مانا لە دەرەوەی ناوەڕۆك و بابەتی دەق.

٢- ئەو وێنەیەی کە لە کۆتایی هەموو کێشە و پیکداهاتنەکانی دەق لە لاماندا دروست دەبێ.

لێرەدا بە پرسیارەکانی خوێندنەوەدا دەچینەوە، ئاخۆ ئەوە لە ناوەڕۆکی بابەتییانەی دەقدا، پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە چی دەمێنێتەوە، لە یادەوەریمان؟! ئاخۆ ئەوە بابەتی دەقە پاش خوێندنەوە، وێنە کاریگەرەکانی یادەوەریمان پەیوەست بە کێشەکانی ڕۆمانەوە زیندوویێتی خۆی دەپارێزێ؟!

نەخێر ئەوە یەك ڕێچکەیی و یەکێتی بابەتیانەی دەق نییە کە لەسەرەداوێك لە زمانی دیاریکراو و تایبەت لە کەشی پاراستێکی تەبایی مانادا زەینمان بەرەو حەسانەوە و سارێژکردن دەبا، بەڵکو هەر وێنەیەك بۆ ماناکانی ڕۆمان کە لە ناوەڕۆکەوە سەرچاوە بگرێ، بەبێ گەڕانەوە بۆ جیهانی زمانێك لە دەرەوەی دەق ر پەیوەست بە چۆنێتیی نووسینەوە، هەموو گومانەکانی کەسایەتی وەك ئامادەیی بوونێك دێنێتە سەرخۆی،

دەشێ ڕۆمان هەروەك دەقێكی ئەدەبی لە تەنیا لاپەڕەیەكدا نموونەیەك، شێوەیەك لەو چۆنێتییەمان بۆ ڕوون كاتەوە وەك هەڵبژاردنێكی ئەو خاڵانەی باسمان كردن و ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتەی باسیان دەكەین مەبەستیشمان لاپەڕەی (٤١)ە كە دەڵێ: (دەرگاكە) تەواو شێوەی مرۆڤی لەبەر چاودا وەرگرتبوو وەك بەرامبەر ئادەمیزادێكی لە خوێن و گۆشت دروستكراو وەستابێ جوێنی پێ دەدا.

باوك كەران گای دایك واو والێكراو بۆ خۆت هەوی. بۆ من نە ئەوسا هیچ بووی و نە ئێستەش. ئەوەتا بە چاوی خۆت بینیت بۆم دانەهێنای... دڵڕەقی و گەورەیی و بێ ویژدانیت نەیتوانی سەرم پێ دانەوێنێ... نیو سەدە و نیو ڕێت پێ وون كردم و نەتهێشت لەسەر ترۆپكی بەرامبەر بە عەرشی خوا ئاگری لە دایكبوون و نوێ بوونەوە داگیرسێنم... هتد).

لەم پەڕەگرافەدا كرۆكی وێنەیی گوتار لە شێوەی بەرجەستەییەكەیدا چڕ دەبێتەوە، هەروەكو چۆن نەخشەیەكی سەرەتایی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان دەكەوێتە بەرچاو، هەر لەم ئاخاوتنەی كەسایەتییەوە چەند ناوەندێكی بیركردنەوە داڕێژراوەكە لەسەرجەمدا دەربڕین لە (دابڕان، گۆشەگیری و تەنیا، نۆستالژیا، وەهم و خەیاڵ) لە چوارچێوەی ئەو بارەدایە كە كەسایەتی تیایدایە. ڕۆمان هەروەك دەربڕینی ئەو زیندە خەون و لەو ژیانە مردووە بكات كە كەسایەتی هەر لە سەرەتاوە خۆی تیایاندا دەخواتەوە، تێكهەڵكێشی وێنەیی لە دوو توێی جیهانە دژ بەیەك و ناتەباكانەوە شەپۆڵ دەدا، هەست دەكەی وێنەیەكی جێگیر لە زەیندا دروست نابێ. هەر وێنەیەك ئەوەی پێش خۆی دادەڕمێنێ و بابەتی وێنەیی سیحرەكانی ناوەڕۆك بەتاڵ دەكاتەوە، گوتار لە گێرەشێوێنیترین شێوازدا خۆی دەردەخا كە هەموو سەرچاوەیەكی تەبایی چوونەوە سەر بزر دەكا، تەنیا سەرچاوەی ئەو وێنانە نەبێ كەلامان دا لە یادەوەریی پاش بیركردنەوەدا لە لامان دەمینێن.

لێرەوە خوێندنەوەی كۆتایی دەركەوتن و سەركەوتنی پرسیارەكانی دەق لە خولگەیەكی وێنەییدا زنجیر بەست دەبێ، ئەو زنجیر بەستییەی لە ناوكێكی پڕ لە جووڵە و نەچەسپاودا سنوورەكانی نێوان ئەفسانە و واقیع دەسڕێتەوە و ڕۆمان ئاماژەیەك بەو وێنەیە دەدا كە ئێمەی مرۆڤ تیایدا دەژین، هەروەك ئەوەی ئێمە نە منداڵی ئەفسانە و نە منداڵی واقیع بین. هەر لێرەوەش كەسایەتی یوتوپی دەق و سەرهەڵدانەوەی بەردەوامی لە حاڵەتی جیاجیای وێنەیی داماڵدراو لە هەموو زمانێك خۆی دەئاخنێتە زەینەوە، ئاخۆ ئەوە

وێنـەی چـاکـەخـوازی و ئـاشتـیـخـوازیـی کـەسایـەتـیـی یـەکـەمـی ڕۆمـانـی (گـەوجـە)ی دۆستۆفیسکییە کە لە زەینماندا دەمێنێتەوە یا ئەو هاوسۆزییەی ئێمەیە لەگەڵ کەسێکدا کە وامان لێ دەکا.

ئـێمـەش ببـیـنـە کـەسێك لـەو ڕۆمـانـە و بـچـینـە بـەرگی پـاڵـەوانـەوە، ئـەو وێنـە پڕ لـە خۆشەویستییەی پـاڵـەوان، ئـەو هـاوسۆزییـەی ئـێمـە، ئـەو بـەهـەند هـەڵگرتنـە بـابـەتییە، ڕاستیەکی تری لە پشتەوەیە. ئەوەش کەوتنی هەموو بەهایەکی جێگیر و کەوتنی هەموو خـەسڵـەتـێکـی یـەکگـرتـووە لـەوانـی دیـدا، ئـێـتـر پـاڵـەوان لـەم نـەگونجانـە زێدەڕۆیـەیدا، پەرەدەسەنێ، ئاخۆ ئەوە دەوری پاڵەوانێتی و هەڵوێست و سوور بوونی (ئەنتیگۆنا)ی جان ئانۆیە کە وامان لێ دەکا سیمایەك یا خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی بە یادەوەری خوێندنەوەی ئەو کەسایەتییە ببەخشین و لە زەمەنی جیاجیادا هەر لەگەڵ ناوهێنانی پاڵەواندا بێتەوە، بەرچاومان وەك کەسایەتییەك کە تا ڕادەیەك خۆشەویستی ژیان بە مردنەوە خۆی دەلکێنێ، یاخود سەرکەوتنی نەخشەکانی سیاسەتە کە لە کەسایەتی کـیـۆنـدا وەك بـەربـەستـێکـی ڕەتـکـەرەوە مـردن لـە دەسەڵاتـەوە دادەسەپـێنـێ، نـەخـێر کەموکورتییەکان تەنیا لە بابەتدا نین، بەڵکو لەو شێوە و لەو سیمایەدان کە کەسایەتی ئەنتیگۆنا هەڵیان دەگرێ کەموکورتییەکان لە سروشتی خەڵقبووندان. نەك لە سروشتی دوای خەڵقکردنەکان.

ئەمەیە ئەو وێنەیەی کەسایەتی و ماناکانی دەق یەك دەخا.

هـێنـانـەوەی ئـەم نموونـەیـە تـەنـیـا بۆ گـەیشتنـە بـەو حـاڵـەتـە جـیـاکـەرەوەی کـە پـاش خوێندنەوە، ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی) لەلاماندا دروستی دەکا.

یوتۆپیای سەرهەڵدانەوە و ماتبوونەوەی پاڵەوان، ئەفسانەی کەسایەتی ئابلۆقە دراو بە تارمایی واقیع و خەیاڵ.

یۆتـۆپـیـای مردن و سەرهـەڵدانـەوەی هـیـواکـانـی، یۆتـۆپـیـای کـەسایـەتیی دوو سەرە و ئامادە بۆ هەڵگرتنەوەی هەموو خەسڵەتێك، یۆتۆپیای خۆشەویستی و لێبووردەیی و ڕق و پەشیمانی و تۆڵە سەندنەوە، سێ ئاست لە زمانی ئەو ئاخاوتنەی گوتاری لەسەر دامەزراوە لە شێوەی وێنەیەکدا پاش خوێندنەوە لە یادەوەرماندا دروست دەبێ.

١- تێکدانی خەسڵەتی تەبا و گونجاو، تاك بەهایی لە کەسایەتی و بابەت و زمانی ئاخاوتن.

٢- خولقاندنی ناوەندەکانی گواستنەوەی مانا لەم ئاستەوە بۆ ئاستێکی تر، ئەو ناوەندانەی میکانزمێکی نەچەسپاو و وێنەیەکی نەچەسپاو بەکەسایەتی دەدەن.

٣- میکانیزمی کارلێکی ئەو دوو خەسڵەتەی ڕۆمان بۆ فۆرم لە کردنی ئەو بنیاتەی کە بتوانێ یەکگرتنەوە لە جیاوازییەکان، یەکگرتنەوە لە دابڕانەکانی دەق، بکاتە وێنەیەکی کۆتایی بۆ کەسایەتیی ڕۆمان و ئەو جیهانەی تیایدا دەژی.

یەکەم دەقنووسیی نووسەر لە زماندا نییە بەو مانایەی چۆن دەقێك دەکەوێتە خولگەکانی بیر لێکردنەوە، ئەوەی نووسەر هەموو توانا و وزەیەکی زەینی بەزمان دەبەخشێ و هەموو ئەو وزانەی کۆ دەکاتەوە، ئەو وێنە نائامادەیە کە سەرتاپای کردارەکانی نووسین دەگرێتە خۆی، شێوازی زایەندەیی پێکهاتەیی زێدەڕۆییانەی دەق لە وێنەکێشانی کەسایەتیدا وێنەیەك نییە بەدەربێ لە هەموو ئەوا واقیعەی تیایدا دەژین، هەروەك چۆن بەدووریش نییە لەو ئەفسانانەی سەرتاپای ژیانمان دەگرنەوە و ئێمەی مرۆڤ وەك واقیع مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین «نەفرەتیی خواوەندەکانی یۆنانی و نەفرەتەکانی تەلەسم و سیحربازەکان نەفرەتی نزاو پیاوچاکان» ئەفسانەیەکن لە زەمەندا بەتاڵبوونەوەتەوە و مرۆڤ. ئەو مرۆڤەی ڕێگاکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانی دەسەڵاتداریتیی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرن. ئەو هەموو ئەفسانەکان دەخاتە واقیع، هەموو شکۆمەندییەکانی وەرگرتنەوەی دەورەکانی بەو دەسەڵاتەی خۆی دەبەخشێ، ئەو لەبەیەکگەیشتنەوەیەکی «ئامادە- بزر» حوکم و نەفرەتەکانی بەسەر مرۆڤدا دەنوێنێ، دەسەڵات دەرخستنی سیماکانی کەسایەتیی دیکتاتۆرو بکوژ و جەلادنییە بەڵکو خولقاندنی سیستەمێکە بۆ ژیان کە تاکەکان گۆڕان بەسەر هەموو خانەیەکی بیرکردنەوەیاندا دێ، هەموو شوێنەکان و ساتەکانی ئارامی لەدەست دەدەن.

کوژراو و قوربانی لە کۆتایی هەموو وێنەکانی خۆیدا، ئەو کەسە نییە کە سیمایەك لە کەوتن و تراژیدیای بابەتی بەرهەم دێنێ، بەڵکو لەژێر ئەو ئابڵۆقانەی بکوژ دای دەهێنێ، لەوەدا گیر دەخوا چ وێنەیەکی خودی خۆی لە شوێندا بچەسپێنێ، لە ڕاستیدا بکوژ کوژراو هەردوك هەر حاڵەتێکی وێنەیی جێنەگیر و گۆڕاو دەخەنە دەرەوەی خۆیان، ئێمە دەخوێنینەوە دیکتاتۆرێك لە ئەفریقیا گۆشتی قوربانییەکانی دەخوارد. ئێمە دەخوێنینەوە زیندانییەك سەری خۆی بەدیواردا کێشاو کەللەی خۆی تەقاندەوە. ئێمە هەمیشە دەخوێنینەوە، بەڵام وێنەیەکی تەواومان بۆ ئەو ڕووداوانە نییە کە لەناخی ناخەوەمان باوەڕمان پێیان باوەڕێکی نائاگایی کامڵە، دوو هەزار ساڵە عەقڵانییەت و

شارستـانـیـیـەت چ وێـنـەیـەکـمـان پـێ دەبـەخشێ بـۆ مـرۆڤ؟! کـەسایـەتی هـەمیشە خۆی دەلاوێـنـێـتـەوە و هـەمـیشە ئـارەزوو حـەز و خـەمـەکـانـی بـەرەو ڕووی ئـەوانـی تـر دەبـا، کـەسایـەتی گـومـڕاییـەکی و گێرەشێوێنی قوربـانـیی ئـەو وێـنـانـەیـە کـە دەسـەڵاتـدار وەك سیستـەمـێك بـۆ بـەڕێوەبردن دەیـخـاتـە گـەر بکوژ و قـوربـانـی هـەردووك قـوربـانـیی ئـەو وێنەیەن کە هەریەکە و دەبێ دەورێك بگێڕێ، دەبێ بڵێن وێنەکانی خۆی بۆ دنیا بچەسپێنێ، ئەمەش ڕوون بونەوەی حاڵەتێکی سەیرە لە سروشتی مرۆڤ، هەروەك ئەوەی لە وڵاتێکدا هەموو پاساوەکانی مێژوو، هەموو نزای تاکەکان، هەموو هەوڵی گەلان، هەموو ڕاستییەك دیکتاتۆرێك نەگەینێتە ئەو باوەڕەی کە دەستبەرداری جەنگ و کوشتن بێ، کە دەستبەرداری کاولکاری و وێران کاری بێ!! ئەمەیە ئەو وێنەیەی کە پاش هەموو ڕووداوەکان کەسایەتی بکوژ هەڵی دەگرێ و ڕۆمان تەنیا وێنە جێماوەکانمان بۆ جێ دێڵێ. ئەمەیە وێنەی قوربانییەك کە تا دوا لاپەڕەکانی ڕۆمان لە خۆمان دەپرسین چ وێنەیەك بۆ ئەو کەسایەتیە وێنە بکێشین؟!

لەم سەرەتایەوە ئەوە ئاشکرایە چارەنووسی کەسایەتی پاپەندی یارییەکان و حەزەکان و مەیلە جیاوازەکانی سنووربەندیی حوکمڕان و حوکمکراوە. هەموو خەونەکان هەموو بینینەکان، هەموو ڕاڤەکان، هەموو کردارەکان و هەموو وێنەکان لەم چوارچێوەیەوە لەم پەنجەرەیەوە بەرەو ڕووی دنیا دەبنەوە، ئەم پەیوەستانە پەیوەستی تێکهەڵکێش و تێکەڵ یەکترین کە لە نێوانی چۆنیتی ژیان و چۆنێتیی بیرکردنەوەدا گوزەر دەکەن، وەك ئەو تیشکانەی لە ئاسماندا یەکتردەبڕن، وەك ئەو بازنانەی لە ئاوێکدا یەکتر دەبڕن، ئەمەش میکانیزمیك لە سروشتی مرۆڤ دەخاتە زەینەوە، ئەفسانەی کەسایەتیی بەقوربانی کراو ئەو کاتە دەگاتە ترۆپکی وێنەیی خۆی کاتێك نازانێ لەبەرچی دەبێ.

بچێتە پێستی جۆرێك لە ژیانی داسەپاوەوە، بەو ڕادەیەی لەوپەڕی باوەڕنەکردنی بەو نـامـرۆڤـایـەتـییـانـەی لـە ژیـانیدان، هـەمیشە لـە پرسارکردندا دەژێ. ئـەو پرسیـارانـەی قەتاوقەت لە ڕۆمانەکەدا لە ئاخاوتنی پاڵەوانەوە وێنەیەکی چەسپاو هەڵناگرن. ئەمەش ڕوونـبوونـەوەی دەوری کـەسایـەتـییـەکـە لـە ژیـانـێکـی نـامـاقـووڵـدا کـە ئـەو تـەنـیـا ئـەوەی لـەبـەردەمـە دەقـاودەق و بـێ کـەمـوکـوڕی تـیـایدا بـژی و پرسیـار لـە وێـنـەی خـۆی وەکـو قوربـانییـەك نـەکـا و ڕۆمـان هیچ ئـاخـاوتنێکی لەنێوان قوربـانی و بکوژدا بنیات نـەنـاوە بـەو مانایەی کە ئەوان چ دەورێك دەگێڕن و بۆ کێی دەگێڕن.

ڕۆمان هیچ ئاخاوتنێکی سەد لە سەد واقیعی لەو حاڵەتانە نەبەخشیوە کە تیایدا

پاڵەوان دەکەوێتە وڕێنە و زیندەخەونەوە، نە بەو حاڵەتانەی کە لە ئاگاییەکی دیاردا دەژی، لە ڕاستیدا بزرکردنی وێنە جەستەییەکانی بکوژ و کوژراو وەك کەسێکی ئامادە لە دەقدا لە تێڕوانینی ئەو جیهانبینییەوە بێ هۆکاری نووسین نییە، زمانی دەق لە هەردوو ئاراستە سەرەتایی و ناوەندیەکانیدا ئەوەندەی بە چۆنێتیی بەرچاو خستنی ئاراستە و خۆییانە و نائامادەییانەی کەسایەتییەوە خەریکە، هەر بەقەد ئەوەش بەو وێنە ناجەستەییەوە خەریکە کە کەسایەتییەکانی تێدا دەخاتە جموجۆڵەوە، ئەمەش تەنیا حاڵەتی وەسفیی ڕۆمان نییە کە تاڕادەی سڕینەوەی ناوەڕۆکێکی یەکگرتوو دەچێ، بەڵکو ئەم ئاراستەیە لە ڕۆمان چۆنییەتییەکی ڕوانینمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بە چ شێوەیەك بڕوانینە ئەو کەسانەی کە ئێمەی خوێنەر دەیانخوێنینەوە و چاوەڕوانی حوکمی خۆمان دەکەین لە سەریان بەبێ ئەوەی لایەنداریی نووسەر دەرکەوێ بۆ هیچ لایەنێکی بابەتییانە، ئەو کەسایەتییەکان لەباری واقیعی خۆیاندا دەردەکا بەبێ ئەوەی پێشنیارێکی مەبەستدار بخاتە زمانی نووسینەوە، بەمەش ئازادییەکانی خوێندنەوە بەکراوەیی لەبەردەم خوێنەردا خۆیان دەنوێنن.

بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی سۆزاوی بخاتە ڕستەکانەوە، تەنانەت بەسەر بردنی تەمەنێك لە زیندان ئەو سۆزە ناخوڵقێنێ کە ئێمەی خوێنەر پراکتیکی بکەین، وەك لایەندارییەك بۆ پاڵەوان، بەڵکو ئەوەی لەو تەمەنە دەمێنێتەوە، بەتەنیا هەر وێنەیەکە لە نەزانینی ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤ بەرەو مردن و دابڕان دەبا. ئەمەش دوا داخستنی وێنەی ڕۆمانەکە نووسەر بەشێوازێکی تەکنیکی ناسك چارەسەری دەکا و خوێندنەوەیەکی فرەمانا لە زمانی ڕووکەش و مامناوەندی دەخاتە بەردەستمان و خوێندنەوەیەکی قووڵی تری کۆتاییەکانی ڕۆمان و پەیوەستە بنیاتنەرەکانی دەخاتە ڕوو.

بەڕای من ئەمەش شێوازێکی دەوڵەمەندی نووسەرە کە تەنیا ناوەڕۆك و بابەتەکان گرفتاری ناکەن، بەقەد ئەوەی ئەو وێنانە گرفتاری دەکەن کە بە چ شێوەیەك دەڕوانینە پاڵەوان.

لایەنێکی تری ڕۆمان پەیوەست بە کەسایەتییەوە نەبەخشینی مانایەکی تەواوە بەو کردارانەی کە دەبێ کەسایەتی وەك واقیعێك پێیان هەڵستی، کە دەبێ کەسایەتی چۆن چۆنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆمان و ئەو کردارانەی کەسایەتی دەیاننوێنێ، هەرگیز ئەو کردارانە نین وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەدەرەوە دەبێ یا دەبووایە پاڵەوان پێیان هەڵسایە، لە ڕاستیدا گومان و دوودڵی و نادڵنیایی

پاڵەوان و دەرکنەکردنی تەواوی بەشوێنی زەمەن و زاتی خۆی بەرەو کۆمەڵێك شڵەژانی ناسروشتی دەبا، هەروەك دوودڵی لە دەرچوون لە دەرگای زیندان و دوودڵیی لە کەسوکاری و دوودڵی لەو بەیەکگەیشتنە زۆر کەمانەی بەوانی دییەوە، دوودڵیی لە سەقامگیری، دوودڵی لە ڕابردوو، ئەم دوودڵییانە کەسایەتی دەخەنە بارێکی واوە کە بە تەواوەتی لە دەوروپشتی خۆی ناگا، جیهان بەردەوام دەگۆڕێ، کەسانی تر دەگۆڕێن تەنیا ئەوە نەبێ هیچ وێنەیەکی ڕاستی بۆ جیهان و ئەوانی تر پێ نییە. هەر بۆیە نوشوستیە سات لەدوای ساتەکانی ئەو تارماییانەن کە بەدوایەوەن، بەبێ ئەوەی بیر لەو بارە بکاتەوە لە دەرەوەی ئەم بارە دەروونی و زەینییەی خۆی تیایدا زیندانی کردووە. هەروەك ئەوەی نەفرەتیانی زیندان لە دەرەوەی ژوورە ئاسنینەکاندا لە دەروونیدا بژێ.

هەر بۆیە کردار بەلایەنی کەسایەتیەوە کرداری بۆچوونە چاوەڕوان نەکراوەکانن، کرداری بۆچوونە شێواوە ناماقووڵەکانن کە تاکو ڕادەی بێگەردی دەبنە کەشی ژیانێکی پڕ لە تارمایی بەلایەنی کەسایەتییەوە.

ڕۆمانی وڵاتی تارمایی، هەروەك مێژوویەکی نوێیە بۆ ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی، هەروەك گێڕانەوەی دەوڵەمەندی وێنەیەکە بۆ ئەو مرۆڤانەی بەبێ هەڵبژاردنێکی زۆرەوە، دەکەونە بەر توندوتیژیی زەمەن و مێژووی زۆردارەکانەوە، کە ئەمەش ئەفسانەیەکی واقیعی مێژووییە.

## دەسەڵاتی قەدەغەکردن و مەیلی ئازادبوون لە شایی کوردیدا

لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا، کولتووری دەرەکی و داو و دەستوور و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کورد وێنا دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤی کورد بەحوکمی مێژوو سروشتەکەی هەموو کاتێك ئارەزووی ڕاستەقینەی بەلای ئازادبوونی بیروجەستەیدا دەچێ. ئەو پرسیارەی زۆر جار لەبیرکردنەوەمدا دووبارە دەبێتەوە، بۆچی دەبێ لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا هەموو کاتێك یا بەدووی یەکدا ڕیز دەبەستین، بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕێگە دەگرنە بەر؟ بۆچی لە گەورەترین مانیفێستی کامەرانی و خۆشی و شاییدا دەستی یەك دەگرین و ڕێزدەبین؟ لەنێو سەدان جۆری شایی کوردیدا پاش سەدان ساڵ لە پەرەسەندن و سەدان ساڵ لە زۆربوونی جۆرەکانی شایی کوردی ئەو جۆرانەی کە قاڵبرێژییەکی هونەری و باویان وەرگرت، ئەو شێوازەی کە لەسەر هەموو شێوازەکانی دیکەی شایی کوردیدا زاڵ بوو، هەر ئەو شێوازانە بوون کە تیایدا دەستی یەك دەگیرێ و ڕیز بەندیەو دیوار بەندیەك پێك دێنن، کە بەشێوەیەکی بازنەیی گەورەو بچووك دەسووڕێنەوە و پشت بە جووڵەی پێیەکان دەبەستن بەپێی دەستوورێکی باوی جووڵە. هەموو شاییەکی کوردی ئەوەی لە ئەمڕۆکەدا دەیبینین، دەچێتە دوو توێی ئەو دەستوورە باوو زاڵەی جووڵەوە کە پێیەکان ئەنجامیان دەدەن و لە هەموو ئەم جۆرانەشدا دەست و جەستە وەك دیلێکی ڕیزبەند کراو دێن و دەچن.

## دیل بوونی جەستەو شایی و ئاماژەکانی

شایی ئەو کەرنەڤاڵە دەستە جەمعیە دیسیپلینکراوەیە کە لە بۆنە خۆشەکان بەتایبەتی لە ژن هێنان و ژن گواستنەوە و مارەبڕیندا، تاکەکان بەدەهۆڵ و زوڕناو لەم دوایانەشدا بەئامێری ئۆرگ، دەربڕین لە خۆشیی خۆیان دەکەن، شایی کوردی سیفەتێکی خودی و تاکە کەسیی نییە کە تیایدا تاك بەتەنیا خۆی دەربڕین لە خۆشی و کامەرانی خۆی بکا. لە دەرەوەی ئەم بۆنە تایبەتانەشدا، شایی کوردی تاقە ڕێگەیەکە بۆ سەماکردن کە مەرجی بنەڕەتیی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکەو بەتەنیا کەسێك ئەنجام نادرێ و نە مۆسیقای باو «دەهۆڵ و زوڕنا» و نە ئەو ئیقاع و ئاوازەی کە ئۆرگ دەری دەکا، ئاواز و ئیقاعێك نین کە لەگەڵ سەمای تاکەکەسیدا بگونجێن و هەر لە بنەڕەتەوە سەمای ئەمڕۆی کوردی سەمایەکە مۆرکی بناغەیی دەستەجەمعی بوونە.

لێرەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە مەرجە بناغەییەکانی شایی کوردی، کردارێکی خۆشی بەخشە کە تاك تیایدا هەموو ئازادیەکی مانیفێستی خودیی خۆی لەدەست دەچێ لەو کاتەی بەشداربوون لەو کامەرانییە ئەوە دەسەپێنێتە سەری نەتوانێ وەك تاکێك کە خاوەنی جووڵەو جەستەی خۆیەتی، بەتەنیایی دەربڕین لە ئازادیی جووڵەی خۆی بکا. هەرچەندە نە داو و دەستووری کۆبوونەوە و دەستەجەمعی و دیسیپلینبوون و ڕێکخستنی شایی و نەکولتووری زاڵ، ڕێگە بەتاك نادەن کە لە دەرەوەی ڕیز ئازادیی، تاکێتی ئەو جووڵەکانی بەشێوەیەکی سروشتی وەربگرن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی بە ماقووڵکردن و بەیاساکردنێکی داسەپاوی کۆمەڵایەتی دادەنرێ کە گۆڕانی بۆنییە و دەرفەتەکانی گۆڕانکاریشیان زۆر لاوازو بێ هیوایە. لە لایەکی ترەوە سروشتی شایی کە «دەستگرتنی» یەکتریە سروشتێکی دەسەڵاتداری ڕێکخستنە کە کولتووری قەدەغەکردن دەسەپێنێتە سەر تاك دەستگرتنی یەکتری پەیوەستبوونێکی ناجووڵەیی و لە هەمان کاتدا دڵنیابوونێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەو تاکانەی ترسیان لە دەرچوون لە دیسیپلینکردن و کولتوورو داو و دەستوور هەیە.

چونکە تەنیا ئەو کەسە لەم ڕیزبەندییەی دەستی یەکترگرتن دەربازی دەبێ کە بتوانێ دەستەکانی ئازادکا، بەمەش جەستەشی ئازاد دەکا، دەست لە «دەست یەکتر گرتن» وەك کەمەربەند بوون و کەلەپچەیی بوون وایە، شێوازی دەستگرتنەکەش هەروەك کلیل و کلۆم کردن وایە، کاتێك پەنجەکانی هەردوو دەستی دووکەس دەچنە نێو بۆشاییەکانی نێوان پەنجەکانی ئەوی تر، پێك بەستنەوەیەك کە لێکترازانیان زۆر زەحمەتە و هیچ جووڵەیەکی شایی ناتوانێ ئەو دوو دەستە لێکتربکاتەوە، تەنانەت گەر دەستەکان لەنێو ئارەقەو گەرمبووندا لە نێو نزیکبوونەوەی زۆرینەی جارەکانی جەستەکاندا لەیەکتر ئەو دەستانە دەرفەتی ئازادبوونیان نییە، ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ڕۆچوونی ناڕاستەوخۆ بەنێو کەلتووری قەدەغەکردن و بەندکردنی دەستدا کە ئەویش بە سروشتی خۆی ڕێگەیەکە بۆ پەرژینکردنی جەستە، ئەو جەستەیەی چی تر ناتوانێ هیچ بڕیارێکی ناوەکیی ئازادبوونی خود جێبەجێ بکا و وەك جەستەیەکی دەست و پێ بڕاوی لێ دێ، جەستەیەك کە چی تر خاوەنی خۆی نییە، جەستەیەك نە بیرکدنەوەو نە ئارەزووە پڕ لە گەرموگوڕییەکانی، نە خەون و کامەرانییە ڕاستەقینەکانی ناتوانن لەو دیلبوونەی دەست و دەستەجەمعی ڕزگاری بکەن و تاك بتوانێ جەستەی بەرەڵاو ئازادبکا لەنێو ئەو سروشتەی کە پارچەیەکە لە جوانیی ئازادو کێوی.

جەستە کە سنگ و سەرو مل و ناوقەدە، بەچەندین شێواز بەند دەکرێ و لەوکاتەی دەرفەتی جووڵەی نەماوە و ناتوانێ جگە لە ڕیتمی بەرزبوونەوە و دابەزینی پێیەکان زیاتر کە بەشێوەیەکی ستوونیی یەك جووڵەیی هەستپێنەکراو بەرز دەبێتەوە و دادەبەزێ تەنانەت لەو شاییانەی کە جووڵەی زۆریان تێدایە، جەستە لەیەك دوو جووڵەی ڕێکخراوو دیسیپلینکراو زیاتر بواری ئازادبوونی نییە، لەلایەکی ترەوە، جەستە دەچێتەوە سەر هەمان شێوە جووڵەی کەسە هاوبەشەکان، بەشێوەیەك دەرچوون لە جووڵەی کۆ دەبێتە هۆی تێکچوون و شڵەژانی جووڵەی ئەوانی تر، ئەمەش دەسەلاتێکی تری خۆبەستنەوەو دەسەلاتێکی دیکەی کۆیە بەسەر تاکەوە کە بەبێ هاوبەشیی جێبەجیکردنێکی وردی جووڵەی ئەوانی تر ناتوانێ هاوبەشی لەسەمای کۆ بکات.

هەموو سەمایەك جووڵەی خۆی هەیەو لەلای هەموو نەتەوەکانی دنیا، بەڵام هەموو کاتێك لە لای زۆرینەی نەتەوەکاندا دەرفەتێکی زۆر لە شێوازەکانی سەماکردندا هەیە کەتاك ئازادیی جەستەو سەرو دەست و پێی خۆی دەربڕین لە گەشانەوەو درەوشانەوە دەکا. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، سەمای پیاوو ئافرەت لە شایی کوردیدا نییە، ئەو سەمایەی کە پیاو لەگەڵ هاوسەرو خۆشەویست و مارەبڕو دەزگیرانەکەیدا دەیکاو کەسی تر لەگەڵیاندا هاوبەش نییە. ئەمەش جۆرێکە لە کولتووری قەدەغەکردن و دەسەڵاتی قەدەغەکردن کە ڕێگا لە پیاو و ئافرەت دەگرێ کە بەجووتە سەمابکەن، هەرچەندە لەو داو و دەستوورو کولتوورەدا تەنانەت لە شاییەکی لەو بابەتەشدا قەدەغەیە ئافرەت دەستی بێگانە بگرێ و هەموو کاتێك براو باوك و کوڕ براو کوڕی مام و تەمەن گەورە بۆیان هەیە دەستی ئافرەت بگرن، ئەویش لەم چەند ساڵانەی دواییدا هەندێك گۆڕانکاری بەسەرداهات.

کاتێك شاییەك ئەو مافە لەپیاو و لە ئافرەت بسەنێتەوە پێکەوەو بەجووتە دەربڕین لە ئازادی و خەونی خۆیان بکەن لەو کامەرانییەی کە پراکتیکی دەکەن، ئەوە کولتوورو داو و دەستووری قەدەغەکردنە کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر توانیی جۆرێك، جۆرێکی داسەپاو لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەکەماندا بسەپێنێ.

لەوکاتەی هەموو دەسەڵاتێکی قەدەغەکردن، دەسەڵاتێکی خۆجێیی نابێ و لەکەلتووری داسەپاندنێکی سیاسی و شارستانێتی نەتەوەکانی ترەوە دەبێ، ئەوسا لەوە دەگەین گەوهەری بیری ئازادبوونی تاکەکان لە کۆمەڵگەکە بەدی دێنێ، ئەمیش پەیوەستە بەو پەرەسەندنە سەرتاپاگیریانەوە کە هەموو کردارە ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و

ئابوورییەکانی نەتەوەیەك یا کۆمەڵگەیەك لە سێبەری ئازاد سیاسیدا ئەنجامی دەدەن، بەڕادەیەك تاك دەرفەتی هەبێ لەلایەنە یاساییەکەیەوە کە دەیپارێزێ بەئازادیی خۆی بگا.

هۆکارەکانی بەندکردنی دەست و جەستە، ڕەنگدانەوەی ڕازیبوونێکی گشتییە بەپابەندبوون و ڕێزگرتن لە حیکمەتی کەلتوور پارێزان و ڕازیبوونێکی ڕاستەوخۆیە بەو دەسەڵاتەی ماهیەتەکەی یا گەوهەرەکەی لە چوونەوە سەری وەعزەکانی باب و باپیرانە، ترس بەشێکی گەورەی لە تەسلیمبوونی نەوەکان هەیە، نەوەکان هەتا هەتایە ڕیزبەندو دەستەبەندی ئەو گوتە زێڕین و پڕ لە حیکمەتەی باپیرانن کە دەڵێ نابێ گورگ و مەڕ پێکەوە بژین، نابێ پووش و ئاگر نزیکی یەك بنەوە، نابێ لە دەرەوەی دەستووری باوی کۆمەڵگە لە کوشتنی غەریزەو ئارەزووی نەوەکاندا.

دەسەڵاتی قەدەغەکردن دەسەڵاتێکی کوێری مێژووە، هەمیشە لەگەڵ نەوەکاندا لەشەڕدایە و هەر نەوەیەك بەربەستی نوێنەرانی ئەو کولتوورەیان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، خۆی دەئاخنێتە نێو جلوبەرگ ، پێکەنین ، شایی ، سەما ، مۆسیقا، خۆی دەخاتە نێو پەیوەندیی باوك  بە کوڕ، دایك بە کچ، باوك بەبراوە، خۆی دەخاتە سیمای دەم و چاوو چۆنێتیی ئاخاوتنەوە. تاقە لایەنێکی کاریگەری ئەم دەسەڵاتە لەسەر کامەرانییەکانی کۆمەڵگەیەك لەوێدایە کولتووری ترس تەنانەت چووەتە نێو جووڵەی لەش و دەم چاوەکانەوە، ئەوەی زۆر سەرنج ڕادەکێشێ لە شایی و هەڵپەڕکێکاندا، تۆ لەسەر سیمای دەم و چاوو جووڵەی دەموچاوەکاندا، هەروەها لە جووڵەی لەشدا، زۆر کەم کامەرانی بەدی دەکەی، بەتایبەتی لەو شاییانەی کە ئافرەت تیایدا بەشدارن، تۆ دەم و چاوی جوان و گەشاوەی ئافرەتان دەبینی نەپێدەکەنێ و نەهیچ سیمایەکی کامەرانی ڕاستەقینە بەدی دەکەی، زۆرینەی جارەکان ئافرەتان و زۆرینەی پیاوەکان یا چاویان بەرەو دوور دەڕوانێ یا چاویان بەخۆ خەریك کردن بەسەیرکردنی جووڵەو ڕێکخستنی پێیەکانەوە خەریکە، لەو کاتەی لە ناخیاندا ئارەزوویەك دەخوێنێتەوە بۆ دەرپەڕین و دەست بەردان و شێت بوون لە نێو سەوزایی سروشتێکی کێوی و ڕەمەکیدا.

کولتووری ترس لە داو و دەستوور لەنێو جووڵەی چاوو وردەکارییەکانی چۆنێتی ڕەفتارکردنە، هەر بۆیە شایی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکی شاییەکە زیاتر وابەستەی «ژن هێنانە» نەك وابەستەی ژیانە، ئەو ژیانەی ئازادی و دەرفەتێکی گەورەتر بە تاکەکان دەدا بەپێی حەزی ناوەوەیان سەمابکەن و پێ بکەنن و لەگەڵ ئەم و ئەو بدوێن.

لە شایی کوردیدا ئازادیی ڕووکەش و درۆزن و خۆسەپێنەریش هەیە، بەڵام هەرگیز نابنە هێمایەك یا ڕێچکە تێکدانێکی دەسەڵاتی قەدەغەکردنی داو و دەستوور و کولتووری داسەپاو.

هەربۆیە سەیر نییە ئەگەر شایی کوردی شاییەکە بێگانە شوێنی تێدا نابێتەوە، ئەو ئاهەنگانەی سازدەکرێن، لە شوێنێکی داخراودایە، داخراو بەواتای ئەوانەی بەشدارن لە ئاهەنگ هەموو خزم و کەسوکاری یەکترن. دەشێ بەپێوەری ئازادبوون لە بێگانەیی، ئاهەنگ و شایی گوندەکان، نموونەیەکی جیاوازبن کە دەگمەنە دەرگا لەبەردەم بێگانە داخرێ، لەوکاتەی پەیوەستی پێکەوە ژیان بەهێزتر دەبێ و نزیکبوونەوە لە یەك کەمیی دانیشتوان دەیسەپێنێ. هەر ئەم هۆکارەش وادەکا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەنانەت پاشەکشێی شارستانێتی بەرامبەر کولتووری قەدەغەکردن بەرچاو بکەوێ، کاتێك هۆڵەکان کە تیایدا کەسوکاری ژن و پیاو کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگگێڕان لە پڕێکدا بەگوناهـ لەقەڵەم دەدرێ بەرامبەر بەخواو دین و ئەمڕۆکە خێزانێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کورد لە دەرەوەی شار ئاهەنگدەگێڕن لە دەشتاییەکانی دەوروبەری شار کە کەس ناتوانێ تیایاندا بەشداربێ، خۆ ئەگەر چەند کەسێکی بێگانە و نەناسیاو بێنە شایی خێزانێکەوە، ئەوا زوو ئاگاداردەکرێنەوە کە دورکەونەوە.

چوونە دەرەوەی شار بۆ شاییگێڕان، پەرەسەندنێکی کولتووری قەدەغەکردنە. چونکە هۆڵەکان دەرچوونی یا دەرکردنی لەبارە سەرەتایی و داخراوەکەی، هەروەکو چۆن سەرەتای هەنگاونانە بۆ داهاتووی ئاهەنگ و کۆبوونەوەی فرەڕەنگی خێزانەکان لەناو جەرگەی شاردا، دوورکەوتنەوە لە شار بۆ ئاهەنگگێڕان دوورکەوتنەوەیە لەو سیمایەی کەسایەتی شار هەڵدەگرێ و ڕێگرە لەم پەرەسەندنە لەلایەنە مێژووییەکەیەوە، هەمان دەسەڵاتی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەو هێزی قەدەغەکردن هێزێکی نابینای خۆکوژە کە لە هەر سەردەمێکدا یەك گەوهەرو یەك ئامانجی هەیە، کە ئەویش ڕێگەگرتنە لە هەموو ئازادییەکی بەتاك بوون، بەو مانایەی تاك بە مافە مرۆیی و یاسایی و خودییەکانی خۆی بگا.

## شایی کوردی و ئازادبوونی ڕووکەشانە

لە ڕوویەکی ترەوە شایی بەو هەموو دیسیپلینە قەدەغەکارەوە هەناسەیەکی ئازادیە ئەگەر لە ڕووکەشیشدا بێ، چونکە ڕێساکانی بەندکردنی تاك لە شاییدا بەئاستێك ڕەنگدانەوەی داو و دەستووره ژیاریە قەدەغەکارییەکانە، دەڵێی ئەو هێزەی لە هەمان داو و دەستووری خێزانەوە گواستووەتەوە نێو شایی، لەگەڵ ئەمانەشدا شایی کوردی ئەو دەرفەتەیە هەر هیچ نەبێ تاك تاڕادەیەك لە دەسەڵاتێکی قەدەغەکاری گەورەتری کۆمەڵایەتی دەربازی دەبێ، لەبەرئەوەی لە ڕێوڕەسم و ساتەکانی شایی و ئاهەنگدا زۆر داو و دەستووره کۆمەڵایەتییە قەدەغەکارەکان لاوازدەبن، وەك بڵێی شایی ئەو ساتانەیە لە لای ئێمە کە تاك لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی قەدەغەکردن و ئازادبووندا بەجۆرێك لە ئازادی مەرجدار دەگا و شاییش ئەوساتە وەك ئاگربەستێکی کاتی دەبێ بۆهەردوو دەسەڵاتی پێکداهاتوو.

لەبەردەم بزربوونی جووڵەی ئازادیی دەست و لاشە سەرو جەستەدا، چەندین دیاردەی هەوڵدان بۆ ئازادبوون هەیە کە لەسەر ڕوویانەوە قریوەو هاوار و هەلهەلەیە، ئەم دەنگانەی کە بەدەم دەردەچن یاخود بەکوتانی بەهێزی پێیەکانەوە دەردەچن، سەلماندنێکی خودیانەی نێرینەیە و لە هێزێکی خودیی ئێرەوە دەردەچێ و لە ڕوویەکی تریشەوە بەلایەنی ئافرەتانەوە هەڵهەڵە لەگەڵ هاواری پیاوان و قریوەیاندا دەربڕینێکی جۆش سەندووی هاواری ناخە بۆ ئازادبوون، مانیفێستێکی گێرەشێوێنی «ئەنارشیستانە»یە دژی قەدەغەکردن و دەسەڵاتی بەندکردن، هەڵگرانی ئایدیای داو و دەستوور لێبووردەو بێدەنگ دەبن، بەرامبەر بەو ئازادییە، هەرچەندە ئەو ئازادییە لە دەلالەتە قووڵەکانیدا ڕووکەشانەیە و ناتوانێ ئایدیای داو و دەستووری قەدەغەکار لەناوبەرێ، هەرچەندەش ناتوانێ ببێتە کەلتوورێك کە لە ژیاندا ڕاڤەبێ و بەردەوامی بەخۆی بدا کە هەر لە بناغەوە ئەو ئازادیەی لە شاییدا هەیە بەلایەنی ئەو دەسەڵاتەوە چاوپۆشینێکی کاتییە، تۆ ئەو وێنەیە بێنەوە بەرچاوی خۆت کە لە شایی ئەمڕۆکەدا ئافرەت و پیاو، کچ و کوڕ چۆن دەگۆڕێ و لە سروشتی ئاسایی خۆیان دەردەچن کاتێك هاوار دەکەن و چەپڵە لێ دەدەن و بەدەنگی بەرز گۆرانی دەڵێن، هەمان وێنە بێنەوە و لەگەڵ وێنەی هەمان کەسەکان بەراوردیان بکە، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ وێنەی ئەوان لە شوێنی سروشتی و ڕۆژانەی خۆیان ئەوسا دەبینی چەندێك جیاوازی بنەڕەتی لە هەردوو کەسایەتییەکاندا هەیە و مەبەست لێرەدا دیاردەکە نییە واتە ئەو سروشتە نییە،

کە هەموو مرۆڤێك لە ئاهەنگ و شاییدا کورد چ ترسێکی گەورەی داو و دەستووری لەسەرە و چەندێك ڕێز لەو داو و دەستوورە دەگرێ و هەر ئەو داو و دەستوورەش چۆن دەیکا بە مرۆڤێك کە هەڵگری دوو ئایدیایی جیاواز و دژ بەیەك بێ، کە لە یەکێکیاندا لە دڵەوە هەست بە خۆشی و کامەرانیی کرانەوەی خود و واڵابوونی ئارەزووەکانی دەکا و لە هۆش و نەستی ناوەوەی دەیەوێ ڕۆژێك بەو ئارەزوو و خەونانەی بگا و چۆنیش بەناچاری دەکەوێتە ژێر باری دەسەڵاتێکی قەدەغەکارەوە، بەجوانی دەوری ئەو دەسەڵاتە و کاریگەرییەکەی دەگێڕێ.

لە شاییدا قسەکردنی نێوان کچ و کوڕ و چاوبازی و هاتوچۆ بەهەند هەڵناگیرێ، بەڵام لە گەڕەك کە کۆمەڵێك نوێنەر داو و دەستووری باوکسالار و کۆمەڵێك چاوی بەئاگا دەگرن، لەسەر پاراستنی داو و دەستوور، بینینی دیمەنی کوڕ و کچێك و دواندنیان بەیەکەوە بە تاوانێك دادەنێن کە لێبووردنی نییە و هەردەبێ ئەو دیاردەیە شتی تری لەپشتەوە بێ.

لە لایەکی ترەوە لە شاییدا سەرچۆپیکێش کە جووڵەدارترین کەسی ناو شاییە و لە هەموو شاییەکدا پێشبڕکێ لەسەر ئەو شوێنە دەکرێ ئەوا ئەو شوێنە ئەو سەرووەی ڕیزبەندی بوونە کە جەستە بەئازادییەکی گەورەتر دەگا وەك لەنێو ڕیزبەندیدا گاوانی بێ، سەرچۆپی هەموو کاتێك لە پیاو و ئافرەت، کەسانێك دەیگێڕن کە کەمتر ڕێزیان بۆ مەرج و داسەپاندنەکانی داو و دەستوور هەیە، هەر لە پێ بەرزکردنەوە و هەڵسان و دابەزین و بادانی پەڕۆی دەست و هەندێك جار کە دەگاتە ترۆپکی ئازادبوون لەڕیز دەردەچێ و دەکەوێتە ناوەندی ڕیزبەندییەوە، ئەمەش هەمان ئارەزووی ناخەکییە بۆ ئازادبوون چونکە لە ڕیزبەندیدا هیچ کەسێك لێپرسراوێتیی خودیانەی خۆی هەڵناگرێ کە لە توانایدا بێ وەك تاك ڕووبەڕووی چەق بەستنی کۆ بوەستێ، مادەمەکی لێپرسراوێتیی تاك لە هەردوو حاڵەتی شکاندنی داو و دەستوور و ڕیزگرتنیش لە داو و دەستوور هەر کۆیەك هەڵی دەگرێ و تاك هەڵی ناگرێ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرچۆپیکێشیش هەردەبێ ڕێز لە جووڵەی ڕێکوپێکی کۆ بگرێ و ئەو ڕێکخستنە نابێ تێك بدا. هەرچەندە سەرچۆپیکێش کەسێکی چاوکراوە و بزۆت و سەرکێشیش بێ.

لە شاییە پڕ جووڵەکانی سێ پێیی و سووسکەیی و چەند جۆرێکی تردا کە جووڵە و لاشەبادانێکی زۆری تێدایە، بەدەگمەن ئافرەت لەو جۆرە شاییانەدا بەشدار دەبێ، بەشداربووش هەرگیز بەشداربوویەك نییە کە شوێنی گرفتاری بێ، ئەم کرانەوەیە سەیرە لە شاییدا لەهەمان کاتدا هەوڵی شاییزانان بووە بۆ دەرچوون لە بەندی بوون، هەوڵێکی

فرە ڕەنگی بوونە بۆ ئەو حاڵەتە چەقبەستووەی ڕیزبەندیبوون، لەگەڵ ئەمەشدا هەمدیسان تاکبوون و جووتبوون لەم شاییانەدا بزرن، مەبەست لە جووت بوون، شایی دوو کەسە کە ئافرەت و پیاو و کوڕ و کچ هەموو ئەم جۆرانە هەر پێکەوە بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن.

ئەگەر بێتو پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری پەرەسەندنی کامەرانی و ئاهەنگ و خۆشیيەکانی مرۆڤ بێ، ئەوا هێشتا کۆمەڵگەی کورد نەیتوانیوە یا نەگەیشتووە بەو پەرەسەندنە هەمەلایەنییەی ئازادییەکانی لە کامەرانیدا بەرەو خودێتی بەرێ و هێشتا داو و دەستوور وەك دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی قەدەغەکار و ستەمکار زاڵە بەسەریانداو لەو باوەڕەدام هێشتا عەقڵییەتی ڕیزبەندیبوون زاڵە بەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەماندا. ئاسۆی فۆلکلۆر– ٢٠٠٦

## لاس و خەزال

## لە نێوانی عەشق و داو و دەستووردا

(لاس و خەزال) ناوونیشانی ئەو بەیتەیە کە لە چوارچێوەی کتێبێك ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کراوە. ئەم بەیتە یەکێکە لەو بەیتانەی کە بە شێوەزاری هەولێری نووسراوەتەوە و لەلایەن بەڕێز (پیرداود مەخمووری)ەوە کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە و بەراوردێکیش کراوە لەگەڵ دەقێکی تردا کە گرداری ئۆسکارمانە لەلایەن نووسەری کتێبەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی کە لەسەر ئەم بەیتەی دەکەین لەیەك گۆشەی دیاریکراوەوەیە کە ئاخۆ کاریگەریی کولتووریی داو و دەستوور چەندێکە لەسەر چەمکی عەشق، هەروەها خۆشەویستی، چونکە لەو باوەڕەدام کە ئەم دەقە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زۆر و جیا جیا هەیە لەلایەنی زمانەوانی و چۆنێتیی گێڕانەوە و چەمکی پاڵەوانێتی و جلوبەرگ و کەرەستەکانی کۆن و چەندین چەمکی تری کۆمەڵایەتی ، دەروونی و فەلسەفی، مەرجیش نییە لە هەموو ئەم بابەتانەدا لەیەك گۆشەنیگای دیاریکراو و یەك ئاراستەیی خوێندنەوەدا، ئەم تەوەرانە بخرێنە بەرباس.

### دەقی فۆلکلۆری و مۆرکی کۆمەڵایەتی

هەموو دەقێکی فۆلکلۆری هەڵگری ئایدیال و چۆنێتیی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەرهەمی دێنێ، کۆمەڵگەکانیش بەدەوری خۆیان مەودای پەیوەندییەکانیان بەیەکترەوە، سروشتی خاك و چۆنێتیی ژیان لەو خاکەدا، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیان و بیرکردنەوەیان هەیە.

بەیتبێژ و دانەری بەیت، مرۆڤێکە شارەزاییەکی چاکی لە زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی خاك و داو و دەستوور و یاساکانی زیاتر لە کەسانی ناو کۆمەڵگە گەڕۆکە و چێژ لە هونەری بەیت و هۆنینەوەی دەکا و شارەزایی لەو هەقایەت و بەیت و چیرۆك و بەسەرهات و پەند و ئیدۆمانە هەیە کە کۆمەڵگەکانی تر بەرهەمی دێنن، هەروەکو چۆنیش بەیتبێژ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە و شارەزایی لە هونەری گۆرانی گوتن هەیە و زۆرینەی بەیتبێژەکان خاوەنی دەنگی خۆش و لە نێو کۆمەڵگاکەیان ناسراون.

کەواتە بەیتبێژ کەسێك هەموو کاتێك لە کەسانی تر شارەزاترە لەو داو و دەستوورانەی کە کولتووری بیرکردنەوە و فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگەیەك پێك دێنن. هەروەها کاریگەری بوونی بە کولتووری کۆمەڵگاکانی ترەوە، لێرەوە پاساودان بۆ ڕووداو و خوڵقاندنی ڕووداو، هەڵوێستی کەسەکان لە بەیتێکدا، کاردانەوە و ڕەفتاری کەسەکان، بەخشینی سیفەتی کەسایەتیی دیاریکراو بەکەسەکان، هەڵوێست وەرگرتن و تێڕوانینی کەسەکان بۆ کۆمەڵگا جیاوازەکان، هەموو ئەمانە لەژێر کاریگەریی دنیا بینینی بەیتبێژدا دەبن کە ئازادییەکی گەورە لە هۆنینەوە و گێڕانەوەدا وەردەگرێ، کە ئەویش بەدەوری خۆی مۆرکێکی ناوچەیی و تایبەتمەندێتییەکی ڕوون و ئاشکرا بە دەقەکان دەبەخشێ کە ئیلهام لە داو و دەستووری باوی کۆمەڵگەکەی خۆی وەردەگرێ بەشێوەیەك سەرکەوتنی گێڕانەوەی بەسەرهاتێك جگە لە شارەزایی و هونەری گۆرانی، جگە لە شێوازی زمان و کەرەستەکانی، بەشێك لەو سەرکەوتنە پێچەوانە نەبوونی دەقە لەگەڵ دنیابینینی کۆمەڵگە بەگشتی، کە ناوەڕۆکی ئایدیال و چۆنێتیی بیرکردنەوە و داو و دەستووری کۆمەڵگەکە دەنوێنێ.

بەیت بە پێچەوانەی شیعر و هەقایەت و پەند و ئیدیۆمەوە پابەندی ئایدیالی کۆمەڵایەتییە و لە هۆنینەوەدا حسێب بۆ بابەتی قەدەغەکراوو نەشیاو دەکا، کە کۆمەڵگە بۆی هەیە ڕەتی کاتەوە، هەموو سەردەمێکی جیاوازی کۆمەڵگاکانیش لە بەشە زۆرینەکاندا تەنیا ڕێگە بەو گوتنانە دەدەن کە لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆدا کۆکن، هەر ئەم هۆیەشە لە پشتەوەی فەوتان و لەبیرچوونەوە و لەناوچوونی لە دەقە فۆلکلۆرییەکان، لەو کاتەی سەرجەمی باوەڕی کۆمەڵگایەك کۆك دەبێ لەسەر کۆمەڵێك داو و دەستووری باو و قەدەغەنەکراو، لەو کاتەی شیعر و پەند و ئیدیۆم زیاتر زارەکین لەلایەنی کۆمەڵگە بەگشتییەوە و پسپۆڕیی گوتنی تێدا نییە، زیاتر مۆرکێکی ئازاد وەردەگرن.

لەگەڵ هەموو ئەم تایبەتمەندێتییەدا، بەیت وەك دەقێكی درێژ بەدەر نییە لە كاریگەریی كۆمەڵگاكانی دەوروبەر هەروەها لە كاریگەریی كولتوور و ئایدیال و دنیابینیی داگیركەران، كە بۆ ماوەیەكی درێژ ئەو كولتوورەی داگیركەر بە حوكمی دەسەڵات و زۆردارییەوە، هەموو ئەو ئایدیال و بیركردنەوانە قەدەغە دەكەن كە مانای ئازایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زۆرداران هەڵدەگرێ، هەروەها دژی ئەو مانایانەش دەبن كە كۆك نییە لەگەڵ ماناكانی كولتوور و داب و دەستوور و بیركردنەوەی داگیركەر، لە دەرەوەی ئەم كاریگەرییەش لەپێناوی هێنانەكایەوەی سەرسوڕمان و سەرنجڕاكێشان و كاركردنە سەر گوێگر، بەیت بێژ زۆر جار زێدەڕۆیی لە پاڵەوانێتی و خۆشەویستی و قوربانیدان و ئازایەتیی كەسەكاندا دەكا كە زۆر جار پاڵەوان بەشێوەیەكی ئەفسانەیی نیشان دەدەن.

جگە لەمانەش بەیت وەك دەقی درێژ سوود لە هەقایەت و ئەفسانە و پەندی پێشینانیش وەردەگرێ، وەك دروستكردنی ڕێكەوت و گونجاندنی ناواقیعی و پەرجۆدار، زێدەڕۆیی لەسەر پیاوەتی و دەستكراوەیی پاڵەوان.

ئەم كارانە ئەگەر ئامازە و مانای جیاجیاش هەڵبگرن كە هەندێك جار پێچەوانەش دەبن لەگەڵ واقیعدا: بەیتبێژ ئەمەی گرنگە بەلایەوە بەشێوەیەكی سەرەكی تەنیا تاساندن و بزواندنی هەست و وروژاندنی گوێگرە، كە ئەم ئامانجەش سەركەوتنی بەیت بێژ دەنوێنێ و ناوبانگیی ئەو دەپارێزێ.

هەر بۆیە زێدە ڕۆیی لە توندوتیژی، لە خۆشەویشتی، لە لێبووردەیی، لە ژیری، لە ئازایەتی، مۆركێكی گشتیی بەیتەكانە.

كەواتە بەیت لەنێوانی پاراستنی داو و دەستوور و عورف و، نۆرمی كۆمەڵگە توانا و دنیابینیی بەیتبێژ دابەش دەبێ و هەردوو جیهان لەخۆی دەگرێ و ڕەنگ دەداتەوە.

بەیتی لاس و خەزال، وەك دەقێكی درێژ كە بە زمانێكی تۆكمە و كۆنكرێتی ئەدەبی نووسراوەتەوە و هۆنراوەتەوە، بەیتێكە كە بەحەیران گوتراوە و بەزمانی باوی میللی نووسراوەتەوە كە دەتوانین لە چوارچێوەی ماناكانیدا بچینەوە سەر ژیانی كوردەواری لە هەردوو باری ڕەوەندی و نیشتەجێبوونی مرۆڤی كورد و پەیوەندیی كۆمەڵگەكان بەیەكترەوە.

ئاخۆ ئەم بەیتە، چۆن دەڕوانێتە عەشق؟ ئاخۆ عەشق كایەیەكی كۆمەڵایەتیی باو و داو

و دەستـوورێـکـی کـۆمـەڵایـەتـیـیـە یـاخـود هـەسـتـێـکـی خـودیـانـەی سۆزاویـە کـە بـەسـەر دابودەستوردا زاڵ دەبێ؟ یاخود داو و دەستوور هەر خۆی سنوور و قەدەغەکردنەکانی خۆی بەسەر عەشقدا زاڵ دەکاو بەمەش عەشق یەکێك لە خەسڵەتە بناغەییەکانی کە تێپەڕاندنی داو و دەستووره و گەیشتنە بە ئازادیی خود، ئەو داو و دەستووره عاشق دەکاتە کۆیلەی خۆی و ڕێگەی تاك نادا سنوور و یاساکانی ببەزێنێ.

کەواتە عەشق و داو و دەستوور کێشەی بناغەیین نەك تەنیا لەم بەیتەدا، بەڵکو لە سەرجەمی بەیت ، داستان و مەتەڵ و هەقایەتەکاندا کە لە هەر جۆرێکیان بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگ دەداتەوە، چونکە عەشق کاتێك مرۆڤ بەرەو هۆشیاریی سۆز و نۆستالژیا و خەم و کامەرانیی ڕاستەقینە دەبا، هەروەها مرۆڤی عاشق بەرەو ئازادی دەبا کە لەم لێکۆڵینەوەیدا چەمکی عەشق بەمانای ئازادبوون لە داو و دەستوور و بەپێچەوانەوەش عەشق بەمانای کۆیلەبوونی لەژێر ستەمی داو و دەستووردا خوێندنەوەی بۆ دەکەین.

**لاس و عەشق**

**لاس و داو و دەستوور**

بەیتی لاس و خەزاڵ دوو هەقایەتی جیاوازی باب و کوڕە لە یەکەمیاندا باوکی لاس، ئەحمەد بەگی شارەزووری، خاوەنی دوازدە هەزار ماڵی جافە لە نزیك دەشتی سروتی عاشقی کیژێکی عەرەب دەبێ.

یەکەمین گرێی سەرەکیی نێوان هەردوو بەسەرهات خواستی بابە بەوەی کوڕەکەی وەکو خۆی دەرچێ و ناو و ناوبانگ دەرکا.

ئەحمەد بەگی شارەزووری عەشقێکی توندوتیژ و لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵکراو دەکا.

لە خوێندنەوەی کەسایەتیی ئەحمەد بەگ و بەسەرهاتەکانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو عەشقەی ئەحمەد بەگ هەرچەندە عەشقێکی پڕ لە گرفتاری و توندوتیژ و بەهێزە، بەڵام لە گەوهەردا عەشقی ئەو مانایەك بە ئازادییە خودییەکانی نابەخشێ کە لە توانایاندا بێ زاڵ بێ بەسەر داو و دەستووردا، داو و دەستوور لە کۆمەڵێك یاسای باوەڕ پیکراو و متمانە پیکراوی کۆمەڵگەیەك پێك دێ کە دەخرێتە سەرووی ئازادییەکانی تاك و هەڵبژاردنە خودییەکانیدا. بەڕادەیەك هەموو تاکێکی کۆمەڵگە وەك مانا و یاسای پیرۆز و قەدەغەکراو سنوورڕێژ، تێیان دەڕوانی، نابێ تاك بە هیچ شێوەیەك ئەو یاسایانە تێك بدا.

## سوێندخواردن و عەشق

سوێندخواردن تاکو ئەمڕۆش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو بڕیارە خودییەیە کە بەهیچ شێوەیەك گەڕانەوەی بۆ نییە. کۆمەڵگەی کوردی سوێندخواردن و ڕێزگرتن و پابەندبوون بە سوێندەوە بە پێوەرێکی سەرەکیی «پیاوەتی و مەردایەتی و ڕاستگۆیی لەقەڵەم دەدا:» کە مەرج نییە هەموو سوێندێك سوێندێکی ئاسایی بێ.

لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرن ئەو سوڵتان، ئیمپراتۆر و خەلیفانەی کە سوێندی گەورەیان خوارد و لەپێناوی نەشکاندنی ئەو سوێندانە و بەجێهێنانیاندا بەسەدان هەزار کەسیان نایە بەر مل پەڕاندنەوە. سوێندخواردن داو و دەستوورێکی مێژوویی زۆرینەی کۆمەڵگەکانە ئەو کۆمەڵگانەی کە خاوەنی کتێب و کەسایەتی و باوەڕی بەپیرۆز کراون. چونکە لەو باوەڕەدا شکاندنی سوێند مانای شکاندنی پیرۆزییە و مرۆڤ بەها باوەڕدارییەکانی لەدەست دەدا.

کاتێك ئەحمەد بەگی شارەزووری عاشقی کیژە عارەب دەبێ، پێشکەشی دەکرێ لە بڕی ئازایەتی و سوارچاکیی.

لەسەر کانی کاتێك کیژە جامێك ئاو دەداتە دەست ئەحمەد بەگەوە لە شەرمان پشتی تێ دەکا، ئەم دیمەنە بەگ تووڕە دەکا وای لێ دێ وا تێ بگا کە کچی شێخ ئەوی بەهیچ یا بەکەم تێ گەیشتووە، بۆیە پشتی تێ دەکا:

ئەمن قومم لەبۆ ئاوێ بردییە

وەکو زەینم دەدایێ کیژێ بابەشێخی پشتی لەتو کردییە

تەحریکی مێردان گەلەکە لەگرانە. (ل.خ)

ئەمجا ئەو سوێندە دەخوات کە لە گەورەیی و بەدینەهاتنی ئەوەندە قورس و گرانە مەگەر حەیرانبێژ و بەیتبێژ هەر خۆی چارەسەرێکی ئەدەبییانەی ئەو سوێندە بکا ئەگینا قەتاو قەت لە ژیاندا بەدیهاتنی بۆ نییە:

ئەگەر بابی نەمداتێ بەپیاوەتی

شەرت بی ڕای کێشم بە زەبری دارێ ڕمی

بیبەمەوە ناو حوربانێ جافییە

بەران لەسەر جێو بالینگا نێزێکی نەبم بە ژن و بەمێردایەتی

هەتا دۆخینی شەروار و دەرپێم نەکاتەوە

لە تۆرەی پشتی لە کانییٚ لە من کردییە (ل.خ)، هەر ئەم هۆیەش لە پشتی ئەوەوەیە کە بەگ کیژی بابەشێخ ناباتەوە بۆ نێو جافەکان ، پاش دوو ساڵ هەرچەندە هەر ئەو کاتی شێخ کچەی پیٚ دەبەخشیٚ، بەڵام پاش دوو ساڵ هەست بە خۆشەویستی و نۆستالیژیا و غەریبیی کچە دەکا:

کە گەیشتمەوە ناو قەومی جافی

ئەگەر بڕوا دەکەی بەو خالیقەی لەژێر سەری

ڕۆرە لاسە تیریٚ واشقیٚ جەرگیٚ بابیٚ توی بڕی

هۆشم لە بەدەنیٚ خودا نییە

بەران عەکسی مێردان گەلە گرانە

تەقدیری لەکن خودای بیٚ قەت بەتار بوونی لەبۆ نییە (ل.خ) پاش دوو ساڵ دەگەڕێتەوە دەواری عارەبان و دەیەویٚ بگەڕێتەوە دیسانەوە کچەکە لەو دەپرسیٚ نەك ئەو، ئەمجارە دەیباو دوو ساڵ لەلای دەمێنێتەوە بەبیٚ ئەوەی لێی نزیك بێتەوە، بەکورتی کچە دەگەڕێتەوە پاش دوو ساڵی تر ئەحمەد بەگ دیسان دەگەڕێتەوە بەبیٚ ئەوەی لە کچە بپرسێتەوە لە ماڵە شیخی، ئەوە تەنیا کچەیە کە لەو دەپرسیٚ سوێند خواردن لە کولتووری کەلەپووری کوردی، هەروەها لە سەردەمە کۆنەکاندا، دەرەنجامی هەڵچوونێکی ناخەکییە کە بوار بەعەقڵ نادا کە حیکمەت و بیرکردنەوە سەبر و لێبووردەیی بکەنە شێوازێك لە مامەڵە کردن. بۆیە سوێندخواردن سەراوژێر کردنی هەموو عەقڵانییەتێکە کە مرۆڤ بەرەو توندڕۆیی و توندوتیژی و کردارێك دەبا کە گەڕانەوەی بۆ نییە، لێرەدا ئەحمەد بەگ هەرچەندە لەناخەوە بەخۆشەویستی و عەشقی کچی شێخ دەهەژیٚ و دەکەوێتە ژێر سیحری جوانیەوەی، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لە ئاست داو و دەستووری توورە بوون و خۆبینیندا کە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێك لە پیرۆز ڕاگرتنی کەسایەتییەوە، هەرچەندە لە هۆکارەکانی لاوازیش بێت، ئەوا دەبیٚ مرۆڤی پابەند بە داو و دەستوورەوە بەسەر هەستە جوانییەکانیدا زاڵ دەبیٚ. پاساوی پاڵەوان لێرەدا لەوێوەیە کە یەکەمین جار ئەو بەگە کەسێکە دەبیٚ قسەکانی لەسەرەوەی قسەی ئەوانی ترەوە بیٚ، دووەمیش ئەو ئازایە و ٥٠٠ سواری عەرەبی لە ئەسپ هێناوەتە خوارەوە، کەچی کچی بابەشێخ پشتی تیٚ دەکا و بەهەند ئازایەتی و کەسایەتیی ئەو هەڵناگریٚ، بەبیٚ گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەرە

خۆشەویستەکەی بەبێ پرسین لە هۆکاری ئەو پشت تێکردنە، بەگ سوێند دەخوا ئەگەر بێتو کچی بابەشێخ خۆی لە بەگ نزیك نەکەوێتەوە و دۆخینی شەرواری نەکاتەوە و لێی نێزیك نەبتەوە، بە ژن و مێردایەتی نێزیکی کچە نەبێتەوە.

دەمگۆ پێنجسەد عەگیدێ عارەبیم

لەناوەندی مەیدانێ بەدوو ساعاتان فڕێ دا لە سەخانەی زینێ

بەزەبری داری ڕمی

ئەلعانیش کیژێ بابەشیخی

قومە ئاوەکی دایتە دەستەمن پشتی لەمن کردییە

دیارە ئەمنی بە چ تێ نەگەییە (ل.خ)

ئەم جارە لەسەر کەوڵی ئەو شێرەی لەدەواری عارەبان دەیکوژێ.

ئەو شێرەی هەڕەشەیەك بوو لەسەر دەوارەکەیان و دەیکەنە مەرجێك کە کچی بابەشێخی بدەنێ لەجیاتی کوشتن، لەوێشدا ئەحمەد بەگ دەڵێ:

ئەگەر دنیا بوو کیژی بابەشێخیش نەهات

بزانێ چم بەسەر هاتییە

شەرتبی ئەویشم نەوێ بگەڕێمەوە ناو حوربانێ کوردییە.

ئەو کاتە کچە کە دێ و ئەحمەد بەگ لەسەر کەوڵی شێر خۆی دەکاتە مردوو، کچە لەوە ناگا هۆی چییە کە ئەحمەد بەگ نزیکی ناکەوێتەوە و واتێدەگات کە بەگ نێر نییە، بەمەبەستی ئەوەی بزانێ نێرە یان نا دۆخێنی دەکاتەوە، ئەوجا ئەحمەدی بەگ ڕاست دەبێتەوە و بەمەخسەدی دەگا و شەش ساڵ خۆشەویستی توندوتیژی لە تۆڵەی پشت لێکردنی کچە بووە لە بەگ.

لە خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتەی عەشق و توندوتیژیدا، داو و دەستوور ڕێگە بەکرانەوە و لێبووردەیی و ئاسایی بوونەوەی دەروون نادا کە بە چاوێکی ترەوە سەیری ڕووداو و هەڵوێستەکانی بکا، داو و دەستوور ئازادیی کرانەوە عەقڵی و دەروونییەکانی پاڵەوان قەدەغە دەکا و ناهێڵێ بگەنە ئاستی مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستییەك کە دەبێ گەوهەری خۆشەویستی لێبووردن و لێکتر گەیشتن و لێکتر نزیك بوونەوە بێ، بێگومان داو و دەستوور لە چەند چەمکێکی جیاوازدا کۆدەبێتەوە کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی پاڵەوان هەیە کە لێرەدا پۆلێنیان دەکەین:

## تۆڵە سەندنەوە

تۆڵە سەندنەوە ئەو بڕیارە خودییەیە کە بەهۆی کۆمەڵێك پاساوی ڕەوشتی و باوەڕی کۆمەڵایەتی و کبریای کەسایەتییەوە، تاکێك هەموو ئەگەرەکانی چارەسەری و گفتوگۆ ڕەت دەکاتەوە. چونکە خۆی لە بارێکدا دەبینێتەوە وەك زوڵم و دەستدرێژی کراوەتە سەر و پاڵەوان هەست بە زوڵمی ناخەکی دەکا و تاڕادەیەکی چاکیش هەست بە کەمی و چەپاندن دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی هەمیشە عەشقێکی لێ پەیدا دەبێ کە هیچ ڕێگەیەك نامێنێ نەیگرێتە بەر کە توندوتیژی ڕەت کاتەوە و ئەو هەڵوێستانە لە خۆی دوور خاتەوە کە تووشی هەڵەی وای بکەن پاشان لێی پەشیمان بێتەوە، هەڵچوون بەو شێوازەی لە هەست بەکەمی کردنەوە دروست دەبێ وا لە پاڵەوان دەکا بەرەو زێدەڕۆیی هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر بچێ، لەلای پاڵەواندا کچی بابەشێخ تاکۆتایی شەش ساڵی ڕەبەق، هەر ئەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەحمەد بەگدا دروست دەکا، هەر ئەوە لێی نزیك دەبێتەوە، ئەم خۆشەویستیەی ئەحمەد بەگ خۆشەویستییەکە کە تەنیا یەك کەس بڕیار لە بەسەربردن و پەرەسەندنی دەدا بەو ڕێگە پەرجۆدارە و ڕێگە قوڕسە. ئەمەش گەیاندنی شکۆمەندی و خۆبینییەکانی خودە، کە تەنیا لەو خۆشەویستییەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو تیایدا پاڵەوان نەك بەرامبەر، بەرامبەر هەرچەندە خۆشەویستە، بەڵام گرەوێکە کە زات لەسەر خۆی دەیگرێ و بەسوێند و تۆڵەسەندنەوە، ئەو خۆبینییە دەگەیەنێتە تێر کردنی بڕیار و هەڵوێستەکانی. بەمەش تۆڵە سەندنەوە لە ئاکامی سوێندخواردنەوە دێتە ناو ڕووداوەکانەوە و کاریگەریی توندوتیژی جێ دێڵێ، لەمەشەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی خۆشەویستی و پاشان عەشقی ئەحمەد بەگ بۆ کچی بابە شێخ خۆشەویستییەکی ڕۆمانسییانە و حاڵگرتوانە و شڵەژاوی و هەڵچووناوی و سۆزاوی و ئیرۆتیکی نییە، بەڵکو خۆشەویستییەکی توندوتیژ و دڵڕەقانە و بێ هەڵچوونە، چونکە هەر کاتێك ئەحمەد بەگ سۆزی بۆ کچە هەڵدەستێ و غەریبی دەیگرێ ئەو سوێندەی بیر دەکەوێتەوە کە خواردوویەتی.

ئەو توندوتیژی و نادروستییەی عەشقیش لە گوتە و هەڵوێستەکانی ئەحمەد بەگدا ڕەنگ دەدەنەوە، کاتێك ئەحمەد بەگ دەڵێ ئەگەر بابی نەمداتێ بەپیاوەتی شەرت بێ ڕای کێشم بەزەبری داریٚ ڕمی، لە عەشقی بێگەرد و سۆزاوی و بینینیی بەرامبەری ئافرەت، عاشق هەموو هەڵوێست و کردارەکانی تەنیا بۆ ئەمەیە کە بەرامبەر بە خۆشەویستی ئەو

ڕازی بێ و هەمان هەستی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە، خۆشەویست هەمیشە لە خەون و بیر و سۆز و هەڵچوونی عاشقدا شوێنێکی کاریگەر و بەهێزی هەیە، بەڵام لەلای پاڵەوان ئەو خۆشەویستییەی بەرامبەر بوونی نییە. چونکە حسێبی بۆ نەکراوە، مادامەکی ئەو دەتوانێ «بەزەبری دارێ ڕمی» بۆ خۆی ڕای کێشێ و بێتە موڵکی ئەو، کەواتە خۆشەویستی کە بووە موڵکایەتی، وەك هەر کەسێکی عەشرەت کە موڵکی بەگ بێ، ئەوا ئەو کچە مرۆڤە لە هەست و سۆزەکانی بێ بەری دەبێ و ئەو هەست و سۆزانەی ئەو شوێنێکی شایستە و پڕ لە خۆشەویستییان نییە، هەرچەندە ئەو خۆشەویستییە مەحکوومە بەچەمکەکانی کاریگەریی داو و دەستوور کە بەگ نابێ پشتی تێ بکرێ و نابێ گفتوگۆ لەسەر ئەم پشت تێکردنە بکا و نابێ لە بەرامبەر بگا، گرینگ ئەمەیە ئەم کردارە شکاندنی ئەو سەروەرێتییە خودییەیە کە خۆی لە سەرەوەی خۆشەویستی و عەشقەوە دەبینێ کە ئەگەر بە بچووکترین هەڵوێستی بەرامبەر ئەو سەروەرێتیە خرایە گومانەوە، ئەوا (سوێند و تۆڵە سەندنەوە» لە بچووکترین و گەورەترین مانایدا سڕینەوەی بوون و هەست و بایەخی بەرامبەرە لە هەر جۆرە پەیوەندییەك. چونکە هێشنەوەی ئەم خۆشەویستییە بۆ شەش ساڵ و بەدیهاتنی سوێندەکەی ئەحمەد بەگ خۆی لە خۆیدا تێزی سوێند و تۆڵە دەگەیەنێتە ئاستێك لە تێڕوانینی تاك لایەنە و سارد و سڕ بەرامبەر بە عەشق و خۆشەویستی.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەی بەدیی دەکەین لە هەڵوێستی ئەحمەد بەگدا هەڵوێستێکی سەیر و دژ بەیەکە، لە لایەکەوە بەشێکی بەرەو خۆشەویستیی دەبا و ناچاری دەکا لە ڕووکەشدا ژیانی خۆی لە پێناوی ئەو خۆشەویستییە بخاتە مەترسییەوە.

لە لایەکی تریشەوە لە هەڵوێست و کاردانەوەکانیدا مرۆڤێکی هەڵوێست توندوتیژە و ئەو داو و دەستوورەی کە باوەڕی پێیەتی ناهێڵن و ڕێگرن لەوەی ئەو خۆشەویستییە بەرەو سۆز و بەزەیی و لێبوردن بەرێ. ئەمەش سروشتی خاك و جۆری ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێننە سەری کە ئەو بە سیفەتی بەگایەتی دەبێ داو و دەستووری عەشیرەت و خێڵ بپارێزێ و نەیشکێنێ.

**عەشق و توندوتیژی**

توندوتیژی خەسڵەتێکی تری کاریگەرییەکانی داو و دەستوورە لەسەر پاڵەوان لەوکاتەی پاڵەوان لەنێو عەقڵییەتی تۆڵەسەندنەوە و سوێندخواردندا کاردانەوەکانی بەرەو جۆرێك لە کردار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی توندوتیژی دەبەن، ئاماژەکانی توندوتیژی لەو

بەیتەدا زۆرن کە ئەوانیش ڕێگریێکن لەبەردەم بەزەیی و بینینی بەرامبەر و بەرامبەر خستنە هەڵبژاردنی ئازادەوە، توندوتیژیی عەشق و هەڵوێست و کاردانەوەکانی لە چەندین ڕووی جیاوازی بەشی یەکەمی بەیتەکەدا لەبەسەرهاتەکانی ئەحمەد بەگدا ڕەنگ دەداتەوە کە بەکورتی لەم خاڵانە دیاریان دەکەین:

**أ- هەڵوێستی بێ دەنگی**

بێ دەنگبوون و نەدواندن، گفتوگۆ لەگەڵ نەکردن و نەپرسینەوە لە خۆشەویست.

یەکێکە لە ئاماژەکانی هەڵوێستی توندوتیژیی ئەحمەد بەگ بەرامبەر بە کچە شێخ، هەروەکو چۆن ئاماژە یەکن بۆ ڕەگاژۆ نەبوونی خۆشەویستیی وەك کاریگەریی قووڵ لە دەروون و هۆشیاریی پاڵەواندا، چونکە پاڵەوان وەك سەرۆك عەشیرەت بەلایەوە گرنگە ناوبانگ و پاراستنی ناوبانگی وەکو خۆی بێ و ئەمەش بەلایەوە مەسەلەیەکی داو و دەستوورە و ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بگۆڕدرێ.

لە هەموو بەیتەکەدا گفتوگۆیەکی ئەحمەد بەگ لەگەڵ کچی شێخ ناکەوێتە بەرچاو. بەیتەکە بزرە لە ئاخاوتنی عەشق و خۆشەویستی، بزرە لە ئاخاوتن یا خەیاڵ یا بیرکردنەوەی پاڵەوان سەبارەت بەسۆز و خۆشەویستی، تەنیا ئاماژەیەك کە بەدی دەکرێ لە وبەیتەدا تەنیا ویستی ئەحمەد بەگە تەنیا هەڵوێستی بێ دەنگبوونە، بێدەنگی ڕێگر و بکوژی خۆشەویستییە و بێ دەنگبوون و ماتبوونی ناخە لە کپبوون و بێ سۆزی بوون، تەنانەت لە بەرزترین حاڵەتەکانی هەڵچوون و غەریبیکردنی خۆشەویستیدا.

ئەوەی بەدیی دەکەین، تەنیا ئاخاوتنەکانی کچە شێخە کە ئاراستەی ئەحمەد بەگی دەکا، ئاخاوتنەکانی کیژە چەوساندنەوەی دەروونی و سۆزداری و بێ بەشبوون و بێ دەنگکردنیان پێوە دیارە کاتێك دەڵێ:

سەری شەش سارانە لەمارە بابان و لەناو قەومی جافی

لەناو کوردەواری ئەمنت ڕاگرتی

لۆ وەت لەمن کردییە

ئەمن عەیبم لە دنیاییدا چییە؟

بەڵام هەمیشە هەڵوێستی ئەحمەد بەگ لەم دێرانەدا چڕ دەبێتەوە:

تیری واشقی جەرگی بابێ توی بڕی

بەران قسەی پیاوان یێکەو لە دنیایی

ئەگەر بەدوو تامی لەبۆ نییە

سوندەکی گەلە گەورەم بە بەر درێ خودا واوهاتییە

هەر ئەم پاراستنەی یەك قسەیی و یەك هەڵوێستی و سوورِ بوونەیە کە لە دەرەنجامی سوێند خواردنەوە، کە ناهێڵێ ئەحمەد بەگ بەسەر هەڵوێستی توندوتیژیدا زاڵ بێ، بەسەر ئەو سۆزاوی بوونە ناخەکییەی وای لێ دەکا پاش دوو ساڵ لە دووریی خۆشەویست ئەوسا بڵێ:

«تیری عەشق جەرگی برِیوە» یاخود «ئەگەر باوەرِ دەکەی بەو خالیقەی لەژۆر سەری رۆرە لاسە تیرێ واشقێ جەرگی تۆی برِی» هەروەها: «هۆشم لەبەدەنێ خۆدا نییە» بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا:

بەران عەکسی مێردان گەلەگرانە

تەقدیری لەکن خودای بێ قەت بەتار بوونی لەبۆ نییە

**زەمەن و خۆشەویستی**

زەمەن لەبەردەم سوێند و هەڵوێستی توندوتیژیدا دەرکی پێ ناکرێ. ئەحمەد بەگ کە شێخ کچەی دەداتێ، بەڵێن دەدا کە بەسواری عێلی جافەوە بێت کچەشێخ بەرێتەوە. بەڵام ئەو رۆیشتنەبوو کە دوو ساڵی خایاند. زەمەن بەکراوەیی و بە درێژبوونەوەیەکی بێ سنوور سۆز و عەشق لە چوارچێوە دەگرێ و بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ. چونکە گرینگە لە خۆشەویستیەکی بەداوودەستوورکراو حسێب نە بۆ زەمەن و نە بۆ بەسەرچوونی تەمەن و نە بۆ بەسەر بردنی ژیان دەکا لە نێو بێ بەشبوون لە خۆشەویستی. ئەو خۆشەویستییەی شەش ساڵ بە بێدەنگی و بەبێ گفتوگۆ بەسەر دەچێ، لە زۆرینەی هەقایەت و بەیت و داستانەکانی خۆشەویستیدا گرفتی سەرەکی تەنیا هەر ئەوە دەبێ کە هێزێکی کوێری شەرِاوی ناهێڵێ هەردوو خۆشەویست بۆ یەك ببن، بەڵام لەبەسەر هاتی خۆشەویستیی ئەحمەد بەگدا کچە بۆ ئەو داو و دەستووری کۆمەڵایەتی خودیانە ناهێڵێ خۆشەویستی بگاتە هیچ ئاکامێك لە سۆزاویبوونی قووڵ کە رِۆمانسییەت بەرهەم بێنێ، چونکە ئەو کاتانە ئەو حاڵەتە دروست دەبێ کە پاڵەوان لە هەموو داو و دەستوورەکانی کۆمەڵگەکەی رِزگار بێ.



(٤٧) نەجات حەمید ئەحمەد

**عەشق و دەمارگیری کۆمەڵایەتی**

لە زۆر شوێنی جیاوازی ئەم بەشەی بەسەرهاتەکەدا پاڵەوان لەسەر یەك بیرکردنەوە و یەك بۆچوون دەوەستێ و ئەگەرەکانی ڕێگەی تر وەلاوە دەنێ کە ئەو دەخەنە بارێکی ناخۆش و ترسناکەوە سوور بوون لەسەر کارێك بەبێ گرتنە گوێی تێگەیشتنی بەرامبەر خۆی لە خۆیدا ئازاردانی بەرامبەرە هەرچەندە ئەو لە پەیوەستێکی خۆشەویستیی وادایە لەگەڵ بەرامبەر کە ژیان و مانەوە و کار ئاسانیی ئەو لە بەرژەوەندیی خۆشی و کامەرانیی ئەویی تر و خۆشیدایە.

بەیتبێژ لە زمانی کچە و بابەشێخەوە ئاماژەیەکمان دەداتێ کە «عینادی» واتە سووربوون لەسەر ئەوەی کە تەنیا هەر بیرێکی تاك لایەنە و بڕیارێکی تاك لایەنە ڕەفتار بکا لەگەڵ کەسانێك کە خۆشیان دەوێ و بەلایانەوە گرنگە ژیانی ئەو لە بارێکی ڕێکوپێك و بێ گرفتدابێ. خۆی لە خۆیدا تێگەیشتنی بەیتبێژە لە کەسایەتییەکانی و بەخشینی دەوری شیاو بەپێی بیرکردنەوەیەك بەو کەسایەتییە.

پاش دوو ساڵ جێهێشتنی خۆشەویستەکەی ئەحمەد بەگ لە بابەشێخ و کچەکەی گوێی لەو ڕستانە دەبێ:

بابەشێخ: لەبۆ عەگیدان عینادی لەدنیایێ گەلەك باش نییە (لا. خ)

کچی بابەشێخ: ڕەبی سەرێ منت ببی بە قوربانی سەری عینادی لە بۆ پیاوان لەبۆ عەگیدان

لە دنیاییێدا گەلەك باش نییە

(ل. خ)

هەر ئەم دنیا بینییەی ئەحمەد بەگ بۆ خۆشەویستەکەی وای لێ لێ دەکا هەر جارێك پاش دوو ساڵان سەر لە خۆشەویستەکەی بدا، لەگەڵیدا دوو قسان نەکا و لەکاتی سواربوونی ئەسپدا بەمەبەستی گەڕانەوە کیژە ڕێی پێ دەگرێ و لەگەڵیدا دەدوێ، پاساوی ئەحمەد بەگ بەشێوەیەکە کە دەیداتە پاڵ بارێکی نەزانراوی سروشتی کەسایەتیی خۆیەوە کە ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەو بار و سروشتە بکا کاتێك دەڵێ:

ئەحمەد بەگ: لێم گەڕێ بابەشێخ ئیشی من هەر ئەوهایە لە دنیایێ ئەم ڕاگەیاندنەی

پاڵەوان کە کاری ئەو لە ژیاندا هەر بەو شێوەیەیە زانینی پاڵەوانە لە کەسایەتیی خۆی کە ناتوانێ ئەو سروشتە تێپەڕ بکا و بەسەریدا زاڵ بێ، سروشتێکی نەرمونیان و گوێگر تر و تێگەیشتووتر نیشان بدا، هەروەکو چۆن ئاماژەیەکە بەوەی کە پاڵەوان دان بەوەدا دەنێ کە ئەو بەو شێوەیەیە، هەرچەندە دەشزانێ بەو شێوەیە دەشێ ئازاری بەرامبەر بداو چاکیش نەبێ بەرامبەر بەدەیان ڕێگە و بیرکردنەوەی تر.

لە چەندین شوێنی تردا ئەحمەد بەگ هەڵوێستی خۆی دەخاتە سەرەوەی ئەو تێگەیشتنەی بەرامبەرەوە کە لە خوێندنەوەیاندا هەست دەکەین جۆرێك لە داو و دەستووری دەمارگیری و سووربوون لەسەر بیرکردنەوەیەکی یەك ئاراستەیی دنیا بینی زاڵ دەبێ بەسەر پاڵەواندا.

کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فرەلایەن و قووڵ هەیە.

**بەیت و کێشەی نەوەکان**

بەیت بێژ بەشی یەکەمی بەیتەکەی بەزمانی ئەحمەد بگەوە دەگێڕێتەوە مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم بەسەر هاتەش بۆ تاقە کوڕەکەی کە «لاس»ەو لە کچی بابەشێخە، هەر ئەوە کە باوك بە سیفەتی هەڵگرتنی کۆمەڵە خەسڵەتێکی جیاواز وەك «پیاوەتی، یەك قسەیی، سووربوون لەسەر هەڵوێست، نەترسان، جەربەزەیی، دڵڕەقی و توندوتیژی و پاشان لە هەمووی گرنگتر ناوبانگی» دەیەوێ کوڕەکەی هەمان خەسڵەتی خۆی هەڵگرێ و خاوەنی هەمان دنیابینی و بۆچوون بێ، بەو سیفەتەی کوڕ شوێنی باوك دەگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری عەشیرەت.

بەڵام ئاخۆ ئەم ئارەزووە چەسپاوەی پاڵەوان شوێنی خۆی دەگرێتەوە؟ ئاخۆ لاس کە نەوەیەکی نوێی تر دەنوێنێ چەندێك باوەڕی بەم بۆچوون و دنیا بینییانە هەیە؟ ئاخۆ بە عاشقبوونی ئەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ بەسەرهاتی عاشقبوونی باوکیدا هەیە؟ بەیتبێژ هەر لە سەرەتاوە گرێی سەرەکیی بەسەرهاتەکە لە بەشی یەکەمیدا دەگوازێتەوە بۆ سەرجەمی بەسەرهاتی خۆشەویستیی لاس بۆ خەزاڵ لە چەندێتیی کاریگەریی ئایدیالی باوك بەسەر کوڕەوە. وای پێ دەچێ کە بەیتبێژ هەر خۆی بەهەڵوێست و دنیابینیی پاڵەوانەکەیدا دەچێتەوە کاتێك دەیەوێ پاڵەوانێکی ترمان نیشان بدا کە جیاوازە لەگەڵ ئایدیالی باوك و ئەو هەموو بەها کۆمەڵایەتییانە کار ناکەنە سەری و ناتوانن ڕێگەیەکی چەسپاوی بیرکردنەوەی باوك بسەپێننە سەری، لاس کەسایەتییەکی تاڕادەیەکی

چـاککراوەتر و لێبووردەتر و خۆشەویستیزانتـرە لـە بـاوکی، ئـەم سیفـەتـانـەش شوێنـی نیگەرانیی بـاوك دەبن کە هـەمیشە هیوای ئەو هـەر ئەوەیە کە کوڕەکەی بەخۆی بکا و داو و دەستووری بـاوك هـەڵبگرێتـەوە.

یـەکێك لـە سەرکـەوتـنـە هــەرە گـەورەکـانـی ئـەم بـەیـتـە لـەم گۆشەنیگـا فـەلسەفـی و کۆمـەڵنـاسییـەی بـەیتـەوەیـە لـە دروستکـردنـی گرێی فیکریی قـووڵ لـەبـەسەرهـاتـەکـانی بەیتەکەدا.

هـەروەهـا ئـامـاژەیەکی بەهێزی گواستنەوەی ڕووداوە بۆ فیکر کە لە بەیت و داستـان و بەسەرهـات و هـەقـایـەت و مـەتـەڵە فۆلکلۆرییەکاندا دەگمـەنـە.

**شکستی بـاوك لـە دروستکردنی نموونـەی بـاوکسالاری**

بـاوك هـەر لـە سەرەتـاوە کە سیفەتی بـاوکسالارێتی هـەڵدەگریّ لە ئەزموون و بەسەرهـات و هـەڵوێستی ژیـانی خۆیەوە، دەگاتە ئەو بـاوەڕەی کە ئەو نـاتوانیّ لە کوڕەکەیدا نموونـەی خۆی بدۆزێتەوە یا دروستی بکا، یاخود ئـامادەی بکا بۆ دروستبوون، بـاوك نیگەرانـە بەوەی کوڕەکەی هـەمـان سیفـەتەکانی ئـەو هـەڵنـاگریّ و بـاوەڕی بـەو جۆرە بۆچوونـانـە نـیـیـە، هــەر بـۆیــە لــە تــەواوبـوونـی گێڕانـەوەی هـەقـایـەت و بـەسەرهـاتـی ژیـانـی خـۆیدا لەساتێکی شکستهێناندا دەڵێ:

ئـەحمەد بـەگ– ئـەوڕۆش چـەندی زەینی دەدەمە نێو چەوانی لاسی جەوهـەری پیـاوانی تێدا نییە.

پـاڵـەوان دەیـەویّ نـیشانمـان بـدا کـە لاس کـەسێکـە جـیـاوازە لـە خـۆی ئـەو سیفـەت و شکـۆمـەنـدی و سەروەرێتـیـیـە کـەسایـەتییـانـەی بـاوەڕێکن لـەلای ئـەو بـەهـیـچ شێوەیـەك کوڕەکەی گرفتـار نـاکـەن و سـەرنجی ڕانـاکێشن، جیهـانی ئەو کە بزرە لە خـەیـاڵ و فـانتـازیـا، لـە ڕۆمـانسییـەت و لـیریکیبـوون، جیـهـانـی ئـەو کـە بـە جـەوهـەری پیـاوان وەسفی دەکـا، جیهـانێکە کە تـاك لە ئـایدیـال بیرکردنەوەی خۆی تەنیا مرۆڤێکی خۆبینی یەك ئـاراستـەیە لە بیرکردنەوە. هـەربۆیە ئەحمەد بـەگ بە خێزانـەکەی دەڵێ:

– لاس لە تۆوە لە من نییە.

ئـەمە ئـامـاژەیەکی بەهێزی شکستی بـاوکە لە خولقـاندنی بـاوکێکی نموونـەی وەك خۆی کە لـە هـەموو کردار و بیرکردنـەوە و دنیابینیی لاسدا ڕەنگ دەداتـەوە و چـەمکی عـەشق لـەلای لاس دەگـەیـەنێتـە خـەیـاڵ و فـانتـازیـا.

## عەشق و لاس

لاس کەسایەتییەکە هەر لە سەرەتاوە خەسڵەتێکی ڕۆمانسی و خەیاڵی هەڵدەگرێ کە بناغەی تێگەیشتنێکی نوێ دادەڕێژن بۆ کەسایەتییەکی نوێ لە بەیتەکەدا.

کاتێك هەوڵی خەزاڵ و جوانی و وەسفی کەسایەتیی بۆ لاس دێنن لاس دەکەوێتە خەیاڵەوە، دەکەوێتە حاڵەتێك لە بیرکردنەوە لەو کەسەی کە هێشتا نەیبینیوە، هەر بۆیە ئەو دەروێشەی کە خەزاڵ ناچاری دەکا بەپارە و ئاڵتوون بەدوای شوێنەواری ئەو لاسەدا بگەڕێ کە لە خەوندا بینیویەتی و پاش ئەوەی دەروێش بە لاس دەگا و ناوبانگی خەزاڵی بۆ دەگێڕێتەوە، لاس لە جیاتی هەموو بڕیارێك بۆ ناردنی شتێکی گران بەها بۆ خەزاڵ دەسکە گوڵ و ڕەیحانی بۆ دەنێرێ.

(لاس: مادام وەتگۆتییە ئەمن لەبۆت دەپێچمەوە باقە گوڵ و ڕەیحان و سوسن هەرارە و بەیبوونی (ل.خ) کولتووری ناردنی گوڵ لە ڕێککەوتەکاندا، ئایدیالێکی نوێی ئەو مرۆڤەی لە پشتەوەیە کە مرۆڤێکی ڕۆمانسی و خەیاڵی و دڵ پڕ لە خۆشەویستییە.

هەروەها تێگەیشتنە لەوەی پێشکەشکردنی گوڵ بۆ خۆشەویست و خۆشەویستی تەنیا هێمایەکە بۆ ئەوەی لە دڵدایە نەك پێشنیارێکی گران بەهاو قورس بێ بۆ مەبەستێکی بەموڵکایەتیکردن بەکار بێ و دەربڕین لە هێز و توانای مادیی کەسێك بێ، ئەم هەڵبژاردنە زیرەکیی بەیتبێژ دەنوێنێ، ئەمە بیرکردنەوەیەکی نوێیە کە لەنێو سروشتێکی توندوتیژ و خوێناوی و لە ژیانێکی قورس و گراندا جوانیەیکان لە گوڵدا بدۆزێتەوە، هەروەکو چۆن بەیتبێژ هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ لاسمان بەشیوەی مرۆڤێك نیشان بدات کە جیاوازە لەگەڵ باوکی و تاڕادەیەکی زۆریش وەك مرۆڤێك دەکەوێتە ڕوو کە جوانیپەرستە و سروشتێکی نەرم و نیانی هەیە، کاتێك دەروێش دەیەوێ پرسیار لە لاس بکا کە ئاخۆ ماڵی خۆی بەچاوی خۆی بینیوە یان نا، واتە ژنی هێناوە یان نا؟ لاس هەردوو چاوی دەچووە تۆقی سەری، بەڵام پاشان داویەتییە قاقای پێکەنین، ئەم گۆڕانی دۆخی کەسایەتیە، لەوپەڕی تووڕە بوونەوە بۆ ئەوپەڕی لێبوردەیی و بەسەردا تێپەڕبوون، ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەك کە لە توانایدایە کۆنترۆڵی باری دەروونی خۆی بکا و لە هەڵوێست کاردانەوەی خۆی سروشتێکی نەرمونیان بگرێتە بەر، ئەمە زاڵکردنی لێبووردن و دڵفراوانیی پاڵەوانە کە بەیتبێژ دەیەوێ نیشانمانی بدا کە ئەو جیاوازە لەگەڵ باوکی.

بەیتەکە پڕە لە هەڵوێست و هەست و سۆز و هەڵچوونی خۆشەویستی و خەیاڵ و فانتازیا، ئەو کاتەی دەگاتە دەواری خەزاڵ و خۆی دەکاتە شێخێك کە بەرگەی برسێتی و تێنوێتی و سەرکۆنە کردن دەگرێ، ئەوی بەگزادە، لە هەڵوێستەکانیدا، هەروەها لە کاردانەوەکانیدا زۆر خۆگر و هێمن و نهێنی پارێزە، کاتێك خواردن پێشکەش دەکرێ لە ڕێکەوتێکی دیوەخانی باوکی خەزاڵ لاس سەبارەت بەم خواردنەی کە زۆر ساکار و سەیرە دەڵێ:

(– ئەو شیوە کە لێندرایە خەزار ئەگەر بەخۆشی لێی نەنابی هەروەستەی لە دیارکردییە بۆنی خەزاری لێ دێ «ل.خ»)

ئەم زیندو بوونەوەی ئاگایی لە خۆشەویستیدا، هەروەها لە یادەوەریدا دیمەنێکی ڕۆمانی «گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو»ی مارسیل پرووسی بیرم خستەوە کە پاڵەوان بەهۆی بۆنی خواردنێکەوە، یادەوەرەکانی لە هوشیاریی ئەودا زیندوو دەبێتەوە واتە دەرککردن بە گۆڕانی زەمەن و دەرککردن بە شوێنی و گەڕانەوە لە ئێستادا بۆ ڕابردوو، هەروەکو چۆن ئەم دیمەنە ئاماژەیەکە بۆ فانتازیای نۆستالژیانە و گرفتاریبووانەی ڕۆمانسی کە بە خەیاڵ بۆ لای ئامادەبوونی خۆشەویستەکەی و دەرککردن بە بوونی دەچێ، ئەمە هەروەها مانایەکی ترش دەگەیەنێ کە لاس لە هۆشیاری و بیرکردنەوەدا پڕاکتیکی عەشقێکی ڕاستەقینە و بێگەرد دەکا کە داو و دەستوورەکان تێك دەشکێنێ، لەو کاتەی لە پێناوی ئەو خۆشەویستیەدا خۆی دەکاتە دەروێش کەسایەتیی خۆی دەگۆڕێ و دەرەنجامە ناخۆشەکانی ئەم گۆڕانکاریە لە کەسایەتیی خۆی هەڵدەگرێ، لەو کاتەی داو و دەستوور وادەخوازێ کە لاس وەکو باوکی بە داری سەرە ڕم خۆشەویستەکەی پەلکێش بکا.

ئەم هەڵوێست وەرگرتنە لە کولتووری توندڕۆیی و نواندنی کاردانەوەیەکی کۆنترۆڵکراو لە زۆر هەڵوێستوەرگرتندا لە کولتووری توندڕۆیی و نواندنی کاردانەوەیەکی کۆنترۆڵکراو لە زۆر شوێنی تردا ئاماژەکانی دەخوێنینەوە، لەوکاتەی باوکی لاس لەبەرئەوەی لە شەرمان کچی بابەشێخ پشتی تێ دەکا لەسەر کانی، شەش ساڵ لە خۆشەویستەکەی جودا دەبێتەوە و نایدوێنێ و ئەمەش بە تۆڵە دەزانێ.

بەڵام کە لاس لە دیوەخانی باوکی خەزاڵ دادەنیشێ و نان پێشکەش دەکرێ و شوێنی ئەو لە خوارەوە لەلای پێڵاوەکانە و باوکی خەزاڵ تووڕەیی نیشان دەدا، بەرامبەر بە

مێوان کە ناهێڵن، چێشتێکی بەڕوون بەدڵ بخۆن و فەرمووشی لێ ناکەن ئەو لە پێناوی خۆشەویستی و گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بە پاشماوەی ئەو خواردنە ڕازی دەبێ، مادامەکی ئەگەر خەزاڵیش لێی نەنابێ بۆنی ئەوی گرتووە، ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستێکی مرۆڤێکە کە دەتوانێ بەتەواوی کۆنترۆڵی کاردانەوە دەروونیەکانی خۆی بکا و هەروەها قوربانیی خودیانەش بدا لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا، ئەمە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستانەی باوکە، کە عەشق هەموو کاتێك مانای لێبووردەیی و ساکاری و بێ ڕقی و بێ توندوتیژی دەدا.

جوانترین دیمەنی ناو بەیتەکە پەیوەست بە خۆشەویستییی لاس بۆ خەزال ئەو لاوانەوەیەیە کە لاس بەسەر خەزاڵیدا دەڵێ لە دیوەخانی بابی کە پڕە لە فانتازیا و خۆشەویستی:

بەشکو تیرۆگی مار وێران

خەزارە شۆڕی مەلا نەبیان کیژ بوو لە مارەبابان

لەبۆ خۆ کڕییە

بەران سبەینان، هەموو سبەینان

هەنگوتك بڕینەوەی دەری نەهاتبا

تیرۆگی دابنێ لەکن ئاگر قشپلیە

سەرەکی هەر دادەنێ لەسەر هەرامە شلکەیێ دەڕانییە (ل.خ)

ئەم دیمەنە پڕ لە خەیاڵی ئیرۆتیکی و سۆزاوییە، ئەمەی باڵ بەسەر بیرکردنەوەی پاڵەواندا دەگرێ تەنیا بیرکردنەوەیە لە خۆشەویستەکەی و گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، کاتێك بەیەك دەگەن و، لاس خۆی ئاشکرا دەکا بۆ خەزاڵ، تاکو نزیکی بەیانی گفتوگۆ دەکەن و لاس دەستبازی لەگەڵ خەزاڵدا دەکا لە ئەم لاواندنەوەیە لەبەر چاوی هەموو پیاوان و کەسوکاری مەلانەبی و لە دیوەخانی ئەو، هەروەها دەستبازیی لاس لەگەڵ خەزاڵ هەر لە سەرەتاوە، ناکۆکی و هەڕەشە و مەترسی دەبێ بۆ لاس کەس نایناسێ کێیە و کێ نییە، ئەمە پێچەوانەی ئەو دەمارگیرییەی باوکی لاسە کە بەسێ ڕۆژان لە دیوەخانی بابەشێخ دەمێنێتەوە بێ ئەوەی لە کچی بابەشێخ بپرسێتەوە، لاس هەموو کردەوەکانی لێرەدا پێچەوانەی باوکە، ئەو لە مەترسیی درکاندن و ڕاگەیاندنی خۆشەویستی و عەشقی بۆ خەزال حسێب بۆ داو و دەستوور و یاساکانی کۆمەڵگا ناکا،

ئەو بەسەر ئەو داو و دەستوورانەدا زاڵ دەبێ: چونکە گرنگ لای ئەو ئەمە نییە بزانن کێیە و کوڕی کێیە گرنگ لای ئەو ڕەنگینکردن و وێناجوانکردنی هەستەکانیەتی بۆ خەزاڵ و گەیشتن بەو، گرنگ ئەوەیە خۆشەویستەکەی بزانێ ئەو کێیە و بۆچی هاتووەتە ئەم دەوارە و بۆچی خۆی گۆڕیوە و بۆچی دەبێ هەموو مەترسی و سەرکۆنەکردن و برسێتییەکان بگرێتە ئەستۆ. هەڵوێستەکانی خەزاڵیش جۆرێك لە هەڵوێست تاڕادەیەك جیاوازن لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی داو و دەستوور دیاریی دەکا، خەزاڵ لە خۆشەویستیی بۆ لاس چاوی لە کامەران بوونە لە خۆشەویستیدا. هەربۆیە لە زۆر شوێنی جیاوازدا ئامۆژگاریی لاس دەکا و داوای هەندێك کار و هەڵوێستی لێ دەکا، لاسیش بە قسەی دەکا و قسەی بەهەند هەڵدەگرێ بەپێچەوانەی باوکی کە بەهیچ شێوەیەك گوێ لە خۆشەویستەکەی ناگرێ و قسەکانی بەهەند هەڵناگرێ و تەنیا ئەوە خۆی دەیەوێ ئەوە بکا، لەم بارەیەوە خەزاڵ وەك ئافرەتێك توانای وەڵامدانەوەی خۆشەویستیی هەیە لە چەندین لای جیاوازدا خەزاڵ بە لاس دەڵێ:

– خەم لە بۆ پیاوان لە دنیایێدا چانیە (ل.خ)

هەروەها کاتێك دەیانەوێ لەجیاتی خوێن بیدەنە مەمەندی ئاری وەیس، نامە بۆ لاس دەنووسێ کە فریای خۆشەویستەکەی بکەوێ و دەنووسێ:

– ئەمن ئەو قاقەزەت لە بۆ دەنووسم بە فرمێسکی چاوییە.

لاس لە خۆشەویستیدا دەرك بە زەمەن دەکا و لە کاتی خۆی و پێش ئەوەی بەزەبری هێزی خەزال بەرن بۆ مەمەندی ئاری وەیس دەگاتە دەواری خەزاڵ و دەکەوێتە شەڕەوە لەپێناوی خۆشەویستیەکەی، ئەو شەڕەی، براوە خەزاڵ بۆ خۆی دەبا ئەمە پێچەوانەی هەڵوێستی باوکیەتی کە زەمەن لای ئەو، ئەو بایەخەی نییە و بە ساڵان خۆشەویستەکەی جێ دێڵێ و نایدوێنێ، هەر لە هەڵوێستێکی زێدەڕۆی ئەم خۆشەویستییەیە کە لاس هەموو ماڵ و مولك و تەنانەت دایکیشی پاش مردنی باوکی بە دەروێشێك دەدا کە هەواڵی خەزالی بۆ بێنێ، بەپێچەوانەی باوکی کە تەنیا لەپێناوی تێرکردن و پاراستنی خۆبینیی خۆی بەهەموو کردارەکان هەڵدەستێ، لەوکاتەی لەلای لاس خۆشەویستی بڕیاری ئەمە دەدا چ هەڵوێستێك بەرامبەر بەڕووداوەکان هەڵگرێ.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگە ئاماژە بەوە بە دەین کە ئەم بەیتە یەکێکە لەکارە فۆلکلۆرییە سەر سوڕهێنەرەکانی کولتووری گەلی کورد، کە بە ڕاستەقینە لە ڕێگەی ئەم

بەیتەوە لە واقیعی کێشەی نێوان عەقڵییەتی سەلەفی و عەقڵییەتی نوێ دەگەین، ئەگەرچی ئەو عەقڵییەتە نوێیە و ئەو نەوەیە بەتەواوەتی لە کولتووری داسەپاوو کولتووری داسەپێنراو ڕزگار نەبووە، بەڵام ئەمەش دەوڵەمەندی و دنیا بینیی دۆێنێیە کە دەبێ ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی زانستی و بێ لایەنی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، بەبێ ئەوەی لەوە بترسین یا شەرم بکەین، پەنجە لەسەر عەقڵییەتی پاشکەوتوانە دانێین و ڕووەگەشەکانی ئەو ڕابردووە بخوێنینەوە و هیوادارم بەسوودبن.

**تێبینی**

* هەموو نموونەکان لە کتێبی - لاس و خەزال- لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی «پیرداود مەخمووری» وەرگیراون.

(ل.خ) لاس و خەزال
هەولێر
٢٠٠٥/١/٩

## پێکەنینێك لە ئازار شیکردنەوەیەکی تیۆری و پراکتیکیی جۆری گەپ

ڕەگی بێهوودەیی لە سروشتی مرۆڤدا، پاشخانێکی بوون ئامێزە، هەروەك هەموو مەیلە نەچەسپاوەکانی تری باری دەروونیی مرۆڤ، ئەمەش دەرکەوتنی سروشتی دووسەرەی مرۆڤە کە دەگمەنە لە ئاستی بارێکی دەروونی و هەڵوێستەکاندا تەنیا بەهایەکی کۆمەڵایەتی بخاتە پەیوەستەکانییەوە بەوانی تر، هەربۆیە سەیر نییە کۆمێدیا و گەپەکانی مرۆڤ ڕەگی تراژیدیاکانیش هەڵدەگرن و تراژیدیا و ئازارەکانیش هەروەها ڕەگی گەپکاری و کۆمێدیا لە خۆیاندا هەڵدەگرن. ئەمە ئازارێکی نهێنیی سروشتی دوو سەرەی مرۆڤە کە دەیەوێ مێژوویەك بۆ ڕەهابوونی ئازادیی خۆی بدۆزێتەوە، لە یەکێکیاندا لەسەر دەریایەك لە ئازار پێدەکەنێ و لەوێ و دیشیاندا لەنێو دنیایەك لە قاقای پێکەنین لە ناوەوەیدا دەگریێ.

پێکەنین هەرگیز بێ لایەنیبوون و خۆ دامالێنێك نییە لە ئازارەکان بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ شاردنەوە و ڕەتکردنەوەی ئازار، هەروەك ئەوەی لەم بوونە دووسەرەیەشدا، مێژوویەکی دڕندە لە دەروونی گیان و هەناسە ڕەشەکاندا بێهوودەییەك نەبێ بۆ مێژووی ئازارەکانی مرۆڤ دەنوێنێ، لە قووڵایی هەموو پێکەنینەکاندا، مرۆڤێکی تر هەیە کە

ترسی کەسەکە دەنوێنێ، ئەو مەترسییانەی ناوەوەمان داگیر دەکەن و زۆر جار کە ناتوانین لە ناوەوەمان بیاندوێنین، وەك تێپەڕاندن و خواستی لەبیرکردنەوە بۆ ئازاری مەترسییەك کە دەبێ بەپێکەنین و لە خولگەی گەپدا خۆی دەنوێنێ. زۆربەی ئەو کەسانەی زۆر پێدەکەنن، ئازاری زۆرتر لە ناوەوەیان هەڵدەگرن، کە زۆرجار ئەو ئازارانە لە ئازاری خودیش دەردەچن و ئازاری پەیوەستی کەسەکان دەنوێنێ بە ژیان و کەسەکانی دەوروبەر و هاوبەشی لە بوونی گەلێکدا.

بێشك پێکەنین لە کولتووری زارەکیماندا لە زۆربەی جۆرەکانی دەربڕین لێکردندایە وەك (مەتەڵ و هەقایەت و بەسەرهات و (نوکتە) گەپ و پەند و ئیدیۆم و چیرۆکە کورتەکان... هتد» ئەم سیمایەی پێکەنین، هەروەها دەرچوونێکە لە هەموو بەها چاك و خراپە داسەپێنراو و قەدەغەکارەکان، لەوکاتەی زۆربەی ئەو جۆرە ئەدەبییە زارەکییانەی پێکەنینیان تێدا دەبێ، یا بەدەستی پێکەنین دەگوترێن وەك تێکشکاندنێك دەیخاتە بیرکردنەوەی ڕۆژانەی خۆیەوە و هەندێك جار دەبنە بەهای بە پیرۆزکراو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گەپکردن وەك جۆرێکی زارەکی جیا کەرەوە بە دوور بێ لە مەبەستدارێتی گوتن بەلایەنە چاك و خراپەکەیەوە، بەڵام لە هەموو حالەتەکاندا بەشێك لە جیهانبینیی کۆ ، دەستە ، کەسەکان و گرووپە ئەتنییەکان دەنوێنن لە چۆنێتی تێگەیشتن و هەڵوێستیان بەرامبەر بەیەکتر لەبەر ئەوەشی گەپ کەمترین جیدییەت دەنوێنێ لەو بارەی کە مەبەستی سەرەکیی گوتنی بۆ خولقاندنی پێکەنینە، لەبەرئەوەشی زۆرجار گەپەکان بەپێی پلە کۆمەڵایەتی ، ئاستە کۆمەڵایەتی ، نەتەوەیی و جوگرافییەکان مەبەستدار و ئامانجدار دەبن و لەلایەنی ناوەڕۆکیشەوە هەندێك جار قبووڵ ناکرێن، بۆیە گەپ (نوکتە) سیمایەکی ڕازگری هەیە و ناوەڕۆکەکان حوکمی ئەوە دەدەن لە کوێ و بۆ کێ و چۆن بگوترێن. ئەمەش هەمدیسان ئاماژەیەکە، بۆ دوو سەرە بوونی دەروونی و عەقڵی مرۆڤ زۆرجار گەپێك دەبیستین کە تراژیدیایەکی قووڵی لە پشتەوەیە یا مەبەستی ناشرینکردن و ناوزڕاندن و گاڵتە جاڕیی لە پشتەوەیە، هەرچەندە ئەو دزێویانەی گەپ هەمدیسان لە دوو لایەندا یەك دەگرنەوە کە ئەویش خولقاندنی پێکەنین و گوتنی بەشێك لە ڕاستییەکانە یا بەشێك لە ڕاستی هەڵدەگرن.

سیفەتی ڕازگریی گەپ هەمیشە بە چەند هۆکارێکی سیاسی ، ئابووری و دەسەڵاتدارێتییەوە پەیوەستە، هەروەها پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەیەکەوە لەو کاتەی ئەو کەسانەی یا ئەو ناوەندانەی هاوبەشن لە چۆنێتیی بیرکردنەوە، گەپی

هاوبەش و قبوولکراویان دەبێ گەپی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، مێژوویی و دیاردەیی مرۆڤ چاکترین نموونەن کە بەرجەستەی پەیوەندییەکی تری کەسەکان و کۆمەڵگەکان دەنوێنن، لەگەڵ دەسەڵات و بەرامبەر کۆمەڵێك و بەرامبەر بە سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە کۆچ بۆ هەندران وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەسەدان گەپی لە کۆمەڵگاکەماندا هێنایە کایەوە، ئەو گەپانە لە هەمان کاتدا چەند ڕوویەکی دژ بە یەك و دوو سەرەیان هەیە، کە ڕەگەزەکانی بە پێکەنین هێنان، تراژیدیا، گاڵتەجاڕی، پەند و ...هتد، هاوبەش دەبن لە چۆنێتیی ڕێکخستنی ناوەڕۆکەکاندا، بەمەش دەشێ گەپ (نوکتە) بەو شێوازی داڕشتنە زارەکییە لەقەڵەم بدەین کە ڕەنگدانەوەی ژیان و ئازاد و کراوەیە و، ئەم تێپەڕاندنەش لە گوتن هەمدیسان دەبێتە چەکێکی نادیسپلێنکراوی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە هەموو بەهایەکی دیاردەیی و کۆمەڵایەتی.

هەر بۆیە ئارەزوو لە پێکەنین وەك مەیلێکی سروشتییانەی مرۆڤ دەبێتە هۆکارێك بۆ گوێگرتن و قبوولکردنی گەپێك، کە ئێمە لەوانەیە لە ناوەوە، لە هەڵوێستی دەربڕین لێنەکراوماندا ڕەتی کەینەوە و قبووڵی نەکەین.

گەپ ، مەتەڵ ، هەقایەتی کورت و نوکتە، بێشك بەرجەستەی بەشێکی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانە و ئەنتروپۆلۆژیانەی گەلەکان دەنوێنن، کە تیایدا زۆر لە سیما و تایبەتمەندێتیی کەسایەتی و ئەتنی دەگرنە خۆیان، ئەو ڕەنگدانەوە ژیارییەی کە دەتوانن لێیانەوە چەند ڕایەکی بەهێزی بیرکردنەوەی گەلێکیان پێ بخەینە بەرچاو، بێشکیش گەپ و هەقایەتە پەنددار بووەکان ڕوویەکی ڕاستەقینەی دنیابینی خەڵکی دەنوێنن لە چۆنێتیی ڕوانینیان بۆ دەوروبەری خۆیان، پۆلێنکردنی ئەو جیهانە بەربڵاوەی گەپ و چیرۆکە کورتە میللییەکان لە ئامانج و بنیاتی زمانەوانیاندا لێك جوێ دەکرێنەوە لە کاتێکدا لەوە دەگەین کە زۆربەی هەرە زۆری پەند و ئیدیۆمە کوردییەکان، چیرۆکێك، دەربڕین لە ڕووداوێکی یا بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی خەڵکی دەکەن، ئەوا سەربووردە و هەقایەت و مەتەڵە کورتەکان، ئەوانیش وەك کورتکردنەوەیەکی هەقایەتە درێژ و مەتەڵە درێژەکان، دەکەونە بەرچاو و ڕەگەزی سەرەکیان لە پەندوەرگرتن و حیکمەت وەرگرتن و عیبرەت وەرگرتن هەروەك بڵێی نەتەوەیەك ئەرشیفی پەند و بەسەرهاتی مێژوویی خۆی دەکا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلامانەوە جۆرێکی تایبەتە لە ئەرشیفی گوتە میللییەکان کە ئەویش گەپە و زۆر نزیکە لە قسەی نەستەق و چیرۆکە کورتەکان و چیرۆك و پەندەکانی، هەر کاتێك سیفەتی حیکمەت و پەندی مەبەستدار و جیددییەتی زمانەوانیان لەدەست داو

ڕستەی بە پەند کراویان لێ دوور خرایەوە، بەمەش گەپ وەك جۆرێك لە زمانی زارەکی هەمدیسان وەك جۆرەکانی تر هەرچەندە مەبەست ئاراستەی سەرەکیی بە پێکەنین هێنانی بەرامبەرە، بەڵام لە گەوهەردا پەند و عیبرەت لە ڕاستییەکانی ژیانەوە وەردەگرێ، بەشێوەیەکی ناماقووڵ و ناڕێك و بە زمانێکی تێکشکاو، ئەمەش سیفەتێکە کە لەم ساڵانەی دوایی وەك پەرەسەندنێك وەك ئاراستەیەك لە ڕەنگدانەوەی توندوتیژیی سەردەمدا، ئەو سیفەتانە دەگرێتە خۆی، بەڵام هەمدیسان هەروەك جۆرەکانی هەقایەتە پەند دارەکان و چیرۆکە بە پەندکراوەکان ومەتەڵە کورتەکان، گەوهەری پەند وەرگرتن زاڵە بەسەر بنیاتی مانا و ڕێکخستنی زمانی پەندەکان، هەرچەندە گەپ لە مانا پێکەنین دروست دەکا و لە زماندا چڕبوونەوەی تێکشکێنانە دەخولقێنێ، لێرەوە چەند سیمایەکی ئەم جۆرە دەربڕین لێکردنە زارەکییە دەخەینەڕوو:

١– تێکەڵبوونی گەپەکان لەنێوان نەتەوەکانی یەك ناوچەدا لەگەڵ پارستنی کەسایەتی گەپبێژە، بە گوێرەی ئاستی تێکەڵبوونی ئەو نەتەوانە، ئەمەش، دەربڕین لەوە دەکا گەپ وەك جۆرێك لە ڕۆشنبیریی زارەکی بەسەر هەموو سنوورەکاندا تێ پەڕیوە و هەموو نەتەوەیەکیش بەپێی داو و دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆیی و بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەسکاری شێوازی گێڕانەوە و زمانی توندوتۆڵیان کردووە و یاسایەکی زمانەوانی چەسپاوی نییە، هەموو کاتێك کراوە دەبێ بەرامبەر بە هەر دەستتێوەردانێك و گۆڕینی سەرجەمی ماناکانی، ئەمەش بەشێوەیەك دەکەوێتەوە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگۆڕێ و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بگۆڕێ، بەشێوەیەك کە لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکیی خۆیدا زۆر جیاواز دەبێ، هەر ئەمەش ئەوە دەردەخا و پەند و مەتەڵەکان بە ئازادی سنوورەکانیان بڕیوە و هەر نەتەوەیەك بەپێی زمان و داو و دەستووری کۆمەڵایەتیی خۆی دەسکارییانی کردووە.

سیفەتی بنیاتی هیولی گەپ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بۆی هەیە گۆڕانکارییەکی مەبەستدار و تەواو بخاتە ئامانج لە گوتنی گەپەکانەوە، بەڕادەیەك بناغەی سەرەتای خۆی لەدەست دەدا کە زمانەکەی لەسەر دامەزراوە و هەموو (ناو و شوێن و ژمارە و قەبارە و شتەکان» دەگۆڕدرێن و ئەمەش پەیوەندیی بە چەند لایەنێکی دیاریکراوەوە هەیە:

١– ئەو کەسانەی گوێ لە گەپ دەگرن و چێژی لێ دەبینن بۆ کەسانی تری دەگێڕنەوە، بە ئارەزووی خۆیان دەسکاریی بنیاتی زمانەوانیی سەرچاوەکەی دەکەن، هۆی ئەمەش

لەوەی باسمان کرد، ئەوەیە کە گەپبێژ کەسێکی بزرە و زۆر دەگمەنە کەسێك بەوە بناسرێ کە گەپ ڕێك دەخا و بڵاوی دەکاتەوە.

٢- گەیشتن بە خاڵی کۆتایی هەمیشە دەبێتە مەبەستی سەرەکیی گەپبێژ کە، ئەویش گوتنی ڕستەی کۆتاییە کە وەك ڕستەی تەقینەوە وایە و کەسانی بەرامبەر دەخاتە پێکەنینەوە.

٣- گەپ وەك جۆرێك لە دەربڕین لێکردن، لە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی ، حکومی ، ئاینی و ئایدۆلۆژی دەردەچێ، هەر خۆی کۆمەڵێك مانای نوێ لەو چەمکانە دروست دەکاتەوە. واتە گەپ کاتێك سیفەتی پێکەنین دەخاتە بەر ماناکانەوە، ئەوا یەکسەر سیفەتێکی ڕەخنەگرانە و، گاڵتەجاڕی و پلار لێدان دەگرێتە خۆی لەو دوو ئاراستەیەی لە سەرەوەدا باسمان لێیان کرد، دوور لە هەموو چاودێرییەك، گەپ تاقە شێوازێکی ئاخاوتنە کە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ لە چوارچێوەی بگرێ.

٤- زۆر جار گەپەکان وەك کەرەستەی شەڕێکی سارد و پڕوپاگەندە کردن و بەربەرەکانێکردن و توانج و پلاری دەستەیەك دژی دەستەیەکی تر، شارێك دژی شارێکی تر، هۆزێك دژی هۆزێکی تر... هتد بەکارهاتووە، وەك گەڕانێك بەدوای کەموکوڕییەکانی ئەوانی تر، بەڵام ئەم لایەنەی گەپ سنووردارە و کەم بڵاودەبنەوە.

٥- لایەنێکی تری گەپ خێرایی بڵاوبوونەوە و زۆریی ئەو ناوچانەیە کە تیایدا بڵاو دەبنەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکی گیانی و عەقڵی و ڕۆشنبیریی میللییە بۆ پتەوکردن و بە گوڕهێنانی ئاخاوتن، هەروەها باری دەروونیی خەڵکی دەنوێنێ بەگشتی لە ئازادی گوتن و ڕادەربڕین.

٦- بنیاتی زمانەوانیی گەپ:

زمانی گەپ زمانێکی ساکار و بێ گرێ و بێ پێچو پەنایە، هەموو هونەر و تەکنیکێکی گەپ لە شێوازی گێڕانەوەدا چڕ دەبێتەوە، ئەو زمانە پەرەسەندنێکی هەڕەمییانەی هەیە کە لووتکەی ئەو پەرەسەندنە گرێیەکانی هێنانە پێکەنین دەگرێتە خۆی و ساتی کۆتایی لە گەپدا ساتی پێکەنینە و لێرەدا وەك تەواوکردنێکی سیما و خەسڵەتەکانی گەپ چەند ڕوویەکی تر دەخەینەڕوو.

أ- گەپ وەك جۆرێك لە ئەدەبی زارەکی سیفەتی هەیکەل و داڕشتنی زارەکیی کورت و چڕ کراو دەنوێنێ، هیچ گەپێك لە تەنیا بڕگەیەکی کورت زیاتر نابێ، مادامەکی مەبەست بە پێکەنین هێنان یا گەیاندنی مەبەستێکی پێکەنیناوی دەبێتە میکانیزمێك بۆ

بنیاتنانی ڕستەی کورت کورت و مانادارو هەر بۆیە سیفەتی گێڕانەوەی درێژی وەك چیرۆك و هەقایەت لە گەپدا بزر دەبن.

ب- گرێی سەرەکیی گەپ لە زماندا تەنیا هەریەك گرێیە کە پەیوەستە بە ساتی کۆتایی گەپەوە، واتە بناغەی کردار و ڕووداو یەك ڕوویان هەیە و یەك گرێ پەرە پێ دەدەن، لەبەر ئەمەشە تاقە گرێی زمانەوانیی گەپ، گرێی یەك ڕووداوەکە لە مانادا دێتە کایەوە.

ج- سیفەتی ڕاستەوخۆیی لە گوتن سیفەتێکە هاوشانی بێ پەردە و پەناو بێ پێچو پەنایی ئاخاوتنێك دەنوێنێ کە نزیکە لە ئاخاوتنی زمانی میللییەوە، هەروەك دەزانین زمانی میللی، کەمترین ئاست لە قەدەغەکردنی گوتن دێنێتە سەرخۆی و زمانێکی ڕاستەوخۆ و لە ڕووە.

ء- خاڵی سەرەکی لە بنیاتی زمانەوانیی گەپدا وەك هونەرێك لە گێڕانەوەی کورت خاڵی تەقینەوەیە، هەموو گەپێك خاڵێکی تەقینەوەی دەرهاویشتەیی زمانەوانیی هەیە کە هاوکاتە لەگەڵ ساتی بە پێکەنین هێنانی بەرامبەرەکان، کە ئەویش چڕبوونەوەی هەموو وشە و ڕستەکان بەرجەستە دەکا لە ڕستەیەکی گەییو و کامڵ، ئەگەر بێتو ئەو ڕستەیە لە بنیاتی زمانەوانیی گەپ دەربێنێ، هەموو بنیاتی گەپەکە لەنگ و بێ مانا دەبێ و هەموو توانا زمانەوانییەکانی خۆی لەدەست دەدا، ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی وروووژێنەر و سەرسامکەر و هەست بزوێنە و لەم ئاراستەیەشدا زۆر توندوتیژ ، کاریگەر دەبێ، گەپبێژ هەموو تواناکانی خۆی بۆ نمایشکردنێکی ڕازاوە و پڕ مانای ئەو ڕستەیە ئامادە دەکا، چونکە یەکگرتنەوەی گەپبێژ و بەرامبەر لە ڕستەی کۆتاییدا یەکگرتنەوەیەکی هەڵنەبژێردراو و کۆنترۆڵنەکراوە و هەردووك دەخاتە یەك باری دەروونییەوە کە ئەویش دەرخستن و بەرەڵاکردنی پێکەنینە.

هـ- ڕستەی تەقینەوە لە گەپدا ڕستەیەکە، وەك دالێك کۆمەڵێك مەدلوول لەگەڵ خۆیدا دێنێ و بوارێك بە گوێگر دەدا پاش حاڵەتی پێکەنین بیر لە ڕستەکان بکاتەوە، هەروەکو چۆن چەندین ئاماژەی نەگوتراو لەگەڵ خۆیدا دێنێ و لە یادەوەرماندا ئامادەیان دەکاتەوە و لە شێوەی بیرێکدا بەرجەستەیان دەکا، هەر بۆیە گەپ هەروەك قالبێکی زمانەوانییە لە پێناوی دروستکردنی میکانیزمێك بۆ لەدایکبوونی بنیاتی زمانەوانیی تر بۆ مانای نەگوتراو کە سیفەتی چڕبوونەوە لە مانادا دەبێتە هۆکارێك بۆ دەرخستنی یادەوەریی زمانەوانی و وروووژاندنی بابەتی نوێ.

و- سیفەتی هەمیشەیی بنیاتی زمانەوانیی گەپ لەلایەن ماناوە سوود وەرگرتنە لە

سیفەتەکانی یا شێوازەکانی لە ناماقوڵی واتە ناواقیعی لە کەرەستەکانی مانا، زێدەڕۆییەکی هەندێك جار توندوتیژ، بێهوودەیی، تێکدانی یا تێکشکاندنی زمان و مانا...هتد» لە پێناوی بیناکردنەوەی واقیعێك، ئەمەش ڕوونبوونەوەیەکی بەرپەرچدانەوەیە بۆ ئاستی قەدەغەکردن و بەپیرۆز کردن و بە دەسەڵاتکردن و گەپ هەموو یاسا کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەخاتە ئاستێك لە تێکشاندن و بنیاتنانەوە.

س- ڕستەی کۆتایی گەپ هەموو کاتێك تاك بنیاتی هەموو ماناکانی لە پشتەوەیە بەو شێوەیەی زمانی دووەمی دەق نیمچە درەوشاوەی بنیاتی شاراوەی گوتن دەنوێنێ.

حـ- زمانی گەپ زمانێکی توندوتۆڵ و تۆکمەیە و هیچ زێدەڕۆییەك قبوڵ ناکا لە گوتندا، ئەگەر بێتو لە خزمەتی بنیاتی سەربەخۆی دەقدا نەبێ (مەبەست دەقی زارەکییە) هەروەکو چۆن ئاستێك لە نووسینی ناڕاستەوخۆ دەنوێنێ، لەوکاتەی زمانی گەپ لە سیتسەمێکی توند و تۆڵی پەرەسەندنی زماندا دەربڕین لە ماناکانی دەکات، بەرجەستە بوونی ماناکان هەموو لەژێر یەك ئاراستەی بە بنیاتبووندا دەبن و ترازانێکی ناڕاستە و هەروەك دەقە ئەدەبییەکانی تر، بەڵکو زۆر لە ڕاستەوخۆیی نزیك دەبێتەوە، لێرەوە دێینە سەر شیکردنەوەیەك لە ئاستی بنیات بۆ چەند نموونەیەك لە گەپی نەنووسراو.

## جوانکاریی زمانەوانیی گەپ

هەروەك دەبینین لە ئاستی مێژووییانەی ڕووداوەکاندا و بەرجەستە بوونی مێژوویەکی تر بۆ شێوازی داڕشتنی دەقەکە هەر لە سەرەتاوە زمانی دەق لە کەشێکی جوانکاریی وەحشەتگەر و ڕتووشنەکراو و شڵەژاو، پەیژە بەپەیژە خۆی بنیات دەنێ و کردارەکان دەبنە هۆکارێکی مێژوویییانە بۆ پەرەسەندنی زمان و ئەمە وەك شێوازی زمان دەبێتە خاسییەتێك کە چەندین خاسییەتی تر لەگەڵ ئەم بە ڕووداوکردنەدا دێتە ئاراوە لە چوارچێوەی ڕێچکەیەکی زمانەوانیدا کە بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێ:

مانا ڕووکەشەکان ١ ٢ ٣ ٤ ڕستەی کۆتایی

بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێچوکەیەکی پراکتیکیش وەرگرێ لەنێوان گەپە باوەکاندا، یەکێك هەڵدەبژێرین و شیکردنەوەکی بنیاتداری زمانەوانی و جوانکاریی بۆ دەکەین.

١- جارێکیان کابرایەك دەچێتە بریتانیا.

٢- لەوێ دەبێ هەموو کەسێ فێری ئینگلیزی بێ.

٣- ئەوانیش دەینێرنە گوندێك بۆ ئەوەی فێری ئینگلیزی بێ.

٤- پاش یەك دوو ساڵ دەچنە گوندەكە بۆ ئەوەی بزانن ئەو كابرایە فێری ئینگلیزی بووە یا نا.

٥- دەبینن هەموو خەڵكی گوندەكە بە كوردی قسە دەكەن.

هەروەك دەبینین هەریەك لەو ڕستانە چەندین ڕوونكردنەوەی پێویست لەسەر خۆیان لادەبەن، چ ەندین زانیاری و زانینی شوێن و هۆكار و ڕووداو لە زماندا دەسڕنەوەو تەنیا جەخت لەسەر ڕستە ناوەندیە بەربلاوەكان دەكا.

١- كابرایەك دەچێتە بریتانیا ـــــ تێكەڵبوونی دوو ڕەگەزی جیاواز لە مرۆڤ كە خاوەنی زمانی جیاوازن.

٢- لەوێ دەبێ هەموو كەسێ فێری ئینگلیزی بێ ـــــ ئاستەنگ لە پەیوەستی جیاوازی ڕۆشنبیری بەبێ پرسیار كردن لە ئاستی كەسە كە لە چۆنێتیی گەیشتنی بە بریتانیا.

٣- ئەوانیش دەینێرنە گوندێك بۆ ئەوەی ئینگلیزی فێر بێ ـــــ پێكگەیشتنی ڕۆشنبیری بە دەر لە ئامادەیی توانای كەسەكان، بەبێ ناسینی كەسەكان وەك دوورخستنەوەی لە هەموو ناسیاوییەك یا هاوزمانی خۆی لەو ولاتە.

٤- پاش یەك دوو ساڵ دەچنە گوندەكە بۆ ئەوەی بزانن ئەو كابرایە فێری ئینگلیزی بووە یا نا ـــــ كەسانێك بەرپرسن لە فێربوونی بیانی، ئەنجامی كردارێك كە ڕوونكردنەوە هەڵدەگرێ.

٥- دەبینن هەموو خەڵكی گوندەكە بە كوردی قسە دەكەن ـــــ ئەو كابرایە زۆر نەزان بووە، بەڕادەیەك هەموو خەڵكی گوندەكە لەوەوە فێرە كوردی بوونەو ئەو فێری ئینگلیزی نەبووە.

هەروەك دەبینین هەموو پەرەسەندنەكانی ڕووداو وەك زنجیرە بەستیكی مێژوویی لەخاڵی كۆتاییدا كۆدەبێتەوە!

«بڕوانە بنیاتی قاڵبی نازەمەنیی لیڤی شتراوسی»

كە وەك یادەوەرییەكی ئامادەكراوی پێش وەختە گەپی لەسەر داڕشتراوە، ئەمەش هەموو كاتێك مێژووی ڕووداوێك دەخاتە دەقەوە كە هەموو كاتێك مێژووی ڕووداوێك دەخاتە دەقەوە هەموو پەرەسەندنەكانی زمانی پێوە پەیوەست كراوە، ئەم زانیارییە پێش وەختەیە دەبێتە بناغەیەك بۆ بەگۆهاتنی هەموو ڕستەكانی تر و دیاریكردنی

دەورەکانیان، هەر نەزانینی زمانی ئینگلیزیە لەلایەنی ئەو کەسەوە کە هەموو ڕووداوەکانی تریان پێوە لکێنراوە و دەبێتە میکانیزمێك بۆ بنیاتنانی ڕستە و بەرهەم هێنانی ڕووداوی بەدووی یەکداهاتوو، گرێی ناوەندی یا ئاوەژووکردنەوەی ڕووداو، هەڵگێڕانەوەی واقیعە لە زمانێکی زێدە ڕۆو ڕاگەیەندراودا، لایەنی زێدەڕۆیی بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ وەك ڕەگەزێکی بناغەیی بۆ پەرەپێدانی ڕووداوو گەیاندنی بە ئاستی کامڵبوون و پێگەیین، لایەنی ناماقووڵییەت لە ڕووداودا هەمدیسان سیفەتێکی بناغەییە لەو ڕەگەزە بنیاتنەرەدا.

ئالێرەشدا هەمدیسان ڕووداو بایەخێکی زمانەوانیی ئەوتۆی نابێ لە دەقدا ئەگەر بێتو پەیوەستێکی ناوەکی دروست نەکا، چونکە ئاشکرایە گەیاندنی بەرامبەر بە ئاستی یا بەڕادەی پێکەنین، گەیاندنیەتی بەئاستێك یا بەڕادەیەك لە کرداری ڕەزامەندیەتی دەروونی ئەو بۆ قبووڵکردنی هەموو زێدەڕۆیی و ناماقووڵییەکان، قەرەبووکردنەوەی ئەو قبووڵکردنەش بەپێکەنین، لەو پرسیارەوەی بەرامبەر هەرچەندە گوێگرتنی بۆ هەموو ڕستەکانە، بەڵام چاوەڕوانیی ئەو بۆ ڕستەی کۆتاییە کە دوا مانا و دوا چێژەکانی تێدا مات بووە، هەروەها چاوەڕوانی ڕستەیەکی گەییو و سەرسوڕهێنەر و وروژێنەر، ئەو چاوەڕوانیی ڕستەیەك دەکا کە بیتاسێنێ و لەجیدییەتی خۆی و سروشتی ئاسایی خۆی دەری کاتە دەرەوە، پێش وەختە ئەویش ئەو ئارەزووەی تێدایە بۆ وەرگرتن و قبووڵکردنی ناماقووڵییەت، لێرەوە ئەو پەیوەستەی ڕستەکان کە لە کەسی بێژەرەوە دەردەچن و بۆ کەسی بەرامبەر دەگوترێن، ئەم پەیوەستە بۆ گەیشتن بە حاڵەتێك هەر لە سەرەتاوە ئامادەگییەکی دووسەرە لەلای بێژەرو بیسەردا دەخوڵقێنێ.

١- گوێگر لە چاوەڕوانیی ڕستەی داڕژاندا دەبێ، ئەو ڕستەیەی بەرجەستەی ساتی بە پێکەنین هاتن و بە چێژ هاتنی ئەو دەکا.

٢- گوێگر لە سیمایەکی کەسایەتی جیدییەتدایە. هەرچەندە ئامادەیە لە ڕستەی داڕژاندنی کۆتاییدا دەستبەرداری ئەو جیدییەتە بێ، ئەو باری دەروونیی خۆی بۆ ڕستەی کۆتایی کۆدەکاتەوە.

٣- لەم دوو حاڵەوە ئاشکرایە گوێگر لە دوو کێشەی دەروونیدا دەبێ، کە بارێکی دەروونیی دوو سەرەی ئەو دەنوێنێ:

جیدییەت = پێکەنین.

خۆگری = تەقینەوە.

بەرامبەر بەو گوێگرەش کە ئامادەیە سیماکانی خۆی بگۆڕێ، کە سیمایەکی یەك مانایییەو دەبێ بەسیمای کەسایەتییەکی دووسەرە، هەروەها گەپبێژیش لە سیمایەکی دوو سەرەی جیاوازدا دەژێ.

١- بێژەری گەپ لە پێناوی پەرەپێدانی ئامادەگیی دەروونیی بەرامبەرەکانیدا، هەروەها ئەویش ڕستەکانی قورس و کامڵ و جیددی دەکا، بەڕادەیەك تۆ هەست بەوە ناکەی کە ئەو شتێك دەگێڕێتەوە پێکەنینی بە دواوە دێ، بەڵکو ئەو زۆر بە جیدییەت بەرەو پەرەپێدانی ڕستە و ماناکانی دەچێ.

٢- بەڵام ئەم جیدییەتە و ئەم پەرەپێدانەی ڕستە و مانا، هەموو کاتێك هەر لە پێناوی دروستکردنی ڕاگرتنی باری دەروونیی بەرامبەر و پاراستنیەتیی بۆ ساتی تەقینەوە، ئەم لەم کارەیدا لە دوو ئاراستەی جیاوازدا کار دەکا، لە لایەکەوە هەوڵی پەرەپێدانی باری هێمنی و جیدییەتی بەرامبەرەکانی دەدا و لە لایەکی تریشەوە ئامانجێکی تری بنەڕەتیی ئەو تێکشکاندنی ئەو بارە دەروونییە جیدییەیە لە پێناوی گەیاندنی بەرامبەرەکانی بەساتی تەقینەوە، زۆرجار بەرامبەرەکان بەسەر ئایدیال و کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆیان و خۆگریی کەسایەتیی خۆیانەوە باز دەدەن و دەست بە پێکەنین دەکەن، لەو ساتەی ڕستەی داڕژانی کۆتایی ڕستەیەکی بەهێز دەبێ و بەرگری لێکردنی بێهوودە دەبێ.

پەیوەست بەم بابەتەوە لایەنی جوانکاریی زمان لە گەپدا لە چەند ئاستێکدا دەبێ:

١- توندوتیژکردنی زێدەڕۆیی و ناواقیعکردنی واقیع، جۆرێك لە پەیوەستی بنیاتنەرانە و پێگیریانە بە ناوەڕۆکەوە دروست دەکا، کە ڕەنگدانەوەیەکی جوانکاری دەخاتە چۆنێتیی گێڕانەوەی گەپەوە و دەیگەیەنێتە گەورەترین ئاست لە چۆنێتی هەڵبژاردنی ڕستە بەشێوەیەکی چڕوپڕ و پڕ مانا.

٢- زەمەن و ناوی شوێن و کەسەکان یا بوونیان نییە یاخود دەورێکی سەرەکی و بناغەییان دەبێ بەڕادەیەك گۆڕینیان سەر لەبەری گەپ تێك دەدا.

٣- کەسی خاوەن گەپ کەسایەتییەکی پڕ لە جووڵە و چالاك و قسە لە ڕووە و بەوە ڕاهاتووە بەشێوازێك قسە بکا کەمترین ئاست لە قەدەغەکردنی گوتن بێنێتە سەر خۆی.

## زمانی دووسەرەی گەپ

ئەگەر بێتو بە ڕستەکانی ئەم گەپەدا بچێنەوە، هەر زوو زمانێکی ناوەندی بۆ ئاخاوتن هەیە کە لە ژێرەوەی زمانی ڕووکەشی دەقدا دەجووڵێتەوە، ئەو زمانەش زمانی ڕۆژانە و

باری ڕووداوەکانە، واتە هەیکەلی گەپ هەموو کاتێك بنیاتێکی دوو سەرەی زمانەوانی لە خۆیدا هەڵدەگرێ و هەروەك ئەوەی ڕووداوەکان، ماناکان، پەرەسەندنەکان، هەموو لێکترازانی زمانەوانیی ناخەکی دروست بکەن، بڕوانە ئەم ڕستانە.

١- جارێکیان کابرایەك دەچێتە بەریتانیا: ئەم ڕستەیە هەر لە سەرەتاوە ڕستەیەکی تر لە خۆیدا هەڵدەگرێ، کە ئەویش پرسیاری چۆنێتی چوونی ئەو کابرایەیە بۆ بریتانیا، بەڵام کارەکە بەلایەنی ئەوەوە زۆر بە ئاسانی ڕووی داوە.

٢- لەوێ دەبێ هەموو کەسێ فێری ئینگلیزی بێ: ئەو لەو ڕستە ئاشکرایانەی کە لە گوتنێکی ئاسایی و لە ئاخاوتنێکی ڕۆژانەییدا هەموو لابراون، فێربوونی ئەو پەیوەستە بە ڕستەی کۆتاییەوە، هەروەها پەیوەستە بە پرسیاری گوێگرەوە ئاخۆ دەتوانێ فێری زمانی ئینگلیزی ببێ؟

٣- ئەوانیش دەینێرنە گوندێك بۆ ئەوەی فێری ئینگلیزی ببێ، ناردنی ئەو بۆ گوند پەیوەستە بە مەسەلەی دوورخستنەوەی پەیوەستە بە پرسیاری گوێگرەوە بۆچی دەینێرنە گوند؟ هەروەها پرسیاری ئەوەی دەبێ ئەو کابرایە زیرەك نەبێ بۆیە دووری دەخەنەوە هەرچەندە پرسیاری لەم بابەتە لە کاتی گوێگرتندا بۆی هەیە لە چێژی گەپ کەم کاتەوە.

٤- پاش یەك دوو ساڵ دەچنە گوندەکە بۆ ئەوەی بزانن ئەو کابرایە فێری ئینگلیزی بووە یا نا، ئەم ڕستەیە، دەوری ڕاگواستن و هەڵگەڕاندنەوەیەکی مانا دەبینێ کە لەگەڵ خۆیدا، دوو باری جیاواز بۆ کەسایەتی دەنوێنێ، لە لایەکەوە گومان و لەلایەکی تریشەوە ئەوان لە شار و لە هەموو پەیوەستێکی کۆمەڵایەتی ئەو بە کەسانی هاوزمانی خۆی دادەبڕێنن.

٥- دەبینن هەموو خەڵکی گوندەکە کوردی قسە دەکەن، لێرەدا هەموو ڕستەکانی پێشوو لەم ڕستەیەدا بەتاڵ دەبنەوە، هەموو پرسیارەکان دەگەنە وەڵامی خۆیان هەموو چاوەڕوانییەکان و پەیوەستەکان لەنێوان گەپبێژ و گوێگر کۆتایی دێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ زمانی گەپ زمانێکی گێڕانەوەی تایبەتە کە لە هیچ جۆرێکی تری زارەکیدا هاوتای نییە، لە چڕ بوونەوەی بنیاتنەر و پەرەسەندنی زنجیرەیی زمان و بایەخدان بە ڕستەی مانادار و دروستکردنی وشە سەرەکییەکان لە ناوی شوێن و کەس و سیفەتەکان.

توانای خوڵقاندنی گەپ لەلای گەپێژ

بۆ زیاتر کاریگەریکردنە سەر و ورووژاندن و تاساندن، کەسی گێڕەرەوە دوو شێوازی سەرەکی بۆ گوتنەکانی خۆی و هونەری گێڕانەوەی خۆی ڕەچاو دەکا:

**١- هۆکاری خۆگری و ڕازگری**

هەر لە سەرەتای گەپەوە کەسی گێڕەرەوە کەسێکی جیدی و هێمن و خۆگر و ڕازگرە، ئەو نایەوێ شتەکان نە درێژ کاتەوە و نە زۆریش کورتیان کاتەوە بە ڕادەیەك بگەنە ڕستەی نزیك بە پەند و ئیدیۆم. لەم کارەشدا سەربەستییەکی بێ سنووری هەیە لە چوارچێوەی چۆنێتی گوتندا بە کاریگەرترین شێواز، ئەم هەموو جیددیەتە لە گوتن و ئەم هەموو کەشە سەیرەی کە کەسی گێڕەرەوە هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆ گەیاندنی گوێگر، بەهەمان باری کە ئەو تێیدا دەژی، ئەو پەنا دەباتە بەر جووڵەی لەش، وەك جووڵەی چاو و برۆ و دەست و دەم و لاسایـیکـردنـەوە و درێژکـردنـەوەی دەنـگـی وشەکـان و هـەنـدێ جـار بەرزکردنەوەی دەنگ و هاوارکردن، ئەویش هەموو لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی باری دەروونیی بەرامبەر و ئامادەکردنی ئەو بارە بۆ ساتی تەقینەوە، کە ساتی دوا مەبەستی کەسی گێڕەرەوەیە و هەموو توانا ئیحائی و پڕ لە جووڵە و هەڵچوون و خۆگرییەکانی لە پێناویدا دەبێت، ساتی بە پێکەنین هێنانە، چونکە هەر نوشوستییەك لە بە پێکەنین هێنان، پێکەنینی چاوەڕواننەکراوی تری بەرامبەرەکانی بەدواوە دێ.

**٢- هۆکاری پێکەنین لەلای گێڕەرەوە**

لەگەڵ گوتنی ڕستەی کۆتایی و کاریگەریی بە هێزیدا، ئیتر کەسی گێڕەرەوە جڵەوی جددیە و ڕازگریی خۆی وەلاوە دەنێ و هەر لەگەڵ گوتنی ڕستەی کۆتاییدا ئەویش وەك کەسانی بەرامبەر دەیکاتە پێکەنین و کەسی گوێگرەوەش دەبێتە هەر کەسێکی تر هەر چەندە ئەو لەوانەیە دەیان جار بە گێڕانەوەی هەڵسابێ، ئەمەش هۆکارێکی تری لە پشتەوەیە کە ئەویش قبووڵکردنی گەپە وەك ڕاستییەکی باوەڕ پێکراو لەلایەن کەسی گێڕەرەوە، هەر جارێك لە گوتنی وەك ئەوە دەبێ کە یەکەمجار بێ ئەو گەپە بڵێ.

بە پێکەنین هاتنی کەسی گێڕەرەوە لە کۆتایی گەپدا گرنگییەکی گەورەی هەیە لەوەی هەموو قورسایی دەروونی و تواناکانی گێڕانەوەی خۆی بگوازێتەوە بۆ کەسی یا کەسانی بەرامبەر کە ئەوانیش وەك ئەوەیە بەبارێکی دەروونیی بەپەلەوە چاوەڕوانی ساتی کۆتایی گەپ دەکەن، کە بارێکی جیاوازتر دێتە کایەوە لەو بارەی کە لە سەرەتاوە جڵەوی هەردوو کەسانی گێڕەرەوە و گوێگری لە یەك حاڵەتدا ڕادەگرت، هەر بۆیە ڕستەی کۆتایی

دەگاتە ئاستی بنیاتێکی کامڵ لە زماندا، کە دەشێ ئەو بنیاتە هۆکاری پەیدابوونی جۆرەکانی تری گێڕانەوەی زارەکی بووبێتن، هەروەك جۆرەکانی پەند و ئیدیۆم و دەربڕینە زاراوەییەکان کە لە بناغەوە ناسینەوەیەکی گێڕانەوە ئامێز و چیرۆکی زۆر کورتیان لە پشتەوەیە، هەروەك سەدان گەپ کە تاکو ئەمڕۆ هەندێك لە وردیلە چیرۆکەکانیان پارێزراون.

**٣- خولْقاندنی مانای بەرەواژوو**

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ سەرجەمی گەپەکان بکەین، دەتوانین لە سێ ئاستدا لێیان بکۆڵینەوە و پۆلێنیان بکەین کە ئەوانیش دوا ئاستەکانی بە «پەند و حیکمەت و دەربڕینی زاراوەیی» بوونە، کە کۆمەڵگەی کورد بە درێژایی مێژوو لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی خۆیدا تەنیا ڕستەی بە حیکمەتکراو و بە پەندکراوی لێیانەوە هێشتووەتە بەتایبەتی بەلایەنی ئەو چیرۆکە کورتانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر مانای بەهێزی خۆیان لە دەست نەداوە، لەبەر ئەوەی پاش مێژوویەکی درێژ لە بەکارهێنان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە کە لە یەکەم و وشەوە هەموو کەس دەیزانی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە چۆنە و بۆ چ مەبەستێك بەکارهاتووە، هەروەك چیرۆکی ئیدیۆمی (بانێکە و دوو هەوا) کە ئەمڕۆکە چیرۆکەکەی لێ لابراوە و تەنیا کار بە ئیدیۆمەکەی دەکرێ، سەدان نموونەی لەم بابەتەش هەن.

ئاستی دووەم ڕستەی بە حیکمەتکراو و گێڕانەوەی بەسەرهاتی بچووکی بە حیکمەتکراوە، هەروەك لە گەپەکانی نێو (ڕشتەی مرواری)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا بەدییان دەکەین کە ئەو چیرۆکۆکە کورتانەی تۆمار کردووە و ئەمڕۆکە لە هەندێك ناوەندی میللیدا تەنیا ڕستەی بناغەییان لێ ماوەتەوە و چیرۆکەکان لە دەوری بەکارهێنان کەوتوونە. هەروەکو دەبینین کەم چیرۆکیان هەیە حیکمەت و پەندێکی کاریگەریان لە پشتەوە نەبێ... ئەگەر سەرنجێکی بنیاتی زمانەوانیی ئەو ئاستانە بدەین، دەبینین مەبەستی جیددی لە شێوازی کۆمیدیدا باڵ بەسەر زمانی گێڕانەوەدا دەگرێ. هەر بۆیە کەسی گێڕەرەوە لەو هەردوو ئاستەدا کەسێکی حەکیم و دنیاناس و خەڵکناس دەبێ، ئەگەرچی هەندێك جار بە کەسی قۆشمە و گاڵتەباز ناوزەد دەکرێ، بەڵام ڕەگەزی بناغەیی و جیاکەرەوە لەو دوو ئاستە ئەوەیە کە شێوازی زێدەڕۆیی و مانای بەرەواژوویی و ناماقووڵ زۆر کەم بەرچاو دەکەون، بەڵکو هەموو ماناکان بەرگی ماقووڵییەت و سەنگینی و حیکمەتداری لە خۆیان دەگرن، بەڵام لە ئاستی سێیەمدا واتە لەو ئاستەی کە

ئەمڕۆکە گەپی تێدا دەبیسین، شێوازی یا خەسڵەتی زێدەڕۆیی و مانای بەرەواژووکردنی مانا و خوڵقاندنی مانای ناماقوڵ و زێدەڕۆیی و گەورەکردنەوەی مەسەلەی بچووک خەریکە سەرجەمی گەپەکان دەگرنەوە. گەپ هەرچەندە مەبەستی سەرەکیی بە پێکەنین هێنانی بەرامبەرە، بەڵام بە شێوازێکی ئازاد و سەربەستە و زۆرینەی جارەکانیش شێوازێکی ڕەخنەگرانەی توندوتیژی بە پێکەنینهێنان باڵ بەسەر زمانی ڕەخنەییدا دەگرێ و هەموو دەسەڵاتێك لە گەپەکاندا دەکەونە بەر هورووژمی پێشێلکردن و ڕەخنە لیگرتنەوە، ئەم کارەش مەیسەر نابێ بۆ گەپبێژ ئەگەر بێتو ، ڕەچاوی چەند لایەنێکی زمانەوانی نەکا لە گوتنیدا:

١- تێکشکاندنی سەرجەمی مانا بەکارهاتووەکانی ڕۆژانە و خولڤاندنی زمانێکی تایبەت، ئەگەر بێتو لەو نموونەیەی پێشوو وردبینەوە دەبینین، ئەم گەپە بە گۆڕینی ناو و شوێنەکان هەروەك لە گەپدا ئەمەکارێکی ئاساییە هەموو بنیاتی ماناکان دەگۆڕێن، هەروەها شێوازی هەڵگێڕانەوەی واقیع کارێکی مەرجکارییە لە گەپدا، ماقوولْ نییە کابرایەك ئەوەندە نەزان بێ و بگاتە بەریتانیا و گوندێك فێری زمانەکەی خۆی بکا، خۆشی زمانی ئەوان فێری نەبێ، لێرەدا ڕەگەزی دروستکردنی ڕێککەوت دەورێکی سەرەکی دەبینێ لە بنیاتنانی مانادار هەموو گەپێك جیهانێك لە ڕێکەوتی بارودۆخی تایبەت دەخولقێنێ کە زۆربەی جارەکان لە واقیعەوە دوورە، بەڵام ماقووڵییەت و ڕاستیی واقیعیی ماناکان لەم گەپەدا لەوێوە دەبێ کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی قورسە و فێربوونیشی زۆر قورسە.

پەرەسەندنی زنجیرەیی بەدووی یەکدا هاتوو، سیفەتێکی تری زمانی گەپە. ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی هەر گەپێك دەبینین ڕستەکان لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی هێدی هێدی گرێدارتر دەبن و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن بە ڕادەیەك کە تاکو ڕستەی تەقینەوە هەڵدەکشێ.

هەر گۆڕانکارییەکیش لە ڕستەکان و ماناکان گۆڕانکاری دەخاتە سەرجەمی بنیاتی گەپەوە، بە ڕادەیەك کار لە دەوری شوێنی ڕستەکانی دیش دەکا.

**هۆکاری گوتنی گەپ**

گەپ هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا، جگە لەوەی سازکردنی جۆرێك لە کەشوهەوای خۆشی و تێپەڕاندنی ئازارەکانە هەروەها ڕەنگدانەوەی باری تراژیدی ، زۆرداری ، ستەم ، قەدەغەکردن و دەسەڵاتداریتیشە لەسەر کۆمەڵگەکانی سەر ئەم زەمینە،

گەپبێژ و کەسانی کوێگر لە گەپ و ئارەزوومەند لە بیستنی گەپ و وتنەوەی بۆ کەسانی تر، لە زۆربەی جارەکاندا کەسانێك ژیانی تراژیدیان هەیە و دژی سەرکوتکردن و قەبوولکردنی داسەپاندنن، چونکە لە گەپەکاندا سەربەستییەك بۆ گوتن دابین دەکرێ، لەمەشدا مەبەستمان لە جۆرێکی تری گەپ نییە کە ئامانجی ڕووخێنەر و مەبەستداری و ڕقیان لە پشتەوەیە، ئەمڕۆ ترازانی جیا جیا لە جۆری گەپدا هاتووەتە کایەوە، کە خەریکە ناوەڕۆکی بە حیکمەتکردن لە خۆی دەکاتەوە. وەك پەرەسەندنێکی ئەم جۆرەش ئەمڕۆکە شێوازی گەپ چووەتە نێو سینەما و شاشەی بچووکیشەوە، بەتایبەتی لە هەندێك بەرنامە و فیلمی کۆمیدیدا.

دەشێ گەلێك دەستبەرداری جۆری گەپ نەبێ کە مێژوویەکی تراژیدیی هەبووە، دەشێ کۆمەڵگەیەکیش دەستبەرداری گەپ نەبێ لەوکاتەی هەموو ژیان دەبێتە سەرقاڵی و کارکردن کە مۆرکی ژیانێکی ڕۆتین و داسەپاو وەردەگرێ، دەشێ کۆمەڵگەیەکیش لە سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا دەستبەرداری گەپ نەبێ، وەك ڕێگەیەك بۆ هەناسەدانی سەربەست و ئازاد، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەلایەنی هیچ دەسەڵاتێکەوە نەتوانراوە کەسی گەپبێژ بدۆزرێتەوە و چونکە گەپ وەك بیرێکی ئازاد بەبێ هەڵگرتنی ناوی کەسەکان بەنێو میللەتاندا گوزەر دەکەن و کەلتوورێکی مرۆڤایەتیی زارەکی دەنوێنێ کە هەموو گەلان بە ئاستی جیاواز کاریان پێ دەکەن و دەشێ پێکەنین خۆی لە خۆیدا جۆرێك بێ لە گریان و گریانیش جۆرێکی نامۆی پێکەنین بێ...

## سەرچاوەکان


1- Andreniel- lanalyse structural de textes- paris. 1974.

2- Saussure- ferinande- coursde linguistique general. paris.

3- Barthes (R) le degrezero de lecriture- paris-ed. du seuil- 1953.

4- jean annouill- Antigona- Flamaryon- paris 1982.

5- J- COHEN- strscture du langage poetique. champ Flammarion- 1966.


**تێبینی:** ئەم سەرچاوانە گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرەکانیاندا کراوە، لە هەندێك مەسەلەی وەکو «مردنی نووسەر و بنیات» ئەگینا تیۆری هەر خۆی سەرچاوەی هەموو نووسینەکانە.

# پێڕست


١– کتێبی تیۆریی بنیاتی شاراوە و ڕاگەیاندنی تیۆرەکە.......................................................................٧

٢– شیکردنەوەی تیۆریی بنیاتی شاراوە.......................................................................................................٩٣

٣– پراکتیزەکردنی تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر فیکر و فەلسەفە ..............................................................٢٨١

٤– پراکیزەکردنی تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی ...............................................٣٤١

٥– پراکیزەکردنی تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر شیعری نوێی کوردی .....................................................٤٤١

٦– پراکیزەکردنی تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر چیرۆك و ڕۆمانی کوردی ..............................................٦٣٣

٧– پراکیزەکردنی تیۆریی بنیاتی شاراوە لەسەر فۆلکلۆری کوردی. ...........................................................٦٧٩